# تۆماری سەروەری

# 1

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# تــۆمــاری ســـەروەری

بـەرگی یــەکەم

(1)

مـەفرەزەی سـەرەتایی - هـەرێمـەکان

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

# تۆماری سەروەری - بەرگی یەکەم-
# مەفرەزەی سەرەتایی - هەرێمەکان

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست

- پێشەکی ............................................................ ٣٥
- وتاری مام جەلال لە برادۆست.......................................... ٤٣
-مەفرەزە سەرەتاییەکانی شارەزوور – هەرێمی یەک........................ ٥٦
- چیرۆکی نەبیسراو .................................................. ٥٦
- دوای هەرەس ....................................................... ٥٧
- یەکەم هەنگاو ...................................................... ٥٨
- حەوت پێشمەرگە سەرەتاییەکە........................................ ٥٩
- یەکەم تەقە ........................................................ ٦١
- چوار چالاکی ....................................................... ٦٣
- کاک حامید لە گوڵەخانە ............................................ ٦٤
- چالاکی هەڵەبجە.................................................... ٦٤
- شەری قاینەجە...................................................... ٦٥
- بڕیارەکەی کۆمەڵە.................................................. ٦٧
- شەهید بوونی فاتیح.................................................. ٦٨
- بنکەی پۆلیسی عیزەتاوا.............................................. ٧٢
- گۆرانی ئیختیفا...................................................... ٧٣
- سینەی لەیلێ........................................................ ٧٣
- گرتنی کەسووکاری پێشمەرگە ........................................ ٧٣
- چایەکەی دکتۆر ڕەزا ................................................ ٧٥
- درووستبوونی چەند مەفرەزەیەک ..................................... ٧٥
- چالاکی کانە بەردەکان .............................................. ٧٦
- کوشتنی معاون شورتە................................................. ٧٦
- چەند چالاکیەک...................................................... ٧٧

- شێخ مەحموودی قەڵبەزە ........................................ ٧٨
- بردنی ڕانە مەڕ ........................................ ٧٨
- نان کۆکردنەوە ........................................ ٧٩
- شەڕی میری سوور ........................................ ٨٠
- لەسێدارەدانی پۆلێک پێشمەرگە ........................................ ٨٢
- هاتنی ئازاد هەورامی ........................................ ٨٤
- ڕاپۆرتەکەی تۆفیق ڕەحیم ........................................ ٨٤
- کۆبوونەوەی ئازاد هەورامی ........................................ ٨٥
- شەهید بوونی وەستا ئەنوەر ........................................ ٨٧
- پەلاماری دوژمن ........................................ ٨٩
- چەمی شنرویێ ........................................ ٨٩
- نان و پەتی سێدارە ........................................ ٨٩
- چالاکی پێشمەرگانە ........................................ ٩٠
- شەڕی حەیوانەکان ........................................ ٩١
- درووستبوونی هەرێم ........................................ ٩٣
- سەید سادق و پێنجوێن ........................................ ٩٤
- خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک ........................................ ٩٤
- بەرەو هەکاری ........................................ ٩٥
- شەڕی میری سوور ........................................ ٩٦
- قیادە مۆقەتە ........................................ ٩٧
- شەهید بوونی دکتۆر ڕەزا ........................................ ٩٨
- بۆسەو لێدان ........................................ ٩٩
- چنگیان ........................................ ١٠٠
- ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ........................................ ١٠٢
- شەهید بوونی پێشمەرگەیەک ........................................ ١٠٣


هەواڵنامەی کتێب

- کەمال شاکر ........ ١٠٣
- ئەحمەد قەیەفەری ........ ١٠٤
- شەهید بوونی فەرەج تریفەیی ........ ١٠٥
- ڕاپەڕین و ڕزگاری ڕۆژهەڵات ........ ١٠٧
- ئاگری نەورۆز ........ ١٠٨
- لەبانەوە بۆ دزڵی ........ ١٠٨
- شارەزوور – سەراو ........ ١١٠
- گورزی پێشمەرگە ........ ١١١
- بەرەو هەورامان ........ ١١٢
- شەڕی گوێزەڕەش ........ ١١٣
- شەڕی پەروینە ........ ١١٥
- شەڕی نەوسو ........ ١١٥
- لێدانی ئەمنی پێنجوێن ........ ١١٦
- شەهید بوونی حەمەنەگرەیی ........ ١١٧
- بریندار بوونی بلە کۆیی ........ ١١٨
- لە تۆڵەی شەهیدان ........ ١١٩
- شەهید بوونی مەلابرایم ........ ١٢٠
- جیابوونەوەی بزوتنەوە ........ ١٢٠
- لێدانی ئیستخباراتی هەڵەبجە ........ ١٢١
- شەهید بوونی دوو پێشمەرگە ........ ١٢٢
- شەهید بوونی دلێرە بچکۆل ........ ١٢٢
- ڕەبیەی تەپەگوڵان ........ ١٢٣
- شەهید بوونی عەلی شیعە ........ ١٢٣
- شەڕی خۆشناوەتی ........ ١٢٤
- هاتنەوە بۆ شارەزوور ........ ١٢٥

- شەڕی مۆریاس ١٢٦
- گرتنی نەوشیروان مستەفا ١٢٧
- دەستەی نوێی هەرێم ١٣٢
- شەڕی ئەحمەدبرنەو ١٣٤
- کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە ١٣٥
- حەمە قاشتی ١٣٦
- شەڕی نۆ دێ ١٣٦
- گرتنی رەبییەی زەمەقی ١٣٧
- بامۆک – هەڵەبجە ١٣٨
- شەهید بوونی عەبدوڵڵا ١٣٩
- نێوان گرێزەو ١٣٩
- شەهید بوونی عوسمان کولکنی ١٤٠
- شەڕی ڕەزڵە ١٤٢
- شەڕی قاجر ١٤٢
- لەپەنای قاجردا ١٤٥
- شەڕی کانی سپیلکە ١٤٦
- گرتنی ئیستخباراتێک ١٤٧
- قسەخۆشەکانی پێشمەرگایەتی ١٤٧
- لێدانی ئیستخباراتی هەڵەبجە ١٥٠
- لێدانی مودیری مونەزەمە ١٥١
هەرێمی دووی کەرکوک
- هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ١٥٤
- ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ١٥٤
- چاپخانەی تۆڵە ١٥٦
- مەفرەزە سەرەتاییەکان ١٥٦

هەواڵنامەی کتێب

- شەهید بوونی حەمە غەفور ئاغجەلەری ........ ١٥٩
- شەڕی ناو شوان ........ ١٦١
- بەرەو سێگۆشەی سنوور........ ١٦٢
- هاتنی چەک ........ ١٦٢
- شەهیدکردنی پێشمەرگە ........ ١٦٣
- چالاکی گۆپتەپە ........ ١٦٤
- سێکوچکەی ئەشکەوت ........ ١٦٤
- شەهید بوونی پێشمەرگەیەک ........ ١٦٥
- شەڕی چۆخماخ........ ١٦٦
- بەرەو سەرکردایەتی........ ١٦٦
- شەڕی قەشقۆڵی........ ١٦٧
- گرتنی مەلا عەلی ........ ١٦٨
- نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩........ ١٧٠
- هاتنی عەلی بچکۆل........ ١٧١
- دکتۆری هەرێم ........ ١٧١
- تۆپبارانی دوژمن........ ١٧٢
- شەڕی بۆگد- کانی سوور........ ١٧٢
- شەڕی مام ڕەش........ ١٧٦
- شەڕی سوور قاوشان ........ ١٧٦
- شەڕی نێوان عەسکەر ........ ١٧٨
- هاوکاری شۆڕش........ ١٧٨
- شەڕی هەیدەر بەگ ........ ١٧٩
- لێدانی دوژمن........ ١٧٩
- مەلا شاخی ........ ١٧٩
- شەهید بوونی ئەحمەد کوێخا........ ١٧٩

- داستانی قازان ........................................ ١٨٠
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی .............................. ١٨٢
- چیرۆکی داستانەکە ...................................... ١٨٧
- بەکر تەڵانی ............................................ ١٩١
- هەڵویستی ئیسلامی – شیوعی .............................. ١٩٥
- دەستگیر کردنی کۆمیتەی ئاگر ............................. ١٩٥
- شەهید بوونی عەلیساڵح و هەڤاڵەکانی ....................... ١٩٦
هەرێمی سێی شارباژێر
- کورتەیەک لە مێژووی پێنجوێن ............................. ٢٠٠
- مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێنجوێن ........................... ٢١٤
- هەڵۆکان دەچنەوە شاخ .................................... ٢١٥
- یەکەم تەقە لە تەیمەز .................................... ٢١٦
- تەقە لە چوێسە .......................................... ٢١٧
- دەشتی توتمان ........................................... ٢١٨
- دۆڵی شلێر .............................................. ٢١٩
- ناو پێنجوێن ............................................ ٢٢٠
- کوژرانی جاشێک .......................................... ٢٢٠
- درووست بوونی هەرێمی سلێمانی ............................ ٢٢٠
- جاش و عاوالان .......................................... ٢٢٠
- چەمی شلێر – بەیەکان ..................................... ٢٢١
- مەخفەری سەر سوراو ...................................... ٢٢١
- ڕاگوێزانی دێیەکان ....................................... ٢٢٢
- پێکهاتنی هەرێمی سێ ...................................... ٢٢٢
- لێدانی مونەزەمە ......................................... ٢٢٣
- لێدانی مودیر ناحیە ...................................... ٢٢٣

هەواڵنامەی کتێب

- شەڕی سیا گوێز ........ ٢٢٣
- بەر خانەقا ........ ٢٢٤
- ماڵی قایمقام ........ ٢٢٤
- شەهید بوونی هاووڵاتی ........ ٢٢٤
- ناحیەی بەرزنجە ........ ٢٢٤
- لقی یەک ........ ٢٢٥
- ناو سلێمانی ........ ٢٢٥
- لێدانی ڕەبییە ........ ٢٢٥
- تۆڵەی شەهید عەبدوڵڵا ........ ٢٢٦
- لێدانی مقەر سریە ........ ٢٢٧
- چالاکی جۆراوجۆر ........ ٢٢٧
- پشێوی لە سنووری پێنجوێن ........ ٢٢٧
- شەهید بوونی دێوانە مەجید ........ ٢٢٨
- ڕاپەڕینی پێنجوێن ........ ٢٢٩
- شەڕی گەورەی پێنجوێن ........ ٢٣٠
- مانگرتنی پێنجوێن ........ ٢٣٣
- بەیاننامەی سەرکردایەتی ........ ٢٣٣
- ناحیەی بەرزنجە سرۆچک ........ ٢٣٨
- مەفرەزەکانی بەرزنجە ........ ٢٤٢
- شەهید بوونی خاڵە شەهاب ........ ٢٤٤
- لێدانی پارێزگاری سلێمانی ........ ٢٤٥
- کێوماڵ ........ ٢٤٥
- هێرشی جاش ........ ٢٤٦
- لێدانی مودیر ناحیە ........ ٢٤٧
- ئەحمەد چەقژی ........ ٢٤٧

- کەوتنە بۆسە ........................................................................ ٢٤٨
- بەرەو سەرکردایەتی ................................................................ ٢٤٨
- کوژرانی دوو سەرباز ................................................................ ٢٤٩
- پەلاماری دوژمن ..................................................................... ٢٥٠
- کوژرانی پانزە سەرباز ............................................................... ٢٥٠
- تایەری حاجی عەزیز ................................................................ ٢٥١
- چوونە ناو شار ........................................................................ ٢٥١
- حەمە عەلی بەرزنجی ................................................................ ٢٥٤
- چالاکی جادەی بەرزنجە .............................................................. ٢٥٥
- بۆسەیەک لە چەناخچیان .............................................................. ٢٥٦
- چالاکی کەنارو ........................................................................ ٢٥٦
- شەهیدانی حاجی ئاوا ................................................................ ٢٥٦
- چالاکی سلێمانی ...................................................................... ٢٥٨
- چالاکی باسنێ ......................................................................... ٢٥٩
- نێوان گێلەرە و خاڵ فاتم ............................................................. ٢٦٠
- چەناخچیان-بەرزنجە ................................................................. ٢٦٠
شاربازێڕی سەخت
- شارۆچکەی چوارتا .................................................................... ٢٦٣
- ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چوارتا ..................................................... ٢٦٨
- شارۆچکەی ماوەت .................................................................... ٢٧٢
- ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ماوەت ..................................................... ٢٧٧
- ناحیەی باسنێ-سیوەیل .............................................................. ٢٨٢
- شۆڕشی ئەیلول ...................................................................... ٢٨٧
- گرتنی مەخفەری باسنێ .............................................................. ٢٨٧
- لە یادی دۆستی دێرینمان مەجید خاندا ............................................... ٢٨٨

هەواڵنامەی کتێب

- هەڵایسانی شۆڕشی نوێ ........ ٢٩٢
- ڕێکخستنەکان ........ ٢٩٣
مەفرەزە سەرەتاییەکانی شارباژێڕ
- هەڵایسانی شۆڕش ........ ٢٩٦
- مەفرەزەکانی شارباژێڕ ........ ٢٩٧
- هاتنی عەلی عەسکەری ........ ٢٩٩
- زەوی دەشتێ ........ ٣٠٠
- تەسلیمبوونی سێ سەرباز ........ ٣٠٢
- چالاکی دەشتێ ........ ٣٠٣
- قەل و تەقە ........ ٣٠٣
- چالاکی ئەزمەک ........ ٣٠٤
- بڕنەوەکەی مامە قالە ........ ٣٠٤
- لێدانی ڕەبیەی قورمتێن ........ ٣٠٥
- کوژرانی دوو پۆلیس ........ ٣٠٥
- مروەت خاتوون ........ ٣٠٥
- هەنگوین و عەرەب ........ ٣٠٧
- قەیوان- بۆسە ........ ٣٠٧
- چەند چالاکییەک ........ ٣٠٧
- لێدانی مەرکەزی ئاوکورتێ ........ ٣٠٨
- لێدانی مفەوەز برایم ........ ٣٠٨
- عوسمانی مەلا ڕەسوڵ ........ ٣٠٩
- بەکرە درێژ ........ ٣٠٩
- بەرەو بەردە سپێ ........ ٣١٢
- پێشنیار و پێنج دینار ........ ٣١٢
- سەراو مەملەکەتی شۆڕش ........ ٣١٣

- جاش پێشمەرگە ........ ٣١٤
- تەسلیمبونەوەی عەبدولمەلیک ........ ٣١٥
- قیادە مۆقەتە لە ناوچەی سلێمانی ........ ٣١٦
- گەڕانەوەی عەلی چوارتایی ........ ٣١٧
- لێدانی دوژمن ........ ٣١٨
- ئاهەنگی کانی دارۆغان ........ ٣١٨
- ڕەبییەی سورەزێ ........ ٣١٩
- سەیتەرەی دەباشان ........ ٣١٩
- لێدانی مەخفەری چوارتا ........ ٣٢٠
- زنجیرەیەک چالاکی ........ ٣٢٠
- هاتنی کاک نەوشیروان ........ ٣٢١
-هێرش بۆ چنگیان ........ ٣٢١
- بۆسە و پەلاماری دوژمن ........ ٣٢٢
- شەڕی دڕی ........ ٣٢٣
- کانی ژاژڵە ........ ٣٢٦
- شەڕی خەمزە ........ ٣٢٧
- بەردە سپی ........ ٣٢٨
- شەهیدکردنی مامۆستا غەفور ........ ٣٢٨
- ڕاگواستنی گوندەکان ........ ٣٢٩
- دێهاتە ڕاگوێزراوەکان ........ ٣٣٠
- قەرەبوو ........ ٣٣١
- ئۆردوگای کەنارو ........ ٣٣٤
- ئۆردوگای قەلاچوالان ........ ٣٣٤
- ئۆردوگای سورە قەڵات ........ ٣٣٤
- ئۆردوگای کارێزە ........ ٣٣٤

هەواڵنامەی کتێب

- شەهیدبونی برایم سەراوی ........ ٣٣٥
- شەڕی چنگیان ........ ٣٣٥
- لەباراو بۆ چنگیان ........ ٣٣٦
- بالخ-باراو ........ ٣٣٧
- حەمەمین ئاغای بارێ ........ ٣٣٧
- هاتنی بەکری حاجی سەفەر ........ ٣٣٨
- ڕۆیشتنی مستەفا چاو ڕەش ........ ٣٣٩
- شۆڕشی گەلانی ئێران ........ ٣٤٠
- هەڵەی حزبە کوردییەکان ........ ٣٤١
- شەڕی سەعەب ........ ٣٤٣
- شەڕی سەقز ........ ٣٤٥
- پردەکەی سەقز ........ ٣٤٥
- کۆڵە پشتی کفن ........ ٣٤٨
- بەرەو مهاباد ........ ٣٤٩
- شەڕی بانە-سەرشیوی سەقز ........ ٣٥١
- خاڵخاڵی کورد و سێدارە ........ ٣٥١
- شەڕی عێراق -ئێران ........ ٣٥٥
- مامۆستایەکی بەعسی ........ ٣٥٦
- دانانی سەیتەرە ........ ٣٥٦
- نێوان دێگەڵ و وەڕاز ........ ٣٥٧
- شەهیدبونی دوو هاوڵاتی ........ ٣٦٠
- بەرەو هەرێمی چوار ........ ٣٦٢
- ئاسنگەران-پەرتوکێکی ........ ٣٦٤
- پەڕۆی سوور ........ ٣٦٥
- گەڕان بەدوای جەمالدا ........ ٣٦٦

- چیرۆکی شەهیدبوونی جەمال ........................ ٣٦٨
- مەرکەزی سورەزێ ........................ ٣٦٩
- پەلاماری فڕۆکە ........................ ٣٧٣
- زەینەڵ-بۆسە ........................ ٣٧٤
- نوکتە و جاش و چالاکی ........................ ٣٧٤
- پەرخ و بیوەک ........................ ٣٧٦
- کەرتی ئیزگە ........................ ٣٧٧
- لە ئۆردوگا بۆ توژەڵە ........................ ٣٧٨
- بەرەو سەردەشت ........................ ٣٧٩
- چەمی کەڵوێ ........................ ٣٨٠
- حەیران و کۆبونەوە ........................ ٣٨١
- گرتنی جاشێک ........................ ٣٨١
- شەهیدبوونی حەمەمین ........................ ٣٨٢
- چالاکی کەرتی پارێزگاری ........................ ٣٨٢
- چالاکی شاخەسوور ........................ ٣٨٢
- چالاکی کێلێ ........................ ٣٨٤
- کەمینێک لە واژە ........................ ٣٨٤
- بۆسەی بەفر-کوێستانی گمۆ ........................ ٣٨٥
- شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە ........................ ٣٨٥
کورتە مێژوویەکی دووکان-هەرێمی چوار
- سەربوردەیەکی مێژوویی دووکان ........................ ٣٩٠
- دۆڵی جافەتی دووکان-مەرگە ........................ ٣٩٦
-هەڵەدن، کوانوی شۆڕش ........................ ٣٩٦
- ناردنی تایپەکە ........................ ٣٩٧
- یەکەم تەقە ........................ ٣٩٨

هەواڵنامەی کتێب

- هێنانی مەڕەکان ............ ٣٩٨
- مەفرەزەکانی کانی توو ............ ٣٩٨
- مەفرەزە سەرەتاییەکان ............ ٣٩٩
- شەڕی شارستێن ............ ٤٠٠
- دوانزە دێی دۆڵێ ............ ٤٠٣
- شەڕی کەڵکی قامیش ............ ٤٠٤
- شەهیدکردنی هاووڵاتیان ............ ٤٠٥
- مامە عەزەی مالومە ............ ٤٠٦
- هێنانی چەک ............ ٤٠٦
- جافایەتی پەلاماری دوژمن ............ ٤٠٧
- شەڕی یاخیان ............ ٤٠٨
- دەستگیرکردنی کەسووکاری پێشمەرگە ............ ٤٠٩
- شەهیدکردنی ژمارەیەک هاووڵاتی ............ ٤١٠
- کەڵکی مەرگە ............ ٤١٠
- شەڕی شیلانە ............ ٤١٠
- بەرگورد-کانی شیلان ............ ٤١١
- ڕاگواستنی دێیەکان ............ ٤١٢
- بۆسە و لێدان ............ ٤١٢
- درووستبونی هەرێمی چوار ............ ٤١٢
- جافایەتی-دووکان ............ ٤١٣
- شەڕی ئاسۆس ............ ٤١٧
- شەڕی جوبلاخ ............ ٤٢٠
- پێکانی کۆپتەرێک ............ ٤٢١
- ڕووخانی شا ............ ٤٢٢
- لێدانی سەربازگەی سوسێ ............ ٤٢٣

- چالاکی قەڵاچوالان ................................................ ٤٢٣
- شەڕی مالومە ................................................ ٤٢٤
- کوشتنی ئەفسەرە ڕەشەکە ................................................ ٤٢٤
- ئازادبوونی هەڤاڵانی زیندان ................................................ ٤٢٦
- چەند چالاکییەک ................................................ ٤٢٧
- کارەساتی سێکانیان ................................................ ٤٢٧
- هێزی مەرگە ................................................ ٤٢٨
- شەهید بارزان عوسمان ................................................ ٤٢٨
مەفرەزە سەرەتاییەکانی گەرمیان قەرەداخ
هەرێمی ٥
- لە هەرەسەوە بۆ هیوا ................................................ ٤٣٠
- مەفرەزە سەرەتاییەکان ................................................ ٤٣٠
- شەڕی قەڵبەزە ................................................ ٤٣١
- بۆسەی دارە ڕەش ................................................ ٤٣١
- ملازم جوامێر ................................................ ٤٣٣
- مۆتەکەی تەعریب ................................................ ٤٣٤
- شەڕی باڕۆیی ................................................ ٤٣٥
- شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە ................................................ ٤٣٥
- مەفرەزەی سەرکەوت ................................................ ٤٣٧
- سیروان تاڵەبانی ................................................ ٤٣٨
- قەراخ-گەرمیان ................................................ ٤٣٨
- لێدانی ناحیەی تیلەکۆ ................................................ ٤٣٨
- پەلاماری دوژمن ................................................ ٤٣٩
- قەرەگۆل ................................................ ٤٣٩
- شەهیدبوونی شاسوار جەلال ................................................ ٤٣٩

هەواڵنامەی کتێب

- ڕێی هەزار میل ........ ٤٤٣
- گەڕانەوە بۆ کوردستان ........ ٤٤٥
- شەهیدبوونی مامۆستا داود ........ ٤٤٨
- لە دەشتی هەولێر ........ ٤٤٨
- بەرەو هەرێمی ٥ ........ ٤٤٩
- ناو قەرەداخ ........ ٤٤٩
- شەهیدبوونی ئاشتی ........ ٤٤٩
- شەهیدبوونی مامۆستا حەمەدەمین ........ ٤٥٠
- مام ساڵح گۆڕ ئەسپی ........ ٤٥٠
- ڕووحە ........ ٤٥١
- مام ساڵح و هەزار ناو ........ ٤٥١
- گوڵحە ........ ٤٥٢
- چالاکی تەویلە گا ........ ٤٥٢
- بناری گڵ ........ ٤٥٢
- پەلاماری دوژمن ........ ٤٥٣
- لێدانی سەنگاو ........ ٤٥٦
- چوونە ناو سەنگاو ........ ٤٥٨
- چوونە ناو باوە نوور ........ ٤٥٩
- شەڕی هاوبەش ........ ٤٦٠
- شەڕی تەکیە ........ ٤٦٠
- کێومالّی دوژمن ........ ٤٦١
- هەرێمی ٥ ........ ٤٦٤
- چالاکی سەنگاو-قادرکەرەم ........ ٤٦٤
- جەردە-چەتە ........ ٤٦٤
- دێی چاوشین-تەپەگەڕوس ........ ٤٦٥

- لێدانی مامە ڕیشە-کوشتنی (ک) ........ ٤٦٥
- خالید گەرمیانی ........ ٤٦٨
- بۆسەی پێشمەرگە ........ ٤٦٩
- چەند چالاکییەک ........ ٤٦٩
- چالاکی غەرە و پەلکانە ........ ٤٧٠
- چالاکی سەنگاو-سلێمانی ........ ٤٧٠
- چوونە ناو کفری ........ ٤٧٠
- ساڵیادی شەهید ئارام -چالاکی ........ ٤٧٢
- ڕێگای سەنگاو دەربەند ........ ٤٧٣
- قادرکەرەم -خێوەتە ........ ٤٧٣
- شەڕی نەمەڵ ........ ٤٧٤
- دەرمانخواردکردنی سامان گەرمیانی ........ ٤٧٦
- کەرتی بازیان ........ ٤٧٧
- شەڕی بانیخێلان ........ ٤٧٨
- پەلاماری دوژمن-چالاکی ........ ٤٧٨
- شەڕی تەپە عەرەب ........ ٤٧٩
- شەهیدبوونی سیروان تاڵەبانی ........ ٤٧٩
- بۆسەی دەربەندیخان-باوەنور ........ ٤٨١
- عادل شکور ........ ٤٨٢
- شەهیدبوونی سەرکەوت ........ ٤٨٢
- لێدانی عەرەبی هاوردە ........ ٤٨٤
- کەرتی بازیان- شارەزوور-قەراخ ........ ٤٨٤
- شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەیەک ........ ٤٨٥
- بەردەم قایمقامیەت ........ ٤٨٥
- سوتانی بەنزینخانە ........ ٤٨٧


هەوڵنامەی کتێب

- پەلاماری دوژمن ........ ٤٨٨
- ئاسۆی دەلاک ........ ٤٨٨
- بەرەو سەرکردایەتی ........ ٤٩١
- کەرتی پێنجی دوز ........ ٤٩٢
- شەڕی میرە دێ ........ ٤٩٢
- شەڕی کانی شیرینە ........ ٤٩٣
- قادر کەرەم ........ ٤٩٤
- بەرەو دەشتی هەولێر ........ ٤٩٤
- شەڕی دەرەدۆێن ........ ٤٩٥
- لە تۆڵەی سەرکەوت ........ ٤٩٦
- پەلاماری دوژمن ........ ٤٩٦
- چالاکی دەرەویان ........ ٤٩٧
- لێدانی زیلی سەربازی ........ ٤٩٧
- لێدانی جاش ........ ٤٩٧
- ڕێگای سەنگاو دەربەندیخان ........ ٤٩٨
- لێدانی سریەی قادر کەرەم ........ ٤٩٨
- گرتنی چەند ڕووسییەک ........ ٤٩٩
- شەڕی نێوان مێوڵی-دێلێژە ........ ٥٠٠
- شەڕی هۆمەر قەڵا ........ ٥٠٢
- شەڕی عەزیز قادر-توکن ........ ٥٠٤
- شەڕی باوە خۆشێن ........ ٥٠٥
- پەلاماری دوژمن-شاخی شۆراوا ........ ٥٠٧
- شەهیدبوونی خالید گەرمیانی ........ ٥٠٩
- نێوان بیرکێ-سیارە ........ ٥١٠
- قارەمانی ساڵ ........ ٥١١

- کانی شیرینە ........ ٥١٢
- بەرلوت-بۆسە ........ ٥١٣
- چالاکی ناوشار ........ ٥١٣
- مەفرەزەی مامە ڕیشە ........ ٥١٣
- دێیەکانی قەرە حەسەن ........ ٥١٤
- دێیەکانی جەباری ........ ٥١٤
- مووانی ڕۆستەم ........ ٥١٥
- شەڕی ئالان و حاسڵ ........ ٥١٧
- شەڕی زەماوەنگە ........ ٥١٨
- چالاکی کەرکوک ........ ٥١٩
- چالاکی قادر کەرەم ........ ٥٢٠
- نێوان کفری کەلار ........ ٥٢٠
- کەریم حەمدانی ........ ٥٢٠
- شەهیدبوونی باوکی مامە ڕیشە ........ ٥٢١
- چارەنوسی مام شکور ........ ٥٢٢
- شەڕی زەنگەکە ........ ٥٢٣
- شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە ........ ٥٢٤
- قەڵا ڕێویلە ........ ٥٢٦
- پێش حەمک ........ ٥٢٧
- سێ بۆسە ........ ٥٣٤
- شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک ........ ٥٣٦

هەواڵنامەی کتێب

هەرێمی شەش

پشدەر مەنگوڕایەتی لە بۆتەی شۆڕشدا ..... ٥٣٨
- ناوی پشدەر ..... ٥٣٩
- قەڵادزێ ..... ٥٣٩
- مەفرەزە سەرەتاییەکان ..... ٥٤٠
- دیداری هەڤاڵان ..... ٥٤٢
- دوو پەلاماری دوژمن ..... ٥٤٢
- کۆبونەوەی شێنێ ..... ٥٤٣
- کێومالێ ناوچەکە ..... ٥٤٥
- هەرێمی ٦ ئازادی ..... ٥٤٥
- شەڕی ڕەزگە ..... ٥٤٦
- بۆسە و لێدان ..... ٥٤٦
- بەری سەرتەنگ ..... ٥٤٧
- بۆسەی دوژمن ..... ٥٤٧
- شەڕی هێرۆ ..... ٥٤٧
- بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ..... ٥٤٨
- ڕاگواستنی دێیەکانی پشدەر ..... ٥٥١
- گەڕانەوەی مام جەلال ..... ٥٥٢
- شەڕی گەرمکان ..... ٥٥٤
- هێرشی دوژمن ..... ٥٥٤
- لێدانی مۆڵگەی جاش ..... ٥٥٤
- پەلاماردانی شێنێ ..... ٥٥٥
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ..... ٥٥٦
- شەڕی پاشکێل ..... ٥٦٢
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ..... ٥٦٢
- ڕەبییەی سەرگۆڕی کرۆسکان ..... ٥٦٢

- بەرەنگاربوونەوەی دوژمن ........................................ ٥٦٣
- شەڕی بێ کڵۆ ........................................ ٥٦٣
- دەستگیرکردن-لە سێدارەدان ........................................ ٥٦٤
- هەکاری-دوای هەکاری ........................................ ٥٦٧
- چالاکی و تێکشکاندنی پەلاماری ........................................ ٥٦٧
- ڕاگواستنی دێیەکان ........................................ ٥٦٨
- پەلاماری ناوچەی پشدەر ........................................ ٥٦٩
- نزیک سەنگەسەر ........................................ ٥٦٩
- شەڕی نۆ ڕۆژەی شێنێ ........................................ ٥٧٠
- شەڕی شێنێ-زیانی دوژمن ........................................ ٥٧٧
- مۆڵگەی دوژمن ........................................ ٥٧٨
هەرێمی ٧ی باڵەک
باڵەکایەتی، کوانوی شۆڕش و بەرگری
-مەفرەزە سەرەتاییەکان ........................................ ٥٨٧
- مزگەوتی ماونان ........................................ ٥٨٩
- بەری ماونان-سێتیر ........................................ ٥٨٩
- بەری کۆیلێ-سەرکان ........................................ ٥٩٠
- ناوچەی وەرتێ ........................................ ٥٩٠
- هێنانی مەڕ ........................................ ٥٩١
- هاتنی دکتۆر خالید ........................................ ٥٩١
- وتاری دکتۆر خالید ........................................ ٥٩٢
- پەلاماری دژومن ........................................ ٥٩٢
- شەڕی بانیاوان ........................................ ٥٩٢
- گوندە ژۆری چۆمان ........................................ ٥٩٤
- نزیک چۆمان ........................................ ٥٩٤

هەواڵنامەی کتێب

- شەڕی گابیرێز ........................................ ٥٩٤
- گابیرێز-وەڵزێ ........................................ ٥٩٥
- سەربازگەی چۆمان ........................................ ٥٩٦
- مەفرەزەی سەرەتایی گەلاڵە ........................................ ٥٩٧
- زنجیرەیەک چالاکی ........................................ ٥٩٧
- دەرگەڵە ........................................ ٥٩٨
- شەڕی پردی زەرد-هۆمەراوا ........................................ ٥٩٩
- سزادانی قادر خەبات ........................................ ٦٠٠
- هێنانی نەخۆشخانەی گەلاڵە ........................................ ٦٠٠
- تەقەی بەستەسێن ........................................ ٦٠٠
- شەڕ لە سێوەیس ........................................ ٦٠١
- قیادەی مۆقەتە ........................................ ٦٠١
- یاخیبوونی عەلی ئاغا ........................................ ٦٠١
- شەڕی کەڵەکی باڵەییان-گابیرێز ........................................ ٦٠٢
- زیانی دوژمن لە باڵەییان ........................................ ٦٠٣
- بۆسەی جاش-شەهیدبونی دوو پێشمەرگە ........................................ ٦٠٤
- کشانەوەی هێزی پێشمەرگە ........................................ ٦٠٤
- شەڕی ساوێن ........................................ ٦٠٤
- چۆمان - ڕایات ........................................ ٦٠٧
- پردی زەرد ........................................ ٦٠٧
- بۆسە و هێرش ........................................ ٦٠٨
- بۆسەی دوژمن ........................................ ٦٠٨
- لێدانی دوژمن ........................................ ٦٠٨
- لێدانی فەوجێک ........................................ ٦٠٩
- کەوتنی کۆپتەریک ........................................ ٦٠٩

- ڕاگواستنی دۆڵی باڵەییان – سەرکرایەتی ........................................ ٦٠٩
- درووست بوونی هەرێمی (٧) ........................................ ٦١٣
- تەرماتەڵە وسەر شێخان ........................................ ٦١٤
- حاجی ماونی پور حەلیم ........................................ ٦١٤
- ملازم حەلیم ........................................ ٦١٤
- شەڕو پێکادان ........................................ ٦١٥
- هاتنە شاخ ........................................ ٦١٥
- گەلاڵە چۆمان ........................................ ٦١٦
- هەڵمەتەکانی پێشمەرگە ........................................ ٦١٦
- تۆڵەی شەهیدان ........................................ ٦١٧
- بۆسەو چالاکی ........................................ ٦١٨
- گەلاڵە – چۆمان ........................................ ٦١٩
- ناوچەی ڕانیە ........................................ ٦١٩
- لێدانی ئەمن و پۆلیس ........................................ ٦٢٠
- سەر نەوس ........................................ ٦٢٠
- قەسرێ – مامەڕووت ........................................ ٦٢٠
- دەرگەڵە ........................................ ٦٢١
- فەوجی گەلاڵە ........................................ ٦٢١
- لێدانی ڕەشماڵەکانی گەلاڵە ........................................ ٦٢١
- کەڵەکی باڵییان – چۆمان ........................................ ٦٢٢
- ئێنێ– چۆمان ........................................ ٦٢٣
- شەهید بوونی ڕەسول چەکوانی ........................................ ٦٢٤
- بۆسە ........................................ ٦٢٤
- گۆڕی نیتوێ ........................................ ٦٢٤
- گواستنەوە ........................................ ٦٢٥

هەواڵنامەی کتێب

- شەڕی قیادە مۆقەتە ........ ٦٢٥
- لێدانی فەوجی گەڵاڵە ........ ٦٢٦
- سەری بەردی- سیدەکان ........ ٦٢٦
- چالاکی زینە پێش ........ ٦٢٦
- چالاکی پشتی گەڵاڵە ........ ٦٢٧
- هاتنی شێخ دارای حەفید ........ ٦٢٧
- شەڕی زار گەلی ........ ٦٢٧
- ڕەوەندەکانی قەندیل ........ ٦٢٧
- شۆڕشی گەلانی ئێران ........ ٦٢٨
- شەڕی گەرەوان ........ ٦٢٩
- شەڕی ماویلیان ........ ٦٣٠
- ڕاگواستنی گەڵاڵە ........ ٦٣٠
- شەهید بوونی حەمە ڕەش ........ ٦٣٠
- قووەتی کاروخ ........ ٦٣١
هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەولێر- کۆیە - خۆشناوەتی ........ ٦٣٤
- چوار مەفرەزەکە ........ ٦٣٥
- زنجیرەیەک چالاکی ........ ٦٣٧
- سەفین- شەقڵاوە -شیواشۆک ........ ٦٣٨
- چالاکی ........ ٦٣٨
- خەلەکان- سکتان ........ ٦٣٩
- چالاکییەکانی مانگی چوار ........ ٦٤٠
- سێ چالاکی ........ ٦٤١
- داستانی بۆگد ........ ٦٤١
- حاجی قەلا- دێگەڵە ........ ٦٤٤

- بەرەو دیداری کاک ئارام ..... ٦٤٤
- هەرێمی هەشت- هەولێر ..... ٦٤٦
- گەلی باروتخانە ..... ٦٤٧
- شەڕی سناوە ..... ٦٤٨
- تەقە لە هەورێ ..... ٦٤٨
- پێکان و کەوتنی کۆپتەرێک ..... ٦٤٨
- پێش شەڕی حەسەن موتریب ..... ٦٤٩
- شەڕی حەسەن موتریب ..... ٦٤٩
- شەهید بوونی دوو پێشمەرگە ..... ٦٥٠
- هەولێر- کۆیە ..... ٦٥١
- شەڕی شیوەشان ..... ٦٥٢
- شەڕی دەشتێو ..... ٦٥٣
- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ..... ٦٥٦
- کوشتنی ملازمێک ..... ٦٥٦
- شەهید بوونی دوو پێشمەرگە ..... ٦٥٦
- پەلاماری دوژمن ..... ٦٥٧
- کۆیە – هەولێر ..... ٦٥٧
- گەڕانەوەی قادر عەزیز ..... ٦٥٨
- بناری سەفین ..... ٦٥٩
- شەڕی سماقە ..... ٦٥٩
- شەهید بوونی حەوێز مام برایم ..... ٦٦٠
- دوای هەکاری ..... ٦٦١
- چالاکی مەسیف ..... ٦٦١
- بەرەو سەرکردایەتی ..... ٦٦١
- سەروان و سەید کەریم ..... ٦٦٢

هەواڵنامەی کتێب

- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ........................................ ٦٦٣
- شەهید بوونی ڕەسول حاجی ئەحمەد ........................................ ٦٦٥
- چالاکی کۆیە ........................................ ٦٦٥
- هەولێر ........................................ ٦٦٦
- لێدانی جاش ........................................ ٦٦٦
- دەستگیرکردنی کاردۆ گەلاڵی ........................................ ٦٦٧
- ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکان ........................................ ٦٦٨
- خولی برین پێچی ........................................ ٦٦٨
- خولی کادیران ........................................ ٦٦٨
- شەڕی هەولێر – قۆریتان ........................................ ٦٦٩
- داستانی قوڕە بەرازە ........................................ ٦٧٠
- هاتنی سەید مەجید ........................................ ٦٧٤
- دۆخی هەرێمی هەشت ........................................ ٦٧٥
- شەڕ لە مێوژە ........................................ ٦٧٧
- شەهید بوونی فەرەج شەوگێڕی ........................................ ٦٧٩
- شەڕی سماقولی ........................................ ٦٧٩
- چەند چالاکییەک ........................................ ٦٨٠
- شەڕی گۆپتەپەی کۆیە ........................................ ٦٨٠
- ناوچەی کۆیە ........................................ ٦٨٠
- قوەتی حاجی قەڵا ........................................ ٦٨١
- چوونە ناو کۆیە ........................................ ٦٨٢
- قوەتی دەشتی هەولێر ........................................ ٦٨٣
- شەڕی سێکانی ........................................ ٦٨٤
- شەڕی وەرتێ ........................................ ٦٨٥
- هەرێمی نۆ: دۆڵی ڕۆست- بەمۆ

- هەرێمی نۆ ........ ٦٨٨
- چالاکییەکانی هەرێمی نۆ ........ ٦٨٨
- هەرێمی نۆی بەمۆ ........ ٦٩٠

هەرێمی دەی جوتیاران

- هەرێمی دەی جوتیاران ........ ٦٩٢
- شەڕی پێماڵک ........ ٦٩٢

قوەتی پشدەر هێزی پشدەر – هەرێمی ١١

- قوەتی پشدەر ........ ٦٩٦
- چالاکی ........ ٦٩٦
- بەرەو نۆکان ........ ٦٩٦
- ئەرتەشی شا ........ ٦٩٧
- هەرێمی یانزە ........ ٦٩٨
- چالاکی هێرۆ ........ ٦٩٨
- شەڕی ناو دەشت ........ ٦٩٨

هەرێمی ١١ قوەتی پشدەر

- هەرێمی ١١ قوەتی پشدەر ........ ٧٠٢
- لێدانی ئیستخباراتی قەڵادزێ ........ ٧٠٢
- لێدانی رەبییەی کاشونە ........ ٧٠٤

هەرێمی دوانزەی هەندرێن

- هەرێمی دوانزەی هەندرێن ........ ٧٠٦
- باقلان– خەلەکان ........ ٧٠٧
- داستانی گەرەوان ........ ٧٠٧
- بەرەو دەشتی کۆیە ........ ٧١٢


هەواڵنامەی کتێب

- بۆسە – کۆڕەک ........ ٧١٣
- شەڕی دووەمی گەرەوان ........ ٧١٣
- لێدانی مونەزەمەی ڕەواندز ........ ٧١٥
- شەڕی کونە فلوسە ........ ٧١٦
- شەهید بوونی حاجی ئەحمەد ........ ٧١٨
- شەڕی زەردە گۆم ........ ٧١٩
- گرتنی موختارێک ........ ٧٢٠
- زینی گەرەوە ........ ٧٢٠
- کوردستانی تورکیا ........ ٧٢٠
- بەرەو سنووری تورکیا ........ ٧٢١
- شەهید بوونی عەزیز حاجی ئەحمەد ........ ٧٢٧
- سەر گۆڕان ........ ٧٢٨
- هاوینە هەواری کۆگێ ........ ٧٢٨
- چیرۆکی شەهید بوونی عەزیز ڕابێ ........ ٧٢٩
- هاتنی سەید سەلیم ........ ٧٢٩
- شەڕی تارینان – مەلەکان ........ ٧٢٩
- بۆسەی کوری تەنگ ........ ٧٣٠
- چەند چالاکییەک ........ ٧٣١
- زینی گەرەوان ........ ٧٣٢
- شەڕی سەرگەروی بنمێرد ........ ٧٣٣
- هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی دوانزە ........ ٧٣٣
- شەهید بوونی وەسمان بەگ ........ ٧٣٤
- پاشەکشەی سۆسیالیست ........ ٧٣٤
دۆڵی شاورێ- مەفرەزەی سەرەتایی هەرێمی چواردە
- دۆڵی شاورێ- مەفرەزەی سەرەتایی ........ ٧٣٨

- پێش شۆڕش ........................................ ٧٣٨
- چالاکی کانی کوران ........................................ ٧٣٩
- چالاکی پڵنگان ........................................ ٧٤٠
- بایز ئاغا ........................................ ٧٤٠
- لێدانی رەبییەیەک ........................................ ٧٤١
- هەڵایسانی شۆڕش ........................................ ٧٤١
- ڕۆیشتنی بایز ئاغا ........................................ ٧٤٢
- پەلاماری سوپای عێراق ........................................ ٧٤٣
- دۆڵی شاوریێ ........................................ ٧٤٥
- بەرەو قەندیل ........................................ ٧٤٧
- شەڕی چەکوچ ........................................ ٧٤٩
- شەهید بوونی خێزانێک ........................................ ٧٤٩
- خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک ........................................ ٧٤٩
- هەرێمی چواردەی ئاکۆ ........................................ ٧٥١
- بارەگای پڵنگان ........................................ ٧٥١
- شەڕی دارەبەن ........................................ ٧٥٤
- نێوان وەرتێ – خانەقا ........................................ ٧٥٤
- چەند چالاکییەک ........................................ ٧٥٤
- شەڕی پیرانە ڕەش ........................................ ٧٥٥
- شەڕو پێکادان ........................................ ٧٥٧
خوشناوەتی- دۆڵی بالیسان – بێتواتە
- خۆشناوەتی -دۆڵی بالیسان – بێتواتە ........................................ ٧٦٠
- دۆڵێ بالیسان – بێتواتە ........................................ ٧٦٠
- بێتواتە - سەرو چاوە ........................................ ٧٦٠
- دێیەکانی دۆڵە گۆران ........................................ ٧٦٠

هەواڵنامەی کتێب

- مووچە – قونە دێ ........ ٧٦١
- دۆڵی بالیسان ........ ٧٦١
- دوای هەرەس ........ ٧٦١
- هەڵایسانی شۆڕشی نوێ ........ ٧٦٢
- مەفرەزەی حاجی ڕەسول ........ ٧٦٢
- بەستی بێتواتە ........ ٧٦٣
- ڕەقبوونەوەی سەرباز ........ ٧٦٤
- هەرتەل ........ ٧٦٥
- شەڕی هەروتەکۆن ........ ٧٦٦
- شەهید بوونی خورشید حەسەن ........ ٧٦٦
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ........ ٧٦٧
- شەڕی وەسانان ........ ٧٦٨
- چیای هەورێ ........ ٧٦٨
- دەستگیرکردنی محەمەد بالیسانی ........ ٧٦٨
- کەوتنە بۆسەی دوژمن ........ ٧٦٩
- بۆسەی دەشتی توتمە ........ ٧٦٩
- کەرتی چواری بالیسان ........ ٧٧٠
- شەهید بوونی پۆلێک پێشمەرگە ........ ٧٧٠
- قوەتی خۆشناوەتی ........ ٧٧١
- قوەتی کۆسرەت ........ ٧٧٣
دەستەی پارێزگاری- هەرێمی پارێزگاری
- دەستەی پارێزگاری – هەرێمی پارێزگاری ........ ٧٧٦
- هەرێمی پارێزگاری ........ ٧٧٦
- بەکر پیرۆت ........ ٧٨٠
- تەسلیمبوونەوە و شەهید بوونی حاجی شێخە ........ ٧٨١

- شەهید کردنی حاجی شێخەو برایمی کوڕی ........ ٧٨٢
- ڕێکخستنەکانی ئەراک ........ ٧٨٥
- ناوچەی بەمۆ ........ ٧٨٦
- سەردانی ناوزەنگ ........ ٧٨٧
- هەرێمی پارێزگاری ........ ٧٨٩
- خولی کادیران ........ ٧٨٩
- تەوارەکانی ناوزەنگ ........ ٧٩٢
- ڕەوەندەکان ........ ٧٩٣
- شەڕی شێنێ ........ ٧٩٤
- قوەتی قەڵاتووکان ........ ٧٩٤

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری کە لە (٨) بەرگ پێکهاتووە نووسینی بەندەو بەرهەمی بۆردی هۆشیاری/ مەکتەبی ڕاگەیاندن و هوشیاریی (ی.ن.ک)ە کە تیایدا بە وردی مێژووی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان نووسیوەتەوە.

بۆ نووسینەوەی مێژووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١) پشتم بە ئەرشیفی شاخ و سەدان دیدارو چاوپێکەوتن بەستووە کە لەگەڵ پێشمەرگەو فەرماندە دێرینەکاندا کراوە.

دوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول و تەسلیم بوونی دەیان هەزار پێشمەرگەی چەکدار بە ڕژێمی عێراق و چۆڵکردنی مەیدانی خەبات، دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق سەرتاسەری کوردستانی کردە مۆڵگەو ڕەبییەو سەربازگەو پێیوابوو چیتر کورد ناتوانێ چەند تفەنگ بە دەستێک بنێرێتەوە شاخ بە هیممەتی دڵسۆزانی کوردایەتی و لە پێشەوەیاندا هەڤاڵ مامجەلال ئەو خەونەی داگیرکەرانی کوردستان و ڕژێمی بەعسی عێراق لە گۆڕنراو شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) لە ئاسۆوە دەرکەوت و درێ بە شەوە زەنگی هەرەسدا.

دوای ساڵێک لە ڕاگەیاندنی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی، (ی ن ک) لە حوزەیرانی ١٩٧٦ جارێ خەباتی چەکداریداو مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناردەوە شاخ و سەنگەرەکانی ئاوەدانکردەوە داگیرکەری لە خەوی خۆشی دوای هەرەس ڕاچڵەکاند، بازووی پێشمەرگە ئەستوور بوو ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردن و سەرکەوتندا بوو لە مەفرەزەی سەرەتایی بۆ هەرێم و مەڵبەندو تیپەکان، تا وای لێهات هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکی گەورەو نەبەردی گەورەی ئەنجامدەدا لە گرتنی سەدان ڕەبییەو مۆڵگەو سەربازگەوە بۆ دەست بە سەردا گرتنی شارو شارۆچکەو سەربازگەی گەورە، ئەوە جگە لە بە هاناوە چوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵات کە شەرەفی هێزی پشتیوانی پێبڕا.

شان بە شانی خەباتی چەکداری سیاسی شۆڕشگێڕانە (ی ن ک) خەباتی شارەکان و جۆش و خرۆشدانی خوێندکاران، جوتیاران، کرێکاران، ژنان و خەڵکی کوردستانی بە گشتی لە یاد نەکرد، لە ساڵی ١٩٨٢ لە زۆربەی شارۆچکەو شارە گەورەکانی کوردستاندا لە سەر دەستی ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) و بە هاوکاری و پشتیوانی میدیایی خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری ڕێکخست بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و جیاکارانەو کۆنە پەرستانەی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق و ڕژێمی ناچار بە جێبەجێکردنی بەشێک لە داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانکرد.

لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانیتر قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد، لە پەلامارەکانی دوژمندا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ژێر ناوی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری سەختی لەو ناوچانە کردو گورزی کاریگەری لە دوژمن وەشاند کە تیایدا ڕژێمی داگیرکەری عێراق باجی قورسیدا لە دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەدا.

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر سنوورەکان، هێزی پێشمەرگە خۆی ڕێکخستەوە مەفرەزە پارتیزانەکان لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستان لە قولایی گەرمیان و دەشتی هەولێرو بادینان و شارباژێڕو کەرکوک و کۆیە و بناری کۆسرەت و پیرەمەگرون و خۆشناوەتی و کاروخ و شارەزوورو قەراخ و باڵەکایەتی و خاڵخالان و ناوچەکانی هەریرو سۆران درووستکران.

سەرکردایەتی (ی ن ک) بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی کوردستان لە ناو شارەکاندا سووپای رزگاری کوردستان (سرک)ی درووستکرد کە لە چەندین تیپ و مەفرەزە پێکهاتبوون تا بۆ هەر کاتێک کە پێویست بێت ڕۆڵی خۆیان ببینن.

شانە چەکدارەکانی برووسک و شالاو لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی ناو شارەوە پێکهات، پێشمەرگە پارتیزانەکان و سووپای ڕزگاری کوردستان و شانە چەکدارەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە بەتالیۆنەکاندا ڕێکخرا بوونەوە سازو ئامادە بوون بۆ ڕاپەڕین.

ئەوەی لە زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەریدا تۆمارمکردووە مێژووی ئەو مەفرەزە و هەرێم و مەڵبەندو تیپ و پارتیزان و دەستانەیە، مێژووی نەبەزین و نەنەوین و گیانبازی تێکۆشەرانی (ی ن ک)ە لە سالآنی دوورو درێژی پڕ لە هەورازو نشێوی تێکۆشاندا کە ئەم بەش و بابەت و دۆسیانەی لە خۆگرتووە:

• مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ

• یەکەم ووتاری مامجەلال لە برادۆست لە گەڕانەوەی بۆ ناو خاکی کوردستان ساڵی ١٩٧٧

• درووستبوونی هەرێمەکان، هەرێمی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٤، هەرێمی پارێزگاری)

• چوار مەڵبەندەکەی (ی ن ک) درووستبوونی هەر چوار مەڵبەندەکەی (ی ن ک) و تیپەکانی بە تیپەکانی مەڵبەندو تایبەت و پارێزگارییەوە

تـــــیپەکان

لە سەرەتای درووستبوونی مەڵبەندو تیپەکان، ژمارەی تیپەکان زۆر نەبوون بەڵام لەگەڵ گەشە کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ژمارەیان هەڵکشاو تیپی نوێ درووستکران کە تێکڕا ئەم تیپانەن.

• تیپی ٥١ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ٣١ی پێنجوێن، ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێڕ، ١٤ی ئاکۆ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٧٤ی باڵەک، ٢١ی کەرکوک، ٥٣ی شێروانە، ٢٣ی سورداش، تیپی مەڵبەندی (١) تیپی مەڵبەندی (٢) تیپی مەڵبەندی (٣) تیپی مەڵبەندی (٤) تیپی تایبەتی مەڵبەندی (١) .

تیپی ٢٥ی خاڵخالان، ٨٧ی قەرەچوخ، ٧٨ی کاروخ، ٤١ی کورەکاژاو، ٨٥ی بەڕانەتی، ٥٩ی حەمرین، پارێزگاری، ٤١کۆڕەکاژاو، ٣٥ی کورە کاژاو، ١٥ی شارەزوور، ١١ی هەورامان، ٧٣ی هەڵەموند، ٦١ی کورەش، ٦٣ی جوتیاران، ٥٦ی گەلاڵە، ٤٣ی ئاسۆس، ٦٨ی مامەندە، ٤٤ی چەکوچ، ٤٩ی سارا، ٢٩ی کەڵکە سماق، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٦٥ی بلفەت، ٩٩ی بیتوێن، ٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، ٩٠ی باواجی، ١٢ی سۆران، ١٩ی کورەک، ٥٥ی قەرەداخ، ٢٧ی تۆکمە، تیپی تۆپخانەی

مەڵبەندی دوو، تیپی ١٧ی زمناکۆ، تیپی ٧٧ی هەڵگورد، تیپی ٨٥ی کۆدۆ، ٣٩ خەنجەرە.

بەشێک لە داستانە هاوبەش و گەورەکان، بابەتە تایبەتەکان، ڕووداوە مێژووییەکانم کردووەتە دۆسیەی تایبەت چوونکە وەک زنجیرەیەک بەیەکەوە بەستراون وەکو مووروی یەک ملوانکە بە گەردنی پڕ سەروەری (ی ن ک)دا شۆڕبوونەوە کە پێکهاتوون لە بۆسەی غەدری هەکاری، قیادە موقەتە بەرەی جود ئەنجومەنی گوندەکان، خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢، هێزی پشتیوان، ڕاگەیاندن، گرتنی ناحیەکان، گفتوگۆی ساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) ئاشتبوونەوەی گشتی، داستانی دابان، شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت، لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک، داستانی ڕزگاری، کیمیاباران، شەڕی سێ مانگەی مەڵبەندی (٣)، ئەنفالی (١،٢،٣،٤ هتد)

پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، سووپای ڕزگاری کوردستان، شانە چەکدارەکان، ڕێکخراوی هەولێر، سلێمانی، دهۆک لەگەڵ دەیان نامەو بەڵگەنامەدا.

مێژووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێندە گەورەو فراوانە دەیان و سەدان داستان لە خۆدەگرێت، ئەوەی لێرەدا کەوتووەتە بەر دیدەی خوێنەران ئەو مێژووە پرشنگدارەیە کە دەستمان پێگەیشتووەو لە فەوتان ڕزگارمان کردووە بەڵام دڵنیام دەیان نەهێنی و نەبەردی و داستان و ڕووداوو چیرۆک لەگەڵ شەهید بوون و کۆچکردنی هەر پێشمەرگەو تێکۆشەرێکدا چوونە ژێر خاک و نەنووسراونەتەوە.

بەو هیوایەم توانیبێتمان بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە مێژووی گەشاوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و (ی ن ک) بخەینە بەر دیدەی خوێنەران و بە کتێبخانەی کوردی ئاشنا بکەین و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەین تا نە شۆڕشی نوێ و تێکۆشەرەکانی، سەرکردەکانی، شەهیدەکانی، پێشمەرگە قارەمانەکانی لە بیر خەڵک بچنەوە نە وێنەی دڕندانەی بەعس لای خەڵک کاڵ بێتەوە.

گرنگە بنووسم بۆ نووسینەوەی مێژووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سوودی گەورەم لە ئەرشیفەکەم وەرگرتووە کە ساڵانێکە کۆی دەکەمەوەو پاراستوومە ئەگەر ئەرشیفەکەم نەبووایە زۆر چالاکی و داستان و یادەوەری و وتاری گرنگ

هەواڵنامەی کتێب

دەفەوتان و ڕووناکییان نەدەبینی هەروەک سووپاسی کاک ئاکۆ غەریب بەڕێوەبەری ئەمنە سوورەکە دەکەم کە بەشێک لە ئەرشیفی کاسیەتەکانیان خستە بەردەستم و سوودم لێبینی.

جگە لە ئەرشیفە مێژوویەکەم زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان گەڕاوم هەر لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و ناوچەکانی گەرمیان و شارەزوورو شارباژێڕو هەورامان و باڵەکایەتی و بیتوێن و ڕەواندزو ڕانیە و قەڵادزێ و پێنجوێن و کۆیە و تەقتەق و چوارقوڕنەو بالیسان و دۆڵەکانی ئالانەو مەلەکان و بلەو ئاکۆیان و خۆشناوەتی و دۆڵی شاورێ و سەرکەپکان و قەرەداخ و دەربەندیخان و هتد گەڕاوم چاوپێکەوتنم لەگەڵ سەدان پێشمەرگە و فەرماندەو سەرکردەو تێکۆشەرانی ڕۆژە سەختەکان ئەنجامداوەو سوودی گەورەم لێبینیوون، هەروەک دەیان نامەو بەڵگە نامەو وێنەی مێژوویم دەستکەوتووە.

پێویستە بنووسم ژمارەیەک لە کتێبەکانی پێشووم تێکەڵاو بەم پرۆژە گەورەیە کردووەتەوەو بوونەتە بەشێک لە زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری کە ئەویش کتێبەکانی هێلانەی هەڵۆکان، خاکپۆشەکان، ڕۆژمێری ڕاپەڕینە.

تۆماری سەروەری پیشتر لە بۆردی ئەرشیف و مێژووی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاریی دەستبەکارکرا تیایدا و هەوڵ و ماندوبوونەکانی خاتوو خەمینە ساڵح، لێپرسراوی بۆرد زۆر بەرزدەنرخێنم و دڵسۆزانە هاوکارو پشتیوان بوو.

زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری بۆردی هۆشیاری خاوەنداری کردووەو خەرجی کێشاوەو هەموو پێداویستییە مادییەکانی نووسینی کتێبەکەو لە چاپدانی گرتووەتە ئەستۆ هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی سووپاسی گەرمیان بکەم کە پشتیوان بوون و بە پەرۆش بوون تا بە جوانترین شێوەو پڕترین زانیاری زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری ڕووناکی ببینێ و بکەوێتە بەردەستی خەڵکی کوردستان

زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەریش دەبێتە دەستکەوتێکی گرنگ بۆ مێژووی پڕ شانازی (ی ن ک) و مەکتەبی راگەیاندن و هوشیاری و بۆردی هۆشیاری، هەر وەک چۆن دەستکەوت و سەروەرییەکی گەورەشە بۆ من کە ئەو شەرەفەم پێبڕاوە

ئەو مێژووە گەش و پرشنگدارە بنووسمەوە، لە نووسینەوەی تۆماری سەروەریدا ناوی ڕەبییەو سەربازگەو مۆڵگەو مقەڕو مەخزەن و کات و شوێن، ناوی چەک و سەیتەرەو هەڵمەت و هێرش و پەلامار بەکارهاتوون کە لە تێکڕای ناوو وشەکاندا لە شێوازی نووسیندا هەندێک ناوو کات و وشەم بە عەرەبی و کوردی بەکارهێناوە، یان بە ڕێنووسی کوردی و حەرفی ئینگلیزی بەکارهاتوون.

ئەمجۆرە لە بەکارهێنانی ناوو کات و شوێن و مۆڵگە و سەربازگەکان لە نەزانی نییە بەڵکو بابەتەکان دەیخوازن منیش درکم پێکردوون بەڵام هەندێکیان لە تەرجەمەکردن بۆ زمانی کوردی بە هەڵە بەکاردێن بۆیە من ڕاستەکەیم نووسیوە نەک هەڵە باوەکە، بۆ ئەو مەبەستە چەند نموونەیەک دەخەمە بەرچاو:

- سەعات- کاتژمێر
- سەیتەرە، خاڵی پشکنین
- من دەڵێم- من دەنووسم
- ئەڵغام- مین
- مەخزەن- جبەخانە
- ڕەبییە، مۆڵگە، بنکە، ڕەبییە
- چەک، تفەنگ ، تۆپ
- سەربازگە- معسکر
- مقەڕ- بارەگا
- مەخزەن- شانە
- کەمین- بۆسە
- دێ- گوند، دێهات
- ڕژێمی عێراق، ڕژێمی بەعس، داگیرکەر، دوژمن،
- جاش، گەلە جاش، جاشەکان
- جاشی شەعبی، جەیشی شەعبی/ جەیشی ناشەعبی
- منظمە، مونەزەمە

هەواڵنامەی کتێب

- دەڵێم- ئەڵێم، دەڵێن، ئەڵێن
- هەڵمەت- هێرش بۆ پێشمەرگە بەکارهاتووە، پەلامار بۆ دوژمن، چەند جارێک پەلاماریش بۆ پێشمەرگە بەکارهاتووە کەوا دەخوازێ
- کەلاک، کوژراو بۆ کوژراوی دوژمن
- B.K.C ، بیکەیسی
- R.B.K، ئاربیکەی
- R.B.G ئاربیجی

بەشێک لەو ناوو کاتانەی نووسیوومانە لە ئەدەبیاتی شاخدا بە تایبەت ئیزگە ڕۆژانە بەکارهاتوون.

لە کۆتایدا

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان

سڵاو لە گیانی ڕابەری کوردایەتی هەڤاڵ مامجەلال

سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی ن ک) و کەمئەندامانی سەنگەر، کەسووکاری سەربەرزی شەهیدان، ڕێکخستن و تێکۆشەرە دێرینەکان

سوپاس بۆ مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری

سووپاس بۆ بۆردی هۆشیاری

**ئـــــــازاد سەراوی**
**2024**

هەواڵنامەی کتێب

## مـــــامجەلال – بـــــــرادۆست
## ســــــاڵی 1977

دوای گەڕانەوەی هەڤاڵ مامجەلال بۆ ناو خاکی وولات لە ناوچەی برادۆست وتارێکی گرنگی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەو سەرکردەو فەرماندەو کادیرەکانی (ی ن ک) کرد.

پێش دەستپێکی وتارەکەی هەڤاڵ مامجەلال، دکتۆر خالید سەعید سەرکردەی دلێرو ژیری (ی ن ک) وتەیەکی پێشکەشکرد، دواتر مامجەلال وتارە مێژووییەکەی پێشکەش بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد.

## وتـــــەی دکتـــۆر خـــالید

لە پێش هەموو کۆبوونەوەیەکماندا خاسەتەن لەم ڕۆژەدا کە بۆ جاری یەکەمە کۆدەبینەوە بە مناسەبەتێکی تەئریخی هەموومان یادی ئەو برایانە بکەینەوە کە لە خەبات و تێکۆشاندا بە درێژایی ئەو ماوانەی کە خەبات وتێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بوو لە عێراقدا وە لە کوردستاندا بۆ ئازادی کوردو کوردستان یان بۆ دیموکراتییەت لە عێراقدا خۆیان کرد بە قۆچی قوربانی و بوون بە شەهید.

لە پێش هەموو کۆبوونەوەیەکماندا پێویستە یادی ئەو برایانە بکەین کە دوێنێ و پێرێکەش لەو شەڕە قارەمانانەی کە لە چیاکانی کوردستاندا لە عێراقدا ئەبێ کۆمەڵێک لە براکانی ئێمە کراون بە قۆچی قوربانی و شەهید کراون، بۆیە دەقەیەک بووەستین ئیحترامەن لە بەر شوهەدای کوردستان.

**برایانی پێشمەرگەی قارەمان..**

بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی هەڤاڵ مامجەلال دەکەین بۆ ناو خاکی کوردستان،

بەخێر هاتنی گەرمی ئەو برایانەی تر دەکەین کە لە دەرەوەی وڵات هاتوون بە تایبەتی ئەو برادەرانەی کە دکتۆرن هاتوونەتەوە بەخێر هاتنی گەرمیان دەکەین بە ناوی سەرکردایەتی شۆڕش و بە ناوی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان.

جگە لەوە بەخێرهاتنێکی هەموو ئەو برا پێشمەرگانە دەکەین کە لە مەناتیقەکانی کوردستاندا ئێستا هاتوون، لە مەنتیقەی قەندیل و لە دەشتی هەولێرێ و لە مەناتقی سلێمانی و لە مەنگوڕایەتی و لە مەنتیقەی گرتگ و ڕۆست و لە هەموو مەناتیقەکاندا.

ئا لەم ڕۆژەدا وەکو پێشوو کە پیشە و کارمانە هەموو ڕۆژ لە هەفتەی جارێکدا نەدوە دەکەین لە مابەینی خۆماندا لە کاتێکدا کە خۆمان تەسلیم دەکەین بە سیلاح و بە فیشەک و بە نیزام و تەنزیم بۆ ئەوەی کە بەرەنگاری شەڕ بکەین بە سیلاح و فیشەک و ئەنواعی سیلاح پەیدا بکەین کە هەموومان ئەمەلمان ئەوەیەو هەوڵ و کۆششی بۆ دەدەین پەیتا پەیتا بە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانە بە ڕێبازیکی ڕاستی کوردایەتی ئێستامان ئەوەیە کە لە نەدوەکاندا یان بە واسیتەی ڕابەرە سیاسییەکان یان بە واسیتەی ئەو جەریدەو نەشەراتانەی کە هەمانە پەیتا پەیتا خۆمان تەسلیح دەکەین بە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانە وە لەو ماوە مومکینە جۆرەها لە برا پێشمەرگەکان بەشدار بووین لە زۆر لەو نەدوانەی کە هەر لە هەفتەی جارێک یان دوو جار ئەو نەدوانە کراون وە توانیومانە کە زۆر لەو کوڕاسەو بەیانانەش شەرح بکەین وە ڕێبازی ئێستامان ڕوون بکەینەوە بۆ هەموو برا پێشمەرگەکان وە خۆتان دەزانن کە هەر چەک و سیلاح و پارەو پول هەر ئەوانە شەرتی بنەڕەتی نین بۆ ئەوەی کە بتوانین ئێمە تەنزیمی پێشمەرگە بکەین وە قووەی پێشمەرگە درووست بکەین لە شاخەکانداو بەربەرەکانێی حوکمی بەعسی پێ بکەین بۆ ئەوەی ...... کە هەموو پێشمەرگەکان تەسقیف بکەین ببن بە خاوەن بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی خەباتی دوورخایەن وە خەباتی دوورو درێژی حەربی عەسابات ببەین بەڕێوە لە ژێر ڕابەرایەتی (ی ن ک)دا.

کۆبوونەوەی ئەو جارەمان ئەوە نییە کە دابنیشین زۆر قسە بکەین بەو بۆنەیەوە کە هەڤاڵ مامجەلال تاڵەبانی هاتووەتەوە حەز دەکەین کە ئەو جارە گوێمان لە ئەو

بێ بۆ ئەوەی کە پاش ئەوەی بە خێر هاتنمانکرد لەو نەدوەیە ئەو هەندێک قسەمان بۆ بکات ئیتر فەرمووو مامجەلال بۆ ئەوەی کە قسەمان بۆ بکات.

(پێویستە بنووسم ئەم وتارەی مامجەلال وەکو مانفێستی شۆڕشی نوێیە هێڵە گشتییەکان و سیاسەتی (ی ن ک) دیاریدەکات لەو قۆناغە هەستیارەدا لانیکەم هەتا گۆڕینی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ مافی چارەی خۆنووسین).

(نووسەر)

## وتـــــاری مـــــامجەلال

برایانی خۆشەویست بە ناوی خۆم و هەموو ئەو برایانەی کە شەرەفی شادبوون بە دیداری ئێوەو خاکی پیرۆزی نیشتمانمان وەرگرت زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە سووپاسی هەڤاڵ دکتۆر خالید دەکەین بۆ ئەو وتەیەی پێشکەشیکرد بەو بۆنەیەوە.

گەڕانەوەی ئێمە بۆ ڕیزەکانی ئێوە ئەبووایە زووتر ڕوویدابا، بەڵام بەداخەوە چەند هۆیەک هاتە ڕێ کە ڕێگری ئەوە بوو کە ئاواتەکانی ئێمەش و ئێوەش بێتەدی کە هەموومان پێکەوە لە ڕیزی شۆڕشی ئەو جارەماندا خەبات بکەین لە پێناوی ئامانجەکانی دیاریکراوی شۆڕشەکەمان کە دیموکراتییە بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیە بۆ کوردستانی عێراق.

شۆڕشی ئەو جارەمان لە کات و وەزعێکی یەکجار نالەبار و سەختدا ڕوویداوە، کە ئێوە لە ئێمە باشتری دەزانن چوونکە زیاترتان لە تاڵ و تفتی چێشتووە وە ئەو دژواری و زەحمەتییەی کە هاتووەتە ڕێی ئێوە هێشتا ئێمە نەماندیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەش لە دورەوەش دەتوانین بڵێین کە وەزعی دژواری وڵاتەکەمان هیچ نەبێ بە شێوەیەکی گشتی دەزانین وە بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی وەزع و ڕووداوەکانی وڵاتمان لەگەڵ ئێوەو هەموو برایانیتر دەتوانین هاوکاری بکەین لە دانانی ڕێبازێکی ڕاست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو جارەمان.

شۆڕشی ئەو جارەمان دەبێت سەرکەوێت چونکە گەلەکەمان زۆر بە زەحمەت بەرەنگاری شکستێکی تر دەبێت وە ئەگەر بێت و دووچاری شکستێکی تر بێت

خەباتی میللەتی ئێمە خەباتی خەڵکی عێراق بۆ ماوەی چەندین ساڵیتر بەرەو پاش ئەڕوات دوادەکەوێت لە بەر ئەوە پێویستە زۆر بە وردی لەو هۆیانە بکۆڵینەوە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان وە لەو شتانە خۆمان دوورخەینەوە کە دەبێتە هۆی ژێرکەوتنی یان دواکەوتنی ئەو شۆڕشە ئێوە شەرەفی دەستپێکردنتان بۆ خۆتان بردووە.

شۆڕشی ئەو جارەمان لە دوای شکانی شۆڕشێکی ١٤-١٥ ساڵی کوردستان هەڵگیرساییەوە لە بەر ئەوە گەنجینەیەک لە دەرس و تەجروبەو عیبرەتمان هەیە کە ئەبێ کەڵکی لێوەرگرین وە جارێکیە غەڵەتەکانی ڕابردوو دووپات نەکەینەوە وە ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتن بە دوایاندا بگەڕێین پەیدایان بکەین بۆ ئەوەی شۆڕشەکەمان سەرکەوێ.

ئەو جارە ئەبێ شیعارمان سەرکەوتن یان مردن بێت لە بەر ئەوە پێویستە مردنەکەشمان لە جێی خۆی بێت بۆیە پێویستە ڕێبازێکی ڕاست بدۆزینەوە وە خەباتی بۆ بکەین وە لە سەری بڕۆین تا ئەگەین بە سەرکەوتن.

شۆڕش بە ڕاستی هەر ئەوە نییە کە ئینسان دەست بداتە چەک و مل بداتە کێوەکان و دەستکات بە تەق و توق کردن ئەوە لایەکی ڕەواڵەتی شۆڕشە لای دەرەوەیەتی لایە میکانیکییەکەی شۆڕشە، شۆڕش لە واقعدا کاکڵەکەی ناوەڕۆکەکەی خەباتێکی سیاسییە، شۆڕش خەباتێکی سیاسی چەکدارە خەباتێکی سیاسییە چەکی بە دەستەوە گرتووە بە جۆرێکیتر شۆڕش خەباتکردنە بە جۆرێکی توندو تیژو شۆڕشگێڕانە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی ئەو سەردەمەی میللەتەکەمان کە شۆڕشەکەی تیا دەکرێت.

ئێمە بە تەجروبەی ١٥ ساڵی شۆڕشی کوردستان بۆمان دەرکەوتووە کە لە زروفی ئێستادا ئامانجی میللەتەکەمان لە دیموکراتییەتی ڕاستەقینە خۆی دەنوێنێت کە بۆ هەموو سەرتاسەری خەڵکی عێراق بێتەدی وە بۆ حوکمێکی زاتی ڕاستەقینەش کە بۆ کوردستانی عێراق بێتە دی.

سەبارەت بەوەی کە ئێمە چوونکە دروشمی جیابوونەوەمان لە عێراق

هەڵنەگرتووە لە بەر ئەوە حوکمی زاتییەکەی ئێمە لە هەموو حاڵێکدا بەشێک دەبێت لە حکومەتەکەی مەرکەزی لە حکومەتەکەی بەغدا لە ڕووی ژیانی ئیقتسادییەوە لە ڕووی ژیانی زراعییەوە لە ڕووی ژیانی قانونییەوە لە ڕووی ژیانی ئابورییەوە لە ڕووی ژیانی خوێندەوارییەوە لە ڕووی قانون و مەحکەمەو گومرگ و مالیات و هەموو شتێکیترەوە، بۆیە ئەگەر سەرچاوەکە سەرچاوەی ئەو حوکمە زاتییەیە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین بە جۆرێک نەبێت کە ماوەی گەشەکردن و بەکارهێنانی ئەو حوکمە زاتییە بدات لە بۆ خاتری میللەتی ئێمە بە پێی دەستکەوتەکانی میللەتی ئێمە ئەوسا هەتا ئەگەر حوکمی زاتیۆکەیەکیشمان بدرێتێ بە شێوەیەکی ناوەڕۆک پوچەڵ و ناتەواوو نادرووست دەبێت، بۆیە ئێمە کە داوای دیموکراسییەت دەکەین بۆ عێراق دیموکراسی لە پێش هەموو شتێکدا بۆخۆشمانە بۆ میللەتی کوردیشە، بۆ میللەتی کوردیشە کە ئەو سەربەستی و ئازادییە دیموکراتیانەی کە بدرێت کە تیایە بتوانێت بە سەربەستی بیروڕای خۆی و هێزو توانای خۆی یەکخات و ڕێکخات و بیخاتە جۆش و خرۆش لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیدا.

لە هەمان کاتدا دیموکراسی شەرتی ژیانی حوکمی زاتییە دیموکراسی ئەو ئاوەیە کە ماسییەکەی حوکمی زاتی تیایدا دەژیت هەروەک ماسییەک کە لە ئاودا دەریبهێنی دەمرێت هەروا حوکمی زاتی ئەگەر لە دیموکراسی جیابکرێتەوە پوچەڵ دەبێت و دەمرێت.

بۆیە هەر لە بەر عەینی شتیشە بە چاوی خۆمان دیتمان کە حوکمی تاقمە تکریتییە فاشستەکەی بەغدا لە بەغداوە لە سەرتاسەری عێراق حوکمێکی دیکتاتۆری وشۆڤێنی و دوژمن بە گەل ئەبا بەڕێوە ئەو حوکمی زاتیۆکەی دای بە کوردیش شتێکی زڕە حوکمی زاتی و پوچەڵ و بێ مانا و بێتام بوو، ئەگەر ئەو حوکمە بە پێچەوانەی ئەو ڕژێمەی ئێستا با، ئەگەر حوکمێکی دیموکراتی ڕاستەقینە لە عێراقدا هەبا بێگومان ئەو حوکمە زاتییەی کە لێی وەردەگیرا باشترو ڕێکوپێکتر دەبوو هەروەک ئەو جۆرە شتانەی کە حوکمی دیکتاتۆری دژی میللەتی کورد دەیکا ئەوسا نەدەکرا.

مەسەلەی ڕاگواستنی بەکۆمەڵی جەماوەری میللەتی کورد لە مەندەلی و خانەقین و کەرکوک وگەلێک شوێنیتر وە هەتا عەین زالە و دەشتی سلیڤانی و شەنگارو شێخان و تەلەعفەرو ئەو شتانە ڕووینەدەدا، لە ڕژێمێکی دیموکراتیدا خەڵک ڕاگواستنی بە کۆمەڵ خەڵک ئیعدامکردن بێ محاکەمە خەڵک کوشتن لە ژێر جەزرەبەدا تالانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان، ڕاماڵینی هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە سەرتاسەری سنووری عێراق و ئێران و تورکیادا دەژین و سووتاندنی دێهاتەکانمان ئەو شتانە لە ڕژێمێکی دیموکراتیدا مومکین نییە ڕووبدات چوونکە ڕەقابەت و چاودێری میللەت هەیە و حکومەت مەجبوری پێویستی بە دەنگ و یارمەتی میللەت دەبێت بۆیە شۆڕشەکەمان ئامانجەکەی دیسان دووپاتکردووەتەوە کە وەکو جاران بەڵام بە شێوەیەکی نوێ دەربڕیوەتەوە کە ڕژێمێکی دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمێکی زاتی یانی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق.

جا ئێمە کە ئامانجەکەمان زانی بە پێی ئەو ئامانجە دەتوانین ڕێگاو شوێنی خۆمان دابنێین، ڕێبازی خۆمان دیاری بکەین بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە هەمانە، ئەگەر ئێمە مەسەلەن ئامانجمان جیابوونەوە با بە پێی جیابوونەوە دۆست و دوژمنی خۆمان دیاریدەکرد ئەگەر ئامانجمان وەکو ئێستە حوکمی زاتییە و بە ڕاستیش هەر ئەوەیە وەدیموکراتی بۆ عێراق بەو پێیە ئەتوانین بزانین ئێمە چۆن ڕێی خۆمان دیاری دەکەین بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجەمان کە دیموکراتییە بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیە بۆ کوردستانی عێراق.

بە پێی ئامانج دۆست و دوژمن دیاریدەکرێت تۆ دژی کێی وەکی لایەنگرتە کە ئامانجەکەمان دیموکراتی بوو بۆ عێراق هەموو گەلی عێراق کە دیموکراتی دەوێ هەموو ئەو هێزو پارتی و تاقم و جەماعەتانەی کە لە عێراقدا دژی دکتاتۆریەت خەبات دەکەن بۆ دیموکراسی ئەبن بە دۆستی ئێمە، و کە ئامانجمان ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان هەموو ئەو کورد پەروەرە ڕاستەقینانەی کە میللەتی خۆیان خۆشدەوێ و دەیانەوێ ئۆتۆنۆمی وەربگرن بۆ کوردستان ئەبن بە هاوخەبات و هاوڕێی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئێمە، ئەگەر ئامانجمان شتێکیتر بێ بەو پێیە دۆست

و دوژمنەکانمان دەگۆڕین.

ناسینی دۆست و دوژمن لە شۆڕشدا شتێکی یەکجار موهیمە و شەرتێکی ئەساسیە بۆ سەرکەوتن وەکو کاکە خالید گوتی گەلێک کەس واتێدەگات شەڕ بە چەک و بە فیشەک و بە پارە دەبرێتەوە هیچ شەڕێک لە دنیا بەوە نابرێتەوە بە تایبەتی شەڕی شۆڕشگێڕانە، شەڕی پێشمەرگانە، شەڕی گەل، شەڕی گەل بە گەل دەبرێتەوە ئینسان لە چەک بە تواناترە ئینسان چەکی بەدەستەوەیە ئینسان چەک بەکار دێنێ، ئینسانە ئەو کەسەی کە دەتوانێت چەک بە چ جۆرێک بییەوێت بە کاری بێنێ، چەک نییە ئینسان بەکار بهێنێت چەک زاڵ نابێت بە سەر ئینساندا ئینسان زاڵە بە سەر چەکدا خۆتان تەجروبەتان هەیە پێشمەرگەی کوردستانی ئێمە چەکی زۆر بەسیتیان بە دەستەوە بوو بە کەچە تفەنگی شڕەوە دەستیان بە شەڕ کرد کە بەڕێی ڕاستا ڕۆیشتن و خەباتی شۆڕشگێڕانەیانکرد زۆر چاک توانیان بەرەنگاری چەکی دوژمن بن کە زۆر گەورە بووە کە تۆپ و تەیارەو دەبابە و شتی هەبووە.

زۆر جار لە دنیا ڕوویداوە و هەمیشە هەروا بووە لە شۆڕشەکانی هەموو دنیادا کە حکومەتی کە شۆڕشی لە سەر کراوە چەکدار تر بووە پڕ چەکتر بووە چەکی گەورەو قورسی هەبووە پارەی زۆرتری هەبووە هەموو سەروەت و سامانی میللەتی لە دەست بووەوە شۆڕشگێڕەکان هیچیان نەبووە ڕەق و ڕووت بۆی هاتوونەتە مەیدان تەنیا باوەڕێکی نەگۆڕیان هەبووە بەهێزی لە بن نەهاتووی میللەت وە توانیویانە ئەو هێزە بخەنە گەڕو بیهێننە جۆش و خرۆش و بە کاری بێنن بەڕێیەکی ڕاست و ڕێبازێکی ڕاستدا وە تیا سەرکەون هەر سەورەیەک لە دنیادا تەماشا دەکەن لە ئەوەڵ جاردا ئەو حکومەتەی کە شۆڕشی لە سەر کراوە زۆر زۆر بەهێزتر بووە لەو کەسانەی کە شۆڕشیان کردووە هەمیشە دوژمن لە سەرەتادا بەهێزترە ئێستە ئێمەش واین دوژمنی ئێمە لە ئێمە گەلێک بەهێزترە دوژمنی ئێمە تۆپی هەیە دەبابەی هەیە تەیارەی هەیە ساروخی هەیە نوێترین چەکی هەیە و پارەیەکی یەکجار زۆری هەیە لە بەردەستیەتی خەرجیدەکات پارەی نەوتی ئێمە وە نەوتی عێراق کە بە شێوەیەکی زۆر ناڕاست و بە شێوەیەک کە پێچەوانەی

دەستکەوتی گەلی عێراقە سەرفی دەکات کەچی ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بەوە هەیە ئەگەر ئێمە ڕێگای ڕاست بگرین ئێمە سەردەکەوین چوونکە سەرکەوتن لە شۆڕشدا بە چەک و بە پارە و بە تۆپ و تەیارە نییە ئینسانەکە شەڕ ئەباتەوە و ئینسانەکە شەڕ ئەدۆڕێنێ ئەگەر ئەو ئینسانە چاک هێنرایە جۆش و خرۆش چاک تێگەیشت، چاک ڕێکخرا، چاک ڕابەریکرا، چاک ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی دۆزییەوە ئەو ئینسانە سەردەکەوێت ئەگەر ئینسان بە جۆریکیتر بوو ژێر دەکەوێ.

لە دنیادا سابیت بووە وە تەجروبەی چەندین میللەت دەریخستووە کە میللەتێکی بچکۆلە بە توانای کەمەوە بە فەقیرییەوە بە بێ چەکییەوە دەتوانێ دەوڵەتێکی گەورەی پەلاماردەری زۆردار بشکێنێ یان ناچاری بکا بشکێ، بە سەبارەت بە هەر چەند خەباتی ڕاستەقینەی خۆی هەر چەندە ئەو دەوڵەتە گەورەیە پارەو چەک و تۆپ و تەیارەو شتێکی زۆری هەبێت، نموونەی جەزائیر و فەڕەنسا زۆر نییە جەزائیر بە نیسبەت فەڕەنسا بچکۆلەیە دواکەوتوترە وە یەک ملیۆن فەڕەنسی هەر لە جەزائیر دەژیان و جەیشێکی ٦٠٠-٧٠٠ هەزاری فەڕەنسی لە جەزائیر شەڕیکرد بەڵام ئەخیرەن لە دوایدا جەزائیرییەکان وایانکرد فەڕەنسایان ناچار کرد بکشێتەوە هەڵبەتە بەوە نەبوو کە جەیشی فەڕەنسی لە مەیدانی شەڕدا بشکێنن بەوە بوو کە بیپسێنن وای ماندوو بکەن حکومەتی فەڕەنسی لە لێکدانەوەدا لە بەینی مانەوەو دەرچوون لە جەزائیر قازانجی خۆی لە دەرچووندا ببینێ، هەروەها شەڕی میللەتە قارەمانەکانی ڤێتنام، لاوس، کەمبۆدیا دژی گەورەترین دەوڵەتی ئەو سەردەمەی دنیا دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە خاوەنی چاکترین و نوێترین چەکی دنیایە و پارەی لە بن نەهاتووی هەیە ساڵانە ئەمریکا ئەیتوانی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار لە ڤێتنام سەرف بکات وە ئەمریکا نوێترین جۆر چەکی بەکار دەهێنا لە ڤێتنام کە هێشتا هیچ دەوڵەتێک هەر نەیبیستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەباتی قارەمانانەی گەلانی ڤێتنام و کەمبۆدیاو لاوس حکومەتی ئەمریکایان ناچار کرد نەک لە ڕووی ئەوەی کە جەیشی ئەمریکی لە مەیدانی شەڕدا بشکێنن وە دەرییەڕێنن بەڵکو لە نەتیجەدا وای ماندوو بکەن وای بپسێنن تەنگوچەڵەمەیەک و گیرو گرفتێکی

ئەوتۆی بۆ درووست بکەن کە حکومەتی ئەمریکا بیر لەوە بکاتەوە مانەوەی چەند دەکەویَ لە سەری وە دەرچوونی چ قازانجێکی هەیە نەتیجە وایلێهات ناچار بوو دەرچیَ وە ڕاکات و میللەتەکان بە ئازادی و یەکێتی نیشتمانی خۆیان گەیشتن، ئێمەش لەم سەردەمەدا ئەبیَ هەمان ڕێگە بگرین ڕێگەی ئەوەی کە ئێمە ناتوانین سەبارەت بەوەی کە هێزی دوژمن لە ئێمە زۆرتر و گەورەترە ئێمە ناتوانین دوژمن بشکێنین لە مەیدانی شەڕدا ئێمە دەتوانین دوژمن بپسێنین لە مەیدانی شەڕدا، ئێمە ناتوانین ئەو جۆرە چەک و ژمارەو هێزەمان هەبیَ کە بتوانین لەشکری عێراق لە مەیدانی شەڕدا بشکێنین دەریپەڕێنین ئەسیریکەین و بچینە بەغدا ئێمە ئەتوانین ماندوی بکەین بیپسێنین وای لێبکەین کە نەتوانێت درێژە بدات بە شەڕ، لە هەمان کاتدا چوونکە ئێمە ئەمانەویَ حوکمی زاتی وەرگرین لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی عێراقدا، ئەو ماندوکردنەو پساندنەی لەشکرو حوکمی فاشی عێراق واتا کە شەرتەکانی سەرکەوتنی خەباتی گەلی عێراقیش کە ئەوانیش برا عەرەبەکانیشمان لە شوێنەکانیتر دژی حکومەتی عێراق خەبات دەکەن خەبات و شەرتەکانی سەرکەوتنی خەباتی ئەوانیش تێبگا وە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە لە بەغداو شارەکانیتری عێراق ڕووبدا وە حکومەت سەرنگون بکرێت لە بەر ئەوە ئێمە ئەمجارە شەڕی خۆمان شۆڕشی خۆمان بە دوو پارچە دەدەینە خەڵک، پارچەی یەکەمی شەڕی پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕانی کوردستانە یا شەڕی پێشمەرگانەیە لە کوردستانی عێراقدا کە مومکینە ئێمەو برا عەرەبەکانیشمان لە گەڵمان بەشدار بن، ئێمە ئێستا لە ناوماندا سیَ برا عەرەب هەنە لەگەڵ ئێمە گەڕاونەتەوە بۆ بەشدار بوون وە ئیکەش بەڕێوەنە وە ئیکەش دێن ئەوە سەرەتای دەستپێکردنە.

هەروەها برای عەرەبی ترمان هەنە کە لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانن وە خەبات دەکەن لە شارەکانیتری عێراقدا بە تایبەتی شارە عەرەبەکاندا دژی حکومەتی فاشستی کە ئێستا لە سەرکایەیە.

ئەو خەباتە بە یەکەوە گرێدراوە هی ئێمە کاری ئەوان ئاسان دەکا هی ئەوانیش کاری ئێمە ئاسان دەکات، هی ئێمە ئەو شەرتانەی کە لازمە بۆ سەرکەوتنی ئەوان

دەیهێنێتە دی هی ئەوانیش پشتیوانییە لە خەباتی ئێمە مەشغولکردنی حکومەتە سەر لێشێواندنیەتی وە بەدرۆخستنەوەی ئیشەکانیەتی، حکومەت ئەگەر لە بیرتان بێت ئێوە بەشی هەرە زۆرتان پێشمەرگەی کۆنن جاریتر شەڕێکیتر جیاواز بوو لە شەڕی جارەکانی پێشوو کە جەیشی عێراقی لەگەڵ میللەتی کوردی دەکرد زۆر بە ئازایانەو بە گەرمو گوڕتر جەیشی عێراقی شەڕیکرد سەبارەت بەوەیە کە جەیشی عێراقی پڤ درابوو پەمپکرابوو بە کۆمەڵێک درۆو دەلەسە یان بە هەندێک شتی ڕاست دژی شۆڕشی کوردستان بۆی... کرابوو کە شۆڕشی کوردستان گرێدراوی ئێرانە گرێدراوی ئیمپریالیزمە دژی عەرەبە و لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عەرەب پەیوەندی نییە و جەیشی عێراقی دەچێت وڵات و یەکێتی وڵات دەپارێزێ، ئێمە دەمانەوێت ئەو جارە ئەو چەکە ئەو پەمپە لە دەست حکومەتی عێراق دەربهێنین وە نەتوانێت پێی لەشکری خۆی پەمپ بکات کە شۆڕشی کوردستان دژی عەرەبە شۆڕشی ئێمە دژی عەرەب نییە، شۆڕشی ئێمە هاوخەباتە لەگەڵ خەباتی برا تێکۆشەرە عەرەبەکانمان وە شۆڕشی ئێمە گرێدراوی هیچ دەوڵەتێکی ئیستعماری نییە وە هیچ دەوڵەتێک نییە، شۆڕشی ئێمە هی میللەتەکەی ئێمەیە وەسەرچاوەی هێز و توانای خۆی میلەتەکەی ئێمەیە لە بەر ئەوە ئەبێ ئێمە و برا عەرەبەکانیشمان لەوەدا یارمەتیمان بدەن بە هۆی پروپاگەندەو دیعایەکی ڕاست و ڕەوانەوە لەشکری عێراقیش تێبگەیەنین کە ئەوان لە جێیەکی غەڵەت وە زدی برای خۆیان شەڕ دەکەن دەبێ وردە وردە تێیان بگەیەنین کە کورد برای ئەوانە و کورد داوای هەقی خۆی و هەقی میللەتی عێراق دەکات داوای هەقی خۆیی و هەقی کەسووکاری لەشکری عێراقیش دەکات وە لە بەر ئەوە ئەو شەڕە کە ئەوان دەیکەن لە دژی میللەتی کورد شەڕێکی غەڵەتەوە هیچ دەستکەوتێکی خۆیانی تیا نییە وە لە جێیەکی خراپ خۆیان دەدەن بە کوشت هەروەها دەبێ لەشکری عێراق وردە وردە بە هۆی ئێمەو بە هۆی هێزە پێشکەوتووەکانی عەرەبیشەوە لەو ڕاستییە بگەیەنین کە جێی شەڕ کردنی ئەو چیاکانی کوردستان نییە، چیاکانی کوردستان ئەو جێیە نییە کە ئەوان پێویستە شەڕی لێ بکەن بەڵکو واجبی لەشکری هەر وڵاتێک هەر حکومەتێک



هەواڵنامەی کتێب

هەر مەملەکەتێک ئەوەیە کە ئەم لەشکرە ئازادی سەربەخۆیی وڵاتەکە بپارێزێ وە دژی پەلاماردەران بووەستنەوە ئەگەر ئەوانە خۆیان بە عەرەب دەزانن و هەستی نەتەوایەتی عەرەبییان لە دەروندایە پێویستە بچن لە فەڵەستین وە لە جۆلان و لە ئوردن بووەستن وە لەگەڵ دوژمنی عەرەب شەڕ بکەن کە ئێمە دوژمنی عەرەب نین ئێمە برای عەرەبین بە تێگەیاندنی ئەو ڕاستیانە ئەو ورەیەی ئەو هێزەی کە دوژمن پێی لەشکرەکەی خۆی دەهێنێتە جۆش و خرۆش لە ناو ئەبەین لە بەر ئەوە شەڕەکەیان بە جۆریکیتر ئەبێ لە گەڵمان.

ئێمە پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە بە تەنیا ناتوانین سەرکەوین بە تەنیا ئەوە چەندین ساڵ خەباتمانکرد هەر لەم شاخانە ماینەوە وە حکومەتیشمان ماندو کرد وە چەندین گۆڕینیش هات لە حکومەتەکانی بەغدا ئەو گۆڕینە شەرت نییە بە پێی دەستکەوت و قازانجی ئێمە بێ، مومکینە ئەو حکومەتە بڕوا یەکێکیکە بێت ئەویش هەر شەڕمان دەکاتەوە بەڵکو پێویستە ئێمە خۆمان بەشدار بین لە گۆڕاندنی حکومەت لە بەغدا وە لە هێنانی حکومەتێک کەوا ئەو دیموکراتییە ئەدات بە عێراق و حوکمی زاتییە بۆ کوردستان دەستەبەر دەبێت ئەگەر ئەوەمانکرد دەتوانین سەرکەوین ئەگینا ئێمە لە ناو بۆشاییەکدا دەسوڕێینەوە لە ناو گێژاوێکدا دەسوڕێینەوە کە لێی دەرناچین دەرچوونی نییە لە بەر ئەوە ئەو جارە ئێمە بیروڕامان وایە کە شۆڕشەکەی ئێمە گرێدراوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلی عێراق بێت بۆ ڕووخاندنی حکومەت وە هێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی کە هەموو نوێنەری هەموو هێزە پێشکەوتوخوازەکانی عێراق بە کوردو عەرەبەوەی تیا بێت وە ئەوە لەو ڕێیەدا چارەسەری ڕاستەقینەو دیموکراتی مەسەلەی کوردیش بکەین کە بە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە دەکرێت.

ئێمە وتمان هێزی دوژمن ئەمڕۆ لە ئێمە بەهێزترە و ئێمە زەعیفترین لە ڕووی چەک و تفاق و شتەوە بەڵام ئەوە ئەو نیسبەتە هەتا سەر وا نامێنێت تا دێت ئەو کز دەبێ ئەگەر ئێمە ڕێی ڕاست بگرین ئێمە زیاد دەکەین تا دێت ئەو لاواز دەبێ ئێمە بەهێز دەبین خۆگرتنی ئێمە خۆی لە خۆیدا مانەوەی ئێمە خۆی لە خۆیدا

وەسیلەیەکی گەورەیە بۆ بێهێز کردنی ئەوان وە بۆ پساندنی ئەوان وە بۆ ماندو کردنی ئـەوان خۆ ئەگەر هات و ڕێی ڕاستمان گرت خۆمان توند بەستەوە بە جەماوەری میللەتەکەمانەوە هەموو کوردێکمان وا لێکرد هەست بکات کە ئێمە خزمەتکاری ئەوین لە پێناوی ئەو خەبات دەکەین بۆ میللەتی ئەو خەبات دەکەین وە وامانکرد کە ڕەئی عامی عێراقی لەوە بگا کە ئێمە برای عەرەبین وە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی عێراقیش کە دیموکراسی ڕاستەقینەیە خەبات دەکەین ئەو وەختە ئەوانەش هەموو دەبنە دۆست و پەنای ئێمە وە دەبنە دۆست و پشتیوانی ئێمە وە دوژمن وەتەک دەخەین تا دێ دایدەبڕین ڕیزەکانی پارچە پارچە دەکەین وە لاوازو کزی ئەکەین تا وای لێدێ دەتەپێ وە دەڕوخێ بۆیە ئەبێ ئێمە لە سەرەتاوە بە پێی بەڕەی خۆمان قاچی خۆمان ڕابکێشین و بزانین کە هەموو ئەو تاکتیک و شێوەی شەڕی پێشمەرگانەی بە کاری دێنین هەڵهێنجراوە لەو ڕاستییە ستراتیجییەی کە دیارمانخست کە ئەویش ئەوەیە سیاسەتی ستراتیجی ئێمە سیاسەتی گشتی ئێمە شکاندنی هێزی دەوڵەتی عێراق نییە بەڵکو ماندو کردن و پساندنیەتی بەو پێیە تاکتیکەکانی شەڕەکانمان پلانەکانی ڕۆژانەی خەباتەکانمان جۆرێک ئەبێ کە شەڕی پێشمەرگانەی ئەو سەردەمە بێ، شەڕی پێشمەرگانەی ئەو سەردەمە شەڕێکە ناوەڕۆکەکەی شەڕێکی سیاسییە شەڕێکە کە ئینسانی وشیارو تێگەیشتوو، وشیارو تێگەیشتوو مەبەستم ئەوە نییە خوێندەوارو شەهادەی هەبێ زۆر خوێندەوارو شەهادەدار نا تێگەیشتوونەو وشیاریش نین زۆر کەسی بێ شەهادەو نەخوێندەوار تێگەیشتوون وشیاریشن، ئەو کەسە وشیارانە بزانن بۆچی ئەو چەکە بەکار دێنن وە بۆچی هاوبەشی ئەو شۆڕشە دەکەن پاش ئەوەی لە ئامانجەکە دەگەن ئەبێت بزانین دۆست و دوژمنمان کێیە، ئێمە لەم سەردەمەدا لەو ڕاستیانە گەیشتنمان شەرتێکی زۆر ئەساسی و ئەوەلییە بۆ سەرکەوتنمان بۆیە ئێمە کە باسی شەرتەکانی سەرکەوتن دەکەین لە پێش هەموو شتێکا دەبێ بزانین کە شۆڕشەکەمان خەباتێکی سیاسی چەکدارە گەلەکەمان دەیکات تاقمێکی لە خۆبردوو فیداکار کە شەرەفی پێشمەرگایەتیان هەیە ئەوان ئەیکەن بە شێوەی شەڕی پێشمەرگانەی ئەو سەردەمە

کە باش دەزانن ستراتیجی عەسکەری شەڕەکەیان شکاندنی هێزی دوژمن نییە بەڵکو پساندنیەتی وە ئەزانن لە ڕووی سیاسییەوە خۆگرێدان و خۆ بەستنەوە بە جەماهیری گەلەکەمانەوە شەرتی ئەساسی سەرکەوتنی ژیان و مانی پێشمەرگەیە، ئنجا دوای ئەوە دۆست و دوژمنی خۆمان دەبێ بزانین دوژمنی هەرە ئاشکراو دیاری ئێمە ئیمڕۆ حوکمی فاشیستییە لە بەغدا ئەو حوکمە دوژمنی ڕاستەوخۆی ئێمەیە دوژمنێکە کە بەرەنگارمان دێت، یەخەو ئەستۆ دەمانگرێ و دێ بەگژماندا دەیەوێت بمانکوژێ و بمانخنکێنێ ئێمەش دێین بەگژیا بەڵام لە پشت ئەو دوژمنەشەوە دوژمنیتر هەیە.

ئێمە هەر چەندە ئیمڕۆ هەموو خەبات و تێکۆشانی خۆمان دژی ئەم دوژمنە تەرخان دەکەین بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ لە دوا ڕۆژا تووشی ئیکەش دێین بەڵام ئیمڕۆ دەبێ ئێمە هەموو هێزەکانی میللەتەکەمان هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت دژی ئەو حکومەتە بجەنگن کۆیانکەینەوە ڕێکیانخەین و یەکیانخەین و بیکەین بە گژ ئەو دوژمنەدا، ناسینی دۆست و دوژمن شەرتێکی ئەساسییە بەڵام دوژمن هەر ئەوە نییە لە ڕووە، دوژمنی پشت پەردەش هەیە ئەو حکومەتە هەر خۆی بە تەنیا نییە ئەو حکومەتە نوێنەری هێزە ئیستعمارییەکانیشە کە عێراق دەچەوسێننەوە ئەو کەسانەی کە سەروەتی عێراق دەچەوسێننەوە ئەو دەوڵەتە ئیستعماریانەی کە پشتی ئەو حکومەتە دەگرن ئەوانیش دوژمنی ئێمەن، لە بەر ئەوە لازمە ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەو دوژمنانەمان دایمەن تەڵەو داوو شتمان بۆ ئەنێنەوە بۆ ئەوەی پێوە بین و پابەندمانکەن بەپلانەکان و نەخشەکانی خۆیانەوە بەپاشکۆی خۆیانەوە گرێماندەن نەهێڵن خەباتەکەمان بە ڕێیەکی ڕاستدا بڕوات.

هێزی میللەتی ئێمە سەرچاوەی ژیان و مانی پێشمەرگەیە پێشمەرگە کە تێکۆشەری شۆڕشگێڕی چەکدار بێت لە پێناوی گەلدا سەرچاوەکەی گەل دەبێت، پەیوەندی بەینی پێشمەرگە و میللەت وەکو پەیوەندی بەینی ماسی و ئاو وایە ئەگەر ماسی لە ئاو دەرهات دەمرێ ئەگەر پێشمەرگەش لە میللەت دابڕا دەمرێ هەر چەندە زۆر بێ هەر چەندە چەکی زۆر بێ ئەگەر پشتیوانی و یارمەتی میللەتی

لەگەڵ نەبێ سەر ناکەوێ.

## مـــــــــــەفرەزە.
## ســـــــەرەتاییەکانی شـــــــــارەزوور
## هـــــــەرێمی (1)

لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان پەلووپۆی هاویشت هەتا دەهات گەشەی دەکرد، فراوان دەبوو، ئەڵقە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵە لە ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری ڕەگی داکوتا، بە جۆرێک لە دوای هەرەسی ئەیلول کۆمەڵە بووە هەوێن و داینەمۆی شۆڕشی نوێ و هەستانەوەی باری گلاوی نەتەوەیەک.

لە سنووری هەڵەبجە و شارەزوور ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە گەشەدا بوون، ڕەگیان داکوتا بوو لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولدا چەندین پێشمەرگە هاتنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، سێ لەو پێشمەرگانە کە سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە بوون لە شەڕی زۆک شەهید بوون.

+ شەهید جەمال چاوشین سەرپەل
+ شەهید عیزەت لاورانی سەرپەل
+ شەهید ئەحمەد سازانی سەرپەل

## چـــیرۆکێکی نـــەبیستراو (ســـووسەی هـــــەرەس)

چوار مانگ پێش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول مەحموود کەشکۆڵ و تۆفیق ڕەحیم (تۆفیقی ڕەعنا) لە بیارە بەیەکەوە بوون کەسێکیان بینی مەحموود کەشکۆڵی دەناسی چوونە چایخانەیەک دانیشتن، مەحموود کەشکۆڵ بە کەسەکەی ووت مامۆستا بۆ کوێ دەچت ووتی دەچم بۆ ئێران، بەڵام ئەوەندەم پێناچێت دەگەڕێمەوە، مامۆستا شەهاب بە مەحموود کەشکۆڵی ووت شتێکت پێدەڵێم ئەنجامی بدەن، مەحموود

کەشکۆڵ ووتی فەرموو

مامۆستا شەهاب ووتی کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی نەوتی ئێران- عێراق لە جەزائیر دەبەسترێت شای ئێران لەگەڵ وەزیری نەوت دەچێت بۆ جەزائیر ئەگەر صدام ڕۆیشت لەگەڵ وەزیری نەوت ئێوە بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەن چیتان پێدەکرێت بۆ کۆکردنەوەی چەک بیکەن، شێخ عەلی ووتی بۆ مامۆستا، مامۆستا شەهاب ووتی ئەگەر صدام خۆی ڕۆیشت تەنازول دەکات لە پێناو لەناوچوونی شۆڕشی کورد کۆبوونەوەکە لە کۆبوونەوەی نەوتەوە دەگۆڕدرێت بۆ بابەتی سنووری، صدام فێری تەنازولە ئەوەی شا بیڵێ ئەو دەڵێت باش، لە بەر ئەوە ئێوە هەندێک چەک بشارنەوە ئەگەر ویستمان با هەبێت بەڵام هەوڵ بدەن چەکەکان زۆر بێت.

قسەکانی مامۆستا شەهاب لە کاتێکدا بوو شۆڕشی ئەیلول لە لوتکەی بەهێزیدا بوو هەزاران پێشمەرگە هەبوو، ناوچەیەکی فراوان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو ڕژێمی عێراق هێندە بەهێز نەبوو هەتاکو تەرازوی شەڕ لە بەرژەوەندی ئەو بشکێتەوە.

دوای چوار مانگ لە قسەکانی مامۆستا شەهاب پێشبینیەکەی هاتەدی ئەوەی ووتی ڕوویدا شاو صدام چوونە جەزائیر لە سەر هەموو شتێک ڕێکەوتن.

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە (٥) تفەنگیان کۆکردەوە لە ماڵی زاوایەکی مەحموود کەشکۆڵ لە عەنەب شاردیانەوە کە ناوی (عومەر) بوو.

## دوای هەرەس

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەڵەبجە و شارەزوور لە جووڵەدا بوون باری گلاوی شۆڕش قبوڵ نەدەکرا، خەڵکی کوردستان لە نائومێدییەکی گەورەدا دەژیان، هەزاران تفەنگ سەر بەرەو ژێر کرانەوەو تەسلیم بە دوژمن کران، دەیان پێشمەرگە خۆیان لەو شاخ و کێوانە هەڵدێرا لە نائومێدی و بێ ئومێدیدا کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا، تەمێکی ئەستوورو ڕەش باڵی بە سەر کوردستاندا کێشا بوو.

هەر بۆیە بۆ ڕەوینەوەی تەمی نائومێدی بۆ هەرەس هێنان بە هەرەس ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو (ی ن ک) بوونە داینەمۆی هەڵایسانی شۆڕشی نوێ و

ئومێدیان کردەوە بە بەر نائومێدیدا.

لە شارەزوورو هەڵبجە و هەورامانی خۆراگرەوە (٧) ڕۆڵەی دلێر چوونەوە شاخ بوونە حەوت پێشمەرگە سەرەتاییەکەی شۆڕشی نوێ لە هەڵبجەو شارەزوور.

## یــــەکەم هــــــــــەنگاو
## 1976/6/28

چاوەڕێیی بڕیاری کۆمەڵە بوون تا بچنە شاخ لەگەڵ گەیشتنی بڕیاری کۆمەڵە بەرەو تەپی سەفا بەڕێکەوتن.

بڕیار بوو لە گردەکەی بەردەم تەپی سەفا لە ناو پەڵە چنارەکانی ماڵی مەلا تاهیر یەکبگرن و کۆببنەوە عەلی شیعە، مەحموود کەشکۆڵ، تۆفیق ڕەحیم تفەنگەکانیان لە عەنەب دەرهێنا هەمووی گریس بوو، تۆفیق ڕەحیم بە مەحموود کەشکۆڵی ووت با دوو تفەنگ پاک بکەینەوە تا دەگەینە هاوڕێکانمان تا تفەنگەکانیان پاککردەوەو کەوتنە ڕێ و گەیشتنە تەپی سەفا کات تێپەڕیبوو.

عەلی شیعە، مەحموود کەشکۆڵ، تۆفیق ڕەحیم چوونە ماڵی مام عوسمان باوکی مەلا تایەر لە تەپی سەفا لە ناو کادێنەکەدا مانەوە تا دوا نیوەڕۆ عەلی شیعە لە کادێنەکە چووە دەرەوە ووتی خۆ ئێمە جارێ هیچمان نەکردووەو هیچ نەبووە لەم کادێنەدا چی بکەم تا ئێوارە، عەلی شیعە چووە بەر هەیوانی ماڵی مام عوسمان دانیشت بە مەلا تاهیری ووتبوو مەحموود و تۆفیق لە کادێنەکەن مەلا تاهیر چووە لایان ووتی ئەوە خێرە لێرەن، ئەوانیش بە مەلا تاهیریان ووت کاک مەحموود لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی بووە بە شەڕیان دوو چەقۆی لێداوەو ڕایکردووە مەلا تاهیر ووتی جا ڕاکردن خۆشاردنەوەی بۆچییە وەرن لە ماڵەوە دانیشین هەر دەبێ سوڵح بکەین خۆ پۆلیس بە دواتانەوە نییە، ووتیان تۆ بڕۆ دوایی دێینە دەرەوە.

تۆفیق ڕەحیم، مەحموود کەشکۆڵ، عەلی شیعە دوای کاتژمێرێک بابەتەکەیان بۆ باسکرد، مەلا تاهیر ووتی ئێستا کاتی ئەوەیە بچنەوە شاخ، بە سەرکەوتووی دەزانن.

تۆفیق ڕەحیم و مەحموود کەشکۆڵ و عەلی شیعە ووتیان بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر ورە بەرنەدات و لە شکست بیگێڕینەوە کاتێکی باشە.

مەلا تاهیر ووتی من بە کاتی گونجاوی نازانم چوونکە دەسەڵاتی ئێران و عێراق لە سنوورەکان ئێوە دەدەن بە شەڕ، ماڵی مەلا مستەفا تەواو تیا نەچوون لە ئێرانن موەلیدەیەکن کوژاونەتەوە هەر کاتێک ویستیان بیانخەنەوە ئیش سلفێکی لێدەدەن دەکەویتەوە ئیش کە کەوتەوە ئیش ئەو کاتە دەبێت ئێوە بدەن بە یەکدا هیچ سەوز ناکەن لە شۆڕش دەبێتە شەڕی ناوخۆ.

قسەکانی مەلا تاهیر بە دڵی ئەوان نەبوو وەڵامی مەلا تاهیریان دایەوەو گفتوگۆیان لە گەڵدا کرد هەلوومەرجی کوردستانیان بۆ ڕوون کردەوە، هەڵسانەوەو ژیانەوەو هەڵایسانی شۆڕشیان وەکو ئەرکێکی ئەو قۆناغە بۆ ڕوون کردەوە چوونکە کوردستان لە بەردەم مەترسی گەورەدا بوو پێویست بوو یەکەم هەنگاو بنێن.

ئێوارە محەمەدی حاجی مەحموود، شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی غالی، دکتۆر ڕەزا هاتنەوە تەپی سەفاو یەکیان گرتەوە بەرەو گوڵە خانە بەڕێکەوتن لە گوڵەخانە سەرکەوتن بۆ سەر کانی هەرمێلە لە پشتی بانیشارو میری سوور.

حەوت پێشمەرگە وەکو یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی شارەزوور چوونە شاخ شەش کلاشینکۆف و برنەوێکیان پێبوو برنەوەکە بەر حامیدی حاجی غالی کەوت.

## حەوت پێشمەرگە سەرەتاییەکە و نازناوی حەوت پێشمەرگەکە

لەگەڵ چوونە شاخی حەوت پێشمەرگەکە نازناویان بۆ خۆیان دانا بەمشێوەیە:

١/ مەحموود عەبدولڕەحمان کەشکۆڵ (شێخ عەلی)

٢/ عەلی ئەحمەد، عەلی شیعە (قادر)

٣/ حەمە سەعید حەمەدەمین، سەعید سەلما (دکتۆر ڕەزا)

٤/ شەوکەت حاجی موشیر (مەلا نوری)

٥/ محەمەدی حاجی مەحموود (عەزیز)

٦/ حامید حاجی غالی _دلێر)

٧/ تۆفیق ڕەحیم قادر تۆفیقی ڕەعنا (حاکم کامەران)

حەوت پێشمەرگەکە دوو ڕۆژ لە کانی هەرمێلە مانەوە خواردن و پێداویستیان

لە تەپی سەفاو گوڵە خانە لەگەڵ خۆیان بردبوو چەند شوانێک لەوێ بوون نانیان دەدانێ، یەکەم هەنگاوو بەرنامەی مەفرەزەکەی شارەزوور ئەوە بوو خەڵک هوشیار بکەنەوە لە بوونی پێشمەرگە، هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و دڕندەیی بەعس خەڵکیان هەراسان و بێ ئومێد کردبوو خەڵکی دێیەکانیان بە زۆر دەکرد بە بەعسی، یەکەم هەنگاو ئەو پلانەی دوژمنیان هەڵوەشاندەوە بەوەی شۆڕش ئاوەڵایە بۆ خەڵکی کوردستان (ی ن ک) پەناو پشتی ئەوان دەبێت.

بڕیارو هەنگاوێکیتری مەفرەزەکەی شارەزوور ئەوە بوو هەر کەسێک کار بۆ حزبی بەعس بکات و هەماهەنگی لە گەڵدا بکات لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکەن و سزای بدەن هەر لەو چوارچێوەیەدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ هەندێک کردوو سزایاندان.

حەوت پێشمەرگەکەی شـارەزوور لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە لە شاری سلێمانی نامەو زانیارییان بە دەست دەگەیشت، ڕێنمایی دەکران و ئاڕاستە دەکران، ئەو کەسەی نامەکانی دەهێنا تەنها شێخ عەلی دەبینی.

هەنگاو هەنگاو شۆڕش فراوان دەبوو خەڵک ڕوویدەکردە شاخ و دەبوونە پێشمەرگە لە ڕیزی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشدا، حەمەی حاجی سابیرو ڕەئوفی خەلیفە سەعیدو حەمە هاواری، غەفور دەرەشیشی، فەرەج تریفەیی لەو پێشمەرگانە بوون.

پێشمەرگەکان کەوتنە جموجۆڵ و ناساندنی شۆڕش بە خەڵک شەویش دەچوونە ناو دێیەکانی سەر بە ناحیەی خورماڵ قسەیان بۆ خەڵک دەکرد هەلوومەرجی ناوچەکەو دۆخی شۆڕشیان بۆ ڕوون دەکردنەوە بەرە بەیانی سەردەکەوتنەوە بۆ سورێن لەوێ دەمانەوە تا ئێوارە لەگەڵ تاریک داهاتندا دەچوونە دێیەکانیتر دوور لە دێیەکانی شەوی ڕابردوو کۆبوونەوەکانیان دەست پێدەکردەوە.

حەوت پێشمەرگە سەرەتاییەکە جگە لە کاک شەوکەت سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون پێش هاتنە دەرەوەیان چەند جارێک خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچنە شاخ بەڵام کاتەکە دوادەخرا سێ جار کات و شوێنی چوونە دەرەوەیان گۆڕا، حەوت پێشمەرگەکە هەریەکەیان لە کۆمەڵە وەرگرتبوو تا لە کاتی

چوونە دەرەوەیاندا پارەیان پێبێت.

پێش ئەوەی بچنە شاخ « تۆفیق ڕەحیم» یان ناردە لای محەمەدی حاجی مەحموود لە گوڵەخانە تا پێی بڵێت ئەو نەیەتە شاخ یەکێک لە خانووەکانیان کادێن بێت گەوڕ بێت هەر شتێک بێت بیکەن بە نەخۆشخانە بەڵام محەمەدی حاجی مەحموود ڕازی نەبوو بە تۆفیق ڕەحیمی ووت شتی وا ناکەم خۆم ئامادە دەکەم بچمە شاخ.

دوای کۆبوونەوە بە دێیەکان و گەیاندنی پەیامی شۆڕشی نوێ بە خەڵک چالاکی پێشمەرگانە و لێدانی دوژمن دەستیپێکرد وورد وورد باسکی پێشمەرگە بەهێز بوو، ئەستوور بوو ژمارەی پێشمەرگە لە (٧ و ١٠) وە بووە (٢٠) و زیاتر بوو ناوچەکە پڕ بوو لە پێشمەرگە.

## یەکەم تەقە- پردی زەڵم
## تەپە زیڕینە 1976/7/28

مەفرەزەکەی شارەزوور کۆبوونەوەیەکیان بە خەڵکی تەپە زێڕینە کرد شێخ عەلی قسەی بۆ دەکردن، حامیدی حاجی غالی بڕنەوێکی پێبوو لە پردی زەڵم دانرابوو ئەگەر دوژمن هات دوو فیشەک بتەقێنێ و ئاگاداریان بکاتەوە.

محەمەدی حاجی مەحموود لە ئاشەکە دانرابوو کلاشینکۆفی پێبوو، ئۆتۆمبێلێکی شورتەی پڕ لە چەکدار هات، حامیدی حاجی غالی پێنج فیشەکی پێوەنا هەر پێنجیان چروک بوون نەتەقین، ئۆتۆمبێلی شورتەکە بەرەو دووکانەکەی حاجیساڵح هات، محەمەدی حاجی مەحموود دەستڕێژی لە ئۆتۆمبێلی شورتەکە کرد ئۆتۆمبیلەکە گڕیگرت بەڵام نەوەستا، شورتەیەکیان کوژراو ڕایانکرد.

ئەم تەقە کردنە بە یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ ناو دەبرێت لە شارەزوور، کاکە حەمەش خاوەنی ئەو تەقەیەیە بەڵام لە ڕاستیدا یەکەم بەلە پیتکە حامیدی حاجی غالی ترازاندوویەتی بەڵام فیشەکەکانی چروک بوون و نەتەقیوون، ئەگەر بڕنەوەکەی کاک حامید تەنها یەک فیشەکی بتەقیایە حامیدی حاجی غالی دەبووە خاوەنی یەکەم تەقە، دوای نەتەقینی فیشەکەکان کاک حامید فیشەکە چروکەکانی

هێنایەوە.

مەفرەزەکەی شارەزوور دێیەکان دەگەڕان خەڵکیان کۆدەکردەوە، بە خەڵکی دێیەکانیان دەوت بڕۆن بە ڕژێم بڵێن پێشمەرگە لێرەن.

محەمەدی حاجی مەحموود بە کوێخای دێیەکی ووت بچۆ هـەواڵ بەرە بۆ دوژمن بڵێ پێشمەرگە لێرەن کوێخاکە ئەوەندە پەلەی بوو هەواڵەکە بگەیەنێت ووتی هەر ئێستا بڕۆم لە پەلە پەلیدا پێڵاوەکانی محەمەدی حاجی مەحموودی لەپێکرد پێڵاوە بەجێماوەکانی کوێخا بۆ محەمەدی حاجی مەحموود نەدەبوو بە پێیەوە نەدەچوو، مەفرەزەکەی شارەزوور لە هەر دێیەک دەردەچوون لە سەر ڕێگاکان پێیان بە پێچەوانەوە دادەنا تا ڕێگە لە دوژمن وونکەن.

مەفرەزەکە کە دەچوونە دێیەکان سەگیان ڕاودەنا تا سەگەکان بوەڕن و خەڵک وابزانن ژمارەیان زۆرە دەچوونە ماڵان بە سەتڵ ئاویان دەهێنا دەیانووت بۆ برادەرەکانمان دەوێت دواتر ئاوەکەیان دەڕشت و سەتڵەکانیان دەگەڕاندەوە، لە ناو دێیەکاندا بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان جارێک بە کۆڵەپشتەوە، جارێک بە شەلەشەل، جارێک بە خێرایی تا خەڵک بزانن ژمارەیان زۆرە.

لە دێی مەلاوەیسە کۆبوونەوەیان بە خەڵکەکە کرد محەمەدی حاجی مەحموود چووە ماڵی حاجی خالید نان بخوات هێلکەو ڕۆنیان بۆ درووستکردبوو، حامیدی حاجی غالی چووە ماڵەکەو بە محەمەدی حاجی مەحموودی ووت تۆ دانیشتوویت نان دەخۆیت، لە سەر ئەو هێلکەو ڕۆنە لێپرسینەوەیان لە گەڵدا کرد.

لە نزیک گوڵە خانە چوونە بێستانێکەوە زۆر دەمێک بوو شووتیان نەخواردبوو هەر پێشمەرگەیە پڕیدایە شووتیەک شێخ عەلی پێیووتن ئەوە چییە خۆ ئەوە شۆڕشی ئەیلول نییە ماڵی خەڵکی بخۆن، یەک شووتی لێبکەنەوە بۆ هەمووان (٢٥٠) فلس دابنێن بۆ خاوەنەکەی محەمەدی حاجی مەحموود پێیووت پێویست ناکات پارە دابنێین ئەم شوێنە موڵکی ئێمەیە.

مەلا توفیق و ئەحمەد هاتبوون پرسیاریان لە مەفرەزەکە دەکرد کێ هاوکاریتان دەکات محەمەدی حاجی مەحموود پێیووتن مامجەلال لەگەڵ شۆڕشەکەیە ووتیان

هەوڵنامەی کتێب

ئەی دکتۆر چۆن پەیدا دەکەن دکتۆر ڕەزایان لە گەڵدا بوو ووتیان ئەوە دکتۆرە، مەلا تۆفیق و ئەحمەد ووتیان ئەوە سەعە سوورە برین پێچە، سەعە سووری موزەمیدە، ئەوە تەنها بۆ برینی سووکی وەکو دەست و قاچە محەمەدی حاجی مەحموود ووتی وایە، ووتیان باشە ئەگەر گوللەیەک بەر سکی یەکێک یان شوێنێکی خەتەری بکەوێت چی لێدەکەن، محەمەدی حاجی مەحموود ووتی ئەگەر نەشمرێ خۆمان دەیکوژین بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن و سوودی لێوەرگرن.

## چــــوار چـــالاكی لە یـــەك شـــــــەودا

دوای یەکەم تەقە لە تەپەزێڕێنە مەفرەزەکەی شارەزوور بڕیاریاندا لە یەک کات و یەک شەودا لە چوار شوێنی جیاواز تەقە لە مەخفەرو ناحیەکانی ناوچەکە بکەن.

عەبدوڵڵای حاجی عەزیز دەمانچەیەکی دابووە مەفرەزەکەی شارەزوور، دەمانچەکەو نارنجۆکێکیان نارد بۆ فاتیحی شێخ حەیدەر تا نارنجۆکەکە بخاتە مونەزەمەی هەڵەبجەوەو بە دەمانچەکەش بەرگری لە خۆی بکات.

حامید حاجی غالی، تۆفیق ڕەحیم، عەریف مەحموود دانران بۆ لێدانی ناحیەی سیروان شەوکەتی حاجی موشیر، عەلی شیعە، دکتۆر ڕەزا دانران بۆ لێدانی خورماڵ.

محەمەدی حاجی مەحموود، حەمەی حاجی سابیر، ڕەئوفی خەلیفە سەعید دانران بۆ لێدانی سەید سادق، بڕیار بوو لە کاتژمێر (١٠) شەودا لەم شوێنانە بدرێت ، لە یەک کات و لە یەک شەودا لە هەر چوار شوێنەکە درا.

+ فاتیح شێخ حەیدەر نارنجۆکی هەڵدایە دەوری مونەزەمەکەی هەڵەبجە لای مزگەوتی تەکیە.

+ عەلی شیعە، شەوکەتی حاجی موشیر، دکتۆر ڕەزا تەقەیان لە پۆلیسی خورماڵ کرد دوو پۆلیس کوژران و دوو چەک دەستکەوت بوون.

+ محەمەدی حاجی مەحموود، حەمەی حاجی سابیر، ڕەئوفی خەلیفە سەعید لە زیلێکی سەربازیدا لە سەید سادق.

+ حامیدی حاجی غالی، تۆفیق ڕەحیم، عەریف مەحموود تەقەیان لە مەرکەزی سیروان کرد.

چوار چالاکی لە یەک شەوو یەک کاتدا لە چوار ناوچەی جیاواز دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە ئەم چالاکیانە لە شەوی عارفەدا ئەنجامدران.
دوای ئەو چالاکییە فاتیح شێخ حەیدەر نارنجۆکێکیتری هەڵدایە ناو خانوویەک کە دائیرەی ئیستخباراتی تیا بوو لە بامۆک، فاتیح هاتە دێی شەکرالی لەوێوە بۆ قاینجە .

## کـــاك حـــامید لە گـــوڵە خـــانە

محەمەدی حاجی مەحموود چوو بۆ هەڵەبجە بۆ هەندێک ئیشوکاری تایبەتی خۆی، هەر چەندە ئەو کاتە پێشمەرگەش بوو بەڵام گوێی نەدایە مەترسی و ڕۆیشت حامیدی حاجی غالی لە گوڵە خانە بەجێهێشت پێیووت ئاگات لە خۆت بێت تا دەگەڕێمەوە.
حامیدی حاجی غالی چووە ناو گوڵە بەڕۆژەکانەوە پشوو بدات تا محەمەدی حاجی مەحموود دەگەڕێتەوە، محەمەدی حاجی مەحموود بیری چوو بوو کاک حامید لە ناو گوڵە بەڕۆژەکاندایە.
عەسر مناڵ هاتن بۆ ناو گوڵەبەڕۆژەکان بۆ شووتی و ترۆزی و خەیار حامیدی حاجی غالییان بینی وایانزانی شێتە بەردبارانیان کرد، کاک حامید هەر خۆی دەستی جلی خراپی لە بەر کردبوو کەوا نیشان بدات شێتە.
کەسێک هەبوو لە گوڵە خانە ناوی حەمەمین بوو حامیدی حاجی غالی چووە لای، کاک حەمەمین لە ماڵەوە یاپراخی بۆ کاک حامید هێناو خواردی دواتر لەگەڵ حەمەی حاجی مەحموود یەکیان گرتەوە.

## چـــالاکی هـــــەڵـــــەبجە

فاتیح شێخ حەیدەر پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە ١٩٧٦/١٠/٦ نارنجۆکێکی هەڵدایە ناو مونەزەمەی هەڵەبجەوە
لە ١٩٧٦/١٠/١٦ نزیک دێی قەدەفەری پێشمەرگەکانی شـارەزور ئۆتۆمبێلکی

سەربازیان گولله بارانکرد (٤) سەرباز کوژران و سەربازێک برینداربوو

## شـــــەڕی قـــــایـــــنجە
## 1976/10/14/13

مەفرەزەکەی سورێن کرایە دوو مەفرەزە عەلی شیعە وەکو لێپرسراوی سەربازی لێپرسراوی مەفرەزەی یەکەم بوو.

محەمەدی حاجی مەحموود بە لێپرسراوی مەفرەزەی دووەم دانرا کاک شەوکەت ناڕازیبوو سورێنی جێهێشت و گەڕایەوە شارەزوور لە هەمان کاتدا شێخ عەلی لێپرسراوی یەکەم بوو، دوای هەفتەیەک شێخ عەلی تۆفیق ڕەحیمی نارد بە دوای کاک شەوکەتدا.

ڕێکخستنەکانی شار پێشمەرگەکانی شارەزووریان ئاگادار کردەوە (فاتح)مان پێ ناشاردرێتەوە، حامیدی حاجی غالی چوو بە دوایدا، فاتیح لەگەڵ حامیدی حاجی غالی هات.

شەوکەتی حاجی موشیرو تۆفیق ڕەحیم (حاکم کامەران) لە تەپی سەفا بوون، حامیدی حاجی غالی، عەریف مەحموود و فاتیح لەگەڵ شەوکەتی حاجی موشیرو تۆفیق ڕەحیم یەکیان گرتەوە دوو کەسیتریان لە گەڵدا بوو هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتی گەڕانەوە قاینجە چوونە ماڵی حەمە ڕەشیدی حاجی سەعید بڕیار بوو چەکیان بۆ پەیدا بکات دوو تفەنگ بهێنن بۆ ماڵی حەمە ڕەشید، کە چوونە ماڵی حەمە ڕەشید سوێندی خوارد ووتی نان نەخۆن ناڕۆن.

حەمە ڕەشیدی حاجی سەعید هاوڕێی حامیدی حاجی غالی بوو کەسێکی پاک بوو هاتە لای حامیدی حاجی غالی ووتی من چەکیان بۆ پەیدا دەکەم بەس ئەمشەو وەرن سەردانم بکەن.

حەمە ڕەشید لە دڵپاکی خۆیەوە بە دەورووبەروو کەسووکارەکەی ووتبوو کە پێشمەرگە دێنە ماڵم یەکێک لەوانەی دەورووبەری حەمە ڕەشید چوبوو هەواڵەکەی

گەیاند بووە دوژمن.

شەوکەتی حاجی موشیر، تۆفیق ڕەحیم، عەریف مەحموود، حامیدی حاجی غالی، فاتیح شێخ حەیدەر، ناسر، وەهاب کوڕێکی ئێرانی بوو لە ماڵی حەمە ڕەشید نانیان دەخوارد.

کاتژمێر (٣)ی شەو خاتوو فاتم خێزانی خاوەن ماڵەکە بە قۆری و پیاڵەوە هاتە ژوورەوە دەستی دەلەرزی ووتیان ئەوە چیە ووتی حەرەسەکەتان بە عەرەبی قسە دەکات، ووتیان مەترسە ئەوە حەمەی حاجی سابیرە دەمانترسێنێت ویستیان ژنەکە هێور بکەنەوە ئەگینا دەیانزانی کەس شتی وا ناکات.

فاتیح ئێشکگر بوو تفەنگەکەی حامیدی حاجی غالی پێبوو دەمانچەکەی فاتیح لای کاک حامید بوو، تۆفیق ڕەحیم بۆ مزگەوتیش پێڵاوی دانەدەکەند چووە دەرەوە سەیریکرد دیواری ماڵەکە گیراوە پێشمەرگەکانیتریش هاتنە دەرەوە.

بەر هەیوانی ماڵی کاک حەمە ڕەشید بەرز بوو دەبووایە بازبدەیت یان بە قادرمەکەدا بچیتە خوارەوە فاتیح لە حەوشەکەدابوو لە پاڵ دیوارێکی ڕووخاودا ئەفسەرێک لەودیو دیوارەکەوە لولەی تفەنگەکەی هێنابووە ناوەوە، ئەفسەرەکە بە فاتیحی ووت تا سێ دەژمێرم خۆت تەسلیم نەکەیت دەتکوژم فاتیح پێیووت لە مەبدەئی ئێمەدا تەسلیم بوون نییە ئەمشەویش نەکوژرێم هەر دەکوژرێم بەڵام من داوا لە تۆ دەکەم برۆ کێ دەڵێ بەیانی تەسریح نابیت، ئەفسەرەکە فیشەکێکی بە سەر فاتیحدا تەقاند ووتی تا (٣) دەژمێرمەوە دەتکوژم خۆت تەسلیم بکە بە شەرەفی بەعس وادەکەین لە هەموو شتێک بتبوورن.

## بـــــڕیارەکەی کــــــۆمەڵــــــە

ئەو سەردەمە بڕیاری کۆمەڵەو شۆڕش وابوو هەر کەسێک تێکەوت زانی دەرناچێت خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی نەهێنی دەست دوژمن نەکەوێت.

حامیدی حاجی غالی دەمانچەکەی هەڵکێشاو فیشەکی بردەبەر، بە کاک تۆفیقی ووت تۆ دەکوژم تۆفیق ووتی بۆ دەمکوژی حامید ووتی ئێمە دەرناچین تۆو کاک شەوکەت دەکوژم و خۆشم دەکوژم ئەو سیانە نەهێنی ڕێکخستنمان لایە.

تۆفیق ڕەحیم (حاکم کامەران) بە شەوکەتی حاجی موشیری ووت حامید (دلێر) دەمکوژێ شەوکەتی حاجی موشیر ووتی چی دەکەیت حامیدی حاجی غالی ووتی تۆو کامەران دەکوژم، کاک شەوکەت ووتی بۆ، کاک حامید ووتی دەرناچین بڕیاری ڕێکخستن وایە خۆمان بکوژین کاک شەوکەت ووتی جا تۆ بۆ دەمانکوژیت شەڕ دەکەین با ئەوان بمانکوژن.

ئەو ئەفسەرەی قسەی لەگەڵ فاتیحدا دەکرد مەترو نیوێک لێیانەوە دوور بوو پێشمەرگەکان لە تاریکی بوون ئەفسەرەکە لە بەردەم ڕووناکیدا بوو ئەفسەرەکە بە فاتیحی ووت تا سێ دەژمێرم، ووتی یەک خەریک بوو بڵێ دوو شەوکەتی حاجی موشیر دەستڕێژی لە سەربازەکان کرد ئەفسەرەکەو تێکرا حەوت سەرباز کوژران.

پێشمەرگەکان لە هەیوانی ماڵی حەمە ڕەشید بوون دوو سەرباز لە سەربان بوون سێبەرەکەیان هاتبووە خوارەوە.

شەوکەتی حاجی موشیر بە حامیدی حاجی غالی ووت ئەم بێ چەکانە بگیرێن حەیامان دەچێت من فیشەک دەنێم بە قاپیەکەوە تۆ بە سنگە خشێ بگەرە قاپییەکە بیکەرەوە با ئەم بێ چەکانە بکەونە نێوان من و تۆ، تۆفیق و عەریف مەحموود بڕۆن من و فاتیح لە دواوە دێین.

حامیدی حاجی غالی ڕۆیشت دەرگاکەی کردەوە ژمارەیەک سەرباز وەستا بوون کاک حامید بە دەمانچە تەقەی لێکردن، کاک حامید ویستی لە کۆڵانێکەوە بڕوات تەقەیان لێکرد گەڕایەوە فاتیحی بینی بەرکەوتبوو سەیریکرد گوللە لە باریکایی قاچی دابوو قاچی شکا بوو.

## شـــەهیدبوونی فـــاتیح شـــێخ حـــــەیدەر

لە کاتی هاتنە دەرەوە لە ماڵەکە لە کۆڵانێکدا دەپەڕینەوە تەقەیان لێکردن فیشەک بەرقاچی فاتیح کەوت و شکا فاتیح بە هاوڕێکانی ووت بە زیندوویی جێم مەهێڵن دەزانم دەرناچم ناتوانن دەرمکەن.

تفەنگەکەی فاتیح دوو مەتر لەو لای خۆیەوە کەوتبوو حامیدی حاجی غالی تفەنگەکەی هەڵگرتەوەو گوللەیەکی بەرکەوت سەر جیغی کرد کەوتە چاڵێکەوە لە چاڵەکە هاتە دەرەوە دەستیکردە ملی فاتیح ووتی خۆت بەرز کەرەوە، فاتیح خۆی بەرز کردەوەو تاقمەکەی لێکردەوە.

بڕیاریاندا تۆفیق ڕەحیم (حاکم کامەران) فاتیح بکوژێت بەڵام کاک تۆفیق ووتی هەموو ڕێکخستنی کۆمەڵە تەسلیم بکات، من و فاتیح لە منالییەوە لە بێشکەوە هاوڕێین هەتا ئێستا بۆم ناکوژرێت ڕێکەوتن فاتیح خۆی خۆی بکوژێت و تەسلیم نەبێت، فاتیح ووتی من هەر کوژراوم دەیان خوێندکاری زانکۆ دەناسم خۆم دەکوژم تا دوای خۆم هیچ نەهێنییەک جێ نەهێڵم... هاوڕێکانی لە فاتیح دوورکەوتنەوە فاتیح دوو گوللەی دەمانچەی نا بە خۆیەوەو شەهید بوو.

پێشمەرگەکان (فاتیح) یان جێهێشت و بەرەو پەڕی دێ ڕۆیشتن لە کۆتایی قاینجەکە دەڕۆیت بەرەو زێڕون عەرەبانەی ئەسپی لێبوو دانرابوو بۆ یاری منالان ڕەئیس عورەفایەک خۆی مات کردبوو شەوکەتی حاجی موشیر و تۆفیق ڕەحیم دەرچوون، ڕەیس عورەفاکە لوولەی تفەنگی خستە سەر ملی حامیدی حاجی غالی ووتی (من انت) کاک حامید بە عەریف مەحموودی ووت ئەو (من انت)یە نەکوژێت ئەو منی کوشتووە، کاک حامید دەرفەتی دەست جووڵاندنی نەمابوو ڕەیس عورەفاکە

ئەوەندە گەورە بوو عەریف مەحموود نەیدەزانی لە چ لایەکەوە تەقەی لێبکات کاک حامید بەرنەکەوێت، عەریف مەحموود دەستڕێژی لە ڕەئیس عورەفاکە کردوو کوشتی دای بە سنگ و بەرۆکی کاک حامیددا کەوتە نێوان قاچیەوە کاک حامید تفەنگەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

عەریف مەحموود پیاوێکی گورجوگۆڵ بوو لە ڕۆیشتندا شارەزای تەکتیکی سەربازی بوو عەرەبییەکی باشی دەزانی لەو شەوە شەڕەی قاینجەدا ڕۆڵی دیاری بینی لە ڕزگار کردنی پێشمەرگەکان.

حامیدی حاجی غالی و عەریف مەحموود بە یەکەوە بە چەمێکدا ڕۆیشتن داربی بوو لە ناو داربییەکاندا مودەڕەعە وەستا بوو گەڕانەوە دنیا خەریک بوو ڕووناک بێتەوە.

عەریف مەحمودو حامیدی حاجی غالی پێیان پەتی بوو کە لە ماڵەکەی قاینجە هاتنە دەرەوە فریای پێڵاو لە پێکردن نەکەوتن بە جادەی خۆڵدا ملی ڕێگەیانگرت بۆ دێی کانێسکان، لە دوو لاوە دەنگیاندان داوایان لێکردن تەسلیم بن سوێندی شەرەفیانخوارد ناتانکوژین کاک حامید بە عەریف مەجیدی ووت تەقە مەکە با نەزانن چەکمان پێیە حامیدی حاجی غالی ئەوەندە کەوتبوو هەستا بووەوە هەناسەی پێنەمابوو.

عەریف مەحموود ووتی با تەقە بکەین، کاک حامید ووتی تۆ تەقە لەو بەری ڕێیەکە بکە من تەقە لەمبەری ڕێیەکە دەکەم، هەر ئەوەندە تەقەیانکرد وەکو تەرزە گوللەیان بە سەردا باری بە سەلامەت دەرچوون.

دوای ڕزگار بوون لە تەقەکان گەیشتنە کانێسکان، لە کانێسکان گۆلاوێک هەبوو گۆلاوی مزگەوتەکە بوو دەهاتە خوارەوە ئاوی گۆلاوەکەیان خواردەوە.

تاقە ماڵێک لە خوارەوە هەبوو حەوت جووت پێڵاوی ژنانی تیا بوو پێڵاوی پیاوانی تیا نەبوو ئەمان پێپەتی بوون یەکی جووتێک پێڵاوی ژنانەیان کردە پێ.

دوای لەپێکردنی پێڵاوەکان چوونە دێی چنارە مام محەمەد هات بە پیریانەوە

کاک حامید و عەریف مەحموود دەنگیان دەرنەدەهات کەس تێیان نەدەگەیشت مام محەمەد بە کچەکەی ووت ئاویان بۆ گەرم بکە، با قورگیان نەرم بێت دەنگیان بکرێتەوە، لە ناکاو کچەکەی مام محەمەد قیژاندی ووتی عەسکەر دەوری گرتن وەرنە دەرەوە.

کاک حامیدو عەریف مەحموود دایانە قەدپاڵی شاخەکەی چنارە کە تەماشایانکرد ڕەوە هێسترە کچەکە وایزانیوە سەربازن.

عەلی شیعە، ئەحمەدی حاجی ساڵح، مەلا تۆفیق هاتنە لایان کوڕێک هات ناوی حەسەنی زبە بوو حامیدی حاجی غالی ویستی بیکوژێت ووتیان حەسەن خەبەرتان لێدەدات حەسەن وتی مەمکوژە تا دەگەمە لات قسەی خۆشم پێیە کاک حامید ووتی چییە حەسەن ووتی پێشمەرگەیەکتان ناوی کامەرانە قەڵەوێکە پەکی کەوتووە لە میری سوورە هێزی دوژمن ڕووەو میری سوور دەڕوات دەڵێت فریامکەون دەربازم بکەن.

کەمێکی پێچوو ولاغدارێک هات بۆ دار دەچوو ووتی برادەرێکتان ناوی مەلا نورییە (شەوکەتی حاجی موشیر) پێلاوی لە پێدا نییە لەو شاخە کەوتووە بەڵکو فریای بکەون، جووتێ پێلاویان بۆ کڕی بە سێ پەنجایی و نیو بۆیان نارد دواتر یەکیان گرتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــەوکەتی حـــاجی مـــوشیر- تـــۆفیق ڕەحـــیم

دوای ڕزگار بوون و دەرچوونیان لە قاینجە شەوکەتی حاجی موشیر، تۆفیق ڕەحیم بەرەو عەلیاوا ڕۆیشتن لە ناو کانی ژنانی قاینجەدا کەمینی لێبوو دەنگیاندان.

شەوکەتی حاجی موشیر و تۆفیق ڕەحیم گەڕانەوە بەرەو ڕیشێن ڕۆیشتن، کاک تۆفیق بە کاک شەوکەتی وت ئەوە بەیانییە یان دەگیرێین یان دەبێت خۆمان بکوژین بڕیاریاندا نەگەڕێنەوە یان دەردەچن یان دەکوژرێن.

کاک شەوکەت بە کاک تۆفیقی ووت ئەگەر کەوتین بە سەر کەمیندا دەنگیاندایین تۆ مەوەستەو بڕۆ من تەقە دەکەم دواتر تۆ دانیشە تەقە بکە تا منیش دێم، کاک

شەوکەت و کاک تۆفیق بەڕێکەوتن شەوکەتی حاجی موشیر ووتی تۆفیق سەیری لای چەپ بکە کە سەیریکرد سەرباز بوون پاڵکەوتبوون، سەربازەکان دەنگیاندان کاک شەوکەت بە عەرەبی ووتی (لا ترمی احناهم جندی) سەربازەکان ووتیان (جندی، مخرب، ای شی ارجع).

کاک شەوکەت تەقەی لە سەربازەکان کرد کاک تۆفیق ڕایکرد لە بۆسەی سەربازەکان دەرچوو دانیشت چەند فیشەکێکی تەقاند بانگی کاک شەوکەتی کرد، شەوکەت، مەلا نووری دەنگ نەبوو، تۆفیق ڕۆیشت گەیشتە سەر چاووگی ڕیشێن، لەوێشەوە چووە میری سوورو ڕۆژ بووەوە، جێبێکی کورتی شین لەوێ بوو کاک تۆفیق ژمارەی جێبەکەی ڕەشەی ساڵحی دەناسی چووە نزیکەوە کەسی لێنەبوو سەیری ژمارەی جێبەکەیکرد ئەو نەبوو.

کاک تۆفیق چووە ماڵی حاجی ڕەزا ژنەکەی چایی لێدەنا حاجی ڕەزا کە کاک تۆفیقی بینی هاواریکردو لە ژوورەوە هاتە دەرەوە لە هەیوانەکەدا ووتی ئەوە خێرە کاک تۆفیق ووتی حاجی تووشی کەمینی عەسکەری بووین حاجی ووتی بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە، کاک تۆفیق ووتی ولاخێکم بۆ پەیدا بکە ناتوانم بە پێ بڕۆم بۆ چنارە حاجی ووتی وولاخ بە من پەیدا ناکرێت کاک تۆفیق بە دڵشکاوی ڕۆیشت حاجی دوایکەوت ووتی چوار پێنج میوانم هەیە هەموویان پیاوی ئەمنن شێتێکیان هێناوە بردوویانەتە میری سوور ئەوە ئۆتۆمبێلەکەیانە، وەرە بچۆرە ماڵی کاکەم دەست و چاوت بشۆ با ڕەنگو ڕووت بکرێتەوە جلەکانت بگۆڕە ئەو چەکە بدە بە من ئەگەر سەربازی عێراقی بەرەو میری سوور بێت هەتاکو تۆ بە پیاسە نەگەیتە چنارە بەڵێن بێت نەهێڵم بێنە ئەم دێیە.

کاک تۆفیق چووە ماڵی براکەی حاجی ڕەزا جلووبەرگیان بۆ شت خەوی لێکەوت دەمەو نیوەڕۆ خەبەری بووەوە.

هەندێک خەڵکی چنارە باریان بردبوو بۆ خورماڵ کاک تۆفیق لە گەڵیان سەرکەوت هاتە چنارە پێش ئەوەی بگەیتە چنارە تەختاییەکی تیایە لەو تەختاییە منالان یارییان دەکرد منالێک هات بە کاک تۆفیقی ووت مامە هاوڕێکانت لە بن ئەو

دارە لای ئەو کانییە دانیشتوون کاک تۆفیق دابەزی منالّەکەی ماچ کردوو چووە کانییەکە هەموو پێشمەرگەکان لەوێ بوون شەوکەتی حاجی موشیر لەوێ بوو عەلی شیعە و محەمەدی حاجی مەحموود هاتبوونە ئەوێ بۆ لایان کاک تۆفیق لە کاک شەوکەتی پرسی تۆ چیت بە سەر هات کاک شەوکەت ووتی کە تەقەیان لێکردین نەمتوانی بە دوای تۆدا بێم گەڕامەوە لە دەرە کۆرەوە سەرکەوتم هاتمە ئێرە.

حەسەنی زبە ڕیشێنی بوو گرتبوویان هەڵیانواسیبوو کاک تۆفیق ووتی بۆ هەڵتانواسیوە وتیان هاتووە هەواڵی تۆی پرسیوە لێمان پرسیوە تۆفیقت بۆ چییە دەڵێ بەڵێنی پێداوم وتویەتی کە هاتمەوە لە هەورامان دەتکەم بە پێشمەرگە ئێمەش وتومانە تۆفیق کوژراوە نایناسنەوە ئەمیان ناردووە بزانن ئەوەیان ئەو نییە، کاک تۆفیق ووتی ڕاست دەکات میرزا فارس هێنای بیکەم بە پێشمەرگە بۆ هەورامان دەچووم ووتم با لێرە بێت هەتاکو دێمەوە میرزا فارس ووتی بۆم بکەن بە پێشمەرگە یان شەهید دەبێت یان چاک دەبێت.

حەسەنیان ئاشت کردەوە و پێنج دیناریان دایەو سیمینۆفێکیان هەبوو لە چنارە ناردیان هێنایان و دایانە حەسەن و بوو بە پێشمەرگە بەڵام پێشمەرگەیەکی وریاو زۆر چاک

لەو شەوەدا لە قاینجە فاتیح شێخ حەیدەر شەهید بوو.

وەهاب، ناسر، حەمە تەپی سەفایی هاتبوون ببن بە پێشمەرگە، ئەو شەوە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە قاینجە نەهاتنە دەرەوە شارەزا نەبوون بۆ بەیانی گیران لەگەڵ خاوەن ماڵەکە هەر چواریان دەستگیرکران و لە موسڵ لە سێدارە دران.

## بـــنکەی پـــۆلیسی عـــیزەت ئـــــاوا

ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٣ مەفرەزەیەکی شارەزوور چوونە سەر مەرکەزی عیزەت ئاوا کە چەند خانوویەکی بچوکی لە قوڕ درووستکرا بوو، مەفرەزەکە چوونە شوێن کەمینی پۆلیسەکان (٨) پۆلیس هاتن و لێیاندان، مەفرەزەیەکی پێنجوێن بە



هەواڵنامەی کتێب

فەرماندەیی بەکری حاجی سەفەر هاتن بە هانای شەڕەکەوە، لە هەمان کاتدا هێزێکی سەربازی دوژمن لە گەرمکەوە هاتن تا فریای مەرکەزەکە بکەون، پێشمەرگەکانی شارەزوور و پێنجوێن شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵدا کردن.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ٣٠ سەربازو پۆلیس

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی حەمە حەسەن دەرە دوێنی بوو.

## گـــــۆرانی ئـــــــیختیفـــــا

مەفرەزەکەی شارەزوور گۆرانییەکیان هەبوو گۆرانی ئیختیفا بوو، گۆرانییەکە بەم جۆرە بوو:

چەپڵەیان لێدەدا نەدەبوو دەستیان بدات لە یەک

دەمیان دەجووڵاند دەنگ نەبوو

زۆر جار پێشی هەڵدەپەڕین

## ســــــینەی لـــــــەیلێ

سینەی لەیلێ شاخێکە لە پشتی میری سوورەوە تۆفیق ڕەحیم و دکتۆر ڕەزا لە سینەی لەیلێ لە دوای مەفرەزەکەوە بوون گابەردێک لە سەر ڕێگە بوو تۆفیق گلی کردەوەو چەپڵەی لێدا بە دوایدا، دکتۆر ڕەزا ووتی ئەوە چیت کرد، تۆفیق ڕەحیم ووتی چییە برا بەمشەوەش عەسکەری دێت بۆمان دکتۆر ڕەزا ووتی باشە قەیناکە وا دای لە گوێرەکەیەک مانگایەک کەسێک لەوێدا کوشتی.

کاک تۆفیق ووتی دکتۆر بایەک قسەت بۆ بکەم ئێمە سەرۆک عەشیرەتەکەمان وەسیەتی کردووە نەعلەت لەو نەوڕۆڵییە ئەداتە لاپاڵ و بەردێک تل ناکاتەوە، دکتۆر ڕەزا ووتی ئەوەشی پێوتوویت چەپڵە لێدەیت بە دوایدا.

## گـــــرتنی کەســـــووکاری پـــــێشمەرگە

هێزەکانی دوژمن گەڕان بە دوای پێشمەرگەو گرتنی ئەو کەسانەی گومانیان

لێدەکرا سەر بە ڕێکخستنەکانی شۆڕش بن لە هەمانکاتدا کەوتنە گرتنی خێزان و کەسووکاری پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش.

ژمارەیەک کەسووکارو خێزانی پێشمەرگە لە لایەن دەزگاکانی ڕژێمی عێراقەوە دەستگیرکران و گواستیاننەوە بۆ ناسریە.

مەحموود کەشکۆڵ، تۆفیق ڕەحیمی نارد لە بانی بنۆک قسە لەگەڵ پێشمەرگەکان بکات و دڵخۆشییان بداتەوە وتی تۆ گاڵتەو گەپت هەیە لە گەڵیاندا.

کاک تۆفیق چوو قسەی بۆ کردن هۆنراوەیەکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی بە پێچەوانەوە بۆ خوێندنەوە::

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:

**کچی چواردەساڵ بۆ زیندان نەبرێت**
**پرچە جوانەکەی دەسکەنە نەکرێت**
**ڕزگاری نابێت ئەم کوردستانە**
**تیایدا دەرناچێت ئوردوری بێگانە**

کاک تۆفیق ڕەحیم (تۆفیقی ڕەعنا) بۆ دڵدانەوەی پێشمەرگەکان هۆنراوەکەی بەمشێوەیە لێکردبوو:

**تا باجی ڕەعنا بۆ زیندان نەبرێت**
**پرچە جوانەکەی دەسکەنە نەکرێت**
**ڕزگاری نابێت ئەم کوردستانە**
**تیایدا دەرناچێت سووپای بێگانە**

دوای حەوت پێشمەرگەکە ڕۆستەم گوڵە خانەیی هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی پاش ماوەیەک حەمەی حاجی سابیرو ڕەئوفی خەلیفە سەعید بوونە پێشمەرگە، مەفرەزەکە بوونە دە کەس.

حەمەی حاجی سابیر لە کۆبوونەوەکەدا بوو دوای قسەکانی تۆفیقی ڕەعنا ووتی تەڵاقم کەوتبێت سێ بە سێ بمزانیایە بەعس خورشە دەگرێت من هەر ئاشبەتاڵم نەدەکرد تۆفیقی ڕەعنا ووتی خورشە بۆت دێتەوە هەر مانگێکە.

## بـــــــــــۆسە

پێشمەرگەکانی شارەزور لە ١٩٧٦/١١/٦ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی پۆلیسەکانی گریانە دانا دوو پۆلیس کوژران و پۆلیسێک بریندابوو

## چـــــایەکەی دکــــــــتۆر ڕەزا

تۆفیق ڕەحیم (حاکم کامەران) خەفەر بوو چایان لێناو نان و چایانخوارد، دوای نان و چا خواردن دکتۆر ڕەزا ئاوی کردە ناو تلپە چاکەوەو خستیە سەر ئاگر تا گەرم بێت و بیخوات.

تۆفیق ڕەحیم بۆ ئەوەی لەگەڵ شێخ عەلی بە شەڕیان بدات ووتی ئەوە چییە کاک دکتۆر ڕەزا، دکتۆر ڕەزا ووتی ئەوە ئاوە لەو کانییە هێناومە کردوومەتە کترییەوە، کاک تۆفیق ووتی من کترییەکەم شۆردووە دکتۆر ڕەزا ووتی نەتشۆردووە.

کاک تۆفیق شێخ عەلی بانگکرد پڕیکرد ووتی کاکە سبەینێ چوار پێشمەرگە دێن و لەگەڵ ئێمە فێری ئەوە دەبن، چایی گەرم بکات ئاگردان و دیوەخانیماڵی حامید بەگە نەکوژێتەوە.

ئیتر بوو بە هەرا دکتۆر ڕەزا ووتی کاکە نە چام تێکردووە نە شەکرم تێکردووە ئاوی ئەو کانییەیە تۆفیق ووتی ئەوە چییە لە دەمتدا، دکتۆر ڕەزا لە جیاتی شەکر بەردێکی بچووکی خستبووە ناو دەمی بەردەکەی لە دەمی دەرهێناو ووتی ئەوە تا، فڕێیدا بۆ کاک تۆفیق.

## پەلامــــــاری دوژمـــــن

هێزێکی گەورەی دوژمن لە ١٩٧٦/١٢/٦ پەلاماری دێهاتەکانی بنارەی چیای سورێنیاندا، شەڕ (١٣) کاتژمێری خایاند لەو شەڕەدا (٣٥) ئەفسەرو سەرباز کوژران و بریندابوون

## درووســــــتبوونی چــــــەند مـــــــەفرەزەیەك 1977

مەفرەزەکەی شارەزوور گەشەیکردو فراوانبوو خەڵک ڕۆژانە دەهاتە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە مەفرەزەکەی شارەزوور بووە دایکی مەفرەزەکان و چەند مەفرەزەیەکی

لێ درووست بوو:

١/ مەفرەزەی شەوکەتی حاجی موشیر

٢/ مەفرەزەی عەلی شیعە

٣/ مەفرەزەی حامیدی حاجی غالی

## چـــالاکی کـــانە بـــــــەردەکان 1977

مەفرەزەکەی حامیدی حاجی غالی لە کانەبەردەکانی بامۆک چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا شەش سەرباز کوژران و شەش تفەنگ دەستکەوت بوون.

شەش سەربازو سێ هێستریان پێبوو دەچوون بۆ ئازوقەو دەگەڕانەوە، مەفرەزەکەی حامیدی حاجی غالی لە ناو کانە بەردەکاندا خۆیان کردبوو بە بەرد هەڵکەن کە سەربازەکان نزیک بوونەوە تەقەیان لێکردن و کوشتیانن.

## کـــــوشتنی مــــعاون شـــــــورتە

معاونێکی شورتە لە شەمێران لەگەڵ خەڵکی دێیەکان خراپ بوو ئازاری دەدان بیانووی پێدەگرتن ئیهانەی خەڵکی ناوچەکەی دەکرد.

مەفرەزەکەی حامیدی حاجی غالی بۆسەیەکیان بۆ داناو کوشتیان تفەنگەکەشیان هێنا،

ژمارەی پێشمەرگە سەرەتاییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ لە هەڵکشان و گەشەکردندا بوو بەشێک لەو پێشمەرگانە بریتی بوون لە:

+ فەرەج تریفەیی
+ غەفور دەرەشیشی
+ ساڵح گەرمیانی
+ حسێن مەجید مەلا حامید
+ حەمە هاواری
+ عومەر حەمە ساڵح
+ فەیسەڵ مەلا عەلی

+ جەلال کولکنی
+ هاوار خەڵکی شەکرالی
+ مەحموود گەرمیانی
+ ئەحمەد شاتوانی
+ هیدایەت عەبدوڵڵا
+ ئیبراهیم عەبدوڵڵا
+ مامۆستا ئەحمەد
+ مام هەڵمەت
+ ئەحمەد گریانەیی
+ مستەفا کۆکۆیی، شێرکۆ حسێن
+ والی حاجی عارف گردە نازێیی
+ ساڵح حەمە قالە خورماڵی
+ عەریف مەحموود خەڵکی تەپە تۆڵەکە

لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکیتردا، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی پێشمەرگە لە هەڵکشاندا بوو تا وای لێهات ژمارەی مەفرەزەکان لە شارەزوورو هەورامان و هەڵەبجە لە زیادبووندا بوون بەمشێوەیە:

+ مەفرەزەی فەرەج تریفەیی
+ مەفرەزەی ئەحمەد گریانەیی
+ مەفرەزەی مستەفا کۆکۆیی
+ مەفرەزەی غەفور دەرەشیشی

سنووری چالاکی مەفرەزەکان لە هەورامان، شارەزوور، هەڵەبجە، خورماڵ، سەرتەکی بەمۆ بوو، لە تێکڕای ئەو ناوچانەدا چالاکییان دەکرد.

## چـــەند چالاکیـــــەك

*١٩٧٧/١/٩ دەستەیەک پێشمەرگە لەسەر پردی زەڵم لە ئۆتۆمبێلکی چەکداریاندا لەئەنجام دوو پۆلیس کوژران و دوانیتر بریندابوون

*١٩٧٧/١/٩ لەنزیک دێی ئەحماوا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لەوهێرشەدا دوو پۆلیس کوژران و چوار پۆلیس بریندابوون

* دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١/١٥ نارنجۆکێکیان فڕێدایە ناو ئیستخباراتی هەڵەبجە، دوو ئیستخبارات کوژران و چواریتر بریندابوون

*دەستـەیـەک پێشمەرگەی شـارەزور لە ١٩٧٧/١/١٧ بۆسەیەکیان لە دێی زەردەهاڵ بۆ دوژمن داناو پۆلیسێک بریندداربوو

**دەستکەوت**

١ کلاشینکۆف.

## شـــــێخ مەحـــــموودی قـــــەڵبەزە

مەفرەزەکەی شارەزوور پارەیان پێنەبوو زۆر پێویستیان بە پارە بوو نامەیەکیان بە ناوی مامجەلالەوە نووسی بۆ شێخ مەحموودی قەڵبەزە ڕەئوفی خەلیفە سەعید، شەوکەتی حاجی موشیر، تۆفیق ڕەحیم، چوونە قەڵبەزە نامەکەیان دایە شێخ مەحموود، شێخ نامەکەی خوێندەوەو ووتی بەخێر بێن سەرچاو با مامجەلال بێتەوە چیتان ویست بۆتان ئامادە دەکەم، پێشمەرگەکان ووتیان مامجەلال لە سەر سنوورە ئێمە دەمانەوێت بچین بە پیریەوە بەڵام هێزێکی بێ چەک هەر نەچین باشترە چەک و پارەمان پێنییە.

دوای نانخواردن شێخ مەحموود پێیووتن بەم ڕێگایەدا هاتوون هەر لەوێوە بڕۆنەوە گوێنییەک لە سەر ڕێگەیە هەڵیگرن ببەن لەگەڵ خۆتاندا، کە چوونە ئەوێ گوێنییەکە لە سەر ڕێگەکە بوو کەسێک چاودێری دەکردن تا خەڵکیتر نەیبات کە گوێنییەکەیان کردەوە کلاشینکۆفێکی مزەللی و (١٥٠) دیناری تیا بوو پارەو تفەنگەکەیان هەڵگرت و ڕۆیشتن.

## بـــــردنی ڕانـــە مـــــەڕ

پێشمەرگەکانی شارەزوور (٥٠٠) سەر ئاژەڵی تەعاونیان بردە ناوچەکانی ژێر

دەسەلاتی خۆیان ئاژەڵەکان تەعاونیان پێدەووتن موڵکی حکومەت بوو.

لە گردە نازێ ٥٠٠ سەر ئاژەڵیان پێش خۆیانداو فرۆشتیان بە (٧) هەزار دینار هەر چەندە لە چاو نرخی ئەو کاتەی ئاژەڵەوە بە هەرزان فرۆشتیان بەڵام بۆ جاری دووەم چەند سەرێکی تریان هێناو بە نرخی گرانتر فرۆشتیان، فرۆشتنی ئەو ئاژەڵانە لەو سەردەمەدا کۆمەکێکی باشی بە پێشمەرگەکانی شارەزوور کرد تەواوی هێزەکە بوژانەوە هەندێک لە پارەکەیان دا بە سەرکردایەتی.

## گـــــوێ بـــــڕینی مـــــــەڕێك

دوای بردنی مەڕەکان کردیانن بە دوو بەشەوە تا ئەگەر هێزی دوژمن دوایان بکەوێت بەشێک لە مەڕەکان دەرکەن و نەکەونە بەردەستی حکومەت، لە ڕێگا بەشێک لە مەڕەکان نەدەڕۆیشتن مەحموود گەرمیانی لە ئاژەڵداری شارەزا بوو بە چەقۆ گوێی مەڕێکی بڕی خوێنی گوێی مەڕەکە ڕژایە سەر دەستی، خوێنەکەی نا بە لووتی دوو مەڕەوە لەگەڵ بۆنکردنی خوێنەکە مەڕەکان ڕایانکرد بە جۆرێک بۆیان نەدەگیرانەوە.

پێشمەرگەکان بە مەحموود گەرمیانیان ووت ئەوە چۆن زانیت بە گوێ بڕینی ئەو مەڕە ئەوانیتر ڕادەکەن مەحموود گەرمیانی ووتی من جافم لە ئاژەڵداری شارەزام کە گوێی ئەوەیانم بڕی و بۆنی خوێنەکەیانکرد ئەوانیتر ترسان گوێی ئەوانیش ببڕم بۆیە ڕایانکرد.

## نـــــان کـــــۆکردنـــــــەوە

مەفرەزەکەی سورێن بە نۆبە نانیان کۆدەکردەوەو لە دەرگای ماڵانیان دەداو داوای نانیان دەکرد، شەوێک لە سەرگەت تۆفیق ڕەحیم و محەمەدی حاجی مەحموود دانران نان کۆبکەنەوە، محەمەدی حاجی مەحموود بە تۆفیق ڕەحیمی ووت تۆ لە دەرگا بدەو نان کۆبکەرەوە تۆفیق ووتی تۆ بۆ نایکەیت، حەمەی حاجی مەحموود ووتی من ڕووم نایە، کاک تۆفیق ووتی بۆ کاکە حەمە لام وایە بە بنەچە تۆ من بە سواڵکەر دەزانیت من بە یەک مەرج نان کۆدەکەمەوە هەر شەوێک نەمتوانی حەرەسیات بگرم تۆ بۆم بگریت.

کاکە حەمە ووتی برا بە شەرەفم هەتا بە یەکەوە بین من حەرەسیاتی تۆش دەگرم بەس ئەم نانە تۆ داوای بکە، تۆفیق ووتی دەبێت نانەکەش هەڵگریت.

ئیتر هـەر شەوێک کـاک تۆفیق ماندوو بـووایـە دەیـووت کاکە حەمە ئەگەر حەرەسیاتەکەم بۆ بگریت، کاکەحەمە دەیووت باشە کاکە مەیلێ دەیگرم.

## شــــــەڕی مــــــیری ســــــوور
## 1977/2/19

پێشمەرگەکانی شـارەزوور ئاگاداری کشتوکاڵی سـەید صادقیان کردبوو ئەو زەوییانە مەرعەیە نەیکێڵن، فەرەیدوون ناوێک بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سەید صادق بوو وەڵامی دابوونەوە ووتبووی ئەگەر ئەوان بوون بە حکومەت نەیکێڵن ئێمە دەیکێڵین.

پێشمەرگەکانی شارەزوور بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود بەرە بەیان چوونە داربی و تۆقەدارەکانی نزیک زەوییەکان تا خەبیرەکان بێن و دەستگیریان بکەن تا کاتژمێر (٩) ی بەیانی چاوەڕێیانکرد خەبیرەکان نەهاتن محەمەدی حاجی مەحموود تاقم و تفەنگەکەی دانا چووە بەردەمی یەکێک لە تراکتۆرەکان و ووتی ئەو زەوییانە هی منە دەمەوێت شکات بکەم لای خەبیرەکان کاتژمێر چەند دێن، شۆفێری تراکتۆرەکە پێیووت خەبیرەکان پێنج شەممان نایەن.

## گــــــرتنی تــــــراکتۆرەکــــــان

کە بێهیوا بوون لە هاتنی خەبیرەکان تراکتۆرەکانیان گرت و پێشمەرگەکانیان لە گەڵدا سەر خستن تراکتۆرێک لە پێشەوەو پێشمەرگەیەک لە گەڵیدا دوایی دوو تراکتۆریتر بە هەمان شێوە محەمەدی حاجی مەحموود لە دوای تراکتۆرەکانەوە بوو، هەموویان گەیاندنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە .

ژمارەیەک ژنە پێشمەرگە بەرەو چنارە ڕایاندەکرد تۆفیق ڕەحیم پرسی چییە ووتیان جەیش هات.

کەسێک لە نێوان زێڕون و میری سووردا بانگی تۆفیقی کرد وەرنە سەرەوە پێشمەرگەکان لێرەن کە چوونە سەرەوە ووتیان چووین خەبیرەکان نەهاتبوون

مەکینەکانمان هێنا.

دوو فڕۆکە هاتنە سەر میری سوور دۆڵاو دۆڵ بۆ مەکینەکان دەگەڕان بە سەر میری سووردا چەند جارێک خولانەوە دوای گەڕانەوەی فڕۆکەکان هێزێکی سەربازی بەرەو ڕیشێن و میری سوور هاتن لەوێ بوو بە شەڕ تا درەنگانی خایاند، دوژمن لە کانێسکان، دەرە گوڵان، ڕیشێن، میری سوور، مەلا وەیسە، عەلیاوا هێزی دابەزاند.

## چــــۆن شــــەڕ درووســـــت بــــوو

سەربازەکان بەرەو میری سوور دەهاتن وتیان تەقەیان لێمەکەن تا دێنە پێشەوە بەڵام مەحموود گەرمیانی تەقەی درووستکرد.

هەمان کات مەحموود گەرمیانی پێنج پێشمەرگەی ڕازیکردبوو لە بەری دەرەگوڵانەوە بڕۆن بۆ پشتی میری سوور بەری ڕیشێن لەوێ پشت لە سەربازەکان بگرن لە دواوە لە هێزەکەی دوژمنیاندا عەریفێک و دوو سەربازیان کوشت.

پێشمەرگەکانی میری سوور تا کلکەی میری سوور دوای هێزەکەی دوژمن کەوتن قۆڵی لای مەحموود گەرمیانی چوو بوونە دەرە گوڵان بۆ پشت هێزەکەی دوژمن، هێزەکەی دوژمن گەیشتبوونە ڕیشێن و سەر جادەی قیر.

دوای تەواو بوونی شەڕ شەوکەت حسێن بریندار بوو کاک تۆفیق لێی پرسی شەوکەت لە کوێ بریندار بوویت شەوکەت وتی ئەم شتانە ناشاردرێتەوە مەحموود هات وتی با پشت لەم هێزە بگرین لە دواوە.

لە سەر ئەوەی مەحموود گەرمیانی بێ پرس تەقەی لە سەربازەکان کردبوو دواتر چەند پێشمەرگەیەکی دووبارە بێ پرس بردبوو پشت لە هێزەکەی دوژمن بگرن لێپرسینەوەیان لە گەڵدا کرد.

+ سەبارەت بە تەقە کردن لە کاتی نەگونجاودا مەحموود گەرمیانی لە لیژنەی لێپرسینەوەدا وتبووی سەربازەکە فشە فشی کردووە بە سەر تراکتۆرێکەوە وتوومە ببێت بە قەرەباڵغی بۆم ناکوژرێت با تاوەکو تەنیایە بیکوژم.

+ کە داوای لە پێشمەرگەکان کردبوو لە گەڵیدا بڕۆن بۆ پشتی ڕیشێن پشت

لە هێزەکە بگرن شەوکەتی حسێن هەڵەبجەیی وتبووی با پرس بە حاکم کامەران بکەین مەحموود گەرمیانی وتبووی پرس بەو بکەن تا بەیانی وەڵام وەرناگرنەوە وتبوویان بۆ؟ مەحموود گەرمیانی وتبووی کتێبێکی ماوی پێیە کتێبە سوورەکە تا دەری دەهێنێت بزانێت ماو دەڵێت پشتی لێبگرن یان مەیگرن جەیشەکە دەکشێتەوە ئیتر پرسی بۆ چییە، وتبوویان دوایی لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکەن وتبووی کە کوژراین لێپرسینەوەی چیمان لەگەڵ دەکەن نەشکوژراین لێپرسینەوەی چیمان لەگەڵ دەکەن سووپایەکمان شکاندووە.

## فـــــرۆشتنی مـــــەکینەکان- تـــــراکتۆر پــــێشانگای مــــیری ســــوور

تراکتۆرەکان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا مانەوە پارچەی تراکتۆرەکانیان فرۆشت بە خەڵک هەر کەس پارچەیەکی تراکتۆری بوویستایە دەهاتە میری سوور دەیکڕی، هەر بۆیە بۆ نوکتەو خۆشی ناویان نابوو (معرض میری سوور – پێشانگای میری سوور).

## تـــــــــراکتۆرەکان

١٩٧٧/٢/١٩ هێزێکی پێشمەرگە لە شارەزور دەستیانگرت بەسەر (١١) مەکینەی تراکتۆردا و بردیاننە میری سوور هێزی دوژمن دوایانکەوت و پێشمەرگەلێیاندان

لەو شەڕەدا (٢٥) سەرباز کوژران و تەرمی (١١) سەرباز بەجێما (٣٨) سەرباز بریندابوون،خەلەف بەرپرسی مونەزەمەی سەید صادق بریندارکرا

١١ تراکتۆرو ١ ئۆتۆمبێلی تۆیتا کەوتە دەستی پێشمەرگە.

دەستکەوتەکان ١ قەناس، ٢ کلاشنکۆف، ١ دەمانچەی ڕووسی دوو سندوق فیشەکی ڕووسی، ١١٢ مەخزەنی کلاشنکۆف

دوو پێشمەرگەش بریندابوون

## هـــــەڵدانی نـــــــارنجۆک

دەستەیەک پێشمەرگە بۆ جاری دووەم لە ١٩٧٧/٢/٢٠ نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو ئیستخباراتی هەڵەبجە ، دوو ئیستخبارات کوژران و یەکێکیتر بریندابوو.

## لەسێدارەدانی پۆلێك پێشمەرگە

١٩٧٧/٣/١١ جەلادەکانی بەعس پۆلێک پیشمەرگەیان لەزیندانی موصل لەسێدارەدا کەلە مانگی ١٠/ ١٩٧٦ لەدێی قاینجە بێ چەک بەدیلگیرابوون

١- شەهید وەهاب حاجی عوسمان خەڵکی زەڵم

٢- شەهید محەمەد مەلا تۆفیق خەڵکی سیامێوە

٣- شەهید ناصر ڕەشید خەڵکی تەپی سەفا

٤- شەهید محەمەد حەمە فەرەج خەڵکی تەپی سەفا

دوو هاوڵاتیش بەمناوانە لەسێدارەدران

١- شەهید محەمەد ڕەشید حاجی سەعید خەڵکی قاینجە

٢- شەهید مەغدید تەها محەمەد خەڵکی کۆیە

## بەهاری 1977

سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٧٧ بوو مەحموود کەشکۆڵ لەگەڵ مەفرەزەکەی ئەحمەد گریانەیی لەکۆساواوە سەرکەوتن بۆ شنروێ و وەزگێل تا ڕێگەی هاتووچۆی ڕەبییەکەی شنروێ دەستنیشان بکەن.

تاریکی شەو گەیشتە هەواری پلەسپی نزیک کانییەکەی وەزگێل، خەڵکی کۆساوا سەرقاڵی کەپرو سابات درووستکردن بوون، مەفرەزەکە شوێنی هاتووچۆی سەربازەکانیان دیاریکرد.

شەوی دواتر چەند پێشمەرگەیەک بە فەرماندەیی ئەحمەد گریانەیی لە سەر ڕێگەی سەربازەکان بۆسەیان داناو تەقەیان لە سەربازەکان کرد دوو کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو.

بۆ بەیانی کۆپتەر هاتنە سەر شوێنی شەڕەکە خەڵکی کۆساوا بارو بنەیان پێچابووەوە بۆ هەواری هاوینەیان کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە و ژمارەیەکیان شەهید و بریندار بوون.

## هـــاتنی ئـــازاد هـــەورامـــی
## 1977

ئـازاد هـەورامـی هاتە ناوچەکە بـووە سـەرپەرشتیاری هـەورامـان، سورێن، هەڵەبجە، ئازاد هەورامی لە ژێر ناوی (عادل) هاتبووە ناوچەکە عەلی شیعە لە گەڵیدا گەڕابووەوە، کوێخاکەی چنار بە پێشمەرگەکانی ووت میوانێکتان هاتووە لە ماڵی ئێمەیە پێشمەرگەکان چوونە ماڵەکە بەخێرهاتنیان کردن عەلی شیعە دەفتەرو قەڵەمی پێبوو تۆفیق ڕەحیم پێیووت دەڵێی لە سەرەوە فێری خوێندەوارییان کردوویت عەلی شیعە ووتی بەڵێ فێریان کردم فێری ئەوەشیان کردم چۆن ڕاپۆرت لە هاوڕێی خۆت بنووسیت تۆفیق ڕەحیم پێیووت من و تۆ ئەوەندە هاوڕێین کە شتێک نەکەین پێچەوانەی حیزب بێت، لەوێدا هاوڕێیەتی نامێنێت.

ئازاد هەورامی (عادل) لە ماڵەکەدا دانیشتبوو نەیاندەزانی کێیە و بۆچی هاتووە ووتی تکاتان لێدەکەم ئێرە ماڵانە قسە مەکەن کە ووتی قسە مەکەن ئیتر زانییان کە ئەوە شتێکە، قسەکانیان بڕییەوە تۆفیق ڕەحیم بە ئازاد هەورامی ووت بەڕێزت کێیت عەلی شیعە وەڵامی دایەوە ووتی ئەوە کاک ئازادە بە لێپرسراوی ناوچەکە هاتووە.

## ڕاپـــۆرتەکەی تـــۆفیق ڕەحـــیم
## (حـــاکم کـــامەڕان)

عەلی شیعە لە سەر ڕاپۆرتێکی تۆفیق ڕەحیم بانگ کرابوو بۆ سەرکردایەتی بە مەبەستی لێپرسینەوە لەوێ پێیان وتبوو تۆفیق ڕاپۆرتی لە سەر نووسیویت.

عەلی شیعە، شەوکەتی حاجی موشیر، نامەیەکیان بۆ شێخ عوسمانی دوو ڕوو ناردبوو لە نامەکەدا نووسیبوویان ئەوە زستانە و ئێمە لە دەرەوەین وەکو پێشمەرگە، دەمانەوێت ئەم زستانە بێین لەوێ دانیشین.

کاک شەوکەت نامەکەی دابوو بە کابرایەکی دەرەمەڕی وەڵامی نامەکە بۆ شەوکەتی حاجی موشیر هاتبووەوە تۆفیق ڕەحیم نیوەڕۆ لە ماڵی کابرای دەرەمەڕی دامەزرابوو بۆ نانخواردن وەڵامی نامەکەیان دایە دەست کاک تۆفیق نامەکەی خوێندەوەو ووتی مامە سەید من نامەکە دەبەم، مامە سەید ووتی ئاخر ئەوە هی حەزرەتی شێخە بە قوربانت بم نەفەوتێت کاک تۆفیق پێوت لە حەزرەتی شێخ باشتر هەڵیدەگرم بۆت، کاک تۆفیق نامەکەی بردە لای دکتۆر ڕەزا و شێخ عەلی نامەکەی خوێندەوەو ووتی ئەوە بۆ شێخ عوسمانیان نووسیوە ئێوە خۆتان دەزانن دوو ڕووە ناوەندی سیخوڕی هەموو جیهانە نەک هەر ئێران و عێراق ئەمە نابێت قبوڵ بکەین.

دوای گفتوگۆ لە سەر ناوەڕۆکی نامەکە بڕیاریاندا شەوکەتی حاجی موشیر کۆمەڵە نییە بەڵام عەلی شیعە کۆمەڵەیە بۆ لێپرسینەوە ناردیان بۆ شارباژێڕ دوای ماوەیەک لەگەڵ ئازاد هەورامی گەڕایەوە.

## کـۆبوونـــەوەی ئـــازاد هـەورامـــی

دوای نوێژی خەوتنان ئازاد هەورامی لە مزگەوت کۆبوونەوەیەکی بە پێشمەرگەکان کردوو خۆی ناساند ووتی من بە لێپرسراوی ناوچەکە هاتووم کاک شێخ عەلی برای گەورەی هەموومانە ئیش و کاری ئەم ناوچەیە شێخ عەلی لێپرسراوێتی، ئیش و کاری ناو شارو سەرەوە هەبوو دەبێت ئاگاداری من بکەن، هەر بڕیارێک لە سەر کوشتنی هەر کەسێک و کە پێویست بکات دەبێت بەشدارو ئاگادار بم لە بڕیاردان، دەبێت زانیاری تەواوم لە سەر ئەو کەسە هەبێت نابێت لە سەر شتی سادە کەس بکوژرێت.

## کـانی سـێف- کـۆڵێتان
## زســــــتانی 1977

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود لە کانی سێف بوون، هەواڵ گەیشت دوژمن پەلاماری کانی سێف دەدات.

بەیانییەکەی لە کۆڵێتان بوون لە پشتییانەوە ئاگر کرابووەوە، کۆپتەر هاتە

سەریان تا ئێوارەیەکی درەنگ شەڕیان لەگەڵ کۆپتەردا کرد، هێزی پیادەی دوژمن نزیک ببووەوە.

لەو شەڕەدا ئەحمەد چەوتانی شەهید بوو برینداریش هەبوو.

## کـــێوماڵ 1977

سووپای عێراق لە ساڵی ١٩٧٧ لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کێوماڵی دەستپێکرد، هێزێکی زۆری سووپای عێراق بە پشتیوانی کۆپتەر پەلاماری دێیەکانی کوردستانیان دەدا، لە کێوەکان سەربازیان دادەبەزاند چوار دەوری دێیەکانیان دەگرت، لە هەر کاتێکدا مەبەستیان بووایە وەکو ڕەوە کوللە دەیاندا بە سەر ئاواییەکاندا، سووپا بە پیادە ڕەوی و دەبابەش هاوشانیان بوو.

لە ناوچەی شارەزوور و هەورامان سووپای عێراق هەمان شێوەی ناوچەکانیتر بەرە بەیان دەوری دێیەکانیان دەگرت گەمارۆی ماڵەکانیان دەدا خەڵکیان کۆدەکردەوەو ماڵەکانیان دەپشکنی بە دوای چەک و پێشمەرگەدا دەگەڕان ڕێکخستنەکان مەفرەزەکانیان دەشاردەوە تا نەکەونە دەست دوژمن یان زیانیان پێنەگات.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە حامیدی حاجی غالی، تۆفیق ڕەحیم و تیکرا (٤) پێشمەرگە شەوو ڕۆژێک لە باوەکۆچەک خۆیان شاردەوە ڕێکخستنەکانی باوەکۆچەک، فەلاحی حەمە بۆر، حەمە مستەفا، فەرەجی کوێخا هاوکاریان بوون، فەلاح تەباخی ماڵەوەی بۆ بردن تا ئاگر نەکەنەوە دوکەڵ هەستێ و ئاشکرا ببن.

یەکێک لەو پێشمەرگانە تەسلیم ببووەوە وتبووی لە باوەکۆچەک ماوینەتەوە تەباخی ماڵەکەش دەناسم سووپای عێراق چوار دەوری باوە کۆچەکی گرت خەڵکیان کۆکردەوە لەو کاتەدا هەواڵ گەیشت تۆفیق ڕەحیم لە دێی پریسە سەربازەکان باوەکۆچەکیان جێهێشت و بەرەو پریس ڕۆیشتن.

کێوماڵکردن و گەڕان بە دوای پێشمەرگەدا ناوچەی هەورامان، بناری سورێن، شارەزوور، نەوڕۆڵی گرتەوە، ماوەی سێ مانگی خایاند سەربازەکانی دوژمن بن بەردوو داروو دەوەن و سەر تۆپی درەختەکانیش دەگەڕان.

کتێبخانەی کوردی

## هـــــــەڵەبجە - ســـــەید ســـــادق

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢٠ ئۆتۆمبێلی بەرپرسی منەزەمەی حزبی بەعسیان لەسەید صادق، لەسەر ڕێگەی هەڵەبجە سەید صادق گوللەبارانکرد

دەستەیەک پێشمەرگە لەڕێگەی هەڵەبجە سازان بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا

زیانی دوژمن کوژرانی (٧) سەرباز دەستەکەوت (٢) کلاشنکۆف

## شـــــەهیدبوونی وەســـــتا ئـــــەنوەر

وەستا ئەنوەر عەبدولڕەحمان لێپرسراوی کۆمیتەی هەڵەبجەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە ١٩٧٧/٥/٧ لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدبوو

١٩٧٧/٥/٨ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەناوچەی تاوەگۆزی هەڵەبجە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا.

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ سەرباز و برینداربوونی ٣ سەربازیتر، دەستکەوت یەک هێستر هەمان ڕۆژ بۆسەیەکیتر لە تاوەگۆزی دانراو (٥) سەرباز کوژران

١٩٧٧/٥/١١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەسەر ڕێگەی بیارە هەڵەبجە بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس دانا و گوللە بارانیانکرد

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ پۆلیس، دەستکەوتەکان ١ کلاشنکۆف و دەمانچەیەک

## پـــــەلاماری دوژمـــــــــن

هێزێکی دوژمن بەپشتیوانی ژمارەیەکی زۆر کۆپتەر و مودەڕەعە و ناقیلە لە ١٩٨٨/٥/١١ پەلاماری ناوچەی هەورامانیاندا

پێشمەرگەکانی ناوچەکە لێیان هاتنە دەست و ژمارەیەکیان لێکوشتن

زیانی دوژمن کوژرانی ٦ سەرباز

پێکرانی کۆپتەرێک

دوژمن زیاد لە (٥٠) هاووڵاتی ناوچەکەیگرت

## شـــەهیدبوونی پــۆلێك پــێشمەرگە
## 1977/6/9

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتبوونە ئیمامی زامن لەوێوە پەڕیبوونەوە بۆ تۆقوت و بێسلمێن، چەم و ئاوێکی لێبوو لەوێ خۆیان حەشار دابوو.

سیخوڕو بەکرێگیراوانی بەعس جێگەکەیانی ئاشکرا کردبوو هەواڵیان دابووە داموودەزگاکانی دوژمن، هێلی کۆپتەرو جاش و سەربازێکی زۆر چوونە سەریان پێشمەرگەکانیان گەمارۆدا، دوای شەڕێکی قارەمانانە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون.

## شـــــەهیدەکـــــــان

١- عومەری حەمە ساڵح فەرماندەی مەفرەزە کاتی خۆی باوکیشی لە سەر پردی زەڵم شەهید بوو .

٢- مامۆستا ئەحمەد رێبەری سیاسی

٣- ساڵح مەحموود گەرمیانی پێشمەرگە

٤- هیدایەت محەمەد عەلی

٥- ئیبراهیم عەبدوڵلا زێرانی

٦- ئیبراهیم خەلیل کەرکوکی معاون طبی

٧- کامیل ئیبراهیم حسن سلێمانی

٨- عەلی عەبدولڕەحمان میراولی

لەو داستانە نزیکەی ٣٥ ئەفسەرو سەرباز کوژران.

هێزی دوژمن بەپشتوانی کۆپتەر و مودەرەعەو ناقیلە هێرشی هێنایە سەریان پێشمەرگەکان تا دوا فیشەکو هەناسە شەڕیانکرد تا هەموویان شەهید بوون .

هەواڵنامەی کتێب

## چـــــەمی شــــــنروێ
## هـــــاوینی 1977

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە چەمی شنروێ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا چەند سەربازێکیان کوشت.

لە بەرانبەردا دوژمن دێیەکانی بۆین، کۆساوا، گریانە، هەوارە کۆن، دەرە توێیان ڕاگواست، ڕاگواستنی ئەو دێیانە زەرەری زۆری لە پێشمەرگەدا بە گران نان و پێداویستیان دەست دەکەوت دەبووایە بهاتنایە هاوارو عەبابەیلێ و عەنەب.

## نـــــان و پــــەتی ســــێدارە
## هـــــاوینی 1977

شێخ عەلی و چەند پێشمەرگەیەک لە پشتی گریانەو لە ژێر دار گوێزەکانی ڕێگەی شێخان دانیشتبوون هێزێکی غەیرە نیزامی ئێران- پاسەوانی سنوور لە «نەوس و شوشمێ« چاودێری پێشمەرگەکانیان دەکرد.

مەفرەزەکەی ئەحمەد گریانەیی و عەلی شامار ڕێبەری سیاسی بە نزیک هێزەکانی چریکی ئێراندا ڕۆیشتنە چەمی تەوێڵە و سووسەکان شێخ عەلی، فەرەج بچکۆل و شیروان مانەوە.

ماوەی دوو ڕۆژ بوو نانیان نەخواردبوو شیروانیان نارد بۆ نان شێخ عەلی نامەیەکی نووسی بۆ دۆستەکانی لە دێی هاوارو دەرە توێ، سیروان تفەنگەکەی داناو نارنجۆکێکی لەگەڵ خۆیدا بردوو ڕۆیشت، زۆر دوورنەکەوتەوە لە سەر کانییەکەی نەجیم لە نزیک دەرەتوێ کۆمەڵێک چەکدار پەلاماریانداو گرتییان بردیانە ئۆردوگای «جەهروم».

دوای ماوەیەک مانەوە لە ئۆردوگا، سیروان داوا دەکات بیگەڕێننەوە لای هاوڕێکانیان، سیروان دەگەڕێننەوە بۆ دێی شێخان، لەگەڵ دەروێشێکی شێخان

دەبێتە دەمە بۆڵەیان دەیگرن و جارێکیتر تەسلیمی ئیتلاعاتی دەکەن لەو کاتەدا لیژنەی سنووری ئێران عێراق لە سەر سنوور بوون، شیروانیان گرت و بە نامەو نارنجۆکەوە تەسلیم تەوێڵەیان کردەوە لەوێشەوە بۆ هەیئەی کەرکوک پاش «١٥» ڕۆژ مانەوە لە هەیئەی کەرکوک سیروانیان لە سێدارەدا.

عەلی شامارو ئەحمەد گریانەیی چوو بوونە ماڵێک لە بیارە، سەرقاڵی نان خواردن بوون خاوەن ماڵەکە پێڵاوەکانی شاردبوونەوە چوو بوو خەبەریان لێبدات، ئەمانیش ووریا بوون شکیان کردبوو لە ماڵەکە ڕایانکردوو دەرباز بوون.

## چـــالاکی پـــێشمەرگانە- ســـێدارە

١٩٧٧/١٠/٦ پێشمەرگەکانی شـارەزوور لەڕێگەی سەید صـادق هەڵەبجە بەنارنجۆک هێرشیان کردە سەر سەربازەکانی دوژمن، لەو هێرشەدا چوار سەرباز کوژران، سێ سەرباز بریندابوون

*هەڤاڵ ئەحمەد محەمەد کەریم ئەندازیار لە کارگەی شەکری سلێمانی و ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لەگەڵ پێشمەرگە خالید حسێن عەبدوڵڵا دەرەشیشی کە بەدیل کەوتە دەستی دوژمن لەگەڵ دوو هاووڵاتی هەولێری بەناوەکانی قادر حیکمەت داود، قادر عەلی قادر لە ١٩٧٧/١٠/١٦ لەزیندانی موصڵ لەسێدارەدران

*١٩٧٧/١٠/٢١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەشـارەزوور هێرشیانکردە سەر تەنکەری گواستنەوەی نەوت کە نەوتی بۆ سەربازگەکان دەبرد، لەو هێرەشەدا تەنکەرێکی نەوت سوتێندرا.

## زیـــلی ســـــەربازی

١٩٧٧/١٠/٢٦ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نێوان ڕەزڵە دۆڵە سوور لەزیلێکی سەربازی دوژمنیاندا

لەو بۆسەیەدا ١٣ سەرباز کوژران و دوو سەرباز بریندابوون هاووڵاتییەک بەناوی عەلی ڕەش ڕەزڵەیی برینداربوو

# شـــــەڕی حـــــەیوانەکان
# بـــــردنی ڕانە مـــــەڕ- جـــــاری دووەم
# مـــــانگی 1977/8

دوای ئەوەی لە گردە نازێ (٥٠٠) سەر ئاژەڵیان بردوو فرۆشتیان بە حەوت هەزار دینار بۆ جاری دووەم و لە قەیەفەری چەند سەد سەر ئاژەڵێکیتریان برد، بەڵام ئەمجارە پێش بردنی ئاژەڵەکان مامەڵەیان لەگەڵ کڕیارە ئێرانییەکان کرد نیوەی پارەکەیان وەرگرت مەڕەکانیان هێناو بە (١٥) هەزار دینار فرۆشتیان لە بانی بلۆک تەسلیمی کڕیارە ئێرانییەکانیان کردن (٧) سەر ئاژەڵیان بۆ خۆیان گلدایەوە هەر پێشمەرگەو (٤٠) دیناریان دایە سەرو قات جلیان بۆ کردن، بەشێک لە پارەکەیان تەسلیمی سیروان تاڵەبانی کرد، پارەی حەوت چەکیان نارد بۆ عەلی عەسکەری.

دوای بردن و فرۆشتنی ئاژەڵەکان هێزی دوژمن هاتە (بانی بنۆک)، پێشمەرگەکان لە بەردە بەل بوون هەستان بڕۆن بۆ (بانی بنۆک) کاک تۆفیق ووتی تا نان نەخۆم ناڕۆم ڕەئوفی خەلیفە و شەوکەتی حاجی موشیر ڕۆیشتن ڕەئوف گەڕایەوە بۆ لای تۆفیق ووتی هەستە سەرباز هات زیلەکەیان لەوێدا چەقیوە من عەرەبی نازانم (٢٠) سەرباز پاڵی پێوە دەنێن دەڵێن (حێل حێل) حێل نازانم مانای چییە.

کە ڕەئوف وایوت تۆفیق هەستا گەیشتنە پیاوێک لە بەردەم مزگەوتی بەردە بەل سڵاویان لێکرد پیاوەکە ووتی ئەی گو بێتە خوارەوە ئێوە پێشمەرگەن ووتیان بەڵێ، ووتی بە فەخری عالەم هێزی دوژمن ڕۆیشت لە پێشتانەوەیە، ووتیان چۆن ووتی بەرەوەڵڵا زوو ڕۆی.

بەرە بەیان بوو لەگەڵ هێزەکەی دوژمن پێکداهەڵگژان تووشی شەڕێکی قورس بوون شەوکەتی حاجی موشیر، تۆفیق ڕەحیم، ڕەئوفی خەلیفە سەعید، حەمەی حاجی سابیر، والی حاجی عارف سەرکەوتن بۆ پشتی بانی بنۆک.

ئەو سەردەمە بڕیارێک هەبوو نابێت لە ناو دێدا شەڕ بکەن چوونکە دوژمن تۆپبارانی دێیەکە دەکات هەر کەس بکوژرێت ئێوە هۆکارن، لە بەر ئەوە مەفرەزەکە چوونە پشتی (بانی بنۆک) دابەشبوون، عەلی شیعە لە گێچینە بوو نەخۆش بوو هێزێکی دوژمن لەوێوە سەرکەوتبوون بێن، عەلی شیعە و دوو کوڕی حاجی ساڵح تفەنگیان هەبوو ڕێگرییان لە هێزەکەی دوژمن کردوو شەڕیان لە گەڵدا کردن هەتا شەڕی بانی بنۆک تەواو نەبوو نەیانهێشت لەوێوە بێنە پێشەوە.

شەڕ تا ئێوارەی خایاند، هێزەکەی دوژمن شکا پێشمەرگە کەوتنە دوایان لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو.

زیانی دوژمن ژمارەیەک کوژراو

دەستکەوت ژمارەیەک چەک

هێزی پێشمەرگە لە گەورە بوون و فراوانبووندا بوو ناوچەی شارەزوورو هەورامان و هەڵەبجە ژیانەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی.

بارەگایەکی ڕەمزی پێشمەرگە لە دەرە کۆرە- مەنجەر لە پشتی میری سوور بوو، دەرە کۆرە چوار کیلۆمەتر لە میری سوور دوور بوو، پێشمەرگە بە ڕۆژ لە کێوەکان دەمانەوە بە شەو دادەبەزینە شارەزوور دەچوونە دێ کۆن، هەڵەبجە، سەید صادق، گەلالییەکان، کانی پانکە، هەتا بەری قەراخ.

لە هەورامان، گریانەو بۆین مەفرەزەی پێشمەرگەی لێبوو دادەبەزینە هەڵەبجە، دەشتی نەوڕۆلی، گۆمەلار، خورماڵ و ناوچەکانیتر.

لە هەورامان چەند مەفرەزەیەک درووست بوو جەلال کولکنی فەرماندەی مەفرەزەیەک بوو تایبەت بە خورماڵ و شارەزوور، مەفرەزەکەی جەلال کولکنی بەردەوام لە چالاکیدا بوون، لە ماوەی ساڵی ١٩٧٧- ١٩٧٨

+ لە ڕێگەی خورماڵ ئیستخباراتێکیان بە دەمانچەوە دەستگیر کرد.
+ لە خورماڵ تەقەیان لە ئامر لیوا کرد.
+ لە زەڵم تەقەیان لە ڕەبییە کرد.
+ لە سیروان لە هێزەکانی دوژمنیاندا.
+ لە هەڵەبجە چالاکییان ئەنجامدا.

+ بە RBG لە مونەزەمەی خورماڵ و مەرکەزی شورتەیاندا.

+ لە خورماڵ لە ئیڤای سەربازییاندا.

+ (مین)یان بۆ مودەڕەعە داناو تێکیانشکاند.

## چەند هەڤاڵێکیتر

+ ڕەئوفی خەلیفە سەعید فەرماندەی مەفرەزەو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە بناری شارەزوور.

+ عەلی شامار کادیری سیاسی بوو ماوەیەک لە ناوچەی شارەزوور- هەورامان بوو.

+ مامۆستا سەرکەوت لێپرسراوی ناوچە بوو.

## درووستبوونی هەرێم 1978

دوای فراوانبوونی سنووری چالاکی پێشمەرگەو زۆر بوونی ژمارەی پێشمەرگە و مەفرەزەکان پێش کۆتایی ساڵی (١٩٧٧) و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستان هەرێمەکان درووستکران.

حامیدی حاجی غالی لە هەورامان بوو شەوکەتی حاجی موشیرو ڕەئوف بەگ چوونە لای، نامەیەکی کاک نەوشیروانیان پێبوو، بە پێی ناوەڕۆکی نامەکە.

کاک نەوشیروان فەرماندەی هەرێم

+ حامیدی حاجی غالی فەرماندەی کەرت

+ شەوکەتی حاجی موشیر فەرماندەی کەرت

+ محەمەدی حاجی مەحموود فەرماندەی کەرت

دوای ماوەیەک دەستەی نوێی هەرێم دیاریکرا، شێخ عەلی، شەوکەتی حاجی موشیر، محەمەدی حاجی مەحموود یەکتریان قبوڵ نەبوو کە جێگر هەرێم بن لە نێوان خۆیاندا حامیدی حاجی غالی یان هەڵبژارد.

**دەستەی هەرێم**

+ مەلا بەختیار فەرماندەی هەرێم

+ حامیدی حاجی غالی جێگری فەرماندەی هەرێم
+ شەوکەتی حاجی موشیر فەرماندەی کەرت
+ محەمەدی حاجی مەحموود فەرماندەی کەرت
+ عەلی شیعە فەرماندەی کەرت

## ســــەیدصادق – پــــێنجوێن
## 1978/1/7

دەستەیەک پێشمەرگە لەکاتی پەڕینەوەیاندا نزیک شانەدەری سەر ڕێگەی سەیدصادق پێنجوین لە ١٩٧٨/١/٧ تووشی چوار ئۆتۆمبێلی پڕ لەسەرباز بوون، پێشمەرگەکان گوللەبارانیانکردن و شەڕێکی توند دەستپێکرد

**زیانی دوژمن**

کوژران و برینداربوونی (٥٠) ئەفسەر و سەرباز

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف و هەندێک کەلوپەلیتر

## خــــستنە خــــوارەوەی کــــــۆپتەرێك

هێزێکی گەورەی دوژمن لە ١٩٧٨/١/١٢ بەمەبەستی ڕاگوێزانی دێیەکانی کۆلیتان، سیامێو، خڕنووک، کانی سێف پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدا لەچیای سورێن، پێشمەرگە قارەمانەکانی شارەزوور بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ (٩) کاتژمێری خایاند، دوژمن زیانی گیانی زۆری لێکەوت

لەو شەڕەدا کۆپتەرێک پێکراو لەنزیک سەیدصادق کەوتە خوارەوە، قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی ئەحمەد زەنگیسەری بوو لەگەڵ بریندابوونی ٢ پێشمەرگە و ٧ جووتیاری کانی سێف

## لێدانی مەخفەری تەوێڵە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/١/٢٠ بە ئاربی جی لە مەخفەری تەوێڵەیاندا

## پــــــەلاماری دوژمــــــن

ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٩ هەواڵ گەیشت دوژمن پەلامار دەدات، تەنکەری بەنزینی

هەواڵنامەی پێشرەو

کۆپتەرەکان ئەم ئێوارەیە گەیشتووەتە سەید صادق، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە کۆڵیتانی سەروو بوون ئاگر لە سەر بەرزاییەکانی نێوان کۆڵیتان و تەراتەوەن کرایەوە، پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوەو بەرەو کەچەڵی و سەرووی کانی سێف ڕۆیشتن، بەشێکیش لە پشتی ماڵەکان دامەزران شەڕ لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا دەستیپێکرد، تا کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆ درێژەی کێشا کۆپتەر بەردەوام لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو دوو گولله ئاربیجیان نا بە کۆپتەرێکەوەو پێکرا، هەمان ڕۆژ کۆپتەر پەلاماری (کانی سێف) یدا لەو شەڕەدا دوژمن زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت.

قوربانی پێشمەرگە، شەهید بوونی (ئەحمەد مەحموود) پێشمەرگەی دەستەکەی کاک شەوکەت، دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی (حەمە ڕەشید و لەتیف) بریندار بوون.

## شـــــەهیدبوونـــــی فـــــاتیح

*پێشمەرگەی ناو شار فاتیحە ڕەش خوێندکاری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سێمانی لە ١٩٧٨/٢/٢٣ دوو بەرپرسی قوتابیانی دایە بەر گولله و برینداریکردن دوای ئەوەی نەیتوانی دەرباز بێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی دوژمن خۆی شەهید کرد

## بـــــــەرەو هـــــــەکاری

نزیک بە ٧٠ پێشمەرگەی هەرێمی (١) لە ناویاندا محەمەدی حاجی مەحموود، حامیدی حاجی غالی، بەرەو هەکاری ڕۆیشتن.

## لـــــــیژنەی هـــــــەرێم

لە کارەساتی هەکاریدا بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی هەرێمی (١)یان دەستگیرکران، یان شەهید بوون، یان چوونە سوریا، محەمەدی حاجی مەحموود لە هەکاری ڕزگاری بوو گەڕایەوە هەرێم، بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکە لیژنەی هەرێم

لە دوو کەس پێکهات:

١/ شەوکەتی حاجی موشیر

٢/ محەمەدی حاجی مەحموود

دلێر جاف فەرماندەی کەرت بوو لەگەڵ شەوکەتی حاجی موشیر، نەجیم گردی شەریفی، مەلا نوری قاینجەیی فەرماندەی مەفرەزە بوون، حەمە شیرە مەڕی فەرماندەی کەرت بوو لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، عومەر قاینجەیی جێگری بوو، عوسمان کاکە ڕەش، جەلال کوڵکنی فەرماندەی مەفرەزە بوون، شێروان شێروەندی لێپرسراوی لق بوو، تا ماوەیەکی زۆر هەرێمی (١) بەمجۆرە بەڕێوە دەچوو، لە ماوەی (١٩٧٨-١٩٧٩) ژمارەیەک پێشمەرگە بوونە فەرماندەی کەرت، هەرێمەکە لە هەڵکشان و داکشاندا بوو.

## شـــــەڕی مـــیری ســــــوور

لە ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢٠ شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرتی (٣)ی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی یونس محەمەد عەلی و مەفرەزە خاسەکانی ڕەشەی ساڵحە درووست بوو، شەڕەکە کاتژمێرێکی خایاند.

لەو شەڕەدا یونس محەمەد عەلی ناسراو بە هاوار فەرماندەی کەرتی (٣)ی هەرێمی یەک و عەلی محەمەد قادر خەڵکی خێڵی حەمە و حسێن شەمێرانی شەهید بوون.

هەر لەو شـەڕەدا هەر دوو پێشمەرگە عەزیز زەمەقی و حسێن ئیمامی بە بریندارى کەوتنە دەست دوژمن و لە موسڵ لە سێدارە دران، تەرمەکانیان نەدایەوە بە کەسووکاریان.

## کــــــێوماڵی نـــــاوچەکـــــە

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٨ کێوماڵی ناوچەی شـارەزوورو هەورامان دەستپێکرد، دوژمن هێزێکی زۆری لە شوێنە بەرزەکان دابەزاند لوتکەو قوتەکانی شارەزوور

هەواڵنامەی کتێب

دێیەکانی شارەزور هەورامان سووپای عێراق گرتبوونی، (٢٥) کۆپتەر لە سەر ئاسمانی ناوچەکە دەسووڕانەوەو بۆردوومان و ئاگر بارانی ناوچەکەیان دەکرد.

## شـــــەڕو چـــــالاکی

پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لە ١٩٧٨/٦/٣ لەگەڵ جاشەکانی ناوچەکە بەشەڕ هاتن زیانی دوژمن کوژرانی دوو جاش و بریندابوونی دوانیتر

*ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٦ چەکدارەکانی قیادەموقەتە بۆسەیەکیان بۆ پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لەدەرەی مەڕ دانا، پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لێیان هاتەنە دەست و چورا کەسیان لێکوشتن

قوربانی پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمان (تۆفیق محەمەد ڕەشید) حاجی مامەندی بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (١) لە ١٩٧٨/٦/٢٧ ئاگریان بەردایە گەنمی کێڵگە حکومییەکان لە شارەزور و زەرەرێکی زۆریان لێدا

## قـــــیادەموقەتـــــە

تاقمێک لە چەکدارەکانی قیادەموقەتە لە ١٩٧٨/٧/٢ لە سنووری ئێران چوونە سەر فەمرەزەیەکی هەرێمی یەک و شەڕ دروست بوو لەئەنجامدا سێ کەس لەچەکدارەکانی قیادەموقەتە کوژران

*پێشمەرگەیەکی هەرێمی ١ لە ١٩٧٨/٧/٨ لەسەر ڕێگەی سەید صادق هەڵەبجە زیلێکی سەربازی گوللەبارانکرد، دوو سەرباز کوژرا و سێ سەرباز بریندارببوو.

## چـــــەند چالاکییـــــەك

مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لە ١٩٧٨/٨/١٢ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە نزیک قالینجۆ-قوماش لەئەنجامدا ٨ سەرباز کوژران و بریندابوون

*هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٨/١٤ پەلاماری دێی گریانەی ناوچەی هەڵەبجەیاندا

پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لێیان هاتنە دەست و چوار سەربازیان لێکوشتن

*چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی یەک کە بە مۆڵەت گەڕابوونەوە ناوچەی خۆیان لە ١٩٧٨/٨/١٧ تووشی گەلەجاشێک بوون و تا بەڵخە ڕاویاننان

*مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لە ١٩٧٨/٨/٢٢ لە دێی قەدەفەری بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەسترێژی گوللە، زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٢٥) سەربازبوو

*مەفرەزەیکی هەرێمی یەک لە ١٩٧٨/٨/٢٤ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن کە خەریکی درووستکردنی سەنگەر بوون لە نێوان خورماڵ و پردی زەڵم، زەرەروزیانی زۆریان پێگەیاندن

## هەڵــــــوبجە، ســــــیروان، زەڕایـــــەن

مەفرەزەیەکی هەرێمی (١) لە ١٩٧٨/٩/٣ نارنجۆکێکیان هەڵدایە ماڵی خۆفرۆشێک لەناو شاری هەڵەبجە

*ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٥ جاشەکانی زەڕایەن بە پشتیوانی سوپا هاتنە سەر چەند پێشمەرگەیەک لە دێی کانی تووی شارەزور، دوای شەڕێکی سەخت پێشمەرگەیەک بەناوی ئومێد کەوتە دەستی جاشەکان

*مەفرەزەیەکی کەرتی شارەزووری هەرێمی یەک چوونە سەرماڵی جاشەکان لە ناحیەی سیروان، دەستیانگرت بەسەر هەندێک کەلوپەلدا

## شـــــەهیدبـــــوونی دکــــــتۆر ڕەزا
## 1978/9/16

بارەگای هەرێمی یەک لە دەرە کۆرەو سوڵتان بوو محەمەدی حاجی مەحموود لە جەولە بوو لە شارەزور، شەوکەتی حاجی موشیرو چەند پێشمەرگەیەک هاتنە خوارەوە بۆ مەرقەدی میری سوور، فایەق گەلاڵی فەرماندەی مەفرەزە، دکتۆر ڕەزا لێپرسراوی ناوچە بوو ئەوان لە سەر ئاوەکەی دەرەکۆرە مانەوە.

شەوکەتی حاجی موشیر بە فایەق گەلاڵی ووت با پاسەوانتان هەبێت چوونکە

زانیاری هەیە هێزی عێراق لە خوارەوەو قیادە موەقەتە لە سەرەوە بێن فایەق ووتی خەمتان نەبێت.

کاتژمێر ١٠:٤٥ دەقیقە لە دەرەکۆرە تەقە درووست بوو شەوکەتی حاجی موشیرو مەفرەزەکەی لە میری سوورەوە سەرکەوتنەوە بە ڕووی دەرەکۆر و مەنجەرەدا چنارە ڕەبیەی عێراقی لێبوو تەقەی لێکردن.

خێزانەکەی دکتۆر ڕەزا هاتبوون بۆ لای لە ئەشکەوتێکدا مابوونەوە دکتۆر ڕەزا بەرەو ڕووی شەڕەکە ڕۆیشت کەوتە ناو بۆسەی قیادە موەقەتەو لەگەڵ ئازاد مۆریاسی و حسەینی حەمۆل دەستگیر کران.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (١) ماوەی نیو کاتژمێر بەرگرییان کرد، بەڵام هێزەکەی قیادە موەقەتە زۆر بوون بارەگای دەرە کۆرەیان گرت، فایەق لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ چەکدارەکانی قیادە مووەقەتە دوای بەرگرییەکی قارەمانانە شەهید بوو گیانی بەخشی.

دکتۆر ڕەزا، ئازاد مۆریاسی، حسەینی حەمە مۆل دوای دەستگیرکردنیان لە هانەی ئەحمەد و لە سورێن شەهید کران، دوای شەهید کردنیان لە شاخ هەڵیاندانە خوارەوە.

کەمال کانی پانکەیی مار پێوەیدا بوو لە جێگەدا کەوتبوو بە بریندادی کەمالیان بردوو لە ڕێگا فڕێیاندا، دەنگی هاواری کەمال دەگەیشتە گوێی پێشمەرگەکان، خەلیل سەراوی و عەزیز کولکنی چوون کەمالیان هێنایەوە هاوولاتییەک دەستگیر کرابوو لە بارەگای دەرە کۆرە بەند بوو قیادە مووەقەتە ئەویشیان شەهید کرد.

ساڵی ١٩٨٧ لە کاتی خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجەدا برایەکی شەهید حسێن پێشمەرگە بوو لە دزڵی شوێنی ئەو سێ شەهیدەیان نیشاندابوون، ئێسک و پروسکی هەر سێ شەهیدەکەیان کۆکردەوەو بردیاننەوە لە دزڵی بە خاکیان سپاردن.

هەرێمی (١) دێ بە دێ لە گەڕان و جەولە و چالاکیدا بوون، لە ڕەبییەکانی سەید صادق و خورماڵیاندا، لە چەند شوێنێکیتر تەقەیان لە دوژمن کرد، پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک هەر لە سنووری خۆیاندانەدەمانەوە دەچوونە سنووری هەرێمی (٣)

بە یەکەوە چالاکی و جەولەیان دەکرد.

## بـــــــۆسەو لــــــــــێدان

ڕۆژی ٦//١٩٧٨/١٠ مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لەسەر پردی زەڵم دەستیانگرت بەسەر دوو تراکتۆری حکومیدا و سووتاندیانن

*کەرتی یەکی شارەزووری هەرێمی ١ ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٨ لەنێوان خۆرماڵ و پردێ بۆسەیەکیاندانا کاتژمێر (٥) ئێوارە دوو ئۆتومبیلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان بە ئاربی جی و چەکیتر لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی ٧ سەرباز و شکاندنی ئیڤایەک

*ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٠ هێزێکی هەرێمی یەک لە سەرڕێگەی هەڵەبجە سەیدصادق ڕووبەڕووی جاشەکانی ڕەشەی ساڵح و حەمە شەمێرانی بوونەوە و لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی ٣ جاش و بریندداربوونی ٣ جاشیتر

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٢ نزیک سەربازگەی سەیدصادق دەستیانگرت بەسەر هەندێک کەلوپەلی دوژمندا و خانوویەکی حکومیان سووتاند

مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لەناو ئۆردوگای شانەدەری ئۆتۆمبێلێکی تانکی ئاوو دوو ماتۆڕی دوژمنیان سوتاند

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە ١٩٧٨/١٠/١٩ نزیک دێی وەڵە سمت شارەزور تووشی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بوون و لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی ٨ سەرباز و تێکشاندنی ئۆتۆمبێلێک

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە ١٩٧٨/١٠/١٩ چوونە ناو شاری خورماڵەوە و لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا زیانی دوژمن کوژرانی یەک ئەفسەر و ١١ سەرباز

## مـــــــانگی 1978/10 چـــــــــنگیان

جەلالی حسێن کەلۆش پاسۆک بوو لەگەڵ تایەری حاجی عەزیز بە یەکەوە بوون لە چنگیان دەورەیان گیراو تووشی شەڕ بوون.

هێزێکی هاوبەشی هەرێمی یەک و هەرێمی (٣) چوون بە هانایانەوە شەڕ

لە نێوان چنگیان و باراو درووست بوو کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، مەفرەزەکەی تایەری حاجی عەزیزو جەلالی حسێن کەلۆش لە چنگیان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان بوو.

## سەیدصادق هەڵەبجە

١٩٧٨/١١/٤ مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لەسەر ڕێگەی سەیدصادق- هەڵەبجە لەناو دێی گردە نازێ بۆسەیەکیان دانا دوای پشکنینی چەند ئۆتۆمبێلێک لە ئۆتۆمبێڵکی تویێتای ئیستخباراتیاندا زیانی دوژمن کوژرانی یەک ڕەیس عورەفا و دوو سەرباز، بریندار‌بوونی نائب عەریفێک و تێکشکاندنی تویێتاکە.

*ڕژێمی عێراق سەرقاڵی ئەوە بوو دیهاتە ڕاگوێزەکانی ناوچەی نەورۆلی تۆوبکات و سوودی لێببینێ، مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە ١٩٧٨/١١/٧ بۆ ڕێگەگرتن لەو پیلانەی دوژمن لە دێی گورگە چیا نزیک سیروان (٥٤) مەکینەی تراکتۆر و ئۆتۆمبێل و تەنکەریان سووتاند کەزیانەکانی بەپێی نرخاندنی دوژمن بەپێنج هەزار دینار مەزندە دەکرا بەو جۆرە ڕێگەیان لە تۆوکردنی زەوییەکانی ناوچەکە گرت و دوژمن ناچارکرا زەوییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە ١٩٧٨/١١/٢٠ چوونە سەر مونەزەمەی بەعس لە شاری سەید صادق دوای شەڕێکی سەخت ٧ پۆلیس کوژران لەو شەڕەدا عوسمان کاژاوی فەرماندەی مەفرەزە بریندار‌بوو.

*تاقمێک چەکداری قیادە مۆقەتە لە ١٩٧٨/١١/٢٥ بەپاڵپشتی چریکەکانی پایگای شوشمێ هێرشیانکردە سەر هێزێکی هەرێمی ١ دوای شەڕێکی دلێرانە ئەحمەد گریانەیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەک شەهید بوو ٦ چەکداری قیادەموقەتە کوژران

# ڕاپـــــەڕینی گـــــەلانی ئـــــێران

مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٨ خۆپیشاندان لە ئێران دەستیپێکردبوو برووسکە گەیشت هەرێمی (٣) هەرێمی (١) لە ڕەزلە کۆبوونەوە (١٥٠) پێشمەرگە بوون، بەکری حاجی سەفەر، شەوکەتی حاجی موشیر، محەمەدی حاجی مەحموود، جەمالی حەمەی خوا کەرەم، حەمەمینی خەجێ، کاک وەهاب، کەرتەکانی شارەزور شەو هاتنە چەوتان شەو پەڕینەوە چوونە کۆڵیتان لەوێوە چوونە تازە دێ لای کانی مانگا لە ئاوی ناوپارێزیاندا ئاوێکی سارد بوو چوونە کوڕی گەپڵە بەرانبەر ئاسناوا هەر دوو دێیەکە بە شاخی ئاسن کولێنی پێنجوێنەوە بوون بە ڕووی ئێراندا.

دەمەو ئێوارە ویستیان بچنە ئاسناوا پشوو بدەن دێیەکە لە ناو خاکی ئێراندا بوو پایەگایەکی گەورەی لێبوو دلێر جاف فارسییەکی باشی دەزانی ناردیان بچێت قسە لەگەڵ پایگاکە بکات لە نێوان پێشمەرگەکان و پایگاکەدا دارستانێک هەبوو سووپای ئێران هاواریان لە پێشمەرگەکان کرد مەرز نەشکێنن.

دوو پاسداری ئێرانی هاتنە لای دلێر جاف لە خوار دێی ئاسناوا یەکتریان بینی و دانیشتن، دلێر ووتی دەمانەوێت چەند شەوێک لە ئاسناوا بمێنینەوە پشوو بدەین و بڕۆین.

پاسدارەکە داواکاریەکەی گەیاندە پایگا، پایگاش داواکاریەکەی دا بە سەرووی خۆی، وەڵامیان وەرگرتەوەو ڕازی بوون دوو شەو لە ناو دێدا بمێننەوە لەوێ زیاتر نەچنە هیچ شوێنێک، پێشمەرگەکان چوونە ناو دێ، لە ناو دێ شایی بوو لە مزگەوت و ماڵەکان پشوویاندا جلووبەرگیان شت نانیان خوارد، دوای مانەوە لە ئاسناواو قسە کردن لەگەڵ پایگاکە ڕێگەیاندان بەرەو باشماخ و بایانە و پیرانە بڕۆن، چەند شەوێکیان پێچوو چوونە سەر دۆش لە پشتی ئاسناوا بەدیوی مەریواندا.

کۆتایی مانگی (١٢) بوو بەیانییەکی سارد بەفر بارییبوو بەیانی زوو هەستان ڕۆیشتن چوونە سەر سورێن پشتی «بانی بنۆک» بەرانبەر بە کانی خەیاران کە بارەگای قیادە موەقەتەی لێبوو.

هێزەکە شەو لە بن بەردەکانی سورێن مانەوە قۆری و کترییان پێبوو بەفریان دەتواندەوەو دەیانکرد بە چایی، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە زانیبوویان هێزێکی یەکێتی لە سنوورەکەیە لە دەورووبەری کانی خەیاران کەمینیان دانابوو پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک بە دووربین کەمینەکەیان بینی.

هێزەکەی هەرێمی (٣) لە هەرێمی (١) جیابوونەوە هاتنەوە گەچێنەی پشتی بانی بنۆک و نەویَ و بەردەبەل شەو لەویَ مانەوە بۆ بەیانی هاتنەوە چنارەو میری سوور دوای چەند ڕۆژێک پێیاننایە ساڵی ١٩٧٩ەوە، لە کاتی گەڕان بە دێیەکاندا هاتنە (ڕیشێن) هیچ خواردنێکیان پێنە بوو تۆڵەکە پایزەیان کۆکردەوەو لە تەنەکەدا کوڵاندیان و خواردیان.

## شـــــەهیدبوونی پـــــێشمەرگەیەك

١٩٧٨/١٢/١٩ مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ لە دێی ڕەنگاڵی هەڵەبجە کەوتە بۆسەیەکی دوژمنەوە ، دوای شەڕێکی جوامێرانە ٣ سەرباز کوژران و شەشیتر بریندابوون

پێشمەرگەی قارەمان ئیبراهیم حەمە قادر ڕەنگاڵەیی شەهید بوو

١٩٧٨/١٢/٢٢ مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لە دێی کانی سپیکەی هەڵەبجە تووشی هێزێکی دوژمن بوون و لێیاندان زیانی دوژمن کوژرانی ١ سەرباز و بریندابوونی ٣ سەربازیتر

## کـــــەمال شـــــاکر

دکتۆر کەمال شاکر لەگەڵ عەبە ڕیشە، موحسین مەلا حەمە مین، حەمەی حەمە ساڵح، مەحموودی فەتە لیرە، سەلام لە سەر کۆمەڵە دەستگیر کرابوون (ج.س) سیخوڕی بە سەرەوە کردبوون ئازارو ئەشکەنجەی زۆردران، دوای چەند مانگێک ئازاد کران.

مانگی (١)ی ساڵی ١٩٧٩ کەمال شاکر بووە پێشمەرگە لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا

کرایە لێپرسراوی ناوچە، لە کولکنی، خێڵی حەمە، تەپی سەفا، هەڵەبجەو دێیەکانیتر سەردانی ڕێکخستنەکانی دەکرد کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکردن پەیام و ڕاسپاردەی شۆڕش و کۆمەڵەی پێدەگەیاندن.

پێشمەرگەکانی ناوچە هەفتەی جارێک دوو جار دەچوونە خوارەوە لای خەرپانی و خاجێلان سەنگەرەکانی «ڕەشەی ساڵح» یان دەڕوخاند تا بزانن پێشمەرگە لەوێوە هاتووچۆی کردووە، سووتووی جگەرەی جاشەکان لە سەنگەرەکاندا کەوتبوو تازە بوو، پێشمەرگەکانی ناوچە سەنگەرەکانیان دەڕووخاندوو دەچوون بۆ شارەزوور.

## ئـــــــەحمەد قـــــــەیەفەری
## شـــەڕی ڕیـــــشێن
## مـــانگی (1)ی ساڵــــی 1979

ئەحمەد قەیەفەری و هاوڕێیەکی لە ڕیزەکانی ڕێکخستن ئاشکرا بوون، ئەحمەد ڕایکرد هاوڕێکەی کەوتە داوی دوژمن.

ئەحمەد قەیەفەری خۆی گەیاندە لای پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک کە لە ڕیشێن بوون، هێزێکی دوژمن بە دوای ئەحمەددا هات بەرەو ڕیشێن شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا درووست بوو.

هێزەکەی دوژمن لە گوڵەخانەو مەلا وەیسەو عەلیاواو قولخوردەوە لە دوو لاوە بەرەو ڕیشێن هاتن.

پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک دابەشبوون لەگەڵ نزیک بوونەوەی هێزەکەی دوژمن لێیاندان، لە کاتژمێر (١)ی دوا نیوەڕۆدا شەڕ دەستیپێکرد تا ئێوارەی خایاند پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک دوو جار پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

محەمەدی حاجی مەحموود ئاربیجییەکی نا بە ناقیلەیەکەوە لە سەری تەقیەوە بلاچەی کرد ناقیلەکە لە ترسا پاشەکشەیکرد، هێزەکەی دوژمن لە هەر دوو قۆڵەکەوە بەرەو ناو دێی ڕیشێن شکان و ڕایانکرد پێشمەرگەکان دابەزینە ناو دێ هێزەکەی دوژمن هێرشی هێنایەوە دیسان تێکشکێندرا.

هێزەکەی دوژمن لە ئێوارەدا بە تەواوی شکا، هێزی پێشمەرگە لە ڕیشێن

کۆبوونەوە لە نێوان عەلیاواو قاینجە مەسافەیان وەرگرت هاتنە شانەدەری لەوێ نانیان خوارد دواتر بە سواری تراکتۆر چوونە کەوڵۆز لەوێشەوە بۆ دۆڵە چەوتان.

## لـــــێدانی بـــــەلەدیەکە
## 1979

پێشمەرگەکانی هەرێمی (١) چەند جارێک تەقەیان لە بەلەدیەکەی سەید سادق کرد، ڕەبییەیەک لە سەر بەلەدیەکە بوو پێشمەرگەکانی هەرێمی (١) شەو دەهاتنە ناو سەید سادق و تەقەیان لێدەکرد.

## شـــەهید بوونی فـــەرەج تـــریفەیی
## 1979

فەرەج تریفەیی فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی یەک یەکێک لە پێشمەرگەو فەرماندە دلێرەکانی هەرێمی یەک بوو.

فەرەج تریفەیی و کەرتەکەی لە دێی (پریس) بوون جاشەکانی ناوچەکە چوونە سەریان شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاشدا درووست بوو لەو شەڕەدا فەرەج تریفەیی پێشمەرگەی زەبر قورسی هەرێمی یەک و فەرماندەی کەرت شەهید بوو، ڕۆستەمی زیبا بریندار بوو.

کە فەرەج تریفەیی شەهید بوو ناوی فەلاحی حەمە بۆر، مەلا برایم، محەمەد مستەفا، فەرەجی کوێخا، حەمەی کاک فەتاحی لە گیرفاندا بوو ناوەکان کەوتبوونە دەستی ئەمنی هەڵەبجە.

دوای شەهید بوونی فەرەج تریفەیی فەلاحی حەمە بۆر و حەمە مستەفا ڕۆیشتن ببنە پێشمەرگە چوونە دێی مۆردین دێیەکە ڕووخابوو خانوویەکی لێبوو پێیان دەوت خانووی مامە حسێن نەڕووخا بوو چوونە ناو ئەو خانووە.

بەیانییەکەی ئاگریان کردبووەوە حەمە مستەفا لە سەر تەختەیەک پاڵکەوتبوو شەو باران لێیدا بوون، هەنگێک لە مۆردین هەبوو فەلاحی حەمە بۆر چوو بە دوای هەنگەکەدا بگەڕێت هێشتا نەگەیشتبووە لای هەنگەکە ئاوڕیدایەوە لە گۆڕستانی

مۆردین جووڵەیەکی بەدیکرد چوار سەری جامانە بە سەری بینی گەڕایەوە بۆ لای حەمە ووتی هەستە لە ناو گۆڕستانەکە چەکداری تیایە یان جاشن یان پێشمەرگەن.

فەلاح سەری کێشایە دەرەوە سەیریکرد حەوت چەکدار هاتن یەکێکیان کلاشینکۆفی یەک لاقی پێبوو ووتی ئەوە پێشمەرگەن محەمەد ووتی چۆن دەزانیت فەلاح ووتی هەر پێشمەرگە تفەنگی یەک لاقی پێیە محەمەد ووتی نا جاشیش یەکلاقی پێشمەرگەیان کەوتووەتە دەست.

حەوت چەکدارەکە هاتنە خانووەکە یەکێکیان سڵاوی لە کاک فەلاح کرد وەهابی فەتە مەنۆڕی بوو هاوڕێ و خزمی فەلاحی حەمە بۆر بوو یەکتریان ناسییەوە، هاتبوون بۆ پرسەی شەهید فەرەج تریفەیی، فەلاح و حەمە مستەفا لەگەڵ حەوت پێشمەرگەکە ڕۆیشتن بۆ ئەشکەوتی کونە سووتاو بەرانبەر دێی (دگاگا) پرسەی فەرەج تریفەیی لە ناو ئەشکەوتەکە بوو، مامۆستا شاهۆ، حەمەی کاک فەتاح مەلا یاسین، پشتیوان، حسەین مەجید لەوێ بوون ڕۆستەمی زیبا بریندار بوو.

لێرەوە فەلاحی حەمە بۆر و محەمەد مستەفا بوونە پێشمەرگە لە کەرتی یەکی هەرێمی یەک، دوای شەهید بوونی فەرەج تریفەیی کەرتەکەی بێ لێپرسراو بوو دوای مانگێک محەمەدی حاجی مەحموود بە جەولە هات حسێن مەجیدی دانا بە فەرماندەی کەرتەکە.

حسێن مەجید مەلا حامید پێشمەرگەی ساڵی ١٩٧٦ بوو لە کارەساتی هەکاری چوو بووە سوریا ماوەیەک لە قامیشلو بوو دواتر گەڕایەوە هەڵەبجە ئەو شەوەی حسێن گەیشتە باوە کۆچەک فەرەج تریفەیی شەهید بوو.

پێش شەهید بوونی فەرەج تریفەیی، حسێن و حەمە هاواری لە ماڵی خووشکی حەمە هاواری بوون لە گورگە چیا، خوشکەکەی حەمە هاواری نامەیەکی بۆ فەلاحی حەمە بۆر هێنا بۆ باوە کۆچەک، حسێن مەجید لە نامەکەدا نووسیبووی من و حەمە هاواری لە گورگە چیاین ئەمشەو دێینەوە بۆ باوە کۆچەک دەبێت وریا بن.

ڕۆژی پێشوو مەحموودی حاجی فەرەج لە باوە کۆچەک بوو فەلاح پێیووت

حسێن و حەمە هاواری لە گورگە چیان لەوانەیە سبەی شەو بێنە لای من، مەحموودی حاجی فەرەج ووتی سبەی شەو منیش دەگەڕێمەوە، فەلاحی حەمە بۆر چاوەڕێی حسێن و حەمە هاواری دەکرد تەقە درووست بوو، تەقەکە لە پریس بوو لەو کاتەدا حەمە هاواری و حسێنی مەجیدی مەلا حامید گەیشتنە باوە کۆچەک وتیان ئەو تەقانە لە پریس بوو.

دوای شەهید بوونی فەرەج تریفەیی حسێنی مەجیدی مەلا حامید کرایە فەرماندەی کەرت، مامۆستا شاهۆ کرایە جێگری کەرت، مەحموودی حاجی فەرەج کرایە فەرماندەی مەفرەزەی یەک، فەلاحی حەمە بۆر کرایە جێگری مەفرەزەکە، ڕۆستەمی زیبا کرایە فەرماندەی مەفرەزە، مەلا برایم کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

## بـــــۆسەی دوژمـــــن

١٩٧٩/٣/١٩ مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لەناو گردانی نزیک سەید صادق کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە، دوای شەڕێکی جوامێرانە توانییان خۆیان ڕزگار بکەن و دوو سەرباز کوژران

## ڕاپـــــەڕین و ڕزگـــــاری ڕۆژهـــــەڵات

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران پێی نابووە قۆناغی یەکلاکەرەوە شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژا بوون پەیتا پەیتا داموو دەزگاکانی ڕژێمی شاهەنشاهی دەکەوتنە دەست گەل.

هێزەکانی (ی ن ک) هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پاڵپشت و هاوسۆز بوون لە گەڵیاندا بە تایبەت لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات لە شەڕی سێ مانگەی شارەکانی کوردستان هێزەکانی (ی ن ک) بەشداری گرنگیان کرد هەروەک لە ڕزگارکردنی شارەکانیش درێغیان نەکرد.

هەرێمی یەک بە مەبەستی پشتگیری کردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکەوتن لە مەریوانەوە خەڵکێکی زۆر هاتن بە پیریانەوە ئۆتۆمبێلێکی زۆریان

هێنابوو شەو چوونە دێی (سێف و کۆڵان) لە خوار شاری مەریوان چەند ڕۆژێک مانەوە بە دێیەکانی ناوچەکەدا گەڕان هەر پایگایەکی سووپای شاهەنشاهی هێزەکانی یەکێتی بە هاوکاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیانگرت.

لە دزڵی پایەگایەکی گەورە مابوو خۆیان بە دەستەوە نەدەدا قیادەی موەقەتە هاوکاری دەکردن خەڵکەکە ناردیان بە دوای هەرێمی (١ و ٣) هێزەکانی یەکێتی لە دوو لاوە چوونە دزڵی بە دوو شاخی هەورازو کوڕدا سەرکەوتن.

## ئــــــاگری نـــــــەورۆز

ئێوارەی ١٩٧٩/٣/٢١/٢٠ هێزەکانی (ی ن ک) لە سەر بەرزاییەکانی دزڵی ئاگری نەورۆزیان کردەوە پایگاکە فیشەکی دەنا بە ئاگرەکەوە.

کە شەو داهات هێزەکان چوونە ناو دێ، هێزی دوژمن لە ناو دێ بوون ڕایانکرد دوو پێشمەرگەی هەرێمی (١) عەلی خدرو سدیق کەوتنە دەست قیادە موەقەتە، هێزەکانی یەکێتی لە شەڕێکدا لەگەڵ قیادە موەقەتە لە ناو ماڵەکانی دزڵی (سدیق) یان لێسەندنەوە بەڵام عەلی خدریان بردوو لە دەرگایەکیترەوە دەرچوون، بۆ بەیانی کە ڕۆژ هەڵات پێشمەرگەکان بە دەوری دێدا گەڕان حەوت قیادە موەقەتەیانگرت یەکێکیان لێپرسراوی ناوچە بوو.

هێزەکانی هەرێمی (١) و (٣) چوونە ناو پایگاکەی دزڵی و گرتیان ژمارەیەک قیادە موەقەتە لە ناو دێی دزڵی کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە و ڕایانکرد عەلی خدر کەوتەوە دەست پێشمەرگەکانی یەکێتی.

لەو شەڕانەدا هەرێمی (١) ژمارەیەک چەکی دەستکەوت دوای شەڕی دزڵی گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

## لـــــە بـــــــانەوە بـــۆ دزڵـــــی

کەمال شاکر لە بانە چووە ماڵی غەفوری هەمزەیی، هەرێمی یەک لە سەرکردایەتییەوە چەند سندوقێک نارنجۆک و گوللە ئاربیجیەکی زۆرو (TNT) یان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

لە شاری بانە چوونە ماڵی غەفوری هەمزەیی پاسیان پەیدا کردو گوللە ئاربیجی و نارنجۆکەکانیان خستە ناو پاسەکە تا بەرەو شەڕی دزڵی بەڕێکەون محەمەدی حاجی مەحموود لە بانەوە لە ڕێگەی تەلەفۆنی ماڵانەوە تەلەفۆنی بۆ هێزەکانیتری یەکێتی کرد شەڕەکە مەکەن تا ئێمە دەگەینە لاتان.

(٢٣) کەس لە پاسەکەدا بوون، محەمەدی حاجی مەحموود، مەحموودی حاجی فەرەج، حەمەی حاجی تۆفیق، حاجی عومەر، کەمال شاکر، غەفور دەرەشیشی و ساڵح پاڕەزانی و تێکڕا ٢٣ پێشمەرگە بەرەو شەڕی دزڵی بەڕێکەوتن.

لە سەربازگەی مەریوان پاسدار ڕێگەیان پێگرتن وتیان وەرنە خوارەوە، کەمال شاکرو ساڵح پاڕەزانی لای دەرگاکەوە بوون پاسدارەکان دەرگاکەیان کردەوە وویستیان بیانهێننە خوارەوە محەمەدی حاجی مەحموود بە شۆفێرەکەی ووت نەوەستێت، ساڵح پاڕەزانی پاڵێکی بە پاسدارەکەوە نا، پاسدارەکان تەقەیان لە پاسەکە کرد، ساڵح پاڕەزانی و کەمال شاکر هاتنە دەست و تەقەیان لە پاسدارەکان کردەوە.

دواوەی پاسەکە پڕ بوو لە گوللە ئاربیجی و نارنجۆک و (تی ئێن تی) خەمی ئەوەیان بوو بتەقنەوە.

پاسدارەکان تەقەیەکی زۆریان لە پاسەکە کرد تێکڕای پێشمەرگەکان بە سووکی بریندار بوون تایەی پاسەکە تەقی (٢٠٠) مەترێک لە سەربازگەکە دوورکەوتنەوە (٧) ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکداری کۆمەڵە هاتن بە دەنگیانەوە ووتیان قیادە موەقەتەش لە دزڵی شکاوە.

دوای ئەوەی لە مەترسی ڕزگاریان بوو تەماشای سندوقی تەقەمەنیەکانیانکرد فیشەکەکان بە نێوان سندوقەکاندا ڕۆیشتبوون.

هێزەکانی هەرێمی یەک لەگەڵ کۆمەڵە بەرەو شەڕەکانی دزڵی ڕۆیشتن، هێزێکی یەکێتی گەمارۆ درابوون بەڵام گەمارۆکەیان تێکشکاند هەندێکیان لێگیرا.

پێدەچوو پەیوەندییە تەلەفونیەکەی محەمەدی حاجی مەحموود گوێی لێگیرا بێت، دەنا ئەو سەیتەرەیەی مەریوان ڕۆژانیتر ئاسایی بوو هێندە لە خەڵکیان نەدەپرسی.

## لـــــیّدانی ســــەربازگەی قــــــــەدەفەری

مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ هەرێمی یەک لە ١٩٧٩/٤/٢ تۆپبارانی سەربازگەی قەدەفەرییانکرد

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و چەند سەربازێک، سووتاندنی چوار ئۆتۆمبێل و ڕووخاندنی (٣) خانوو

## شـــــارەزوور- ســـــــــەراو
## مــــانگی (4) ی 1979

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مەلا نوری فەرماندەی مەفرەزە، نەجم جێگری مەفرەزە، عەزیز کولّکنی، عەبە تەپە ڕەشی، عەلی گەرمیانی، توانا، قادری دێوانە عوسمان مەسەکانی بە دێیەکانی شارەزوردا دەگەڕان، شەو هاتنە سەراو لە ناو دێدا گەمارۆ دران بوو بە شەڕ.

کەریم پێشمەرگە بوو بەڵام دانیشتبوو، شارەزا بوو پێشمەرگەکانی بە ناو ئاوەکەدا گەیاندە دەرەوەی دێ و ڕزگاریکردن کەریم گەڕایەوە ناو دێ.

تواناو عەلی گەرمیانی لە مەفرەزەکە دابڕان لە ناو دێ دەرنەچوون، لە ناو دێیەکەدا مانەوە عەلی پێشمەرگە بوو بەڵام پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبوو.

توانا کوڕێکی گەنج خوێندکاری زانکۆ بوو دوو مانگ بوو هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، لە سەراو لە ماڵێکدا خۆی شاردبووەوە ماڵێک داڵدەیان دابوو ئاویان بۆ گەرم کردبوو ڕیشیان بۆ تاشیبوو، لە ناو دێدا شایی بوو توانایان بردبوو بۆ ناو شاییەکە توانا ناسنامەی خوێندکاری پێبوو.

بۆ بەیانی هێزێکی سەربازی هاتنە ناو دێ عەلی گەرمیانی کەوتبووە پێش سەربازەکان بەڵام قسەی لە سەر توانا نەکردبوو، سەربازەکان داوای ناسنامەیان لە توانا کرد بوو توانا ناسنامەی خوێندکاری دابوونێ، سەربازەکان لە توانایان پرسیبوو چی دەکەیت لێرە توانا ووتبووی ماڵی پورم لێرەیە و هاتووم بۆ شاییەکە بەو شێوەیە توانا ڕزگاری بوو.

دوای گەڕانەوەی سەربازەکان عەلی گەرمیانی لەگەڵ سەربازەکاندا هاتەوە

شار، توانا لە ڕێگەی ماڵێکی سەراو ڕەوانەی دەرەوەی دێ کراو گەڕایەوە لای هاوڕێکانی لە بەردە ڕەش، ئاگاداری هاوڕێکانی کردەوە عەلی گەرمیانی تەسلیم بووەتەوە، پێش ئەوەی مەفرەزەکە بێنە ناو دێ وا ڕێکەوتبوون لە ئەگەری هەر ڕووداوو دابڕانێکدا لە بەردە ڕەش یەکبگرنەوە.

عەلی گەرمیانی شوێنی گەڕانەوەو یەکگرتنەوەی پێشمەرگەکانی دەزانی لە دوای کاتژمێر (٣) کۆپتەر هاتە سەر بەردە ڕەش ڕۆکێت بارانی پێشمەرگەکانیکرد.

پێشمەرگەکان بەردە ڕەشیان جێهێشت چوونە شاخەکان کۆپتەر لە ناو بەردە ڕەش سەربازی دابەزاند، بە دەستڕێژی کۆپتەرەکان شوانێکی قەویلەیی شەهید بوو.

دوای هەفتەیەک پێشمەرگەکان گەڕانەوە سەراو چەکەکەی توانایان هێنایەوە کە لە شاخەکە شاردبوویەوە.

## گـــــــورزی پـــــــێشمەرگە

*١٩٧٩/٥/١٦ دوو پێشمەرگەی هەرێمی یەک لە ڕەبییەی پشتی زەڵمیاندا و سەربازێک کوژرا

*١٩٧٩/٥/١٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک لە گۆمە لار مینێکیان چاند دوای دوو ڕۆژ مینەکە تەقییەوە و چوار سەرباز کوژران و سەربازێک بریندار بوو.

*١٩٧٩/٥/٢١ مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) چوونە ناو شاری پێنجوێن لەڕەبییەی قەسابخانەیاندا و دوو سەربازیان کوشت لەکاتی گەڕانەوەدا مەفرەزەکە کەوتنە بۆسەی جاشەوە ٢ پێشمەرگە هاتنە دەست و سێ جاشیان بریندارکرد سەرکەوتوانە وبێ زیان گەڕانەوە

مەفرەزەیەکی لقی یەکی (ی.ن.ک) لە ١٩٧٩/٥/٢٥ نزیک هەڵەبجە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە، پێشمەرگەکان لە دوژمن هاتنە دەست و دوو سەربازیان کوشت بێ زیان ڕزگاریان بوو.

*١٩٧٩/٥/٢٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١) لە ئۆتۆمبێلی گومرگی دوژمنیان دا ٣ پۆلیس کوژران ، پۆلیسێک بریندابوو ئوتومبێلەکەش تێکشکا.

*مەفرەزەیەکی کەرتی (٤) هەرێمی (١) لە ١٩٧٩/٥/٢٨ مینێکیان نزیک ڕەبییەی قەدەفەری چاندوو تەقییەوە

**زیانی دوژمن**

کوژرانی (٣) سەرباز و برینداریوونی سەربازێکیتر

*مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) هەرێمی (١) لە ١٩٧٩/٥/٢٩ چوونە ناو شاری پێنجوێن و لەمەرکەزی پۆلیس و ڕەبییەکانی ناو شاریاندا

## بـــــەرەو هـــــــەورامان

مەلا بەختیار و محەمەدی حاجی مەحموود سەردانی هەورامانیانکرد مەفرەزەیەکی قیادەموەقەتە سێ پێشمەرگەی یەکێتی دەستگیر کردبوو گومانیان دەکرد لە نوتشە بن بە هێزێکەوە چوونە نوتشە بەڵام تووشی چەکدارەکانی قیادە موەقەتە نەبوون، لەگەڵ حزبی دیموکرات بەر یەک کەوتن درووست بوو (فەیسەڵ) یان لە نەوسوو گرتبوو، مەلا بەختیار و محەمەدی حاجی مەحموود گەڕانەوە هێزێکی هەرێمی (١) لە هەورامان مانەوە.

## ڕەبـــــیەکانی چــــەمی ســـــۆسەکان
## بـــــەهاری 1979

ساڵی ١٩٧٩ حزبی شیوعی هاتنە دەرەوە حزبی دیموکرات هاوەن و چەکی دابووە حزبی شیوعی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و هەرێمی یەک واڕێکەوتن بەهاوبەشی لە ڕەبیە و مەخفەری چەمی سووسەکان بدەن.

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ هەرێمی یەک و حزبی شیوعی بە هاوەن و (ئێس بی جی ناین) لە ڕەبیەکانی سووسەکانیاندا.

پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک، مەحموود حاجی فەرەج، تۆفیقی حاجی، نەواف، شێخ عەلی، کەمال شاکرو چەند پێشمەرگەیەکیتر بوون.

## لە تـــــۆڵەی مـــــام کـــــاکل

## بـــــەهاری 1979

مام کاکل خەڵکی سۆسەکان بوو چوو بووە ناو باخچە و ڕەزو باخەکەی لە سۆسەکان ڕەبیەی دوژمن تەقەی لێکردوو شەهید بوو.

لە تۆڵەی شەهید بوونی مام (کاکل) دا مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی کەمال شاکر کە پێکهاتبوو لە ساڵحی مەجیلان، ئازادی مامە عەبە، حەمە قەلە چوونە سەر مەخفەری سۆسەکان کەمال شاکر قازیفەیەکی نا بە مەخفەرەکەوە.

## شــــــەڕی گـــــوێـــــــزە ڕەش
## 1979/5/29

شیروان شێروەندی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوو لە ناوچەکە، هێزێک بە فەرماندەیی شەوکەتی حاجی موشیر لەگەڵ شیروان شێروەندی یەکیان گرت و هاتنە گوێزە ڕەش هێزێک بە فەرماندەیی حەمەی حاجی سابیر و ڕەئوفی خەلیفە سەعید لە پاڕەزان بوون.

پێشمەرگەکانی گوێزە ڕەش تا بەرە بەیان کەمینیان هەبوو دوژمن گەمارۆی گوێزە ڕەشی دابوو کەمینەکە پێینەزانیبوو، پێشمەرگەکان لە ناو مزگەوتی گوێزە ڕەشدا بوون شەڕ دەستپێکرد.

کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە پشتیوانی لە جاش و سەربازەکان دەکرد، ناو گوێزە ڕەش و دەوروبەری دەبێژا.

جاش هاتبوونە ناو دێ دەوری مزگەوتەکەیان گرتبوو، ئەکرەم تەپی سەفایی ڕەشاشێکی پێبوو دەستڕێژی لە جاشەکان کرد پێشمەرگە لە دەرگاوە هاتنە دەرەوە، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاش و سەربازدا گەرم بوو حەوت کۆپتەری حەماڵ سیانزە کاروان قوات خاسەیان لە چوارتاوە هێنا، پێشمەرگەکان بە شەڕ لە دێیەکە دەرچوون بەرەو هەڵەت و بەرزاییەکانی دەرەوەی گوێزە ڕەش ڕۆیشتن.

لە سەرەتای شەڕەکەوە دوو کۆپتەری جەنگی بۆردوومانی ناو دێیان دەکرد، هەر دوو کۆپتەرەکە نۆرەیان دەکرد جگە لە (٧) کۆپتەری حەماڵ کە بەردەوام قوات

خاسەی دەگواستەوە بۆ مەیدانی شەڕەکە.

لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون و تەرمی پیرۆزیان بەجێماو کەوتە دەست دوژمن:

١/ شەهید ئەحمەد شیرەمەڕی

٢/ شەهید عوسمان قاینەجەیی

٣/ شەهید عومەر مەحمود (هێمن هەڵەبجەیی)

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ژمارەیەکی زۆر قوات خاسە و جاش کاتژمێر(٥) ئێوارە هێزەکەی دوژمن کشایەوە.

## هەرێمی یەك، بەرەو پاوە

نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ تێپەڕیبوو هەڤاڵانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هاتن بە دوای پێشمەرگەکانی هەرێمی (١) ووتیان پێویستمان بە یارمەتییە.

سەلاحی ئێران دۆست، عوسمانی ڕۆشن تودە برایەکی نارد بوو لەگەڵ هەڤاڵانی ئەسکەندەری ئەلی لەیلێ داوایان لە پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک کرد بڕۆن بە هانایانەوە.

هێزەکەی هەرێمی یەک چوونە دێی نۆریا و لە نزیک پاوە، هەندێک لە عەشیرەتەکانی لە دیوی پاوەوە کە دەچێت بۆ ڕەوانسەر، ڕێگەیان گرتبوو.

(٣٠) پێشمەرگەی یەکێتی لە ناویاندا غەفور دەرەشیشی، حەمەی حەمە سەعید، دکتۆر کەمال شاکر، نیازی، نەجمە، مام عەبدولخالق چوونە نۆریاو تا بەرەو (بەرقی مەنتیقە) بڕۆن کە بەرانبەر مەخفەری پاوە بوو.

هەرێمی یەک چوونە ناو (بەرقی مەنتیقە) شەهیدێکیان بەخشی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو، حەملە ڕووش و هێزەکانی یەکێتی هێرشیان کردە سەر بنکەکانی دوژمن، هێزەکەی هەرێمی یەک شەڕێکی قورسیان لەگەڵ هێزی ئێرانیدا کرد نزیک مەخفەری پاوە بوونەوە، چەکدارێک لە مەخفەرەکە هاتە دەرەوە چەکیانکرد ووتی

سەر بە حزبی دیموکراتم پەیوەندیم لەگەڵ ئەسکەندەری ئەلی نۆتشەیی هەیە.

هێزەکەی هەرێمی یەک ویستیان هێرش بکەنە ناو مەخفەرەکە بەڵام چەکدارە دەستگیرکراوەکە ووتی هێرش مەکەن ناو مەخفەرەکە وەزیری بەرگری ئێرانی (چەمران) [1]ی لێیە کۆمەڵێک فیدایی لە گەڵدایە خۆیان دەتەقێننەوە.

## هەرێمی یەک گەڕانەوە

پێشمەرگەکانی یەکێتی گوێیان لێبوو برادەرانی حزبی دیموکرات دەیانووت با لە جەلالییەکان بدەین دەیانەوێت هەموو دەستکەوتەکان بۆ خۆیان بەرن.

هێزەکەی هەرێمی یەک کۆبوونەوەیەکیان کرد بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بە حزبی دیموکراتیان ووت ناردوویانە بە دواماندا بگەڕێینەوە، هێزەکەی هەرێمی یەک گەڕانەوە (شەو لە ئێزگەی تارانەوە خومەینی ڕایگەیاند پەلاماری دژە ئینقلاب بدەن.

## شەڕی پەروینە
## 1979

(٨) پێشمەرگەی هەرێمی یەک لە پەروینە بوون، پێشمەرگەیەک کرا بە پاسەوانی بارەگاکەو حەوت پێشمەرگەیتر دابەش بوون.

هێزێکی دوژمن پەلاماری بارەگای پێشمەرگەکانیدا لە پەروینە، پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک تا ئێوارە لە شەڕدا بوون ڕێگەیان نەدا دوژمن بێتە ناو بارەگاکەیانەوە.

## لێدانی مونەزەمەی زەمەقی

هێزێکی هەرێمی یەک لە مونەزەمەی زەمەقیاندا دەستیان گرت بە سەر مونەزەمەکەداو سووتاندیان.

## شەڕی نەوسوو- مەریوان
## 1979/7/27

[1] چەمران وەزیری بەرگری ئێران بوو لە ناو مەخفەرەکەی پاوەدا گەمارۆ درابوو دەستی هەبوو لە کوشتارەکانی بانەو سنەو شارەکانیتر.

بارەگای کەرتی یەک لە دڕۆڵە بوو کەرتەکە چەند بارەگاو پەناگەیەکیان هەبوو لە کونە سووتاو،دەوەرە ناوەکەیان گۆڕیبوو بۆ کونە ماسی تا دوژمن پێی نەزانێت.

لە ئەشکەوتێکی بچووکدا لە بۆین بارەگایەکیان هەبوو ناویان لێنابوو کونە بێخوێ، هەزار پەز لە دەراوی ئاوی گریانە بوو.

لە هەزار پەز برنجێکی سووریان لێناو عەسرەکەی بەرەو مەریوان بەڕێکەوتن چوونە نزیک نەوسوو بەیانییەکەی چوونە نەوسوو بەشداری کاریگەریانکرد لە گرتنی مەخفەری نەوسوودا. دوای گرتنی مەخفەری نەوسوو بەرەو گرتنی سەربازگەی مەریوان بەڕێکەوتن، هێزەکەی هەرێمی یەک چوونە ناو مەریوان، شەڕی جوامێرانەیان لەگەڵ ئەرتەشی ئێراندا کرد.

لە شەڕی مەریواندا، «عەلی خڕە» پێشمەرگەی هەرێمی یەک شەهید بوو، ئەرتەشی ئێران پەلاماری مەریوانیدا لە سەر سنوور کەمپێک بۆ خەڵکی مەریوان کرایەوە.

## کۆچی مێژوویی مەریوان

ئەرتەشی ئێران پەلاماری مەریوانیاندا لە سەر سنوور کەمپێک کرایەوە خەڵکی مەریوان بە تایبەت ئەوانەی دۆستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و شۆڕش بوون لە مەریوان هاتنە دەر.

هاتنە دەرەوەی خەڵکی مەریوان لە مێژوودا بە کۆچی مێژوویی مەریوان ناودەبرێت، وەکو شێوازێک لە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر دەدرێتە قەڵەم، خاوەن و ڕێبەری کۆچی مێژوویی مەریوان هزرو بیری کەسایەتی شۆڕشگێڕو چەپ و پێشکەوتنخواز فوادی مستەفا سوڵتانی ڕێبەری دیاری کۆمەڵەو گەلی کورد بوو لە ئێراندا.

دوای مانەوە لە مەریوان و بەشداریکردن لە شەڕەکانی مەریواندا هێزەکەی هەرێمی یەک گەڕانەوە شارەزوور.

## لێدانی ئەمنی پێنجوێن

شەوی ٥-١٩٧٩/٨/٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک چوونە ناو شاری پێنجوێن و

به ئاربیجی لە بارەگای ئەمنی (پێنجوێن)یاندا، لێدانی ئەمنی پێنجوێن کە دوژمن بە قەڵای قایمی خۆی دەزانی دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا لەو لێدانەدا دوو ئەمن و سێ سەرباز کوژران.

## شـــــــەهیدبوونی حـــــەمە نـــــــەگرەیی
## 1979/8/20

هێزەکانی هەرێمی یەک بەشداری کاریگەریان لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، حەمە نەگرەیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەک بە فەرماندەیی هێزێک لە دەوروبەری مەریوان بوو.

دەستەکەی حەمە نەگرەیی بە نارنجۆک هێرشیان کردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە دەوروبەری مەریوان ڕەبییەکە هاواریان لێهەستا.

حەمە نەگرەیی نارنجۆکێکی هەڵدا بۆ ڕەبییەکە کەوتە بەردەمی خۆی پارچەیەک لێیداو شەهید بوو.

## بـــــۆســـــــــە

مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) هەرێمی (١) لە ١٩٧٩/٨/٢٤ لەسەر ڕێگای سەید صادق بۆسەیەکیان دانا و ئۆتۆمبێلکی چەکداری گومرگ کەوتنە بۆسەکەوە لەئەنجامدا (٣) پۆلیس کوژران و ئۆتۆمبێلەکەش سووتا

مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) هەرێمی یەک چوونە ناو شاری سەید صادق بە ئاربی جی و نارنجۆک ئەنداز لە ڕەبییەکانی ناو شاری سەید صادقیاندا

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو سەرباز

بریندابوون (٣) سەربازیتر

## لــــــێدانی مـــــەرکەزی نــــاحیە

مەفرەزە هاوبەشەکانی هەرێمی (١) لە ١٩٧٩/٩/١ بە ئاربی جی و نارنجۆک ئەنداز لە ڕەبییەی سەر مەخفەری مەرکەزی ناحیەی سیروانیاندا

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەربازبوو.

مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید دلێری سەربە هەرێمی یەک لە ١٩٧٩/٩/١٤ بەئاربی جی لە ڕەبییەی ملەی نەڵمەی ناو پارێزیاندا و ڕەبییەکە گڕیگرت، زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرو سەربازێک بوو، هەمان مەفرەزە بە ئاربی جی لەڕەبییەیەکی کەوڵۆسیانداو ڕەبییەکە گڕیگرت.

مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید دلێری سەربە هەرێمی یەک لە ١٩٧٩/٩/٢٣ بە ئاربی جی لە مەفرەزەی بناوە سووتەیاندا و پێنج سەربازیان کوشت.

مەفرەزەیەکی هەمان کەرت لە ١٩٧٩/٩/٢٥ بە ئاربی جی و نارنجۆک ئەندازە لەسەیتەرەی شێخ قاسمی پێنجوێنیاندا و دوو سەربازیان کوشت.

١٩٧٩/٩/٢٦ مەفرەزەیەکی هەمان کەرت بە ئاربی جی لە ڕەبییەی هەلاڵەی ناوچەی پێنجوێنیاندا

## بـــــرینداربـــوونی بـــلە کـــــۆیی 1979

بلە کۆیی یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی یەک و دواتریش فەرماندە کەرتێکی دلێر بوو، ڕۆژی عارفەی جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٧٩ لە نزیک کارێزەکەی سەید سادق بریندار بوو، بلە کۆیی کەوتە بۆسەی چەند چەکدارێکی ئیستخباراتەوە، پێش ئەوەی برایم تەقەیان لێبکات ئەوان تەقەیان لە برایم کردبو، بلە کۆیی (٩) فیشەک بەر قۆڵی ڕاستی کەوت دواتر بردیان بۆ چارەسەر.

## ســـــووتاندنی کـــــتێبی عـــــــەرەبی

لە ساڵی ١٩٧٩ پێشمەرگە و کادیرەکانی شارەزوور بەشێکی زۆر لە کتێبی عەرەبی خوێندنگەکانیان سووتاند، ئەم هەڵمەتی سووتاندنە لە گەرمیان و شوێنەکانیتریش تا ماوەیەک بەردەوام بوو.

## لە تۆڵەی شەهیدان
## حسێن عەلی دەڵێنی و عەلی مەلا محەمەد
## 1979/11/27

جاشەکانی هەڵەبجە لە ناو هاواردا هەر دوو پێشمەرگە حسێنی مەجیدی مەلا حامید و (عەلی دەلێنی) « عەلی مەلا محەمەد» یان شەهید کرد.

لە تۆڵەی حسێن و عەلی دەلێنی پێشمەرگەکانی ناوچە و هەرێمی یەک بەرنامەی لێدانی جاشەکانی هەڵەبجەیان دارِشت، پێشمەرگەکانیان بە سەر سێ قۆڵدا دابەشکرد.

ئەندامانی ناوچە بۆ لای کانی قوڵکە دانران بۆ سەر ماڵی ڕەشەی ساڵح، غەفور دەرەشیشی، فەیسەڵی مەلا عەلی و چەند پێشمەرگەیەک بۆ ناو شار دانران بۆ ئەوەی ئەگەر هێزی دوژمن لە خوارەوە هات نەتوانێت بگاتە سەر ئەوان.

مەحموودی حاجی فەرەج، لەتیفی حەمەی مەلا سابیر، کەمال شاکر، مەلا ڕەسوڵ و ژمارەیەک پێشمەرگە لە حەسەناواوە هاتنە سەر ماڵی جاشەکان.

ئاربیجی و قازیفە دابەشکران، قازیفەیەک بە کەمال شاکر بوو، قازیفەیەک بە لەتیف بوو، ئاربیجیەک بە مەحموودی حاجی فەرەج بوو، مەلا ڕەسوڵ لە پێشەوە بوو ئەو ناوە هەمووی تەلبەند بوو، کلاشینکۆفەکەی قەمەی پێوەبوو تەلەکانی دەبڕی لە نزیک گەڕەکی پیرمحەمەد- شێخ سمایل.

پێشمەرگەکان هاتنە چەمەکەوە لە نزیک چەمەکە شەریفە سوور سێ فیشەکی لە دەست دەرچوو، حەریقەکە نزیک بوو لە نزیک حەریقەکەوە قازیفەو ئاربیجییان نا بە ماڵی جاشەکانەوە.

جاشەکان لە سەربانەکانەوە تەقەیان لە پێشمەرگە دەکرد زۆری پێنەچوو ناقیلە گەیشتە سەریان پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکردوو گەڕانەوە ناقیلەکان تەقەی زۆریان لێکردن، پێشمەرگەکان یەکیان گرتەوە سەرکەوتووانەو بێ زیان گەڕانەوە.

دوای شەهید بوونی حسێن مەجید مەلا حامید، مەحموودی حاجی فەرەج

کرایە فەرماندەی مەفرەزەی سەربەخۆ، مەلا برایم کرایە فەرماندەی کەرت لە جێگەی شەهید حسێن، فەلاحی حەمە بۆر کرایە جێگری کەرتەکە مامۆستا شاهۆ گواسترایەوە بۆ هەورامان کرایە فەرماندەی کەرت، دوای ماوەیەک مەحموودی حاجی فەرەج لە مەفەرەزەی تایبەتەوە کرایە فەرماندەی کەرت.

## شەهیدبوونی مەلا برایم
## کۆتایی ساڵی 1979

کەرتی یەکی هەرێمی یەک هاتنە تەپی سەفا چەند مەفرەزەیەکیتری لێبوو، مەفرەزەیەک لە ناو گەنمەکاندا خەوتبوون مەفرەزەیەک لە تەپی سەفا بوون، کەرتی یەکی هەرێمی یەک بە فەرماندەی مەلا برایم لە تەپی سەفای سەرەوە بوون.

بەیانی هەستان هێزێکی سەربازی گەمارۆی تەپی سەفایدابوو پێشمەرگەکان بڵاوەیانکرد تەقە درووست بوو.

لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون

+ برایم حاجی ئەحمەد تریفەیی (مەلا برایم) فەرماندەی کەرت

+ تاهیر باقی پریسی

پێشمەرگەکانیتر دەرباز بوون

## جیابوونەوەی بزووتنەوە

هەرێمی (١) بە لیژنە بەڕێوە دەبرا، شەوکەتی حاجی موشیر، محەمەدی حاجی مەحموود، حامیدی حاجی غالی دەستەی بەڕێوەبەری هەرێمی یەک بوون.

لە ساڵی ١٩٧٨ لە سەفەری سەختی هەکاریدا حامیدی حاجی غالی لە لایەن قیادە موەقەتەوە دەستگیر کرا.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە شەوکەتی حاجی موشیر لە یەکێتی جیابووەوە، محەمەدی حاجی مەحموود کرایە فەرماندەی هەرێمی یەک ئەویش لە یەکێتی جیا بووەوەو چووە ڕیزەکانی سۆسیالیست.

**دەستەی هەرێم**

| | |
|---|---|
| محەمەدی حاجی مەحموود | فەرماندەی هەرێم |
| حەمە شیرەمەڕی | فەرماندەی کەرت |
| عومەر قاینەجەیی | فەرماندەی کەرت |
| حەمە ڕەش گرێزەیی | فەرماندەی کەرت |
| دلێر جاف | فەرماندەی کەرت |
| فەریدون حەمە سالّح | فەرماندەی کەرت |

## لێدانی ئیستخباراتی هەڵەبجە
## مانگی (1)ی 1980

خێزانی کەمال شاکر لە کەرکوک خۆیان پەنا دابوو کەمال شاکر هاتە هەڵەبجە و ناردی بە دوای خێزانەکەیدا ماوەی هەفتەیەک لە ماڵی جەمالی حاجی حەمە سالّح عەبابەیلێیی مانەوە، ماڵی جەمال نزیک سەربازگە بوو مەترسی لە سەر نەبوو، دوای هەفتەیەک مانەوە خێزانی کەمال شاکر گەڕانەوە کەرکوک، کەمال شاکر و حەیدەری حاجی عوسمان چوونە ماڵی عەبدوڵلای شێخ ڕەئوف مامۆستا پشکۆش هاتە ئەوێ.

بۆ ڕۆژی دوایی لە بەردەم قوتابخانەی عەبابەیلێوە دوو دوو مەسافەیان وەرگرت و چوونە کانی شێخ لەوێوە بۆ کانی عاشقان چوونە ماڵی شێخ عەبدولڕەحمان شێخ ئەحمەد، شێخ عەبدولڕەحمان فازیل شەمێرانی لە گەڵدا ناردن تا سەرا ڕێیان نیشان بدات.

لە کۆڵانی تەنگەوە ڕۆیشتن نەیانزانی پۆلیس لە جێ ماڵەکانی حەسەن بەگدایە، کەمال شاکر پێشمەرگەکانی دابەشکرد، تۆفیق و حەیدەری دانا تەقە لە حەدیقەی شەعب بکەن نەوەکو کەمین لەوێ هەبێت، شێخ عەلی و چەند پێشمەرگەیەک بەرەو

ماڵی ئەحمەدی مرادخان لە سەرەوە مامۆستا پشکۆو کەمال شاکرو لەتیف و چەند پێشمەرگەیەک مانەوە بۆ ئیستخبارات، سێ ئیستخبارات تەنەکەیان دانا بوو ئاگریان کردبووەوە، کەمال شاکر بە لەتیفی ووت تۆ ئەو سیانە بکوژە، لەتیفی حەمەی سابیر تەقەی لێکردن هەر سێکیانی خست.

کەمال شاکر ئاربیجییەکی نا بە ئیستخباراتەوە هەشت کەسی لە ناو ئیستخباراتدا کوشت یەکێکیان (نائب زابت) بوو لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە ئازاری خەڵکی هەڵەبجەی دەدا ، کەمال شاکر کە ئاربیجییەکەی تەقاند دەستی درزی برد ئازاری زۆری پێگەیشت.

لە گەڕەکی سەرای کۆن عەلە خڕەو چەند پێشمەرگەیەکیتر کەمین بوون یەکیان گرتەوەو چوونە باوە کۆچەک چارەسەریان بۆ دەستی کەمال شاکر کرد لەوێوە چوونە چنارەو مۆردین.

## شـــــەهیدبـــــوونی دوو پـــــــێشمەرگە 1980/1/30

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٠/١/٣٠ تەقە لە قلرخ دەستیپێکرد دوو پێشمەرگەی هەرێمی یەک بە نەهێنی لە ناو دێی قلرخ مابوونەوە زمانیان لێدابوون، هێزێکی دوژمن چووە سەریان و تەقە دەستیپێکرد، هەر دوو پێشمەرگەکە تا دوا هەناسە شەڕیانکرد دوای شەڕێکی قارەمانانە هەردووکیان شەهید بوون.

١/ شەهید سدیق حەمەدەمین (سدیقی خەلیفە)

٢/ شەهید ڕەزا ڕۆستەم (دلێرە بچکۆل)

## شـــــەهید کـــــردنی دلـــــێرە بـــــچکۆڵ 1980

قیادە موەقەتە چواردەوری مەفرەزەیەکی (تایەری حاجی عەزیز) یانگرت، مەفرەزەکەی یەکێتی کەموو، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە زۆر بوون مەفرەزەکەی یەکێتی پاشەکشەیانکرد دلێرە بچکۆل کەوتە دەستی قیادە موەقەتە.

قیادە موەقەتە داوایـان لە دلێر کردبوو قسە بە مامجەلال بڵێت بەڵام دلێر

ووتبووی مامجەلال گەورەیە- سکرتێرمانە ئامادەم بمکوژن بەڵام هیچ بە مامجەلال ناڵێم، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە دلێرە بچکۆلیان گوللەبارانکرد.

## ڕەبـــــیەی تـــــەپە گـــــوڵان

هێزێکی هەرێمی یەک لە شەوی ١٩٨٠/١/٣٠/٢٩ بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەی تەپە گوڵان، دوای چەند هەڵمەتێک بۆ سەر ڕەبییەکە محەمەدی حاجی مەحموود بریندار بوو ڕەبیەکەش نەگیرا.

## شـــــەهیدبـــــوونی عـــــەلی شـــــیعە

عەلی شیعە فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و یەکێک لە حەوت پێشمەرگە سەرەتاییەکەی شارەزوور- سورێن لە ١٩٨٠/٤/٢٩ لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنەی خوێناوی شەهید کرا.

عەلی شیعە یەکێک لەو پێشمەرگانەی ڕێی هەکاری بوو ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی قیادە موەقەتەدا لەگەڵ حامیدی حاجی غالی، شێخ عەلی، ئازاد هەورامی بەند کرابوو.

ئەو کاتەی لە زیندانی قیادە موەقەتە بوو لە ڕێگەی ڕادیۆیەکەوە کە تایەری عەلی والی بەگ بۆی جێهێشتبوون ئاگاداری ڕووداوەکانی ناوەوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لەو کاتە شاری سنەش ڕاپەڕیبوون عەلی شیعە لە زینداندا دەیووت ئێستە لەوێ نەبم بە کلاشینکۆفێکەوە بەرگری بکەم قیروسیا با دەبابە بێت بە سەرمداو لە پێناوی خەڵکی سنەدا شەهید بم، دوای ئازاد بوونی لە زیندانی قیادە موەقەتە و لە ١٩٨٠/٤/٢٩ لە ناو شاری سنەدا شەهید بوو.

عەلی شیعە لە بێساران لە دایک بووە دواتر چوونە شاری سنە و لەوێ ژیاوە، دواتر هاتووەتە باشووری کوردستان ئەو عەشقەی بۆ شاری سنە بەشێکی پەیوەندی بە ڕووحی شۆڕشگێڕانەی عەلی شیعە و بەشێکیتری پەیوەندی بە زێدی مناڵییەوە هەبوو.

## شـــــــەڕی خـــــــۆشناوەتـــــــی
## چـــیوەی خـــــــواروو

سەرکردایەتی «ی ن ک» داوای لە هەرێمی یەکی هەورامان- شارەزوور کرد بچنە ناوچەی خۆشناوەتی- دەشتی هەولێر.

ناوچەکە پڕبوو لە کێشە هەندێک دەستەو تاقمی چەکدار خەڵکیان هەراسان کردبوو، هەرێمی یەک بۆ پاڵپشتی هەرێمی (٨) و ڕێکخستنەوەی ناوچەکە بەرەو دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی بەڕێکەوتن، لەگەڵ گەیشتنیان دەستیانکرد بە گەڕان بە دێیەکاندا.

## بـــــــەرەو چـــــیوەی خـــــــواروو
## 1980/6/10

هێزەکەی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود بە سواری شـەش جیپ و مەکینەیەک بـەرەو چیوەی خـواروو ڕۆیشتن گەیشتنە دارو شەخسەکەی چیوەو تەقەیان لێکردن پێشمەرگەکان لە جیپەکان دابەزین، بلە کۆیی، دلێر جاف، سالە پوقەیی هێرشیان کردە سەر چەکدارەکانی سلێمان بێڕێژی، دلێر جاف بریندار بوو.

محەمەدی حاجی مەحموود لە ڕێی بێتەلەوە پەیوەندیکرد بە پێشمەرگەکانی پێشەوە بلە کۆیی وەڵامی دایەوە ووتی کاک دلێر زۆری تینووە محەمەدی حاجی مەحموود ووتی ئێستا ئاوتان فریا دەخەم[٢].

محەمەدی حاجی مەحموود گەیشتە لای پێشمەرگەکانی پێشەوە ئاربیجیەکی لە دارو شەخسەکەی چیوەی خوارودا کە چەکدارەکانی سلیمان بێڕێژی لێبوو، سلیمان بێڕێژی و چەکدارەکانی ڕایانکرد، کوژراوو بریندارایان هەبوو، لەو شەڕەدا عومەر

[٢] نەهێنی نێوانیان وابوو ئەگەر پێشمەرگەیەک بریندار بوو لە بێتەلدا بڵێن تینوویەتی یان زۆری تینووە.

گامێش تەپەیی شەهید بوو «٩» پێشمەرگەش بریندار بوون.

## هــــــاتنەوە بـــــۆ شـــــــارەزوور

دوای ئەوەی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود چوونە دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی و لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٠ لە چیوەی خواروو لەگەڵ چەکدارەکانی سلەیمان بێرێژی تووشی شەڕ بوون و عومەر گامێش تەپەیی شەهید بوو گەڕانەوە شارەزوور.

لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ شارەزوور تۆپێکی «١٢٠» یان لە سەرکردایەتییەوە لەگەڵ خۆیان هێنا.

تۆپەکەیان لە گوڵەخانە دانا گوللەیەکیان تەقاند شوێنی مەبەستی نەپێکا، لەگەڵ تەقاندنی گوللە تۆپەکە دوژمن تۆپبارانی دەستپێکرد.

پایزی ساڵی ١٩٨٠ قیادە موەقەتە هاتبوونە گۆڕە شێر تا پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی بدەن، سەرکردایەتی داوای تۆپەکەی کردەوە، تۆپەکەیان بە شێخ عەتا کەولۆسیدا ناردەوە سەرکردایەتی.

## ســــــــیامێـــــو

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٨فڕۆکەکانی دوژمن پەلاماری سیامێوەیاندا و هێزیان دابەزاند لەئەنجامدا ٧ کەسیان دەستگیرکرد چاویان بەستنەوە و گوللەبارانیانکردن.

## چـــــالاکی نــــاو شــــاری پـــێنجوێن 1980

مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ و کەرتی ١١ هەرێمی یەک و لیژنەی ناوچەی پێنجوێن لە مانگی ١٩٨٠/٨ چوونە شاری پێنجوێن و چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا

مەفرەزە هاوبەشەکە چەند کەسێکی لادەر لە ڕێبازی شۆڕشیان دەستگیر کرد دوای ئامۆژگاری بە کەفالەت ئازادیانکردن، هەروەها دوو فەرمانبەری میسریان دەستگیرکرد دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادیانکردن مەفرەزە هاوبەشەکە تیوتایەکی حکومیان سووتاند کە ژمارەکەی (١٥٨٢١) بوو

دوای ئەنجامدانی ئەو زنجیرە چالاکییە مەفرەزە هاوبەشەکەی هەرێمی ١ و لیژنەی ناوچەی پێنجوێن بۆسەیەکیان لەناو شاری پێنجوێن دانا و هێزێکی سەربازی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە

زیانی دوژمن کوژرانی ٧ سەرباز و بریندابوونی ٥ سەربازیتر

## شـــــەڕی مـــــــــــۆریاس

هێزێکی ڕژێمی عێراق لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٧ پەلاماری هێزێکی هاوبەشی کۆمیتەی سەرکردایەتی و سێ مەفرەزەی هەرێمی یەکی دا لەناو دێی مۆریاس

هێزەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەرێمی یەک لە ئاوایی مۆریاس چوونە دەرەوە و لەدامێنی گردەکانی مۆریاسەوە بۆ دوژمن پێهەڵگەڕانەوە شەڕێکی قورس لەنیوان پێشمەرگە و هێزی داگیرکەردا هەڵگیرسایەوە تا کاتژمێر ١٢/٣٠ دەقیقەی خایەند هێزی پێشمەرگە چەندین هەڵمەتیان بردەسەر دوژمن و زیانی گەورەیان پێگەیاندن، دوای سێ کاتژمێر شەر پیشمەرگەکان کشانەوە

زیانی دوژمن لەو شەڕەدا کوژرانی ئەفسەری فەرماندەی شەڕەکە وکوژران و بریندابوونی ٢٥ سەرباز بوو.

دوای زیانی گەورە لە دوژمن و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە، هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن چوونە ناو دێی مۆریاس و ڕک و کینەی خۆیان بە خەڵکی بێچەکی مۆریاس ڕشت . جەمیل ڕەمەزان خەڵکی دێی مۆریاس بوو لە دەرەوەی مۆریاس خەریکی دار بڕینەوە بوو بۆماڵەوە، جەمیل بە تۆپبارانی کوێرانەی دوژمن شەهید بوو، ئەو دارانەی بڕیبونیەوە تا ماڵ و منالی لەسەرمای زستان پێ بپارێزێ و ئاگردانی پڕ پشکۆکات هەر بەو دارانە ئاویان گەرمکرد بۆ شتنی تەرمەکەیی و بەخاکسپاردنی

هێزی دڕەندەی دوژمن خەڵکی مۆریاسیان کۆکردەوە لەناو خەڵکەکەدا سابیر حمە جەمیل خەڵکی دێیەکەیان جیاکردەوە بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللە بارانیانکرد. هێزەکەی دوژمن کوێرانە گوللە بارانی خەڵکی دێیەکەیان دەکرد، لەئەنجامی گوللە باراندا مامۆستای دێی مۆریاس و دوو کچە خوێنکار بریندابوون، بۆ ڕۆژی دوایی مامۆستاکەش شەهید بوو، دوژمن سێ ماڵی دێیەکەی سووتاند دوکەڵی سووتانی ماڵەکانی مۆریاس بەرزدەبوەوە بۆبن لوتی هەورەکان ئاهۆو ناڵە و هەناسەی خەڵکی مۆریاسی دەگەیاندە یەزدان

# ســـــاڵی 1981
# گـــــرتنی نـــــەوشیروان مـــــستەفا
# 1981/1/5

دکتۆر کەمال شاکر، حەمەی حاجی سابیر، عومەری قالە گوڵباخ، حەمەی حاجی تۆفیق، مەحموود گەرمیانی لە دوو دێ بوون.

دکتۆر کەمال، حەمەی حاجی تۆفیق، عومەری قالە گوڵباخ لە پەرخ بوون.

حەمەی حاجی سابیر، مەحموود گەرمیانی لە بیوەک بوون.

حەمەی حاجی سابیر هات بە دوای دکتۆر کەمال و هەڤاڵانیدا ووتی با بچینە دۆستدەرە کاک نەوشیروان هاتووەتە ئەوێ، دەیەوێت چاوی پێمان بکەوێت، بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ پێی مەڵێ کاک نەوشیروان هەر بە ناوی مستەفا بانگی بکە.

کەمال شاکر، حەمەی حاجی سابیر چوونە لای کاک نەوشیروان هاوڕێ کامەران، شەهابە سوور، حەمەی ئامۆزای حەمەی حاجی سابیری لە گەڵدا بوو، چوونە بیوەک لەوێ مانەوە.

محەمەدی حاجی مەحموود لە یەکێتی جیاببووەوە پاڵی دابووە سۆسیالیست، حزبی سۆسیالیست هێزێکی بۆ پاڵپشتی محەمەدی حاجی مەحموود ناردبووە ناوچەکە بە نیاز نەبوون ناوچەکە هێزی یەکێتی لێبێت، پێیان وابوو هەر چەند پێشمەرگەیەک لە پەرخ و بیوەک هەیە.

کەرتێکی هەرێمی یەک بە سەرپەرشتی فەرەیدون حەمە ساڵح و جەلال کوڵکنی هاتبوونە بیوەک، هێزێکی حزبی سۆسیالیست کە ١٣٠ پێشمەرگە دەبوون ئەوانیش چوونە بیوەک، هێزەکەی یەکێتی حەوت کەسیان لە هێزەکەی حسک چەککرد.

نەوشیروان مستەفا لە بیوەک بوو، هێزەکەی یەکێتی و حزبی سۆسیالیست نەیانزانیبوو نەوشیروان مستەفا لە بیوەکە لەگەڵ درووستبوونی تەقەکاندا نەوشیروان مستەفا بیوەکی بەجێهێشت بەرەو دێیەکانی چەمی گەڵاڵ بۆ هۆزی خواجەو میرمام و ئەشکەوتان.

هێزەکەی هەرێمی یەک بە سەرپەرشتی فەرەیدون حەمە ساڵح و جەلال کوڵکنی چوونە پەرخ لەگەڵ کەمال شاکرو هەڤاڵەکانیتر یەکیان گرتەوەو چوونە دۆڵی گەلاڵ.

کەمال شاکرو حەمەی حاجی تۆفیق لەگەڵ کاک نەوشیروان یەکیان گرتەوە چوونە دێی سلەیمانە لە دۆڵی گەلاڵ تا نانی بەیانی بخۆن، فیشەکێک لە دار بەڕووڵەوە تەقی کامەران و کەمال شاکر چوونە دەرەوە، کامەران گوللەیەک بەر قاچی کەوت ، ووتیان کاک نەوشیروان نان مەخۆ وەرە دەرەوە کەمینە، لە ماڵەکە هاتنە دەرەوە لە سەر شاخەوە سەدان گوللەیان پێوەنان، کەمال شاکر بە کاک نەوشیروانی ووت تۆزێک پێ هەڵگرە بگەینە قەلای سرووچک کاک نەوشیروان تورە بوو ووتی جەنابت پێ هەڵگرە کەمال شاکر ووتی لە بەر تۆمە.

جەلال کوڵکنی، فەرەیدون حەمە ساڵح لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە چوو بوونە قەلای سرووچک، کاک نەوشیروان و پێشمەرگەکانیتر لە ناو قەدی شاخەکەدا مانەوە گوللەی هێزەکەی سۆسیالیست نەیدەهێشت بڕۆن، هاوەڵەکانی کاک نەوشیروان لە پەنا بەردێکی گەورەدا مانەوە، حزبی سۆسیالیست دەنگیان دەگەیشتە لای کاک نەوشیروان جنێویان دەدا بە مامجەلال و کاک نەوشیروان.

جەلال کوڵکنی، فەرەیدون حەمە ساڵح و هێزەکەیان لە قەلای سرووچک بەرگرییان دەکرد، کاک نەوشیروان، دکتۆر کەمال شاکر، حەمەی حاجی سابیرو ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵیاندا بوون تا ئێوارە مانەوە.

هێزەکەی حسک گەڕانەوە میرمام، ئەشکەوتان هۆزی خواجە، کاک نەوشیروان لە بناری قەلای سرووچک فیشەکێکی جیاکردبووەوە نیشانی کەمال شاکریدا ووتی ئەگەر بێنە سەرم ئەم گوللەیەم داناوە بینێم بە خۆمەوە.

بەیانییەکەی لە دێی سلەیمانە کامەران بە بریندارى کەوتە دەستی (حسک) لای ئەوان دەست بە سەر بوو.

## نـــــــامەیەك بـــۆ تـــــایەری عـــــەلی والی

لە گەرمەی تەقەدا نەوشیروان مستەفا بە کەمال شاکری ووت نامەیەک دەنووسم بیبە بۆ کاک تایەر، کەمال شاکر ووتی دەیبەم بەلام من لە ژێر ئەم بەردە

بێمە دەرەوە ناکوژرێم، دەتوانم کاغەزەکە بگەیەنم، کاک نەوشیروان ووتی باشە بووەستە بزانین چۆن دەبێت.

دوای گەڕانەوەی هێزەکەی حسک لەگەڵ دنیا تاریک بووندا نەوشیروان مستەفا و هەڤاڵەکانی چوونە ماڵی حاجی عەلی لە دێی قەویلە، حاجی عەلی پێیوتن ئەریٚ ئەو دەمە قاڵێیە چیبوو مەبەستی شەڕەکە بوو.

شەو لە قەویلە مانەوە، دکتۆر کەمال شاکر بە کاک نەوشیروانی ووت بۆ نەچین بۆ دەوروووبەری مۆریاس کاک نەوشیروان ووتی بۆ، کەمال شاکر ووتی لە بەر کۆمەڵێک هۆ، لە بەر ئەوەی ئەوان زۆرن بۆ نانخواردن و زانیاری وەرگرتنیش بێت دێنە ئێرە، چوونکە دیلیان هەیە لە بەر ئەوەی کە نیشانی خەڵکی بدەن کە ئەوان بە سەر ناوچەکەدا زاڵن هەر دێنە ئێرە، ئێمە کەمین هێزەکانمان لە مۆریاسن.

کاک نەوشیروان نامەیەکی نووسی بۆ تایەری عەلی والی، (من بۆ ئاشتی هاتووم بۆ شەڕ نەهاتبووم لای خۆتانەوە هەوڵ بدەن ئەو شەڕە درووست نەبێت هەوڵی ئاشتەوایی بدەن).

کەمال شاکر کلاشینکۆفەکەی لە ماڵی حاجی عەلی دانا بە دەمانچەیەکەوە ڕۆیشت نامەکەی بردوو چووە هۆزی خواجە شەو بە سەر کەمینی سۆسیالیستدا کەوت، دوای دەنگدان گوێی لە دەنگی ڕەئوفی خەلیفە سەعید بوو ووتی کەمال شاکرم کەوتووم بە سەر کەمینتاندا، ڕەئوفی خەلیفە سەعید ئەملاولای ماچکردوو ووتی تۆ ناکەویت بە سەر کەمیندا کەمال شاکر ووتی کاکە حەمەو کاک تایەر هەستێنە نامەیەکم بۆ هێناون[٣].

کاتژمێر دووی شەو بوو محەمەدی حاجی مەحموود، تایەری عەلی والی، مام ئاراس، قادر جەباری لە ماڵێکدا بوون هەستان لە خەو تایەری عەلی والی نامەکەی کاک نەوشیروانی بۆ خوێندنەوە، قادر جەباری هێرشیکردە سەر مامجەلال و نەوشیروان مستەفا ووتی مامجەلال دەمێکە میتە، دەمێکە ساواکە، کەمال شاکر بە قادر جەباری ووت من بۆ لای جەنابت نەهاتووم بۆ لای کاک تایەرو کاکە حەمە

[٣] نەوشیروان مستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن نووسیویەتی کەمال شاکر نامەکەی بە کەسێکدا ناردووە بۆ تایەری عەلی والی، بەڵام کەمال شاکر دەڵێت ڕاست نییە خۆم نامەکەم بردووە

هاتووم من نامەیەکم هێناوە لە ئاشتیدا ئاشتی لە شەڕدا شەڕ کە ڕۆیشتمە دەرەوە حەز دەکەیت فیشەکێک بنێ بە تەوقی سەرمەوە، تایەری عەلی والی دەستیکردە ملی کەمال شاکرو ووتی تۆ لە سەر من حسابیت.

کەمال شاکر ووتی من نامەم هێناوە چ پێویست بەو قسانە دەکات بەرانبەر من بیکات، مام ئاراس ووتی ئێمە شەڕ لەگەڵ جەلالیدا ڕاناگرین کەمال شاکر ووتی ڕایدەگرن ڕایناگرن ئەوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.

حەمەی حاجی مەحموود بە کەمال شاکری ووت هێزەکەتان لە کوێیە لە مۆریاسە، کەمال شاکر ووتی ئیتر، ووتی کاک نەوشیروان لە مۆریاسە، کەمال شاکر ووتی ئیتر.

کەمال شاکر ویستی سەرنجی ئەوان بەرێتە سەر مۆریاس تاوەکو نەزانن نەوشیروان لە قەویلەیە.

کەمال شاکر وەڵامی نامەکەی وەرگرتەوەو بەرەو مۆریاس ڕۆیشت، بەرەو قەویلە نەچوو تاوەکو گومان نەکەن کاک نەوشیروان لە قەویلەیە لە پشتی قەڵای سرووچک شوانێکی بینی کوڕی حاجی عەلی بوو پێیوت حەیوانەکان لەوێن شوانەکە ووتی بەڵێ، کەمال شاکر ووتی من دەبم بە شوان تۆ ئەم نامەیەم بۆ بەرە بۆ کاک نەوشیروان.

کەمال شاکر نامەکەی دایە شوانەکە، خۆشی نامەیەکی بۆ کاک نەوشیروان نووسی، قسەکانی قادر جەباری مام ئاراس حەمەی حاجی مەحموودی تیا نووسی.

کەمال شاکر دووربینێکی پێبوو لە سەر ڕێگای مۆریاس سەیری ناو قەویلەی دەکرد چاوەڕێ بوو تا شوانەکە وەڵامی بۆ هێنایەوە، لەگەڵ هێنانەوەی وەڵامی نامەکە قەرەباڵغیەک لای ماڵی حاجی عەلی درووست بوو، کەمال شاکر بەرەو قەویلە ڕۆیشت محەیدین موانی بینی ووتی کاک نەوشیروان خۆی پێناساندین بە قەدرو حورمەتەوە ناردمان بۆ لای کاکە حەمەو ئەوان، کاک نەوشیروان بانگی برادەرانی حسکی کردبوو خۆی پێناساندبوون.

ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەیە کاک نەوشیروان دوای وەڵامی نامەکەی تایەری عەلی والی خۆی بە برادەرانی حسک ناساندووە ئەوان ئەو هەلەیان قۆستۆتەوەو مامەڵەی دیل و گیراویان لە گەڵدا کردووە.

هۆکاری مامەڵە کردنی دەستگیرکراوو بەند کراو لەگەڵ کاک نەوشیروان بۆ ئەو دۆخەی هەرێمی (١) و محەمەدی حاجی مەحموود و جیابوونەوەی لە یەکێتی دەگەڕایەوە واتە کۆنە قین بوو، ئەگینا کاک نەوشیروان نە دەستگیر کراوەو تاوەکو ناردنی نامەکە بۆ تایەری عەلی والی بەگ حزبی سۆسیالیست نەیانزانیوە کاک نەوشیروان لە ناوچەکەیە.

مەلا بەختیار، مامۆستا پشکۆو هێزێکی یەکێتی لە پەرخ بوون، کەمال شاکر چووە پەرخ چۆنیەتی ڕووداوەکەی بۆ مەلا بەختیار گێڕایەوە.

پێش ماوەیەک یەکێتی بەیانێکی لە سەر محەمەدی حاجی مەحموود دەرکردبوو بەیانەکان بە کەمال شاکر بوون لە هۆزی خواجە تووشی محەمەدی حاجی مەحموود بوو، ووتی خێرە، کەمال شاکر پێیووت بەیانم پێیە دژی تۆ دەیبەم بڵاوی دەکەمەوە حەمەی حاجی مەحموود ووتی یەک دوو بەیان بدە بە خۆم و بچۆ دابەشییبکە.

لە ڕاستیدا کاک نەوشیروان بە ویستی خۆی مەفرەزەکەی (حسک)ی بانگکردوو خۆی پێناساندن بەڵام مەحموودی حەمە تاتە، مام ئاراس، ڕەئوفی خەلیفە سەعید، کەریمی دادەمەنە ووتبوویان ئەگەر مامەڵەی دیلی لەگەڵ نەکەن ئەو هەموو غەدرەی لە ئێمە کردووە، ئێمە دەیکوژین و تەسلیم دەبینەوە.

چەکەکەی کاک نەوشیروان لە ژوورەوە هەڵواسرا بوو مەحموودی حەمە تاتە دەستی دابووە چەکەکەیی و بردبووی بە کاک نەوشیروانی ووتبوو تۆ میوانی لای ئێمە.

فازیل بەڕاک بەڕێوەبەری ئەمنی عام، عەلی والی بەگی باوکی تایەری ناردبووە (دەرە گوڵان) جوابی بۆ حسک ناردبوو نەوشیروانیان تەسلیم بکەن یان کارێکی وابکەن بکەونە کەمینی ئەوانەوە پارەیەکی باشیان دەدەنێ بەڵام تایەری عەلی والی بەگ ڕازی نەببوو.

حزبی سۆسیالیست داوایان لە یەکێتی کرد (١٠٠) تفەنگ و هەندێک داخوازیان هەیە جێبەجێی بکەن ئینجا نەوشیروان مستەفا بەردەدەین یەکێتی نە تفەنگی دایە حسک نە داخوازی جێبەجێکرد دوای ٣٢ ڕۆژ لە دەست بە سەر کراوی بە هاوکاری کاوەی شێخ لەتیف و خەلیفە ڕزگاری بوو گەیشتەوە دێی پەرخ پێشمەرگە لە خۆشیدا کردیان بە تەقە.

ژنێک لە ژنی دراوسێکەیانی پرسیبوو ئەو تەقانە چییە، ژنەکەش وتبووی یەژن مەسئولێکی زلیان بەلەسە بووە.

## دەستەی نوێی هەرێمی (1)

دوای ڕۆیشتنی محەمەدی حاجی مەحموود و گەڕانەوەی حامید حاجی غالی لە هەکاری و گۆڕینەوەی لەگەڵ ژمارەیەک دیلی قیادە موەقەتە و گەڕانەوەی کاک شەوکەت بۆ ڕیزەکانی (ی ن ک) هەرێمی (١) لە لایەن دەستەیەکی سێ کەسی بەڕێوە دەبرا کە پێیان دەوت لیژنەی هەرێم.

### لیژنەی هەرێم پێکهاتبوو

١- حامید حاجی غالی نوێنەری کۆمەڵە
٢- شەوکەت حاجی موشیر نوێنەری خەتی گشتی
٣- حاکم عومەر نوێنەری بزووتنەوە

کەرتەکانیش گۆڕانکاریان بە سەردا هات بەمشێوەیە:

١- مەحموودی حاجی فەرەج فەرماندەی کەرت
٢- غەفور دەرەشیشی فەرماندەی کەرت
حەمە هاواری جێگر
٣- مەحموود گەرمیانی فەرماندەی کەرت
ئەحمەد شاتوانی جێگر
٤- فەرەیدون حەمە ساڵح فەرماندەی کەرت
جەلال کوڵکنی جێگر

٥- حەمە ڕەش گرێژەیی فەرماندەی کەرت

ئەحمەد سەراوی جێگر و دواتر ئەحمەد شاتوانی کرایە فەرماندەی کەرتەکە

٦- ئازاد دەرەمیانەیی فەرماندەی کەرت

غەفورە جووجە جێگر، پێشتر تایەری حاجی عەزیز فەرماندەی کەرتەکە بوو، ئەم کەرتەش لە سنووری بەرزنجە بوو.

٧- مامۆستا شاهۆ فەرماندەی کەرت

دوای ماوەیەک هەندێک لەو هەڤاڵانەی جێگر کەرت بوون کرانە فەرماندەی کەرت.

# سـەرجادەی دەربـەندیخـان
# شـەڕی ئـەحمەد بـڕنە
# زسـتانی 1981

زستانی ساڵی ١٩٨١ هەرێمی یەک بڕیاریاندا چالاکیەک ئەنجامبدەن جێگە دەستیان دیار بێت، مەحموودی حاجی فەرەج، مامۆستا شاهۆ حەوت پێشمەرگەیان هەڵبژارد.

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە دێی ئەحمەد بڕنە بەڕێکەوتن بۆ دێی عازەبان، لە عازەبانەوە چوونە سەر جادەی دەربەندیخان بۆسەیەکیان دانا، بۆسەکەیان کرد بە دوو بەشەوە تا نزیک عەسر خۆیان مات کرد.

هێزێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە جێب قیادەیەک و ئیڤایەک کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لێیاندان، لەو بۆسەیەدا (١٤) سەربازو ڕائید ڕووکنێک کوژران.

دوای ئەو بۆسە سەرکەوتووە گەڕانەوە ئەحمەد بڕنە، شەو لەوێ مانەوە لە بەر ئەوەی باران بوو کەمینیان دەرنەکرد.

دوژمن جاش و سەربازێکی زۆری کۆکردبووەوە چوار دەوری ئەحمەد بڕنەو شاخەکانیان گرتبوو.

بەیانییەکەی پێشمەرگەکان لە مزگەوتەکە بوون هێزەکەی دوژمن تەقەیان لێکردن ئەو کاتە زانییان چوار دەوریان گیراوە، بە شەڕ لە ئەحمەد بڕنە دەرچوون.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان شێخ عەلی هەڵەبجەیی شەهید بوو، ژمارەیەک سەربازی هەڵاتوو لە ئەحمەد بڕنە بوون بە دەستی سەربازو جاش شەهید کران.

هەولێرنامەی کتێب

## هـــــــەرێمی یــــەك
## کەرتـــــی ســـێ

مانگی (٢) ی ساڵی ١٩٨١ کەرتی (٣)ی هەرێمی (١) بە فەرماندەیی مەحموود گەرمیانی لە سەر ڕێگای سەراوی سوبحاناغا بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و شەڕێکی گەورە ڕوویدا، دەستی بەزەبریان لە دوژمن وەشاند.

لە گرێزەوە ناقیلەیەک و چەند زیلێکی سەربازی هاتن بە هانای هێزەکەیانەوە، پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) لەوانیشیاندا، ناقیلەکەو چەند زیلێکی سەربازیان سووتاند.

لەو شەڕەدا دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت، پێشمەرگەی قارەمان سدیق حەسەناوایی شەهید بوو.

## کـــــەوتنە بـــــۆسەی پـــــێشمەرگەوە

هێزێکی هاوبەش لەکەرتی ١،٢،٣ هەرێمی یەک و مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) و مەفرەزەیەکی سەرکردایەتی لەسەر جادەی گشتی سەید صادق سلێمانی سەیتەرەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی زۆریان ڕاگرت و قسەیان بۆ خەڵکەکە کرد، لەکاتی کۆکردنەوەی خەڵکەکەدا هێزێکی دوژمن بەرەو پێشمەرگەکان هاتن و کەوتنە بۆسەوە، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو دوژمن (٣) کاتژمێری خایاند

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و ٢٠ سەرباز و ئامر لیوایەک بە پلەی عەقید و ئەفسەرێک و دوو نائیب ضابط و ١٨ سەرباز بریندار بوون، ناقیلەیەک، ئیڤایەک، پیکابێکی دوژمن تێکشکێندرا. لەوشەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان صدیق محەمەد شەهید بوو

## بــــەلـــــوت
## مـــــانگی 1981/3

پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک چوونە بەللوت لە گەرمیان، بلەکۆیی، حسێن خەلیفە، سالە پۆقەیی لە سەید خەلیل مانەوە.

جاش هاتنە سەید خەلیل، بلەکۆیی تەقەی لێکردن شەڕ درووست بوو، دوای

شەڕێکی نیو کاتژمێری لە سەید خەلیل پاشەکشەیانکرد چوونە تورکە نانیان خواردوو خەوتن، مامە عەزەی تورکی پیاوێکی بە تەمەنی کەواو سەڵتە لە بەر بوو تا بەیانی پاسەوانی پێشمەرگەکان بوو.

پێشمەرگەکانیتریش بە فەرماندەیی دلێر جاف لەگەڵ دوژمندا تووشی شەڕ بوون لە بەللوت هەر دوو لا یەکیان گرتەوەو بە سەلامەتی گەڕانەوە شارەزوور.

## حـــــــــەمە قاشتـــــــی
## مــــــانگی 1981/4

حەمە قاشتی ئۆتۆمبیلێکی بەرەو کانی کەوەو ئالان و حاسڵ فڕاند هێزێکی دوژمن دوایکەوتن، کەرتێکی هەرێمی (٥) قەراخ، هێزێکی حزبی سۆسیالیست، مەفرەزەکەی حەمە قاشتی ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە، ئامر لیوایەک کوژرا.

کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، لە کانی بەردینە پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی ئاگربارانکرد، سێ پێشمەرگە شەهید بوون ژمارەیەک هاووڵاتی بریندار بوون.

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــــەڕی تالیــــــار
## مــــــانگی 1981/4

هێزی هەرێمی یەک لە تالیار لەگەڵ قیادە موەقەتە- پارتی تووشی شەڕ هاتن لەو شـەڕەدا فەرماندەی دلێری هەرێمی (١) حەمەی حاجی تۆفیق شەهید بوو، حەمەی حاجی تۆفیق یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی هەرێمی (١) بوو.

## شـــــــەڕی نــــــۆدێ
## بـــــــەهاری ســــــاڵی 1981

کەرتی (٦)ی هەرێمی (١) و بەشێک لە هەرێمی (٣) بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان لە چنگیان بوون، هێزەکە بە سەر دێیەکاندا دابەشکران، کەرتی (٦) ی هەرێمی (١) چوونە بزەینییان، هێزێک چوونە نۆدێ بەشێک لە چنگیان مانەوە، هێزێکی دوژمن هاتنە ناوچەکە.

لە بەرانبەر نۆدێ کۆنە ڕەبییەیەکی لێبوو کەمینی پێشمەرگە چووبوونە ئەوێ، سەر لە بەیانی هێزێکی گەورەی دوژمنیان بەدیکرد، پێشمەرگەکان شوێنەکەیان جێهێشت و داگەڕان بۆ مزگەوتەکەی نۆدێ، هێزی دوژمن چوونە شوێن کەمینەکە و تەقە دەستیپێکرد.

هێزەکەی هەرێمی یەک لەگەڵ مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی گەیشتنە بەرزاییەکانی پشتی نۆدێ کاک وەهاب و هێزێک گەیشتنە سەر شاخ، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکە، کاک وەهاب پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە تەقە لە کۆپتەرەکە نەکەن، خۆتان پەنا بدەن چوونکە چەکی قورسی دژە کۆپتەرمان پێنییە.

نامیق پێشمەرگەیەک بوو لەگەڵ حامیدی حاجی غالی لە سەرکردایەتییەوە هاتبووە خوارەوە، کاوەی عەریف عەلی پێیوتبوو ئەو چەکەی کاک نامیق تەقە ناکات، نامیق ڕیزێک فیشەکی نا بە کۆپتەرەکەوەو کۆپتەر وروژاو ناوچەکەی بێژا.

هێزی دوژمن هاتە ناو دێ، شەڕ لە نێوان هێزەکەی دوژمن و پێشمەرگە دەستیپێکرد، دوا پێشمەرگە کە لە نۆدێ مابووەوە دکتۆر نەبەز بوو تەقەی دەکرد، دکتۆر نەبەز دوای بەرەنگارییەکی کەموێنە شەهید بوو.

## دکـــــــــتۆرەکان

دکتۆر نەبەز لەو شەڕەدا شەهید بوو، پێشمەرگەیەکیتر کە یاریدەدەری پزیشک بوو بریندار بوو، کۆپتەر بە دوای دکتۆر قادرەوە بوو کە ئێوارە شەڕ تەواو بوو دکتۆر قادر بە هاوڕێکانی ووتبوو کوڕینا ئەم شەڕە شەڕی (صحە) بوو.

## گـــــرتنی ڕەبـــــیەی زەمـــــەقی 1981/5/25

هێزێکی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی حامیدی حاجی غالی و بەشداری مامۆستا شاهۆ، جەلال کولکنی، فەلاحی حەمە بۆرو چەند فەرماندەو پێشمەرگەیەکیتر دەستیان بە سەر ڕەبییەی زەمەقیدا گرت کە (١٢) جەیشی نا شەعبی تیا بوو.

پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبییەکە چاوەڕێ بوون تا پاسەوانەکە گۆڕا، لەگەڵ گۆڕینی پاسەوانەکەدا پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبییەکەوە.

لە کاتی چوونە ناو ڕەبییەکەدا یەکێک پەلاماری تفەنگیداو بوو بە تەقە، لە ١٢ جەیشی ناشەعبی (١١) یان کوژران ئەویتر بە دیل گیرا دواتر بووە پێشمەرگە.

١٢ چەک دەستکەوت بوو

مامۆستا کەریم بریندار بوو

## بـــــامۆك - هـــــــەڵەبجـــــــە
## شـــــەوی 1981/6/2/1

مەفرەزەیەکی کەرتی هەورامانی هەرێمی یەک هاتنە خـوارەوە بۆ هەڵەبجە چالاکییەک ئەنجام بدەن پێش ئەوەی بگەنە هەڵەبجە لە ڕێگەی بامۆک کەوتنە کەمینەوە (هێمن عەلی مەجید) پێشمەرگەی هەرێمی یەک بریندار بوو بە برینداری تا دوا فیشەک شەڕی لەگەڵ جاشدا کرد، نارنجۆکەکەشی تەقاندەوە، دوای نەمانی فیشەک کەوتە دەستی جاشەکان، بردیانە ئیستخباراتی هەڵەبجە لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانە.

لە نەخۆشخانەی هەڵەبجە ڕەشەی سالح چوبووە سەری قسەی لە گەڵدا بکات هێمن تفی کردبووە ناوچەوانی ڕەشەی سالح.

دوای تیمار کردنی بردیانەوە ئیستخبارات، هەواڵ گەیشتە هەرێمی یەک هێمن بە ئیسعاف دەگوازنەوە سلێمانی، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان ناردە سەر ڕێگەی گردە نازێ– سەید سادق تا ئیسعافەکە بووەستێنن و هێمن ڕزگار بکەن، مەفرەزەکە چەند دەقیقەیەک دواکەوتن کە هاتنە سەر جادە ئیسعافەکەیان بینی دەرچوو فریای نەکەوتن.

دارا شۆفێری ئیسعافەکە بوو ئیستخبارات لە گەڵیدا سەرکەوتبوو دەمانچەیان خستبووە سەر سەری دارا نەیانهێشتبوو بووەستێت، کە ئیسعافەکە نەوەستا پێشمەرگە تەقەیان لێکرد هێمن لەوێدا گوللەیەکیتری بەرکەوت، دوای ماوەیەک

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی لەتیفی حەمەی مەلا سابیر هاتنە هەڵەبجە بۆ بردنی شۆفێری ئیسعافەکە، دارا بە ئیسعافەکەوە لە ناو بازاڕی هەڵەبجەدا بوو گرتیان و لەگەڵ ئیسعافەکە بردیان.

## بـــــــۆسەی حـــــسك

دوای گرتنی داراو بردنی ئیسعافەکە ویستیان بڕۆن بۆ شارباژێڕ لە ڕێگە کەوتنە بۆسەی حزبی سۆسیالیست، لەو بۆسەیەدا عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی شەهید بوو، پێشمەرگەکان کەوتنە دەستی حسک و دیلکران، ئیسعافەکەیان بردە سورێن، دواتر ئیسعافەکە بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی سووتێندرا.

## شـــــەهیدبوونـــــی عـــــەبدوڵڵا

عەبدوڵڵا نیوەڕۆ لە مۆردین بووە پێشمەرگە شەوەکەی لە بۆسەی «حسک»دا شەهید بوو تەنها ڕۆژێک پێشمەرگە بوو.

لەتیفی حەمەی مەلا سابیر و ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵیدا بوون لای حسک بەند کران هەتا شەڕی ڕەزڵە.

لە شەڕی ڕەزڵەدا هێزەکانی بەرەی جود شکان و هەڵاتن، لەتیفی مەلا سابیر لە دەست حسک ڕایکردو گەڕایەوە حاجی مامەند.

## لـــــــێدانی مـــــــەفرەزەی زەمـــــەقی 1981

لەشەوی ١٩٨١/٦/٢١/٢٠ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی یەک و لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە دەستیانگرت بەسەر مونەزەمەی زەمەقی حزبی بەعس لە ئۆردوگای زۆرە ملێی زەمەقی لە دەستبەسەرداگرتنی مونەزەمەکەدا بەرپرسی مونەزەمە و چوار چەکداری بەکرێگیراو کوژران و چەند چەکداریکەش بەدیلگیران دەستکەوتەکان (٦) کلاشنکۆف و یەک دەمانچەی قادسیە پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو

## نــــــێوان گـــرێزەو کـــــانی ســـــپیلکە مــــــانگی 1981/7

مەفرەزەیەکی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی حەمە ڕەش گرێزەیی لە سەر ڕێگای گرێزە کانی سپیلکە بۆسەیەکیان دانا دوو عەرەبی جزداشە لە بەر کەوتنە بۆسەکەوەو دەستگیریان کردن.

مەفرەزەکەی هەرێمی یەک ئۆتۆمبێلێکی زۆریان وەستاند، پاسێک لە دوورەوە وەستا بوو پێشەوەی هاووڵاتی تیادا بوو، لە ناو پاسەکە سەربازێک دابەزی فیشەکێکی تەقاند، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردو کوشتیان، سەربازێکیتر دابەزی ئەویشیان کوشت، سەربازێکی کورد دانەبەزی بریندار بوو ووتی مەمکوژن کوردم ئەویان نەکوشت، دوا کەس ئەفسەرێک دابەزی بەرەو گرێزە ڕایکرد تەقەیان لێکردوو کوشتیان.

هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی دەبابە بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هات، پێشمەرگەکان چەکەکانیان کۆکردەوەو پاشەکشەیانکرد، هێزەکەی دوژمن سەربازە کوردەکەیان کوشت.

## کـــــەرتی (1) هــــــەرێمی (1)

هاوینی ١٩٨١ هێزێکی هەرێمی یەک چوونە ناو شاری هەڵەبجە، جەیشی ناشەعبییەک لەماڵەوە بوو چوون دەستگیری بکەن بەڵام لە سەر جێگە کەوتبوو دەستگیریان نەکرد، هەر ئەو شەوە لە ناو شاری هەڵەبجەدا بە ئاربیجی لە ئیستخباراتی هەڵەبجەیاندا.

پێشمەرگەکان لە ناو شاردا مانەوە تا کاتژمێر (٢)ی شەو چوونکە هێزەکانی دوژمن کەمینیان دادەنا تا کاتژمێر (٢)ی شەو پێشمەرگەش لە ناو شاردا دەمانەوە تا کاتی هەڵگرتنی کەمینی دوژمن دواتر دەگەڕانەوە.

ئەو شەوە لە کاتی گەڕانەوەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لوتیان بوو بە لووتی یەکەوە، دوای یەکتر ناسین زانییان ئەو جەیشی ناشەعبییەی ئێوارە لە بەر نەخۆشی دەستگیریان نەکرد حزبی شیوعی دەستگیری کردووە.

## شــــەهیدبوونی عــــوسمان کـــوڵکنی

هەواڵنامەی کتێب

**1981/8/18**

بەردەم ناوچەی هەورامان شارەزوور شەڕی لایەنەکانی تیادا بوو، قیادە موەقەتە ڕێگایان لە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەگرت، بۆسەیان بۆ دادەنان، شەڕیان پێدەفرۆشتن لە ماوەی سالانی ١٩٧٧ تا (٨٤) چەندین پێشمەرگەی یەکێتییان شەهید کرد.

هێزێکی هەرێمی یەک چوونە شیرەمەڕ، سەر لە بەیانی کەمینیان دەرکرد، بەڵام کەمینەکەی هەرێمی یەک کەوتە کەمینی قیادە موەقەتەوە، لەو کەمینەدا عوسمان کوڵکنی فەرماندەی مەفرەزە شەهید بوو عومەری حاجی مەحموود بریندار بوو.

## شـــــــەڕی نـــــــاوگردان
## 1981/8/22

ساڵی ١٩٨١ هێزێکی پارتی بە سەرپەرشتی جەمالی مەلا عەلی هاتنە شارەزوور بە دێیەکاندا دەگەڕان.

کەرتی ئەحمەد شاتوانی- مەحموود گەرمیانی لە سنووری سواری و کەوچک تاش بوون، هێزەکەی پارتی زۆر بوون هێزەکەی یەکێتی کەم، هێزەکانی یەکێتی کۆبوونەوە.

**کەرت و مەفرەزەکان:**

+ فەریدون حەمە ساڵح
+ مەحموودی حاجی فەرەج
+ غەفور دەرەشیشی
+ مەحموود گەرمیانی
+ جەلال کوڵکنی
+ ئەحمەد شاتوانی

هێزەکانی (ی ن ک) چوونە ناو گردان لەوێ دامەزران، هێزەکەی پارتی لە (٣) لاوە بیڕەشکە، دۆلاش، ناوەڕاستی بیڕەشکەو دۆلاش بە سێ ڕەتڵ هێرشیان هێنایە ناوگردان، شەڕ دوو کاتژمێری خایاند، شەڕێکی قورس و دەستەو یەخە درووست بوو هێزەکەی پارتی بەرەو بیڕەشکە شکان هێزەکەی یەکێتی دوایانکەوتن.

لەو شەڕەدا (٣) چەکداری پارتی بەدیل گیران، زەرەرو زیانی زۆریان بەرکەوت دوو پێشمەرگەی یەکێتی شەهید بوون، غەفور دەرەشیشی فەرماندەی کەرت، حەیدەری حاجی عوسمان جێگری کەرت، نیازی بریندار بوو.

## شـــــەڕی ڕەزڵـــــە
## 1981/9/18

بەرەی جود، تێکرای لایەنەکانی بەرەی جود بە مەبەستی دەرپەڕاندنی هێزەکانی یەکێتی پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە ڕەزڵە.

هەرێمی (١) و هەرێمی (٣) و بەشێک لە هێزەکانیتری (ی ن ک) بەرپەرچی پەلامارەکەی بەرەی (جود) یان دایەوە.

لە شەڕی ڕەزڵەدا کۆپتەری عێراق، هێزی ئاسمانی عێراق هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە کۆپتەر لە هەر دوو لای دەدا، بۆردومانی سەنگەرەکانی بەرەی جودو سەنگەرەکانی یەکێتی دەکرد، بەڵام زیاتر سەنگەرەکانی یەکێتی بۆردومان دەکرد.

لە شەڕی ڕەزلەدا (١٠٠) پاسداری ئێرانی بەشدار بوون یەکێک لە پاسدارەکان بە دیل گیرا، لەو شەڕەدا هێزەکانی بەرەی جود خراپ شکان، حەمە ڕەش گرێزەیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (١) شەهید بوو، عەزیز کوڵکنی، دلێر جاف، کامەران عوسمان بریندار بوون.

## شـــــەڕی قـــــاجر
## 1981/10/10

هەرێمی یەک لە ناو دەزگا جاسووسیەکانی دوژمندا خەڵکیان هەبوو، یەکێک لە دۆستەکانی شۆڕش لە ناو ئیستخباراتی هەڵەبجە نامەیەکی بۆ شەوکەتی حاجی موشیر و حامیدی حاجی غالی ناردبوو نووسیبووی چوار دەورتان گیراوە.

هەرێمی یەک لە گردی شەریف بوون، کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) هاتبوونە شـارەزوور لە نـاو گردانـەوە چوونـە قاجرو لـەگەڵ هێزەکەی هەرێمی یەک یەکیانگرتەوە.

هێزەکەی هەرێمی (١) کە لە گردی شەریف بوون کرانە چەند بەشێک، بەشێک

لە گردی شەریف مانەوە بەشێک چوونە قاجر دوای ئەوەی شەڕ دەستیپێکرد هێزەکەی گردی شەریف هاتنە لای هێزەکەی قاجر لەوێ یەکیانگرتەوە.

کاک شەوکەت بە پێشمەرگەکانی وت تا کاتژمێر (٤)ی بەیانی بە نۆرە بخەون، کاتژمێر (٤)ی بەیانی پێشمەرگەکانیان بە خەبەر هێنا.

بەشێک لە هێزەکەی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) لە دەوری ئاگرێک کۆببوونەوە، هێزەکانی دوژمن لە چەند لایەکەوە پەلاماری (قاجر)یاندا، لە ڕێگەی قەیەفەری بە قەراخی دارەکاندا نزیک (قاجر) بوونەوەو شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جاش و سەربازدا دامەزرا، تایەرە بچکۆل و نەبەرد دوو پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) بە سەربانێکەوە بوون بەرگری دلێرانەیانکرد تا هێزی پێشمەرگە دامەزران و هەڵمەتیان بردە سەر جاشەکان.

قاجر ئاواییەکی تەخت بوو، خانووەکانی گڵ بوون گردێکی تورەکە ڕێژی هەبوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (١،٣) لە ناو ماڵەکانی قاجرو دەورووبەری قاجردا سەنگەریان گرت و شەڕی کەم وێنەیان لەگەڵ داگیرکەردا کرد.

هێزەکەی هەرێمی (٣) لە پێشەوە بوون، شەوکەتی حاجی موشیر لە ناو دێیەکەدا بوو تا کاتژمێر (٩)ی پێش نیوەڕۆ لە ناو قاجردا شەڕیانکرد دواتر پەڕینەوە بەری زەڵم، شەڕ تا دەمەو ئێوارەی خایاند، هێزێکی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ بە فەرماندەیی شێخ جەعفەرو مام ڕۆستەم لە شەڕی قاجردا ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

شەڕ لە هەموو لایەکەوە بەردەوام بوو کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕایەوە، هێزی پێشمەرگە خۆڕاگرو جەسوورانە بەرگریان دەکرد هێزەکانی دوژمن شپرزەو ڕووخاوو بەزیوو بوون لە بەردەم ورەی پێشمەرگەدا.

## پـــــــەلی بـــــی

ئازاد وەندەرێنی و جەمال وەندەرێنی لە بن داربییەکەدا دامەزرا بوون کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکەوە بوو ئازاد دەستی گرتبوو بە پەلە بییەکەوە سەیری کۆپتەرەکانی دەکرد ئەو پەلە بییەی دەستی پێوە گرتبوو شکاو کەوتە ناو جۆگە ئاوی ژێر دار بییەکە تا بن چەناگەی ئاو هات، هاواری لە جەمال کرد وتی وەرە

خوارەوە نەکوژرام بەڵام خەریکم دەخنکێم.

## چـــــــەمی زەڵـــــــم

کۆپتەری جەنگی بە سەر ئاسمانی شەڕەکەوە بوو، ئەمیر بۆینی و حەسەن هەڵەبجەیی بە دەم تەقەوە چوونە چەمی زەڵم.

ئەمیرو حەسەن لە قەراخ چەمی زەڵم ڕاکشا بوون کۆپتەرێک هاتە سەریان هێندە نزیک و نزم بوو دەمووچاوی یەکترییان دەبینی.

حەسەن خۆیدا بە سەر تفەنگەکەیدا چاوەڕێی هاڕینی دەکرد، کۆپتەرەکە ڕیزێک شەستیری نا بە شوێنەکەی حەسەنەوە گڕوو دووکەڵ لە دەورووبەری هەستا، حەسەن هەستیکرد پشتی قورس بوو وایزانی بریندارە کە سەری هەڵبڕی و تەماشایکرد ئەمیر پێدەکەنێت، حەسەن بە ئەمیری ووت بە چی پێدەکەنیت، ئەمیر ووتی دار بییەکەی سەرووتی بڕیوەتەوە کەوتووەتە سەر پشتت، شەستیری کۆپتەرەکە داربییەکەی بڕیبووەوە کەوتبووە سەر پشتی.

## کـــــــشەیەری

هێزی پێشمەرگە تا نیوەڕۆ لە ناو قاجردا مانەوەو شەڕیانکرد دۆشکەو کۆپتەرو تۆپخانەی قەیەفەری ناو قاجریان دەکێلا، لە نیوەڕۆدا هێزی پێشمەرگە لە ناو قاجر کشانەوەو چوونە کشەیەری و چەمەکە.

کەرتی (٣) کەرتی (٤) هەرێمی (١) لە ناو کشەیەریدا مانەوەو دامەزران، دوژمن دەیان جار پەلاماری پێشمەرگەیدا دەهاتنە تەختاییەکەی نێوان قاجرو کشەیەری، پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) و (٤) دەیان پەلاماریان تێکشکاند و نەیانهێشت بگەنە کشەیەری.

شەڕ بە سەرکەوتنی پێشمەرگەو شکاندنی دوژمن کۆتایی هات، هێزی پێشمەرگە بەرەو شارباژێڕ ڕۆیشتن.

لە شەڕی قاجردا (٣٣) جاش کوژران.

هەواڵنامەی کتێب

دوو پێشمەرگە بریندار بوون

١/ کاوە حەمە ساڵح

٢/ حسێن ئاڵیاوایی

## لـــە پــــەنای قـــــاجردا

پۆلێک پێشمەرگە لە قاجر بوون گوێیان لە تەقە بوو ڕۆیشتن بەرەو ڕووی شەڕەکە چوونە ناوگردان، (١٠) پێشمەرگەی قارەمانی (ی ن ک) بە فەرماندەیی مەحموودی حاجی فەرەج بەرەو دۆڵاش ڕۆیشتن.

کە لە ناوگردان دەرچوون دەبابە بەرەو ناوگردان دەهات تاوەکو پشتی قاجر بگرێت، تەقەیان لە ناوگردان کرد بە گوللەی دەبابە (ئەحمەد مام قادر) لە ناوگردان شەهید بوو.

ئەو (١٠) پێشمەرگەیە لە گردی شەریف لەگەڵ دوژمـن کەوتنە شـەڕەوە، دەبابەکان نزیک بوونەوە لە دۆڵاش تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد، (١٠) پێشمەرگە تەنها کلاشینکۆفیان پێبوو شەڕی دەبابە بە کلاشینکۆف نەدەکرا بۆیە بە گوێ چەمی دۆڵاشدا بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتن ڕێگەکە هەمووی بێستان و گوڵەبەڕۆژە بوو بژوێن و چڕ بوو.

ڕەوە کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە سێ کۆپتەری جەنگی بەردەوام بۆردومانیان دەکرد، پێشمەرگەکان گەیشتنە نزیک پردی دۆڵاش، عەزیز کوڵکنی هێشتا برینەکەی شەڕی ڕەزگەی سارێژ نەببوو قاچی کەوت بەلاداو شکا برایم و ڕزگار چوونە ژێر باڵی.

سێ دەبابە بەرەو ڕوویان هاتن، پێشمەرگەکان چوونە خوار پردەکەی دۆڵاش دەبابەکان تێپەڕین پێشمەرگەکان سوار تراکتۆرێک بوون چوونە ئیمامی زامن.

ئیمامی زامن قیادە موەقەتەی لێبوو، پێش ئەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بچنە ناودێ ووتبوویان تەقەیان لێدەکەین، کەریمی عەبەی خاسە خەڵکی ئاوایی زامن بوو ووتبووی ئەگەر ماڵ و منالی من بکوژن تەقەیان لێبکەن، ئەوان لەو شەڕە دابڕاون کۆپتەر دەرفەتی نەداون ئەگینا پێشمەرگەی یەکێتی ئەوەندە بێ توانا نین لە شەڕ دوورکەونەوە.

پێشمەرگەکان چوونە ناو ئیمامی زامن نانیان خوارد، دوای نانخواردن کەریمی عەبەی خاسە بە مەحموودی حاجی فەرەجی ووتبوو لە دێیەکە دەرچن چوونکە قیادە موەقەتەی لێیە پێشمەرگەکان لە ئیمامی زامنەوە هاتنە دۆلاش لەگەڵ هێزەکەی قاجر یەکیانگرتەوە.

## شـــــەڕی کـــانی ســــــپیلکە
## 1982/1/22

کەرتی چواری هەرێمی یەک لە کانی سپیلکە تووشی شەڕ بوون لەگەڵ دوژمن لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

دوو ڕۆژ پێشتر لە ڕێگای خورماڵ ئیستخباراتێکیان گرتبوو دوای شەڕەکە بەرەو قەویلە ڕۆیشتن لەگەڵ هێزێکی حزبی سۆسیالیست لە یەکتری گۆڕان تەقەیان لە یەکتر کرد.

هێزەکەی کەرتی (٤) ئەو شەوە ڕێگەیان لێهەڵە بوو لە شاخێکەوە دەڕۆیشتن دوای ماوەیەک دەچوونە هەمان شوێن ئیستخباراتە دەستگیرکراوەکە بە نۆرە بریندارەکانی هەڵدەگرت تفەنگەکانی بۆ هەڵدەگرتن.

بەیان ئەنگووت شەبەقی دابوو باران و بەفرو ڕەشەبا بەیەکەوە دایانکردوو هەڵیانکردبوو لە دوورەوە ئاواییەک دەرکەوت چراکانی دەسووتان ئاواییەکە مۆریاس بوو.

جەلال کوڵکنی، تایەرو عەزیز کوڵکنی نارد دوو ووڵاخ بێنن بۆ بریندارەکان، عەزیزو تایەر چوونە ناو دێ خەڵک لە مزگەوت دەهاتنە دەرەوە دوای هەواڵپرسین کە زانییان پێشمەرگە برینداریان هەیە ووڵاخیان ئامادە کردوو بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان ڕۆیشتن.

خالید مۆریاسی لەگەڵ بریندارەکان ڕۆیشت بۆ نەخۆشخانەی حاجی مامەند (حەمە برا) یەکێک لە پێشمەرگەکان لە ڕێگا شەهید بوو، خەڵکی مۆریاس تەرمی حەمە برایان شۆردوو بەخاکیان سپارد.

جەلال کوڵکنی ووتی چی لەم ئیستخباراتە بکەین عەزیز کوڵکنی ووتی

ئیستخباراتی چییە تفەنگەکانی بۆ هەڵگرتین، بریندارەکانی کردە کۆڵ ئەگەر پیاوی خراپ بووایە هەمووومانی دەکوشت.

ئیستخباراتەکەیان ئازاد کرد ووتیان بڕۆ لە تازە دێ بڵێ حەمە برا شەهید بووە تەرمەکەی لە مۆریاسە، ڕۆژی دوایی کەسووکاری شەهید حەمە برا هاتن تەرمەکەیان بردەوە.

## گـــــرتنی ئـــــیستخباراتێـــــك
## (چـــــیا) مــــانگی 1982/2

هێزێکی هەرێمی (١) بە فەرماندەیی جەلال کولکنی لە سەر جادەی خورماڵ ئیستخباراتێکی عەرەبیان دەستگیر کرد ناوی چیا بوو دەمانچەیەکی تارقی پێبوو.

ئیستخباراتەکەیان هێنایە تازە دێ، حەمەی حاجی ئەحمەدی تازەدێ ووتی ئێمە هەمووومان بە شەو پێشمەرگەین بە ڕۆژ جووتیارین.

ئیستخباراتەکە بە حەمەی ووت تۆم لە خورماڵ دیوە، پێشمەرگەکان بە گاڵتەوە ووتیان حەمە خوێنی خۆت کردە کاسەوە ئیتر ناوێریت بچیت بۆ خورماڵ.

حەمەی حاجی ئەو شەوە بوو بە پێشمەرگە، چیایان بردوو چوونە دێیەک ناوی دەق بوو حەمە، چیای برد بووە ناو گۆڕستانی دێیەکە پێیدەووت گۆڕێ هەڵکەنە بۆ خۆت و شایەدومانیش بێنە.

چیا کوڕی سەرۆک عەشیرەتێکی عەرەب بوو ڕەوانەی سەرکردایەتیانکرد لەوێ مامجەلال ئازادیکرد.

## قـــسە خـــۆشەکانی پـــــێشمەرگایەتی

پێشمەرگایەتی هەر بە تەنها جەولەو شەڕو پێکادان نەبوو لە ناو ئەو شەڕوو بۆسەو ڕووداوانـەدا زۆر جار قسەی خۆش و نەستەق جێی خۆیان دەگرت و دەبوونە نەخش، بە جۆرێک لە دڵی خەڵک و پێشمەرگەدا دەچەسپان کە هەرگیز بیرناچنەوە، بە تایبەت قسە خۆشەکانی مەحموود گەرمیانی هەمیشە ئاو دەخەنە دەم دەڵێی نوقڵی ترش و شیرینن، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە قسەی خۆش و

نەستەق.

## بـــــــەدەل زایــــــع

عەبە تەپە ڕەشی و پێشمەرگەیەک لە نێوان سەراوو کانی سپیلکە بۆسەیان دانابوو، پێشمەرگەکە بە عەبە تەپەڕەشی ووتبوو باشە چۆن بزانین کێ بەعسییە، عەبە تەپە ڕەشی ووتبووی هەر مۆری سووری پێوە بێت بەعسییە.

پێشمەرگەکە ناسنامەی لە هاووڵاتییەک وەرگرتبوو هێنابووی بۆ لای عەبە تەپە ڕەشی ووتبووی چی نووسراوە ئەویش ووتبووی نووسراوە بەدەل زایع، پێشمەرگەکەش چوو بوو بە هاووڵاتییەکەی ووتبوو (بەدەل زایع) پشت پێیە و داشنابەزیت، وایزانیبوو کە بە خەتی سوور نووسراوە بەدەل زایع ئیتر بەعسییە.

کابرا ووتبووی کورە بابە بەدەل زایع مانای ناسنامەکەم وون کردووەو تازەم کردووەتەوە بەعسی چی.

## ســـــــەرجادەی ســــــــەراو

کەرتەکەی مەحموود گەرمیانی لە سەر جادەی سەراو بۆسەیەکیان دانابوو ئۆتۆمبێلی زۆریان ڕاگرتبوو ناسنامەیان لە خەڵک وەردەگرت.

یەکێک لەو کەسانەی ناسنامەیان لێوەرگرتبوو پۆلیس بوو لە مەرکەزی بیارە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش بوو.

پۆلیسەکە بە مۆڵەت دابەزیبوو لە مۆڵەتەکەی نووسرابوو (یومیا مساعدە لکونە خوش ولد) دوو ڕۆژ یارمەتی لە بەر ئەوەی کوڕی چاکە، مەحموود گەرمیانی پۆلیسەکەی گرت پێشمەرگەکان ووتیان ئەوە برادەری خۆمانە کۆمەڵەیە دواتر تووشی کێشە دەبیت لە سەری مەحموود گەرمیانی پێیووتن قەیناکە دوایی ڕەخنە لە خۆم دەگرم بیبەن لەو باخەدا بیبەستنەوە هەتا من دێم دوو سێ شوڵم بۆ ببڕن بۆ لێدانی مەحموود گەرمیانی چوار پێنج شووڵی تیا شکاند، ووتی ئەوە لە بەر ئەو خۆش وەلەدە لێمدایت ئەو خۆش وەلەدە بە خۆڕایی وەرناگیرێت.

## عـــــەلە چـــــڵمە

لە یەکێک لەو دێیانەی شارەزوور پێشمەرگەیەک چوو بووە ماڵی پیرەژنێک، پێشمەرگەکە ئاربیجی پێبوو پیرەژنەکە لێیپرسیبوو ئەم چەکە چۆن دەتەقێت، پێشمەرگەکە گوللەیەکی ڕەبت کردبوو پەنجەی لێکێشا بوو ووتبووی ئاوا دەتەقێ، منداڵێکی ماڵەکە کە شیرە خۆرە بوو لە دواوە بە گڕی ئاربیجیەکە گیانی لە دەستدا.

پێشمەرگەکانی شارەزوور دوو ڕۆژ پرسەیان بۆ منداڵەکە دانا هەوڵیاندا سولح بۆ پێشمەرگەکە بکەن و پیرەژنەکە کێشەکە گەورە نەکات پیرەژنەکەش دەیووت دەچمە لای مامجەلال شکات دەکەم دەیووت ئەو کوڕەم بمایە کوڕێکی لێدەردەچوو شمشێری لە دەمی دێو دەدا ئیتر پیرەژنەکە ناخۆشی کردبوو مەحموود گەرمیانیش پێیووتبوو دانیشە پیرێژن سێ ڕۆژە لە تۆ دەپاڕێمەوە ئەم هەتیوە چڵمنەی تۆ چیبوو «عەلە چڵمە».

## ســـــــمس

مامجەلال دەمانچەیەکی سمسی بۆ مەحموود گەرمیانی ناردبوو پێنج فیشەکی تیا بوو، مەحموود گەرمیانی ووتبووی گەواو باوکی وا هەیە بە «٣٠» فیشەک ناکەوێت، مامجەلال سمسی بۆ ناردووم.

## کـــــۆبوونەوەی تـــــایبەت

هەر کەسێک ببوایە بە پێشمەرگە و گومانیان لێی هەبووایە پێیان دەووت با بچینە ئەو پشتەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان هەیە لە گەڵت، مەحموود گەرمیانی ئەوەی بیستبوو کە چوو بوو بۆ پێشمەرگایەتی ووتبووی ئەوەی من بەرێت بۆ کۆبوونەوەی تایبەت یەکسەر دەیکوژم.

## جـــــــمێن

کاک نەوشیروان، مەحموود گەرمیانی بانگکرد بوو ووتبووی مەحموود بیستوومە جنێو زۆر ئەدەی بە خەڵک لەمەولا جنێو بە خەڵک مەدە.

کە هاتبوونە دەرەوە ئەحمەد شاتوانی ووتبووی لە قسەکانی کاک نەوشیروان بێتاقەت مەبە مەحموود گەرمیانی ووتبووی لە قسەکانی بێتاقەت نیم بەس لەوە بێتاقەتم بە جمێنی ئەوت جنێو، کوا من جنێو ئەدەم جمێن ئەدەم.

## دکـــــــتۆر و طـــب

لە سەید سادق گوللەیەک لە مەحموود گەرمیانی دابوو بریندار بوو، مەحموود گەرمیانی بڕوای بە دکتۆر نەبوو ئەیووت قابیلە گوللە بێت بێژێ سیپلکی لێرەدایە لێینادەم، ئەمە دڵیەتی لێرە لێینادەم گوللە کە لێت ئەیات چۆن بڕوات دەڕوات.

شەوێک کەوتبووە چاڵێکەوە شیشێک چوو بوو بە سمتیدا دکتۆر مەحموود چارەسەری بۆ کردبوو لە دوای ئەو چارە سەرەوە دەیووت ئیتر ئیعتراف دەکەم بە طب.

## دێـــی بـــەشی پـــیرك

دێی بەشی پیرک لە سەر ئاوی سیروانە، پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک چوون بارەگایەک دابنێن بە ڕۆژێک بارەگاکەیان درووستکرد بێ دەرگا و پەنجەرە، دەرگاکە پەردەیان پێداگرتبوو ژوورەکە تاریک بوو ئەبووایە کە چوویتە ژوورەوە کەمێک دانیشیت تا چاوت دەکرێتەوە.

کامەران عوسمان چووە ژوورەوە دانیشت لەتیفی حەمەی مەلا سابیر فەرماندەی کەرت لە سووچەکەی سەرەوە پاڵ کەوتبوو عەبدوڵڵای سلیمان بەگ و ئەکرەمی عەلی حەمە شەریف هاتنە ژوورەوە دانیشتن کاک (لەتیف) یان نەبینی دەستیانکرد بە زەمکردنی کە چاویان کرایەوە کاک «لەتیف»یان بینی، کاک لەتیف هەستا ووتی سەلاموعەلەیکوم تەواو بوون.

## لـــێدانی ئـــیستخباراتی هـــەڵەبجە

## 1982

فاتیح مستەفا ئەمین و ئەکبەر یەناخی وەکو دەستەیەکی تایبەت لە ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان، شارەزوور دەگەڕان.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ فاتیح مستەفا و ئەکبەر یەناخی چوونە ناو هەڵەبجە و تەقەیان لە ئیستخباراتی هەڵەبجە کرد.

چەکدارەکانی ئیستخباراتی هەڵەبجە لە بەر ڕووناکی گڵۆپەکانی دیار بوون، مەخزەنێکیان پێوەنان و گەڕانەوە لە گەڕانەوەدا لە باوەکۆچەک چاویان بە مەحموودی حاجی فەرەج کەوت، فاتیح و ئەکبەر چوونە کەرتەکەی مەحموودی حاجی فەرەج، فاتیح کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

## لـــــێدانی مـــــوديری مـــــونەزەمە
## 1982/7/17

حەڤدەی تەموزی ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگەکانی شـارەزوور بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلی مدیری مونەزەمەی شارەزوور دانا کە ژمارەکەی (١٦٤) بوو.

کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١٧ حەمە قاشتی و سێ پێشمەرگەیتر خۆیان لە بۆسە نا لە کاتژمێر ١١:١٥ دەقیقە ئۆتۆمبێلی مونەزەمەی باوە نوور دەرکەوت.

هەر چوار پێشمەرگەکەی شارەزوور چوونە سەر جادەو تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکە کرد، لە ئەنجامدا مدیری مونەزەمەو سێ چەکدار کوژران ئەوانیتریش بریندار بوون.

دوای لێدانی ئۆتۆمبێلەکە پێشمەرگەکان لە سیارەوە هاتنە خوارەوە چوونە ئەحمەد برنە، لە سەر حەوزی مزگەوتەکە دانیشتبوون مامۆستا شێخ جەمال مەلای ئەحمەد برنە هاتە لایان ووتی پەنێکتان ناوەتەوە ئێرە جێبهێڵن یەکێک لە لێپرسراوە گەورەکانی بەعستان کوشتووە کە مدیری مونەزەمەیە قائید فیرقە و ئامر لیواو سەربازێکی زۆر لە سەر جادەن دڵنیابن بۆ ئێرە و عازەبان هێرش دەکەن.

## حـــــەمە قـــــاشتی
## 1982

حەمە قاشتی لە قەراغەوە دەگەڕایەوە لە ژێر پردی جادەیەک خەوت کاتێک بە ئاگا هات کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو هاتە سەر جادەکە تەماشایکرد ١٢ کرێکاری فەرمانگەی دارستان خەریکی درەخت هەڵپاچین بوون.

پێکابێکی حکومەتی هات حەمە قاشتی وەستاندنی کەسێک لە پێشەوە دانیشتبوو لەگەڵ شۆفێرەکە حەمە قاشتی سەرکەوت لە گەڵیان ووتی من جاشی زەڕایەنم ئەگەر بمگەیەننە زەڕایەن مەمنوون ئەبم، بە دەم ڕێگەوە گەیشتنە میرەدێ حەمە قاشتی میلی تفەنگی لێ هێنانەوە بەرەو زەلە ڕەشی بردن فەوجێک سەربازی لێبوو گەڕانەوە میرەدێ لەوێوە بۆ ئەحمەد بڕنە.

فەوجێک سەرباز بە دوای پیکابەکەدا هاتنە ئەحمەد بڕنە لەوێشەوە بۆ وازۆڵ، لە وازۆڵ بەو لاوە ڕێگەی ئۆتۆمبێل نەبوو حەمە قاشتی دوو مەخزەن فیشەکی نا بە ئۆتۆمبیلەکەوەو جێیهێشت، بەرەو بناری گولان سەرکەوت، هێزەکەی دوژمن گەیشتە گولان لەوێوە گەڕانەوە وازۆڵ پیکابەکەیان خستە سەر فلاتێک و بردیانەوە.

هەمان ساڵ حەمە قاشتی لە (بیرکێ)ەوە دەرۆیشتەوە بۆ دیوی قەراخ گەیشتە دۆڵی بێ مەحکەمەو سێ ئیڤای سەربازی بە دوای یەکدا هاتن تەقەی لە هەر سێ ئیڤاکە کرد ماوەی کاتژمێرێک شەڕی لە گەڵدا کردن دواتر سەرکەوتە سەر شاخی مەحموودە ڕەش، دوژمن بە هاوەن و دۆشکە لە شاخەکەیدەدا.

# هەرێمی دوو- کەرکوک

## هـــــەرێمی دووی کەرکوك

ناوچەکانی دووکان، پیرەمەگرون، قەڵا سێوکە، شێخ بزێنی تا دەگەنە شوان و کەرکوک

## هـــــەرەسی شـــۆڕشی ئـــــەیلول

هەرەس ئاهوو کەسەرو نەهامەتییەکی گەورە بوو، کاریگەری زۆری لە سەر دەروونی خەڵک دانابوو، بە پانتایی ناوچەکانی سەر زێ و خاڵخالان و کەرکوک تا دەگاتە لێوارەکانی سلێمانی، بە تێکڕاو سەرجەمی شاروشارۆچکەکانی کوردستان لە هەولێرەوە تا دهۆک غەمبارو ڕەش پۆش و چاو بە فرمێسکی دوای هەرەس بوون و لە چاوەڕوانی ژانی لە دایکبوونێکی نوێدابوون، ژانی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان.

لە بەر هۆبەو هەیوان و بەر بەڕۆچکەی ماڵاندا، لە بەردەم سێبەرو سایەی مزگەوتەکاندا خەڵکی دۆش داماوو دڵشکاوو غەمبار بوون، شەن و کەوی دۆخی پڕ کارەساتباری هەرەسیان دەکرد، نقومی غەم و پەژارە و مەینەتی کەوتن و هەرەسی شۆڕشێکی چواردە ساڵەی پڕ چەک و چۆڵ بوون.

## چـــــرپەکانی دەمـــــی هـــــەرەس

لە گەرمەی هەرەسی شۆڕشێکی چواردە ساڵ، شۆڕشی ئەیلول، لە ناو منداڵدانی هەرەسێکی ڕەش و تاریک، ئومێدی شۆڕشێکی نوێ ژان گرتبووی هەنگاو ساڵ و مانگ تێدەپەڕین و کۆرپەی شۆڕشی نوێش گەورەتر دەهاتە پێش چاو.

## ڕێـــــکخستنەکانی کـــــۆمەڵە

لە ناو هەناوی شۆڕشی ئەیلول و لە ١٩٧٠/٦/١٠ دا کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە دایک بوو وەکو پێداویستییەکی کۆمەڵگەی کوردەواری و وڵامدانەوەی

خواستەکانی قۆناغی خۆی، خواستی ڕێکخستنێکی پتەوی ڕەنجدەرانی بیرو بازوو، خواستی گرتنە دەستی جڵەوی شۆڕش و دەربازکردنی لە دەستی خێڵ و دەستەو تاقمی بەرژەوەند خواز، هێواش هێواش کۆمەڵە گەورەتر دەبوو فراوان دەبوو، ڕێکخستنەکان پەلوپۆی زیاتری دەهاویشت، لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان ڕەگی زیاتری دادەکوتاو جێ پێی خۆی قایم دەکرد.

کۆمەڵە هەستی بە مەترسییەکانی ئەو دەمی کوردستان کردبوو، پێوابوو ئەمڕۆ یا سبەی ئەو شێوازە لە ڕێکخستن و پەیوەندی سیاسی بۆ درێژەدانی شۆڕش و ژیانی سیاسی زوو یا درەنگ هەرەس دێنێ، بۆیە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، زاخاو دراو بە بیری پێشکەوتوخوازانە سازو ئامادەی دۆخی دوای هەرەس بوون.

سنووری دووکان- پیرەمەگرون تا دەگاتە سەر زێ و چەمی ڕەزان و کەرکوک، قوڵپی ئەدا، دەیان گەنجی ئازاو خوێن گەرم ئامادەی دەستدانەوە چەک و چوونە شاخ بوون، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پەلووپۆی خۆیان هاوێشتبوو، دەیان گەنجی ژیرو خوێندەوار، خوێندکاری زانکۆ، جوتیار، کرێکار لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا ڕێکخرابوون، کۆمەڵە بە جۆرێک کاریگەری دانابوو لە سەر خەڵکی کوردستان، کە ئومێد بەخش و وزە بەخش و مژدە بەخشی سەردەم و قۆناغێکی نوێی لە گەڵدابوو.

لە سنووری پیرەمەگرون مەلا عەلی یەکێک لە گەنجە ڕۆشنبیرو بەتواناکانی دێی کۆکە بوو، کە بەردەوام لە گفتوگۆکانیدا پەیامی شۆڕشی ئەدا بە گوێی خەڵکدا، پەیامی هەڵسانەوەو بیری چەپ و پێشکەوتوخوازانەی ئەوتۆ کە کۆتایی بە زوڵم و زۆر دێنێ و تەمی هەرەس لە بالای پیرەمەگرون دابماڵێ و بڕەوێنێ.

بەردەوام گەنجی تازە پێگەیشتوو، تێگەیشتوو سەردانی کۆکەیان دەکردوو پەیوەندی ڕێکخستنەکانی شارو مەلا عەلی بە هامووشۆکانەوە دیار بوو، ژنێک بە ناوی فەزیلە خان، کەمال عەلی، هاوار، دڵشاد پەنگینە، فەرەیدون، دکتۆر مارف، لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون بەردەوام سەردانی (مەلا عەلی) یان دەکرد.

هەر لە سنووری دێیەکانی، کۆکە و کرژە و باخ ، شێخ شەماڵی باخ یەکێک لە ڕێکخستنە ژیرو وریاو چالاکەکانی کۆمەڵە بوو کە ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوو لە گەشەپێدان و فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سنوورەکە.

لە سنووری چەمی سوورقاوشان و قەڵاسێوکە و شێخ بزێنی تاکو سەر زێ فەقێ وشیارو بێستوون، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان گەشەپێداو هەر لە سەر دەستی ئەوانیش یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی دروستکرا.

## چـــــاپخانەی تـــــۆڵە

لە دێی کۆکەو لە ماڵی مەلا عەلی چاپخانەیەکی بچووکیان دانابوو بە ناوی چاپخانەی تۆڵە، بەیاننامەو بڵاوکراوەو هەڵوێست و پەیامی شۆڕشی نوێیان پێ چاپ دەکردو بڵاودەکردەوە، پێداویستی چاپخانەکە لە سلێمانی دەستەبەر دەکرا، کە چەند جارێک سابیر کۆکەیی بۆ پەیداکردنی پێداویستی چاپخانەکە چووە سلێمانی.

لە سنووری قەزای دووکانیش، لە بەکرەجۆ تەریب بە دێیەکان سەر ڕێگەی دووکان تا ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە وجودیان هەبوو شانەی ڕێکخستنیان دروستکردبوو، بێستوون سابوراوایی یەکێک لە کادیرە دیارەکانی سنوورەکە بوو، لە دووکانیش حەمەدەمین کوێرەکانی و عبداللەی ڕەسوڵ قەساب و کەمال تەها، کوردۆ، جەمالی حاجی محەمەد، لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون، دواتریش یاسین سلیم جوبلاغی و مەلیحە خان، عەلی سوور لە ناوچەکە لە ڕێکخستنەکان خۆیان ساز دابوو.

## مـــــەفرەزە ســـــــــەرەتاییەکان

یەکەم دیداری فەقێ وشیار و بێستوون عەسکەری لە چەمی سوورقاوشان بوو، بێستوون وەڵامی بۆ فەقێ وشیار ناردبوو تا ببینێ، لەوێ تەگبیریان کردبوو چی بکەن تا مەفرەزەیەک درووست بکەن، دیدارەکە بەردەوام بوو، جاری دووەم بێستون و فەقێ وشیار یەکتریان بینییەوە، ئەمجارەیان عەلی مەجید خەڵکی گۆپتەپە شیان لە گەڵدابوو، ڕاوێژی ئەوەیان کرد چۆن هەندێک چەک بکڕن و پەیدا بکەن.

لە سنوورەکە پیاوێک هەبوو خەڵکی شۆڕناخ بوو چەکی لادەست دەکەوت، فەقێ وشیار چووە لای و داوای کرد چەند چەکێکیان بۆ پەیدا بکات، سەرەتا (حەمە ناڵە) پەیمانی نەدا بەڵام دواتر ڕازی بوو کە چەکیان بۆ پەیدا بکات.

فەقێ وشیار بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە لای بێستوون، بێستوون پارەکەی پەیدا کردبوو دایە دەست فەقێ وشیار، فەقێ هوشیاریش گەڕایەوە لای (حەمە نالە) و کلاشینکۆفێکی ڕەقەم دەی لێکڕی بە ٣٢٥ دینار، بێستون دەمانچەیەک و بڕنەوێکی پەیدا کردبوو، مەفرەزەیەکیان درووست کرد، پەیوەندی نێوان مەفرەزەکە و ڕێکخستنەکانی کەرکوک- سلێمانی لە ڕێگەی شێخ محەمەدی شێخان و محەمەدی مەلا ڕەشیدی کلێسە بوو.

مەفرەزەکە بە دێهاتەکانی سنووری سوورقاوشان و کۆکە و باخ و کرژە و ناوچەی پیرەمەگرون و دووکان تا سەر زێی بچووک و شوان و شێخ بزێنی جەولەیان دەکرد، بە هەنگاوی گورج و خێرا، زەرزی و قۆچبلاخ و عەوالان و دەرەنار، سرد، سێکانیان، سوورقاوشان، شێخان، عەسکەر، لوتگە و مایلە، کەڵەشێرە، یان پێکەوە دەدووری و گرێدەدا.

کوێخا نەریمانی کەڵەشێرە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکە بوو هاوکاری مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو بە تایبەت حەمە غفور ئاغجەلەری، دواتریش مەفرەزەکەی بێستوون و فەقێ هوشیار بەردەوام بوون لە جەولەو خۆناسان و خۆپیشاندانی خەڵکی ناوچەکە و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش.

ڕۆژێک چوونە ماڵی حاجی خدر قەرەوەیسی کە پیاوێکی کۆچەری و چێوار بوو، هەندێک تفەنگی لابوو، کلاشینکۆفێکی پێنج بزمارو بڕنەوێکی دار شوشەی ڕەقەم ١٢ی دایە مەفرەزەکە کە بۆ ئەو سەردەمە دەسکەوتێکی باش بوو.

هەمان کات عەلی عەسکەریش هاتبووە دۆڵی جافەتی حەمە غەفورو نوعمان و خەلیل بێدەری و چەتۆی کەریمە سووری دەشتی کۆیە پەیوەندیان پێوەکردبوو، لە ماڵی مامە ڕەزاش کۆمەڵێک لە خزمان و دۆستان لەگەڵ عەلی عەسکەری بوونە پێشمەرگە، مام قادر و حەمە سوور باوکی مامە حەمە لە کەلکە سماق، ژمارەیەک لە خەڵکی سێکانیان لەگەڵ عەلی عەسکەری بوون، عەلی عەسکەری ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی بینی لە بوژاندنەوەی شۆڕش لە ناوچەکە.

هەندێک مەفرەزەی پارتی لە ئێرانەوە هاتبوونە ناوچەکە، دوو جهازی هۆکی

تۆکیان پێبوو، پەیوەندیان لەگەڵ حکومەت هەبوو، قالە فەرەج و تەحسین شاویس لەگەڵ مەفرەزەکان بوون، لە نێوان قزڵ و کانی بی و لە سەر کانیەکی فێنک و سازگار حەمە غفور ئاغجەلەری و ٩ پێشمەرگەیان شەهید کردوو تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە، دوای تەسلیم بوونەوەی قالە فەرەج و مەفرەزەکەی، لە دێی بۆڵقامیش هاتنە سەر پێشمەرگە و تەقە ڕوویدا، لەو ڕووبەڕوبوونەوەیەدا جاشێک بریندار بوو.

مەفرەزەکە بەردەوام بوو لە جەولەکردن و خۆپیشاندان، هەنگاو هەنگاو فراوان دەبـوو، بە نامەی کاک ئـارام، ئـازاد هەورامی وەکـو کادیری سیاسی هاتە ناو مەفرەزەکە، ئازاد هەورامی کادیرو بێستوونیش فەرماندەی مەفرەزەکە بوو.

نامەو هەواڵی ڕێکخستنەکانی شار لە ڕێگەی مەفرەزەکەی بێستوون دەگەیشتە دەستی کاک ئارام لە قەرەداغ، ماوەیەک فەقێ وشیار نامە و بەریدی ڕێکخستنەکانی دەگەیاندە شاخ.

دوای ماوەیەک ئازاد هەورامی بووە فەرماندەی مەفرەزەکە و بێستوون بووە کادێری جەماوەری، شەوانە دادەبەزینە ناو دێیەکان چوونکە مانەوەی ڕۆژانە لە دێیەکاندا ئەستەم بوو، ئەو سەردەمە ڕژێم سەدان سەربازو جاش و کۆپتەری بەردابووە ناوچەکە.

ساڵی ١٩٧٧ یەکێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو شـاردا گیراو لە ژێر ئەشکەنجەدا نـاوی ڕێکخستنەکانی زانکۆی سلێمانی ئاشکرا کرد، یەکێک لەو کادیرانەی ئاشکرابوو مەلا عەلی بوو، بۆیە لە دەستی ڕژێم هەڵاتوو بووە پێشمەرگە.

سابیر کۆکەیی یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە بوو، لە نێو چەمی کۆکەدا گەڕابوو، سەرنجی چووبووە سەر کەسێک لە نێو پووش و پەڵاش و تورکی ئەو گوێ چەمە خۆی حەشارداوەو بوخچەیەکی پێیە، کە لێی نزیک ببووەوە مەلا عەلی بوو، سابیر کۆکەیی لێی پرسیبوو چیدەکەی لێرە، مەلا عەلیش وتبووی بوومەتە پێشمەرگە، ئەو سەردەمە چەک و تەقەمەنی کەم بوو بە ئەستەم دەست دەکەوت، مەلا عەلی دەمانچەیەکی مەلا برایمی خاڵی پێبوو کە پێشکەشی کردبوو.

## چـــــالاکی نـــاو شـــار

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢٣ چوونە ناو شاری کەرکوک و چالاکییەکیان ئەنجامدا

لەم چالاکییەدا مفەوەزێکی ئەمن بە ناوی عەبد و دوو پۆلیس کوژران

## شـــــەهیدبوونی حـــەمە غـــەفور ئـــاغجەلەری و هـــــاوڕێکانی 1977/7/23

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) حەمە غەفور ئاغجەلەری بووە پێشمەرگەو مەفرەزەی سەرەتایی پارتیزانی لە سنوورەکانی کەرکوک ئاغجەلەر پێکهێنا، لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی لە ناوچەکانی کەرکوکدا دوژمنی هەراسان کردبوو، دەستی لە هێزەکانی داگیرکەر وەشاندو ترس و دڵەڕاوکێی خستە دڵ و ناخی دووژمنەوە، دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم لە ئەمن و ئیستخبارات و سووپا حەمە غەفوریان بە ئاوی ئاشی شۆڕشەکە دەزانی لە سنووری کەرکوکدا، هەر بۆیە کەوتنە پیلان و لە ڕێگەی جاش و خۆفرۆشانەوە تەون و داوی مەرگیان دەچنی.

پێش شەهید کردنی حەمە غەفور ئاغجەلەری لە خەودا، دوژمن خێزانەکەی و باوکی و منداڵەکانی حەمە غەفوریان دەستگیرکردوو بردیاننە بەندیخانەی ناسریە.

پێش دەستگیرکردنی خێزانەکەشی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات چوار پاسەوانیان بە بەردەوامی لە بەردەرگا و دەورووبەری ماڵی حەمە غەفور دانابوو بە خەیاڵی ئەوەی حەمە غەفور بگەڕێتەوە ماڵەوەو دەستگیری بکەن.

## پـــیلانی شـەهید کردنی حـەمە غـەفورو هاوڕێکانی

دووژمن لە مێژ بوو خەریکی پیلانگێڕان بوو لە حەمە غەفور ئاغجەلەری، جاش و سیخوڕو چڵکاو خۆری داگیرکەریش سازو ئامادەو لە سەر چۆک بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی داگیرکەر، بۆ سەر بڕینی کۆرپەی شۆڕش.

لە بەرە بەیانی ١٩٧٧/٧/٢٣ و لە شیرین خەودا حەمە غەفورو هاوڕێکانی

بە پیلانی ئیستخبارات و لە لایەن جاشە چڵکاوخۆرو خۆفرۆشەکانەوە شەهید کران، هێلیکۆپتەر هاتە ناوچەکەو جاشەکانی هەڵگرتەوە، تەرمی حەمە غەفوریش لە ئاغجەلەر بە خاکسپێردرا، بۆ ماوەی چل ڕۆژ زرێپۆش و پاسەوان دەوری گۆڕەکەیان دابوو، نەبا تەرمەکەی دەربهێنرێتەوەو لە شوێنی تر بە خاکی بسپێرن.

شەهید بوونی حەمە غەفورو هاوڕێکانی کۆستێکی گەورە بوو لە شۆڕش و ناوچەی کەرکوک کەوت، بەڵام خوێنی حەمە غەفورو هاوڕێکانی بووە کڵپەی ئاگرەکەی بابە گوڕگوڕو زیاتر ڕەونەقی دەدایەوە.

**ئەو پێشمەرگانەی لەم پیلانەدا شەهید بوون ئەم نەمرانەن:**

١- شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری ئەندامی سەرکردایەتی کەرکوکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

٢- شەهید ئەنوەر کەریم خەڵکی عەلی بەیان

٣- شەهید ئەحمەد محەمەد خەڵکی عەلی بەیان

٤- شەهید عبداللە تۆفیق خەڵکی چیا سەوز

٥- شەهید حەمید عەزیز خەڵکی چەمچەماڵ

٦- شەهید ڕەمەزان سەعید خەڵکی چەمچەماڵ

٧- شەهید حامید مەلا ئەحمەد خەڵکی گۆپتەپە

٨- شەهید سەعید عومەر خەڵکی گۆپتەپە

٩- شەهید ڕەزا عومەر خەڵکی گۆپتەپە

چەند پێشمەرگەیەکیش بەدیل گیران و تەسلیم بە ڕژێم کرانەوە .

کاتێک حەمە غەفور شەهید بوو هێشتا باوکی و خێزان و مناڵەکانی لە بەندیخانە بوون، جەللادەکانی بەعس لە بەندیخانە ناوی خێزانەکەی حەمە غەفوریان خوێندەوەو وتیان کوڕەکەتان هاتووەتەوە باوک و خێزانی حەمە غەفوریان هێنایە دەشتێک لە دەورووبەری بەندیخانەکە، تا بەرەبەیان لە بەر حەپە و پەلاماری سەگ خەو نەچووە چاویان، بۆ بەیانی بردیاننە بەغدا، لەوێشەوە سواری ئۆتۆمبێل بوون و هاتنە کەرکوک بۆ ماڵی پوریان، کە چوونە ماڵی پوریان سەرتاپا ڕەشپۆشبوون،

هەوراتامەی کتێب

ئەمان نەیانزانیبوو حەمە غەفور شەهید بووە، پرسیان چیە بۆ وا مات و ڕەشپۆش و غەمگینن وتیان هیچ نیە خاڵە کوێخا کۆچی دوایی کردووە بۆیە وا ڕەشپۆشین.

بۆ ڕۆژی دوایی خێزانی حەمە غەفور و باوکی و منداڵەکانی حەمە غەفور گەڕانەوە ئاغجەلەر، لەوێ زانیان حەمە غەفور شەهید بووە.

حەمە غەفور لە ئاغجەلەر بە خاک سپێردرا، گۆڕەکەی بە زرێپۆش و سەرباز دەوری گیرابوو، ڕێگەیان نەدەدا کەس بچێتە سەر گۆڕەکەی.

خاتوو وەزیرە خێزانی شەهید حەمە غفور کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوو بڕیاریدا ئەگەر بیشیکوژن بچێتە سەر گۆڕی حەمە غەفور، لەگەڵ سەرداری کوڕیدا کە بچووک بوو چوونە سەر گۆڕی حەمە غەفور، کە نزیک بوونەوە لە مەزاری پیرۆزی حەمە غەفور سەربازێکی عەرەبی لێبوو قورئانی دەخوێند، سەربازەکە بە وەزیرە خانی وت وەرە پێشەوە تۆ چی ئەم گۆڕەیت، وەزیرە خان وتی هاوسەرمە، سەربازەکە بە وەزیرە خانی وت (کورد بە پارە کوشتی).

کە حەمە غەفور شەهید بوو منداڵەکانی بچووک بوون سەرکەوت حەوتساڵ بوو، وەکو خەونێک باوکیان دێتەوە پێش چاو، بەڵام جوامێری و گەورەیی و ئازایەتیان لە دەمی خەڵکەوە بیستووەو شانازی بە باوکیانەوە دەکەن، وەزیرە خانی دایکیان دوای شەهید بوونی حەمە غەفور بووە باوک و ئازایانە پێیگەیاندن.

حەمە غەفور ساڵی ١٩٣٩ لە ئاغجەلەر لە دایک بووە بنەماڵەکەی دژ بە داگیرکەری عوسمانی جەنگاون قۆناغ بە قۆناغ لە بزووتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاون و بەشداری دیاریان هەبووە، ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول و پلەی سەر لق بووە.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) بووەتە پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بووە لە سنووری کەرکوک، لە بەرە بەیانی ١٩٧٧/٧/٢٣ بە دەستی خۆفرۆشان شەهید بوو.

## شـــــەڕی نـــاو شـــوان

١٩٧٧/٨/١٤ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دێی ناسر و میسری شوان بەرەنگاری

هێزی دوژمن بوونەوە . لەو شەڕەدا (٥) سەرباز کورژان و سەربازێک بریندابوو

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٨/٣٠ لەسەر ڕێگەی کەرکوک سلێمانی بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا لەو بۆسەیەدا پۆلیسێک کوژرا.

## بـــــەرەو سـێگـۆشەی ســـــنوور

مەفرەزەکەی فەقێ وشیار و هاوڕێکانی بە مەبەستی پەیداکردنی چەک بەرەو قەندیل ڕۆیشتن، گەیشتنە سێ گۆشەی سنووری تورکیا-ئێران-عێراق لە دۆڵە فشە بارەگایان دانا، سێ پێشمەرگەی مەفرەزەکە لەگەڵ مولازم حەسەن خۆشناو ڕۆیشتن بۆ بەدەستهێنانی چەک، دوانزە دۆشکاو ژمارەیەک چەک هاتبوو، قیادەی موەقەتە لێیدان و دۆشکەکانیان گرت، مولازم حەسەن خۆشناو و کەمال گوڵەیی شەهید بوون، لە مەفرەزەکەی چەمی ڕەزان، نەجات نوری، ناسراو بە چالاک شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەک دیل و بریندار بوون، بریندارەکانیان ئیزن دابوو، شێخ جەواد بیدەری یەکێک لەو بریندارانە بوو.

## گـــــــفتووگۆیەکـــی کــــورت

ئەو دەمە حکومەتی عێراقی شێخ محەمەدی لۆلانی ناردبوو بۆ گفتووگۆ، عەلی عەسکەری بە سەرۆکایەتی وەفدێک چووە بەغدا، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، شێخ محەمەد لۆلانی کەسایەتی ناسراوو دۆستی هەڤاڵ مامجەلال بوو.

## هـــــاتنی چـــــەك

پاش ماوەیەک چاوەڕوانی و مانەوە لە قەندیل، ٣٠٠ کلاشینکۆف و ١٢ ئار بی جی و دوو هاوەن لە شەمزینانەوە هات و گەیشتە دەستی پێشمەرگە، سێ کلاشینکۆف و ئاربی جی یەک بەر مەفرەزەکەی چەمی ڕەزان کەوت، شێخ جەواد کرایە لێپرسراوی گشتی پێشمەرگەکانی سنووری چەمی ڕەزان و ناوچەی دووکان، بێستوونیش بە فەرماندەی کەرت و جێگری شێخ جەواد دیاری کرا، بەرەو ناوچەکە گەڕانەوە، بە بناری کێلە شیندا بەرەو قەندیل بەڕێکەوتن ٢١ کاتژمێر بەڕێگاوە

بێوچان لە ڕۆیشتن دابوون، ماندوو شەکەت و هیلاک بوون، پێشمەرگە هەر بە پێوە خەوی لێدەکەوت، هەندێک جار بەدەم خەوەوە لە لاڕێدا قاچیان دەترازاو هاوڕێکەی دوایەوە دەیگرتەوە.

## ســـــــوورداش

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١٠/٥ هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لەگۆڕەجوی سورداش و دوو سەربازیان کوشت.

## شــــەهیدکردنی پــــێشمەرگە

جاشەکانی قالە فەرەج لە ١٩٧٧/١٠/٢٩ گەمارۆی چەند پێشمەرگەیەکیاندا لە دێی شیوەجانی تەق تەق، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد

**شــــــەهیدەکان**

١- شەهید ئەحمەد محەمەد خەڵکی عەلی بەیان ناوچەی - شوان
٢- شەهید نەسرەدین محەمەد ئەمین خەڵکی دانە سۆفی – شوان

## هـــــــەرێمی 2
## مـــانگی 1977/12

هەرێمی ٢ی کەرکوک لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دروستکرا، لە چەمی قەڵاچوالانەوە تا زێی دووکان بە دۆڵی سورداش و شوان و شێخ بزێنی تا سەر زێ و قەراغەکانی کەرکوک، سنووری جوڵەو چالاکی هەرێمی ٢ بوو.

### پـــێکهاتەی هـــەرێم بـــەم شـــێوەیە بوو

| | |
|---|---|
| حەمەی مامە سەلام | فەرماندەی هەرێم |
| شێخ جەواد | جێگری هەرێم |
| بێستوون عەسکەری | فەرماندەی کەرت |
| جەبار جەمیل | ڕێبەری سیاسی |

## چـــــالاکی گـــــــۆپتەپە 1977

گۆپتەپە سریەیەکی سەربازی لێبوو، پێشمەرگەش چوونە سەر سریەکەو دەسرێژی گوللەیان لێکرد و کشانەوە، مەبەست لە چالاکیەکە دەنگدانەوەی سیاسی و سەربازی شۆڕشی نوێ و پەیامی زیندوویەتی شۆڕش بوو لە ناوچەکە.

## ســــێکۆچکەی ئـــــەشکەوت

پێشمەرگەکانی هەرێمی کەرکوک سوودیان لە ئەشکەوتەکانی سنوورەکە دەبینی بۆ مانەوە و خۆحەشاردان تیایدا زۆر جار کتێب و بەڵگە نامەشیان لەو ئەشکەوتانە دەشاردەوە.

## ئەشـــــکەوتی بـــارام

ئەشکەوتی بارام لەبن شاخێک بوو لە شێخان لە شوێنێکی مەحکەم و شاراوە بوو

هەتاکوو نەچوویتایەتە بەردەم ئەشکەوتەکە نەیاندەبینی، کەسێک شارەزانەبووایە نەیدەزانی ئەشکەوتە

ئەشکەوتی بارام جێگای حەوانەی دەیان پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بوو.

## ئەشـــــکەوتی شەیتان باژێڕ- ئەستێرە

ئەشکەوتی شەیتان باژێڕ ئەستێرەشیان پێدەوت بەردوو تاتێکی گەورە بوو لە قەڵاچوغان ئەشکەوتێکی زۆر قوڵ بوو، پێشمەرگە وەکو پەناگە بەکاریدەهێنا و سوودیان لێدەبینی.

## تاتی قەڵاچۆغان

بەردێکی گەورە لە قەڵاچۆغان بوو ژێرەکەی جێگای پێشمەرگەی تیادەبووەوە، بە بەردەکەیان دەوت (تات) یان تاتی قەڵاچۆغان. لەکوردەواریدا بە بەردی گەورەو پان دەوترێت تات، ئەگەر بەردە گەورەکە لە شوێنی بەرز و هەڵواسراوبێت پێیدەڵێن سەرتاتان هەندێک سەر کانی و کارێزەکان بەردی گەورەی لێیە نوێژی لەسەر دەکەن بەو بەردە گەورانە دەڵێن تاتە نوێژ.

پێشمەرگەکانی کەرکوک سوودیان لەو تاتە بەردەی قەڵاچۆغان دەبینی و کتێب و پێداویستی خۆیان تیادا دەشاردەوە.

## شـــــەهیدبوونی پـــــێشمەرگەیەك

جاشەکانی قالە فەرج لە ١٩٧٨/١/٢٠ پەلاماری پۆلێک پێشمەرگەیاندا لە سوورقاوشان کەبەشێکیان نەخۆش بوون دوای شەڕێکی جوامێرانە پێشمەرگەکان دەرباز بوون

زیانی دوژمن بریندار بوونی (١٠) جاش

**قوربانی پێشمەرگە**

شەهیدبوونی پێشمەرگە (ڕەسوڵ ساڵح سەعید) خەڵکی کەرکوک

## شـــــــەڕی چـــــــۆخماخ

بەشێک لە هەرێمی دوو لە ساڵی ١٩٧٨ جەولەیەکیان کرد بۆ دۆڵی جافایەتی لە سەرکانی و ئاوێک لە بناری چیای ئاسنگەران دانیشتبوون دەنگی تەقە لە چۆخماخەوە هاتە گوێ، خۆیان کۆکردەوەو بەرەو چۆخماخ بەڕێکەوتن، دڵنیا بوون جاش و جەیش هێرشیان هێناوە، شەڕ دەستی پێکردوو کۆپتەرێک هاتە ئاسمانی ناوچەکە، پێشمەرگە هێرشی جاشەکانیان تێکشکاندوو بەرەو قزلەر ڕاویان نان، چەند جاشێک کوژران و بریندار بوون، کۆپتەر هاتە سەر کەڵکی قزلەرو جاشەکانی هەڵگرت، جاشەکان بە جۆرێک شکابوون، جۆغەو پشتێنیان جێمابوو.

## بـــــەرەو ســـــــەرکردایەتی

مەفرەزەیەکی هەرێمی ٢ بەرەو سەرکردایەتی و بۆ لای مامجەلال بە ڕێکەوتن، جەنابی مامجەلال بە فەقێ وشیاری وتبوو بگەڕێرەوە هەرێمی ٢ بهێنە بۆ سەرکردایەتی، هەرێمی دووش بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتبوون لە ڕێگا یەکیان هەڵەکردبوو هێزەکەی هەرێمی ٢ بەرەو سەرکردایەتی و لەوێشەوە بەرەو هەکاری بەڕێکەوتن، فەقێ هوشیاریش گەڕایەوە سەرکردایەتی.

هێزەکەی هەرێمی ٢ لە کارەساتی هەکاری دابڕان و تەسلیم بە سوپای عێراق بوونەوە، فەقێ هوشیاریش لە سەرکردایەتیەوە گەڕایەوە سنوورەکە، لەوێ زانیبووی دڵشاد بەنگینە هاتۆتە ناوچەکە یەکتریان بینی و بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتنەوە، لە ڕێگا تووشی حەمەی مامە سەلام بوون، دواتر لەگەڵ ئازادی سەگرمە یەکیانگرت و بەرەو سەرکردایەتی و بۆ لای کاک نەوشیروان بەڕێکەوتن، لەوێ دڵشاد کرایە کادێری کۆمەڵە.

## هـــــــەرێمی چـــــــوار

جەمالی عەلی باپیر تازە لە هەکاری گەڕابووەوە کرایە فەرماندەی هەرێمی ٤، فەقێ هوشیار و ڕەفیقی کەریم جاف کە لە هەکاری ڕزگاری بوو لەگەڵ کاک جەمال هاتنە خوارێ بۆ دۆڵی جافایەتی، ڕەفیق داوای لە کاک جەمال کرد مۆڵەتی بدات تا بچێتەوە سوورقاوشان بۆ لای خێزانەکەی، بۆ ڕۆژی دواتریش فەقێ هوشیار مۆڵەتی وەرگرت و گەڕایەوە سوورقاوشان.

ئەو پێشمەرگانەی بە ناچاری لە هەرێمی ٢ تەسلیم بە عێراق بوونەوە هەندێکیان گەڕانەوەو چەکیان کڕیەوە، هەندێکیش کە نەگەڕانەوە پارەی چەکەکانیان دەناردەوە بۆ مەفرەزەکەی سوورقاوشان، ئەو پارانەش درانەوە چەک و فیشەک و مەفرەزەکانیان درووست کردەوە.

دوای درووستبوونی مەفرەزەکە بەرەو سەرمۆردو سەرتەزێن بەڕێکەوتن، چوونە لای کاک جەمال لە قەرەنگوێ، کاک جەمال نامەی بۆ نووسین، بۆ مام جەلال و کاک نەوشیروان و بەرەو سەرکردایەتی هەنگاویان هەڵهێنا، لە سەرکردایەتی (١٢ کلاشینکۆف و ئار بی جی) یەکیان وەرگرت و بەرەو سنووری خۆیان گەڕانەوە، عەلی شاماریان وەکو ڕێبەری سیاسی لەگەڵ ناردنە خوارەوە، دوای ماوەیەک عەلی صاڵح یان ناردە هەرێمی دوو.

## شـــــەڕی قـــــــەشقۆڵی

دوو ئەندازیاری ڕووسی ڕۆژانە دەهاتنە قەشقۆڵی و ناوچەی دووکان، پێشمەرگەکانی هەرێمی دوو خۆیان لە بۆسە نا بۆیان تا دەستگیریان بکەن.

مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٨ بو فەقێ هوشیارو بێستوون و پشتیوان و وریا سوور و سالار بۆگدی بەرەو قەشقۆڵی بەڕێکەوتن، فەقێ هوشیارو چەند کەسێک بەگردەکانەوە دامەزران دوای ئەوەی ئەندازیارەکان هاتن، چەند سەیارەیەک پاسەوانیان لەگەڵ بوو نەتوانرا دەستگیر بکرێن بۆیە بڕیاریاندا بێ چالاکی نەڕۆنەوە.

بێستوون و پشتیوان و حەسۆی قالە داود لە ناو توتنەکاندا خۆیان حەشاردا و لە سەرجادەی قەشقۆڵی لە بڕی هەنارەکە بۆسەیەکیان دانا، گەلابەیەک کەوتە بۆسەکەوەو گرتیان، بەڵام گەلابەکە لە کارکەوت و سووتاندیان شۆفێرەکەشیان

ئـازاد کـرد، شۆفێری گەلابەکە چـووبـووەوە دووکـان جەیش بـەرەو قەشقۆڵی هات و شـەڕ دەستیپێکرد، فەقێ وشیارو هاوڕێکانی کە بە سەر بەرزاییەکانەوە دامەزرابوون لە سووپاکەیانداو بەرگریان لە پێشمەرگەکانی سەر جادەکە کرد، (٥) سەربازی دوژمن کوژران و پێشمەرگەکانیش بێزیان بوون وسەلامەتبوون بەرەو سوورقاوشان کشانەوە.

## هــــــــەرێمی (2)ی کــــــــەرکوك پـــــایزی ساڵــــی 1978

دوای ڕاگواستنی دێهاتە سنوورییەکانی کوردستان بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی ڕژێمی عێراق بڕیاری وەرگرتنەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکانیدا.

مەبەست لەم بڕیارەش وەرگرتنەوەو لێسەندنەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان بوو لە جووتیارانی کورد تاوەکو خۆی هەڵسوکەوتیان پێوە بکات و مرۆڤی کورد دابڕێت لەو زەوییانەو لە ڕووی ئابورییەوە لاوازی بکات.

بەرنامەی ڕژێم وابوو خۆی زەوییەکانی بکێڵێ و بەرهەمیان بهێنێ بۆ ئەو مەبەستەش ئامێرو مەکینە و تەنکەرو پێداویستی کشتوکاڵی هێنابووە سەر زەوییەکان.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو داگیرکارییەی ڕژێمی عێراق هەرێمی دووی کەرکوک لە پایزی ساڵی ١٩٧٨ هەموو ئەو ئامێرو مەکینە و تەنکەرانەی هێنابوویانە سەر زەوییە کشتوکاڵیەکان لە دێیەکانی کرژە، یاران بەگی، قەرەچەتان، کۆکە و چەرمەگا سووتاندیانن و بەرنامەی ڕژێمی عێراق شکستی پێهات.

## گـــــــــرتنی مـــــەلا عــــــەلی 1979/1/31

مەلا عەلی کادێری پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکان بوو، پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بە بڕواو پڕاوپڕ لە ورەوو بیرو باوەڕی شۆڕشگێرشانە بوو، بەردەوام لە سنووری دووکان و دۆڵی جافەتی لە ژیلوانەوە تا لێوارەکانی کەرکوک جەولەی دەکردوو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی پتەو دەکردوو جۆش دەدا.

لە یەکێک لەو جەولانەدا لەگەڵ دکتۆر مارفی هاورێی لە ١٩٧٩/٧/٣٠ لە چەموو تەنکاییەکانی دێی «کرژە» کەوتنە بۆسەی ڕژێمی داگیرکەرەوە و تەوق دران، دوای بەرگریەکی قارەمانانە دەستگیرکران.

هەواڵی دەستگیرکردنی مەلا عەلی گوێی دارو بەردوو چیاو شاخی سمی، هەواڵ بوو بە ڕەشەباو گەیشتە گشت کوچەو کۆڵانێکی ووڵات، خەڵکی کوردستان بە گشتی و کرژە و کۆکە و دێیەکانی دەورووبەری بە تایبەت دڵگران و غەمبارو مات و مەلوول بوون، هەمووان لە خەمی گیانی (مەلا عەلی) دا بوون.

هەر ڕۆژێک دوای دەستگیرکردنی مەلا عەلی، لە ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١ سوپای عێراق دەوری دێی کۆکەی زێدی مەلا عەلی گرت، ئەفسەرێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرزی فەڵەستینی بە بڵندگۆ خەڵکی دێی ئاگادار کردەوە بچنە تەختاییەکەی پشتی دێ، هەر کەس لە ماڵ نەیەتە دەر تەقەی لێدەکەین.

خەڵکی کۆکە لە تەختایی پشتی دێیەکە کۆکرانەوەو کرانە سێ بەش، ژن و مناڵ، گەنج، پیاوی پیر، بە جیادانران ئەفسەرە ڕەشتاڵەکەی سوپا تاریک و ڕەشەکەی عێراق ژمارەیەک ناوی پێبوو، دەستیکرد بە خوێندنەوەی ناوەکان، عبدالله ڕەشید و سابیر کۆکەیی دەستگیرکران، بردیاننە ناو ئیڤایەک و بردیاننە سەربازگەی سوسێ، لە دێیەکانی باخ و کرژە و تەڕەماریش ژمارەیەک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستگیرکران، تێکڕا ١٢ کەس لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سنوورەکە ڕاپێچی زیندان کران.

لە سەربازگەی سووسێ سابیر کۆکەیی ئازاد کرا،بەڵام ئەفسەرە ڕەشەکە دووبارە دەستگیری کردەوە، ڕۆژی ١٩٧٩/٢/٢ ڕەوانەی فیرقەی ئیستخباراتیان کردن، شەوو ڕۆژێک بە چاو بەستراوی هێشتیاننەوە، ڕۆژی دواتر بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە بەڕێیان کردن کە چاویان کردەوە مەلا عەلی بەکورسییەکەوە بەسترابووەوە وتیان ئەیناسن، ئەوە کێیە، سابیر کۆکەیش ووتبووی: ئەوە حسێن مەلوودە خەڵکی دێی خۆمانەو خزمین، ئێمە وەکو مەلا عەلی نایناسین.

لە ژووری لێکۆڵینەوە بردیاننە دەرەوە بۆ ژووری ئەشکەنجە و هەڵواسین،

بۆ دەرباز بوون لەو ئەشکەنجە زۆرە سابیر کۆکەیی ووتبووی تەنها جارێک لە مزگەوتی دێیەکەمان بینیوومە پێموتووە دەمەوێت ببمە پێشمەرگە هەر هێندە بووە، سابیر کۆکەییان گواستەوە بۆ ژوورێک، مەلا عەلی و دکتۆر مارفی لێبوو، سەلیم پێشمەرگەیەکی هەولێری بوو بە هەڵە خۆی کردبوو بە ناو سەربازگەیەک لە سنووری دووکان و دەستگیرکرابوو ئەویش لە هەمان ژوور بوو.

هاوکات ١٢ کەس لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکە دەستگیر کرابوون فاتیح صالح عبدالله خەڵکی «باخ» شێخ عەتار ئامۆزای شێخ شەماڵی باخ ، ئەنوەر صالح عبدالله خەڵکی باخ، خالید چاوشین خوشکەزای صلاح چاوشین، عومەر غفور تەڕەماری، جەلال عبدالله کرژەیی، عاصی لە قایکەن.

دوای سێ ڕۆژ مانەوە لەو ژوورە ڕەوانـەی هەیئەی کەرکوک کران، لەوێ ئەشکەنجەدان دەستپێکردەوە، مەلا عەلی، خەبات شێخ جەناب، ئاوات عومەر عەلی ئەمین، ئەڵوەن، سابیر کۆکەیی لە ژوورێکدا بـوون، مەلا عەلی لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٢٣/٢٢ پێش عارفە و پێش لێبووردنی گشتی لە سێدارە درا، ئەوانیتر بە لێبووردنی گشتی ئازاد کران.

مەلا عەلی یەکێک لە تێکۆشەرە سەر ڕاست و گیان بەختکردووەکانی کۆمەڵە بوو، لە زیندان دا نموونەی وورەی بەرزو خۆڕاگری ناو زیندان بوو، خاوەنی بیری پێشکەوتووانە و شۆڕشگێرانە بوو، لە زینداندا کاریگەری لە سەر ئەفسەرە پلە باڵاکانی بەعس دانابوو، بە پێچەوانەی ئەو عورفەی کە مرۆڤ بە هەواڵی لە سێدارەدان و گوللەباران کردنی گیان لە دەست دەدات، مەلا عەلی مەرگ و پەتی سێدارەی کردبووە هەوێنی دەیان شیعری جوان و بەرزی شۆڕشگێڕانە، لە ناو ژوورە تاریک و شێدارەکانی زینداندا لە سەر سیمی پاکەتی جگەرە نووسیبوونی و ڕەوانەی دەرەوەی زیندانی کردبوون، کە نموونەی شیعری هەرە بەرزی خۆڕاگری و نەتەوەیی و کوردانە بوون، لە سەردەم و قۆناغی خۆیدا سەنگەرەکانی جۆش ئەدایەوەو دەبووە گوللە لە تفەنگ و لە سەنگەردا، تا ئێستاش هەمان کاریگەریان ماوە.

**نــــــەورۆزی ســــــاڵی 1979**

بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ ڕژێم مەراسیمی گەورەی سازدا لە دووکان، بە نیاز بوون سەرکردە باڵاکانی ئەو کاتی بەعس بەشدار بن هەتا دەنگۆی هاتنی صدام حسێن هەبوو بۆ مەراسیمەکە، پێشمەرگەکانی هەرێمی ٢ لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢١ چوونە قەشقۆڵی و تەقەیان لە سوپای عێراق کردو ڕووبەڕووی کۆپتەرەکانی ڕژێم بوونەوە، بەمەش سوپای عێراق شڵەژاو مەراسیم هەڵوەشایەوە.

عەلی صاڵح نێردرابووە هەرێمی دوو ماوەیەک سەرپەرشتی هەرێمەکەی دەکرد، پاش ماوەیەک صلاح چاوشین کرایە فەرماندەی هەرێم عەلی صاڵح بووە جێگری، عەلی شامار ڕێبەری سیاسی بوو، بێستوون عەسکەری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، دواتر کاک عەلی بچکۆڵ کرایە فەرماندەی هەرێم.

## هـــــاتنی عــــەلی بـــــچکۆل

دوای ئازادبوونی لە زیندان لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ عەلی بچکۆل کرایە فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک، بەمەش هەرێمی دوو گڕوتینی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

هەرێمی دوو سەرەتا دوو کەرتی هەبوو دواتر کرایە چوار کەرت.

فەرماندەی کەرتەکان:

* غەریب عەسکەری
* ڕێبوار کەریم جاف
* حەمید کەریم (پشتیوان)
*هەڵۆ چەمچەماڵی

بێستوون عەسکەری لێپرسراوی سیاسی بوو دەستەی هەرێم و دەستەی عەلی ساڵح هەبوو بۆ ناوچەکانی شێخ بزێنی سەرووخوارو، حەمە بازیانی فەرماندەی مەفرەزە بوو.

سنووری هەرێمی دوو پێکهاتبوو لە سووورداش، هەر دوو قەڵا سێوکە، بازیانی ئەمبەر، شوانەکان، هەر دوو شێخ بزێنی سەروو خواروو، دووکان، سلێمانی بەری جادە.

## دکـــــتۆری هـــــەرێم

سەرەتا هەرێم دکتۆری نەبوو بەڵام هەندێک لاوی خوێندکار گرفتی بریندارەکانیان چارەسەر دەکرد.

دوای ماوەیەک دکتۆر دڵشاد نێردرایە هەرێمی دوو، ئاسۆ کەریم ئاغا عەسکەری خولی بینیبوو، شێرزاد خافز، مامۆستا شێرکۆ عەسکەری هاوکاریان دەکرد.

## تـــــۆپبارانی دوژمــــــن

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ عەلی بچکۆل بووە فەرماندەی هەرێمی دوو، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩ چەند جارێک تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد.

هەرێمی دوو تۆپبارانی ئاغجەلەریان کرد، مانگی چوارو پێنجی ساڵی ١٩٧٩ مۆڵگەکانی دووژمنیان لە دێی بۆگدی بەری کۆیە، گردی بلحان، هەیدەربەگ تۆپبارانکرد، تیکڕای تۆپبارانەکان بە هاوەنی (١٦٠) ملم بوو.

## تـــــەقینەوەی مـــــین

مەفرەزەیەکی هەرێمی دوو لە ١٩٧٩/٨/٣ دوو مینیان چاند، لەئەنجامی تەقینەوەی مینەکاندا ڕائید محەمەدی ئامر فەوج و ملازم ئەوەڵێک و مەفەوزێکی ئەمن بەرکەوتن ملازم و مفەوزەکە لەجێدا کوژران ئامر فەوجەکە بەبریندای گەیەنرایە کەرکوک لەوێ مردوو بە سزای خۆی گەیشت.

## شـــــەڕی بـــــۆگد – کـــــانی ســـــوور 1979/12/5

هەواڵ گەیشتە هەرێمی کەرکوک ڕەبیەی کانی سوور خەڵکی دێیەکە ئازار دەدەن سووکایەتی بە ژنان دەکەن.

بە مەبەستی لێدانی ڕەبییەکەی کانی سوور شەوی ١٩٧٩/١٢/٤ ، (٢٣) پێشمەرگەی هەرێمی دوو چوونە کانی سوور بۆ لێدانی ڕەبییەکە.

ئەوانەی هەواڵەکەیان گەیاندە هەرێمی (٢) دوژمن بە سیخوڕی ناردبوونی تا پێشمەرگەکانی کەرکوک بخەنە داو دوژمن ئاگاداری گەیشتنی پێشمەرگەکان بوو.

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٥ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی نۆ کۆپتەری جەنگی و چەند دەبابە و چەکی هەمە جۆر هاتە کانی سوور لە بۆڵقامیش و بۆگدو چەمی سوورقاوشانەوە گەمارۆی پێشمەرگەکانی هەرێمی کەرکوکیاندا.

شەڕو پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی کەرکوک و هێزی دوژمندا درووست بوو ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران.

شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمن نابەرابەر بوو دوژمن بە هێزی زۆرو پشتیوانی کۆپتەرو دەبابە پەلاماری پێشمەرگەی دەدا، هێزی پێشمەرگەش تەنها کلاشینکۆف، ژێرسێ، R.B.G یان پێبوو.

لەو شەڕە نابەرابەرەدا (٥) پێشمەرگە شەهید بوون:

١- شەهید خەلیل عەبدوڵلا فەتحە
٢- شەهید کامیل عەبدوڵلا فەتحە
٣- شەهید ناسیح کوێخا عەزیز
٤- شەهید عەزیز بڕنەو
٥- شەهید عەبدوڵلا کەندەکەوەیی

## شـــــــەهید بـــوونی مـــــەهدی

مەهدی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو نامەیەکی هێنابووە کانی سوور، ئەو شەوە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا مایەوە بۆ بەیانی لە شەڕەکەدا شەهید بوو.

## ســـێ پـــێشمەرگە دەســـــتگیر کران

لە شەڕی کانی سووردا سێ پێشمەرگە کەوتنە دەست دوژمن:

١- دکتۆر ڕێباز (ئیبراهیم شێخ مەحموود) ڕێبەری سیاسی هەرێمی (٢)
٢- جەلال حاجی ئەحمەد شەدەڵەیی
٣- شێخ عیزەدین شێخ دەرویش عەوالانی

دوای دەستگیرکردنیان بە کۆپتەر ڕەوانەی ئەمنی کۆیە کران دواتر برانە هەیئەی خاسەی کەرکوک دوای شەش مانگ ئازارو ئەشکەنجە بڕیاری لە سێدارەدان بە سەر دکتۆر ڕێباز ڕێبەری سیاسی هەرێمی (٢) جەلال حاجی ئەحمەد شەدەڵەیی دا

سەپێندرا، شێخ عیزەدین شێخ دەروێش هەواڵانی ئازاد کرا.

لە شەوی ١٩٨٠/١١/١٢/١١ حوکمی لە سێدارەدان بە سەر دکتۆر ڕێبازو حاجی ئەحمەد شەدەڵەیی لەگەڵ (١٧) تێکۆشەری تردا جێبەجێکرا.

دکتۆر ڕێباز لە زینداندا چەندین نامەی بۆ هاوڕێ و کەسووکاری ناردووە، یەکێک لەو نامانە بۆ دایکیەتی کە نموونەی هەڵوێستی بەرزی شۆڕشگێڕانە نیشان دەدات.

ئەمە دەقی نامەکەیە:

**دایە گیان دایکی بەهێزو پۆڵاین، ئەو دایکەی کە دەیەوێت لاوەکەی بەخێو بکات بۆ گەل بۆ ڕزگاری هەزاران لاوی دەربەدەر.**

**دایە گیان هەموو کەسێک بە کوڕی خۆت بزانە، باش بزانە هەر یەکێک لە من و لەوانەی دەمرن دایک و باوک و براو خوشکی هەیە و سۆزی هەیە بەرانبەریان و دڵیان بە کوڕەکەیان خۆشە و بە هیچ جۆرێک حەز ناکات کوڕەکەی تووشی زیان بێت بەڵام ئێمە تەواو کوڕی ئێوە نین بەڵکو کوڕی ئەو خەڵکەین کوڕی ئەو خاکەین، کوڕی ئەو ڕەش و ڕووتەین.**

**ئەبێت هەر کوردێک و هەر یەکێک گیان دادەنێ بۆ گەل بە کوڕی خۆتی بزانی باش بزانە کە تۆ سەربەرزی و بەختەوەری ئەتوانیت شانازی بە ئێمەوە بکەیت چوونکە دایە گیان زۆر چاک بزانە ڕێگەکەمان پیرۆزەو ئیشەکەمان بە نرخە و ئێمە لە سەر مافی ڕەوای گەلەکەمان دەڕۆین، لە سەر پاراستنی شەرەف و کەرامەتدا دەڕۆین ئێمە شەهیدین بۆ گەل بە هیچ جۆرێک لە یادی ئێوە ناچینەوە، ئێمە دەبێ ببینە مایەی بەختەوەری ببین بە مەشخەڵ بۆ ڕزگاری گەل.**

جەماله ڕەشی قارەمان دەڵێ

**شەهیدین و کاروانمان لە ڕەوتایە**

**سەربەرزین و مەشخەڵمان لە گەڕدایە**

**دایە گیان دەبێتە دایکی ڕۆڵەیەک قەت نامرێ وێنەی لە چاوتا ون نابێت، دایکی بەڕێزو خۆشەویستم مایەی شانازی من و هەموو کەسێکم.**

هەواڵنامەی کتێب

**دایە گیان ، گیانی ئازایەتی و خۆشەویستی درووست بکە لە ناو خۆتان، بە گەرمی و دڵسۆزی ئەو گەنجانە پەروەردە بکە، دڵخۆشییان بدەرەوەو فێریان بکە دەستخۆ گرین، بە ورە بن، ورەی بەهێزی ئەوان کار بکاتە هەموو کەسێک بە هۆی سپاردنی ڕووحی لە خۆ بووردن، ڕووحی مەردایەتی، ئەبێت یارمەتیان بدەیت زۆر بە چاکی پەروەردەیان بکەیت و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەردەوامیان بکەیت لە سەر خوێندن و پێیان بگەیەنی تۆ خزمەتیان بکە تا بە باشی پێیان بگەیەنی.**

**دایە گیان ئاواتە خوازم هانیان بدەیت و فێریان بکەیت کە ورەی نەپساوی ئێوە دەبێتە گەشەی تەواوی هەموو یەکێک کە داوای مافی ڕەوای گەلێکی چەوساوە دەکات.**

ڕۆژی یەکشەممە
١٩٨٠/٨/٢٣
قەسابخانەی موسڵ
کوڕت دکتۆر ڕێباز

## شــــــەڕی مــــام ڕەش

کەرتی (٣)و دەستەیەکی هەرێمی دوو لەگەڵ کەرتی دوو ڕووبەڕووی هێزەکانی دووژمن بوونەوە لە دێی (مام ڕەش).

سەرەتا کەرتی سێ کەوتە شەڕەکەوە، دواتر کەرتی دوو دەستەیەکی هەرێم هاتن بە هانای پێشمەرگەکانی کەرتی (٣)ەوە.

لەم شەڕەدا پێنج پێشمەرگەی قارەمانی هەرێمی دوو شەهید بوون لە ناویاندا شەهید پشتیوان فەرماندەی کەرتی (٣).

کەرتی (٣)ی هەرێمی دوو پشتیوان کەرکوکی فەرماندەی بوو، مامۆستا شێرکۆ عەسکەری فەرماندەی مەفرەزە بوو، شێرزاد حافز کادر بوو جەولەیەکی خێرایانکرد تا چیمەن چوون کۆبوونەوەیەکیان بە خەڵک کرد شەو لە چیمەن نەمانەوە هاتنە مام ڕەش.

بەیانی لە خەو هەستان جاش و سەرباز بە پشتیوانی ناقیلە دەوری پێشمەرگەکانیان گرتبوو پێشمەرگەکان شەڕی مان و نەمانیانکرد، لەو شەڕەدا پشتیوان کەرکوکی فەرماندەی کەرت شەهید بوو تێکڕا (٥) پێشمەرگە شەهید بوون، تاهیر خەڵکی قەمەر یەکێک لە شەهیدەکان بوو.

## شـــــەڕی ســـــوورقاوشــــان
## مــــانگی 1980/7/17

ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (٢) لە کاتژمێر ٧:٤٥ دەقیقەی بەیانی تا کاتژمێر (٧)ی ئێوارە شەڕێکی قورسیان لەگەڵ هێزەکانی دووژمن کرد.

کۆپتەر بە درێژایی ڕۆژ لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو، سێ کۆپتەر بەردەوام بە دۆشکا و ڕۆکێت لە پێشمەرگەکانیان دەدا.

مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٠ بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سوورقاوشان

هەواڵنامەی کتێب

لووتی داگیرکەریان شکاندوو لە مەیدانی شەڕ ڕاویاننان.

لە شەڕی سوورقاوشاندا سێ کۆپتەر کەوتنە بەر چەکەکانی پێشمەرگەو ماندووکران کۆپتەرێک لە ئاغجەلەرو دوانیتر لە سووسێ خەڵک بینیبوونی جێگە گوللەی پێشمەرگەیان پێوە دیار بوو.

بە درێژایی شەڕەکە ١٨ کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوون، هەر جارە سێ کۆپتەر بۆردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد.

عەلی بچکۆل فەرماندەی هەرێمی (٢) بڕیاریدا ئەو پێشمەرگانەیماڵیان لە دێیەکانە بچنەوە جەژنی قوربان لە ماڵەکانی خۆیان بکەن، پێشمەرگەکانیتر لە چەمی سوورقاوشان مانەوە چاوەڕێ بوون هاوڕێکانیان بگەڕێنەوە.

پێش ئەوەی پێشمەرگە مۆڵەتدراوەکان بگەڕێنەوە چەند کۆپتەرێک هاتنە سەر چەمی سوورقاوشان.

حەڤدە پێشمەرگە لە چەمی سوورقاوشان بوون هەژدە کۆپتەر لە کاتژمێر نۆی بەیانی تاوەکو دووی دوانیوەڕۆ لە سەر شاخی پشتی سوورقاوشان سەربازیان دادەبەزاند کۆپتەرەکان لە سەربازگەی (سوسێ)وە دەهاتن، پێشمەرگەکانی چەمی سوورقاوشان بە پەلە سەرکەوتنە سەر شاخ شەڕێکی کەم وێنەیان لەگەڵ هێزی دوژمندا کرد شەڕ تا حەوتی ئێوارەی خایاند، هێزەکەی دوژمن پاشەکشەیکرد پێشمەرگەکان هاتنەوە شوێنی خۆیان.

لە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە نامەیەک گەیشتە دەستی عەلی بچکۆل دوو پێشمەرگە لە ناو هێزەکە پەیوەندییان لەگەڵ بەعس هەیە و زانیارییان لە سەر شوێنی مانەوەی هێزەکە داوەتە دوژمن و ئەوەشیان بە حزبی بەعس وتووە کە بەشێک لە هێزەکە بۆ جەژن گەڕاونەتەوە ناو ماڵ و مناڵیان.

هەر دوو پێشمەرگەکە دەستگیرکران، دوای لێکۆڵینەوە دانیان بەوەدانا پەیوەندیان لەگەڵ دوژمن هەیەو ئەوان زانیاریان لە سەر هێزەکە داوەتە دوژمن، هەر بۆیە هەردووکیان لە سەر جادەی عەسکەر گوللەبارانکران و بە سزای شۆڕش گەیەندران.

## شـــــەڕی نـــێوان عـــەسکەرو ســـــۆتکە 1980/12/22

شەڕێکی گـەورەو خوێناوی پڕ لە قارەمانێتی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوو بەرانبەر داگیرکەر.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٢ شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی دوو هێزەکانی داگیرکەر بـەردەوام بوو، ئابڵوقەی دووژمـن درابوو، شەڕ تا تاریکی ئێوارەی خایاند.

سێ کۆپتەری جەنگی لە ئاسمانی شەڕەکە بوون بەردەوام پێشمەرگەکانیان دەکوتا، عەلی بچکۆل سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد.

لە شەڕی عەسکەر سۆتکەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بـوون، ئەم داستانە بە خوێنی گەشی سێ گوڵە شەهیدی گەل تۆمار کرا.

١- شەهید فەرهاد عەسکەری

٢- شەهید وەهاب بلوکێنی

٣- شەهید عوسمان ڕەمەزان دووشیوانی

تەرمی عوسمان کەوتە دەست دووژمن.

## هـــــاوکاری شـــــۆڕش پـــــێش کـــــۆتایی 1980

هەرێمی (٢) لە هەڵکشاندا بوو ژمارەی پێشمەرگە زیادیکردبوو، باری دارایی پێشمەرگە و هەرێمەکە خراپ بوو، بڕیاردرا هەندێک کادر بڕۆنە دێیەکان پارە بۆ شۆڕش پەیدا بکەن و هاوکاری کۆبکەنەوە.

خەڵکی دێیەکانی سنووری تیپی ٢١ی کەرکوک هاوکاری پێشمەرگەیانکرد (٥) هەزار دینار کۆکرایەوە، پێشمەرگە هەناسەیەکی هاتەوە بەر، هەر پێشمەرگەیە (٥) دیناریان دانێ کەمێک بوژانەوە.

## شـــــەڕی هـــــەیدەر بـــــەگ

کەرتی هەڵۆ چەمچەماڵی لە هەیدەر بەگ شەڕی گەورەیان لەگەڵ دووژمن کرد، زیانی زۆریان لێدان.

لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر جاش کوژران، یەکێک لە کوژراوەکان سەرۆک جاش بوو.

## لـــــێدانی دوژمـــــــن 1981

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی دوو هەرێمی کەرکوک لە شەوی ٩-١٩٨١/٣/١٠ لە دێی حەشاری وەلید پاشای نزیک کەرکوک لە هێزێکی دوژمنیاندا و دوو ئیڤای سەربازییان تێکشکاند لەئەنجامدا (٥) سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش برینداربوون، هێزێکی دوژمن هات بەهانای سەربازەکانیانەوە ئەوانیش تێکشکێندران.

## مـــــــەلا شـــــاخی

دوای ئەوەی کۆمیتەی ئاگر لە ناو شاری کەرکوک ئاشکرا بوون و بەشێکیان دەستگیرکران مەلا شاخی چووە شاخ و لە ١٩٨١/١٠/٢١ بووە پێشمەرگە لە هەرێمی (٢)ی کەرکوک مەلا شاخی کادری (٧٢) دێ بوو لە بناری خاڵخالان و ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی.

پێشتر هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی شار بەسترابوونەوە بە ناو شار بە کۆمیتەی ئاگرەوە بەڵام دوای ئاشکرا بوونی کۆمیتەی ئاگر پێچەوانە بووەوە هەموو ڕێکخستنەکانی تەپەو ڕەحیماواو ناو شاری کەرکوک و دوبزو کۆپری و دەورووبەریان لە ڕێگەی مەلا شاخی بەستەوە بە ناوەندی کۆمەڵەو سەرکردایەتی شۆڕشەوە.

## شـــــەهید بوونی ئـــــەحمەد کـــــوێخا 1982

سالّی ١٩٨٢ مەلا شاخی و ئەحمەد کوێخا کەوتنە تەڵەیەکی جاشەوەو دەستگیر کران، مەلا شاخی دەمانچەیەکی لە گیرفاندا بوو جاشەکان ئەحمەد کوێخایان شەهید کرد، لە کاتی شەهید کردنی ئەحمەد کوێخادا مەلا شاخی فرسەتی هێناو خۆیکرد بە ناو باخ و بێستانی ناوچەکەداو ڕزگاری بوو.

دوای ڕۆیشتنی جاشەکان مەلا شاخی گەڕایەوە سەر تەرمی ئەحمەد کوێخا یابە کاولە سواری و بە خاکیان سپارد.

دوای هەفتەیەک جاش چوونە سەر مالّی مەلا شاخی، پێشتر مەلا شاخی ئاگادار کرابووەوە دێنە سەر ماڵەکەی بۆیە شەو لە ماڵەوە نەمابوو.

## داســـــتانی قـــــازان ، شـــەهیدانی قــــازان

هەرێمی دووی کەرکوک پێشمەرگەی کارامەو گیانبازو گیان لە سەر دەستی ئەو پێدەشتانەی کەرکوک و گڕوبڵێسەی بابە گوڕگوڕ بوون لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا گیانبازی و گیان فیدایيان نواند، وانەی گرنگی دوژمنیان داداو داستان و نەبەردیان تۆمار کرد بوونە سەر لەوحەو سەرمەشقی تێکۆشان و شەهید بوون.

داستانی قازان یەکێک لەو داستانە خوێناویانەیە کە تیایدا ئەنوەر حەسەن و هاوڕێکانی شەهید بوون و مەرگیان بەزاند، بە خوێنی خۆیان داستانێکی کەموێنەو دەگمەنیان لە مێژووی شۆڕشی نوێ و کوردەواریدا نووسییەوە داستانێک کە هەرگیز لە یادو بیرەوەری کەرکوکیەکان و خەڵکی کوردستاندا کاڵبوونەوەو بیرچوونەوەی بۆ نییە.

ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ (٢٢) پێشمەرگەدا لە گەڕاندا بوون بە سنووری هەرێمی کەرکوکدا.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٥ مەفرەزەیەکی هەرێم لەگەڵ مەفرەزەیەکی کەرتی دوو لە دێی (قازان)ی نزیک تاسلوجەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەردا کە پێکهاتبوون لە جاش و قوات خاسە و دوانزە کۆپتەر بە شەڕ هاتن کە چەک و تەقەمەنی هەمە جۆرو ژمارەیەک کۆپتەری جەنگی پشتیوانی لێدەکردن.

پێشمەرگەکانی هەرێمی کەرکوک بە فەرماندەیی ئەنوەر حەسەن شەڕێکی کەم

وێنەو قارەمانانەیان لەگەڵ هێزەکەی داگیرکەردا کرد، کە جگە لە سەدان سەربازو قوات خاسە و دەیان جاشی خۆفرۆش و شارەزای ناوچەکەشیان لە گەڵدا بوو.

لەو شەڕە نابەرابەرەدا کە یانزە کاتژمێری خایاند (١٢) پێشمەرگەی قارەمانی هەرێمی (٢)ی کەرکوک شەهید بوون، (٣٧) کەس لە جاش و قوات خاسە کوژران و دەیانیش بریندار بوون.

شـــــەهیدانی قـــازان ئەم نــــەمرانەن:

١- شەهید ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێم
٢- شەهید کەمال قادر فەتاح (گۆرانی پورە گوڵە)
٣- شەهید کامەران عومەر حسێن (کامەرانی مام عومەر)
٤- شەهید عبدالخالق ساڵح ئەحمەد (مامۆستا ئاسۆ)
٥- شەهید عبدالخالق ساڵح قادر (چیا)
٦- شەهید حەمە شکور عەلی ئەحمەد (حەمە شکور بلوکێنی)
٧- شەهید جومعە حەسەن کەریم (سیروان)
٨- شەهید نوعمان عبدالله عوبێد (نوعمان کڵاو قوتی)
٩- شەهید ڕزگار جەلال قەساب (هێمن)
١٠- شەهید نەجمەدین فاتح شکور (شیروان)
١١- شەهید حەمە ساڵح صدیق (سوارە)
١٢- شەهید موەفەق تەقی

ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون.

## بەياننامەی (م.س) ی ن ك بە بۆنەی شەهيد بوونی ئەنوەر حەسەن و هاوڕێکانی

بە داخ و پەژارەيەکی زۆرەوە، مەکتەبی سياسيی يەکێتی نيشتمانيی کوردستان شەهيد بوونی ڕۆڵەی دڵسۆزو بەوەفای گەلەکەمان و هەڤاڵی هێژاو ئازاو پێشمەرگەی ژيرو نەبەز کاک ئەنوەر حەسەن و يانزە قارەمانيترتان پێڕادەگەيەنێت، ئەو دوانزە قارەمانە نەمرەی داستانی دوانزە سوارەی کوردستانيان بە خوێنی گەشيان تۆمار کردووە، سەروەرييەکانی مێژووی کوردايەتی و شۆڕشيان دەوڵەمەنتر کردووەو لاپەڕەيەکيتری پڕ لە شانازی و فيداکاری و لە خۆبوردنيان لە مێژووی کوردەواريدا سوور کردوەو قوربانيی ئەم نەورۆزەی ئەمساڵەمانن، کە:

**ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە**

**لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پيری مەرگەوە**

داستانی ئەم قارەمانييەتيەش ئەمەيە کە لە خوارەوە بۆتان دەگێڕينەوە هەڤالانی خۆشەويست هاونيشتمانيانی بەڕێز:

لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواييدا، کە شەڕی ناوخۆ تا ڕادەيەک دامرکاوەتەوەو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەر يەکەيان چۆتەوە شوێنی دياريکراوی چالاکی و جمووجوڵی خۆيی و لە باتی خەريککردنی بە شەڕی لاوەکييەوە ، خەريکی ئەنجامدانی کار و فەرمانی سەرەکيی خۆيەتی لە بەگژاچوونەوەی ڕژێم و دانانی نەخشەو پلانی لێدانی هێزە داگيرکەرەکانی ڕژێمی فاشيستی عێراقدا، لەم ماوەيەدا، ئەگەرچی سەرماو بەفرو زريانی کەم وێنەی زستانی ئەمساڵ لە زۆر شوێن، بوو بە هۆی کەمکردنەوەی هاتووچۆ و جوڵانەوەو تەنانەت مردن و ڕەقبوونەوەی چەندين هاووڵاتی و چەندين پێشمەرگەش، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو چەند مانگە کەمەدا، سەرەڕای نالەباريی باری هەوا، لە چەندين شوێن... دەستی قارەمانانە لە دوژمن



هەولێرنامەی کتێب

وەشێنراوەو چەندین هەڵمەت و بۆسەو شاڵاو و بەرگریی دلێرانە نیشانی دوژمن دراوە، بە جۆرێک کە پاش چەند ساڵ خۆ گێلکردن سەددامی خوێنرێژ ناچار بوو سەهۆڵبەندانی بێدەنگی بشکێنێ و دەربارەی کورد بدوێ و جنێو بە پێشمەرگەکانی بدات.

هەرێمی (٢)ی قارەمان کە چەند مانگ بوو لە بەر پێویستییەکانی پارێزگاریی بنکەو ڕێکخراوو هێزەکانی یەکێتی نیشمانیی کوردستان لە هێرش و گەلەکۆمەکێ لە سەر فەرمانی سەرکردایەتیی یەکێتی نێردرایە ئاسۆس و دۆڵی جافەتی، وە ماوەیەکیتر نێردرایە دەشتی کۆیە و کۆسرەت و خۆشناوەتی و ماوەیەکیتریش برایە قەڵاتووکان و بناری قەندیل... وە هەروەکوو بە درێژایی تەمەنی پێکهێنانی نموونەی هێزی ئازاو دڵسۆزو دەستوەشێن و خاوەن دیسپیلین بووە، هەروەکو نموونەی هێزی ڕێکوپێکی خۆشەویستی ناو جەماوەر بووە، هەروەکو نموونەی فیداکاری و لە خۆبران و دەرسی قارەمانیەتی بێوێنە و نەخشەی وردوو پلانی ژیرانەی جەنگی پارتیزانی بووە... هەروەها لەو ماوەیەشدا بەو پەڕی دڵسۆزی و لێهاتووییەوە، بەو پەڕی لە خۆبران و گوێڕایەڵی و خۆڕاگرییەوە، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری و لە سەنگەرە سەختەکانی پێشەوەدا بووە بۆ پارێزگاری لە یەکێتی نیشتمانی و بنکە و هەرێمەکانی ترو بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ناڕەوای هاتبێتە سەریان.

هەرێمی(٢)ی قارەمان لەو ماوە کورتەی دواییشدا کە گەڕاوەتەوە سنووری کارو چالاکیی خۆی لە دەوری کەرکوک، چەندین چالاکیی قارەمانانەی ئەنجام داوەو چەند جارێک بە سەرکەوتوویی مەفرەزەی ناردە ناو کەرکوکەوە بۆ دەس وەشاندن لە دوژمن.

هەر بۆیە دوژمنی داگیرکەر هەمیشە لەپێو شوێنی هەرێمی(٢)ی قارەماندا بوو، بە وردی تەعقیبی جووڵان و هاتووچۆی ئەکردوو لە پەرێزا بوو بۆ ئەوەی نوقتەیەکی زەعیفی بدۆزێتەوەو جەزرەبەیەکی لێبدات، سەد مەخابن دوژمن توانی فرسەت لە بەشێکی ئەم هێزە قارەمانە بهێنێ و کەڵک وەربگرێ لەو دوورکەوتنەوەیان لە

بەشی زۆری هێزەکەیان و مانەوەیان بۆ چەند ڕۆژێک، لە یەک ناوچەدا، بەڵکو لە ناو یەک گوندی نزیک جادەدا.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٥ دا لە کاتێکدا کە مەفرەزەیەکی کەرتی هەرێم و مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی هەرێمی (٢) لەگەڵ فەرماندەی هەرێمەکەدا کە تێکڕا، ٢٢ پێشمەرگە بوون لە گوندی قازان بوون، هێزێکی گەورەی دوژمنی داگیرکەر بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری جەنگی هێرشی بردە سەریان، لە سەعات (٩) ی پێش نیوەڕۆدا شەڕو پێکادان دەستیپێکردوو تا سەعات ٨ی شەو شەڕێکی دەستەویەخەی نابەرانبەر لە بەینی ٢٢ پێشمەرگەی دلێری هەرێمی(٢) دا بە سەرکردایەتی هەڤاڵی قارەمان ئەنوەر حەسەن و نزیکەی دوو هەزار نەفەر لە جاش و جاشی شەعبی و پۆلیس و سوپاو چەند کۆپتەری جەنگی بۆ ماوەی ١١ سەعات درێژەی کێشا.

لەم شەڕەدا پێشمەرگە دلێرەکانی هەرێمی (٢) دەرسێکی بێوێنەی هێزە داگیرکەرەکانی دوژمنیان داداو بە جۆرێکی ئەوتۆ چاوشکێن و تەمبێیان کردن کە جارێکیتر نەوێرن هەروا بە ئاسانی یاری بە ئاگر بکەن و چەند زۆرو پۆشتەو حەساوە بن زات نەکەن پەلاماری پێشمەرگە بدەن چەند کەم و ماندوش بن.

لەم شەڕەدا هێزی دوژمن زیاتر لە ٣٠ نەفەری لێکوژراو دەیان کەسیشی لێبریندار کرا کە یەکێکیان سەرەک جاشی تاوانبار قالە فەرەجی خائین بوو.

ئەگەرچی لەم شەڕەدا کوشتاری زۆر لە دوژمن کراو زەرەری زلی لێدراوە، بە تایبەتی سەقەت کردنی قالە فەرەجی خائین کە یەکێکە لە سەگە ڕستکراوە هارەکانی ڕژێم، وە هێزی دوژمن نەیتوانی لە ڕێی بەدەستهێنانی باڵادەستیی ژمارەییەوە بە سەر پێشمەرگەکاندا، مەبەستەکانی خۆی لە ڕووی گەمارۆدان و بە دیل گرتنی پێشمەرگەکانەوە، بە دەسبهێنێ، بەڵام بەداخەوە هێزی پێشمەرگەش زەرەرێکی زلی لێکەوت، بە شەهید بوونی ١٢ پێشمەرگەی کە یەکێکیان هەڤاڵی قارەمان ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێمی ٢ بوو.

هەڤاڵ ئەنوەر حەسەن لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوک لە دایک بووبوو، هەر لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و ئیعدادیی تەواو کردبوو، پاشان چوو بۆ کولییەی

هەندەسە لە جامعەی بەغدا.

هەڤاڵ ئەنوەر حەسەن ساڵی ١٩٧٣ شەرەفی ئەندامێتی کۆمەڵەی وەرگرتبوو، وە هەر لە سەر خەباتی سیاسی ساڵی ١٩٧٥ گیراو حوکم درا لە زیندانی ئەبو غرێب تا عەفوی عامی ١٩٧٩، کە ئەویش لەگەڵ گیراوە سیاسییەکانی تردا بەربوو وە پاش چەند ڕۆژێک لە سەر داوای سەرکردایەتی یەکێتی، هاتە ڕیزی پێشمەرگەوە و کرا بە ڕابەری سیاسی هەرێمی (٢).

هەڤاڵ ئەنوەر لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نموونەی پێشمەرگەی ئازاو دڵسۆز بوو، لە ناو برا پێشمەرگەکانیدا بە تێکۆشەرێکی پشوو درێژی هوشیارو ڕۆشنبیرێکی ئازای خۆگرو فەرماندەیەکی ژیرو خاکی ناسرابوو، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دەستەیەک کادیری عەسکەری هەڵبژێردرا بۆ مەشق کردن لە ناو فەڵەستینییەکاندا، پاش ئەوەی بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە کرا بە فەرماندەی هەرێمی(٢)ی هێزی پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سەرپەرشتی دەیان هەڵمەتی دلێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (٢)و سەرکردایەتیی چەندین شەڕو نەبەردی کردووەو نەخشەی دەیان چالاکیی بۆ داناون.

لە ژیانی زینداندا نموونەی تێکۆشەری خۆگرو ئازاو بەرچاو ڕوون و خاوەن ورەو سەربەرز بوو... لە ژیانی سیاسیدا تێکۆشەرێکی جەماوەریی گونجاوو ڕۆح سوک و ژیرو تێگەیشتوو و ئەمین بوو... هەر لە بەر ئەمانە لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا بە گشتیی دەنگ هەڵبژێردرا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنفرانس.

شەهید بوونی هەڤاڵ ئەنوەر خەسارەتێکی گەورە بوو لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان، بە شەهید بوونی ئەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کادیرێکی عەسکەریی لێوەشاوەو قارەمان، وە یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەش کادیرێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کارامەو بە توانای لە کیس چوو...

شەهید ئەنوەر چۆن لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگەییدا لەگەڵ پێشمەرگە

قارەمانەکانی هەرێمی (٢)سەرقافڵە بوو لە شەهید بوونیشدا هەروەها بوو، وە لەگەڵ ئەم (١١) قارەمانەی تری هێزی پێشمەرگە شەهید بوون:

١- هەڤاڵ ڕزگار جەلال ناسراو بە هێمن
٢- هەڤاڵ مامۆستا عەبدولخالق ساڵح ئەحمەد ناسراو بە ئاسۆ
٣- هەڤاڵ مامۆستا عەبدولخالق ساڵح قادر ناسراو بە چیا
٤- هەڤاڵ سوارە شێخ سدیق
٥- هەڤاڵ کامەران مام عومەر
٦- هەڤاڵ جومعە حەسەن کەریم (سیروان)
٧- هەڤاڵ کەریم چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران
٨- هەڤاڵ نوعمان عەبدوڵلا عوبێد
٩- هەڤاڵ حەمە شوکر بلوکێنی
١٠- هەڤاڵ نەجمەدین فاتیح ناسراو بە شیروان
١١- هەڤاڵ موەفەق تەقی

بەڵێ (١٢) قارەمانی هەرێمی(٢) شەهید بوون.

١٢ کەسی قارەمانی کەرکوک و دەورووبەری کەرکوک شەهید بوون و گیانیان گەیشتە بەهەشتی نەمری و کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و بەم جۆرە داستانێکی تری سەروەرییان لە مێژووی گەلەکەماندا و داستانێکی تری بەرگریی قارەمانانەیان لە پێناوی پاراستنی شەرەف و نەتەوەو نیشتمانەکەمان، لە هێرشی سوپای داگیرکەری ڕژێمی فاشیستی عێراق و نۆکەرە چڵکاوخۆرەکانی، بە خوێنی خۆیان نووسییەوە، ئەگەرچی ئەم پۆلە شەهیدە بە سەربەرزی ڕۆیشتن، بەڵام هەرێمی(٢)ی قارەمان ماوە، هێزی لە شکان نەهاتووی پێشمەرگەی کوردستان ماوە، گەلی کورد ماوەو لە سەنگەری خەباتی شۆڕشگێڕانە دایە، ئالای بەرزی شۆڕش، کە سوورە بە خوێنی شەهیدەکانی، بە ژوور سەریانەوە ئەشەکێتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

## چیرۆکی داستانەکە
## داستانی قازان

قازان داستانێکی گەورەی تیادا تۆمار کرا، داستانێک کە لە مێژووی شۆڕشی نوێدا کەم وێنە بوو.

ئەنوەر حەسەن تازە کرابووە فەرماندەی هەرێم لەگەڵ مەفرەزەیەکدا هاتبوونە بناری تۆکمە و ناوچەی سووورداش، ژوانێکی هەبوو بچێتە زێوێ لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا یەکتری ببینن و قسە و ڕاوێژی خۆیان بکەن.

شێرزاد حافز فەرماندەی مەفرەزە بوو لە بناری تۆکمە، فەرماندەی پێشمەرگانەی ئەو ناوچەیە بوو کە بناری سووورداش دەبەستێتەوە بە بەری ئاغجەلەرەوە.

مەفرەزەکەی لەگەڵ ئەنوەر حەسەن بوون لەگەڵ مەفرەزەکەی بناری تۆکمە کە شێرزاد حافز لێپرسراویان بوو چەند ڕۆژێک لە ناوچەکەدا گەڕان و چوونە قازان، ئەنوەر حەسەن چاوەڕێی کەسێکی دەکرد بێت ببینێ بەڵام کەسەکە دواکەوت.

شێرزاد حافز بە ئەنوەر حەسەنی وت تۆ لە قازان بە چاوەڕێی ئەو کەسە بکە ئێمە دەچین لە تاسڵوجە چالاکیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە، شێرزاد حافز و مەفرەزەکەی چوونە تاسڵوجە جاشیان دەستگیر کرد کاتژمێر (٣)ی شەو گەیشتنەوە قازان کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی بەیانی لە مزگەوت کۆبوونەوە، شێرزاد حافز باسی شەڕەکەی بۆ ئەنوەر حەسەن دەکرد لە بەر پەنجەرەی مزگەوتەکە ڕاوەستا بوون پێشمەرگەکان لە نان خواردن گەڕابوونەوە، لە سەرو قازان پاسەوانیان هەبوو، هێندەیانزانی بوو بە تەقە و دەسرێژی گوللە.[٤]

لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقەو دەسرێژی گوللەدا پێشمەرگەکان لە مزگەوتەکە چوونە دەرەوە تەماشایانکرد هەموو گردەکانی دەوری قازان جاش و سووپا

[٤] دواتر زانیان کە جاشەکان بەدوایانەوە بوون بەڵام ئەمان نەیانزانیبوو.

گرتبوونی، کاک ئەنوەر بە شێرزاد حافزی وت بە پێشمەرگەکان بڵێ بەرەو سەروی دێیەکە بڕۆن[٥] شێرزاد حافز بە کاک ئەنوەری وت با لە دێیەکە دەرنەچین چوونکە هەموو شوێنەکان گیراون تیا دەچین کاک ئەنوەر بە شێرزادی وت با خەڵکی دێیەکە تیا نەچن خۆمان شەهید بین باشترە.

پێشمەرگەکانیان نارد ڕووەو چەمەکە، شێرزاد بۆ لای گردی ئێشکگریەکەی پێشمەرگە سەرکەوت، حەرەس هاتە خوارەوە ئەویش گیرابوو، شێرزاد حافز گەڕایەوە بۆ لای پێشمەرگەکانی دیکە، لە گەڕانەوەدا فیشەکێک بەر قاچی کەوت.

پێشمەرگەکان لە دۆڵ و چەمەکەی پشتی قازاندا بوون ژمارەیەکیان بەرەو خوار ڕۆیشتبوون ڕزگاریان ببوو وەکو تاوە تەرزە فیشەک و گڕی پلاجەی ئاربیجی خۆی دەکرد بە چەمەکەدا، سیروان لەوێدا بە گڕ شەهید بوو لە بەر چاوی پێشمەرگەکان گڕی تێبەربوو، ئەنوەر حەسەن پێکرا فیشەکێک بەر دەستی کەوت.

گردێک هەبوو ئەگەر بگیرایە دۆخی شەڕەکەی لە بەرژەوەندی پێشمەرگە دەگۆڕی، شێرزاد حافز بە ئەنوەر حەسەنی وت با دوو پێشمەرگە بنێرین ئاگرباران و شەپۆلانی گوللە هێندە زۆرو بە تاو بوو دەرفەتی دەرچوون نەبوو.

## ڕزگـــار جــەلال قــەســاب (هــێمن)

ڕزگار جەلال قەساب (هێمن) چوو بوو بۆ دێیەک لە خوارووی قازان تا چاوی بە ڕێکخستنەکان بکەوێت، کە تەقە دەستیپێکرد ڕزگار چوو بووە سەر شاخێکی بەرز کە بە سەر ناوچەکەدا زاڵەو شاخەی گرت،[٦] بەڵام کۆپتەر چووبووە سەری و شەهیدیکرد، ئەو شاخەش لە دەست پێشمەرگە دەرچوو.

شێرزاد حافز هەر چۆنێک بێت بە ناو ئاگرو پێکاچوونی گوللەدا چووە سەر ئەو گردەی مەبەستی بوو، تا گەیشتە گردەکە سێ فیشەکی بەرکەوت ماوەیەک لە گردەکە مایەوە کەس بە دوایدا نەهات، شێرزاد گەڕایەوە تا بزانێت هاوڕێکانی بۆچی

٥ چەمی سەروی قازان شوێنێکی گونجاو نەبوو لە هەموو لایەکەوە جاشەکان زاڵبوون بە سەریدا بەڵام فەرمانی کاک ئەنوەریان ڕەت نەکردەوە.
٦ ئێستا ئەو شاخە ناونراوە شاخی هێمن، یان لوتکەی هێمن

نەهاتن بەڵام نەیتوانی بە ناو تاوە تەرزەی گوللەدا بڕوات، لە پاڵ بەردێکدا کەوت حەوت پارچەو (٣) گوللەی پێوە بوو بە سەختی بریندار بوو.[٧]

کاک ئەنوەرو پێشمەرگەکانیتر چووبوونە شاخەکەی پشتی قازان تا کاتژمێر (١١) لەوێ شەڕیانکرد لە نزیک کاتژمێر (١٢) چوونە سەر شاخی قازان شاخەکە ڕووتەن بوو جاش پەلاماری شاخەکەیداو پێشمەرگەکان لەوێدا شەهید بوون.[٨]

لە قازان و دۆڵی قازان شێرزاد حافز بە برینداری مابووەوەو دەوری گیرابوو، شوێنەکەی باش بوو پشتی قایم بوو، هێزی دووژمن نەیدەتوانی لە هیچ لایەکەوە بۆی بێت ئەوەی هەبوو لە بەرەو ڕوو بوو، لە بەرەو ڕووش نەیدەهێشت کەس هەڵکوتێتە سەری تەقەی لێدەکردن و دەیگێڕانەوە.

شێرزاد تا کاتژمێر شەش مایەوەو بەرگریکرد، کۆپتەر هێندە نزم ببووەوەو دابەزیبووە سەر زەوی دۆشکەی کۆپتەرەکە دەبینرا تەقەی دەکرد پێشمەرگە بەرگری لە کۆپتەر پێ نەدەکرا چوونکە تەنها کلاشینکۆفیان پێبوو.

شێرزاد بریندار بوو حەوت پارچە و سێ گوللە بەر جەستەی کەوتبوو، هیلاک و ماندوو شەلالی خوێن، برسی و تینوو دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، دەشت و دەرو شاخ و کێو خەریک بوون بەرگی ڕەشیان دەپۆشی و تاریکی باڵی بە سەریاندا دەکێشا، قازان دەتووت کۆستی کەوتووە کۆست کەوتوو بوو، ئەو دۆڵ و چەم و شاخانەی قازان بە خوێنی پێشمەرگە سوور ببوون لە ڕەنگی سوور هەڵکێشرابوون، دارو بنچک و شێخەڵەکان وەکو تارمایی دەبینران شێرزاد هەوڵیدا بڕوات و دەربـاز بێت لە ناکاو جاشێک تفەنگی خستە سەر سـەری، سەری هەڵبڕی جاشێکی قەڵەوی زل و تێکسمڕاو بە سەر سەریەوە بوو بە پێکەنینەوە جنێوێکی بە شێرزاد داو وتی چەکەکەت دانێ، شێرزاد نەشڵەژاو کەمێک هاتە دواوە، تفەنگەکەی ڕووی لە سەری جاشەکە بوو بەلەپیتکەی ترازاندوجاش کەوتە

[٧] کە شێرزاد کەوتبوو ئەنوەر حەسەن چاوی لێیی ببوو بە پێشمەرگەکانی وتبوو تازە شێرزاد شەهید بووە ئێوەش بچن شەهید دەبن.

[٨] لە دۆڵەکە گەیشتبوونە سەر شاخەکە پێشمەرگەی تریش شەهید بوون.

خوارەوەو کەوتە سەر قاچە بریندارەکەی شێرزاد ئازاری قاچی زۆردا.

دەمەو ئێوارە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقە بوو هێشتا تارمایی دەبیندرا دەنگی جاشێک هاتە گوێ وتی ئەمە تەسلیم نابێت ئاربیجی بۆ بێنن.

شێرزاد بڕیاریدابوو تا دەتوانێت لێیان بکوژێ، تا دوا فیشەک و دوا هەناسە بجەنگێ، سەری هەڵبڕی و تەماشایکرد جاشەکان بە جۆرێک خۆیان شاردبووەوە هەر جامانەکانیان دیار بوو خۆیان دابوو بە زەویدا شێرزاد هەستا بە ناو جاشەکاندا ڕۆیشت، کەس لە جاشەکان غیرەتی نەبوو سەر هەڵبڕێ، شێرزاد لە جاشەکان دەرچوو گەیشتە پشتیانەوە گوێی لێبوو دوو زرمە لەو شوێنە هەستا کە شێرزادی لێبوو دەنگی ڕوممانە بوو، چاوی لێبوو جاشەکان بە لایت سەنگەرەکەی شێرزاد دەگەڕان.

شێرزاد ڕزگاری بوو بەرەو گەبە ڕۆیشت، لە گەبە دەرمانی هەبوو پێشتر دایینابوو، تەداوی خۆیکردو دەرزی لە خۆیدا[٩] دوو پێشمەرگەیتر هاتنە گەبە سەید برایم و سەید کەریم لە شەڕەکە دابڕابوون بەرەو خوار ڕۆیشتبوون، شێرزاد تفەنگی جاشەکەی هێنابوو دایە یەکێک لەو دوو پێشمەرگەیەو ناردنی هەواڵی کاک ئەنوەرو هاوڕێکانی بۆ بهێنن، سەید برایم و سەید کەریم چوون و گەڕانەوە وتیان نەمانتوانی بچینە ناو دێ چوونکە جاش و سەربازی زۆری لێبووە.

بۆ ڕۆژی دوایی شێرزاد بەرەو چەمی ڕەزان بەڕێکەوت، لە ڕێگا لەشکری ئیسلامی بینی بیکەیسی و ئاربیجیان پێبوو داوای لێکردن بچن بە سۆراغی کاک ئەنوەرەوە، بەڵام نەیانوێرابوو بچن تا شیلە خانە چوو بوون بەڵام نەچوو بوونە قازان، هەر لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٥ جاش و سەرباز تەرمی پێشمەرگەکانیان بردبوو.

تەرمی شەهید سوارەیان لە نزیک چەمچەماڵ لە فڕۆکە بەردابووە خوارەوە، تەرمەکانی تریشیان لە چەمچەماڵ کردبوو بە ژێر گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە دوایی کەسووکاریان دەریانهێنانەوە.

---

[٩] کوڕێک لە گەبە بوو ناوی عبدالرحمن بوو شێرزاد داوای لێکرد دەرزیەکی بۆ بکات بەڵام نەیویرا دەترسا شێرزاد شتێکی بە سەربێت، ناچار شێرزاد خۆی دەرزیەکەی لە خۆیدا.

لە شەڕی قازاندا ٣٧ جاش کوژران.

قاله فەرەج بە سەختی بریندار بوو.

کۆپتەر بەردەوام بە سەر ئاسمانی شەڕەکەوە بوون، (٢٠٠٠) هەزار جاش و قوات خاسەو سەرباز بە پشتیوانی ١٢ کۆپتەرو چەکی قورس لە شەڕەکەدا بەشدار بوون.

شەڕی قازان دەستەو یەخە بوو، جاشەکان دەیانوویست پێشمەرگە بە دەست بگرن، بەڵام پێشمەرگەکان لێیان دەهاتنە دەست و دەیانکوشتن.

ئەو سێ جاشەی شەوی پێشوو لە تاسلوجە دەستگیر کرابوون دوانیان ڕایانکردو یەکێکیان کوژرا.

## بەکر تەلانی
## برینێکی سەخت
## ورەیەکی کەڵەگەت

لەگەرمەی شەڕو شەهید بوونی پێشمەرگەکانی هەرێمی دوو لە قازاندا چەند پێشمەرگەیەکیش برینداربوون مام بەکر تەلانی برینەکەی سەخت بوو چەند جارێک لەدوای یەک بریندار بوو، جاری یەکەم فیشەکێک بەرشانی کەوت دواتر شێرزاد حافظ بریندار بوو، نەجمەدین شۆڕجەیی ناسراو بە شیروان، نەعمان کڵاوقوتی، سیروان کەرکوکی و حمە شکور بلوکێنی شەهیدبوون.

جاری دووەم گوللەی شەستیری کۆپتەر بەکر تەلانی پێکا و چەندین پارچەی بەرکەوت ، دوای بریندار بوونی بۆ جاری دووەم ئەنوەر حەسەن و سوارە و گۆرانی پورە گوڵە شەهیدبوون، ئەم کاروانی شەهیدبوون و خوێن چۆڕینە لە قازاندا بەردەوام بوو.

شەڕی دەستەویەخەی جاش و پێشمەرگە دەستیپێکرد جاشەکان نزیک دەبوونەوە فیشەک ڕووی لە کزی بوو چەند جاشێک تەقەیان لە بەکر تەلانی کردوو گوللەیەک بەرسنگی کەوت لە پشتەوە دەرچوو، بەکر تەلانی سێ جار بریندار بوو بەڵام هێندەی سێ چیای بڵند سێ قەندیل و پیرەمەگرون ورەی بەرز و لە کێوان بوو.

بەکر تەلانی خوێنێکی زۆر لێدەڕۆیشت بە برینداری تەقەی لەجاشەکان دەکردەوە

جاشەکان دەیانزانی مام بەکر لە کوێوە تەقە دەکات گوللەیەکی (ئاربی جی) یان لە نزیک مام بەکرداو چەند پارچەیەکی بەرکەوت، دوای چوراەم جار بریندارب‌وونی لەو شوێنە دوور کەوتەوە.

جگە لە مام بەکر چەند پێشمەرگەیەکیتر شەهید و بریندارب‌وون ڕزگار جەلال قەساب شەهید بوو مام عومەر و پۆلای موهەندیس بەبریندای دەرچوون، شێخ سەلام کۆزە بۆرەیی بریندارب‌وو، لە ژێر بەردێک بەگەلای دار خۆی داپۆشیبوو بەرەبەیان توانیبووی خۆی ڕزگاربکات

مام عومەر کوڕێکی لەگەڵ خۆیدا پێشمەرگە بوولە شەڕەکەدا شەهید بوو بەکر تەلانی بانگی کرد ووتی کامەرانی کورت نەخۆشە مام عومەر وتی دەزانم شەهید بووە شەڕی خۆتان بکەن.

بەکر تەلانی خوێن لە جەستەی دەچۆڕا هەموو گیانی زام و برین بوو دەیان پارچەی بەرکەوتبوو هەرچۆنێک بێت خۆی گەیاندە ژێرخانی ماڵی (حەسەن) ی زاوای کوێخا نەریمانی کەلە شێرە، بانگی شێوان فەیمە خانی خێزانی حەسەن هاتە ژێرخانەکەوە بەکر تەلانی بینی ووتی ئەوە تۆیت خاڵە بەکر، بەکر تەلانی پێیووت هەولبدە ئاشکرا نەبم جاشەکان لەناو دێن، فەیمەخان ووتی خەمت نەبێت.

کە بەکر تەلانی چووە ژێرخانەکەی ماڵی فەیمە خانەوە شۆێن پێیەکانی تا ناو ژێرخانەکە دیاربوو فەیمە خان بۆ ئەوەی شۆێن پێ خوێناوییەکەی مام بەکر بشارێتەوە مریشکێکی سەربڕی و داینا ، بۆ ئەوەی ئەگەر جاشەکان هاتن و خوێنیان بینی بڵێن خوێنی ئەو مریشکەیە سەرم بڕیوە دواتر خەسوی فەیمە خان هاتە ژێرخانەکەو ووتی کاک بەکر چیت بۆ بکەم جاش هەر لەناودێن بەکر تەلانی ووتی هەندێک شیرم بۆ پەیدابکەیت هیچیترم ناوێت، زۆر بەخێرایی شیرەکەی هێناو مام بەکر خواردی لای چەپی ژێرخانەکە چیلکەو داری لێبوو مام بەکری بە چیلکەو دار داپۆشی، مام بەکر لولەی تفەنگەکەی لە چیلکەو دارەکانەوە بردە دەرەوە و فیشەکی لێخوڕی تەنها پانزە فیشەکی پێمابوو بڕیاریدا ئەگەر جاش هاتنە ژێرخانەکە تەقەیان لێبکات و دواتر خۆی بکوژێت.

هەولێرنامەی کتیب

ژێرخانەکە شوێنی مریشک و مانگاو چاڵو چۆڵی زۆر تێدابوو، چاڵەکان پڕببوون لە خوێن کونێک لەدەرگای ژێرخانەکەدابوو بەکر تەلانی بە خەسووی فەیمە خانی ووت دەرگاکە دابخە هەرکەسێک بێت لەو کونەوە دەیبینم ئەگەر مردم تفەنگەکەم بدەنەوە بە هاوڕێ پێشمەرگەکانم ئەگەر نەشمرم تا بەیانی فریام دەکەون

ئەوشەوە تا بەیانی فەیمەخان و خەسووی سەریان لێدەدا بەرەبەیان فەیمەخان هاتوو ووتی خاڵە بەکر ماویت هێشتا جاشەکان لەناودێن.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٦ بوو گەلەجاشێک لەو شوێنەوە هاتن کە مام بەکر شەو لێوەی هاتبوو جاشێک هاتە بەردەم ژێرخانەکە مام بەکر خۆی ئامادەکرد ئەگەر بێتە ژوورەوە تەقەی لێبکات جاشەکان دەرگای ژێرخانەکەیان کردەوە مانگاو مریشک چوونە دەرەوە بەڵام نەیاندەزانی مام بەکر لەوێیە.

جاشەکان برسیان بوو چوونە ماڵی فەیمە خان خۆیان نان ئامادەبکەن بە قسەکانیاندا دیاربوو جاشی حەمە خانی حاجی دارابـوون. فەیمە خان هاتەوەو چووە ژورەوە جاشەکان خۆیان توڕەکرد دەیانوت لە دوێنێوە نانمان نەخواردووە خاتوو فەیمە پێیوتن بۆ خۆتان توڕەدەکەن ئێمەش حاڵمان خراپە ژنێکی دێیەکەمان کوژراوە، هەستن دەچین بۆ ماڵی خەزورم ماڵیان لای مزگەوتەکەیە جەمەعتتان هەمووی لەوێن نانێکی زۆریان بۆ ئامادەکردوون، فەیمەخان بە ژیر و زیرەکی خۆی جاشەکانی دوورخستەوە.دواتر فەیمە خان هاتەوە ووتی کاک بەکر تەحسین شاوەیس لێرەیە لەوانەیە ماڵەکان بپشکنێ، بەکر تەلانی ووتی لێمگەڕی خەمت نەبێت خوا گەورەیە، فەیمەخان ڕویشت و گەڕایەوە ووتی خەمت نەبێ جاشەکان خۆیان کۆکردوەتەوە بڕۆن.

تەرمی شەهیدەکان کەوتبوونە دەستە جاشەکان، خەڵکی قـازان داوایـان لە جاشەکان کردبوو تەرمی شەهیدەکان نەبەن لێرە بەخاکیان بسپێرن، لەوەڵامدا تەحسین شاوەیس ووتبووی قائیدی فەیلەق و قائیدی فیرقە داوای تەرمەکان دەکەن، قالە فەرەج بەسەختی بریندارە ئێمەش کـوژراوی زۆرمـان هەیە دەبێت هەموو تەرمەکان تەسلیم بە قائید فەیلەق بکەین تەحسین قسەو جنێوی بە خەڵکی

قازان دابوو هەڕەشەی لێکردبوون.

تەرمی شەهیدەکان و جاشە کوژراوەکانیان بە کۆپتەر گواستەوە چەمچەماڵ.

شێخ سەلام بریندار‌بوو ئەویش لە قازان خۆی حەشاردابوو کە جاشەکان ڕۆیشتن مام بەکر و شێخ سەلامیان هێنایە دەرەوە، لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە برینداره‌کانیان گەیاندە گەبە گولیجە، شیلەخان، دواتر بەکر تەلانییان کردە ناو دارە مەیتێکەوە و بردیانەوە دێی زەرزی لەوێوە بۆ چەمی سوورقاوشان لەوێ بنکەیەکی تەندروستی لێبوو بۆ چارەسەرکردنی برینداره‌کان .

دوای چەند ڕۆژێک بڕیاردرا برینداره‌کان بەرنە سەرکردایەتی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٨ بریندارەکانیان بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکرد مام بەکریان خستە ناو دارەتەرمەوە لە هەر جێگەیەک لایانبدایە شێرزاد حافظ کەخۆشی برینداربوو برینەکانی مام بەکری خاوێن دەکردەوە بەناو بەفرو شەختە و بەستەڵەکی ساڵدا برینداره‌کان گەیەندرانە نەخۆشخانەی شۆڕش دکتۆر فواد، دکتۆر شوان، دکتۆر هەڵۆ چارەسەریان بۆ دەکردن، دواتر هەڤاڵ مامجەلال و نەوشیروان مستەفا سەردانی برینداره‌کانیانکرد.

دوای ماوەیەک مانەوەو چاکبوونەوەی زۆربەی بریندارەکان بەکر تەلانی بەرەو باشتر دەچوو بۆیە لەسەر داوای خۆی گەڕایەوە سەرگەڵوو.

**تێکڕای برینداره‌کانی شەڕی قازان**

*پۆڵای موهەندیس

*شێرزاد حافظ

*مام عومەر نەجاڕ کەرکوکی

*شێخ سەلام کۆزە بۆرەیی

*عەبدولڕەحمان گەبەیی

*کەریمە ڕەش

*سەید براهیم

*بەکر تەلانی

*سەنگەر

هەواڵنامەی کتێب

## هـــــەڵوێستی ئــــیسلامی – شــــیوعی

هێزێکی ئیسلامی بەسەرپەرشتی حەمە بازیانی هاتن بە هانای شەڕەکەوە بەڵام نەیانوێرابوو بچنە قازان تا شیلە خانە هاتبوون.

هێزێکی حزبی شیوعی لە بۆلقامیش ئاهەنگیان گێڕابوو تەقەیان کردبوو بە ئاسماندا کە ئەو ژمارە پێشمەرگەیەی یەکێتی شەهیدبوون.

## دەســــــــتگیرکردنی کـــــۆمیتەی ئـــــاگر

کۆمیتەی ئاگر تۆڵە سێن و زەبـردەری پیاوانی ڕژێـم و دامـوو دەزگـا داپڵۆسێنەرەکانی بوون لە ناو شاری کەرکوکدا، لە ماوەی درووستبوونی کۆمیتەی ئاگر تا دەستگیرکردنیان لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/١٧ دەیان چالاکیان لە ناو شاری کەرکوکدا ئەنجامداو چەندین جەللادو تاوانباریان بە سزای گەل گەیاند.

هاوڕێیانی کۆمیتەی ئاگر دوژمنیان هەراسان کردبوو کەرکوکیان کردبووە پشکۆ بۆ دووژمنان و داموودەزگاکان و سیخوڕەکانیان ، ترس و دڵەڕاوکێی زۆریان خستبووە دڵی داگیرکەرو کاسە لێسەکانیانەوە.

ڕۆژی ١٩٨١/١٠/١٧ کۆمیتەی ئاگر، یان بەشێکی دیارو بەرچاو لە کادیرە دیارو چالاکەکانی کۆمیتەی ئاگر دەستگیرکران و لە ساڵی ١٩٨٤ تێکڕایان شەهیدو گوللە بارانکران کە (١٠) تێکۆشەرو (١٠) پێشمەرگەی جەربەزەو جەنگاوەری ڕیزەکانی کۆمەڵەو (ی ن ک) بوون.

چەند کەسێک لەو کادیرە دەستگیرکراوانەی کۆمیتەی ئاگر تەمەنیان خوار (١٨) ساڵ بوو کە نەدەبوو لە سێدارە بدرێن یان گوللە باران بکرێن، بەڵام دادگای بە ناو شۆڕشی عێراق دەستکاری تەمەنیانیکرد تا بڕیاری لە سێدارەدان و گوللەبارانکردن بیانگرێتەوە.

دەستگیرکردنی ئەم پۆلە تێکۆشەرە لە کۆمیتەی ئاگرو لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، گورزێکی کاریگەرو خەسارەتێکی گەورە بوو لە کۆمیتەی ئاگرو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو (ی ن ک) لە ناو شاری کەرکوکدا، بەڵام دەستگیرکردن و بێسەرو شوێن کردنی ئەم پۆلە کادیرەی کۆمیتەی ئاگر نەک هەر کۆڵی بە ڕێکخستنەکان و تێکۆشەرانی (ی ن ک) نەدا بەڵکو زیاتر سوور بوون لە سەر خەبات و درێژەپێدانی، هاوڕێیانی کۆمیتەی ئاگر، بە گوڕترو بە جۆشتر خۆیان ڕێکخستەوە.

شەهیدانی کۆمیتەی ئاگر هێندە زەبریان لە دووژمن دابوو، هێندە دەستیان لە دووژمن وەشاندبوو بە جۆرێک سوێیان کردبووە دڵی داگیرکەر وانەی گرنگیان دادان کە لە شەهید بوونیشیاندا لێیاندەترسان و ترس و دڵەڕاوکێ بەرۆکی خۆفرۆشان و داگیرکەرانی بەرنەدابوو.

**شەهیدانی کۆمیتەی ئاگر ئەم نەمرانەن:**

١- شەهید مەلا محەیدین حسێن سوور
٢- شەهید فەهمی ئەمین ڕەشید
٣- شەهید عەبدولقادر بەکر
٤- شەهید ڕەشاد حەمە ئەمین
٥- شەهید فاروق عومەر وەلی
٦- شەهید فەرهاد محەمەد سەعید
٧- شەهید حەسەن حەمە عەلی
٨- شەهید ئەسعەد عەزیز ڕیشە
٩- شەهید جەبار ساڵح فەرەج
١٠- شەهید جەنگی نەجمەدین نوری

## شـــــەهید بوونی عـــەلی ســـاڵح و هـــــەڤاڵەکانی

لە ١٩٨٢/٣/٢٠ کەرتی (٢) ی هەرێمی (٢)بە فەرماندەیی عەلی ساڵح لە دێی مۆرخواردە تووشی شەڕێکی نابەرانبەر بوون لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی عێراق.

هێزەکانی ڕژێم لە دەیان سەربازو جاش پێکهاتبوون چەندین کۆپتەری باری و

هەولنامەی کتێب

جەنگی پشتیوانی هێزەکەیان دەکرد لە بەرانبەردا ژمارەیەکی کەم پێشمەرگە بەڵام بە ورە پۆڵاین و ئازا ڕووبەڕووی هێزی زۆرو بۆری داگیرکەر بوونەوە شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵدا کردن تا ئێوارەیەکی درەنگ شەڕ بەردەوام بوو.

لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون شەش پێشمەرگەش بریندار بوون و دوو پێشمەرگەش کەوتنە دەست دوژمن عەلی ساڵح فەرماندەی کەرتەکە بە بریندارى و بە بەرچاوی هەڤاڵەکانیەوە فیشەکی نا بە خۆیەوەو شەهید بوو تا بە بریندارى نەکەوێتە دەست دوژمن.

**شـــــەهیدەکــــان**

١- شەهید عەلی ساڵح فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (٢)

٢- شەهید مامۆستا پێشڕەو تۆبزاوایی

٣- شەهید ئەحمەد ڕەفیق (ئەحمەد بەگ قەسرۆکی)

٤- شەهید شەریف خدر ناسراو بە مەلا ئازاد

٥- شەهید عوسمان گۆگجەیی

٦- شەهید شاخەوان گۆپتەپەیی

**بــــــریندارەکان**

١- مەلا ئاراس

٢- عەبدوڵڵا جەلەمۆردی

٣- مەلا ئەحمەدی گۆگجە

٤- سەنگەر هەولێری

٥- کاوە عەلی ساڵح

٦- نەقیب سیروان بیرە سپانی

**دوو پــــێشمەرگە کەوتنە دەســــــت دوژمن**

١- زانا کۆچەکی

٢- خاڵە بەخە

دواتر بە لێبوردن ئازادکران و بوونەوە پێشمەرگە.

هەواڵنامەی کتێب

# هەریمی سێی شارباژێر
# ناوچەکانی پێنجوێن
# بەرزنجە، چوارتا، ماوەت

# کــــورتەیەك لـــە مـــێژووی پــــێنجوێـــن هــــەڵایسانـــــی شــــۆڕشی نـــوێ لە پـــێنجوێن و دەشـــتی شـــلێر

## کـورتەیەك لە مـێژووی پـێنجوێن

پێنجوێن شارو ناوچەیەکی دێرینی کوردستانە، بە شاخ و کێوو چیای بەرزو کەڵەگەت دەوری گیراوە، مێژووی دێرینی شارۆچکەی پێنجوێن و دێیەکانی دەورووبەری دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دێرینتروو پێماندەڵێت لە مێژە لەم ناوچەیەدا ژیان بەردەوامی هەیە و قۆناغ بە قۆناغ ناوچەی پێنجوێن گەشەی بەردەوامی کردووەو فراوان بووە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ کە قەزایەکی فراوان و چڕووپڕ لە دانیشتوانە.

پێنجوێن خاوەنی سەرچاوەی ئاوی سازگارو جۆگەو جۆبارو باخ و سەوزایی بەرین و سەیرانگای فرەجۆرو فرەچەشنە کە لە سەرجەم وەرزەکاندا لە پایزو زستانی، لە بەهارو هاوینی، گونجاوو لە بارە وەک ناوچەی گەشتیاری و هەر وەرزەی چێژی تایبەتی خۆی هەیە و سرووشتی دڵگیروو باخ و باخچە و سەیرانگا و کێوو چیا سەرکەشەکانی ئارامیەکی تەواو بە ڕۆح دەبەخشێت، هەر وەرزە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، پایزی پڕ گەڵای وەریوو زیوینی درەختە شەنگەکانیەتی، زستانی سەخت و چیاو شاخە بەرزەکانی لاپاڵ و قەدپاڵ و تەنکە شیوەکانی بەفر دایدەپۆشێ و بەرگی سپی دەکاتە بەروو دەپۆشێ، بەهاری پڕ لە گوڵ و گوڵزارو قەرسیلی سەوزی تا ئەژنۆ و ئاوو بەفراوی سازگارو پڕ لە گوڵی زەردوو سوورە، کێوو بەندەنی، قەدپاڵ و لاپاڵ، کوێستانە دڵگیرەکانی بە گوڵ و هەڵاڵەو سێوسنە ڕەنگین دەبێ و سرووشتی دڵگیری ئەو ناوچەیە دەڕازێنێتەوەو لە پێشوازی میوان و ڕێبوارانداندا دەبێتە فەرشێکی ڕاخراوی هەمەڕەنگ و ڕۆح و دڵ ئاوپرژێن دەکەن، هاوینیشی دڵگیروو ئاسمانی ساماڵ و پڕ لە ئەستێرە و جریوەیە

پڕ لە جوانی و تریفەیە، خاوەنی ئاوو هەوایەکی فێنک و شنەی شەماڵێکی خەم ڕەوێنە کە ئەو خەسڵەتانەی کردوویەتی بە مەملەکەتێکی چوار وەرزی گەشتیاری جوان و دڵڕفێن.

مێژووی پێنجوێن هەر مێژووی وەرزەکانی نییە، هەر سرووشتی جوان و دڵگیر و هەر شاخ و کێوو لوتکەی بەرزو ئاسمانی ساماڵ و شنەی شەماڵی فێنک نییە، هەر دەشتی پڕ لە ئاوو گوڵاڵە سوورەی ڕواوو فەرشی ڕەنگاوڕەنگی دەشت و کێوو قەدپاڵ و لاپاڵی دوندوو چیای سەر بە تەم نییە، بەڵکو مێژووی تێکۆشەران و نووسەران و هونەرمەندان و کەڵەپیاوان و ناوداران و بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیەکانیەتی، مێژووی گیان فیدایی و بەرخودان و گیان بەخشینە، مێژووی شۆڕش و بەرگری و سەرفرازییە مێژووی ڕاپەڕین و شەهید بەخشین و بزووتنەوەی کوردایەتی و پێشکەوتنخوازییە، پێگەو جێگەیەکی گرنگی ئابووری وهاموشۆی بازرگانی و وەرزێری و بەیەکەوە گرێدانی ڕۆژهەڵات و باشوروو پەیوەندی کۆن و نوێی ئابورییە، لێرەوە بە مێژووی دێرین و هەمەلایەنی ئابووری ، سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، کلتووری، ڕۆشنبیری پێنجوێن ئاشناتان دەکەین و لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکانی مێژووی پێنجوێن هەڵدەدەینەوە.

## بـــەرچنەیەك لە مـــێژووی پـــێنجوێن

پێنجوێن لە ڕووی هەڵکەوتەی تۆبۆگرافیاوە بان و بەرزییەکە لە ئامێزی کۆمەڵێک شاخدا هەڵکەوتووەو دەرکەوتووە کە لە ١٤٠٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، بۆیە بە پێی ئەزموون واپێناسە دەکرێت کاتێک کە لە سەر ئەزمڕو گۆیژە بەفر دەبارێت لە ناو پێنجوێنیش دەبارێت، تەختایی پێنجوێن لەگەڵ لوتکەی ئەزمڕو گۆیژە هاوتەریبە، لە ڕووی بەرزییان لە ڕووی دەریاوە، ئەوە تەختایی پێنجوێن، کەواتە شاخ و لوتکە سەر بە تەم و لە هەورگیربووەکانی پێنجوێن زۆر سەختترو کوێستان ترو ساردترە بە بەراورد لەگەڵ تەختایی پێنجوێن و تەریب لەگەڵ گۆیژەو ئەزمڕ.

ناوچەی پێنجوێن بە حوکمی هەڵکەوتەی جوگرافی کە پێدەشتێکی زۆر بە پیتە،

بناری شاخەکانی بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆرو هەبوونی کۆمەڵێک کانیاوی سازگارو خاوەنی ئاوێکی زۆرە کە دەبێتە هۆی گەورەبوون و فراوان بوونی و هەڵبەستنی چۆمی گەورە کە بەشێکی سوود لە ئاوی تواوەی بەفری قەدپاڵ و بنارو کوێستانە کانی ناوچەکەو کانیاوەکانی وەردەگرێت، بەشێکیتریشی لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێت و تێکەڵ بە ئاوو چەم و جۆگەکانی ناوچەکە دەبن و دەبنە چەمێکی سەرەڕۆو سەربەرەو خوار سەرهەڵدەگرن.

چەمی گـەورەی پێنجوێن ئەو سەرچاوە ئاوییەیە کە ڕاستەوخۆ کەوتووەتە دامێنی پێنجوێنەوە، جگە لە ئـاوەڕۆی پێنجوێن و کانیاوەکانی خـۆی، ئەم دوو لقە لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵئەقوڵێ بەشێکیان پێیئەڵێن چەمی هەنجیران کە لە دێی هەنجیرانەوە دەستپێدەکات، چەمەکە دێتە خوارەوە بە «خانم کۆن» و بە تەنیشتی «هەڵاڵاوادا» دێت، لەگەڵ چەمی بناوەسووتەدا پێکدەگەن. لە کانی سەرکۆشک و چنارەجۆو دەڕاوی بایاوە دەستپێدەکات و دێتە خوارەوە بە مەرزی باشماخی ئێستادا تێدەپەڕێت، لە زەوییەکانی نێوان دێی «هەڵاڵاوا» و دێی «ناوکەلان»دا ئەم دوو ئاوە یەکدەگرن و چەمی گەورەی پێنجوێن پێکدێنن، چەمی گەورەی پێنجوێن ڕۆڵی تایبەتی هەبووە لە پێشکەوتنی پێنجوێن دا چوونکە چەند بناوانێکی لە سەر درووستکراوە، پێیدەڵێن « بەرە جۆگەی کێلو» ئەم بەرە جۆگەیە تا «گردی شایەن» و تا کلکەی «نزارە» درێژ بووەتەوەو ئاوی ڕۆشتووەتەوە کە ساڵانی زوو مەرەزەی لە بەردا دەکرا، لەملاشەوە لە بەری باشووری چەمەکەوە بناوانی گەورەی لە سەر درووستکراوە تا پشتی «کانی ماسیان»، بۆ ناو پێنجوێن خۆی، ئەم چەمە لە تەنیشت قەڵای «قزلج»ەوە لە «دوولاکەمەرەوە» درێژ ئەبێتەوە دواتر لەودیو سپیارەوە لەگەڵ چەمی ناوپارێزدا لێکدەدەن و تێکەڵ دەبن لە چەمی ناوپارێزەوە ئەڕوات جارێکیتر لەگەڵ چەمی شلێردا یەکدەگرنەوە لە «دووئاوان».

چەمی شلێر بە نێوان هەموو دێهاتەکاندا دێتە خوارەوەو تێدەپەڕێت لە گۆلێوە دەربەندێکی قوڵ درووستدەکات دواتر تێکەڵی چەمی قەڵاچوالان دەبێ، لەوێشەوە

سەربەرەو خوار بەرەو دووکان دەڕوا، سەرچاوەی ئەم چەمە لە خاکی ئێرانەوە دەستپێدەکات بەڵام سەرجەم کانیاوەکانی خۆمان دێنە ناوی، چەمی سووراو یان چەمی شلێر سەرجەم سەرچاوەکانی دەکەوێتە ناوخاکی خۆمان.

سەرچاوە ئاوییەکانی پێنجوێن وایکردووە کە لە دێر زەمانەوە مرۆڤ لەم ناوچەیەدا نیشتەجێبێت، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان چەند شوێنێک هەیە لە پێنجوێن کە یەکێکیان پێیدەوترێت قەڵای «کچێ»، یەکێکی دیکە شاخێکە لە ناوخوان بە ناوی «قوتەی ئەسکەندەر» لە نێوان «قەڵای کچێ و قوتەی ئەسکەندەردا» دێیەک هەیە بە نێوی دێی «بالیکەدەر» دەراوەکەی کە نزیک چەمەکە دەبێتەوە پیاوە کۆنەکان پێیانوتووە «کورە خانەکە» و هەندێک پاشماوەی بە بەردبووی خەڵوزو وردەی خەڵوز دۆزراوەتەوە کە پێدەچێت لە کۆندا کاری ئاسنگەری و چەک و چۆڵی ئاسنی تیادا بووبێت، بە حوکمی ئەوەی لە (پێنجوێنیش) دا شاخێک هەیە ئەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی شارەکە کە خەڵکی ناوچەکە پێیدەڵێن «ئاسن کۆڵێن» یان شاخە ئاسنەکە پێشتر بە وڵاخ بەردیان لێدەردەهێناو دەیانناردە کارگەکانی چیمەنتۆ یان پوختەکردن، دەماودەم دەگێڕنەوە ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنەیان کردووە قوڵنگ و ئامێری تایبەتی دەرهێنانی ئەو ئاسنەیان تیادا دۆزیوەتەوە، لە بەردەم قەڵای کچێش شوێنێکی تایبەت هەیە پێیدەڵێن بازاڕو گۆڕستانەکە، لەوێ سکەی «ئەسکەندەری گەورە دۆزراوەتـەوە کە سەری یان تاجی ئەسکەندەری لە سەر نەخشاوە، لە سەردەمی لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتی فارس» هەر لە هەمانشوێن سکە دۆزراوەتەوە کە جل و بەرگی مادیان لە بەردایە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەڵەمڕەوی مادەکان پێش مادەکانیش گۆتیەکان کە لە کەرکوکی ئێستا تووشی شەڕو کێشە بوون، لە ڕاماڵین و پاشەکشەی لەشکرەکانیان هاتوون لێرە گیرساونەتەوەو خۆیان گرتووەتەوە.

## ســــــنووری پـــــــێنجوێن

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرزترین چیا پێیدەڵێن «قوچی سووڵتان» کە دەکەوێتە پشتی «بایاوا» لە تەنیشتی ئەو ملەی (ناوە سار) هەیە کە بە سنووری

پێنجوێن دادەندرێت دواتر دەگەیتە شاخە ئاسنەکە، لە باشوورەوە زنجیرە چیاکانی، سوورێن دەستپێدەکات کە هەندێک لە دێیەکانی کە لە ڕووکاری (سوورێن) دا هەڵکەوتوون و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پێنجوێنن بە سەر شارەزوردا دەڕوانن، دواتر دێتەوە بۆ «بەردەبەل» و پشتی ڕەزڵە و کورەکاژاو، لەوێوە دەپەڕێتەوە بۆ شێخەڵمارێن، چیای تالیەر، دواتر بۆ بەردە بەکۆز پشتی بناویان، دواتر درێژ دەبێتەوە بۆ گۆڵێ، کە ئەمانە بەشی ڕۆژئاوای پێنجوێنن لێرەوە سنووریکمان بۆ درووست دەکات لەگەڵ شارباژێردا.

باکوری پێنجوێن بەشێکی پێدەوترێت سەر شێوی مەریوان دواتر سەر شێوی سەقز دەستپێدەکات درێژدەبێتەوە تا سنووری شاری بانە، ئەو زنجیرە شاخەی کە کەوتووەتە نێوان ئەوەی ئاوەڕۆی بەڕووی پێنجوێن دایە بە خاکی پێنجوێن ئەژماردەکرێت، ئەوەشی ئاوەڕۆی بەڕووی ئەودیودا بێت بە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەژمار دەکرێت.

سەیران بەن هێڵی جیاکەرەوەیە چیاکانی کێڵێ، شاخەسوور، پشتی وێنە، ئەو زنجیرەیە تادێتە وێولسان دواتر ملەی ناوخوان کە دەربەندێکەو ڕێگەی هاتووچۆبووە تا چیای ئەسکەندەر.

## پـــــــەیوەندی و هـــــــامووشۆ

دیهاتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هاتووچۆیان لەگەڵ پێنجوێن بەردەوام بووە، دێنشینەکانی مەریوان، سەقز، بانە لە بەهاراندا هاتوونەتە کوێستانەکانی سنووری پێنجوێن و چەمی شلێر بۆ، چنین و ڕنینی ڕێواس و پیچک، پێنجوێن وێستگەی لادان و حەوانەوەو پشوودانی کاروانچییانی ئەودیو بووە، کاروانچیانی پێنجوێنیش هامووشۆی بەردەوامی شارو دێیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان کردووە، بە دوو ئاڕاستەی جیاواز ئاڕاستەیەک ڕووەو بانە ئاڕاستەیەکی دیکە بەرەو مەریوان و سنە، بۆ پەڕینەوەو بەرێکەوتنی کاروانچییەکان ڕووەو سنوورەکان تا لە بەفرو ڕێگەگیران و تەنگەبەری و ئاستەنگ درووستکردن بە دووربن و ڕێگەیان هەڵەت و شەکەت نەبێت، بە ئاڕاستەی باو هەورەکان ئاستی بەرزی و نزمی کەش و هەوایان



هەوالنامەی کتێب

دیاریکردووە.

پێنجوێنییەکان پەندێکی دێرینیان هەیە بۆ زانینی کەشووهەوای ڕێگاو کوێستانەکانی سەر سنوور، گەواڵە هەورەکانی کە پەیوەندیان بە ئاستی بارینی ناوچەکەوە هەیە، ئەگەر ئەو بایەی لە سیبریاو ڕووسیاوە دەست پێدەکات هەبێت و هەستی پێبکرێت مانای ئەوەیە بەفری سەختی لێدەبارێت، هەر بۆیە لە ناو پێنجوێندا کە کاروانییەکان بارگەو بنەیان خستووەو حەساونەوەو سەیری کەش و هەوایان کردووە بەم پەندە کوردییە گوزارشتیان لە کەش و هەوا کردووە کە دەڵێت »ئەگەر هەور چوو بۆ بانە، مریشکیش بکەرە کولانە» کاروان ئیتر نەڕۆیشتووەو بارگەو بنەی لێک نەناوە، چوونکە ئەو گەواڵە هەورە ئەگەر بەر ئەو هەوا ساردە بکەوێت بەفرێکی سەخت دەکەوێت کە تا ئێستاش هەروایە، بەڵام ئەڵێت» ئەگەر هەور چوو بۆ مەریوان، وولاخ دەرکەو برۆ بۆ کاروان».

کاروانچییەکان هەر لە نێوان بانەو مەریوان و سنە و سەقز قەتیس نەماون بەڵکو مەودای ڕۆشتنیان فراوانتر و قۆناغیان گەورەترو شەقاویان خێراتر بووە، کاروانچیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی پێنجوێن، قافڵەیان درێژ بووەتەوە بۆ دەشتی شارەزوور تا دەگاتە پێدەشتە گەرم و کرکەکانی گوڵاڵە، جەلەولاو شارەبان، کاروانچییەکان لە ئێران و پێنجوێنەوە شەکرو چایان بردووەتە دەشتی گوڵاڵەو شارەبان و لەوێشەوە خوێ و خورماو چەرمیان هێناوەتەوە لەگەڵ خۆیان.

## دێیەکانی دەراوی پـــــێنجوێن

دەراوی پێنجوێن یان حەوزەی پێنجوێن لە ٢٥ دێ نزیک دەبێتەوە، ناوچەی شلێر نزیکەی ٨٥ دێیە دیارترین دێیەکانی شلێر کە قوتابخانە و حوجرەی تیا بووە دێی «بێستانە»یە (ڕیچ) لە ١٨٠٠ دا کە هاتووە دەڵێت چوومەتە دێی بێستان ٤٠ ماڵی تیا بوو (٢٥) یان موسڵمان بوون (١٥) یان بە ڕەچەڵەک جوولەکە بوون ، بێستان قەڵایەکی گەورەی لە بەردەمدایە جووتیارەکانی بێستان دەست ڕەنگین و خاوەن سەلیقەیەکی ووردبوون، پێداویستییەکانی کشتوکاڵ و کەرەسەی ڕاویان لە

دارو درەخت و گەڵا جاڕو لە ئاسن بەرهەمهێناوە، تیرو هەوجاڕیان درووستکردوە.

دێیەکانی بێستان و گۆخڵان و باریکەدەرو پاش بەردو گۆڵێ و وێنە لە دێیە گەورەکانی چەمی شلێربوون کە قوتابخانەو حوجرەی ئاییینیان تیادا بووەو پیاوی مونەوەرو عارفی گەورە لەو دێیانەدا هەبوون و بە سەدان فەقێ لە سەردەستی ئەوان فێربوون و خوێندنیان تەواوکردوە، لە پشتی دێی «وێنە» ی کۆن ئەشکەوتێک هەیە کە پێیدەڵێن ئەشکەوتی «فەقێیان» لەوێ بۆ خواداپەرستی و چوونە ڕۆحی یەزدانـەوە چوونە خەڵوەت و وەکو کاژێر بەکاریان هێناوەو خوداپەرستیان تیاداکردووە.

## مـــــوفتی شـــــاعیر

مەلا عبداللەی توتنچی کە نازناوی موفتی شاعیرە یەکێک لە پیاوە عارف و ئەدیب و ڕۆشنبیرو ناسراوەکانی ناوچەی پێنجوێن و تەواوی ناوچەی سلێمانیش بووەو خەڵکی دێی بێستان بووەو لەوێ ژیاوە. یەکێک لە پیاوە گەورەو منەوەرەکانی ناوچەکە بووەو کاریگەری لە سەر خەڵکی پێنجوێن و ناوچەکە دیارو بەرچاو بووە بە تایبەت لە بواری هاندانی خەڵک بۆ چوونە قوتابخانە و فێربوونی زانست و پەروەردەیەکی تەندرووست تا لە تاریکی و نەزانین ڕزگار بن و ڕووەو ئاسۆی فێربوون و زانست بڕوانن و هەنگاوەکانیان بهاوێن.

موفتی شاعیر لەو سەردەق شکێنانە بووە کە یەکەم کەس بووە لیمۆخانی کچی ناردۆتە قوتابخانە تا شان بە شانی کوڕان بخوێنێت تا خەڵکی تریش ئەو تەلیسمە بشکێنن و شوێن پێی هەڵگرن، لە بواری شانۆو نواندندا لە ساڵی ١٩٥٠ دیسان لیمۆ خانی کچی موفتی شاعیر یەکەم ژن بووە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لە سەر تەختەی شانۆ ڕۆڵی بینیوە، لە کاتێکدا پێشتر پیاوان ناچار بوون ڕۆڵی ژن بگێڕن لە شانۆکاندا.

## پـــــێنجوێن، پـــــێنج شـــــوێن

هەبوونی سەرچاوەی ئاوی سازگارو شیرینی کانی حەیات و هەزارکانی و کانی کوری لە بەشی سەرەوەی پێنجوێن و لە ساڵانی ١٤٠٠ بۆ سەرەوە بووە هاندەرو

ڕێخۆشکەری ئەوەی هاوولاتیانی ئەو سەردەمەی سنوورەکە لەوێ نیشتەجێبن و قۆناغ بە قۆناغ ئاوەدانی بکەنەوەو گەشە و پەرەی پێبدەن و بیکەنە ئەو پێنجوێنەی ئێستا و، سەرەتای نەخشە و چوارچێوەی پێنجوێن ڕەنگ بکەن و بکێشن.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، مامۆستا عبدالکریمی مودەریس هاوڕان لە سەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا پێنج شوێن بوون، پێنج دێ بوون، هاتوون بۆ پێنجوێن و ئاوەدانیان کردۆتەوەو لە سەرچاوەی کانی حەیات و هەزار کانیان و کانی کوری یەکیان گرتوە تا بەیەکەوەبن، دێیەکانی کە ئەوان باسیان دەکەن وجوودیان هەیە، دێیەکی گەورەیان لە نێوان پێنجوێنی ئێستا و چیای کانی شەوقە پێیوتراوە (دێ کۆن) دێیەکیتریان بە بناری ناوشاخانەوە پێیوتراوە ئیبرایم ئاوا، دێیەکیتر بە بناری جنایە رەوە پێیوتراوە عەلیاوا، ئەمانە یەکیان گرتووە لەگەڵ هۆزەکانی دەووروبەر، هۆزی بارام، هۆزی مخە، هۆزی حسینی، هۆزی قوباد کە وەچەیان هەیە لە ناو پێنجوێندا.

پێنجوێن دەکرێت بڵێین (٥) دێ، (٥)گوند، (٥) شوێن.

## کـــــویستانەکان+پـــــیشەسازی بـــــچووك

کوێستانەکانی چەمی شلێر زۆر سوودی بۆ دانیشتوان و جووتیارانی سنوورەکە هەبووە، ڕێواس و پیچک و گیادۆخەوەو سوورە بنە، جۆرێک لە هەسبێ کێویلە و کاشمە لەو گیایانە بوون کە لە کوێستانەکانی چەمی شلێر خۆڕسکانە ڕوواون وەکو گیای خۆراکی و گیای دەرمانیش سوودیان لێبینراوەو بەکارهاتوون، جگە لە دارو درەختی قەدپاڵ ولاپاڵی شاخەکان لە بەڕوارو مازوارو وێوڵ، کە لە ڕووی پیشەسازی و پیشەکانی دروستکردنی هەوجاڕ و ئەو ئامێرانەی کە لە جووتدا بەکاریان هێناوە، دروستکردن و کلک و دەسکی ئەو ئامێرانەی لە کشتوکاڵدابەکاریان هێناوە، لە ناو پێنجوێن و دەرەوەی پێنجوێنیش ئاسنگەر هەبووە کە گاسن و تەورو تەورداسیان دروست کردووە.

نیگارکێش و چنین و پیشەی دەستی لە پێنجوێن و دەووروبەری هەبوون، هەللاج، ناڵبەند، قەزاز هەبووە.

## بـــە نـــاحیە بـــــوون

دوای گەورە بوون و فراوانبوونی پێنجوێن لە ڕووی دانیشتوانەکانی کە بەشێکی بەرچاو لە دێنشینەکانی دەورووبەرو خەڵکی ناوچەکانی دیکەش ڕوویان تێکردووەو نیشتەجێبوون پێویستی بە ناحیە بوون سەری هەڵداوەو پێنجوێنیش بووەتە چەقی کارگێڕی ناوچەکەو لە ساڵی ١٩٢١ دا کراوەتە ناحیە، لە ساڵی ١٩٢٧ ئینگلیزەکان هاتوونەتە پێنجوێن و کەمپیان درووستکردووە، لە بەردەمی پێنجوێندا شوێنێک هەیە پێیدەڵێن فڕۆکەخانە کە، کۆپتەری لێنیشتۆتەوە لە ساڵی ١٩٣٠ دا پێنجوێن هێندە فراوان بووە کە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕوویداوە و عەولە سیس و ژمارەیەک هاوولاتیتر شەهید بوون دژی ڕێکەوتننامەو هەڵبژاردنی نوێنەران لە سلێمانیدا کە زۆربەی پیاوماقوڵان و دانیشتووانی شار ڕەتیان کردووەتەوەو پیرەمێردی شاعیریش بە هۆنراوەیەک نوێنەرەکانی بە میللەت فرۆشان ناوبردووە، لەو کاتەدا لە پێنجوێنیش هاوشانی سلێمانی ڕێپێوان و خۆپیشاندانیان کردووە، لێرەدا ڕۆڵی موفتی بەزەقی دەردەکەوێت کە پیاوێکی چەند منەوەر بووە.

هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانی پێنجوێن بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی گرنگە ئاماژە بەوەش بدەین ئەو سەردەمە شێخ مەحموودی نەمر مەلیکی دوورخراوەی کوردستان لە دێی پیرانی ناوچەی پێنجوێن ژیاوە، هەر لەوێوە دژی گوللەبارانکردنی دانیشتوانی سلێمانی نامەیەکی ناڕەزایی داوەتە (عصبە الامم) داوای ڕاگرتنی زوڵم و زۆر و خوێن ڕشتنی لاوانی نیشتیمانی کردووە.

پێش ساڵی ١٩٣٥ یەکەم قوتابخانە هاتووەتە پێنجوێن و کراوەتەوە مامۆستا ڕەشید یارە سەرپەرشتی کردووە، لە پێنجوێنماڵێکیان بۆ تەرخان کردووە تا لە ساڵی ١٩٣٥ دا بینایان بۆ کردووە، قوتابخانەی پێنجوێنی سەرەتایی کە لە شوێنی بانقی ئێستا بووە، ئیتر لێرە بەدواوە بە تایبەت لە ساڵی ٤٠ تا ٥٥ لە ژێر کاریگەری کۆماری مەهاباد و اتحادی سۆڤیتی فکری چەپ و پێشکەوتنخوازانە سەریان هەڵدا کە باخەوانی شاعیرو موفتی و قانیع ڕۆڵی پێشەنگیان تیادا بینیوە.

## هـــاتنی قـــاسم بـــۆ حـــوکم

هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ عبدالكريم قاسم هاتە سەر حوکم و ڕژێمی پاشایەتی گۆڕاو ڕژێمی کۆماری جێگەی گرتەوە، پێنجوێن فراوانییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، کۆمەڵێک لە گەنجەکانی ئەو سەردەمە لە ژێر کاریگەری فکری چەپ و نیشتیمان پەروەریدا جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەیان دەستپێکرد، لە پێنجوێن بۆ پشتگیری لە شۆڕشی ١٩٥٨ ی عێراق و هاتنە سەر کاری قاسم ڕێپێوانی جەماوەریان ئەنجامدا بەدروشمی «ماكو زعيم الا كريم» پێشوازی و پشتیوانیان بۆ قاسم و ڕژێمی کۆماری دووپاتکردەوە، هەر ئەو سەردەمە کۆمەڵێک گەنج ئەو کاتە کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوون، بە پێشەنگی دانیشتوانی پێنجوێن و لە ڕێگەی لیوای سلێمانیەوە چوونە بەغداو داوایان کرد پێنجوێن بکرێتە قەزا، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ دا پێنجوێن بڕیاری بەقەزابوونی بۆ دەردەچێت و» محى الدين عبدالله بەغدادی» دەبێتە یەکەم قایمقامی پێنجوێن.

## هــــاتنی مـــام جـــەلال

ساڵی ١٩٦٢ هەڤاڵ مامجەلال وەکو سەرکردەیەکی لاوی شۆڕشی ئەیلول سەردانی پێنجوێنی کردوو ووتارێکی گەرم و گوڕی پڕ لە حەماسەتی شۆڕشگێڕانەی پێشکەش بە خەڵکی پێنجوێن کرد، پیاوە کۆنەکانی پێنجوێن دەگێڕنەوە، خەڵکی پێنجوێن لە دەوری پیاوێک کۆبوونەوە کە چاکەت و پانتۆڵی ئەفەندیانەی لە بەردابوو، پیاوێکی زاناو بەهرەمەند و سەرنج ڕاکێش، قسەکانی بە تەرتیب و بە زمانێکی پاراو دەکرد کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئامادەبوان دادەنا، دوای تەواوبوونی قسەکانی چەپڵەی گەرمیان بۆلێدا دواتر زانیمان کە ئەو پیاوە جلال تاڵەبانییە هەر لە ژێر کاریگەری کەسایەتی (مامجەلال) دا لەو کاتەدا مەرکەزی پێنجوێن تەسلیم بە مامجەلال بوون و چەک و چۆڵ و تەقەمەنیەکانیان تەسلیمی شۆڕش کرد کە ئەمەش پێگەی شۆڕشی لەو سەردەمەدا قایم کرد.

## نـــاوچە گـــەشتیاریەکان

هەڵکەوتەی شاری پێنجوێن بە جۆریکە بە تەنیشت خۆیەوە هاوتەریب بە قەدپاڵ

و لاپاڵیەوە زنجیرەیەک باخ هەڵکەووتون و هەڵواسراون کە هێندەیتر دیمەنی جوان و قەشەنگی پێنجوێنی ڕەنگینتر کردووە، زنجیرەیەک باخ درووستکراوە کە پێیدەوترێت چوارباخ، یەکێک لە شوێنە گەشتیاریە نایابەکان سێبەری چڕووپڕو و هەوارێکی دڵگیرو شوێنی حەوانەوەو پشوودانە، لە سەروو بلکیانەوە سەرچاوەی بلکیان هەیە کە یەکێک لە سەرچاوە ئاوییە سازگارو شیرینەکانە شوێنی گەشت و گوزارو حەوانەوەی گەشتیاران و خەڵکی ناوچەکەیە، لە خۆرهەڵاتی پێنجوێنەوە مەرقەدی پیر جومعە سەرنجت ڕادەکێشێت، لە دێرزەمانەوە خەڵکی ناوچەکە ڕۆژانی هەینی بۆ سەیران و گەشت و حەسانەوە لەوێ کۆبوونەوە، لە بەرانبەری پێنجوێن بەری بەر ڕۆژی کە دێیەکانی کێلو، مەسۆ، هەڵاڵوە دەگرێتەوە، سەیرانگای (سێکوان و سێچاکان) سەیرانگای ڕەسمین لە ناوچەکە، بە شێوەیەکی گشتی سرووشتی ناوچەکە کانی و کانیاوو مێرگی بەرین وخاوەن ئاووهەوای فێنک و هەڵکەووتەی سرووشتی دڵگیرو پڕ لە بۆن و بەرامەن کە تێکڕای ناوچەکە بۆ سەیران و گەشت و حەسانەوە گونجاون، چەمی گوڵێ یەک لەو نموونە جوانانەیە کە شەتاوی ئاو بە سەر بەردوو گیا قەمتەراندا دێتە خوارو نیگاکان پڕدەکات لە جوانی و لە شڵپ و ووڕی شەتاوو لە تریفە و تریقەی کانی.

## مـــــەرزەکانی پـــــێنجوێن

چۆن لەدێر زەمانەوە وولاخداری هەبووەو ڕێڕەوی کاروانچیەکانی ڕۆژهەلات و ناوچەکە بووە، ئێستاش لە زۆر شوێنی دەورووبەری پێنجوێن هاتووچۆ بە کۆڵ و بە وڵاخ هەیە بە شێوەی نارەسمی، لە بەشی باشورەوە لە دێیەکانی خڕنوک و سیامێوە بۆ جۆمەرەیسی کۆڵبەری هەیە، بە دووری ٥ کیلۆمەتر لە تەنیشتی پێنجوێن مەرزی نێودەوڵەتی هەیە کە مەرزی باشماخە، لە تەنیشتی باشماخەوە مەرزی هەڵاڵوا هەیە کە مەرزێکی نارەسمییە، پێشتر لە کونە ورچەوە بار ڕەوانە دەکرا، لە ملەی ناوخوانەوە لە دێیەکانی مران، وێنە، بار، ئەمدیوا و دیو دەکرێت، سەیران بەن یەکێک لەو مەرزانەیە کە بە بەردەوامی کالای لێوە دێت و دەڕوات.

## بــــــواری هـــــونەری، شـــانۆ، مـــیللی

ساڵی ١٩٥٠ مامۆستا عمر علی ئەمین، مامۆستا ڕەفیق چالاک لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی تردا هاتوونەتە پێنجوێن شانۆگەرییان پێشکەش کردووە بۆ پیتاک و کۆمەکی بوومەلەرزەی پێنجوێن، لێرەوە جووڵەیەک لە پێنجوێن درووست بووە.

لە ساڵانی شەست تا حەفتای سەدەی ڕابردوو تیپی شانۆیی لە ناو پێنجوێن درووست بووە، لە سەرەتاوە کاک لەتیفی حەمە ساڵح کە هونەرمەندی تەشکیلی و شانۆییە هاوشان لەگەڵ خاتو «لیمۆ» ی موفتی پێنجوێنی چوونەتە سەرتەختی شانۆو لەو بوارەدا کاریان کردووە.

بە حوکمی ئەوەی زستانی پێنجوێن سەخت و بەفرێکی زۆر دایپۆشیوە، خەڵکی ناوچەکە هەمیشە لە دەوری یەکتر کۆبوونەوەو شەوانی ساردو بەفرگریان بە گۆرانی و یاری میللی تێپەڕاندوەو زستانیان بەڕێکردوە، گۆرانی میللی لە ناو خەڵکی پێنجوێندا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە تا ساڵانی شەست و حەفتا زۆر گەشەی کردووە و پەلوپۆی هاویشتووە و وێردی سەر زووبانی خەڵک و شەوچەرەی شەوانی ساردو تاریان بووە، یەکێک لەو گۆرانیانەی کە تا ئێستاش دەم بە دەم و سینە بە سینە هاتووەو ماوەتەوە دەڵێ، (هـاوارەو کەنیلێ زوڵفان عەنبەر بۆ، ناردوومە بۆ گوڵێ لە باخەکەی تۆ)، خولە نەسەو خولە عەرەب بەر دلۆڤانی خودا بکەون ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە زیندوو ڕاگرتن و گەشەپێدانی هونەری میللی، دوای ئەوانیش حەمە مەڵەک کولە ئاش، ساڵحە تاریکە، عێزەتی حەمە کەریمی نادر، جەوادی عەبە کۆمارسی لە زەماوەندەکاندا گۆرانیان دەوت.

داب و دەستووری زەماوەندی پێنجوێن وابووە، ئەو پێنج شەممەیەی کە بووکی تیادا دەگوازرایەوە سێ ڕۆژ پێش ئەوە دەستیان دەکرد بە هەڵپەڕکێ و ڕەش بەڵەک گەرم دەبوو، بە دیمەن و ڕێوڕەسمێکی جوانی میللی زەماوەندوو بووک گواستنەوە بەڕێوەدەچوو، ئەگەر لە دێهاتەوە بووک بهێنرایە وولاخ دەڕازێنرایەوەو بووکیان سوار دەکرد، ئەگەر لە ناو شاردا بوایە کوڕێکی گەنج ئاوێنەیەکی دەگرت بە پشتیەوە، کۆمەڵێک گەنج بە ڕانک و چۆغەو فەقیانەوە پێیاندەوترا برازاوا، لەم

شانە و شانی بووک و زاوادا دەڕۆیشتن، ژنە کارامەکانی پێنجوێن بێ جیاوازی خواردنی زۆر تایبەتیان درووست دەکرد، برنج و شلە درووستدەکرا، کە بووک دەگەیشت دەستە خوشکی لەگەڵ دابوو، چکلێت و شیرینی لە سەر سینیەک لەگەڵ پارەی ووردە، عانە، پێنج فلسی، دە فلسی، تا بیست و پێنج فلسی و پەنجا فلسی دائەنرا، بە گەیشتنی بووک و زاوا سینیە نوقڵ و پارەکەیان بە سەر بووک و زاوادا هەڵدەدا.

## پــــــرسە و هـــــــاوخەمی

کورد دەڵێ شین و شایی دەستەواوین، خەڵکی پێنجوێن وەها بوون لە شین و شایی یەکتردا بەشداربوون کە هاووڵاتیەک کۆچی دوایی دەکرد بێگوێدانە ئەوەی بیناسن یان نەیناسن، نزیک بێ یان دوور خەڵک دەچووە سەرقەبرانی حاجی شێخ گۆڕیان هەڵدەکەند، مردووەکەیان دەشۆرد کفنیان دەکرد، دواتر بەرەو گۆڕستان بەڕێیان دەکردوو ئەسپاردەی خاکیان دەکرد، پاشان لە مزگەوت پرسەیان بۆ دادەنا لە هەموو ماڵێکەوە سینییەک خواردن بەڕێدەکرا بۆ مزگەوت تا میوانان و ئامادەبووانی پرسەکە لێی بخۆن و فشار لە سەر ماڵی مردووەکە درووست نەبێت، ئەم نەریتە جوانە لە سەر دەستی مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی باوکی شەهید عبداللەی مەلا داهێنراوەو پەسەندکراوەو لە لایەن خەڵکی پێنجوێنەوە جێبەجێکراوە، لە کاتی هەر پرسەیەکدا هیچ ماڵێکی پێنجوێن جلی بە تەنافەوە هەڵنەدەواسی وەک ڕێزێک لە خاوەنی پرسەکە تا پێیان بڵێن هاوبەشی خەمتانین، لەمڕۆژەدا نە جل دەشۆین و نە حەمام گەرم دەکەین.

## ڕادیــــۆ لە پــــێنجوێن

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو ڕادیۆ براوەتە پێنجوێن، خەڵکی ناوچەکە پێیانوتووە کەرووجاش، چونکە ڕادیۆکە جیاوازبووە لەو پاتریەی لە گەڵیدابووە پاترییەکەی لێبەستراوە، خەڵکی پێنجوێن خولیای ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و پێگەیشتن بوون، لە ناو مەیدانەکەی پێنجوێندا، چایخانەی گەورەی پێنجوێن هەبوو ماڵی دەرویش

کەریم خاوەنی بوون و بەڕێوەیان دەبرد، لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ برایمی دەروێش کەریم لە سەر بەکرەی گەورە گۆرانیەکانی (ئوم کلپوم)ی هەبوو، پیاوە شارەزاو پیرەکان گوێیان لێدەگرت.

## گـــــەرماوەکانی پـــــێنجوێن

پێنجوێن وەکو سیمای شارستانی چەند گەرماوێکی تیابووە، کۆنترین گەرماو گەرماوی وەسمان پاشای جاف بووە، کە ڕەشید حمە صالح ڕەشە چالە سەرپەرشتی کردووە لە ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٥) لەگەڵ گەرماوەکانی ، حاجی مەحموود، حاجی فتح الله، حاجی صالح.

ساڵان هاتن و تێپەڕین، پێنجوێن گەورەو فراوان بوو گەشەی بەرچاوی کرد، هەر دوو ناحیەی ناوپارێز کە ژمارەیەک دێی لە خۆی گرتووە و چەقی ئەو دێیانەیە لە ڕۆژئاوای پێنجوێندا هەڵکەوتووەو ناحیەی گەرمک لە چەقی دێیەکانی چەمی شلێرە لە ڕۆژهەلاتیەوە هەڵکەوتووە، هاوتەریب لەگەڵ پێنجوێندا سەرگەرمی ژیان و کشتوکاڵ و مەڕداری و ئەمدیواو دیوی سنوور بوون، کاتێک کارەساتی گەورەی هەرەس و ئاشبەتاڵی شۆڕش ڕایچڵەکاندن و تاساندنی، بەلام بزووتنەوەی کوردایەتی پێشکەوتنخوازانە و ڕەوتی چەپی نوێخواز لە ڕەحم و منداڵدانی ناوچەی پێنجوێندا گەشەی کردوو فراوان بوو، تا لە وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵی (١٩٧٥) دا لە فۆرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بە هەر دوو باڵەکانی کۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە دایک بوو، لێرەوە قۆناغێکی نوێ و سەردەمێکی نوێ لەدایک بوو، سەردەمی شۆڕشی نوێخوازی گەلی کوردستان هەڵگری خەسڵەت و فیکری پێشکەوتنخوازانەی چەپ و نیشتمانی ئازادیخواز، پێنجوێن وەکو قەلای سەختی بەرگری و تێکۆشان ڕۆڵی گەورەو پشکی گەورەی لە شۆڕشی نوێ و سەروەرییەکانیدا بەردەکەوێت، پێکەوە لاپەڕە زێڕین و پرشنگدارەکانی ئەو ڕۆژانە هەڵدەدەینەوەو بە مێژووی تێکۆشانی ناوچەیەکی گرنگی کوردستان ئاشنا دەبین.

## مـــــەفرەزە ســــــەرەتاییەکانی پــــێنجوێن

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە (پێنجوێن) دا ڕەگیان داکوتابوو، بەکری حاجی سەفەر سەرقافڵەو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، لە ژێر سایە و سێبەری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا چەندین گەنجی چالاک و خوێن گەرم کاریاندەکرد کە تێکڕایان پەیوەندییان بە هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەرەوە بوو، جمووجۆڵێکی خێراو بەردەوام لە نێو شاری پێنجوێندا بەدیدەکرا، بەیاننامە و درووشمی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە کوچەو کۆڵانەکانی پێنجوێندا بە مزگەوتی پاشاو قازی وشوێنە گشتیەکاندا بڵاودەکرایەوەو هەڵدەواسرا.

جەمالی حەمەی خواکەرەم و باقی حەمەی سەعید ئەرکی بەشێکی زۆر لە بڵاوکراوەو بەیاننامەکانیان گرتبووە ئەستۆ، لە گەڕەکەکانیتری پێنجوێن بەشێکی تر لە ڕێکخستنەکانی شار بەیاننامەو دروشمەکانیان هەڵواسیبوو، ئەوەش دەنگدانەوەی باشی لە ناو پێنجوێندا درووستکرد بە جۆرێک کە داموودەزگاکانی حکومەت هەڵسان بەدڕاندن و لێکردنەوەی بەیاننامەکان.

مەوداو سنووری کارکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە سنووری ناو پێنجوێنی تێپەڕاند، پەڕییەوە بۆ دێیەکانی دەووروبەر و دەشتی شلێر و ناوچەکانی دیکەش، حاجی حەمە جان لە دێی «کانی هەرمێ» هێڵی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی ناو پێنجوێن و دێیەکانی بوو نامە و پۆستەکانی نێوان شارو دێی بە یەکتر دەگەیاند، فەقێ عارفی گوندی تاتان خەتێکی توندو تۆڵ و بەهێزی ڕێکخستنەکان بوو، نامەو پۆستەکانی ڕێکخستنی دەگەیاندە سلێمانی و وەڵامی ڕێکخستنەکانی شاری دەهێنایەوە، شەوانەش جەمالی حەمەی خواکەرەم هەندێک جار بە یاوەری عومەری قالە پێ پان دەچوون بۆ وەرگرتنی نامەکان لە تاتان، ژنانی پێنجوێن لە ڕێکخستنەکاندا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبوو هاوشانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەشداری چالاکییەکانیان دەکرد، نیهایەت خان یەکێک لە ژنە تێکۆشەری

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە پێنجوێندا، کە دەیان پۆست و نامەی نێوان هاوڕێیانی دەگەیاند و سەرەداوەکانی ڕێکخستنی بەیەکەوە گرێدەدا.

جمووجۆڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە پێنجوێن و ناوچەکانی دەورووبەری هەنگاو هەنگاو تارماییەکانی نسکۆو شکستی دەڕەواندەوەو هیواو ئومێدی دەکردەوە وەبەر گیانی خەڵکدا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو جاش و خۆفرۆشانەی کە لە بۆشایی نێوان ئاشبەتاڵ و دەسەڵاتی بەعسدا ببوونە مقاش و دەسکەلای داگیرکەران لە چالاکی ڕێکخستنەکان و خەملین و هەڵگیرساندنی شۆڕش دەسڵەمینەوەو هەنگاوەکانیان بەرەو دواوە هەڵدەهێناو ترووسکەی بڵێسەی ئاگری شۆڕش چۆکی پێدادەدان و ناچار بە پاشەکشێ دەبوون، هەتا هەندێک لە سیخوڕەکانی بەعس بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ئامادەبوون لە هەر هەنگاوێکی بەعس ڕێکخستنەکان ئاگادار بکەنەوەو هەندێک جاریش پاکانە بۆ بەعسی بوون و کارکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ بەعس بکەن کە ئەوەش کاریگەری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و هەڵایسانی شۆڕش بوو کە بڵێسەکەی لە ئاسۆدا بەدیدەکرا.

## هەڵۆکان دەچنەوە شاخ

بەکری حاجی سەفەر لە ساڵی(١٩٧٦) دا چووە شاخ و بووە پێشمەرگە، بە ماوەیەکی کەم لە چوونە شاخی کاک بەکر ڕژێمی بەعس خێزان و کەسووکاری دەستگیر کرد تا چاوترسێنی خەڵکی تری پێبکەن و ڕێگە لە چوونە شاخ و هەڵایسانی شۆڕش بگرن، بەڵام ئەو سیاسەتە نەیتوانی ڕێگە لە مەشخەڵانی شۆڕش بگرێت و ناخی تێکۆشەران کپ بکاتەوە، بە دوای ئەودا جەمالی حەمەی خواکەرەم و ژمارەیەک تێکۆشەری دیکە ڕوویان کردە شاخ و سەنگەرەکانیان ئاوەدان کردەوە، سەرەتا ڕێگە سەخت و دژوارو ئەستەم بوو، چەک و تفەنگ و تەقەمەنی کەم بوو، بەڵام وورەی بەرزو باوەڕی بەرزی شۆڕشگێڕانە سەری دەکردوو ڕوو لە بەرزی بوو.

هەر پێشمەرگەیەک ڕووی بکردایە شاخ فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکان تفەنگەکانی شانی خۆیان ئەدانێ تا بێچەک نەبن، چەکی شانی خۆیان چەندین جار

داوەتە پێشمەرگە تا باوەڕ بەخۆبوون و وورەیان پێ ببەخشن، خەڵکی دێهاتەکانی ناوچەکە هاوکاری و یارمەتی زۆری پێشمەرگەیان کردوو چەکی خۆیان دەبەخشیە پێشمەرگە، حاجی فەتاحی سەربراله کلاشینکۆفێکی پێشکەش بە کاک بەکری حاجی سەفەر کرد.

مانگی ٨ی ١٩٧٦ لە شارباژێڕەوە حەوت پێشمەرگە بە فەرماندەیی جەمالی حەمەی خواکەرەم چوونە ماڵی حاجی فەتاحی براله بۆ نان خواردن، پێشمەرگەیەکیان بێچەک بوو ناوی محەمەد بوو، دوای نان خواردن پێشمەرگەکان بۆ دەست شۆردن چوونە دەرەوەو بە پێی عورفی کۆمەڵایەتی ئەوسا بە حەوجۆش ئاویان دەکرد بەدەستی پێشمەرگەدا، کە سەرەی کاک جەمال هات بۆ دەست شتن حاجی فەتاحی سەربراله حەوجۆشەکەی لە دەست کوڕەکانی وەرگرت و وتی خۆم ئاودەکەم بە دەستی (کاک جەمال) داو ئیشم پێیەتی، بە ئەسپایی بە گوێی (کاک جمال)دا چرپاندی و ووتی پێشمەرگەیەکتان بێچەکە کە چوویتە دەرەوە لە پاڵ دیوارەکەی ماڵەوەدا برنەوێک و دووقەد فیشەکم هەڵپەساردووە هەڵیبگرەو بیدەرە ئەو پێشمەرگە بێچەکە.

ئەو سەردەمە کە تازە پێشمەرگە چووبوونەوە شاخ و قۆناغەکە زۆر هەستیارو ناسک بوو ژمارەی پێشمەرگە و مەفرەزەکان لە ٧ بۆ ١٠ پێشمەرگە تێپەڕ نەدەبوو، زۆر جار ئەو ژمارەیە هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە دەبینی، ڕێگە سەخت و دژوارو ئەستەم بوو، پێشمەرگە لە جووڵەو جەولەی بەردەوامدابوو لە شوێنێک نەدەمایەوەو بەردەوام لە گەڕان و شوێن گۆڕکێ بوون تا پیاوانی ڕژێم نەتوانن بە ئاسانی جێ پێیان هەڵگرن و زەفەریان پێبەرن، پەیوەندی پێشمەرگە بەسەرکردایەتییەوە لە ڕێگەی نامەوە بوو، لە کاتی پێویست و گونجاودا هەر داواکاری و ڕاسپاردەیەک هەبوایە، یان بۆ گەیاندنی دۆخی ناوچەکە بە سەرکردایەتی لە ڕێگەی چەند پێشمەرگەیەکەوەو لە دوو توێی چەند نامەیەکدا دەگەیەندرایە سەرکردایەتی و لەوێشەوە وەڵامی پێویست دەدرانەوە، کە ئەو سەردەمە سەرکردایەتی لە قەندیل بوو.

## یـــەکەم تـــەقە لە تـــــەیمز

سەرەتاکانی شۆڕش سەخت و پڕمەترسی و ماندووبوون و شەکەتی ڕێگا بوو، لەگەڵ ئەوەی کە پێشمەرگە خاوەن ورەی بەرزو پۆڵایین بوون بەڵام هەشبوون بەرگەیان نەدەگرت و دەچوونەوە باوەشی ڕژێم و هەندێک جاریش دەبوونە چاوساغی داگیرکەر بۆ سەر شوێن و جێگەی پێشمەرگە، دوو پێشمەرگە دوای تەسلیم بوونەوەیان بەڕژێم بە چاوساغی و هاوکاری چەند کۆپتەرێک چووبوونە سەر پێشمەرگەکانی سنووری گەرمک لە تەیمز کە کاک بەکری حاجی سەفەر لەوێ بوو، کۆپتەرەکان دەستڕێژی گوللەیان لە پێشمەرگەکانکرد بەڵام خۆشبەختانە بێزیان بوون و کشانەوە بۆ شیوەگوێزان کە شوێنێکی سەخت و عاسی یە.

## تـــــەقە لە کـــــــوێسە

ساڵی ١٩٧٧ جەمالی حەمەی خواکەرەم و عبداللە دوورە تەقەیان لە ڕەبیەو مەخفەری کوێسە کرد تەنها بۆ سەرلێشێواندن و گەیاندنی پەیامی هەڵسانەوەو هەڵگیرساندنی شۆڕش کە لەو سەردەمەدا بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، لە ڕووی جەماوەرییەوە بەرزبوونەوەی ورەی خەڵک و ئومێد بەخشینەوەبوو، هەروەک شکست پێهێنانی شکستێک بوو کە لە ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٤ دا بە سەر خەڵکی کوردستاندا هات، بۆ دوژمنیش پەیامی بەردەوامی خەبات و زیندوبوونەوەی شۆڕش بوو.

دوای لێدانی ڕەبیەو مەخفەری کوێسە جەمالی حەمەی خواکەرەم و عبداللە بەرەو پێنجوێن بەڕێکەوتن بەڵام ڕێکنەکەوتن لە سەر ئەوەی بچنە چ ماڵێک، ڕێگەیەکی دوروودرێژ لە ژێر ڕەحمەتی بەفرو بارانی زستانێکی تووش و سەختدا لە شلێرەوە تا بلکیان هەر لە تواناو قودرەتی پێشمەرگەکانی یەکێتیدابوو خۆیان ڕاگرن و بەرگە بگرن، هەنگاوە خێراکانی ژێر بەفرو ڕەهێڵەی ئەو شەوە تووش و تەڕە گەیاندنیە پشتی پێنجوێن لەوێ چوونە قۆخێک و ڕۆژیان کردەوە کە بەیانی سەریان هەڵبڕی ڕەبیەی تەختی جەلال بەگ بە سەر سەریانەوەو ڕووبەڕوویانبوو، هەر بۆیە لەوێوە چوونە بلکیان و ئاگریانکردەوە،حەمە مین و ڕێکخستنەکانی شار چوونە لایان و

نان و پێداویستیان بۆ بردن دوای دیدارو کۆبوونەوەو گفتوگۆ ڕێکخستنەکان بەرەو پێنجوێن گەڕانەوە.

ڕکە شاخ و تیرە شانێکی تیژ بە دوو ئاڕاستەی جیا دەستت دەگرێ و هەنگاوەکانت کێش دەکات، بەدەستی چەپدا بەرەو بناوەسووتە و بەدەستی ڕاستدا بەرەو ئێران دەتبات، بۆیە شارەزایی وردی ڕێگەی دەوێت بە تایبەت لە شەوێکی باراناوی و تەموو مژی وەرزی زستانێکی سەخت وئاوداماندا، کاک جەمال و عبداللەش بەو ڕکە شاخە تیژ و دوو ئاڕاستەیەدا بەرەو خواربوونەوە چوونە قۆخێک بە ناوی «پلە گۆشت» بێ ئاگا لەوەی جاش بە دوایانەوەیە ئاگریان لە ناو قۆخەکەدا کردەوە تا خۆیان وشک بکەنەوە، لە سەر شاخەکەوە دەسرێژی گوللەیان لێکردن، ئەوانیش بێ تەقە و بە شارەزاییەکی وردەوە ڕووەو دێی «سەرنەوان» لەوێ چوونە ماڵێک تا خۆیان وشک بکەنەوە ماڵی شێخێکی سەرنەوانی بناوەسووتە بوو، لە ناکاو جاشەکان خۆیان کرد بەو ماڵەدا بەڵام یەکێک لە چەکدارەکانی مەفرەزە جاشەکە سەر بە ڕێکخستنەکانی ناو شاری پێنجوێن بوو و ڕزگاری کردن .

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو شاری پێنجوێن و هەتا شارەکانی وەکو سلێمانی و شوێنە هەستیارەکانی تریشدا، لق و چڵیان ڕۆچووبووە نێو تێکڕای دەزگاکانی حکومەتی عێراقی بە تایبەت دەزگا ئەمنیەکان بە جۆرێک هەر کەسێک پەیوەندی بە ئەمنەوە بکردایە یان سەردانی داموو دەزگا جاسووسییەکانی ڕژێمی بکردایە ڕاستەوخۆ هەواڵەکە دەگەیشتە هێزی پێشمەرگە هەتا هەواڵی کۆبوونەوە نهێنییەکانی فیرقە و داموو دەزگا باڵاکانی دوژمن ئەو مەراموو بڕیاروو ڕاسپاردانەی کە بۆ داموودەزگا جاسوسیی و ئەمنیەکانی خۆیان دەنارد لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان لە نێو داموو دەزگاکانی ڕژێمەوە دەگەیشتە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

## دەشـــــتی تـــــوتمان

مەفرەزەیەک پێشمەرگەی پینجوێن لە ١٩٧٧/٣/٢٠ بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونـەوە کە لەگەڵ داموودەزگاکانی پێنجوێن هاتبوون بۆ دەشتی تووتمان تا

دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕاگواستنیان ئاگادارکەنەوە، دوژمن بێ ئەنجامدانی کارەکەی بەناچاری گەڕایەوە .

سالی ١٩٧٧ لە دەشتی شلێر هێزێکی زۆری جەیش لە سەر پشتی «هێلی کۆپتەر» دابەزینە نێوپانتایی شاخ و کێوو دەشتی شلێرەوە کە ڕۆژێک پێشتر ڕێکخستنە تۆکمەکانی کۆمەڵە لە ناو شارەوە پێشمەرگەیان ئاگادارکردبوەوە لە پرۆسەیەکی وەها کە ڕژێم ئەنجامی دەدات.

کێومالی ناوچەکە لە لایەن سووپای دابەزیوی بەعس لە سەر پشتی هێلی کۆپتەر و بن بەردوو دەوەن و کێوو چۆمی ناوچەکە دەگەڕان و مشت و ماڵیان دەکرد بە دوای پێشمەرگەدا، بەڵام کەسیان بەردەست نەکەوت و بێ ئەنجام گەڕانەوە، ئەو ڕکە شاخە سەختانەی هێزی پێشمەرگە خۆیان لێ حەشاردابوو درێژدەبوونەوە بۆ ناو سنووری شاری بانەی ڕۆژهەڵات، کونە ورچ و کونە چەقەڵی ناوچەکە جێگەی خۆحەشاردانی هێزی پێشمەرگە بوو تا خۆیان لە ڕووبەڕووبونەوەی نابەرانبەر بە دووربگرن، بە جۆرێک هەندێک جار بۆ ماوەی حەوت شەوو ڕۆژ لەو کونە بەردانە دەمانەوە، برسی و تینوو لێو قلێشاو، دوور لە ئاوەدانی بەشێکی زۆری ژیانی پێشمەرگەکانی یەکێتی بەرجەستە دەکرد لەو سەردەمەدا، لە یەکێک لەو خۆحەشاردان و کێومال کردنانەی سوپای داگیرکەردا عوسمان کیلۆیی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەی شلێر چووبووە دێیەک بۆ نان، خاوەن ماڵەکە پێیوتبوو: ئەوە جوندیەکانن بە سەربانەوە تۆ چیدەکەی لێرە، ئەویش ووتبووی جا چیبکەین برسیمانە، بەشێک لەو پێشمەرگانە لە دێی هاربڕەوە سەردەکەوتن بۆ کونە ورچ و ڕکەبەردوو تەورداسە تیژەکان، هەندێک لە پێشمەرگەکان لێویان قلێشاوو بریندار بوو لە بێ ئاویدا چونکە دەبوایە تفەنگەکانیان دابنێن و ڕێگەیەکی دوور ببڕن و بچنە خاکی ئێرانەوە لە سنووری بانە تا ئاویان دەستبکەوێ.

## دۆڵـــــی شـــــلێر

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/٦/٢ هێرشی هێنایە سەر دۆڵی شلێر لەناوچەی پێنجوێن

لە نزیک دێی ژاژو عەوالان شەڕ ڕوویدا و لەو شەڕەدا چوار سەرباز کوژران.

## نـــــاو پـــــێنجوێن

١٩٧٧/٧/٧ سێ پێشمەرگە چوونە ناو چایخانەی (چاژ) لە پێنجوێن، جاشەکانی میرزا سابیر ئەحمەد ڕەندان هەڵیانکوتایە سەریان پێشمەرگەکان وەک برووسکە هاتنە دەست و ڕاویاننان ، یەکێک لە جاشەکان بریندار بوو

جاشەکانی سابیر مینە لە ١٩٧٧/٧/١٨ چوونە دێی (چاژی) پێنجوێن بۆ ئازاردانی خەڵک، پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە، جاشێک کوژرا و چوار جاش بریندابوون.

## کـــوژرانی جـــاشێك

جاشەکانی میرزا سابیر مینە ڕەندان لە ١٩٧٧/٨/٢ بۆ ئازاردانی خەڵک و ڕاوو ڕووت چونە دۆڵی شلێر، پێشمەرگەکانی ناوچەکە تووشی جاشەکان بوون و شەڕ دروست بوو

لەئەنجامدا جاشێک کوژرا و هاووڵاتییەکی ژنیش شەهید بوو

## درووســــتبوونی هـــەرێمی ســــلێمانی

لە ساڵی ١٩٧٧- ١٩٧٨ هەرێمی یەکی سلێمانی پێکهات، مولازم تایەری عەلی والی کرایە فەرماندەی هەرێمی سلێمانی، کاک بەکری حاجی سەفەر لێپرسراوی لقی سلێمانی بوو، لێپرسراوی سیاسی بوو دوای مولازم تایەری عەلی والی بە ماوەیەک کاک نەوشیروان بووە فەرماندەی هەرێمی سلێمانی.

## چـــاش و عـــــاوالان
## پـــایزی 1977

حەمە نەگرەیی و چەند پێشمەرگەیەکی شارەزور گواسترابوونەوە ناوچەی شلێر – پێنجوێن

عوسمانی کامە ڕەش و سەلامی مەحموود خەنان لە چاش و عەوالان پیاسەیان

دەکرد منالێک پێیووتن چیدەکەن لێرە جاش هات، عوسمان و سەلام منالەکەیان ناردە ناو دێ حەمە نەگرەیی ئاگاداربکاتەوە سەلام و عوسمان بەرەو چایخانەکەی چاش رۆیشتن جاشەکان بەرەو چایخانەکە دەهاتن لەگەڵ گەیشتنیان بەرەو چایخانەکە لەجاشەکانیاندا حەمە نەگرەیی و پێشمەرگەکانی تریش هاتن جاشەکان ڕایانکرد و سەلام و عوسمان و حەمە نەگرەیی دوایان کەوتن.

کەسێک بەسەر گردێکەوە بوو وایانزانی جاشە خۆی شاردۆتەوە، حەمە نەگرەیی ووتی فیشەکێکی پێوەدەنێم ئەگەر بەودیودا ڕایکرد پێشمەرگەیە، ئەگەر بەمدیوا هات جاشە حەمە نەیڕانی تەقەی لێکرد فیشەکێکی لە ئەژنۆیدا بەودیودا ڕۆیشت دیاربوو پێشمەرگەبوو.

حەمە نەگرەیی و سەلام و عوسمان گەرانەوە لای هاوڕێکانیان لەوێ زانیان ئەو کەسەی تەقەیان لێکرد ڕۆستەم بەگی برای ڕەئووف بەگە، ڕۆستەمیان نارد بۆ ئێران چارەسەرکرا و گەڕایەوە.

## چـــەمی شـــلێر - بـــەیەکان

بەیەکان چەندماڵێک بوو کوخێک بوو لە چەمی شلێر حەمە نەگرەیی و سەلام و چەند پێشمەرگەیەک لەوێ بوون هێزێکی سەربازی هاتنە چەمی شلێر، شاخێکی لێبوو پێشمەرگەکان چووبوونە ئەوێ، حەمە نەگرەیی تەقەی لەسەربازێک کردوو کەوت تفەنگی سەربازەکەی هەڵگرتەوە کلاشنکۆفێکی (٥) بزماری پێبوو. دوای شەڕەکە هێزەکە گەڕانەوە پێشمەرگەکان سەلامەتوو سەرکەوتوو بوون

## مـــــەخفەری ســــــەرسوراو

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١٢/٢٠ بە ئاربی جی لە مەخفەری سەرسوراوی پێنجوێنیاندا

هێزەکانی دوژمن لە ١٩٧٧/١٢/٢٥ هیرشیانهێنایە سەر پێشمەرگە لە دێی کانیخانی پێنجوێن

پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوون و شەڕ (٩) کاتژمێری

خایەند

زیانی دوژمن کوژران و بریندار بوونی (٣٥) سەرباز بوو.

دەستکەوت ١ کلاشنکۆف .

## ڕاگـــــوێزانی دێـــــــیەکان

ساڵی ١٩٧٨ بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی و پاراستنی سنوورەکان ڕژێمی بەعس زۆربەی دێهاتە سنوورییەکانی لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕاگواست و بازنەیەکی ئەمنی بە دەوردا درووست کردن لە مۆڵگەو سەرباز لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا کۆیکردنەوەو چواردەوری بە تەلبەندوو سەربازو ڕەبیە گرت، لە ماوەیەکی یەکجار کورت و دیاریکراودا دەیان ئۆردوگای زۆرە ملێ درووستکران، دانیشتوانی دێهاتەکانیان تیادا نیشتەجێکردن.

دێیەکانی دەشتی شلێریش کە هاوسنوور بوون لەگەڵ شارەکانی مەریوان و بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگاکانی ناڵپارێزو شانەدەری بەشێکیشیان لە بـەردەم هەیکەلەکەی پێنجوێندا خانوویان بۆ درووستکراو نیشتەجێکران، حکومەتی عێراقی بە هـاوکاری حکومەتی شاهەنشاهی ئێران چاودێری سنوورەکانیان دەکرد، بۆ ڕاوەدونانی بەرهەڵستکارانیان ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کردبوو کە تا قولایی ١٠ کیلۆمەتر بچنە خاکی یەکترییەوە، حکومەتی عێراقی پێیوابوو بە چۆڵکردنی دێیەکان سەرچاوەی ژیان و مانەوەو گوزەرانی پێشمەرگە وشک دەکات، هەروەکو چۆن ئاو لە ماسی ببڕێت، بەڵام ئەم پیلانەش نەیتوانی ڕێگە لە ئەستووربوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگەو گەورەبوونی سنووری چالاکییەکانی شۆڕش بگرێت بەڵکو بووە بەنزین و بە ئاگری شۆڕش داکراو کڵپەی سەند.

## پـــــێکهێنانی هـــــــەرێمی (3)

لە ساڵی ١٩٧٨ دا بە فەرمانی سەرکردایەتی یەکێتی هەرێمەکان پێکهێنران، فەرماندەی کەرتەکان دەستنیشان کران و سنووری جوگرافی و چالاکی هەر

هەرێمێک دیاریکرا، سەرەتا فەرماندەی هەرێمی(٣) کاک مستەفا چاوڕەش بو دوای ماوەیەک کاک بەکری حاجی سەفەر کرا بە فەرماندەی هەرێمی(٣) و فەرماندەی کەرتەکانیش پێکهاتبوون لە هەریەکە لە جەمالی حەمەی خواکەرەم، کاک وەهاب، صلاحی موهەندیس، حەمەمینی خەجێ، سەرداری حەمە مین ئاغا، دواتریش مامۆستا جەمال کرایە فەرمانەدەی کەرت.

## لێدانی مونەزەمە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٣/٧ بەئاربی جی لە بارەگای مونەزمەی حزبی بەعسیاندا

## بەرەنگاربوونەوە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٤/٢٧ بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوە لەئاشی شێخ قاسم لە پێنجوێن

لەوشەڕەدا (١١) سەرباز و ئەفسەرێک کوژران ، پێشمەرگە تۆفیق مەحموود بە بریندادی کەوتە دەستی دوژمن .

## لێدانی مودیر ناحیە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٧/١٠ چوونە ناو شاری پێنجوێن و ئۆتۆمبێلێکی حکومیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە لە ئەنجامدا ئەحمەد ڕێبوار مودیر ناحیەی گەرمک بریندداربوو

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٧/١٧ مەخفەری سیاگوێزیان لە سنووری پێنجوێن گوللەبارانکرد، لەئەنجامدا سێ پۆلیس کوژران.

## شەڕی سیاگوێز

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٩/٢٣ لە نزیک دێی سیاگوێزی پێنجوێن پەلاماری مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) یدا دوای هەشت کاتژمێر شەڕو بەرگری دوژمن شکاو ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا و بریندداربوو، لەو شەڕەدا جەلال فەتاح پێشمەرگەی هەرێمی (٣) شەهیدبوو.

## بـــــــەرخانەقا

پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٩/٣/٦ و لەگەڕەکی بەرخانەقای شاری سلێمانی نارنجۆکێکی هەڵدایە ناو کۆمەڵێک سەربازەوە لە ئەنجامدا (١٢) سەرباز بریندابوون

## بـــــناوە ســـــووتە

مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید حمە دەمینی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٩/٣/١٩ بە ئاربی جی و هاوەن لە سەیتەرەی بناوە سووتە و ئاشی شێخ قاسمیاندا

زیانی دوژمن کوژرانی ٨ سەرباز و برینداروونی (٥) سەربازیتر

## مـــــاڵی قـــــایمقام

مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید حەمەدەمینی هەرێمی ٣ لە ١٩٧٩/٣/٢٨ چوونە ناو شاری پێنجوێنەوە و بە ئاربی جی و چەکی سووک لەماڵی قایمقامیاندا لەئەنجامدا قایمقام بریندداربوو ئۆتۆمبێلەکەشی سووتێندرا

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــەهید بوونی هـــــاووڵاتی

ژمارەیەک هاووڵاتی ئۆردوگای زۆرەملێی پێنجووێن لە ١٩٧٩/٤/١ لەکاتی ڕۆشتنیان بۆ داربڕین کەوتنە ناو بۆسەیەکی دوژمنەوە و شەهیدیانکردن

*مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) هەرێمی ٣ لە ١٩٧٩/٤/٥ چوونە سەر ڕەبییەی پیر محەمەدی پشتی کەناروو گوللەبارانیانکردن

*مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) لە ١٩٧٩/٤/٧ چوونە سەر مەخفەری شیوەکەڵ و گوللەبارانیانکردن

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و بریندابوونی (٥) سەربازیتر

## نـــــاحیەی بـــــەرزنجە

مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید وەفای هەرێمی(٣) لە ١٩٧٩/٤/٩ چوونە ناو ناحیەی بەرزنجەوە بەنارنجۆک ئەندازە و چەکی سووک لە مەرکەزی پۆلیس و ماڵی

مودیر ناحیەیاندا، لەکاتی گەڕانەوەیاندا کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە و قارەمانانە بۆسەیەکەیان تێکشاندن و زیانی زۆریان پێگەیاندن

*مەفرەزەیکی هەرێمی(٣) لە ١٩٧٩/٤/١١ چوونە ناو شاری سلێمانی و نارنجۆکێکیان هاویشتە ناو ئۆتۆمبێلێکی نەجدەوە و هەرچی تیادا بوو کوژران و بریندار بوون

*پێشمەرگەیەکی هەرێمی(٣) لە ١٩٧٩/٤/١٣ نارنجۆکێکی فڕێدایە ناو جێب قیادەیەکەوە ئەفسەرێک و سەربازێک کوژران

## لـــــقی یـــــەك

مەفرەزەیەکی لقی یەکی (ی.ن.ک) لە ١٩٧٩/٤/١٤ چوونە ناو شاری پێنجوێنەوە و ماڵی چەند جاشێکیان پشکنی تراکتۆرێک و شۆفڵێکی زراعەیان سووتاند

دوای ئەوە چوونە ناو دایرەی بەریدەوە دوو پۆلیسیان دەستگیر کرد، دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی (ی.ن.ک) ئازادیانکردن دواتریش لە دائیرەی ئەمن و ڕەبییەی سەر ئۆرزیباکیاندا، زیانی دوژمن مفەوەزێکی ئەمن و ڕەیس عورەفایەک و ئەمنێک و چوار سەرباز کوژران

## نـــــاو ســــلێمانی

١٩٧٩/٤/١٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی(٣) لەناو شاری سلێمانی نارنجۆکێکی خستە ناو زیلێکی سەربازییەوە، لەئەنجامدا(٧) سەرباز کوژران و(٣)سەرباز بریندابوون

١٩٧٩/٤/١٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لەبەردەم حەمامی گەلی شاری سلێمانی نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو چەند سەربازێکەوە کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣)لە ١٩٧٩/٤/١٦ چوونە ناو شارۆچکەی چوارتا بە ئاربی جی لەماڵی قایمقامیاندا

پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٩/٤/١٧ لەناو شاری سلێمانی نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو جێبێکی قیادەوە

## لــــێدانی ڕەبـــــییە

١٩٧٩/٥/٤ مەفرەزەیەکی لقی یەکی (ی.ن.ک) چوونە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن

لەنزیک دێی هەرگینەی پێنجوێن و گوللەبارانیانکردن

زیانی دوژمن کوژرانی سەربازێک و بریندابوونی (٣)سەربازیتر

١٩٧٩/٥/٧ مەفرەزەیەکی هەرێمی(٣) لە نێوان ڕەبییەی کورک و دۆڵی باراو مینێکیان چاندو بە سەربازی ڕەبییەکەدا تەقییەوە

زیانی دوژمن کوژرانی ٣ سەرباز و برینداربوونی دوو سەربازیتر

## تــــۆڵەی شــــەهید عـــــبدوڵڵا

لە شەڕێکی هێزی پێشمەرگەو لە پشتی پاڕەزان، عبداللە بە دەستڕێژی کۆپتەر شەهید بوو گیانی بەخشی، تەرمی پیرۆزی گەیەندرایەوە پێنجوێن تا ئەسپاردەی خاکی بکەن، هێزی پێشمەرگەش لە سنوورەکە بڕیاریاندا پێش ئەوەی بە خاکی بسپێرن تۆڵەی بکەنەوە.

کەرتی چواری هەرێمی سێ لە پشتی پێنجوێن لە ئاسناوە نزیک سنووری مەریوان بوون، کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی عبداللەیان پێگەیشت خۆیان کۆکردەوەو بەرەو پشتی بلکیان بەڕێکەوتن و نەخشەی لێدانی ڕەبیەیەکیان دانا، بەرزاییەکانی پشتی تەختی جەلال بەگ بە سەر دوولادا دەیڕوانی، لایەک بە سەر دۆڵێکدا کە پێیدەڵێن»قەلاتێ« و بـەرەو ئێران و بە سەر دۆڵێک دەڕوانــێ، بە سـەر دیوی بلکیانیشدا ڕووەو چوارباخ ئەڕوانێ، حکومەت ڕەبیەی لەوێ دانابوو پێشمەرگەکانی کەرتی چوار هێند لە ڕەبیەکە نزیک بوونەوە حەرەسی ڕەبیەکەیان بەدیکرد کە هاتووچۆی دەکرد، لەگەڵ لێدانی یەکەم قازیفەدا ڕەبییە چەرە دووکەڵی لێهەستاو هات و هاوار پەیدا بوو، شین و گریان لە دوورەوە دەهاتە گوێ، پێشمەرگە لەگەڵ یەکەم لێداندا کشانەوە، ڕژێم دەستیکرد بە هاوەن باران و شەوە زەنگی ئەو ناوەی ڕووناک کردەوە بەلام پێشمەرگەکان بێزیان بوون، بۆ بەیانی هەواڵ گەیشت کە (٨) سەرباز لە نێو ڕەبییەکە کوژراون، تەرمی شەهید عبداللە هێشتا لە مزگەوت بوو کە کوڕانی کەرتی چوار تۆڵەیان کردەوەو بۆ سەر لە بەیانی بە وتنەوەی درووشمی بژی پێشمەرگە تەرمی شەهید عبداللە بەرەو گۆڕستان بەڕێکرا.

هەواڵنامەی کتێب

## لـــــێدانی مــــــقەڕسریە

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) هەرێمی(٣) لە ١٩٧٩/٩/٢٣ چوونە ناو شاری سلێمانی و بە ئاربی جی و چەکی سووک لە مقەڕی سریەی ئیحتیاتیاندا، کە ڕۆژهەڵات پارێزگارو لێپرسراوی مونەزەمە چوونە شوێنی چالاکییەکە

## چـــــالاکی جـــــۆراوجۆر

هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێکڕای شێوازەکانی خەباتی پەیڕەو دەکرد بۆ سازدان و جۆشدانی خەڵک و لێدان و هێرشکردنە سەر هێزەکانی داگیرکەر، لە ناو پێنجوێن و تێکڕای سنوورە فراوانەکەی هەر لە دێیەکانی چەمی شلێرەوە تا دەگاتە دێیەکانی سنووری ناڵپارێزو ناوشاری پێنجوێن، لە ڕێگا سەرەکیەکانی سنوورەکە چەندین دەستی بەزەبر لە دوژمنان وەشێندرا، لە ناو شاری پێنجوێندا چەندین جار قازیفە و ئار بی جی لە مەخفەرو مونەزەمەو مۆڵگەکانی ڕژێم درا، ئەمنی پێنجوێن لە گەرمەی کۆبوونەوەی خۆیاندا بوون تەنها چەند مەترێک پێش ژووری کۆبوونەوەکەیان بووە ئامانجی پێشمەرگە و بە قازیفەیەک زراوە تەریک بوون، پێشمەرگە بە بەردەوام لە ناو شاری (پێنجوێن) دا چالاکیان دەکرد ، تۆماری دەنگی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە بڵندگۆی مزگەوتی پاشاوە بۆ هاندان و گەیاندنی پەیام و ئامانجی شۆڕش بڵاوکرایەوەو ڕەبییەکانی دەورووبەری پێنجوێن و مۆڵگەکانی ناو شار بەر زرمەی ئار بی جی و شریخەی گوللە کەوتون و تارومار کران.

## پــــشێوی لە ســــنووری پـــــێنجوێن

دێیەکانی دەشتی شلێر بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی ڕاگوێزران و لە ئۆردووگاکانی شانەدەری و ناوپارێز و لە نزیک هەیکەلەکەی پێنجوێن نیشتەجێکران، ڕێگا سەرەکیەکانی دەرەوەی شار بەردەوام بە سەربازو مۆڵگەو ڕەبییە گیرابوون، ڕێگای هاتووچۆو گەیشتن بە سنوورەکان بەرتەسک کرابوونەوە، چوونکە بژێوی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە، هاتووچۆو هێنان و بردنی کاڵای هەمە جۆر بوو

بۆ سنورەکانی مەریوان و بانە و بە گرتنی ئەو ڕێگایانە بژێوی خەڵک کەوتبووە مەترسییەوەو مەودای جوڵەو هات و چوون بە تەواوی سنووردارکرابوو، سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە توندوتۆڵانەش بەڵام خەڵکی پێنجوێن و دێهاتە ڕاگوێزراوەکانی چۆمی شلێر لە ڕێگە و تولەڕێ قاچاخەکانەوە هاتووچۆیان دەکردو کاڵاکانیان ئەودیوی سنوور دەکرد تا بژێوی خێزانەکانیان دابین بکەن بەڵام زۆر جاران لە ڕێگەی ڕەبیەو مەفرەزەکانی داموو دەزگا ئەمنییەکانەوە تووشی کێشەو تەقەلێکردن دەبوونەوە، هەندێک جار ووڵاخ و کاڵاکانیان لە دەست دەداو هەندێک جاریش مەرگی خۆیان لەو تولە ڕێ قاچاخانە دەسپاردوو گۆڕ غەریب دەبوون، ئەو هێزانە ئازاردان و تۆقاندنی خەڵکیان کردبووە پیشەی ڕۆژانەو بە تەواوی برستیان لە خەڵک بڕیبوو، هەر ئەو هێزە ئەمنیانە لە شیوی جولەکانی نزیک پێنجوێن، صدیقی حەمە کەریمی نادریان شەهید کرد کە سەرقاڵی کاسپی و پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی بوو، بۆیە جامی تورەیی خەڵک خەریک بوو سەر بکات، دواجاریش دوای شەهید کردنی دێوانە مەجید جامی غەزەبی خەڵک سەری کردوو خوێنی دێوانە مەجید بووە مامانی لەدایکبوونی ڕاپەڕینی پێنجوێن.

هەواڵنامەی کتێب

## شـەهید بوونی دیـوانە مـەجیدو ڕاپەڕینی پـێنجوێن

عەبدوڵڵا بچکۆل پێشمەرگەی «ی ن ک» لە سنووری مەریوانەوە بەڕێکەوتبوو تا بچێتە شاربازێر، بە ڕێگەی دەشتی پێنجوێندا تێپەڕیبوو، عەبدوڵڵا لە ڕێگە لەگەڵ چەند ئەفسەرو سەربازێک توشی پێکادان و تەقە بوو، لە ئەنجامدا عەبدوڵڵا بچکۆل ئەفسەرەکەی کوشتبوو، دوای کوشتنی ئەفسەرو ڕزگاربوونی عەبدوڵڵا ، عەقید زاحی کە لێپرسراوی سەربازی سنوورەکە بو هێزێکی زۆری جووڵە پێیکردبوو تا بە خەیاڵی خۆیان عەبدوڵڵا دەستگیربکەن بەڵام عەبدوڵڵا ڕزگار بوو و هێزەکەی عەقید زاحیش لە کێوماڵکردنی ناوچەکە شوانێکی بێ دیفاعی (پێنجوێن) ی کوشت.

دێوانە مەجید پیاوێکی سادەو خاکی و هەژارو ڕەنجدەری پێنجوێن بوو، ڕۆژانە مەڕوماڵاتی دەبردە دەرەوەی پێنجوێن تا لە قەدپاڵ و لەوەڕگاکانی سنوورەکە بیانلەوەڕێنێت و ئێوارانیش بە جەستەیەکی هیلاک و ماندووی ڕۆژگـارەوە دەگەڕایەوە پێنجوێن، ڕۆژانە ئەم چیرۆکە دووبارە دەبووەوە، دێوانە مەجید لە

سەردەستی جەللادەکانی سوپای عێراق شەهیدکراو ڕاپەڕینی پێنجوێنی لێکەوتەوە.

## ڕاپـــەڕینی پـــێنجوێن 19 ی تـــــەمموزی 1980

هەواڵی شەهیدبوونی دێوانە مەجید وەکو ڕەشەبا بە ناو خەڵکی پێنجوێن و ناوچەکەدا بڵاوبووەوە، خەم و ماتەم تێکڕای خەڵکی داگرت، هەمووان پەرۆشی شەهیدبوونی دێوانە مەجید بوون، دەروونی پڕ ئازاری خەڵکی قوڵپی دەدا، هەموو ئەو تەعەداو دەستدرێژییەی لە ماوەی ڕابردو کرابووە سەر خەڵکی وەکو فیلمێک لە بەرچاوو دیدەی خەڵکی پێنجوێن و ناوچەکەدا گوزەری دەکردوو دەهاتەوە پێش چاو، هێندەش بەسبوو تا خەڵکی بێنە سەر شەقام و ڕاپەڕین دەستپێبکەن و بە گژ داموو دەزگاکانی بەعسدا بچنەوە، ڕاپەڕین لە پێنجوێن دەستپێکردوو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕۆڵی دیارو پێشەنگیان بینی لە پێشڕەوایەتی و ئاڕاستە کردنی خەڵکی ڕاپەڕیو، ژنانی پێنجوێن لە ڕاپەڕیندا شان بە شانی پیاوان لە پێشەوە بوون.

گەلاوێژخانی خێزانی حاجی عێزەت یەکێک لەو شێرە ژنانە بوو کە نەعلەکەی لە عەقید زاحی هەڵبڕی و پێیووت دەیخەمە دەمت، خاتوو سەلمەی حەمە عەلیش یەکێک لەو ژنە پێشەنگانە بوو لەگەڵ دەیان ژنیتری سەلار و تێکۆشەری پێنجوێن، حەمەی حاجی عارف و خێزانەکەی لەگەڵ فاروقی ڕەشە چالە و حەمەی حاجی قادرو عومەری حەمەی میرزا فەتاح و دەیانیتر ڕووبەڕوی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم و دەزگا سیخوڕیەکانی تر بوونەوە، لە ڕاپەڕینی پێنجوێن دەیان کەسایەتی ناوداری شارەکە دەستگیر کران و ڕاپێچی زیندان کران، خێزانی بەکری حاجی سەفەر و عوسمانی حەمەی خواکەرەم کە لە سجندا شەهیدیان کرد، لوقمانی ڕەشە چالە و فاروقی حاجی ئەحمەدو بەرزانی حاجی ئەمین و حەمە بچکۆل وماڵی حاجی عێزەت لەو کەس و خێزانانە بوون کە دەستگیرکران و ڕاپێچی زیندان کران.

## شـەڕی گـەورەی پـێـنجوێن، شـــەوی 24-1980/7/25

هێزێکی نزیک بە ٦٠ کەسی پێکهاتوو لە سێ کەرتی چالاک و چەلەنگی پێشمەرگە بەرەو پێنجوێن بە ڕێکەوتن بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جەماوەری پێنجوێن، پێش گەیشتنیان بۆ پێنجوێن لە ڕێگا کەوتنە کەمینی حکومەتەوەو فەوجێکی سەربازی ڕووبەڕویان بووەوە، سەرکەوتوانە کەمینەکەی دوژمنیان تێکشکاندو پەڕینەوە بەرەو ئاسنەوە، لەو کەمینەدا تەنها پێشمەرگەیەک بریندار بوو، لە شاخ و قەدپاڵ و لاپاڵەکانی نزیک پێنجوێن هێزەکە پشوویدا تا ئێوارە خۆر بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت، هێزێکی گورج و گۆڵ و خوێن گەرم ڕستێک هەڵۆو بەورووبەکانە لەگەڵ خۆرئاوابووندا بە نهێنی و بەرنامە و پلانی ووردەوە چوونە ناو شاری پێنجوێن دامەزران.

کەرتی چواری هەرێمی سێ بە فەرماندەیی کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم کەرتی یەکی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی مامۆستا شاهۆو کەرتی چواری هەرێمی یەک بە فەرماندەیی کاک فەرەیدون حەمە صالح و تیکرای هێزەکەش بە سەرپەرشتی کاک جەمال و بە دەست و پەنجە و تفەنگی قارەمانانی وەک حەمەمینی خەجێ و مامۆستا جەمال و شەریفی قورئانی و کامەرانی ڕەشە چالە و فەرەج وەندەرێنەیی و دەیان پێشمەرگەی قارەمانی دیکە بە ناو شاری (پێنجوێن) دا دابەشبوون، هەر مەفرەزەو فەرمانی خۆی وەرگرتبوو شوێنی دیاریکراوبوو، پێشمەرگە بە جۆرێک شەقام و سەرکوچەو کۆلانی پێنجوێنیان تەنیبوو دەرفەتی جووڵەو بەرەو پێشچوونیان لە دەستی هێزەکانی داگیرکەر دەرهێنابوو، چوونکە کەرتەکانی یەک و چواری هەرێمی یەک شـارەزای ناو پێنجوێن نەبوون تەنها فەرەیدون حەمە صالح نەبێت شارەزای پێنجوێن بوو، بۆ هەر دوو پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی پێنجوێنیان لەگەڵ دانابوو، تا لە هەر بارودۆخێکدا بتوانن ڕێگاکان بەرنەوە سەریەک، مەفرەزەیەکیش تەرخان کرابوو بۆ کۆکردنەوەی خواردن تا لە شار دەرچوون برسی نەمێننەوە، لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار کەمینی پێشمەرگە دانرابوو تا لە گەڕانەوەدا لە ژێر سایەی کەمینەکاندا بگەڕێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

کاتژمێر ٩ی شەو شەڕی گەورە و پێکادان دەستیپێکرد، دوژمن بە چەندین زیلی پڕ لە سەرباز و ناقیلە و بە پشتیوانی چەکی گەورە بەرەو ناو مەرکەزی پێنجوێن بەڕێکەوت هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەیان لە مەیدانی شار یەکەم زرمەی ئار بی جی زیلێکی پڕ لە سەربازی کردە ئامانج و ئاگر لە جەستەی پڕ لە سەربازی زیلەکە بەر بوو، هەر لە جێدا هەرچی تیابوو کوژران و بوونە قەرەبرووت، چەند ناقیلەیەکیش بەرەو گۆڕەپانی شەڕ مەرگ هەڵیگرتن، دووەم زرمە و وریشەی ئار بی جی ئەوانیشی کردە سوتماک و ئاگر لە دارو بەردی بەرپێ و جەستەیان بەربوو.

شەڕ بە شێوەیەک گەرم بوو هەر جەستەی کەلاکی داگیرکەربوو لە ژێر پێی هەڵمەتی دلێرانەی پێشمەرگەدا دەپلیشایەوە، هەرناڵەو زریکەو هاواری سەربازی داگیرکەر بوو دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک و لە ژێر شریخەی گوللەی پێشمەرگەدا خامۆش دەبوو، مەودای نێوانی پێشمەرگە و سوپای داگیر کەر بە شێوە کەم و کورت ببووەوە پێشمەرگە لەگەڵ سەربازی داگیرکەردا تەنها ٥ مەتریان نێوان بوو، هێندە هەڵمەتەکانی پێشمەرگە چڕووپڕوو دەستەویەخە بوو.

زیلێکی تری پڕ لە سەرباز بە هانای هێزە شکستخواردووەکەیانەوە هاتن ئەوانیش درانە بەر ڕێژنەی گوللەی چەکەکانی پێشمەرگەو تارومار کران، ئەو هێزانەشی بە پیادە بەرەو گۆڕەپانەکە سەردەکەوتن هێواش هێواش لە مەیدان و شەقام و کوچەو کۆڵانەکانی پێنجوێندا لە خوێنی خۆیاندا دەگلان و دواهەناسەیان دەسپارد، هێزەکەی دوژمن بە جۆرێک شپرزە و تێکشکاوو لاوازو بەزیوو بوو چەکی زۆر و هێزی گەورە دادی نەدەدان نە هاواریان دەگەیشتە هیچ کوێ، نە سەرە زلەکانیان دەیانتوانی بە هانایانەوە بێن، هەر بۆیە بەشی زۆریان کە زیاد لە ١١٣ سەربازو ئەفسەرو دەرەجەدار بوون سەری سەلامەتیان نەبردەوە مەنزڵی خۆیان و لە خوێنی خۆیاندا گەوزین و بەزین و فریای قومێک ئاویش نەکەوتن.

جگە لە کلاشینکۆف و ئار بی جی هێزی پێشمەرگە نارنجۆک ئەندازیان پێبوو کە لەو شەڕەدا ڕۆڵی باشی بینی لە داڕوخان و داتەپینی ورەی داگیرکەرو دەیان

کەلاکی پێ جێهێشتن و لێخستن.

شەڕی گەورە و دەستەو یەخەی پێنجوێن نزیک بە دوو کاتژمێری خایاند، هێزەکەی دوژمن بە جۆرێک شپرزە و پەرتەوازە بوو هەتا فریای کۆکردنەوەی کەلاکو تەرمی کوژراوەکانیشیان نەکەوتن، ئەو شـەوە پێنجوێن جەهەننەمی داگیرکەران بوو، کورەی جۆشدانی شۆڕش و گورزی جەرگ بڕی تۆڵەی خوێنی دێوانە مەجید و دەیان شەهیدی پێشمەرگە و هەموو ئەو قوربانیانە بوو کە لە سەر دەستی ڕژێمە هاروهاجەکەی بەعس ئەنجامدرابوو، جگە لە ١١٣ کوژراو لەو شەوەدا نزیک بە ٢٠٠ بریندایش لە هێزەکانی داگیرکەر هەژمار کراوە.

ئەو شەوە پێنجوێن بۆ داگیرکەر گۆمی خوێن و بۆ پێشمەرگە و جەماوەریش شەوێکی پرشنگدارو تۆڵەی مەرگی ئازیزان بوو، تێکرای خەڵکی پێنجوێن لە ناو ماڵ و سەربان و لە پەنجەرەی ژوورەکانیانەوە تەماشاکەری شەڕی دەستەویەخەی پێشمەرگە و داگیرکەر بوون دەستە و دوعا بوون بۆ پێشمەرگە، شەڕێک کە نە فیلمی هۆلیۆدو نە لە شاشەی سینەماکانەوە دەردەچێ، شەڕی ڕاستەوخۆی بینراوو پلانی تۆکمەو چنراوی پێشمەرگە لە ناو گۆڕەپانی پێنجوێندا لە بەرچاوو دیدەو ڕوانینی هاووڵاتیانی پێنجوێن.

هەر ئەو شـەوە هاوکات لەگەڵ شـەڕی گـەورەو بێوێنەی هێزی پێشمەرگە، خەڵکی تێکۆشەری پێنجوێن هەر ماڵەو لە شوێنی خۆی نان و خواردنیان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکرد، دوای تەواوبوونی شەڕەکە پێشمەرگەکان بە نانی گەرم و بەدڵی گەرم و پرسۆزەوە پێشوازیان لێکرا، هەر ئەو شەوە لە بڵندگۆی مزگەوتی پێنجوێنەوەو بە زمانی عەرەبی، پێشمەرگە ئاگاداری بۆ پیاوان و دەزگا جاسووسیەکانی ڕژێم بڵاوکردەوە کە پەلاماری هەر کەس بدەن و ئازادی خەڵکی بێدیفاع بدەن لەوە خراپتر چاوەڕێیانە، نزیکەی بەرەبەیان پێشمەرگە لە شار کشانەوە بەرەو بەرزایی و سنوورەکانی پێنجوێن، لە ڕۆژهەڵات دوژمن تا دەمی نیوەڕۆ خەریکی شۆردنەوەو پاکردنەوەی مەیدانی شار بوو کە خوێنی سەربازو کەلاکی کەوتوو ئەو ناوەی سووردەبردەوە هێندە خوێنی سەربازەکانی بەعس بە شەقام

و کوچەو کۆڵانەکانی(پنجوێن)دا ڕژا بوو دەتووت فەرشی سووری لێڕاخراوە، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیانبوون.

## مانگرتنی پێنجوێن

بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی شاری پێنجوێن لە ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٩ کە لە ئەنجامی شەهید کردنی دێوانە مەجید ڕوویدا، سەرکردایەتی (ی ن ک) بەیاننامەیەکی لە ژێر سەردێڕی (بەیاننامەی سەرکردایەتی (ی ن ک) دەربارەی مانگرتنەکەی ئەمجارەی شاری پێنجوێنی قارەمان) بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە.

## بەیاننامەی سەرکردایەتی (ی ن ك)
## دەربارەی مانگرتنەکەی ئەمجارەی شاری پێنجوێنی قارەمان

مانگرتنە گشتیەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵا، سەرەڕای ئەوەی تۆمارکردنی گۆڕانێکی قوڵ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستاندا، سەرەتایەکی گرنگیش بوو لە گەشانەوەی پشکۆی هۆشیاربوونەوەی جەماوەری چەوساوەدا دژی ڕژێمی فاشستی بەغدا، هەموو ئەو کارە درندانەش کە فاشیەکان دەیکەن دەرهەق بە خەڵکی بێتاوانی کوردستان زیاتر مەودای بەردەم ئەم گەشبوونەوەیە خۆش دەکەن.

لە نزیک شاری پێنجوێنی قارەمان ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٨ پێشمەرگەیەکی دلێری سەر بە هەرێمی (٣) تووشی کۆمەڵێک سەربازی ڕاوو ڕووتکەری فاشیەکان دەبێ پێشمەرگەکە شێرانە لێیان دێتە دەست ئەفسەرەکەیان دەکوژرێت و دوو سەربازیش بریندار دەکات و خۆشی بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێ.

دوژمنە فاشیستەکان لە بری ئەمە پەلاماری گاوانی پێنجوێن دەدەن کە ناوی (دێوانە مەجید عبدالله) بوو بە ئیجازەی قایمقامی شار لەو دەشتەدا گاگەلەکەی دەڵەوەڕاند، دوای ئەوەی شەهیدی دەکەن هەر دوو چاوی هەڵدەکۆڵن و هەنجن هەنجنی دەکەن.

ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٩ لە کاتێکدا تەرمی شەهید دیوانە مەجید دەبەنەوە بۆ ناو شار، خەڵکی شار بە گەورەو بچووکەوە دەنگی تورەیی و ناڕەزایی بەرزدەکەنەوە، دووکـان و بـازاڕ دادەخرێت و جەنازەکەی بە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شاردا بە هوتاف کێشان بە گیانی پێشمەرگەو شۆڕش و (ی ن ک) دەگێڕن، هەرچی شەقامەکانیش هەیە بە بەردوو بلۆک و گوێنیە خۆڵ و ئۆتۆمبێلی شکاو لە لایەن جەماوەرەوە دەگیرێن و ڕێگەی هاتووچۆ دەگیرێ.

کاربەدەستانی ڕژێم هەر چەندە هەوڵ دەدەن ناتوانن گڕی تورەیی خەڵک دامرکێننەوە، لە دوایدا هەرچی خەڵک هەیە جەنازەکە هەڵدەگرن و بە سروودی نیشتمانی بەرەو سەر قەبرانی (حاجی شێخ)ی دەبەن ئەگەرچی لە سەر قەبران ئەمن و ئیستخبارات هەڕەشە لە خەڵکی دەکەن، وێنەیان دەگرن، دەنگیان تۆمار دەکەن بەڵام سوودی نابێ خەڵکەکە ئەمەندەیتر توندتر دەبن، زیاتر هەڵدەچن و بەرەنگاریان دەبنەوە، دوای ناشتنی تەرمەکە هەر بە خۆپیشاندان و سروودی نیشتمانی بە (بڕوخێ سەدامی خوێنڕێژ) و (بڕوخێ حزبی ڕژێمی فاشی) و(ئەم ڕژێمە فاشیەمان نـاوێ) و گەلێ هوتافی تری دژ بە ڕژێـم بـەرەو ماڵی شەهید دەگەڕێنەوەو هەر لە ناو خەڵکەکە بڕیاری ئەوە دەدەن کە دەبێ دووکان و بازاڕ تا سێ ڕۆژ نەبێ و مانگرتن بەردەوام بێ.

بەمجۆرە خەڵکەکە بڕیارەکە جێبەجێ دەکاو سێ ڕۆژی ڕەبەق مانگرتن درێژە دەکێشێ، هەر لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا ئۆتۆمبێلی قایمقام و ئامر فەوج و ئەمن و ئیستخبارات و مونەزمە و ماڵی جاشەکان لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە بەرد باران دەکرێن و وێنەی سەدام و درووشمەکانی ڕژێم دەدڕێنن و فڕێدەدرێنە سەر شەقامەکان.

ئەم ڕاپەڕینەی جەماوەری نەترسی شاری پێنجوێن بەرپایانکرد ترس و لەرزێکی زۆری ئاخنییە ناو هەناوی فاشیەکانەوە، بۆیە فاشیەکان لە ڕۆژی ٧/٢١ دەڕژێنە ناو بازاڕەوەو بە زۆر هەوڵی کردنەوەی دووکان و بازاڕ دەدەن و دەکەونە پەلاماردانی خەڵکی و زیاتر لە (٩٠) هاووڵاتی دەگرن بە ژن و مناڵ و پیرو گەنجەوە، ئەگەرچی

فاشیەکان لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دامرکاندنەوەی خەڵکی ڕاپەڕیوو بە بەڵێنی درۆو قسەی بێ جێ و ڕێ، بەڵام داری زۆری هەوڵیان بەرناگرێ و ترسی ڕاپەڕینی جەماوەر چۆکیان پێدادەدات.

دوابە دوای مانگرتنە پاڵەوانەکەی جەماوەری ڕاپەڕیوی پێنجوێنی ڕاپەڕیو بۆ پشتیوانی مانگرتنەکە لە شەوی ١٩٨٠/٧/٢٤ هێزێکی هاوبەشی کەرتی (٣) کەرتی (٤) کەرتی (٥) کەرتی (١١)ی هەرێمی یەک، کەرتی (٤)ی هەرێمی (٣) دەچنە ناو شاری پێنجوێنەوە لە سەعات ١٠ی شەوەوە تا ٤:٣٠ دەقیقەی بەیانی شار ئابڵۆقە دەدەن و کونە مشک لە دوژمن دەکەن بە قەیسەری، بە ئاربیجی و قازیفە و نارنجۆک ئەندازو و نارنجۆکی دەستی و چەکیتر لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دوژمن دەدەن لە ئەنجامدا یەک مودەڕەعە دەشکێنن، دوو ئیڤای پڕ لە سەرباز دەسووتێنن نزیکەی ٨٠ سەربازیش دەکوژن و بریندار دەکەن.

پشتیوانی و پشتگیری لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکەی خەڵکی قارەمانی پێنجوێن هەر لە لایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی (١) و هەرێمی (٣) وە نەبوو بەڵکو خەڵکی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، بە نووسینی سەر دیوارەکان پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند لە زۆربەی شارەکاندا نووسیبوویان (پشتیوانی لە خەڵکی پێنجوێنی قارەمان دەکەین).

ئێمە لە کاتێکدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو کارە پاڵەوانانەی خەڵکی تێکۆشەری پێنجوێن دەکەین داواش لە خەڵکی هەموو شارەکانی تروو ئۆردووگا زۆرە ملێکان دەکەین کە مانگرتن و خۆپیشاندان و هەموو شێوازێکی گونجاوی خەبات بکەن بە هۆیەک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری دژی ڕژێمی فاشیست و بەستنەوەی بە خەباتی چەکداری لە شاخەکانی کوردستان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی وابەستەی بەغدا و هێنانەدی ئامانجەکانی گەلەکەمان لە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

ی.ن.ک

١٩٨٠/٨/٦

هەواڵنامەی کتێب

# هـەریمی سـێ
# نـاحیەی بــەرزنجە، سـرۆچك
# مـەفرەزەكانی بــەرزنجە

## نـــــاحیەی بـــــەرزنجە، ســـــــرۆچك

بەرزنجە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانییەوە لە نێو جوگرافیایەکی سەخت و چڕو شاخاویدا هەڵکەوتووە، بە چیا بەرزو سەرکەشەکانی کوڕەکاژاوو حاجی مامەندوو قەڵای سرۆچک و قەڵای گێڵدەرەو دەیان شاخ و گردۆڵکەی بەرزو مام ناوەند دەورەدراوە، ناوچەیەکی سەخت و باراناوییە زستانی پڕبەفرو باران و تەڕوو پاراوە، خاوەن سرووشتێکی جوان و دڵگیرە لە وەرزی بەهاردا کانیاوەکانی پڕ ئاوو تەڕو پاراوە- خاوەن مێرگی پان و بەرین و زەوی کشتوکاڵی بە پیت و دارودرەختی هەمە جۆر و هەمە چەشنی دارەبەن و مازوارو دەوەن وشێخەڵی چڕو سەدان جۆر درەختی بەردارو میوەی هەمە چەشن و هەمە جۆرە، کە بووەتە سەرچاوەی گرنگی ئابووری بۆ خەڵکی ناحیەی بەرزنجە لە ڕابردوو ئێستاشدا.

بەرزنجە لە ساڵی (١٩٢٣)دا بووەتە ناحیە لە گێڵدەرە، واتە ناوەندی ناحیەکە لە گێڵدەرە بووە، ساڵی (١٩٢٧) ناوەندی ناحیەکە گوازراوەتەوە بۆ بەرزنجە ، چونکە قەڵای سرۆچک قەڵایەکی بەرزو سەختی بابانیەکان بووە ناحیەکە بە ناوی سرۆچک تۆمار کراوە و بووەتە ناحیەی سرۆچک-بەرزنجە، ئەو سەردەمەی بەرزنجە- سرۆچک بووەتە ناحیە سنوورێکی فراوانی هەبووە کە زیاتر لە ٧٠ دێی لەخۆگرتووەو سنووری ناحیەکە درێژ بووەتەوە تا سنووری ناوپارێزی ئێستا.

دوای دروستبوونی ناحیەی ناوپارێز ژمارەیەک دێی ناحیەکە چووەتە سەر ناوپارێز بەوەش ژمارەی دێیەکانی ناحیەی سرۆچک لە کەمیداوە و بۆ نزیکەی ٣٧ دێ کەم بووەتەوە، کاتێکیش لە دوای ڕاپەڕین ناحیەی زەڵان دروست کرا ژمارەیەک دێی دیکەی چووەتە سنووری زەڵان، لە ئێستادا ٢٦ دێی ماوە.

گێڵدەرەو وەندەرێنەو مۆریاس لە دێیە گەورە و پڕدانیشتوانەکانی سنوورەکەن جگە لە چەندین دێی مامناوەندی و بچووکیتر، خەڵکی ناحیەی سرۆچک هەر لە سەرەتای دروستبوونی ناحیەکەوە تا دەگاتە ئێستا سەرقاڵی ئاژەڵداری و کاری کشتوکاڵی و وەرزێری بوون، دێیەکانی دۆڵی گەلاڵ بەرێژەیەکی دیارو بەرچاو گرنگیان بە ئاژەڵداری داوەو خاوەنی دەیان هەزار سەر ئاژەڵ بوون، چوونکە دۆڵی

گەڵاڵ زیاتر ناوچەیەکی سەخت و بەردەڵان و هەڵواسراو بووە دەرفەتی کشتوکاڵ تیایدا کەمتر بووە ئەگەر هەشیبووبێت ڕەنج و عەرەقەیەکی زۆری ویستووە تا ئەو زەویە یاخی و سەخت و هەڵواسراوانە بکێڵن و بتوانن بەرهەمی کشتوکاڵی تیادا بەدەست بهێنن، بەڵام بە دیوی کورەکاژاوو گێڵدەرە و مایاواو مۆریاس و دێیەکانی هاوشانیان لەگەڵ ئەوەی ئاژەڵداری تیایدا هەبووەو فەرامۆش نەکراوە، گەنم و جۆو کشتوکاڵ و باخ و بێستان گرنگی زۆریان پێدراوەو سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری و بژێوی خەڵکەکەی بووە.

ناحیەی سرۆچک بەرزنجە هاوسنوورە لەگەڵ عەربەت و سەید صادق و چوارتا و ناوپارێزو پێنجوێن، بەو پێیەی کە بەشێکی ناحیەی سرۆچک بەستراوەتەوە بە پێنجوێنەوە لە مێژووی دێرینی خۆیدا بێبەش نەبووە لەو پەیوەندیە بازرگانیەی کە لە نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بانە – سنە- سەقز- مەریوان) دا هەبووە، خەڵکی دێیەکانی بەرزنجە لە کاروان و قەتاری ئەم دیواودیوی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوردا هاوشان و هاوکارو هاوبارو هاوسەفەری بەشێک لەو کاروانچیە خاوەن بارانە بوون کە لە ناردنی کاڵاو حاصلات بۆ ڕۆژهەڵات و هێنانەوەی کاڵاکانی ئەو دیو لە ڕێگەی پێنجوێنەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی دیکە تا دەگاتە دەشتی گوڵاڵە «جەلەولا» بەشدار بوون و ڕۆڵ و پێگەی ئابووریان بە پیودانگە ئابووریەکانی ئەو سەردەمە دیارو بەرچاو بوو.

سنووری ناحیەی بەرزنجە و دێیەکانی و پیاوە ناسراوە ئاینییەکانی جێگە سەرنجی تێکڕای خەڵکی کوردستان بوون، کە دەیان پیاوی ئاینی ناسراوی تیادا هەڵکەوتووە و ناوبانگیان کوردستانی تەنیوەو هەتا سنوورەکانیشی بەزاندووە، بەرزنجە ناوەندێکی گەورەی دینی بووە لە مێژووی دێرینی کوردستاندا،دەیان زانای ئاینی و پیاوی منەوەرو ڕۆحانی تیادا هەڵکەوتووەو خەڵکی لە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەوە هاتوونەتە سنووری بەرزنجە تا دەرسی دینی بخوێنن و تەریقەت وەرگرن، لە دێیەکانی سنووری بەرزنجەدا دەیان قوتابخانەی دینی هەبووە.

ناوەندی شێخانی تەریقەتی قادری کە تەریقەتێکی ناسراوەو بە تێکڕای کوردستان و وڵاتانی دەورووبەردا بڵاوبوونەتەوەو شوێنکەوتەو دەروێشی زۆرو زەوەندی هەیە لە ناحیەی بەرزنجە و دێیەکانی سرۆچکەوە، شێخەکانی بەرزنجە کە بە نەوەکانی شێخ عیساو شێخ موسا ناسراون بە کوردستاندا بڵاوبوونەوە بۆ گەیاندنی تەریقەت و بیروباوەڕی تەریقەتی قادری کە شەجەرەی نەسەبی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ).

شێخ محەمەدی کۆسان و شێخ مارفی نۆدێ لە سنووری بەرزنجەدا لە شێخە ناسراوو بەناوبانگەکان بوون کە خاوەنی قوتابخانەی ئاینی و تەریقەت بوون، لە سەردەستی ئەم زاتانە خەڵکانێکی زۆر فێری خوێندەواری بوون و بنەماکانی ئاین فێر بوون و بوونە دەروێشی تەریقەت، تێکڕای پەیڕەوانی تەریقەتی قادری بنەماو سەرەتاو ڕێچکەیان لە بەرزنجەوە سەرچاوە دەگرێ و سەر بە قوتابخانەکانی ئەوێن.

بەرزنجە دوای ئەوەی بووەتە ناحیە، گۆڕانکاری جوگرافی جۆراوجۆری بە خۆیەوە دیوە، ساڵ بە ساڵ سنووری جوگرافیای بەرزنجە بچووک بووەتەوە، ناوپارێز بەشێک لە دێیەکانی لێبردوە و زەلانیش بە هەمان شێوە، سەرەتا بەرزنجە سەر بە قەزای چوارتا بووە بەڵام لە کاتی کردنی سەید صادق بە قەزا، بەرزنجە لە چوارتا دابڕێنراوەو خراوەتە سەر قەزای سەید صادق، ئەگەرچی ساڵ بە ساڵ سنووری جوگرافی ناحیەکە بچووک و بەرتەسک کراوەتەوە، بەڵام ئەهمیەتی مێژوویی و دینی و شۆڕشگێڕی بەرزنجە و دانیشتوانەکەی هەر وەک خۆی ماوەو زیادو زیاتر بووە.

ناحیەی بەرزنجە جگە لەوەی لەڕووی دینی و ئاین پەروەری جێگەو پێگەی خۆی هەبووەو ناوەندی گەشەکردن و سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، لە ڕووی شۆڕش و کوردایەتی و قوربانیدانیشدا هاوشان و بگرە زیاتریش بووەو ڕۆڵی دیارو گرنگ و بەرچاوی بینیوە بە تایبەت لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، ناوەندێکی گەورەی شۆڕش بووەو سەدان تێکۆشەری تیادا کۆبووەتەوەو بارەگای

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی (یەک) لە مامەندەی نێوەندی بەرزنجە بووە.

یەکەم هەڵۆ کە دوای هەرەس لە شەقەی باڵیداو هەرەسی بە هەرەس هێنا، لە سەر کورەکاژاو باڵەکانی بزواندوو بانگی شۆڕشی نوێ و لە گۆڕنانی خەونی دوژمنانیدا بە گوێی شاخ و کێوو بەندەن و لوتکەو چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا، دەچینە سنووری بەرزنجەو بە مەرەکەبی خوێن مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ دەنووسینەوە.

## مـــــــەفرەزەکانی بـــــــــەرزنجە

هـەروەکو چـۆن لە پێشدا ئـاماژەمـان پێکرد، هـەرەسـی شۆڕشی ئەیلول چ نائومێدیەکی لای خەڵک درووسـت کردبوو چ کارەساتێکی گـەورەی خوڵقاند بوو ئاواش بەو شێوەیە لە دڵ و دەروونی دێهاتنشینەکانی سنووری بەرزنجە، سرۆچک هەرەسی شۆڕش بەسویێ و ئازار بوو، ئاسەواری خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدوای خۆیدا هێنابوو، بۆیە ئەوانیش وەکو تێکڕای ناوچە غەمبارو تازیەباروو ڕەشپۆشەکانی کوردستان، لە چاوەڕوانی تروسکایی ئومێدی هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕامالینی تەمی داگیرکاری و شکست و نسکۆدا بوون، زۆری نەبرد خۆری هیوا، تاڵە تیشکەکانی شۆڕشی نوێ لە دەمکەلی کوڕەکاژاودا سەریان دەرهێناو دەشت و کێوو قەدپاڵ و لاپاڵ و کێڵگەی جوتیارە دەست قڵیشاوەکانیان ڕوونـاک کـردەوەو دەسـت و هەستی تەزیویان گـەرم کـردەوە، وەکو تێکڕای ناوچەکانی کوردستان لە بەرزنجە و دێیەکانیدا لە نێو ڕەوەزو دانە بەردەکانیدا هـەزاران هەڵۆ لە شەقەی باڵیانداو بە سەر سەری کوڕەکاژاوو قەڵای سرۆچک وحاجی مامەندی سەرکەشەوە بەرەو خوار، بەرەو مۆڵگە و ڕەبیە و سەربازگەکانی داگیرکەر دەیانڕوانی و نەخشەی خاپوورکردن و دەست بە سەرداگرتنی ئۆردووی داگیرکەریان دادەڕشت و مژدەی ڕۆژێکی نوێیان لە دەمکەلی نیشتماندا بە شارو شارۆچکەو دێ و بەداروو بەردی تەم لێنیشتووی ژێر چەپۆکی هەرەس دەداو بە باڵی هەڵۆدا نامەو پەیامی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێیان بۆ پێدەشتەکانی خوارەوە بۆ کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و دەشتی سووورباوی گوڵاڵە دەنـارد، بەڵێ شۆڕش چەخماخەی داو تروسکەو پزیسکی شۆڕش بووە مەشخەڵانی شۆڕشی نوێ و بەربووە دارو بەردوو پوش و پەڵاشی ئۆردووی داگیرکەرو سەرتاپای کوردستانی ڕووناک کردەوە.

**1976/6/1**

شکاندنی ڕچەی یەکەمی شۆڕش، یەکەم هەنگاوی بەرەو شاخ بانگی یەکەمی شۆڕشی نویَ، ئەو دەستە پلان چنانەی کۆمەڵەو یەکێتی بوون کە لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا خۆیان ڕێکخستبوو قاڵبووی بۆتەی خەباتی پێشکەوتنخوازانە و چەپی نێو کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوون، ئەو تێکۆشەرو کادرو سەرکردە پێشکەوتوانەی ڕیزی ڕێکخستنەکانی شار بوون، یەکەم ڕچەیان شکاندوو یەکەم هەنگاویان هەڵهێناو یەکەم دیواری ترسی دوای هەرەسیان ڕاماڵی و تێکشکان، کادرو سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بوون ، بوونە مەشخەڵانی شۆڕش و لە هەورا شەپۆلانیان بوو بە سروەی بەیانی کوڕەکاژاو، دەگەشانەوەو دەبووژانەوە .

یەکەم دەستەو مەفرەزەی شۆڕشی نویَ ئەوانەی لە بناری شارەزور و بەرزنجە و شارباژێڕ دەجووڵان و جەولەیان دەکرد(سالار عەزیز، سیروان تاڵەبانی، ئەنوەری مەجید سوڵتان) دواتریش (تایەری حاجی عەزیز و خولەی جگەر، کاک نەبەزو شۆڕش ئیسماعیل) و چەند هەڤاڵێکیتر بوون، ئیتر لێرەوە زەمینەی گەشەکردن و فراوانبوونی شۆڕش دەستی پێکردوو، دەیان پیاوی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر لە شەقەی باڵیانداو لە هێلانەی هەڵۆکانی قەندیل و گمۆو کوڕەکاژاودا خۆیان بینیەوەو لەویَ ستاریان گرت.

ئازاد دەرەمیانەیی یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩٧٦ ئەو دەمە لە ناوچەی دیلمان سەرباز بوو، هەر لەگەڵ سووسەی سەرەداوێکی مەفرەزە سەرەتاییەکان، ڕیزی سەربازی جێهێشتوو لە مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٧٦ چووە قەندیل و لەوێوە بۆ ئاشقوڵقەو لە بارەگای دکتۆر خالید گیرسایەوە کە تایەری عەلی والی بەگ و مولازم عومەریش لەویَ بوون دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە بارەگای دکتۆر خالید، لەگەڵ مولازم عومەر و مولازم تایەر بەرەو شارباژێڕ بەڕێکەوتن، لەوێشەوە چووە مەفرەزەکەی ئەنوەری مەجید سوڵتان کە فەرماندەی مەفرەزەو یەکێک لە کادیرە سەرکەوتوو پێشکەوتووە سەربازی و سیاسییەکانی

کۆمەڵە بوو لە سنووری شارباژێردا، بە ماوەیەک دوای چەخماخەی شۆڕشی نوێ خەڵکێکی زۆر بە شێوەیەکی فراوان ڕوویان کردە شاخ و لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بوونە پێشمەرگە و چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان، ئەم خەڵکانە زۆربەیان سەر بەیەک عێل و عەشرەت و بنەماڵە بوون کەسوکاری نزیکی یەکبوون و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە توندی بەسترابوونەوە بە یەکەوە.

تەشکیلەی ئەو سەردەمەی پێشمەرگە مەفرەزەو کەرت بوو لە سەرو ئەوانەوە لیژنەیەکی مەرکەزی هەبوو کە زۆربەیان پێکهاتبوون لەو ئەفسەرانەی سوپای عێراق کە هاتبوونە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، مولازم تایەری عەلی والی بەگ و مولازم عومەرو لە سەرو هەمووشیانەوە سوپاسالاری کوردستان عەلی عەسکەری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە بوو.

## شـــــەهیدبوونی خـــاڵە شـــیهاب و هـــاوڕێکانی 1976/11/21

دوای ئەوەی ڕژێمی ئێران خاڵە شیهاب و پۆلێک تێکۆشەری تەسیلمی ڕژێمی عێراق کردەوە، دوای نزیکەی ساڵێک مانەوە لە زیندان و ئازارو ئەشکەنجە، ڕژێمی عێراق سێ سەرکردەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی لەناو ئەو تێکۆشەرانە لە ئەبو غرێب لە سێدارە داو ئەوانیتری حوکمی زیندانیدا.

**سێ سەرکردە شەهیدەکەی کۆمەڵە**

١- شەهید شیهاب شێخ نوری - سلێمانی

٢- شەهید جەعفەر عەبدولواحید - کۆیە

٣- شەهید ئەنوەر زۆراب - کەرکوک

تەرمی شەهید خاڵە شیهاب لەسلێمانی تەرمی شەهید جەعفەر عەبدولواحید لە کۆیە و تەرمی شەهید ئەنوەر زۆراب لە کەرکوک بەخاکسپێردرا.

## لـــێدانی پـــارێزگاری ســـلێمانی

١٩٧٦/١٢/٢١ بەبۆنەی تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر لەسێدارەدانی شیهاب، جەعفەر، ئەنوەر لەسەر شەقامی مەولەوی ناو شاری سلێمانی بۆسەیەک بۆ پارێزگای سلێمانی محەمەد محەمەدئەمین دانرا، کاتژمێر ٨/٣٠ دەقیقەی بەیانی کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانکرا لەو بۆسەیەدا پارێزگاری سلێمانی بریندابوو دوو پاسەوانی تایبەتیشی کوژران.

## کـــــــــــێوماڵ

مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٧ حکومەتی عێراق هێرش و گەڕان و کێوماڵ کردنێکی بەرفراوانی سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستانی دەستپێکرد لە ناویاندا ناوچەی بەرزنجە و شارباژێڕ، ئازاد دەرەمیانەیی و کاک ئەنوەرو کاک ئارام و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە پەڕینەوە بەری قەرەداغ، تا خۆیان لە کاریگەری هێزەکانی ڕژێم بەدوور بگرن و خۆبپارێزن، لەو هێرشە بەرفراوانەدا بەسەدان سەرباز و کۆپتەر کێوماڵی ناوچەکانیان دەکرد، ئەو شوێنانەی سەخت بوون بە کۆپتەر سەربازیان بۆ دادەبەزاندن، هێزەکەی شارباژێرو سنووری بەرزنجە پەڕینەوە بەری قەرەداغ، دوژمن لەوێش کێوماڵ و گەڕانی دەست پێکردبوو، لە قەرەداغ ژمارەیەکی بەرچاو کۆپتەر گەڕانیان دەستپێکردبوو، چوونکە ناوچەیەکی بەربڵاوو شاخاوی بوو سەربازی لێدانەبەزیبوو، واتە هێزی پیادە کێوماڵی پێنەکرابوو تەنها لە ڕێگەی باڵە فڕەی کۆپتەرەوە گەڕان و پشکنینی ناوچەکەیان ئەنجامدەدا، هێزی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبونەوەی هێرشێکی لەو جۆرە خۆی پاراست و خۆی تەریک گرت، چوونکە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هێزەی سوپای عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو هاوسەنگی هێزی تێکدەداو لە بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگەدا نەبوو، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێزە بەرفراوانە کۆمەڵایەتیەی ڕوویان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش و ببوونە پێشمەرگە، لە بەریەک هەڵوەشان و تەسلیم بوونەوەو گەڕانەوە ماڵ و حاڵی خۆیان.

کاک ئارام لەگەڵ پێشمەرگەکانی شارباژێڕ لە بەری قەراغ گیرسایەوە، ئازاد دەرەمیانەیی و بەشێک لە پێشمەرگەکانی شارباژێڕ کەوتنە مەفرەزەکەی کاک ئارام و ماوەی چەند مانگێک لە گەڵیدا مانەوە تا مانگی ٦ ی ١٩٧٧ پەڕینەوە بەری دۆڵی جافایەتی و قزڵەرو چۆخماخ، ئەو سەردەمانە پێشمەرگە زۆربەی کاتەکانی بە شاخ و نێودەوەن و ڕەوەزو گاشە بەردەکان و ژێر سێبەری دارەبەن و مازوارو پیرەدارەکانی چیاکاندا دەبردە سەر، شەوانە دادەبەزینە نێو دێیەکان و نان و پێداویستی و خواردنیان لەگەڵ خۆیان دەبردوو لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا هەڵدەکشانەوە بۆ کێوو بەندەن و نێو نزارە چڕەکانیان دەکردە ماڵ بۆ پشوودان.

پاش ماوەیەک کاک ئارام مەفرەزەکەی سپارد بە ملازم عومەرو لەگەڵ مام ڕۆستەم و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە گەڕایەوە بەری قەرەداغ، هێزەکەی مولازم عومەر بە هاوکاری کەرتەکەی جەمالی عەلی باپیر کە ئەو سەردەمە فەرماندەی کەرت بوو جەولەیەکی فراوانی ناوچەی سیوەیل و دەشتی شلێریان دەستپێکرد، لێکدانی هەر دوو هێزەکەی مولازم عومەرو جەمالی عەلی باپیر لەو ناوچەیەدا نمایشێکی بە هێزی بازووی هێزی پێشمەرگە بوو، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە هێزێکی کامڵ و تۆکمە و بەهێز بوو، هەرواش بوو جەولەیەکی سەرکەوتوو کاریگەریان ئەنجامدا، بۆ دوژمن جێگەی نیگەرانی و بۆ خەڵکی ناوچەکەش جێگەی دڵخۆشی بوو، سەرەتای مانگی ٧ی ١٩٧٧ هێزەکە گەیشتە ناوچەی شلێرو بە دیداری کاک بەکری حاجی سەفەر شادبوون و یەکیانگرت.

## هــــێرشی جـــــاش

دوژمن هەواڵی گەیشتنی هێزێکی لەو شێوەیەی پێگەیشتبوو، هێزێکی جاش کە تازە ناڵبەندکرابوون و ڕەشمەو پاشوویان بەستبوو، شیلەی دانەکانیان لە سەر ئاخوڕی پڕی خیانەت جیڕکردبووەوە، ویستیان خۆیان لە بەرانبەر بازووی بەهێزی پێشمەرگە تاقیبکەنەوەو دەسکەوتی گەورەیان دەستکەوێت و هێندەی تر ئاخوڕیان گەرم کەن، بەڵام سەریان لە تاشەبەردە پۆڵا پۆشەکانی ناوچەی شلێردا و هەر زیخی پەڕیووی سمی ژێر پێیان بوو دەگەیشتەوە پێنجوێن و لاقیان کردبوو بە هەزار لاق.

هێزێکی جاشی نقوم بوو لە خیانەت بەختی خۆیان تاقیکردەوەو هێرشیان هێنایە سەر هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە چاش و عەوالان و ناوچەی شلێر، بەڵام لە بەرانبەر باسکی بەهێزی پێشمەرگەدا بە جۆرێک شکان و پەرتەوازە بوون تا هەفتەیەکیش دوای هێرشەکە لە کێوو پەناو پەسێرەکانی ناوچەی شلێر مابوونەوەو یەکتریان پێ نەدەدۆزرایەوە، بە شێوەیەک سزادران و وانەیان دادان لە ناو پێنجوێن و لە مۆڵگاکانی خۆشیاندا سەری نزمیان بەرز نەدەکردەوەو لە ژێرخان و پشتخانی ئاغاکانیاندا دۆش دامابوون.

## لــــێدانی مـــودیر نــــاحیه

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٦/٢٧ لە نێوان دێیەکانی کانی دڕکە- عازەبان بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی دوژمن دانا و دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن کوژرانی دوو پۆلیس، مدیر ناحیەی بەرزنجە و معاون فەلاح و شەش پۆلیس بریندابوون و کەوتنە دەست پێشمەرگە دوای ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕش ئازادکران

دەستکەوت ٧ کلاشنکۆف، یەک ڕەشاشی برێن، دوو دەمانچە.

هەمان ڕۆژ دەستەیەک پێشمەرگە لە پشتی بەرزنجە لە هێزێکی دوژمنیاندا و ٨ سەرباز کوژران، دەستکەوت ٨ کلاشنکۆف.

## ئــــــەحمەد چـــــــەقژی

زۆرن ئەو تێکۆشەرانەی تا کۆتایی تەمەنیان ڕێگەی کوردایەتیان بەرنەداو نەسرەوتن تا پێڵوی چاوەکانیان لێکنا، ئەحمەد چەقژی یەکێک لە تێکۆشەرانی ڕێگەی کوردایەتی و یەکێتی بوو، تەمەنی خۆی لەو پێناوە دانابوو، کەنەفت و نەخۆش و دەردەداربوو، بەو جۆرەش ئامادە نەبوو تەسلیمی بەعس بێتەوەو لە ڕیزەکانی شۆڕش مابوو، ژن و خێزان و ماڵ و منداڵەکەی لە زینداندا بوون بەڵام ئەم هەر چۆکی نەدا، تادواجار نەخۆشی بڕستی لێبڕی و لە ١٩٧٧/٧/٧ لە ناوچەی شلێر گیانی سپارد، لە ڕێگەی شێخ عبدالقادری چوێسەوە تەرمەکەیان ناردەوە تا ڕژێم دڵنیا بێت کۆچی دوایی کردووەو خێزانەکەی لە زیندان ئازاد بکەن.

## کـــــەوتنە بـــــــۆسە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٩/٢٤ لەنێوان گوێزەڕەش و پاڕەزان کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە

دوای شەڕێکی قارەمانانە و کوژرانی چەند سەربازێک پێشمەرگەکان لە بۆسەکە ڕزگاریان بوو

زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەرباز و بریندابوونی دوو سەربازیتر . دوای ئەوەی دوژمن شکستی خوارد جووتیارێکی دێی پاڕەزانیان بە ناوی حاجی فەرەج شەهید کرد.

## بـــــەرەو ســـــــــەرکردایەتی

لە سەرکردایەتییەوە چەند نامەیەک گەیشتە هێزەکەی شلێر نامەیەک دەڵێ کاک نەوشیروان گەڕاوەتەوە نیشتمان و نامەی دووەمیش هەواڵ و مژدەی گەڕانەوەی جەنابی مام جەلالی تیادا نووسرابوو، هەر بۆیە ئەو هێزەی لەگەڵ مولازم عومەرو مولازم تایەرو جەمالی عەلی باپیر بەرەو دۆڵی خۆاکوڕک بەڕێکەوتن ڕێگەیەکی سەخت و هەڵەت و دژوار، بە ڕۆژ خۆیان حەشار ئەداو بە شەو بەڕێدەکەوتن، هەڤاڵانی سەرکردایەتی پێکهاتبوون لە کاک سالارو مولازم عومەرو تایەری عەلی والی بەگ، چوونە قەندیل چاویان بە عەلی عەسکەری کەوتوو بەرەو دۆڵی خواکوڕک بەڕێکەوتن.

سەرکردایەتی یەکێتی وویستی لە ناوچەی لۆلان و بادینان بارەگاکانی دابمەزرێنێ چوونکە ناوچەیەکی سنووری و سەخت و دووره دەست بوون، بۆ هێنان و دەستکەوتنی پێداویستی لە سنوورەکانی ئەو وڵاتانە نزیک بوو، بەڵام عێراق و ئێران و تورکیا سێ دوژمنی سەرسەختی لەمێژینەی کورد لە ڕابردوو ئێستاو داهاتووشدا ڕێگەیان نەدا سەرکردایەتی لەوێ بارەگاکانی جێگیر بکات، هێنانی چەک و تەقەمەنی لە ڕێگەی تورکیاو سوریاوە لە ویست و ئامانجەکانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو بەڵام ڕێگا سەخت و دژوارو ئەستەم بوو، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر چەک و تەقەمەنی لە قامیشلو بۆ پێشمەرگە ئامادەکرابوو، چوونکە ڕێگە

سەخت و ترسناک بوو دەبوایە پێشمەرگە بە شەوو بە کۆڵ بچن تفەنگەکان بهێنن و بیگوازنەوە سنووری پێشمەرگە، بەشێک لە پێشمەرگە تا سنووری شەمزینانیش ڕۆشتبوون بەڵام دکتۆر خالید وەڵامی ناردبوو کە نەیەنە ناو سوریاوە و بگەڕێنەوە، ووتبووی بە سەیارە چەکم هێناوە بۆ سەر سنوور، دکتۆر خالید ژمارەیەکی بەرچاو چەکی لە سەیارەیەکدا هێنابوو لە سەرەوە ئاردی لێ بار کردبوو تا وابزانرێت ئارد و خواردەمەنی دەگوازرێتەوە، بە گەیشتنی بارهەڵگرەکە پێشمەرگە چەکەکانیان داگرت و گەیاندیانە سەرکردایەتی، مولازم عومەریش تفەنگەکانی دابەشکرد بە سەر هێزەکاندا، بەشێک لەو هێزانەی بەشدار بوون لە هێنان و داگرتنی چەکەکان، پێشمەرگەی سنووری پێنجوێن- شارباژێر بوون.

پێشمەرگەکانی سنووری بەرزنجە- شارباژێڕ بەردەوام لە ناوچەکانی خۆیاندا سەرقاڵی جەولە و چالاکی بوون، کاک شۆڕش و کاک وەهاب و کاکە برا بەرزنجی و دەیان پێشمەرگەی تر لە سنوورەکە ئامادەییان هەبوو هەر چەند بەشێک لە پێشمەرگەی ناوچەکە بەرەو سەرکردایەتی و ڕێپێوانی هەکاری بەڕێکەوتبوون، بەڵام ئەم ناوچانە خاڵی نەبوون لە پێشمەرگە و بەردەوام لە چالاکی و جمووجۆڵی سیاسی و سەربازیدا بوون.

## کـــــــوژرانی دوو ســـــــەرباز

پێشمەرگە دلێرەکانی بەرزنجە لە ١٩٧٧/١١/٢ لەنێوان باساک و ڕووشە بۆسەیەکیان بۆ ئەو سەربازانە دانا کە دەچوون بۆ ئاو هێنان.

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ سەرباز و برینداربوونی ملازم ئیبراهیم و دوو سەربازیتر.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١١/١٠ بە ئاربی جی لەمەخفەری پۆلیسی سەرکارێزیاندا لەکاتی گەڕانەوەدا تووشی دوو پۆلیس بوون و چەکیانکردن، دوای ئامۆژگاریکردن ئازادکران.

## پـــــــــــەلاماری دوژمــــــــــن

بەمەبەستی گەمارۆدانی ناوچەکە و لەناوبردنی مەفرەزە پارتیزانەکانی شارباژێڕ ڕۆژانی ١١-١١/١٢/ ١٩٧٧ دوژمن پەلاماری ناوچەکەیدا

هێزی دوژمن لە نێوان نۆدێ و باراو تووشی مەفرەزەیەک پێشمەرگەبوون پێشمەرگەکان لێیان هاتە دەست و شەڕ کاتژمێرێکی خایەند دوای شەڕێکی قارەمانانە مەفرەزەکە ڕزگاربوون

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ سەرباز و پێشمەرگەیەکیش بریندابوو

هاوکات لە دێی دۆڵە تووی چوارتا هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن تووشی مەفرەزەیەک پێشمەرگە بوون، شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزی دوژمن درووستبوو، دوای شەڕێکی ئازایانە مەفرەزەکە دەربازبوون،

لەو شەڕە نابەرابەرەدا پێشمەرگەی مەفرەزەکە (عەلی مام کەریم) شەهیدبوو

هێزەکەی دوژمن لە چیاکان مایەوە ئەو چیایانەی هەزاران ساڵە پشت و پەنای کورد و پێشمەرگەن گەلەگورگیش لەسەرمادا دەتەزێنن.

هێزی دوژمن لە چیای کۆڕەکاژاوبوون هەواو کەشی چیا و بەرزاییەکان گۆڕاو بوو بە زریان، لەسێ سریەی قوات خاصە کەلە چیای کاژاو دامەزرابوون (٥٧) قوات خاصە ڕەق بوونەوە، (١١٥) قوات خاصەش لەناو بەفردا تەزینوو لەپەلوپۆکەوتن کەنەفت ببون بەنیوە گیانی بردیاننەوە .

سرووشت و کەشووهەوای ساردی کوڕەکاژاو تولەی دەیان دایکی جگەرسووتاو و مناڵی کوژراوی لێسەندن.

لەسەر ئەو ڕووداوە سرووشتییە قائید فیرقەی (٧) کەپێشیدەوترا قائید قواتی مەنصور لە سلێمانی درایە لیژنەی لێکوڵینەوە.

## کـــــــــــوژرانی 15 ســـــــــەرباز

١٩٧٧/١١/٢٦ دەستەیەک پێشمەرگە لە دێی ڕەزڵە هیرشیانکردە سەر زیلێکی سەربازی لەئەنجامدا (١٥) سەرباز کوژران و بریندابوون

## پـــــــێکهێنانی هـــــــــــەرێمی 3

ساڵی ١٩٧٨ هەرێمی ٣ پێکهات سەرەتا کاک مستەفا چاوڕەش دواتر کاک بەکری حاجی سەفەر کرایە فەرماندەی هەرێمەکە، کەرتی یەک عەلی چوارتایی و کەرتی دوو حەمەمین ئاغا و کەرتی سێ کاک وەهاب و کەرتی چوار کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم فەرماندەی بوو، تا تەشکیلاتی تیپەکان کەرتەکانی هەرێمی سێ لە سنوری جوگرافی خۆیان و هەندێک جاریش ناوچەکانی تری کوردستاندا دەستی بەزەبریان لە دوژمن وەشاند.

## تـــــــــایەری حـــــاجی عــــــــــەزیز

تایەری حاجی عەزیز یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندەی کەرتە دلێرو چەلەنگ و ئازاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، ئازاد دەرەمیانەیی فەرماندەی مەفرەزەو عوسمانی دەروێش قادر جێگری بوو، دوای شەهید بوونی عوسمانی دەروێش قادر ڕەشەکەچە بووە جێگری کەرت، سنووری چالاکی کەرتەکە لە بناری شارەزوور و ناوچەی بەرزنجە بوو، هەڵکەوتەو جمووجۆڵی کەرتەکە وابوو لە نێوان هەر دوو هەرێمی «٣ و ١» دا جەولەی دەکرد و چالاکی دەنواند و ناویان لێنابوو کەرتی «٦»، تایەری حاجی عەزیز یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی یەکێتی بوو جێگە دەستی بە گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زەبرلێدانی هێزەکانی داگیرکەرەوە دیارو بەرچاو بوو، لە ڕووداوێکی نەخوازراودا گیانی سپاردوو، بووە ڕێبوارێکی دیکەی کاروانی سەروەرانی گەل، دوای شەهید بوونی تایەری حاجی عەزیز، ئازاد دەرەمیانەیی کرابە جێگری فەرماندەی کەرتەکە و دوای نەمانی هەرێمەکان کرابە فەرماندەی کەرت، تایەری حاجی عەزیز و کەرتەکەی دەیان چالاکی و زەبری کوشندەیان لە هێزەکانی ڕژێمدا ، لە ناو شاری پێنجوێندا بە فەرماندەیی کاک تایەری حاجی عەزیز بە (ئار بی جی) لە ماڵی قایمقام درا.

## چـــــــوونە نـــاو شـــــــار

پێشمەرگەیەکی هەرێمی(٣) لە ١٩٧٨/٧/٣١ لەناو شاری سلێمانی و لەگەڕەکی سابوونکەران نارنجۆکێکی خستە ناو ئۆتۆمبێلکی سەربازییەوە و(٦) سەرباز کوژران.

*چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی(٣) لە ١٩٧٨/٧/٣١ (مین) یکێیان لە نێوان خانووە قوڕەکان و سەربازگەی بناری گۆیژە چاند مینەکە لەژێر جێب قیادەیەکی دوژمندا تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێک و چەند سەربازێک.

## چـــــوونە نـــــاو شـــــار
## 1981/2/16-15

لە دەرەمیانەو جارغەوە بە جەولە هاتنە سیتەک، لە ناو سیتەکدا ئازاد دەرەمیانەیی پێیوتن بەرەو سلێمانی دەچن.

هێشتا خۆر مابوو هاتنە سەر جادەی سیتەک، هێزێک بە جلی سەربازی بەڵەکەوە دەرکەوتن بووە میل هێنانەوە لە یەکتری، دەرکەوت پێشمەرگەی (پاسۆک)ن جلی سەربازییان لە بەرکردووەو دەچنە ناو شار، ملازم شوان فەرماندەیان بوو.

کەرتی (٦)ی هەرێمی (١) بە چاڵە بەفرەکانی ئەزمڕدا چوونە خوارەوە، هێزەکانی دووژمن پێشمەرگەکانیان بەدیکردبوو لە دارۆغا بۆسەیان بۆ پێشمەرگەکان دانابوو.

پێشمەرگەکانی کەرتی (٦) بەرەو دارۆغا ڕۆیشتن ژنێک پێیوتن کەمین هەیە، بەڵام بە قسەی ژنەکەیان نەکرد، پیاوێک لە مزگەوتی دارۆغا هاتە دەرەوە لێیانپرسی خوارەوە چەکداری لێیە وتی هیچم نەبینیوە.

لەگەڵ بانگی مەلای مزگەوتی دارۆغا تەقە درووست بوو لەو شەوەدا جەلالە سوور، غەفورە جووجە شەهید بوون تەرمی هەردووکیان بەجێما، غەفورە جووجە زۆر چوو بووە پێشەوە تەرمەکەی نەبیندرایەوە دواتر زانرا کە شەهید بووە تەرمی جەلالە سووریان تا سەرووی دارۆغا هێنا بەڵام ئەویش بەجێما.

حەمە دەرەمیانەیی و فەلاحی حەمەی زەینەب بریندار بوون فەلاح دوو گوللەی بەرکەوتبوو گوللەیەک لە دەمی دابوو فەلاح بە بریندارى دەرکرا بەڵام حەمە دەرەمیانەیی بەجێما.

ئێوارە کە هاتنە خوارەوە شوێنی گەڕانەوە یان دەستنیشانکرد، ئازاد دەرەمیانەیی سێ نەهێنی دانابوو بۆ هەر پێشهاتێک.

+ ئەگەر سەرکەوتوو بووین دەڵێین شۆڕش.

+ ئەگەر دەست دووژمن کەوتین، گیراین، دووژمن هێنانی تا شوێنەکە ئاشکرا بکەن، دەڵێین هێرش.

+ ئەگەر بریندار بووین دەڵێین (خەبات).

مەفرەزەکە گەڕابوونەوە لە بن دارەکەی ئەزمڕ دانیشتبوون کە دەستنیشانیان کردبوو بۆ گەڕانەوە، چاوەڕێی هەڤاڵەکانیان دەکرد لە ناکاو تەکسییەک هاتە سەرەوە لایتەکانی بە کزی دەهایسان، پێشمەرگەکان چوون بە پیریەوە شۆفێری تەکسیەکە دابەزی ووتی، کاکە شۆڕشم، هێرشم، خەباتم، بەڵام تکا دەکەم کەس نەیەت سەیری ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەم بکات برینداریکتانم پێیە وەرن دایگرن، حەمەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو.

خالیدو حەسەن هەڵەبجەیی فەلاحیان بردە سەرەوە تا بیگەیەننە سیتەک و چارەسەری بۆ بکەن، حەسەن شارەزای ڕێگە نەبوو فەلاح پێیووت کاک حەسەن دوو ڕێگە هەیە هەڵە نەکەیت ڕێگاکەیتر ڕێگای هاتووچۆی پێشمەرگەیە.

حەسەن هەڵەبجەیی چووە ژێر باڵی فەلاح بەو ڕێگایەدا بردی کە دەچێتە ڕەبییەکە، بردیە پەنا ڕەبییەکە حەسەن وتی کاک فەلاح دانیشە، لە پەنا ڕەبییەکەدا بوو حەسەن سەربازی پاسەوانی ڕەبیەکەی بەدیکرد هاموشۆی دەکرد بەوەدا زانی ڕەبییەکەیە.

خالید تاقمەکەی خۆی دابوو بە حەسەن هەڵیگرێت، بە سەر تاقمەکەدا حەسەنی بە جامانەیەک شەتەکدا تا وەکو تاقمە نەکەوێت، کە چوونە بەر دەمی ڕەبییەکە دەستیبرد تفەنگەکەی داگرێت بەڵام خالید تفەنگەکەشی بە جامانەکە شەتەک دابوو.

دووبارە حەسەن و فەلاح بە ڕێگاکەدا هاتنە خوارەوە بۆ شیوەکە و سەرکەوتنەوە سەر شاخ، فەلاح زۆر ئازایانە بە پێی خۆی دەڕۆیشت تا گەیشتنە سیتەک.

بریندارەکان گەیەندرانە لای دکتۆرو چارەسەر کران.

**پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە:**

١- ئازاد دەرەمیانەیی (فەرماندە)

٢- غەفورە جووجە (شەهید بوو)

٣- جەلالە سوور (شەهید بوو)

٤- عوسمانی ڕابە

٥- عومەری ڕابە

٦- حەسەن هەڵەبجەیی

٧- حەمە دەرەمیانەیی

٨- فەلاحی حەمەی زەینەب

٩- خالید

١٠- کاوە عەریف عەلی

لەم شەوەدا دوو پێشمەرگە شەهید کران:

٣- غەفور ئیسماعیل ئەحمەد (غەفورە جووجە)

٣- جەلالە سوور

ساڵی ١٩٧٧ تا ١٩٨٢ دەیان چالاکی گەورەو بچووک لە ناوچەکە ئەنجامدران، دەیان ڕەبییەو مۆڵگەی دوژمن کەوتنە بەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە و تارو مارکران، ڕەبییەکانی دەورووبەری کەولۆس کەوتنە بەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە، لە سەردەمی کاک تایەری حاجی عەزیز ناقیلەیەک دەهات بۆ چاودێری و سەلامەتی هێزەکانیان، لە لایەن پێشمەرگەکانی کەرتی (٦)ی کاک تایەر لوغمی بۆدانراو پیایدا تەقیەوەو هەپروون بە هەپروون بوو بە جۆرێک پارچەی تایەکانی ناقیلەکە گەیشتبووە کەولۆس، لە سەر ڕێگای سەید صادق و شانەدەری دەیان کەمین بۆ هێزەکانی ڕژێم دانراو لە نێو ئەو شارۆچکانە چالاکی بەردەوام ئەنجام دەدرا، کەم ڕەبییەو مۆڵگەو قافڵەی هێزەکانی ڕژێم هەبوو نەکەوتبێتە بەر ڕەهێڵە گوللەی پێشمەرگەکانی بەرزنجە- پێنجوێن و هێزە هاوبەشەکانیان لە ناوچەکە.

## حـــــەمە عەلی بەرزنجـــی

یەکێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری بەرزنجە حەمە عەلی بەرزنجی یە کە هاوڕێ و ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، ئەو دەمەی سەرباز بوو لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا سێ کلاشینکۆفیان بردوو ڕوویان کردە سنووری ناوچەکانی

کۆیە و نزیک بە شەش مانگ لە سنووری ناوچەکانی کەرکوک بوو لەگەڵ حەمە غەفور ئاغجەلەری، دواتر هاتە دۆڵی جافایەتی بۆ لای کاک عبدالقادر باوکی غەریب هەڵەدنی کە ئەو دەم فەرماندەی کەرت بوو، هاوکات کاک نەبەزو جەمالی عەلی باپیر و حاجی مەحموودی گەورەدێ لەو ناوچەیە بوون، ساڵی ١٩٧٨ بەڕێکەوت بۆ نۆکان و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەیەوە هەرێمی ٣ بۆ سنووری بەرزنجە- شارباژێڕ- پێنجوێن، پێشمەرگەو فەرماندەی دەیان شەڕو چالاکی بووە، ئەو پێشمەرگەو فەرماندانەی کە لە ناوچەکە بوون پیاوی ئازاو چەلەنگ و دەست قورس و بەزەبر بوون، حاجی چاوشین و خاڵە نەبەز و کاک مستەفا چاوڕەش و کاک وەهاب و کاک شۆڕش و تایەری حاجی عەزیز و کاکە براو فەرەج وەندەرێنەیی و دەیانیتر لە تێکۆشەرو فەرماندەکانی سنوورەکە بوون.

## چـــــالاکی جـــــادەی بـــــەرزنجە

ساڵی ١٩٨٠ کەرتی (٣) و کەرتی (٥) و کەرتی هەرێم لە سەر ڕێگای سەرەکی بەرزنجە کەمینێکی گەورەو تۆکمەیان بۆ هێزێکی سەربازی ڕژێم دانا کە سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی فەوج بوون و فەوجێکی نوێ دەهاتە شوێنیان، هێزی پێشمەرگە دەستی قورس و زەبری کوشندەیان لێدان و دەیان کەلاکیان لێخستن، لەو کاتەی هێزەکە جێگۆڕکێی دەکردوو بە نیازی گەڕانەوە بوون هێزێکی نوێ جێگەی دەگرتنەوە کەسیان سەری سەلامەتیان نەبردەوە ماڵ و تاک و تەرایان لەو کەمینە تۆکمەیەی پێشمەرگە دەرباز بوون، لەو نەبەردیە کەم وێنەیەدا کاک وەهاب و شەهابە سوور و ڕەیس و ئەبو شەهاب و کاکە براو حەمە عەلی بەرزنجی و خەلیل بچکۆل و ئازاد وەندەرێنەیی و دەیان پێشمەرگەی تر بەشدار بوون و جێگە دەستیان نەخشاند.

هەر لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە سنووری بەرزنجە و شارباژێڕ دەیان چالاکی گەورەو بچووک و هەمەجۆر ئەنجامدرا، لە نێوان عەربەت و بەرزنجە و قەڵاچوالان و ناوپارێز دەیان دەستی بەزەبر لە دوژمن وەشێندرا و بە سەدان سەربازی ڕژێم کوژران و دەیان پارچە چەکی هەمە جۆر دەسکەوتی پێشمەرگە بوون ئەوە جگە لە لێدان و هەڵمەت بردنە سەر ڕەبیەی گۆیژەکەو چەناخچیان و ناوچەکانی سنووری بەرزنجە و دەورووبەری.

## بـــــــــــۆسەیەك لە چـــــــــــەناخچیان
## بـــــەهاری ســــاڵی 1980

سەلاحی موهەندیس فەرماندەی کەرت بوو گواسترایەوە بۆ بەمۆو کرایە جێگری فەرماندەی هەرێم، مامۆستا جەمال کرایە فەرماندەی کەرتی (٥) کاکە برا بەرزنجی لە هەرێمی (٤) ەوە گەڕایەوە هەرێمی (٣).

کاکە برا پێشمەرگەیەکی قارەمان و زەبر قورس بوو هەر بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ هەرێمی (٣) چەندین چالاکی ئەنجامدا لە دانانی بۆسەو لێدانی کاروانی سەربازی دوژمن و بۆسە دانان لە سەر ڕێگە گشتیەکان، بۆسەی چەناخچیان یەکێک لەو چالاکیانە بوو کە بە فەرماندەیی کاکە برا بەرزنجی ئەنجامدرا.

هەندێک جەیشی ناشەعبی دەچوون بەرەو سلێمانی بۆ کۆبوونەوە کاکە برا زانیاری هەبوو لە سەریان، (٨) پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاکە برا بەرزنجی بۆسەیەکیان لە چەناخچیان بۆ جەیشی ناشەعبیەکان دانا لەگەڵ یەکەم لێداندا ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگەڕاو جەیشی ناشەعبیەکان کوژران، (٤) کلاشینکۆف و (٢٥) مەخزەنی کلاشینکۆف دەستکەوت بوون.

## چــــــــــــالاکی کــــــــــــەنارو
## 1980

هەندێک کەس لە ئۆردوگای زۆرە ملێی کەنارو بوونە جەیشی ناشەعبی، پێشمەرگەکانی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) چوونە (بەیانان) نانیان خواردو بەرەو کەنارو ڕۆیشتن ژمارەیەک جەیشی ناشەعبیان گرت و قازیفەیەکیان نا بە مەخفەری کەناروەوەو گەڕانەوە.

## شــــــــــەهیدانی حــــــــــاجیاوا

ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢ هیوا ئەحمەد کاکی و بەختیاری عەبە ڕەش هاتنەوە سلێمانی بۆ ماڵی هیوا لەگەڕەکی حاجیاوای سلێمانی

بەختیار ناردی بەدوای ڕەئوف و وشیاری برایدا هەردووکیان هاتنە ماڵی هیوا

بۆ لای بەختیاری برایان ، فەرهاد لە فەرمانگەی کارەبا بوو بەختیار و هیوا ناردیان بە دوای فەرهادی هاوڕێیاندا سەردانیان بکات .

فەرهاد سەر بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی کارەبای سلێمانی شۆفێرێکی کەرکوکی لەگەڵدا بوو کە لەسلێمانی دەژیا. فەرهاد متمانەی بە شۆفێرەکەبوو بەڵام نەیدەزانی لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە گومانی لەسەرە و ئەم شۆفێرەیان بۆ سیخوڕی داناوە بەسەریەوە ، فەرهاد لەگەڵ شۆفێرەکەیدا هات بۆ ماڵی هیوا بە شۆفێرەکەی ووت چەند هاوڕێکەم هاتوونەتەوە سەردانیان دەکەم .

شۆفێرەکە فەرهادی گەیاندە ماڵی هیوا لەگەڕەکی حاجیاوای سلێمانی و گەڕایەوە. شۆفێرەکە ماڵەکەی دەست نیشان کردبوو هەواڵی گەیاندە مولازم موحسین و دائیرەی ئەمنی سلێمانی. مولازم موحسن بە هێزێکەوە هاتە سەر ماڵەکە، شۆفێرەکە چاو ساخیان بوو شەڕ لەنێوان قوات خاسە و پێشمەرگەکاندا دامەزرا، پێشمەرگەکان بەرگری سەخت و کەموێنەیان کرد.

ملازم موحسین چووە سەر دیواری ماڵەکە دەستڕێژیان لێکردو برینداریانکرد، ملازم موحسین نەکەوتە حەوشەی ماڵەکەوە کەوتە دیواری کۆڵان ئەگەر بکەوتایەتە حەوشەکە دەیانکوشت.

لەگەرمەی پێکدادانی نێوان پێشمەرگەو قوات خاسە هیوا لەماڵەکەی دەرچوو دەمانچەیەک و دوو نارنجۆکی بەدەستەوە بوو هەندێک لە قوات خاسەکان لەکۆڵانی پشتەوە چوونە سەربانی ماڵەکە، ماڵی هیوا کۆڵانێکی لەدواوە بوو قادرمەیەکیان هەبوو چووە سەر قادرمەکە هەردوو نارنجۆکەکەی هەڵدا بۆ سەربانی ماڵی خۆیان بەدیواری کۆڵاندا خۆی فڕێدا قوات خاسە تەقەی زۆریان لێکرد بەڵام بەرنەکەوت.

لەگەڕەکی حاجیاوا زێرابێکی گەورە دروستکرابوو هیوا خۆی کرد بە زێرابەکەدا سەری زێرابەکە لە هڵوبەوە دەهاتە دەرەوە بەمشێوەیە هیوا ڕزگاری بوو.

**لەو شەڕەدا پێنج پێشمەرگە شەهید بوون**

١- شەهید بەختیار عەبەڕەش

٢- شەهید وشیار عەبەڕەش

٣- شەهید ڕەئوف عەبەڕەش

٤- شەهید فەرهاد

٥- شەهید سالّح

چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە هیوا لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە هاتنەوە سلێمانی چوونە سەر ماڵی جاش شەعبییەک هیوا خۆیکرد بە دەرگای ماڵەکەدا جاشە شەعبییەکە لەسەربانەوە تەقەی لێکردوو شەهید بوو تەرمەکەشی بەجێما.

## چـــــــــالاکی ســـــــــلێمانی

کەرتی (٥) هەرێمی (٣) چوونە ناو شاری سلێمانی بۆ تەمیکردن و سزادانی خۆفرۆشان، هەواڵ گەیشت، مولازم موحسین جووڵە دەکات، کەرتی (٥) ی هەرێمی (٣) چوونە ناو شاری سلێمانی و لە نزیک نەخۆشخانەی شیرەکە کەمینیان بۆ دانا بەڵام مولازم موحسین نەهات، شەهابە سوورو کاکە برا قازیفەیەکیان نا بە سەرای سلێمانیەوەو گەڕانەوە.

+ هەمان ساڵ چوونە ناو شاری سلێمانی و چەند خۆفرۆشێکیان دەستگیرکرد.

+ هەمان ساڵ لە سەر ڕێگای سلێمانی عەربەت بۆسەیەکیان دانا، پۆلێک خوێندکاری هەڵەبجەیی کە لە سلێمانی خوێندکار بوون و لە هەڵەبجەوە دەگەڕانەوە سلێمانی ڕایانگرتن و دایانبەزاندن پەیامی شۆڕشیان بۆ ڕوون کردنەوە.

+ هەر لە سەر ڕێگای عەربەت سلێمانی بۆسەیەکیان دانا دوو گەلابەی گەورەی حکومی کەوتنە بۆسەکەوە چەوو لمیان بارکرد بوو، چەوو لمەکەیان ڕۆکردوو گەلابەکانیان گەیاندە شاربازێڕ، هەر دوو گەلابەکە بە (٥) هەزار دینار فرۆشران و پارەکەی درایە شۆڕش.

## ڕەمـــــــــــەزانی ســـــــالّی 1981

لە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨١ زیاتر لە (٣٠) سەرباز لە ڕێگەی دانانی (مین) ەوە کوژران، کاکە برا بەرزنجی توانایەکی باشی لە دانانی (مین)دا هەبوو لە سەر ڕێگەی هاتووچۆی سەربازو ڕەبیەو ئۆتۆمبێلە سەربازیەکان چەندین (مین)ی داناو بە دوژمندا تەقینەوە.

لە ماوەی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨١ چەندین (مین)ی لە سەر ڕێگەی هاتووچۆی ڕەبیەو ئۆتۆمبێلی سەربازی دانا، زیاتر لە ٣٠ سەرباز کوژران.

کاکە برا پیاوێکی وردوو بە سەلیقە بوو لە دانانی (مین)، لە پەنا ڕەبیەیەکدا (مین)ێکی دانا، چاڵێکی بۆ (مین)ەکە هەڵکەندوو خستیە ناوی، ئەو گڵەی لە چاڵەکە زیادبوو کردیە عەلاگەیەکەوە، پۆستاڵێکی لە پێدا بوو بە سووکی نای بە سەر (مین)ەکەدا تا شوێن پۆستاڵەکە دەرچێت بۆ ئەوەی ئەگەر هاتن کەشفی شوێنەکەیانکرد وابزانن جێگە پۆستاڵی خۆیانە.

## چـــــــالاکی بــــــــــاسنێ ســــــالّی 1981

دوای شەهید بوونی مامۆستا جەمال کەرتی (٥) فەرماندەیان بۆ دیاربنەکرابوو هەندێک جار لەگەڵ کەرتەکەی کاک وەهاب تێکەڵ دەبوون و جەولەیان دەکرد.

بە مەبەستی چالاکییەک بەرەو باسنێ بەڕێکەوتن لە نزیک باسنێ بۆسەیەکیان بۆ سەربازی مەخفەرەکە دانا کە بە نیاز بوون ئەو ڕۆژە بیانگۆڕن و هێزیتر بێتە جێگەیان بەڵام گۆڕینی سەربازەکان ئەو ڕۆژە درەنگ کەوت، بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕێگەکە چەند سەربازێک بە ڕێگەکەدا دەهاتن تا ئەگەر جمووجۆڵێک هەبێت ئاشکرای بکەن، سەربازەکان کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو کوژران.

لەگەڵ هاتنی کاک شۆڕش وەکو فەرماندەی کەرتی (٥) لە ناو شاری سلێمانیدا چەندین چالاکیان ئەنجامدا، لە ناو شاری سلێمانی چەندین جاش و خۆفرۆشیان دەستگیرکرد بە گوللەی ئاربیجی لە بارەگای مونەزەمەو جەیشی ناشەعبی و مۆڵگەکانی دوژمنیان دەداو دەگەڕانەوە.

## چـــــــالاکی زســـــــــتانی 1981

ڕژێمی عێراق جاش و بەکرێگیراوەکانی وەکو سەگی ڕست کراو بەردەدایە خەڵکی کوردستان، زستانی ساڵی ١٩٨١ گەلە جاشێک هاتبوون بۆ بەرزنجە لەوێوە

ویستبوویان بێن بۆ گێڵەرە مەفرەزەیەکی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) بە فەرماندەیی کاکە برا بەرزنجی بۆسەیەکیان بۆ دانان بەڵام ئەو شەوە نەهاتن دوا نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی هاتن، پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) لێیاندان و تا ناو بەرزنجە ڕاویاننان

## نـــــیوان گــــــێڵەرەو خاڵ فــــاتم

ئێوارەیەک ژمارەیەک زیلی سەربازی لە نێوان گێڵەرەو خاڵ فاتم بەرەو بەرزنجە دەڕۆیشتن کەرتی (٥)ی هەرێمی (٣) لێیاندان و تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو.

## چــــــەناخچیان – بـــــــــەرزنجە
## 1982

هێزی پێشمەرگە بەردەوام لە جوڵەدا بوون، لێدانی ڕەبییەو دەستگیرکردنی سەربازو جاش دانانی بۆسە ڕۆژانە بوو.

ساڵی ١٩٨٢ دوای شەهید بوونی مامۆستا جەمال، شۆڕش ئیسماعیل بوو بە فەرماندەی کەرت، لە چەناخچیانەوە تاکو بەرزنجە نزیکەی چل ڕەبییەی لێبوو، ئەو ڕەبیانە دەکەوتنە بەر هەڵمەت و ڕەحمەتی پێشمەرگەو لە سەر دەستی پێشمەرگە خاپوور دەکران.

چەندین بۆسەی پێشمەرگانە بۆ هێزەکانی دوژمن دانران، سەربازەکانی دوژمن دەکەوتنە بۆسەوە، دوو دوو سەرباز بە دیل دەگیران لە ماوەی یەک مانگدا لە ناو بۆسەی پێشمەرگە چوار سەربازی دیل و دوو ئۆتۆمبێل و چوار کلاشینکۆف دەستکەوت بوون، مانگەکانی تریش بە هەمان شێوە، بۆسەو لێدانی ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمن بەردەوام بوو.

# شـــــــارباژێری ســـــــەخت
# چـــوارتا- مـــاوەت – ســـــیوەیل

## شـــــاربـاژێڕی ســـــــــەخت

ناوچەیەکی گەورەو فراوان، دەیان دێی نزیک و دوور لە یەکتر، ئاوەدانی و قەرەباڵغی و ئەمدیواو دیوی ڕۆژهەڵات و باشوور، جووڵەو زیندوویەتی ناوچەیەکی گەورەو پان و بەرین نیشان دەدەن کە پێیدەوترێت شارباژێڕی سەخت.

شارباژێڕی سەخت بە شاخی گەورەو چیای سەربەتەم، بە لووتکەو باخ و چەم، بە شیوی قوڵ و ڕکە بەردی بەیەکاچووی هەزار بە هەزار، بە هەورازی سەخت و تاقەت پڕوکێن، بە نزاری چڕوو دار مازوار، بە دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش ودڵڕفێن، بە هـەزاران کانی سازگارو چەم، جۆبار، بەڕووبار، بە دەستی ماندووی هەزاران جووتیار کە کێڵگەو مەزراو دەشتی بە پیت و خاکی سەخت و هەڵواسراو بەهێزو بازوو ئاوەدان دەکەنەوە دەوور دراوەو هەڵکەوتووەو لە سەر پێی خۆی وەستاوە، شارباژێڕی سەخت بە قەزای چوارتا و ناحیەکانی ئەو دەمی ماوەت و سیوەیل بەڕێوەچووە، خاوەنی دەیان خەڵکی ڕۆشنبیرو مونەوەرو تێکۆشەرو کۆڵنەدەرە.

لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا، شارباژێڕی سەخت جێگەو پێگەی گرنگی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان بووە، لە بزوتنەوەی ڕزگاریـخوازانـەو جـوڵانـەوە جوتیاری و خوێندکاریەکاندا پێشەنگ و پێشڕەو بووە، جگە لەوانەش ناوچەیەکی هێمن و پارێزراوو کەم کێشە بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دانیشتوانەکەی دۆست و خۆشەویست و هاوڕێ و هاوکاری یەکتری بوون، ناوچەیەکی پڕ لە پیت و بەرەکەت بووە، خاوەنی بەرووبوومی هەمەجۆرو هەمەچەشن بووە، هەر لە گەنم و توتن و ڕەزو میوەی هەمە ڕەنگ تا دەگاتە گاوداری و چێواری و بەخێوکردنی سەروەتی ئاژەڵی، خەڵکی ناوچەکە سوودیان لێبینیوە و ژیانی ڕۆژانەیان پێگوزەراندووە، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنها چۆمێکیان نێوانە، بە تایبەت دێیەکانی سەرسنوور و نۆدێی ئالان، هامووشۆیەکی گەرمیان لەگەڵ شارەکانی بانەو سەردەشت و شنۆو بۆکان هەبووەو تا ئێستاکەش بەردەوامە، جگە لەمەش پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هێندەیتر هامووشۆی گەرمتر کردووە.

لێرەوە دەچینە نێو وردەکاری شارباژێری سەخت و بە مێژووی پڕشکۆی چوارتا، ماوەت، سیوەیل ئاشنا دەبین.

## شـــــــــارۆچکەی چـــــــــوارتا

لە مێژووی پڕشکۆی خۆیدا چوارتا خاوەن پێگەیەکی گرنگی جوگرافی و سیاسی و ڕۆشنبیری بووە، چەقی دێیەکانی شارباژێڕ بووەو داموو دەزگا کارگێڕیەکانی لە خۆگرتووە خاوەن کەسایەتی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ڕوناکبیری بووە، دەیان خاوەن قەڵەم و هۆنەرو نووسەر، پیاوی هۆشیارو منەوەر، پێشمەرگەو فەرماندەی تێکۆشەر لە چوارتادا چاویان بۆ ژیان هەڵهێناوەو پرشنگ و ڕووناکی و ڕەونەقیان بە سەر سەری شارباژێڕەوە درەوشاوەتەوەو تواناکانیان سنوورەکانی تێپەڕاندوەو بوونە خاوەنی پێگەی گەورەو فراوان لە بوارەکانی خۆیاندا.

ئەو سەردەمەی بابانیەکان قەڵاچوالانیان کردبووە پێگەو تەختی دەسەڵاتی خۆیان، چوارتا خاوەن پێگەو هەنگاوی گرنگ و گەورە بووە لە قەڵەمڕەوی بابانیەکاندا قورسایی و سەنگی تایبەتی هەبووە.

دوای مەرگی ناوەخت و پڕ تاسەی ئیماراتی بابان و لەناوچوونی دەسەڵات و قەڵەمڕەویان عوسمانیەکان بوونە خاوەن دەسەڵات و یەکە ئیداریەکانیان لە ناوچەکە لە سەر بنەمای «سەنجق»، «قۆزا» دامەزراند، هەر چەند قۆزایەک لە سەر سەنجقێک دامەزرا، هەر چەند سەنجقێکیش لە سەر وولایەت، وەکو قەزاو ناحیە، قەزاو پارێزگای ئێستا.

لە ساڵی ١٨٥٠دا دێی «هەرمن» کرایە قۆزاو بووە ناوەندی یەکەی کارگێڕی شارباژێڕ، حەمە ئاغای شیوەکەڵ لێپرسراو یان «سەرقۆزا» بوو تا ماوەی چوارساڵ قۆزا لە هەرمن مایەوە، دواتر ناوەندی قۆزایان گواستەوە بۆ شیوەکەڵ و حەمە ئاغا لە عوسمانیەکان هەڵگەڕایەوە و خۆسەری ڕاگەیاند و بۆ ماوەی شەش ساڵ لە شیوەکەڵ حاکم و حوکمدار بوو، دواتر عوسمانیەکان لەشکرکێشیان کردە سەری و دەستگیریان کرد، لە ساڵی ١٨٦٠ ناوەندی قۆزا گواسترایەوە بۆ سیتەک تا ساڵی ١٨٦٨، هەمان ساڵ ناوەندی قۆزا گواسترایەوە بۆ چوارتا و «عبدالله فەندی»

خەڵکی قولە ڕەش کرایە قایمقام، کە پلەی «یوزباش» کابتنی تورکی بوو، لە چوارتا بارەگای قایمقامیەت، مالیە، تاپۆ، تەلۆگراف، درووستکراون و دامەزران.

دوای ڕێکەوتننامەی، سایکس بیکۆو، لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ سلێمانی کرایە لیوا، لە ساڵی ١٩٢٦ فەرمانی کارگێڕی بۆ کردنی چوارتا بە قەزا دەرچوو، ئەمین بەگ بووە قایمقام، فەرمانگەی نفوس و بنکەی تەندروستی کرانەوە و لە پاڵ داموو دەزگاکانیتردا دەست بەکار بوون دواتریش ڕەزا بەگ کرایە قایمقام.

ساڵی ١٩٣٢ یەکەم قوتابخانە لە چوارتا کرایەوە، عبدالواحید نوری یەکەم مامۆستای بوو، ساڵی ١٩٥٤ قوتابخانەی پیرالک کرایەوە، ساڵی ١٩٥٤ یەکەم میوانخانە و ساڵی ١٩٥٧ یەکەم وێنەگر کرانەوە، کاکەی فەلاح و جەمال شارباژێڕی و دکتۆر هیدایەت عەبدوڵلا حەیران و عەلی حەمە بچکۆل و قادری حاجی عەزیز لە هۆنەرو ڕۆشنبیر و بەهرەمەندە دێرینەکانی چوارتان.

چوارتا دەکەوێتە سەر هێڵی (٣٤-٣٥) و (٣٠-٣٦) ی باکوور، هێڵی درێژی (٢٣-٤٥) ی ڕۆژهەڵات و کەوتووەتە ٣٥ کم شاری سلێمانی لە ڕۆژهەڵاتییەوە بە بەرزی ١٥٨٩ لە ئاستی دەریاوە.

هەولێنامەی کتێب

## نـــــــاوی چـــــــوارتا

لە سەر ناوی چوارتا، بۆچوونی جۆراوجۆر و بیروڕای جیاواز هەیە، بۆچونێک پێیوایە چوارتا لە سەرەتادا چوار جێگای گۆڕیوە، سەرەتا بۆ کانی ساردکێ، دواتر بۆ «ناومێرگان» دواتریش « گوێزە کوێری دێمە سەر» دواجاریش لە بەری ناودێ جێگیر بووە، بۆچونێکی تر پێیوایە، لە سەردەمی زەردەشتیەکاندا پێیوتراوە «چوارتاق» دواتر بووەتە چوارتا، چوونکە «ق» لە سەر زار خۆش نەبووە «ق» لادراوە و تەنها «چوارتا» ماوەتەوە، بۆچوونێکی دیکە دەڵێ، چوونکە چوارتا لە شاخ و بەرزایی بەرزو بڵند هەڵکەوتووەو بە سەر شارباژێڕی سەخت و تەخت و سیوەیل و سورکێوو بنارەکانی خۆیدا دەڕوانێ، زەردەشتیەکان لە ڕوانگەی پیرۆزی ئایین و ئاڤێستا و ئاینزاکەیانەوە، لە نێو کرۆکی کانزاکانەوە، کە توخمەکانی» ئاوو، ئاگر، خاک، هەوا، یەکسان و هاوتەریب بە پیرۆزیەکانیانە، بە چاویلکەی پیرۆزییەکان ئەو چوار توخمەیان کردۆتە چوارتا و بە باڵای چوارتایان بڕیوە و کراوە بە چوارتا، دوابۆچوون لە سەردەمی زەردەشتیەکاندا بە شوێنە پیرۆزیەکان وتراوە چاک، چوارتاش چوار چاکی لێبووەو لێیە، پیرالک، باپیر سۆفیان، پیر بایز، پیر محەمەد، کە پێیانوتراوە نزرگە و پەرستگە و ئاتەشگەی چوار چاک، لە سەر زمان گۆڕاوەو بووەتە چوارتا.

لە چوارتادا پیشەی هەمەجۆر و هەمە چەشن بە پێی پێویستی قۆناغ و سەردەم هەبووەو سەریهەڵداوە جۆلایی لە کۆنترین پیشەکانی چوارتا بووە، چوارتا هەمیشە ئاوەدان و جێگەی لادان و حەوانەوەی ڕێبواران بووە، هەروەک نێوەندێکی گرنگی هاموشۆو هێنان و بردنی کاڵاو بازرگانی بچوک بووە، لە دێیەکانی بن بنارو سەرسنوورەوە بۆ سلێمانی و بە پێچەوانەشەوە شارەکانی بانەو سەردەشتی ڕۆژهەڵات پەیوەندی پتەویان هەبووە لەگەڵ بازرگانەکانی ئەمدیو، چوارتا وەکو چەقی سەرەڕێ و نیوەڕێی نێوان سلێمانی و شارەکانی ڕۆژهەڵاتیش پێگەو جێگەو ڕێگەی ئابووری هەبووە، خاوەنی خان و باروو بارخانە و لادانی ئەو بازرگان و کاروانچیانە بووە کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و دێیەکانی بنار سورکێوو نۆدێی

ئالانەوە هاتوونە سلێمانی و ئەوەشی لە سلێمانییەوە گەڕاونەتەوە بۆ سنوور، چوارتایان کردووەتە جێگەی پشوودان.

سالّ بە سالّ چوارتا فراوانترو گەورەتر بووە، جگە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و دێیەکانی سەر سنوور، لایەکی هاوتەریب بووە لەگەڵ پێنجوێن کە ئەو سەردەمە پێنجوێنیش ڕێگەیەکی گەرم و گوڕی هاموشۆ بووە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ جەلەولاو هەندێک جاریش تا «حەلەب» کە بە ملیۆنان هێلکەو پێستە بە ڕێگای پێنجوێن- شارباژێڕدا لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیەندراوەتە شام و حەلەب و لەوێشەوە شەکرو چاو خورماو جل و بەرگ و قوماش و پێداویستی تر گەیەنراونەتە ڕۆژهەڵات.

لە سەردەمی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ڕاگواستنی دێیەکان بۆ ئۆردوگاکانی کەناروێ، قەڵاچوالان لە ساڵی ١٩٧٨ کە ڕژێم بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی ڕایگواستن، چوارتا قورساییەکی مرۆیی و ئابووری زیاتری کەوتە سەر ، چونکە دێنشینەکان کە لە ئۆردووگاکاندا کۆکرابوونەوە، نزیکترین شوێن وجێگە بۆ دەستە بەرکردنی پێداویستیەکانیان قەزای چوارتا بووە.

چوارتاش لە ساڵی ١٩٨٧ بەدوا ڕووخێنراو بەرشاڵاوی ڕاگواستن و وێرانکردن و خاپوورکردن کەوت، هەرچی کانی و زنە هەبوو کوێرکرانەوەو خنکێندران تا دوای ڕاپەڕین چوارتاش هێواش هێواش و هەنگاو هەنگاو، ئاوەدان کرایەوەو کەوتەوە سەر پێی خۆی، ئێستا شارێکی ئاوەدان و فراوانە، بە سەدان یەکەی نیشتەجێبوونی تیادا دروستکراوەو خزمەتگوزاری ئاوو کارەباو جادەو قوتابخانەو نەخۆشخانەی تیادایەو پەروەردەو بانق و قایمقامیەت و تاپۆ بوونیان هەیە.

## قـــــایمقامەکانی چـــــــوارتا

ئەمین بەگ، ڕەزا بەگ، سەعید ئاغای دزەیی، محەمەد عبدالرحمن ئاغا، ڕەشید غفور ئاغای وێڵە، عومەر ئاغای دزەیی، ئەحمەد محەمەد ئاغای هەولێری، بایز ئاغای دزەیی، کەمال تەها دزەیی، لەتیف سالّح، حسێن ئیبراهیم دەروێش، زوهدی ئەحمەد، جومعە، یاسین عبدالوهاب، حسێن عومەر، ئاسۆی شێخ نوری، ئازاد گەلالّی،

عومەر غەریب، لەتیف حەسەن حامید، سەید ئەحمەد حەمەلاو، ئاوات محەمەد غفور، عەدنان کاکە ڕەش، شاهۆ.

## دێـــــیەکانی چـــــــوارتا

دێیەکانی ناوەندی چوارتا لە ژمارەیەک دێ پێکهاتوون ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەدەین تەنها ئەو دێیانەن کە سەر بە ناوەندی چوارتان.

شەمساوا، قەڵاچوالان، سامان، خمانە، گەنکێ، چنارەی چوارتا، مێکوکان، بناویلەی چوارتا، سنجەڵێ، کیسەڵاوا، خێوەتە، واژە، بەردە زەرد، قوتابیان، دڕەڵەی حاجی، کەناروێ، دێگەڵ، گردە زوبێر، وەڕاز، بێتوات، سنکێ، بەیانان

+ کەنارو شارە دێیە و شارەوانی تایبەت بە خۆی هەیە.
+ مەڵبەندی چوارتا (١٠٠٩) خێزانی لێ نیشتەجێیە.
+ دێیەکانی دەورووبەری چوارتا (٧٩٧) خێزانی لێ نیشتەجێیە.
+ کۆی خێزانی ناوەندو دێیەکانی (١٨٠٦) خێزانە.
+ ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزا (٤٦٥٠) کەسە.
+ ژمارەی دانیشتوانی دێیەکانی (٤٥١١) کەسە.
+ کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزاو دێیەکانی (٩١٦١) کەسە.

لە قۆناغە جیاوازەکان و گۆڕانکاریە کارگێڕی و سیاسیەکاندا، چوارتا بە پێی سەردەم و قۆناغی خۆی چووەتە پێش و پێشکەوتووە و سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بنکەو بارەگای حزبەکانی کوردستانی لێبووە بە تایبەت پارتی، شوێنی حەوانەوەو مانەوەی خەڵکی دەرەوەی چوارتا بووەو هەمیشە سنگ و باوەشی والابووە بۆ میوان و ئەو کەسانەی ڕووی تێدەکەن، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول سەرەداوو سەرەتای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشی نوێ لە چوارتا دەرکەوتن و ڕەگیان داکوتا، هەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بوون، بوونە هەوێنی درووستبوونی دەیان پێشمەرگەی قارەمان لە چوارتا و دەیان شەهیدی سەرکردەو فەرماندەی نەمر و بوێر.

## ڕێـکخستنەکانی کـۆمەڵە لە چـوارتا

دوای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٧٥/٦/١ لە سووریا و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ و بە چەند مانگێک پێش هەڵایسانی شۆڕشی نوێ و ناردنەوە شاخی مەفرەزە سەرەتایی و پارتیزانەکانی شۆڕش، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چوارتا ڕەگی داکوتابوو، شانەیەکی پتەوو تۆکمە لە تێکۆشەرو گەنج و لاوەکانی چوارتا لە ناو شارۆچکەی چوارتادا درووست بوو کە دواتر پەلوپۆی هاویشت و دێیەکانی دووروبەری چوارتاشی تەنی و گرتەوە، حەمەمینی خەیاتە بەرزە و فاروق عوسمان و بەکری خاڵە عەلی و غەریبی عەلە خرە و فەرهاد و بەکری حەسەن قادر، دواتریش جەمالی صالح شریف و بەرزان قالە میرە و خەبات و تالیب گەنکەیی و هاوڕێ سۆران و هاوڕێ عومەری برای و حاجی ئاراس و کۆمەڵێک گەنجیتر یەکەم و دووەم قۆناغی درووستبوون و فراوان بوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون لە چوارتادا لە قۆناغی ١٩٧٦-١٩٧٧ بە دواوە.

سەرەتاکانی کۆمەڵە لە چوارتا حەمەمین و فەرهاد و فاروق عوسمان، لە ڕێگەی مەلا سیروانەوە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵە گرێداو چەند جارێک مەلا سیروان هاتە چوارتاو لە مولکەکەی، غەریبی عەلە خرە بە ئامادەبوونی حەمەمین و فەرهادو فاروق عوسمان و بەکری خاڵە عەلی و غەریبی عەلە خرە چەند کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی ئەنجامدا، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چوارتا چالاک و چەلەنگ و پرجووڵە بوون چەندین چالاکی گرنگ و هەمە جۆریان ئەنجامدا.

ئەو سەردەمەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٨ حکومەتی عێراقی کەوتە وێزەی شیعەکان و بەشێکی لێگرتن و بەشێکیش خۆیان دەربازکرد، ژمارەیەک لە شیعەکان لە لایەن ڕێکخراوی کۆمەڵەوە لە سلێمانی و لە ڕێگەی هاوڕێ عومەرەوە نێردرانە ماڵی حەمەمین لە چوارتا تا لەوێوە دەربازیان بێت، دوو شەو لە ژێر خانی ماڵی حەمەمین لە چوارتا حەشاردران و دواتر بە ئۆتۆمبێلی تالیب گەنکەیی تا چاڵە خەزێنە بردران و لەوێوە ڕۆیشتن بۆ ئێران.

لە ساڵی (١٩٧٩) ش کە حکومەتی عێراقی لە شیوعیەکانیدا، ژمارەیەک کادێری

شیوعی لە ڕێگەی هاوڕێ عومەرەوە هێنرانە چوارتا و حەمەمین و تاڵیب گەنکەیی ئۆتۆمبێلیان بۆ ئامادە کردن و بەڕێیانکردن بۆ چاڵە خەزێنە، یەکێک لە شیوعیەکان مولازم شوان بوو.

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چوارتا پەلوو پۆیان هاویشتبووە ناو داموودەزگاکانی ڕژێمەوە، لە مەرکەزی پۆلیسی چوارتا ژمارەیەک پۆلیسیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ڕێکخستبوو، شەهابە سورو کەمال گۆڕەدێمی و هیوا قوتابیانی لەو پۆلیسانە بوون کە هاتبوونە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە.

هیوا قوتابیانی وێنەی کلیلی مەرکەزەکەی چوارتای دابووە دەست حەمە عەلی چوارتایی برای حەمەمین چوارتایی و ووتبووی ئەم وێنەیە بدەرە دەست کاک حەمەمین، کاک حەمەمین وێنەکەی وەرگرت و چووە سلێمانی و کلیلی چەک و جبەخانەی مەرکەزی چوارتایان درووستکرد تا لە کاتی چالاکیەکەدا دەرگای جبەخانەی مەرکەزەکەی چوارتای پێبکەنەوە، بە پێی نەخشەو پلانێکی ووردو زیرەکانە و پێشوەختە جبەخانەی مەرکەزی چوارتا لە بەیانیەکی زوودا بارکرا بە چەک و فیشەکەوە، لە ڕێگەی سەرسیرەوە بۆ گۆڕەدێم و چاڵەخەزێنە بەڕێکەوتن و تەسلیمی حەمەمین کران کە لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٩ چوارتای جێهێشتوو بووە پێشمەرگە.

حەمەمین کە ئاگاداری نەخشەو پلانی ووردی دەست بەسەراگرتنی جبەخانەی مەرکەزەکەی چوارتا بوو، هەر خۆشی کلیلی جبەخانەکەی لە سلێمانی درووستکردبوو لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٩ بووە پێشمەرگە، دوای ماوەیەک لە سەرکردایەتیەوە گەڕابوەوە تا پلانی دەست بەسەرداگرتنی مەخفەرەکە جێبەجێبکەن کە تیایدا ١٥ تفەنگ و ڕەشاشێک و چەند دەمانچەیەک و فیشەکێکی زۆر لە لایەن پۆلیسەکانی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بارکران و بەرەو سەرکردایەتیان بردن.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٩ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لوغمێکیان بۆ سەیتەرەی دوژمن دانا لە بەردی (قەلێ) ی چوارتا لوغمەکە بە سەربازێکدا تەقیەوە بە ناوی صباح و قاچێکی لەدەستدا، لە بەرانبەردا حکومەتی بەعس دەستیکرد بە گرتنی

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، بەرزانی قالە میرە و حەسەنی برای عەلی چوارتایی و نزیک بە ١٥ کەس دەستگیرکران.

قەحطان کە موخابەرات بوو لەگەڵ چەند سەربازێک چووبوون بۆ گرتنی حەمەمین ئەویش لە دووکانەکەی خۆیدا بەدیکردبوون زانیبووی بۆ گرتنی ئەو چوون خۆی ڕزگار کردبوو چوبووەماڵی حاجی سالاری چوارتاو داڵدەیان دابوو، دواتر بەرەو شاخ بەڕێکەوت و بووە پێشمەرگە.

فـاروق عوسمان و بەکری خاڵە عەلی کە لە ڕێکخستنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بوون لە چوارتا، حەمە عەلی برای (حەمەمین) یان بانگ کردبوو تا بزانن حەمەمین چی بەجێهێشتووە لە ماڵ و دووکانەکەیدا، چاپێکی بچووک و دوولوغم و قومبەلەیەکی تەوقیت کراوو چەندین فیشەک و ژمارەیەکی زۆر بەیاننامەی کۆمەڵە لە ماڵ و دووکانەکەی حەمەمین بوون، بۆ ئێوارە کاوە محسن، (مامە خولەی) چوارتا، بە فەرمانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە تێکرای شتەکانی گواستەوە بۆ شوێنی مەبەست، کاروو چالاکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە چوارتا بەردەوام بوو لە ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵک و هاندان و جۆشدانی جەماوەرو چاوساغی و ڕێنوێنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە.

ڕێکخستنەکان کوڵەکەی پتەوو نەنەویوی شۆڕش بوون، ئەوان چەخماخەی مەشخەڵی شۆڕشیان بەرزو بڵند ڕاگرت و زۆربەشیان بوونە پێشمەرگەو شەهید بوون.

هەولێرنامەی کتێب

# شارۆچکەی ماوەت

# شـــــــــــارۆچکەی مـــــــــــاوەت

ماوەت سەدان ساڵە لە ژێر شاخ و لوتکەو کەڵوەزو ڕەوەزو دانە بەردەکانی چواردەوریدا هەڵکەوتووە، وەکو ڕیزێک ملوانکەی شین بە گەردنی چیای گوڵێ و بەرکێلدا هەڵواسراوەو لە بەژن و باڵای کەڵەگەتی هەمیشە بەرزو نەنەویوی دۆڵان و بایلۆسەو برزوت دەڕوانێ.

لە ڕۆژهەڵاتیەوە شاخی بەرکێل و پشتی گابەروا هەڵکەوتوون لە پشتەوە شاخی «سێ کوچکە» وجێنجێ ی چیای سەرکەش و سەربە تەمی گوڵێ دەرکەووتون لە خوارو بەرانبەری ماوەتیش زنجیرە شاخی دۆڵان و لوتکەی بایلۆسە و ئەحمەد ڕۆمی و برزوت، بوونە هەنیەی بەرزی ماوەت بوونە سروود، هەر ڕەوەزو گاشە بەردوو چیای بەرزو بڕندەیە سایە و سێبەری ماوەت و هەر ڕکەو دوندوو نواڵەیە.

هەردەو هەڵەتی خوار ماوەت، دەشتاییەکانی بایەو، کانی سام، دۆڵە سوران، بانە قوتە، ناودۆڵ، ڕەشە هەرمیان، کانی سەپانان، سورەبان، بەستێ، بەردێ، پاوان، کورتانە کەر، پاشە ساوان، ریخێ، خاکی بە پیت و دەشتی پڕ خێرو شینایی، زەوی کشتوکاڵی و بەرووبوومی وەرزی ساڵ و سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوی خەڵکی ناوچەکە بوون.

لە بەری ڕۆژهەڵات کانی سام و گۆماو لە پشت ماوەتیش قوڵە مازوو زێوکەو بەرسۆژەو زینو جێنجێ، موچەو هاوینە هەوارو تاکە ماڵ و تەنیا ماڵ بوون هاوینە هەواری ساڵ بوون.

سەدان ساڵە ماوەت ئاوەدانە و ژیانی تیادا دەگوزەرێت شوێنەواری ژیان و پاشماوەی خانوو دیوارو دارو پەردووی دەیان ساڵەی لەمەوبەر مێژووی دێرین و زێڕینی ماوەت دەگێڕنەوە دەبنە پێناسەو شایەدحاڵی مێژووی دێرین و کۆنینە و مێژینەی ماوەت، سەرووی ماوەت کە ئێستا پێیدەڵێن ماوەتە کۆن سەربووردەی ژیان و مێژوویەکی دێرینتر لە ماوەتی ئێستامان بۆ دەگێڕێتەوە کە تا ساڵانێک بەر لە ئێستا بەردوو بناغەو دیوارو دارو پەردووی بەجێمای ماوەتە کۆن دیارو بەرچاو بوون.

هەواڵنامەی کتێب

کانی و ڕەزو باخ و ئەشکەوت و زەوی کشتوکاڵی پێناسەی ژیانێکی دێرینمان بۆ دەکەن لە نێو جوگرافیایەکدا کە پێیدەڵێن ماوەت.

بوونی زیاتر لە (١٠) قەبرستان و گۆڕستانی کۆن، گۆڕی دێرین و سەدان ساڵە، لە گۆڕی سەردەمی کوپەوە تا شەخس و گۆڕو قەبری منالّ «قەبرە وردەکان»، تا دەگاتە گۆڕە گەورەکان، نیشانەو ئاسەوارو گەواییدەری ژیانن لە سەردەمێکی دێریندا لە سەر زەمین و لە سەر خاک و ئاوی ماوەت.

سەردەم و سەرەتای سەرهەڵدان و ڕەگ داکوتان و خۆناساندنی ئیمارەتی بابان لە سەردەستی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و پەلوو پۆ هاویشتنی ئیمارەتی بابان لە سەر دەست و لە سەردەمی میر «خان بداخ» ی کوڕی، سنووری ماوەتیش خراوەتە سەر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئیمارەتی بابان و بنکەیەکی حوکمڕانیشی تیادا دامەزراوە، وەک دەوترێت ماوەت پایتەختی هاوینەی میری بابان بووەو قەڵەمڕەوی ئیمارەتی بابان تا سیتەک و قەڵاچوالان درێژبووەتەوەو پەلی هاویشتووە، ماوەت بەشێک لە سەرهەڵدان و بناغەی ئیماراتی بابان بووە.

لە ساڵی ١٨٥٠ دەسەڵاتی بابانەکان کۆتایی پێهات و ئیماراتی بابان لە بەریەک هەڵوەشا، ماوەتیش کەوتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان.

## بە نــــاحیە بوونی مـــــاوەت

مێژووی بە ناحیەبوونی ماوەت بۆ سەردەمی عوسمانیەکان و دروستبوونی ویلایەتی موسڵ دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمە سلێمانی کرایە لیوا «لیوای سلێمانی» هەر لیوایەک لە چەند سنجق و هەر سنجقێکیش لە چەند «قۆزا» یەک پێکهاتبوو، لیوا لە سەر ئاستی پارێزگای ئێستا، سنجق قەزاو «قۆزا» لە ناحیە پێکدێت، ماوەت کۆنترین ناحیەو یەکەی کارگێڕی شارباژێڕە، مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨٧٩، ساڵی دروستبوونی ویلایەتی موسڵ و لیوای سلێمانی دەگەڕێتەوە کە تا ساڵی ١٩١٨ ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانیەکانی خایاندووەو درێژەی کێشاوە.

دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٩١٨ دا سەردەمی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی شێخ مەحمود دەست پێدەکات ماوەتیش سەر بەو دەسەڵاتە

بووە، لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە سەردەمی پاشایەتی دەستپێدەکات و ماوەت سەر بە لیوای سلێمانی بووە.

## دێــــــیەکانی مـــــــاوەت

ماوەت سنووریکی گەورەو فراوانی هەیە، بەشێک لە دێیەکانی نۆدێی ئالان و شینکایەتی و دێیەکانی دەوروو بەری ماوەت لە خۆ دەگرێت کە پێک هاتوون لەم دێیانە:

کێلێ، شاناخسێ، سوورەقەڵات، گرگاشە، ئاوەکورتێ، کوڕاداوێ، سەراو، میراوا، چناران، ماشان، دەشتێ، گوێزڵێ، کانی خێڵ، کۆلکە، گوڵێ، ئامادین، دەشتی تلێ، بانالێ، بەرسماق، قەشان، ئەزمەک، خەزێنە، عیساوێ، سەرگەڵو، بڵخوان، زەینەڵ، دڕی، ئالانقۆز، سەفرە، گەلاڵە، زەرون، بەرگورد، شینکی، شەشۆ، سپیدارە، سەرکەند، شیوەکوێر، دارەبەن، کونجرین، بەردبەرد، گەمالان، باساوێ، کانی چنار، قەڵاتە، بەرتەنگ، دەشتی خانێ، قەرەبابە، بەزەرو، بەردەشین، گابەروا، ژاژڵە، هەنجیرە سوورە، دۆڵبێشکی حاجی عەباس، دۆڵبێشکی مام خۆشی، دۆڵبێشکی دڕی، قامیش

## پـــــــێگەو گـــــرنگی مـــــــاوەت

هەڵکەوتەی جوگرافی ماوەت دەیکاتە شوێنێکی لاچەپەک و دوورە دەست، بەڵام ئەم هەڵکەوتە جوگرافییە نەیتوانیوە ڕۆڵی ماوەت فەرامۆش و کەنارگیر بکات، سنووریکی فراوان نێوان ماوەت و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرێداوەو کردوویەتی بە چەقی هاموشۆو بازرگانی و ئالوگۆڕی کالاو کەلوو پەلی هەمەجۆر، هاموشۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ماوەت و دواتریش دێیەکانی دەوروو بەرو ڕۆژئاوای ماوەت و باشووری ڕۆژهەڵاتی دەگاتە سلێمانی و ئاوەدانیەکانی سەر ڕێگای.

ماوەت سەرە ڕێگای هاتوچۆی شاربازێر بۆ پشدەرو بیتوێن بووە، کە ئێستا ئەو ڕێگایە فراوانترو ئاسانتر بووە لە ڕووی هاموشۆو پێکەوە بەستنەوەی ماوەت بە قامیش و سەفرەو زەروون تا دەگاتە سەرچەمی هەرزنە، ماوەت چەق و سەنتەری دێهاتەکانی دەورووبەری بووە بەشێک لە دێهاتەکانی نۆدێی ئالان و سەراوو میراوا

و کوڕاداوێ و ڕۆژئاوای ماوەتیش، وەکو سەنتەرێک و ناوەندێکی گرنگی دابینکردنی شمەک و ساغکردنەوەی بەرووبووم و ئیشە دەستیە سەرەتاییەکانی ئەودەم لێیان ڕوانیوە و سەردانیان کردووە، ئەو پەیوەندیانە هەر لە ماوەتدا نەگیرسانەوە بەڵکو بەرەو قەڵاچوالان و سلێمانی پەلوو پۆیان هاویشتووەو گەشەیان کردووە.

## ماوەت لە بۆتەی شۆڕشدا

لە درووستبوون و هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول بەدواوەو لە ساڵی ١٩٦١، ماوەت وەک بنکەو بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول لە کات و سەردەمی جیاوازدا لە ماوەت و سنووری کارگێڕی ماوەت گیرسانەوە.

یەکەم ڕادیۆی شۆڕش لە سنووری ماوەت لە «گردەڕەش»ی بەرانبەر ژاژڵە و ئاوەکورتێ دامەزراوە، تا بەستنی کۆنگرەی چواری پارتی کە ترازان و جیابوونەوەی باڵی مەلایی و جەلالی لێکەوتەوە بارەگایەکی پارتی لە سنوورەکە بووە کە دواتر و لە ساڵی ١٩٦٤ باڵی مەلایی بەهێزی سەربازی و لەشکرەوە ناکۆکیەکانیان یەکلایی کردەوەو باڵی جەلالی لە سنووری (ماوەت-ئاوەکورتێ) وە پەڕینەوە بۆ ئێران.

لە دوای ئەو ڕووداوانەش بارەگاو بنکەی شۆڕشی ئەیلول هەر لە ماوەت ماوەتەوە، زیندان یان «سجن» لەگەڵ دادگایەکی شۆڕش کە موحسین دزەیی یەکێک بووە لەوحاکمانەی لە ماوەت بووە، بارەگای لقی ٤ی پارتی لە سنوورەکە بووەو دوای ڕێکەوتننامەی شۆڕش لەگەڵ بەعس، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ لقی(٤) ئاهەنگێکی گەورەی لە ماوەت سازداوە.

ساڵی(١٩٧٤-١٩٧٥) یش ماوەت وەک بنکەیەکی هێزی ڕزگاری و شوێنی حەوانەوەی سەدان و هەزاران پێشمەرگە بووە، بارەگای ڕادیۆ «پرۆگرامی چوارەم» و فرۆشگای شۆڕش لە ماوەت و جودی هەبووە.

## یەکەم قوتابخانەی ماوەت

ماوەت هەمیشە لانکی پێشکەوتن و ڕاژەنینی کۆرپەی شۆڕش و زانست بووە، بەدەستێک چەک و بەویتر قەڵەم، هەمیشە ئاوێتەی یەک بوون و بیری پێشکەوتنخوازانەو بەرزڕاگرتنی مەشخەڵی زانست و شۆڕش لە ڕوانگەو پەیامی ماوەت بووە، هەر بۆیە بەتاسەوە دەرگای قوتابخانەیان بەڕووی ڕۆڵەکانی ماوەت و دەورووبەریدا واڵاکردووەو پێشوازی گەرمیان لە یەکەم قوتابخانە کردووە، هەر بۆیەش ماوەت بووەتە مەڵبەندی زانست و پێشکەوتن و کڵپەو ژیلەمۆی داگیرساوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازەکان.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ قوتابخانەی سەرەتایی لە ماوەت کراوەتەوە، لە هەموو قۆناغەکان و لە سەردەمی هەڵایسانی شۆڕش خوێندن لە ماوەت بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٧١ تا١٩٧٢ قوتابخانەی ناوەندی لە ماوەت کراوەتەوە مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ڕۆڵی دیارو گرنگ و پێشەنگی هەبووە لە هێنان و کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی لە ماوەتدا.

لە ساڵی (١٩٧٨) و بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی ڕژێمی فاشیستی عێراق دێیەکانی سەر سنووری ڕاگواست و لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێیکردن بەشێکی گرنگ و دیاریش لە دێیەکانی سنووری ناحیەی ماوەت بەرشاڵاوی ڕاگواستن کەوتن و برانە ئۆردووگای سوورەقەڵات، کارێزە، کەنارو، قەڵاچوالان، ئیدارەی ناحیەی ماوەتیش گواسترایەوە بۆ «کارێزە» لە ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین جارێکی دیکە «ناحیە» برایەوە ماوەت و لە ساڵی ٢٠٠٤ یشەوە کراوەتە قەزاو بارەگای قایمقامیەتی لێدامەزراوە، ئێستە ماوەت داموو دەزگاکانی ئاسایش، پۆلیس، قایمقامیەت، شارەوانی، کتێبخانە و هۆڵی بۆنەکان و چەندین داموو دەزگای خزمەتگوزاری لە خۆدەگرێت.

## چەکەرەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە

هێشتا شۆڕشی ئەیلول لە گەرمەو تروپک دابوو لە ڕووی سەربازی و دارایی و داموو دەزگای بەڕێوەبردن و سنووری قەڵەمڕەوی فراوان و سەدان بارەگاو

هەواڵنامەی کتێب

نەخۆشخانەو بەندیخانە، دەیان سەنگەرو بەتالیۆنی گەورەو توانای لۆجیستی و ڕادیۆو ڕۆژنامە، پێشەنگ و سەرمەشق بوو، بەڵام لە هەناوی شۆڕشی ئەیلولدا زەرووریەتی هەبوونی ڕێکخراوێکی چەپ و پێشکەوتنخواز لە بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوێکی وەهادا سەریهەڵداو دامەزراو لە دایک بوو، کە دیارە ئەویش بە کۆمەڵێک چەمک و ئامرازو ڕێچکەو ڕوانینی نوێوە کە تێکڕایان ڕەخنەی جدی بوون لە گوتاری سیاسی و فکری و دبلۆماسی و پێشمەرگانە، تیایدا مەترسی بەلاڕێدا بردنی شۆڕش و سپاردنی بە کۆتاییەکی تاریک و غەمناک لە لایەن کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە درکی پێکرابوو، کە بێگومان پێشبینی و خوێندنەوەکانیان بۆ دۆخی ئەوسای شۆڕش ڕاست و درووست و لە جێی خۆیدابوو، کە کۆتاییەکەی بە هەرەس و ئاشبەتاڵێکی تاڵ کۆتایی هات، کە لە مێژبوو کۆمەڵە خۆی ئامادەکردبوو تا بە گرۆتینێکی نوێوە شان بداتە بەر باری نالەباری هەر پێشهاتێکی نەخوازراو کە لە ئاشبەتاڵ و هەرەسهێنانی شۆڕشێکی ١٥٠ هەزار چەکداریدا خۆی نیشاندابن، هەرواش بوو شانەو سەرکردایەتی و کادێرەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەوێنی هەڵگیرساندن و جۆشدانەوەی شۆڕشی نووێ بون بە فکرو دنیابینییەکی نوێ و چەپ و پێشکەوتنخوازانەوە.

## ڕێـــــکخستنەکانی کـــــۆمەڵە لە مـــــــاوەت

چەق و ناوەندی کۆمەڵە لە نێو شارەکان دابوو لەوێوە پزیسکی ئاگرەکەی کۆمەڵە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو پەلیهاوێشت لە دەورووبەردا شانەی خەوتووی ڕێکخستنێکی پۆلاینی درووستکردوو بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە زاخاویدان و گۆشیکردن، لە نێو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولیشدا شانە و گەرای ڕێکخستنی خستبوو هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول دواتر لە ڕیزەکانی کۆمەڵەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان دۆزیەوە.

ماوەت ناحیەیەکی پڕ لە جوڵەو جۆش و خرۆش بوو ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و فکری پێشکەوتنخوازانە بوو، کۆمەڵە چڵ و پەلوو پۆی بۆ ماوەت هاوێشتبوو، سەید ئەحمەد حەمەلاو ئەو سەردەمە مامۆستای شۆڕش بوو لە ناوچەی قەرەداغ،

لەگەڵ ئەمین پۆلاو محەمەدی شێخ عەلی بە یەکەوە بوون، لە سەر دەستی ئەمین پۆلا بووە کۆمەڵەو چووە ریزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، ئەمین پۆلا لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو لە قەرەداغ، دوای ئاشکرابوون خۆی پەناگرت و سەید ئەحمەد بووە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، دوای ماوەیەک سەید ئەحمەد گەڕایەوە ماوەت و یەکەم ڕێکخستنی کۆمەڵە کە پێی ئاشنا بوو هاوڕێ عەلی ماوەتی بوو، لێرە بە دواوە کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی درووستکراو سەید ئەحمەد بووە لێپرسراوی کەرتەکە، کەمالی حەمە حاجی و جەلال ماوەتی و محەمەد عەزیز ئەندامی کەرتەکە بوون، لێرەوە هەنگاو کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی پەرەی سەند و فراوان بوو، خەڵکێکی بەرچاو هاتنە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، عەتا حەکیم و نەسرەدین و سەردارو حەمەی حاجی سەعید و شوکری حاجی سەلیم و مەلا سەلیم و دکتۆر عەبدوڵڵا و عومەر سەفرەیی و حاجی حەمە سوور حاجی سەعیدوو ژمارەیەکی بەرچاو لە چین و توێژەکانی ماوەت، لە ژناندا مەحسومە و ست فاتمە، حەربیە خان و ئەمەل جەلال و ژمارەیەک ژنی دیکە بوون.

تەشکیلاتی ئەو کاتەی ڕێکخستنەکان بە دوو جۆر بوو بەشێکیان بۆ کۆمەڵە بەشێکی دیکە بۆ یەکێتی بوو، ئەوانەی بە تەمەن بوون بۆ یەکێتی ڕێکدەخران، گەنج و تازە گەشەکردوو پێگەیشتوەکان بۆ کۆمەڵە، تۆفیقی حاجی حەمەمین و کاوەی فەقێ سەلیمیش لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون لە دێیەکانیش ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پەرەیان سەندوو گەشەیان کردوو پەلیان هاویشت.

حەسەنی حاجی سەلیم لە قامیش، فەقێ هەمزەی دۆڵبێشک، شێخ ڕەحیمی دۆڵبێشک ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە سەید ئەحمەدەوە هەبوو، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ماوەت دوو جۆر پەیوەندیان هەبوو، پەیوەندیەک لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوشار بە کۆمیتەی هەڵمەتەوە کە سەید تایەر ڕایەڵەی نێوانیان بوو، ڕاپۆرت و وەڵامی ڕاپۆرتەکانی دەگەیاندەوە، پەیوەندی دووەم لە ڕێگەی شێخ برایم و تالیب ڕۆستەم بوو، جەمال و محەمەد ناوێک لە سەراو نامەکانیان دەگەیاند، وەکو هێڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

جگە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ماوەت ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان درووستکرا، مامۆستا غەفور ژاژڵەیی کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە، پێشتر تاڵیب ڕۆستەم نامەیەکی بۆ مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ناردبوو کە ڕێکخراوی»ی ن ک» دروستبکەن مامۆستا غەفوریش پەیوەندی بە سەید ئەحمەدەوە کرد لە ماوەت و ڕێکخراوەکەیان دروستکردوو مامۆستا غەفور کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە، دوای ڕۆشتنە شاخی مامۆستا غەفور، مامۆستا ئەحمەد هەمزە ژاژڵەیی بووە لێپرسراوی ڕێکخراوەکە، ڕێکخستنەکان هەوێنی هەڵگیرساندن و بەردەوامی شۆڕش بوون، لە ژێر سێبەرو سایەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا شۆڕش لە چەخماخەیداو شۆڕش هەڵایسا، هێلانەی هەڵۆ سوورەکان چووە قەندیل و لەوێوە بەرەو سەرجەم ناوچەکانی کوردستان لە شەقەی باڵیان داو فڕین.

هەواڵنامەی کتێب

# بـــاسنێ- ســـیوەیل

## نـــــاحیەی بـــــاسنێ - ســـــیوەیل

باسنێ، یان ناحیەی سیوەیل-ی شارباژێڕ لە سەر تەختاییەکی کەمێک بەرزو دڵگیر بە شاخ و لوتکە بڵندوو سەرکەشەکان دەورە دراوە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە چیای سورکێو، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی گمۆی سەرکەش، لە ڕۆژئاوای پیر محەمەد لە باوەشیان گرتووە.

جوگرافیای ناحیەی باسنێ – سورکێو- ئەو سنووره دەستکردانەی ئەمڕۆ یان سبەی لە بەردەم ئیرادەی گەلی کوردا تێکدەشکێن دەسڕێتەوە، نیشتمان دەبێتەوە یەک خاک و ئاو، یەک جوگرافیا، یەک ئاڵا، بە پێی گێڕانەوەکان و ئەو زانیاریانەی نەوە بە نەوە هاتوون و پارێزراون، سەرەتای درووستبوون و ئاوەدانکردنەوەی باسنێ دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا،

باسنێ لە چوار بەرەباب، یان بنەماڵە درووست بووەو گەشەی کردووە، ئەو چوار بەرەبابە چوار برا بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) ەوە هاتوون لە باسنێ ، گۆمڵێ، ڕەشەکانی، سیرێ، نیشتەجێ بوون، ئەو چوار گوندە شێخە دێن، سەر بە ساداتی خدرین، هاموشۆی ئێستای خەڵکی باسنێ بۆ لای خزمەکانیان بۆ سەردەشتە، هەر بۆیە پێدەچێت ئەو چوار برایە لە سەردەشتەوە هاتبن.

باسنێ، یان ناوی باسنێ، لە باو- سنەوە هاتووە، بەردەوام یان زۆربەی کات باسنێ ڕەشەبای هەبووە، هەندێک جار هێواش و هەندێک جاریش خێرا، هەر ناوچەیەکیش بای هەبێ سنی زۆر دەبێ، کەواتە باوسن، بووەتە باسنێ.

باسنێ پێش ئەوەی بکرێتە ناحیە ٨٥ ماڵ بووە، سەرەتای بنیادنانی باسنێ لە جێگەی ئێستا نەبووە، لەو دیو (قوخەڵێ) کە باسنێ کۆنی پێدەڵێن درووستکراوە، دواتر گواستویانەتەوە بۆ شوێنی ئێستای.

ساڵی ١٩٥٥ باسنێ کراوەتە ناحیە، یەکەم بەڕێوەبەری ناحیە (کەمال حاجی شەفیق) بووە، دوای ئەوەی کرایە ناحیە دانیشتوانی باسنێ هەڵکشا بۆ ١٥٠ ماڵ ژمارەیەک دێهاتی ناوچەکە لە ڕووی کارگێڕیەوە خرانە سەر ناحیەی باسنێ.

## ناحیەی سیوەیل و دێیەکانی

شارۆچکەی باسنێ، کانی شوان، سێونگ، مڕانە، بێورێ، گۆملێ، ڕەشەکانی، ملکەتێن، سیرێ، دێرێی خوارو، دێرێ سەرو، سوورە دزە، سوورەبان، مەروێ، بۆسکان، نەڵەسوو، سیرین، بارێی گەورە، بارێی بچووک، موسەک، تیمار، شابەدین، هەڵوان، سیاوەشان، توتکان، زاخێ، ئاشی بارام، کانی گوێز، ئاشقە هۆڵ، گۆرانگە، بواڵک، شیوەکەڵ، سوورەبانی نۆڕک، نۆڕک، نۆڕەباب، تەم تەم، سووری

تێکڕای دێیەکانی سنووری ناحیەی باسنێ، بە شارۆچکەی باسنێ وە، ٣٧ دێ، ٧٩ مۆچە، تێکڕای ١١٦ دێهات و مووچەن.

مەڵبەندی ناحیەی باسنێ-سیوەیل- ٣٢ خێزانی لێنیشتەجێیە، دێیەکانیش ٣٩٢ خێزان، ژمارەی گشتیان ٤٢٤ خێزانن،

ژمارەی دانیشتوانی باسنێ-١٤٨ کەسە، دانیشتوانی دێهاتەکانیش ٢٠١٢ کەسە، تێکڕا دانیشتوانی ناحیەکە ٢١٦٠ کەسە.

باسنێ لە مێژووی ڕابردویدا سێ جار سوتێنراوە، لە ساڵانی چل و شەستی سەدەی ڕابردودا سوتێنراوەو لە ساڵی ١٩٨٣ دا جارێکیتر سووتێندراوەو چۆڵکراوە.

جارێک لە لایەن ئاغاکانەوە هێرشیکراوەتە سەر، شێخ قادرو شێخ حەسەن لە بەرگری لە دێیەکەیان گیانیان بەخشیوە.

ساڵی ١٩٧٥ بنکەی نەخۆشخانە لە باسنێ کراوەتەوە، عەبداللە فەنی دکتۆری نەخۆشخانەکە بووە، عەبدوڵڵا فەنی کەسێکی شیوعی بووە، خاوەن بیری چەپ و پێشکەوتوخواز بووە، دژی چەوسانەوەی چینایەتی بووە، بەرەنگاری زووڵم و ستەمی ئاغا بووەو، لەو پێناوەش شەهید بووە.

ساڵانی ١٩٦٠ قوتابخانە هاتۆتە باسنێ، فەتاح ئاغاو مامۆستا لەتیف و عومەری سەید عەلی لە مامۆستایانی قوتابخانەکە بوون.

## بـــــــــاری ئـــــــــــابووری

باسنێ خـاوەن بـەرووبـوومـی خۆماڵی بـووەو ئابوورییەکی تـاڕادەیـەک پێشکەوتووی هەبووە بە پێودانگەکانی ئەو سەردەمە، جگە لە بەرووبوومی سێوو قۆخ و میوەکانیتر، باسنێ بە توتن بەناوبانگ بـووە، توتن سەرچاوەی بژێوی خەڵکەکەی بـووە، جگە لە سەرچاوەی توتن و میوە، کاروانچێتی و هاموشۆی ئێران، یەکێک لە سەرچاوەکانیتری بژێوی خەڵکەکەی بووە، لە (باسنێ) وە چاو توتن براوەتە ئێران و قوماش و خەنە و پێستە لە ئێرانەوە هاتوون.

## بـــــــــازاڕی بـــــــــــاسنێ

باسنێ دووکان و بازاڕی تیابووە، لە دێیەکانی چواردەورەوە هاتوون بۆ کڕینی پێداویستی، دێیەکانی سەراو، شاناخسێ، مەروێ، گرگاشێ، موسەک، تیمار، بارێ، شیوەکەل، سیرین، نۆرک، نەڵەسوو دێهاتەکانی دیکەش هاموشۆی باسنێشیان کردووە بەشە خۆراکی مانگانەیان لای بریکار (بایع) لە باسنێ وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بازاڕەکانی (باسنێ) دا پێداویستیەکانیان کڕیوە.

بەشێک لە بریکارەکانی خۆراک لە باسنێ، عەبدوڵڵا ڕەحمان، عومەری مام عەلی، عەلی شێخ حەسەن، ئیسماعیل عەبدوڵڵا، فەتاح عەلی، کەریم برایم ، بوون.

## پـــــــــیشەوەرەکانی بـــــــــاسنێ

لە باسنێ ژمارەیەک پیشەوەر هەبوون، ناوی پیشەو خاوەنەکانیان:

+ چایخانەی باسنێ، شێخ سەعید
+ (٢) قەسابخانە
  - ١- شێخ مەحمود
  - ٢- شێخ قادر
+ کەبابخانە، عەبدوڵڵا شێخ غەریب بەیانانی
+ ناڵبەند، شێخ خدر
+ کوتاڵ فرۆش، شێخ عومەر

+ دارتاش، شێخ محەمەد
+ وەستای کورە، گاسن، پاچ، بێڵ، تەور، تەورداس، وەستا عەبدوڵڵا

## سەرچاوە ئاویەکان

باسنێ زیاد لە ٢٠ سەرچاوەی ئاوی هەیە ئەوەی بەکار دێت، سەرچاوەی، سایەت، هەزارکانی، کانی گەڕاو، باسکی کارێز، قوبەینان، شاخە سپی، کانیە ووردەکانیش بۆ ئاوی خواردنەوە بەکاردێن.

## شـــــایی – زەمـــــــاوەند

لە دێر زەمانەوە کوردەواری کلتورو نەریتی جوان بووە، زەماوەندی کوردەواری نمونەی ئەو کلتورە درەوشاوەیە بووە کە پڕ بووە لە خۆشی و شادی و خۆشەویستی، زەماوەندی کوردەواری تەڕوو پاراوو تەڕپۆش، پڕ لە جۆش و خرۆش بووە، مرۆڤ ڕۆحی ئاوێتەی شایی و شادی و بەختەوەری بووە، هەڵپەرکێی کوردەواری و ڕەشبەڵەک جوانترین تابلۆن تا ئێستا بە یەخەی کوردەوارییەوە.

شێوازی زەماوەند لە کوردەواریدا جوان و سەرنجڕاکێش و پڕ بەها بووە، چەند ڕۆژێک درێژەی کێشاوە، خواردن دروستکراوەو کوڕان و کچان بە جلی ئاڵ و واڵاوە هێندەیتر ڕەونەقیان بەو زەماوەندە بەخشیوە، دوو ڕۆژ پێش هاتنی بووک زەماوەند سازکراوەو دوای هێنانی بووکیش سێ شەوو سێ ڕۆژ هەڵپەڕیون، لە باسنێ و دێیەکانی دەوروبەری ئەگەر خوشکت نەبوایە بۆ ژن بە ژن، ژن هێنان زەحمەت و نارەحەت بوو بۆ ئەوانەی خوشکیان نیە، چوونکە نەریت و کلتوری ئەو سەردەمە وابووە، نەک هەر لە باسنێ و سیوەیل لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان وابووە.

لە باسنێ دوو ڕۆژ پێش هاتنی بووک زەماوەند سازکراوە، دوای هاتنی بووکیش سێ شەوو ڕۆژ هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک بووە، بووک بە ووڵاخ گواستراوەتەوە، کە بووکیان هێناوە بووک وتوویەتی دانابەزم هەتا شوێنێک موڵکێکم لە قەبەڵ نەکەن یان بە ناوەوە نەکەن، کە زیاتر مەبەست دەسکەوت نەبووە، بەڵکو دڵنیایی بووە بۆ بووک کە دەبێتە خەڵکی ئەو شوێنە و پابەند دەبێت بە خاکی ئەوێوە، کە لە ووڵاخ دابەزیوە بە شوڵێک لە سەریان داوە.

هەولاتامەی کتێب

## شــــــــۆڕشی ئـــــــەیلول

سالّی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەشداربوون لە ڕیزەکانی شۆڕشدا، شۆڕشی ئەیلول تێکڕای ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، شەڕی گەورەو فراوان دژی دوژمنی داگیرکەر ئەنجامدرا، چەندین مەخفەرو بنکەی پۆلیس و سەربازگەی دوژمن دەستیبەسەرداگیرا، مەخفەری باسنێ، گاپیلۆن، گرگاشێ، پێنجوێن بە فەرماندەیی و سەرکردایەتی هەڤاڵ مامجەلال دەستیان بەسەرداگیرا.

## گـــــــرتنی مەخـــــــفەری بـــــــاسنێ

نەورۆزی سالّی ١٩٦٢ بەرنامەو پلانی دەستبە سەردا گرتنی مەخفەری باسنێ و گاپیلۆن و گرگاشێ و پێنجوێن دانرا، فەرماندەیی و سەرکردایەتی ئەو چالاکیە گەورەیە هەڤاڵ مامجەلال بوو،

لەو بارەیەوە ووتارێکی گرنگ و مێژوویی هەڤاڵ مامجەلال دەخەینەوە بەر دیدەتان کە لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بڵاو کراوەتەوەو- لە دەنگی گەلی کوردستانیش بە دەنگی بەندە خوێندراوەتەوە بە ناوونیشانی

لە یادی دۆستی دێرینمان خوا لێخۆش بوو (مەجید خان) دا.

+ + +

## لە یـادی دۆســتی دێـــرینمان (مـــەجید خان) دا

**نووسینی: مامجەلال**

شەوی نـەورۆزی ١٩٦٢ چالاکییەکی بەربڵاوی شەڕی پێشمەرگانە بوو لە کوردستانی عێراقدا ، پێموایە ئەوە یەکەمین چالاکی وا بەربڵاویش بوو، لەو شەوە بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراو ئەبوایە.

١/ شەهید عەریف مەجید شوانی مەخفەرەکەی خۆی بگرێ لە مالومەو پاشان بە خۆیی و پۆلیسە پێشمەرگەکانیەوە خۆیان بگەیەننە مەخفەری گاپیلۆن بە ناوی ئەوەی کە هەڵاتوون لە یاخیەکان و کە چوونە ژوورەوە ئەو مەخفەرەش بگرن، بەڕاستی بە قارەمانانەو ژیری و نەشلەژانیشەوە هەروایکرد.

٢/ بە خۆیی و پێشمەرگەکانیەوە، ئەو پۆلیسانەی دەبنە پێشمەرگە و چەکی تفاقی زیادەوە خۆیان بگەیەننە لای شێخ مەحمودی کارێزە و بەڕێبەری ئەویش بچن لە ئەزمڕە بچکۆلە دامەزرێن و بەڕاستیش هەروایانکرد.

٣/ کوێخا کەریمی ماوەتیش بەهێزێکی پێشمەرگەوە دەوری مەخفەری گرگاشێ بگرن و بیگرن ، هەرواشیان بە چاکی و ئازایانە کرد.

٤/ کاک ئەولای ئەحمەدی ڕەسو ئاغاش، کاک عەبدوڵڵای دەخۆن، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی هەولێری کە برێکی باشیان عەریف و پۆلیسە دلێرەکانی هەولێر بوون دەوری مەخفەری باسنێ بگرێت و بیگرن، ئەوانیش ئازایانە و دلێرانە ئەرکەکانیان ئەنجامدا.

٥/ مامجەلالیش بە هێزێکەوە دەوری مەخفەری چوارتا و شارۆچکەی چوارتا بگرێت و بۆ پەککستنیان لە جووڵان و یارمەتیدانی مەخفەرە ئابلۆقەدراوو پەلاماردراوەکانی قەزای چوارتا و هێزێکی باشیش دابنرێ لە چەمی تەگەران بۆ بەگژاچوونی ئەو هێزەی میری ئەینێرێت بۆ کردنەوەی ئابلۆقەکە و ڕزگار کردنی چوارتا.

واش پێشبینی کرابوو، هەرواش دەرچوو، کە شەڕی سەرەکی لە چەمی تەگەران دەبێ، بۆیە هێزێکی باشی خۆشناو، باڵەکایەتی، بە سەرۆکایەتی شەهیدی نەمر حەمید کاوانی بۆ ئەو شوێنە دانرابوو، کە میریش هێزێکی دوو سەد کەسی پۆلیسی نارد کەوتنە کەمینەکەوەو چەندین بریندارو چەندین کوژراویان داو (١٣) ئۆتۆمبێلیان لێگیرا.

کە ئاگری شەوی نەورۆزیان پێکرایەوەو زۆریش تەقەمەنی و چەندین چەکیش دەستکەوت بوو، سەد مەخابن تێکۆشەری نەمر حەمید کاوانی لە شەڕیان لەگەڵ فڕۆکەدا شەهید بوو، ئەگینا پۆلیسەکان ئابلۆقە درابوون و ئەگیران، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شەوی نەورۆزی ١٩٦٢ دەنگێکی گەورەی دایەوە، کارێکی زۆری کردە سەر ورەی پێشمەرگە و خەڵکەکە و زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە و ژمارەی چەک و تەقەمەنیش.

## ڕزگارکردنی پێنجوێن

ئەوەو بە کەڵک وەرگرتن لە کەش و هەوای سەرکەوتووی پێشمەرگانەو مەعنەویاتی بەرزی خەڵک، ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە، ڕوومان کردە ناوچەی پێنجوێن بۆ ڕزگارکردنی، لەوێ ئەبوایە هێزی عەشایەرو پیاو ماقوڵان ڕاکێشین بە لای خۆماندا، کلیلی سەرکەوتنیش لە گیرفانی خوالێخۆشبوو (حەمە ڕەشید خان) دا بوو کە لە جەمهوریەتی کوردستانی (مەهابادیش) دا ڕوتبەی ژەنراڵی پێبەخشرا بوو شان بە شانی شەهید سەیفی قازی و خوالێخۆشبوو ژەنراڵ مەلا مستەفای بارزانی و عومەر خانی شکاک، بۆ ڕازیکردنی حەمە ڕەشید خانیش پێویستمان بە خوالێخۆشبوو مەجید خانی کوڕی هەبوو، من پێشتر خوالێخۆشبوو مەجید خانم ناسیبوو، کە لێپرسراوی پارتی بووم لە سلێمانی ساڵی (١٩٦٠-١٩٦١) چەند جارێک خوالێخۆشبوو مەجید خانم دیبوو، مەجید خان پیاوێکی ژیرو مەعقول و قسەزان و ڕووخۆش بوو هەستی کوردایەتی لە دڵ و دەرونیا ئەیجولاند، من توانیبوم زوو ببمە دۆست لە گەڵیا و نێوانمان زۆر خۆش بوو بۆیە پەنام بردە بەر بۆ ڕازیکردنی خان و پیاو ماقوڵانی تری ناوچەکەش، ئەویش لە وەڵامی ڕاسپاردەی مندا پلانێکی

بۆ پێشنیار کرد بووم لە گەشتەکەماندا بۆ ناوچەی پێنجوێن بۆ سەردانی پیاو ماقوڵان و خان، ئەرکی ڕازیکردنی خانیشی خستبووە ئەستوی خۆی.

بۆیە ئێمەش بە دڵنیاییەوە بەڕێکەوتین بەرەو ناوچەی پێنجوێن، شەهیدی نەمر مەلا ڕەسوڵ و چەندین کادری پێشمەرگانەیترم لەگەڵ بوون، ئەوسا بە پێ ئەڕۆیشتین، نە ڕێگەی ئۆتۆمبێل هەبوو نە ئۆتۆمبێلمان هەبوو، وەزعی ماڵیشمان زۆر خراپ بوو، جلمان شڕ بوو، زۆریش پێڵاو دڕاوو پێڵاو خراپ بوون، من خۆم پێڵاوەکەم دڕابوو، ژێرەکەی داپچڕا بوو، بە پەت بەستبوومەوە، لەوەش ئەو کەڵکەم وەرگرت کە پێشمەرگەی پێ هێوربکەمەوە، هەر کاتێک پێشمەرگەیەکی پێڵاو شڕ ئەهات و پارەمان نەبوو پێڵاوی بۆ بکڕین بەوە دڵم ئەدایەوە کە ئەمووت وەرە پێڵاوەکانمان بگۆڕینەوە، ئەویش کە پێڵاوە شڕەکەی ئەدیت ڕازی ئەبوو، بەڵام هەروا بێ جل و پێڵاو نەماینەوە کە نزیک بووینەوە لە دێیەکەی خوالێخۆشبوو حەمە ڕەشید خان، خوالێخۆشبوو مەجید خان بە پیرمانەوە هاتبوو، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین و ڕێنوێنی کردین هەتا ناو دێیەکەو لەوێش بۆ دیوەخانی ڕەشید خانی خوالێ بووردوو، ڕۆژەکە باران بوو، هەموومان تەڕ ببووین و هەندێکمان، منیش یەکێک لەوان بووم سەبارەت بە شڕی پێڵاومان هەموو پێیەکانمان قوڕاوی ببوون، بۆیە کە خان لە دیوەخان هاتەدەرو پێشوازی گەرمی لێکردین و پاشان دەستی منی گرت بەرانبەر ژووری دیوەخانەکەی کە مافوری فەرشی نایابی ئێرانی تێدا داخرابوو من ڕووم نەهات بەو تەڕی و پێ قوڕاوییەوە بچمە ژوورەوە بۆیە داوای لێبووردنم لە خان کرد کە ڕێگەمان بدات بچینە مزگەوت قاچمان بشۆین و خۆمان وشک بکەینەوە ئینجا بێینەوە، بەڵام خوالێخۆشبوو حەمە ڕەشید ڕازی نەبوو، ئەمری کرد مەسینە ئامادە کران و قاچمان لە بەر شوشت و ئێمەی ناچار کرد بچینە ژووری دیوەخانە گەرم و گوڕو ڕازاوەکەیەوە، لەوێش هەم خۆمان وشک کردەوەو هەم خۆمان حەساندەوە مەجید خانی خوالێخۆشبووش هەر لە دەرەوەی دێیەکەیانەوە کە ئێمەی بەو وەزعە دیتبوو، سوارێکی ناردبوو بۆ پێنجوێن لەوێ پتر لە (١٥٠) جوت پێڵاوی ڕاسپاردبوو بۆمان کڕابوو، شەو پێمان گەیشت

هەواڵنامەی کتێب

و بە سەرماندا دابەش کران، خانیش منی خەڵاتکرد بە شاڵێکی باشی کوردی و بە دەستکێشێک و قەمسەڵەیەک، لە دیوەخانەکەشیا خزمەتێکی باشیان کردین و خواردنێکی شاهانەیان بۆ هێنایـن، چەندین جۆری پڵاو، گۆشت، شلەی کوردی و ئێرانی بۆمان سازکرابوو منیش کوڕەکانم هانداو لە وەڵامی داوای خان دا کە وەک ماڵی خۆمان ڕەفتار بکەین و شەرم نەکەین لە خواردندا بە پێشمەرگەکانم ووت کە چێ گیڤارا ئەڵێ پێشمەرگە خواردنی باشی لێهەڵکەوت دەبێ زۆر بخوات نەک هەر تێر بخوا چوونکە ڕۆژی واشی دێتە ڕێ کە خواردنی دەست نەکەوێت بۆیە هانمدان خۆم ئاسایی تێر بخۆن و زۆر بخۆن.

خان زۆر ڕێـزی لێگرتین و پێیڕاگەیاندین کە ئەنوەر بەگی کـوڕی بەدەیان چەکدارەوە ئامادە کـردووە بۆ هاوکاری کردنمان و ڕاشی سپاردووە هەرچی سەرۆک و پیاو ماقوڵێکی هەیە و خۆی بە کورد بزانێ ئەبێ هاوکارمان بێ، دوای نانخواردن خان بە جێیهێشتین تاکو بحەسێینەوە، بەڵام خوالێخۆشبوو مەجید خانی دۆستم مایەوەو مـوژدەی پێدام کە هەموو ئەرکەکانی خۆی بەدیهێناوەو چەند سەد چەکدارێکی عەشایەری ئامادەکردووە بۆ بەشداربوون لە گەڵمان بۆ ڕزگار کردنی پێنجوێن، بەیانیش تا خۆمان سازدا نانێکی نایابی بەیانیانمان بۆ سازدرابوو، مەجید خانی دۆستم هاتبوو بۆ هاندانمان بۆ زۆر خواردن لەگەڵ خۆشیدا کوڕێکی مێرمنداڵی ژیکەڵەی خۆی هێنابوو کە زۆر بە ڕووخۆشی و بە پەرۆشەوە ئەیویست پێشمەرگە ببینێت و من بدوێنێ، منیش زۆر خۆشم ئەویست و ئاواتم بۆ خواست کە لە دوا ڕۆژدا ئەویش ببێتە پێشمەرگەیەکی قارەمان، ئەو کۆرپەیەی مەجید خان ناوی بەختیار بوو زیرەک و ووریا ئەهاتە بەرچاوم، ڕووخۆش و گەش بوو، کەچی زۆر بەداخەوە ئەو ڕۆڵەیەی مەجید خانی دۆستی دێرینم لە ساڵی (١٩٧٧) دا بە دەستی پێشمەرگەیەک سەبارەت بە چاک لە یەکتر نەگەیشتن کوژرا، کە بەڕاستی سەرکردایەتی (ی ن ک)، نە ئاگای لێبوو نە پێشی باشبو، بە پێچەوانەوە زۆریشمان پێناخۆشبوو، تەنانەت پاشان نامەم بۆ خوالێخۆشبوو مەجید خان نووسی و داوای لێبووردن و لێخۆش بوونم لێکردوو پێم ڕاگەیاندن کە (ی ن ک) بەختیاری جوانە

مەرگی کوڕی بە ڕۆڵەی خۆی و شەهیدی خۆی دائەنێ، ئەویش زۆر پیاوانە وەڵامی دایەوەو داخەکە هەر ئەوە بوو کە بەو شێوەیە کوژراوە، ڕۆژگاری ناهەموار مەجید خانی بەر پاڵەپەستۆی لافاوەکانی خۆی دابوو لە دیوی کوردستانی ئێراندا خۆی دیتبوەوە، لەوێش بۆردوومانی دڕندانەی تۆپخانەو فڕۆکەی عێراق بوونە هۆی شەهید بوونی چەند کوڕێکی تری تا وای لێهات بە ناوی باوکی شەش شەهید لە ئێران دا ناوبانگی دەرکرد.

هەزار ڕەحمەت لە گیانی کوردانەی مەجید خانی خوالێخۆشبوو، سەروەری بۆ هەموو شەهیدانی کوردەواری و کوردایەتی.

+ + +

## هـــــــــــەڵایسانی شـــــــۆڕشی نـــــــوێ

دوای شکست و هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشێکی ١٤ ساڵە هەرەسی هێنا و چەکەکان بێدەنگکران و تەسلیم بە ڕژێمی داگیرکەرکرانەوە، زۆری نەخایاند شۆڕشی نوێ هەڵایسا و تەمی هەرەس و نائومێدی ڕەواندەوە.

١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ سەرەتاو دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ بوو کە بەیاننامەکەی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ دا نوسراو لە قەندیلدا وەکو مەشخەڵ داگیرسا.

شۆڕشی نوێ شارو شاخ و ماڵ بە ماڵی کوردستانی دڵخۆش کردوو ئومێدی بە خەڵکی کوردستان بەخشی و گیانی کردەوە بە بەری جەستەی مردوو تەرمی بێ گیانی کوردا لە باشورو تێکڕای پارچەکانی کوردستان.

خەڵکی کوردستان، پۆل پۆل ڕوویانکردە ڕیزەکانی ڕێکخستن و پێشمەرگە، سەنگەرەکانیان ئاوەدان کردەوەو هەرەسیان بە هەرەس هێنا، یەکێک لەو ناوچانەی کوردستان کە ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە هەستانەوەو هەڵگیرسانی شۆڕشدا شارباژێڕ بوو، لە ناو شارباژێڕیش ناحیەی سیوەیل- باسنێ و دێیەکانی دەورووبەری پێشەنگ و سەرمەشق بون.

## (ڕێــــــکخستنەکـــان)

ناوچەی سیوەیل و دێهاتەکانی لە چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری ئازادی و سەرفرازی دا بوون، کە لە لولەی چەکەکانی پێشمەرگەوە هەڵدەهات.

لەگەڵ دەرکەوتنی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ خەڵکی دێهاتەکانی سیوەیل کە ٣٧ دێ بوون، پێشوازی گەرمیان لێکردن و لە ئامێزیان گرتن.

تالیب ڕۆستەم، جەمالی عەلی باپیر، شێرکۆ مرانەیی، مستەفا چاوڕەش، عەلی عەسکەری، هێمن سەراوی لەو فەرماندەو سەرکردەو پێشمەرگانە بوون، خەڵکی سیوەیل پێیان ئاشنا بوون و بۆنی شۆڕش و کوردایەتیان پێوەکردن.

شاسوار جەلال (ئارام)ی سەرکردە کە لە شارباژێڕ بە مامۆستا بەکر ناسرا بوو یەکێکی تر لەو سەرکردانە بوو خەڵکی ناوچەی سیوەیل پێی ئاشنا بوون.

لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جمووجۆڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە زۆربەی دێهاتەکانی سیوەیل ڕێکخستن چەکەرەی کردوو گەشەی کردوو فراوان بوو.

لە دێی نۆرک هاوڕێ عومەرو، هاوڕێ سۆران ، عومەر حاجی ئەحمەد، قادر حسەین، جەمال ئەبو شوارب، لە سوورەبان حەمە سوورەبانی و نامیق مەحموود، بەکر ڕەحمان لە بۆسکان، عەبدوڵڵای کوێخا غەفور لە نەڵەسوو، جەمال حەسەن لە زاخێ لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا بوون، لەگەڵ فراوانبوونی ڕێکخستنەکانیش چەندین کەسیتر پەیوەندیان پێوە کردن.

نامیق مەحموود یەکێک لە ڕێکخستنەکان لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیر کراو لە ساڵی ١٩٧٨ لە موسڵ لە سێدارەدرا.

بەکری مەلا عەزیز و پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێی بیورێ پابەندی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون، لە بێورێ شانەیەکی پتەو پێکهات کە دوانیان ژن بون:

بەکر مەلا عەزیز سەرۆکی شانە

عەبدول حەمە زۆراب

قادر حەسەن تەها

عەبدوڵلا محەمەد عەبدوڵلا

مەحمود محەمەد

جەلال عەبدوڵلا

حەبیبە عەزیز

حەپسە مام ڕەسوڵ

لە دێی ڕەشەکانی، خالید فەقێ عەزیز، سەلمان و چەند کەسێکیتر لە ڕیزی ڕێکخستنەکاندا بوون، لە دێهاتەکانیتریش ڕێکخستنەکان لە گەشەدابوون و جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان بوون.

دێهاتیەکان هاوکاری بەردەوامی شۆڕش بوون، ڕێکخستنەکانیش داینەمۆی هەڵسوڕان و گەشانەوەی شۆڕش بوون، پێشمەرگەش پارێزەری هەموان و قەڵغانی نیشتمان بوون.

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٨ دێهاتەکانی سنووری ناحیەی سیوەیل، باسنێ، جگە لە ناوەندی ناحیەکە (باسنێ) ڕاگوێزرانە ئۆردوگاکانی قەلاچوالان، کەنارو

لە ئۆردوگاکان ڕێکخستنەکان گەشەی زیاتریان کرد، پۆل پۆل ڕوویان کردە شاخ و بەشێکی دیارو بەرچاویان یان شەهید بوون یان بریندار بوون، یان کەمئەندام بوون، لە سەرەتاوە دەستیانپێکردوو شۆڕشیان بە سەرکەوتن گەیاند.

# مەفرەزە سەرەتاییەکانی
# شاربازێڕ + هەرێمی سێ

## هـەڵایسانی شـــۆڕش 1975-1976
## شـاربازێڕ لە چـەخماخەی (شـــۆڕش) دا

تەمی هەرەس چیاو لوتکەو کەژی کوردستانی بە گشتی وشاربازێری بە تایبەتی داپۆشیبوو، شۆڕشێکی ١٥٠ هەزار چەکداری لولەی چەکەکانی سەرەو ژێر کردوو ئاشبەتاڵی ڕاگەیاند، ووڵات مات و خامۆش، سەرتاپای غەمبارو غەمگین لە ژێر باری خەمی هەرەسدا چەمیبوو، بەشێکی دیارو بەرچاو لە تێکۆشەران نەفیکرابون بۆ خوارو ناوەڕاستی عێراق، شاخ و لوتکە و دۆڵ و دەشت و هەردی نیشتمان ڕەبیەو مۆڵگەی دوژمن بوو، کانی و زنە، چەم و ڕووبارو جۆباری کوردستان نوزەی لێبڕابوو، ولات کارەساتبارو تازیە باروو خەفەتبار لە چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری دەمکەلی ئازادی و هەستانەوەو بوژانەوەدابوو کە هەڵۆکان دایانەوە لە شەقەی باڵ و قەندیلیان کردە هێلانە، باوەشی پڕ لە سۆزیان بۆ کورد کردەوە بە جوڵلانە.

شاربازێڕ یەکێک لەو ناوچە سەخت و گرنگ و فراوانەی شۆڕش کە دوژمن نەیدەتوانی بە ئاسانی تەی بکات و کێومالّ و گەڕان بە تێکرای ناوچەکان و دێهاتەکانیدا ئەنجام بدات، دەیان شاخ و کەلۆەزو کێوو بەندەن و شیوو دۆڵ و قەدپاڵ و لاپاڵی عاسی و ئەستەمی تیادا هەڵکەوتووە کە جێگەو پێگەیەکی گرنگی پارتیزانی و خۆحەشاردان و خۆ تەریک گرتن بوو مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە شاربازێڕ هەرزوو پەلوو پۆیان هاویشت و کورەی خەبات و شۆڕش و نەبەزینیان جۆشدایەوە، سەرەتا تاک و تەرا لێرەو لەوێ چەند پێشمەرگەیەک هەندێکیان چەک لە شان و هەندێک بێچەک، خۆیان نیشاندەداو بانگەوازی شۆڕشی نوێیان بە خەڵکی شاربازێڕ دەگەیاندوو پەیامی شۆڕشیان بۆ جوتیارو دێنشیەنەکان ڕوون دەکردەوەو ڕێبازی تازەی شۆڕشیان بۆ شیدەکردنەوە، شەوان دەچوونە ناو دێ و بەیانیان زوو هەردەو هەڵەتی پشتی ئاواییان دەگرتە بەر تا لە چاوی دوژمن دوور بن.

شاربازێڕی سەخت بە چوارتاو ماوەت و سیوەیل و بە دێیەکانی دەورووبەریانەوە بە نودێی ئالان و تا چەمی کەلۆێ و شیوە کەڵ و دێیەکانی دۆڵی سەراوو میراواو

کوڕەداوێ و بە زنجیرە شاخ و لوتکەی سەرکەش و دۆڵی کپ و هەورازو نشێوییەوە، بە دەشت و دەرو کانی و ئاویەوە، تا سنوورەکانی شارباژێڕی تەخت و هاوتەریب لەگەڵ شاری بانەو سەردەشتی ڕۆژهەلات، تا دەگاتە دێیەکانی بێژوێ تا شان لە شانی برزووت و بایلۆسەو بەربەردوو لێوارەکانی کارێزەو بالخ دەدات، جێگە چالاکی و مەیدانی پێشمەرگە چەلەنگەکانی شۆڕشی نوێ بوو لە بەری شارباژێڕی سەخت.

## مـــــەفرەزەکانی شـــــــارباژێڕ

هەواڵی هەڵگیرساندنی شۆڕش هەر زوو گەیشتە ماڵ بە ماڵی دێنشین و شارنشینەکانی کوردستان و گوێچکەی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستانی سمی، خەڵکی خۆشحاڵ و هاوکار بوون بۆ پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی شۆڕشی نوێ، لێرەو لەوێ تاک و تەرا پێشمەرگەیەک و دوان و سیان دەردەکەوتن و لە ناکاو لە چاوان وون دەبوون، لە شاخ و کێوو ناونزارو دانە بەردوو کوێستانەکانی شارباژێڕ جارجار دەخزانە چاوی گوندنشین و شوانەکانی دێیەکانی شارباژێڕەوە، دەبینران و وون دەبوون، دەردەکەوتن و خێرا تێدەپەڕین، هەندێک جار بۆ نان خواردنێکی خێرا یان وەرگرتنی نان و پێداویستی دەهاتنە ناودێ و لە چاوتروکانێکدا پەرت دەبوون، هێواش هێواش پێشمەرگە زیندوو بووەوە پەرەیان سەند لە تاک و تەراوە بوون بە مەفرەزەو لە یەکەوە بوونە دوان و سیان.

١٩٧٥/٥/١ جاڕنامەی شۆڕشی نوێ درا، ١٩٧٦/٦/١ شۆڕشی چەکداری ڕاگەیەندراو پێشمەرگە چوونەوە شاخ و شۆڕشی چەکداری دەستپێکرد، هەواڵ هەر زوو وەک ڕەشەبا بە کوردستاندا بڵاوبووەوە، دۆستان خۆشحاڵ و ڕژێم و نۆکەرانی ڕژێم لەبۆسەدابوون ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسینی لینینی کوردستان پەلوو پۆیان هاوێشتبوو، ڕەگی قوڵیان داکوتابوو، جمووجۆڵی بەرچاویان هەبوو، خەڵکیان بۆ ڕیزەکانی شۆڕش ڕێکدەخست، لە ماوەت کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی کە سەید ئەحمەد حەمەلاو لێپرسراوی بوو کاری بەرچاویان کردبوو هەنگاو هەنگاو بەرەو فراوان بوون دەچوون و دەڕۆیشت، لە چوارتاش بە هەمان شێوە حەمەمین

و فاروق و خاڵە بەکری حەسەن قادر و هاوڕێ سۆران و تالیب، لە سەراویش عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید شانەی پتەوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دروستکردبوو، لە شاناخسێ و نۆدێی ئالان، مەجیدی حاجی عەلی و چەند کەسێکی دیکە سەرەتا و هەوێنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو داینەمۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش و پایەی پتەوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون.

شێرکۆ جدی یەکەم پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو لە شارباژێڕ، شێرکۆ جدی پێش هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ڕژێم یاخی بوو، چوونکە لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەداو لە سەرەتای ساڵی(١٩٧٠) دا کاری دەکرد، ئەو دەمەی خوێندکار بوو لە لایەن ڕژێمەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو بوو، ئەویش خۆی دەربازکردبوو هاتبووە گوندەکەی بۆ مرانە، هێمن سەراوی هاوشانی شێرکۆ جدی یەکێکی دیکە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو لە ساڵی ١٩٧٦، عەلی چوارتایش یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو.

ئاسۆی شێخ عارفی کوڕەداوێ قوفڵی زیندانی کەرکوکی پساندوو خۆی گەیاندە ڕیزەکانی پێشمەرگەو لە ساڵی (١٩٧٨) دا بووە پێشمەرگە، شێخ بەکری ماوەت یەکێک لە کادیرو پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو، ئەحمەد فتح الله و محەمەدی حاجی عەلی سەراو کەمالی حەمە قوتەی گوڵێ و عوسمانی عەریف مەجید، محەمەدی شێخ مەحمودی سەراو، برایمی فاتە دێرەیێ و عەبدوڵڵای حاجی ڕەشیدو کەمال شێخە و ئیسماعیل ماوەتی و مام عەلی ماوەتی لەو پێشمەرگانە بوون کە لە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێدا بوونە پێشمەرگە لە شارباژێڕ.

هەر لە ڕیزی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شارباژێڕ لە ١٩٧٦ تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ چەندین پێشمەرگەی دیکە چەکی بەرگریان کردە شان، ساماڵ شێخە، بەکرەسوور، بەکرە درێژی گرگاشێ، عوسمانی عەریف مەجید، بەکرە سوری ئاوەکورتێ، کەمالی مەلا عەبدوڵڵا، حەمە کراس سوور، حەمە حەربی، عەزیزی مامە قالە لەو پێشمەرگانە بوون کە لە سنووری نۆدێی ئالان بوونە پێشمەرگە.

هەنگاو هەنگاو هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردن و فراوان بووندابوو تاوای لێهات

لە خۆپیشاندان و جەولەکردن و بانگەشەی هەڵگیرساندنی شۆرش، ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش، لێدان و گورز لێدانی سەربازگەو ڕەبییەکانی دوژمن دەستپێکرد، هەر لە ساڵی ١٩٧٦ سوپاسالاری کوردستان عەلی عەسکەری هاتە ناوچەکەو هێندەیتر جۆش و خرۆشی دایە شۆڕش.

## هـــــاتنی عــــەلی عـــــــەسکەری

دوای هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٦) دا عەلی عەسکەری سوپاسالاری کوردستان هاتە شارباژێڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بە خەڵکی شارباژێڕ کرد، هەڵوێست و بەرنامەو هەنگاوەکانی شۆڕشی بۆ خەڵکی ناوچەکان شیکردەوەو پەیامی شۆڕشی نوێی پێگەیاندن، مژدەی ژیانەوەو سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و پێشمەرگەی بە گوێی خەڵکدا دا هەر لە دێیەکانی سەراوو میراواو کوڕەداوێ، تا نۆدێی ئالان و سنووری چوارتا و دێیەکانی ناوچەی شینکایەتی عەلی عەسکەری جەولەو گەڕانی بەردەوامی تیادا ئەنجامداو جەماوەری جۆشدایەوە.

عەلی عەسکەری ماوەی چەند مانگێک لە دێی زەرونی ناوچەی شینکایەتی بارەگایەکی بچووکی دانابوو، بەڵام بەردەوام لە گەڕان دابوو بۆ ڕێکخستنی جەماوەری ئەو ناوچانە و پەیداکردنی دۆست و پشتیوانی بۆ شۆڕشی نوێ، ڕۆژ بە ڕۆژ پێشمەرگە گەشەی زیاتری دەکردوو پەرەیدەسەند، خەڵکێکی زۆر لەو ماوەیەدا بوونە پێشمەرگە و چەکیان کردە شان، بە پۆل خەڵکی دەهاتنە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، هەر بۆیە لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٧) دا ڕژێمی بەعس بە نیازی سەربڕینی کۆرپەی شۆڕش هێرش و کێوماڵی سەرتاسەری لە کوردستاندا ڕاگەیاند کە شارباژێڕیش یەکێک بوو لەو ناوچانە، پێشمەرگە خۆی لە بەرەنگاربوونەوەو ڕووبەڕووبونەوە لادا تا زیانی بەرنەکەوێت، هێرشی سەرتاسەری و کێوماڵی ناوچەکان هیچ ئەنجامێکی بۆ ڕژێم نەدابەدەستەوەو نەیتوانی شۆڕشی نوێ لە ناوببات بگرە گەشەی زیاتری کرد، تەنها کاریگەرییەک کە هەیبووبێ بەشێک لەو لێشاوەی ڕوویاندەکردە هێزی پێشمەرگە چەکیان دانا، بەڵام کاکڵی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە پتەوەکەی بەهێزترو پتەوتر بوو، گەشەی زیاتری کردوو

زیاتر تاوی سەند، شاربازێڕ بووە مەیدانی شۆڕەسوارانی شۆڕشی نوێ، جگە لە پێشمەرگەکانی شاربازێڕ لە ناوچەکانی دیکەشەوە پێشمەرگە ڕوویتێدەکردو دەحەوایەوە، شێخ شەماڵی باخ و جەمالی عەلی باپیرو سالار عەزیز و ئەبوو شەهاب و دەیانی دیکە لە ناوچەکە بوون و جەولەیان دەکرد.

## زەوی دەشـــــــتێ
## مـــەفرەزەی ســـــەراو

مانگە شەوێکی خۆش بوو، لە دوورەوە دیمەنی ڕەوەزەکانی گمۆو لوتی دەروازەو دارو درەختەکانی «گامۆڵ» دەهاتە بەرچاو، هەندێک جاریش لەنجەی درەختەکانی گامۆڵ و کەروێشکەی گژوگیای ئەوێ سەمای دەکردوو سەرچۆپی بۆ مانگە شەو دەگرت.

زەوی دەشتێ شەوانە گوێچکەی شل دەکرد بۆ قاسپەی کەوەکانی بنارو دەنگی مەلە خۆشخوانەکان، بۆ تەقەی پێی ناڵی ئەسپی قەتارچی و کاروانچییەکان هەندێک جاریش دەنگی ترازانی بەردی سەر ڕێ و خزانی وڵاخدارەکان دەگەیشتە گوێ.

زەوی دەشتێ چەند ماڵێکی لێبو، هاوینە هەوارێکی دڵگیرو بەسەفا بوو، لە ژێر تریفەی مانگە شەوێکی ١٩٧٦/٧/٣١ محەمەدی مەحمودوو ڕابیعە خانی خێزانی دانیشتبوون، سەرنجیان بەرەو ڕێگەکەی پشت ماڵان کێشیکردن، پۆلێک چەکدار خزانە ناو چاویانەوە، لە دوورەوە بریسکەی تفەنگەکانیان دەهات، محەمەد دوو تفەنگی هەبوو، تفەنگەکانی هەڵگرت و چووە حەشاری پشت ماڵانەوە خۆی لە بۆسە ناو دامەزرا.

چەکدارەکان گەیشتنە هاوینەهەواری زەوی دەشتێ ماڵەکەی محەمەد سەراوی، بانگیان لە ماڵەکە کرد کەستان لە ماڵە، ڕابیعە خانم وەڵامی دانەوە پیاومان لە ماڵ نییە، کە زانی پیاو خراپ نین خولقی کردن بۆ چاخواردنەوەیەکی درەنگ وەخت ووتی فەرموون دانیشن کەمێکی تر پیاوەکەم دێتەوە.

محەمەد سەراوی لە حەشارەکە هاتە دەرو هاتە لایان دوای بەخێر هاتنێکی گەرم پرسی ئێوە کێن، ئەوانیش خۆیان ناساند، پێشمەرگەین.

جەمالی عەلی باپیرو چەند پێشمەرگەیەک بوون، ئێوارەکەی لە بەردەسپیٚ بوون لە ماڵی فەرەجی سەعید نانیان خواردبوو هەر ئەویش ناونیشانی ماڵی محەمەد سەراوی پێدابوون تا ڕەبیەی پشتی دێرێیان نیشان بدات بۆ ئەوەی لێی بدەن و پەیامی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بدەن بە گوێی داگیرکەردا، پێشتریش جەمالی عەلی باپیرو مەفرەزەیەک لە ڕەبیەی پشتی بایزاوایان دابوو.

هەر ئەو شەوە جەمالی عەلی باپیر داوای کرد گەنجەکانی سەراو ببنە پێشمەرگە و بەشداری لە هەڵایسانی شۆڕشدا بکەن.

خەڵکی سەراو لە سەر داوای جەمالی عەلی باپیر و سەرکردایەتی شۆڕش ژمارەیەکیان بوونە پێشمەرگە لە ڕیزی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێداو خۆیان ئامادەکرد تا جەمالی عەلی باپیر بگەڕێتەوەو بە ڕەسمی بچنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە.

محەمەد مەحمود سەراوی، مەحمود کەریم (هێمن سەراوی)، محەمەد حاجی عەلی سەراوی، محەمەد عەلی مستەفا (حاجی سەراوی)، برایم ڕەشید (برایمی فاتە دێرەیی) سەراوی، ڕووف حاجی سەعید سەراوی، جەمال حاجی شەریف سەراوی، عارف قادر (عارفی مامە قالە) سەراوی، عیزەت ڕەشید (عیزەت مام ڕەشید) سەراوی

ئەم پۆلە گەنجەی سەراو بە چەکی خۆیانەوە ئامادە بوون.

جەمالی عەلی باپیر جارێکیتر گەڕایەوە ناوچەکەو هاتە میراوا، سوپا سالاری کوردستان عەلی عەسکەری هاتە ناوچەکە، جەمالی عەلی باپیر بە (تۆفیق کێلەیی) دا (تۆفیقە سوور) نامەیەکی بۆ محەمەدی مەحمود و مەفرەزەکەی سەراو نارد عەلی عەسکەری و جەمالی عەلی باپیر لە ماڵی حاجی محەیدینی میراوا بوون، محەمەدی مەحمودوو ڕەوفی حاجی سەعید چوونە لایان بۆ میراوا لەویٚ بە عەلی عەسکەریان وت ٩ پێشمەرگە ئامادەن، بۆ ئەو سەردەمە مژدەیەکی گەورەو خۆش بوو تەنها لە دێیەک ٩ کەس ببنە پێشمەرگە.

١٩٧٦/٨/١٥ بوو، عەلی عەسکەری و هێزەکەی ماڵاواییان لە خزمانی میراوا کردوو بەرەو سەراو هاتن، نیوەڕۆکەی لە ماڵی محەمەدی مەحمودوو ئێوارەکەشی لە ماڵی حاجی فەقێ ڕەشیدی سەراو لایاندا، لەوێشەوە گەڕانەوە میراواو کوڕاداوێ، دواتر بەرەو کونجرین و شەوەکەی گەیشتنە بێتوات، دوای بێتوات چوونە دێگەڵ و لەوێشەوە بەرەو کەنارو نۆڕەباب و باراوو زاخێ و پێنجوێن و دەشتی شلێر.

لە هەر دێیەک لەو دێیانە ژمارەیەک بوونە پێشمەرگە، ژمارەی هێزەکە هەڵکشا بەرەو هەشتا پێشمەرگە، لە پێنجوێن مەفرەزەکەی شارباژێڕ لە هێزەکە جیابوونەوەو گەڕانەوە شارباژێڕ مەفرەزەکە لە دێیەکانی شارباژێڕ دەستیان کرد بە جەولە.

لە دێی میراواش مەفرەزەیەکی پێنج کەسی پێکهات:

مارف ئەحمەد، ئەحمەد حەمە حەسەن، برایم ڕەشید عوسمان، عەبدوڵڵا ئەحمەد، حەسەن عەبدوڵڵا

لەو ماوەیەدا مەفرەزەکە ژمارەیەک جوڵەو جەولە و چالاکی سیاسی و چەکدارییان ئەنجامدا، لە چالاکی دەشتێ و لێدانی مەخفەری ئاوکورتێ و لێدانی ڕەبیەی قورمتێن و لێدانی مفەوەز برایم لە ماوەت و لێدانی ڕەبیەی ئەزمەک مەفرەزەکە بەشدار بوون و ڕۆڵی دیاریان بینی.

## تــــــەسلیم بوونی ســــێ ســـــەرباز

سێ سەربازی عەرەب لە سەربازگەی باسنێ لە ١٩٧٦/١٠/٢٦ بەچەکەوە هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە بەمناوانە

١- قاسم خەڵەف
٢- عطیە مولود
٣- جەلیل جەودە

دواتر عطیە و جەلیل لە ڕیزەکانی شۆڕشدا شەهید بوون

هەواڵنامەی کتێب

## چـــــــالاکی دەشـــــــتێ 1976
## 1976/11/29

جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی مەفرەزە و هێزی ناوچەکە بوو، بەردەوام لە جەولەو گەڕان دابوون بە ژێر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمندا لە جولەی بەردەوامدا بوون.

مەفرەزەکە بە جەولە چوونە دێی (دەشتێ) بۆ نان خواردن لە ماڵی ڕەحمانی حەمەی ڕەسوڵ دامـەزران، سفرەی نان خـواردن ڕاخرا برنج و شلەو گۆشتی قەلی کوردی خرایە بەردەم پێشمەرگە، هێشتا دەستیان بۆ یەکەم پاروو نەبردبوو، ووتیان هەڵسن جەیش هات، پێشمەرگە بەرەو شاناخسێ ڕۆیشتن سەربازەکانیش ڕوویانکردبووە شاناخسێ لە ناو (شاناخسێ)دا لوتیان بە لوتی یەکدا تەقی و شەڕوپێکادان دەستیپێکرد، لە پێکادانی نێوان پێشمەرگەو سوپادا سێ سەربازی دوژمن کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون، پێشمەرگەش سەرکەوتوانەو بێ زیان بوون.

## قــــەل و تــــەقە

وەکو ئاماژەم پێدا پێشمەرگەکان لە دێی دەشتێ لە ماڵی ڕەحمانی حەمەی ڕەسوڵ دامەزرابوون، برنج و گۆشتی قەلی کوردیان بۆ دانابوون کاتێک ووتیان جەیش هات، پێشمەرگە لە سەر خواردنەکە هەستان.

ڕانێک قەلی چەور لە سەر برنجی کوردی دانرابوو، محەمەد سەراوی ووتی، هەڵناسم تا نانەکە نەخۆم، بە خێرایی چەند پاروویەکی خواردوو هەندێک برنج و ڕانێک قەلی خستە چەند نانێکەوەو لە پەڕۆیەکی پێچاو ڕۆیشت.

دوای پێکادانی شاناخسێ مەفرەزەکە بەرەو گوێزڵێ بەڕێکەوتن، نزیک گوێزڵێ جەمالی عەلی باپیر ووتی برسیمە، حەمە سەراوی ووتی دەڵێی چی هەندێک برنج و ڕانی قەلت بدەمێ، برنج و ڕانە قەلەکەی لە ناو نانەکە دەرهێناو خستیە بەردەمی جەمالی عەلی باپیر، کاک جەمال نانەکەی خواردو دوای پشویەکی کورت بەرەو شاناخسێ بەڕێکەوتن.

## چـــــالاکی ئـــــەزمەك پـــــایزی 1976

پایزی ساڵی ١٩٧٦ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر و هێمن سەراوی و محەمەدی حاجی عەلی و کەمال شێخە و محەمەد مەحمود سەراوی و چەند پێشمەرگەیەک، لە ڕەبییەی ئەزمەکیاندا چەند ئیڤایەکیان تێکشکاند و زیانیان بە ڕەبییەکە گەیاند، لەو چالاکیەدا جەمالی عەلی باپیر بریندار بوو.

## بـــــڕنەوەکەی مـــامە قـــالە و هـــێمن ســـەراوی

مەفرەزەکە بەردەوام بوون لە گەڕان بە دێیەکانی سنووری ماوەت و چوارتا و سیوەیلدا، دێ بە دێ دەگەڕان و خەڵکیان بۆ ڕیزەکانی شۆڕش هاندەدا.

لە ناو مەفرەزەکەدا مەحمود کەریم (هێمن سەراوی) پێشمەرگەیەکی ڕەشتاڵەی بچکۆلە بوو لە خۆشەویستیدا هەندێک جار هاوڕێکانی بانگیان دەکرد (خولە ڕەش) تا نازناوی (هێمن سەراوی) پێبەخشرا.

هێمن چەکی پێنەبوو، تاقە پێشمەرگەی مەفرەزەکە بوو چەکی پێنەبێ، ئەو سەردەمەش چەک کەم بوو بە ئاسانی دەست نەدەکەوت، مەفرەزەکەی سەراو چەکی خۆیان پێبوو تەنها هێمن نەبێ.

سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٧٧ بوو، مەفرەزەکە چوونە بێورێ، مامە قالەی بێورێ بە محەمەد سەراوی ووت کەی دەڕۆن و لە کوێوە دەڕۆن، ئەو سەردەمە قەدەغە بوو پێشمەرگە ڕێگەی هاموشۆی خۆی بە خەڵک بڵێت، بۆیە محەمەد سەراوی ووتی مامە قالە بۆچی دەپرسی ناتوانم پێت بڵێم مامە قالە ووتی کە ڕۆیشتن لای ئاشەکە تفەنگێکم بۆداناون بڕنەوێک و دوو قەد فیشەکە بیدەن بەو پێشمەرگەیەتان کە چەکی پێنیە مەبەستی هێمن سەراوی بوو، لە ڕۆیشتندا بڕنەوەکەیان لە ئاشەکە هەڵگرت و دایانە هێمن سەراوی ئەویش بووە خاوەنی چەکی شانی خۆی.

هێمن سەراوی فەرماندەو تێکۆشەر، بووە ئەو فەرماندەیەی کە مێژووی (ی ن ک) و گەلی کورد و شارباژێر تا هەتایە شانازی پێوە دەکات و لە پێڵوی چاوەکانیدا هەڵیدەگرێ.

## لـــــێدانی ڕەبـــییەی قـــــورمتێن

ڕەبییەی قورمتێن لە پشتی ئاوکورتێ یەکێک لە ڕەبییەکانی دوژمن بوو، مەفرەزەکەی شاربازێڕ بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیرو بەشداری هێمن سەراوی، محەمەد مەحمود سەراوی، محەمەدی حاجی عەلی سەراوی، ڕووف حاجی سەعید و عزەت مام ڕەشید و برایم سەراوی و چەند پێشمەرگەیەکی تر لێیدرا.

## کـــــوژرانی دوو پـــــۆلیس

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/٩ لەشەقامی نالی ناو شاری سلێمانی لە کەمینێکی پۆلیسیاندا و دوو پۆلیس کوژران و دەستکەوت ٢ کلاشینکۆف بوو.

## مــــروەت خـــــاتوون، یان خـــاتوو مــــروەت

مروەت ژنێکی سەلارو سەنگینی کوردەواری خێزانی حاجی کەریمی زەینەڵ و خوشکی حاجی عەزیزی قامیش یەکێک لە ژنە ئازاو مێ شێرەکانی کورد، دایکی هەمزەی حاجی کەریم بوو کە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو.

نەورۆزی ساڵی ١٩٧٧ بوو، پۆلێک پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە دێی ئامادین بوون، شەو داهات و پێشمەرگە ئێشکگریان دەکرد، جەمالی عەلی باپیرو محەمەد مەحموود سەراوی ئێشکگری شەو بوون.

دەنگی پێ و تارماییەک لە شوێنی ئێشکگری پێشمەرگەکان نزیک دەبووەوە، محەمەد سەراوی یەکێک لە ئێشکگرەکانی ئەو شەوە لە بەرزاییەکانی ئامادین لە سەر دارو شەخسەکە سەیری چوار دەوری دەکرد و دەیڕوانی، دەنگی پێ هەستەکانی ڕاگرت و تارمایش دەخزایە ناوچاوەکانییەوە تارماییەکە تا دەهات نزیک دەبووەوەو دەنگی پێش زیادی دەکرد.

محەمەد دای لە میلی تفەنگ و دەنگیدا، تۆ کێیت نەیەیتە پێشەوە، ژنێک وەڵامی دایەوە ڕۆڵە منم، کە هاتە پێشەوە ووتی من دایکی هەمزەم، هەمزەتان لە گەڵە؟.

خاتوو مروەت پانتۆڵی پیاوانەی هەڵکێشا بوو، دەمانچەیەکی چواردە خۆری

بە چەند مەخزەنێکی دەمانچەوە بە سەر شەڕواڵە پیاوانەکەیدا بەستبوو، کۆڵێکی گەورەی لە سەر شان بوو، کۆڵێ نان و ناوساجی بۆ پێشمەرگەی هێنابوو.

جەمالی عەلی باپیر لە ملەیەکیتر بوو، نزیک محەمەد بوو گوێی لە خرەی میل و دەنگدانی محەمەد بوو، ووتی محەمەد ئەوە چیە؟ محەمەد ووتی کاک جەمال دایکی هەمزەی حاجی کەریمە.

جەمالی عەلی باپیر لە خاتوو مروەت نزیک بووەوەو دوای بەخێر هاتن ووتی بەم شەوە بۆچی هاتوویتە ئێرە، مروەت ووتی هاتووم هەواڵتان بدەمێ، لە ئێوارەوە بە ڕێگەی زەینەڵدا هێزێکی زۆری سەربازی بەرەو ماوەت دەڕوات، ئاگاداری خۆتان بن.

خاتوو مروەت کۆڵە نانەکەی دایە دەستی پێشمەرگە، دوای دیدارێکی کورتی هەمزەی کوڕی، بەرەو قەرەبابەو لەوێشەوە بۆ زەینەڵ گەڕایەوە.

سالار عەزیز لەگەڵ هێزەکەدا بوو، پێشمەرگەکان کۆبونەووەو بڕیاریاندا بەرەو گوڵێ و سنووری ماوەت بڕۆن.

هەر ئەو شەوە هێزەکە ئامادینی جێهێشت نیوەشەو گەیشتنە (ناورێ) پشتی دێی گابەروا، هێزەکەیان دابەشکرد بە سەر شەش مەفرەزەدا، سێ مەفرەزە بۆ سەر شاخ، سێ مەفرەزەش بۆ ئالوگۆڕی ئەوان لە سەرلە بەیانیدا.

+ مەفرەزەی کەمالی حەمە قوتە چوونە قوتەی گوڵێ.

+ مەفرەزەی محەمەد مەحموود چوونە پشتی گوڵێ.

+ مەفرەزەی مارف میراوایی چوونە بەرزاییەکانی نزیک ڕەزەکانی ماوەت.

بەمجۆرە سێ مەفرەزە سەرکەوتنە سەر شاخ، سێ مەفرەزە لە خوارەوە مانەوە.

بۆ بەیانی کە خۆرهەلات، هیچ جمووجوڵێکی سەربازی نەبوو، هێزەکەی ڕژێم چوبووە دۆڵێ، دواتر مەفرەزەکانی سەر شاخ دابەزین و تێکڕا بەرەو شەشۆ بەڕێکەوتن.

## هـــــەنگوین و عـــــــەرەب

مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٧ عەلی عەسکەری لە کوڕاداوێ بوو، لەوێوە ترازان و بەرەو ئامادین هاتن، لە لاشیوێکی نزیک ئامادین لایاندا، پێشمەرگەیان نارد لە ئامادین نانیان بۆ بێنن، مام مەحمود ئامادینی لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕایەوە نانی بۆ هێنابوون لەگەڵ کەمێک هەنگوین.

هەنگوینەکە کەم بوو عەلی عەسکەری دای بە عەرەبەکان بیخۆن، ئەو سێ عەرەبەی لە باسنێ ڕایانکردبوو لای عەلی عەسکەری ببوونە پێشمەرگە، سێ عەرەبەکە لە سەر هەنگوینەکە بووە شەڕیان، عەلی عەسکەری پێیوتبون، ئێمە خۆمان هەنگوینمان نەخوارد دامانە ئێوە، ئێوەش شەڕی لە سەر دەکەن.

## قـــــــەیوان - بـــــــۆسە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٥/١١ هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە کەڵکی قەیوان و گولله بارانیانکردن

*لەسەر ڕێگەی ماوەت چوراتا لە ١٩٧٧/٥/٢٥ ئۆتومبێلکی پۆلیس کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە، لەئەنجامدا یەک معاون و سێ پۆلیس بریندار کران

## بـــــــۆســـــە

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٦/٢٩ لە نێوان دێی سنکێ و واژەی سەر بەقەزای چوراتا بۆسەیەکیان بۆ چەند جاشێک دانا لەئەنجامدا ٣ جاش کوژران ٤ جاشیتریش بریندابوون

## چــــــــەند چــــــالاکییەك

دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و فراوانبوون و ئەستوور بوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگە، بۆ دەرسدان و گەیاندنی پەیامی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ بە ڕژێمی عێراق هەر کۆبوونەوەی جەماوەری و شیکردنەوەی هەڵوێست و ڕێبازی شۆڕش بە جەماوەر بەس نەبوو، بەڵکو لێدان و دەرسدادان و لە خەو بەخەبەرهێنانی ڕژێمی عێراقیش پێویست و گرنگ بوو.

هەر بۆیە لە مانگی ٧ی ساڵی(١٩٧٧) و بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر پەلاماری ڕەبیەی ئیۆڵی لە پشتی (دێری) درا کە تیایدا دەستی بە زەبر لە دوژمن وەشێنرا و پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.

## لـــــێدانی مـــەرکەزی ئـــــاوەکورتێ ســـــاڵی 1977

لێدانی مەرکەزی ئاوەکورتێ دەنگدانەوەی گەورەی لە سنووری شارباژێڕ و ناوچەکانی دیکەدا هەبوو، تازە شۆڕش سەریهەڵدا بوو، دوژمن خاوەن هێزو توانای سەربازی بەرفراوان بوو کە سەرتاسەری کوردستان مەرکەزو ڕەبییە و مۆڵگە و سەربازگە بوون، لەو ڕۆژگارانە و لە لوتکەی بوغرایی حزبی بەعسدا پێشمەرگەکانی شارباژێڕ لە مەرکەزی ئاوەکورتێیانداو بە دوو ئار بی جی مەرکەزەکەیان هەژاند پەیامی بەردەوامی شۆڕشیاندا بە گوێی دوژمندا، کە شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی «ی ن ک» هەڵگیرساوەو تا سەرکەوتن کاروانەکەی بـەردەوام دەبێ لە لێدانی مەرکەزی ئاوەکورتێ جەمالی عەلی باپیر، کەمال شێخە، ڕەشە کەچەڵ، حەمە حەربی، هێمن سەراوی، محەمەد مەحمود سەراوی، ڕووف حاجی سەعید، برایم سەراوی لە گەڵدابوون.

## لـــــێدانی مـــــــــفەوەز بـــرایم - 1977

مفەوەز برایم ، مفەوەزێکی عەرەب بوو، لە ناو ماوەت و دەورووبەری خەڵکی زۆری ئازار دەداو بەردەوام کێشەی بۆ خەڵکی ناوچەکە درووستدەکرد، بە ئاگاداری ئەحمەد فتح الله و بەرنامەو پلانی لێدانی مفەوز برایم داڕێژراو کەمال گوڵەیی بۆ ئەو چالاکییە دەستنیشانکرا.

ساڵی ١٩٧٧ کەمال چـووە نـاو مـاوەت تەقە لە مفـەوەز برایم بکات، بەڵام دەمانچەکەی جووتەی کردوو وەستا، مفەوەز برایم ویستی هەڵکوتێتە سەر کەمال، محەمەد ڕەشید ژاژڵەیی بەکلاشینکۆف تەقەی لە مفەوەز برایم کردوو کەمال گوڵەیی لە چاو وون بوو.

هەولێرنامەی کتێب

دوای ئەو ڕووداوە مفەوەز ئیبراهیم خۆی نەقڵی باشوری عێراق کرد ، ڕووداوەکە لە سەردەمی خۆیدا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو ، لە لایەک وورەی خەڵک و وجودی پێشمەرگە و هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی نیشاندەدا، لە لایەکیش ترسی خستە دڵی داگیرکەرو ئەڵقە لە گوێکانی ڕژێمەوە.

## عـــــــوسمانی مـــــەلا ڕەســـوڵ

ساڵێک بە سەر هەڵایسانی شۆڕشی نوێدا تێپەریبوو، کۆپتەرەکانی ڕژێم بۆ کێوماڵکردنی ناوچەکانی کوردستان بەردەوام لە ئاسمانی کوردستاندا دەسووڕانەوە، فڕۆکە هێندە بێ بەزەیی و زاڵم بوو، دەستی لە هیچ کەس نەدەپاراست، هێندە نزم دەبوونەوە بۆ سەر زەوی هەندێک جار هەوای باڵە فڕەی کۆپتەر مرۆڤی هەڵدەگرت و خانووە قوڕە نزمەکانی لادێی دەلەرزاند.

شارباژێڕ وەکو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بێبەش نەبوو لە ڕەحمی کۆپتەر، سەراوی شارباژێڕیش یەکێک لەو دێ سەخت و یاخیانە بوو کە بەردەوام پێشمەرگە ڕووی تێدەکردو خۆیی تیادا حەشار دەدا.

عوسمانی مەلا ڕەسوڵی سەراو گەنجێکی تازە گوڵ کردوو پێگەیشتوو بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٩٧٧ ، عوسمان شوان بوو، ڕەوە گایەلی ئاوایی بەرەو بەرزاییەکانی سەراو بردبوو، کۆپتەر هاتە سەری، ئەویش بە خۆی و گۆچانەکەی دەستیەوە چوبووە حەشارێکەوە خۆی حەشاردابوو، کۆپتەر دابەزیبووە سەری و دەسترێژی گوللەی لێکرد، هەر لە جێدا گیانی سپاردوو شەهید بوو.

## بـــــەکرە درێـــــژ

بەکر گرگاشەیی، بەکرە درێژ چەند ڕۆژێک بوو لە سەربازی هەڵاتبوو لە سۆراغی هێزی پێشمەرگەدا بوو تا دەستی بیانگاتێ و ببێتە پێشمەرگە، جەمالی عەلی باپیر لە گرگاشێ بوو بەکر خۆی پێناساندن و بووە پێشمەرگە، مەفرەزەکەی جەمالی عەلی باپیر پێکهاتبوو لە (هێمن سەراوی، کەمالی مەلا عەبدوڵڵای ماشان، محەمەدی حاجی عەلی سەراو، برایم سەراوی و حەمە حەربی، بەکرە درێژیش کەوتە گەڵ مەفرەزەکە.

تازە لە مەخفەری ئاوکورتێ درابوو جەمال بریندار ببوو برینەکەی بەرەو ساریژ بوون دەچوو، کەوتنەوە جەولە، بەهاری ساڵی ١٩٧٧ بوو بەرەو سەراو ڕۆیشتن شەو گەیشتنە ناودێ، بەیانی لە چوونە دەرەوە هەواڵ گەیشت جەیش هات.

پێشمەرگە بەرەو بەرزایی و هەڵەتەکانی گمۆ ڕۆیشتن چنگیان دایە چیاکانی پشتی سـەراو، لە نێو کەڵوەزو ڕکە بـەردو بەرزایی وگـەوەو لوتکەکانی پشتی سەراودا کە دەڕوانێتە چیای سەربڵندی گمۆ خۆیان کەنار گرت و حەشاردا، شەش کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوەو نۆرەیان دەکرد، ئەو چیاو دۆڵ و قەدپاڵەیان دەبێژا، دوای ڕەوینەوەی دەنگی کۆپتەرەکان و جێهێشتنی ئاسمانی ناوچەکە هەواڵ گەیشت عوسمانی مەلا ڕەسوڵی سەراو شەهید بووە.

بۆ ڕۆژیی دوایی مەفرەزەکە سەراویان جێهێشت و بـەرەو میراوا ڕۆیشتن، هێزێکی گـەورەی پێشمەرگە لە میراوا کۆبوونەوە، بۆ پاراستنی هێزەکەو خۆ دوورگرتن لە پەلاماری داگیرکەر، هێزەکەیان کرد بە چەند بەشێکەوەو هەر چەند پێشمەرگەیەک بەرەو ناوچەیەک ڕۆیشتن.

+ جەمالی عەلی باپیرو هێمن سەراوی و برایم سەراوی و محەمەدی حاجی عەلی و حەمە حەربی و عومەرو کەمالی مەلا عەبدوڵلا بەرەو گرگاشێ گەڕانەوە.

+ بەکرە درێژو جەمالی حاجی شەریف، حەمە ڕەشید و کەمال و جەمال بەرەو شیوە کوێرو کونجرین ڕۆیشتن.

+ ئەحمەد فتح الله ئاغا و هاوڕێکانی بەرەو دڕی و شینکایەتی لە چاو وون بوون.

+ حەمەمین سوورەقەڵاتی بەرەو چەمی سوورەقەڵات داکشا.

+ تالیب ڕۆستەم و مەفرەزەیەک بەرەو شارباژێری تەخت و چنگیان و عازەبان ڕۆیشتن.

بڕیار وابوو دوای چەند ڕۆژێک تێکڕای مەفرەزەکان یەک بگرنەوە.

لە مەفرەزەکەی بەکرە درێژ کە بەرەو کونجرین ڕۆیشتبوون دوو پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە، کەمال و جەمال ئەو دوو پێشمەرگەیە بوون کە لە کونجرین

هەواڵنامەی کتێب

بەرەو شیوە کوێرو کێلێ ڕۆیشتن، چیتر نەگەڕانەوە، ڕۆژ بەرەو لاوازی دەچوو، هێندەی نەما بوو دوا تیشکە لاوازەکانی بە تارمایی شەو بسپێرێ، کەمال و جەمال ووتیان ئێمە بەرەو سوورەقەڵات و کێلێ دەڕۆین، بەکرە درێژو جەمالی حاجی شەریف و حەمە ڕەشید هەستیارانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو، ئەوان ڕۆیشتن و ئەمانیش ملی ڕێگەی سەراویان گرتەبەر.

بەکر هەستی کردبوو ئەم دوانە دەیانەوێت تەسلیم بنەوە بۆیە هەر لە سەرەتاوە دوورەپەرێز بوون لێیان نەکا زەفەریان پێبەرن و ئەمانیش لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچ بکەن. ئەو دوانە لە کاتی پاسەوانی و ئێشکگریاندا فەلسەفەی خۆیان هەبوو فەلسەفەیەک بە زمانێکی سادە بەڵام زمانێک پڕ لە لوغزو توانج و نەهێن گر، جەمال کە حەرەس دەبوو دەیوت با دوژمنان بزانن جەمال حەرەسە کەمالیش کە حەرەس دەبوو دەیوت با دوژمنان بزانن کەمال حەرەسەو ئەمجۆرە لە خۆناساندن و لوغزو نهێنگرییە، بەکری خستبووە گومانەوە، هەرچەند بەکر گەنجێکی سادەو ساکار بوو بەڵام گومانەکەی لە جێگەی خۆیدا بوو.

بەکرو جەمال و حەمە ڕەشید بەرەو سەراو ملی ڕێگەیان گرتەبەر، لە سەراو جەمالی حاجی شەریفیش وازی لێهێنان و لە گەڵیان نەڕۆیشت.

بەکرو حەمە ڕەشید دوانە مانەوە، دوانەیەکی لێک دانەبڕاو چاوساغێکی سەراوی تا خۆڵە پەتەی بردن، لەوێ گەڕایەوە، بەکرو حەمە ڕەشید لە خۆڵە پەتەو بەدیوی کانی کۆلکە ڕەشدا شۆڕبوونەوە، شەو لە کانی کۆلکە ڕەشە مانەوە، پشتیان دابوو بە پشتی یەکەوە، چوونکە سەرما بوو، لە بەر ڕەبیەکانی دەورووبەر نەیاندەتوانی ئاگربکەنەوە، بۆ بەیانی کە سەریان هەڵبڕی و تەماشای دەورووبەریانکرد، لە زنجیرە شاخی دێرێ و شاناخسێ ئاگری ڕەبیەکان لە دوورەوە دەهاتە بەرچاو لە کانی کۆلکە ڕەش ترازان و بەرەو (نورە) هەنگاوەکان هەڵیگرتن، چوونە ماڵی حاجی سەعیدی نورە، نانیان خواردو چوونە کانی خێڵ لەوێشەوە بۆ (ڕەشە قەڵات) مووچەی نورە لە شاناخسێ جێگە نواو پەنای پێشمەرگە بوو لاچەپەک و لادەست بوو، جەیش کە کێوماڵی ناوچەکەی دەکرد بە دوای پێشمەرگەدا دەیانوت (وین قریە نورە).

بەکرو حەمە ڕەشید لە ڕەشە قەڵات مانەوە، لەوێ خۆیان تەریک و کەنار گرتبوو، خۆر بارگەو بنەی دەپێچایەوەو خەریک بوو لە کەل ئاوا بێت، تەماشایان کرد پۆلێک چەکدار لە ژێڵاوە دێن، کە نزیک بوونەوە جەمالی عەلی باپیرو هێمن سەراوی و هاوڕێکانیان بوون، بەکر بەرەو پیریان ڕۆیشت و ووتی ئەرێ لەگەڵ خۆتانمان دەبەن کاک جەمال ووتی ئەی بۆ ناتانبەین، دوای دابڕانێکی چەند ڕۆژی بە یەک شادبوونەوە.

## بـــــەرەو بـــــەردە ســـــپێ

دوای ئەوەی بەکرو حەمە ڕەشید لەگەڵ کاک جەمال یەکیانگرتەوە چوونە گوێزلێ لەویشەوە جارێکیتر بەرەو سەراو گەڕانەوە، لە بەردەسپێ مانەوە، ئێوارە لە ماڵی فەرەجی سەعید بوون، شەویش لە سەر (چاوە)ی چمچمان لە بەردەسپێی ژورو مانەوە.

## پـــــێشنیارو پـــــێنج دیـــــنار

ئەو شەوە لە سەرکانی و چاوەی چمچمان لە (بەردەسپێ)ی ژوورو مانەوە، بەکرە درێژو جەمالی عەلی باپیر بە یەکەوە حەرەس بوون، بەکرە درێژ بە کاک جەمالی ووتبوو دەمەوێ واز لە پێشمەرگایەتی بهێنم و دانیشم، کاک جەمالیش ووتبووی پێشنیارێک بکەو بنووسە، بەکریش ووتبووی جا کاک جەمال پێنج دینارم لە کوێ بوو، جا پێنج دینارم هەبوایە خەمم چیبوو، کاک جەمال ووتبووی پێنج دیناری چی بەکر، ئەڵێم پێشنیارێک بنووسە، کاک جەمال پارچەیەک کاغەزی دەرهێنا بوو ووتبووی لە سەر ئەم کاغەزە بنووسە پێشمەرگایەتی ناکەم، بەکر هەر تێنەگەیشت، هەر دەیووت پێنج دینار زۆرە، پێنج دینارم لە کوێ بوو، ئێستاو ئەو ساش بەکر پێشنیارەکەی نەنووسی چوونکە هەر بە پێنج دینار تێگەیشتبوو پێیوابوو زۆرە.

ئەو شەوە کۆتایی هاتوو لە لووتی گمۆوە تاڵە تیشکەکانی کازیوە سەری دەرهێناو خۆی نیشاندان، هێشتا هەتاو نەیدابووە ناو چاوەی چمچمان، هێشتا بەردەکانی

ئەمبەراوبەری بەردەسپیێ گەرم نەبووبوون بەرەو ماڵی حاجی فەقێ ڕەشیدی سەراو ڕۆیشتن کەچوونە ئەوێ عەلی چوارتایی و عەبدولمەلیک پەیدابوون، ئەوان قیادە مۆەقەتە بوون،

بەکرە درێژ ووتی دەچمە لای عەلی چوارتایی کاک جەمالیش ووتی بە دڵی خۆت بکە.

بەکر چووە لای (عەلی چوارتایی و عەبدول مەلیک) پاش کەمێک لە سەراو ڕۆیشتن و لە گمۆ ئاوا بوون.

## سـەراو مـەملەکەتی شـۆڕش

سـەراو بە شاخە تیژو بڕندەکانی، بە گـردوو یاڵ و لوتکە سـەر لە هەور گیرکردووەکانی، بـەدار گوێزو چنارە کەڵەگەتەکانی، بە کانیاوو خـوڕەی ئاوو لەنجەی درەختە باڵابەرزەکانی سرووشتێکی جوان و دڵگیری نەخشاندووە تا چاو بڕکات دارو درەخت و سەوزایی و ڕەزو باخ و کێڵگەیە، کانی و کارێزی پڕ ئاوو گوڵ و گوڵ خونچە و باخچەیە.

جگە لە ناو دێ یان ناوەندی دێ، لە ١٢ موچەی جیاوازو دوور لە یەک پێکهاتووە، سنوورەکانی هێند فراوان و گەورەن، لە ڕۆژهەڵاتیەوە دێرێ و شاناخسێ و شاخەبەرزو تـەورداس و کۆسارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ڕۆژئاواش میراواو ئامادین و کوڕاداوێ و کونجرینە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سیوەیل و لە باکوری ڕۆژهەڵاتیش شەشۆو سپیدارەو ماوەتە.

بە ناودێ و لوتکەکانی کونەڕۆن و گمۆو بەڵاڵوکاوێ و بە قەدپاڵ و لاپاڵ و کێوو لاشیوەکانییەوە زیاتر لە ٤٠٠ کانی سازگارو فێنک و ڕوون و بە خوڕەی هەیە، فێنکی و سازگاری کانیاوەکانی بەناوبانگن و مرۆڤ مەست دەکەن.

مووچەکانی دێی سەراو لە خوڕخوڕ، بەری مەندێ، قسنێ، تۆزین، مەحمود چاوە، مێوە سوراو، کولەکان، شەکراو، ڕەزی سێوکان، ڕەزی قۆخان، بەردەسپێ، بەری هەسەن پێکهاتون.

سەرچاوەی ئابووری خەڵکەکەی توتن و گوێزو میوەو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە.

شیوی قوڵ و بیشەو بێشەو بێشەلان و شاخی یاخی و گیرو پەناو پەسێرو ئەشکەوت و گاشە بەردوو لا شان و قەدپاڵ و موچە فراوانەکانی یارمەتیدەرو پەناگەیەکی گەورەی هێزی پێشمەرگە بوو، پەناو دالدەیەکی باش بون بۆ مانەوەی پێشمەرگە.

جگە لە هـۆکارو خەسڵەتی جوگرافی، دڵسـۆزی و نیشتمان پـەروەری و شۆڕشگێڕی خەڵکەکەی، هێندەیتر سەراوی کردبووە جێگە متمانەی پێشمەرگە، کردبوویە جێگەی حەوانەوەو نوایەکی ئارام، کردبوویە لانکی کۆرپەی شۆڕش، هەواری دڵگیری شۆڕش، مەملەکەتی شۆڕش و قوربانیدان,

## جـــاش پـــــێشمەرگە

سەرەتاکانی شـۆڕش سەخت و دژوارو ئاڵۆز بـوون، حزبی بەعس چەندین کەسی ناردبووە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەو شەڕواڵێکی کوردیان لە بەرکردبوو ناویان لە خۆیان نابوو پێشمەرگە هەر بە ڕاستیش پێشمەرگە بوون لە ڕیزی هێزە سیاسییەکاندا خۆیان پەنا دابوو، بە ناو پێشمەرگەو بە ناوەڕۆک جاش و جاسوس و ڕاوو ڕوت چی، نموونەکانی جاش پێشمەرگە لە پێنجوێن و شارباژێڕ و ناوچەکانی دیکەش زۆر بوون، کە دەیانویست ناوی پێشمەرگە بزڕێنن و ناشرینی بکەن، کەسایەتی و ناوبانگی پێشمەرگە لەکەدار بکەن، لە بنەڕەتدا وەزیفەو ئەرکی ئەو دەستەیە ئەوە بوو، نموونەیەکی ناشرین نیشانی خەڵک بدەن لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا.

ئەو جاش پێشمەرگانە لە دێهاتەکانی کوردستان دا:

١- شێوازی ناشرینیان لە مامەڵە کردن لەگەڵ جوتیاران و لادێ نشینەکان بەکاردێنا و سەرانەیان لە خەڵکی دێیەکان دەسەند.

٢- بێگاریان بە خەڵک دەکردوو بێ ڕێزیان بەرانبەر دەکردن.

٣- دەعوەت و بە زۆر سەربڕینی مەڕو بزن و داوای خواردنی شاهانەیان لە دێهاتەکان دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

٤- لە خەڵکی دێهاتەکانیان ئەداو ئازاریان ئەدان.

٥- پارەو پولیان لە دێهاتیەکان دەسەندوو ڕاوو ڕووتیان ئەنجام دەدا.

٦- بەشێکیشیان لە کاتی وەرگرتنی تەعویزی لادێکاندا دەچوونە سەریان و هەر ماڵەی ٣٠٠ دیناریان لێدەسەندن، بێ فەرمانی شۆڕش.

٧- دەستیان بە سەر ئاژەڵ و وڵاخی خەڵکدا دەگرت.

٨- دوور بوون لە ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگە و داماڵدرا بوون لە هەموو بەهاکانی شۆڕش.

ئەم شێوازانە و دەیان شێوازیتریان بەکار دێنا تا ناووناوبانگی پێشمەرگە لەکەدار بکەن و وێنەیەکی ناشرینی پێشمەرگە و شۆڕش نیشانی خەڵک بدەن.

ئەم جۆرە کەسانە و ئەو هەڵسوکەوتانەیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ تا ناوەڕاستی(١٩٧٨)ی خایاند، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای خۆکۆکردنەوەو خۆڕێکخستنەوەو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش، ئەو چەتەگەری و ڕاوو ڕووت و پاشاگەردانیەی نەهێشت، هەندێک لەوانە تەمێ کران و چەک کران و سزادران، هەندێکیشیان تەسلیم بوونەوەو چوونەوە باوەشی ڕژێم.

## تەسلیم بوونەوەی عەبدولمەلیک

عەبدولمەلیک و ملازم ستار بەرپرس و پێشمەرگەی قیادە موەقەتە (سەرکردایەتی کاتی) ، لە کۆبوونەوەی بۆسکاندا بڕیاری تەسلیم بوونەوەیاندا .

عبدالمەلیک و هاوەڵەکانی دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو، کەس نەیدەوێرا بڵێ نەخێر ئێمە تەسلیم نابینەوە،

عوسمان پێشمەرگەیەکی هێزەکە بوو بەچپەوە بە بەکرە درێژی ووت، دەمانفرۆشن، دەیانەوێ تەسلیمان بکەنەوە، بەکر نارەزایی دەربڕی بە عەلی چوارتایی ووت ، من تەسلیم نابمەوە، عەلی چوارتایی ووتی بڕوات بە من بێت منیش تەسلیم نابمەوە، بەڵام دەبێ فێڵیان لێبکەین تا ڕزگارمان بێت،بۆیە ئەمانیش ووتیان ئێمەش وەڕزو بێزارین، کوردایەتی بۆ کێ بکەین، تەسلیم ئەبینەوە، ئیتر بوو بە چەپڵە ڕێزان.

پێشمەرگەیەک تفەنگێکی بردبوو عەلی چوارتایی ووتی ناهێڵم بە سەریەوە بچێ بەو بیانویە وتیان ئێمە دەڕۆین بە دوایدا .

تەسلیم چیەکان وتیان باشە ئێوە بڕۆن بە دوایدا بەڵام با مامەو ڕەحمان لای ئێمە بێت، وەکو بارمتە گلیان دایەوە، نەبا عەلی چوارتایی نەیەتەوە، مامەو ڕەحمان وتی بڕۆن خەمی منتان نەبێ من خۆم ڕزگار دەکەم.

عەلی چوارتایی و بەکرە درێژو غەفور ژەنگژی و سەعدون و جەلالی عەلی ورگە چوونە دێگەڵ لەوێشەوە بۆ گۆڕانکە لە دەستی عەبدولمەلیک ڕزگاریان بوو، عەلی چوارتایی نامەیەکی بۆ عەبدولمەلیک نووسی، (هێزەکانی یەکێتی چواردەوری گرتوون فریای خۆتانکەون ئێمە مەجالمان نییە بگەینە لاتان، دواتر ئێمەش دێین).

نامەکە گەیشتە تەسلیم چیەکان، لەگەڵ گەیشتنی نامەکە مامەو ڕەحمانیان ناردبوو دۆشکەیەکیان شاردبۆوە لای برایم ئاغایان دانابوو، دۆشکەکە بێنێ و تەسلیمی بکاتەوە، بەڵام مامەو ڕەحمان دۆشکەکەی لای (حەمەمین ئاغا) شاردبوەوەو گەڕایەوە لای عەلی چوارتایی، بەڵام دوایی دۆشکەکە هەر تەسلیم کرایەوە.

عەبدولمەلیک و هاوکارەکانی تەسلیم بوونەوە، کۆپتەرەکانی ڕژێم هاتنە شیوەکەڵ، سەرکەوتن و تەسلیم بە داگیرکەری بەعس بوونەوە.

عەلی چوارتایی و مەفرەزەکەی دەیانتوانی عەبدولمەلیک و ئەوانە بکوژن کە دەیانویست تەسلیم بە ڕژێم ببنەوە، بەڵام بۆیە نەیانکوشتن تا نەبنە قارەمان و شەهیدی گەل، چوونکە ئەگەر بیانکوشتنایە کەس بڕوای نەدەکرد ویستویانە تەسلیم ببنەوەو پەیوەندیان لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکانی حزبی بەعس دا هەبووە.

بەڵام بە تەسلیمبوونەوەیان و هاتنی کۆپتەر بۆ پێشوازیان لە شیوەکەڵ خۆیان پێناسەی خۆیانکرد.

## قـــــیادە مـــوەقەتە لە نـــاوچەی ســـــلێمانی

سەبارەت بەم تاقمە نەوشیروان مستەفا لە کتێبی لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لە ژێر سەردێڕی قیادە مۆقەتە لە ناوچەی سلێمانی لە لاپەڕە (٢١٨) دانووسیویەتی...

هێزەکانی قیادە مۆقەتە کشابوونەوە بۆ سیوەیل، خۆیان لە گوندەکانی شاخی سورکێو قایم کردبوو، لە مەڵبەندەکانی سۆراندا لە چەند جێگایەکی کەم مابوون یەکێکیان ئەم ناوچەیە بوو، عەبدولمەلیک عەلی عوسمان و ستاری سەعید خەڵەف لە بەرپرسە ناسراوەکانیان بوون، ستار لە سەر داوای کۆمەڵەو عەبدولمەلیک لە سەر داوای بزووتنەوە هاتبوونە شاخ و بووبوون بە پێشمەرگە، لە سەر ئەوەی پلەی بەرزی لێپرسراوەتییان نەدرابوویە، وازیان لە یەکێتی هێنابوو ببوون بە قیادە موەقەتە.

ئەم تاقمە جگە لەوەی لە ڕووی سیاسیەوە لەگەڵ ئێمە ناکۆک بوون، وەکو باندێکی ناسیاسی جەردە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵک دەکرد، خەریک بوو ئابڕووی شۆڕش و پێشمەرگایەتیان دەبرد، پارەی زۆریان لە خەڵک ئەسەند، ڕێگایان بە کاروانی قاچاخچی ئەگرت، لە خەڵکیان ئەدا، خەڵکیان ئەکوشت، لەوەش خراپتر دەستدرێژیان ئەکردە سەر نامووسی خەڵک و لە ماڵی هەندێ لە پیاو ماقوڵ و ڕیش سپیەکانی ناوچەکەدا بە تۆپزی بەزمی خواردنەوەو ڕابواردنیان ساز ئەکرد، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو چارەسەر بکرێن.

## گەڕانەوەی عەلی چوارتایی

عەلی چوارتایی و هاوڕێکانی نامەیەکیان بە (ڕەسوڵ گرگاشەیی) دا بۆ جەمالی عەلی باپیر ناردو بەرەو موسەک و تیمار بەڕێکەوتن، ڕەسوڵ نامەکەی دابووە کاک جەمال و ووتبوی لە موسەک و تیمارن.

عەلی چوارتایی و پێشمەرگەکانی هاوەڵی لە مووسەکەوە بەرەو گرگاشێ بەڕێکەوتن، لە چۆمان پۆلێک چەکداریان بەدیکرد، دەنگیاندان، ئێوە کێن، ووتیان جەمالی عەلی باپیر، ئەمانیش وتیان عەلی چوارتایی، لێرەوە هێزەکانیان تێکەڵ کردوو بوونە پێشمەرگەی یەکێتی.

## لـــــێدانی دوژمـــــن

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١٢/١ لە نێوان کونەماسی و مارەڕەش کاروانێکی سەربازییان گوللە بارانکرد

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١٢/٢٩ چوونە ناو شاری سلێمانی و تووشی بۆسەیەکی پۆلیس بوون پێشمەرگەکان توانیان بۆسەکە بشکێنن

## زیانی دوژمن

کوژرانی پۆلیسێک و دەستکەوت ١ کلاشنکۆف

## ئـــــاهەنگی کـــــانی دارۆغـــــان

حکومەتی عێراق ژمارەیەکی زۆری لە کەس و کارو خێزانی پێشمەرگەی دەستگیر کردبوو، لە زیندانەکانی بەعسدا ئازاری دەروونی و جەستەییان دەدان، تا پێشمەرگە ناچار بە تەسلیم بوونەوە بکەن، بەڵام ئەمجۆرە سیاسەتە نەیتوانی کاریگەری لە سەر وورەی پێشمەرگە دابنێ، بۆیە ناچار حکومەت کەسووکاری پێشمەرگەکانی ئازاد کرد.

یەکێک لەو پێشمەرگانەی کەسووکاری زیندانی کرابوو عەلی چوارتایی بوو، بە بۆنەی ئازادبوونی خێزانەکەیەوە بزنێکی بۆ پێشمەرگەکان کڕی و لە مزگەوتەکەی کانی دارۆغان بزنەکەیان خواردوو ئاهەنگێکی سروددوو گۆرانیان ڕێکخست جگە لە عەلی چوارتایی و جەمالی عەلی باپیر چەندین پێشمەرگەیتر ئامادەی شەوە ئاهەنگەکە بوون، گۆرانی بێژەکانی ئەو شەوە ئاهەنگە، ئیبراهیم سەراوی ، برایمی فاتە دێرەیی و عەبەی مەلابوون، کە دواتر هەردووکیان شەهید بوون.

تۆماری ئەو شەوە ئاهەنگە لە ئەرشیفی نووسەردا ماوەو پارێزراوە، سەرەتا پێشمەرگەیەک بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

(١٩٧٨)ە لە دێی کانی دارۆغان دانیشتوین لە مزگەوتەکە، جەماعەت کاک جەمالی عەلی باپیر، کاک عەلی چوارتایی ، کاک شێرکۆ، شێخ برایم کە ڕۆیشتووە قەیناکە، کاک شیروان، کاک هۆشیار، بەکرە درێژ، ساماڵ، ئاوات، ئاسۆ، نەوزاد، محەمەد،

سوارە، نەوزاد عەرەبەکە، ئەمانەوێ ئاهەنگێکی خۆش بگێڕین بە بۆنەی بەربوونی عایلەی پێشمەرگەوە، زۆر سوپاسی کاک عەلی چوارتایی دەکەین بزنێکی بۆ سەر بڕیوین ئەمما قوڕگی گرتووە، ئیتر کێ قسەی هەیە بیکات.

جەمالی عەلی باپیر قسە دەکات و دەڵێ، بە موناسەبەتی ئەوەی کە کاک عەلی الحەمدو لیللا کەسووکارەکەی بەر بووە لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە ئەمجارەش خێزانەکەی بگیرێتەوە هەموو بڵێن ئامین، بۆ ئەوەی جارێکیتریش حەیوانێکمان بۆ سەر بڕێتەوە.

لێرە بەدوا شەوە ئاهەنگێکی جوان بە دوو دەنگی زوڵاڵ دەستیپێکرد، دەنگی هەر دوو شەهید عەبدوڵڵای مەلاو برایم سەراوی، لەو شەوەدا زۆرترین شادیان بە پێشمەرگە بەخشی.

جگە لە بەستەو مەقام، عەبدوڵڵای مەلا سرووودێک دەڵێت.

**خەبات با بکەین بۆ یەکێتی کار**

**لە کێڵگەی لادێ و کارگەکانی شار**

**خەبات با بکەین بە دڵ و بە گیان**

**بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان**

شەوە ئاهەنگێکی پڕ لە یادگاری شیرین، یادگاری پیاوە مل کەڵ و کەم وێنەکانی کوردستان، پیاوانی خۆرهەڵاتن.

## ڕەبـــــییەی ســـــورەزێ

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/١/١٥ لەکاتی هێنانی ئازوقە بۆڕەبییەکانیان لە سورەزێ ژمارەیەک سەربازیان گوللە بارانکرد

## ســــــەیتەرەی دەبـــــاشان

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/١٣ بە ئاربی جی لە سەیتەرەی دەباشان نزیک سلێمانییاندا

زیانی دوژمن

کوژرانی ٩ سەرباز، بریندابوونی ٣ سەرباز.

*تاقمە جاشێک لە ١٩٧٨/٢/٢٥ پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیاندا لە دێی چنگیان دوای شەڕێکی کورت پێشمەرگەکان ڕزگاریان بوو.

زیانی دوژمـن کـوژرانی چەند جاشێک، قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی ئەبو بەکر عەبدوڵلا.

## شـــــــیوەکەڵ

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٣/١٩ بە ئاربی جی لە مەخفەری شێوەکەڵیاندا

## لێـــــدانی مـــــەخفەری چـــــوارتا

لە ١٩٧٨/٤/٦ مەخفەری چوارتا کە چوار تەن (تی ئێن تی) دائیرەی ئیشغالی لێدانرابوو تەقێندرایەوە

بینای مەخفەرەکە کە پێکهاتبوو لە (٢٤) ژوور بەتەواوەتی خاپوور بوو هەرچی کەلوپەلی تیدابوو فەوتا، دوژمن زیانی گەورەی بەرکەوت بەمجۆرە

کوژران و بریندابوونی (١٥٦) کەس لەناویدا ٣ معاون پۆلیس، ١ معاونی ئەمن، ٢٧ ئەمن و لیپرسراوی دووەمی مونەزەمەی حیزبی بەعس

*مەفرەزەیکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٤/٢٦ بە ئاربی جی لە هێزێکی دوژمنیاندا لە بایزاوا هەمان شەو لە هێزێکی تری دوژمنیاندا لە کونەماسی.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٤/٢٨ بە ئار بی جی لەسەربازگەی کاریزەیاندا ٩ سەرباز کوژران و ٣ سەرباز بریندابوون

## زنـــــجیرەیەك چـــــالاكی

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٥/٨ داروو پەردووی ئۆردوگای زۆرە ملێی کەناروییان سووتاند کە بایی (٧٨٠٠٠) دینار بوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٥/١٢ لەناو شاری سلێمانی ئۆتۆمبێلێکی دوژمنیان گوللە بارانکرد، ٣ ئەمن و شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کوژران.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٥/٢٠ چوونە ناو شاری سلێمانی و لە چەکدارەکانی دوژمنیاندا ٣ پۆلیس کوژران.

*مەرفرەزەیکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٥/٣٠ چوونە ناو شاری سلێمانی لە نزیک ئەسحابە سپی ئۆتۆمبێلێکی دوژمنیان گوللەبارانکرد پۆلیسێک کوژراو دوو پۆلیس بریندابوون

## هـــــــاتنی کـــــاك نـــــــەوشیروان

کاک نەوشیروان و مستەفا چاوڕەش و پۆلێک پێشمەرگە لە دێی چۆخماخ بوون، بەرەو خەمزە بەڕێوەبوون کە هەواڵی شەهید بوونی «شاسوار جەلال» ناسراو بە «کاک ئارام « یان لە دێی تەنگیسەر پێگەیشت، هەواڵێکی دڵتەزێن و بەسوێ بوو، کە گەیشتنە خەمزە لە لایەن ڕێکخستنەکانەوە پێشوازیان لێکراو بۆ پشوویەکی کورت و نانخواردن دایانمەزراندن لەوێشەوە بەرەو سیرەمێرگ بەڕێکەوتن، دوای نانخواردن لە سیرەمێرگەوە بەرەو تەگەران بەڕێکەوتن و لەوێشەوە بەرەو گەڕەدێ و چنگیان.

لە چنگیان کۆبوونەوەیەک ڕێکخراو، کاک نەوشیروان بە هاوکاری مولازم عومەرو سالار عەزیز هەندێک لە، هێزەکانی ڕێکخستەوە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا مەفرەزەکان درووستکران و فەرماندەی مەفرەزەکانیش دەستنیشان کران کە پێکهاتبوون لە « عوسمانی قادر منەوەر، مستەفا چاوڕەش، محمود ڕەشید نەبەز، کەریم دادە مەنە، جەمالی عەلی باپیر، دەرسیم، ئەحمەد فتح الله ئاغا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا عەلی چوارتایی و بەکری حاجی سەفەر بەشداربوون.

## هـــــــێرش بۆ چـــــــنگیان

بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی لە دەنگی تەقە وەخەبەرهاتن، دیارە دوژمن زانیبووی کە نەوشیروان مستەفا و پۆلێک پێشمەرگە لە چنگیانن بۆیە چواردەوری دێیەکەیان گرتبوو، جەیش و جاشێکی زۆر هێرشیان دەست پێکرد هەشت پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی عوسمان قادر منەوەر چوبوونە چایخانەکەی «قەیماسە» لەوێ

کەوتبوونە بۆسەی دوژمنەوەو دەستگیر کران، دواتر ڕژێمی عێراقی هەر هەشت پێشمەرگە دیلەکەی لە سێدارە دا.

دێی چنگیان لە دۆڵێکی بە شاخ و کێو دەورە دراو هەڵکەوتووە هەر کە تەقە دەستپێکرد، کاک نەوشیروان و مولازم عومەرو سالار عەزیز و مستەفا چاوڕەش و ژمارەیەکی دیکە بەرەو بەرزاییەکانی پشتی چنگیان خۆیان دەرباز کردوو هەندێکیش ڕووەو دێی باراو ژمارەیەکیش لە نێو دارو دەوەن و پەناو پەسێری کێوەکاندا مابوونەوە، لەگەڵ ڕووناکی بەیانیدا لە قەرەوڵی تفەنگەکانی دوژمن ڕزگاریان بوو، ئێوارە گەڕانەوە چنگیان، لەوێشەوە بەرەو باراو بەڕێکەوتن و لەوێ هێزەکە یەکیان گرتەوە.

دوای یەکگرتنەوەیان بەرەو چەمی شلێر و ناوچەی پێنجوێن بەڕێکەوتن، بە دێیەکانی مامەندەو پارەزاندا تێپەڕین، لەو دەمەدا « شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی و دکتۆر خالید سەعید) هاتبوونە سنووری پێنجوێن لەوێ لەگەڵ هێزەکەی کاک نەوشیروان یەکیان گرتەوە، دواتر بەرەو ناوچەی سیوەیل بەڕێکەوتن و گەیشتنە بارێی گەورە و بچووک، لەو ناوە ڕەبیەی دوژمنی لێبوو، تەقەیان لە هێزەکە کرد، هێزەکە بەرەو ناوچەی ئالان بەڕێوەبوو لە مووسەک و شابەدین و مەروێ و شاناخسێ لە چەمی کەلۆێ بە سیم پەڕینەوە بۆ بەری ئێران، بۆ لای مامجەلال.

## بـــــــۆسەو پـــــەلاماری دوژمـــــن

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٦ هێزێکی دوژمن بەمەبەستی لەناوبردنی مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) پەلاماری چنگیانیدا، دوای دوو کاتژمێر شەڕو ڕووبەڕووبونەوە مەفرەزەکەی هەرێمی (٣) بە سەلامەتی ڕزگاربوون.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٦/٨ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی تەگەران – قەلاچوالان بۆ قۆنتەراتچی و کرێکارەکانی ئۆردوگای زۆرە ملێی قەلاچوالان دانا دوای گرتن و ئامۆژگاریکردنیان ئازادیانکردن.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٧/٦/١٠ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا ئۆتۆمبێلێکی نەجدە کەوتە بۆسەکەوە،

لەئەنجامدا پۆلیسێک بریندابوو ئۆتۆمبێلەکەش تێکشێندرا.

*پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٦/١٠ لەناو شاری سلێمانی نارنجۆکێکی هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە ئەنجامدا ٦ سەرباز کوژران.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٦/٢٤ بۆسەیەکیان بۆ سەربازەکانی کەڵکە سیر نزیک باسنێ دانا، سێ سەرباز کوژران و سەربازێک بریندابوو.

## هــــــــەرێمی 3ی شـــــــــارباژێڕ

پاش بەرێکەوتنی هێزێک بۆ هەکاری ژمارەیەکی بەرچاو پێشمەرگە لە سنووری هەرێمی (٣)ی شارباژێڕ مابوونەوە مەحمود کەشکۆڵ ئەو سەردەمە فەرماندەی هەرێمی ٣ بوو، ئەحمەدی فتح الله ئاغاش جێگری بوو، مستەفا چاورەش وەکو فەرماندەی کەرت، لە کارەساتی هەکاری مەحموود کەشکۆڵ بەدیل گیرا، ئەحمەد فتح الله ئاغا ئیشووکاری هەرێمەکەی ڕادەپەڕاند ئەو سەردەمە ئەگەر فەرماندەی هەرێم کۆمەڵە بووایە دەبووایە جێگرەکەی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بێت چونکە خولە کەشکۆڵ لە هەکاری دیل کرابوو ئەحمەد فتح الله ڕۆڵی فەرماندەی هەرێمی دەبینی، عەلی چوارتایی و هێمن سەراوی کە لە هێزەکەی جەمالی عەلی باپیر بوو، کاک شۆڕش ئیسماعیل و کاک وەهاب کادێری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوون لە ناوچەکەدا مابوونەوەو بە دێیەکاندا دەگەڕان تا خۆیان نیشان بدەن و ئیسپاتی مانەوەی خۆیان بکەن.

## شــــــــەڕی بــــــیشوانی دڕی 1978/6/21

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٢٠ ڕۆژێک پێش وەرزی کۆتایی بەهارێکی درەنگ وەخت، مستەفا چاورەش و دەستەیەک پێشمەرگە لە دێی میراواوە بەرەو دۆڵی (بەردە سپێ) ی سەراو بەرێکەوتن کە ئەحمەد فتح الله و پۆلێک پێشمەرگە لە کەڵکی خۆڵە پەتەوە بەرەو بەردەسپێ و ڕەزی قۆخان شۆڕ بوونەوە، لە ڕێگا کاک مستەفا و ئەحمەد فەتحوڵڵا بە دیداری یەکتری شاد بوون، خانەی موعینیش لەگەڵ ئەحمەد فتح الله بوو، دوای دیدارێکی کورت لە بن دار مازوارێکی ئەو سەرە ڕێیەی دێی

سەراو ئەحمەد فەتحوڵڵا و هێزەکەی بەرەو یالانقۆز بەڕێکەوتن، خانەش لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشت، دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ خۆر لە ئاوابووندابوو کە ئەحمەد فتح الله و هاوڕێکانی گەیشتنە دێی یالانقۆزو لەوێشەوە بۆ هاوینە هەواری بیشوانی دری بەڕێکەوتن و لەوێ بارگە و هەواریان خست.

تاریک و ڕوونی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٢١ سەرەتای یەکەم ڕۆژی وەرزی هاوین، دانیشتوانی دری و بەرسماق و ماوەت و یالانقۆزو ژاژڵە لە دەنگی تەقە وەخەبەرهاتن، دوژمن بە هێزێکی زۆرو بێ شومارەوە هێرشی بردە سەر ئەو پۆلە پێشمەرگەیە کە لە بیشوانی دری بوون، پێشمەرگە بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد، بەڵام هێزی داگیرکەر گەورەو بێ شومار بوو بە پشتیوانی تۆپ و چەکی قورس و کۆپتەر ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بوونەوە، لە ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بون، ئەحمەدی فتح الله ئاغا جێگری فەرماندەی هەرێمی ٣ و پۆلێک پێشمەرگە بە خوێنی گەشیان ئەو داستانەیان نووسییەوە کە ئەم نەمرانەن:

- ئەحمەد فتح الله ئاغا جێگری فەرماندەی هەرێم خەڵکی دری
- محەمەدی حاجی عەلی سەراوی
- عوسمان عەریف مەجید
- فەرەیدون حاجی برایم چاوشوشە
- جەزا مستەفا سەعید ماشانی
- خانەی موعێنی
- مستەفا حەمە عەلی دەمرکانی بەدیل گیرا لە بەرکەمی تەمەن ئیعدام نەکراو بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا دواتر گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە.
- کوڕێکی عوسمان قامیشی ئەویش لە بەرکەمی تەمەن ئیعدام نەکراو بەلێبووردنی گشتی ئازاد کرا.

مامۆستا غەفور ژاژڵەیی کادێرو سەرکردەیەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەو شەڕەدا بریندار بوو، بە حوکمی شارەزایی ناوچەکە لە چەمی بەر بەردەوە لەگەڵ ئاسۆی شێخ عارفی کوڕەداوێ ڕزگاریان بوو، مامۆستا غەفور

سەرکردەی ناسراوی بزووتنەوەی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو چەند مانگێک دوای بریندار بوونی بەدەستی خیانەت شەهید کرا.

خانەی موعێنی، یەکێک لە کادێرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران بوو، لەڕێگەی مامۆستا صلاح الدینی موهتەدی و محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ تەسلیمی هێزی پێشمەرگە کرابوو تا بیگەیەننە سەرکردایەتی بۆ لای هەڤاڵ مامجەلال، بەڵام مخابن لەو داستانەدا شەهید بوو، خانە خەڵکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە خێزانێکی ناسراوو نیشتمان پەروەرو برای شەهیدان (سلێمان موعێنی و عەبدوڵڵای موعێنی) یە.

کەسووکاری شەهید عوسمان عەریف مەجید چووبوون تا تەرمی شەهید عوسمان بهێننەوە، بەڵام تەرمی خانەیان هێنابووە، لە کاتی شتن و بە خاک سپاردن زانیبوویان کە ئەوە تەرمی شەهید خانەیە، بەڵام وەکو تەرمی شەهید عوسمانی کوڕیان بەو پەڕی ڕێزو خۆشەویستییەوە بە خاکیان سپارد.

شەهید بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە خەمێکی قورس و خەسارەتێکی گەورە بوو، هەر بۆیە دوای بیستنی هەواڵی شەهید بوونی ئەحمەد فتح الله و هاوڕێکانی، مستەفا چاوڕەش نامەیەکی بە حاجی چاوشیندا نارد بۆ مامجەلال، دوای چەند ڕۆژێک وەڵامی نامەکەی مام جەلال هاتەوەو سەرەخۆشی لێکردبوون و ڕێنمایی کردبوون و ئەرکی تازەشی بە مستەفا چاوڕەش سپاردبوو کە وەکو جێگری فەرماندەی هەرێم دەستبەکاربێت تا خولە کەشکۆڵ دەگەڕێتەوە کە لای قیادە مۆقەتە سجن بوو، خولە کەشکۆڵ لە سجن هەڵات بەڵام نەگەڕایەوە هەرێم، بۆیە بە نامە و فەرمانێکی کاک نەوشیروان کاک مستەفا کرایە فەرماندەی هەرێمی (٣) ی شارباژێڕ.

عەلی چوارتایی فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی (٣) بوو، فەرماندەیەکی ئازاو چالاک و نەترس و پیاوێکی سەنگین بوو، ئاسۆی شێخ عارف و غەریب گەنکەیی فەرماندەی مەفرەزە بوون لە کەرتەکەی، تاڵیب کوێخا عەبدوڵڵا جێگری کەرت و هاوڕێ سۆران ڕێبەری سیاسی کەرت بوو لە سنووری چوارتا و شارباژێڕ

بە گشتی، چالاکیان ئەنجام دەداو دەستیان لە دوژمن دەوەشاند، بەڕێنمایی ڕێکخستنەکانی ناو چوارتا و لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٨ بە چاو ساغی حەمەمینی خەیاتە بەرزەو و حاجی ئاراس، هاتنە ناو چوارتا و قومبەلەی تەوقیت کراویان بۆ سەربازگەیەکی ڕژێم داناو تەقیەوە، لە تۆڵەی ئەو چالاکییەدا ٣٠٠-٤٠٠ کەسیان کۆکردەوەو ژمارەیەکیان لێدەستگیرکردن.

لە هەمان ساڵداو بۆ جاری دووەم عەلی چوارتایی لە ناو چوارتاوە دوو ساروخی ئاڕاستەی ماڵی قایمقامی ئەو دەمی چوارتا کرد.

حەمەمین و مامۆستا جەمال لە کەرتی ٤ی هەرێمی ٣ دوو ئار بی جی یان نا بە ڕەبیەیەکی پشتی چوارتاوە.

## کـــــــانی ژاژڵـــــە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٧/١٤ بۆسەیەکیان بۆ سەربازەکانی دوژمن لە کانی ژاژڵە دانا لەوبۆسەیەدا دوو عەریف کوژران و سەربازێک بریندار بوو

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٧/١٦ لەنێوان شانەخشێ و مەروێ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و ناقیلەیەک کەوتە بۆسەکەوە کلاشنکۆفێک دەستکەوت بوو

لەبەرانیەردا دوژمن کەوتە تۆپبارانی کوێرانەی شانەخشێ و سێ کەسی خێزانێکی شەهید کرد بەمناوانە

١- شەهید محەد حاجی سەعید

٢- شەهید خاتوون حاجی ئیسماعیل

٣- شەهید ئالان محەمەد حاجی سەعید تەمەن یەک ساڵ

## هـــــاتنە خـــوارەوەی کاك نــــــەوشیروان

کاک نەوشیروان هاتبووە خوارەوە بۆ شارباژێر، ماوەیەک لەگەڵ کەرتی یەکی هەرێمی (٣) مابووەوە لە نزیکەوە چاودێری دۆخی ناوچەکە و جموجۆڵەکانی ڕژێم و هێزی پێشمەرگەی دەکرد.

وەکو تێکڕای پێشمەرگەکانی تر حەرەسیاتی دەگرت بە تایبەتی دوا حەرەسی بەیانی کە زۆربەی هێرشەکانی ڕژێم لە بەیانیانبوو، شەوێک بەکرە درێژ پێش دوا حەرەس بوو، دوای تەواو بوونی حەرەسیاتەکەی کاک نەوشیروانی خەبەر کردبووەوە، بەکر نەخەوتبوەوە، کاک نەوشیروان ووتبووی کوڕی باش کە نەخەوتیتەوە بۆ خەبەرت کردمەوە، بەکریش ووتبووی ئەگەر شتێک ڕویبدایە کێ بەرپرسیار دەبوو، کاک نەوشیروان ووتبووی ڕاستدەکەیت.

## فـــــــەرمون بـــــــــلەوەڕێن

خەڵکی ناوچەکە نەیاندەزانی کاک نەوشیروانە، وایان دەزانی پێشمەرگەیەکی هەرێمەکەیە، ڕۆژێک لە بارێوە بەرەو موسەک چوبوون، لە موسەک لایان دابوو چوبوونە ماڵێک، کولێرەی گەرم و دۆیان بۆ دانابوون، کابانی ماڵەکە ووتبووی دەفەرمون بلەوەڕێن، بەکر دەستی کردبوو بە پێکەنین، کاک نەوشیروان ووتبووی بە چی پێدەکەنی، بەکر ووتبووی بۆ ئێمە چین بلەوەڕێین، کاک نەوشیروان ووتبووی کاکە ئەوە کوردایەتی یە، ئەلەوەڕێین و نالەوەڕێین و، ئیتر ببوو بە پێکەنین.

## شـــــــەڕی خـــــــەمزە

هێزێکی دوژمـن کەپێکهاتبوو لـە جەیش و جـاش لـە ١٩٧٨/٨/٣ پـەلامـاری مەفرەزەیەکی هەرێمی سێیاندا لە دێی خەمزە، دوای شەڕێکی چوار کاتژمێری پێشمەرگەکان بێ زیان دەربازبوون.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ٣ لە ١٩٧٨/٨/٩ بە ئاربی جی لە ماڵی قایمقامی قەزای چوارتایاندا کە هێزێکی سەربازی لە چواردەوریبوو لە ئەنجامدا سێ سەرباز و پاسەوانێک کوژران و دوو سەرباز برینداربوون

لەوکاتەدا بارەگای فەوجی سەربازی چوراتا شڵەژابوون لەناو خۆیاندا کردبوویان بە تەقە چەند کەسێکیان لەیەکتری بریندارکردبوو

## بـــــەردەسپـــی

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/٩/١٣ هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە بەردەسپیان، سەربازێک کوژراو سەربازێک برینداربوو

ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢٧ لە نێوان چنگیان و باراو فرۆکەیەکی دوژمن هێزی بۆ مەفرەزەیەکی هەرێمی(٣) دابەزاند دوای شەڕێکی سەخت دوو مەفرەزەی لقی دوو هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوە هێزەکەی دوژمن هەڵاتن و زەرەرو زیانیان لێکەوت.

## شـــەهیدکردنی مـــامۆستا غـــەفور

١٩٧٨/١٠/٧دوو تاوانبار مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ئەندامی لقی یەکی (ی .ن.ک) و ئەندامی پێشکەوتووی بزوتنەوەی سوسیالستی کوردستانیان لە نێوان باڵخ و گاپیلۆن شەهید کرد.

*چەندمەفرەزەیکی هەرێمی (٤) و هەرێمی پارێزگاری و مەکتەبی سیاسی ١٩٧٨/١٠/١٦ لە دێی خەمزە تووشی تاقمە جاشێکی جەلالی کویخا عەبدوڵڵا بوون و شەڕ دامەزرا، دوای شەڕێکی (٣) کاتژمێری جاشەکان بەرەو سلێمانی هەڵاتن، ٤ جاش برینداربوون

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە ١٩٧٨/١٠/٢٢ هێرشیان کردە سەر مۆڵگەیەک لە پشتی دێی ماشانی ناوچەی ئالانی شاربازێر، شەڕ ماوەی کاتژمێرێکی خایەند، لەئەنجامدا ژمارەیەک سەرباز کوژران و بریندار بوون .

مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی کوردایەتی و گیان بەخت کردن بوو، مامۆستایەکی ڕۆشنبیرو پێشەنگی زانست و خەبات بوو، لە شۆڕشی ئەیلول بەشدار بوو ئەندامی ڕێکخراوی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان کاری کردووەو لەساڵی ١٩٧٤ کراوەتە سەر لقی چواری پارتی و لە شەڕەکانی سەرتیژو حاجی هۆمەران و دەرووی هۆمەرئاغا بەشدار بووە.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لە ساڵی ١٩٧٨ چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ و لە سەر داوای

هەولێرنامەی کتێب

سەرکردایەتی (ی ن ک) چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستدا، لە دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕدا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی بینیوە لە هۆشیارکردنەوەو ڕێبەرایەتی خەڵکی ناوچەکە، ماوەیەک ڕێبەری سیاسی هەرێمی چوار بووە لەگەڵ جەمالی عەلی باپیردا، لە شەڕی بیشوانی دڕی کە تیایدا ئەحمەد فتح الله و پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوون، مامۆستا غەفور بە برینداری ڕزگاری بوو، چوار مانگ دوای بریندار بوونی لە شەوی ٦-١٩٧٨/١٠/٧ و لە دێی باڵخ بە پیلانێکی نامەردانەی خائین و خۆفرۆشان شەهید بوو.

مامۆستا غەفور کەسایەتیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی ناوچەی شارباژێڕو هێزی پێشمەرگە بوو، شەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە شۆڕش و کوردایەتی کەوت، کە تا ئێستاش برینی ئەو زامەی سارێژ نەبووە.

## ڕاگـــــواستنی گـــــوندەکان

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٨ ڕژێمی عێراق بە بیانوو پاساوی پشتێنەی ئەمنی دێیەکانی سەر سنووری ڕاگواست تا پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو جەماوەر ببڕێت و لێکیان دابڕێ وەک دابڕانی ماسی و ئاو لە یەکتری، لە سنووری شارباژێڕ گوندەکانی نۆدێی ئالان، گوێزڵێ، گرگاشێ، دەشتێ، کانی گوێز، ماشان، شاناخسێ، مەروێ، سوورەدزێ، دێرێ، بەرشاڵاوی ڕاگواستن کەوتن، گوندەکانی ئەو دیو بناری چیای گمۆ، سەراو، میراوا، دارەبەن، لەگەڵ گوندەکانی سنوری ناحیەی سیوەیل، تیمارو موسەک و شیوەکەڵ، بارێ و گوندەکانی ڕەشەکانی، بێورێ، گۆمڵێ، مرانە و ژمارەیەک گوندی دیکە بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتن.

ڕژێمی فاشی عێراق تێکڕای ئەم گوندانەی لە ئۆردوگاکانی کەنارو، کارێزە، سورەقەڵات، قەڵاچواللاندا کۆکردەوە بەڵام بە پێچەوانەی ویستی داگیرکەر پەیوەندی نێوان جەماوەرو پێشمەرگە پتەوتر بوو، ئۆردووگاکان دووبارە بوونەوە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی پێداویستیەکانی پێشمەرگە.

ڕاگواستنی گوندەکان لە ڕووی ئابورییەوە زەرەرو زیانی زۆری بە گوندنشینان گەیاند، ڕەزو باخ و کێڵگەو مەزرای گوندەکان بێناز کەوتن، بە هەزاران سەر ئاژەڵ

فەوتان و زەمینەی گەشەکردن و سەرچاوەی بەخێوکردنیان بەرتەسککرایەوە لە سنوورێکی جوگرافی فراوانەوە، لە لەوەڕگا و پاوانی زۆرو زەوەندو ئاوی سازگاری قەدپاڵی چیاکانەوە بۆ چوارچێوەی ئۆردوگایەکی تەلبەند کراو، جگە لە فەوتانی دەیان هەزار پەلەوەرو ئاژەڵی گەورەو لە دەستدانی بەرووبوومی توتن و باخداری و دەستکەوتەکانی.

ڕاگواستنی گوندەکان بۆ ماوەیەکی کورت گوندنشینانی لە گوندەکانیان دابڕی بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی عێراق- ئێران، خەڵکی گوندەکان لە وەرزی هاویندا دەگەڕانەوە گوندەکان و باخ و مەزراکانیان ئاوەدان دەکردەوە.

## دێـــــــهاتە ڕاگـــــوێزراوەکان(ئـــــۆردوگاکان)

بە بڕیارێکی شۆڤێنیانەی حزبی بەعس و بە پلان و بەرنامەی چۆڵکردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستان و دابڕانی لە هێزی پێشمەرگە، لە ژێر ناوو بیانوی پشتێنەی ئەمنی، ڕژێمی کۆنەپەرست و شۆڤێنی عەرەب دێهاتە سنوریەکانی ڕاگواست و لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێیکردن.

ڕاگواستنی دێهاتەکانی کوردستان یەکەم هەنگاوو پیلانی ئەو نەخشەو بەرنامەیە بوو کە ڕژێمی عێراق دایڕشتبوو لە پێناو تواندنەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبداو سووتماککردن و دەستبەسەرداگرتنی هەتایی خاکەکەی، ئەگەر شەڕی عێراق- ئێران ڕوویندایە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال چەند قۆناغێک پێشتر جێبەجێدەکرا، کە شەڕی ٨ ساڵەی عێراق – ئێران ئەو پرۆسەیەی دواخست، ئەگەر ڕاپەڕینی ئازاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش نەبوایە، سڕینەوەی کوردستان لە سەر نەخشەو زیندوو بە چاڵکردنی خەڵکی کوردستان و ڕاگواستنیان بۆ سەحراو لمەکانی بیابان لە مێژ بوو جێبەجێکرابوو،

پلانی سڕینەوەی ڕەچەڵەک و ناسنامەی کورد، خاک و نیشتمان و کەڵچەڕی کورد، زمان و ڕەسەنایەتی کورد، لە پلان و بەرنامە داڕێژراوەکانی ڕژێمی عێراق بوون، لە پێناوی پان عەرەبیزم و فراوانکردنی دەسەڵاتی فاشیزمی عەرەبی و لکاندنی خاک و نیشتمانی کورد بە عێراق و دواتریش بە نیشتمانی عەرەبییەوە.

مانگی ٨ تا ١٩٧٨/٩ بەرنامەی ڕاگواستنی دێهاتەکانی کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆره ملێکان جێبەجێکرا دێکانی شارباژێڕ له سنووری قەزای چوارتا و ناحیەی ماوەتی ئەوکات و ناحیەی سیوەیل ڕاگوێزران و له ئۆردوگا زۆره ملێکانی کەنارو، قەڵاچواللان، سوورەقەڵات، کارێزه نیشتەجێکران که خۆی له دەیان (دێ) دا دەبینیەوه.

## قـــــــــەرەبوو (تـــــــــەعویض)

پێش ڕاگواستنی دێیەکان به ماوەیەک ڕژێمی عێراق لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ قرساندن و هەژمارکردن و قەرەبووکردنەوەی ڕەزو باخ و ئاژەڵداری دێهاتەکان، بۆ هەر دێیەک لیژنەیەکی چەند کەسی پێکهێنا که تیایدا موختاری دێ و هەندێک له کەسایەتیەکانی دێکانیش ئەندام و بەشدار بوون تیایدا.

هاووڵاتی بانگ دەکرایه بەردەمی لیژنەکان تا سەروەت و سامانی له ڕەزو باخ و ئاژەڵداری تۆمار بکرێ و قەرەبووی ڕەزو باخی سوتاوی بۆ بنووسرێت و وەرگرێت، بەڵام له زۆربەی دێیەکان دیاردەیەکی قێزەون دەهاته پێش و خۆی نمایش دەکرد، ئەگەر جووتیارێک چەند بڕ گوێزێک وچەند سەر ئاژەڵێکی زیاد بووتایه تا شتێک قەرەبووی زیاتری دەستکەوێت، موختاری (دێ) یان ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی دێ ئەوانەی ئەندام بوون له لیژنەکەدا به ڕوویدا دەتەقینەوەو ڕێگەیان نەئەدا زیاتر بنووسێت، که ئەوەش له بەدبەختی مرۆڤی و کورد و له بەختی بەعسیان بوو.

عەرەبێکی دەشتەکی له نێو بیابانی لمەوه هاتبووه بەهەشتێک له کوردستان، وێران و خاپوری دەکرد، جووتیاری کورد سەروەرت و سامان و ڕەنجی تەمەنی جێدەهێشت، به بەرچاویەوه ماڵ و موڵک و ڕەزو باخی دەسوتێنراو دەتەقێندرایەوه ، کەچی هەندێک له موختارو هاوپیشەکانیان دەبوونه خۆرەی گیانی خەڵک، غەدریان له جوتیاری کورد دەکرد بۆ ئەستوور بوونی گیرفانی داگیرکەر، پارەیەک بەعس له سەر نەوت و سەروەت و سامانی کوردستان به دەستی هێنابوو، جوتیاری کورد مافی خۆی بوو دەقات و سەد قات قەرەبوو بکرێتەوه، جوتیارێک که جگه

لە سووتاندنی ڕەزو باخ و کێڵگەی دێیەکەی، لە گەڵیدا یادەوەری و یادگاریەکانی، گۆڕو گڵکۆی باب و باپیرانیشی وێران دەکراو دەبووە سووتماک و سووتەمەڕۆ.

قەرەبووی دێهاتەکان نووسراو چەکی بانق درایە جوتیارەکان زیلەکان قەتارەیان بەست و ماڵ و منالی کوردیان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کرد، کانی وزنە و خانوو، جۆگەو جۆبار و مزگەوتیان بە یەکەوە تەقاندەوەو خاپور دەکرد، لە نێو دارو پەردووی مزگەوتەکانی کوردستاندا پەڕەی قورئانی پیرۆزیش سوتێنراو ڕژێمی دڕندەی بەعس ڕەحمی بە کتێبە پیرۆزەکانی خوداش نەکرد، خەڵک بە دڵشکاوی لە زێدی خۆیان هەڵکەندران، زیلەکان پێچایاننەوەو لە خانوویەکی ساردووسڕو بێ حەوشەدا هەڵیان ڕشتن بەڵام دڵیان هەر لای ڕەزو باخی دێیەکانیان بوو.

ژمارەیەک خێزان قەرەبوویان پێنەدرا، هەندێک لە بەر ئـەوەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون، هەندێکیش نەیانویست قەرەبووی ڕەزو باخ و کێڵگەی سووتاویان وەرگرن، وتیان ئێمە خاک و ئاوی خۆمان نافرۆشین، هەندێکیش لە ڕژێم یاخی بوون، لە دێی سەراو (کەریم عەبدولڕەحمان مستەفا) ناسراو بە مام کەریم سەراوی، باوکی (هێمن و هەڵۆ) سەراوی قەرەبوویان نەدایەو موڵک و ماڵ و ڕەزو باخی سووتاویان بۆ هەژمار نەکرد لە بەر ئەوەی کوڕەکەی (هێمن سەراوی) ئەو دەمە پێشمەرگە بوو، بێ قەرەبوو بە دەستی بەتاڵ و سکی برسی بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی کەنارو ڕاپانگواست.

لە دێی بێورێ سەر بە ناحیەی سیوەیل (عەبدولی حەمە زۆراب) پیاوی بە هەڵوێست و نیشتمان پەروەر قەرەبوی قبوڵ نەکردوو ڕازی نەبوو ڕەزو باخی بێورێ بفرۆشێ کە بە سـەدان بڕ گوێزو باخ و باخچەی هەبوو، لە دێی مڕانە (عەبدوڵڵا لالە) قەرەبووی پێنەدرا چونکە باوکی کاک شێرکۆ بوو،

عەبدوڵڵا ئیسلامی و مەحموود حەمە حسێن لە شاناخسێ قەرەبوویان وەرنەگرت و لە حکومەت یاخی بوون، بە ماڵ و خێزانەوە چوونە چیای گمۆ، ماوەیەک لەوێ مانەوە دواتر بە تکاو لە سەر داوای خەڵک هاتنە خوارەوە بەڵام ڕازی نەبوون قەرەبوو وەرگرن، حاجی حسێن شاناخسێی قەرەبووی وەرنەگرت و چووە دێی سیرەمێرگ دانیشت.

حاجی عەزیز سەراوی باوکی پورزا مەجید قەرەبوویان بۆ نەنووسی تا ناچاریان کرد پورزا مەجید تەسلیم بێتەوە، دوای وەرگرتنی قەرەبووەکە پورزا مەجید گەڕایەوە ڕیزی پێشمەرگە.

## دێهاتە ڕاگوێزراوەکانی ناحیەی سیوەیل

جگە لە ناوەندی ناحیەی سیوەیل (باسنێ) تێکڕای دێیەکانی سنووری کارگێڕی ناحیەکە ڕاگوێزران و ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران، کە ئەم دێیانەن:

کانی شوان، سێونگ، مڕانە، بێورێ، گۆملێ، ڕەشەکانی، ملکەتێن، سیرێ، دێرێی خوارو، دێرێی سەرو، سوورەزێ، سوورەبان، مەروێ، بۆسکان، نەڵەسو، سیرین، بارێی گەورە، بارێی بچوک، موسەک، تیمار، شابەدین، هەڵوان، توتکان، زاخێ، ئاشی بارام، کانی گوێز، ئاشقە هۆڵ، بواڵک، شیوەکەڵ، سوورەبانی نۆڕک، نۆڕک، نۆڕەباب، تەم تەم، سوورێ

## دێهاتە ڕاگوێزراوەکانی ناحیەی ماوەت

لە سنووری ناحیەی ماوەت، جگە لە ناوەندی ناحیەکە (ماوەت) و ژمارەیەک دێی سنووری ناحیەکە، تێکڕای دێیەکانی سنوورەکە ڕاگوێزرانە ئۆردوگا زۆرە ملێکان، کە ئەم دێیانەن:

شاناخسێ، گرگاشە، یاڵانقۆز، دڕێ، سەراو، شەشۆ، گابەروا، ماشان، قەشان، گولێ، میراوا، سپیدارە، سەرگەڵو، کۆلکە، عیساوا، ژاژڵە، بڵخوان، دەشتی خانی، باساوێ، گەڵاڵە، سەفرە، شینکێ، بەرد بەرد، قامیش، زەرون، ئاوکورتێ، قەڵاتە، بەرگورد، قەرەبابە، هەنجیرە سوورە، گەماڵان

تێکڕای ئەم دێهاتانە بە سنووری ناحیەکانی ماوەت- سیوەیل، لە ئۆردووگاکانی کەنارو، قەڵاچوالان، کارێزە، سوورەقەڵات نیشتەجێکران.

## ئـــــۆردوگای کـــەنارو

ئۆردوگای زۆره ملێی کەنارو پێکهاتبوو لە پێنج بەش هەر بەشەی ژمارەیەک ماڵ بوو.

+ کەناروی سەرەوە ٢٠٠ ماڵ
+ کەناروی ناوەڕاست ١١٠ ماڵ
+ کەناروی خوارەوە ٣٨٩ ماڵ
+ کەناروی ئەو بەر چەم ١١٥ ماڵ
+ ماڵە سیرەیی و ڕەشەکانیەکان ١٠٢ ماڵ

لە ئۆردوگای زۆره ملێی کەنارو دێیەکانی سەراو، بێوریَ، مڕانە، دێریَ، سیریَ، شابەدین، سورەزێ، کانی شوان، نۆڕک، سورەبان، ڕەشەکانی، باریَ، نۆڕەباب، سێونگ، گۆملێ، زاخێ، نیشتەجێ کرابوون.

هەواڵنامەی کتێب

## ئـــــۆردوگای قـــــەڵاچواللان

ئۆردووگای قەڵاچوالان ژمارەیەک دێی تیاکۆکرابووەوە:

(شاناخسێ، بەرگورد، شیوەکەڵ، سیرین، گرگاشێ، ماشان، گوێزلێ، کانی شوان، مەروێ، دەشتێ، نۆڕک، سورەبان، باریَ گەورەو بچوک، سەفرە، بەرگورد، نەڵەسو، بۆسکان، تیمار، موسەک، شیوەکەڵ، توتکان.

## ئـــــۆردوگای ســـــــورەقەڵات

ئۆردوگای سورەقەڵات چەند دێیەکی تیادا کۆکرابووەوە

(میراوا، شەشۆ، بلخوان، گابەروا، چنارە، ژاژڵە، سپیدارە، سوورەقەڵات.

ئۆردوگاکە ٥٠٠ خانوو بوو، واتە ٥٠٠ ماڵ.

## ئـــــۆردوگای کـــــاریزە

ئۆردوگای کاریزە ژمارەیەک دێی تیادا کۆکرابووەوە کە پێکهاتبوون لە دێیەکانی (دڕێ، قامیش، گەلاڵە، سەفرە، زەرون، بەرگورد، باساوێ، شینکی، گەماڵان، ئاوەکورتێ، ئەزمەک، ژاژڵە، هەنجیرە سوورە، کانی بیوکە، کانی بی).

کارێزە دووبەش، دوو بەر بوو، بەشی کارێزە، بەشی کۆلکە ڕەش ئەویش هەر کارێزە بوو، بەری کۆڵکە ڕەش لە ٢٠٠ ماڵ پێکهاتبوو، بەشەکەیتری کارێزە گەورە ١٠٠٠ ماڵ بوو، تێکڕای کارێزە ١٢٠٠ ماڵ بوو.

## شەهیدبوونی برایم سەراوی

بەیانی ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٦ هێزێکی دوژمن هیرشی هێنایە سەر هەوڵۆ شەڕ کاتژمێرێکی خایەند، لەوشەڕەدا ئیبراهیم ڕەشید سەراوی شەهیدبوو.

*شەوی ٢٦-١٩٧٨/١١/٢٧ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) چوونە ناو شاری سلێمانی ، کاتژمێر ٦,١٥ دەقیقە لەسەر جادەی براهیم پاشا لە ئۆتۆمبێلێکی نەجدەی پۆلیسیاندا زیانی دوژمن کوژرانی (٥) پۆلیس و شکانی ئۆتۆمبێلەکە.

فەوجێک سەرباز لەگەڵ (١٥٠) جاشی قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، ئەحمەد عەزیز کاکی هیرشیانهێنایە سەر مەفرەزەیەک پێشمەرگەی هەرێمی (٣) لە دێی چنگیان، مەفرەزەکە ڕووبەڕووی هێرشەکەی دوژمن بوونەوە شەڕ لە (کانی سەراج) دەسپێکرد و چوار کاتژمێری خایەند.

لەو شەڕەدا دوژمن زیانی زۆری لێکەوت پێشمەرگەیەکیش بریندابوو.

## شەڕی چنگیان

شەوی ٢٦-١١/٢٧/ ١٩٧٨ مستەفا چاوڕەش و جەمالی حەمەی خواکەرەم و محەمەدی برای عەلی چوارتایی و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لایاندایە چنگیان و لە ماڵێک خەوتن، ئێشکگری شەو کاتژمێر ٤ی سەر لە بەیانی کاک مستەفای بە ئاگا هێناو ووتی، لە ناو (دێ) دا کەڵەکێک ڕووخاو دەنگی زۆر بوو، ئەوانیش هەستان و چوونە دەرەوەی دێ تا دنیا ڕووناک بوو لە سەر کانی «سەراج» مانەوە، کە دنیا ڕوناک بووەوە بە مەبەستی نان خواردن بەرەو ناودێ گەڕانەوە، سەربازەکان چووبونە ناو ئاوایی کە زانیبوویان پێشمەرگەی لێنییە، ئەوانیش بەرەو ڕێگای دەرەوەی گوندەکە ڕۆیشتبوون، لە ڕێگا مستەفا چاوڕەش و ئەفسەرێکی سەربازی لوتیان بە لوتی یەکدا تەقی و تەقە دەستپێکرد، پێشمەرگەکان بە بەرگریەکی دلێرانە

بەرەو گردو یاڵ و هەڵەتەکانی پشت ئاوایی ڕۆیشتن، شەڕی مان و نەمانیان کرد، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکەو دەستڕێژی گوللەی لە پێشمەرگەکان کرد، پێشمەرگەکان گەیشتنە ئەو شاخەی بە سەر دێی باراودا دەیڕوانی، شەڕ کۆتایی هات و پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون، تەنها زیانی پێشمەرگە برینداربوونی جەمالی حەمەی خواکەرەم بوو، دواتر بۆ چارەسەری برینەکەی ڕەوانەی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و دکتۆرەکانی ئەوێ برینەکەیان بۆ چارەسەر کرد.

## لــە بـــاراو بـۆ چــــنگیان

مستەفا چاوڕەش و پۆلێک پێشمەرگە کە ژمارەیان ١٥ کەس بوو لە باراو بەرەو چنگیان هاتن، کەسێک بە ناوی «ل» هات بەرەو پیریان و ١٥ ساردی «بیبسی» بۆ پێشمەرگەکان کڕی و لە چاوان وون بوو، پێشمەرگە لە ماڵەکانی چنگیان بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ دامەزران، لە ناکاو کۆپتەر هاتە سەر ئاوایی و پێشمەرگە بەرەو ناوباخ و بەرزاییەکانی دەورووبەری دێ ڕۆیشتن و دامەزران، کۆپتەر بەردەوام بوو لە بێژان و کێوماڵ کردنی ناوچەکە، سەربازەکان چووبوونە ناو (دێ) و ووتبوویان کوا مستەفا چاوڕەش، دەزانین لێرە بووەو ژمارەیان ١٥ کەسە.

دەمەو ئێوارە پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناو دێ، پێشمەرگەیەک بە ناوی حامید بریندار بوو، خەڵکی ئاوایی قسەی ئەفسەرەکەیان بۆ پێشمەرگەکان گێڕایەوە کە ووتبووی دەزانین ١٥ کەس بوون یەکسەر سەرنجیان ڕۆیشت بۆ لای «ل» کە ١٥ ساردی بۆ کڕیبوون، هەر ئەویش چوو بوو خەبەری لێدابوون.

بۆ ڕۆژی دوایی «ل» هاتەوە بۆ چنگیان، ڕژێم ناردبووی تا بزانن پێشمەرگە زیانی چەند بووە بە گەڕانەوەی بۆ چنگیان پێشمەرگە دەستگیریان کرد و بردیان لەگەڵ خۆیان تا دواجار بە هەزار تکاو ڕجا ئازادیان کرد، دوای چەند ساڵ و لە ساڵی ١٩٨٢ مستەفا چاوڕەش لە سەر هەمان ڕووداو دەستگیری کردەوەو دووبارە کردیانەوە خاتری خەڵک و ئازادیان کردەوە.

## بـــــــالخ، بــــــاراو

١٩٧٨/١٢/٢ مەفرەزەیەکی هەرێمی ٣ لە دێی بالخ بو هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەریان، دوای کاتژمێرێک شەڕ ڕوو بەرگری پێشمەرگەکان دەربازبوون تەنها پێشمەرگەیەک بریندابوو

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١٢/٢٦ هیرشی هێنایە سەر مەفرەزەیەکی هەرێمی (٣) لە دێی باراو، شەڕ (٣) کاتژمێری خایەند

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ سەرباز بوو ، هاوولاتیەکی بەتەمەنیش شەهید بوو

## حـــــەمەمین ئـــــاغای بـــــارێ

لە سەر داوای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حەمەمین ئاغای بارێ لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە خزم و کەس و کارو براکانی هاتنە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، حەمە مین ئاغا فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی (٣) فەرماندەیەکی ئازاو کەسایەتیەکی ناسراوی ناوچەکە بوو، بەداخەوە بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی سپارد.

## هاتنی بــەکری حاجی ســەفەر - شـــەڕی ســەقز

جگە لە کاری پێشمەرگانە، چالاکی و بۆسەو ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی داگیرکەر، پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ ئەرکی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو ڕوونکردنەوەی بەرنامەو پلانی شۆڕشیان لە ئەستۆ گرتبوو،

مستەفا چاوڕەش سەرەتا فەرماندەی کەرت و دواتریش فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ بوو لە دێیەکانی سنووری شارباژێڕ لە چوارتا تا ماوەت و سیوەیل، تا دەگاتەوە نۆدێی ئالان جەولەی دەکرد پەیامی شۆڕشی دەگەیاندە خەڵک، سەرەتا خەڵک نائومێد بوو دوای شکستی شۆڕشێکی گەورە بە ماوەیەکی کەم هەڵایسانی شۆڕشێکی نوێخواز لە بەرگ و فۆرمێکی نوێدا، هەروا قبوڵکردنی ئاسان نەبوو، تازە ئەسپی شۆڕش گلابوو بەڵام ڕاستگۆیی و بوێری و پەیامی ڕاستەقینەی شۆڕشی نوێ کە لە هەناوی خەڵکدا هەڵقوڵا بوو، وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی قۆناغی خۆی بوو جێگەی بە نائومێدی لێژکردوو، بڕواو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە دەست هێناو هەنگاو هەنگاو لە دڵ و دەروون و هەستی جەماوەر نزیک دەبووەوە، تا بووە ئەو یەکێتییەی کێوی لە کێو دەداو دوژمنی هەراسان کردبوو.

دوای گەڕانەوەی بۆ ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان عەلی چوارتایی بە ناوچەکەدا جەولەی دەکرد، مامەو ڕەحمان و ژمارەیەک پێشمەرگەی لە گەڵدا بوو عەلی چوارتایی بە ماوەیەکی کەم تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە پەیداکردوو بووە جێگەی ڕێزو متمانەو خۆشەویستی خەڵک، مامۆستا غەفورو جەمالی عەلی باپیرو هێمن سەراوی و شێرکۆ جدی لە ناوچەکەدا بوون، بەڵام زیاتر لە دێیەکانی دەورووبەری ماوەت و ئالان بوون.

حسەین ماوەتی پۆلیس بوو لە چوارتا، ڕایەڵەیەکی ڕێکخستنی درووستکردبوو، غەریب گەنکەیی و پۆلێک خوێندکاری قۆتابخانەی چوارتا، لە ژێر کاریگەری (حسەین ماوەتی)دا چوونە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە، دامودەزگاکانی بەعس لە چوارتا فشاریان خستبووە سەر خوێندکارەکان تا ناچاریان بکەن ببنە تەلایع و

هەواڵنامەی کتێب

فتوە، بەڵام خوێندکارەکان نەچوونە ژێر ئەو فشارانە بۆیە ناچار بوون قوتابخانە جێبهێڵن.

یەکێک لەو خوێندکارانەی قوتابخانەی بەجێهێشت و ڕووی کردە شاخ، غەریب گەنکەیی بوو، غەریب لە تەمەنی گوڵدا بو، هێشتا خەتی نەدابوو، تەمەنی لە نێوان سیانزە ساڵ بۆ چواردە هەڵدەکشا، هێشتا ژیان بەدەمیەوە پێدەکەنی، هێشتا پێویستی بە ئامێزی گەرمی دایک و سۆزی باوک بوو، هاوتەمەنەکانی غەریب لە دنیای دیموکراسی و مافی مرۆڤدا زەمینەی لە باریان بۆ دەرەخسێ تا خوێندن تەواو بکەن و حەزو ئارەزووەکانیان بەدی بهێنن، بەڵام لە ژێر سایەی ڕژێمێکی داگیرکەری وەکو بەعسدا، هیچ بەهایەک بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ناهێڵدرێتەوە، قوتابخانەش وەکو دەزگایەکی حزبی و بۆ خزمەتکردنی حزبی بەعس و عروبە بەکاردێت.

بۆیە غەریب گەنکەیی نەیتوانی بچێتە ژێر باری داواکارییەکانی حزبی بەعس و ڕێگەی چونە شاخی گرتە بەر، لە گەنکێوە هەنگاوەکان بەرەو شاری بانەو سەردەشت هەڵیگرت ، غەریب لە بازاڕی سەردەشت تالیب کەناروێی بینی ئەویش بردیە لای عەلی چوارتایی و بووە پێشمەرگە.

## ڕۆیشتنی مستەفا چاوڕەش
## هاتنی بەکری حاجی سەفەر

لە شوێنێکی فراوانی سەردەشت، پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ کۆبونەوە بۆ ماڵاوایی لە مستەفا چاوڕەش و پێشوازی لە بەکری حاجی سەفەر.

مستەفا چاوڕەش دوو ساڵ بوو فەرماندەی هەرێمی (٣)ی شارباژێڕ بوو، فەرماندەیەکی ئازاو چەلەنگ و زەبر قورس بوو، دۆست و دوژمن دەیانناسی، پیاوەکانی ڕژێم و سوپای عێراق سڵیان لە ناوبانگی دەکردەوە، هەر ناوچەیەک ئەوی لێبووایە بە قەڵای قایمی شۆڕش دادەنرا، جاش و جاسوس و خۆفرۆش و پیاوەکانی ڕژێم بەناوهێنانی دەلەرزین، دوای بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی لە هەرێمی (٣)بە بڕیاری سەرکردایەتی گواسترایەوە بۆ هەرێمی (٥)ی قەرەداغ.

مستەفا چاوڕەش بەحوزنەوە وتـەی مـاڵاوایی پێشکەش کـردوو سوپاسی پێشمەرگەکانی هەرێمی (٣) ی کرد، داوای لێبوردنیشی کرد لە هەر کەموکوڕیەک یان ئەگەر کەسێک دڵی لێی هێشابێ و گـەردی گرتبێ، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و داوای لێکردن چۆن هاوکارو پشتیوانی ئەو بوون، ئاواو زیاتریش هاوکارو پشتیوانی کاک بەکری حاجی سەفەربن، دوای یەکتر لە ئامێزگرتن مستەفا چاوڕەش بە دڵی گەرمەوە ماڵاوایی کردوو لە چاوان وون بوو.

## شـــۆڕشی گـــەلانی ئـــێران

ساڵی ١٩٧٩ بوو، شۆڕشی گەلانی ئێران سەری هەڵدابوو شاو شابانوو (فەرەح) بەرەو وڵاتی میسر ڕایان کردو لەوێ گیرسانەوە، شای ئێران هەر لەوێ گیانی سپاردوو شابانوش لە ئەمریکا کەناری گرت.

شایی و لۆغانی گەلانی ئێران بوو، داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئێران ڕووخان و داموو دەزگا ئەمنی و سەربازیەکان کەوتنە دەست جەماوەری ڕاپەڕیوو حزبە سیاسیەکانی سەرگۆڕەپانی ئێران، لە شارەکانی کوردستانیش بە هەمان شێوە داموو دەزگاو سەربازگەکان لە ژێر هەژمونی حزبە کوردیەکاندا بوون.

پێش ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشایی ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی لە شاری نەجەفی عێراق بوو، دواتر لە وڵاتی فەرەنسا و پایتەختی ئەو وڵاتە گیرسایەوەو لە پاریسی پایتەختەوە بەرەو ئێران گەڕایەوە.

## شـــۆڕشی کـــاسێت

داموودەزگا حکومی و ئەمنی و ئابووریەکانی ڕژێمی شاهەنشایی ئێران تووشی داڕمان و داڕووخانی گەورە بوون، گەندەڵی دەزگاکانی حکومەتی شاهەنشایی گرتبووەوە، گەندەڵییەک تێکڕای جومگەکانی ژیانی خەڵکی گرتبووەوە، سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ داڕمابوو، جیاوازی نێوان چینەکان، نێوان دەستەبژێرێکی دەسـەڵاتـدارو خەڵکی ئێران تا دەهـات دەلاقـەی گـەورەی تێدەکەوت، نێوانی شاهەنشا- دەسەڵات، جەماوەر- دیوارێکی ئەستورو گەورە بوو، ووڵات بەرەو

ڕووی دارمانێکی گەورە ببووەوە، بە شێوەیەک هیچ دەنگی ناڕەزاییەک نەدەگەیشتە شا یان کاربەدەستەکانی دەوروبەری ئەو توێژاڵەی بازنەی یەکەم و دووەمی شا بوون، دۆخی ئێرانیان بێکێشەو گرفت نیشان دەداو شایان چەواشە دەکرد، تا کوتەکی گەورەی گەل لە کەللە سەری شای داو مێشکی ڕژێمەکەی پژان.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران و هێواش هێواش ئەستووربوونی قەیران و ناڕەزایەتیەکان لە ڕێگەی تۆمارکردنی کاسێت و ناردنەوەی بۆ ناوخۆی ئێران شۆڕشێکی گەورە دەستپێکرد کە بە شۆڕشی (کاسێت) ناسرا، ناوەڕۆکی کاسێتەکان پێکهاتبوون لە هاندانی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی و بە ئاگاهێنانی خەڵک لەو زوڵمە بەردەوامەی لە گەلانی ئێران دەکرا، بزاوتنی هەستی شیعەگەری و ڕاپەڕینی سەرتاسەری دژی حکومەتی شاهەنشایی ئێران، شۆڕشی کاسێت ناردنەوەی شۆڕش بوو بۆ ناوخۆی ئێران، ئەم شۆڕشە کاریگەری بەرچاوی دانا لە سەر هەست و سۆزی خەڵک و ئێرانی بە لێواری ڕووخان گەیاند، زۆر لەو کاسێتانەی دەنێردرانەوە ئێران کاسێتی ڤیدیۆیی بوون، بۆ ئەوەی لە کاتی پشکنیندا دەستیان بە سەردا نەگیرێ، سەرەتای بەشێک لە کاسێتەکان فیلمی تر بوون دوای چەند دەقیقەیەک پەیامەکەی ئیمام دەستی پێدەکرد، بەم شێوەیە شۆڕشی کاسێت شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەرهەم هێنا.

خومەینی لە پاریسەوە سوار فڕۆکە بوو تا سەر ئاسمانی تاران لە فڕۆکەکەدا خەوت، کاتێک لە تاران دابەزی پێشوازی گەورەی جەماوەری لێکرا، لە شوێنی دابەزینی ئیمام دەیان ڕۆژنامەنووسی ئێرانی و بیانی ئامادە بوون، لە وەڵامی پرسیارێک کە ئایە هەست بەچی دەکات لە ئێستادا، خومەینی لە وەڵامدا ووتبووی هیچ.

## هەڵەی حزبە کوردیەکان

نووسینی ئەم چەند دێڕە ناچێتە سەر تێکڕای هەڵەو کەموکوڕیەکانی حزبە کوردییەکان، چوونکە ئەوە بابەتێکی فراوانەو پێویستی بە چەند پەرەگراف و نووسین هەیە، لەو بوارەشدا کەم تا زۆر نوسراوەو دەست خراوەتە سەر هەڵەو کەموکوڕیەکان.

ئەوەی من دەمەوێ لە سەری ڕاوەستم هەڵەیەکی سەربازیە کە نەدەبوو بکرایەو بە سەر سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕ ببوایە، کە دواتر پێچەوانەکەی زەبری کوشندەو گەورەی لە بزووتنەوەی کوردایەتی دا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،

شارە کوردیەکان لە ژێر دەسەڵاتی حزبە کوردیەکاندا بوون، حزبی دیموکرات، کۆمەڵە، سازمانی خەبات و چەندیتر حوکمڕانی واقعی شارە کوردیەکان بوون و شارەکان لە ژێر دەسەڵاتی گەلدا بوون،

سەربازگەکانی ڕژێمی شا هەروەکو خۆیان مابوون، حزبە کوردیەکان دەستیان لێنەدان و سەربازو سەروانەکانیان لە ناو سەربازگەکاندا بە چەک و تەقەمەنی خۆیانەوە هێشتەوە، چواردەوری سەربازگەکان بە پێشمەرگە گیرا بوو، پرسگەیان بۆ سەربازەکان دانابوو دەچوونە بازاڕو دەگەڕانەوە، پرسیان بە پرسگەی پێشمەرگە دەکردو ئازادانە هاتووچۆیان دەکرد.

ئەو سەربازگانە مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی کوردستان بوون دەبوایە هێزە کوردستانیەکان دەستیان بە سەردا بگرن و سوود لە چەک و تەقەمەنی سەربازگەکان وەرگرن بۆ بەهێز کردنی هێزی پێشمەرگە، بەڵام کارێکی لەو شێوەیان نەکرد، تا ئەو کاتەی جمهوری ئیسلامی خۆی ڕێکخستەوەو هێرشیکردە سەر ناوچە کوردستانییەکان، سەربازگەکانیش لولەی چەکەکانیان کردەوە خەڵک و پێشمەرگەو چوونەوە پاڵ ڕژێم.

ئەو سەروان و سەربازە ئێرانیانە خۆشیان لە دۆخی هەڵپەسێردراوی خۆیان بێزار بوون، دەیانویست چەک و سەربازگەکان تەسلیمی هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکان بکەن، بەڵام حزبە کوردیەکان شورەیان بە دەوردا کێشان و لە دۆخی نەشەڕ ئاشتی دا هێشتیاننەوە.

عەلی چوارتایی کە فەرماندەی کەرتی یەک بوو ئەو دەمە لە شاری بانە بوو چەند جارێک چووە لای (مەلا شێخ جەلال) و پێیوتن، بۆچی ئەو چەکانە لەو سەربازو سەروانانە وەرناگرن و هێزەکەی خۆتانی پێ پڕ چەک بکەن، سەربازگەکان پڕن لە چەک و ماشێنی سەربازی، بۆ هێزەکانتان بەکاری بهێنن لە وەڵامدا مەلا شێخ

جەلال ووتبووی، ئەو سەربازگە و چەک و ماشێنانە هی خۆمانن کەی ویستمان بە کاریان دێنین، بەڵام وادەرنەچوو، پێچەوانەکەی لە شەڕی سەقزدا بە تەواوی دەرکەوت.

## شـــــەڕی گـــــوندی (ســـــەعەب) نــــێوان ســـــەقز- دیـــــواندەرە

مەلا شێخ جەلال هاتە لای عەلی چوارتایی و پێیووت دوێنێ لە گوندی (سەعەب) نێوان سەقز- دیواندەرە، پاسدار لە جێبێکی حزبی دیموکراتیان داوە، پێشمەرگەیەک شەهید و یەکێکیتر بریندار بووە، ئێوەش خاوەن تەجرووبەیەکی باش و قاڵبوون لە بواری شەڕی پێشمەرگانە، پێمانخۆشە لە گەڵمان بێن تا بزانین چ باسەو چی بکەین و چ ڕێو شوێنێک بگرینە بەر.

عەلی چوارتایی وتی ئۆتۆمبیلێکمان بۆ بگرن بە سەرچاو دێین، پاسێکیان بۆ گرتن و چوونە سەقز، دەستەکەی عەلی چوارتایی پێکهاتبوو لە غەریب گەنکەیی، بەکرە درێژ، مەجید مەلا صدیق، سەلام بەردە زەردی، بارام، تاڵیب کەنارویی، ڕەشید خانی چیوە رۆشیان لە حزبی دیموکرات لەگەڵ ناردن بۆ چاوساغی.

سەعەب شارە دێیەکی گەورە بوو لە نێوان سەقزو دیواندەرە هەڵکەوتبوو لە ٢٠٠ ماڵ پێکهاتبوو، پرسیاریان لە خەڵکی دێیەکە کرد ووتیان دوێنێ شەڕ لە نێوان پاسدارو حزبی دیموکرات ڕوویداوە ووتیان بەڵێ.

کەرتی یەک لە نیو کاتژمێر تا سێ چارەک لە ناو دێیەکەدا مانەوە، دەنگ و وڕەی کۆپتەر لە دوورەوە هاتە گوێ، پێنج کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی گوندەکە، بە سەر دێیەکەدا دەسوڕانەوە پاسەکەی کە پێی هاتبون ڕۆیشتبوو.

هەر چوار دەوری دێیەکە دەشتایی بوو، هەتا ڕکە بەردوو گاشە بەردێکیش نەبوو پێشمەرگە لێی دامەزرێ، تەنها گردێک لە پشتی ئاوایی هەبوو، قازیفەیەک و دوو گوللەیان پێبو، کۆپتەرێک لە پشتی ماڵەکان نیشتەوە سەربازی دابەزاند و بەرەو ناودێ هاتن.

حەوت پێشمەرگە بەرانبەر (٥) کۆپتەرو دەیان پاسدار شەڕێکی نابەرابەرو زەرەرو زیانی زۆری پێشمەرگەی لێدەکەوتەوە، بۆیە بڕیاریاندا پاشەکشە بکەن و بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە ڕایانکرد، بەڵام پاسەکە لەوێ نەمابوو.

ماشێنێکی (سیمورخ) بەرەو سەقز دەڕۆیشت، دەستیان لێڕاگرتوو وەستا، ووتی فەرموون چیتان دەوێ وتیان سەرمانخەو بمانفڕێنە، عەلی چوارتایی چووە پێشەوەو ئەوانیش لە دواوە سەرکەوتن، چەند دەقەیەک لە دێیەکە دەرچوون کۆپتەرێکی جەنگی دوایان کەوت و بە سەر سەریانەوە لەنگەری دەگرت، شۆفێرەکە وتی پێی لێدەم، وتیان چۆن دەڕۆی برۆ، خێرایی (سیمرخ)ەکە گەیشتبووە ڕادەیەک وێنەی جەنازەیەکی نیشان دەدا بە سەر دەستی دوو کەسەوە کە نیشانەی مەرگە.

گەیشتنە ملەیەک دوو لۆفەی دەما دیوی سەقز دەرکەوێ کۆپتەرێک لە قەراغ جادەکە نیشتبوەوەو پاسدار لە سەر جادەکە وەستا بوون بۆ ئۆتۆمبێلەکە، گەیشتنە ئاستی کۆپتەرو پاسدارەکان، بەکرە درێژ جامانەکەی دەرهێناو هەڵی سووڕاند پاسدارەکانیش تفەنگەکانیان داگرت، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە نەوەستا و بە خێرایی دەرچوو، دەرچونێک هیچی وای نەمابوو باڵ بگرێ.

ئۆتۆمبێلەکە لە دەشتەکانی قەراخ جادەی سەقز نزیک بووەوە، خەڵکی ناوچەکە سەرقاڵی دروێنە بوون، کۆپتەر دەسرێژی شەستیری لە جوتیارەکان کرد، خەڵک دەستیکرد بە ڕاکردن.

ماوەیەکی تر ڕۆیشتن گەیشتنە بن گردێک سەرنجیاندا پاسەکەی پێی هاتبوون لەوێ وەستاوە، بە خێرایی لە سیمرخەکە دابەزین و خۆیان کرد بە پاسەکەدا، کۆپتەرەکان هەر بە دوای سیمرخەکەوە بوون، پێشمەرگەکان گەیشتنەوە سەقز، چوونە مزگەوتێک مەلا شێخ جەلال لەوێ بوو، عەلی چوارتایی گلەیی زۆری لە مەلا شێخ جەلال کردوو ئەوەی هاتە سەردەمی پێیوت، چونکە بڕیار بوو مەلا شێخ جەلال لە گەڵیان بچێتە گوندەکە، بەڵام لە سەقز مابووەوەو نەچوو بوو لە گەڵیان، عەلی چوارتایی پێیوت خەریک بوو هەمووومان تیا بچین، دەتەوێ بە گورگان خواردوومان بدەی، مەلا شێخ جەلال تەنها هێندەی لە زار هاتە دەرێ (هەق

بە تۆیە) (هەقی خۆتانە).

پێشمەرگەکانی کەرتی یەک سەقزیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بانە.

## شـــــەڕی ســــــەقز

ماوەیەکی کەم لە بانە مانەوە پێیانوتن پاسدار هێرش دەکاتە سەر سەقز، پێشمەرگەش بۆ بەرەنگاری پاسدارو پاراستنی سەقز بەڕێکەوتن، سەربازگەی سەقز ڕێگەی نەئەدا بچنە ناو سەقز، بۆیە پێش ئەوەی بچنە ناو سەقز دابەزین و بە چەمەکەدا ڕۆیشتن، عەلی چوارتایی ووتی پێمان نەوتن ئەو سەربازگانە (پایگایانە) چەک بکەن.

هێزەکانی ڕۆژهەڵات داوایان لە سەربازگەکەی سەقز کرد تەسلیم بن، فەرماندەی پایگاکە ووتبووی، وا هێز دێت بۆ لامان پێویستمان بە ئێوە نییە، کاتێ داوامان دەکرد تەسلیم دەبین بۆ نەهاتن، فەرماندەکە ووتبووی بێنە پێش تەقەتان لێدەکەین، بۆ ئەوەی کەس نەکوژرێ نەیەنە پێشەوە، ئەمە هەڵە گەورەکەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات بوو کە دوا جار بە سەریاندا شکایەوە.

هەرێمی سێ بە تەواوی بەرەو سەقز بەڕێوە بوون، بە چەمی سەقزدا سەرکەوتن و چوونە ناو سەقز، چەند ڕۆژێکیش بەر لە ڕۆشتنی تەواوی هێزەکە بەکری حاجی سەفەر لە ناو سەقز بوو، لە سەقزدا هێزەکانی هەرێمی (٣) بەرگریەکی بێوێنەو شەڕێکی قارەمانانەیان کرد.

## پـــــــردەکەی ســــــەقز

لە سەرچەمی سەقز پردێک هەبوو کە ڕێگای هاموشۆو پەڕینەوە بوو، ئەمبەراوبەری سەقزی بە یەکەوە گرێدەدا، عەلی چوارتایی بە مەلا شێخ جەلالی ووت ئەگەر ئەتانەوێ بەرگری بکەن پردەکە بتەقێننەوە مەلا شێخ جەلال ووتی (نانا) ئەوە شێلمان بەستی دەکەین شێلمانی گەورەیان هێنا بە هەر چوار لای پردەکەدا ڕاست و چەپیان لێداو لەحیمیان کرد (لەحیم جۆش).

ئەو بەرچەم گیرا، پێشمەرگە لە ناو شاردا بوو، پێشمەرگەکانی هەرێمی سێ بە فەرماندەیی بەکری حاجی سەفەر هێزەکانیان دابەشکرد بە ناو شاردا، جەمالی حەمەی خواکەرەم بە (R.B.G) یەوە لە سەر پردەکە دامەزرا بوو، کەرتی یەکیش دانرا بۆ سەر پارکی شار (پارکی جەنگەڵی).

لە کاتژمێر(٩)ی شەودا سووپای پاسداران ملی نا بۆ ناو شار لە پردەکەوە پێشڕەوی کرد، سەربازگەی سەقز کە برادەرانی ڕۆژهەڵات نەیاندەویست تەسلیم بێ و پێیانوابو کەی ویستیان لە دەستی خۆیاندایە، بۆمبارانی شاری سەقزی دەستپێکرد.

دەبابە هاتە ئەو بەر پردەکەوە بە تۆپ لە شێلمانەکانی ئەدا، لەم سەر بۆ ئەو سەری پردەکە شێلمانەکانی قرتاند ڕێگەی پردەکەی کردەوە، جەمالی حەمەی خواکەرەم لە ناوەڕاستی پردەکەدا دەبابەیەکی تێکشکاند نەیهێشت بێتە ئەمبەرەوە، دەبابەیەکی تر هات دەبابە شکاوەکەی لە پردەکە خستە خوارەوە، جەمالی حەمەی خواکەرەم ئەویشی تێکشکاند، پاسدارو دەبابە لە پردەکە پەڕینەوە، پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بۆ ناو شار.

ناو شاری سەقز، هێزەکانی یەکێتی، حیزبی دیموکرات، چریکی فیدایی، کۆمەڵە، هێزی بەرگری تیا بوو، بەڵام تاکە هێزی شەڕکەر هێزەکانی یەکێتی بوون.

سوپای پاسداران بە پشتیوانی تانک و تۆپ بەرەو پارکی شار (پارکی جەنگەڵی) بەڕێکەوتن کە هێزەکانی یەکێتی لێدامەزرابوون، عەلی چوارتایی، بەکرە درێژ، مەجید مەلا صدیق، سەلام بەردە زەردی، تالیب کەنارویێ و تێکڕای کەرتی یەک هەر یەکەو سەنگەرێکی گرتبوو.

تەقە دەستیپێکرد، بە نۆرەو هەر جارەی یەک کەس تەقەی دەکرد، تا دەست بە فیشەکەوە بگرن، ژمارەیەک ماشێنی سەربازی بەرەو سەربازگەکە ڕۆیشتن دەسرپێژیان لە چەند ئۆتۆمبێلێک کرد، ووتیان شۆفێرەکانیان نەکوژن گیر بخۆن دەمانخۆن.

سەرەتای هێزی پیادە دەرکەوت بە ئەڵڵا هو ئەکبەر بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هاتن، ژن و مناڵ و پیاوی سەقز گەورەو بچوک نان و فیشەکیان بۆ پێشمەرگە دەهێنا، بەردەوام چای گەرمیان لابوو، فیشەک بە تورەکە دەهات، ژنانی سەلارو ڕووسووری سەقز، کوڕانی سەربەرزو سەرفراز، مێردمنداڵانی دڵ پڕ لە هیواو ئومێد هاوکارو هاوسۆز و پاڵپشتی پێشمەرگە بوون.

تا دەهات دەنگی الله ئەکبەر نزیک دەبووەوە، پێشمەرگە لێیاندان و وەک تاوە تەرزەی بەهار گوللەیان بە سەر سوپای کوللەو وێرانکەردا دەباراند، گوللە پرژێنی شەقامەکانی سەقزیان کرد،

خوێن بە پانی و پانتایی شەقامەکان جۆگەلەی بەستبوو، دەیان لاشەی داگیرکەر لە سەر شەقامەکان کەوتبوون، دەبابەکان دەهاتنە پێش بە سەر جەنازەو تەرمی کوژراوەکان و گۆمی خوێندا دەڕۆیشتن، تەرمەکانیان دەشێلا، قرچە قرچی شکان و پسانی ئێسک و پرووسکی پاسدار لە ژێر زنجیری دەبابەکاندا دەگەیشتە گوێ، ناڵە ناڵی بریندارەکانیان کە هێشتا هەناسەیان تیا مابوو دەبابە دەیشێلان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد، دەگەیشتە لێواری دەرگاکانی ئیمام بەڵام کەس نەیدەبیست و کەس دەرگای بەزەیی بە ڕوویاندا نەدەکردەوە زرەی دەبابە خوێن و ئێسک و پرووسک و فرمێسک و کەللە سەرو دەفەی شان و لولاقی قاچی بە یەکەوەو بە یەک مەسافە دەشێلا ئاهو ناڵەی ئەو شەوە دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک، هەر هاوارو ناڵە و زریکەو دوا هەناسەی بەر لە مەرگ بوو دەبووە مارشی شەڕو دەهۆڵی ئاشوبی دەکوتا.

کاتژمێر (١١)ی شەو پێشمەرگە کشانە دواوە، هێزی داگیرکەر بێ شومارو پەلامارەکانی بێ وەستان بوون، ئێتر شۆکەی بەرگری شکا، لەماڵەکان پەڕینەوە بۆ شەقامی بەری سەروو، ئۆتۆمبێلێک بەجێمابوو پڕ بوو لە فەردە، کە سەریان هەڵدایەوە فەردە خۆڵ بوو سەنگەریان پێ درووست کردبوو، کەس نەیتوانی سەیارەکە لێخوڕێ، ئۆتۆمبێلەکە هەگبەیەکی گەورەی تیا بوو غەریب گەنکەیی هەڵیگرت و کردیە کۆڵی، کۆپتەرەکان شەوە زەنگی شاری سەقزیان بە تەنویر

ڕووناک کردبووەوە، شاریان کردبووە چراخان، سەربازگەی سەقز تۆپبارانی ناو شاری دەکرد بێ ڕەحمانە دارو بەردوو هەموو شوێنێکی دەکوتا.

خامۆشیەک باڵی بە سەر شاردا کێشا بوو، خامۆشی ڕۆح، خامۆشی خاک، خامۆشی نەتەوە و نیشتمانێک کە هەتا ئاسمانیش فرمێسکی بۆ نارێژن و بۆ گوڵەکانی ئەو داناکەن، خامۆشییەک بۆ وڵاتێکی بێ خاوەن، خامۆشیەک کە لە نێو گوللەی ڕۆکێت و کاتیۆشای داگیرکەردا هەر خامۆش، لە ناو قریوەی گوللەی کوڕانی گەل (پێشمەرگەدا) شادوو دڵخۆش.

پێشمەرگەیەکی چریکی فیدایی شارەزای شەقام و کوچەو کۆلانەکانی شار بوو، بووە چاو ساغی پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و بەرەو ڕاستە ڕێی شاری بۆکان بە ڕێیکردن، غەریب گەنکەیی کۆڵە پشتەکەی پێبوو لە ڕێگا عەلی چوارتایی ووتی غەریب چی تێدا بێ شەریکین.

## کـــــــۆڵە پـــــشتی کـــــــفن

لە ڕێگا سەر گەلابەیەک کەوتن گەیشتنە بۆکان، لە بۆکان چوونە ماڵی خزمەکانی عەلی چوارتایی، خزمەتی باشیان کردن و چەند ڕۆژێک پشوویاندا، عەلی چوارتایی بە غەریبی ووت با کۆڵەکە بکەینەوە بزانین چی تیایە، بیکەرەوە بزانین چی تیایە، کۆڵە پشتەکەیان کردەوە جلی قیامەتی تیابوو پڕ بوو لە کفن، غەریب بە گاڵتەوە بە عەلی چوارتایی ووت نامەوێ هەمووی بۆ تۆ، عەلی چوارتایش ووتی منیش نامەوێ بابۆ تۆ بێ، کۆڵە پشتەکەیان فڕێدا.

ئەو ماشێنەی کۆڵە پشتە کفنەکانی تیا بوو، ژمارەیەک تەوریشی تیا بوو، تەور بۆ دار بڕین نا، بۆ کوشتن و جنینی خەڵک، تۆی خوێنەر بەراوردێک بکە لە نێوان هێزێکی خوێن خۆری لەو شێوەیە بەرانبەر هێزێکی تاڕادەیەک بێ بەرنامەو پلانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە هێند خەمسارد بوون تاقەتی ئەوەیان نەبوو هەتا سەربازگەکانیش چەک بکەن، کە خۆیان داوایان دەکرد تەسلیم بن.

بەرەی کوردستانی و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور لەکاتی ڕاپەڕیندا بە تایبەت (ی ن ک) ئەو تەجروبەیان دووبارە نەکردەوە، بەڵکو تێکڕای سەربازگەو

مۆڵگەکانی ڕژێمیان چەک کردوو لە تەپڵی سەریان لە سەری مارەکەیاندا، کێشایان بە ڕەگی ملی بەغدادا، چەکەکانیان کردە دەستکەوتی گەورە بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدان و پڕ چەککردنی هێزی پێشمەرگە.

## بــــــەرەو مــــەهابـــــاد

پێشمەرگەیەکی چریکی فیدایی ئێران شەهید ببوو لە گۆڕستانی سەرو شاری بۆکان بە خاکیان سپارد، هەرێمی سێ بەشداری پرسەو بە خاکسپاردنی شەهیدەکەیان کرد، دواتر ماڵاواییان لە بۆکان کردوو بەرەو مەهاباد بەڕێکەوتن تا لەوێوە بچنە بانە، کابرایەک لە ناو بۆکان نارنجۆکێکی پێبوو خەریک بوو بە ئۆتۆمبێلی پێشمەرگەکاندا بیتەقێنێتەوە ئەوانیش کابرایان گرت و تەسلیمی حزبی دیموکراتیان کردوو سوار پاس بوون بەرەو مەهاباد.

ڕۆژیی دوایی هێزەکەی هەرێمی سێ گەیشتنە مەهاباد، خەڵکی مەهاباد هاتنە پێشوازیان و بردیاننە مزگەوت، بۆ بەیانی نانیان بۆ هێنان بۆ مزگەوت هەر پێشمەرگەیەک قاپێ ماست، قاپێک هەنگوین، لەگەڵ نانی گەرم، هەر پێشمەرگەیەک پارچەیەک جگەرەی (وینستۆن) لە بەردەمی دانرا، هەر یەکەو شتێکی دەهێنا.

## کـــــاتژمێرەکەی شــــــەماڵ

شەماڵ پێشمەرگەی هەرێمی سێ بوو، کاتژمێرێکی ستیزنی لە دەست دا بوو، لە سەر حەوزی مزگەوتەکە لە بیری چوو بوو، دواتر گەڕابووەوە بۆ کاتژمێرەکەی لە سەر حەوزەکە نەمابوو، پرسیاری لە خەڵکەکە کردبوو ووتبووی کاتژمێرێکی ستیزنیم لە بیر چووە کەس نەیدیوە، پێدەچو کاتژمێرەکە کەوتبێتە حەوزی مزگەوتەکەوە، خەڵکی مەهاباد چوبون لە بازاڕ کاتژمێرێکی لەوەی خۆیان بۆ کڕیبووەوە، شەماڵ دەیوت کاکە ئەو کاتژمێرە هی من نیە ئەوەی من ڕووشاوە، خەڵکەکەش دەیانوت نا هی خۆتە، بە زۆر کاتژمێرەکەیان کردە دەستی.

## دووکـــــانی قـــــوماش

خەڵکی مەهاباد پارەیان لە پێشمەرگە وەرنەدەگرت، هەر شتێکیان بویستایە و بە هەر نرخێک بوایە، تالیب کەناروێی و غەریب گەنکەیی و بەکرە درێژ چوونە دوکانێکی قوماش، تا قوماش بکڕن و بیکەنە قات، بە خاوەن دووکانەکەیان ووتبوو ئەو قوماشە بە چەندە، خاوەن دووکانەکەش ووتبووی هەرزانە خەمتان نەبێ ئێوە هەڵی بژێرن لای خۆتان هەرزانترە، سەرو قاتیان لێکردەوەو وتیان چەند دەکات، کابرای دووکاندار ووتبووی سەرچاوم میوانی منن، ئێوە هاتوونە شارەکەی قازی، ئێوە میوانی قازین، شورەییە بۆ من پارە وەرگرم، ئێوە هاتوون خوێن دەبەخشن لە شارەکەی قازی.

## ســـــەردانی مـــــحەمەدی مـــــاملێ

ماملێ هونەرمەندێکی گەورەو خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و ڕەسەن، پیاوێکی سالارو سەنگین، کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی گەورە، شۆڕشگێڕو خەباتگێڕی ڕێگەی قازی، خاوەن پایەو مەقام و دیوەخان، هەمیشە دەرگای بە ڕووی پێشمەرگەو خەڵکدا کراوە بوو.

(تالیب، غەریب، بەکر) لە نێو خۆیاندا ووتیان بۆ سەردانی ماملێ نەکەین، سۆراغی ماڵی ماملێیان کرد لە گەڕەکی چوارچرا لە خانوویەکی دوو قاتدا بوو لە دەرگایاندا چالاک دەرگاکەی کردەوە ووتی فەرموون، ووتیان کاکە حەمە لە ماڵە، ماملێ هاتە دەنگ و ووتی ماڵی نۆکەرتانە ئاغایانی عێراقی فەرموون وەرنە سەرەوە، پێشمەرگەکان چوونە سەرەوە، ماملێ لە ئامێزی گرتن، ڕێزی زۆری لێگرتن، بەکرە درێژ ووتبووی کاکە حەمە گۆرانیەکمان بۆ ناڵێی ماملێش بە چالاکی ووتبوو ئەو نەوارە بخەرە سەر زەفتەکە با بیڵێ، گۆرانیەکی خستبووە سەرو ووتبووی ئەوە گۆرانی، زۆر هەوڵیدا بو ئێوارە لەوێ بن بەڵام نەمانەوە، بۆ ڕۆژی دواتر لە سەردەشت و کاوڵان و ڕەبەتەوە هاتنەوە بانە.

## شـــەڕی بـــانە، ســـەر شـــیوی ســـەقز

کەرتی یەکی هەرێمی سێ بە فەرماندەیی عەلی چوارتایی گەڕانەوە (بانە) نزیکەی دوو مانگ لە بانە مانەوە، سوپای پاسداران لە هەوڵی گرتنەوەی تێکڕای شارەکانی کوردستاندا بوو، هێرشی کردبووە سەر سەرشیوی سەقز، ئەنوەری مەجید سوڵتان ئەفسەرو فەرماندەی قارەمانی هێزی پێشمەرگە لە سەر شیوی سەقز شەهید بوو.

کۆپتەرەکانی ئێران بە سەر شاری بانەدا دەسووڕانەوە شاری بانە بە بێ بەرگری ڕادەستکرا، مەلا شێخ جەلال بە پێشمەرگەکانی یەکێتی ووت تەقە مەکەن، با خەڵکی بانە تیا نەچێت، پێشمەرگە بێ بەرگری کشانەوە بۆ (کانی گوێز)ی پشتی ئاربەبا.

دوای کشانەوەیان لە شاری بانە، گەڕانەوە سنووری شارباژێڕ، لەوێش دەستیان کردەوە بە چالاکی پێشمەرگانە.

گرنگە ئەوەش بڵێین لە شەڕی سەر شیوی سەقز مەفرەزەیەکی کەرتی یەک بەشدار بوون کە مەجیدی مەلا صدیق یەک لەو پێشمەرگانە بوو، تفەنگێکی (ژێرسێ) یان دەستکەوت بوو، لە شەڕی سەقزیش دا زیلێکی سەربازی و تۆپێکیان دەست بە سەردا گرتوو گواستیانەوە بۆ سەردەشت.

## خـــــاڵخاڵی، کـــــوردو ســـــێدارە

خاڵخاڵی یان صادقی خاڵخاڵی یەکێک لە کاربەدەستانی ئێران بوو، لە سەردەمی بەرەنگاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەو دەمەی حکومەتی ئێران هێرشی هێنایەوە کوردستان، لە زۆربـەی شارەکانی کوردستان تاوانی دژی خەڵکی سڤیل ئەنجامدا، دەیان و سەدان لاوو پیری کورد بە فەرمانی خاڵخاڵی بڕیاری لە سێدارەدان و گوللەبارانکردنیان بۆ دەرچوو، ڕووداوەکانی سنەی خوێناوی وسەقز و مەهاباد لە شەڕی سێ مانگەدا بەڵگەو شایەدی دەیان چیرۆکی حەزین و ئاهو فرمێسک و خوێنن.

ئەگێڕنەوە لە شاری مەهاباد خاڵخاڵی حوکمی لە سێدارە دانی بە سەر کوردێکی سڤیلی ئەو شارەدا سەپاندبوو کوردەکە بێتاوان و بێچەک هیچ تاوانێکی لە خۆیدا

شک نەدەبرد بۆیە ڕووداوەکاتە خاڵخاڵی و پییدەڵێ تۆ بێتاوان سزای لە سێدارەدانت بە سەر مندا سەپاندووە صادقی خاڵخاڵیش دەڵێ ئەگەر تاوانبار بیت ئەوا سزای تاوانەکەت وەردەگریت، ئەگەر بێتاوانیش بیت لەو سەرەوە دەچیتە بەهەشت، کێ بەهەشتی بەو ئاسانییە دەستدەکەویت.

صادقی خاڵخاڵی یەکێک لە شیعە توندڕەوەکانی نزیک خومەینی بوو.

شەڕی سێ مانگە پڕ لە سوێ و زام و برینە، ئەگێڕنەوە لە ناوچەی شنۆ کاربەدەستانی ئێران پاسێکی پڕ لە نەفەر ڕادەگرن، دایاندەبەزێنن و دەیانکەن بە دوو بەشەوە بەشێکیان ئازاد دەکەن و بەشەکەی تریشیان لە سێدارە دەدەن.

شەڕی سێ مانگە بارتەقای سێ ساڵ برینی پڕ لە ئێش و ئازار بوو، لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات بە تایبەت کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕەنگی داوەتەوەو هەڵوەستەی لە سەرکراوە.

نووسەرو هونەرەکانی کۆمەڵە، بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەلات و لە سێدارەدانی جەوانانی کورد لە کوڕو کچ، هەروا بۆ شاری سنەو شارەکانی دیکەش لە ئاستێکی بەرزدا نووسیوویانە، جەلالی مەلەک شاو موسلیح شێخە لئیسلام (ڕێبوار)ی شاعیر بۆ سنەو سەقزو ڕووداوەکانی ئێرانیان نووسیوە.

هۆنراوەی (سنە) ی (ڕێبوار)ی شاعیر کە ناسری ڕەزازی بە مەقام ووتوویەتی، بۆن و بەرامەی سنەی لێدێ و ژانی سنەو ڕۆژانی پڕ لە یادگاری لەگەڵ خۆیدا ڕادەژەنێ،

**لە سەر ئاریزەوە با بروانم**
**بۆنەکەی خۆشە دەگاتە گیانم**
**قیبلەکەم شاری سنەی سەربەرزم**
**خاوەنی شۆڕەجەوانی تەرزم**
**قیبلەکەم شاری کزی مل بە کوێن**
**گۆڕی پیرۆزی شەهیدان لە کوێن**

هەوالنامەی کتێب

بابچم دەستە گوڵی لێدانێم
دڵی داماوی لە بەر پێدانێم
گوڵە بارانی گڵی سمکۆ کەم
گڵە بانانی دڵی پرسۆکەم
چەپکە شیعرێکی بڵێم بۆ سمکۆ
تاوەکو دەردی گران بێتەوە سۆ

قارەمان تاجی سەری شێر پیاوان
ناوی تۆ بۆتە سروودی لاوان
بێ تۆ بێ بابە هەتیوی سەنگەر
بێ وریشانەوەیە ئاگری شەڕ
ژیلەمۆی بێ گڕە پڕ سەودایە
ئاگری سووری لە من بەردایە
کوڕە کورسانی بە عەشقی مەیمان
هەموو گیانیان گڕو سۆزەو پەیمان
لە بن ئەو ئاگرە سکڵی سورن
مەشعەلی نوری بەرەو ڕێی دوورن
سوێند بە خوێنی گەش و سووری دڵی تۆ
لە جیاتی دەست و چەکی ژێر گڵی تۆ
بە هەزاران هەزار دەست و تفەنگ
هەڵئەگیرسێننەوە ئاگری جەنگ
تا ئەگەینە ئەوی ڕۆژی والا
شەنگە بالا بشەکێنن ئالا

هەر موصلیح شیخەلئیسلام (ڕێبوار) بۆ کچێکی لە سێدارە دراوی سەقزی دەنووسێ.

**(قەڵا لە جەرگمان دەکەندرێ کە شێت نابین گێڕایەوە دەستێک لیباسی کچانەی، سێ چوار کون تێ، سووربوو بە خوێن، لەگەڵ جوتێک کەوشی وێڕنی ناسکی پاژنە خوێناوی، فڕێدرا بە نێو حەوش و کۆشی دایک، لەگەڵ ئەسکەناسێکی پەنجا تمەنی، ئەو پارەیەش مارەیی کچەکەتانە).**

دەسەڵاتی ئەو کاتی ئێران جیهادیان دژی کورد ڕاگەیاند بوو گوایە لە مزگەوتی جامیعەی سنە ژمارەیەک ژنی موسڵمان دەستگیرکراون، دیارە ئەم بیانووە پاساو بوو بۆ قەتڵ و عامی خەڵکی کوردستان بەڵام لە ژێر سەردێڕی بەرگری لە موسڵمانان.

خاڵخاڵی لە کوردستان بە قەلای زوڵم و ستەم ناوبانگی ڕۆیشتبوو، دوای چۆڵکردنی شاری سەقزو هاتنەوەی سوپای پاسداران بۆ ئەو شارە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ (٣٠ تا ٥٠) کەس دەرکرد، لە مەریوان و پاوەو شارەکانی دیکەش بە هەمان شێوە تاوانی ئەنجام دابوو، لە فڕۆکەخانەی سنەش(١١) کەس گوللە باران کران.

ژنانی ڕۆژهەلات لەم نێوەندەدا بێبەش نەبون لە قوربانی بەڵکو لە زۆر بواردا پێشەنگ بوون، ژنانی دکتۆرو پەرستار سەرقاڵی تیمارکردنی برینەکانی پێشمەرگە بوون، ژنانی تریش نان و ئاوو پێداویستیان دەگەیاندە خەڵک، جگە لە ژنانی پێشمەرگە کە ئەرکی بەرەنگارییان لە ئەستۆ بوو شان بە شانی پیاوان.

لە سنە ژمارەیەک ژن گوللە بارانکران، لە شارەکانی تریش بە هەمان شێوە ژنان سنگیان قەڵغانی گوللە بوو، (نەسرین و شەهلا) کەعبی لە سەقز نموونەی دوو گیان بەختکردووی ژنانی ڕۆژهەلاتن، لەگەڵ دەیان ژنیتری سەلارو سەنگین.

هێزەکانی یەکێتی ڕۆڵی دیاریان بینی لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی سوپای پاسداران، بە تایبەت هەرێمی ٣ی شارباژێڕ لە سەر پردی سەقزو پارکی سەقز بەرگری بێوێنەیان کرد.

نیگەرانم لەوەی هەندێک لەو نووسەرو پێشمەرگانەی مێژووی بەرەنگاری سێ مانگەی ڕۆژهەلاتیان نووسیوەتەوە بە تایبەت لە شاری سەقزدا خۆیان لە ڕۆڵی

پێشەنگ و سەرەکی پێشمەرگەکانی (ی ن ک) لاداوەو ئاماژەیان پێنەداوە، یان بە ئەنقەست ویستوویانە ئەو مێژووە نادیدە بگرن، بەڵام مێژووی پڕ لە شانازی و بەرگری یەکێتی ناشاردرێتەوەو بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ.

## شـــــەڕی عـــــێراق-ئـــــێران

سالّی ١٩٨٠ شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران هەڵایسا تازە شۆڕشی گەلانی ئێران ڕوویدابوو، شای ئێران بەرەو میصر هەڵاتوو خومەینی هاتە سەر حوکم و جمهوری ئیسلامی ئێرانیان ڕاگەیاند، صدام حسێن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕێکەوتننامەی جەزایری هەڵوەشاندەوە ئاگری تێبەردا و ڕایگەیاند ئەو ڕێکەوتنە هیچ بەهایەکی نەماوەو لە هەموو ئەو بەڵێنانە پاشگەزبووەوە کە لە ڕێکەوتننامەکە ئیمزا کرابوون و بەشێک لە ئاوەکانی کەنداوی دەدایە ئێران، کردیەوە بە (شط العرب) بەم جۆرەش لە سالّی (١٩٨٠)دا ئاگری شەڕێکی ماڵ وێرانکەر هەڵایسا کە تیایدا سەدان هەزار کەس کوژران و هەزارانیش ماڵوێران و کەمئەندام بوون، بە سەدان هەزار بێ باوک و بە سەدان هەزار ژن بێوەژن کەوتن، شەڕی ماڵ وێرانکەری ئێران- عێراق ٨ سالّی خایاند هەشت ساڵ لە خوێن و فرمێسک و خوێن و داچۆڕانی ئابووری، ٨ ساڵ کاولکاری و نغرۆبوون ئەگەرچی شەڕی عێراق- ئێران ماڵوێرانکەر بوو، ئابووری وولاتی هەڵلوشی، بەڵام بەدیوێکی تردا فشاری لە سەر خەڵکی کوردستان کەمکردەوە، بەرنامەی کۆمەڵکوژی بە کۆمەڵ و ڕاپێچانی خەڵکی کوردستانی بۆ خوارو ناوەڕاستی عێراق دواخست، هەرچەندە لە سالّی ١٩٨٨ بەشێک لەو بەرنامە نەگریسەی لە چوارچێوەی ٨ قۆناغی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەنجامدا، بەڵام دووبارە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ڕیسەکەی بەعسی داگیرکەری کردەوە بە خوری و فریای ئەوە نەکەوت تێکڕای مرۆڤی کورد زیندە بە چاڵ و تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستان وێران و تەخت و یەکسانی خاک بکات.

لە پەراوێزی شەڕی عێراق – ئێران دا، هێزی پێشمەرگە زیاتر گەشەی کردو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بوونە پێشمەرگە، زەمینەیەکی لە بار خوڵقا تا

پێشمەرگە بتوانێت لە گوندەکاندا بارەگای خۆی دابنێ و باسکی ئەستورو بەهێزتر بێت و چالاکی گەورەو فراوان دەست پێبکات تا گەیشتە شەڕی گەورەی جەبهەیی و ڕزگارکردنی شارۆچکەو زنجیرە شاخی گەورە و شارەدێی گەورە.

## دوای گـــــەڕانەوە لە ڕۆژهـــــەڵات تەسلیم بوونەوە:

دوای شەڕی سەقزو پاشەکشە لە بانە و گورزی گورچکبڕی قارەمانەکانی هەرێمی ٣ و کەرتی یەک لە سەر شیوی سەقز، دوو پێشمەرگەی کەرتی یەک بە بیانووی سەردانی کەسووکاریان مۆڵەتیان وەرگرت، تەسلیم بە ڕژێم بوونەوەو نەهاتنەوە ڕیزەکانی شۆڕش.

(س، ف) دوو پێشمەرگەی کەرتی یەک برنەوێکی دار شوشەی جوان و کلاشینکۆفێکیان تەسلیم بە ڕژێم کردەوە.

## مـــــامۆستایەکـــی بەعـــــسی

ژمارەیەک مامۆستای فێر کردنی خێرا (محو الامی) لە چوارتا بوون بۆ فێر کردنی خەڵکانی بە تەمەن یان ئەوانەی دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە، حکومەتی عێراق لە سەر ڕاسپاردەی بڕیارەکانی مەجلیسی بە ناو (قیادەی ثورة) بە ئیمزاو فەرمانی (ئەحمەد حسن بەکر) بڕیاری خوێندنی نیشتمانی ڕاگەیاند، لە نێو ئەو ژمارە مامۆستایە مامۆستایەکی تیا بوو پیاوی ڕژێم بوو کاری بۆ دەزگا جاسوسیەکانی بەعس دەکرد، بۆیە پێشمەرگە بڕیاریاندا دەستگیری بکەن.

## دانــــانی ســــەیتەرە لە چـــوارتا

لە سەر ڕێگای ئەسحاب و لە سیلەی بەرانبەر ماڵەکانی چوارتا، کەرتی یەک بە فەرماندەیی عەلی چوارتایی بۆسەیەکیان بۆ دەستگیرکردنی مامۆستا بەعسیەکە دانا.

هەواڵ گەیشتبوو کە مامۆستاکان چوونە کەنارو لەو سەرەوە ئەگەڕێنەوە، بۆیە پێشمەرگە لە سەر جادەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی پاسەکە بوون.

کەماله سووری گەنکێ پاسێکی پۆڵۆنی پێبوو له کەناروووەوه بەرەو ئەسحابی چوارتا و ناو چوارتا بەڕێکەوتبوو، مامۆستاکان له پاسەکەدا بوون، کەوتنه بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو دایانبەزاندن.

له کەنارو شۆفلێتێک بەرەو چوارتا هات، ئەویشیان وەستاند، شۆفێری شۆفلێتەکه برازای ئەو دوو پێشمەرگەیه بوو که تەسلیم به ڕژێم بوونەوەو بڕنەوو کلاشینکۆفێکیان بردبوو، ئەویشیان دەستگیرکرد، بەرەو مێکۆکان و بەردە زەرد شۆڕبوونەوە.

سەیارەیەکی پڕچەکداری پۆلیس بەرەو پێشمەرگەکان هاتن، دەسڕێژیان لێکردو هەڵات هیچ وەڵامێکی نەبوو.

سەربازەکانی سنوورەکه به کەمینی پێشمەرگەکانیان زانی بەر هاوەن و(بی کەی سی) یاندان، بەڵام بێ زیان بوون و ئێوارەکەی گەیشتنه بەردە زەرد.

ئەو مامۆستایەی مەبەستیان بوو لەگەڵ ئەو مامۆستایانه نەبوو که له کەناروێ دەگەڕانەوە، بۆیه عەلی چوارتایی له مزگەوتەکەی بەردە زەرد کۆبوونەوەیەکی پێکردن و ڕێبازی شۆڕشی بۆ ڕوونکردنەوە، پێیان ووتن ئێوه خەڵکی شۆڕشگێڕو به هەڵوێستن تێکۆشەرو پێشەنگی کۆمەڵن، ویستمان بتانبینین و ڕێبازی شۆڕشتان بۆ ڕوون بکەینەوە.

هەر ئەو شەوە له بەردەزەرد مامۆستاکانیان به جێهێشت و بۆ سبەی گەڕانەوە چوارتا، بەڵام ئەویتریان لەگەڵ خۆیاندا برد، چوونه ماڵی مامەو ڕەحمان له ڕەشکی، نان و چایان خوارد، تا بەرەبەیان لەوێ مانەوە، بۆ نان خواردنی بەیانی چوونه وەڕاز.

## نـــــێوان دێـــگەڵ و وەڕاز 1980/3/9

دوای نان خواردنی بەیانی بزنێکی باش و قەڵەویان کڕی تا بچنه سەر کانی نورەدین پشوویەک بدەن و بزنەکەش سەر بڕن و بیخۆن، بزنەکه له دەستیان ڕایکرد، دوای کەوتن بەو شاخ و کێوه تا گرتیانەوە بەرەو کانی نورەدین ڕۆیشتن، له شانەکەی وەڕاز دەڕۆیت بەو دیودا کانی نورەدینه، له سەر کانییەکه خۆیان کردەوە، بزنەکەیان سەربڕی و گۆشتیان لێدا، بەڵام بێ خەم دانەنیشتن ئێشکگریان

دانا، محەمەد کەنارۆیی لە بەرزاییی پشت کانیەکە ئێشکگر بوو.

کە بزنەکەیان کڕی خوشکێکی کوێخا ئەحمەدی وەڕاز ووتی سەروپێکەمان بۆ دائەنێن ئەگەر بێین.

ئاسۆس ئەو کچە وەڕازیە بوو کە هات سەروپێکە وەرگرێت و بیبات، سەروپێکەیان بۆ کردە گوێنییەک و لەگەڵ دوو باوەش چیلکە بۆیان لە گوێ درێژ ناو بەرێیان کردەوە بۆ وەڕاز.

گوێیان هەڵخست، هەموو گوێ قوڵاغ بوون، لە دوورەوە دەنگ و ووڕەی کۆپتەر دەهاتە گوێ، بانگی محەمەدیانکرد ووتیان ئەو کۆپتەرانە بۆ کوێ دەچن، محەمەد وەڵامی دایەوە، بەرەو کوڕاداوێ دەڕۆن کۆپتەرەکان جەیشیان دەبرد بۆ کوڕاداوێ و ئامادین و گردە زبێر، لە وەڕازیش کۆپتەر نیشتەوەو سەربازی دابەزاند، بە پیادە بەرەو کانی نورەدین هاتن ئەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێدانیشتبوون.

ئاسۆس لە گەڕانەوەدا گەیشتبووە دەم سوێیەکە کە دەڕوات بە دیوی وەڕازدا، سەربازەکان بەرەو ڕووی دەهاتن لوتیان بە یەکا تەقی، بەڵام لێیان نەپرسی لە کوێ بوویت و بۆ کوێ دەچی، بانگی محەمەدیان کرد ئەو قەرەباڵغیە چییە، ووتی سەربازن، ئنجا زانیان کە سەربازیان دابەزاندوە، دوو کۆپتەریش هاوشانی سەربازەکان ڕووەو پێشمەرگەکان دەهاتن، بانگی محەمەدیان کرد بێتە خوارەوە، ئەوانیتریش بەرەو چەمەکە ڕۆیشتن کە دەچێتەوە قوتابیان.

پێشمەرگە مەسافەیان وەرگرت و بەرەو چەمەکە ڕۆیشتن، لە ناو بێشەو بێشەلانی چەمەکەدا لە چاو ون بوون، ئەو بارمتەیەشیان پێبوو کە ڕۆژی پێشوو دەستگیریان کرد بوو.

عەلی چوارتایی بە غەریب گەنکەیی ووت تۆ مەڕۆ چاوەڕێی محەمەد دەکەین بێتە خوارەوە، هەر بانگی محەمەدیان دەکرد بێتە خوارەوە، محەمەد لە شوێنی خۆی نەدەجوڵا کۆپتەرەکان بە سەر سەری محەمەدەوە سووڕیان دەخوارد محەمەد ژێرسێیەکی پێبوو، دەسڕێژی گوللەی لە کۆپتەرەکان کرد کۆپتەرەکان چوونە ئاسمان.

کۆپتەرێک گەڕایەوە سەر محەمەدو دەسرێژی لێکرد، محەمەد دەسرێژێکی تری لێکردن، کۆپتەرەکان بە سەر سەرو چواردەوری محەمەدا دەسووڕانەوەو بە نۆرە دەسرێژیان لە محەمەد دەکرد، جارێکیتر کۆپتەر هاتەوە سەر سەری محەمەدوو دەسرێژی لێکرد، ئەمجارەیان محەمەد پێکرا، شەستیرەکان بریسکەی دەهات کە دەیدا لە شوێنی محەمەد، محەمەد هەستا ڕاکات بەڵام فریانەکەوت جارێکیتر پێکرا و لە شوێنی خۆی دانیشت بە برینداری دەسرێژێکیتری لە کۆپتەرەکان کرد، جارێکیتر کۆپتەر لێیدایەوە، وایانزانی شەهید بووە وازیان لە تەقەکردن هێنا.

سەربازەکان هاتنە خوار بۆ سەر شوێن ئاگری پێشمەرگەکان بۆ سەر کانی نورەدین.

عەلی چوارتایی دووربینە بچوکۆلەکەی نابوو بە چاویەوە تەماشای سەربازەکانی دەکرد، غەریب گەنکەیی کامێرایەکی کۆداکی لێجێمابوو، سەربازێک کردیە ملی، سەربازێکیتر دەستی برد بۆ شیشە گۆشتێک کە لە سەر پشکۆکان دانرابوو، نەیانهێشت بیخوات پێیان فڕێدا.

سەربازەکان غیرەتی ئەوەیان نەبوو بچنە سەر شوێنی محەمەد، بۆیە دە سەربازیان جیاکردەوە لە سەر قوڵ و ئەژنۆ بۆ شوێنی محەمەد سەرکەوتن، محەمەد هێشتا گیانی نەدابوو، چاوەکانی سەربازەکانی بەدیکرد دەسرێژی گوللەی لێکردن، بەڵام چوونکە دەستەکانی وزەیان تیا نەمابوو گوللەکان زۆر نەڕۆیشتن، بەڵکو بە دەوری خۆیدا بازنەیەکی درووستکرد، سەربازەکان سەرو دەسرێژیان لێکرد، محەمەد دوا هەناسەی سپارد.

دوای شەهید بوونی محەمەد سەربازە ترسنۆکەکانی بەعس نەیاندەوێرا ڕاستەوخۆ بچنە سەر تەرمەکەی، لە تەرمەکەشی دەترسان، سەربازێک لەو دیوەوە گەڕایەوە سەری و تفەنگەکەیان هەڵگرت و مەخزەنەکانیان لێکردەوە، تەرمەکەیان ڕاکێشایە خوارەوە بۆ شوێنی ئاگرەکە، کۆپتەرەکان لە نزیک کانیەکە نیشتنەوە.

پۆلێک جاشی خۆفرۆش، کاسەلێس، نیشتمان فرۆش، زەلیل بۆ مشتێ پارە لەگەڵ سەربازەکانی ڕژێمدا کێوماڵی ناوچەکەیان دەکرد، خۆفرۆشانەو زەلیلانە

هاواریان دەکرد پێشمەرگەکان وەرنە دەرەوە ئێمە پێشمەرگەی هەرێمی چوارین، عەلی چوارتایی بە غەریبی ووت نەکەیت ئەوانە جاشن، پێشمەرگە نین پێشمەرگە لە کوێوە دەگات بە هانای ئێمە، عەلی چوارتایی و غەریب گەنکەیی، بە نۆرە ئێشکگری سەروخواروی خۆیان بون، ئەم هیلاک دەبو ئەویتر دەچووە جێگەی.

## شـــــەهیدبونی دوو هـــــاولاتی

دوای ماوەیەک لە شەهید بوونی محەمەد لە دیوی دێگەڵ تەقە دروستبوو، حاجی کەریم و حاجی ئەحمەد خەریکی ڕەز بڕین بوون لە دیوی دێگەڵ، کۆپتەرەکان دەسرێژی گوللەیان لێکردبوون هەر لە جێدا گیانیان سپارد بوو، حاجی کەریم و حاجی ئەحمەد دوو پیاو ماقوڵ و ڕیش سپی دێگەڵ بوون، تەمەنیان لە نێوان ٧٥ بۆ ٨٠ ساڵ بوو، کاتێک جەیش دەچێتە سەریان دوو پیاوی بە تەمەنن هەریەکەو مشارێکی ڕەزبڕینیان پێبوو خەریکی ڕەز بڕین بوون.

سەربازەکان تەرمی شەهید محمد یان نەبرد لە جێگەی خۆی بە جێیان هێشت، تفەنگەکەی شەهید محەمەدیان کردبووە ملی حاجی کەریم و حاجی ئەحمەد، تا نەڵێن دوو پیاوی بە ساڵاچووی بێ چەکیان شەهید کردووە، بەم جۆرە تەرمی شەهید محەمەد کەوتەوە دەستی پێشمەرگە.

لە سەر کانی نورەدین نزیک تەرمی شەهید محەمەد کۆپتەرێک نیشتەوەو سەرنشینەکانی دابەزین، شوانێکیان دەستگیرکردبوو (جەماله سمێڵی وەڕاز) قۆری و پیاڵەکەی هەر بە پشتەوە بوو، نانیان خواردوو ڕۆیشتن، دووبارە جەمالیان سوار کۆپتەرەکە کردەوەو جەیشەکە کشایەوە.

تەرمی شەهید محەمەد لە کانی نورەدین بەجێما، کۆپتەرەکان سەربازەکانیان هەڵگرتەوەو ڕۆیشتن کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بە سەر بوو، غەریب بە عەلی چوارتایی ووت با بچینە سەر تەرمەکە، عەلی چوارتایی فەرماندەیەکی بە تەجرووبە بوو ووتی نەخێر ئێستا کۆپتەرەکان دەگەڕێنەوە، دەیانەوێت بزانن ئێمە دەچینە سەر جەنازەکە یان نا.

ئەو ڕکە شاخە ڕەشەی عەلی چوارتایی و غەریبی لێبو بەرز بوو، چاویان لە کۆپتەرەکان نەترازا تا گەیشتنە قەڵاچواللان ، نیو کاتژمێر دوای کشانەوەی جەیش کۆپتەرێکی جەنگی گەڕایەوە سەر هەمان شوێن دوو سووڕیداو ڕۆیشت، ئنجا عەلی چوارتایی ووتی با بچینە سەر تەرمەکە.

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو خۆر بەرەو هەڵکشان دەچوو ئەو کێوو دەشت و دەرە بەرگی ڕەشی پۆشی و تروسکایی چراکان لە دوورەوە بەدیدەکران، چرای ماڵە قوڕینەکانی دێ».

لە ناو تارمایی ئێوارەدا ژمارەیەک پیاوی وەڕاز بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هاتن تابووتیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو ووتبوویان حەتمەن شەهیدیان داوە.

ئاسۆس خوشکی کوێخا ئەحمەد هەواڵی دابووە ناودێ جەیش و جاشی بینیوەو تەقە ڕوویداوە ووردە ووردە پێشمەرگەکان لە ناو چەم و بێشەلانی ناوچەکەدا دەهاتنە دەر پێشمەرگەکان پێکهاتبوون لە عەلی چوارتایی و غەریب گەنکەیی، مەجید مەلا صدیق، سەلام بەردە زەردی، عوسمان کیسەڵاوایی، جەلالی عەلی وورگە ، بارام، بەکرە درێژ، ئیبراهیم مڕانەیی، ئیبراهیم گردە زبێری، حەمەمینی خەیاتە بەرزە، حاجی ئاراس.

تەرمی شەهید محەمەد کەناروێیی بەرەو وەڕاز بەڕێکرا تەرمەکەیان شت و کفن کرد، عەلی چوارتایی نامەیەکی بۆ باوکی شەهید محەمەد نووسی، محەمەد شەهید بووە تەرمەکەی لە وەڕازە، لە وەڕاز دەینێژن یان لە کەنارو لە خزمەتداین،

نامەکە گەیشتە دەست باوکی شەهید محەمەد، تا تەرمەکەیان شت و کفن کرد مام ئەحمەدو خزمانی کەنارو گەیشتە وەڕاز، ووتیان خاک هەر خاکی کوردستانە لێرە دەینێژین.

(هەموو ساڵێ کە وەرزی بەهارو نێرگز دێتەوە، کانی نورەدین سەر لە نوێ دەژێتەوە، هەرچی گوڵی قەدپاڵ و لاپاڵی نێوان وەڕازو گوندی دێگەڵە بە ڕەنگی گوڵاڵە سوورە دەڕازێت و ئەو ناوە سوور دەچێتەوە، ڕەنگی گوڵاڵە سوورەی خوێن، دەڕسکێن و لە خاک دەردێن، ئەو گوڵاڵە سوورە چاوڕەشە بەرزانە، دڵۆپ

دلۆپ خوێنی گەشی شەهیدانە، تا ئێستاکەش ئەو دەشت و گردوو یاڵانە هەر ناڵەی دێ، ناڵەی شەهید محەمەدە دەگاتە گوێ، هەر خوێنەو جۆگە دەبەستێ و لە شێخەڵ و دارەبەنەکان دەهاڵێ، گۆرانی و سروودێکی نوێ، سروودەکەی مەشخەڵانم بە چۆڕەی خوێنی محەمەد دەنەخشێت و لە هەورەکانی دەنووسێ هەموو ساڵێ ڕۆژی دەی سێ، وێنەی شەهیدێک لێرەدا هەڵدەواسرێ).

## بــــــارمتەکە ئــــــازاد کـــــرا

لە بۆسەی (چوارتا- ئەسحاب)دا برازایەکی (س.ف) دەستگیرکرابوو، دوای بە خاکسپاردنی شەهید محەمەد کەسووکاری بارمتەکە هاتبوون بۆ لای کاک عەلی تا هەواڵی بزانن و تکای ئازاد بوونی بۆ بکەن، عەلی چوارتایی داوای گەڕانەوەی هەر دوو چەکەکە کلاشینکۆف و برنەوە دار شوشەکەی لێکردن، داوایان کرد برنەوەکە دەبێ هەمان برنەو بێ کە بردوویانەتەوە، ئەوانیش برنەوو کلاشینکۆفەکەیان هێنایەوەو بارمتەکەیان بردەوە، دیار بوو هەر لە سەرەتادا برنەوەکەیان تەسلیم بە بەعس نەکردبووەوە.

لە دوای شەهید بوونی محەمەد کەناروێیی تا ماوەی مانگێک پێشمەرگە لە سنوورەکە جەولەیان دەکرد، دوای پشوویەکی کورت بەرەو سنووری دۆڵێ بەڕێکەوتن.

## بــــــەرەو هـــــەرێمی چـــــوار

بەکری حاجی سەفەر ئاگاداری کەرتی یەکی کردەوە جەولەیەکی هەرێمی(٤) دەکەین.

١٩٨٠/٤/٩ مانگێک دوای شەڕی کانی نورەدین و شەهید بوونی محەمەد کەناروێیی گەیشتنە یاخسەمەر شەو لەوێ مانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٨٠/٤/١٠ جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی(٤) ووتی بەرەو هەڵەدن دەچین.

چوار ڕەشاش برنەویان سەرخستە سەر شاخ و بەرانبەر هەڵەدن دامەزران تا پاسەوانی هێزەکە بکەن، هێزەکەش بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت.

جەمالی عەلی باپیر بە عەلی چوارتایی ووت بۆ ئێمە لە خوارەوە نەڕۆین، پێچێک لێبدەین و بێینەوە دیوی مالومە، کاک عەلی ووتی زۆر باشە با هێزەکەش بەربڵاو بێت، ئەوان ملی ڕێگەیان گرت و کاک بەکرو هاوڕێکانیشی لە دەشتەکەوە ڕۆیشتن.

گەیشتنە بەرزایی ئەو دیو ماڵەکانی یاخسەمەر تا بە ڕێگاکەدا بێتە خوارەوە بۆ سەر جادەی مالومە کۆپتەر هات کاک جەمال ووتی ئەم کۆپتەرانە ڕەنگە لە مالومە بن، سوپا هاتبێتە مالومە، ئەوە کاک عەلی بۆ نەچین گەڕێکیان پێبکەین، کاک عەلی ووتی تۆ چی دەڵێی وادەکەین.

ئەو دەمە حەمەی تەیب لای کاک جەمال بوو، بە حەمەی تەیبی ووت مەفرەزەیەک بەرەو سەرکەونە سەر شاخی ئاسنگەران، ئێمە لەو دیوەوە دەڕۆین بزانین چ باسە، جەمالی عەلی باپیر و عەلی چوارتایی و هێزەکەی تر گەڕانەوە بەرەو مالومە گەیشتنە نزارەکەی پشت مالومەوە، بن چیای ئاسنگەران کۆپتەر بە سەر مالومەدا دەسووڕایەوە، عەلی چوارتایی و هێزەکەی بەڕێگایەکی باریکدا بەرەو ناوەڕاستی چیای ئاسنگەران هەڵکشان جەمالی عەلی باپیر و تالیب کەناروێیی سەرەو خوار ڕۆیشتن.

سوپا خەڵکی مالومەی لە قەبرستانەکەی مالومە کۆکردبووەوەو قسەیان بۆ دەکردن، کۆپتەرێکیش لەوێ نیشتبووەوە عەلی چوارتایی لە ناوەڕاستی چیای ئاسنگەراندا هێزەکەی کرد بە دوو بەشەوە تا بتوانن بەرگری لە یەکتر بکەن.

جەمالی عەلی باپیر چووە سەر بەردێکی گەورەو بەرەو ڕووی سوپاکە هاواریکرد ئەگەر پیاون ئەو خەڵکە واز لێبێنن من جەمالی عەلی باپیرم وەرن بۆ من، فەرماندەی سوپا بە خەڵکەکەی ووت ئەوە شێتە لەوێ، وتیان شێتی چی ئەوە جەمالی عەلی باپیرە، سوپاکە لە ترسا پەرش و بڵاو بوون دەستیان کرد بەڕاکردن، جەمالی عەلی باپیر دەسڕێژی گوللەی لێکردن شەڕ بە گەرمی دامەزرا.

پێنج کۆپتەری بارهەڵگر و جەنگی بە سەر ئاسمانی شەڕەکەدا دەسوڕانەوە، کاک جەمال دەیویست سەربازەکان پەلکێش بکات بۆ ناو شاخەکە.

لە سەر شاخی ئاسنگەران کۆپتەر نیشتەوە دیار بوو مەفرەزەکەی ناردبوویانە سەر شاخ نەگەیشتبوون یان نەچووبوون، سوپا دابەزی و سەر شاخی ئاسنگەرانی گرت.

پێشمەرگە بە ناوقەدی شاخەوە بوون، کاک جەمال بەرەو شانی بنارەکە کشا ڕووەو لای عەلی چوارتایی، کەرتی یەک سێ جیهازیان پێبوو پەیوەندیان هەبوو بە یەکەوە، تاڵیب کەنارویی ووتی ئێمە دەڕۆین ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت.

سوپا بە هەر دوو لا شانەکەی (ئاسنگەران)دا هاتنە خوارەوە کۆپتەر بەردەوام سەربازی دادەبەزاند، پێشمەرگە خۆیان لە بۆسە نابوو، شەڕی سەخت و دژوار بەردەوام بوو، بەڵام کەی دوژمن توانیویەتی بە قەڵای سەخت و ئەستەمی پێشمەرگە و شۆڕش دا هەڵزنێ، هەر لوتی شکاوەو هەڵوەریوەو پیشەی ڕاکردن بووە.

## ئـــــاسنگەران، پـــــەرتوکێکی نـــــەنووسراو

سەر شاخ و بناری چیای ئاسنگەران سوپاو پێشمەرگەی پێوە بوو چیای ئاسنگەران هێندە نزارێکی چڕوپڕە، مرۆڤ ناتوانێ بە ووردی جوڵەو هاتووچۆ بەدی بکات، مرۆڤ بە ئاستەم جیا دەکرێتەوەو جوڵەی دەستنیشان دەکرێت نزارە چڕووپڕە سەر درێنەکانی ئاسنگەران بە جۆرێک تێک هاڵاون و لە یەکتر گیر بوون، ئەگەر خەڵکی خاک و خۆڵ و زێدی ئەوێ نەبێت، ئاسان نییە ڕێگاکان بەریتەوە سەر یەک و لە گاشە بەردوو کەڤرو تاوێرو ئەشکەوت و هەورازی کوڕو دۆڵی کپ و هەزار بە هەزاری ئەوێدا دەربەیت و جێگە پێی خۆت بکەیتەوە.

ئاسنگەران چیرۆک و ڕۆمانێکی دەگمەن و کەم وێنەیە تاکو ئێستا بەشێکی زۆر لە چیرۆک و لاپەڕە شاراوەکانی نەنووسراون و مرۆڤ پەی پێنەبردوون، ئەو چیا سەرکەشە هەڵگری دەیان و سەدان سەرگوزەشتە و چرپە و نهێنییە کە تا ئێستا لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتوون و هەر بە پەنهانی ماونەتەوە.

ئاسنگەران باوک و باپیرە گەورەی زۆربەی چیاو گەوەو لوتکەکانی جافەتییە، هەر بۆیە سەری لە هەموان بەرزترە و ئەوان لە ئاستیدا بوونە یاڵ و لوتکە و گردۆڵکە، هەر بۆیە ئاسنگەران پەرتوکێکی نەنووسراوەو هەروا نوسینەوەی نهێنیەکانی ئاسان و سانا نییە.

## پـــــەڕۆی ســـــــوور

لە نێو ئەو چیا سەرکەشەدا جیاکردنەوەی سەربازەکانی داگیرکەرو هێزی پێشمەرگە هەروا ئاسان و هەرزان نەبوو بۆ کۆپتەرەکان، بۆیە بۆ جیاکردنەوەی شوێنی سەربازەکان لە پێشمەرگە و تاکو بەرچاو ڕوونی بدەنە کۆپتەرەکان لە کاتی بۆردومانکردندا، سەربازەکان پەڕۆیەکی سووریان پێبوو دەیانویست بیدەن بە سەر بەردێکدا تا هێڵی نێوان خۆیان و پێشمەرگە جیا بکەنەوە،

سەربازی یەکەم ویستی پەڕۆکە بدات بە سەر بەردەکەدا پێشمەرگە لێیانداو کوشتیان، سەربازی دووەم و سێهەم بە هەمان شێوە خوێنیان تێکەڵی یەکتر بوو، ئەوانیش کوژران، هەر چیان کرد پەڕۆ سورەکەیان بۆ نەدرا بە سەر بەردەکەدا لە شوێنی پەڕۆ سوورەکە خۆیان بوونە پەڵەیەک خوێن بە سەر تاتە بەردەکەدا، ناچار وازیان لە پەڕۆ سوورەکە هێنا.

سەنگەرەکان بە شێوەیەک بوون عەلی چوارتایی تەقەی لە پشتی پێشمەرگەکانی بەرانبەریان دەکرد و ئەوانیش لە پشتی سەنگەرەکەی عەلی چوارتایی.

سەربازەکان بە BKC لە سەرەوە تەقەیان دەکرد، قەوانی فیشەکەکان لە بەردەم ئەشکەوتی پێشمەرگەکانی دەدا، جهازەکان لە نێوان عەلی چوارتایی و غەریب گەنکەیی و تالیب کەناروێیی کراوە بوون.

کۆپتەرەکان کوێرانە ناو ڕەزو دانەبەردەکانی ئاسنگەرانی دەکوتا، هەر نزارو داری گەورەو پیرە دار بوو بە گوللەی شەستیر و ڕۆکێتی کۆپتەر دەبڕایەوە، کۆپتەر شاخ و بەردوو داروو درەختیشی دەهاڕی، بەڵام نەیتوانی زەفەر بە ورەی بەرزی پێشمەرگە بەرێت.

سەربازەکان بە سەر سەری چیای ئاسنگەرانەوە بوون پێشمەرگەش لە ناوەڕاست و خواروی شاخەکەوە بوون سەربازەکان هێندە لە پێشمەرگە نزیک بوون قوتوی خواردنی لە قوتونراویان بە سەر سەری پێشمەرگەدا هەڵئەدایە خوارەوە ئەوە جگە لە قاوەنی زەردی BKC ، شەڕ تا ئێوارەی خایاند، ئیتر خۆر لاواز بوو شاخ و دەشت و دەر تاریکی دایپۆشی.

کەرتی یەکی شارباژێڕ سێ پێشمەرگەی لێهەڵبڕا، جەمال کەناروێی، عەزیز وەڕازی، بەکر، پێشمەرگەکانی ئەشکەوتەکە غەریب گەنکەیی، عوسمان کیسەڵاوایی، مەجید مەلا صدیق، سەلام بەردەزەردی، بارام، حەمەمینی خەیاتە بەرزە.

بەکرە درێژو عەلی چوارتایی لەو دیو ئەشکەوتەکەوە بوون تالیب کەناروێیی لە خوارەوە بوو لەگەڵ جەمالی عەلی باپیر.

پێشمەرگە ڕادیۆیان پێبوو لە ئێف ئێمەوە گوێیان لە پەیوەندی کۆپتەرەکان بوو دەیانوت کەسێک ڕایکرد بە شیوەکەدا لێیدەین، لە وەڵامدا دەیانوت لێیدەن هەموو موخەڕیبن.

شەڕ لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا کاتژمێر سێی ئێوارەی خایاند سەربازەکان سەرکەوتنەوە سەر شاخ، کۆپتەرەکان هەڵیانگرتنەوە.

پێشمەرگەکان زۆر بانگی ئەو سێ پێشمەرگەیان کرد وەڵام نەبوو، پێشمەرگەش بەرەو خوار داکشان کە شەو داهات بەرەو چاڵاوا بەڕێکەوتن بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژیی دوایی عەزیز و بەکر هاتنەوە لایان بۆ چاڵاوا، تەنها جەمال عەزیز بێ سۆراغ مایەوە.

## گــــــەڕان بە دوای (جـێـــــەمال) دا

ڕۆژی دوایی شەڕی ئاسنگەران ١٩٨٠/٤/١٠ هێزەکەی کەرتی یەک لە چاڵاوا لەگەڵ جەمالی عەلی باپیرو بەکری حاجی سەفەر تێکەڵ بوون و یەکیانگرتەوە.

هێزەکەی جەمالی عەلی باپیرو بەکری حاجی سەفەر وتیان ئەچینە هەرزنە بۆ سنووری ئێران، پشوویەک ئەدەین، عەلی چوارتایی ووتی ئێمە نایەین، پێشمەرگەیەکمان دیار نییە بە دوایدا دەگەڕێین تا سۆراغی دەزانین، نەتیجە هەبێ یان نا ئێمە دەچینەوە کوڕاداوێ،

تا سەر شاخی پشتی چاڵاوا هێزەکەیان بەڕێکرد، ئەوان بەرەو هەرزنە هەنگاویاننا، کەرتی یەکیش بەرەو گەڕەدێ، ئێوارە لە ماڵەکان دامەزران، کەوتنە هەواڵپرسین و سۆراغی جەمال عەزیز لە خەڵکی ئاوایی، بەڵام ووتیان نەماندیوە.

بۆ شەوی دووەم هێزەکەی کەرتی یەک چوونەوە بۆ مالومە تا هەواڵێکی جەمال

بزانن، لە دەرگای ماڵێکیاندا، خاوەن ماڵەکە ووتی تا ئەم ئێوارەیەش سەربازەکان لە ناو مالومە بوون، خەڵکیان نارد بووە چیای ئاسنگەران بگەڕێن تا بزانن چەند پێشمەرگە شەهیدوو بریندار بوون، دوای هاتنەوەی خەڵکەکە ئنجا جەیشەکە ڕۆیشت.

## مـــــــــەلای ئـــــــــاوایی

یەکەم ماڵ کە لە دەرگایاندا دوای گفتوگۆیەکی کورت، هەواڵی ماڵی مامۆستای ئاینی مالومەیان پرسی، ئەوانیش ماڵی مامۆستایان نیشاندان، لە دەرگای ماڵی مامۆستایاندا عەلی چوارتایی خۆی پێناساندن ووتی من عەلی چوارتایم، هاتووم بۆ هەواڵ و سۆراغی پێشمەرگەیەکمان ئەگەر زانیاریت لابێ مامۆستا ووتی فەرمون وەرنە ژورەوە دانیشن.

دوای دانیشتن مامۆستا ووتی ئەمڕۆ فەرماندەی جەیشەکە خەڵکی کۆکردەوەو ووتی دەبێ بچن ئەو شاخە بگەڕێن تا بزانین کێ کوژراوەو چەند کوژراوە.

سێ چوار پیاوی ئاوایی چوونە ئەوێ دوای گەڕان دوو مەخزەنی خڕیان دۆزیوەتەوە لە کیفی مەخزەنەکەشدا دەفتەرێکی بچوکی تیابووە، دەفتەرەکە لای مامۆستا بوو دایە دەست عەلی چوارتایی کە سەیریان کرد دەفتەرە بچوکەکەی جەمال عەزیزە، لەگەڵ چەند وێنەیەکی منالەکانی.

ئەو شەوە لە ماڵی مامۆستای ئاینی مالومە خەوتن، بۆ بەیانی چەند گەنجێکی مالومە چاوساغیان کردن بۆ نزارە چڕەکانی ئاسنگەران، مامۆستا ووتی نان و چاتان بۆ دەنێرم بۆ ئەو بن کێوە تا لەوێ نان بخۆن و بە دوای هاوڕێکەتان دا بگەڕێن.

پێشمەرگەکان بە هاوکاری خەڵکی مالومە گەیشتنە سەر شاخ، گەنجەکان شوێنی دۆزینەوەی مەخزەن و دەفتەرەکەی عەزیزیان نیشاندان، شاخێکی بەرزو یاخی و گیر بوو شاخێکی هەزار بە هەزار زیاد لە دوو سەد مەتر بەرز بوو.

## چـــــــیرۆکی شـــــــەهید بوونی جەمال عـــــەزیز

جەمال عەزیز لە شەڕی ئاسنگەرانی دوو ڕۆژ لەوەو بەر لە نێو بێشەو چڕی دارستان و نزارە بە یەکا چووەکانی ئاسنگەراندا دامەزرا بوو، وەک هاوڕێکانی سێرەی تفەنگی گرتبوو، دەستی لە سەر پەلە پیتکەی ڕەشاشەکەی بوو، دەمەو ئێوارە کە خۆر بەرەو ئاوا بوون دەڕۆی و خەریک بوو لە کەل ئاوا بێ، دەنگی تەقەش نەمابوو، کۆپتەرەکانیش سەربازەکانیان هەڵدەگرتەوە، جەمال لە دووکەوان و دووشیوانی ئەو بەرزاییە چڕو ئاست تەنگەدا دێتە خوارەوە، لەوێ ڕەشاشەکەو مەخزەنەکانی پشتی دادەنێ و دەیانشارێتەوە، دەیکات بە ژێر گەڵا جارێکەوە تا بێتە خوارەوە ڕێگاکە بدۆزێتەوەو دڵنیا بێت، دواتر بگەڕێتەوە ڕەشاش و مەخزەنەکانی هەڵگرێت،

چلە دارەبەنێکی بچکۆلە بە ناو قەدی شاخەکەوە بوو دەستی بە چلە دارە بەنەکە گرتبوو، قاچەکانی شۆڕ کردبوونەوە، لە ناکاو قاچەکانی ترازابوون و دەستی لە چڵە دارە بەنەکەش بەر ببوو کەوتبووە خوارەوە، لە کەوتنە خوارەوەدا بەلا شان و ئەمبەراوبەری شاخەکەدا درابوو، کەوتبووە ناو ئەشکەوتێکەوە کە پێشمەرگەکان چوونە سەر شاخەکەو دارەبەنەکەیان بینی هەڵکەندراوە زانییان لێرەوە کەوتووەتە خوارەوە، کەمێک لەولاتر ڕەشاشەکەیان دۆزیەوە، گەنجەکانی مالومە وتیان دەچین حەبل دێنین و هەڵی دەکێشینە سەرەوە.

پێشمەرگەکانیش پێیانوتن ئاوو حەبل و پاچ و بێڵ و کفن بێنن، مامۆستاش بێنن هەر لێرە کفنی دەکەین و دەینێژین.

خەڵکی ئاوایی هاتنە سەر شاخ، مامۆستای ئاوایش لە گەڵیاندا هات، بە حەبل تەرمەکەیان هەڵکێشاو گۆڕیان بۆ هەڵکەند و کفن کرا، هەر لەوێش بە خاکیان سپارد.

بۆ ئێوارە هێزەکە پەڕیەوە بۆ هەباس چەقڵ، (هەباسە گوڵە) عەلی چوارتایی بە (غەریب گەنکەیی) دا نامەیەکی بۆ باوکی شەهید جەمال عەزیز نارد تیایدا نووسیبووی ئێوەو خۆمان خۆش، جەمال شەهید بووە، لە بن چیای ئاسنگەران بە

خاکمان سپاردووە، لەوێ دەیهێڵنەوە یان دەیبەنەوە خۆتان سەرپشکن،

تا ئێستاش جەمال بە هێمنی لە بناری ئەو چیا سەرکەشەدا ڕاکشاوەو لەوێوە بۆ ئاوەدانی و سەرفرازی کوردستان دەڕوانی.

کەناروێ لە ماوەی یەک مانگی یەک ساڵدا، دوو شەهیدی قارەمانی بە نیشتمان بەخشی، ئەو کاروانی زاموو خوێنە هەر بەردەوام بوو نەوەستا، تالیب و کاروان و مەریوان و عەتاو جەمال بوونە ڕێبوارانی ڕێگای ئەو مەشخەڵەی لە تروسکاییەوە بووە مەشخەڵ، مەشخەڵی تێکۆشەرانی گەردن سەوزو بە هەزاران گوڵە نێرگزی شەهیدو پیاوی مل کەڵ.

## پـــــــشوویەك لـــە بـــــــــەنەژاژ

عەلی چوارتایی خەڵکی گوندی سووتووی ناوچەی دەشتە تاڵی بانە بوو، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتبوونە چوارتا بۆ لای ماڵە خاڵوانی، لە گوندی بەنەژاژ خزمی زۆری هەبوو، بۆیە لەگەڵ کەرتەکەیدا بۆ پشوودان بەرەو بەنەژاژ بەڕێکەوتن.

## مـــــەرکەزی ســــــورەزێ

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عەلی چوارتایی لە کوڕاداوێ بەڕێکەوتن بۆ سەراو، لە سەراو پشوویەکی کورتیاندا کۆڵەپشتەکانیان توێشوی ڕێ بوو، نان و خۆراکیان لە کۆڵەپشتەکان دەرهێناو و نانی ئێوارەیان لە بناری چیای گمۆدا خوارد، دوای پشودان بە هەورازو بناری گمۆدا هەڵگەڕان، گەیشتنە سەر تەختایی دیوی «گۆمێ« بە بنارو قەدپاڵ و لاپاڵەکانی (دێرێ)دا بەرەو سورەزێ شۆڕبوونەوە.

بەهارێکی کەمێک درەنگ، گیا و گوڵ بەرەو سپی بوون دەڕۆیشت و پووش و پەڵاش ڕووی لە زەردی و پەڕین بوو، گیای ئەو قەدپاڵ و سەرەو خوارەی سوورەزێ تا دەگەیشتە لێوارەکانی (چۆمان) باڵاکردوو بژوێن بوو مرۆڤ هەندێک جار قاچی ئەترازا لە سەر گیاکە دەخزاو تەپاوتلی ئەدا، تا بە بنچکێک یان چڵی دارێک خۆی دەگرتەوە.

مەفرەزەیەک بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن و سەرفرازی هەنگاوەکان هەڵیگرتبوون، لە کوڕاداوێ بۆ میراواو سەراو ڕێگەیەکی کەمێک دووروو هەندێک شوێنیش هەورازێکی کورتی دەهاتە ڕێ تا دەگەیشتە سەر تەختایی بناری گمۆو بەرەو دێرێ و سوورەزێ سەربەرەو خوار دەبوویتەوە.

مەفرەزەکە بە نیازبوون چەند ڕۆژێک بۆ پشودان بچنە دێهاتەکانی ئێران، چونکە ئەو دەم شۆڕشی گەلانی ئێران ڕویدابوو، پێشمەرگەکانی یەکێتی بە ئازادی دەپەڕینەوە شاری بانەو سەردەشت و سەقز، بەڵام نەخشەو پلانیان دانابوو پێش پەڕینەوە بۆ بەری ئێران لە مەرکەزی سوورەزێ بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش پلانی ووردیان دارشت.

ئـاوی مـەرکـەزی سـورەزێ لە جۆگەو سـەرچـاوەی ئـاوی (تـولـۆێ)ی پشتی (سورەزێ) هەڵدەقوڵێ و بە جۆگەیەکدا دێتە خوار، بۆ سوورەزێ ڕابەسترا بوو، پێشمەرگە گەیشتنە سەرچاوەی ئاوەکەو ڕێڕەوی ئاوەکەیان بڕی، لە سەرچاوەی ئاوەکەوە تا قونەبانی مەرکەزەکە (مین)یان دانا، تا بەو سەربازانەدا بتەقێتەوە کە دێن بۆ سۆراغ و هەڵبەستنەوەی ئاوەکە لە سەرچاوەی (تولۆێ)وە.

جگە لە دانان و نانەوەی (مین) لە سەر ڕێگای هاتوچۆی مەرکەزەکەی سوورەزێ، پێشمەرگەکانیش لە دوو قۆڵەوە دامەزران بە مەبەستی لێدانی ئەو سەربازانەی لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا بەرەو سەرچاوەی ئاوەکە ئەڕۆن و بە ناوچەکەدا بڵاودەبنەوە.

لە بەشی خـوارەوەی مەرکەزەکە، مەجیدی مەلا صدیق، بەکرە درێژ، سەعید مامە خەلانی، نامیق نۆڕکەیی، ڕەحمانی حاجی محەمەدی مەروێ دامەزران و لە بۆسەدابوون.

عەلی چوارتایی، تالیب کەناروێی، غەریب گەنکەیی، قادر نۆڕکەیی، لە سەر ڕێگای سوورەزێ لە بەشی سەرەوە دامەزران.

بەم شێوەیە مەفرەزەکە بوونە دوو بەش و لە سەروو خوارووی مەخفەرەکە دامـەزران، تا دنیا ڕوناک بێتەوەو سەربازەکان بێنە دەرەوە بەرەو سەرچاوەی ئاوی (تولۆێ) بەرنامەو پلانی پێشمەرگە وابوو لەگەڵ هاتنە دەرەوەی سەربازەکان

دەستڕێژی گوللەیان لێبکەن، لەگەڵ دەستڕێژی گوللەشدا لوغمەکانیان پیا بتەقێتەوە کە لە سەر ڕێگای مەخفەرەکەو سەرچاوەی ئاوەکە دایانابوو.

هەر دوو بۆسەی سەروخواری پێشمەرگە جیهازی دەستیان پێبوو تا لە هەر ڕووداوو پێشهاتێک یەکتری ئاگادار بکەنەوە.

بۆسەی بەشی خوار مەخفەرەکە لە جوڵەدابوون، چاویان لە دوو سەرباز بوو، پاسەوان بوون، لە دەووروبەری مەرکەزەکە هاتوچۆیان دەکردو جگەرەیان دەکێشا.

بەرانبەر مەخفەرەکە شوێن سەنگەری ڕۆژی سەربازەکان بوو سەربازەکان بە ڕۆژ دەچوونە ئەو سەنگەرانەوە، لەوێوە چاودێری ناوچەکەیان دەکرد، خۆرئاوا بونیش دەگەڕانەوە ناو مەخفەرەکە.

مەجیدی مەلا صدیق چەند هەنگاوێک لە شوێن سەنگەرەکە نزیک بووەوە، بومە لێڵی بەیانی، لە نێوان تاریک و ڕووندا تارمایی تەلێک بەدیکرا، مەجیدی مەلا صدیق وتی لەوانەیە ئەڵغام بێت، هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، بریسکەیەک لە تەلەکە هەستاو گرمەو ناڵەی بەدواداهات، لوغمەکە مەجیدی مەلا صدیقی هەڵدا دووربین و جامانەکەی پەڕیبوو قۆناغی کلاشینکۆفەکەی لەت بوو، بەشی خوارەوەی جەستەی لەگەڵ جلەکانی بەریدا سووتان.

مەجیدی مەلا صدیق ڕۆیشتە شیوی خوار مەرکەزەکەوە عەلی چوارتایی لە سەرەوە گوێی لە گرمەی لوغمەکە بوو جیهازی دەکرد بۆ خوارەوە، جیهازەکە بە مەجیدی مەلا صدیق بوو ئەویش بریندار بوو توانای وەڵامدانەوەی نەبوو بەکرە درێژ و نامیق نۆرکەیی فریای مەجید کەوتن و گەیشتنە سەری، حەمە سەعید مامە خەلانیش لە هەمان شوێن بریندار بوو.

مەجیدی مەلا صدیق بە بەکرە درێژو نامیق نۆرکەیی ووت کاک عەلی جیهازی کردووەو نەمتوانیوە وەڵامی بدەمەوە ئێوە جیهازی بۆ بکەنەوە، بەکرو نامیق جیهازیان بۆ عەلی چوارتایی کرد وتیان مەجید بریندارە، هێشتا نەزانرا بوو سەعید مامە خەلانیش بریندار بووە، کاک عەلی داوای لێکردن بەرەو چۆمان بڕۆن ئەمانیش دەگەنە لایان، بەکر بانگی سەعید مامە خەلانی کرد، سەعید وەڵامی دایەوە،

بریندارەکان گەیەندرانە چۆمان لەوێشەوە ولاٚغیان بۆ ئامادە کرا بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران، مەجیدی مەلا صدیق نزیک بە ٤٠ شەوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە.

سەربازی ناو مەخفەرەکە دەنگیان لێوە نەهات تا دنیا ڕووناک بووەوە، کە هاتبوونە دەرەوەو چوار دەوری مەخفەرەکە گەڕابوون کلاٚوو جامانەو دووربینەکەی مەجیدی مەلا صدیقیان بینیبوو، بە دوای پێشمەرگەکاندا تا ئەو بەری ماڵەکانی چۆمان ڕۆیشتبوون، بەلاٚم بەدەستی بەتاڵ گەڕابوونەوە.

ئەو شەوە پلانی لێدانی مەرکەزی سوورەزێ تێک چوو جێبەجێ نەکرا بەلاٚم (مینەکان)، (لوغم) کاری خۆیان کردوو بە سەربازەکاندا تەقینەوە، دوای سێ ڕۆژ هەواڵ گەیشتە پێشمەرگە، لە سەرچاوەی (تولۆێ) دوو سەرباز بە تەقینەوەی مینەکان کوژراون لە سەرو مەخفەرەکەش سەربازێک کوژراوەو چەند سەربازێکیش بریندار بوون.

نەخشەو پلانی چاندنی مینەکان وەکو خۆی جێبەجێبوو، چۆن پێشبینی کرابو هەروا دەرچوو، دوای بڕینی سەرچاوەی ئاوی (تولۆێ) لە مەخفەرەکە، بەیانی سەربازەکان بۆ هەڵبەستنەوەی ئاوەکە بەرەو سەرچاوەی ئاوەکە ڕۆیشتبوون، مینەکانیان پیادا تەقیبووەوە.

**پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە:**

١- عەلی چوارتایی
٢- مەجید مەلا صدیق
٣- سەعید مامەخەلانی
٤- بەکرە درێژ
٥- غەریب گەنکەیی
٦- نامیق نۆڕکەیی
٧- قادر نۆڕکەیی
٨- تاڵیب کەناروێیی
٩- ڕەحمان حاجی محەمەد مەروێی

هەولێرنامەی کتێب

## پـــــەلاماری فـــــڕۆکە

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٨ فڕۆکەکانی دوژمن پەلاماری کاروانێکی دێی کوڕاداویَ و سنکێی شارباژێڕیاندا و (٦) کەسیان لێکوشتن و کەلوپەلەکانیان تالّنکردن

هەر دوای ئەو پەلامارە لە کاروانێکی تریاندا و کەلوپەلەکانیان بردن و وڵاخەکانیان کوشتن، چەند کەسێکیان سەربڕی و لاشەکانیان فڕێدان.

## شـــــەهید کردنی جـــــوتیارێك

ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢ چەند جوتیارێکی دێی گرگاشەی شارباژێڕ سەرقاڵی گوێز تەکاندن بوون، کۆپتەرەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماریاندان و جوتیاریکیان شەهید کرد.

## دانـــــانی لـــــوغم

عەلی چوارتایی شارەزا بوو لە دانانی لوغم، لە ڕەبیەکانی سوورەقەڵات و واژەو ڕەبیەی نزیک کێلێ، لە پشتی ماڵەکانی سوورەقەڵات کانیەکی لێبوو، ڕادیۆیەکیان بۆمبڕێژ کرد بوو لە سەر کانیەکە دایاناو بە جێیان هێشت، سەربازی ڕەبیەکە هاتنە خوارەوە بۆ سەر کانیەکە، لە پشتی کێلێوە بە دووربین سەیریان دەکرد.

سەربازێکیان لە پێشەوە بوو ڕادیۆکەی بینی بێریەکەی خستە سەری تا سەربازەکەیتر نەیبینێت و نەیکاتە شەریک، جلیکانەیەکیان پڕ کرد لە ئاو، سەربازەکە ڕادیۆکەی هەڵگرتوو ڕۆیشت، لەویَ نەیکردەوە، شەو لە کاتی خەوتندا لە ژێر بەتانییەوە ڕادیۆکەی کردبووەوە، پیایدا تەقیبووەوە.

جوتیارێکی کێلەیی ڕۆژانە ماست و هێلکەی دەبرد بۆ ڕەبییەکە، پێشمەرگە ناردیان بۆ ڕەبییەکە تا بزانن چی ڕوویداوە، جوتیارەکە لە ڕەبیەکە نزیک دەبێتەوە ئەفسەری ڕەبیەکە دەڵێ نەیەیتە پێشەوە، ئەویش دەڵێ بۆچی بووە، بە گلەییەوە دەڵێ من هەموو ڕۆژێک ماست و هێلکەتان بۆ دەهێنم ئێستە تۆ ناهێڵی بێمە پێشەوە، ئەفسەرەکەش دەڵێ ئەمشەو بەتانییەکمان تەقیوەتەوە دوو سەربازی کوشتووە.

تەمەن دەڕواو ساڵ بەرەو پێش دەچێ، چالاکی پێشمەرگە بەردەوامە و دوژمن

جێگە بە خۆی ناگرێت، کەرتی یەکی هەرێمی(٣) لە سنوری شارباژێڕ دا پڕ چالاکی بوو، بەڵام هەر لە سنووری شارباژێڕ چالاکی هەرێم و مەفرەزەکانی تریش بەردەوام بوو، جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی چوار بوو بەڵام لە شارباژێریش پڕ جووڵە و چالاکی بوو، هێمن سەراوی، مەجیدی حاجی عەلی، شێرکۆ جدی، کەرتی ئیزگە و هەرێمی پارێزگاری بوون بەڵام چەندین نەبەردی و چالاکیان لە شارباژێڕ ئەنجامدا پێش ئەوەی تیپی ٣٧ درووست بێت.

## زەیـــــــــنەڵ بـــــــۆسە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لەنێوان دێی زەینەڵ و دەشتی تلێ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن نایەوە ، زیلێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکان لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی (٨) سەرباز وو بریندابوونی (٧) سەربازیتروو شکاندندی زیلەکە

## نــــــــوکتەو جــــاش و چـــــالاکی

پایزی ساڵی ١٩٨٠ مەفرەزەیەکی هەرێمی سێ لە دێی بزورگ لە ماڵی حاجی عبدوڵلا باوکی تاڵیب کەناروێیی بوون هەرەوەزەگەڵیان بوو، بەرخێکیان سەر بڕیبوو، مەفرەزەکە لە بەرزاییەکانی پشت ماڵان مانەوە، دواتر هاتنە خوار بۆ نان خواردن، دوای نان خواردن بەرەو ئۆردوگای کەناروێی خوارەوە ڕۆیشتن.

چوونە ئۆردوگاکە لە گەڕەکی ماڵە سیرەییەکان لە گەنجێک هەواڵی ماڵە جاشێکیان پرسی بە ناوی (ع) کوڕەکە دەستیکرد بە گریان، ژنێکی سەلارو ئازا لەوێوە تێپەڕی ووتی چیتان دەوێ، وتیان ماڵی (ع) مان دەوێ، ووتی دوامکەون دەستم بۆ کوێ ڕاکێشا مانای ئەو ماڵەیە، ئەوەندە پەنجە بەرز دەکەمەوەو دەڕۆم، ژنەکە لە ئاستی ماڵی (ع) دەستی هەڵبڕی و دواتر دوو پەنجەی هەڵبڕی واتە (٢) جاشی لێیە.

مەفرەزەکە پێکهاتبوو لە تاڵیب کەناروێیی، عومەر، ئازاد بێستان سووری، غەریب گەنکەیی،

پێشمەرگە چوونە سەرماڵەکە دوو جاشی لێبوو، تفەنگیان خستە سەر سەریان، تاقم و تفەنگیان لێسەندن و بەرەو دێگەڵ بردیانن، جاشێکیان لە ترس و شڵەژاوی خۆی ووتبووی « سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێ جاش نیم».

جاشێکیان پێڵاوی بەرزی لەپێدا بوو توانای ڕۆشتنی نەبوو، بۆیە پێڵاوەکانی فرێداو بە پێی پەتی بەرەو دێگەڵ بردیانن،

لە «کانی توان» ی دێگەڵ هەردووکیان بە یەکەوە بەستنەوەو خستیاننە شیوێکەوە گەڵایان کرد بە سەریانداو ووتیان خشەی گەڵا بێ، گوێمان لە دەنگتان بێ، ئەتانکوژین لە «کانی توان» بە جێیان هێشتن چوونە دێگەڵ، لەوێ نانیان خوارد پشویاندا، دوو جووت پێڵاوی لاستیکیان بۆ جاشەکان کڕی و نان و چایان بۆ هێنان جاشەکان هەر لە جێگەی خۆیان بوون نەجوڵابوون، نانیان دانێ و خستیاننەوە ناو چاڵەکە.

زۆر جار هەندێک چالاکی و جەولەی پێشمەرگانە، نوکتەو قسەی خۆشی لێدەکەوتەوە، گرتنی دوو جاش لە کەناروو نمونەی دەیان چالاکی نوکتە ئامێزە، غەریب گەنکەیی و جەلال سنکەیی چووبوونە پەرخ و بیوەک، لەوێ چووبوونە ماڵێک، ئەویش بووە نوکتەیەکی خۆش و پڕ لە پێکەنین.

## پــــــەرخ و بــــــیوەك

نیوەڕۆیەک غەریب گەنکەیی و جەلال سنکەیی چووبوونەماڵێک لە پەرخ و بیوەک، ژوورەکانیان تاریک بون، کابانی ماڵەکە چرایەکی هێنا کەمێک ڕووناک بووەوە، تەماشایان کرد کچێکی نەخۆشیان هەیە لە جێدا کەوتووە، کاک غەریب ووتبووی پورە بۆ نایبەن بۆ دکتۆر، کابانی ماڵیش ووتبووی بە خوا حاجی دەیزانێ.

دکتۆر هەژار لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو، ئێوارە حاجی هاتەوە لە شوانی ووتیان حاجی ئەو کچەتان نەخۆشە دکتۆر هەژارمان لایە بۆ بانگی نەکەین پشکنینی بۆ بکات، حاجی ووتبووی دکتۆر هەژار سجنە لاتان، ووتیان نا حاجی پێشمەرگەیە، حاجی بڕوای نەدەکرد دکتۆر هەبێ پێشمەرگە بێ، ووتی دکتۆری فرە گەورە وەک ئەوانەی سلێمانی، ووتیان بەڵێ فرە گەورەیە وەک ئەوانەی سلێمانیە،حاجی هەر باوەڕی نەکرد دەیوت بە خوا نا، سجنە، دکتۆری گەورەو پێشمەرگایەتی، نا، نا، نا، نابێ.

کوڕێکی حاجی دەستی بە لاشیپانی دەرگاکەوە گرتبوو ووتبووی، باوە، تۆ چی یەژی پێشمەرگەش پیاوی عاقڵی تیا هەس.

حاجی ئێستاو ئەو ساش بڕوای نەکرد دکتۆرێک پێشمەرگە بێ.

## دوو جــــــــــــەژن 1980

## جەژنی یەکەم:

کەرتی یەکی هەرێمی سێ لە کوڕاداوێ بوون، ووتیان جەژن لە کوڕاداوێ ناکەین، دەچین بۆ گۆڕانکە لەوێ نانی جەژن دەخۆین.

پێش نانی جەژن کوڕاداوێیان بەجێهێشت بەرەو گۆڕانکە بەڕێکەوتن، کە گەیشتنە گۆڕانکە نانی جەژنیان خواردبوو

## جەژنی دووەم:

هەواڵ گەیشت جەیش دێتە کوڕاداوێ، کەرتی یەک بەڕێکەوتن بەرەو سەراو، سەراو چۆڵ بو ڕاگوێزراو بوو، ناچار نان و تەماتەیان خوارد.

## کـــەرتی ئـــــیزگەی هـــــەرێمی پـــــارێزگاری

ساڵی ١٩٨٠ ساڵی زیاتر گەشەکردن و فراوانبوونی سنووری چالاکی هێزی پێشمەرگە بوو، هەروەک ساڵی گەشانەوەو بوژانەوە بوو، لە دوای کارەساتی جەرگبڕی هەکاری وئەو پێشمەرگانەی لە سنووری شارباژێڕ شەهید بوون، بەشێکی دیارو بەرچاو لە ڕێکخستنە چالاکەکانی کۆمەڵە ڕێگەی شاخیان گرتە بەروو بوونە پێشمەرگە، ئەو لاوە خوێن گەرمانەی لە سنووری شارباژێردا لە ڕیزی ڕێکخستنەکاندا بوون، لە مەکتەبی عەسکەری و کەرتی ئیزگەی هەرێمی شارباژێڕ ببوونە پێشمەرگە.

مانگی (٤) ی ساڵی ١٩٨١ کەرتی ئیزگە بە بڕیاری مەکتەبی عەسکەری دابەزینە ناوچەی شارباژێڕ، هێزەکە نزیک بە ٢٤ پێشمەرگە بوو بە فەرماندەیی شێرکۆ جدی و ژمارەیەک پێشمەرگە، بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکیەک بەرەو قەرەتەپە بەڕێکەوتن، کاتژمێر دووی شەو هێرشیان کردە سەر بارەگای جەیش الشعبی و ١١ جەیشی ناشەعبی بەدیل گیران و ٨ کلاشینکۆف دەسکەوت بوو، دواتر بەرەو شارباژێڕی سەخت بەڕێکەوتن.

مانگی ٥ ی ساڵی ١٩٨١ کەرتی یەکی هەرێمی (٣) ، ئاسۆی شێخ عارف، عومەر، قادر گەنکەیی کەمینێکیان بۆ دوژمن داناو دوو سەربازیان کوشت و تفەنگەکانیان دەسکەوت بوون، لە بەرانبەردا سوپای عێراق کێومالی دەستپێکردوو تا بێتوات هات و دوو شوانی خەڵکی ناوچەکەی شەهید کرد.

لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨١ دا کەرتی ئیزگەی هەرێمی پارێزگاری لە سەر جادەی کێلێ-سوورەقەڵات کەمینێکیان بۆ دوژمن داناو دوو ئیڤای سەربازی کەوتنە بۆسەکەوەو تێکشکێندران، کۆپتەر دەستیکرد بە کێومالی ناوچەکەو پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێزیانبوون، دواتر کەرتی ئیزگەی هەرێمی پارێزگاری گەڕانەوە سەرکردایەتی.

## لە ئـــــــۆردوگا بـۆ تـــــوژەڵە

ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) بزوتنەوە، کۆمەڵە، هێڵی گشتی بە تایبەت ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕەگی قوڵیان بە ناخی زەویدا داکوتا بوو، پەلوو پۆیان هاویشتبوو، لە ئۆردوگاکاندا گەشەی بەرچاویان کردبوو، ڕاگواستن نەک ورەی خەڵکی کوردستانی نەچەماندبوو، بەڵکو هێندەی تر خەڵکی لە سەر بیری ڕزگاری و چەمکی نەتەوەیی و کورد بوون سوورکردبوو، قەڵاچوالان، کەنارو، لەو ئۆردوگایانە بوون ژمارەیەکی دیار لە ڕێکخستنەکانی تیا بوو، چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام ئەدا، پۆستەرو دروشمەکانی شۆڕشیان هەڵدەواسی و بـڵاودەکـردەوە، ڕیزەکانی شۆڕشیان جۆشدەدا، ڕێکخستنەکانیان دەنارده شاخ و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاوەدان دەکردەوە.

مەجیدی حاجی عەلی شاناخسی یەکێک لە پێشەنگ و کادیرەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بو لە ئۆردوگای قەڵاچوالان، سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەدا ڕوویان کردە شاخ و بوونە پێشمەرگە.

لە قەڵاچوالانەوە بەڕێکەوتن چوونە کوڕاداوێ، حەڤدە گەنجی خوێن گەرمی چالاک، شاخیان لە شاخ ئەدا گڕی ناخیان هێند بە تین بوو بەردەبووە پوش و پەڵاش و مۆڵگەی داگیرکەر.

مەجیدی حاجی عەلی، قادری حاجی عەلی، عبدالله ئیسلامی، جەلال صالح شەریف، ڕەئوف حاجی حسەین، حەمەمین حاجی حسەین، لە ئۆردوگای کەناروێش حاجی سـەراوی، مەلا سـەراوی، خاڵە سـەراوی، بەکر گرگاشەیی و ژمارەیەکی تر گەیشتنە کوڕاداوێ و لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، شێرکۆ جدی و هێمن سەراوی یەکیان گرت و بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن.

مـەفرەزەیـەکی کـەرتی پارێـزگـاری ئێزگە سـەر بـە هـەرێمی پارێزگاری بە جەولە هاتبوونە خوارەوە بۆ شارباژێڕ، شێرکۆ جدی و هێمن سەراوی و چەند پێشمەرگەیەکی تر بوون، بۆ جەولە و چالاکی هاتبوونە شارباژێڕ لە گەڕانەوەیاندا ئەو پۆلە گەنجەش بەرەو سەرکردایەتی هاوڕێیان بوون.

بە میراواو سەراوو شاناخسێدا تێپەڕین بۆ بەری دۆڵی ڕەشکان- گردێز – پاشان بۆ بێژوێ لە ناوچەی ئالانی ڕۆژهەڵات دوو شەو مانەوە، دوا مەنزڵیان خڕی ناوزەنگ، توژەڵە بوو، بارەگای کەرتی پارێزگاری ئیزگەی لێبوو.

بارەگای کەرتی ئیزگە لە توژەڵە بوو، بارەگای ئیزگەش لە «خەجەگا» هەر لە توژەڵە بوو، تێکڕای پێشمەرگەکانی شارباژێڕ لە هەرێمی پارێزگاری لە کەرتی ئیزگە بوون.

هەندێکیش لای کاکە برا بەرزنجی بوون کە فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی پارێزگاری، کەرتی ئیزگە کە پێکهاتبوو لە پێشمەرگەکانی شارباژێڕ لە شەڕی بەرگری لە چیای مامەندە ڕۆڵی دیاریان هەبوو.

## ورچ و لە بــــارچــوون

کەرتی یەکی هەرێمی سێ لە دێی شێخ ئاودەلانی پشتی سەردەشت بوون، مەلای دێیەکە کوڕێکی کردبوو بە ورچ تا پێشمەرگەکان بترسێنێ، دەموو چاوی بە ڕەشی مەنجەڵ ڕەش کردبوو پێستەیەکی کردبووە بەر.

غەریب گەنکەیی حەرەس بوو، مەلای ئاوایی پێیوتبوو بچۆ بە کاک عەلی بڵێ ورچەکە دەکەمە ژورەوە بەڵام چەکەکان لە پێشمەرگە بسەنێ.

کاک عەلی تفەنگی لە پێشمەرگەکان وەرگرتبوو ووتبووی ژمارەکانیان دەنووسم.

دوای چەند دەقیقەیەک مەلا ورچەکەی کردبووە ژورەوە ورچەکە ڕووبەڕووی کاک ئاسۆ ببووەوە، پێشمەرگەکانیش پەلاماری ورچەکەیان دابوو، ورچەکە کە لە بنەڕەت دا گەنجێک بوو لە ترسا ڕای کردبوو خۆی کردبوو بەماڵی براکەیدا، ژنی براکەی دووگیان بوو، هێندە ترسا بوو مناڵەکەی لە بار چووبوو.

## بــــەرەو ســــەردەشت
## هێـــــــنانی چـــــەك 1980-1981

بۆ هەندێک کاری نهێنی هەرێمی سێ و بە تایبەت کەرتی یەک بانگ کرانە سەرکردایەتی لە (بێوران) بارەگایان داناو لەوێ مانەوە، دواتر چوونە گوندی

(میراو شێخ ئاودەل) لە پشتی سەردەشت ماوەی دوو مانگیش لەوێ مانەوە.

گوژمەیەک چەکی لیبی هاتبوو دەبوایە پێشمەرگە پاسەوانی بکەن و بیانگوازنەوە بۆ سەرکردایەتی، هێزەکە بەرەو گوندی کاولان ڕۆیشت، لەوێشەوە ئۆتۆمبێل ئامادە بوو بۆ مەهاباد لەوێشەوە بۆ مياندواو، ئۆتۆمبیلەکان پەردەیان لێدرابوو داپۆشرابوون، گەیشتنە مياندواو، پێیان وتن چاوەڕێ بن ئۆتۆمبێلێک دێت نیشانی زەردوو سەوز لێدەدات، ئەو نیشانە نەبێت نەیەنە سەر ڕێگا.

لۆریەکان چەکیان لێ بار کرابو سێ لۆری بوون، مەفرەزە پێشمەرگەکە بە سەر سێ لۆریەکەدا دابەشکران.

لۆریەکان هاتن، پێشمەرگەکان چوونە ناو ئۆتۆمبێلەکان و لە ژێر خێمەی ئۆتۆمبێلەکان خۆیان حەشاردا، لە ناو مەهاباد دوو لۆریان لێونبوو، دواتر یەکتریان گرتەوە.

## چـــــەمی کـــــــەڵوێ

بۆ سـەر لە بەیانی ڕۆژیـی دوایی لۆریـەکان گەیشتنە (ڕەبـەت) چـەک و تەقەمەنیەکانیان داگرت و بە چەمی کەڵوێ و پردی (بریسوێ)دا پەڕینەوە بۆ بەری سەردەشت، چەمەکە قەیاغی لێبوو بە چوپی گەورە دروستکرابوو، بە سەرپەرشتی ئەو قەیاغانەدا سەرجەمی چەکەکانیان پەڕاندەوە.

وڵاخداری دێهاتەکانی سەردەشت و ناوچەکانی دیکە هاتن بۆ پەڕاندنەوەو بارکردنی چەکەکان، بارەکان هەر تفەنگ نەبوو پارەشی تیا بوو.

دوای پەڕینەوەی چەکەکان، هەر بارێک و دوو پێشمەرگەی لە گەڵدا دەڕۆی تا دەگەیشتە سەرکردایەتی کە ئەو دەمە لە کانی زەرد بوو،

مامجەلال ژمارەیەک چەکی دا بە کەرتی یەکی هەرێمی سێ، مزەلیەکی دایە عەلی چوارتایی، هاوەنێکی ٦٠ ملم و چەند کلاشینکۆف و دارداش کە دووربینی لە سەربوو.

دوای هێنانی چەکەکان و تەسلیم کردنیان بە سەرکردایەتی کەرتی یەک گەڕایەوە شارباژێر.

## حـــــــەیران و کـــــۆبونەوە

عەلی چوارتایی، عەبدولڕەحیم، عەلی شامار و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە لە دێی بێوران بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ووتیان بۆ کۆبوونەوەیەک نەکەین، عبدالرحیم ووتبووی ئاساییە هەموو ڕۆژێک کۆبونەوە دەکەین.

عەلی شاماریش وتبووی تا برادەران کۆدەبنەوە بۆچی بە حەیرانێک دەست پێناکەیت، عەبدولڕەحیم تورە ببوو عەلی شاماریش ووتبووی (کوڕ خوایە بۆ تورە بوو).

## گـــــرتنی جـــــاشێك

هەواڵ گەیشتبوو سبەی جاشێک لە سلێمانیەوە دێتە مارە ڕەش و دەگەڕێتەوە شار، شەوێک لە نێوان دارو شەخسەکەی مارە ڕەش و گەنکاوادا مانەوە، لە چاوەڕوانی هاتنی جاشەکەدا.

پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی هەرێمی سێ ئەو شەوەیان لە چاوەڕوانی هاتنی ئەو جاشەدا ڕۆژ کردەوە، بەرەبەیان جاشەکە گەیشتە مارەڕەش باری پێبوو، دەستگیر کراو بەرەو بارەگای هەرێم ڕەوانە کرا.

بارەگای هەرێم لە «مەریوان» بوو، لە گوندی (بەیانە) بارەگایان هەڵدا بوو، لە موبڕەو مامە خەلان بۆ سوورەبان و لەوێشەوە بۆ بلەکێ هەنگاوەکان هەڵیگرتن.

گەیشتنە بارەگای هەرێم لە گوندی بەیانەو جاشەکەیان تەسلیم کرد، بارەگای هەرێم کاک بەکری حاجی سەفەرو نووسەرو ڕووناکبیر بورهان قانع و شەریفی قورئانی و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکەی لێبوو.

لە بارەگای هەرێمیش جاشێکیان گرتبوو تەمەنی لە نێوان ٧٠ بۆ ٨٠ ساڵ دابوو، لە سەر خراپەکاری چوار جار گیرابوو هەر کۆڵی نەدابوو، بە بەکری حاجی سەفەری دەوت تۆ دە چەکم بدەرێ دە چەکیش لە صدام حسێن وەردەگرم عێراق و ئێرانت بۆ دەهەژێنم.

## شـــەهیدبوونی حـــەمەمین خـــەیاتە بـــەرزە

حەمەمینی خەیاتە بەرزەی چوارتا یەکێک لە پێشەنگی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٦ و داینەمۆو هەڵسوڕێنەری شانە نهێنییەکانی کۆمەڵە لە چوارتا و شارباژێڕ، پیاوی ژیرو ڕۆشنبیرو کادێری پێشکەوتووی کۆمەڵەو ڕێبەری سیاسی کەرتی (١)ی هەرێمی (٣) بوو، فەرماندەو کادێرێکی لێهاتوی هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵە بوو لە شەوی ٢٤-١٩٨١/٦/٢٥ لە گوندی وەڕاز لە دۆخێکی تەمومژاوی نەخوازراودا دەستێکی چەپەڵ شەهیدی کرد، شەهید بوونی حەمەمینی خەیاتە بەرزە، خەسارەتێکی گەورە بوو لە هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکە کەوت.

**********

مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨١ کەرتی یەکی هەرێمی ٣ لە بەندەنی واژە بۆسەیەکیان داناو دوو سەربازی دوژمنیان کوشت و دوو تفەنگ دەسکەوت بوون، سوپا تا گوندی واژە هات و دواتر گەڕایەوە.

## چـــالاکییەکانی کـــەرتی پـــارێزگاری

مەفرەزەیەکی کەرتی پارێزگاری ئیزگە بە فەرماندەیی هێمن سەراوی هاتنە خوارەوە بۆ ناوچەکانی شارباژێڕو دۆڵی جافەتی، کۆڕو کۆبونەوەی جەماوەرییان لە گوندەکان ساز ئەدا بۆ وشیار کردنەوەی خەڵک.

لە سەر جادەی کێلێ، سورەقەڵات، ماوەت و ئۆردوگاکانی قەڵاچوالان، کەنارو، چەند چالاکیەکیان ئەنجامدا دوای جەولەیەکی چەند مانگی گەڕانەوە سەرکردایەتی.

## چـــالاکی شـــاخەسوور-گـــەنکاوا
## بەهـــاری ســـاڵی 1981

مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی و فەرماندەیی هێمن سەراوی لە جەولەدا بوون لە دێیەکانی شارباژێردا، بڕیاریاندا لە سەر جادەی ئۆردوگای قەڵاچوالان شاخەسور چالاکییەک ئەنجام بدەن.

شەو چوونە گەنکاوا لە ماڵی کەسایەتی بەناوبانگ «حاجی شێخ کەریم»ی گەنکاوا مانەوە، هەر ئەو شەوە حاجی عەلی شاناخسێ باوکی مەجید و قادری حاجی عەلی شاناخسێ هاتبووە گەنکاوا بۆ بینینی قادری کوڕی، ئەو شەوە تا بەرەبەیان لە گەنکاوا مانەوە، سەرو دوو هێلکەی کوڵاوو دوو نانیان لە ماڵی حاجی شێخ کەریم وەرگرت و لە شەبەق دا دەرچوون.

قادری حاجی عەلی، برایم شارەزوری، حەمەمینی حاجی حسێن، ڕەئوفی حاجی حسەین، خاڵە سەراوی، جەلال ساڵح شەریف، خدری حاجی ئەحمەد، ئیسماعیل، بەکر چۆخماخی ئەو مەفرەزەیە بوون هێمن سەراوی فەرماندەیان بوو، مەفرەزەکە هاتنە شاخە سوور بەرانبەر لۆفەکانی دڕەڵە، لەوێ مەفرەزەکە دامەزرا، سێ پێشمەرگە نزیک بوونەوە لە چەمەکەی شاخەسوور، باقی پێشمەرگەکانیتر لە زنجیرە شاخەکەی دڕەڵێ دامەزران.

هەموان سازوو ئامادەبوون، چاو لە سەر ڕێگای قەڵاچواللان لانە دەچوو، لە لۆفەکانی ئەو دیوەوە قافڵەیەک لە سەرباز دەرکەوتن، ملی ڕێگەیان گرتبوو بێ ئاگا لەوەی ملی ڕێگە، ئەبێتە ملەی مەرگ و بە دۆزەخیان دەسپێرێ، قافڵەکە گەیشتە بەردەمیان و کەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگە، هەر لە جێدا هەشت سەرباز کوژران دوانزە سەربازی تریش بریندار بوون، ئەمبەراو بەری شوێنی چالاکییەکە ڕەبییە بوو، بۆیە سەرنەپرژان دەستکەوتەکان کۆکەنەوە.

لەو داستانەدا پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکە (ئیسماعیل) بریندار بوو، هەواڵیش وارۆیشتبوو قادری حاجی عەلی بریندارە، بەڵام سەلامەت بوو تەنها پەنجەی ئازاری پێگەیشتبوو، دوای چالاکیەکە سەرکەوتووانە کشانەوە گەنکاوا.

پێشمەرگە دەرمانخانەیەکی گەڕۆکیان پێبوو، هێمن سەراوی خولێکی تەندروستی بینیبوو، شارەزای دەرزی لێدان و تەداوی بوو، چارەسەری سەرەتاییان بۆ بریندارەکە کرد، دواتر سوار وڵاغێکیان کردوو چوونە قەیوانی بچوک، دواتریش بەرەو وەرازو لەوێوە بۆ کوڕاداوێ.

## چـــــالاکی کـــێلێ / بــــەهاری 1981

دوای دە ڕۆژ لە چالاکی شاخەسوور، پێشمەرگەکانی هەمان مەفرەزە بە فەرماندەیی هێمن سەراوی لە سەر جادەی کێلێ چالاکییەکیان ئەنجامدا، نیوەڕۆ لە شیوە کوێر نانیان خواردو کاتژمێر (١)ی دوانیوەڕۆ لە ئەمبەراوبەری جادەی کێلێ دامەزران، هەر چوار دەوری جادەکە ڕەبییە و مۆڵگە بوو.

کاتژمێر دوو چەند ئیڤایەک کەوتنە بۆسەکەوە، لێیاندان و دوو ئیڤا وەرگەڕان، ٨ سەربازی تیادا کوژراو ژمارەیەکیش بریندار بوون، دوای لێدانی قافڵەکە بە چەمی شێوە کوێردا گەڕانەوە بەرزاییەکانی وەڕاز، دوژمن بە چەکی قورس ناوچەکەی تۆپباران کرد،

ڕۆژێک دوای چالاکییەکە سوپا هێرشی هێنایە سەر گوندەکانی شارباژێڕ، عەبدوڵڵا ڕەجەب شاناخسیی بە دەستڕێژی شەستیر گیانی لەدەستدا، عەبدوڵڵا ڕەجەب پیاوێکی کاسب بوو، هەر بۆ کاسبی هاتبووە شیوە کوێر.

هـەر لـە سـاڵی ١٩٨١ چـەند ڕۆژنامـەنووسـێکی نەمسایی هاتنە بـارەگـای سەرکردایەتی، داوایانکرد مەفرەزەیەکیان لەگەڵ بنێرن بۆ ناوچەکانی شارباژێڕو دۆڵی جافایەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر دۆخی شۆڕش و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بەرنامەی مەیدانی بۆ کەناڵە جیاجیاکانی نەمسایی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو وێنەی فۆتۆگراف و ڤیدیۆیی تا لە میدیاکانی نەمسا بە نووسراوو بینراوەوە ڕاپۆرتی تێرو تەسەل لە سەر هەڵگیرساندنی شۆڕش و دڕندەیی بەعس و واقعی دێهاتەکانی کوردستان بکەن بۆ ئەم مەبەستە مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی هێمن سەراوی، ئەرکی پاراستن و هاوکاریکردنی گروپی ڕۆژنامەنووسی نەمسایان پێسپێردرا، لە شارباژێر تا دۆڵی بۆ ماوەی مانگێک هاوەڵ و هاوکاریان بوون، دوای مانگێک لە گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری گرنگ و مەیدانی گەڕانەوە سەرکردایەتی.

## کــــەمینێك لە واژە کــــۆتایی ســـــاڵی 1981

کەرتی یەک چوونە سەر جادەی واژە و لە بۆسەیەکدا ئیڤایەکیان دایە بەر دەستڕێژی گولله.

هەواڵنامەی کتێب

مام بەکر بەردە زەردی و چەند پێشمەرگەیەک لەو بەری جادەکە دامەزرابوون، سەربازێک لە دوای ئیڤاکەوە خۆی هەڵدایە ئەوبەر جادەکە دەسرێژی لە مام بەکر کرد، بەڵام پێشمەرگەکانی بەری ئەوبەر دەسرێژیان لە سەربازەکە کردو بریندار بوو، عەلی چوارتایی هاواری لە مام بەکر کرد، وەرە خوارەوە سەربازەکە برینداره، مام بەکر هاتە خوار، سەربازەکە ڕەوانەی دۆزەخ کرا.

## بـــۆسەی بەفر، کـوێستانی گـمۆ
## کـــانوونی دووەمی ســـاڵی 1982

کوێستانی گمۆ دڵگیرو جوان و بە سەفایە، پڕ لە چرپە و قاسپەی کەوو، لە کانی و ئاوی سازگارو شنەی شەماڵ، لە سروەی نەسیمی بەیان، لە هاتوچۆو پرمە پرمی وڵاخێکی خزیوی ڕێ و لە دەنگی پێ، پێی ڕێبواران، جارناجارەش ڕەشەبایە.

قەتارچی یان کاروانچییەکانی ئەمدیواو دیوی سنوور، گمۆیان دەکردە ژوان و پشوو حەوانەوەی ڕێی دوور، بانەو سەردەشت هەتا بۆکان و سەقزو کاروانچیەکانی ڕۆژهەڵات بە گمۆدا قەتارەیان دەبەست و شۆڕدەبوونەوە (بەردە سپێ) لەوێشەوە بۆ مەملەکەتەکەی بابان، قەڵاچواللان، سلێمانی، لەوێشەوە دەگەڕانەوە بۆ سنوور.

کوێستانی گمۆ چەندە هەوارو بن دارو نزارو کانیاوەکانی بن بناری دڵڕفێن و خەمڕەوێنین، سەد هێندەش زستانی سەخت و گیان تەزێنن، لە ڕووکاری هەر دوو دیوی گمۆو لە خۆڵە پەتە زستانان، زۆر ڕێبواری ئەو بنارە تەموومژ ڕێی لێونکردن، بەفر و زریان داپۆشیوون بۆ لێواری مەرگی بردن.

## شـــەهید بونی دوو پـــــێشمەرگە

کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ زستانێکی سەخت و سەهۆڵبەندان و شەختە بەند، گمۆی لە بەفر هەڵکێشا بوو، شەڵاڵی بەرگێکی سپی بە تەموومژ داپۆشراوو ئاوادامان بوو، هەندێک جاریش تەڵخ و لێڵی دەم زریان و ڕەشەبا بوو، ئەو زستانە گمۆ خوێنی دەویست، پەڵە خوێنێک لە قەدو باڵای هاڵا بوو.

فەرەیدوونی مامە سەعە و جوامێر و ڕەحمان ئەمین، سێ پێشمەرگەی ناوەندی کۆمەڵە، گواسترابوونەوە کەرتی یەکی هەرێمی سێ، فەرەیدوون کادیری کۆمەڵەو جوامێرو ڕەحمانیش پێشمەرگە بوون، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی شۆڕش و گواستنەوەیان بۆ هەرێمی سێ بەرەو شارباژێڕ هاتبوون.

ناوچەکە بێ ئاوەدانی بوو، شاناخسێ و دێیەکانی دەورووبەری ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، تەنها کانی و دارو نزارو گاشە بەردوو بەفر لەوێ ئێشکگری نیشتمان بوون.

فەرەیدون و جوامێر و ڕەحمان پەڕینەوە، لە ناو شوێن دێی شاناخسێ وە، بۆ سنجەڵێ و بەرجۆو پردی کاڕەش و دەڵاوان، لەوێشەوە هەنگاوەکان هەڵگرتن بۆ شەروێنێ و ناوگەڵوان و بێران و کانی کۆلکە ڕەش.

بومە لێڵ و تاریک و ڕوونی بەیانی ڕۆژێکی سارد، بە ڕێگایەکی هەورازو بەفرگردا سەرکەوتن، بەفر شیوو قەدپاڵ و لاپاڵ و دۆڵ و گردوو یاڵ و لوتکەی هەرەبەرزی گمۆی داپۆشیبوو، بەفر ئەو ساڵە بارتەقای ئەو کێوانە باریبوو، تان و پۆی لە ناو هەورابوو، وەکو دەڵێن ئیقلیم گیر بوو.

لە کانی کۆلکە ڕەشەوە بە ناو بەفرو تەمی گمۆدا بەرەو خۆڵەپەتە سەرکەوتن، تا لەوێوە شۆڕبنەوە بۆ سەراو بە دۆڵی (بەردەسپی)دا بێنە خواری بۆ کوڕاداوێ بەڵام سەختی چیاکەو ڕێگاکەی، هەرەسی بەفرو تەموو مژی ئەو زستانە ڕێگەی دەربازبوونی نەدان، لە نێو هەرەسی بەفرو ڕنوودا ڕۆچوون و بوونە تەرم.

فەرەیدوون، کادیری کۆمەڵە یەک لەو سێ پێشمەرگەیە بوو، دوای ململانێ و زۆرانبازیەکی زۆر لەگەڵ بەفرو ڕێگەی سەخت و تەم تومانددا دەربازی بوو، هاتبووە دیوی بەردەسپی، کۆڵەپشتەکەی پڕبوون لە کتێب و نامیلکە و ئەستێرە سوورەی کۆمەڵە، دانە دانە و پەڕە پەڕە کتێبەکانی سووتاند بوو، تا جەستەی ساردوو تەزیوی گەرم بکاتەوە، دەمەو ئێوارەش کاروانچی و قەتارچییەکان بە سەر جەستەی هیلاک و ماندوویدا کەوتبوون و ڕزگاریان کردبوو هێنابوویانە کوڕاداوێ، فەرەیدون ووتبووی دوو پێشمەرگەی تریشم لە گەڵە، بۆ ڕۆژی دوایی مەفرەزەیەک

پێشمەرگە چووبوونە خۆڵە پەتە، تەرمی ساردوو تەزیوو سەرمابردووی جوامێرو ڕەحمانیان هێنایەوە بۆ کونجرین، لەوێ بە خاکیان سپاردن.

فەرەیدون ماوەی چەند مانگێک لە ژێر چارەسەردابوو، تا برینەکانی ساریژ بوون، دوای چاکبوونەوەی کرایە ڕێبەری سیاسی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

+++++++

کوێستانی گمۆ و تەختی خۆڵەپەتە چەند بەرزو دڵگیرو سەرکەشن، هێندەش خەم و سوێ و ئازاریان بە دڵی خەڵکا کردووە، ئەو بنارە ئێستاکەش پڕە لە قاچ و لولاقی ڕان و کەللە سەری ئەو کاروانچی و ڕێبوارانەی تێپەڕیوون و دەرباز نەبوون، لە ناو گەرووی خۆڵەپەتەدا نقوم بوون.

ڕێگەی خۆڵە پەتە درێژو تولانی نییە، لە هاوین دا هەر بە تەنها چەند میلێکە، بەڵام زستانی سەخت و بێ ئامانە.

ئەمبەراوبەری گمۆ قەدپاڵ و لاپاڵەکانی، جێگە شەڕی عێراق-ئێران بوون، جگە لە بێ مروەتی بەفرو زریان و زستانی خۆڵەپەتە، شەڕیش دەیان مرۆڤی کردە خۆراکی قەل و داڵ.

دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش ئەو دەمانەی خەڵکی گەڕایەوە دێیەکان، تۆڕە لوغمە (مین) چێنراوەکان دروێنەی گیانی دەیانیان کرد، سەدانیش کەم ئەندام و سەرگەردان بوون، خاک و خۆڵی ئەو دێیانە بۆنی بارووتیان گرتبوو.

هەر چەندە بەفرو زریانی زستانی گمۆ بێ ئامان بوو، دەبووە کفن و تاتە شۆرو هەر خۆشی تابوتی وەرزێک، بەڵام بەفر بە ڕەنگێکی کاڵی سپی کە ڕۆژ لە سەر سینەی ئەدا دەبووە ڕەونەقی ئەو کێوە، ئیتر هێواش، وردە وردە خاڵ خاڵ دەبوو، ڕەشایی لێدەردەکەوتوو دەتوایەوە تا دەگەیشتە خاکە لێوە.

## جـــــەژنانەی پـــــێشمەرگە

دوو سەرباز لە ڕەبییەکەی واژە لە دەستە ڕاستی قەڵاچواللان هاتنە خوارەوە تالیب کەناروێی و غەریب گەنکەیی بۆیان چوونە سەرجادەکە، سەربازەکان لە نێوان خۆیاندا باسی جەژنیان دەکرد، گلەییان لە بەختی خۆیان دەکرد کە نەیانتوانیوە

برۆنە ماڵەوە، گەیشتنە ئاستی پێشمەرگەکان و وتیان تەسلیم بن، بەڵام تەقەیان کرد، پێشمەرگەش دەستڕێژیان لێکردن و کوشتیانن، لە ڕەبییەکەوە بەر هاوەن دران.

پارچەیەک سێ قەفی جامانەکەی غەریب گەنکەیی بڕی، پێشمەرگەکان پێکهاتبوون لە، بەکرەدرێژ، مەجید مەلا صدیق، قادر گەنکەیی، عومەر گەنکەیی، سەلام بەردە زەردی.

هەواڵنامەی کتێب

* کـــورتە مێژوویەکی دووکـان
* مـەفرەزە ســـەرەتاییەکان
* هـــەرێمی چـــوار

## مـێژووی کـۆن و نـــــوێی دووکــــان
## ســەربووردەیــــەکی مـێژوویی دووکــان

شارۆچکەی دووکان کە شارۆچکەیەکی دێرین و دڵگیرو گەشتیارییە بە دووری ٦٥ کیلۆمەتر لە سەرووی ڕۆژئاوای شاری سلێمانییە، ناوچەی سلێمانی و هەولێرو کۆیە لە لایەک و پشدەرو خۆشناوەتی و بیتوێن بە یەکەوە گرێدەداو ڕێڕەوێکی دێرین و لەمێژینەی هاموشۆیە لە نێوان شارو شارۆچکەکانی دەورووبەری.

ناوی دووکان چەند لێکدانەوەو تەفسیرێک لە خۆدەگرێت، ئەو سەردەمانەی دووکان گوندێکی بچووک بووە، دوو سەرچاوەی ئاوی تیا بووە کە لە شێوەی کانی و کارێز هەڵقوڵیون و تا ئێستەش ماون، بە کانی پیاوان و کانی ژنان ناسراون، لێکدانەوەی یەکەم لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە بووەتە دووکانی، یان دووکان، ئیتر بووەتە وێردی سەرزمان و بە دووکان ناسراوەو ناوبراوە.

لێکدانەوەو تەفسیری دووەم ئەوەیە لە سەردەمی حوکمداری و دەسەڵاتدارێتی عوسمانیەکان واناونراوە، چونکە ناوچەی دووکان ژمارەیەک ئەشکەوتی تیابووە، لە زمانی تورکیشدا بە ئەشکەوت دەڵێن «دووکان» ئەشکەوتەکانی ناوچەی دووکان دیارو بەرچاون و بە ناوەکانیان «ئەشکەوتی دووکون، ئەشکەوتی زورایان، ئەشکەوتی پیرێژن، ئەشکەوتی سلێمان بەگ، ئەشکەوتی سارا» دەناسرێن و جیا دەکرێنەوە، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان و شوێنەوارەکانی و شایەتحاڵەکانی ڕابردوو ئێستا، لە ساڵی ١٧٢٠ زاینی دووکان ئاوەدان کراوەتەوەو مرۆڤی تیا ژیاوەو نیشتەجێ بووە.

سەرەتای درووستبوونی دووکان لە جێگەو پێگەی ئێستای نەبووە، بەڵکو لە دوو شوێنی جیاواز نیشتەجێ بوون، شارەلو، سلێمان بەگ کە پێدەچێت هی سەردەمی ئاشوریەکان بن، کە ئێستا بوونەتە دوو گەڕەکی تازەی دووکان، وەک دەڵێن دووکان لە سەرەتادا دوو گەڕەک بووە، گەڕەکی سەروو خواروو، هەندێکیش دەڵێن لە دووماڵەوە گەشەی کردووەو پێگەیشتووە دواتر بووەتە ٤٠ ماڵ.

هەندێک لەوانەی کە ڕوویان کردووەتە دووکان و ڕۆڵیان هەبووە لە گەشە کردن و فراوانبوونی (دووکان)دا، دوو بنەماڵەی ڕەوەند و جوتیار بوون لە شارباژێری

سەختەوە هاتوونەتە دووکان، بنەماڵەی حەمەی شەمسە و کوێخا عەولآن، کە ئێستا بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی دووکان پێکدێنن .

عوسمانیەکان کە سەردەمێک حاکم و فەرمانڕەوا بوون لە ناوچەکە کشانەوەو ئینگلیز لە بەشێک لە خاکی عێراقدا حوکمدارو سەردار بوو، پلانی وردیان بۆ دروستکردنی بەنداوی دووکان دارشت، لە ساڵی ١٩٥٢ جادەی نێوان سلێمانی-دووکانیان دروستکردوو قیرتاو کرد.

ئینگلیزەکان دوو کەمپیان لە دووکان دروستکرد، دوو کەمپی نیشتەجێ بوون لە دوو شوێنی جیاواز، کەمپێک لە خانووە بەردەکان «قەسرەکان» کە شوێنی ستافی کارگێڕی دروستکردنی بەنداوەکە بوو، دووەمیان کەمپی فەڕەنسی کە ستافی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی «دوومیز باڵو»ی فەڕەنسی بوو، ساڵی ١٩٥٤ بەردی بناغەی بەنداوی دووکان لە لایەن مەلیک فەیسەڵی دووەم پادشای عێراقەوە دانرا، ماوەی کارکردن تا تەواو بوونی بەنداوی دووکان چوار ساڵ و شەش مانگی خایاند، لە سەردەمی کۆماریدا عبدالکریم قاسم وەریگرت، واتە ساڵی ١٩٥٤ بۆ ساڵی ١٩٥٩ لە سەردەمی دوو حوکم و دوو ڕژێم و سیستەمی جیاوازدا.

دووکان لە گوندەوە بووە شارۆچکەیەکی دیار، یەکە کارگێڕیەکانی تیادا درووست بوو، دووکانی سەروو خواروو لە ١٨٠ ماڵ پێکدەهات لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی گڵاوی حەرەس قەومیەکان لە پەنای کودەتای شومی ساڵی ١٩٦٣ ی بەعسیەکان گەیشتە دووکانی خواروو تەخت و یەکسانی خاک کرا.

ساڵی ١٩٦٤ بە لێبووردنی گشتی دانیشتوانی دووکان گەڕانەوەو خانوەکانیان بنیادنایەوە، بەڵام بە پێش مەرجی گەڕانەوەو پێدانی چەکێک بوو بەڕژێم، خەڵکەکەشی لە ناچاریدا قبوڵیان کرد.

دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و دەستپێکردنی گفتوگۆی بەغداو شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٧١ دا دووکان کرایە قەزاو جەمال ڕەمزی بووە قایمقامی دووکان لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٤ چەند فەرمانگەیەکی حکومی تیا دروستکراو دامەزرا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ڕەگەزنامە و باری شارستانی،

بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دووکان، فەرمانگەی تەندرووستی، قوتابخانەی ناوەندی، باخچەی ساوایان، فەرمانگەی داد، فەرمانگەی بەخێوکردنی بەرووبومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ و ماسی.

**قــــــــــەزای دووکـــــان و نـــــــاحیەکانی**

قەزای دووکان لە ناوەندی قەزاو ٥ ناحیە پێکهاتووە:

١- ناحیەی پیرەمەگرون
٢- ناحیەی سورداش
٣- ناحیەی بنگرد
٤- ناحیەی خەلەکان
٥- ناحیەی خدران

**ژمـــــارەی خــــێزان و دانـــــیشتوانی قــەزای دووکـــان**

| ناوەندی قەزاو ناحیە | خێزان | دانیشتوان |
|---|---|---|
| دووکان | ٣٠٤٣ | ١٠٨٦٤ |
| پیرەمەگرون | ٨٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ |
| سووورداش | ٥١٢٣ | ٢٥٦١٥ |
| بنگرد | ١٢٣٧ | ٦٣٠٦ |
| خەلەکان | ١٠٨٩ | ٥٢٠٤ |
| خدران | ٤٩٠ | ٣٥٥٠ |
| کۆی قەزاکە | ١٨٩٨٢ | ٩١٥٣٩ |

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــوێنەوارە دێـــــرینەکان

- قەڵای پادشای گەورە دەکەوێتە دامێنی زێی بچووک لە بەشی خوارەوەی دووکان.
- ئەشکەوتی قزقاپان دەکەوێتە دەروازەی چەمی ڕەزان.
- ئەشکەوتی جاسەنە شوێنگەی مەلیک محموود بوو لە دژایەتی کردنی ئینگلیز، لە ساڵی ١٩٢٣ چووە ئەشکەوتی جاسەنە، چاپخانەیەکی لە ئەشکەوتی جاسەنە داناو چەند ژمارەیەکی بانگی حەق لەوێ دەرکرا.
- شوێنەواری خات و سارا، ژنێکی جولەکە و جەسوور لە سەر لوتکەی چیای سارا.
- دەربەندی قەمچووغە و پاشماوەی مەتەرێزەکان.

ناوچەی دووکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە دوو عەشیرەتی جیاوازو تەباو گونجاو پێک دێت عەشیرەتی جاف و شێخەکان، دانیشتوانی قەزای دووکان خوێندەوارو تێگەیشتوو ڕۆشنبیرن، شارستانی و پێشکەوتووخوازن.

دووکان ناوچەیەکی گەشتیاری هەرێمی کوردستانەو ڕۆژانی هەینی و نەورۆز بە سەدان هەزار کەس ڕووی تێدەکەن.

## دووکـــــان و شـــــۆڕش

ناوچەی دووکان بە تێکڕای ناحیەو گوندەکانییەوە لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا تێکۆشەری گەورەو پیاوی جوامێرو دلێریان بەخشیوەتە شۆڕش و بەشداری کاریگەریان لە شۆڕشەکاندا کردووە.

لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بە ڕێبەرایەتی «ی ن ک» ناوچەی دووکان ڕۆڵی گەورەو گرنگیان هەبووە، هەر دوو هەرێمی (٤،٢) لە سنووری قەزای دووکان بوون و دەیان تێکۆشەری ناوچەکە سەرقافڵەی تێکۆشان بوون.

لە ساڵی ١٩٨٧ و لە بەرانبەر هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی دووکان لە هاوسۆزی و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕژێمی عێراق دووکانی تەختکردو لەگەڵ خاکدا یەکسانی کردوو بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی پیرەمەگرون ڕایگواستن ، ساڵی

١٩٨٨یش یەکەم قۆناغی ئەنفالی بەدناوی لێرەوە دەستپێکرد.

لەم دەروازەیەوە مێژووی دێرین و کارگێڕی دووکانمان پێناساندن، فەرموون بۆ ناساندنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و نەبەزین و تێکۆشان و قوربانیدان لە شۆڕشی نوێدا، مێژوویەک خوێنی لێ دەتکێ و وانەی نەبەزین و کۆڵنەدانمان پێدەڵێتەوەو بۆ دەگێڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# دۆڵی جافەتی دووکان- مەرگە

## دۆڵــــی جــــافایەتی-دووکــــان-بــــەری مەرگە هــەڵگیرساندنی شــۆڕش

ڕێکەوتننامەی جەزائیری نێوان ڕژێمی عێراق و شای ئێران کۆتایی بە بزووتنەوەیەکی چەکداری ١٤ ساڵە هێنا، بە ناوی شۆڕشی ئەیلول، هەزاران چەک سەرەوخوار کران و تەسلیم بە ڕژێم کرانەوە، بەشێکیش ڕوویانکردە ئۆردوگاکانی ئێران و هەندێکیش بەرەو ئەوروپا سەری خۆیان هەلگرت، بەشێکیش نەفی کران بۆ خواروو ناوەڕاستی عێراق.

وڵات ماتەم دایگرتبوو چیاو لوتکە بەرگی ڕەشی پۆشیبوو دۆڵ و دەربەند کش و مات بوو، بەڵام هیواو ئاوات لە دڵی خەڵکدا زیندووە، خەڵک خاوەنی بڕوابوو، ئەمڕۆ سبەی پێشمەرگە دەچنەوە شاخ و هەرەس بە هەرەس دەهێنن.

لە شامەوە هەواڵ گەیشت، شۆڕش لە چەخماخەیدا پزیسکی شۆڕش، خۆیکرد بە ماڵ بە ماڵی کوردستاندا هەواڵی هەڵگیرساندنی شۆڕش لە چرپەوە بوو بە ڕەشەباو زریان گوێچکەی دارو بەردی سمی، بوو بە شا هەواڵی ساڵ.

مەفرەزەکان نێردرانەوە شاخ، دۆڵی جافەتی، دووکان، مەرگە، سووورداش، سەرگەڵوو بەرگەڵوو، شاخ و لوتکە پڕبوونەوە لە پێشمەرگە، دۆڵی دلسۆزی جافەتی، دووکانی کەڵە پیاوان، مەرگەی بینایی چاوان، ئاسۆس، دابان، شانیان دایە بەر باری قورسی شۆڕش و بەڕاپەڕینیان گەیاند.

## هــــەڵەدن کوانووی شۆڕش و هـــەستانەوە ئارامــگەی پــێشمەرگە ســــەرەتاییەکان

ساڵی ١٩٧٦ بوو عەبدوولقادر هەڵەدنی لەڕێگەی تالیب ڕۆستەمەوە پەیوەندیکرد بەکاک ئارامەوە، کاک ئارام داوایلێکرد جێگەیەکی بۆ دیاری بکات .

کاک ئارام نامەی بۆ عەبدولقادر هەڵەدنی نارد کەوا دوو کەسم ناردووە بۆ گاپیلۆن بیانبەرە لای خۆت، عەبدولقادر هەڵدنی چوو بۆ گاپیلۆن سالار عەزیز و جەمالی عەلی باپیر هاتبوون ووتیان کاک ئارام ئێمەی ناردووە بۆ لای تۆ بمانبەیتە هەڵەدن ئەویش ووتی شەو دەنێرم بەدواتاندا.... شەو خەڵکی نارد بەدوایاندا چوونە

هەڵەدن بەنهێنی مانەوە، غەریب هەڵەدنی نامەی سالار عەزیز و جەمالی عەلی باپیری دەبردە ناو شار دەیگەیاندە کاک ئارام و دەگەڕایەوە هەڵەدن. دوای دوو هەفتە مانەوەیان لە هەڵەدن کاک ئارام نامەیەکی بۆ سالار عەزیز و عەبدولقادر هەڵەدنی نارد لە نامەکەدا نوسیبووی کاک عەلی عەسکەری لە (زۆنگی) یە بچن بیبەن بۆ ماڵی خۆتان چوون بەدوای عەلی عەسکەریدا و هێنایە هەڵەدن بۆ ماڵی عەبدولقادر هەڵەدنی. لەسەر داوای عەبدولقارد هەڵەدنی حاجی ئەحمەدی ئامان چوار چەکی هێنا چەکەکانیان دایە عەلی عەسکەری و سالار عەزیز و جەمالی عەلی باپیر، لەسەرگەڵوو شێخ حسێن چەکێکی ژەنگاوی نارد ماڵی شێخ صدیق چۆخماخی چەکێکیان نارد.

لەیاخسەمەرو هەڵەدن و گوێزیلە ژمارەیەک کەسیان ڕێکخست ئامادەیانکردن بۆ پێشمەرگایەتی تەنها لە هەڵەدن (٢٢) کەس ئامادەبوون چەکی پێشمەرگایەتی بکەنەشان . دوای (٤٥) ڕۆژ مانەوە لە هەڵەدن عەلی عەسکەری داوای لە عەبدولقادر هەڵەدنی کرد شوێنێکیان بۆ پەیدابکات بچنە ئەوێ، ئەویش بردنی بۆ تەنگی مادێنا.

## نـــاردنی تـــــایپەکە

کاک ئارام لەسلێمانییەوە تایپێکی بەغەریب هەڵەدنیدا نارد بۆ هەڵەدن، غەریب تایپەکەی تا سەیتەرەی سوسێ بە ئۆتۆمبێل گواستەوە لەوێ دابەزی و بە پشتی سەیتەرەکەدا چووە حاجیتان بەداباندا گەیاندیە تەنگی مادێناو یەکەم بەیاننامەی شۆڕشی پێ چاپکرا، حەمە سەعید بەیاننامەکەی چاپکرد. ژمارەی پێشمەرگە لە هەڵکشان بوو، سەلاح چاوشین، جەلیل بێدەری، خەلیل بێدەری هاتن، کاکە حەمەی کاکە ڕەزا نۆ پێشمەرگەی ناردە لای عەلی عەسکەری تێکڕا بوونە (٧٠) پێشمەرگە.

ڕۆژێک شوانێک پێشمەرگەکانی بینی ، عەلی عەسکەری داوای لە عەبدولقادر هەڵەدنی کرد بیانگوێزێتەوە شوێنێکیتر، ئەویش بردنیە کونەکەوی پشتی ژیلوان، دواتر خۆیان ئاشکراکرد دەستیانکرد بە گەڕان بە ناوچەکەدا دواتریش چوونە شارباژێڕ.

## یــــــەکەم تـــــەقە

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر تەقەیان لە دوژمن کرد لە مۆکەبە ئەوەش بووە یەکەم تەقە لەناوچەکەدا شەوی دواتر چوونە باسنێ و ڕەشەکانی تەقەیان لە هێزەکانی دوژمن کرد. دوای ماوەیەک کاک ئارام شاری جێهێشت و هاتە شاخ چووەکانی توو.

## هــــێنانی مــــەڕەکان

عەبدولقادر هەڵەدنی و هێزێک چوونە سەرچنار و (١١٠٠) مەڕی حکومییان هێنایە دەرەوە، مەڕەکانیان لە سیرە مێرگ تەسلیمی کاک ئارام کرد لەوێوە بردیاننە ئێران بە (٧٠٠٠) دیناری سویسری فرۆشتیان. لێرەوە ئەم کاروانە بەرداوام بوو.

## دوای هــــەرەس
## مــــەفرەزەکانی کــــانی توو- بـــەری مەرگە

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دوژمن خەڵکی هەراسان کردبوو، دەچوونە دێیەکان ئازاری خەڵکیان دەدا بە دوای چەکدا دەگەڕان.

ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/١٥ هێزێکی سەربازی چوونە کانی تووی بنگرد تەقەیان لە خەڵک کرد، لێپێچینەوەیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد داوای ژمارەیەک کەسیانکرد بچنە بنگرد.

ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/١٧ نزیکەی ١٦ کەسی کانی توو چوونە بنگرد داوای چەکیان لێکردن دەستگیریان کردن، هەر کەسەو چەکێکی کڕی و تەسلیمی ڕژێمیانکرد، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازاد کران.

گرتن و ئازاردانی خەڵکی کانی توو مەرگە بووە هەوێنی ناڕەزایی، ئەو ناڕەزاییە بووە هۆی درووستبوونی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٤ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەم تێکۆشەرانە درووست بوو:

١- ڕەسوڵ ڕەشید سەعید – ڕەسوڵ کاکە ڕەش

٢- ئەحمەد عوسمان ئەحمەد

٣- عەبدوڵڵا سەعید محەمەد
٤- ئەبوبەکر خدر قادر
٥- ئەبوبەکر حەمە عەزیز
٦- عەبدوڵڵا محەمەد ڕەسوڵ
٧- ئیبراهیم حەسەن
٨- حەمەدەمین عەزیز حەسەن
٩- ئەبوبەکر حسێن عەلی
١٠- عومەر محەمەد مەحموود
١١- مستەفا مەحموود

ڕژێمی عێراق بارەگایەکیان لە کانی توو بە ناوی تەعاونییەوە دانابوو داوای وێنەیان لە خەڵک دەکرد هەتا بیانکەن بە بەعسی ئازاری خەڵکی ناوچەکەیان دەدا، مەفرەزەکەی کانی توو چوونە سەر بارەگای تەعاونییەکەو تێکیانداو پێیان چۆڵکردن مەفرەزەکەی کانی توو پەیوەندییان بە عەلی عەسکەرییەوە کردوو بوونە پێشمەرگەی (ی ن ک).

## مـــــــەفرەزە ســـــــەرەتاییەکان

لە دۆڵی جافەتی و ناوچەی دووکان و مەرگە، لە بناری ئاسۆس و سارای سەرکەش، لە گوندە سەربەرزو کۆڵنەدەرو شۆڕشگێڕەکانی ئەو ناوچەیە، هەواڵی هەڵگیرساندنی شۆڕش دڵ و دەرونی ئاوەدان کردنەوەو پێشوازی گەرمیان لێکردوو لە ئامێزیان گرت.

هەواڵی بینین و دەرکەوتنی پێشمەرگە لێرەو لەوێ هەواڵی گەرمی ڕۆژو گوندنشینەکان بوو، چپەی شەوانی شارو برووسکەی خێرای ناودڵی ئازادیخوازان بوو.

هەنگاو هەنگاو لێرەو لەوێ، پێشمەرگە دەرکەوتن و خۆیان ناساند، پەیامی هەڵگیرساندنی (شۆڕشی نوێ)یان بە گوێی خەڵکدادا خەڵکیان وشیارکردەوەو تۆوی شۆڕشی نوێیان لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکدا چاند، تۆوی ئومێدو هەستانەوەو ژیانەوە.

زۆری نەبرد سوپاسالاری کوردستان شەهید علی عەسکەری و کاک زێڕۆو حمەی مامە سەلام هاتنە ناوچەکەو کۆڕوکۆبوونەوەیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە سازدا، ووردە ووردە خەڵکیان لە دەور کۆبووەوەو بوونە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، لە دۆڵی جافەتی تا دووکان و شارستێن و سێدەرو مەرگەو ئاسۆس پێشمەرگە ژیانەوەو لە مەفرەزەی بچووک و چەندکەسیدا خۆیان ڕێکخستەوەو سازدا.

ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست و کۆمەڵەی مارکسی-لینینی لە ناوچەکە وجودیان هەبوو، کاریگەری گەورەیان لە سەر جەماوەری ناوچەکەدانا لە بەرژەوەندی فراوانبوونی شۆڕش و ئەستوربوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگە.

## جـــــــافایەتی

*دەستەیەک پێشمەرگەی سەرەتایی دۆڵی جافایەتی لە ١٩٧٦/٨/٢٥ لە مۆڵگەیەکی دوژمناندا لە بایزاوا

*١٩٧٦/١١/٣٠ لەسەر ڕێگەی دۆلبێشک نێوان کارێزە – ماوەت کاروانێکی سەربازی دوژمن درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

*١٩٧٦/١٢/٦ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیک شاری سلێمانی لە زیلێکی سەربازیانداو (٤) سەرباز کوژران.

دەستکەوت (٤) کلاشنکۆف بوو

## شــــــەڕی شـــــــارستێن

بەرەبەیانیەکی سەرەتای زستان و رۆژی٢٦/١٢/ ١٩٧٦بوو. شوانی بەرغەلی ئاوایی بەرەو ناودێ هاواریان کرد، سوپا بەرەو شارستێن دێت، شەوەکەی بارانێکی زۆر بارییبوو، سەربازەکانی سوپای عێراق سەرما بردەڵەو کەسیرەی بەربارانی ئەو شەوە بوون، خەڵکی ئاوایی بەرەو پیریان ڕۆیشتن، هێنایاننە ناو دێ، ڕێزیان لێگرتن و ئاگریان بۆ کردنەوە، لە مزگەوتی ئاوایی خواردنیان دانێ، مەلا ڕەسوڵ شارستێنی مەلای گوندی شارستێن بە گەنج و کوڕوکاڵی ناودێی وت، بچنە دەرەوەی ئاوایی با سوپا گوندەکە بپشکنن و بگەڕێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سوپای عێراق لە دوو قۆڵەوە پێشڕەوی کرد بو بۆ ناوچەکە، قۆڵێک بەرەو گوندی سیدەر، قۆڵێکی دیکە لە هەنجیرەوە بۆ بەرزایی کونە ماریێ بەرەو گوندی شارستێن، دوای پشوودان و نان خواردن لە شارستێن بەڕێکەوتن بۆ دۆڵەبی.

هێشتا سوپا بە تەواوی لە دێ نەچووبووە دەرێ «سلام کوێرەکانی» کە پێشمەرگە بوو لای علی عەسکەری، لە «قۆپی سوژە» تەقەی لە سوپاکەی دوژمن کرد، سوپا گەڕایەوە ناو دێ و «هاتووچۆیان» قەدەغە کرد، پێشمەرگە لە چیاکانەوە دابەزینە ناو دێ و شەڕێکی قورس دەستیپێکرد، تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو حەوت پێشمەرگە لە بەردەم ماڵێکدا شەهید بوون، دوژمن زەرەرو زیانی بەرکەوت و بەدەیان کوژراوو بریندارى هەبوو، پێشمەرگە و سوپا ئەو شەوە لە ناو(دێ)دا مانەوە، سوپای عێراق ژمارەیەکی زۆر ژن و منالی لە ماڵەکاندا بە بارمتە گرتبوو تا خۆیان لە هێرشی پێشمەرگە بپارێزن، بەرەبەیان پێشمەرگە لە گوندەکە چوونە دەرەوە.

تاریک و ڕوونی بەیانی چەند کۆپتەرێک هاتنە سەر ئاسمانی شارستێن و بە بڵندگۆ ئاگاداری خەڵکیان کردەوە تا لە ماڵ بێنە دەرەوەو بچنە دەرەوەی گوندەکە چوونکە شارستێن دەسووتێنن، سوپا خەڵکی ئاوایی پێش خۆیدا بۆ پشت دێ، لە ژێر دارەبەنی مامە خەلیفە کۆی کردنەوە، لە تەختایی پشتی ئاوایی دارەبەنێکی گەورەی لێبوو بە داری مامە خەلیفە ناسرابوو.

بە بەرچاوی دانیشتوانی گوندەکەوە «حاجی مەلا ڕەسوڵ» مەلای گوندی شارستێنیان گوللە باران کرد، خەڵکەکە لە دەستی سوپا ڕایانکرد بەڵام نامەردانە تەقەیان لە خەڵکی گوندەکە کردو ١٢ کەسیتریان شەهید کردوو ٩٠ کەسیش بریندار بوون، بەشێکی دیکە لە خەڵکەکەیان دەستگیر کردوو بردیاننە قەزای دووکان، بەشێکی دیکەشیان بەرەو ئەبوغرێب بەڕێکرد.

## شـــــەهیدەکانی شـــــارستێن

١- حاجی مەلا ڕەسوڵی شارستێنی، مامۆستای ئاینی
٢- حەمە ئەمین عبدالله
٣- قادر مام حسن
٤- حاجی قادر ئەحمەد
٥- زێڕین قادر
٦- ئامین
٧- پیرۆز حاجی مستەفا
٨- مەلیحە حاجی مستەفا
٩- سوارە حەمە ئەمین / تەمەن ٢ ساڵ
١٠- کوڕێکی محموود قادر/ تەمەن ٢ ساڵ

٢ هاووڵاتی دیکەی گوندی شارستێن لە ئەبوغرێب شەهید کران
١- ئەحمەد ساڵح، لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.
٢- ساڵح محموود قادر لە سێدارە درا.

لە قۆڵێکی دیکەوە سوپای عێراق چووبوونە گوندی سێدەر، داوایان لە موختاری دێیەکە کردبوو دوو کەسیان لەگەڵ بنێرێ بۆ « قۆپی سوژان» فەرماندەی سوپاکە بە موختاری سێدەری ووتبوو دەچمە سەر شاخ تەقەمان لێبکەن ئەم دووانە دەکوژم، دوای ئەوەی چوونە سەر قۆپی سوژان هیچ تەقەو ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕوویندا بەڵام زۆر نامەردانەو ڕەفتار بەعسیانە هەر دوو هاووڵاتییەکەیان شەهیدو گوللە باران کرد کە ئەم نەمرانە بوون:

حەمە جۆڵا هەورامی و یاسین خاڵە ڕەشید سێدەری. حەمە جۆڵا ، هەورامی بوو لە مێژ بوو بە جۆلایی هاتبووە سێدەرو لەوێ مابووەوە.

کاتێک لە قۆپی سوژە تەرمەکانیان دۆزرایەوە، گوللەیەکی زۆر بەردەستیان کەوتبوو، کاتێک دەستیان هەڵبڕیبوو تا گوللە باران نەکرێن.

هەواڵنامەی کتێب

دوای کارەساتی شارستێن ژمارەیەک لە خەڵکی شارستێن بوونە پێشمەرگە لە ڕیزی مەفرەزە سەرەتاییەکان، لە تێکڕای سنوورەکەش لە مەرگە و جافایەتی ژمارەیەکی دیکە بوونە پێشمەرگە، لە سنووری شارستێن و مەرگە، عوسمان شارستێنی، عبدالله سەعید، قادر ملا علی، حاجی صاڵح، سعید مەرگەیی، سلام، مام ئەحمەد خۆڵەو عەلی کوڕی پێشمەرگەی ١٩٧٦ بوون، مەفرەزەی سەرەتایی شۆڕش بوون لە ناوچەکە، لە دۆڵی جافەتیش غەریب هەڵەدنی و قادر چاوشین پێشمەرگەی سەرەتایی بوون.

مام ئەحمەد خۆڵە، لە سنووری مەرگە ژمارەیەک پێشمەرگەو کەسووکاری خۆی لە گەڵدا بوو، بە پارەی خۆی چەکی بۆ کڕیبوون.

لە ماوەی کۆتایی ١٩٧٦ تا درووستبوونی هەرێمەکان، چالاکیەکانی پێشمەرگە زیاتر هۆشیارکردنەوەو ڕوونکردنەوەی پەیامی شۆڕش بوو لە گوندەکان، شەوانە دەچوونە گوندەکان و بەرنامەی شۆڕشیان بۆ باس دەکردن، جەولەو گەڕانی بەردەوامیان بە گوندەکان دا دەکرد.

ئەو سەردەمە پێشمەرگە هێندەی پەنجەی دەست و سوپاش پۆشتەو بە هەزاران بوو، زۆر جار ڕژێم بۆ چەند پێشمەرگەیەک ڕەوە کۆپتەری هەڵدەستان و لە شاخ و کێوو ناو گوندەکان سەربازی دادەبەزاند، ئەو سەردەمە پێشمەرگە چالاکی بچووک و خێرای ئەنجامدەدا، وەک لێدان و کشانەوە، دانانی لوغم بۆ سەر ڕێگەی سەیارەی سەربازی، تەقە کردن لە ڕەبیەو کەمینی ڕژێم، خۆنیشاندان و بزر بوون، هەندێک جاریش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو نووسینی هەمەجۆری شۆڕش.

## دوانـــــزە دێـــــی دۆڵـــێ

دوانزە دێی دۆڵێ ڕۆڵی گەورەو دیاریان بینی لە هەڵگیرساندنی شۆڕش و ساڵانی دواتریش پەناو پەناگەی هێزی پێشمەرگە بوون، بەشێک لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول لە سنووری گوندەکانی دۆڵێ بوون، پەیوەندی پتەوو لە مێژینەیان لەگەڵ سوپاسالاری کوردستان عەلی عەسکەری هەبوو، هەر بۆیە لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ عەلی عەسکەری نامەی بۆ ناردبوون تا لە

شۆڕشی نوێدا بەشداری بکەن ئەوانیش لە ژێر فەرمانی عەلی عەسکەری بوون و بوونە پێشمەرگە.

سەرەتای شۆڕش لە سنووری گوندەکانی دۆڵێ عبدالقادر هەڵەدنی و کوێخا عبداللەی چۆخماخ، حاجی محموودی گەورەدێ، سەلیمی فەقێ ئەولای قەڵەم پاشا، سەلیم هەڵەدنی، حاجی سەلیمی قامیش، حاجی عەزیزی قامیش، سمایل گەورە دێیی، بوونە پێشمەرگە، بەشێک لەو کەسایەتییانە ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسووکاری خۆیان لەگەڵ بوو بە جۆرێک لە سنوورەکە نزیک بە ٢٠٠ پێشمەرگە وجودیان هەبوو بە تایبەت لە گوندەکانی «مالومە، چۆخماخ، گەورەدێ و سنگر، ژمارەیەکی زیاتر چەکیان هەڵگرتبوو، حاجی جبار، مام عەلی مالومە، مامە عەزەی مالومە، ئەحمەد جەنگی لە ڕیزی ئەو پێشمەرگانەدا بوون، لە ولاغلو صدیق ابراهیم و لە باڵخ عوسمان باڵخی پێشمەرگە بوون.

گوندەکانی دۆڵێ پێکهاتبوون لە «ولاغلو، باڵخ، گاپیلۆن، گەڕەدێ، کانی مێو، گەورەدێ، مالومە، چۆخماخ، مێولاک، سنگر، قوڵەجاخ،کوڵەرد».

ماوەیەک صلاح چاوشین فەرماندەی مەفرەزە بوو، سەردەمێکیش حەمەی مامە سەلام، بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەکە بوو، بەلام هێزی چەکداری گوندەکانی دۆڵێ زیاتر پەیوەندیان بە کوێخا عبداللەی چۆخماخ و حاجی محموودی گەورە دێوەبوو، تا تەشکیلەی مەفرەزەو هەرێمەکان کرا.

## شـــەڕی کـــەڵکی قـــامیش
## 1976/12/26

لە سنووری ناوچەی شینکایەتی، حاجی سەلیم و حاجی عەزیزی قامیش لەگەڵ کەسووکارەکانیان پێشمەرگە بوون و پشتیوانی شۆڕشیان دەکرد، ناوچەکە ببووە مەڵبەندێکی گرنگی پێشمەرگەو سەرکردەکانی ئەوسای شۆڕش، عەلی عەسکەری و ئارام و سالار عزیز ماوەی چەند مانگێک لەو سنوورە بوون.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا هێزێکی زۆری دوژمن هێرشیکردە سەر کەڵکی قامیش، بەلام هێزی پێشمەرگە و خەڵکی شۆڕشگێڕی ناوچەکە بەرپەرچیان دانەوەو

هێرشەکەی ڕژێمیان تێکشکاند لەو شەڕەدا سێ سەرباز کوژران و سەربازێک بەناوی تۆفیق دەستگیرکرا.

هەر لەو ماوەیەدا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا ڕژێمی عێراق هێرشی کردە سەر گوندەکانی «هەڵەدن، چۆخماخ، مالوومە، گەورەدێ« و تەنها لە گوندی گەورەدێ ٢٠ خانوویان سووتاند و تیایدا ئەحمەدی مام عەولا لە گەورەدێ بریندار بوو، حامید یاخسەمەری و پێشمەرگەیەکی دیکە بە دیل گیران، حامید یاخسەمەری لە سێدارەدرا، دانیشتوانی گەورە دێیان ڕاپێچی قامیش کرد، هەمان ساڵ کۆپتەر هێرشیکردە سەر پێشمەرگە لە چۆخماخ و شەڕ ڕوویدا.

## شەهیدکردنی هاووڵاتیان دۆڵی جافایەتی 1976

لە پەلامارە یەک لە دوای یەکەکانی دوژمن بۆ سەر دۆڵی جافایەتی لە (١٩٧٦/١٢/٢٧) ژمارەیەک هاووڵاتی شەهید بوون کە ئەمە ناوەکانیانە :-

١- یاسین مام ڕەشید خەڵکی سێدەر

٢- حەمە جۆلا خەڵکی سێدەر

٣- عوسمان سەعید خەڵکی هەنجیرە

٤- مەحموود مامە عەولا خەڵکی یاخیان

٥- کوێخا حسێن خەڵکی دۆڵەیی

٦- عەلی حاجی سەعید خەڵکی سێکانیان

٧- حاجی مەلا ڕەسول مستەفا ئیمام و خەطیب خەڵکی شارستێن

٨- حاجی قارد حەمە وەیسی شارستێن

٩- حەمەدەمین عەبدوڵلا شارستێن

شەهید بوونی (٦) ژن

١- زیڕین قادر

٢- ئامینە عەبدوڵلا

٣- شورە حەمەدەمین

٤- خەدیخە محەمەد قادر
٥- پیرۆز حاجی مستەفا
بێسەروشوێن بوونی (ئەحمەد ساڵح شارستێنی)

## مـــــامە عــــەزەی مـــالومە

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ سوپای عێراق هێرشی کردە سەر گوندی مالوومە، بەشێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەکە لە چیای ئاسنگەران بوون، مامە عەزەی مالوومە لە ماڵی خۆی و لە ناو گوندی مالوومە بوو سوپای عێراق چواردەوری گوندی مالوومەی گرت، لە نێوان سوپای عێراق و مامە عەزە شەڕ دامەزرا، مامە عەزەی مالوومە تا دوا فیشەک بەرگریکرد، ئەفسەرێکی عەرەبی بە ناوی «کاظم عاشور» بە سزا گەیاندو کوشتی تا ئەو کاتەی فیشەکی لێبڕا بەرگریکرد، دواتر بە بریندار کەوتە دەست سوپای داگیرکەر، مامە عەزە بە برینداریش تفی لە سەربازو ئەفسەرەکانی بەعس دەکرد، بەعس مامە عەزەی بردو بە سەربەرزی سەرینایەوە.

هەمان ساڵ و لە زستانی ساڵی ١٩٧٧ ڕژێم چیای ئاسۆسی گرتبوو، هێزەکەی دۆڵی جافەتی لێیاندان و پاشەکشەیان پێکردن.

هەولێرنامەی کتێب

## هـــــێنانی چــــەك

هێزەکانی دۆڵی جافایەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ دوو وەجبە چەکیان لە سەرکردایەتی وەرگرت لەو چەکانەی لە سوریاو تورکیا هێنرا بوون، کە زیاتر کلاشینکۆف و یەک لاق و ئار بی جی بوون وەجبەی دووەم لە ١٩٧٧/١٢/٢٨ لە گوندی گەورەدێ داگیران و دابەشکران بە سەر پێشمەرگەدا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ تا ١٩٧٨ و درووستبوونی هەرێمی ٤ عبدالله سعید، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان سەرپەرشتی پێشمەرگەکانی سنووری مەرگەو دووکان و بناری کۆسرەت-ی دەکرد، کە هەندێک جار ١٥ بۆ ٢٠ پێشمەرگە بوون.

پێشترو لە ساڵی ١٩٧٦ عەلی عەسکەری هاتبووە شەدەڵەو کانی توو ناوچەکانی

دیکەی سنوورەکە و ماوەیەک لە ناوچەکە مایەوە، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ سەرکردایەتی و بە مەبەستی خۆسازدان بۆ ڕۆیشتن بۆ ناوچەی هەکاری باکووری کوردستان، عوسمان شارستێنی و حەمەی مامە سەلام و ژمارەیەک پێشمەرگە، تا گوندی گەلاڵە هاوەڵی بوون و لە گەڵی ڕۆیشتن، لە گەلاڵە مالاواییان لێکرد، ئیتر ئەوە دواسەفەرو دوا دیدار بوو، لە سنووری دۆڵی جافەتیش زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگە بەرەو هەکاری ڕۆیشتن.

دۆخی ئەو دەمەی پێشمەرگە سەخت و قورس و گران بوو، مانەوە لە ناو گوندا ئەستەم بوو، بۆیە شەوان دادەگەڕانە ناو گوندەکان و نانیان دەخوارد، داوای یەک دوو نان و هێلکەو هەندێک جاریش داوای شەکرو چایان دەکرد، دوای نان خواردن و پشوویەکی کورت بەرەو شاخ و کێوە یاخیەکان دەڕۆشتنەوەو هەڵدەگەڕان.

## جـــــــــافایەتی (پـــەلاماری دوژمـــن)

هێزێکی گەورەی دوژمن لە (١٩٧٧/٣/١١) بەنیازی گرتن و لەناوبردنی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە لە مانگی (٣) ١٩٧٧ پەلاماری دۆڵی مەرگەیدا پێشمەرگە لە قوللەی بابل بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ (٥) کاتژمێری خایەند.

هێزێکی دوژمن لە ڕۆژی (١٩٧٧/٣/١٣) هێرشی هێنایە سەرپێشمەرگە لە چیای ئاسۆس، پێشمەرگە بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوە و شەڕ (٤) کاتژمێری خایاند.

**زیانی دوژمن**

کوژران و برینداربوونی (١٤) سەرباز

١٩٧٧/٣/١٧ دوژمن هێزێکی زۆری بە کۆپتەر لەسەر چیای ئاسۆس دابەزاند، پێشمەرگەکان لەسەرتیکان لەکاتی دابەزیندا لێیاندان .

زیانی دوژمن کوژرانی (٤) سەرباز بوو

# شـــەڕی یـــاخیان
# دەســـــتگیرکردنی پـــیرۆت مـــانگی 1977/3

پیرۆت سەعید پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕش بوو ساڵی (١٩٧٧) ئەو دەمە عەلی عەسکەری هاتە ناوچەکە چەکی پێشمەرگایەتی کردەشان.

ڕۆژی (١٩٧٧/٣/١٥) پیرۆت بۆ هەواڵپرسینی کەسووکاری هاتەوە یاخیان بەیانی لە خەو هەستا هێزی دوژمن گەمارۆی یاخیانیاندابوو، پیرۆت دەستیدایە تفەنگەکەیی و ویستی بچێتە دەرەوەی دێ ، بەڵام بەسەر کەمینی دوژمندا کەوت دوای بەرگرییەکی سەخت و دلێرانە پیرۆت بە بریندارى کەوتە دەست دوژمن بەکۆپتەر گواستیانەوە حامیەی دووکان پیرۆت گوللەیەک لەسنگیدابوو لە پشتییەوە دەرچوبوو خوێن لە برینەکەی دەچۆڕا، بۆ بەیانییەکەی کەوتنە ئەشکەنجەدانی بێئەوەی چارەسەریبکەن، پیرۆت نکۆڵیکرد لەوەی پێشمەرگەبێت.

پیرۆت بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە بەڵام ورەیەکی بەرز و خۆڕاگربوو بۆ ئەوەی برینەکەی بۆگەن نەکات پێڵاوەکانی پڕکرد لە میزوو کردی بە برینەکەیدا.

پیرۆت هێشتا لە دووکان بوو خەڵکێتریش لەگەڵیدا زیندانیکرابوون، ڕۆژێک ئەفسەرێک هاتە ژوورەوە بە زیندانیەکانی ووت پێڵاوەکانتان داگرن و بیگرنە ئەو موخەڕیبە، زیندانییەکان ناچار پێڵاوەکانیان داکەندو گرتیانە پیرۆت. دوای ماوەیەک پیرۆتیان گواستەوە بۆ ئیستخباراتی سلێمانی لەوێش ئەشکەنجەی زۆریاندا بەڵام پیرۆت لەئاسۆس خۆڕاگرتربوو دانی بەهیچدانەنا،کوردێکی سیخوڕ کە خەڵکی ناوچەی دووکان بوو شاهید بوو بەسەر پیرۆتەوە ئەو کوردە سیخوڕە دەیزانی پیرۆت سەربازێکی دەستگیرکردووە و چەکەکەی لێسەندووە .

بەعسییەکان کوردە سیخوڕەکەیان هێنایە ڕووی پیرۆت، سیخوڕەکە ووتی تۆ پیرۆت سەعید ڕەسولی سەربازێکت گرتووە و چەکت کردووە، پیرۆت نکۆڵیکرد.

بەعسیەکان دارکارییەکی باشی کوردە سیخوڕەکەیان کرد دواتر ئەو سەربازەیان هێنایە ڕوو کە پیرۆت چەکیکردبوو سەربازەکە خۆی لێ نەبانکرد ووتی نەمدیووە و نایناسم. دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ئیستخباراتی سلێمانی گواستیانەوە هەیئەی کەرکوک لەوێشەوە بردیانە مەسڵ و بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو.

هەولێر کتێب

ئەو ماوەیەی پیرۆت لە چاوەڕوانی لەسێدارەدانی بوو (٧٢) تێکۆشەر و کوردی دلێر لەبەرچاوی پیرۆت بەرەو ژووری سێدارە بران و گەیشتە کاروانی سەروەران.

هەواڵیاندایە پیرۆت ئەمشەو لەسێدارە دەدرێت، دایک و کەسووکاری پیرۆت بۆ دوادیدار و دوا ئامێز و ماڵاوایی سەردانیانکرد کەلوپەلەکانی پیرۆتیان لەگەڵ خۆیان برد تا وەکو یادگارییەک بۆنی پێوەبکەن، ئەوەشەوە کەسوکاری پیرۆت چوونە بەغداد تاشەو لەوێ بمێننەوە و بەیانی تەرمەکەی وەرگرنەوە . پیرۆت چرکەو کاتژمێری دەژمارد تاپاسەوان بانگیبکات و بەرەو ژێر پەتی سێدارە و ژوورە ترسناکەکانی مەرگی بەرن.

ئەو شەوە پیرۆت لەچاوەڕوانی مەرگدابوو هەرچی یادگاری منداڵی و پێشمەرگایەتییە هەرچی باوەش و ئامێزی دایکی و هەرچی موحیببەتی خوشک و کەسوکاری بوو گیان و مێشک و دڵیان داگیرکردبوو ئەو شەوە صدام حسێن لێبوردنی گشتی دەرکردبوو پیرۆت و هاوڕێکانی لەپەتی سێدارە گەڕانەوە.

بەیانی کەسووکاری پیرۆت بە دڵی خەمبار و شکاوەوە هاتنەوە بۆ وەرگرتنی تەرمەکەی بەڵام بەسەر هەواڵی ئازادکردنیدا کەوتن . پیرۆت هێنرایەوە ڕانیە و ئازادکرا دوای ئازادکردنی گەڕایەوە ڕیزەکانی پێشمەرگە .

## دەستگیرکردنی کەسووکاری پێشمەرگە

ڕژێمی عێراق پێیوابوو بە دەستگیرکردنی کەسووکاری پێشمەرگە کۆتایی بە شۆڕش دەهێنن و پێشمەرگە ناچار بە تەسلیم بوونەوە دەکەن.

ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٥ هێزێکی زۆری سەربازی بە پشتیوانی کۆپتەر پەلاماری مەرگەو دۆڵی جافەتی و مەفرەزەکانی (یەکێتی) دا بە مەبەستی چاوترساندنی خەڵک لە هەر دێیەو چەند کەسێکیان دەستگیر کرد.

ڕۆژی ١٩٧٧/٣/٢٠ ژمارەیەک خەڵک و کەسووکارو ژن و منداڵی پێشمەرگەیان دەستگیر کردو بردیاننە سلەیمانی و لەوێشەوە بۆ خواروی عێراقیان گواستنەوە.

## شـــــەهیدبوونی ژمـــــارەیەك هـــــاوولاَتی

لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەی دوژمن لە ١٩٧٧/٣/٢٩ کردییە سەر هاوولاَتیان ژمارەیەک هاوولاَتی شەهیدکران

١- شەهید مەلا مەحموود ئیسماعیل خەڵکی خۆرخۆرە- دووکان ، ئیمام و خەطیب

٢- شەهید قادر مامە ڕەش یاخیانی

٣- شەهید کەمال یاخیانی

٤- شەهید حاجی سەلیم عەبدوڵلا سەرتەنگ

٥- شەهید ئیبراهیم ڕەسوڵ حەسەن قامیشی

٦- شەهید ڕەحمان ئەحمەد خدر قامیشی

٧- شەهید عەبدوڵلا مارف سەرگەڵوویی

هەواڵنامەی کیتێب

## کـــــەڵکی مـــــەرگە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/١٢ لە کەڵکی مەرگە ڕێگەیان لە هێزێکی دوژمن گرت سێ سەرباز کوژران و دوو سەرباز بریندارببوون .

## شـــــەری شـــــیلانە
## 1977/4/16

مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی مەرگە- کانی توو لە سەر کانی شیلانە بوون، بەیانی بوو دەنگی کۆپتەر دەهاتە گوێ پێشمەرگەکان لە سەر کانی شیلانەوە سەرکەوتن بۆ چیای باش باریکان.

کۆپتەر لە بەرزاییەکانی پشتی دۆڵەگۆم چڕی هێزی دابەزاند، لە بەری چڕی بە پۆل سەرباز دەهاتنە خوار.

سەربازەکانی دوژمن گەیشتنە سەر کانی شیلانە، ئاگریان کردەوە قۆری و کتری پێشمەرگەکانیان دۆزییەوەو خستیانە سەر ئاگر بە نیازی چا لێنان بوون.

ئەفسەرێک گۆچانێکی بەدەستەوە بوو گەیشتە سەر کانییەکە، تەقەیان لە

ئەفسەرەکە کردوو شەڕ درووست بوو لە سەر کانی شیلانە سەربازێکی زۆر کوژران، کۆپتەر لە پشتی کانی شیلانە سەربازی دابەزاند سێ کۆپتەر تەقەیان دەکرد پێشمەرگەکان بە برنەو تەقەیان لە کۆپتەرەکان دەکردەوە.

شەڕەکە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات، زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و ١٧ سەرباز بوو.

دوای شەڕی کانی شیلانە دوژمن گەمارۆی ماڵە پێشمەرگەکانی کانی توویدا، سوار زیلی سەربازییان کردن و بردیانن.

هەمان ڕۆژ خەڵکی سەرتەنگیان کۆکردەوە لاشەی کوژراوەکانیان پێگواستنەوە، سێ هاووڵاتیان لە سەر تەنگ شەهید کردوو شانزە کەسیان دەستگیرکرد.

## بـــــەرگورد، کـــــانی شیلان، خـــــەلەکان

١٩٧٧/٤/١٧ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیک دێی بەرگورد هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن، لە تۆڵەی ئەو چالاکییەدا دوژمن خەڵکی دێیەکەی کۆکردەوە و سوتاندی.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/١٨ نزیک کانی شیلانی چیای ئاسۆس بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە.

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (١٧) سەرباز لە تۆڵەی ئەو چالاکییەدا دوژمن زیاد لە (٣٠) جوتیاری دێی سەرتەنگی گرت و (٣ بۆ ٥) ساڵ حوکمیدان.

١٩٧٧/٤/١٩ دوو ئۆتۆمبێلی دوژمن لە نزیک خەلەکان-دووکان کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە

لەئەنجامدا (٣١) سەرباز کوژران دوو ئۆتۆمبێل تێکشکێندران دەستکەوت (٩) کلاشنکۆف.

## ڕاگـــــواستنی دێـــــیەکان

وەک تێکڕای ناوچە سنووریەکان و بە بیانووی پشتێنەی ئەمنییەوە بەشێک لە گوندەکانی سنوورەکە، گۆمەزەل، خورخورە، یاخیان، لە سنووری بنگردیش، ئاوەژە، هەوارەبەرزە، کانی توو، چنارنە، ڕاگوێزران، بەشێکیشیان هێنایە بنگرد، کانی توو برایە ئۆردوگای تۆسووران، ئاوەژییەکان برانە ئۆردوگای تەکیە.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٦/١٩ هێرشیانکردە سەر سەربازەکانی دوژمن لەقامیش و گەڵاڵە، لەئەنجامدا سەربازێک کوژرا

## بـــــۆسەو لـــــێدان

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ٧/٢٧/ لە نێوان دێی مالومە و گوێزیلە بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا و بە ئاربی جی و چەکی سووک گوللە بارانیانکردن.

زیانی دوژمن کوژرانی (٤٣) ئەفسەر و سەرباز

بریندار‌بوونی (١٣) سەرباز

سووتاندنی (٤) ئۆتۆمبیل و پێشمەرگەیەکیش برینداربوو.

١٩٧٧/٩/١٣ دوژمن پەلاماری دێی سنگرو میۆلاکەیدا، شوانێک بەناوی (محەمەد ساڵح حەوێزی) شەهید بوو

١٩٧٧/١٢/١ لەنێوان حاجیتان و کانیمیران جیب قیادەیەک کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە و گوللەبارنکرا. ئەفسەرێک و سێ سەرباز بریندار بوون.

## دروووســـــــتبوونی هـــــــەرێمی چـــــوار

سـەرەتای درووستبوونی هەرێمی چوار، حەمەی مامە سەلام فەرماندەی هەرێمەکە بوو، بەڵام دواتر جەمالی عەلی باپیر کرایە فەرماندەی هەرێم.

جەمالی عەلی باپیر زۆر نەبوو لە هەکاری گەڕابووەوە، بە بڕیاری سەرکردایەتی نێردرایە ناوچەکە و کرایە فەرماندەی هەرێمی چوار، مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ڕێبەری سیاسی هەرێم بوو، دوای ماوەیەک لە گوندی باڵخ شەهید بوو، مامۆستا دڵشاد کادێری کۆمەڵە بوو، سەرەتا ژمارەی پێشمەرگەکانی هەرێمی (٤) نزیک بە(٤٠) پێشمەرگە بوو.

عوسمان شارستێنی بە برنەوێکەوە چووبووە لای جەمالی عەلی باپیر، لە سنووری هەڵەدن و گوندەکانی دەورووبەری غەریب هەڵەدنی وقادر چاوشین و صاڵحە سووری هەڵەدن کە ١٢ پێشمەرگە بوون هاتبوونە لای کاک جەمال، دواتر کە هەرێمی دوو درووستکرا، ئەوان چوونە سنووری هەرێمی (٢) بۆ ناوچەی چەمی ڕەزان.

فەرماندەو کەسی یەکەمی هەرێمی چوار، جەمالی عەلی باپیر بوو کەسێکیشی دەست نیشان کردبوو تا ئەرک و حەرەسیاتی پێشمەرگەکان ڕێکبخات، ماوەیەک سەلام کوێرەکانی بوو ماوەیەکیش ئاسۆی شێخ عارفی کوڕاداوێ بوو.

سنووری چالاکی هەرێمی (٤) لە قزلەرو دۆڵی جافەتی تا چیای ئاسۆس و مەرگە و بناری کۆسرەت بوو، هاتنی جەمالی عەلی باپیر دڵنیایی دایە خەڵکی ناوچەکە، کە پێشتر هەندێک بە ناوی پێشمەرگەوە هەڵیان دەکوتایە سەر خەڵکی گوندەکان.

## جـــــــافایەتی - دووکــــــــان

هێزی دوژمـن لە ١٩٧٨/١/٤ هەڵیانکوتایە سەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دێیەکانی گۆمەزەڵ-یاخیان، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری دووژمن شکاو هەڵات

هێزێکی دووژمـن لە ١٩٧٨/١/٨ بەمەبەستی گرتن و لەناوبردنی پێشمەرگە هێرشی هێنایە سەر دۆڵی جافایەتی، پێشمەرگەکانی ناوچەکە لەمالومە و گەورەدێ بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە، لەئەنجامدا دووژمن چەند ماڵە پێشمەرگەیەکی بەکەلووپەل و ووڵاخەوە سووتاند.

## مانگی 1978/2

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٣ لەمونەزەمەی بنگردی حزبی بەعسیانداو پۆلیسێک کوژرا.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/١٥ بە ئاربی جی لەمۆڵگەیەکی دوژمنیاندا لە کانی بەردینە

مەفرەزەیەکیتر لە ١٩٧٨/٢/١٩ لە ناو شاری سلێمانی لە ئۆتومبێلی پۆلیسی نەجدەیاندا (٤) پۆلیس کوژران و بریندارbوون .

## مانگی 1978/3

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٣/١ بە ئاربی جی لە مەخفەری پۆلیسی گردەبۆری سەرچناریاندا.

## مانگی 1978/4

ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٢ جاشەکانی قالە فەرج، تەحسین شاوەیس ، عوسەی هۆکل لەگەڵ هێزێکی مغاویر پەلاماری ناوچەی جافایەتییاندا پێشمەرگەکانی ناوچەکە لەنزیک چۆخماخ لێیاندان و شکاندیانن، لەو شەڕەدا جاشێک برینداربوو.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٤/١٣ لە خێوەتەی سەرچنار ئاگریان بەردایە خێوەتەکانی دائیرەی ئیشغال و مینێکیان لە قوللەیەکی سووپایی پاراستنی پرۆژەکە دانا ڕۆژی دوایی و لەکاتی هاتنی سەربازەکان مینەکە تەقیەوە و چەند سەربازێک بریندابوون.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٤/١٨ لە هێزێکی دوژمنیاندا لە هەوارە بەرزە و سەربازێک کوژرا.

## مانگی 1978/5

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٥/١ بە ئاربی جی لە مەفرەزەی سورداشیاندا زیانی دوژمن کوژرانی (٤) پۆلیس و تێکشکاندنی (٢) ئۆتۆمبێل

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە دووکانی سـەروو و خـواروو لە ١٩٧٨/٥/٥ هێزەکانی دووژمنیان گوللە بارانکرد.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٥/٨ لەپشتی ماڵەکانی شەدەڵە ڕووبەڕووی هێزێکی پەلاماردەری دوژمن بوونەوە، هێزەکەی دوژمن شکاو هەڵات.

*ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە دێی دۆڵە گۆمی نزیک دووکان لە گەلە جاشێکیاندا

## مانگی 1978/6

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/٤ ڕووبەڕووی هێزێکی دوژمن بوونەوە کەهاتبوونە بەردە کەشک لە قەزای دووکان هێزەکەی دوژمنیان تا سەربازگەی کانی توو ڕاونا دوو سەرباز کوژران و چواریتر برینداربوون.

*مەفرەزەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/٩ چوونە ناو شاری سلێمانی و لە هێزێکی دوژمنیاندا زیانی دوژمن کوژرانی (١) سەرباز و برینداربوونی ئەفسەر و سەربازێک.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/١٣ بەهاوەنی (٦٠) ملم لەسەربازگەی کارێزەیاندا .

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/١٦ لەناو خدران بەگژ تاقمە جاشێکی ئەنوەر بەگی بێتواتەدا چوونەوە (٣) جاش کوژران و (٤) جاش بریندابوون پێشمەرگەیەکی هەرێمی چواریش بریندار بوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/٢٢ بەهاوەنی (٦٠) ملیم لەسەربازگەی شەدەڵەی نزیک دووکانیاندا.

دوای تۆپبارانی سەربازگەی شەدەڵە دوژمن تۆپبارانی ناوچەکەی دەستپێکرد کە بووە هۆی کوژرانی (٤٠) سەر ئاژەڵی شەدەڵە .

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٦/٢٤ لە نێوان کەلەکان-بناویلە لەگەڵ بەشێک لە جاشەکانی قەڵادزێ ڕووبەڕووبوونەوە دوای کاتژمێرێک شەڕ جاشەکان هەڵاتن.

## مانگی 1978/7

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/٨ بە ئاربی جی لەسەربازگەی کارێزەیاندا دوو ئۆتۆمبێلیان تێکشاند.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/١٧ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی کۆتەڵ-دووکان دانا چوار ماتۆڕی سووپا کەوتنە بۆسەکەوە و هەرچی بەسەرەوە بوو کوژرا.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/١٨ لەسەر ڕێگەی بنگرد- دووکان بۆسەیەکیان دانا لەو بۆسەیەدا دوو ئیستخبارات کوژران ئەمینێک و مەئمور مەرکەزی بنگرد بەبریندار کەوتنە دەستی پێشمەرگە و ئازادکران

دەستکەوت (٢) کلاشنکۆف (١) دەمانجە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/٢٢ نزیک بنگرد لە بۆسەیەکی دوژمنیاندا

بەهۆی سەردانی هەندێک ڕۆژنامەنووسی بیانی بۆ ناو شاری سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٢٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) بە ئاربی جی لە سەیتەرەی دەباشانیاندا تا دەنگی تەقە بگاتە گوێیان و بزانن پێشمەرگە لە بناگوێی سلێمانیدایە

لەکاتێکدا کۆمەڵێک بەرپرسی گەورەی حکومی و حزبی بەعسی میوانی ماڵی کوێخا سمایلی تەلان بوون لە دووکانی خوارەوە، دەستەیەک پێشمەرگەی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/٢٨ چوونە سەریان و (٩) کەسیان لێکوشتن لەناویاندا قایمقام ، مودیری ئەمن ، مودیری پۆلیس، بەرپرسی منەزەمەی حزبی بەعس لە دووکان، ئەفسەرێکی گەورەی ئیستخبارات، یەک معاونی ئەمن، یەک نەقیب، کوێخا سمایل و چەند کەسێکیتر لە میوانەکان بریندار بوون.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٧/٢٨ لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا لە مۆکەبە زیانی دوژمن

کوژرانی (٦) سەربازو بریندار بوونی (٣) سەربازیتر

## مانگی 19787/8

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٨/١ لەسەربازگەی بەرچاڵاواو مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا لە کاریزە

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/٨/١٦ لە کەلەکان ڕووبەڕووی تاقمە جاشێک بوونەوە جاشێک کوژرا و (٢) جاش بریندار بوون

*تاقمە جاشێکی قاڵە فەرەج و ئەحمەدی عەزیزکاکی کەلەلایەن دوژمنەوە بۆ پیلانگێڕی نێردابوونە ناو هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی کەوتبوونە ڕاوو ڕووت و ئازاردانی خەڵک هەر بۆیە هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٢٥ لەمالومە چەکیکردن،

هەواڵنامەی کتێب

لەکاتی چەککردنیاندا تەقەیان لە پێشمەرگەکانکرد، هەردوو پێشمەرگەی قارەمان محمەد دەروێش عەبدوڵڵاپێنجوێنی و عەلادین کانی ساردییان شەهید کرد.

چوار لە جاشەکان کوژران و جاشێکیش بەدیلگیرا جاشێکیش ڕایکرد بەرەو سەربازگەی کارێزە هەڵات لە گاپیلۆن پێشمەرگەیەکی بەناوی عوسمان ئەحمەد بەفێڵ شەهید کرد کە بە مۆڵەت لەوناوە بوو دوای شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگەیە خۆی کردەوە بە باوەشی دوژمندا

دەستکەوتەکان (٤) کلاشنکۆف و دەمانچەیەکی چواردەخۆر.

## مانگی 1978/9

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٩/٢٦ بە مەبەستی گەمارۆدان و لەناوبردنی پێشمەرگە هێرشی هێنایە سەر شاخی (کەوتاو) ی دووکان.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕ (٤) کاتژمێری خایاند زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز بوو پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو

## مانگی 1978/10

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/١٠/٣١ لە دێی سێدەری نزیک دووکان لەگەڵ هێزێکی سەربازی تووشی شەڕێکی (٧) کاتژمێری بوون

زیانی دوژمن کوژرانی (١٢) سەرباز

بریداربوونی (١٤) سەرباز

## شـــــــەڕی ئـــــاسۆس

پایزی ساڵی ١٩٧٨ هەرێمی چوار بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر بە جەولە چوونە گوندەکانی مەرگەو بناری چیای ئاسۆس و ئەو دیوی کانی هەنجیر، مام ئەحمەدە خوڵەش لەگەڵ هێزەکەدا بوو کە خەڵکی ناوچەکە بوو، شەوەکەی چوونە مەمەنداوا، دەبوایە ئەو شەوە بێپشوودان بهاتنایەوە دۆڵەبی و سێدەر، بەڵام کاک جەمال بەهێزەکەی ووت، ئەمشەو ماندووین و دەرناچین، لە مەمەنداوا نانی ئێوارەیان خواردو هاتنەوە بناری ئاسۆس.

بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵات و ڕوانییان، سەربازو سوپای عێراق بە سەر شاخی ئاسۆسەوەن.

سوپا لە لۆتەرو مەرگەو بێدەلانەوە سەرکەوتبوونە سەر شاخ، کاک جەمال فەرمانیداو ووتی لە شوێنی خۆتان دامەزرێن، ئێمە هەر تووشی شەڕ دەبین.

قوتەی کانیلان قوتەیەکی بەرزی ناوچەکەیە کاک جەمال ٤ پێشمەرگەی بڕنەو بەدەستی ناردە سەر قوتەکە، پێشمەرگە دامەزران، سوپای عێراقیش لە جمووجوڵ و پێشڕەویدا بوو.

کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ سوپای عێراق لە پێشمەرگە نزیک بووەوە، پێشمەرگە یەکەم گورزی لێدان، لەگەڵ لێدانی یەکەم گورزدا سوپای عێراق شڵەژاو پەرش و بڵاو بوو، دوای لێدانی یەکەم گورزی کەمەرشکێن، پێشمەرگە بەرەو قۆپ و قوتەی کانیلان سەرکەوت، کە پێشتر ٤ پێشمەرگەیان بۆ سەرخستبوو.

بەشێک لە سوپای عێراق لە چیای ئاسۆسەوە بەرەو قۆپی کانیلان هێرشیان کرد، پێشمەرگە ڕووبەڕویان بوونەوەو هێرشەکەیان ڕاگرت، هێزەکەی تری پێشمەرگە کە ٢٥ کەس بوون گەیشتنە سەر قۆپی و دامەزران.

٧ کۆپتەری جەنگی هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو سەربازیان دابەزاند، هێزی پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیانکرد تا دنیا تاریک بوو خۆر ئاوا بوو، دوژمن دەیان هێرشی کردوو تێکشکا.

لەو داستان و نەبەردییەدا پێشمەرگەی قارەمان «عوسمان حەسەن بانەیی» خەڵکی گوندی باڵخ کە پێشمەرگەی هەرێمی(٤) بوو شەهید بوو، تەرمی شەهید عوسمانیان لە ناوشاخ و ڕکە بەردەکانی ناوچەکەدا شاردەوە، چوونکە دەرفەتی بردن و دەربازبوونی نەبوو.

عەلی مام ئەحمەد خەڵکی ناوچەکە بوو، شارەزا بوو، ڕێگەی دەربازبوونی بۆ هێزەکە کردەوەو هاتنە خوار بۆ گوندی بەردەکۆس، لەوێشەوە دەبوایە بپەڕینەوە بۆ بناری کۆسرەت، بە دەریاچەو بەدەم کەناری زێدا ڕۆیشتن هیلاک و ماندوو برسی بوون، دەم زێ کەڵەک و شووتی و خەیارو میوە بوو، بێستانێکی چڕ

بوو، بەدەم زێوە کاڵەک خواردن، گەیشتنە تەنگژەی بەرانبەری بنگرد لەوێ بەرەو بناری کۆسرەت و گوندی چناران پەڕینەوە ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە، دوای پشوودان و پەیداکردنی تەقەمەنی، لە گوندی تۆربەوە پەڕینەوە بۆ دۆڵی جافایەتی.

تەرمی شەهید عوسمان باڵخەیی لە نێو ڕکە شاخ و بەردەکانی ئاسۆسدا حەشاردرابوو، ئەو دوو ڕۆژ بوو بە هێمنی لە ئامێزی نیشتماندا، لە باوەشی پڕ سۆزی ئاسۆسدا چاوەکانی لێک نابوو.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی هەرێمی ٤ لە ناو گوندی «قەرەتەپە» خۆیان حەشاردابوو، چوونە چیای ئاسۆس و تەرمی شەهید عوسمانیان دەرهێنا، دوای شۆردن و کفن کردن، لە گوندی کانی هەنجیر بە خاکیان سپارد.

لە شەڕی چیای ئاسۆسدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕژێم کوژران.

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١١/٣٠ هاتبوون بۆ قایمکردنی سەربازگەی کارێزە مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) چوونە سەریان و لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز

## شکاندنی (10) ئۆتۆمبێل

١٩٧٨/١٢/٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە مالومە بوون هێزێکی دوژمن گەمارۆیدان، مەفرەزەکەی هەرێمی (٤) زیرەکانە خۆیان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگارکرد لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەی دوژمن لە نێوان کانی مێوو گەڕەدێ دامەزران، لەکاتی گەڕانەوەی هێزەکەی دووژمن بۆ سەربازگەی کارێزە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە شەڕ دەستیپێکرد لە سەربازگەی کارێزەوە هێزێکیتر هات بە هانای شەڕەکەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز و بریندار بوونی سەربازێکیتر

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٨/١٢/٦ و لە ناوچەی چەمی ڕەزان بۆسەیەکیان بۆ شێخ حەسەنی حەپسەخان دانا کە دەستیکردبوو بەڕاوو ڕووت و ئازادانی جوتیارانی ناوچەکە لەهەمانکاتدا کوێخای دێی گەبە و ژنەکەی کوشتبوو، شێخ حەسەن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی هەرێمی چوارەوە و کوژرا

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/١/٢ نزیک قەرەتەپە و مەمەنداوا زیلێکی سەربازییان گوللەبارکرد

زیانی دوژمن کوژرانی ٧ سەرباز

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/١/٤ نزیک هۆمەرقەوم کەمینێکی دوژمنیان دایە بەردەسڕێژی گوللە و (١٠) سەرباز کوژران

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/١/٢٨ چوونە ناو شاری سەرچنار و لە ئۆتۆمبێلێکی قوات خاسەیاندا

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) قوات خاسە

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف

## شـــــەڕی جــــــوبلاخ

هەموانامەی کتێب

چەند ڕۆژێک تێپەڕیبوو بە سەر داستانە شەڕی ئاسۆسدا، مەفرەزەیەکی هەرێمی چوار چوونە ناو سیاحیەکەی دووکانەوەو بە دوای ژمارەیەک خۆ فرۆشدا دەگەڕان، بەڵام هیچ بەردەست نەکەوت مەفرەزەکە بەرەو قەڵەم پاشا و ورچەچ گەڕانەوە کە شوێنێکی سەخت و لە بارو یاخی بوو، بۆ شەوی دوایی مەفرەزەکەی هەرێمی چوار کە جەمالی عەلی باپیر پێشەنگ و فەرماندەیان بوو، چوونە گوندی جوبلاغ، بێ ئاگا لەوەی جاسوس شوێن پێی هەڵگرتوون و هەنگاو هەنگاو چاودێریان لە سەرە، پێشمەرگەکان مەفرەزەیەکی ١٠ کەسی بوون، جەمالی عەلی باپیر، عوسمان شارستێنی، سەلام، مستەفا یەعقوب، ڕەسوڵ، کەمال شێخەو چەند پێشمەرگەیەک چوونەماڵی برایەکی ڕەسوڵ، ئەوانیتریش لەگەڵ کاک جەمال لە ماڵێک بوون.

زۆری نەبرد لەو ماڵەی سەلامی لێبوو تەقە دروست بوو لە دەرگاوە لێیان دابوون، سەلام و مستەفا و ڕەسوڵ، لەگەڵ برایەکی ڕەسول کە خاوەن ماڵ بوو شەهید بوون.

عەزیزە ڕەش پێشمەرگە بوو، خەڵکی قەراخ بوو، ئەو حەرەس بوو، ڕووبەڕووی سوپاکە بووەوەو لێیدابوون، هەر لە جێدا شەهید بوو، جەمالی عەلی باپیرو عوسمان شارستێنی و حەمەی ڕیحان لە گوندەکە دەرچوون، باقی پێشمەرگەکانی دیکە

لە دەرەوەی گوند کەمین بوون، ئەو پێشمەرگانەی دەرباز بوون بەرەو گوندی قەرەنگوێ بەڕێکەوتن لەوێش کۆپتەر هاتە سەریان و کۆپتەرێک خرایە خوارەوە.

## مانگی 1979/2

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/٢/٣ چوونە ناو شارۆچکەی دووکان و لە ئۆتێل سیاحییاندا، لەئەنجامدا ئەفسەرێک و چوار سەرباز کوژران

*لە ١٩٧٩/٢/٣ هەمان مەفرەزە لە دێی جوبلاخ لەلایەن هێزێکی جاش و سەربازەوە گەمارۆدران، پێشمەرگەکان شەڕێکی جوامێریانەیان لەگەڵداکردن

زیانی دوژمن کوژرانی شەش سەرباز و جاشێک (٥) سەرباز بریندابوون، قالە فەرەج لەوشەڕەدا بریندار‌بوو

قوربانی پێشمەرگە لەو شەڕەدا چوار شەهید بوو بەمناوانە:-

١- شەهید سەلام حمە شوان کوێرەکانی

٢- شەهید عەزیز حەمەد فەرەج گێڵەرەیی

٣- شەهید ڕەسوڵ مام عەلی جوبلاخی

٤- شەهید مستەفا یەعقوب کوێرەکانی

## پـــــێکانی کـــــۆپتەرێك
## 1979/2/4

دوای ئەوەی پۆلێک پێشمەرگە لە گوندی جوبلاغ شەهید بوون، ئەو پێشمەرگانەی لە بۆسەی دوژمن ڕزگاریان بوو بۆ بەیانیەکەی هاتنە گوندی قەرەنگوێ، لەوێ ڕووبەڕووی هێرشی ڕژێم بوونەوەو چەند کۆپتەرێک هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، شەڕ دەستی پێکرد، پێشمەرگە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوەو کۆپتەرێکیان پێکاو لە ئاسمانی ناوچەکەدا کەوتە خوارو تێکشکا. زیانی دوژمن کوژرانی ١٠ سەرباز و برینداربوونی ٧ سەرباز.

مەجید حەمە عەزیز سەرگەڵویی ئەو پێشمەرگەیە بوو کۆپتەرەکەی پێکاو هەر خۆشی لەو داستانەدا لەگەڵ پێشمەرگەیەکیتردا بەناوی ڕەحمان حسێن مارف

قەرەنگوێی شەهیدبوون.

فاتح شوانی کە جێگری هەرێمی(٤) بوو لەگەڵ (٣٠) پێشمەرگەیتردا لە دۆڵ مازەڵە بوون، کاک جەمال پێیوتبوون ئەگەر ئێمە شەو نەهاتینەوە یان درەنگ کەوتین ئێوە بچنە «دۆڵە بی» دوای شەڕی جووبلاغ و «قەرەنگوێ« هێزەکە لە دۆڵە بی یەکیانگرتەوە.

هاوولاتییەکی خەڵکی سێکانیان بە برینداری کەوتە دەست دوژمن و لە دووکان لە ژێرئەشکەنجەدا شەهید بوو

## مانگی 1979/2

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/٢/٥ لە دۆڵەبی بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە لەئەنجامدا دوو سەرباز کوژران و سەربازێک برینداربوو.

## ڕووخـــــانی شـــــا1979-

دوای شەڕی جووبلاغ و قەرەنگوێ، دوای تێکەڵ بوونەوەو یەکگرتنەوەی هێزەکە لە دۆڵەبی، سوپا لە دۆڵەبی دابەزی، بەڵام پێشمەرگە خۆیان لادا و بەرەو چالاواو مالوومە ڕۆیشتن، لەوێش سوپای دوژمن دابەزی، لە ناوچەی دۆڵێش بە هەمان شێوە.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٤) بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر بەرەو هەرزنە بەڕێکەوتن تا لە ڕێگەی قاچاخچییەکانی سنوورەوە فیشەک و تەقەمەنیان دەست بکەوێت، بە گەیشتنیان بۆ گوندی هەرزنە، دامەزران و تەقە دەستیپێکرد.

مامۆستای گوندەکە هەواڵی پێدان، شا ڕووخـاو ڕایکرد، بۆ ڕۆژیی دوایی چوونە ئەشکان لەوێشەوە بۆ زەڵـێ و قاسمە ڕەش، بەرەو مەکتەبی سیاسی بەڕێکەوتن، دواتریش بەرەو سەردەشت و لەوێشەوە بۆ بانە، لەگەڵ بەکری حاجی سەفەر فەرماندەی هەرێمی (٣) و جەمالی حەمەی خواکەرەم یەکیانگرتەوە، دوای گەڕانەوەیان لە شەڕەکانی ئێران تەشکیلەی هەرێمی چوار کرا.

## مانگی 1979/4

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/٤/٢٠ لەناو شاری سلێمانی و لەنزیک ناوەندی جمهوری نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو ئیڤایەکی سەربازییەوە

زیانی دوژمن کوژرانی (٨) سەرباز بوو

## مانگی 1979/5

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٤) لە ١٩٧٩/٥/١ هێرشیانکردە سەر هێزێکی داگیرکەر لە دێی قەرەچەتان

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و بریندابوونی دوو سەرباز

## لـــــێدانی ســــەربازگەی ســــووسێ

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٤) لە ساڵی ١٩٧٩ بە هاوەن گوللە بارانی سەربازگەی (سوسێ) یانکرد، زیانیان بە سەربازگەکە گەیاندوو سەرکەوتوانە گەڕانەوە، هەمان کات لە گوندی زێوێ مانەوە، دوژمن لە قەرەچەتانەوە هێرشیکردە سەریان پێشمەرگەکانی هەرێمی چوار بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیر بۆیان دابەزینە قەرەچەتان و کوژراوو برینداریان بە جێهێشت.

## چـــــالاکی قـــــەڵاچواللان

کەمال شێخەو عیزەت شەمساوایی دوو پێشمەرگە و فەرماندەی هەرێمی ٤ بە مەبەستی دانانی بۆمبی تەوقیت کراو لە بەرانبەر ڕەبیەکانی قەڵاچواللان، چوونە ناو قەڵاچواللان و چەند بۆمبێکیان بە ئاڕاستەی ڕەبییەکانی دوژمن دانا، دوای کاتژمێرێک بۆمبەکان بە ئاڕاستەی ڕەبییەکان تەقینەوەو دوژمن دەستی بە تەقەی کوێرانە کرد بە ناوچەکەدا.

لە کاتی گەڕانەوەدا کەمال شێخە کڵاوەکەی سەری جێمابوو بە عیزەت شەمساوایی ووت دەگەڕێمەوەو کڵاوەکەم دێنم با دەست دوژمن نەکەوێت و بڵێن کڵاوی پێشمەرگەیەکمان گرتووە، بە ناو تەقەو دەسڕێژی ڕەبییەکانی ڕژێمدا گەڕایەوەو کڵاوەکەی هێنایەوەو کردیەوە سەری.

## شـــــەڕی مـــــــالومە

جەمالی عەلی باپیرو بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی چوار پێش خۆر ئاوا بوون هاتنە گاپیلۆن بۆ نان خواردن و پشوودان مانەوە، دوای نان خواردنی ئێوارە سەرو بەتانیان لە ماڵەکان وەرگرت، تا ئەو شەوە لە گاپیلۆن بمێننەوە.

شەوێکی ساردی مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٠ بوو بەفرێکی زۆر باریبوو، کزەیەکی ساردی هەبوو، سەرما ڕوومەت و لامل و بنا گوێی دەتەزاند، شەوێکی خامۆش، نیشتمانێکی سپی داپۆشراو بە بەفرێکی ئەستوور، بەفرێک کە بە نیاز نەبوو وا زوو بڕواو بچێتەوە، بتوێتەوە.

پیاوێکی بە تەمەنی گوندی گاپیلۆن کە ئەو ئێوارەیە لە شار هاتبووەوە بە چپەوە بە کاک جەمالی ووت، کە لە سلێمانی گەڕامەوە لە سەیتەرەکەی حکومەت سەربازێکی لیبوو، ورتە ورتێکی کرد بە گوێمدا، واتێگەیشتم بڵێ وریابن هێرش دەکەنە سەرتان.

پێشمەرگە بەتانیەکانیان بردەوە ماڵەکان، بەوشەوە بەرەو مالوومە بەڕێکەوتن، لە مزگەوتی مالوومە دامـەزران و کەمینیان لە سەر ئەو ڕێگایە دانا کە بەرەو چۆخماخ دەڕۆیشت.

بـەری بەیان بـوو، تـازە مـەلا بانگیدابوو، تەقە دەستیپێکرد، سوپای عێراق دەیویست ئاسنگەران بگرێت و بەرەو ئەو چیایە پێشڕەوی بکات، پێشمەرگە لێیان داو تاروماریانکردن، پێشمەرگەکانی ناو دێش بەرەو ئاسنگەران ڕۆیشتن و شەڕ درووست بوو، پێشمەرگە گەیشتنە ئاسنگەران و بێ زیان بوون، سوپای عێراق لە ناو گوندەکە مانەوە خەڵکی مالوومەیان کۆکردەوە، دوژمن ژمارەیەک کوژراوی هەبوو.

## کـــــوشتنی ئـــــەفسەرە ڕەشـــەکە، (ظابـــطە ڕەش)

ئەفسەرێکی ڕەش و هاروو‌هاجی ڕژێمی عێراق لە دۆڵی جافەتی بوو، بەردەوام خەریکی هاش و هوش و سنگ دەرپەڕاندنبوو، ژن و پیاو، پیرو منالّی گوندەکانی کۆدەکردەوەو دەیوت جەمالی عەلی باپیر دەگرم، پێشمەرگە لە ناودەبەم دەیانگرم و دەیانکوژم.

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٠ هەواڵ گەیشتە پێشمەرگە، ئەفسەرە ڕەشەکە، چووەتە گوندی ولاغلو، ولاغلو ئەو سەردەمە سنوور بوو، لە بەینی هەرزنە و ولاغلو باری ئێرانی دەهات و دەچوو، ئەفسەرە ڕەشەکە چووبووە ولاغلو هەرچی دەست کەوتبوو تالانیکردبوو لە دوو ئیڤادا باری کردبوو هێنابووی.

هێزی پێشمەرگەش بە بیستنی هەواڵەکە لە نزیک پیرەلیاس لە نێوانی باڵخ و کارێزە بۆی دامەزران، ١٠ پێشمەرگەی قارەمان خۆیان بۆ لە بۆسەنا، جەمالی عەلی باپیر، عوسمان شارستێنی، سەعید مەرگەیی، جەلالی حەمەی محە، بەختیاری حەمەی محە، عێزەت شەمساوایی، سمایل گەورەدێیی.

ئەفسەرە ڕەشەکە گەڕایەوە دوو ئیڤاو جێب قیادەیەکی لە گەڵدابوو، جێب قیادەکە کەوتە بۆسەو کەمینی مەحکەمی پێشمەرگەوە، لەگەڵ یەکەم لێداندا تاسان و دەستیان پێنەکرایەوە، ئیڤاکانی دواوە خۆیان هەڵداو شەڕ درووستبوو، پێشمەرگە لەگەڵ یەکەم گورزی کاریگەردا کشانەوە، جێبەکە تێکشکاوو ئەفسەرە ڕەشەکەش کوژراو لە هاش و هوش کەوت، پێشمەرگەش بە دۆڵی کۆڵەردا هەڵگەڕان و لە چاو وونبوون.

هەر بەهاری ساڵی ١٩٨٠ و دوای کوشتنی زابتە ڕەش هەرێمی (٤) چوونە چالاوا، لەگەڵ گەیشتنی پێشمەرگە بۆ ناو دێ ٨ کۆپتەری جەنگی ڕژێم گەیشتە چالاواو لە بەرزاییەکان و خۆرئاوای لەشکریان دابەزاند.

پێشمەرگەش لە ئاوایی چوونە دەرو بەرەو شاخەکان کشانەوە تا ئێوارە لەوێ مانەوە، لەگەڵ تاریکبوون بە قەمورغاندا تێپەڕین و چالاوایان بەجێهێشت.

## جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست

بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابووەوەو حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراند، بەشێک لە پێشمەرگەی هەرێمەکان لە گەڵیان ڕۆیشتن، بەڵام زۆری نەبرد بەشێکی بەرچاویان گەڕانەوە ڕیزەکانی یەکێتی و تەشکیلەی نوێی هەرێمەکان بەهێزترو پتەوتر بوو.

## لـــــێدانی سـەربازگەی کـــاریزە
## 1980/9/26

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١) چوونە سەربازگەی کاریزە و دایانە بەردەستڕێژی گوللە

دوای لێدانی سەربازگەکە و لە ئاستی چەمی پیرەلیاسدا کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە لەو بۆسەیەدا سالار عەبدوڵڵا بەسەختی بریندار بوو

لەلێدانی سەربازگەی کاریزەدا چوار سەرباز کوژران

لە بۆسەکەدا پێشمەرگەکان هاتنە دەست و دوو سەربازیان کوژران

## ئـــــازادبوونی هـــەڤاڵانی زیـــــندان

لە نێو زیندانەکانی ڕژێمدا سەدان تێکۆشەری دلێرو نەبەز لە بەردەم پەتی سێدارەو ئەشکەنجەدا قارەمانانە خۆیان ڕاگرت و نەبەزین، خاڵە شیهاب، ئەنوەر، جەعفەر، لە سێدارەدران و هاوڕێکانیشیان حوکم دران.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرەکانی کۆمەڵە بە لێبووردنی گشتی ئازادکران و ڕوویان کردە شاخ.

دوای ئازاد بوونیان هەر یەکە کارێکیان پێسپێردراو لە ڕیزەکانی ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، پێشمەرگە، هەڤاڵ جەبار فەرمان بە بڕیاری هەڤاڵ مامجەلال کرایە ڕێبەری سیاسی هەرێمی ٤ کە ئەو سەردەمە جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمەکە بوو.

### پـــــێکهاتەی هـــەرێمی ٤، کـــۆتایی ساڵی ١٩٨٠ و ســـەرەتای ١٩٨١

جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێم(٤)

فاتح شوانی جێگری فەرماندەی هەرێم

جەبار فەرمان ڕێبەری سیاسی هەرێم

بابە تایەر فەرماندەی کەرت

عومەر چاوشین کەڵەکنێ فەرماندەی کەرت

جەلال حەمەی محە فەرماندەی کەرت

سمایل گەورە دێیی فەرماندەی کەرت

## چـــــەند چـــــالاکییەك

دوای دارِشتنەوەو رِێکخستنەوەی هەرێمی ٤ لە سەر جادەی هەنجیرە- بنگرد، چەند چالاکییەک ئەنجامدرا:

١- لە مەخفەری بنگرد درا

٢- پەلاماری مەخفەری سورداش درا

لە هەر دوولێدان و پەلاماری مەخفەری (بنگرد- سورداش)دا زەرەرو زیانی زۆر بە دوژمن گەیشت.

## کـــــارەساتی ســـــێکانیان

شەرِی ناوخۆ زامێکی گەورەو خەمێکی قوڵە لە مێژووی گەلی کوردو لە ناخی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا، لەو نێوەدا دەیان فەرماندە و سەرکردەو کادێری تێکۆشەر لە گشت لایەک شەهید بوون و گیانیان بەخشی.

مانگی ١٩٨١/٨ شەرِی سێکانیان لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی (٤) بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیرو پێشمەرگەکانی سۆسیالیست بە فەرماندەیی شێرکۆی شێخ عەلی رِوویدا.

لە (ی ن ک) جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی ٤، سمایل گەورەدێی فەرماندەی کەرت، حەسەن قارەمان ، ئەنوەر ملا صالح، کاروان چالاغی شەهید بوون.

دوای شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیر، ماوەیەک فاتیح شوانی و دواتر شێخ دارای حەفید سەرپەرشتی هەرێمی ٤ی دەکرد، دواتر سنووری هەرێمی چوار بووە دوو بەش، بە سەر تیپی ٤٧ و ٤٣ دا دابەش بوو.

## هـــــــێزی مـــــــەرگە

هێزی مەرگە نزیک بە ٨٠ پێشمەرگە بوو، زێڕۆ عبدالله فەرماندەی هێزەکە و حەمەی تەیب جێگری بوو، بەکری مەلا قادر فەرماندەی کەرت بوو، دوای شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیر بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤ چوونە هێزی مەرگە، کەرتێکیشیان پێکهێنا، سەعید مەرگەیی کرایە فەرماندەی کەرت و عوسمان شارستێنی بووە جێگری.

لە مانگی «٩» تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ هێزی مەرگە لە ناوچەکە جەولەیان دەکرد، تا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ تیپەکان تەشکیل کران، تیپی (٤٣)ی ئاسۆس، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، تیپی ٢٣ی سورداش.

## شـــــەهید بـــــارزان عـــــوسمان

مامۆستا بارزانی پێشمەرگە و شێوەکار و ئەدیب، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، بەشی شانۆی لە بەغدا تەواو کردوەو مامۆستا بووە لە پێنجوێن، کارێزە.

مامۆستا بارزان، خاوەن خامەیەکی ڕەنگین و فکری پێشکەوتنخوازانە بوو، ئەدەبیاتی چەپ و مارکسیزم، بە سەر فکرو ڕوانینی دا زاڵ بووەو لە نووسین و هەڵوێستەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ساڵی ١٩٧٧ لە ڕیزەکانی کۆمەڵە تێکۆشاوە.

ساڵی ١٩٨٢ لە مەکتەبی عەسکەری بووەتە پێشمەرگە، هەمان ساڵ و لە ١٩٨٢/١٢/١٨ لە ئۆردوگای کارێزە، تووشی شەڕێکی سەخت و نابەرانبەر بوو، بەڵام تا دوا فیشەک و هەناسە بەرگری کردوو لە دواجاردا گیانی سپاردوو شەهید بوو.

مامۆستا بارزان جگە لە پێشمەرگایەتی و شانۆ، ئەدیب و هۆنەرێکی بە ئەزمون و هەست ناسک بووە، یەکێک لە شیعرە جوان و بەناوبانگەکانی کە تێکڕا گوێ بیستی بووین نمونەی ئاستی بەرزی مامۆستا بارزان بووە.

**پرچی زەردت وەک زنجیرێک، لە دەست و قاچم ئالاوە**
**نیگای چاوت وەکو تیرێ، ئاوێنەی ڕووتی پێکاوە**
**ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش دڵی منە کڵپەی داوە**
**ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش دڵی منە واسووتاوە**

هەواڵنامەی کوردیی

# مـــــــەفرەزە ســـــەرەتاییەکانی
# گـــــەرمیان- قـــــــەرەداخ
# هــەرێمی (5)ی قــەرەداخ

## لـــە هـــەرەسەوە بۆ هــــــیوا

ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداخ گەورەو فراوان بوون، سنووریکی جوگرافی گەورەو دانیشتوانێکی نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێڕو دەگمەن بوون لە کۆڵنەدان و قوربانیدان، هێشتا تەپوتۆزی هەرەس لە سەر دەشت و دەرو هەردەو هەڵەتی گەرمیان و سەری سەگرمە و قەرەداخ نەتەکیبوو، درەختە شەنگەکان غەمبارو زیزو تەپوتۆزی هەرەس لە سەر پەلک و لق و بەژن و باڵایان کەوتبوو، کاتێک شنەی شۆڕش هەڵیکردو ئەو دەشت و دەرانەی تەکاند درەختە شەنگەکانی خستە سەماو قژی شۆڕەبی داهێنا ڕەنگ و ڕووی جوتیارەکانی بناری سەگرمە و ئاژداخ و سەڵباتو گەشانەوە.

قەراخ و دەشتە ڕەشتاڵەکانی گەرمیان تاچاو بڕکات تارمایی بوو، تا چاو بڕکات ڕەشایی بوو لە نێو تارمایی و تاریکی گەرمیان و قەرەداخدا هیوایەک، ئومێدێک، ترووسکاییەک سەری دەرهێنا تروسکاییەک لە سەگرمە سەریکردو ڕووناکی گەیشتە ڕۆخانە، ئەو ترووسکاییە بووە مەشخەڵ و بە پانتایی قەراخ و گەرمیان ڕووناکی بەخشی، ئەویش (ی ن ک) و شۆڕشی نوێ بوو.

### مـەفرەزە سـەرەتاییەکانی گـەرمیان- قـەرەداخ

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداخ وەکو باقی ناوچەکانیتری کوردستان جووڵەی تێکەوت، مەفرەزەی پێشمەرگەی تیادا درووست بوو.

- لە سنووری سەگرمە (ئازاد غەریب) ئازادی سەگرمە کرایە فەرماندەی مەفرەزە و مام ڕۆستەم جێگری بوو لەگەڵ (٨) پێشمەرگە.
- حسێن تلەزەیتی فەرماندەی مەفرەزەی قەرەداخ بوو
- سیروان تاڵەبانی فەرماندەی مەفرەزەی گەرمیان بوو
- مامۆستا حەمەدەمین پۆڵا ڕێبەری سیاسی هەر سێ مەفرەزەکە بوو

هەر سێ مەفرەزەکە تێکرا ٢٥ بۆ ٣٠ پێشمەرگە بوون، هەندێک جار مەفرەزەکان کۆدەبوونەوەو بەیەکەوە دەگەڕان لە قەراخەوە تا گەرمیان لە جمووجۆڵدا بوون،

هەواڵنامەی کتێب

هەندێک جاریش بە جیاو هەر مەفرەزەیە لە ناوچەی خۆی جەولەی دەکرد.

پێشمەرگەکانی گەرمیان قەرەداخ شەوانە دەچوونە ناو دێیەکان خەڵکیان کۆدەکردەوە کۆبوونەوەیان پێدەکردن بارودۆخی شۆڕشیان بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە مژدەو هیوایان بە خەڵک دەبەخشی، دوای کۆبوونەوە پێداویستی ڕۆژانەیان وەردەگرت و لە دێیەکان دەردەچوون لە شاخ و کێوو دەورووبەری ئاواییەکان خۆیان دەشاردەوە.

لەو ماوەیەدا پێشمەرگە چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا شۆڕش لە قۆناغی خۆناساندن و هوشیارکردنەوەی خەڵکەوە چووە قۆناغی لێدان و سزادانی هێزەکانی دوژمن.

## شەڕی قەڵبەزە

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/٣/٩ بە پشتیوانی ناقیلە و مودەرەعە پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیاندا لە دێی قەڵبەزەی دەربەندیخان، شەڕ شێ کاتژمێری خایەند

لەوشەڕەدا سێ سەرباز کوژران و و ئەفسەرێک برینداربوو بەشێکی ناقیلەکە شکا

لە ناوەڕاستی مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٧٧ لە بارۆیی چالاکییەکیان ئەنجامدا لەو چالاکییەدا ژمارەیەک جاش کوژران.

## بۆسە - دارە ڕەش

دمەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢١ لە دارە ڕەشی نزیک تانجەڕۆ بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەرەبازی دانا و گوللەبارانیان کرد

زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەرباز و ئەفسەرێک بە پلەی ڕائید و بریندابوونی ٤ سەرباز، بەدیلگرتنی ٨ سەرباز و ڕائیدێک دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادکران

دەستکەوت ٨ کلاشنکۆف و یەک دەمانچە و یەک دووربین

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢٣ لە ناوچەی شەمێران بۆسەیەکیان دانا

لە ئەنجامدا مفەوزێک کوژرا

دەستکەوت ١ کلاشنکۆف و ١ دەمانچە

لە شاخی سەگرمە زنجیرەیەک ڕەبییە هەبوو مەفرەزەکەی ئازاد غەریب لێیاندان و زەرەروو زیانی زۆریان پێگەیاندن، لە بازیان لە ئۆتۆمبیلێکی سەربازییاندا و ژمارەیەکیان لێکوشتن، بەرنامەی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە سەر بنەمای لێدان و کشانەوە بوو دەستوەشاندن و جێهێشتنی شوێنی چالاکییەکە بوو.

مەفرەزە سەرەتاییەکانی گەرمیان قەرەداخ، ئاربیجی، بیکەیسی و چەکی قورسیان نەبوو تەنها کلاشینکۆف و برنەویان هەبوو لە ڕووی ژمارەشەوە هێزی پێشمەرگە هاوسەنگ نەبوو لەگەڵ دوژمن بەڵکو لاسەنگ بوو.

هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوو، مەفرەزەکان لە هەڵکشاندا بوون ژمارەی پێشمەرگەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو.

کاک ئارام لە ناوچەی قەرەداخ بوو، ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستن و پێشمەرگە بوو، بوونی کاک ئارام لە قەرەداخ کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر گەشەکردن و ڕێکخستنی پێشمەرگەو مەفرەزەکان، خۆشەویستی خەڵکی دێیەکانی قەرەداخ بوو.

زۆربەی بەیانیان کۆپتەر دەهاتە سەر دێیەکان قوات خاسە و جاش دەردەچوون، پێشمەرگەکان بەیانیان زوو بە تاریکی هەڵدەستان لە خەو دەچوونە شاخ، زۆر جار پێکدادان و بەریەککەوتن درووست دەبوو، بە تایبەت ناوچەی قەرەداخ سەخت بوو بۆ پێشمەرگە دوژمن چاوی لە سەری بوو زۆر بە توندی چاودێری دەکرد.

کۆپتەر قوات خاسە و جاشی لە کێوەکان دادەبەزاند کێوماڵی ناوچەکەی دەستپێکرد، ئەم کێوماڵە لە گەرمیان و قەراخدا ماوەی (١٠) ڕۆژ بەردەوام بوو لە زۆربەی ناوچەکانیتری کوردستان کێوماڵ دەستی پێکردبوو.

هەواڵنامەی کتێب

## مــــــلازم جـــوامێر ســـــایەمیر

یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداخ جوامێر سایە میر بوو جگە لەوەش دامەزرێنەری ڕێکخراوی هەڵۆی سوور بوو کە دوای ئەنجامدانی چەند چالاکییەک لە ناو شار ملازم جوامێرو هاوڕێکانی دەستگیرکران و لە سێدارەدران.

ملازم جوامێر فەرماندەی قارەمانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو، مەفرەزەکەی ملازم جوامێر پێکهاتبوو لە:

مەلا ئەحمەد مەسۆیی، حەمەی تەلە (شاهۆ)، گۆران تلەزەیتی ، مامە قالە، مەولود گوڕبازی، عەبدوڵڵا سوور، سلەیمان تلەزەیتی، عەلی خەڵکی ژاڵەی حاجی قادر (جوامێر)، شەوکەت، سمکۆ

مەفرەزەکە هەندێک جار زیادو کەمیدەکرد.

چالاکی:

مەفرەزەکەی ملازم جوامێر چەند چالاکییەکیان لە ناوچەی قەرەداخ ئەنجامداو گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.

• ئۆتۆمبیلێکی سەربازی سەوز دوو ئەمنی لە گەڵدا بوو دەهاتنە دێیەکانی قەرەداخ کەسووکاری پێشمەرگەیان دەگرت و دەیانناردنە خوارووی عێراق.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ملازم جوامێر لە چەمی سمۆر ئۆتۆمبیلەکەیان سووتاند دوو ڕۆژ بە دیار ئۆتۆمبیلەکەوە دانیشتن تا هێزی دوژمن بێت و لێیانبدەن.

• دوو ئیڤای سەربازی ڕۆژانە لە سلێمانییەوە ئازوقەیان دەهێنا بۆ فەوجی قەرەداخ مەفرەزەکە بۆسەیەکیان لە جادەی دارە ڕەش دانا لە ئیڤاکانیاندا.

لەو شەڕەدا ١٦ سەرباز کوژران

٢ ئەفسەر بە پلەی ڕائید

٢ نائب زابت و چەند سەربازێک دەستگیر کران

دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازاد کران

دەستکەوت:

٨ کلاشینکۆف

١ دەمانچە

دوای گرتن و لە سێدارەدانی ملازم جوامێر مەفرەزەکە گۆڕانی بە سەرداهات.

## مـــــۆتەکەی تـــــەعریب

لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی بە ناو ناوچەکانی حوکمی زاتی بوون لە کورد چۆڵکران، خەڵکی دێیەکانی مەیدان قۆرە توو ئاگادار کرانەوە دێیەکانیان چۆڵبکەن ئەگەر چۆڵی نەکەن دەست بە سەر سەروەت و سامانتاندا دەگرین خۆشتان دەستگیر دەکەین.

خەڵکی قۆرەتوو مەیدان دێیەکانیان چۆڵکرد هاتنە دەربەندیخان، پێوازەکان، دەرەدۆین، دێیەکانی قەراخ، ئەوانەی ئاژەڵدار بوون لە دێیەکان مانەوە ئەوانەشی ئاژەڵدار نەبوون چوونە شارەکان.

لە جێگەی ماڵە کوردەکان هۆزە عەرەبەکانیان هێنایە سەر موڵک و ماڵ و ڕەزو باخی بەجێماویان، ڕژێمی عێراق هۆزە عەرەبەکانی چەکدار کردبوو مووچەی بۆ دابینکردبوون ماڵ و موڵکی کوردی بەسەردا دابەش کردبوون.

قەزای خانەقین بە تێکڕا لە کورد چۆڵکرا دێیەکانی دەورووبەری خانەقین هەتا مەیدان و قۆرەتوو شاخی زمناکۆ تەعریبکران.

بەهاری ساڵی ١٩٧٥ عەرەب هاتنە ناوچەکانی خانەقین خێمەیان هەڵدا هەندێکیان لە دێهاتەکاندا مانەوە لەو ماڵانەی کە نەڕووخا بوون، ئەو بەری ئاوی سیروان عەرەب نشین کرابوو.

ساڵی ١٩٧٦ و ساڵانی دواتریش هێزی پێشمەرگە لە هۆزە عەرەبە بە ناهەق نیشتەجێکراوەکانیاندا.

لە ساڵی(١٩٧٨) ەوە هەر کوردێک لەو ناوچانە بگیرایە باجیان لێدەسەند یان دەیانکوشت.

## شەڕی بارۆیی
## 1977/8/15

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دێی بارۆیی بوون جاشەکانی فەرهادی مەلا ڕەزا هاتنە سەریان، پێشمەرگەکان شەڕی قارەمانانەیان لە گەڵدا کردن، ژمارەیەک پێشمەرگە لە گوڕباز بوون چوون بە هانای پێشمەرگەکانی بارۆیی، لەو شەڕەدا دوژمن لوتی شکاو (٥) جاش کوژران.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (ڕێبوار ئەحمەد) خەڵکی سلێمانی لەگەڵ بریندار بوونی چەند پێشمەرگەیەک.

## شەهید بوونی پۆلێك پێشمەرگە
## 1977/9/3

کاک ئارام لە قەرەداخ لێپرسراوی ڕێکخستن و پەیوەندییەکان بوو، پەیوەندی نێوان ڕێکخستن و پێشمەرگە، شاخ و شار کاک ئارام ڕایەڵەی بوو، هەر زانیاری و هەواڵێک هەبووایە کاک ئارام دەیدا بە مەفرەزەکان.

ساڵی ١٩٧٧ کاک ئارام ویستی مەلا ئەحمەدی مەسۆیی بکاتە فەرماندەی مەفرەزە سیروان تاڵەبانی بنێرێت بۆ شوێنێکیتر یان بیکاتە لێپرسراوی سیاسی.

مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی هاتنە قازانقایە، جاشەکانی تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج، عوسەی هۆکل و عاسی دەوریان گرتبوون دوای شەڕێکی سێ کاتژمێری لەگەڵ جاشدا ئەم پێشمەرگانە شەهید بوون.

١- شەهید مەلا ئەحمەد حەمەدەمین مەسۆیی (مەلا ئەحمەد گەرمیانی)
٢- شەهید شوان عەلی سەعید ناسراو بە شامیل
٣- شەهید جوامێر خەڵکی کفری
٤- شەهید حەمە غەریب قەرەگۆلی
٥- شەهید سمکۆ
٦- شەهید عەبدوڵڵا سوور

هەر لەو شەڕەدا عەزیز پێشمەرگەی قارەمان کەوتە دەست دوژمن و دواتر شەهید کرا، تەرمی هەر شەش شەهیدەکە لە گۆڕستانی قازانقایە بەخاکسپێردران.

لە کاتی ڕوودانی شەڕەکەدا مام ڕۆستەم و ئاوات قارەمانی و چەند پێشمەرگەیەک لە نێوانی مێولێ و قازانقایە بوون چاوەڕێیاندەکرد ڕۆژ بەرەو هەڵکشان بڕوات و بچنە ناودێ.

دوای ئەوەی سیروان تاڵەبانی و چەند پێشمەرگەیەک لە ناودێ هاتنە دەرەوە لەگەڵ مام ڕۆستەم و ئاوات قارەمانی یەکیان گرتەوەو هێرشیانکرد بۆ ناو دێی قازانقایە.

لەو شەڕەدا جگە لە شەهید و دەستگیرکراوەکان کە دواتر شەهید کران ئەم پێشمەرگەو فەرماندانە ڕزگاریان بوو:

١- سیروان تاڵەبانی
٢- حەمەی تەلە (شاهۆ)
٣- نەجم (سالار جاف)
٤- سلێمان تلەزەیتی
٥- گۆران تلەزەیتی
٦- حەسەن خاوێیی
٧- ئاشتی

هەواڵنامەی کتێب

## مــــــــەفرەزەی ســــــەرکەوت

سالّی ١٩٧٧ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی کاک سەرکەوت پێکهات، مەفرەزەکە کەوتە چالاکی و پەیداکردنی دۆست و هاوکارو لایەنگر بۆ (ی ن ک) و شۆڕشی نوێ لە هەولّی چالاکی و لێدانی مۆلّگەکانی دوژمندا بوون.

مفەوەزی ئەمنی سەنگاو لەگەلّ دوو ئەمنی تردا لە مالّی مفەوەزی پۆلیس داوەت بوون، مەحموود سەنگاوی و ڕێکخستنەکان زانیبوویان شوێن و کاتی چالاکییەکەیان دیاریکردبوو بەلاّم پێشمەرگەکان شوێنەکەیان لێتێکچوو تا کاتژمێر (٩) چاوەڕێیانکردن، دوو کەس هاتن بۆ لای مەحموود سەنگاوی کەسێکیان دەستگیر کردبوو کاتێک نزیک بوونەوە دراوسێیەکی مالّی مەحموود سەنگاوی بوو، پاش چەند دەقیقەیەک لە مەرکەزی پۆلیسەوە تەقە دەستیپێکرد، دوای نیو کاتژمێر پێشمەرگەکان گەڕانەوە، مەحموود سەنگاوی پێیووتن کارێکی خراپتانکرد من چالاکی باشترم دەستنیشانکردبوو.

مەحموود سەنگاوی ئەو شەوە بووە پێشمەرگە چوونکە ئاشکرابوو لەگەلّ پێشمەرگەکان ڕۆیشتە مەسۆیی چوونکە مەحموودێکی تریان لە گەلّدا بوو ئەمنیان ناونا مەحموود سەنگاوی.

## سـیروان تـاڵەبانـی
## هـەرێمی (5)ی قـەرەداخ

هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردن و فراوانبووندا بوو مەفرەزەکان بوونە هەرێم، هەرێمەکان دەسەڵاتیان فراوانترو بەرینتر بوو، هێزی پێشمەرگە دەسەڵاتی زۆرتر بە سەر ناوچەکاندا دەشکا چالاکی و لێدانی دوژمن بەربڵاوتر بوو ملازم عومەر پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکان کرایە فەرماندەی هەرێمی (٥).

لە ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١٢ هەرێمی (٥)ی قەرەداخ درووست بوو، سنووری هەرێمەکە قەرەداخ، گەرمیان، بازیان و ناوچەی جەباری تا لێوارەکانی کەرکوکی دەگرتەوە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ فەیسەڵ ڕەشید تاڵەبانی ناسراو بە سیروان تاڵەبانی کرایە فەرماندەی هەرێمەکە، ملازم فەرهاد جێگری فەرماندەی هەرێم بوو.

**هەرێمی (٥) لە سێ کەرت پێکهاتبوو:**

- حسێن حاجی حەسەن ناسراو بە گۆران فەرماندەی کەرتی (١)ی قەرەداخ
- حەسەن حەمید ناسراو بە مام ڕۆستەم فەرماندەی کەرتی (٢)ی بازیان
- سامان گەرمیانی فەرماندەی کەرتی (٣) ی گەرمیان

هەواڵنامەی کتێب

## قـەرەداخ – گـەرمیان

*١٩٧٧/١٠/١٩ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دێی دارۆغای قەرەداخ تووشی جاشەکانی قالە فەرەج و عوسەی هۆکل بوون، شەڕ دوو کاتژمێری خایەند.، لەو شەڕەدا دوو جاش کوژران و لاشەکانیان جێما

*ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/٢٩ موەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە دەربەند باسەڕە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە شەڕ نیو کاتژمێری خایاند

زیانی دوژمن کوژرانی سەربازێک بوو

## لـێدانی نـاحیەی تـیلەکۆ

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١١/١٦ بە ئاربی جی لە مەخفەری ناحیەی تیلەکۆیاندا.

## پـــــەلاماری دوژمـــــن

ڕۆژی ۱۹۷۷/۱۲/۲٦ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی (۱۷) تانک و ناقیلە پەلاماری دێی دەرەدۆینی دەربەندیخانیاندا پێشمەرگەکانی ناوچەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە

زیانی دوژمن کوژرانی (۱۸) سەرباز

ناقیلەیەک و تانکێک و جیپ قیادەیەک شکێندران، سەربازێک گیرا و دواتر ئازادکرا لە تۆڵەی شکستەکەیدا دووژمن دوو جوتیاری بە تەمەنی شەهید کرد کە ئەم نەمرانە بوون

١- شەهید قارد مەلا محەمەد

٢- شەهید محەمەد

*۱۹۷۷/۱۲/۲۷ لە ڕووداوێکی نەخوازراودا و لە نزیک دێی چرچە قەڵای سەنگاو هەڤاڵ صادق شەریف ئەندازیار و ئەندامی هەرێمی بەغدای کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردستان شەهید بوو

## قــــــەرەگــۆل

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ۱۹۷۸/۱/۱ هێرشیانکردە سەر سەیتەرەی قەرەگوڵ و هەرچی تیادابوو دەستیان بەسەردا گرت.

## شــــەهید بوونی شــاسوار جــەلال (ئـــارام) 1978/1/31

شاسوار جەلال ناسراو بە کاک ئارام ساڵی ۱۹۷۷ هاتە ناوچەی قەرەداخ لە دێیەکانی قەرەداخ دەمایەوە، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ خەڵکی دێیەکانی قەرەداخ هەبوو، ڕێکخستنی پتەوو تۆکمەی لە ناویاندا درووست کردبوو.

کاک ئارام چەند ناوێکی هەبوو بۆ ئەوەی خۆی لە چاوی خۆفرۆش و سیخوڕەکانی دوژمن بپارێزێ و نەزانن ئەوە ئارامی سەرکردەیە، لە شارباژێڕ ناوی مامۆستا بەکر بوو، کە هاتە قەرەداخ جارێک لە خاوێ واخۆی نیشان دابوو کە بۆ شوانی دەگەڕێت، بە کاک حەمەدەمین خۆی ناساندبوو.

## چـــــیرۆکی شـــەهید بوونی کـــاك ئـــارام

ڕۆژی ١٩٧٨/١/٣١ شاسوار جەلال ، (کاک ئارام) لە گوڕبازەوە دەهات بەرەو تەنگیسەر لە ماڵی حاجی ساڵح لایدا، کاتژمێر ٤ی ئێوارە گەلە جاشێک لە ڕێی گەڕەزیلەوە هاتن بۆ تەنگیسەر، ماڵی حاجی ساڵح کاک ئارامیان لە هاتنی چەکدارەکان ئاگادار کردەوە هەوڵیاندا لە دێیەکە دەرنەچێت بەڵام کاک ئارام لە ناودێ نەمایەوە بەڕێگەی کونە کۆتردا دەرچوو بەرەو لای هاوڕێکانی بڕواتەوە کاک ئارام گەیشتە بەرانبەر تەنگیسەر جاشەکان گەیشتنە ناودێ و ئارامیان بەدیکرد.

جاشەکان لە خەڵکیان پرسی ئەوە کێیە لەو بەرەوە دەڕوات ووتیان خەڵکی دێیەکەیە، جاشەکان بانگی کاک ئارامیان کرد کاک ئارام وەستاو لایکردەوە چەکدارەکانی بینی چەکەکەی لە شانی داگرت ختسیە شانەکەیتر بریقەیدایەوە جاشەکان تەقەیان لێکرد لەگەڵ تەقەکاندا کاک ئارام کەوتوو هەستایەوەو ڕۆیشت چووە شیوەکەوە جاشەکان وایانزانی بە ڕێگەکەدا دەڕوات دوایکەوتن کاک ئارام چووە ناو جۆگایەکەوە، جۆگاکە لەوێدا کۆتایی هات چوار جاش لای خوارەوەیان لێگرت و تەقەیان لێکرد، پێشمەرگە گوێیان لە تەقەکان بوو لە کونە کۆترەوە هاتن گەیشتنە نێوان کونە کۆترو تەنگیسەر کۆپتەر هات، پێشمەرگەکان نەیانتوانی بێنە ناودێ لەو یالانە خۆیاندا بە زەویدا تا ئێوارە.

کۆپتەر سەربازێکی زۆری دابەزاندبوو، کە ئێوارە کۆپتەر سەربازەکانی هەڵگرتەوە پێشمەرگەکان وایانزانی جاش نەماوە لە ناو دێدا.

خەڵکی ئاوایی چوون بۆ هێنانەوەی تەرمی کاک ئارام، تەرمەکەیان هێنایە مزگەوت دایانناو بوو بە تەقە، پێشمەرگەکان هاتبوونە ماڵی ئەحمەدی حاجی عەلی لەگەڵ جاشەکاندا لوتیان بوو بە لووتی یەکەوە، کە زانییان جاشن تەقەیان لە یەکتر کرد.

دوو پێشمەرگە دکتۆر ئاسۆو عەزیز چوونە ماڵی عومەری حەمە قازی، باڵەخانەیەک بوو پێشمەرگەکان دەرگایان کردبووەوە سەیر دەکەن ١٢ جاش لە ماڵەکە دانیشتوون، قاپییەکەیان دابەیەکدا و ڕایانکرد جاشەکان لە پەنجەرەوە

هەولێرنامەی کتێب

کردیان بە تەقە جاشەکان خەریک بوو خاوەن ماڵەکە بکوژن پێیان ووتبوو تۆ ئەوانەت لێرە شاردووەتەوە.

تەرمی کاک ئارام تا بەیانی لە مزگەوت مایەوە بەیانی خەڵکی تەنگیسەر کاک ئارامیان بە خاکسپارد.

## کــــــورتەیەك لە ژیــــــانی کــاك ئــارام

• لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی لە دایک بووە

• خوێندنی سەرەتایی لە ماوەت و چوارتا تەواو کردووە

• قۆناغی ناوەندی لە ناوەندی (الوطن) تەواو کردووە، قۆناغی دواناوەندی لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان تەواو کردووە

• ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیراوە لە زانکۆی بەغدا لە بەشی میکانیک بەڵام لە بەر کزی چاوەکانی ڕەتکراوەتەوەو بە ناچاری چووەتە کۆلێژی بازرگانی ساڵی (١٩٦١-١٩٧٠) کۆلێژی تەواو کردووە.

• ساڵی ١٩٧٠ چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە

• ساڵی ١٩٧٤ وەکو نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداری کۆنگرەی لاوانی جیهانی کردووە لە مۆسکۆ.

• ساڵی ١٩٧٦ دوای گرتنی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی بووەتە سکرتێری کۆمەڵە پاشان چووەتە شاخ و یەکەم دەستەی پارتیزانەکانی شۆڕشی نوێی درووستکردووە.

• ساڵی ١٩٧٧ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی ن ک).

• لە ١٩٧٨/١/٣١ لە دێی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداخ بەدەستی کۆمەڵێک جاشی ڕوو ڕەش شەهید کراوە.

شەهید بوونی کاک ئارام لە ئەدەبی بەرگری و سروودوو لە نێو شیعری شاعیراندا ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی خۆی هەبوو، چەندین شاعیر ووشەی ناسک و پڕ لە حەماس و بەرگرییان بە باڵای کاک ئارامدا بڕیوە، مامۆستا شێرکۆ بێکەس

یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی لە ژێر سەردێڕی ئارام، بۆ کاک ئارام نووسیوە.

بەشـــێک لە شـــیعری ئــــارام

**ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە تەنگیسەر ئەڵێی**
**ژنێکی پرچ زەردی گۆنە ئاڵەو دەستی ناوەتە**
**ژێر چەنەی کەل و غەمگین غەمگین**
**دەڕوانێتە گەواڵە هەوری چاو تەڕی ملەی ئەوبەر**
**ئەوە بۆچی ئەم ئێوارە بای کەژان زۆر تورەیەو**
**قژی دێلێژەو مێوڵێی جووتە خووشک**
**ڕائەکێشێ و وا بە پرتاو خۆی بە دەرگای**
**لە سەر پشتی هەردوو دەربەندا ئەکات و**
**دەست دەکاتە ملی تەنها تاقەیاری کەلا ڕێزان**
**ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە کراسی بەری هەموو درەختەکان**
**بەری بەندەن، بەری ڕووبار لە یەک ئەچن و وەک یەکن**
**ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە نان و گوڵ**
**لە وولاتی هەژارانا سەریان ناوە بە یەکەوەو بەرێکەوتوون**
**ڕیز ڕیز هەموو چرای سوورن و بەرەو ئەم مەڵبەندە هاتوون**
**ئەوە بۆچی وەک قەڵەمێک لە سەر کاغەز بەجێمابێ و**
**شاعیرەکەیان کوشتبێ و ژوورەکەیان لە سەر شیعر**
**داخستبێ، ئێستا ئاوا ئەم کێڵگانەش، ئەم**
**گوندانەش، ئەم خەڵکانەش وەکو ئەشکەوت دڵ و دەروون تارو مارن**
**وەک دارستانی داربڕاو بێزارو پەست**
**وەکوو ڕقی شەپۆلی دوای بەگیرهێنان**
**هەوری دەمووچاو بەسامن بێ ئارامن**

# ڕێــی هـــــەزار مــــــیل
# لە ڕێـــــــگەی کـــــــوردستاندا

دوو ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم گەلە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ دەیان کەسیتر لە مسافیر خانەی ئاسایشی شاری تەبرێز گیرسانەوە مسافیر خانەکە لە ژێر چاودێری وردی ڕژێمی شادا بوو.

دوو کوردی سوریا هاتبوونە تەبریز هەواڵی هەڵایسانی شۆڕشیان بە کوردی ئاوارەکانی تەبرێز گەیاند، ئەو کوردانەی لە موسافیرخانەی ئاسایشی تەبرێز مابوونەوە بڕیاری گەڕانەوەیاندا بۆ ڕیزەکانی شۆڕش (٩) کەس ڕێکەوتن تەبرێز جێبهێڵن دواتر مانەوە (٤) کەس ئەوانیش، سامان گەرمیانی، عەبدولڕەحمان بادینی، عادل شکور، مامۆستا داوود بوون.

بەیانییەکەی زوو کەلوپەلەکانیان کۆکردەوەو لە موسافیرخانە هاتنە دەر بەرەو ڕەزاییە، لەوێ چوونە گەراجی دێی خورشید بەگ لە بەردەم گەراجەکە تووشی کەسێک بوون پرسییان ئێرە گەراجی دێی خورشید بەگە، ووتی بەڵێ بۆچیتانە، ووتیان دەڕۆین بۆ ئەوێ، کەسەکە لە دووکانی ساردەمەنییەک ساردەمەنی بۆ کڕین دوای پشوودانێکی کورت ووتی بۆچی دەچنە دێی خورشید بەگ ئەمانیش ووتیان لە شۆڕشی ئەیلولدا باوکمان دۆستی خورشید بەگ بووە ئێستەش شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە دەمانەوێت لە ڕێگەی خورشید بەگەوە بگەڕێینەوە ڕیزەکانی شۆڕش.

ئەو کەسەی ساردەمەنییەکەی بۆ کڕین ووتی ئەز خورشید بەگم لەم چایخانەیە چاوەڕێ بکەن، جێبێکم پێیە کەمێکیتر دێمەوە هەڵتاندەگرم.

کە خورشید بەگ ڕۆیشت گومانی ئەوەیانکرد بە گرتیان بدات لە دووری چایخانەکە خۆیان پەنادا چاودێری چایخانەکەیان دەکرد، خورشید بەگ بە جێبەکەیەوە هاتە بەردەمی چایخانەکە و هۆڕنی لێدەدا کە زانییان هەر خۆیەتی و کەسیتری لە گەڵدا نییە ڕۆیشتن بەرەو چایخانەکە خورشید بەگ ووتی لە کوێ بوون ووتیان هەندێک کەلوپەلمان کڕی، هەر چواریان بە دڵی پڕ لە ئومێدەوە لەگەڵ خورشید بەگ سەرکەوتن، خورشید بەگ ووتی دوو ڕێگە هەیە قیرو خۆڵ، ڕێگە

قیرەکە سەیتەرەی لێیە لە کامیانەوە بڕۆم ووتیان لە خۆڵەکەوە.

بە ڕێگەی خۆڵدا گەیشتنە ماڵی خورشید بەگ لە دیوەخانێکی گەورە حەسانەوە شەو لەوێ مانەوە، ئەو شەوە نییەتی دڵی خۆیان بۆ خورشید بەگ ئاشکرا کرد ووتیان دەمانەوێت بچینە سوریا.

خورشید بەگ بە هەر چواریانی ووت ئەگەر بە قسەی من دەکەن مەچنە لای قیادە مۆقەتە بڕۆن بۆ لای مامجەلال.

ئەو شەوە لە ماڵی خورشید بەگ مانەوە بۆ بەیانی خورشید بەگ بە پیاوێکی خۆیدا ناردنی بۆ لای حەمەمین بەگی لۆلان تا بیانگەیەنێتە سووریا.

پیاوەکە کۆڵێک چیلکەو چەوێڵ و توێشووی ڕێی کردە کۆڵی، ماوەی سێ کاتژمێر بە شاخێکدا ڕۆیشتن بەفر گرتبووی، لە قەدپاڵی شاخەکەدا پشوویەکیاندا پیاوەکەی خورشید بەگ ئاگری بۆ کردنەوەو چای دەمکرد دوای نانخواردن بەڕێکەوتنەوە گەیشتنە دێیەکی کوردستانی تورکیا لە ماڵێکدا لایاندا.

ژنی ماڵەکە چووە سەر کانی و گەڕایەوە ووتی جەندرمە هات ناچار چوونە دەرەوەی ماڵەکە دوای ڕۆیشتنی جەندرمەکان گەڕانەوە ماڵەکە شەو لەوێ مانەوەو بەیانی گەیشتنە دێیەکی تر لەوێش جەندرمە هات چوونە گەوری ئاژەڵی ماڵێکەوە تا جەندرمەکان گەڕانەوە.

دێیەکەی حەمەمین بەگ بە بەرزییەکەوە بوو گەیشتنە دێیەکە کۆمەڵێک جەندرمە لە ژێر سێبەری دارەکاندا ئەسپەکانیان بەستبووەوە، بە سەر سەری جەندرمەکاندا ڕۆیشتن چوونە ماڵی حەمەمین بەگ.

خورشید بەگ نامەیەکی بۆ حەمەمین بەگ ناردبوو داوایلێکردبوو هاوکارییان بکات تا دەگەنە شوێنی مەبەست، ئەو شەوە لەوێ مانەوە بەیانییەکەی حەمەمین بەگ سوار پیکابی کردن و بردنییە گەڤەر لەوێشەوە بۆ دیاربەکر، دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە دیاربەکر بە کەسێکدا ڕەوانەیکردن بۆ جەزیرە لەوێ بردیاننە ماڵی قاچاخچی لە ڕێگەی قاچاخچییەوە ڕەوانەی ناو خاکی سوریا کران.

لە ناو خاکی سوریا چوونە دێیەک لەوێوە ڕێگەیان نیشاندان چوونە (دێرەک-

مالکییە) لە دێرەک چوونە بارەگای (ی ن ک) فەرهاد شاکەلی و حەسەن فەیزوڵڵاو چەند کەسێکی بادینی لێبوو لە بارەگاکە مانەوە.

ئەو تێکۆشەرانەی لە بارەگاکەی (ی ن ک) بوون لە دێرەک هەڤاڵ مامجەلالیان لە هاتنی ئەو چوار کەسە ئاگادار کردەوە، هەڤاڵ مامجەلال داوایکرد بە زوویی ناسنامەیان بۆ درووست بکەن تا لە ناو سوریادا تووشی کێشە نەبن.

## خولی پارتیزانی

دوای ماوەیەک مانەوە لە دێرەک بۆ بینینی خولێکی پارتیزانی بردیاننە قامیشلو، خولەکە بە سەرپەرشتی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ بوو، لە خولەکەدا چەند وانەیەکی تیۆری و پراکتیکی دەگوترانەوە:

- چۆنییەتی خۆشاردنەوە لە کاتی پارتیزانیدا
- خۆپاراستن و پەڕینەوە لە جادە
- ئاگرکردنەوە بێ ئەوەی دوکەڵی هەبێت
- شوێن پێ سڕینەوە لە کاتی ڕۆیشتندا
- جگەرەکێشان بە شێوەیەک ئاگرەکەی نەبیندرێت لە لایەن دوژمنەوە، لەگەڵ چەند بابەتێکیتر

جگە لە وانەی تیۆری شەوانە دەچوونە دەرەوە لە شار بۆ شەو ڕۆیی، خوێندنی وانەکان دەکرانە پراکتیک.

خولەکە ماوەی مانگێکی خایاند دوای تەواو بوونی خولەکە خۆیان ئامادە کرد بگەڕێنەوە کوردستان.

## گەڕانەوە بۆ کوردستان
## مانگی 1976/11

پێشتر برایم عەزۆو هاورێکانی گەڕابوونەوە کوردستان قیادە مۆقەتە شەهیدیکردبوون، دوای ئەو کارەساتە هێزێکی (ی ن ک) لە سوریاوە خۆی ئامادە کرد بگەڕێتەوە کوردستان بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

هێزەکە کرابە سێ بەشەوە بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم: بە سەرپەرشتی ملازم حەسەن خۆشناو بە کەڵەک لە ڕووباری دیجلە بپەڕنەوە.

بەشی دووەم: بە سەرپەرشتی فواد عومەر کە دەبوو بە کەڵەک بپەڕنەوە لەگەڵ حەسەن خۆشناو بچنە ناوچەی سلۆپی، عیسمەتدینوو پێشمەرگەکانی ئامادە بکەن کە لە سەر سنوور بوون چەکێکی زۆری یەکێتییان لابوو.

بەشی سێیەم: عادل موراد، سەید کەریم، سەردار دەلۆیی، فەرهاد شاکەلی، نەوشیروان مستەفایان لە گەڵدا بوو لە ١٩٧٦/١١/٢٤ لە دیجلە بپەڕنەوە لای عیسمەت دینو یەکبگرنەوەو بەرەو بادینان بەڕێبکەون.

عیسمەت دینو تەسلیم بە حزبی بەعس بووەوە بەشێک لە هێزەکەش تەسلیم بە قیادە مۆقەتە بوون.

کۆپتەری عێراق- تورکیا بە سەر سنوورەکاندا دەگەڕان، بۆیە هێزەکە بڕیاریاندا پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە ناو خاکی سوریا، بۆ ئەوەی هەمان کارەساتی شەهید بوونی برایم عەزۆو هاوڕێکانی بە سەر ئەمانیشدا نەیەت[١٠]

هێزەکە ١٨ کەسیان مایەوە بەشێک لەوانە نەوشیروان مستەفا، ملازم حەسەن خۆشناو، ملازم سەید کەریم، ملازم عەبدوڵلا هەولێری، ملازم ڕەئوف ناسراو بە شوانە، دکتۆر خدر، عادل شکور، سامان گەرمیانی، سابیر (سمکۆ) مامۆستا داود، ئەنوەر میری و ژمارەیەکیتر.

## دووبـــــارە گـــــەڕانەوە

ئێزیدییەکان وەکو هێزێکی جیا لەگەڵ شێخ حسێن بابە شێخ گەڕانەوە کوردستان، سامان گەرمیانی، عادل شکور، ئەنوەر میری، مامۆستا داود و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر بە بێ چەک گەڕانەوە کوردستان، سەرەتا هاتنە دێیەکانی هەدن، گەرەپێچ، لە ناو خاکی کوردستاندا.

لە کاتی گەڕانەوەیاندا مەفرەزەیەکی قیادە مۆقەتە بە سەرپەرشتی ملازم فاتیح

١٠ نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) لە لاپەرە ١٢٤ لە ژێر سەردێری ڕێپێوانێکی سەرنەکەوتوو باسی گرفتەکان دەکات کە هاتوونەتە ڕێگەی هێزەکە.

لە هەدن ڕێگەیان پێگرتن، فاتیح زنجیرەیەک قسەی نەشیاوو ناشرینی پێوتن بە بیانووی ئەوەی گوایە لە سوریا قسەیان بە بارزانی وتووە لە سەریان نووسیوە بۆیە دەبێت سزا بدرێن و بکوژرێن.

ملازم فواد جێگری فاتیح بوو چەند مانگێک لەوەوبەر لە یەکێتی تۆرابوو ببوو بە قیادەی مۆقەتە فواد بەرگرییەکی پیاوانەی لە پێشمەرگەکانی یەکێتی کرد بە فاتیحی ووت ئەمانە کەسی بەڕێزو سەنگینن.

فاتیح زۆری ووت ئەوان هەر بنەماڵەی بەرزانی بە سەرکردەی کورد دەزانن ئەوەی دژی بنەماڵە بێت وای لێدەکەن وابچێ، ئیتر زۆری ووت و کەمی بیست.

پێشمەرگەکانی یەکێتی ئەو شەوە تا بەیانی لە هەدن مانەوە بەیانییەکەی فاتیح چەکداری قیادە مۆقەتەی لە گەڵدا ناردن بۆ گەڕەپێچ تا لەوێ نان بخۆن.

سامان گەرمیانی و عادل شکور لە ماڵێک دامەزرابوون ملازم فوادی قیادە مۆقەتەش لەو ماڵە بوو.

کەریم جادر وولاخی ئەو ماڵەی بردبوو فەردە ئاردی لێبارکردبوو بۆ بارەگای دکتۆر خالید کەریم وولاخەکەی هێنابووەوە بۆ ماڵەکە.

سامان گەرمیانی و عادل شکور دەنگی کەریمیان ناسییەوە پێشتر لە تەبرێز بەیەکەوە بوون کەریمیان بانگکردە ژوورەوە، لە کەریمیان پرسی پێشمەرگەی قیادە مۆقەتەیت کەریم هەزارو یەک قسەی بە قیادە مۆقەتە وت نەیدەزانی ملازم فواد قیادە مۆقەتەیە خەریک بوو کێشەیەک درووست بکات.

لە ڕێگەی دوو چەکداری قیادە مۆقەتەوە کە لە گوێسەبانەی ماڵەکە وەستابوون و گوێیان لە قسەکانی کەریم بوو ملازم فاتیح لە قسەکانی کەریم ئاگادار کرایەوە، ملازم فاتیح کەریمی بردو دارکاریکرد، کەریم لە دەستی فاتیح ڕزگار ببوو بە پەلە خۆی گەیاند بووە دکتۆر خالید ووتبووی برادەرانمان لە سووریا گەڕاونەتەوە قیادە مۆقەتە کۆیکردونەتەوە خەریکن بیانکوژن.

فاتیح گەڕێکی تری قسەی ناشرین بەرانبەر پێشمەرگە بێ چەکەکانی یەکێتی کرد پێشمەرگەکان لە دەستی قیادە مۆقەتە ڕزگاریان بوو لە گەڕەپێچ دەرچوون

دکتۆر خالید کە هەواڵی پێشمەرگەکانی زانیبوو جەوهەری برای و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی نارد بە هانایانەوە، جەوهەر لە ڕێگا پێشمەرگەکانی دیبوو بردنییە لای دکتۆر خالید لە سێ سنوور.

## شـــــەهید بوونی مـــامۆستا داود

دوای گەیشتنیان بە سەرکردایەتی و درووستنبوونی هەرێمەکان سامان گەرمیانی ، عادل شکور، جەلال کفرە دۆڵی، سمکۆ، ئەحمەد سماقە، کاوە مەخموری، محەمەد جەلیل نێردرانە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر، مامۆستا داود لەگەڵ مەفرەزەیەک پێشمەرگەدا لە کوێستانی کێلەشین شەویان بە سەرداهاتبوو چووبوونە گۆمەشین لە خاکی ئێراندا، موختاری گۆمەشین خەبەری لێدابوون بۆ بەیانی هێزی ئێرانی دەورەیدابوون، مامۆستا داوود قسەی لەگەڵ ئەفسەرەکەیاندا کردبوو لە ناکاو فیشەکێکی نابوو بەخۆیەوە فریای دکتۆر نەکەوتبوو هەر لە جێدا شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی مامۆستا داوود هاوڕێکانی ئازاد کران لە قەندیل هاتنە ئەمدیو مامۆستا داوودیان لە کێلە شین بە خاک سپارد.

## لـــــە دەشـــتی هـــــەولێر

ئەو پێشمەرگانەی هاتبوونە دەشتی هەولێر چەندین جار لەگەڵ جاش و سووپای عێراق تووشی شەڕو پێکدادان بوون چەندین چالاکییان ئەنجامدا لەو شەڕانەدا جەلال کفرە دۆڵی و ئەحمەد سماقە شەهید بوون.

محەمەد جەلیل فەرماندەی مەفرەزە بوو شەوی ١٩٧٧/١٢/٢٠/١٩ لە دێی کونە گورگی سەر بە ناحیەی تەقتەق لە ماڵی حاجی سلێمان مانەوە، مەلا بەختیار لە ژوورەکەدا بوو محەمەد جەلیل لە لولەی زۆپای ژورەکەوە نارنجۆکی هەڵدایە ئەو ژوورەی مەلا بەختیاری تیا بوو سەلامی ئامۆزای محەمەد جەلیل لە دەرگاوە دەستڕێژی بە ناو ژورەکەدا کردبوو.

دوای هەڵدانی نارنجۆک و دەستڕێژی کلاشینکۆف لە دەرگای ژوورەکە محەمەد جەلیل و سەلاح و حەویز هەڵاتن و تەسلیم بوونەوە، لەو تاوانەدا شاهۆ شەهید بوو، کاوە مەخموری بریندار بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## بـــــــەرەو هـــــــەرێمی (5)ی قـــــەرەداخ

دوای ئەو ڕووداوانە سامان گەرمیانی و دواتریش عادل شکور چوونە هەرێمی (٥) و درێژەیان بە خەباتدا- هەر لە سەرەتای هەرێمی (٥) سامان گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرت.

## نـــــاو قـــــــەرەداخ

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٢٤ چوونە ناو قەرەداخ و بە ئاربی جی لە بارەگای منەزەمەی حزبی بەعسیاندا و ئامۆژگاری چەند پیاو خراپێکیان کرد

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٢٥ بە ئاربی جی لە مۆڵگەیەکی قەرەگوڵی دوژمنیاندا

٤ سەرباز کوژران و ٧ سەرباز بریندابوون

## شـــــــەهید بوونی ئـــــــــاشتی
## 1978/2/26

ئاوات قارەمانی و ئاشتی لە گەڕەزیل و تیمارەوە بەرەو دێی (قارەمان) بەڕێکەوتن، ئاوات و ئاشتی زۆر ماندوو شەکەتی ڕێ بوون شەو لە ناو دێیەکە مانەوە.

هێشتا دنیا ڕووناک بوو کە چوونە ناو دێ خەڵکی دێی قارەمان زۆر تکایان لێکردن شەو لەوێ نەمێننەوەو بڕۆن چوونکە مانەوەیان جێگەی مەترسییە بە ڕووناکی هاتوون و خەڵک بینیونی زۆر دەترسن خەبەریان لێدابن بەڵام ئەوان شەو لەوێ مانەوەو نەڕۆیشتن.

شەو لە دێی قارەمان مانەوە بەیانی زوو جاشەکانی ئەحمەدی عەزیز کاکی هاتنە سەریان، ئەو ماڵەی تیایدا مابوونەوە ئاواتیان خەبەر کردەوەو ووتیان دەورتان گیراوە.

ئاشتی زووتر هەستا بوو لە خەو نانی خواردبوو ڕیشی تاشیبوو جاشەکان ئاشتییان دەستگیر کرد بەڵام ئاوات قارەمانی ڕزگاریبوو دواتر ئاشتی لە سێدارەدرا.

ئاشتی کادیرێکی بە توانابوو هێندە خۆڕاگر بوو لە کاتی دەستگیرکردنیدا ناوی ئاواتی نەهێنابوو، سەر بەرزانە لە بەردەم پەتی سێدارە ڕاوەستاو شەهید بوو، ئاشتی لە یەکێک لە بنەماڵە خانەدان و تێکۆشەرەکانی سلێمانی بوو.

## شەهید بوونی مامۆستا حەمەدەمین
## (شەماڵ)
## مانگی 2/1978

مەلا بەختیار، عەلی ئامەخان، دلێری سەید مەجید، ئاوات قارەمانی، سامان گەرمیانی، ئازاد غەریب و مامۆستا حەمەدەمین و ژمارەیەکیتر پێشمەرگە چوونە میریاسی خواروو شەو لەوێ مانەوە.

شەو ئێشکگرییان دەرکرد بەیانی لە ماڵەکان دامەزران بۆ نانخواردن، هێزێکی دوژمن لە میریاسی سەروو بەرەو میریاسی خواروو دەهات، پێشمەرگەکان بەرەو دێی نەوتی و چەمی دێوانە ڕۆیشتن لەوێوە بۆ بناری شاخەکەی دەلوجە دوژمن لەویش سەربازی دابەزاندبوو ناچار بەرەو چەمی دێوانە گەڕانەوە بۆ بەردەمی ماڵەکانی ئەستێڵی خواروو.

کۆپتەر لە سەر ئاسمانی ناوچەکە بوو پێشمەرگەکان خۆیان پەنا دابوو، دوای گەڕانەوەی هێزەکەی دوژمن پێشمەرگەکان بەرەو دەلوجە بەڕێکەوتن.

لە کاتی هاتنی هێزی دوژمن بۆ میریاسی خواروو پێشمەرگەکان لە یەکتری دابڕان دوای یەکتر گرتنەوەیان زانییان مامۆستا حەمەدەمین ناسراو بە شەماڵ شەهید بووە.

دوای شەهید بوونی مامۆستا حەمەدەمین لە میریاسی خواروو کۆپتەر تەرمی مامۆستا حەمەدەمینی هەڵگرتبووەوەو بردبوویە قەرەداخ لەوێشەوە بۆ کەرکوک.

## مـــــام ســـــاڵح گــــۆڕ ئـــــەسپی

مام ساڵح سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) بوو لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێ چوست و چالاک و جوڵاوبوو.

ساڵی ١٩٧٧ مام ساڵح تفەنگێکی وەسەتی ڕەشی بە (٨٠) دینار کڕی و بووە پێشمەرگە شێخ عەبدولعەزیز سەرکەوتی بە مام ساڵح ناساند.

سەرکەوت، مام ساڵح، مەحموود مەسۆیی، حەمە ڕەشید، فایەق بوونە (٥) کەس سیروان تاڵەبانی هاتە لایان و کۆبوونەوەی پێکردن.

مام ساڵح گۆڕ ئەسپی جگە لەوەی پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی ئازابوو کەسێکی نوکتەباز و قسە خۆش بوو ناوی هەمە جۆری لە پێشمەرگەکان دەنا هەر پێشمەرگەیەک ناوێکی بۆ دانابوو.

## ڕووحـــــــــــە

کۆپتەر بەردەوام بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕا بەر لەوەی کۆپتەر دەرکەوێت دەنگی دەهاتە گوێ مام ساڵح کۆپتەری ناونابوو ڕووحە کە لە دوورەوە دەنگی کۆپتەر دەهات مام ساڵح هاواریدەکرد دەیووت کوڕگەل ئاگادار بن ڕووحە هات.

## مــــــام ســـــاڵح و هـــــەزار نـــــاو

مام ساڵح ناوی هەمە جۆری لە پێشمەرگەکان نابوو بە ناوی خۆیانەوە بانگینەدەکردن، لە قەڕناقا و پشت ئاشان کاک نەوشیروان بە مام ساڵحی ووتبوو ڕووحە تۆ توانج زۆر لە پێشمەرگە دەدەیت ناوی سەیریان لێدەنێیت بچۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان بکە بەڵام بە ناووناتۆرە بانگیان مەکە.

مام ساڵح لە سەر ڕاسپاردەی کاک نەوشیروان کۆبوونەوەی بەهێزەکە کرد پێشمەرگەکان ووتبوویان تۆ ناوو ناتۆرەمان لێدەنێیت ئیتر قبوڵی ناکەین، مام ساڵح ووتبووی بەسەرچاو لە گەرمەی قسە کردندا ئاوڕیدابووەوە بە پێشمەرگەیەکی ووتبوو ئا (مچە قۆری مل) گیان بزانە وڵاخەکەم لەوێ ماوە، لە سەر ئەو قسەیە کاک نەوشیروان مام ساڵحی بانگکردەوەو پێیووتبوو بڕیارەکەت شکاند بە یەکێک دەڵێیت مەجە لۆری بە یەکێک دەڵێی مچە مل قۆری منیشتان ناو ناوە گوڵحە.

## گوڵحە

کابرایەک هەبوو جاف بوو گوڵحەی ناو بوو ڕەنگ و ڕووی لە کاک نەوشیروان دەچوو شاهۆی تەلە کاک نەوشیروانی ناو نابوو گوڵحە.

کاک نەوشیروان بە مام ساڵحی ووتبوو کێتان منی ناو ناوە گوڵحە، مام ساڵح ووتبووی وڵلایی من ناوم نەناوی بەڵام یەژن گوڵحەی.

کاک نەوشیروان ووتبووی من چیم ناشیرینم مام ساڵح ووتبووی حەز دەکەیت ئاوێنەت دەدەمێ سەیری خۆت بکە.

کاک نەوشیروان مام ساڵحی خۆشدەویست دەیووت هەرچی دەڵێ با بیڵێ حەز دەکات قسە بە من بڵێ ئەمە قسەی بێ توێکڵە.

مام ساڵح لە فەرماندەی مەفرەزەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی بۆ فەرماندەی کەرت لە هەر دوو تیپی گەرمیان و شێروانە، دواتر جێگری تیپی مەڵبەندو دواتریش فەرماندەی تیپی بەرگری.

## چالاکی تەویلە گا
## 1978/8/28

حکومەتی عێراق لەگەڵ فەرمانبەرانی ئاماری کشتوکاڵ هێزی سەربازی دەنارده گەرمیان پێشمەرگەکانی گەرمیان لە تەویلەگا بۆسەیەکیان بۆ هێزەکەی دوژمن داناو لێیاندان شەڕ چەند کاتژمێرێکی خایاند.

پێشمەرگەکانی گەرمیان زیانی گیانی زۆریان بە دوژمن گەیاندوو چەکەکانیان پێجێهێشتن پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکەی دوژمن گەڕانەوە چەکە جێماوەکانیان کۆکردەوە.

## بناری گل

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی خالید گەرمیانی چوونە بناری گل مونەزەمەی حزبی بەعسیان سووتاندوو گەڕانەوە.

## پــــــــەلاماری دوژمـــــــن

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٣/٢ پەلاماری دێی میریاسی سەرووی ناوچەی قەرەداخیاندا، لەو پەلامارەی دوژمندا بۆ سەر دێی میریاسی کادێری پێشکەوتووی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و ڕابەری سیاسی قەرەداخ محەمەد ئەمین شێخ عەلی ناسراوە بە شەماڵ شەهید بوو.

*پێشمەرگەکانی قەراداخ لە ١٩٧٨/٣/٣٠ لە دێی سەرزەل تووشی گەلە جاشێک بوون پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و شەڕ دامەزرا هێزێکی سەربازی گەورە بە پشتیوانی کۆپتەری جەنگی هاتن بە هانای جاشەکانەوە، دوای شەڕێکی سەخت دوژمن بەرەو سەربازگەی تیمار هەڵات

زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ جاش و بریندابوونی ٢٠ سەرباز پێکرانی کۆپتەرێک

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٣٠ بۆسەیەکیان لە ناوچەی زمناکۆی نزیک دەربەندیخان داناو دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە (٢٠) سەرباز و ئەفسەرێک کوژران.

## مانگی 1978/4

سێ سەربازی ئۆتۆمبێل لە ١٩٧٨/٤/٦ چوونە سەر شایی بۆ دێی تیماری قەرداخ، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بۆسەیەکیان بۆ دانان لە گەڕانەوەدا کەوتنە بۆسەکەوە (١٥) سەرباز کوژران و بریندابوون.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٤/٧ لەسەر ڕێگەی سەربازگەی تانجەڕۆ (مین) ێکیان داناو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا تەقییەوە (١٠) سەرباز کوژران و ئۆتۆمبێلەکەش تێکشکا.

*ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٨ دوژمن پەلامارێکی بەرینی هێنایە سەر گەرمیان کۆپتەرێکی حەماڵ لە نزیک بەکر بایف کەوتە خوارەوە و سووتا، ژمارەکەی (٠٩٢٣٠١٤٤٩) بوو (٣٤) سەرباز لەناو کۆپتەرەکەدا مردن.

## مانگی 1978/5

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٥/١ چوونە ناو شاری سلێمانی لە ئۆتۆمبێلێکی نەجدەیاندا مفەوەزێکی ئەمن کوژرا و پۆلیسێک برینداربوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٥/٦ چوونە ناو شاری سلێمانی و هێزەکانی دوژمنیان گوللەبارانکرد پۆلیسێک کوژرا و کلاشنکۆفێک دەستکەوت بوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٥/١٢ هێرشیانکردە سەر سەیتەرەی تونێلی دەربەندیخان و بە ئاربی جی لێیاندا

زیانی دوژمن کوژرانی (٧) سەرباز بوو

هەمان مەفرەزە لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەناو دەربەندیخان چەند پیاو خراپێکیان دەستگیرکرد.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٥/١٩ پردی سەنگاو کربچنەیان تێکدا لە ١٩٧٨/٥/٢٩ پردی جافەرانیان تەقاندەوە.

## مانگی 1978/6

مەفرەزەیەی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٦/٩ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە نزیک ولیانی قەرەداخ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە رۆژی ١٩٧٨/٦/١٦ لەسەر ڕێگەی دەربەندیخان بۆسەیەکیان دانا و چەند ئۆتۆمبێلێکیان ڕاگرت ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە

دوای ڕۆشتنی خەڵکەکە دوژمن پەلاماری ناوچەکەیاندا، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) ڕووبەڕوویان بوونەوە و ڕاویاننان.

*تاقمە جاشێکی تێکەڵە لە جاشەکانی قالە فەرەج تەحسین شاوەیس، عوسەی هۆکل، عوسەی عەودالانی لە ١٩٧٨/٦/٢٧ هێرشیانکردە سەر ناوچەی قەرەداخ پێشمەرگەکانی قەرەداخ لە دێی سێوسێنان لە سێ لاوە هێرشیانکردە سەریان و بە ئاربی جی وچەکیتر لێیاندان، لەو شەڕەدا (٩) جاش کوژران، تا ڕۆژی دوایی هێزی ئاسمانی دوژمن فریایانکەوت کوژرا و بریندارو و جاشەکانیان گواستەوە.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٦/٢٩ ڕێگای سلێمانی دەربەندیخانیان گرت و ژمارەیەک ئۆتۆمبێلیان ڕاگرت ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە

دوژمن لەسەربازگەی دەربەندیخانەوە تۆبارانی ناوچەکەیکرد.

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٣٠ دوو پێشمەرگەی هەرێمی (٥) لەگەرمیان دوو ئەندازیاری لوبنانییان بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە گرت، دوای ڕوونکردنەوەی ئامانجی شۆڕش ئازادیانکردن

لەبەرانبەر گرتنی دوو ئەندازیارە لوبنانییەکە هێزێکی دوژمن پەلاماری ناوچەکەیاندا، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) ڕووبەڕوویان بوونەوە، یەک جیهازی بێتەل دەستکەوت بوو.

## مانگی 1978/8

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٨/١٥ هیرشیانکردده سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە نزیک دەربەند باسەڕە کە بۆ پارێزگاریکردن لە دروستکردنی ڕێگاکە دانرابوو لەوهێرشەدا (٩) سەرباز کوژران و (٣) بلدۆزەر تێکشکێندران .

*چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٨/١٧ نارنجۆکێکیان فڕێدایە ماڵی سەرۆک جاشێکەوە لە دەربەندیخان، (١٠) جاش بریندار بوون.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥)لە ١٩٧٨/٨/٢٤ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن کە پارێزگاری دروستکردنی ڕێگەیەکی سەربازییان دەکرد لە نزیک دێی خێوەتەی بازیان

زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز.

## مانگی 1978/9

مەفرەزەیەکی قەرەداخ لە (١٩٧٨/٩/١٢) دارو تەختەی پردی زیومەری سەرووی ناوچەی قەرەداخیان سووتاند

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) چوونە سەر ناحیەی سەنگاوو دائیرەی کارەباو مەرکەزی پۆلیسیان گوللەبارانکرد.

*ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٤ هێزێکی دوژمن بە جاش و سەرباز و پشتیوانی کۆپتەر پەلاماری پێنج پێشمەرگەی هەرێمی (٥) قەرەداخیاندا، دووای دوو کاتژمێر شەڕ

و بەرگری هەر پێنج پێشمەرگەکە کەوتنە دەستی دوژمن کە یەکێکیان بریندابوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/٩/٢١ چوونە سەر بارەگای جەیشی نا شەعبی لە دێی کانی قادری ناوچەی خورماتوو هەرچی تیادابوو سووتاندیان و ژمارەیەکیان گرتن، دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادیانکردن

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ناقیلەیەک و سێ زیلی سەربازی و تویێتایەک و یەک قەمەرەی پڕ سەرباز لە ١٩٧٦/٩/٢٥بەرەو دێی مەسۆیی بچووک و درۆزنەی گەرمیان کەوتنە ڕێ، مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە کاتژمێر ٥,٣٠ دەقیقەی ئێوارە ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ کاتژمێرێکی خایەند

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی ژمارەیەک سەرباز، سووتاندنی یەک زیل، یەک تویێتا

## لێدانی سەنگاو

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣)ی گەرمیان لە شەوی ١٩٧٨/٩/٣٠ چوونە سەر ئەمنی سەنگاو، دوو گوللە ئاربیجیان لە بارەگای ئەمن داو دوو پۆلیس بریندار بوون.

لەو شەوەدا دوژمن بە هاوەنی ٨٢ ملم دەورووبەری سەنگاوی هاوەن بارانکرد، تەنویری هەڵدا تا ناوچەکە ڕووناک بکاتەوە ناقیلەی بە دوای پێشمەرگەکاندا نارد، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

ئەو ڕۆژانە دژوارو سەخت بوون کۆپتەر کێومالّی ناوچەکانی دەکرد لە سەر دێیەکان، سووپا دادەبەزی بن کەلۆەزو دۆڵ و شیویان دەپشکنی، بەڵام پێشمەرگە هێندەی هێزو توانای داگیرکەر ورەیان بەرز بوو.

پێشمەرگەکانی مەفرەزەی کاک سەرکەوت، کەرتی دووی گەرمیان لە دێی دووبرا خۆیان پەنا دابوو ئاگادار کرانەوە جاش شوێن پێی هەڵگرتوون، جاشەکان پەلاماری پێشمەرگەکانیاندا شەڕەکە لاسەنگ بوو جاشی زۆرو پێشمەرگەی کەم، پێشمەرگەکان خۆیان دەرباز کرد جاشەکان تا دێی حەسەن کەنۆش بە دوایانەوە بوون.

## مانگی 1978/10

جاشەکانی شارەزورو گەرمیان لە ١٩٧٨/١٠/٤ پەلاماری دێی زەردەلیکاوی گەرمیانیاندا و لە ناوخۆیاندا بوو بە شەڕیان، لەئەنجامدا سێ جاش برینداربوون.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١٠/٤ چوونە سەر جاشەکانی عوسەی هۆکل لە تاسلوجە و جاشەکانیان کوشت

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) ١٩٧٨/١٠/١٠ سەیتەرەی دیوانەی خوار دەربەنیخانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە، دوژمن زیانی لێکەوت.

*ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٣ لە دێی جەمەگەی قەرەداخ پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٥) لەلایەن جاشەکانی ڕەشەی سالحەوە شەهیدکرا.

*پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١٠/٢٠ سێ کۆمەڵە دزیان بەبارو چەکەکانیانەوە دەستگیرکرد کە بە ناوی پێشمەرگەوە کەوتبوونە دزی و ڕاوو ڕووت لە ناوچەی گەرمیان

دەستکەوت ٣ کلاشنکۆف، ٢ بڕنەوە، ١ سیمینۆف.

*دوو پێشمەرگەی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١٠/٢٠ نزیک دێی هەزارکانی قەراخ مینێکیان چاند، لەژێر پێی ئەفسەرێک و سەربازێکدا تەقییەوە، ئەفسەرەکە کوژراو و سەربازەکە بریندابوو.

## مانگی 1978/11

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١١/١ چوونە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە دێی هەزار کانی گەرمیان و دوو سەربازیان کوشت.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١١/٢ لە دێی گۆڕی ئەسپ لەکاتژمێر دوانزەی دوانیوەڕۆ لەلایەن گەلەجاشێکەوە گەمارۆدران، پێشمەرگە قارەمانەکان لێیان هاتنە دەست و ڕاویاننان

زیانی دوژمن بریندابوونی ٣ جاش و، دەستگیرکردنی ٢ جاش، دەستکەوت ٣ دەمانچە.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١١/٥ لەسەر ڕێگای گشتی سلێمانی – کەرکوک لە بازیان (٥) ئەندازیاری لوبنانییان دەستگیرکرد دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادیانکردن.

*لە ١٩٧٨/١١/٦ دوو مەفرەزەی هەرێمی (٥) چوونە سەر کۆمەڵێک سەربازی دوژمن لە دێی قازانقایە، دوای کاتژمێرێک شەڕ دوو سەربازیان کوشت و سێ سەرباز بریندار بوون.

*١٩٧٨/١١/٧ دوو مەفرەزەی هەرێمی (٥) چوونە سەر کۆمەڵێک سەرباز لە دێی تیماری قەرەداخ و بە ئاربی جی لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی (١٢) سەرباز بوو.

*١٩٧٨/١١/١٩ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە دێی خاوێی قەرەداخ لەلایەن تاقمە جاشێکەوە گەمارۆدران، دوای شەڕێکی جوامێرانە دەربازبوون، لەوشەڕەدا پێشمەرگە عومەر ڕەزا قادر شەهید بوو .

## چـــــوونە نـــاو ســــــەنگاو

مەفرەزەکەی کەرتی (٣)ی گەرمیان پلانی کوشتنی ئەندامێکی مونەزەمەی سەنگاویان دارشت، لە زینانەی سەنگاو بوون لەگەڵ تاریکی شەودا چوونە ئاژداخ خۆیان پەنادا، کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بەرەو سەنگاو شۆڕبوونەوە کە دنیا تاریکی پۆشی چوونە شوێنی دیاریکراو، کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقە لەگەڵ بۆسەی دوژمندا گەیشتنە سەر ماڵەکە، کاک سەرکەوت فەرماندەی مەفرەزەکە بە سەر دیواردا چووە ناو حەوشەی مونەزەمەکە، لە دەرەوەش شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو بۆسەکانی دوژمندا درووست بوو، تەقەی زۆریان لە ماڵی ئەندامەکەی مونەزەمە کرد، کاک سەرکەوت بە سەر دیوارەکەدا دەرباز بوو، پێشمەرگەکانیش بە تەقە بە کۆڵانەکاندا دەرچوون و لە دەرەوەی شار یەکیان گرتەوە.

لەو شەڕەدا سێ سەرباز کوژران، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانەو بێ زیان بوون.

دوای شەڕی سەنگاو کەرتی دووی گەرمیان بەمشێوەیە بوو:

هەولێرنامەی کتێب

- سامان گەرمیانی فەرماندەی کەرتی دووی گەرمیان
- مەفرەزەی یەکەم سەرکەوت فەرماندەی بوو مام ساڵح گۆڕ ئەسپی جێگری بوو
- مەفرەزەی دووەم هەژار فەرماندەی بوو مەحموود سەنگاوی جێگری بوو
- مەفەرزەی سێیەم خالید گەرمیانی فەرماندەی بوو تاهیری حاجی ڕۆستەم جێگری بوو

## چـــــوونە نـــــاو بــــاوەنور

مەفرەزەی یەک و دووی کەرتی (٣)ی گەرمیان چوونە ناو باوەنور بۆ سزادانی ئەوانەی بەنیاز بوون ببن بە جاش، مەفرەزەکان کران بە دوو بەشەوە بەشێک بۆ ناو باوەنور بەشەکەیتریش لە دەرەوەی باوەنور دامەزران.

لە ناو باوەنوردا چوونە سەر ماڵی لێپرسراوی نەقابەی کرێکارانی کشتوکاڵ چوونکە کرێکارانی ناچار دەکرد ببن بە بەعسی، پێشمەرگەکان لە دەرگایاندا نەیکردەوە، کاک سەرکەوت شانێکی لە دەرگاکەدا چوارچێوەکەی شکاند و هێنایانە دەرەوە.

هەر ئەو شەوە چوونە سەر ماڵی جاشێک بە ناوی فەرماندەی مەفرەزەکەیەوە قسەیان لە گەڵدا کرد جاشەکە دەرگاکەی کردەوە کە پێشمەرگەکانی بینی ویستی دایخاتەوە کاک سەرکەوت ملیوانی کراسەکەی گرت و هێنایە دەرەوە، مەحموود سەنگاوی هەر دوو دەستگیرکراوەکەی بردە قەراخ شار.

هەر ئەو شەوە لە باوەنور سیخوڕێکیان لە ماڵ هێنایە دەرو ڕایکرد پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد[١١]، پێشمەرگەکان بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە، لە ناوچەی ڕوغزایی لەگەڵ سیروان تاڵەبانی، حەسەن خاوێی، عەلی چەلەبی و ئاسۆی دەلاک یەکیان گرتەوە، دیلەکانیان تەسلیم کاک سیروان کرد.

[١١] ئەو سیخوڕەی تەقەیان لێکرد بە بریندارى کەوتبووە ئاوی سیروانەوە و خنکابوو.

## شـــــــەڕی هـــــــاوبەش

مەفرەزەکانی کەرتی (٣)ی گەرمیان لەگەڵ مەفرەزەی عەلی ڕەش و سالار دەرەدوێنی یەکیان گرت شەو لە سەرچاوە خەوتن، بەیانی کە ڕۆژهەڵات مەحموود سەنگاوی بە نیازی گۆڕینی ئێشکگرەکان بوو تەماشایکرد سەربازێکی زۆر بە ڕاکردن لە سەرچاوە ڕەتدەبن بەرەو سەرقەڵا، پێشمەرگەکان دوای هێزەکەی دوژمن کەوتن تا سەرقەڵا لەوێ بوون بەدوو بەشەوە.

* مەفرەزەی سالار دەرەدوێنی لە پێشەوە لێیاندەن

* مەفرەزەی کاک سەرکەوت لە پشتەوە لێیاندەن بەڵام نەخشەو پلانی شەڕەکە تێکچوو هێزەکەی دوژمن لە عەلیانەوە بەرەو سێوسێنان دەڕۆیشت پێشمەرگەکان دوایان کەوتن لە نێوان عەلیاواو مەسۆیدا لەگەڵ مەفرەزەکەی کاک گۆران یەکتریان هەڵەکرد[12] دوای یەکترناسینەوە لە عەلیاوا کۆبوونەوە هێزەکەی دوژمن گەیشتبووە تەکیە بڕیاریاندا بچنە سەریان و لێیاندەن.

## شـــــــەڕی تـــــــەکیە

کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لە بەڵخەوە بەرەو تەکیە بەڕێکەوتن، سەردار ناوتاقی لەگەڵ مەفرەزەیەک هاتە لایان نەخشەی شەڕەکەیان دانا:

– سەردار ناوتاقی و چەند پێشمەرگەیەک بە بناری شاخدا بۆ ڕۆژئاوای تەکیە و سەنگەرەکانی پشت ئاوایی.

– سەرکەوت، مەحموود سەنگاوی، مامە عەلە بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە قوتابخانەکەو شوێنەکانیتر.

پێشمەرگەکان لە دوژمن نزیک بوونەوە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی داگیرکەر شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵدا کردن ژمارەیەکی زۆریان لە دوژمن کوشت و بریندار کرد، موقەدەم فەریق فەرماندەی هێزەکانی دوژمن بریندار بوو، دوای زەرەرو زیانێکی زۆر لە دوژمن پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

[12] لە مێژووی شۆڕشی نوێدا زۆر جار پێشمەرگە لە یەکتری گۆڕاون تەقە ڕوویداوەو شەهید و برینداریشیان هەبووە.

هەولێنامەی کتێب

## کـــــــێوماڵی دوژمـــــن
## مـــانگی 1978/12

دوای گەڕانەوەیان لە چالاکییەکە سیروان تاڵەبانی پێیووتن دەبووایە ئەو شەڕە نەکەن، دوژمن ٢٤ هەزار سەربازی هێناوە لە دەربەندی بازیانەوە تا دەربەندیخان کێوماڵی ناوچەکەیان دەستپێکردووە.

سیروان تاڵەبانی مەفرەزەکەی گەرمیانی ئاگادار کرد بگەڕێتەوە، بارانێکی بەخوڕ دەباری تەڕوو تووشی گەیشتبووە سەرجل و گۆشت و ئێسقانی پێشمەرگە مەفرەزەکەی گەرمیان ماڵاواییان لە کاک سیروان کرد لە قۆپییەوە سەرکەوتنە دیوی گەرمیان، قۆپی حەمەی حەواس و حەوت ماڵە پێشمەرگە دۆستەکەیان جێهێشت، هاتنە دیوی گەرمیان و دەنگی کۆپتەر دەهاتە گوێ حەوت کۆپتەر لە پشت تەپە گەڕوس و قەڵاوە سەربازیان دابەزاند ئەو دیوەشیان لێگیرابوو ناچار بە سەر شاخدا سەرکەوتنەوە بەرەو قۆپی و دابەزینەوە ناودێ.

شەو بوو شاهۆ ئێشکگر بوو پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە لە سەر شاخەکەی پشتی زەردە لیکاو بەرد بەردەبێتەوە ڕەنگە هێزی دوژمن هاتبنە ئەوێ.

کاتژمێر شەشی بەیانی هەستان چوونە پشتی ماڵەکان تەماشایانکرد لە سەر لوتکەکان سەربازەکان دەسوڕێنەوە لەگەڵ خۆر هەڵاتن هاتنە ناو دێ.

مامە عەلی لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چوو بووە سەر شاخی (مەڕۆ) مەحموود سەنگاوی چوو بوو بە دوایدا کاتێک گەڕانەوە سەرکەوت و چەند پێشمەرگەیەک مابوون هەموویان ڕۆیشتبوون هێزەکەی خۆیان لە ناو قۆپییەکەدا لێونبوو دلێر قەڵایی و حەسەن کۆڵنەدەر هاتنەوە لایان بوونە چوار کەس.

پێشمەرگەکان هێزەکەی دوژمنیان بەدیکرد کە بوونە دوو بەش، بەشێک ئەوبەری شاخەکەی گرت بەشەکەی تریش کە هێزێکی نۆزدە کەسی بوون و جاشێکیان لە گەڵدا بوو دوای پێشمەرگەکان کەوتن تا پشتی بەلەکجار، پێشمەرگەکان بەرەو سەر شاخ سەرکەوتن دوژمن هەر بەدوایانەوە بوو.

کاک سەرکەوت بڕیاریدا لە هێزەکەی دوژمن بدەن شوێنی پێشمەرگەکان بەرزو لە بار بوو هێزەکەی دوژمن کەوتنە ناو دۆڵێکی باریکەوە، بڕیاردرا تا نزیک نەبنەوە تەقەیان لێنەکەن.

هێزەکەی دوژمن هێندە نزیک بوونەوە ئەستێرەی سەر شانی ئەفسەرەکەیان بەدیدەکرا سێ نەجمە بوو، هەر چوار پێشمەرگەکە دایاننە بەر دەستڕێژی لوولەی چەکەکانیان لەو دۆڵەدا دۆزەخێکیان بۆ داخستن، بە بەرچاوی پێشمەرگەوە یەکە یەکە دەکەوتن، ئەو کێوانە ببوونە گۆڕستانی داگیرکەر لەگەڵ تەقەی پێشمەرگەدا هێزەکانی دوژمن لە هەر چوار لاوە تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد.

پێشمەرگەکان بەرەو سەر شاخ هەڵکشان لە سەر شاخ ڕێگە نەما، کاک سەرکەوت پێشمەرگەکانی لە سەر شان گواستەوە، ڕەوە کۆپتەرێک هاتن و ئەو کێوانەیان دەبێژا.

پێشمەرگەکان چوونە بەلەکجار لە سەرووی دێیەکە چوونە یەکەم ماڵ نان و چایان خواردو هەندێک نانیان هەڵگرت بە خاوەن ماڵیان ووت ئێمە گەرمیانین شارەزا نین شوێنێکمان نیشان بدە تا سبەینێ تیایدا بمێنینەوە ووتی جێگە نییە.

ووتیان لەم چیا گەورەیەی قەرەداخ جێگەیەک نییە ووتی شارەزا نیم.

ووتیان تا لای تەکیە بمانبە ووتی تا بەردەرگا ناتانبەم.

ووتیان باشە بمانخەرە سەر ڕێیەکە، چەند هەنگاوێک لە ماڵ دوور نەکەوتنەوە ووتی ئەوە ڕێگەیە، کاک سەرکەوت توڕە بوو بە پێشمەرگەکانی وت ئێوە کەمێک دوور بکەونەوە ڕوویکردە کابرا ووتی نەیەیت دەتکوژم، هەر چۆنێک بێت تا پشتی تەکیە بردیان لەوێوە مەحموود سەنگاوی شارەزا بوو کابرا گەڕایەوە کاک سەرکەوت دە دیناری بە زۆر دایە.

مەحموود سەنگاوی کەوتە پێش مەفرەزەکە بەفرێکی ئەستوور باریبوو سەرو گوێلاکی ئەو شاخ و کێوو کەلوەزانەی سپی کردبوو لە بازیانەوە تا دەربەندیخان ئاگری هێزەکانی داگیرکەر بوو لە سەر شاخەکاندا کردبوویانەوە.

گڕی ئاگری دوژمن لە سەر شاخەکانی قەراخ، سۆڵە، سێوسێنان، ئەڵلایی، دەشتەکانی دۆڵی قەراخ، شیوو قەدپاڵ و لاپاڵەکانی دیاربوو.

کێومالی دوژمن زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەلام نەیتوانی بە سەر ورەی پێشمەرگەدا زاڵ بێت، دوای (١٠) ڕۆژ کێوماڵ دەیان کەسیان لێکوژرا و لەو کێوانەی کوردستان ڕەق بوونەوە.

## مانگی 1978/12

مەفرەزەیەکی هەرێمی ٥ لە ١٩٧٨/١٢/٦ چوونە ناو شاری سلێمانی و بە ئاربی جی لە مەخفەری قووەی سەربازیاندا

ئەفسەرێک و (٣) پۆلیس بریندابوون.

*هێزی دوژمن لە ١٩٧٨/١٢/١١ هێرشی بەربلاویان کردە سەرناوچەی قەرەداخ و دەستیانگرت بە سەرناوچەکەدا

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە چەندلایەکەوە ڕووبەڕووی بەرگری پێشمەرگە جوامێرەکانی قەرەداخ بوونەوە، لەو شەڕەدا پێشمەرگە (بەیان خالید) ناسراو بە (پۆلا) ڕابەری سیاسی کەرتی قەرەداخ بەدیل گیرا، ئەم هاوولاتیانەش شەهید کران

١- شەهید ئیبراهیم عەلی حاجی ئەمین – گەرمیان

٢- شەهید حمە صالح حاجی حەمە عەزیز – گەرمیان

٣- شەهید ئاسکە حسێن- سێوسێنان

٤- شەهید حەسەن ئەحمەد- باخچەی- شارەزوور

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٨/١٢/١٢ لە مەرکەزی پۆلیسی سەرقەلایاندا و شەش پۆلیس کوژران.

*١٩٧٨/١٢/١٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) چوونە سەر هێزێکی دوژمن لە تەکیەی قەرەداخ ، بە ئاربی جی و چەکیتر لێیاندا

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و (٢٠) سەرباز و برینداربوونی ئەفسەرێک.

*١٩٧٨/١٢/١٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی قەرەداخ لە قۆپی قەراخ بۆسەیان بۆ هێزێکی دوژمن دانا، دوای شەڕێکی یەک کاتژمێری و نیوی (٧) سەرباز کوژران

## هـــــــــــەرێمی پـــــــێنج
## ســــــاڵی 1978

هەرێمی (٥) لە (٣) کەرت پێکهاتبوو:

سیروان تاڵەبانی فەرماندەی هەرێم

- گۆران تلەزەیتی فەرماندەی کەرتی (١)ی قەرەداخ
- مام ڕۆستەم فەرماندەی کەرتی (٢)ی بازیان
- سامان گەرمیانی فەرماندەی کەرتی (٣)ی گەرمیان و جێگری هەرێمی (٥)

خالید گەرمیانی فەرماندەی دەستەکەی سیروان تاڵەبانی بوو

کەرتی گەرمیان (٢) مەفرەزەی هەبوو:

- هەژار تەپەگەڕوزی فەرماندەی مەفرەزەی (١) بوو
- سەبار خەڵکی قەڵای تەپەگەڕۆز جێگری بوو
- سەرکەوت خەڵکی خێڵی ئاخە فەرماندەی مەفرەزەی (٢) بوو، مام ساڵح جێگری بوو

دواتر خالید گەرمیانی گواسترایەوە کەرتی (٣)ی گەرمیان وکرایە فەرماندەی مەفرەزەی (٣).

## چـــــــالاکی
## ســــــەنگاو- قـــــــادرکەرەم

مانگی ١٩٧٨/١٢ مەفرەزەی (٣)ی کەرتی (٣)ی گەرمیان بە فەرماندەیی خالید گەرمیانی لە نێوان ڕێگای سەنگاو قادرکەرەم لە ڕەبییەی سەرگەڕاویاندا.

## جـــــەردە- چـــــــەتە

دیاردەی چەتە و جەردە لە دێهاتەکانی کوردستاندا نامۆ نییە، لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێدا لە ناو دێهاتەکاندا چەتە و جەردە سەریهەڵدا بوو هەندێک خەڵک بە ناوی پێشمەرگەوە دەچوونە سەر ماڵی خەڵک، پارەیان لە خەڵک دەسەند خەڵکیان ڕووت دەکردەوە.

چەتەگەری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هەبوو بە ناوی پێشمەرگەوە

ئازاری خەڵکیان دەدا، هەرێمی (٥)ی قەرەداخ ئەو دیاردەیەیان کۆتایی پێهێنا.
دوای باڵا دەستبوونی هەرێمی (٥) بە سەر گەرمیان و قەراخدا دیاردەی چەتەگەری و ڕاووڕووت بە یەکجاری کۆتایی هات.
ئەو چەکدارانەی ڕاوو ڕووتیان دەست دابوویە یان وازیان هێنا یان تەسلیم بە ڕژێم بوونەوەو بوونە جاش.

## دێـــی چـــاوشین- تــەپە گــەڕوس

١٩٧٨/١٢/٢١ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە دێی چاوشین ٣ جاشیان کوشت کە دوژمن لە دەربەندیخان بەریدابوون بۆ جاسوسیکردن دژی شۆڕش
دەستکەوت ٣ برنەو، ١ تفەنگی ئینگلیزی، ١ دەمانچە
*١٩٧٨/١٢/٣٠ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە دێی تەپەگە ڕووسی گەرمیان لەلایەن جاشەوە گەمارودران و شەڕ دەستیپێکرد لە شەڕەدا شەش پێشمەرگە بەدیلگیران کە دوانیان بریندار بوون

## لـــــێدانی مــامە ڕیــــشە
## کــوشتنی (ك)

تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج لە ژێر ناوی پێشمەرگە نێردرابوونەوە ناوچەی گەرمیان شەڕی یەکێتی بکەن تا سەغڵەت دەبن هەر کات سەغڵەت بوون تەسلیم بە ڕژێم ببنەوەو ببنە جاش هەر حسابی پێشمەرگەی پارتیتان بۆ دەکەین.
پێش ئەوەی تەسلیم بنەوە دەچنە ناوچەی قایتەوەن بەرەو ژاڵە دەڕۆن کۆپتەر دێتە سەریان و حەوت کەسیان بەردەکەون، یەکێک لەوانە کادیر دەبێت جانتاکەی دەکەوێتە دەست دوژمن، جانتاکە (١٠٠) ناوی تیادا دەبێت، ڕژێمی عێراق ناوەکانی بە پێی لیست دەستگیر کردوو سزای بە سەردا سەپاندن، یەکێک لە دەستگیرکراوو حوکمدراوەکان «ک» بوو.
(ک) سزای لە سێدارەدانی بە سەردا سەپێندرا بوو، دەزگای ئیستخباراتی عێراقی (ک) یان بانگکردبوو پێیانوتبوو دەتنێرین چالاکییەک ئەنجامبدەیت سامان گەرمیانی

یان خالید گەرمیانی ئەگەر دەستت بگاتە سیروان تاڵەبانی ئەوە باشترە یەکێک لەوانە بکوژەو وەرەوە لە چەمچەماڵ مەفرەزەیەکت بۆ درووست دەکەین ئۆتۆمبیل و خانووت دەدەینێ لە سزاکەشت دەتبورین، (ک) بە داواکەی ئیستخبارات ڕازی بوو.

ئیستخباراتی عێراقی (ک)یان هێنایە چەمچەماڵ بڕنەوێکیان دایەو ناردیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.

(ک) شارەزای ناوچەکە بوو چووە ماڵی مام شکور لە تاڵەبان دوای نانخواردن دەڵێت دەچم دەبمە پێشمەرگە.

نەجمەدین کوڕی شکور گەنجێکی خوێن گەرم و دڵ گەرم شەیدای پێشمەرگایەتی و تێکۆشان بوو بێ ئاگا لەوەی (ک) بۆچی هاتووەو مەبەستی چییە دەڵێت منیش دێم لە گەڵتا دەبمە پێشمەرگە.

ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) زۆر بەهێز بوون لە ناو سوپای عێراق و دامودەزگاکانی دوژمن خەڵکیان چاندبوو ڕێکخستنیان درووست کردبوو.

ڕێکخستنەکان هەرێمی (٥)و سیروان تاڵەبانیان لە هاتن و مەبەست و جوڵەی (ک) ئاگادار کردبووەوە کە چۆن دێت و بۆچی دێت.

هێزێکی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی سیروان تاڵەبانی لە مەسۆیی سەرچەم بوون، (ک) و نەجمەدین چوونە لای سیروان تاڵەبانی هەر دووکیان دەستگیرکران بڕنەوەکەیان لە کامیل سەند.

سیروان تاڵەبانی لە (ک) پرسی تۆ لە بەغدا بەند بوویت سزادراویت پێمان بڵێ چۆن ئازاد کراویت، (ک) هەندێ پاساو دێنێتەوە دەڵێت من هیچم نەدرکاندووەو دانم بە هیچدا نەناوە بۆیە ئازاد کراوم، کاک سیروان پێیدەڵێت تۆ سزای لە سێدارەدانت بە سەردا سەپاوە هیچ لێبوردنێک دەرنەچووە تا ئازاد بکرێیت، تۆ چۆن ئازاد کراویت، ئێمە دەزانین ئیستخبارات تۆی ناردووە بێیت ببیت بە پێشمەرگە چالاکییەک ئەنجامبدەیت دواتر بگەڕێیتەوە لە چەمچەماڵ مەفرەزەیەکت بدەنێ، خانوو ئۆتۆمبیلت پێ ببەخشن، لە سزاکەت بتبوورن و پارەشت بدەنێ، (ک) دان بە



هەواڵنامەی کتێب

ڕاستییەکەدا دەنێ چۆن و بۆچی هاتووە.

نەجمەدین شکور تاڵەبانی لەگەڵ (ک)دا هاتبوو کاک سیروان لێی پرسی تۆش لەگەڵ ئەم پیاوەدا هاتوویت نەجمەدین ووتی بەڵێ، پرسی چۆن هاتوویت نەجمەدین ووتی ئەم پیاوە هاتە ماڵمان لە تاڵەبان ووتی دەبمە پێشمەرگە منیش لە گەڵیدا هاتم تاوەکو ببمە پێشمەرگە.

پێشمەرگە زۆریان لە (نەجمەدین)دا لە پەلوپۆیانخست بەلۆکە ئاویان دەکرد بەدەمیدا، بەڵام نەجمەدین بێتاوان بوو ئاگای لە هیچ نەبوو (ک) نەدەناسی تەنها ئەو ڕۆژە (ک) بینیبوو کە هاتبووە ماڵیان.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) لە مەسۆیی سەرچەمەوە بەرەو خانی خواروو بەڕێکەوتن، لە خانی خواروو ووتیان نەجمەدین دەمرێت.

لە خانی خواروو (نەجمەدین)یان تەسلیمی مام ئەمین کرد، سیروان تاڵەبانی بە مام ئەمینی ووت ئەم کابرایە ڕەنگە لێرە بمرێت ئەگەر لێرە مرد یان لێرە بە خاکی بسپێرن یان بینێرنەوە بۆ تاڵەبان.

(نەجمەدین) یان لە خانی خواروو بەجێهێشت (ک)یان لەگەڵ خۆیاندا برد هاتنە بناری سەنگاو تا کاک سیروان ڕەوانەی قەرەداخ بکەنەوە.

هێزەکە چوونە تیلەکۆی قەلەندەر، نەجمەدین بەدوایاندا هاتبووە تیلەکۆ، هێشتا دوو ڕۆژ تێپەڕ ببوو بە سەر جێهێشتنی لە خانی خوارو ووتیان ئەم کابرایە زیندوو بووەتەوە هاتووە بەدواماندا.

سیروان تاڵەبانی بە نەجمەدینی ووت تۆ کوڕی پیاوێکی هەژاریت وازمان لێبێنە با نەتکوژین لەم ناوە مەمێنە کوشتمانی بەڵام تۆ زیندوو بوویتەوە، نەجمەدین بە ناچاری ڕۆیشت، (ک) لە ناوچەی قەرەداخ گوللەبارانکرا.

## دیـــــسان نـــــەجمەدین

پێیاننایە ساڵی ١٩٧٩ خالید گەرمیانی و شێخ کەریم و دوو پێشمەرگەیتر بە جەولە چوونە قایتەوان چەند موختارێکیان دەستگیرکرد مووچەی ڕژێمیان هەبوو بە بڕیاری شۆڕش بەشێکی مووچەکەیان لێسەندن بۆ شۆڕش پارەکە بۆ کڕینی

پێداویستی و تەقەمەنی و جلوبەرگی پێشمەرگە خەرجکرا.

لە قایتەوەن پیاوێک هات بۆ لای خالید گەرمیانی ناوی مام واحید بوو ووتی کاک خالید کوڕێکی خزمم چەکێکی پێیە بە تەنیا لەم دێیانە جەولە دەکات، کتێبی عەرەبی و ئەو کتێبانەی باس لە حزبی بەعس ئەکەن دەسوتێنێ جاشەکانیش چاودێری دەکەن ڕۆژێک تیادەچێت خالید گەرمیانی لە مام واحیدی پرسی خزمەکەت کێیە، مام واحید ووتی ناوی نەجمەدینە، خالید گەرمیانی ووتی کاتی خۆی ئێمە لێماندا، دەرمانکرد نەمانکردە پێشمەرگە، مام واحید ووتی بیکەنە پێشمەرگە بە خوا لە ناو دەچێت خالید گەرمیانی بە مام واحیدی وت تۆ کەفالەتی ئەکەیت مام واحید ووتی کەفالەتی ڕۆحی دەکەم بیکەنە پێشمەرگە خالید گەرمیانی ووتی مام واحید ئێمە دەگەڕێینەوە ناو زەنگنە بنێرە بەدوایدا دەیکەینە پێشمەرگە.

دوای سێ ڕۆژ مەفرەزەکەی خالید گەرمیانی لە دەوری سپی سەرو تۆپخانە بوون نەجمەدین هاتە لایان و لە مەفرەزەی خالید گەرمیانی بووە پێشمەرگە، گورجوگۆڵ و ئازاو چەلەنگ بوو دواتر گواسترایەوە کەرتی چوارو کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

## خـــــالید گـــــــەرمیانی

خالید گەرمیانی پیاوێکی ژیرو و وریا بوو لە لایەک کوڕە مەلا بوو لە لایەک لە ناو حزبی شیوعی پێشمەرگایەتی کردبوو، کوردپەروەرێکی پاک و بێگەرد بوو مامۆستای شەڕی پارتیزانی بوو کەسێکی زۆر وورد بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاوی خەڵک و جێگەی متمانەی خەڵک بوو.

لە شەڕەکاندا مانەوەی پێشمەرگەی لا گرنگ بوو ئەگەر لە سنووری قادرکەرەم چالاکییەک بکرایە دەیووت با چەند کاتژمێرێک ماندوو بین بەڵام گیانی پێشمەرگە سەلامەت بێ، لە دوای هەر چالاکییەک لانیکەم شەش کاتژمێر دوور دەکەوتنەوە لە شوێنی چالاکییەکە لە بەر ئەوەی دوژمن نەیاندۆزێتەوەو شوێن پێیان هەڵنەگرێت.

خالید گەرمیانی پێیوابوو دەبێت زۆرترین گورز لە دوژمن بدەین بەڵام کەمترین

زیانمان بەرکەوێت، لە زۆربەی چالاکی و پێشهاتەکاندا پرسی پێدەکراو بیروڕای وەردەگیرا.

مەفرەزەکەی خالید گەرمیانی گوێدرێژێکیان هەبوو شەکرو چایی و کتری و خواردنیان پێهەڵدەگرت، خالید گەرمیانی ناوی کەرەکەی نابوو شاوەیس، ئێوارە دەچوونە دێکان نانی ئێوارەیان دەخوارد، نانی دووژەمیان لە ماڵەکان وەردەگرت و دەچوونە دەرەوەی دێیەکان.

## بـــــۆسەی پـــــــێشمەرگە

سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ کەرتی دووی گەرمیان لە سەر ڕێگەی قەترە، خوارووی بانیخێڵانەوە بۆسەیەکیان داناو ژمارەیەک ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت، سەرنشینە کوردەکان سامان گەرمیانی قسەی بۆکردن، عەرەبەکان مەلا برایم.

هێزەکانی داگیرکەر لە دەربەندیخانەوە بەرەو بۆسەی پێشمەرگەکان هاتن بە هاوەن و دۆشکا تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد، پێشمەرگەکانیش هێرشیان کردە سەر هێزەکەی داگیرکەرو پاشەکشەیان پێکردن.

## چـــــەند چـــــــالاکییەك
## کـــــانوونی دووەمــــــی 1979

مانگی (١)ی ١٩٧٩ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی خالید گەرمیانی شەو چوونە ناو قادرکەرەم و لە فەرمانگەی کارەباییاندا، هەمان مانگ لە نێوان دووز قادرکەرەم چالاکییەکیان ئەنجامدا، مەفرەزەی (٣)ی کەرتی (٣)ی گەرمیان لە کانی شیرینەکە بۆسەیەکیان دانا دوو ئۆتۆمبیلی ئیشغال لە نێوان قادرکەرەم دووز قیریان دەگواستەوە ئۆتۆمبیلەکانیان ڕاگرت و سووتاندیانن.

لە کاتی گرگرتنی ئۆتۆمبیلەکان لە قادرکەرەمەوە لێپرسراوی مونەزەمەی قادرکەرەم بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هات پێش ئەوەی بکەوێتە بۆسەکەوە بە پێشمەرگەکانی زانی و بە بەگ گەڕایەوە، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد بەڵام دەربازی بوو.

## چـــــــالاکی غــەڕەو پــەلکانە

غەڕەو پەلکانە بیری نەوتی لێبوو پۆلیسی شەریکەی نەوت پاسەوانی بوو، ڕۆژانە ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس لە دوزەوە دەهات بۆ سەر بیرە نەوتەکە خواردنی دەهێناو وەجبەکانی دەگۆڕی.

مانگی ١٩٧٩/١ مەفرەزەی (٣)ی گەرمیان بە فەرماندەیی خالید گەرمیانی لە ئۆتۆمبیلەکەیانداو چەند پۆلیسێکیان کوشت.

دوای لێدانی ئۆتۆمبیلەکەی پۆلیس مەفرەزەکە گەڕانەوە ئەو شەوە بەڕێوە بوون تا بەرە بەیان گەیشتنە خۆرنەوازان.

## چـــالاکی – ســـەنگاو سلێمانی – کـــفری

لە ١٩٧٩/١/٤ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) چوونە سەر هێزێکی دوژمن لە دێی گڕاوی گەرمیان

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/١/١٢ چوونە ناو شاری سلێمانی و بە ئاربی جی لە مەرکەزی پۆلیسی سەرشەقامیاندا

*ڕۆژی١٩٧٩/١/١٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە دێی گوڕبازی قەرەداخ لەگەڵ گەلە جاشێک تووشی شەڕ هاتن

دوو جاش کوژران و دوان بریندار بوون

زیانی پێشمەرگە برینداربوونی دوو پێشمەرگە بوو.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/١/١٦ چوونە ناو شاری سەنگاوو لە هێزێکی مغاویریاندا، زیانی دوژمن کوژرانی (٥) مغاویربوو

## چوونە کفری

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/١/٢١ چوونە ناو شاری کفری نزیکەی چوار کاتژمێر لەناو شاردامانەوە

مەفرەزەکە بە ئاربی جی لە دائیرەی تەجنیدی کفری و ئۆتۆمبێلێکی وازی سەربازییاندا دوژمن لە تۆڵەی زیانەکانی زیاتر لە (١٠٠) کەسی لە دانیشتوانی کفری

گرت، سەرباز و ئەفسەری سەیتەرەی کفری و ژمارەیکی زۆر ئەمن و ئیستخباراتی خۆیگرت، زیانی دوژمن کوژرانی یەک ئەفسەر و کوژرانی (٢٣) سەرباز

## لــــێدانی تــــەجنیدو مــــەرکەزی کــــفری چــــوونە نــــاو کــــفری

هێزێکی کەرتی (٣)ی گەرمیان بە فەرماندەیی سامان گەرمیانی فەرماندەی کەرتی (٣)ی گەرمیان و خالید گەرمیانی فەرماندەی مەفرەزەی (٣)ی گەرمیان چوونە ناو شاری کفری و لە مەرکەزو تەجنیدی کفری یاندا.

رۆژی ١٩٧٩/١/٢١ کەرتی ٣ی گەرمیان پلانی چوونە ناو کفری و لێدانی تەجنیدو مەرکەزی کفری دارشت بەمجۆرە:

- مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی خالید گەرمیانی بۆ سەر تەجنیدی کفری
- مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی سامان گەرمیانی بۆ سەر مەرکەزی ئیمام محەمەد

پێش ئەوەی بچنە ناو کفری چوونە دێی دوانزە ئیمام کۆبوونەوەیان بەدێیەکە کرد دوای کۆبوونەوەکە نانیانخواردو لەگەڵ تاریک بووندا چوونە ناو کفری.

چوار پێشمەرگە لەمبەری ئیمام محەمەد بە کەمین دانران نەوەک لە کاتی گەڕانەوەدا پشتیان بگیرێت.

- خالید گەرمیانی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە سەر تەجنیدەکەی کفری و دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو پاسەوانەکەیان کوشت.
- سامان گەرمیانی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە سەر مەرکەزی ئیمام محەمەدو بە ئاربیجی لێیاندا.

شەوێکی باران و لێزمە بوو دوای لێدانی تەجنیدو مەرکەزەکە گەڕانەوە، ئەو چالاکییە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو بۆ ئەو سەردەمە گرنگ بوو لە ناو شاری کفری چالاکی بکرێت.

## ســــالیادی شــــەهید ئــارام – چــالاکی

دوژمن کامل طیب دێوانەی ناردبووە نازچەی قەرەداخ بۆ جاسوسی و خراپەکردن پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/١/٢٤ دەستگیریانکرد .

دەستکەوت دوو برنەوبوو

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/١/٢٩ لە شێخ تەوێڵ ڕووبەڕووی گەلەجاشێک بوونەوە و لێیاندان

١٩٧٩/١/٣١ بەبۆنەی ساڵێک بەسەر شەهیدبوونی شاسوار جەلال (ئارام) دا مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) چوونە سەر گەلە جاشێک لە دێی بەردەکەڕی شارەزور، دوژمن بە فڕۆکە هێزی گەیاندە جاشەکان، شەڕ چوار کاتژمێری خایەند

زیانی دوژمن کوژرانی (٤) جاش و بریندابروونی (٣) جاش

زیانی پێشمەرگە بریندارب‌وونی چوار پێشمەرگە

هەر لە ساڵیادی شەهید ئارامدا مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) چوونە ناو شاری سلێمانی و لە هێزێکی دوژمنیاندا، دوژمن زیانی پێکەوت

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی دکتۆر بەختیار خالید ئەندامی کۆمیتەی مارکسی لینینی کوردستان بوو.

## مانگی 1979/2

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوون لە سەرباز و جاش ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١ پەلاماری بەردەکەڕی ناوچەی شارەزوریاندا.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕێکی جوامێرانەیان لەگەڵدا کردن.

## ڕێـــگای ســـەنگاو دەربـــەند
## کـــۆتایی مـــانگی 1979/2

ڕێگەیەک لە سەنگاوەوە بۆ دەربەندیخان، لە دەربەندیخانیش ڕێگایەک بەرەو سەنگاو درووستدەکرا تاوەکو لێکی بدەنەوە.

درووستکردنی ئەو ڕێگایە بۆ پێشمەرگە زیانی زۆر بوو چوونکە دوژمن ڕەبییەی لێدادەناو هاتووچۆی پێشمەرگەی سنووردار دەکرد، پێشمەرگە مەبەستیان ئەوە بوو ئەو ڕێگایە درووست نەکرێت.

ئەو گەلابەو شۆفلانەی کە دەهاتن بۆ لێدانی ڕێگەکە هێزێکی سەربازی پارێزگارییان لێدەکردن، زانیاری گەیشتە پێشمەرگە بەیانی دوو مودەڕەعە و سریەیەکی سەربازی لەگەڵ گەلابەو شۆفڵەکاندا دێن، ڕێگەکە لە بانیخێلانەوە بەرەو دەرەدۆین و بەرکەل و چرچەقەڵا خەریک بوو دەگەیشتە بەرکەل.

پێشمەرگەکانی کەرتی «٣»ی گەرمیان شەو لەو ڕێگەیە دامەزران بەیانی گەلابەو شۆفڵەکان هاتن هێزێکی سەربازیان لە گەڵدا بوو مودەڕەعەیەک لە پێشەوە یەکێک لە دوای هێزەکەوە دەڕۆیشت.

سەربازەکان چوونە بەرزاییەکان بۆ پارێزگاری لە گەلابەو شۆفڵەکان دامەزران، پێشمەرگەکانی کەرتی «٣»ی هەرێمی (٥) لە هێزەکەی دوژمنیانداو حەوت سەربازیان لێکوشتن.

## قـــــادر کـــــەرەم خـــــێوەتە

پێشمەرگەکانی کەرتی گەرمیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/٢ سەیتەرەیەکیان لەسەر ڕێگەی قادر کەرەم سەنگاو دانا ، دوای ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلکی زۆر خەڵکەکەیان کۆکردەوە و بەرنامە و ئامانجی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە.

هەمان کەرت لە ١٩٧٩/٣/١١ لەسەر ڕێگەی سەرقەڵا کەلار سەیتەرەیەکیان دانا دوای ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل و کۆکردنەوەی سەرنشینەکانی ڕێبازی (ی.ن.ک) یان بۆ ڕوونکردنەوە.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/١٢ نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو ماڵی قایمقامی دەربەندیخانەوە.

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/١٤ ڕەبییەی سەربازەکانی خێوەتەیان گوللە بارانکرد، لەئەنجامدا دوو سەرباز کوژران و (٣) سەربازیش بریندار بوون

مەفرەزەیەکی کەرتی گەرمیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/١٧ چوونە ناو دێی شێخ لەنگەری نزیک کەلارو مۆلگەی جاشەکانیان گوللەبارانکرد.

## شـــــەڕی نـــــەمەڵ
## بەهـــاری 1979

هێزێکی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی سیروان تاڵەبانی کە پێکهاتبوون لە بەشێک لە کەرتەکانی هەرێم بەرەو ناوچەی شارەزوور بەڕێکەوتن چوونە دێی (نەمەڵ).

ئێوارە سیروان تاڵەبانی خەڵکی دێیەکەی کۆکردەوەو کۆبوونەوەی پێکردن دوای کۆبوونەوەکە لە (نەمەڵ) نانیانخوارد دوای نانخواردن (نەمەڵ)یان بەجێهێشت و چوونە بناری کانی هەنجیرو سێتەڵان.

جاشەکانی زەڕایەن حەمەخان و بایز بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان، هێزەکەی هەرێمی (٥) لە کانی هەنجیر بوون جاشەکان شەو هاتبوون دەوری سێتەڵانیان گرتبوو، فیرارێک لە سێتەڵان دەرچوو جاشەکان تەقەیانلێکرد بەو تەقەکردنەدا پێشمەرگەکان زانییان جاشی لێیە.

هێزەکەی هەرێمی ٥ هێرشیانکردە سەر جاشەکان بەشی شاخەکەیان لێسەندن، جاشەکان شکان شوێنێکی کەمیان لە شاخەکە بەدەستەوە مابوو لەو هێرشەدا سیروان تاڵەبانی بریندار بوو فیشەکێک لە سەریدا چیغی کرد برینەکەی قوڵ نەبوو دوای بریندار بوونی سیروان تاڵەبانی خالید گەرمیانی بریندار بوو بەڵام برینەکەی ئاسان بوو.

دوای بریندار بوونی خالید گەرمیانی جەمال فیشەکێک لە سەر دڵیداو لە پشتییەوە دەرچوو، جەمال بە برینداری کەوتە نێوان جاش و پێشمەرگەکان، بەرگرییان لە سەر کرد تا نەکەوێتە دەست دوژمن.

هەولێرنامەی کێتب

کاتژمێر نۆی بەیانی بوو کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، قوات خاسە هاتن بۆ پشتیوانی جاشەکان، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا بەرپا بوو.

پێشمەرگەکان بە جەمالیان ووت پشتت چۆڵناکەین ناهێڵین بکەویتە دەست دوژمن هەوڵبدە بە سکە خشێ بەرەو ئێمە بێیت.

جاشەکان بە سەر شوێنی جەمالدا زاڵ بوون پێشمەرگەکان تا نیوەڕۆیەکی درەنگ تەقەیان لە سەرکرد.

خالید گەرمیانی هەر چەند بریندار بوو بە جەمالی ووت دێینە نزیکتەوە پشتێنت بۆ هەڵئەدەین پشتوێنەکە بگرە ڕاتدەکێشین، پێشمەرگەکان چوونە نزیک جەمال دوو پشتێنیان بەیەکەوە گرێداو بۆیان هەڵدا جەمال پشتێنەکەی گرت کلاشینکۆفەکەی کردە ملی تاقمەکەی لە پشتیدا بوو، جەمالیان ڕاکێشاو ڕزگاریانکرد لە سێتەلان وولاخێکیان بۆ پەیدا کردو بەرێیانکرد.

کە شـەو داهـات هێزەکەی دوژمـن بە زیانی زۆرەوە گـەڕانـەوە زەڕایـەن، پێشمەرگەکانیش کشانەوەو چوونە مچەکوێر.

جەمال خوێنی زۆری لێڕیشتبوو برسی بوو داوای نانیکرد، لە ماڵێک دوو هێلکەیان بۆ کولاندو بەنانەوە خواردی.

شـەو چـوون دکتۆریان هێنا کاک سیروان و خالید گەرمیانی و جەمالیان تەداویکرد، بۆ بەیانی سیروان تاڵەبانی کڵاوو جامانەیەکی بە سەر برینەکەیەوە کردە سەری بە پێشمەرگەکانی ووت با بچینە سێوسێنان بۆ ئەوەی خەڵک بمانبینێ هەواڵ بگاتە حکومەت کە سیروان تاڵەبانی بینراوەو بریندار نەبووە.

لە کاتی ڕۆیشتندا خێزانەکەی سیروان تاڵەبانی ووتی هاوڕێ ورەت بەرز بێت گوێی مەدەرێ کاک سیروان پێیووت مادام تۆ ئەوەندە ورەت بەرزە ئەوە حسابکە بریندار نیم.

کاتژمێر»٣«ی ئێوارە چوونە سێوسێنان خەڵک بینی کە سیروان تاڵەبانی بە پێی خۆی دەڕوات و بریندار نییە، سێوسێنان دێیەکی قەرەباڵغ بوو خەڵک زۆر هاموشۆی دەکرد بۆیە چوونە ئەوێ.

## دەرمـــانخواردکردنی ســـامان گـــەرمیانی
## 1979

مامۆستایەک لە مەسۆیی سەرچەم بوو سامان گەرمیانی سەردانیکرد ماوەی نیوکاتژمێر لای مایەوە.

دوای هاتنە دەرەوەی لە ماڵی مامۆستاکە بەرەو فەقێ مستەفا بەڕێکەوتن، پیاوێک هەبوو لە مەسۆیی سەرچەم سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو ئەو پیاوە چوو بووە سەردانی دێیەکانیتر، لەو کاتەی سامان گەرمیانی و هاوڕێکانی خەریک بوو لە مەسۆیی سەرچەم دەردەچوون ئەو بەرەو مەسۆیی دەگەڕایەوە، لە ڕێگا چاوی بە کاک سامان کەوت پێیووت من زانیارییەکم لایە بەڵام چەند ڕۆژە ئێوەم نەبینیوە تا پێت بڵێم.

پیاوەکە بە کاک سامانی ووت نەچوویتە لای فلان مامۆستا سامان گەرمیانی ووتی بەڵێ سەردانم کردووە، پرسی هیچت نەخوارد، کاک سامان ووتی پرتەقاڵێک و هەنارێکم خواردووە پیاوەکە کە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، بە کاک سامانی ووت من زانیارییەکم هەیە ئەم مامۆستایە دوژمن ڕایسپاردووە یان تۆ یان هەر برادەرێکیتر دەرمانخوارد بکات دڵنیابە دەرمانخوارد کراویت.

دوای بیستنی ئەو هەواڵە چەند پێشمەرگەیەک گەڕانەوە مامۆستاکەیان دەستگیر کردو بردیان، شیریان دایە سامان گەرمیانی بۆ ئەوەی بڕشێتەوەو ئەوەی خواردوویەتی بیهێنێتەوە.

کە شەو داهات بە پەلە چوونە کربچنە یاریدەدەرێکی پزیشکی لێبوو حەمەی شێخ عەبدولکەریم لە کربچنە تەکیەو خانەقای هەبوو یاریدەدەری پزیشکەکە ووتی سرنجێک خوێنم بۆ بگرن دەینێرینە بەغدا تا بزانین دەرمانخوارد کراوە.

سرنجێک خوێنیان لە کاک سامان وەرگرت شێخ محەمەد دایە دەست کەسێک دوای چەند ڕۆژێک ئەنجامەکەی گەڕایەوە لە پشکنینەکەدا دەرکەوتبوو دەرمانخواردکراوە بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، مامۆستاکە بە سرنج ژەهری کردبووە ناو پرتەقاڵەکەوە سامان گەرمیانی پرتەقاڵەکەی خواردبوو.

مامۆستاکە دەستگیرکرابوو زۆریان لێدا بەڵام نکۆڵی لە تاوانەکەی دەکرد ئەنجامی پشکنینەکەیان نیشان داو ووتیان ئەوە دەیسەلمێنێ ژەهرت کردووەتە ناو پرتەقاڵەکەوە، مامۆستاکە زانی بەڵگەکان ڕاستن و دەرفەتی نکۆڵی کردن نەماوە دانی بەوەدانا کە لە سەر داوای دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم سامان گەرمیانی ژەهر خوارد کردووە.

دوای ئاشکرا بوونی ڕاستییەکان و داننان بە تاوانەکەیدا مامۆستا بە سزای تاوانەکەی گەیشت و گوللەبارانکرا.

دوای ئەوەی سامان گەرمیانی سەردانی وولاتی ئێرانیکرد بۆ چارەسەر دەرکەوت دەرمانەکە کاریگەری لە سەر چاوی هەبووە.

## کـــــــەرتی بـــازیان – چـــالاکی

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/٢١ بۆسەیەکیان بۆ کۆمەڵێک پۆلیسی ناحیەی سەنگاو دانا و پۆلیسێک کوژرا

هەمان مەفرەزە لە ١٩٧٩/٣/٢٠ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەی هێزێکی دوژمن لە ئاهەنگی قەشقۆڵی نزیک معسکەر سەلام دانا و لێیاندان ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژران و برینداربوون.

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/٢٤ سەیتەرەیەکیان لە گەڕەکی حاجیاوا دانا ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان کۆکردەوە و بەرنامەی (ی.ن.ک) یان بۆ ڕووەنکردنەوە .

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٣/٢٦ بۆسەیەکیان لە دێی تیماری قەرداخ دانا و هێزێکی گەورەی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە.

دوای شەڕێکی جوامێرانە (٥٠) سەرباز کوژران و (٣) سەربازیش برینداربوون نەقیب غازی فەرماندەی هێزەکە کوژرا.

لەو ماوەیەدا (٥) مین لەناوچەکانی شاخی گوڵان، تلەزەیت، کاتی پانکە، چێندران و تەقینەوە

(١٧) سەرباز کوژران و (١١) سەرباز بریندابوون

## شـــــــــەڕی بـــــانیخێڵان
## بەهـــاری ســـاڵی 1979

کەرتی یەکی قەرەداخ لە ناوتاق بوون دوژمن کێومالّی سەرتاسەری دەستپێکرد مەفرەزەکان بە سەر ناوچەکەدا دابەش بوون تا دوژمن نەیاندۆزیتەوە چەند ڕۆژێک لە شاخی ناوتاق و سۆڵە خۆیان پەنادا.

ئێوارەیەک هاتنە ئیمام قادر هێزێکی گەورەی دوژمنیان بەدیکرد لە باوەخۆشێنەوە دەهاتن بۆ چەمرگە، پێشمەرگەکانی کەرتی قەرەداخ چوونە جادەی تایەر مشێر نێوان باوەخۆشێن و ئیمام قادر هێزەکەی دوژمن شپرزەو ماندوو بوون.

پێشمەرگەکان لە بەرزایی تایەر مشێر دامەزران لە هێزەکەی دوژمن هاتنە دەست و بیست سەربازیان کوشت، دوای لێدانی هێزەکەی دوژمن کشانەوە دواوە.

## پـــــەلاماری دوژمـــن – چـــالاکی

مەفرەزەیەکی کەرتی گەرمیان هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٤/٣ چوونە سەر گەلەجاشێکی زەڕایەن لە دێی تەنگیسەر.

زیانی دوژمن کوژرانی (٧) جاش و برینداربوونی (٥) جاشیتر.

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٥ دوژمن هێرشی بەربڵاوی هێنایە سەرناوچەکانی قەرەداخ، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) لە نزیک مەسۆیی بەرەنگاری بوونەوە و تا دێی تەکیە ڕاویاننان.

دوژمن زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت، پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) قەرەداخ لە ١٩٧٩/٤/١٧ (مین) ێکیان لەسەر ڕێگەی سەربازەکانی دوژمن دانا، مینەکە تەقییەوە دوو سەرباز کوژران.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٤/١٨ هێرشیانکردە سەر ئۆتۆمبێلکی سەربازی، دوو سەرباز کوژران و سەربازێک برینداربوون

مەفرەزە هاوبەشەکەی لقی (٢) ی.ن.ک و کەرتی گەرمیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٤/٢٠ چوونە سەر جاشەکانی قالە فەرەج لە دێی تەپە عەرەب

(١٠) جاش کوژران و (٦) جاش برینداربوون. پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.

## شەڕی تەپە عەرەب

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٩ عومەر سەنگاوی پێشمەرگەی مەفرەزەکەی کاک سەرکەوت لە دووڕیانی جامرێز مەسۆیی کەوتە بۆسەی جاشەوە عومەر سەنگاوی ڕزگاری بوو جاشەکان دوایکەوتن.

کەرتی دووی گەرمیان لە دێی دەرەوار بۆسەیەکیان بۆ جاشەکان دانا بەڵام نەکەوتنە ناوی، پێشمەرگەکان دوای جاشەکان کەوتن لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٠ لە ناو دێی تەپە عەرەب شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاشدا درووست بوو شەڕ تا کاتژمێر ٧ی ئێوارەی خایاند، جاشەکان شکان و هەڵاتن.

زیانی جاش:

کوژرانی ٨ جاش و بریندار بوونی ٢ جاش ، دوو پێشمەرگەش بریندار بوون.

## شەهید بوونی سیروان تاڵەبانی و هاوڕێکانی

شەوی ١٩٧٩/٤/٣٠/٢٩ لە دێی زێڕینجۆی شارەزوور سیروان تاڵەبانی و هاوڕێکانی کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە کە پێشتر لە لایەن ئیستخباراتی عەسکەری نەخشەی بۆ کێشرا بوو تا ئەم تێکۆشەرانە بخاتە بۆسەو شەهیدیان بکات چوونکە سیروان تاڵەبانی و هەرێمی (٥) لە ناوچەکانی قەراخ و گەرمیان گورزی گەورەیان لە دوژمن وەشاند بوو ڕۆژ بە ڕۆژ هەرێمی (٥) لە سەر دەستی سیروان تاڵەبانی و هاوڕێکانی لە گەشەسەندندا بوو.

دوژمن پێی وابووبە شەهید کردنی ئەم تێکۆشەرانە پێشمەرگە لە جووڵە دەکەوێت و قەرەداخ و گەرمیان بێدەنگ دەبن.

هەر چەندە شەهید بوونی سیروان تاڵەبانی و هاوڕێکانی زەرەرو زیانی زۆری لە هێزی پێشمەرگەدا، بەڵام شەهید بوونی ئەوان بووە گوڕو تینی شۆڕشگێڕانەو سەنگەرەکانی پێشمەرگەی زیاتر جۆشدا.

**شەهیدەکان:**

١- شەهید فەیسەڵ ڕەشید حەمید (سیروان تاڵەبانی)

٢- حەسەن حەمە ساڵح مەحموود (حەسەن خاوێیی)

٣- شەهید نەجات کەرکوکی
٤- شەهید محەمەد کەریم حەمە بارام (محەمەدی حاجی بارام)
٥- شەهید عەلی چەلەبی
٦- شەهید حاجی چاوشین

دوای شەهید بوونی سیروان تاڵەبانی فەرماندەی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ مستەفا چاوڕەش لە هەرێمی (٣)ی شارباژێڕەوە گواسترایەوە قەرەداخ و کرایە فەرماندەی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ، ئازاد هەورامی لێپرسراوی سیاسی هەرێم بوو.

لەگەڵ هاتنە خـوارەوەی بۆ هەرێمی (٥) مستەفا چـاوڕەش دەستیکرد بە ڕێکخستنەوەی هەرێمەکە، هەندێک گۆڕانکاریکرد، عادل شکورو حەمە ڕەشی کردە فەرماندەی مەفرەزە، جموجۆڵی خستە هەرێمەکەوە، شێخ جەعفەر کرایە فەرماندەی کەرت، خالید گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرت، مام ڕۆستەم فەرماندەی کەرت بوو.

## مانگی 5/1979

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە دارە ڕەش مینێکیان چاند لە ١٩٧٩/٥/٥ مینەکە تەقییەوە و (٣) سەرباز بریندباربوون

*مەفرەزەیەکی کەرتی گەرمیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٥/٦ قومبەلەیەکی دەستیان هەڵدایە ناو مونەزەمەی حزبی بەعس لە سەنگاوو لێپرسراوی مونەزەمەکە و سێ ئەمن کوژران.

*فڕۆکە جەنگیەکانی دوژمن لە ١٩٧٩/٥/١٤ هێرشیانکردە سەر هەرێمی (٥) مەفرەزەکانی هەرێم بەرەنگاریان بوونەوە .

لەو هێرشە ئاسمانییەدا پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٥) بەناوی ئەحمەد ئیبراهیم شەهید بوو

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٥/١٥ مینێکیان لە سەیتەریەی دێوانەی دەربەندیخان چاند، مینەکە تەقییەوە و سەربازێکی کوشت

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٥/٢١ لە ڕەبییەکانی نزیک دەربەندیخان

مینێکیان چاند مینەکە تەقییەوە و چوار سەرباز کوژران

*١٩٧٩/٥/٢٣ مەفرەزەیەکی کەرتی یەکی هەرێمی (٥) لەشانە دەرییاندا و تا ئاوایی حاجی نامیق ئاگریان بەردایە دەغڵ و دانی ڕژێم

*١٩٧٩/٥/٢٤ مەفرەزەیەکی هاوبەشی لقی (٢) ی (ی.ن.ک) و کەرتی دووی بازیان مینێکیان لەسەر ڕێگەی سەربازگەی قۆپی چاند، مینەکە تەقییەوە و دوو سەرباز کوژران و سەربازێکیش برینداربوو.

١٩٧٩/٥/٢٤ مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە دێی گۆمەزەرد لەگەڵ جاشەکانی تەحسین شاوەیس تووشی شەڕ بوون، دوای دوو کاتژمێر شەڕ جاشێک کوژرا، جاشێکیش برینداربوو، لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان میرزا گۆمە زەردی شەهید بوو.

١٩٧٩/٥/٢٧ مەفرەزەیەکی کەرتی (١) هەرێمی (٥) لە ئوتۆمبێلێکی پۆلیسی سەید سادقیاندا، (٣) پۆلیس کوژران و پۆلیسێک برینداربوو.

*١٩٧٩/٥/٣١ هێزێکی دوژمن بە هاوکاری جاشەکانی زەڕایەن، تاسلوجە، چەمچەماڵ، قەرەداخ بە پشتیوانی (١٢) کۆپتەری جەنگی و (٨) کۆپتەری بارهەڵگر هێرشێکی فراوانی کردە سەرناوچەی بازیان و قەرەداخ لەو هێرشەدا (٣) پێشمەرگە شەهید بوو

## بۆسەی دەربەندیخان- باوەنوور

هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی مستەفا چاوڕەش لە سەر ڕێگای دەربەندیخان باوەنوور بۆسەیەکیان دانا، چەند ئۆتۆمبێل لە هەر دوولاوە هاتن ڕایانگرت لە سەر شۆڕش و ڕۆڵی پێشمەرگە لە شۆڕشدا قسەیان بۆ کردن لەو کاتەدا چوار کۆستەر هاتن هەر کۆستەرێک پۆلیسی لە گەڵدا بوو، خەڵکی لە سنووری خانەقینەوە لە ئێران گەڕابوونەوە پۆلیسیان لەگەڵ ناردبوون بۆ سلەیمانی، پێشمەرگەکان کۆستەرەکانیان ڕاگرت پۆلیسەکانیان دابەزاندو چەکیان کردن، نائب زابتێکی سنووریان گرت نامەیەکی پێبوو قوتیدا، دەستگیرکراوەکان پێنج کەس بوون ئۆتۆمبیلێکی گەورەی حکومیان لەگەڵ خۆیان هێناو بەرەو چرچە قەڵا بەڕێکەوتن

ڕێگە قوڕ بوو ئۆتۆمبیلەکە دەرنەچوو سووتاندیان، پۆلیسەکانیان بردە دێی ئاوە سپی، خالید گەرمیانی لە کفرییەوە (٢٠٠) سەر بەرانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ژمارەیەک بەرانیان سەربڕی و خواردیان.

دوای چەند ڕۆژێک چوونە دێی کانی ساردی نزیک دەربەندیخان مستەفا چاوڕەش و جەلال شێخ توفیق کە لێپرسراوی ناوچە بوو خەڵکەکەیان کۆکردەوەو قسەیان بۆ کردن، هەر لەوێ پۆلیسە عەرەبەکانیان ئازاد کردوو ڕادەستی خەڵکی کانی ساردیانکردن تا ڕەوانەی دەربەندیخانیان بکەن.

## عـــــادل شـــــــکور
## 1979

عادل شکور یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ دوای ئەوەی لە سوریا گەڕایەوە کوردستان ماوەیەک لە دەشتی هەولێرو دواتر لە بارەگای مامجەلال گیرسایەوە، دوای ماوەیەک مانەوە لە بارەگای مامجەلال گەڕایەوە گەرمیان و لە هەرێمی (٥)ی قەرەداخ درێژەی بە تێکۆشاندا.

ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی (٥) لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین چالاکی ئەنجامدا:

- لە ناحیەی تیلەکۆ چالاکییەکیان ئەنجامدا، ئێوارەیەک چەند گوللە هاوەنێکیان هاویشتە ناحیەی تیلەکۆ.
- لە نێوان کفری کەلار بۆسەیەکیان بۆ دوژمن داناو زیانیان پێگەیاندن.
- لە نێوان خورماتوو کفری بۆسەیەکیان داناو زیانی زۆریان لە دوژمندا.
- چەندین چالاکیتریان لە ناوچەکانی گەرمیاندا ئەنجامدا.

## شـــــەهید بوونی کـاک ســــەرکەوت
## 1979/6/24

هێزێکی سەربازی دوژمن لەگەڵ کەمپینی هەرەوەزی نێردرابوون بۆ درەوکردنی دەغڵودانی ناوچەی شاتری.

پێشمەرگەکانی کەرتی دووی گەرمیان لە سەر ڕێگەی هاتنی سەربازەکان و زنجیرە شاخی پشتی هێزەکەی داگیرکەرو دانانی دەستەیەک پێشمەرگە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکەی داگیرکەر دامەزران کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٤ شەڕ دەستپێکرد، مەحموود سەنگاوی و کاک سەرکەوت دەستەی هێرش بوون هێزەکەی دوژمن لە دێی خاڵە بەگ بوون پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان لە ئۆتۆمبیلەکان نزیک کردەوە تەقەیەکی زۆریان لە سەر بوو هەنگاو هەنگاو چوونە پێش هێرشیان کردە سەریان دەستیان گەیشتە یەکەم ئۆتۆمبێل و شۆفێرەکەیان کوشت، ژمارەیەک ئۆتۆمبێل سووتان و ژمارەیەکیش سەرباز کوژران.

سەرکەوت لە پێشەوە دەڕۆیشت، سەربازێک بەرانبەر سەرکەوت سەرەتاتکێی دەکرد مەحموود سەنگاوی دووجار ئاگاداری کردەوە سەرکەوت ووتی هیچ نییە، سەربازەکە تەقەی لێکرد سەرکەوت کەوت، مەحموود سەنگاوی تەقەی لە سەربازەکە کردوو کوشتی گەڕایەوە لای کاک سەرکەوت تەماشای مەحموود سەنگاوی کردو چاوەکانی لێکناو شەهید بوو.

هێزێکی دوژمن لە ڕێگەی زەماوەنگەوە بە هانای هێزە شکست خواردووەکەیانەوە هات پێشمەرگەکانی کەرتی دووی گەرمیان، سامان گەرمیانی، مام ساڵح، شێخ کەریم، شێخ جەمال و پێشمەرگەکانیتر لێیان هاتنە دەست و تێکیانشکاندن.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ٨٠ سەربازو سەرۆک جاشێک

سووتاندنی ٨ ئۆتۆمبێل

**دەستکەوت:**

کەلوپەلێکی زۆری سەربازی

**قوربانی پێشمەرگە:**

شەهید بوونی کاک سەرکەوت فەرماندەی مەفرەزە بوو، تەرمی شەهید سەرکەوت بردرایە گۆڕستانی کەلارو بە خاکسپێردرا، دوای شەهید بوونی کاک سەرکەوت مەحموود سەنگاوی کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

## لێـــــدانی عـــەرەبی هــــاوردە
## 1979/6/24

چوار پێشمەرگەی کەرتی (١)ی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ بەرەو دێی تەعریبکراوی قەسڵانی بەڕێکەوتن چوونە سەر ماڵە عەرەبە هاوردەکان و دوو شوانی هاوردەیان کوشت و سەرکەوتووانە گەڕانەوە، دوای گەڕانەوەیان هاتنە مەیدان لەوێ هەواڵی شەهید بوونی کاک سەرکەوتیان بیست.

## کـــەرتی بـــازیان- شـــارەزور – قـــەراخ

مەفرەزەیەکی کەرتی شارەزوری هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/١ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی (فەقی جن) ی نزیک دەربەندیخان بە ئاربی جی و چەکی سووک لە ڕەبییەکەیاندا.

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و چوار سەرباز.

*دوو پێشمەرگەی کەرتی گەرمیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی هەزارکانی سەنگاوو لێیاندان.

زیانی دوژمن کوژرانی سەربازێک بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی نزیک قادر کەرەم و گوللەبارانیانکردن.

## مانگی 1979/8

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٥ چوونە سەر ڕەبییەی جافەرانی قەراخ و گوللەبارانیانکرد

*مەفرەزەیەکی کەرتی شارەزوری هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٨ بە ئاربی جی و چەکی سووک لە ڕەبییەی ئۆردوگای زۆرەملێ زەڕایەنیاندا.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٩ بە ئاربی جی لە ڕەبییەی تافانی قەرەداخیاندا.

*١٩٧٩/٨/١٣ کەرتی قەرەداخی هەرێمی (٥) لە دارەڕەش مینێکیان چاندوو تەقییەوە .

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/١٤ بە ئاربی جی لە سەیتەرەی سلێمانی قەرەداخیاندا .

زیانی دوژمن کوژرانی دوو ئەفسەر و دوو سەرباز بوو

## شـــەهید بوونی چـــەند پـــێشمەرگەیەك

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٧ لە خوار دێی تەپە گەڕوسەوە تەقە لە نێوان جاشەکانی تەحسین شاوەیس و نەوزاد محەمەد ئەمین (شەماڵ) و دوو پێشمەرگەکەیتر دروست بوو، لە ئەنجامدا شەماڵ شەهید بوو دوو پێشمەرگەیتر دەرباز بوون.

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٨ جاش و سەرباز چوونە دێی گۆڕئەسپ دوو پێشمەرگە لە ناو دێ بوون بەڵام دەربازیان بوو.

هەمان ڕۆژ ١٩٧٩/٨/٨ لە ئاوایی کانی گوڵی، پێشمەرگەکانی گەرمیان تەقەیان لە کۆپتەرێکی جەنگی کردوو وویستیان لە دێ دەرچن، کۆپتەر دەستڕێژی لێکردن و سێ پێشمەرگە شەهید بوون:

١- شەهید برایمە ڕەش گۆبانی
٢- شەهید سەلام کوردە میری
٣- شەهید نەبەز گۆڕئەسپی

## بـــــەردەم قـــــایمقامیەت ســـــاڵی 1979

شەوێک ئەحمەدە ڕیشە و حەمە قاشتی لە دێی قەڵاتەپزانی گەرمیانەوە هاتنە ناو دەربەندیخان چالاکییەک ئەنجامبدەن، چایخانەیەک نزیک گەراجی سلیمانی بوو ئەمنەکانی دەربەندیخان شەوانە دەهاتنە ئەوێ.

ئەحمەد و حەمە قاشتی چوونە ماڵی حسەینی حەمە سوور کە یەکێک لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوو ماڵیان لە گەڕەکی سەرا بوو، ئەو شەوە سەربازو

جاشی نا شەعبی بۆسەیان دانابوو نەیانتوانی بچنە چایخانەکە لە ماڵی حسەین مانەوە درەنگانێکی شەو ڕۆیشتن بۆ ماڵی پورزایەکی حەمە قاشتی ئەو شەوە لەوێ مانەوە[13] .

کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ ناردیان بە دوای (عەلی حسێن)[14] دا ووتیان چالاکییەکمان بۆ بدۆزەرەوە کە شەو داهات عەلی حسێن ماڵی جاش نا شەعبییەکی نیشاندان کە چوونە ژوورەوە جاشەکە لە ماڵ نەبوو لە ماڵی جاشەکە هاتنە دەرەوە دەرگایان لە سەر ماڵەکە داخست و ڕۆیشتن چوونە ناوەڕاستی بازاڕی دەربەندیخان بە نیاز بوون بچنە چایخانەکە تەماشایانکرد سەربازێکی زۆرو قوات خاسە بە ئەمبەراوبەری جادەکەدا دەهاتن.

حەمە قاشتی و ئەحمەد گەڕانەوە چوونە بەردەمی خوێندنگەی زمناکۆ و قایمقامیەت کە بە تەنیشت یەکەوە بوون.

حەمە قاشتی و ئەحمەد لە چالێکی بەردەم خوێندنگەی زمناکۆ دانیشتن گلۆپێک لە بەردەم قایمقامیەت دەهایسا زۆری نەبرد سەربازو قوات خاسەکان هاتنە بەردەمی گلۆپەکە وەستان حەمە قاشتی و ئەحمەد ڕیشە سەرو مەخزەن فیشەکیان بە ناو سەربازەکاندا تەقاندو ڕۆیشتن بۆ قەلا تەپزان چوونە ماڵی حاجی برایم.

بۆ بەیانی کوڕێکی حاجی برایم کە لە دەربەندیخان خوێندکار بوو گەڕایەوە ماڵەوە هەواڵی دەربەندیخانیان لێپرسی ووتی ئەمشەو لە بەردەم قایمقامیەت، پێشمەرگە (٦) سەربازیان کوشتووە، حاجی برایم دەستخۆشی لێکردن.

١٣ پورزاکەی حەمە قاشتی ناوی برایم بوو

١٤ عەلی حسێن یەکێک لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەربەندیخان بوو

## ســــووتاندنی بـــەنزینخانەی دەربـــەندیخان لـــێدانی مـــاڵی قـــایمقام 1979

ساڵی ١٩٧٩ بەنزینخانەیەک لە دەربەندیخان درووستکرا دوو سەرباز دەیانپاراست، حەمە قاشتی و ئەسعەدی دێوانە هاتنە بەنزینخانەکە دوو سەربازەکە لەوێ نەبوون، کەسێکی لێبوو ناوی مەولود بوو.

حەمە قاشتی و ئەسعەد چوونە ناو بەنزیخانەکە نامەیەکیان بۆ حسێن برایم دەروێشی قایمقامی دەربەندیخان نووسی، لە نامەکەدا نووسیبوویان ئێمە وەکو پێشمەرگەی (ی ن ک) ئەم بەنزیخانەیە دەسووتێنین بۆ ئاگاداریت.

حەمە قاشتی نامەکەی ئیمزا کردوو دایە دەست مەولود، دوای ڕۆیشتنی مەولود بەنزیخانەکەیان سووتاند ئاگرێکی گەورە کەوتەوە خەڵکی دەربەندیخان هاتبوونە سەر بانی ماڵەکانیان سەیری سووتاندنی بەنزیخانەکەیان دەکرد.

ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن لە دەربەندیخان بە دۆشکە تەقەیان لە شاخەکەی پشتی دەربەندیخان دەکرد، حەمە قاشتی و ئەسعەد لە پشتی بەردێکەوە دانیشتن هەتا تەقەکان تەواو بوو دوای گەیشتنی نامەکە حسێن برایم دەروێش باوکی حەمە قاشتی بانگکرد بوو قسەی ناشیرینی پێوتبوو ویستبووی پەلاماری بدات، ئەحمەد ناوێک لەقایمقامیەت کارگوزار بوو نەیهێشتبوو.

شەوێک پێنج پێشمەرگە لە ناویاندا حەمە قاشتی ڕەئوفی یاسە، ئەحمەد قەراخی هاتن بۆ ماڵی حسێنی برایم دەروێش لە دەربەندیخان ئاربیجییەکیان لە ماڵی حسێنی برایم دەروێش دا زۆر شپرزە بوون بەڵام کەسیان نەکوژرا.

حسێن دەروێش زانیبووی لە تۆڵەی ئیهانە کردنی باوکی حەمە قاشتی ئاربیجیان لە ماڵەکەیداوە بۆ ڕۆژی دوایی باوکی حەمە قاشتی بانگکردبوو ووتبووی چ هەقێکتان لە سەرمە.

لەو ڕۆژەوە حسێنی برایم دەروێش وازی لە بنەماڵەی حەمە قاشتی هێناو وەکو دەڵێن عاقڵ بوو.

## پـــــەلاماری دوژمـــــــن

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١٧ هێزێکی دوژمن پەلاماری دێی ئەستێڵی ناوچەی قەرەداخیاندا، مەفرەزەیەکی کەرتی قەرەداخ بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و دوو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو.

زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز و برینداربوونی سێ سەربازیتر

*مەفرەزەیکی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٢٣ چوونە سەر ڕەبییەکانی باوە خۆشێن و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر گوللەبارانیانکردن. زیانی دوژمن کوژرانی (٤) سەرباز .

*مەفرەزە هاوبەشەکەی کەرتی گەرمیان هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٨/٢٦ بە ئاربی جی لە مەرکەزی پۆلیسی تیلەکۆیاندا.

کۆپتەرەکانی دوژمن لە ١٩٧٩/٨/٢٨ بۆ گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا پەلاماری دێیەکانی مەسۆیی، عەلیاوا، سێوسێنان و بەلەکجاڕیاندا.

مەفرەزە هاوبەشەکانی هەرێمی (٥) و لقی (٢) ی.ن.ک لە سێوسێنان لە کاتی گواستنەوەی سەربازەکاندا تەقەیان لە کۆپتەرەکانکردوو دوای کاتژمێرێک شەڕ کۆپتەرێک پێکرا و سەربازێک کوژرا.

هەواڵنامەی کتێب

## ئـــــــاسۆی دەلاك
## شـــــــەهیدێکی بـــێ گـــــۆڕ1979/9/6

ئاسۆی دەلاک ئەو ناوە بوو داموودەزگاکانی بەعسی لە ناو شاری سلێمانی هێنابووە لەرزە، سیخوڕەکانی ڕژێم بەناو هێنانی ئاسۆی دەلاک شپرزە دەبوون.

ئاسۆی دەلاک پێش ئەوەی بێ سەرو شوێن بکرێت و پیلانی دژ بگێڕدرێت پێشمەرگەی هەرێمی (٥)ی قەراخ بوو چەندین چالاکی لە ناو شاری سلێمانی ئەنجامداو هەنگاو هەنگاو بە دوای ملازم موحسینەوە بوو.

لە یەکێک لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ملازم موحسین لە ناو شاری سلێمانی ملازم موحسینی بریندار کرد، ناوو ناوبانگی ئاسۆی دەلاک سەرتاپای شارو هەتا کوردستانیشی تەنیبوو ئازایەتی و جوامێری جێگەی خۆشحاڵی خەڵک بوو، ئەو کاتانەی ئاسۆی دەلاک دەهاتە شارو چالاکی ئەنجامدەدا سیخوڕێک،

خۆفرۆشێک، تاوانبارێکی بە سزای گەل و شۆڕش دەگەیاند.

داموودەزگاو سیخوڕو ئەڵقە لە گوێکانی دوژمن خەو نەدەچووە چاویان و لە ژیانی خۆیان دڵنیا نەبوون.

لە دواجاردا ئاسۆی دەلاک لەگەڵ هاوڕێیەکی پێشمەرگەی بە ناوی حسێن لە هەرێمی (٥) ەوە بەرەو سلێمانی بەڕێدەکەون، حسێن بە ئاسۆی ووتبوو من جێگەم هەیە لە ناو شار پارێزراوو ئەمینە بەمجۆرە ئاسۆ دەکەوێتە داوی (حسێن) ەوە کە پەیوەندی بە بەعسەوە هەبوو.

ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٦ ئاسۆی دەلاک کەوتە داوی ئەمنی سلێمانی و ملازم موحسین لە زینداندا ئەشکەنجەی دەدات و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات بەڵام ئاسۆ هەروەک چۆن قارەمانی شاخ و چالاکییەکانی ناو شار بوو ئاواش قارەمانی خۆڕاگری زیندان بوو هیچ نەهێنییەکی نەدرکاند، لەو ڕۆژەوە ئاسۆی دەلاک بێ سەرو شوێن بێ گۆڕو گڵکۆیە.

دوای بێ سەرو شوێن بوونی ئاسۆی دەلاک حسێن لە ناو شاری سلێمانی دەسووڕایەوە، حسێن کەسێکی لە ناو شاردا بینیبوو پێیوتبوو دەمانچەکەمت دەدەمێ بیبەرەوە بۆ مستەفا چاو ڕەش، کاک مستەفا ئەو قسەیەی بیستبوو بە کەسەکەی ووتبوو دەمانچەی لێوەرنەگریت چوونکە ئەوە دەیسەلمێنێ تۆ پەیوەندیت لەگەڵ من هەیە بۆیە پێیبڵێ من پەیوەندیم بە مستەفا چاوڕەشەوە نییە.

پاش ماوەیەک حسێن جوابی بۆ کاک مستەفا چاوڕەش ناردبوو ئامادەم چالاکییەک بکەم و بێمە دەرەوە، مستەفا چاوڕەش وەڵامی بۆ حسێن ناردەوە کەسێکی خائین بکوژێت، حسێن تەقەی لە کەسێک کردوو بە سەختی برینداریکرد بەڵام نەمرد.

ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی زانیبوویان حسێن ئاسۆی دەلاکی بە گرتداوە، (حسێن)یان لە ناو شاردا کوشت.

## مانگی 1979/9

مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٩/٤ بە نارنجۆک ئەنداز لەسەربازگەی خاتوو نازداریاندا.

*مەفرەزەیەکی هەمان کەرت لە ١٩٧٩/٩/٧ بە نارنجۆک ئەندازە و چەکی سووک لە ڕەبییەکانی دێلێژەیاندا.

هەمان مەفرەزە چوونە سەر ڕەبییەی خێوەتە و گوللە بارانیانکرد لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تێکشکا

مەفرەزەیەکی هەمان کەرت هەمان ڕۆژ بە ئاربی جی و نارنجۆک ئەنداز لە ڕەبییەی تەپلەڕەشیاندا. چوار سەرباز کوژران و چواریتر بریندابوون

*مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە ١٩٧٩/٩/١٠ لە ڕەبییەی دێلێژەیاندا.

هەواڵنامەی کتێب

## بــــــەرەو ســــــەرکردایەتی
## مـــانگی 1979/10

بەشێک لە هەرێمی (٥)ی قەرەداخ بە سەرپەرشتی سامان گەرمیانی بەرەو سەرکردایەتی کەوتنە ڕێ هێزەکانی بەرهەڵستکاری ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی شادا لە شەڕدا بوون، هێزەکانی (ی ن ک) پشتیوانی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تایبەت خەڵکی کوردستان بوون.

مامجەلال نامەیەکی بە مەحموود سەنگاویدا نارد بۆ حەمە سووری سەردەشت، نامەکەیان گەیاندە دەست حەمە سورو گەڕانەوە سەرکردایەتی.

مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٩ سامان گەرمیانی هێزەکەی ئاگادار کردەوە دەگەڕێنەوە گەرمیان، هاوەنی ٨١ملم و ٦٠ ملم و هەندێک چەکیان پێبوو لە پردی ڕەبەت پاسداری لێبوو شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە نەوەستاو هاتنە بانە لەوێشەوە بۆ بلەکێ، هاتنە شارباژێڕ و لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود بەرەو شارەزوور هاتن، دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە شارەزوور بەرەو قەرەداخ بەڕێکەوتن، شەوێکی تووش و بارانێکی بە خوڕ دەباری ئەو شەوە چوونە قەڵبەز.

ملی شەوگاریان شکاند بوو دەرفەتی ڕۆیشتن نەمابوو، نەیاندەتوانی لە ڕێگەی سلێمانی دەربەندیخان بپەڕنەوە لە قەڵبەزە مانەوەو بە سەر ماڵەکاندا دابەش بوون.

دوای نانخواردن نیوەڕۆ سامان گەرمیانی کۆبوونەوەی بە خەڵکی دێیەکە کرد سووپاسی کردن، بەرەو کانی مرواری و قلینجی بەڕێکەوتن لەوێشەوە بۆ ناوتاق، شەو لەوێ مانەوە کە دنیا ڕووناک بووەوە بەرەو مچە کوێر ڕۆیشتن لەوێشەوە بۆ مەسۆیی.

خەڵکی ئاوایی لە دەوریان کۆبوونەوە هاوەنەکە گوللەیەکی لەگەڵ بوو سامان گەرمیانی لە بەرچاوی خەڵک تەقاندی هاوەنەکەیاندا بە کۆڵداو بەرەو بەلەکجار ڕۆیشتن.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بوو لە بەلەکجار مستەفا چاوڕەشیان بینی لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری دروستکردنی کەرتی (٥)ی دوز درا خالید گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرتەکەو مەحموود سەنگاوی کرایە جێگری کەرتەکە.

## کـــــــــەرتی چـــــواری جـــەباری
## کۆتـــایی ســـاڵی 1979

ژمارەی پێشمەرگە لە زیادبووندا بوو، کەرتی گەرمیان کرایە دوو کەرت و کەرتی چواری جەباری درووستکرا.

دوای کۆبوونەوەیەک لە چرچە قەڵا کەرتی ٤ی جەباری درووستکراو مام ڕۆستەم کرایە فەرماندەی کەرتی چواری جەباری، لە هەر کەرتێک سێ پێشمەرگەیان گواستەوە کەرتی ٤ی جەباری، شێخ جەعفەر کرایە فەرماندەی کەرتی (٢)ی بازیان.

دوای ماوەیەک شێخ جەعفەر گواسترایەوە بۆ کەرتی (١)ی قەرەداخ، مام ڕۆستەم گەڕایەوە کەرتی ٢ی بازیان، بێستون باڕۆیی کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری.

دوای شەهید بوونی بێستوون باڕۆیی لە شاخی شۆراو خالید گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری کە فەرماندەی کەرتی (٥)ی دووز بوو.

## کـــــەرتی پـــــێنجی دووز
## کـــــۆتایی ســـاڵی 1979

کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٩ مستەفا چاوڕەش بڕیاری درووستکردنی کەرتی ٥ی دوزیدا، پێکهێنانی کەرتەکە بەم شێوەیە بوو:

١- خالید گەرمیانی فەرماندەی کەرتی (٥)ی دووز

٢- مەحموود سەنگاوی جێگری فەرماندەی کەرتی (٥)

سنووری چالاکی کەرتی (٥)ی دووز لە بناری سەنگاوەوە تا کفری دووز بوو کە تێکڕای دێهاتەکانی سەنگاوو بناری ئاژداغ و بناری زەنوورو ناوچەی زەنگنەو بناری گل و ناو داویەو دێهاتەکانی سەر ئاوەسپی و سەرقەڵای دەگرتەوە.

## شـــــەڕی مـــــــیرەدێ
## 1980

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ حەمە قاشتی و مام دەروێش، حسەینی حاجی، عەبدوڵڵا دسکەرەیی بەکر عەلیاوایی هاتنە سەرجادەی میرەدێ وبۆسەیەکیان دانا دوو ئیڤای سەربازی کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو شەڕ درووست بوو، لە

ڕەبییەکانی سەربازگەی دوو دارەوە بە هاوەن و دۆشکە لە پێشمەرگەکانیان دەدا. دوای لێدانی ئیڤاکان پێشمەرگەکان چوونە سەر بەرزاییەک هێزێکی دوژمن بەرەو شەڕەکە هات پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا.

جاشەکانی زەڕایەن بەرەو شەڕەکە هاتن پێشمەرگەکان بەرەو ڕووی جاشەکان ڕۆیشتن هاوەنێک دای لە زەوی مام دەروێش بریندار بوو هاواریکرد شێخ سمایلی کڵاو قوچ، مام دەروێشیان لە شەڕەکە دوورخستەوە دەمەو ئێوارە پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد مام دەروێشیان برد بۆ چارەسەر.

ئەو ڕۆژە ژنێکی میرەدێیی کۆچی دوایی کردبوو هێنابوویان بۆ گۆڕستان بە خاکی بسپێرن لە کاتی تەقەکاندا تەرمەکەیان جێهێشتبوو.

پێشمەرگەکان ئاگادار نەبوون ئەو ژنە مردووەو بەخاکی دەسپێرن ئەگینا ئەو شەڕەیان نەدەکرد.

## شـــــــەڕی کـــــانی شـــــیرینە
## مـــــانگی 1980/1

کەرتی (٥)ی دووز لە سەر ڕێگای کانی شیرینە کە دەکەوێتە نێوان قادرکەرەم و دووزەوە بۆسەیەکیان بۆ لێپرسراوی مونەزەمەی قادرکەرەم دانا کە لە سەر ڕێگای دووز قادرکەرەم هاتووچۆی دەکرد.

پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) لە سەر ڕێگاکە دامەزران سەربازێک لە ناو قولەیەکدا خەوتبوو پێیان نەزانیبوو پێشمەرگەیەکیان ناردە سەر بەرزاییەک تا لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبیلی بەرپرسی مونەزەمە ئاگاداریان بکاتەوە.

سەربازەکان تا کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆ لە هەندێک شوێن دەمانەوە بۆ پاراستنی ڕێگاکان، دوای ماوەیەک ئۆتۆمبیلی مونەزەمە هات چەند ئۆتۆمبیلێکی بووک گواستنەوە تێکەڵ بە ئۆتۆمبیلی لێپرسراوی مونەزەمە بوون، پێشمەرگەکان نەیانزانی ئۆتۆمبیلی بووکە، ئۆتۆمبیلی لێپرسراوی مونەزەمە گەیشتە بەردەمی پێشمەرگەکان و دایانە بەر گوللە ئۆتۆمبیلی بوکیش بەرکەوت چەند هاووڵاتییەک بریندار بوون، بەڵام بووک سەلامەت بوو.

لە گەرمەی شەڕدا ئەو سەربازەی لە ناو قولەکەدا خەوی لێکەوتبوو تەقەی لە پێشمەرگەکانکرد، پێشمەرگە تەقەیان لێکردو کوشتیان، ئۆتۆمبیلی مونەزەمە بە زەحمەت ڕزگاری بوو.

پێشمەرگەکان کشانە دواوە لە ڕێگاکە دوورکەوتنەوە تەماشایانکرد هێزێکی گەورەی داگیرکەر بەرەو لایان دێت پێشمەرگەکان بۆی دامەزران، هێزەکە گەیشتە بەر لوولەی تفەنگەکانیان و لێیاندان، هێزەکەی دوژمن تێکشکاو گەڕانەوە.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ٣ جاش شەعبی

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە

## قـــــادر کـــــــەرەم
## مـــانگی 1980/2

هێزێکی کەرتی (٥)ی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی چوونە سەر ماڵی بەعسییەک لە قادرکەرەم لە ماڵ هێنایانە دەر، بەڵام چەکەکەی لە مونەزەمە جێهێشتبوو.

بەعسییەکەیان پێش خۆیاندا بۆ سەر ماڵە بەعسییەکانیتر چوونە سەر ماڵێک سێ مەخزەن و هەندێک فیشەکیان دۆزیەوە بەڵام بەعسییەکە لە ماڵ نەبوو.

لە کاتی گەڕانەوەدا تەقەیان لە ڕەبییەیەک کرد بە هاوەن وەڵامی دانەوە، بەعسییەکەیان لەگەڵ خۆیان بردوو چەکێکیان پێ کڕی.

## بــەرەو دەشــتی هـــەولێر
## 1980

هێزێکی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی سامان گەرمیانی چوونە دەشتی هەولێر بۆ یارمەتیدان و پشتیوانی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.

هێزەکەی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ لە چیوەی سەروو بوون، هێزێکی هەرێمی (١) بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود لە چیوەی خواروو لەگەڵ چەکدارەکانی سلێمان بێریژی و سۆسیالیست تووشی شەڕ بوون هێزەکەی هەرێمی (٥) ماوەیەکی

زۆر لە ناوچەکانی هەرێمی (٨)مانەوە.

هێزەکەی حزبی سۆسیالیست ١٩٠ کەس بوون دواتر ١٤ کەسیان مایەوەو خۆیان کرد بە ئێراندا.

## شـــــــەڕی دەرەدۆیـــــــن
## 1980/4/17

هێزێکی سەربازی دوژمن بەرەو دەرەدۆین هاتن کەرتی یەکی قەرەداخ بە فەرماندەیی سەردار ناوتاقی بۆسەیەکیان بۆ هێزە سەربازییەکەی دوژمن دانا، هێزە سەربازییەکەی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی قەرەداخەوە شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا.

دەمەو ئاوا بوون پێشمەرگەکانی قەراخ لە یەکتری گۆڕان بە گوللەی هاوەڵە پێشمەرگەکانیان سەلامی کوێخا عەزیزو ساڵحی کوێخا عەزیز بریندار بوون.

زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٢٢ مغاویر بوو

**دەستکەوت:**

٤ ئاربیکەی

٥ کلاشینکۆف

تێکڕا ١٢ چەک دەستکەوت بوو

بۆ بەیانی کۆپتەر هاتە دەرەدۆین سەربازیان دابەزاند پێشمەرگەکان چوونە شاخی زەردە دکتۆر چیا سەلام و سەڵاحی کوێخا عەزیزی تەداوی کرد.

برینەکەی سەلام سەخت بوو بۆ چارەسەر بردرایە نەخۆشخانەی مەراغا لە ئێران، دوای چارەسەر گەڕایەوە قەرەداخ، ساڵی پێشوو لە سەرەتای مانگی ١٩٧٩/٤ کەرتی ١ی قەرەداخ لە ڕەبییەیەکی دەربەندیخانیانداو دوو سەربازیان کوشت.

## لــە تــــۆڵەی شـــەهید ســــــەرکەوت

ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٤، (٩) پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی دووز بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی بۆسەیەکیان لە کانی شیرینە دانا.

تویوتایەکی فەلاحی کەوتە بۆسەکەوەو ڕایانگرت سەرنشینەکانیان داگرت بەڵام شۆفێری تویوتاکە ڕایکرد پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد.

پێشمەرگەکان لە ڕێگاکە کشانەوە تا سەنگەر بگرن، پەنجا مەترێک لە ڕێگاکە دوورکەوتنەوە (٥) زیلی سەربازی گەیشتە سەریان بە پەلە دامەزران و شەڕ دەستیپێکرد، هێزەکەی دوژمن تا دەهات زیادیدەکرد[١٥]، پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەریان سەربازێک کوژرا تفەنگێکی ئاربیکەی پێبوو.

لە گەرمەی هەڵمەت و هێرشکردنە سەر هێزەکانی داگیرکەر والی قوبەیی پێشمەرگەی قارەمانی گەرمیان پێکراو شەهید بوو، دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە تەرمی پیرۆزی شەهید والیان گواستەوەو لە دێی بەگزادە بەخاکیان سپارد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٨ سەربازو برینداریکی زۆر

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان والی قوبەیی

## پــــــەلاماری دوژمــــــن

هێزێکی دوژمن لە ١٩٨٠/٤/٢٥ پەلاماری دێیەکانی دەرەدۆین و ئیمام محەمەدی ناوچەی قەرەداخیاندا

پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی هەرێمی (٥) ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە، دوای دووکاتژمێر شەڕ دوژمن زیانی زۆری لێکەوت

زیانی دوژمن کوژرانی (٢٥) سەرباز و بریندابوونی ئەفسەرێک و (٥) سەرباز دەستکەوت ٣ ڕەشاشی ئاربی جی ، ٤ کلاشنکۆف و ٣٤ مەخزەن، یەک دووربین.

[١٥] ئەو ڕۆژە بارەگای لیوای قادر کەرەم ئالوگۆڕی پێدەکرا و بەرەو دووز ڕۆیشتن بۆیە هێزێکی زۆر بوون.

هەواڵنامەی کتێب

## چـــــــالاكی دەرەويــــان

رۆژی ۱۹۸۰/٦/۱٥ لە نزیک دێی دەرەویـانـی سـەرووی قـەراخ پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی بازیانی هەرێمی (٥) لە چوار ئۆتۆمبێلی سەربازیاندا و دوو جێب قیادەیان تێکشکاند

لەوچالاکییەدا (۱۲) سەرباز و ئەفسەرێک و ڕەئیس عورەفایەک کـوژران، جیهازێکی گەورە تێکشکێندرا

لەتۆڵەی ئەو چالاکییەدا فڕۆکە جەنگیەکانی دوژمـن بەربوونە گیانی خەڵکی ناوچەکە و هاوولاتی حاجی صادق تەمەن (۷۳) ساڵ خەڵکی دۆڵانی سەروویان شەهید کرد ووسێ کوڕی حاجی صادق بریندابوون

## لــــــێدانی زیـــــلی ســـــەربازی

مەفرەزەیەکی کەرتی (۱) هەرێمی (٥) لە شەوی ۱۹۸۰/٦/۱٦ بە ئاربی جی و چەکی سووک لە زیلێکی سەربە قواتی مەنسوریاندا (۱۹) سەربازیان کوشت، زیلەکەش سووتا

هەر دوای لێدانی زیلەکە تووشی شەش ئۆتۆمبێلی قوات خاسەی بوون و دایانە بەر دەستڕێژی گوللە لەئەنجامدا چوار کەسیان بریندارکرد، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانە گەڕانەوە.

## لــــــێدانی جــــاش

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٤) جەباری هەرێمی (٥) لە مانگی ۱۹۸۰/۷ لەنێوان قەرەوەیس و گوڵەباندا لەسەر ڕێگای قارد کەرەم چەمچەماڵ بۆسەیەکیان بۆ جاشەکانی چەمچەماڵ دانا و گوللەبارانیانکردن لەئەنجامدا چوار جاش کوژران کە یەکێکیان جێگری تەحسین شاوەیس بوو

یەکێکیتر لـەو جاشانە فەرماندەی مەفرەزەیەکی جاشەکان بـوو بەشداری شەهیدکردنی کاک ئارامی کردبوو لە تەنگسیەر ، هەر لەو بۆسەیەدا (۱۱) جاشیتر بریندابوون.

## ڕێگای سەنگاو دەربەندیخان

ڕژێمی عێراق دەستی بە درووستکردنی ڕێگایەک کردبوو بۆ دابڕینی ناوچەکانی قەرەداخ و دەست بە سەرداگرتنی ناوچەکانی گەرمیان.

کەرتی (٥)ی دووز لە نزیک دێی کچان بۆسەیەکیان دانا کاتژمێر (٥)ی ئێوارە ئەو ئۆتۆمبیلەی بەڵێندەرو کرێکارەکانی دەگواستەوە نزیک بۆسەی پێشمەرگەکان بوونەوە دەستیان لێراگرت نەوەستا، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد بە ناچاری وەستاو جاشێک بریندار بوو.

دوای لێدانی ئۆتۆمبیلەکە بەرەو ئاژداخ کشانەوە هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی زرێپۆش و ناقیلە و چەند ئۆتۆمبیلێکی قوات خاسە کەوتە دوای پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) لە بناری چیای ئاژداخ دامەزران، هێزەکەی دوژمن نزیک کەوتەوەو کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەکان، شەڕ تا ٧ی ئێوارەی خایاند ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژراو بریندار بوو پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) کشانەوە دێی پێنج ئەنگوست لەوێشەوە بۆ تەپە عەرەب.

هەواڵ گەیشت بۆ بەیانی کۆپتەر دێتە سەر ناوچەکە و سەرباز دادەبەزێنێ، بەیانی زوو لە تەپە عەرەب دەرچوون چوونە سەر کانییەک، هێزەکەی کەرتی (٥) ، (١٠) پێشمەرگە بوون خۆیان پەنادا، لەگەڵ خۆر هەڵاتن ١١ کۆپتەر هاتنە سەر ناوچەکە بەڵام پێشمەرگەکانیان نەبینی.

شینەی حەمە ڕەش پێشمەرگەی کەرتی (٥) کە کۆپتەرەکانی بینی ووتی بۆ گرتنی خۆمان هاتوون هەر کۆپتەرەی پێشمەرگەیەکی تێدەکەن کۆپتەرێک لە پێشەوە دەڕوات دەڵێت ئەمانەمان گرتووە.

## لێدانی سریەی پاسەوانی قادر کەرەم مانگی 1980/7

کەرتی (٥)ی دووز ٦ گوللە هاوەنیان گرتە سریەی پاسەوانی قادرکەرەم بەڵام هیچیان نەپێکا، خالید گەرمیانی داوای لە مەحموود سەنگاوی کرد بە هاوەن لە سریەی قادر کەرەم بدەن مەحموود سەنگاوی نەیدەزانی هاوەن بەکار بهێنێت،

هەواڵنامەی کتێب

خالید گەرمیانی هەندێک زانیاری دایە.

لە بەرانبەر لێدانی سریەی پاسەوانی قادرکەرەم بە هاوەنی (٦٠) ملم، دوژمن هاوەن بارانی کردن و دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

## گـــــرتنی چـــــەند ڕووســـییەك
## 1980/8/9

مستەفا چـاوڕەش و ژمـارەیـەک پێشمەرگە لـە دێلێژە بـوون پاسەوانەکە ئاگاداریکردن لە دۆڵی باسەڕەوە خەڵکێکی زۆر بەڕێوەن، پێشمەرگەکان خۆیان بەست و چوونە سەرەوە بۆ لای پاسەوانەکە لە پشتی دێلێژەوە دامەزران، کە نزیک بوونەوە مامە ڕیشە و مەفرەزەیەک پێشمەرگە بوون ژمارەیەک (ڕووسی) یان لە گەڵدا بوو، مامە ڕیشە بە مەستەفا چاوڕەشی ووت ئەمانە ژمارەیەک ڕووسین هاتوون بۆ ڕاوە ماسی بۆ چەمی باسەڕە منیش گرتومن ئۆتۆمبیلێکی گەورەشیان پێبوو سووتاندمان.

مستەفا چـاوڕەش دەسـت خۆشی لە مامە ڕیشە کـردو ووتـی ئەمە کارێکی سیاسییە ئیزگەکانی دنیا باسمان دەکەن دەنگدانەوەی گەورەی دەبێت.مامە ڕیشە گەڕایەوە کەرتی (٤)ی جەباری، مستەفا چاوڕەش، ئازاد هەورامی، شێخ جەعفەر، مام ڕۆستەم، کاک گۆران و پێشمەرگەکانیتر نانی ئێوارەیان لە مێوڵی خواردو چوونە بەرزاییەکانی پشتی مێوڵی ناردیان بە دوای (ئەحمەدی حاجی ساڵح)دا سەد دیناریان دایە بچێت لە شار فانیلەو جلی ژێرەوە بۆ ڕووسییەکان بکڕێت چوونکە هەموو لەشیان عەرەق بوو.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٠ چوونە سەر کانی چنارە لە نێوان مێوڵی و خاوێ دوو سەر ئاژەڵیان کڕیبوو ئاگریان کردەوە گۆشت ببرژێنن.

پێشمەرگەکان ڕووسییان نەدەزانی یەکێک لە گیراوەکان خەڵی باکۆ بوو تورکی دەزانی، مام ڕۆستەم بە تورکی قسەی لە گەڵدا کرد.

# شـــــەڕی نــێوان مــێوڵی دێــــلێژە

لە سەر کانی چنارە ئاگریان کردبووەوە گۆشت ببرژێنن هەلیکۆپتەر دەرکەوت جارێک بە سەریاندا هات، جاری دووەم دەستڕێژی لێکردن پێشمەرگەکان بڵاوەیان لێکردو دامەزران شەڕ دەستپێکرد.

سەر شاخی پشتی دێلێژە تا پشتی خاویَ سەربازو جاش گرتبوونی پێشمەرگەکان لە دامێنی شاخەکەدا بوون، پشتی سۆڵەو کونە کۆتر سەرباز گرتبوونی سەربازو کۆپتەر دەستڕێژیان لە پێشمەرگەکان دەکرد شەڕ لە کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ تا ئێوارەی خایاند.

ڕووسییەکان چووبوونە ناو کانیەکەوە خۆیان حەشاردابوو، یەکی بەردێکی گەورەیان لە سەر سەریان دانابوو، ئەوانیش دوو کەسیان بریندار بوو.

**لەم شەڕەدا (٦) پێشمەرگەی قارەمانی هەرێمی (٥) شەهید بوون:**

١- شەهید حسێن حاجی حەسەن تلەزەیتی ناسراو بە گۆران فەرماندەی کەرتی هەرێمی (٥)

٢- شەهید عەلی قادر شەریف دکتۆری هەرێم

٣- شەهید ئەحمەد حارس خەڵکی کانی هەنجیر

٤- شەهید بەهادین عەلی سەعید خەڵکی قازانقایە

٥- شەهید ئەسعەد حامید خەڵکی دێوانە

٦- شەهید هیوا نوری ڕەباتی

لەو شەڕەدا ١٦ پێشمەرگە بریندار بوون شێخ جەعفەر یەکێک لە بریندارەکان بوو.

چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە قازانقایەوە هاتن بە هانای شەڕەکەوە ئەوانیش لە ڕێگا تووشی شەڕ بوون لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) ڕووسییەکانیان بەشەڕ تەسلیم نەکرد.

مستەفا چاوڕەش، مام ڕۆستەم، ئازاد هەورامی، شێخ جەعفەر کۆبوونەوە دوای گفتوگۆ سەبارەت بە چارەنووسی ڕووسییەکان تەنها مستەفا چاوڕەش لەگەڵ

ئەوەدا نەبوو ئازادیان بکەن دواتر ئەویش هاتە سەر ئەو بڕوایەی ئازاد بکرێن و نامەیەک بۆ سەفارەتی ڕووسی بنووسن، مستەفا چاوڕەش نامەکەی نووسی:

**دەقی نامەکە:**

بەڕێز سەفیری یەکێتی شۆڤیەت سڵاوتان لێبێت، بۆمان دەرکەوت ئەوانەی گیراون ڕووسن، ئێمەش ڕووسیا بە پشت و پەنای میللەتانی هەژار دەزانین میللەتی کورد هەمیشە دۆستی ئێوە بووە، لە گرتنیاندا نەیانزانیبوو ڕووسن وا بڕیارماندا ئازادیان بکەین، داوای ئێمەش لە ئێوە ئەوەیە چەک بە حکومەتی عێراق مەفرۆشن لە بەر ئەوەی دژی گەلێکی وەک ئێمەی هەژار بەکاریدەهێنێت.

مۆری هەرێمی پێنجی قەرەداخ

ئیمزا مستەفا چاوڕەش

دوای نووسینی نامەکە ناردیان بەدوای حاجی ڕەشید موختاری خاوێ داوایان لێکرد (١٢) گوێدرێژیان بۆ پەیدا بکات بۆ ئەوەی ڕووسییەکان بنێرنەوە، ڕووسییەکانیان سواری گوێدرێژ کردوو بە چەند پێشمەرگەیەکدا ناردیانە خاوێ تا تەسلیم بکرێنەوە.

دوای تەواو بوونی شەڕەکە تەرمی شەهیدەکانیان ناردەوە بۆ کەسووکاریان تا بە خاکیان بسپێرن.

دوای شەڕی مێوڵێ- خاوێ و شەهید بوونی شەش پێشمەرگە کەرتێکی قارەمانی هەرێمی (٥) هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە دوای زەرەرو زیان گەیاندن بە دوژمن دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١- شەهید عوسمان حاجی کەریم (بەختیار)

٢- شەهید محەمەد فەرەج فەتاح

## شـــــەڕی هـــــۆمەر قـــەڵا
## 1980/8/10

مامە ڕیشە ژمارەیەک شارەزای ڕووسی دەستگیرکرابوو بردبووینە مێوڵی، دوژمن بەدوای ڕووسییەکاندا هات و شەڕ لە نێوان مێوڵی و دێلێژە لە سەر کانی چنار درووست بوو، هاوکات کەرتی (١)ی قەرەداخ لە ژمارەیەک زیلی سەربازیدا.

ڕۆژی جـەژن بـوو چەند ڕەبییەیەک لـە سـەر شاخی گـوڵان بـوو ئیڤایەک سەردەکەوتە سەر شاخەکەو خواردنیان بۆ دەبردن، ئیڤاکە چەند سەربازێکی لە گەڵدا بوو.

کەرتی (١)ی قەرەداخ بەرنامەیان دانا لە ئیڤاکە بدەن، حەوت پێشمەرگە ڕۆیشتنە شوێنی دیاریکراو بەختیار، هیوا، سلیمان تلەزەیتی ، ڕەئوفی یاسا، حەمە قاشتی لە سەنگەرێکدا دامەزران، هەندێک خەیارو تەماتە و دەبەیەک ئاویان پێبوو لە ناو سەنگەرەکەدا بوون دەنگی ئۆتۆمبێل هات تەماشایانکرد (٧)ئیڤای سەربازی بە دوای یەکدا دەهاتن پێشمەرگەکانیش (٧) کەس بوون، حەوت پێشمەرگەکە چوونە کەلی پەیکوڵی کە هاوشانە لەگەڵ شاخی زەردە سەربازەکان لە تەنیشت سەنگەری پێشمەرگەکان دابەزین بە جۆرێک نزیک بوون بیکەیسییەکیان خستە ناو سەنگەری پێشمەرگەکانەوە.

دوای (٧) ئیڤاکە ژمارەیەکیتر ئۆتۆمبیلی سەربازی هاتنە لای خانوویەک لە پەیکوڵی، فەرماندەیەکی سەربازی لە ناوەڕاستی سەربازەکاندا وەستابوو فەرمانی پێدەکردن بەرەو سەرچاوو هۆمەرقەڵا پێشڕەوی بکەن.

کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی بوو بەختیاری باخی سەروو ئاربیجییەکی کرد بە ناو سەربازەکاندا پێشمەرگەکانیش هەریەکەو مەخزەنێک فیشەکیان بەناویاندا تەقاند ژمارەیەکی زۆر سەرباز کەوتن.

دوای لێدانی هێزەکەی دوژمن پێشمەرگەکان کشانەوە شاخی زەردە دوای دوو کاتژمێر ژمارەیەک کۆپتەر لە پشتی هۆمەر قەڵا لە سەر شاخی زەردە سەربازێکی زۆریان دابەزاند سەربازەکان بە سەر شاخەکەدا بڵاوەیانکردوو بە دوای پێشمەرگەکاندا دەگەڕان پێشمەرگەکانی قەرەداخ هەتا نزیک ئێوارە خۆیان

پەنادا سەربازەکان شوێنی پێشمەرگەکانیان نەدۆزییەوە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە فەوجە سەربازییەکە بەرەو هۆمەر قەڵا ڕۆیشتن مام دەروێش و حەمە قاشتی سەرێکی هۆمەر قەڵایاندا تا ئەگەر سەربازەکان ڕۆیشتن پێشمەرگەکانیتریش بەدوایاندا بڕۆن، پێشمەرگەکان نزیکی هۆمەر قەڵا بوونەوە لە سەر کانی درێژ ئاویان خواردەوەو دانیشتن تەماشایانکرد لەولایانەوە بە دووری (٥٠) مەتر سەربازی لێبوو.

حەمە قاشتی مام دەروێشی لە سەر کانییەکە جێهێشت و گەڕایەوە پێشمەرگەکانیتری ئاگادار کردەوە، کەرتەکە هەموویان یەکیان گرتەوە بڕیاریاندا لە هێزەکەی دوژمن بدەن بە سەر چەند قۆڵێکدا دابەش بوون.

شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هێزی دوژمندا درووست بوو بە جۆرێک پێشمەرگە و سەربازی دوژمن تێکەڵ بە یەکتری ببوون شەڕی قۆناغە تفەنگ دروست بوو.

کڵاشینکۆفەکەی ڕەئوفی یاسە لەگەڵ لوولەی کڵاشینکۆفی سەربازەکاندا دەیدا لە یەک، هێزەکەی دوژمن لە قۆڵی حەمە قاشتی و ڕەئوفی یاسەوە دوو سەنگەریان گرت، لە سەنگەری دووەمدا بەختیاری باخی سەروو پێکراو بریندار بوو حەمە قاشتی ڕایکێشایە دواوە ڕەئوفی یاسەو سمایل تلەزەیتی تەقەیان دەکرد ڕەئوفی یاسەش بریندار بوو لەو قۆڵەوە سمایل تلەزەیتی و حەمە قاشتی مانەوە.

حەمە سەعیدی حاجی غەریب و سەلامی کوێخا عەزیزو چەند پێشمەرگەیەک هاتن بە هانای شەڕەکەوە بەختیاریان بە برینداری بردە دواوە هیوا تفەنگەکەی وەستا بوو تفەنگی بەختیاری هەڵگرت.

حەمە قاشتی، هیوا، سلیمان مابوونەوە دنیا بەرەو تاریک بوون دەڕۆیشت ئەمانیش هەستان ڕۆیشتن پشتیان کردە هێزەکەی دوژمن (١٥٠) مەترێک ڕۆیشتن لە دواوە دەستڕێژیان لێکردن فیشەکێک لە پشتی هیوای (حەمە فەرەج)یداو شەهید بوو.

تەرمی هیوایان هەڵگرت بردیانە دواوە بەختیار پرسی ئەوە کێیە شەهید بووە ووتیان هیوایە ووتی تەواو شەهید بووە ووتیان بەڵێ لەو قسانەدا بوون بەختیاریش شەهید بوو.

شاخی زەردە گڕی گرتبوو دەسووتا هێستریکیان لە سەرچاو هێنا تەرمی هەر دوو شەهیدەکەیان خستە سەر پشتی هێسترەکە بردیاننە بناری شاخی زەردە خستیاننە کونە ئەشکەوتێکەوەو ئاگر بڕیان بۆکردن گەڵاو داریاندا بە سەر تەرمەکانداو هاتنە خوارەوە بۆ ئاوەسپی.

ڕەئوفی یاسە و شێخ حەسەن بریندار بوون ناردیاننە سێوسێنان دکتۆریان هێناو تەداویانکردن پێشمەرگەکان گەڕانەوە پشتی ئاوەسپی بۆ بن شاخی زەردە بۆ ڕۆژی دووەم گەڕانەوە هۆمەر قەڵا خەڵکیان ئاگادار کرد، شەهیدەکانیان هێنایە خوارەوە لە کانییەکەی پشتی هۆمەر قەڵا ئاویان بۆ گەرمکردن کفنیان کردن و لەولا کانییەکەوە هەر دوو شەهیدەکەیان بەخاکسپارد.

## شـــــەڕی عـــەزیز قـــادر-تـــوکن
## 1980/8/22

هەواڵنامەی کتێب

کەرتی (۳)ی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی سامان گەرمیانی لە عەزیز قادر بوون دامەزرابوون بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ فریانەکەوتن نانەکەیان بخۆن شاور لێیدا ووتیان هێزی دوژمن هات.

هێزەکەی هەرێمی (٥) لە عەزیز قادر دەرچوون کاتژمێر ۲ی دوانیوەڕۆ شەڕ دەستپێکرد لەگەڵ شەڕەکەدا خۆڵبارینیش دەستیپێکرد چاو لە چاو وون بوون، وادەی بینین کەم ببووەوە، کەریم چاوڕەش، ئاسۆ، فەرهاد، ئەحمەد چاوشین (١٠) سەربازیان بینی بەرەو دۆڵێک دەهاتن، ملە سوورەیەک بوو پێشمەرگە خۆیاندا بە زەویدا هەتا سەربازەکان هاتن گوێیان لە هەناسە بڕکێی سەربازەکان بوو دەیانوویست پشت لە پێشمەرگەکان بگرن.

پێشمەرگەکان هەستانە پێ و لە سەربازەکانیاندا شەش سەربازیان لێکوشتن، سەربازەکان پەشۆکابوون شەڕو تێکڕژان درووست بوو فەرهاد باڵای کورت بوو ئەفسەرێک باوەشی پیاکرد بوو دەیخستە بەر لوولەی تفەنگی پێشمەرگەکان هەتا نەیکوژن، پێشمەرگەکان فرسەتیان هێناو ئەفسەرەکەو سێ سەربازەکەیتریان کوشت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٠ سەرباز کە یەکێکیان ئەفسەر بوو بە پلەی ڕائید

پێشمەرگەکان سەربازەکانیان خستە ئاودرێکەوە لاشەکانیان لە سەر یەک هەڵچنی خۆڵ و پوشیان کرد بە سەریاندا.

بۆ بەیانی دوژمن (عەلی و هیدایەت) دوو کەسی عەزیز قادری ناردبوو تا لاشەکانیان بدەنەوە، پێشمەرگەکان شوێنی لاشەکانیان پێووتن، عەلی و هیدایەت گەڕانەوەو شوێنی لاشەی کوژراوەکانیان بە هێزەکەی دوژمن نیشاندا، بەڵام هێزە دڕندەکەی دوژمن دوای دەرهێنانەوەی تەرمی کوژراوەکانیان زۆر نامەردانە عەلی و هیدایەتیان شەهید کرد.

عەلی و هیدایەت دوو هاوڵاتی دانیشتووی دێی عەزیز قادر بوونە قوربانی عەقڵی کۆنەپەرستانەو بێ بەڵێنی دوژمنی داگیرکەر.

## شـــــەڕی بـــــاوەخۆشێن ئـــــیمام قـــادر مـــــانگی 1980/11

هێزێکی هەرێمی (٥) بە فەرماندەیی مستەفا چاوڕەش هاتنە نزیک دەربەندیخان چالاکییەک ئەنجامبدەن ژمارەیەک فلیپینی لە دەربەندیخان بوون بە نیاز بوون دەستگیریان بکەن ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەربەندیخانیان ئاگادار کردەوە شەو دێنە ناو شار بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک.

ڕێکخستنەکان هاتبوونە دێی (سەلیم پیرک) پێشمەرگەکان بەڕێوە بوون بچنە سەلیم پیرک، هێزەکانی دوژمن لە ڕێگا زنجیرەیەک بۆسەیان دانابوو ئۆتۆمبیلێکی سەربازی بە سەر بۆسەکاندا دەگەڕا گلۆپەکانی داگیرساند بوو پێشمەرگەکان بە بۆسەکانیان زانی گەڕانەوە چوونە (فەقێ جنە) لە پشتی دەربەندیخان.

ئۆتۆمبیلێک هەموو بەیانییەک دەچوو کانەبەردێک و ئێوارە دەگەڕایەوە دوو سەربازی لە گەڵدا بوو حەمە قاشتی پرسی بە مستەفا چاوڕەش کردوو هاتن بۆ گرتنی ئۆتۆمبیلەکە.

حەمە قاشتی و ڕەئوفی یاسە بە جلی مەدەنییەوە هاتن بۆ پشتی ماڵەکانی دەربەندیخان، عومەر سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو ناردیانە سەر ڕێگەی ئۆتۆمبیلەکە لە هاتنی ئۆتۆمبیلەکە ئاگاداری کردنەوە.

حەمە قاشتی و ڕەئوفی یاسە لە پشت بەردێکی گەورەوە دانیشتبوون چوونە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکە و ڕایانگرت بەڵام ئەو دوو سەربازەی تیا نەبوو کە ڕۆژانە لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکە دەهاتن، شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە میسری بوو لەگەڵ کرێکارەکان بردیاننە خوارەوە بۆ باوەخۆشێن کاک مستەفا چاوڕەش دەستخۆشی لێکردن.

لەگەڵ مستەفا چاوڕەش و ئازاد هەورامی و مامە ڕیشە باسی چالاکییەکەیان دەکرد پێشمەرگەیەک ئێشککگر بوو فیشەکێکی تەقاند پێشمەرگەکان لە دەنگی تەقەکە هاتنە دەرەوە تەماشایانکرد چەند مودەڕەعەیەک و چوار ئیڤای سەربازی و جێب قیادەیەک بەرەو باوەخۆشێن دەهاتن پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥) جیابوونەوەو بوونە چەند بەشێک.

مستەفا چـاوڕەش، ئـازاد هەورامی، مامۆستا جەلال دەروێش ساڵح و چەند پێشمەرگەیەکیتر بەرەو دێی ئیمام قادر سەرکەوتن بۆ پشتی هێزەکەی دوژمن.

مامە ڕیشە، حەمە قاشتی، حەمە تیماری بەرەو هێزەکەی دوژمن ڕۆیشتن ڕەشاش برنەوو برنەوێک و کلاشینکۆفێکیان پێبوو.

مامە ڕیشە و حەمە قاشتی ویستیان لە ژێر پردێکەوە بچنە پشتی هێزەکەی دوژمن، چوونە ژێر پردەکەوەو مودەڕەعەیەک هاتە سەر پردەکە مودەڕەعەکە جوڵا مامە ڕیشەو حەمە قاشتی چوونە پشتی هێزەکەی دوژمن.

دوو پێشمەرگە لە دواوە تەقەیان لێکردن، ٤٠ فیشەکیان پێوەنان حاجی نەجم باوەخۆشێنی بە پێشمەرگەکانی ووتبوو بۆ تەقەیان لێدەکەن ئەوە مامە ڕیشەو حەمەن، ووتبوویان نەخێر تۆ نازانیت ئێمە خۆمان دەزانین ئەوانە جاشن.

ئەو هێزەی پشتی ئیمام قادر بە فەرماندەیی مستەفا چاوڕەش و ئازاد هەورامی گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.

هەواڵنامەی کتێب

حەمە قاشتی و مامە ڕیشە و حەمە تیماری لە لایەکیترەوە باوەخۆشێنیان کردە گۆڕ بۆ دوژمن، شەڕ تا ئێوارەی خایاند، لە ئەنجامی شەڕێکی قورسدا هێزەکەی دوژمن شکاو زەرەرو زیانی زۆریان لێکەوت ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوو.

بۆ ڕۆژی دوای شەڕەکە چوونە مەسۆیی قەرەداخ لە سەر کانی و ئاوی گۆمە زەرد کۆبونەوە، مستەفا چاوڕەش چالاکییەکەی بەرز نرخاند دەستخۆشی لە پێشمەرگەکان کردوو ووتی لە دوای شۆڕشی ئەیلولەوە شەڕی لەمجۆرە لەم سنوورەدا نەکراوە.

مامە ڕیشە و حەمە قاشتی لە کۆبوونەوەکەدا ڕەخنەیان لەو دوو پێشمەرگەیە گرت کە لە دواوە تەقەیان لێکردن دوو پێشمەرگەکە هەستان و ڕەخنەیان لە خۆیان گرت ئەو سەردەمە ڕەخنە لە خۆگرتن دان نان بوو بە هەڵەدا.

## پـــــەلامــاری دوژمـــــن
## شـــاخی شــۆراوە

پۆلێک پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (٥)ی قەرەداخ لە شاخی شۆراوی ناوچەی هەمەوەندی بازیان بوون.

لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٧ هێزێکی دوژمن پەلاماری پێشمەرگەکانیدا دوای شەڕێکی قارەمانانە ١٦ پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی چواری جەباری شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١- شەهید خالید محەمەد ئەمین ناسراو بە بێستوون باڕۆیی فەرماندەی کەرتی چواری جەباری، لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە پێشمەرگە بوو فەرماندەی ئازاو دلێری چەندین نەبەردی بوو.

٢- شەهید نوری محەمەد عەلی ناسراو بە مەلا نوری خەڵکی کەرکوک بوو ساڵی (١٩٧٨) بووەتە پێشمەرگە ڕێبەری سیاسی کەرتی چواری جەباری بوو.

٣- شەهید شەریف سابیر کەریم ناسراو بە شەریف کونە کۆتری ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگە.

٤- شەهید نەوزاد محەمەد ئەمین ناسراو بە نەوزاد تەکیەیی لە ساڵی (١٩٨٠) بووەتە پێشمەرگە.

٥- شەهید حسێن عەبدوڵلا محەمەد ناسراو بە حسێن دڵگەیی، لە ساڵی ١٩٧٦ بووەتە پێشمەرگە.

٦- شەهید نەجمەدین عوسمان قادر ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی، لە ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە.

٧- شەهید ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان کانی مستەفایی، لە ساڵی (١٩٧٩) بووەتە پێشمەرگە.

٨- شەهید عەدنان عەلی محەمەد ناسراو بە عەدنان کەرکوکی ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە.

٩- شەهید نورەدین ڕەشید ناسیح ناسراو بە نورەدین ساڵەیی، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە.

١٠- شەهید ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغە ڕووتەیی، ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە.

١١- شەهید عومەر ئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی، ساڵی ١٩٧٦ بووەتە پێشمەرگە.

١٢- شەهید فاتیح حەمە سەعید محەمەد ناسراو بە فاتیح سەنگاوی، ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە.

١٣- شەهید جەبار فایەق مەجید ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە

١٤- شەهید عەلادین عەبدولکەریم محەمەد ناسراو بە دکتۆر عەلادین، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی سلێمانی بووە ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە.

١٥- شەهید قادر حسێن ئەحمەد ناسراو بە قادر شا حەسەنی ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە.

١٦- شەهید جەوهەر حسێن ئەحمەد ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە.

هەواڵنامەی کتێب

# شـــــەهید بوونی خـــالید گـــەرمیانی
# 1980/12/8

دوای شەهید بوونی بێستوون باڕۆیی فەرماندەی کەرتی (٤)ی جەباری و هاوڕێکانی لە شاخی شۆڕاو خالید گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرتەکە.

ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٨ خالید گەرمیانی بە نیازی دەست بەکاربوون وەکو فەرماندەی کەرتی (٤) ی جەباری بەڕێکەوت.

هێزێکی زۆری دوژمن بە پشتیوانی کۆپتەر بەرزاییەکانی (خاوێ)یان گرتبوو، مستەفا چاوڕەش و شێخ جەعفەرو مام ڕۆستەم لە خاوێ بوون دوژمن لە سەر شاخەوە تەقەی لێکردن لەو قۆڵەوە شەڕ درووست بوو.

هێزەکەی دوژمن لە چەند لایەکەوە پەلاماری دێیەکانی خاوێ، هاڵدەرەو مێولێ و گوڕبازو قازانقایەیدا، قارەمانەکانی هەرێمی (٥)ی قەرەداخ لە بەیانییەوە تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە بەرگرییەکی سەختیان کردو زیانی زۆریان لە دوژمندا.

مامۆستا جەعفەر لە سەرکردایەتییەوە هاتبووە خوارەوە خالید گەرمیانی بە نیاز بوو بیگەیەنێتە لای کاک مستەفا چاوڕەش و دواتریش بچێتە کەرتی چواری جەباری بەڵام

کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە دوای شەڕێکی قارەمانانە خالید گەرمیانی شەهید بوو.

خالید گەرمیانی فەرماندەی ئازاو بوێری گەرمیان و قاڵبووی دەیان شەڕو داستانی پێشمەرگانە بوو شەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ شۆڕش، فەرماندەیەکی زەبر قورس و چالاک بوو بەردەوام لە ناو کفری و ناوچەکانی گەرمیاندا چالاکی ئەنجامدەدا، یەکێک لەو چالاکییانە کوڕی بەڕێوەبەری پۆلیسی کفریان گرت و دواتر بەرانبەر ئازادکردنی کەسووکاری پێشمەرگە ئازادیانکرد، لە قوڵایی گەرمیان و لە خوار دوز چالاکی ئەنجامدەدا.

لەو داستانە گەورەیەدا دوو کۆپتەری دوژمن پێکرا، زیانی گەورە بەر دوژمن کەوت و ژمارەیەکیان لێکوژرا.

لەو داستانە کەم وێنەیەدا سەلامی فەقێ عەلی لێپرسراوی دەستەی مستەفا چاوڕەش بە بۆردومانی فڕۆکە چاوێکی بریندار بوو ساچمەی بەرکەوت پێشمەرگەی دلێری هەرێمی (٥) هیوای چەچە سووتا و بریندار بوو.

## نـــــیۆان بـــــیرکێ ســـــیارە کـــۆتایی ســـاڵی 1980

پێشمەرگەکانی شـارەزوور لـە سـەر ڕێگای بیرکێ سیارە دەربەندیخان بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا.

حەمە قاشتی بەلای دەربەندیخاندا یەکەم کەس بوو دامەزرا بوو، مام دەروێش لە بەری سلێمانی یەکەم کەس بوو.

مـدیری مـونـەزەمـەی زەڕایـەن قەمەرەیەکی بیجۆی پێبوو کـەوتـە بۆسـەی پێشمەرگەکانەوەو ڕاوەستا بگەڕێتەوە، حەمە قاشتی تەقەی لێکرد تایەی قەمەرەکە تەقی نەیتوانی بڕوات دابەزی کەوتە بەردەمی جادەکە بە دەمانچە تەقەی دەکرد فیشەکی پێنەما تەسلیم بوو لە ناسنامەکەی نووسرا بوو مامۆستا ڕەشید مودیری مونەزەمەی زەڕایەن.

مودیری مونەزەمەیان بردە لای کاک مستەفا چاوڕەش قسەی لە گەڵدا دەکرد ووتی کاکە من ژنەکەم کوردە مام ڕۆستەم زللەیەکی لێدا دای بە زەویدا، دواى وەرگرتنی زانیاری وورد لە مدیری مونەزەمە بە سزایان گەیاند.

هەواڵنامەی کێتر

## هـەرێمی 5 قەرەداخ سـاڵی 1980 هـــــەرێمی ساڵ قـــارەمانی سـاڵ بـوو

ساڵی ١٩٨٠ ساڵێکی پر لە خەبات و قوربانیدان ساڵێکی پڕ لە دەیان دەرسی پاڵەوانێتی و خۆڕاگڕییبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی تێکۆشەر لە ماوەی ئەو ساڵەدا زیاتر و ئازایەنەتر لە پێشوو دەستی کوشندە و کاریگەریان لە دوژمن وەشاندووە

هەرێمی (٥)ی کۆڵنەدەر هەرێمی قەرەداخ دەیان داستانی جەسووری و بە جەرگی شۆڕشەکەمان، لەناو هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەربە (ی.ن.ک) دا بە (٣٣٠) چالاکی یەکەمی لەدەست وەشاندنی دوژمن وەرگرت و زۆربە شایستەوە بوون بە قارەمانی ساڵی ١٩٨٠

شایەنی باسە هەرێمی قەرەداخی خۆڕاگر هەرێمی (١) هەورامانی تێکۆشەر پلەی دووەمی وەرگرت بە (١٢٨) چالاکی، هەرێمی ٣ شارباژێڕی ئازا بە (٨٢) چالاکی، سێهەم هەرێمی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بەپێی چالاکییەکانی لە بەرگری لە خۆو دەستوەشاندن لە سوپای فاشست

شایەنی باسە کە هەرێمی قەرەداخی هەرگیز نەبەزیو لە ساڵی (١٩٧٩) دا قارەمانی هەرێمەکانی (هـ‌پ.ک) بوو، سەرەڕای فراوانبوونی هێرشە دڕندەکانی سووپای دوژمن و سەرەڕای دەیان پیلان و نەخشەی گڵاوی هێزەکانی سووپاو چڵکاوخۆرەکانی بـەڵام لەهەمانکاتدا قارەمانێتی قـەراخـی کـۆڵـنـەدەر شتێکی چاوەڕوانکراو بوو بەوەی بەوپەڕی لێهاتوییەوەوە بتوانێت بۆ ساڵێکیتریش واتە ساڵی (١٩٨٠) جێی دیاری لەناو هەرێمەکانی (هـ‌پ.ک) ڕۆشن بکاتەوە

ئەم هەرێمە پاڵەوانە لە ڕووی دوژمنی فاشست و نۆکەرەکانیدا هەروەک شێری مەیدانی مەردایەتی ڕاوەستاوە و دەرسی ئەو تۆی داوە بە دوژمنە دڕندەکان کە تاماون لە یادیان نەچێ و وەک لەکەیەکی ڕسوایی و ڕوورەشی بە نێوچاوانی پڕ تاوانیان بۆ هەتا هەتایی بمێنێتەوە .

لەگەڵ نالەباری شوێن و هەلومەرجی هەرێمەکە لە ڕووی عەسکەری و تۆبۆگرافییەوە چوونکە ناوچەکانی قەرەداخ بۆ قولکردنەوەی شەڕی پارتیزانی

زۆر گونجاونییە، کەچی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی قەرەداخ یەک پارچە ئەو ناوچەیەیان لە دوژمن کردووە بە دۆزەخ.

ئەم قارەمانێتی و سەرکەوتنە گەورانەی هەرێمی قەرەداخ وەنەبێ لەخۆیەوە بەدەست هێنرابێت بەڵکو ڕۆڵە گیان بازوو بەدیهێنەرانی ئازادی گەل و خاک بەدەیان قوربانی مەزنیان داوەو دەیان پاڵەوانی هەرێمەکە خاکی قارەداخیان سوورکردووە و وەفادارییان بۆ خوێنی پاکی (ئارام) ی مەزن لە مێژوودا تۆمار کردووە، بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٨٠) دا کە ئەم هەرێمە خۆڕاگرە چەندین ڕۆڵەی خوێن گەرم و ئازایان کردووە بە قۆچی قوربانی شۆڕش و کاروانە دێرینەکەی شەهیدانیان نەخشاندووە وەک شەهیدان (گۆران و بەختیار و دکتۆر عەلی و مامۆستا نوری و خالید گەرمیانی و دلێر بابە ڕەسول و بێستون و دەیانیتر)کە لە کادرە سیاسی و عەسکەرییەکانی هەرێمی (٥) و لقی ٢ بوون

ئێمە لەکاتێکدا پیرۆزبایی و سڵاوی خۆمان بۆ پاڵەوانە خۆڕاگرەکانی قەرەداخ دەنێرین هیوادارین کە هەرێمەکانیتریش هەمیشە سەرکەوتووبن بۆ بەدیهێنانی ڕۆژی سەرکەوتن.

ئەم هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەرێمی (٥) قەرەداخ لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ک) وە کراوە و لە هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بڵاوکراوەتەوە

## کـــــــانی شـــــیرینە
## 1981/1/1

دوای شەهید بوونی خالید گەرمیانی فەرماندە دلێرەکەی گەرمیان مەحموود سەنگاوی کرایە فەرماندەی کەرتی (٥).

لە سەری ساڵی تازەی ١٩٨١ کەرتی (٥) لە کانی شیرینەی سەر ڕێگای قادرکەرەم- دووز چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا ٣ سەرباز بەدیل گیران ٣ چەک دەستکەوت بوو.

هەر لە مانگی (١)دا نەخشەی لێدانی هەندێک شوێنیان دارشت کە لە سەردەمی خالید گەرمیانیدا بە نیاز بوون جێبەجێیبکەن لە بۆسەیەکدا دوو جاشی شەعبی دەستگیرکران ئۆتۆمبیلێک دەستکەوت بوو.

لە مانگی ١٩٨١/٢ لە سەر ڕێگای کفری کەلار بۆسەیەکیان دانا سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی کەلارو بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی کۆکس دەستگیرکران، بەڕێوەبەری ناحیەی کۆکس بە کەفالەتی حزبی شیوعی تەسلیم بە ئەوان کرا چوونکە کۆنە شیوعی بوو.

## بـــەرلوت بـــۆسەی پـــێشمەرگە
## مـــانگی 1981/1

عەسرێک مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) بە فەرماندەیی ئەحمەد چاوشین بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە، لەو شەڕەدا (٥) سەربازو ئەفسەرێک کوژران.

دەستکەوت:

٥ کلاشینکۆفی مزەللی

## چـــالاکی نـــاو شـــار

پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٥) بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە ناوشاری سلێمانی ڕووبەڕووی مەفرەزەیەکی قوات خاسە بوونەوە، دوای شەڕێکی جوامێرانە (٣) قوات خاسەیان کوشت

لەونەبەردییەدا ئاوات صابر شەهید بوو

## مـــــەفرەزەی مـــامە ڕیـــشە

مامە ڕیشە فەرماندەی مەفرەزەی (٣) بوو، سنووری مەفرەزەکەی مامە ڕیشە، ناوچەکانی جەباری و قەرە حەسەن بوو کە لە (٧٥) دێ پێکهاتبوو، هەڵکەوتەی ناوچەکە بۆ پێشمەرگە زەحمەت و لاسەنگ بوو ڕۆژهەڵاتی سنوورەکە چەمچەماڵ بوو باشووری چەمچەماڵ بە چەند کیلۆ مەترێک سەنگاو بوو، ڕۆژئاوای سەنگاو

قادرکەرەم بوو، ڕۆژئاوای قادر کەرەم لەیلان بوو، ڕۆژهەڵاتی لەیلان قەرەهەنجیر بوو، ناوچەکە بە چەندین سنووری جیاوازەوە بەسترابووەوە.

دێیەکانی ناوچەکە قەرەباڵغ بوون، خەڵکی زۆریان تیادا نیشتەجێبوو، دێیەکی وەکو خاڵە بازیانی نزیکەی ٣٠٠ ماڵ دەبوو دێیەکانی تریش بە هەمان شێوە بوون.

پێشمەرگە نەیدەتوانی بچێتە هەموو دێیەکانی سنوورەکە مامشەو ساڵەیی و باوا، بەیانلو، تەپەلو، دوژمن زاڵ بوو بە سەریاندا، بەشێک لە دێیەکان بە زۆر چەکدار کرابوون، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەوە چەکەکانیان پێ دانراو وازیان هێنا.

## بـــەشێك لە دێـــیەكانی قـــــەرەحەسەن

باشبڵاخی سەرووخوارو، شێخ جیری خواروو سەروو، عومەرە گەدە، تەیمزاوا، عوسمانلەکە، سیا مەنسوور، شوانە، پەلکانە، فەرقان، قایش پاشا، حسێن ئیسلام، خاڵە بازیانی، کەمەڵە، زەنگنە، جافان، مەملی، جەوەڵ بۆر، خدر بەگ، تەپەلو، مامشە، ساڵەیی، باوا، بەیانلو، چەند دێیەکی تر.

## بـــــەشێك لە دێـــیەكانی جـــــەباری

حەسەن خانە، چیمەن، حەمک، پیزڵ، هەنارەی خواروو سەروو، هەنارەی سەید ڕەووف، مۆردانە، زنە خۆر، تەکیە، جانی، تەپەکورە، شێخ مەحموود، داوڵ، سۆران، عەلی مستەفا، زەردە، قۆچەلی، چنگی، وەستا خدر، بەکر باجەلان، قەشقە، وێڵە، سەوسکە، جافان، چەند دێیەکیتر.

ئەم دێیانە سنووری جووڵە و جەولەی مەفرەزەکەی مامە ڕیشە بوون، بەڵام مامە ڕیشە لەم ناوچانەدا نەدەوەستا دەچوو بۆ سنوورەکانی تریش.

جووڵەو جەولە و چالاکی مەفرەزەکەی مامە ڕیشە لە سنووری دێیەکانی ناوچەی جەباری و قەرەحەسەن نێوان جادەی لەیلان و قادرکەرەم، قەرەهەنجیر و کەرکوک، نێوان قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ، سەنگاو چەمچەماڵ بوو، ئەوە جگە لە چوونە ناو شارەکانی کەرکوک و شارو شارۆچکەکانی دیکەو دواتریش ئەو شەڕانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا دەکران و سەرکردایەتی بانگی دەکردن.

# مـــــــــووانی ڕۆســـــــتەم
# 1981

دوای سزادانی ژمارەیەک لەو کەسانەی سەر بە حزبی بەعس بوون حەوت پێشمەرگەی هەرێمی (٥) چوونە مووانی ڕۆستەم لە دوو ماڵ پێخەفیان هێناو لە ماڵی ڕەئوف زەڕایەنی خەوتن.

کەریم کۆمەڵە ئێشکگری بەیانی بوو لە بەر هەیوانی ماڵەکە دانیشتبوو نەچوو بووە دەرەوە بەیانییەکەی زوو ٣٥٠ جاش چواردەوری مووانی ڕۆستەمیان گرت، کەریم کاتژمێر ٧ چووە ژوورەوە پێشمەرگەکانی لە خەو هەستان حەمە قاشتی دەرگای ماڵەکەی کردەوە ٢٠ جاش لە بەردەم ماڵەکەدا دانیشتبوون حەمە قاشتی سڵاوی لێکردن ئەوانیش سڵاویان سەندەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێن پێیان وابوو ئەمیش جاشی یەکێک لە مەفرەزەکانە.

جاشەکان لە سێ مەفرەزە پێکهاتبوون، مەفرەزەی زەڕایـەن، سەید صادق، تاسلوجە بـوون، دوای بینینی جاشـەکان حەمە قاشتی گەڕایـەوە ژوورەوە بە پێشمەرگەکانی ووت چوار دەورمان گیراوە کەس بیر لە تەسلیم بوون نەکاتەوە هەتا فیشەک هەبوو بیتەقێنن فیشەک نەما ڕاکەن یا بتانکوژن.

پێشمەرگەکان لە ماڵی ڕەئوف زەڕایەنی هاتنە دەرەوە بە بەردەمی جاشەکاندا تێپەڕین گەیشتنە سەر کۆڵانێک یەکێک لە جاشەکان ناسیاو بوو ناوی حەسەن بوو تەوقەی لە گەڵدا کردن ووتی کاکە حەمە بیکە بە خاتری خوا تەقەمان لێمەکەن جاشەکە گەڕایەوە دواوە.

پێشمەرگەکان دەیانویست بگەنە چەمی تانجەرۆ هەمووی کەندەڵان بوو دەیانتوانی بەرگری بکەن گەیشتنە نزیک کەندێک ٤٠ جاش لە قەراغی کەندەکەدا بوون، جاشێک ئاوڕیدایەوە پێشمەرگەکانی ناسی ٣٠ فیشەکی بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان تەقاند پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەر جاشەکان و ڕاویاننان جاشەکان کەوتنە ئەو سەری ماڵەکان کەلێنێک درووست بوو تا پێشمەرگەکان لێوەی دەرچن.

پێشمەرگەکان بەرەو موانە کۆن ڕۆیشتن مەفرەزەیەکی جاش لە زەڕایەنەوە هاتن پێشیان لە پێشمەرگەکان گرت، بانگیان دەکردن تەسلیم بن تازە ڕزگاربوونتان نییە.

پێشمەرگەکان گوللە ئاربیجییەکیان پێمابوو نایان بە جاشەکانەوەو ئاربیجیەکەیان خستە ناو ئاوێکەوە تا بەردەستی جاش نەکەوێت بەرەو کانی پانکە ڕۆیشتن جاش لە هەر دوو مووانەکەوە بەدوایانەوە بوون گەیشتنە ناو مووانی حەمەی حەسەن خەڵکی مووانی حەمەی حەسەن بە پێشمەرگەکانیان ووت تازە ئێوە دەرچوونتان نییە پێشمەرگەکان ووتیان باشە تەسلیم دەبین پەلە مەکەن با جاشەکان بێن مەبەستیان بوو خەڵکەکە و جاشەکان سەرقاڵ بکەن.

پێشمەرگەکان چوونە ناو ماڵەکان باخێکی گەورە لە کانی پانکە هەبوو چەم و توترک و بێشەی زۆری تێدا بوو لەوێوە دەرچوون بەرەو گرێزە لە جادەکە چوونە ئەو بەرەوە.

سەربازەکان بە سەر باڵەکانەوە سەیریان دەکردن نەیاندەزانی کێ پێشمەرگەیەو کێ جاشە ئەوان تێکەڵی شەڕەکە بوون، تراکتۆرێک لە حەوشەی ماڵێکی گرێزەدا بوو بەزمەی تفەنگ خستیانە ئێش و هێنایانە دەرەوە سواری تراکتۆرەکە بوون و چوونە شێرەبەرە جاشەکان تا شێرەبەرە دوایانکەوتن دوای کاتژمێرێک شەڕ گەڕانەوە، دوای گەڕانەوەی جاشەکان پێشمەرگەکان گەڕانەوە شارەزوور.

لەو شـەڕەدا کەریم کۆمەڵە بریندار بوو سەید والی لە ناو ماڵەکانی مووانی ڕۆستەمدا کەوتە دەست جاشەکان دواتر بەر لێبوردن کەوت و ئازاد بوو گەڕایەوە ڕیزەکانی پێشمەرگە.

# شـــــەڕی ئـــالان و حـــــاسڵ
# مـــانگی 1981/4

زانیاری گەیشتە پێشمەرگە چەند ئۆتۆمبیلێکی حکومی لەگەڵ ژمارەیەک کرێکارو چەند ڕەفیق حیزبییەک دێنە زێڕینجۆی نزیک عەربەت بۆ ئیشوکاری فەرمانگەی کشتوکاڵ.

حەمید قەرەگۆلی، عەبدوڵڵا دسکەرەیی، حەمە قاشتی ڕۆیشتن بۆ دەستگیرکردنیان لۆرییەکی ئاخچەم هات ٩٤ کرێکاری تیابوو لەگەڵ دوو تراکتۆری فیاتی گەورە، لۆری و دوو تراکتۆریان هێنا هەر پێشمەرگەیەو لەگەڵ یەکێکیان سەرکەوت هێنایاننە کانی کەوە کرێکارەکانیان ئازادکردوو لۆری و تراکتۆرەکانیان بردوو چوونە ئالان و حاسڵ.

ئێوارەکەی ویستیان بپەڕنەوە بەری قەراخ لۆریەکە چەقی لەوێدا لۆریەکەیان سووتاند و دوو تراکتۆرەکەیان بردوو چوونە پشتی قەڵبەزە نزیک کانی مرواری خۆیان پەنادا، بۆ ڕۆژی دوایی ئامرلیواو سەدان جاش و سەرباز پەلاماری ناوچەکەیاندا.

ئامر لیوا لە زەڕایەن ووتبووی چەند موخەڕیبێکن ئێستا دەچین دەیانگرین دەیانخەینە ناو ئۆتۆمبیلەکانمان و دەیانهێنینەوە.

پێشمەرگەکان لە کانی مرواری بوون، سەلامی کوێخا عەزیزو مەفرەزەیەک لە حاسڵ بوون هێزەکەی دوژمن چوونە حاسڵ لەگەڵ سەلامی کوێخا عەزیزو مەفرەزەکەیدا تووشی شەڕهاتن.

سێ پێشمەرگە لە کانی مرواری لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی حزبی شیوعی هاتن لە دواوە لە هێزەکەی دوژمنیاندا ماوەی دوو کاتژمێر شەڕ بوو دوای دوو کاتژمێر شەڕ هێزێکی حزبی سۆسیالیست بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود لە کانی بەردینەوە هاتن بە هانای شەڕەکەوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی و پاسۆک شان بە شانی هێزەکانیتر بەشداری شەڕەکە بوون.

دوای شەڕێکی قورس هێزەکەی دوژمن شکاو تا دێی (بەخشی) ڕاویاننان، عەبدوڵڵای دێ فاتە، فوئاد، مەحموودی مامە عەزە، نوری حزبی سۆسیالیست،

حەمە قاشتی بە یەکەوە بوون، سێ سەرباز لە ناو گەنمدا بوون تەقەیان لێکردن سەربازێکیان کەوت، سەربازێکیتر ویستی تەقە بکات کوشتیان، سەربازێکیتر هەستا دەستی بەرز کردەوە ووتی مەمکوژن ئەوە سەیدالقائیدە لەوێدا بریندار بووەو کەوتووە، کە چوونە سەری ئامر لیوا بوو فیشەکێک لە سنگی دابوو فیشەکێک لە ڕانی، پێشمەرگەکان داوایانلێکرد قسە بکات بەڵام هیچی نەوت، پێشمەرگەکان بڕیاریاندا بیکوژن، تەڵقە ڕەحمەیەکیان نا بە ئامر لیواوەو کوشتییان، نەجمەکانی سەرشانی و دەمانچەکەیان لێکردەوەو بردیان.

شەڕ کۆتایی هات پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە پێشمەرگەکان لە سەر گردێکی پشتی کانی کەوە دەستیانکرد بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی ووتن.

لە کاتی ئاهەنگ و خۆشی پێشمەرگەکاندا (٥) کۆپتەر بە تەختی زەویدا هاتن بە ساروخ و دۆشکا لە پێشمەرگەکانیاندا لە ئەنجامدا ١١ پێشمەرگە شەهید بوون

خالید حاجی عەبدوڵڵا

مەلا عومەر

حەمە مین قەرەگۆلی لەو ١١ شەهیدە بوون

هەولێرنامەی کتێب

## شـــــــەڕی زەمـــــــاوەنگە بەهـــــــاری 1981

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عادل شکور لە زەماوەنگە بوون لە چەمە بیسمیلاو ژاڵەی سەفەرەوە ئۆتۆمبیلێکی زۆری سەربازی بەرەو زەماوەنگە هاتن، دوو شۆفلێتی جاش کەوتبوونە پێشیان، پێشمەرگەکان چوونە پەڕی زەماوەنگەو دامەزران.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکەی دوژمن پێشمەرگەکان لێیاندان، ئەفسەری فەرماندەی هێزەکە لە ناو جیبەکەیدا خۆی فڕێدایە خوارەوەو دارەکەی دەستی بەجێما جاشەکان خستیانە شۆفلێتێکەوە شەڕێکی گەرم لە نێوان پێشمەرگەو هێزی دوژمندا ڕوویدا، دوژمن شکاو هەڵات.

**زیانی دوژمن:**

کوژراوو برینداریان هەبوو

**دەستکەوت:**

جیبێکی قیادە

## چـــــالاکی کـــەرکوك ، تـــــەرجیل مـــانگی 1981/5

پێشمەرگەکانی مەفرەزەی (٣) کەرتی (٤)ی جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە لە نێوان لەیلان کەرکوک و لە تەرجیل چالاکیەکیان ئەنجامدا و لە قافڵەیەکی دوژمنیاندا، لەو شەڕەدا دوژمن زیانی لێکەوت، کوژراوو برینداری هەبوو لە هێزی پێشمەرگەش، عومەر ژاڵەیی، پێشمەرگەی مەفرەزەکەی مامە ڕیشە شەهید بوو.

## «لە یـــادی شـــەهیدان ســـــەرکەوت و والی»دا

لە یادی شەهیدان سەرکەوت و والی قوبەیی کەرتی شارەزوور بڕیاریدا گورزێک لە جاشەکانی زەڕایەن بدەن.

ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٤ شەش پێشمەرگەیان نارد تەقە لە جاشەکانی زەڕایەن بکەن لەو لاشەوە بۆسەیان بۆ دابنێن، پێشمەرگەکان بێئاگا بوون لەوەی جاشەکان کۆبوونەتەوە پەلاماری بناری شارەزوور بدەن لەگەڵ لێدانی جاشەکان لە لایەن پێشمەرگەوە جاشەکان وەڵامیان دانەوەو دوای پێشمەرگەکان کەوتن پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

مەحموود سەنگاوی و پۆلێک پێشمەرگە خۆیان لە بۆسە نابوو تاکو جاشەکان بەرەو لای ئەوان ڕابکەن و لێیاندەن بەڵام کە دۆخەکە وای لێهات لە بۆسەکە کشانەوەو هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوە لە جاشەکانیانداو پاشەکشەیان پێکردن شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا، جاشەکان شکان لەو شەڕەدا (ڕەفیق باریکەیی) شەهید بوو عەلی عومەریش بریندار بوو، عەلی ڕەوانەی لای دکتۆر کرا لەو ڕۆژەدا باوکی هاتبوو بیبینێ بە دیار عەلی کوڕیەوە مایەوە تا لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٥ شەهید بوو.

باوکی بە ورەیەکی بەرزەوە ناوچەوانی ماچکردوو ووتی ئافەرین ڕۆڵە بەڕاستی شەهید بوونت سەرمان بەرز دەکاتەوە.

## چـــــالاکی قـــــادر کـــــــەرەم
## مـــــانگی 1981/7

قارەمانەکانی مەفرەزەی (٣) کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە، شەوێک چوونە ناو قادرکەرەم چالاکییەکیان ئەنجامدا، تەقەیان لە چەند ڕەبییەیەکی دوژمن کردوو گەڕانەوە.

## نـــــێوان کـــفری- کـــەلار بـــۆسە
## 1981/7/25

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) لە نێوان کفری کەلار بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ١٥ سەرباز

دەستکەوت: ١ بیکەیسی ،٧ کلاشینکۆف

هەولنامەی کتێب

## کـــــەریم حـــــەمدانی لە خـــــاڵە بـــــازیانی
## مـــــانگی 1981/8

تۆفەی جەبار قارەمان و کەریم حەمدانی ئامر لیوای چەمچەماڵ هاتنە مزگەوتەکەی خاڵە بازیانی کۆبوونەوەیان بە خەڵک کرد، مەفرەزەکەی مامە ڕیشە لە هەردەی بزەڵە خۆیان حەشاردابوو لە کاتی گەڕانەوەی ئامر لیواو جاشەکاندا کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە نێوان حسێن ئیسلام لە قافڵەکەی ئامر لیوایاندا، ئامر لیوا پەنای بردە بەر کۆپتەر.

مەفرەزەکەی مامە ڕیشە دوو جاشیان بەدیل گرتبوو سێ پێشمەرگەیان لا جێهێشتبوون لە هەردەی بزەڵە، جاشەکانی تەحسین شاوەیس شارەزای ناوچەکە

بوون بە کۆپتەر چوونە سەر هەردەی بزەڵە، سێ پێشمەرگەیان شەهید کردوو دوو جاشەکەش کوژران.

**سێ پێشمەرگە شەهیدەکە:**

١- فەرهاد قرخی

٢- حەمە برنەو خەڵکی بەیانلوو

٣- ساماڵ کەرکوکی

## شـــەهید بوونی بـــاوکی مـــامە ڕیـــشە شـــکور ڕەئـــوف تـــاڵەبانی 1981/8/28

هەر کاتێک مامە ڕیشە چالاکییەکی ئەنجام دەدا گورزێکی لە دوژمن دەوەشاند، ئازاری دەگەیاند بە دوژمن جاش و سیخوڕەکانی داگیرکەر لە بەرانبەر مامە ڕیشە دەستەوسان بوون ناچار پەنایان دەبردە بەر ئازاردانی کەسووکاری و باوکی مامە ڕیشە، یان کۆپتەرەکانی ڕژێم دەچوونە سەر دێی تاڵەبان زێدی مامە ڕیشە و ئاگر بارانیاندەکرد.

زۆر بەیانی خەڵکی تاڵەبان وماڵی مامە ڕیشە هەڵنەستابوون لە خەو جاش و سەرباز چواردەوری ئاواییان دەگرت و ئازاری خەڵکیان دەدا، هەر جارێک کۆپتەر بهاتایە سەر تاڵەبان یان جاش و سەرباز چواردەوری دێیان بگرتایە خەڵک یەکسەر دەیزانی مامە ڕیشە چالاکی کردووە ئازاری دوژمنی داوە، ئەو سەردەمە مامە ڕیشە فەرماندەی مەفرەزە بوو کە بووە فەرماندەی کەرت و شەڕ فراوان بوو ئیتر جاش و سووپا نەیاندەتوانی بگەنە تاڵەبان مام شکور ڕەئوف باوکی مامە ڕیشە چەندین جار لە لایەن جاشەوە دەستگیرکراوو ئازار درا.

جارێک بردیانە دێی قولە قۆڵێکیان شکاند و بردیانە چەمچەماڵ بەندیان کرد، پاش ماوەیەک ئازاد کرا.

جارێکیتر لە خاڵی پشکنینی کەرکوک سەربازو جاش دەزانن باوکی مامە ڕیشەیە پاڵێکی پێوە دەنێن قۆڵی دەشکێنن.

مام شکور دەیان جار ئازارو ئەشکەنجە دراوە، چوار جار لە چەمچەماڵ و دوو جار لە کەرکوک و جارێک لە سەنگاو بەند کراوە.

## کـــــەریم حـــــەمدانی پیاوتر بـــوو

جاشەکان لە تاڵەبان مام شکوری باوکی مامە ڕیشەیان گرت و بردیانە چەمچەماڵ، مام شکوریان بردە لای کەریم حەمدانی کە ئامر لیوا بوو کەریم حەمدانی مام شکوری بینیبوو پیاوێکی ڕیش سپی و بەساڵاچووە ڕووی کردبووە جاشەکان و پێیوتبوون ئێوە بە مامە ڕیشە ناوێرن دەچن باوکی دەگرن ئەگەر ئێوە پیاون مامە ڕیشە بگرن و بیکوژن کەریم حەمدانی زۆر ڕێز لە باوکی مامە ڕیشە دەگرێت و ئازادی دەکات.

## چـــــارەنووسی مـــــام شـــــکور

مام شکور هێندە ئازار درابوو، هێندە دەردەسەری دیبوو، هێندە دەستگیرکرابوو، بەند کرابوو، قۆڵی شکابوو بێزار ببوو بۆیە بە نەهێنی چووە کەرکوک و لە فەرمانگەی ئیشغال دامەزرا ناوی لە خۆی نابوو مامە حەمە.

پاش ماوەیەک جاش و سیخوڕەکانی دوژمن زانییان مامە حەمە مام شکوری باوکی مامە ڕیشەیە لە شەوی ١٩٨١/٨/٢٨ لە کەرکوک دەستگیریانکردووە بێ سەروو شوێن بوو.

پاش دوو مانگ لە بێ سەروو شوێن بوونی مام شکور تەرمێک لە ناو بیرەکانی تەرجیل لە نزیک لەیلان دۆزرایەوە، عەرەبانەیەک بەردیان لە سەر تەرمەکەی هەڵچنیبوو بە فەخرەدینیان ووتبوو ئەوە باوکی ئێوەیە، تەرمەکەیان بردە شارەوانی لەیلان و لەوێوە بۆ شارەوانی کەرکوک.

بنەماڵەی مامە ڕیشە دایک و خوشک و براکانی بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی گرتن و ڕاوناندا بوون، ئەحمەدی برای مامە ڕیشە خوێندکار بوو لە چەمچەماڵ دەیانگرت و دەیانبردە ئەمن پاش ماوەیەک ئازادیان دەکرد.

# شـــەڕی زەنـــگەکە- حـــەمەی قـــادر 1981/8/18

هێزێک بە فەرماندەیی ئەحمەد چاوشین لە زەنگەکە بوون مانگە شەو بوو خەریک بوو ڕۆژ هەڵدەهات پێشمەرگەیەک ئێشکگر بوو ئەحمەد چاوشینی هەستاند لە خەو، بیرێک نزیک بوو ئەحمەد چاوشین ڕۆیشت ئاو دەربێنێ بەڵام ئاوی تیا نەبوو ڕۆیشتە سەر گردەکەی پشتی ئاوایی.

دەنگە دەنگێکی زۆر دەهاتە گوێ یەکێک لە جاشەکان ئەحمەدی بەدیکردبوو ووتبووی ئەوە زەلامە بە سەرگردەکەوە، جاشێکیتر ووتبووی نەوەڵڵا داڵە، لە نێوان داڵ و زەلامدا دوو فیشەکیان پێوەنا تەقە درووست بوو جاشێک پێکرا، جاشەکان لە هەر چوار لاوە تەقەیان لە گردەکە دەکرد.

ئەحمەد چاوشین بە سەر گردەکەوە بوو پێشمەرگەکانیتر لە ناو دێ بوون جاش گەمارۆیدا بوون، لە گەمارۆی جاشەکان دەرچوون.

جاشەکان گەمارۆی گردەکەیانداو ووتیان چەکەکەت دانێ، ئەحمەد چاوشین تەقەی لێکردن و لە گردەکە دەرچوو بەدەم تەقەوە ڕزگاریبوو گەیشتە دۆڵێک.

ئەحمەد (٨) مەخزەنی پێبوو (٧)ی تەقاند (١) مەخزەنی پێمابوو بۆ بەیانییەکەی گەڕایەوە ناودێ تراکتۆری جاشەکان نزیک بیرەکە بوو لە ڕۆیشتندا بوون.

خەڵکی دێیەکە کە ئەحمەدیان بینی ئاویان بۆ هێنا، فیشەکیان دایەمەخزەنەکانی پڕکردەوەو ڕۆیشت بۆ لای برادەرەکانی لە زەنگی بچووک دەمەو ئێوارە هێزی دوژمن بەرەو ئەوێ هات.

عەدنانی حەمەی میناو حەمید و مام ساڵح زانیبوویان تووشی شەڕ بوون بە هانای پێشمەرگەکانەوە هاتن کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە، ناقیلە بەرەو ڕوویان هات ئۆتۆمبیلی پێشمەرگەکان و ناقیلە زۆری نەمابوو بەر یەکتری بکەون هێندە نزیک بوو، پێشمەرگەکان هاتنە دەست و سەربازی سەر دۆشکەی ناقیلەکەیان کوشت، لەو شەڕەدا حەمید فەرەج، و پێشمەرگەیەکیتر شەهید بوون.

## شـــــــــەری زەنـــــــگنە
## مـــانگی 1981/9

دۆخی ناوچەکە سەخت بوو، ئێوارە پێش خۆرئاوابوون پێشمەرگە دەچوونە ناو دێیەکان، قسەیان بۆ خەڵک دەکرد، شەوانە لە مزگەوت دەخەوتن کاتژمێر ٣ی شەو لە دێیەکان دەردەچوون دەڕۆیشتنە ناو باخ و هەردەکانی ناوچەکە خۆیان حەشاردەدا.

دوژمن بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕا، شوێن پێی پێشمەرگەکانی هەڵدەگرت، بەڵام قارەمانەکانی گەرمیان لە هەر شوێنێک وانەی گرنگی دوژمنیان دادەدا.

مامە ڕیشە و مەفرەزەکەی لە زەنگنە بوون جاش پەلاماریدان، پێشمەرگەکان شەڕێکی سەختیان لە گەڵدا کردن و جاشەکانیان ڕاونا.

## شـــەهید بوونی دوو پـــــێشمەرگە
## 1981/10/6

جاش هاتبوونە سەر ماڵی حەمە سەعیدی حاجی غەریب کادیری کەرتی قەرەداخ لە سیتەڵان، هێزێک بە فەرماندەیی مەحموود سەنگاوی بەرەو سیتەڵانی خواروو ڕۆیشتن تا ئەحمەد ئاوا جاشەکانیان ڕاونا.

جاشەکان هاواریاندەکرد ئێستە شەوە ڕاومانتێن بەیانی باوکمان دێت ئەو کاتە دەزانین چیتان لێدەکەین[١٦]، بۆ بەیانی چوونە نێوان سیتەڵان و کانی هەنجیر، ئەبو شەهاب جیبێکی لاندرۆڤەری هێنابوو لە خوار پێشمەرگەکانەوە ڕایگرتبوو، دوو کۆپتەر هاتنە سەریان دەستڕێژیان لە جیبەکەی ئەبو شەهاب کردو گڕیگرت دواتر دەستڕێژیان لە پێشمەرگەکان کرد، دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١- عومەر عەلی ئەحمەد
٢- یوسف محەمەد قادر

جاشەکان بەرەو کانی هەنجیرە دەهاتن کەوتنە سەروی دێیەکە هێندە نزیک

---

[١٦] باوکیان مەبەستیان لە کۆپتەر بوو جاشەکان کۆپتەریان بە باوک و پشتی خۆیان دەزانی کە دایکی نیشتمانی دەسووتاند.

پێشمەرگەکان بوونەوە دەنگیان دەبیستر‌ا.

پێشمەرگەکان گوێیان لێبوو جاشێک بە ئەویتری دەووت مەڕۆ بگەڕێرەوە، جاشەکەش دەیووت بۆ کوێ بگەڕێمەوە ئەوە نییە باوکمان لە گەڵدایە، جاشەکەی هاوەڵی پێیووت باپیریشت لە گەڵدا بێت دەتکوژن جاشەکە گەڕایەوەو بەقسەیکرد.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە تەرمی شەهیدەکانیان بردە گۆڕستانی کانی هەنجیر بە خاکیان سپاردن.

## شـــــــەڕی زەمـــــــاوەنگە
## 1982/1/3

ئازاد هەورامی لێپرسراوی لقی کەرکوکی (ی ن ک) بوو لەگەڵ مەفرەزەیەکدا هاتنە گەرمیان مەحموود سەنگاوی بۆ شارەزایی لە گەڵیدا بوو.

کۆتایی ساڵی ١٩٨١ ئازاد هەورامی هاتە گەرمیان دوای بەڕێکردنی سەری ساڵ و چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بە کاری پێشمەرگانە لە ڕۆژی ١٩٨٢/١/٣ چوونە دێی تووە قوتی وردە شاتری، لە ماڵەکان دامەزران و ئاگادارکرانەوە جاش هات، پێشمەرگەکان بوونە سێ بەش بۆ لێدانی جاشەکان:

* لە سەر ڕێگای چەمە بیسمیللا

نێوان تووە قوت و کیژۆک

بەشێک وەک یەدەک ئامادە بوون

کە جاشەکان جوڵەی پێشمەرگەکانیان بینی کشانەوە بەرەو دەشتایی زەماوەنگە، پێشمەرگەکان دوایانکەوتن و شەڕ دەستیپێکرد، لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی تا ٥ی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو.

تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی پێشمەرگەکانی دەکرد زرێپۆش پەلاماریدەدان دوژمن بۆ یەکەمجار لە گەرمیاندا قومبەلەی فسفۆڕی بەکارهێنا.

پێشمەرگە شەڕی بیروباوەڕیان لەگەڵ داگیرکەردا دەکرد، جاش و سەرۆک جاش و چڵکاوخۆرو سیخوڕو دارو دەستەکانی داگیرکەر لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا چۆکیان شکابوو لە ترسا هەڵدەلەرزین، ئەو دەشتە کرکانەی گەرمیان

ببووە پشکۆ بۆ داگیرکەر.
لە گەرمەی شەڕدا پۆلێک پێشمەرگە بە سەر گردێکەوە نەخشەی هێرشیان دادەڕشت بۆ سەر دوژمن لە ناوەڕاستیاندا گوللە هاوەنێک دای لە زەوی لە نێو دوکەڵ و گرمە وناڵەی گوللە هاوەنەکە دوو پێشمەرگە بریندار بوون بەرەو پشتی شەڕەکە گواستیاننەوە.
قاسم فەقێ عەلی فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی سێ یەکێک لە بریندارەکان بوو، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە بەر سەختی برینەکەی شەهید بوو.

## قـــــەڵا ڕێـــــویلە و هــــەوارە بەرزە
## 1982/2/29

کاتژمێر ١١ لە دەنگە وەرەو حاجی ڕۆیتەن دەنگی ئار بی جی دەهات، سامان گەرمیانی و مام ساڵح و هاورێکانیان کەوتبوونە شەڕەوە.
مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئەحمەد چاوشین بەرەو شەڕەکە چوون پشتیان لە جاشەکان گرت و لێیاندان جاشەکان ٧ ئۆتۆمبیلی لاندکرۆزیان پێبوو (٥) یان کەوتنە دەست پێشمەرگە.
**دەستکەوت:**
٥ ئۆتۆمبیلی لاندکرۆز
٢٠ کلاشینکۆف
٥٠ پالتۆو فیشەکێکی زۆر
کوژرانی ژمارەیەک جاش

## شـــــەڕی حــــــەمك
## 1982/5/17

مامە ڕیشە ئەفسانەی شەڕی پارتیزانی، پێشمەرگەیەکی ئازاو گورجوگۆڵ، پێشمەرگەیەک ماندووبوونی نەدەزانی، برسیەتی نەدەزانی، هەنگاوەکانی خێراتر دەبوون، لە ڕۆیشتندا هێندە وریاو هەستیار بوو گوێت لە دەنگی پێی نەدەبوو، لە

ڕۆژێکدا یان لە شەوو ڕۆژێکدا لە چەند شوێنی جیاوە لە دوژمنی دەدا دوژمنی هەراسان دەکرد، ناوو ناوبانگی مامە ڕیشە بەس بوو تا هێزی دوژمن چۆکی بشکێ.

## پـــــێش حـــــەمك

مامە ڕیشە و چوار پێشمەرگە چوونە شەریکەیەک لە جەنگەڵاوای کەرکوک، ١٣٢ گەڵابە و ٢٥ شۆفلیان سووتاند، چوار جاشی ناشەعبیان کوشت، دوو تەنکی بەنزینخانەیان تەقاندەوەو گەڕانەوە.

لە شەوی ١٩٨٢/٥/١٤/١٣ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حەمە ڕەش، کەرتی جەباری ، لەگەڵ مەفرەزەکەی ڕیشە، چوونە دەورووبـەری لەیلان شەڕێکی گەورەیانکرد، (٣) کاتژمێری بەردەوام لە مۆڵگەو هێزەکانی داگیرکەریاندا، لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک فیشەکێک لە ملیدا، لە کاتی گەڕانەوەداو لە سیا مەنسور (سۆران)ی پێشمەرگە لە ژێر کاریگەری برینەکەیدا شەهید بوو، پێشمەرگەکان چوونە تەیمزاوا، تەرمی شەهیدەکەیان شاردەوە، بۆ ڕۆژی دوایی حەمە ڕەش و هاوڕێکانی بردیانە (سۆفی حەسەن) بە خاکیان سپارد.

## تـــــۆڵەی شـــــەهید ســـۆران

شەوی ١٩٨٢/٥/١٧/١٦ مامە ڕیشە مەفرەزەکەی کۆکردەوەو وتی دەچین تۆڵەی شەهید سۆران دەکەینەوە، هاتنە سیا مەنسورو دابەش بوون، دواتر لەوێوە بەرەو لەیلان بەڕێکەوتن، مامە ڕیشە و مەفرەزەکەی بە سواری تراکتۆرێک ڕۆیشتن، ئازاد بیلال دووربینێکی لە ملدا بوو تەماشای دەورووبـەری دەکرد (٩) جاشی بەدیکرد وتی مامە ڕیشە ئەوانە جاشن بە سەر ئەو گردەوە لەوە دەچێت کەمین بن، مامە ڕیشە خۆی تراکتۆرەکەی لێدەخوڕی، تراکتۆرەکەی وەستاندو دابەزی پێشمەرگەکانی دابەشکرد، ئازاد بیلال، ئامۆزا تاڵەبانی، عەلی ڕەش، ستاری ناردە نێوان لەیلان تەپەلو، چوار پێشمەرگەی تری ناردە نێوان قادرکەرەم تەپەلو، چوار پێشمەرگەی تریش هێرشیان کردە سەر تەپەلو، جاشەکان لە بۆسەدا بوون پێشمەرگەکان کەوتنە کەمینەوە، بەدەم شەڕو تەقەکردنەوە گەڕانەوە دواوە، سوار

تراکتۆرەکە بوون، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتنە حەمک، تراکتۆرەکە لەوێ گەڕایەوە، جاشەکان دێ بە دێ بە دوای پێشمەرگەکانەوە بوون تراکتۆرەکە گەڕایەوە لە سەرووی حەمکەوە، جاشەکان گرتیان، خەلیلی خالە گوڵناز جاش بوو بە خاوەن تراکتۆرەکەی ووتبوو پێشمەرگەن تۆ پێشمەرگەت گواستووەتەوە ئەویش نکۆڵی لێکردبوو، خەلیل فیشەکێکی خستبووە ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەوە، بە جاشەکانی ووتبوو بگەڕێن بزانن فیشەکی تیا نیە، کە لایت دەدەن لە ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکە فیشەکێکی تیایە، خەلیل زللەیەکی لە خاوەن تراکتۆرەکە دابوو، خاوەنی تراکتۆرەکەش ووتبووی لێم مەدەن پێشمەرگەکان لە ناو حەمک بوون، چەکی قورس تەنها ژێرسێیەکیان پێبوو.

## شـــــەڕی حـــــــەمك

پێشمەرگەکان لە ناو حەمکدا بوون، مامە ڕیشە هەندێک کاری تایبەتی هەبوو بە پێشمەرگەکانی وت دابەش بن نان بخۆن تا من دەگەڕێمەوەو دەڕۆین.

پێشمەرگەکان ماندوو بووبوون شەوی پێشوو ڕۆژانی پێشتریش لە کەرکوک، لەیلان، لە جاشەکانی تەپەلویان دابوو، ماوەیەکی زۆر بە پێ و بە سواری تراکتۆر بەڕێوەبوون، لە بەردەم کۆڵان و مزگەوتەکەی حەمکدا ڕاکشا بوون خەویان لێکەوتبوو، مامە ڕیشە گەڕایەوەو پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە خۆیان کۆبکەنەوەو بڕۆن، پێشمەرگەکان وتیان ئێمە نانمان نەخواردووەو هیلاکین، عەلەڕەش وتی ناتوانین بڕۆین پەکمان کەوتووە، مامە ڕیشە وتی بۆ دابەش نەبوون نان بخۆن، وتیان هیلاک بووین خەوتین.

مامە ڕیشە پێشمەرگەکانی دابەشکرد بە سەر ماڵەکاندا بۆ نان خواردن، یەکێک لە خەڵکی دێیەکەی ناردە سەرگردێک تا بزانێت دەنگووباس چییە، ئەو کەسەی مامە ڕیشە ناردی بۆ سەر گردەکە گەڕایەوەو وتی قەرەباڵغیەک هەیە، پێشمەرگەیە، دوژمنە نازانم، مامە ڕیشە دووربینەکەی هەڵگرت و چووە سەر گردەکە تەماشایکرد، چەکدارن دۆست نین دوژمنن، ئاگاداری پێشمەرگەکانی کردەوە دەوری حەمک گیراوە.

پێشمەرگەکان لە ماڵەکان هاتنە دەرەوە هاتن بۆ لای مامە ڕیشە کە لە بەردەم مزگەوتەکە وەستا بوو.

مامە ڕیشە جامانەکەی لە ملی بوو، کڵاوەکەی لە سەری بوو سەرو ڕیشی تاڵ تاڵ وەستا بوو، پێشمەرگە چوار دەوریان دابوو، مامە ڕیشە وتی برادەران ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین، پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانین، ئەمڕۆ دوا ڕۆژمانە لە دنیادا کارێکی وابکەن چۆن تا ئێستەش عەرەبی شیعە فەخر بە ئیمامی عەلیەوە دەکەن هەتا هەتایە گەلی کوردو (ی ن ک)یش شانازیمان پێوە بکەن، مرۆڤ هەر دەمرێت گرنگ ئەوەیە مێژوویەک بۆ خۆمان تۆمار بکەین، با لە دوای خۆمان نەوەی داهاتوو بڵێن ژمارەیەک پێشمەرگە لە حەمک چوار دەوریان گیراوە بەڵام شەڕی مان و نەمانیان کردووە.

لەو کاتەدا مامە ڕیشە قسەی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد سەرکەوت شێخ جیری یەخەی کراسەکەی مامە ڕیشەی گرت و وتی مامە ڕیشە تۆ بۆ گەلی کورد کەم نیت بە تایبەتی بۆ جەباری و قەرەحەسەن وەرە بچۆرە ناو ئەو بیرەوە با تۆ تیا نەچیت من بەرپرسیاریەتی شەڕەکە هەڵدەگرم، مامە ڕیشە وتی نەخێر شتی وا نابێ هەموومان بەرپرسیاری هەڵدەگرین، یان بە یەکەوە سەردەکەوین یان بە یەکەوە دەمرین.

مامە ڕیشە بە پێشمەرگەکانی وت خەمی ئەوەتان نەبێ چوار دەورمان گیراوە، ئێمە خاوەن بیرو باوەڕو (ی ن ک)ین هەموو کاتێک ئامادەین لە پێناوی گەل و نیشتماندا وەکو هاوڕێکانمان شەهید بین، پێشمەرگەکانیش ڕوویانکردە مامە ڕیشە و وتیان ئێمە لە شەهیدەکان زیاتر نین، مامە ڕیشە وتی کارێکی وا دەکەین لەم دێیەدا مێژوو بینووسێتەوەو نەوە بۆ نەوەی بگێڕێتەوە.

جاشەکانی لەیلان، قەرەهەنجیر، گەرمیان، چەمچەماڵ، لەگەڵ قوات خاسەدا نزیک بە حەمک بوونەوە، جاشەکان هاواریان لە دێیەکە کرد وتیان پێشمەرگە لەوێن، مامە ڕیشە وتی بڕۆن بۆ لایان بڵێن پێشمەرگە لێرە نین بەڕێیان بکەن، بەڵام جاشەکان باوەڕیان نەبوو کە پێشمەرگە لە حەمک دەرچووبن.

هێزەکانی دوژمن، جاشە خۆفرۆشەکان لە ڕێگەی بڵندگۆوە بانگەوازیان بۆ خەڵکی حەمک دەکرد شێرەکەمان گەمارۆداوە، تا وورەی خەڵک و پێشمەرگە دابەزێنن بەڵام ورە بەرزتر دەبوو.

مامە ڕیشە خەڵکی ئاوایی حەمکی ئاگادار کردەوە ئێمە لە حەمک دەرناچین، پێشمەرگەکان وتیان با لە حەمک دەرچین، مامە ڕیشە وتی لە حەمک دەرچین کۆپتەر لێمان دەدا ناوچەکە تەختە، سەخت نییە، دەستمان بۆ لە دوژمن ناوەوشێنرێت زەرەرمان لێدەدات.

جاش و قوات خاسە چوار دەوری حەمکیان گرت مامە ڕیشە خەڵکەکەی ناردە دەرەوەی دێ، کە ژمارەیان نۆ ماڵ بوو وتی با ئێوە زەرەرمەند نەبن.

هێزەکانی دوژمن لە ڕێگەی بێتەلەوە داوای کۆپتەریان کرد، دوو کۆپتەری حەربی، (٥) هێلیکۆپتەری باری و دوو سەمتی هاتنە سەر ئاسمانی حەمک، لە کاتژمێر ٤ی بەیانی کۆپتەر بوردوومانی حەمکی کرد تا کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقە.

مامە ڕیشە پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە دەست بە فیشەکەوە بگرن جاسووس نەبێت لێی مەدەن، چوونکە فیشەکیان لە ناوچەکەدا نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە بە قەدی پێشمەرگەکانەوە بوو، بۆیە مامە ڕیشە پێیوتن هەر فیشەکێک دەبێت دوو کەسی پێ بکوژن.

کۆپتەرەکان بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بۆردوومانی حەمکیان کرد، تێزابیان بە سەر ماڵەکانی حەمکدا کرد، دوای چوار کاتژمێر بۆردومانی حەمک کۆپتەرەکان گەڕانەوە، جاش و قوات خاسەو جاشی نا شەعبی پەلاماری حەمکیاندا، پێشمەرگەکان ڕووبەڕووی جاش و قوات خاسە بوونەوە زۆر بە قورسی لێیاندان ژمارەیەکی زۆر جاش و قوات خاسە و جاشی ناشەعبییان کوشت، هێزە فشۆڵەکەی دوژمن ئەوانەی لە کاتی ئاساییدا سنگیان بە سەر خەڵکدا دەردەپەڕاند لە بەردەم گورزی پێشمەرگەکاندا شکان و ڕایانکرد.

جارێکیتر کۆپتەر هاتەوە سەر حەمک، کۆپتەرو پیلاتۆز حەمکیان دایە بەر ڕۆکێت و ساروخ، خانووەکانی حەمک بە سەر یەکدا ڕووخان.

هەولێرنامەی کتێب

ئازاد بیلال لە پەنا خانوویەکی ڕووخاودا بریندار بوو فیشەکێک لە ناوچەوانیدا چاوی ڕژایە ناو دەستییەوە بەڵام ئەو باوەڕە کەڵەگەتە نە ووتی ئاخ نە ووتی ئۆف، بەردەمی ئەو خانووەی ئازادی لێ بریندار بوو جاش گرتبووی، دلاوەر مامشەیی بە حەربە خانووەکەی کون کردو لەوێوە تەقەیان لە جاشەکان دەکرد، جگە لە ئازاد بیلال ئامۆزا تاڵەبانیش بریندار بوو.

لە شەڕی حەمکدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون، جاشێک پەلاماری تەرمی پێشمەرگەیەکیدا تا ڕای بکێشێ و دەست بکات بە گیرفانیدا پێشمەرگە لێیانداو کوشتیان، دوو جاش هاتنە سەر جاشە کوژراوەکە ئەوانیشیان کوشت و خست بە سەریدا، جاش و قوات خاسە ئەمجارەش شکان و ڕاونران بەرەو مۆڵگەکانیان.

چوار پێشمەرگە شەهید بوون، دوو پێشمەرگەش بریندار بوون، مامە ڕیشە و پێنج پێشمەرگەی تر مابوون، شەڕیان لەگەڵ هەزاران جاش و قوات خاسە دەکرد.

دوای تێکشکاندنی جاش و قوات خاسە و ڕاونانیان بۆ مۆڵگەکانیان، جارێکیتر کۆپتەر گەڕایەوە سەر پێشمەرگەکان لە ناو ماڵە ڕووخاوەکانی حەمک دا، بۆمبارانی پێشمەرگەکانی کرد، دوو پێشمەرگە بە پاچ دیواری ماڵەکانیان کون دەکرد، تەنها شەش پێشمەرگە شەڕیان دەکرد، جاش و قوات خاسەیان تارومار کردبوو.

## مـــــامە ڕیـــــشە بە جــــلی ژنـــانەوە

ئامۆزا تاڵەبانی و ئازاد بیلال بریندار بوون، تینوویان بوو داوای ئاویان دەکرد، مامە ڕیشە جلی ژنانی پۆشی و سەرپۆشی ئافرەتانی دا بە سەریدا و تفەنگەکەی کردە شانی، چووە سەر چەمەکەو سەتڵێ ئاوی هێنا.

مامە ڕیشە بە بەردەمی جاشەکاندا ڕۆیشت بۆ چەمەکە تا ئاو بۆ پێشمەرگەکان بێنێ گوێی لێبوو جاشەکان لە ناو خۆیاندا دەیانووت باشە لە بەیانییەوە شەڕە لەم دێیەدا چۆن ئافرەتێک لەم دێیە ماوەتەوە.

مامە ڕیشە سەتڵە ئاوەکەی لە چەمەکەوە هێنا بۆ پێشمەرگەکان، ئاوی دایە بریندارەکان و سەروچاوی بۆ شتن، پێشمەرگەکانی تریش ئاویان خواردووە.

پێشمەرگەکان (٢٥) دیواریان کون کردبوو بە ناو یەکدا، سێ حەوشەیان

بەدەستەوە بوو، چوار پێشمەرگە شەهید بوون، دوان بریندار بوون، دوانیش خانوو ڕووخا بوو بە سەریاندا، پێشمەرگەیەکیش خانووەکانی کون دەکرد.

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆ تەحسین شاوەیس و ئامر لیواو ئامر ڕەتڵێک کە ناوی (غانم محەمەد خەڵەف) بوو بووە دەمەقاڵێیان دەیانووت ژمارەیەکی کەم پێشمەرگە ماوە لە دێیەکەدا هەموویان سووتاون بۆ ناچن تەرمەکەیان بهێنن.

حەوت جاش کوژرابوون، قوات خاسە گەیشتە ئاوایی حەمک، وەکو پیشەی هەمیشەییان (هەلهلوله بعث الثامت) یان دەوت، بە ناو کۆڵانەکانی حەمکدا دەسووڕانەوەو هاواریاندەکرد (سلم نفسكم).

مامە ڕیشە و پێشمەرگەکان لە حەوشەیەکدا بوون، حەوت قوات خاسە و ئامر ڕەتڵەکە (غانم محەمەد خەڵەف) چوونە حەوشەکەوە مامە ڕیشە هەموویانی کوشت، قەناسەیەک و پێنج کلاشینکۆف و ئاربیجیەک کەوتە دەست پێشمەرگەکان، مامە ڕیشە فیشەک و چەکی کوژراوەکانی بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشکرد، پێشمەرگە مەخزەنەکانیان پڕ کردەوە لە فیشەک، جاش و قوات خاسەیان لە حەمک دەرکردوو ڕاویاننان.

کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقە بوو کۆپتەر هاتەوە سەر پێشمەرگەکان بۆردوومانی حەمکی دەکرد، کۆپتەرەکان قومبەلەیەکی غازیان تەقاند ماوەی چارەکێک بووە چەڕە دوکەڵ، پێشمەرگەکان بەرچاوی خۆیان نەدەدی[١٧]

کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقە هێزەکانی داگیرکەر، جاش و قوات خاسە پەلاماری حەمکیان دایەوە پێشمەرگەکان ژمارەیەکی زۆر جاش و قوات خاسەیان لێکوشتن و لە حەمک دەریان کردن و ڕاویاننان.

مامە ڕیشە بە قەناس تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد ئەو قەناسەی لە قوات خاسەکانی گرتبوو، کۆپتەرەکان لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد دەیانووت چەکێکیان پێیە تەقەمان لێدەکەن لە بەیانییەوە چەکی وایان پێ نەبووە، نەیاندەزانی

---

[١٧] ئەو قومبەلە غازیەی تەقاندیان چەڕە دوکەڵی دروست دەکرد لەو کاتەدا دوژمن کوژراوو بریندارەکانی دەگواستەوە.

قەناس و ئاربیجی کوژراوەکانی خۆیانە دەست پێشمەرگە کەوتوون.[18]

کاتژمێر ٦ی ئێوارە جاش و قوات خاسە بە یەکجاری لە حەمک دەرکران و ڕاونران خەڵکی ناوچەی جەباری هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوەو پێداویستییان بۆ هێنان.

لە هەڵاتن و شکانی هێزەکانی داگیرکەر قوتابیانی کەرکوک هێزەکانی دوژمنیان بەردبارانکرد درووشمیان بە سەر پێشمەرگەدا دەوتەوە.

دوای تەواو بوونی شەڕەکە و سەرکەوتنی پێشمەرگە تەرمی شەهیدەکانیان گواستەوەو بە خاکیان سپاردن.

مامە ڕیشە قوات خاسەیەکی بە ناوی مەحموود محەمەد جەبار خەڵکی بەغدا بەدیل گرت دێ بە دێ دەیانگێڕا تا خەڵک بزانن پێشمەرگە چ قارەمانێکن.

**لە شەڕی حەمکدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون:**

١- ئازاد بیلال

٢- ئامۆزا تاڵەبانی

چوار پێشمەرگەش شەهید بوون:

١- شەهید عەلی ڕەش (عەلە ڕەش)

٢- شەهید ستار باوە فەتی

٣- شەهید فەتاح کەرکوکی

٤- شەهید هاوار کەرکوکی

**تێکڕا ١٢ پێشمەرگە بەشداری شەڕی حەمکیان کرد:**

١- مامە ڕیشە فەرماندەی مەفرەزە

٢- عەلی ڕەش جێگری فەرماندەی مەفرەزە

٣- ستار باوە فەتی

٤- فەتاح کەرکوکی

٥- هاوار کەرکوکی

---

١٨ *خەڵکی دێهاتەکانی جەباری بە FM گوێیان لێبوو کۆپتەرەکان لە ناو خۆیاندا دەیانووت چەکێکیان پێیە تا ئێستا بەکاریان نەهێناوە.

٦- ئامۆزا تاڵەبانی
٧- ئازاد بیلال
٨- سەید برایم
٩- لالۆ
١٠- نەسرەدین خاڵە بازیانی
١١- کەریم شێخ جیری
١٢- دلاوەر مامشەیی

ئازاد بیلالی برد بۆ سەوسەکە لە کونە شاخێکدا داینا، ئامۆزا تاڵەبانی بردە تاڵەبان پارچەیەک ئاسن لە چاوی ئازاد بیلال دابوو مامە ڕیشە بە مووکێش بۆی دەرهێنا، دواتر ئازاد نێردرایە ناوزەنگ بۆ چارەسەر، مامجەلال، ئازاد هەورامی، هێرۆ خان، مولازم عومەر، هەڤاڵ خەجۆ سەردانی بریندارەکانیان کرد مامجەلال لە بریندارەکانی دەپرسی لە کوێ بریندار بووی، گەیشتە سەر ئازاد بیلال لێی پرسی لە کوێ بریندار بوویت ئازاد وتی لە حەمک، مامجەلال پێیوت ئەوەی ئێوە کردتان کەس باوەڕ ناکات، مامجەلال بە ئازادی وت دەتنێرین بۆ ئەڵمانیا لە ڕێگەی دۆستەکانمانەوە، ئازاد وتی ناچمە دەرەوە خەبات دەکەم.

## ســـێ بـــۆسە

مانگی ١٩٨٢/٧ مەحموود سەنگاوی لەگەڵ فەرماندەی مەفرەزەکان کۆبووەوە بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەک لە نێوان سەربازگەی دوو دارەو دەربەندیخان.

- **بۆسەی یەکەم:**

ئۆتۆمبیلێکی ئیستخبارات ڕۆژانە دەچووە دەربەندیخان و دەگەڕایەوە، پێشمەرگەکان گەیشتنە سەر ڕێگاکە و هێشتا دانەمەزرابوون ئۆتۆمبیلەکە دەرچوو فریای لێدانی نەکەوتن.

ژمارەیەک ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت بۆ پشکنین، قەمەرەیەکی تیوتا کراون تێپەڕی و نەوەستا پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد، شۆفێرەکە کوژراو ٣ سەرنشینی ئۆتۆمبیلەکە بریندار بوون یەکێکیان ئەندامی مونەزەمە بوو.

پێشمەرگەکان بە سەر دوو قۆڵدا دابەش بوون قۆڵەکەیتر پێشمەرگەکانی سەر ڕێگای دەربەندیخانیان ئاگادار کردەوە لە هاتنی هێزێکی دوژمن، بەرەو دێی سیارە کشانەوە هێزەکەی دوژمن گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، پێشمەرگەکانی قۆڵەکەیتر لێیاندان و کوژراوو برینداری زۆریان لێخستن.

- **بۆسەی دووەم:**

دوای چەند ڕۆژێک لە هەمان شوێن بۆسەیەکیان دانا ژمارەیەک ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت تیوتایەکی سەر بە ڕۆژنامەی (العراق) کەوتە بۆسەکەوە شۆفێرەکەی میسری بوو، هێزێکی دوژمن بەرەو لای پێشمەرگەکان هات تەقەیان لێکردوو کشایەوە.

ئۆتۆمبیلەکە دەرنەچوو لە بەرزاییەک فڕێیاندایە خوارەوە کاغەزێکی زۆری تیابوو، دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش میسرییەکەش ئازاد کرا.

- **بۆسەی سێیەم:**

دوای چەند ڕۆژێک چوونە سەر ڕێگای دەربەندیخان دوو دارە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا خەڵکێکی زۆریان لە ئۆتۆمبیلەکان دابەزاند کوڕێکی باڵابەرزی تیابوو لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبیلی مونەزەمەی دەربەندیخان کوڕە باڵابەرزەکە سەرخۆش بوو پەلاماری فەرماندەی مەفرەزەیەکیدا بۆکسێکی لێداو دەستی برد بۆ چەکەکەی لە پێشمەرگەکان وابوو جاشە. ئۆتۆمبیلی مونەزەمەکە گەیشتە لای پێشمەرگەکان، تەقەیان لێکردو گورزێکی کوشندەیان لێدا.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ئەفسەرێک و دوو سەرباز

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون

پاش ماوەیەک لە بۆسەو چالاکی سەر ڕێگای دەربەندیخان هاتنە دیوی قەراخ شارەزوور، نەخشەی هێرشکردنە سەر زەڕایەنیان داڕشت، بەهاوەن لە جاشەکانیانداو هێرشیانکردە سەریان ٤ جاش کوژران، ٢ کلاشینکۆف دەستکەوت بوو.

## شـــــەهید بوونی پـــــێشمەرگەیەك

محەمەد قادر سەعدون پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانی کەرتەکەی مەحموود سەنگاوی بوو، مۆڵەتی شەوێکی وەرگرتبوو تا سەردانی ماڵەوە بکات وڕۆژی دواتر بگەڕێتەوە، لە سەر ڕێگای کانی سپیکەی نزیک گڵەزەردە کەوتە بۆسەی جاشەوەو شەهید بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# هەرێمی شەش
# پشدەر - مەنگوڕایەی لەبۆتەی شۆڕشدا

# هـــــــەرێمی شـــــــەش
# پـــــــشدەر - مـــــــەنگوڕایەتـــــی
# لە بـــۆتەی شـــۆڕشدا

ناوچەکانی پشدەر و مەنگوڕایەتی ڕۆڵی دیاریان لە بووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە گشتی و شۆڕشی نوێ بە تایبەت بینیوە.

پشدەر و مەنگوڕایەتی هەروەکو چۆن لە خانەدانی و جوامێریدا پێشەنگ بوون ئاوهاش لە کوردایەتی و خەبات و تێکۆشاندا پێشەنگ و سەرمەشق و سەردەق شکێن بوون.

لە دوای هەرەس پشدەر کوانووی شۆڕش و هەڵسانەوە بوو، پشدەر و مەنگوڕایەتی دوانەی یەک ژان بوون، ژانی لە دایک بوونی شۆڕشێکی نوێ، هەر زوو تێکۆشەرەکانیان چوونەوە شاخ و سەنگەرەکانیان ئاوەدان کردەوە.

مەفرەزە سەرەتاییەکان لە پشدەر دروست بوون دواتر هەرێم و تیپەکان زیاتر گرێوتینیان بە شۆڕش داو سنووری چالاکیان فراوان بوو.

لە مێژووی شۆڕشی نوێدا مەفرەزەو هەرێم و تیپەکانی پشدەر جێگە دەستیان بە چالاکی و سەرکەوتنی شۆڕشەوە دیار بووە و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی تێکۆشاندا بوون لە ڕیزەکانی (ی ن ک)دا.

لە دوای درووستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە هەرێمەکان پێکهاتن، سنووری پشدەر هەرێمی (٦)ی ئازادی، هەرێمی ١٠ی جووتیاران، هەرێمی (١١)ی لە خۆدەگرت.

دوای هەڵوەشانەوەی هەرێمەکان تیپەکانی ٦١ی کورەش، ٤٤ی چەکوچ، ٦٨ی مامەندە، ٦٥ی بلفەت، ٥٦ی گەلاڵە پێکهاتن.

لەم بەشەدا مەفرەزەو هەرێمەکانی سنووری پشدەر دەنووسینەوە، دەچینە مەفرەزە و هەرێم بە مێژووی هەمیشە گڕگرتوو درەوشاوەی تێکۆشەرانی پشدەر ئاشناتان دەکەین.

جگە لە سەربوردەی تێکۆشانی تێکۆشەرو پێشمەرگەکانی (ی ن ک) لە ناوچەی پشدەرو مەنگوڕایەتی گوزەرێک بە مێژووی پشدەردا دەکەین.

## نــــــاوی پـــــــشدەر

ناوی پشدەر لە پشت دەرگا یان پشت دەرەوە هاتووە مەبەست لە پشتی دەرو یان دەرگا دەربەندی ڕەمکانە کە بە دەربەندی ڕانیەش ناودەبرێت.

لە دەربەندی ڕانیە ڕەمکان کە تەماشا دەکەیت ناوچەیەکی گەورەو فراوان لە شاخ و چیاو گردو یاڵ و لوتکەی لە هەورگیر بوو سەرنجت دەبەن، لە دامێنی ئەم چیاو گردو یاڵانە قەڵادزێ و ناوچەیەکی فراوان کە لە چەند ناحیەیەک و (٢٧٦) دێ و مووچە پێکهاتووە بووەتە ناوەندی قەزای پشدەر.

پشدەر واتە پشتی دەرووی ڕەمکان یان پشتی دەربەندی ڕەمکان- ڕانیە کە هەر دووکیانی پێدەوترێت، هەندێک دەڵێن دەربەندی ڕانیە، هەندێک دەڵێن دەربەندی ڕەمکان.

ناوچەی پشدەر بە زنجیرە چیاکانی قەندیل، بلفەت، ئاسۆس، مامەندە، دەورەدراوە ناوچەیەکە سنوورێکی فراوانی بە ئێرانەوە هەیە پەیوەندی بازرگانی لە نێوان پشدەرو ئێراندا لە چەندین ڕێگەوە بەڕێوەدەچێت.

## قـــــــەڵادزێ

قەڵادزێ ناوەندی قەزای پشدەرەو لە ناحیەکانی هەڵشۆ، سەنگەسەر، ژاراوا، هێرۆ، ئیسێوە پێکدێت، دیارە ناحیەی هێرۆ کۆنترین ناحیەی سنووری پشدەرە.

جگە لە ناحیەکان و ناوەندی قەزا (٢٧٦) دێ و مووچە لە خۆدەگرێت کە ڕووبەرەکەی ١٥٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

ناوی قەڵادزێ لە قەڵای دووزێ یان ناوەڕاست و لاشانی دووزێ پێکهاتووە، دووزێ دوو چۆم بە لای باشورو باکوری قەڵاکەدا تێدەپەڕن لە خۆرئاوادا تێکەڵی یەکتر دەبن، زێ یان چەمی قەڵادزێی لێ پێکدێت.

قەڵای قەڵادزێ کە لەملاولایدا دوو زێ دوو چەم تێدەپەڕن و پێیدەڵێن قەڵای دووزێ یان قەڵای نێوان دوو زێ بۆ سەردەمی ئاشوریەکان دەگەڕێتەوە، یان لە سەردەمی (خان بوداخ) کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بە تورەکە ڕێژ دروستکراوە، واتە خۆڵیان کردووەتە تورەکەوەو هەڵیانچنیوە بووەتە قەڵا.

ئەو شێوازە لە تورەکە ڕێژ لە سەردەمی ئێستادا بنکەو ڕەبییە سەربازیەکان ڕەچاوی دەکەن بە مەبەستی پتەوکردنی بنکەو ڕەبیە سەربازیەکان و دروستکردنی هێڵی بەرگری، پێدەچێت ئەو قەڵایەش بە تورەکە ڕێژ بۆ هەمان مەبەست دروست کرابێت.

## مــــــەفرەزە ســـــــەرەتاییەکـــــــان
## پـــشدەر – مـــــەنگوڕایەتی

لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول زۆری نەبرد تروسکایی ئومێدێک دەرکەوت، پێشمەرگە پارتیزانەکان چوونەوە شاخ، تێکۆشەران ئەو کێوانەیان پڕکردەوە لە چپە، لە هەنگاو.

لە سنووری پشدەر مەنگوڕایەتی بەری ئاسۆس جمووجۆڵی پێشمەرگانە پەیدابوو، تاک و تەرا پێشمەرگە دەبینرا، بە دێیەکاندا دەگەڕان مژدەی شۆڕشی نوێیان بە گوێی خەڵکدا دەدا.

ڕەسوڵ مامەند، محەمەد وەتمان، حاجی حاجی برایم، عەلی سۆفی ئەحمەد، عەبدوڵڵا هەمزەو چەند پێشمەرگەیەکی تر، پشدەریان پڕکردەوە لە ئومێد- پشدەر تا مەنگوڕایەتی و تا دەپەڕێتەوە بەری ئاسۆس هەنگاوەکانی ئەوانی دەژمارد، ئەوان سەرکردەو فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ بوون.

(شێنێ) لانکەی شۆڕش و کوردایەتی بوو لە ناوچەکە، محەمەد وەتمان یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول لە کاتی هەرەسی شۆڕشدا تەسلیم بە دوژمن نەبووەوە لە (بێدەلان) ی شێنێ مایەوە تا شۆڕشی نوێ هەڵایسا لە شۆڕشی نوێدا بووە یەکەم پێشمەرگەی پشدەر.

یەکەمجار شێروان شێروەندی و سەلاح چاوشین هاتنە شێنێ محەمەد وەتمانیان بینی، بیرۆکەی دروست بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانیان بۆ باسکرد داوایان کرد هاوکاریان بێت، محەمەد وەتمان بەڵێنی پێدان و بووە یەکەم پێشمەرگەی سەرەتایی شۆڕش لە پشدەر.

مام عەلی سۆفی لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بوو لە هەرەسی شۆڕشدا (١٦) پارچە چەکی شاردبووەوە کە پێکهاتبوون لە کلاشینکۆف، برنەو، غەدارە،

سێ دەمانچە، دوژمن بە شاردنەوەی چەکەکانی زانیبوو هەواڵ گەیشتە مام عەلی، تفەنگەکانی گواستەوە ماڵی یار ئەحمەد و لە حەوشەکەیاندا شاردییەوە.

مام عەلی سۆفی لە نورەدین خەریکی تفەنگ پاک کردنەوە بوو، حاجی حاجی برایم و کوێخا مستەفای هەڵشۆ هاتن بۆ نورەدین و مام عەلیان بینی، هەواڵی هەلایسانی شۆڕشیان پێدا، حاجی حاجی برایم بە مام عەلی سۆفی ئەحمەدی ووت هەواڵی عەلی عەسکەریم بۆ هاتووە، شۆڕش هەڵدەگیرسێ دەبینەوە بە پێشمەرگە، هەر ئەو شەوە مام عەلی سۆفی ئەحمەد بووە یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش.

عەبدوڵڵا هەمزە یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان لە بەری ئاسۆس، مام عەلی، ڕەسوڵ مامەندی بینی لە گەڵیان بووە پێشمەرگە، لە دۆڵە گۆم و سەر تەنگول بان حەمە ڕەسوڵی حاجی عەلی و ساڵحی دەروێش قادریان بینی، عەبدوڵڵا هەمزەو پێشمەرگەی تریش خۆیان چەکیان کڕی، بە ناوچەکانی ئاسۆس و پشدەردا دەگەڕان دوو ڕەشاش برنەویان پێبوو، یەکێکیان بە هەمزە شێنەیی بوو ئەویتریان بە ڕەسوڵی حاجی عەلی، ڕەشاش برنەوەکانیان دێ بە دێ دەگێڕا تا خەڵک بزانن چەکیان هەیە، خەڵکێکی زۆریان لە دەور کۆبووەوەو بوونە پێشمەرگە.

دوای ماوەیەک ڕەسوڵ مامەند هاتە شێنێ محەمەد وەتمان چاوی پێکەوت، ڕۆژێک لە پشتی بێگەلاس بوون ڕەسوڵ مامەند نامەیەکی بۆ عەلی عەسکەری نووسی بە شێخەی پوورزای محەمەد وەتماندا ناردی بۆ ڕەفاعیە بۆ لای عەلی عەسکەری کە ئەو کاتە دوورخرابووەوە بۆ خوارووی عێراق.

ڕەسوڵ مامەند لە نامەکەدا داوای لە عەلی عەسکەری کردبوو بگەڕێتەوە شاخ، شێخەی پوورزای محەمەد وەتمان نامەکەی گەیاندە عەلی عەسکەری لە ڕەفاعیە، وەلامی نامەکەشی هێنایەوە بۆ ڕەسوڵ مامەند، عەلی عەسکەری لە وەلامی نامەکەی ڕەسوڵ مامەندا نووسیبووی (کاک ڕەسوڵ نامەکەت گەیشت هەفتەی داهاتوو لە لاتم) عەلی عەسکەری ڕەفاعیەی جێهێشت و هاتەوە شاخ، بە گەڕانەوەی عەلی عەسکەری شۆڕش گەشەی بەرچاوی بە خۆوە بینی، دێیەکانی ناوچەی پشدەر و

مەنگوڕایەتی ئاوەدان بوون، خەڵک بە تفەنگی خۆیەوە دەهات دەبوو بە پێشمەرگە، ڕەسوڵ مامەند، حاجی حاجی برایم سەرپەرشتی سنوورەکەیان دەکرد.

## دیـــــــداری هـــــــەقالان

عەلی سۆفی ئەحمەد لەگەڵ حاجی حاجی برایم چووە (سەرگەی نێڵێ) عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخیان بینی، لە سەرگەی نێڵێ میوانی کوێخا مینە بوون، سێ سەر ئاژەڵی بۆ سەر برین، حاجی حاجی برایم عەلی سۆفی و عەبدوڵلای برای چوونە ناوچەی مەنگوڕایەتی کوێخا قادری مەنگوڕ کەوتە گەڵیان و بووە پێشمەرگە.

لەگەڵ عەلی سۆفی ئەحمەد، خدری حەمەی مەروان، خدری حەمە سووری بادینی و محەمەد حاجی ڕەسوڵ پێشمەرگە بوون، ژمارەی پێشمەرگە لە هەڵکشان بوون ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد.

ڕژێمی عێراق لە جمووجوڵی پێشمەرگە و هەلایسانی شۆڕشی نوێ نیگەران بوو دەیویست بە هەر نرخێک بێت نەهێڵێت شۆڕش گەشە بکات و کۆتایی بە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بێنێ هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ چەند جارێک پەلاماری ناوچەی پشدەریدا.

## دوو پـــــەلاماری دوژمـــــــن
## 1976/11/12

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٢ هێزەکانی داگیرکەر لە دوو لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا.

لە (قەلادزێ) وە پەلاماری شیوە ڕەزیدا، کە حاجی حاجی برایم ڕەسوڵ مامەند، محەمەد وەتمان و کۆمەڵێک پێشمەرگە لەم قوڵە بوون لە سەنگەسەرەوە پەلاماری سیوەیسی بناری قەندیلی دا کە (عەلی عەسکەری) لێبوو.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر شیوەڕەز کە حاجی حاجی برایم ، ڕەسوڵ مامەند، محەمەد وەتمان و کۆمەڵێک پێشمەرگەی لێبوو لە بەیانیەوە دەستیپێکرد، فەوجێکی

دوژمن بە پشتیوانی دوو کۆپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، هێزی پێشمەرگە پەلامارەکەی دوژمنیان تێک شکاندو تا قەڵادزێ ڕاویان نان، دوو سەربازیان بەدیل گرت و چەند سەربازێکیش کوژران، بەڵام دیلەکانیان ئازاد کرد تا سووپای عێراق بزانێت ئەوان پێشمەرگەن خاوەن مەسەلەیەکی ڕەوان دیل کوژ نین، هەم لە بەر ئەوەش لە داهاتوو سەربازەکان خۆیان تەسلیم بکەن و دڵنیابن کە گیانبان پارێزراو دەبێت.

لە قۆڵی سەنگەسەر بۆ سێوەیس کە عەلی عەسکەری لێبوو دوژمن زیانی زۆری لێکەوت، لاشەی ١٤ سەربازی دوژمن لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا جێمان، دواتر نێردرانە سەنگەسەر قوربانی هێزی پێشمەرگەش لەم قۆڵەوە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو، (فایەقی حاجی مستەفا قەڵادزەیی و سەید حەسەنی سەید قادر ناسراو بە سەید حەسەنی پورە مێرێ)، دوو پێشمەرگەی قارەمانی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە بەرگرییەکی قارەمانانەدا شەهید بوون و داستانی (سێوەس) یان بە خوێنی خۆیان نووسیەوە، تەرمی پیرۆزی هەر دوو شەهید لە دێی (توتمە)ی بناری قەندیل بە خاکسپێردران.

تێکشکاندنی دوژمن لە هەر دوو قۆڵەوە دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، هەر ١٠ ڕۆژ دوای پەلاماری دوژمن بۆ سەر شیوە ڕەزو سێوەس لە بناری قەندیل پەلاماری (دۆڵە ڕەقەشی) دا بەڵام لەوێش تێکشکا، هەمان کات پەلاماری (باڵەکایەتی)دا کە مولازم عومەرو قادر خەباتی لێبوو لەوێش تێکشکا.

## بـــــارەگای شـــــێنێ

ڕەسوڵ مامەند بارەگایەکی لە (شێنێ) دانا، پێشمەرگەکان کە دەڕۆیشتنە مەرگە و بیتوێن و باڵەکایەتی و دەگەڕانەوە لەو بارەگایە پشوویان دەدا، بارەگاکە بە ناوی (ی ن ک) دانرا.

## کـــــۆبوونەوەی شـــــێنێ

کۆتایی مانگی ١١/ ساڵی ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەک لە نێوان یەکێتی و قیادە موەقەتە لە (شێنێ) بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە ڕەواندنەوەی هەندێک گرژی

بوو کە لە نێوان هەر دوو لادا هەبوو.

لە لایەن قیادە موەقەتە کەمال کەرکوکی و فەقێ سمایلی یاخیان بەشداربوون، لە لایەن یەکێتی عەلی عەسکەری، ڕەسوڵ مامەند، دکتۆر خالید، کاک ئارام، حاجی حاجی برایم، مەحموود سەیدە، سەید کاکە، کوێخا ڕەسوڵی بێتواتە، محەمەد وەتمان، بەشدار بوون، کۆبوونەوەکە چەند ڕۆژێکی خایاند، دوای کۆبوونەوەکە کارەکان دابەشکران، پێشمەرگەکانی یەکێتی گەڕانەوە ناوچەکانیان، قیادە موەقەتەش گەڕانەوە ئێران.

ئەو ماوەیەی لە (شێنێ) بوون هەر سەرکردە دەچووە ماڵێک بۆ مانەوەو پشوودان

عەلی عەسکەری شەوانە دەچووە ماڵی کوێخا عەبدوڵلا.

ڕەسووڵ مامەند دەچووە ماڵی کوێخا خدر.

دکتۆر خالید دەچووە ماڵی ڕەسوڵی حاجی شێخە.

کاک ئارام دەچووە ماڵی محەمەد وەتمان لەوێ دەمایەوە پەیوەندی لەگەڵ محەمەد وەتمان خۆش بوو.

تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ هێزەکانی دوژمن چەند جارێک پەلاماری (شێنێ)یاندا نەیانتوانی بیگرن، لە هەموو پەلامارەکاندا تێکشکان و دەیان کەلاکیان لێ بەجێما.

## پــــــەلاماری دوژمـــــــن

فەوجی (٣) لیوای (٣٢) دوژمن لە ١٩٧٦/١٢/١٤ پەلاماری دێهاتەکانی ناوچەی مەنگۆڕایەتیدا پێشمەرگە قارەمانەکانی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ (٥) کاتژمێری خایەند دوژمن تاسەربازگەی سەنگەسەر ڕاونرا

زیانی دوژمن کوژرانی (٢٠) سەرباز و ئەفسەر و (١٢) لاشەیان لە مەیدانی شەڕ جێمان (٢٠) سەرباز بریندابوون.

دەستکەوت (١٢) کلاشنکۆف، (١) قەناس، (١) ئابی جی ٧، (٣) دەزگای بێتەل و چەند گوللەیەکی هاوەن

لەم داستانەدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون
١- شەهید فایەق مستەفا خەڵکی قەڵادزە
٢- شەهید سەید حەسەن خەڵکی قەڵادزە
هەمان ڕۆژ فەوجی (١) لیوای (٣٢)ی دوژمن پەلاماری دیهاتەکانی مامەشی ناوچەی قەڵادزەیدا بەمەبەستی گرتنی خێزانی پێشمەرگە و دوور خستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق، پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ (٨) کاتژمێری خایاند
زیانی دوژمن کوژرانی (١٥) سەرباز و برینداربوونی چواردەیتر
بەدیلگرتنی ئەفسەرێک و دوو سەرباز دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادکران
دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف (١) بێتەل و هەندێک کەلوپەلیتر .

## برینداربوونی پێشمەرگەیەك ڕانیە - سەنگەسەر

١٩٧٦/١٢/٢١ لەنزیک دەربەند لە ڕێگەی ڕانیە- سەنگەسەر پێشمەرگە قارەمانەکان لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییاندا
زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز و ئەفسەرێک بە پلەی ڕائید، ئەفسەرێکی تر بە پلەی ڕائید برینداربوو، ئۆتۆمبێلەکەش تێکشکێندرا

## کێوماڵی ناوچەکە

ساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عێراق کێوماڵی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی دەستپێکرد، هێزەکانی پشدەر و مەنگوڕایەتی چوونە سنوور، لە بن تیرو گوێنی و شێخەڵ و دارو درەخت خۆیان حەشاردا.

## هەرێمی (6)ی ئازادی

ساڵی ١٩٧٧ هەرێمی (٦)ی ئازادی درووستکرا کە لە چەند کەرتێک پێکهاتبوو، تالیب ڕۆستەم کرایە فەرماندەی هەرێمەکە.

### کــــــــەرتەکان

١- محەمەد وەتمان فەرماندەی کەرت
٢- محەمەد ڕازانی فەرماندەی کەرت
٣- مام عەلی سۆفی ئەحمەد فەرماندەی کەرت
٤- ساڵح دەرویش قادر فەرماندەی کەرت
٥- ڕەسوڵی حاجی شێخە فەرماندەی کەرت
٦- فەقێ عەلی شێنەیی فەرماندەی کەرت

سنووری هەرێمی (٦)ی ئازادی هەموو پشدەرو مەنگوڕایەتی، بناری قەندیل، تا سەنگەسەری دەگرتەوە.

## شــــەڕی ڕەزگـــــە 1977

دوای دروستبوونی هەرێمی شەش، پێشمەرگەکانی هەرێم کەوتنە جوڵەو لێدانی هێزەکانی دوژمن.

پێشمەرگەکانی هەرێم لە چالاکییەکدا چوونە سەر جاشەکانی ڕەزگە و دەوریان گرتن، پێشمەرگەکان لێیاندان و پێنج جاشیان لێکوشتن، لە هێزی پێشمەرگەش (حەمە سووری باوزێ) شەهید بوو، جەلال کەرکوکی بریندار بوو هەر لەو چالاکیەدا (٤٥) جاش چەککران و هێنرانە لای عەلی عەسکەری دواتر بە کەفالەت ئازاد کران.

## بــــــۆسەو لــــــێدان

ڕۆژی ١٩٧٧/٢/٢ سەربازێک بەناوی (حەیدەر) لەسەر ڕێگەی هەڵشۆ قەلادزێ دیلکرا، دوای چەککردن و ئامۆژگاری ئازاد کرا

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/٩ نزیک قەلادزێ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا دوو ئیڤای سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە زیانی دوژمن کوژرانی (١٣) سەرباز و بریندابوونی (١٤) سەربازیتر.

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/١٤ چوونە ناو شاری قەلادزێ و دوو پۆلیسیان چەککرد، دوای ئامۆژگاریکردن ئازادکران.

١٩٧٧/٢/٢١ دەستەیەک پێشمەرگە لە نزیک سەنگەسەر بۆسەیەکیان دانا، لەو بۆسەیەدا (٤) سەرباز کوژران ، دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف بوو .

## ئـــــاسۆس
## بـــــەری ســــەرتەنگ و دۆڵــــە گــــۆم

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە بەری سەرتەنگ و دۆڵە گۆم، ئاسۆس بوون، هێزەکانی دوژمن بەرەو سەرتەنگ و دۆڵەگۆم هاتن، پێشمەرگەکانیش چوونە بەری شاخی شیلانە کە بەرانبەر سەرتەنگە، دوژمن بەرەو شاخی شیلانە ڕۆیشت، پێشمەرگەکان ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕێکی قورسیان لە گەڵدا کردن، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦) پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند، لە گەڕانەوەدا هێزەکانی دوژمن (٧) هاووڵاتی (سەرتەنگ) یان دەستگیر کرد.

## ســــەنگەسەر پــــشدەر

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٥/٢١ چوونە ناو شاری سەنگەسەر چەند خۆفرۆشێکیان تەمێ کردوو مەرکەزی پۆلیسیان گوللە بارانکرد.

## بــــۆسەری دوژمـــــن

مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٦/١١ لە نێوان ماخ وبزنان دوو گۆمان کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە لەو بۆسەیەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون

١- شەهید کانەبی ڕەسول کانەبی خەڵکی بایەوان

٢- شەهید عومەر عەبدوڵڵا خەڵکی گرتک

## شـــــەڕی هـــــێرۆ

هێزێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی شەش بە فەرماندەیی (مام عەلی) لە سێ لاوە هەڵمەتیان بردە سەر مەرکەزی هێرۆ، ڕەبیەکانی باپیرکوژو کانیە سەری [19]

[19] کانی سەری بە سەر ناحیەی هێرۆدا دەڕوانێ، باپیر کوژ لایەکی بە سەر هێرۆداو لایەکی بە سەر باوزێدا دەڕوانێ.

هەڵمەتیان برایە سەر تا نەتوانن بەرگری لە مەرکەزەکە بکەن.

پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (٦) دوای بێدەنگ کردنی ڕەبیەکان هەڵمەتیان بردە سەر مەرکەزی ناحیەی هێرۆو دوو گوللە ئاربیجیان لێدا، کە تەنها سێ گوللەیان پێبوو.

دوای لێدانی مەرکەزی هێرۆو ڕەبییەکانی باپیر کوژو کانیە سەری کشانەوە، بۆ بەیانی ئەو شەوە هێزەکانی دوژمن لە ناو مەرکەزی ناحیەی هێرۆ قەدەغەی هاتووچۆیان ڕاگەیاند تا زەرەرو زیان و کوژراوەکانیان کۆبکەنەوە.

## بەیـــاننامەی کـــۆمیتەی ســـەرکردایەتـــی یـــەکێتی نـــیشتمانی کوردســـتان

دوای ساڵێک لە هەڵایسانی خەباتی چەکداری سیاسی لە کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕش لەو قۆناغە سەختەدا، کۆمیتەی سەرکردایەتی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو ئەو قۆناغەی بە گرنگ ناوبردوو هەڵسەنگاند، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

هەولنامەی کتێب

**شـۆڕشی کـوردستان سەرکەوتووانە سـاڵێک تـەمەنی تەواو دەکات**

گەلی عێراقی تێکۆشەر

گەلی کوردستانی نەبەز

ڕژێمی شۆڤێنی بەغدا پاش ئاشبەتاڵەکەی ئازاری (١٩٧٥) وایزانی کە ئیتر گەلەکەمان هەرچی وزەو گوڕی شۆڕشگێڕانەی هەیە لە دەستی داوەو توانای دیفاع لە خۆکردنی نەماوەو بۆیە بەو پەڕی لە خۆبایی بوون و دڕندەییەوە بە پەلە کەوتە جێبەجێکردنی نەخشەی شۆڤێنیانەی خۆی بۆ لە ناو بردنی گەلەکەمان، بەڵام جەماوەری کوردستان سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەیەی دووچاری کراو لەگەڵ ئەو هەموو زەبرو زەنگەی ڕژێمی فاشیستی بەغدا بۆ تواندنەوەی

نەتەوەکەمان ئەمجارەش بە تاوتروو چالاکانەتر ڕاپەڕی و شۆڕشێکی نوێی بەرپاکرد بۆ پاراستنی بوونی نەتەوەیی خۆی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی.

لە ماوەی ساڵێکدا کە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بە سەرکردایەتی (ی ن ک) دەستی پێکردووە، سەرەڕای کورتی ماوەو زەبرو زەنگی دوژمن شۆڕشەکەمان گەلێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و گەلێک تاقیکردنەوەی نوێ و بەنرخی خستووەتە دەست گەلەکەمان، ڕژێمی دکتاتۆری و شۆڤێنی بەغدا بە بەرپا بوونی شۆڕش بە جارێک سەرسام بوون، چوونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەو گۆڕانە کتوپڕەیان نەدەکرد کە لە مەیدانی خەباتی گەلی کوردستان و هەموو گەلی عێراقدا ڕوویدا، بەرانبەر ئەم ڕاستیە کاربەدەستە شۆڤێنستەکانی بەغدا تووشی هستریا بوون و کەوتنە بەکارهێنانی نارەواترین و ناشرینترین و خراپترین شێوەی تیرۆر بۆ گرتن و کوشتن و ئازاردانی هاونیشتمانیانی تێکۆشەر تەنانەت زۆر کەسانی بێ ئاگاو بێ لایەنیشیان گرت و تووشی ئازارو سزاو چەرمەسەریانکردن، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکدار بۆ ترساندنی ڕۆڵەکانی گەل گەلێک حوکمی قورس و نارەوایاندا بە سەر تێکۆشەرانی گەلەکەماندا، ئەوە بوو لە ١٩٧٦/١١/٢١ تێکۆشەران شەهاب و جەعفەرو ئەنوەریان لە سێدارەدا، پاش ئەوە دەستیانکرد بە گرتن و دوورخستنەوەی کەسووکاری ئەو کەسانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرا کە چووبنە ناو هێزی پێشمەرگەوە لە پیرو ئافرەت و منداڵی ساوا کە هەموویان بەدیلگیران و ڕەوانەی بەندیخانەکانی خوارووی عێراق کران و بە هەزاران خێزانی جوتیارو کرێکارو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گواسترانەوە بۆ خوارووی عێراق بە سەدانیشیان لە بەندیخانەکان توندکران، جگە لە سەدان ڕۆڵەی کورد کە لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهید بوون یان کراون بە سێدارەدا ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو پلانە فڕوفێڵاویانەی بەکاریهێنا بۆ کڕینی پێشمەرگەو تێکدانی ڕیزیان، لەگەڵ ئەمانەشداو لەگەڵ ئەو هەموو هێرشە دڕندانەیەی کاربەدەستان کردیانە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن، نە کوشتن و بڕین، نە لە سێدارەدان و هێرشە دڕندانەکانی کاربەدەستە فاشیستەکانی بەغدا نەیانتوانی گیانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان سارد بکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە شۆڕشی زیاتر خۆشکرد، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە

دەوری شۆڕش کۆدەبنەوەو گیانی بەربەرەکانیان بەرانبەر بە هێرشی دوژمن تیا بەهێزتر دەبێت.

ئەمڕۆ دوژمن زیاتر لە شەش فیرقە سەربازو بە هەزاران پۆلیس و پارێزگاری سنوورو سەدان هیلیکۆپتەرو فڕۆکە و تانک و زرێپۆشی خستووەتە کارەوەو کەوتووەتە پەلاماردانی سەرانسەری کوردستان، لە هەموو لایەکەوە دەستیکردووە بە گرتن و کوشتن و وێرانکردن و سووتاندن، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێ، هێزەکانی (ی ن ک) سوورن لە سەر هێنانەدی ئامانجەکانی گەل و دلێرانە ئەجەنگێن دژی هێزەکانی دوژمن.

**خەباتکەرانی عێراق**

**تێکۆشەرانی کوردستان**

ڕێبازی ڕاستی شۆڕشی کوردستان جارێکیتر ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە ئەگەر گەلێک بە ڕێگەی بیروباوەڕی زانستی شۆڕشگێڕی چینە زەحمەتکێشەکان خەبات بکات و پشت بە هێزو توانای گەل ببەستێ ئەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بکات و سەرکەوتن دەست بخات.

شۆڕشی ئەمجارەمان هەر لە سەرەتاوە ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانەی زانستیانەی گرتووەو سیاسەتی دوژمنایەتی داگیر کەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی ناوخۆو بێگانە و هێزە ئیمپریالیستەکانی کردووە بە ڕێباز، هەر بەردەوامە لە سەر ڕێبازی خۆی لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەدا، عێراقێکی پێشکەوتوو کە بە تەنگ چاکەی گەلی کوردو عەرەبەوە بێت و سیاسەتێکی ئاشکرای هەبێت دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرەستی جیهانی ناوچەکە.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی کوردستان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلی عێراق.

هەواڵنامەی کتێب

مردن و سەر شۆڕی بۆ فاشیست و دکتاتۆری و شۆڤێنستەکانی بەغدا.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی عێراق.

ی ن ک

کۆمیتەی سەرکردایەتی وڵات

ئاب/١٩٧٧

## ڕاگواستنی دێیەکانی پشدەر

بۆ پچڕاندنی پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو دێنشینەکان و نەهێشتنی دەرفەتی مانەوەو حەوانەوەی پێشمەرگە، دوژمن خەونی لە سەر چۆڵکردنی دێیەکان هەڵچنیبوو بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی و دابڕینی خەڵک و پێشمەرگە لە یەکتری و پێیوابوو ئەم سیاسەتە پێگەی پێشمەرگەو شۆڕش لاواز دەکات بەڵام پێچەوانە دەرچوو.

ڕژێمی عێراق لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ساڵی (١٩٧٨) دا دێیەکانی ڕاگواست بەڵام لە ناوچەی پشدەر لە ساڵی ١٩٧٧ یەکەم قۆناغی ڕاگواستنی دەستپێکرد و لە ئۆردوگای چوارقوڕنە دایبەزاندن.

**قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٧ ئەم دێیانە ڕاگوێزران:**

١- قڕناقا
٢- پشت ئاشان
٣- کاسکان
٤- شارۆش
٥- سینەمۆکە
٦- سەرگەینەڵ
٧- سوورەدێ
٨- بڕەدێ

٩- ئاشقۆڵکە
١٠- پیرمەمکە
١١- بن شاخان
١٢- بێ پاڵان
١٣- باداوە

## گـــــەڕانەوەی مـــــامجەلال

لە تەموزی ساڵی ١٩٧٧ مامجەلال گەڕایەوە کوردستان هاوشانی هەڤاڵانیتر، عەلی عەسکەری، حاجی حاجی برایم، ڕەسوڵ مامەند چوونە پێشوازی مامجەلال، بە گەڕانەوەی مامجەلال گڕووتینی زیاترو جۆشوو خرۆشی زیاتر کەوتە ناو خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## دیـــــارە قـــــەڵەو

مامجەلال گەڕابووەوە کوردستان، ئێران داوای مامجەلالی دەکرد، دلاوەر پێشمەرگە بوو ناردیان بۆ لای پاسدارەکان، تا وەکو مامجەلال خۆی بناسێنێ و مامجەلال نەناسرێ.

## شـــــەڕی بـــــاوزێ
## 1977/7/13

ساڵی ١٩٧٧ سووپای عێراق پەلاماری ناوچەکانی کوردستانیداو کێوماڵی دەستپێکرد، پۆلێک پێشمەرگەی هەرێمی (٦) لە ئاسۆسەوە پەڕینەوە بێنە باوزێ، لە ناوچەی ئیسێوە دوور بە دوور هێزێکی دوژمنیان بەدیکرد بەرەو گەناو دەڕۆی پێشمەرگەکان خۆیان حەشاردا تا هێزەکەی دوژمن تێپەڕی شەو هاتنە باوزێ، تا کاتژمێر ١٢ی شەو لە باوزێ بوون دواتر هەڵکشان بۆ کوێستانی (قۆرغان) هێزێکی دوژمن هاتبووە کوێستانەکانی باوزێ پێشمەرگەکان بەلاڵیاندا ڕۆیشتبوون بەڵام تەقەیان لێنەکردبوون تاکو لە بەیانیدا پەلاماریان بدەن، پێشمەرگەکان چوونە ماڵی (هۆمەری حاجی حسێن) شەو لەوێ خەوتن بەیانی زانیان سووپا هاتووەتە ناوچەکە.

١٩٧٧/٧/١٣ بوو، بەرە بەیانیەکی زوو پێشمەرگەکان سەنگەریانگرت و دامەزران، دوژمن پەلاماریدان و هێرشی فراوانی کردە سەریان، کۆپتەرو تۆپخانەکانی ڕژێم هاوکاری سووپای عێراق بوون پێشمەرگەش چەکی قورسیان تەنها ڕەشاش برنەوێک بوو، سەرەتای شەڕەکە چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون و ناردیاننە دیوی ئێران، خەڵکی ناوچەکە هاتنە لای بریندارەکان، کۆپتەر چووە سەر خەڵکەکەو بۆمبارانی کردن، پێشمەرگەکانی هەرێمی شەش شەڕی قارەمانانەیان لەگەڵ دوژمندا کرد، شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستی کوشندەیان لە دوژمن وەشاند دەیان سەربازیان لە داگیرکەر کوشت و گلاند قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی (١٢) پێشمەرگەی قارەمان بوو کە بە خوێنی گەشیان ئەو داستانەیان نووسییەوە:

**شەهیدەکان**

١- بابەکر مەحموود ئەحمەد
٢- حەمە ئەحمەد عەبدوڵڵا
٣- هۆمەر حسێن هۆمەر
٤- خدر حەمەدەمین مەحموود
٥- حەمە خلە خان عەلی
٦- مەحموود ئەحمەد مەحموود
٧- ئەحمەد عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا
٨- حاجی ڕەسوڵ محەمەد
٩- ئەحمەد مەحموودئەحمەد
١٠- ڕەسوڵ مەحموود ئەحمەد
١١- محەمەد عەبدوڵڵا بابەکر
١٢- عەبدوڵڵا حەمە حەسەن

مامە وڵا کوڕی حەماغا یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو بە برینداری جێمابوو دوای چەند ڕۆژ دۆزرایەوە پەرێشان بوو، شۆڕش ناردی بۆ چارەسەر، شەهیدەکانی داستانی باوزێ لە دوای دوو ڕۆژ بەخاکسپێردران.

## شــــــــەڕی گـــــەرمکان
## پـــــاییزی 1977

پێشمەرگە لە مزگەوتی گەرمکان بوون، جاش هاتبوون بۆ (بێخری) هەواڵی پێشمەرگەیان پرسیبوو، کەسێکی خەڵکی بێخری پێیوتبوون وازبێنن هەموو کونێک هی دەست تێهەڵکردن نییە، جاشەکان ووتبوویان دەچین بە دەست دەیانگرین ئەو کەسەش ووتبووی ئەوە لە گەرمکانن.

کابرای خەڵکی گەرمکان هاتە مزگەوت بۆ لای پێشمەرگەکان ووتی ئەوە هەندێک کەس لە سەر چنگ بەرەو چاڵە گەنمەکان دێن، پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوە، حەمە ڕەسوڵ و عەبدوڵڵا هەمزە بەرەو ڕووی جاشەکان ڕۆیشتن، پێشمەرگەکانی تریش لە دەورووبەری مزگەوتەکە دامەزران، پێشمەرگە لە جاشەکانیاندا، تەقەیان لێکردن، جاشەکان خۆیان ڕانەگرت و هەڵاتن، هەموو دەست و چنگیان بریندار ببوو هێندە هەستا بوون و کەوتبوونەوە.

چەند ڕۆژێک دوای شەڕەکە، ئەو کەسەی لە (بێخریێ) بە جاشەکانی ووتبوو هەموو کونێک هی دەست تێهەڵکردن نییە، لە ناو قەڵادزێ جاشەکەی بینیبوو پێیوتبوو ئادەی لەپە دەستت بزانم بریندار بووە.

## هـــــــێرشی دوژمـــــن

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١/٦ هێرشی هێنایە سەر دێی شێنێ و بێدەلان لە ناوچەی قەڵادزێ

پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەرەنگاری هێرشەکەی دوژمن بوونەوە و دوای سێ کاتژمێر شەڕ بەشکاوی گەڕایەوە

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و بریندابوونی (٥) سەربازتر.

## لـــــــێدانی مـــــۆڵگەی جـــــاش

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/١٢ هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی جاشەکانی عەلی حەسەن ئاغا لە دێی شناوە و سپییە، هێرشەکە سێ کاتژمێری خایەند

زیانی دوژمن کوژرانی چوار سەرباز و بەدیلگرتنی (١٦) جاش
دەستکەوت (١٨) کلاشنکۆف و (٤) دەمانچە
قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی فەرماندەی مەفرەزە محەمەدە سوور خەڵکی باوزێ لەگەڵ بریندابوونی پێشمەرگەیەک

## پـــەلاماردانی شـــێنێ

هێزێکی گەروەی دوژمن لە ١٩٧٨/٢/٢٢ بەهاوکاری جاش و پشتیوانی کۆپتەری جەنگی هێرشیانکردە سەر دێی شێنێ ، پێشمەرگەکانی ناوچەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە شەڕ شەش کاتژمێری خایەند، دوژمن شکاو کرایەوە بە سەربازگەی گۆجاڕدا

لە ١٩٧٨/٢/٢٤ مەفرەزیەک پێشمەرگە لە ناوشاری قەڵادزێ بە ئاربی جی لە مۆڵگەی جاشەکانی عەلی حەسەن ئاغایاندا

مەفرەزەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی ناوچەکە هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی جاشەکانی عەلی حەسەن ئاغا لە دێی ڕەزگە – توتمە

لەوهێرشەدا (١١) جاش بەدیلگیران و دەستەکەوت (١) کراشنکۆف (١٠) تفەنگی برنەوبوو.

## بەیـــاننامەی مـــەکتەبی سـیاسی (ی ن ك)
## بە بـــۆنەی ڕاگـــواستنی دێـــیەکانی کـــوردستان

ڕژێمی فاشستی عێراق لە ژێر ناوو بیانوی پشتێنەی ئەمنی دێیەکانی سەر سنووری ڕاگواست و ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرە ملێکانیکردن.

بەو بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) بەیاننامەیەکی بۆ ڕای گشتی جیهانی، ناوخۆیی، عەرەبی دەرکردوو تیایدا لەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیە ئاگاداری کردنەوەو مەترسییەکانی ڕوونکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی

**ئەی جەماوەری گەلی کوردستان**

ڕاپەڕن بۆ بەربەرەکانی کردنی سیاسەتی فاشستانەی کورد گواستنەوە لە نیشتمانی باوک و باپیری خۆی .

**ئەی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان**

**ئەی جوتیارانی زەحمەتکێش و نەبەز**

دیسان کاربەدەستە فاشستەکانی بەغدا دەستیان کردووەتەوە بە گواستنەوەو دەربەدەرکردنی جەماوەری جوتیارانی کوردستان و دەرپەڕاندنیان لە گوندو دێیەکانیان کە سەدان ساڵە باوک و باپیرانیان ئاوەدانیان کردووەتەوە، وا فاشیستە خوێن ڕێژەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ سووتاندن و کاولکردنی سەدان دێهاتی تر لە ناوچەکانی پشدەر و مەنگوڕو ئالان و سورکێوو شلێرو هەورامان و شارەزور، دوای ئـەوەی لە سووتاندن و کاولکردنی هەموو دێهاتەکانی بادینان لە سەر سنووری عێراق تورکیا بوونەوە، پاش وێرانکردنی ناوچەی باڵەکایەتی و ئاکۆیان، بۆ هێنانەدی ئەم نیازە گڵاوەیان کاربەدەستە فاشستەکان موالیدی (١٩٥٢) شیان بانگکردوو هەتا دێ زیاتر لەشکر بۆ کوردستان دەنێرن تا دێهات و باغ و بێستانی کوردستانیان پێبسووتێنن و جەماوەری لە زەوی و زارو ئاژەڵداری بێبەش بکەن.

ئەم سیاسەتەی کاربەدەستانی خوێنڕێژی بەغدا نیشانەیەکی تری درێژەپێدانی سیاسەتی فاشیستانەی کـوردو کوردستان لە نـاوبران و تەفرو تونا کردنی

بزووتنەوەی کوردایەتی بە پێچەوانەی دەستووری داتاشراوی عێراقیشە و هەڵگەڕانەوەیەکی دیارو ئاشکرایە لە هەموو قانون و پەیمانە دەولیەکان و هەموو ئەو گفتانەی دەوڵەتی عێراق بە ڕێکخراوە دەولیەکانی داوە کاتێک کوردستانی عێراق بە نوکە نێزەی ئیمپریالیزم خرایە سەری.

کاربەدەستە فاشیستەکانی بەغدا لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە جیاتی ئەوەی وەک چاوبەست بڵاویان دەکردەوە زەوی و زار دابەش بکەن بە سەر جوتیارانی کوردستانداو دەرەبەگایەتی نەهێڵن، وەک هێزێکی پەلاماردەری بێگانەی خوێن ڕێژ سیاسەتی دڕندانەی خۆیان دژی گەلەکەمان درێژە پێداوە، هەر بەوەوە نەوەستان کە هەزاران دێهاتی کوردستان لە شەنگارو تەلەعفەرو زومارو عەین زالە و سلێڤانی و قەزاکانی زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان چۆمان، دەشتی هەولێرو کەرکوک و خانەقین کاول بکەن بە خانوو مزگەوت و قوتابخانەو باغ و بێستان و خەرمانەوە ئاگر تێبەر بدەن، بەڵکو خەڵکەکانیشیان بە زۆر لە زەوی و زار و ماڵ و دێیەکانیان دەرکردووە، بەمە لە ئیسلاحی زراعی و هەقی ئاژەڵ بەخێو کردن و میراتی باوک و باپیران و دەستکەوت و دەرامەتی چەندین ساڵەی خۆیان بێبەشیکردوون.

فاشیستەکان لە باتی ئیسلاحی زەوی و زار، کاولکردنی زەوی و زار، لە جیاتی زەوی بە جوتیار بەخشین، زەوی لە جوتیار داگیرکردن پەیڕەو دەکەن، لە جیاتی دەرەبەگایەتی لە ناو بردنیش چەندین ئاغاو دەرەبەگی خوێنڕێژی نیشتمان فرۆشیان کۆکردووەتەوە بە ناوی جاشایەتیەوە ئەیانسەپێننەوە بە سەر بێدەسەڵاتەکانی عەشیرەتەکانیاندا، لە لایەکیتریشەوە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی کوردستان و یەکخستنی خەباتی هەق و ڕەوایان درێژە دەدەن بە سیاسەتی بە کۆمەڵ کوشتن و بە تاقم هەڵواسینی ڕۆڵە بێتاوانەکانی کوردستان، تا ئێستا سەدان ڕۆڵەی کوردی بێتاوانیان هەڵواسیوەو دەیانیتریش لە زیندانەکاندا چاوەڕێی هەڵواسینن سەدان ڕۆڵەیتریش لە بەندیخانەکاندا ئازار دەدرێن ئەچەوسێندرێنەوە بە جۆرێک مەترسی مردن هەڕەشە لە ژیانی سەدان ڕۆڵەی بێتاوانی کورد دەکات، ئەمڕۆش جارێکیتر ئەو دەستە تاوانبارانەی خوێنی گەشی شەهیدانی کوردستانیان لێدەتکێت سەر لە

نوێ درێژ دەکرێتەوە بۆ سووتاندن و کاولکردنی کوردستان و دەربەدەرکردنی جوتیارە زەحمەتکێشەکانی، بۆ زەوتکردنی زەوی و زارو ئاژەڵ و قەدەغەکردنی مافی کشتوکاڵ و چاندن لێیان، دیسان دەیانەوێت بەهاری کوردستانمان بە خوێنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ڕەنگین بکەنەوە کە بێگومان ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئاگری تورەیی و هەڵچوونی هەستی نارەزایی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی لە عێراقدا و تیوەگلاندنی لەشکری عێراق لە پیسترین کاری درندانەی دوور لە هەموو ڕەوشت و خویەکی ئینسانی و ئیسلامی و عەرەبی، لە کاتێکدا ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەشکری عێراق بەشداربوونیەتی لە بەرەی ڕۆژهەلاتی دوژمنی سەهیۆنی و پاراستنی خاکی عەرەب و پارێزگاری شۆڕشی گەلی فەلەستین و کرینەوەی ئابڕوی نەتەوەیی عەرەب کە کۆنە پەرستە خۆفرۆشەکان لە خوت و خوراپی ئەیبەن.

شوێنی لەشکری عێراق ڕوخەکانی رووبـاری ئـەردەن و بانوی جۆلانە بۆ بەشداری لە ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەب نەک کوردستانی نیشتمانی دێرینی کوردی برای دلسۆزی عەرەب ، نەک کاولکردن و سووتاندنی ناوچەو دێهاتی کوردستان و دەربەدەر کردنی جوتیارو ڕەنجکێشەکانی، کاربەدەستە فاشستەکانی عێراق لە کاتێکدا پشت دەکەنە دوژمن ڕادەکەن لە فەرمانی نەتەوایەتی عەرەبی و بۆ خۆپێشخستن لە لای ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕژێمی کۆنە پەرستی ئێران و کۆنە پەرستانی عەرەب، خۆیان ئەدزنەوە لە کۆڕی خەباتی نەتەوایەتی عەرەبی و لە جیاتی هاوکاری و بەشداربوونی ڕاستەقینە شین و ڕۆ ڕۆی درۆزنانە بۆ فەلەستین دەکەن و بە ساختە فرمێسکی پەرۆشی بۆ دەرێژن و لەم کاتە ناسکەدا زۆربەی لەشکری عێراق ئەڕژێنێتە کوردستانەوە بۆ سووتاندنی دێهاتەکانی و گواستنەوەی جوتیارە ڕەنجکێشەکانی.

### ئەی جەماوەری جوتیارانی کوردستان

ئەی ڕۆڵە زەحمەتکێشەکانی مەنگوڕایەتی و مامەش و پشدەرو ئالان و ماوەت و سوورکێو شلێروو ناوخوان و هەورامان و شارەزوور

وا فاشستەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ سوتاندنی دێهات و خانوو بەرەو باخ و بێستان و ماڵ و مزگەوت و هۆڵە مەڕەکانتان، وا خەریکن بتانگوێزنەوە لە دێهات و مەڵبەندی باوک و باپیرانتان، وا ئەیانەوێ بێبەشتانکەن لە زەوی و زارو ئاژەڵەکانتان، دە ئێوەش ڕاپەڕن بۆ بەرهەڵستی و بەربەرەکانی پەلاماردەرە فاشستەکان هەقە ملی ڕێگەی خەبات بگرن و بە هەموو شێوەیەکی سیاسی و چەکدارانەش پارێزگاری دێهات و ماڵ و ماڵاتی خۆتان بکەن، پێویستە خۆتان ئامادە بکەن بۆ خەباتێکی سەختی دلێرانە، با هەموو ڕۆڵە چەکدارەکانتان قۆڵ و بازووی دلێری لێهەڵکەن و خۆیان بگەیەننە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مل بدەنە شەڕی پێشمەرگانە تا کوردستانی خۆشەویستمان بێننە لەرزان لە ژێر پێی پەلاماردەرە خوێنڕێژەکاندا، با کوردستانیان لێبکەینە دۆزەخ و با کوردستان بکەینە گۆڕستانی فاشیستە پەلاماردەرەکان.

**ئــــەی گەلی براو هاوپەیمانی عەرەب**

بە بەرچاوی تۆوە کاربەدەستە فاشستەکان بەر بوونەتە گیانی کوردی براو هاوپەیمانت، بۆ لە ناوبردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتوونەتە کار، دەیان هەزار ماڵی ئاوارەی کورد لای خۆت ئەبینی کە فاشیستەکان بە زۆری زۆردارەکی لە ماڵ و شارو دێهاتی خۆیان گواستوویاننەتەوە، بە بەرچاوی تۆشەوە تووشی چەندین جۆر کوێرەوەری و هەژاری و کارەساتیان کردوون...

دەسا تۆش دەنگی نارەزایی و تورەیی خۆت بەرز کەوە با پێکەوە خەبات بکەین بۆ لەناو بردنی حوکمی فاشستەکان، دوژمنی خوێنڕێژی کوردو عەرەب و هەموو گەلی عێراق لە پێناو هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتلافی دیموکراتی کە نوێنەری ڕاستەقینەو دەسەڵاتی هەموو گەلی عێراق بێت بە کوردو عەرەب و نەتەوایەتیەکانەوە، تا نیشتمانی خۆشەویستمان لە جەورو زۆرداری و چەوساندنەوەو ڕووتاندنەوەی فاشستەکان ڕزگار بکەین.

ئەی برایانی سەربازو ئەفسەرانی سووپای عێراق

ئێمە برای کوردی ئێوەین، گەلی کوردو عەرەب بە درێژایی مێژوو هەر براو هاوپەیمانی یەکتر بوون، لە زەمانی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە تا ڕۆژگاری فەلەستین و بەرگریکردنی دوژمنانی هەر دوو لا فیداکاری دەکەن ئێمەی کورد برای جێ باوەڕو متمانە پێکراوی تێکۆشەرانی عەرەبی – ڕۆژی تەنگانەی خەباتی یەکگرتووی کوردو عەرەبین دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان چەکەکانتان ئاڕاستەی سنگی برایانی خۆتان مەکەن، بەسیەتی، بەسیەتی سووتاندن و کاولکردنی نیشتمان دەبا پێکەوە دەست لە دەست و هێزو پشتیوانی لە گەلی عێراق قۆڵ و بازووی جوامێرانەی لێهەڵمالین و حوکمی زۆردارانەی کار بە دەستە فاشستەکان بڕوخێنین و گۆڕەو شاریانکەین تا پێکەوە لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق بنچینەی عێراقێکی دیموکراتی و پێشکەوتوو دارێژین و هەموو هێزو توانای خۆمان بخەینە کار بۆ بەشدار بوون لە شەڕی ڕەوای نەتەوەی عەرەب دژی پەلاماردەرانی سەهیۆنی و ئیمپریالیزم لە پێناوی ڕزگارکردنی فەلەستینی داگیرکراودا.

ئەی هێزە پێشکەوتووەکانی عەرەب

لە پێناوی پاراستنی برایەتی دێرین و مێژوویی کوردو عەرەب و یەکێتی تێکۆشانمان دژی دوژمنانی هەر دوو لا نارەزایی خۆتان دەربڕن دژی سیاسەتی فاشیانەی ڕژێمی بەغدا بەرانبەر گەلی براو هاوپەیمانتان کە هەر وەک ئەو سیاسەتە وایە کە سەهیۆنیە فاشستەکان دژی گەلی عەرەبی فەڵەستین بە کاری دەهێنن، ئەو سیاسەتە گەورەترین زیانی بە ناوبانگی نەتەوەی عەرەب و عروبە و دەستکەوتی ڕاستەقینەی عەرەب دەگەیەنێت.

**ئەی هێزە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکانی هەموو جیهان**

شەڕی لە ناو بردنی کوردو کوردستان شەڕی تەفرو تونا کردنی گەلێکی ئارام و ئاشتی و ئازادیخوازە ئەو شەڕە گڵاوەیە کە هەموو گەلان قەدەغەیان کردووەو بە تاوانێکی گەورەی دوژمن بە مرۆڤایەتییان داوەتە قەڵەم.. با دەنگی

هەواڵنامەی کتێب

نارەزایی و تورەیی ئێوە بگاتە گوێی کاربەدەستە خوێنرێژە ولات کاولکەرەکانی بەغدا، با دەنگی هاوکاری و هاودەنگیتان لەگەل گەلی زۆر لێکراوی کوردستان لە دۆل و شیوەکانی کوردستاندا دەنگ بداتەوەو ببێتە مژدە هێنەری هاوخەباتی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازانی جیهان لەگەل گەلی کوردی تێکۆشەر خەبات بکەن بۆ رسوا کردنی رەفتاری درندانەی رژێمی شۆڤێنستی عێراق بۆ نەهێشتنی چەکی گشتکوژە فرۆشتن بە عێراق کە هەر دژی جەماوەری کوردستان بە کاری دێنێت نەک بۆ پاراستنی سەربەخۆیی عێراق، ئەو سەربەخۆییەی کاربەدەستان لە سەوداکاریەکانیاندا لەگەل دەولەتانی سەر بە ئیمپریالیزم بێشەرمانە پێشێلی دەکەن... دەبا هێزو پارتییە کرێکاری و شۆرشگێرەکانی جیهان، دەبا دەولەتە سۆسیالیستەکانی جیهان بیرێکیش لە گەلی زۆر لێکراوی کوردستان بکەنەوەو ئەرکی ئەنتەرناسیۆنالستانەی خۆیان بەرانبەر جەماوەری رەنجکێشی کوردستان بەجێبهێنن.

**ئەی پێشمەرگە دلێرو قارەمانەکانی کوردستان**

هیچ خەباتێک لە خەباتی شۆرشگێرانەی ئێوە رەواتر نییە، شەری پێشمەرگانەتان شەری پاراستنی نیشتمان و خانەو بەرە و دێهاتی خۆتانە شەری شەرەفی نەتەوەیی و پاراستنی ناموسی گەلەکەتانە کە لە ژێر جزمەی پەلاماردەرەکاندا ئەپلیشێتەوە.. با دروشمە پیرۆزەکەی کوردستان یان نەمان بەرزتر بە سەرتانەوە بشەکێتەوە.. بۆ پێشەوە بە باوەری نەگۆرەوە بە سەرکەوتنی خەباتە پیرۆزە رەواکەمان، بە فیداکاری و خۆبەختکردنی دلێرانە بۆ پاراستنی دێهات و باخ و گولزاری نیشتمانی خۆشەویستمان کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی گەلی کوردوو عەرەب دژی رژێمی کار بە دەستی فاشیست و خوێنرێژی بەغدا لە پێناوی هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتلافی نیشتمانیدا کە چارەسەری دیموکراتی و ئاشتیانەی مەسەلەی کورد بکات.

مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) / ١٩٧٨/٣/١٦

## قـــــــــەڵادزێ

مـەفرەزەیـەکی پێشمەرگە لـە ١٩٧٨/٣/٢٥ چوونـە نـاو شـاری قـەڵادزێ، لە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس و بارەگای لیوای سەربازی و جاشەکانیاندا

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٣/٢٩ بە ئاربی جی لە مۆڵگەی ئالی ڕەش، بەستێ، قەڵادزێیاندا

لە ١٩٧٨/٣/٣٠ بۆ جاری دووەم لە مۆڵگەکانی (بەستێ) یان دایەوە.

## شـــــەڕی پـــــاشکێڵ
## 1978

پاشکێڵ ڕەبیەی دوژمنی لێبوو، مەحموود ڕازانی و دوو پێشمەرگەی تر بۆسەیەکیان بۆ دانان سەربازێکیان کوشت و برنەوێک دەستکەوت بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## تـــێکشکاندنی پـــــەلاماری دوژمن

لە ١٩٧٨/٤/١ هێزێکی دوژمن هێرشیان هێنا بۆ گرتنی شوێنەکانی لە گردی وارەکانی ناوچەی قەڵادزێ، پێشمەرگە بەرەنگاریان بوونەوە و دوژمن بەشکاوی گەڕایەوە

لە ١٩٧٨/٤/٢ دوژمن هێرشی هێنا بۆ سووتاندنی دێیەکانی زیۆکە و بێدەلان پێشمەرگەی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە شەڕ سێ کاتژمێری خایەند، دوای شەڕێکی دلێرانە دوژمن شکا و گەڕایەوە

زیانی دوژمن کوژرانی (١٠) سەرباز و بریندابوونی (٧) سەربازیتر

## ڕەبـــــیەی ســـەر گۆڕی کــــرۆسکان

هەر لەو ماوەیەدا جارێکیتر بۆسەیەکیان بۆ سەربازەکانی ڕەبیەی سەر گۆڕی کرۆسکان دانا، دوو سەربازیان کوشت و دوو تفەنگ دەستکەوت بوون.

## بـــەرەنگاربـــوونەوەی دوژمـــن

١٩٧٨/٥/٦ پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦) ڕووبەڕووی هێزێکی دوژمن بوونەوە لە شێنێ و شکاندیانن

دەستکەوت یەک بار تەقەمەنی بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/٥/٢٨ بە ئاربی جی هێرشیانکردە سەر دوژمن لە ئاشی زادەی قەڵادزێ

زیانی گیانی دوژمن کوژرانی (٢) سەرباز و بریندار‌بوونی (٢) سەرباز.

## چـــالاکی ســـــورکەی ڕازان

هەمان ساڵ، مەحموود ڕازانی، محەمەد ڕازانی، حەسەنە سوور بۆسەیەکیان لە سورکەی ڕازان دانا سەربازێک کوژراو تفەنگێک دەستکەوت بوو.

## بـــــێگەڵاس

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/٦/٢٤ بە ئاربی جی لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا لە بێگەڵاس

زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و بریندابوونی دوو سەربازیتر

## شـــــەڕی بـــێ کلۆ- ڕەبـــیەی چـــــاوڕێژان

هەمان مەفرەزە بۆسەیەکیان لە بێ کلۆ دانا سەربازەکان دەهاتنە سەرکانی، حەوت سەرباز بەرەو ڕوویان هاتن، سەربازێک هێسترو جلیکانەی پێبوو تەقەیان لێنەکرد، زۆری نەبرد نائیب زابتێک هات دەمانچەیەکی میکارۆفی پێبوو تەقەیان لەویش نەکرد، محەمەد ڕازانی بە دوای ئەو دوو سەربازەدا ڕۆیشت مەحموود ڕازانیش پێشیلێگرتن، نائیب زابتەکە هەستی کردبوو دەمانچەکەی دەرهێنا، میلیان لێهێنایەوەو دەمانچەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە سەربازو نائب زابتەکەیان دەستگیر کرد، هێسترەکەشیان برد، دیلەکانیان بردوو چوونە ماڵی مام فەقێ لە جەمالەدین نانیان خوارد، دواتر بردیاننە ناوزەنگ.

## ژاراوا

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/٧/١٩ بە ئاربی جی لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا لە ژاراوای نزیک قەڵادزێ، سەربازێک کوژراو سەربازێکیتر برینداببوو

## دەســـتگیرکردن- لە ســـێدارەدان

دوای هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) ڕژێمی عێراق بە هەموو شێوازێک پەلاماری تێکۆشەرانی دەدا، خەڵکی کورد پەروەرو نیشتمان پەروەری دەستگیر دەکرد بە تایبەت ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی (یەکێتی) دا کاریان دەکرد یان دۆست و هاوهەڵوێستی یەکێتی و شۆڕش بوون دەستگیر دەکران و دەخرانە زیندانەوە، بەشێک لەو کەسانە لە ژێر ناوی پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگە، وەکو لە بەڵگە نامەکانی حزبی بەعسدا هاتووە (موخەڕیب) سزای لە سێدارە دانیان بە سەردا سەپێندراو سزاکەشی جێبەجێکرا.

هاووڵاتیانی کوردی ڕەسەن و تێکۆشەری قەڵادزێ بەدەرنەبوون لەو هەڵمەتی دەستگیرکردن و تۆمەتبارکردنە کە هەمیشە قەڵادزێیەکان لە سەنگەری پێشەوەی قوربانیدان و تێکۆشان بوون لە سەرەتای مانگی ١٩٧٧/٧ لە لایەن دەزگای ئیستخباراتی قەڵادزێوە (١١) هاووڵاتی دەستگیرکران دوای نزیک بە ساڵێک مانەوە لە گرتوو خانەکانی کەرکوک و موسڵ، دوای ئازارو ئەشکەنجەی نامرۆڤانە سزای لە سێدارەدان بە سەر (١٠) کەس لە هاووڵاتیانی دەستگیرکراوی قەڵادزێ سەپێندراو لە شەوانی ٥/٤و ١٩٧٨/٤/٦/٥ بە بڕیارو نووسراوی ژمارە (٨٤٠٦) لە سێدارە دران کە لە ١٩٧٨/٧/١٥ ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامە کراوە کە تیایدا جگە لە ئاماژەدان بە لە سێدارەدانی (١٠) هاووڵاتی قەڵادزێ تێکرا (٤٤) هاووڵاتی بە پێی نووسراو لە سێدارە دراون، بەشێک لەو هاووڵاتیانە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراقن.

شـــەهیدانی قەڵادزێ

١- عەبدوڵڵا حەسەن کامەلا
٢- ئەحمەد کاک ئەمین مەمەند
٣- خدر ڕەسوڵ مەحموود
٤- ئەحمەد حەمە عەبدوڵڵا
٥- عوسمان شەفیق فەرەج
٦- حسێن ڕەسوڵ ئەحمەد
٧- ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل
٨- ڕەسوڵ محەمەد غەفور
٩- لەتیف کەریم ئەحمەد
١٠- خدر مەحموود خدر

بڕیارەکە لە لایەن بەڕێوەبەری ئەمنی نەینەوا ئاڕاستەی ئەمنی عامە کراوە.

تێکڕای (٤٤) کەس لە خەڵکی کوردستان و عێراق بە بڕیارێک لە مانگی (٤) تا کۆتایی مانگی ١٩٧٨/٦ لە سێدارە دراون کە لە ناویاندا سەربازو پۆلیس بەر چاو دەکەوێت.

لێرەدا کۆی ئەو ناوانە دەخەینە بەرچاو کە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و عێراق بەم بڕیارە لە سێدارە دراون، بەڵگە نامەکان لە بەردەستە و لە پاشکۆی ئەم بەشەدا دایاندەنێین، ڕاستە ئەوانیتر پەیوەندیان بە (قەڵادزێ) وە نیە بەڵام بەشێکی زۆریان خەڵکی شارەکانی کوردستانن بۆیە بە گرنگی دەزانین بیانخەینە ڕوو.

**نـــــــاوەکان**

١- عەلی ئەحمەد عەزیز- سلێمانی- ناحیەی ماوەت- گاپیلۆن
٢- فایەق مستەفا عەبدوڵڵا سلێمانی – ماوەت
٣- حامید حەمە دەمین صابر سلێمانی – سورداش- یاخسەمەر
٤- تەها محەمەد تۆفیق سلێمانی – گەڕەکی گۆیژە- پۆلیس

٥- ئازاد ساڵح عەبدوڵڵا سلێمانی – گۆیژە- پۆلیس
٦- نەسرەدین ساڵح ئەحمەد
٧- کازم عەباس- کەربەلا- نائب عریف
٨- عەباس عەزیز عەبدوڵڵا- ئاسکی کەرکوک- خەرابە
٩- سابیر حسێن ئەمین- سلێمانی
١٠- نادر محەمەد ئەمین حەمە مستەفا – هەولێر
١١- سەباح زاهیر شێخ محەمەد- هەولێر- شەقڵاوە
١٢- عومەر تەها عەلی – هەولێر
١٣- عبدالحسێن محەمەد سدخان – میسان
١٤- ئەحمەد عبدالرەحیم حسێن- سلێمانی – هەڵەبجە
١٥- لەتیف حەمە ساڵح فەقێ محەمەد- سلێمانی
١٦- یوسف حاجی سەعید عەزیز- سلێمانی – سەرباز
١٧- نوشاد حەیدەر ئەحمەد- سلێمانی – چەمچەماڵ
١٨- موحسین حەمەد ئەمین فەرەج- سلێمانی – هەڵەبجە
١٩- مستەفا ڕەشید مەحموود ئیسماعیل- سلێمانی – چوارباخ
٢٠- ئەمین حسێن مەحموود- سلێمانی – هەڵەبجە
٢١- فەیسەڵ قادر ئیسماعیل- هەولێر
٢٢- کەمال واحید مەعروف – کۆیە
٢٣- جەواد کەریم مەحموود- ناحیەی شۆڕش
٢٤- سەید حسێن ڕەحمان سەعید- کۆیە
٢٥- جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد – کۆیە
٢٦- نامیق محەمەد کەریم مارف- سلێمانی – ئازادی
٢٧- ئیبراهیم فەتاح ڕەسوڵ- سلێمانی – سەرکارێز
٢٨- عومەر عەبدولقادر ئەمین – سلێمانی – خەبات
٢٩- عەلی عەبدولقادر قادر – سلێمانی – خەبات

هەواڵنامەی کتێب

٣٠- ئەبوبەکر نوری قادر – سلێمانی

٣١- ڕەشید بابەکر حەمە – هەولێر

٣٢- تاریق جەمیل جاسم – دهۆک

٣٣- مەحموود محەمەد ئەمین

٣٤- عەبدوڵڵا خدر حسێن- هەولێر

## هـــەکاری – دوای هـــــەکاری

هەرێمی شەش، بەرەو ناوچەی هەکاری ڕۆیشت دوای ئەوەی لە کارەساتی هەکاری تالیب ڕۆستەم فەرماندەی هەرێمی شەش بە ناچاری تەسلیم بە ڕژێم بووەو کوژرا، ماوەیەک زێڕۆ عەبدوڵڵا فەرماندەی هەرێم بوو، دواتر حاجی حاجی برایم فەرماندەی هەرێمی شەشی ئازادی بوو تا جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی.

## چـــالاکی و تـــێکشاندنی پـــەلاماری دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٣ هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەر دۆڵی هەڵشۆ بەنیازی ڕاگوێزانی ناوچەکە، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی (٥-٦) لە نورستە تووشی بەشێک لەو هێزە پەلاماردەرەی دوژمن بوون و لێیاندان لە ئەنجامدا (٥) سەربازکوژران و (٢) سەرباز برینداربوون

ڕۆژی دواتر ٨/٤ فرۆکەیەکی جەنگی هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکە و بۆردومانی دۆڵی هەڵشۆیانکرد ، لەئەنجامی بۆردوومانەکە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون

١- شەهید عەبدوڵڵا هەمزە ڕەسوڵ

٢- شەهید عەبدوڵڵا ڕەسول مامەند

٣- شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیم

لەکاتێکدا هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٨/١٦ هێرشی هێنابووە سەر ناوچەی مەنگوڕایەتی بۆ ڕاگوێزانی دێهاتەکانی ناوچەکە، چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦)

و پارێزگاری لە پشتی قەڵاتوکان و ئەبو بەکرە ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕێکی جوامێرانەیان لەگەڵدا کردن لەو شەڕەدا زیاد لە (٨٠) ئەفسەر و سەرباز کوژران و بریندابوون

دەستکەوت ٢ کلاشنکۆف (١٠) بار تەقەمەنی (٣) دەزگای تەقاندنەوە

## بریندابوونی دوو پێشمەرگە

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ڕۆژی ١٩٧٨/٨/١٦ لە دۆڵی هەڵشۆ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و حەوت سەرباز کوژران

دوو پێشمەرگەی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/٨/١٧ بە مۆڵەت گەڕابوونەوە ناوچەی خۆیان تووشی زیلێکی سەربازی بوون دوو پێشمەرگەکە لە زیلەکەیاندا و هەرچی تیادابوو کوشتیان

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/٨/١٨ لە بنکەیەکی دوژمنیاندا لە گۆجارِ زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و بریندابوونی (٣) سەربازیتر

١٩٧٨/٨/١٩ دوو (مین) لەلایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦) چێنرا و بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا تەقیەوە و ١٨ سەرباز کوژران .

## ڕاگــــواستنــــی دێــــیەکان 1978

### هـــــــەنگاوی دووەمــــــی بــــــــەعسیەکان

قۆناغ یان هەنگاوی یەکەمی ڕاگواستنی دێیەکانی پشدەر مەنگوڕایەتی ساڵی (١٩٧٧) بەڕێوەچوو، دوژمن بەوەوە نەوەستا لە ساڵی ١٩٧٨ هەنگاوی دووەمی وێرانکاری و ڕاگواستنی جێبەجێکرد.

قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی دێیەکانی پشدەر مەنگوڕایەتی بۆ ئۆردوگاکانی بەستەسێن و تووە سووران ڕاگوێزران کە ئەم دێیانە بوون:

قەڵاتووکان، دەشتێوان، سێوەیس، ورتە، ئەبوبەکرە، شێخان، باریکان، ڕەزگە، توێکە، سوورە گڵە، مارەدوو، ئاڵیە ڕەش، شناوە، کۆزینە، سپیە گڵە، سەرخان،

سیکەنە، زودان، شەروێت، سیدەلان، سپیرۆ، کولکولە، ئالان، خواران، ڕیشوان، مامەندە، شێخ ئاودەلان، داودێ، ئەمەر کاکۆڵ، شۆڕان، تەنگژە، باداوان، دێلۆ، بەلک، گرد ئێستر، دوو چۆمان، بەستێ، مێرگە، شیوە ڕەز، دوبێ، دەرگەڵە، سەید ئەحمەدان، قندۆڵ، ڕازان، سەرشیو، گەناو، ئیسێوە، چەکوان، باوزێ، ئەشکەنە، نیسێ، بێناسە، سێوەڵە، پیریسکە، زێوەڵە، گواران، هەڵشۆ.

## پەلاماری ناوچەکانی پشدەر

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٩/٦ بەنیازی ڕاگواستنی ئەو دیهاتانەی لەوێ مابوون پەلاماری ناوچەی پشدەریدا

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە بێگەلاس و سەری مامەندەوە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە

زیانی دوژمن کوژران و بریندابوونی (٤٠) سەرباز کە دووان لە کوژراوەکان ئەفسەربوون

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ٦ لە ١٩٧٨/٩/١٥ چوونە ناو شاری قەلادزێ و لە دەورەیەکی مغاویرییاندا، سێ مغاویر کوژران و سیانیتر بریندابوون

*تاقمە جاشێک لە ١٩٧٨/٩/٢٨ لە دێی چومخڕکەی قەلادزێ تەقەیان لە هاوولاتی عەبدوللا خدر کرد و شەهیدیانکرد

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) مینێکیان لەسەر ڕێگەی خڕی شێوەڕەز دانا، ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٣٠ لە ژێر زیلێکدا تەقییەوە

زیانی دوژمن کوژرانی ١٢ سەرباز و بریندابوونی ٨ سەرباز و تێکشکاندنی زیلەکە

## نزیک سەنگەسەر

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە ١٩٧٨/١٠/٨ نزیک سەنگەسەر هێرشیان کردە سەر هێزێکی دوژمن کە خەریکی سەنگەرلێدان بوون

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٦) لە شەوی ١١-١٩٧٨/١٠/١٢ مینێکیان لەسەر ڕێگەی هێرۆ- قەلادزێ دانا و بۆ بەیانی بە ئیڤایەکی سەربازیدا تەقییەوە

زیانی دوژمن کوژرانی و بریندابوونی (١٢) سەرباز و شکاندنی ئیڤایەک بوو

# شـــــەڕی (9) ڕۆژەی شـــــێنێ
# جـــەنڕاڵ بـــــەفر
# (1)

بارەگاکانی سەرکردایەتی هاتبوونە گوێزێ، سەرما هاتبووە گوێزێ بۆیە ئەویێشیان چۆڵ کردوو هاتنە خڕی ناوزەنگ.

هێزی پێشمەرگە لە شێنێ بە پانتایی سنوور دابەش بوون، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرقاڵی خانوو درووست کردن بوون، چونکە تازە گواستبوویانەوە ناوزەنگ، دەبوایە سەر لە نوێ خانوو درووست بکەنەوە، شەڕی شێنێ درووستکردنی خانووەکانی دواخست.

بـەردەوام کۆڕوکۆبوونەوە بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێکدەخرا، مامجەلال، کاک نەوشیروان، هەڤالانیتر کۆڕو کۆبوونەوەکانیان بەڕێوە دەبرد، بابەتی گرنگیان لە سەر هەلوومەرجی شۆڕش و بابەتی فکری و مێژوویی و پێشمەرگانەیان بۆ هێزی پێشمەرگە باس دەکردوو شیدەکردەوە.

مزگەوتی (شێنێ) جێگەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی (ی ن ک) بوو بـەردەوام جمەی دەهات لە پێشمەرگە، چوونکە هێزی پێشمەرگە تازە گواستبوویانەوە شێنێ شوێنی وایان نەبوو کۆڕو کۆبوونەوەی تیادا ئەنجام بدەن بۆیە مزگەوتی شێنێ گونجاوترین شوێن بوو بۆ کۆڕو کۆبوونەوەکان.

شەوی ١٩٧٨/١١/٨ مامجەلال لە مزگەوتی شێنێ کۆڕێکی بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێکخستبوو، سەبارەت بە درووستبوونی کۆمەڵە و پێگەی کۆمەڵە قسەی بۆ هێزی پێشمەرگە دەکرد.

کاتژمێر (٩)ی شەو بوو، مامجەلال لە گەرمەی قسەکانیدا بوو حاجی برایم هاتە ژووری مزگەوتەکەی (شێنێ) و نامەیەکی دایە دەست مامجەلال، مامجەلال نامەکەی خوێندەوەو دایە دەست کاک نەوشیروان، مامجەلال ڕوویکردە پێشمەرگەکان و ووتی: (٥٠) کۆپتەر هاتونەتە چوارقوڕنە[٢٠]، بەنزینی یەدەگی فڕۆکەیان هێناوە،

[٢٠] سەرکردەی ئەو کاتی فەیلەقی یەک وەلید مەحموود سیرەن بوو، وەلید لە شەڕی کوردستاندا سەقەت کرابوو، بەڵام عیبرەتی وەرنەگرتبوو دیسان هاتبووەوە بۆ شەڕی کورد تا لە ساڵی ١٩٧٩ سەدام حسێن کوشتی.

فەیلەقێک سەرباز لە قەڵاتوکان و ئەبوبەکرەو ڕەزگە و مارەدوو تا دەگاتە شێنێ و ماندە ئەمشەو هێرش دەکەن بۆ گرتنی سەرکردایەتی، دەڵێن دوژمن هێزێکی زۆری هێناوەتە سەید ئەحمەدان.

مامجەلال- کاک نەوشیروان گەڕانەوە ناوزەنگ، پێشمەرگەیان بە سەر ناوچەکەدا دابەشکرد تا لە هەر هێرشێکی دوژمندا بەرگری بکەن و لوتی دوژمن بشکێنن،(١٠٠) پێشمەرگەی باڵەکایەتی لە شێنێ بوون، چەند کەرتێکی پێشمەرگەش لە ناوزەنگ بوون.

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی شەو بوو خەڵکی ناوچەکە و هێزی پێشمەرگەش لە دەنگی تەقە بە خەبەر هاتن گوللەی دۆشکە ئەیدا لە سەری مامەندە، گوللەکان لە سەری مامەندە سەریان دەکردوو دەهاتن بە دیوی بارەگاکانی پێشمەرگەدا.

سەری مامەندە چواردە پێشمەرگەی خەڵکی (شێنێ)ی پێوەبوو، دوای بەرگرییەکی نیو کاتژمێری شکان و گەڕانەوە دواوە، دوژمن سەری (مامەندە)ی گرت، کە بە کلیلی ناوچەکە دادەنرا[٢١] پێشمەرگەکانی هەولێرو باڵەکایەتی لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن، گورزی گەورەیان لێدان و شکاندیانن، دوو لاشەیان پێجێهێشتن، دوو کلاشینکۆف دەستکەوت بوون.

تەقەی دۆشکاو تۆپباران بەردەوام بوو، کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوەو بۆردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، سەربازەکانی داگیرکەر هەوڵیاندەدا بێنە شێنێ بۆ ڕۆژی دوایی بە پشتیوانی ڕەوەیەک کۆپتەرو هێزێکی زۆر بە هاوکاری تانک و تۆپ هێرشیان کردەوە ئەمجارەشیان شکان.

مولازم عومەر هێزێکی کۆکردەوە، ژمارەیەک فەرماندەو پێشمەرگەی بانگکرد، ئازاد غەریب، عزەت شەمساوایی، کاک وەهاب، مستەفا سەرگەڵویی و چەند هەڤاڵێکیتر چوونە شێنێ.

عوسمانە بچکۆل فەرمانەدەی کەرت بوو، خەڵکی پشدەر بوو لەگەڵ مولازم عومەر لە شێنێ وەستا بوون قسەیان دەکرد لە ناکاو عوسمان ووتی ئەرێ وەڵلا

[٢١] مامەندە کلیلی ناوچەکە بوو لەوێوە دەیانتوانی شۆڕبنەوە هەموو شوێنێک بکەنە ئامانجی خۆیان و زاڵ بوون بە سەر ناوچەکەدا.

ئەوا هاتن کە تەماشایانکرد هێزێکی سەربازی بەرەو ڕوویان دەهاتن بەرەو شێنێ.

مولازم عومەر بەرەو ڕووی هێزەکە ڕۆیشت پێشمەرگەکانیش بە دوایدا، بووە تەقەو شەڕ دەستیپێکرد.

ئەحمەد مەولود یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی باڵەکایەتی لە شەڕەکەدا بوو پاڵتۆیەکی سەربازی لە بەردا بوو لە ناو بەفرەکەدا خۆی دابوو بە زەویدا بە بڕنەو لە سەربازەکانی دوژمنی دەدا، سەربازەکان ئالایەکی سووریان پێبوو ڕێنمایی کۆپتەرەکانیان پێدەکرد تا لە پێشمەرگەکان بدەن، ئەحمەد مەولود بە بڕنەوەکەی لە سەربازەکانی دەداو دەیدان بە زەویدا، کۆپتەرەکان تەقەیان دەکرد بە سەر پێشمەرگەدا.

شەو بە سەرداهات، شەوێکی ساردوو تەزیو بەفرێکی ئەستوور بارییبوو باڵا پیاوێک هەڵکشا بوو، هێندە (ساردوو تووش و تەڕی) بوو، دەرفەتی ئاگر کردنەوەش نەبوو ناچار بە لولەی تفەنگەکانیان خۆیان گەرم دەکردەوە.

هێزی پێشمەرگە شەڕێکی کەموێنەیانکرد نەیانهێشت سەربازەکانی دوژمن هەنگاوێک بێنە ناو (شێنێ) ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکەی داگیرکەر کوژراو ژمارەیەکیش لە ناو بەفری شێنێ و مامەندەدا ڕەق بوونەوە.

بەفر بەردەوام دەباری و نوێ دەبووەوە، هێزی پێشمەرگە لە گەڕانەوەدا بوون، بەفرێک دەباری بەرچاوی دەگرت و تێکدەهالا، مرۆڤ بەر چاوی لێڵ دەبوو ڕەسوڵ مامەند، حاجی حاجی برایم و دوانزە پێشمەرگە هاتن بە هانای پێشمەرگەکانی مەیدانی شەڕەوە، هەمووان پێکەوە گەڕانەوە بۆ ناو شێنێ، لە ناو شێنێ هەندێک نۆک و مێوژیان دانێ گەرم بوونەوەو بوژانەوە.

## مـــــــحەمەد وەتـــــــمان

محەمەد وەتمان یەکێک لە فەرماندەکان بوو بارەگای لە شێنێ بوو هەر خۆشی خەڵکی شێنێ بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بوو دوای ئاشبەتاڵ تەسلیم بە ڕژێم نەببووەوە.

لە کاتی پەلاماری دوژمن بۆ شێنێ و مامەندەو جاسووسان محەمەد وەتمان، فەقێ عەلی، ڕەسوڵ حاجی سووره دانران بۆ سەری میراب کە دەکەوێتە شانی ڕاستی مامەندە، سەعید دارایی سەر بە مەکتەبی سیاسی بوو دانرا بۆ قوتەی مامەندە.

محەمەد وەتمان فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی شەش، لە شەڕی شێنێ ڕۆڵی دیاری بینی چوونکە خەڵکی شێنێ بوو تێکڕای ڕێگەو هەورازو نشێوی شێنێ شارەزا بوو.

سووپای عێراق بە کۆپتەر سەربازی لە سەری جاسووسان دابەزاند ئەو پێشمەرگانەی دانرابوون بۆ سەری جاسووسان لە بەر سەرما نەچووبوونە شوێنی خۆیان لە پشتی زێوکە دامەزرا بوون، بە سەر سەری ئەوانەوە سووپای عێراق لە جاسووسان و قۆتەمان سەربازی دابەزاند بوو لەگەڵ ئەفسەرەکانی ئێران ڕێککەوتنیان هەبوو هاتبوونە ناو ڕەبیەکانی ئێران.

ئەو هێزەی لە جاسووسان دابەزیبوون لە ناو بەفردا هەرولەیان دەکرد تا گەرم ببنەوە بەڵام لە ناو بەفری جاسووساندا خۆیان پێڕانەگیرا، ئەوان پیاوی سەرماو چیاو بەفر نەبوون، ناچار کۆپتەر هات و هەڵیگرتنەوە.

کۆپتەرو تۆپە دوور هاوێژەکانی دوژمن سەری مامەندەو شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگیان بۆردوماندەکرد، هێزی پێشمەرگە (٣) دۆشکای هەبوو، دوو دۆشکە بەسترا بوون و خرابوونە کار، بە دۆشکا تەقەیان لە کۆپتەرەکان دەکرد.

هێزێک بە فەرماندەیی مولازم سەید کەریم پێکهات بۆ لێدانی ئەو سەربازانەی لە گردی جاسووسان کۆپتەر دایبەزاندبوون بەڵام بەفر ڕاوی نان و فریای لێدانیان نەکەوتن.

(٥٠) کۆپتەری دوژمن بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە، بۆردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەو دێیەکانی ناوچەکەیان دەکرد.

ئێرانیەکان ئاگاداری هێرشەکە بوون، لە بەرزاییەکانی پشتی نۆکان سەربازگەیان دانابوو، چەند ئەفسەرێکی عێراقی چووبوونە بارەگای ئەرتەشی ئێران لە نۆکان

لەوێوە چاو ساغی کۆپتەرو تۆپەکانیان دەکرد، ببوونە ڕەسەدو چاودێر بە سەر هێزی پێشمەرگەدا.

لە شیوەکەی بەردەمی ناوزەنگدا، (میلی سنووری) لێبوو، هێزەکانی ئێران هاتبوونە نزیک میلەکە ئالآی ئێرانیان چەقاندبوو، هەندێک ماڵە شێنەیی لەو شیوەدا خۆیان پەنا دابوو، پاسدارەکان پێیان ووتبوون ئەمە خاکی ئێرانە نابێ بپەڕنەوە ئەمبەر ئەگینا دەتانگرین و تەسلیمتان دەکەینەوە.

## بـــــارەگای مـــــامجەلال

بارەگای مامجەلال لە خڕی ناوزەنگ لە چادرەکاندا بوو شەش کۆپتەری باری و جەنگی هاتنە سەر بارەگاکەی مامجەلال و دەستیان بە ڕۆکێت تەقاندن و بۆمباران کرد گوللەیەک بەر چادرەکەی مامجەلال کەوت، پێشمەرگەیەک لەو کاتەدا لە بارەگاکەی مامجەلال بوو ناوی ڕەشاد بوو، بە مامجەلالی ووتبوو مامجەلال خۆ ئێرە نەوتی کەرکوکی لێنیە بۆ لێرە نەڕۆین، مامجەلال بە توڕەیی وەلآمی دابووەوەو ووتبووی دەبێ ئێرە گۆڕی هەمووومان بێ، بچینە هەر شوێنێ دوژمن دوامان دەکەوێت، لێرە بمرین باشترە، جگە لە بارەگای مامجەلال، بارەگای کاک نەوشیروانیش لە ناوزەنگ بوو لە شوێنێک بە ناوی (زینی سوور).

## کـــــۆمەك بـــۆ شـــــۆڕش

مامۆستا برایم جەلال بە هاوڕێیەتی عەلی حەمە خان، ڕێباز بە پاڵپشتی و چاو ساغی کۆمەڵە چووە دێهاتەکانی سەردەشت و دەورووبەری، کۆمەکی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆکردەوە، دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆیشتنی مامۆستا برایم جەلال کۆمەکی خەڵکی ڕۆژهەڵات گەیشتە خڕی ناوزەنگ.

## نـــــامەی جـــــوتیارێکی ســـــەردەشتی بۆ مـــــامجەلال

جوتیارێکی سەردەشتی جاجمێک و ڕاخەرێکی ماڵەکەیانی ناردبوو بۆ هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ ناردنی جاجمەکەدا نامەیەکی بۆ مامجەلال ناردبوو لە نامەکەدا نووسیبووی مامە گیان بە کوردستان زیاتر تواناو دەسەڵاتم نییە ئەگینا ڕووحیشم بۆ کوردستان فیدا بکەم هێشتا کەمە، خودا بتپارێزێ سەری ئێمەشتان بەرز کردەوە.

## جەنراڵ بەفرو پێشمەرگە پێکەوە بوون

نۆ شەوو نۆ ڕۆژ شەڕی بەردەوام لە چیای مامەندەو شێنێ و سەنگەرەکانی ئەو سنووره دوژمنی تووشی شکستی گەوره کرد، دەیان و سەدان سەرباز کوژران، دەیانیان لە ناو بەفری (مامەندەو شێنێ) دا ڕەق بوونەوە، بەفرێکی ئەستوورو تەزیو ئەو کوێستانانەی سپی کردوو داپۆشی.

داستانی دوژمن بەزێنی شێنێ نۆ شەوو ڕۆژی خایاند زۆر لە پێشمەرگەی هەرێم و دەستەو مەفرەزە بەشداریان تیادا کرد.

هەڤاڵ مامجەلال، بەفری مامەندەو کوێستانەکانی داستانی (شێنێ)ی ناونابوو جەنراڵی بەفر، جەنراڵی بەفرو پێشمەرگە بە یەکەوە هێرشی دوژمنیان بەزاندوو شکاند.

دواین هێرشی دوژمن بۆ سەر شێنێ، لە دواین ڕۆژدا هێزەکانی دوژمن کەمێک هاتنە پێش تا پشت ڕەزەکانی پشتی شێنێ، هێزی پێشمەرگە لێیاندان و شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا، لە ئێوارەدا هێزەکەی دوژمن بە یەکجاری شکاو کۆتا جار لوتی دای لە مامەندەو هەڵەتەکانی شێنێ.

## ڕۆڵی خەڵکی شێنێ

شێنێ (٩٠) ماڵ بوو بە چەک و ئازوقەو هەموو پێداویستیەک هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوون جگە لەو پێشمەرگە (شێنێ)یانەی لە شەڕەکەدا بوون ژن و پیاوی شێنێ بەشداری شەڕەکەیان کرد، نان و خواردنیان بۆ پێشمەرگە دابین دەکرد فیشەکی ماڵەکانی خۆیان بەخشیە پێشمەرگە مەخزەنی پشتی پێشمەرگەیان پڕ کردەوە، خەڵکی شێنێ پشت و پەنای پێشمەرگە بوون.

بەفرو سەرما و ورەی بەرزی پێشمەرگە دوژمنی بەزاندو شکاند، لە بەهاردا لاشەی سەربازو کلاشینکۆفیان دەدۆزیەوە.

لە شەڕی شێنێ (٥٠٠) سەرباز کوژران، ڕەق بوونەوە لە ناو بەفردا، لە شاخ هەڵدێران، چەندین لاشە جێمابوون.

# مــــــــامــــجەلال

کۆپتەر تەقەیان دەکرد مامجەلال لە سەر بەردێک بوو تەماشای دەکرد، محەمەد وەتمان هاتبووە خوارەوەو سەرکەوێتەوە کە مامجەلالی لە سەر بەردەکە بینی پێیووت تۆ چ ئیشت بەوەیە تەماشای کۆپتەر دەکەی ئەگەر تۆ بەرکەویت ئێمە ماڵمان وێران دەبێ برۆ ژوورەوە یان برۆرە بن شاخێک مامجەلال ووتبووی کاکە حەمە ئیشەڵڵا هیچ نابێت، مامجەلال ئومێدی زۆر گەورەی دەدایە پێشمەرگە.

شەری شێنێ، داستانی (٩) رۆژەی شێنێ، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە شەری پێشمەرگانە، سەرکەوتنێکی نەوعی بوو، تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو بوو لە شەری چەند رۆژەو هەفتەو (٩) رۆژیدا، پێشمەرگە لە قۆناغی شەری پارتیزانی و لێدان و بۆسەو کشانەوەو گواستنەوە قۆناغی بەرگری و خۆراگری چەند رۆژی و زاڵبوونی بە سەر هێزی زەبەلاحی داگیرکەردا راستە بارینی بەفرێکی زۆر لەو کوێستانانە هۆکار بوو بۆ وەستاندنی هێزەکەی داگیرکەر بەڵام نەبەزین و قاڵبوون و وەرەی پێشمەرگە دوای کارەساتی هەکاری هۆکاری سەرەکی و یەکەمی تێکشکاندنی داگیرکەر بوو.

دوای داستانی نۆ رۆژەی شێنێ، پێشمەرگە دەستیان کرد بە دروستکردنی بارەگاکان، چەندین خانوو بارەگای پێشمەرگە دروستکران، ناوزەنگ گەورەو فراوان بوو، بازاری تیادا کرایەوە، ئاڵوگۆری بازرگانی لە نێوان هەر دوو دیو دەستپێکرد کە ئەوەش سوودی شۆرشی تیا بوو، هەم بوژاندنەوەی بازارو ئابوری، هەم بوژاندنەوەی شۆرش و سەرکردایەتی و قەرەباڵغییەکی دڵخۆشکەر.

# شـــــەڕی شـــــێنی
# زیـــانی دوژمـن
# (2)

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١١/٨ لە دێی بێگەڵاسی ناوچەی قەڵادزێوە هێرشی هێنایە سەر شێنی پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦) لە مامەندە ڕوو بەڕوویان بوونەوە و ماوەی کاتژمێر ونیوێک شەڕ بەردەوام بوو

زیانی دوژمن کوژران و برنیداربوونی (٢٠) سەربازبوو

*ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٩ دوژمن هێرشی هێنایە سەر شێنی، کاتژمێر ٥,٤٥ دەقیقەی بەیانی پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦،٧) و هەرێمی پارێزگاری ڕووبەڕوویان بوونەوە شەڕ لە بەیانییەوە تا ئێوارەی خایاند، دووژمن تێکشاو بەرەو سەربازگەی گۆجاڕ هەڵات

زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و بریندابوونی زیاتر لە (٥٠) سەربازبوو.

*لەڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٠ دوژمن جارێکیتر هێرشی هێنایەوە بۆ شێنێ، هێزە هاوبەشەکانی هەرێمی (٦،٧) و پارێزگرای ئەمجارەش شکاندیانن و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و بریندارکردن، تا سەربازگەی گۆجاڕ ڕاویاننان

*ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٢ دوژمن جارێکیتر پەلاماری شێنێی دایەوە و بۆ جاری چوارەمین تێکیانشکاند، دوای کوژران و برینداریکی زۆر بەرەو گوجاڕ ڕاویانانەوە دوو کلاشنکۆف و چەند حەقیبەیەک و کڵاشنکۆفێکی زۆر دەستکەوت بوو

*ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٤ دوژمن لە تۆڵەی زیانەکانی بە کۆپتەری جەنگی بۆمبارانی شێنێی کرد هەندێک مەڕوو ماڵاتی جوتیارانی کوشت و زیانی گیانی نەبوو.

دوژمـن دیسان لە ١٩٧٨/١١/١٥ هێرشی هێنایەوە سـەر دێی شێنێ هێزە هاوبەشەکەی پێشمەرگە لە کۆنە ڕەبییەکانی پشتی شێنێی و بەری زێوکە بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوە و زەرەرو زیانی زۆریان لێدان دوژمن لە ناو خاکی ئێران هێزی سەربازی دابەزاند دوای شەڕێکی سەخت تێکشکێندرا

*دوژمن جارێکیتر لە ١٩٧٨/١١/١٦ پەلاماری شێنی دایەوە، مەخفەری پۆلیسی شێنێ و چەند ماڵە جوتیارێکیان تەقاندەوە، فڕۆکەکانی دوژمن کوێرانە کەوتنە

بۆردومانی ناوچەکە و دوو پێشمەرگە بریندابوون
چەکە دژە ئاسمانییەکانی شۆڕش ناوچەکەیان لە کۆپتەرەکانی دوژمن کردە ئاگر و سێ کۆپتەریان خستەخوارەوە
زیانی دوژمن کوژران و برینداریێکی زۆر، خستەنە خوارەوەی سێ کۆپتەر
دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف و یەک ڕەشاشی گرینۆف
زیانی پێشمەرگە برینداربوونی دوو پێشمەرگە
زیانی دوژمن لەسەرجەم هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر دێی شێنێ (٢٥٠) کوژراو لاشەیەکی زۆر جێماو لە مەیدانی شەڕ، (٣٠٠) بریندار هەبوو، کەوتنە خوارەوەی سێ فڕۆکەی کۆپتەر و سوتاندنی سەرنشینەکانیان، بەکوژراوو ڕەقبوونەوە زیانی دوژمن گەیشتە (٥٠٠) کوژراو.
دەستکەوت کلاشنکۆف و یەک ڕەشاشی گرینۆف و فیشەک و کەلوپەلی زۆر

## مـــــــۆڵـــگەی دوژمـــــن

مەفرەزەیکی هەرێمی ٦ لە ١٩٧٩/٢/١٦ لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا نزیک تیتمە
زیانی دوژمن کوژران و بریندابوونی (٥) سەرباز بوو.

هەواڵنامەی کتێب

سري للغاية

٨٥ط٢٠٧٩/٢٠٩٩

مديرية الأمن العامة

مديرية ٤٥

٥٨ ٠١٢٢٦٠٩

الاسم: رسول محمد غفور رسول

المهنة:

النشاط: مخرب معدوم

تاريخ ومحل الولادة:

العنوان: السليمانية قلعه دزة

٨٥ط٢٠٧٩/٢٠٩٩

سري للغاية

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية أمن محافظة نينوى
الشؤون السياسية
العدد / ١٨٤٠٦
التاريخ ١٥ /تموز/ ١٩٧٨

(١)

الى/ مديرية الأمن العامة - ٤٥ ت

م/ تنفيذ حكم الاعدام

ندرج ادناه اسماء الاشخاص الذين نفذ بحقهم حكم الاعدام والمحكومين من قبل المحكمة الخاصة في التأميم. لعلاقتهم بزمرة المخربين .. للتفضل بالعلم والتأشير رجاءً.

مدير أمن محافظة نينوى

تدقيق وحفظ
الاصل ١٩/٦/١٩٧٨

الاسماء :

١- المجرم علي احمد عزيز - من سكان محافظة - السليمانية - ناحية ماوت قرية مابيلاوين - نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٤-٢٥/٤/١٩٧٨.

٢- المجرم فاروق مصطفى عبد الله من سكان محافظة السليمانية ناحية ماوت قرية [illegible] نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٤-٢٥/٤/١٩٧٨

٣- حامد حمه امين صابر - من سكان محافظة السليمانية - ناحية سورداش - قرية ياخ تفور / نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٤-٢٥/٤/١٩٧٨

٤- الشرطي طه محمد توفيق - من سكان محافظة السليمانية محلة كويجة نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢/٥/١٩٧٨.

٥- الشرطي ازاد صالح عبد الله من سكان محافظة السليمانية محلة كويجه رقم الدار [illegible] نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢/٥/١٩٧٨.

٦- الشرطي نصر الدين صالح احمد من سكان محافظة السليمانية محلة خابات قرب جامع .. خابات نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢/٥/١٩٧٨ .

٧- ن ع الشرطه كاظم عباس عيسى من سكان محافظة كربلاء ناحية الحسينيه قرية الوند نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٢/٦/١٩٧٨.

٨- عباس عزيز عبد الله من سكان قرية اسكي كلك قرية خرابه دراو نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٤-٥/٦/١٩٧٨.

٩- صابر حسين امين من سكان محافظة السليمانية ناحية ارد قرية زيرنبو نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢-٢٣/٥/١٩٧٨.

١٠- نادر محمد امين حمه مصطفى من سكان محافظة اربيل ناحية خوشناو قرية كروده نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢-٢٣/٥/١٩٧٨ .

١١- صباح طاهر شيخ محمد من سكان محافظة اربيل ناحية شقلاوة ناحية قدشناو نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٢-٢٣/٥/١٩٧٨.

هەواڵنامەی کتێب

(٧)

١٢- عمر طه علي - من سكان محافظة اربيل ناحية محلة بست قرب معمل السجاد نفذ بحقه حكم الاعدام ٢٢-٢٣/٥/١٩٧٨

١٣- عبد الحسين محمد سعدخان من سكان محافظة ميسان قضاء الميمونه قرية القمه نفذ حكم الاعدام بحقه ليلة ٢٢-٢٣/٥/١٩٧٨.

١٤- احمد عبد الرحيم حسين من سكان محافظة السليمانيه قضاء حلبجه ناحية سيد صادق نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢٥-٢٦/٦/١٩٧٨

١٥- ج. لطيف محمد صالح فقي محمد من سكان محافظة السليمانيه محلة جبان نفذ حكم الاعدام بحقه ليلة ٢٠/٦/١٩٧٨.

١٦- ج.م يوسف حاج سعيد عزيز / س ن ج / ١ من سكان محافظة السليمانيه قضاء ... قرية ... ناحية قبور مال نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٠/٦/١٩٧٨.

١٧- ج.م نوشابه جميد راحمد / ك مدفعية / ٧ من سكان محافظة السليمانيه قضاء جمجمال مجمع ... رقم الدار ٢٢٧ تم تنفيذ حكم الاعدام بحقه ليلة ١٠/٦/١٩٧٨.

١٨- محسن محمد امين فرج من سكان محافظة السليمانيه قضاء حلبجه فقد بحقه حكم الاعدام ليلة ٢-٣/٤/١٩٧٨.

١٩- مصطفى رشيد محمود اسماعيل من سكان محافظة السليمانيه محلة جوار باخ نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢-٣/١٩٧٨.

٢٠- امين حسين محمود من سكان محافظة السليمانيه قضاء حلبجه نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢-٣/٤/١٩٧٨.

٢١- فيصل قادر اسماعيل من سكان اربيل محلة سيداره نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٢-٣/٤/١٩٧٨

٢٢- كمال واحد محمود = = قضاء كويسنجق حلقالقلعه نفذ بحقه حكم الاعدام ٤/١٥/ /١٩٧٨

٢٣- جواد كريم محمود = = = = = ناحية شورش قرية كوشبن كـــــ

٢٤- سيد حسين رحمن سعيد = = = = = = = كرماشين كـــــ

٢٥- جعفر اسود احمد = = = = = محلة القلعه كـــــ

٢٦- نامق محمد كريم صارف = = السليمانيه محلة ازادى كـــــ

٢٧- ابراهيم فتاح رسول = = = محلة سركاريز كـــــ

٢٨- عمر عبد الفتاح رامين = = = خابات كـــــ

٢٩- علي عبد الله قادر من سكان محافظة السليمانيه ناحية سيد صادق قرية سراو سجان آغا نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٧-١٨/٦/١٩٧٨

٣٠- ابو بكر نوري قادر من سكان محافظة السليمانيه شارع كاوه نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٧-١٨/٦/١٩٧٨

٣١- رشيد بابكر محمد = = اربيل محلة بلاغاوه = = = = = = =

٣٢- طارق جميل جاسم = = = دهوك محلة القج = = = = = = =

٣٣- محمود محمد امين اسماعيل من سكان السليمانيه قضاء دوكان ناحية سورداش قرية باغ سمر نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٧-١٨/٦/١٩٧٨

( يتبع لطفا * )

١٢٠

٢٤- عبد الله خضر حسين من سكان اربيل فداء راغد ورتبة د رتبة نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ١٧-١٨/٦/١٩٧٨.

٢٥- محمد ومحمود خضر موسى من سكان السليمانية/ قلعة دزه نفذ بحقه حكم الاعدام ليلة ٤-٥/٤/١٩٧٨

٢٦- عبد الله حسن حمه كاميران = = = = = = = = = ٤-٥/٤/١٩٧٨

٢٧- احمد كاك امين حمد = = = = = = = = = = ٤-٥/٤/١٩٧٨

٢٨- احمد حمه عبد الله رسول = = = = = = = = = = ٤-٥/٤/١٩٧٨

٢٩- محمد رسول محمود = = = = = = = = = = ٤-٥/٤/١٩٧٨

٤٠- عثمان شفيق فرج = = = = = = = = = = ٥-٦/٤/١٩٧٨

٤١- حسين رسول احمد رسول = = = = = = = = = = ٥-٦/٤/١٩٧٨

٤٢- احمد عبد الله اسماعيل = = = = = = = = = = ٥-٦/٤/١٩٧٨

٤٣- رسول محمد غفور رسول = = = = = = = = = = ٥-٦/٤/١٩٧٨

٤٤- لطيف كريم احمد = = = = = = = = = = ٥-٦/٤/١٩٧٨

هەواڵنامەی کتێب

٩١٢٣٣٠٥

١٢ - ٥ ٨

٨٥٠٤٠٧٩٥٢

حكم بالاعدام ليلة ٥/٨/١٩٧٨ من قبل المحكمة الخاصة في التأميم لعلاقته بزمرة المخربين / كتاب امن نينوى / ٨٤٠٦ في ١٥/٧/١٩٧٧

هەواڵنامەی کتێب

# بـــاڵەکایەتی کوانووی شۆڕش و بـەرگری
# هـــــەرێمی حـــــەوتی بــــاڵەک

## بـــــاڵەکایەتی
## کـــوانووی شـــــۆڕش و بـــــەرگری

باڵەکایەتی ناوچەیەکی گرنگ و فراوان چەندین ناوچەی گرنگ و سەدان دێی لە خۆی گرتووە ناوچەکە بە گشتی شاخاوییە چیای بەرزو بڵند و گەردن کێلی زۆرە، باڵەکایەتی لە ناوچەکانی دۆڵی باڵەییان، دۆڵی خانەقا، وەرتێ، قەسرێ، مەلا شەریفایەتی، دۆڵی سەکران، دۆڵی شیوە زورایەتی، بەری گەلاڵە، دۆڵی ڕۆستێ هەتا چیای حەسەن بەگ پێکهاتووە.

باڵەکایەتی بە زنجیرە چیایەکی گەورەو لوت لە هەور ژەنیو دەورە دراوە، لە تێکڕای ناوچەکانی باڵەییان، گەلاڵە، سەکرایەتی، وەرتێ، دۆڵی خانەقا، شیوە زورایەتی، دۆڵی سەکران، مەلا شەریفایەتی زنجیرەیەک چیاو لوتکە و قوپ و زنجیرە شاخ هەڵکەوتوون و بە ناخی زەویدا ڕۆچوون و داکوتراون کە ئەم زنجیرە شاخانەن: کاروخ، هەڵگورد، بەردە بووک، کۆدۆ، گردمەندیل، گردگۆ، زنجیرەی قەندیل لە دۆڵە کۆگە دەست پێدەکات تا چیای کوخە، ئاراسن، تاڵی و بۆتان، قوپی ئەستێرێ، دولکە، مامە ڕووت، کۆلیتار، ئەسحابەی ملێ، گیابەند، پڕخێڵند، قوچباش، شێخ شەرۆ، کەوگەس، شەمۆل، گۆمی کرمە سووران، گردوکانیلان، گەرووی سۆرالنگێ، هەورە ڕۆن، پەروەند، چاکی کەوڵەی، کونە کۆتر، غەلان، سێکانی، مەیدانی سواران، چاکی مەڕمردێ، گردان، زینۆکی بناوی، زینۆکی پسینکەی، بەردی شین، کەڵەکی باڵەییان، بەری تەلانی، گردبەراز، پردە شاڵ، زینی وەرتێ و دەیان لوتکەو گەوەو زۆرگی دیکە.

## هـــــەڵایسانی شـــــۆڕش

لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بە ماوەیەکی کەم پێشمەرگە لە باڵەکایەتی سەریاندەرهێنا، شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) لە باڵەکایەتی بڵێسەیدا، هەورە برووسکەی شۆڕش لە چەخماخەیداو بارانی شۆڕشی نوێ گەردوو تۆزی هەرەس لە سەر نیشتووی ئەو کێوانەی شۆڕدەوە، شنەی شەماڵی شۆڕش شان و ملی دارو درەختە شەنگەکانی باڵەکایەتی تەکاندو ڕاژەنی.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول باڵەکایەتی کوانووی شۆڕش و بەرگری بوو، پێشمەرگە سەرەتاییەکان چوونەوە شاخ، مەفرەزە سەرەتاییەکانیان درووست کردوو چیاکانیان پڕ کردەوە لە هەڵۆ، هەموو ناوچەکانی باڵەکایەتی جووڵەی تێکەوت خەڵکی باڵەکایەتی خۆشەویستیان بۆ مامجەلال هەبوو پێیان وابوو دوای ئاشبەتاڵ مامجەلال دەتوانێت ئەو دۆخە لاسەنگەی لە ئەنجامی ئاش بە تاڵ درووست بووە هاوسەنگ بکاتەوە، ئەو ئومێدە لە دڵی خەڵکی باڵەکایەتیدا بوو بە ڕاستی، مامجەلال ڕێبەری ئەو شۆڕشە نوێیە بوو کە ئەوان چاوەڕێیاندەکرد.

ناوچەکانی باڵەکایەتی جۆش و خرۆشێکی کوردانەیان تێکەوتبوو خەڵکی باڵەکایەتی دەستە دەستە لە ڕیزی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێدا دەبوونە پێشمەرگە.

دۆڵی باڵەییان بە جۆشتر بوو خەڵکی دۆڵی باڵەییان بوونە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ و لە مانگی ١٩٧٦/٩ دۆڵی باڵەییانیان ئازاد کردوو نەیانهێشت هێزەکانی دوژمن بچنەوە دۆڵی باڵەییان هەر بۆیە زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ هاتبوونە دۆڵی باڵەییان.

خێزانی پێشمەرگە لە دۆڵی باڵەییان بوون لە دیلمان بە سەرەوە هەتا دەگاتە قەندیل پێشمەرگەی تیادابوو، هەر لە دۆڵی باڵەییان و لە مزگەوتی ماونان کەرت و مەفرەزەکانی پێشمەرگە پێکهێنران و درووست کران، کەرت و مەفرەزەکان لێپرسراویان بۆ دیاریکرا.

## مـــــــەفرەزە ســـــــــەرەتاییەکان

قادر خەبات لە شاخ بوو لە دوژمن قاچاخ بوو، دواتر مەفرەزەیەک لە حاجی هۆمەران هاتنە شاخ، حاجی شێخە بنزێری و عەبدوڵڵای کوڕی، عەلی کۆ، ئەحمەد نەبی سەید عەبدوڵلا یەکەم مەفرەزە بوو هاتنە شاخ، لە یەکەم شەوی هاتنە شاخیان کەوتنە بۆسەی دوژمن و سەید عەبدوڵلا شەهید بوو، شێخە بنزێری یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی بوو لە ناوچەکە.

قادر خەبات عوسمان بچکۆلی ئاگادار کردەوە پێویستە مەفرەزەیەک درووست بکەین بچنەوە شاخ.

تەنها ژن کە لە گەڵیاندا بوو ئایشە خانی خێزانی قادر خەبات بوو لە پشتی زەنگەڵێن لە ناو ئەشکەوتێک شوێنێکیان دروست کردبوو.
سەرەتای مانگی (٥)ی ١٩٧٦ چوونە قەندیل لە سەری بۆغزانی بارەگایان دانا هەتا بەفر ڕەش بووەوە، کە بەفر توایەوە ئێل و ڕەوەند هاتن بۆ بناران پێشمەرگەکان بارەگایان بردە دیوی شێخ ئایشی پێشمەرگەکان بە مەفرەزە دەهاتنە دۆڵی زەنگەڵێن، قەسرێ و گەلاڵە و حاجی هۆمەران، شێخە بنزێری لێپرسراوی گشتی هێزەکە بوو کە پێکهاتبوو لە کەرتێک قادر خەبات فەرماندەی مەفرەزەکە بوو.

## حـــــاجی شـــــێخە بـــــنزێری

شێخە بنزێری پیاوێکی ئازابوو بە پێ چوو بوو بۆ دیداری مامجەلال لە سوریا کەسایەتییەکی دیارو گونجاوو خۆشەویست بوو کوڕەکانی شێخە بنزێری چووبوونە شاخ، حاجی شێخە بنزێری چوو بوو بۆ خوارووی عێراق بۆ دیداری عومەر دەبابە لە گەڕانەوەدا هاتبووە چوارقوڕنە خزمەکانی پێیان ووتبوو نەکەیت بچیتەوە حاجی هۆمەران کوڕەکانت چوونەتە قەندیل بوونە پێشمەرگە.
حاجی شێخە بنزێری ڕێگەی باڵەییانی گرتەبەرو چووە لای کەسووکارەکەی وردە وردە خەڵک پەیوەندی بەڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکرد، بایز ئاغای هەباس ئاغا هاتە ڕیزی پێشمەرگەوە، ڕەحمان بۆڵی و ئەحمەد خان و سمایل سوورەکانی و نزیکەی (٧٠) کەسی لەگەڵ خۆی هێنابووە دەرەوە.
بایز ئاغا بارەگای لە دۆڵی سوورە دێ دانا، شێخە بنزێری و قادر خەبات چوونە دۆڵی زەنگەڵێن بارەگایان دانا، لە دۆڵی باڵەییان خەڵکیان پێوەنیشت (١٥٠) کەس زیاتر بوون.
یەکەم مەفرەزە لە دۆڵی باڵەییان دروست بوو مەفرەزەی خدر سۆفی مەلا بوو لە بەردبەرانەی قەندیل.
برایمی حاجی ئاغا و براکانی، ئەحمەد مەولود، عەلی ئاغای بوران ، ڕەسوڵ کوێخا، مستەفا گۆرۆن و چەند پێشمەرگەیتر لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بوون،

خەڵکێکی زۆر لە باڵەکایەتی بوونە پێشمەرگە، لە وەڵزێ، شیوەلۆک، مێرگێ، ئەحمەد دەروێش لە وەڵزێ، مەحموود سەیدەو مارفە ڕەش لە شیوەڵۆک، عەلی سمایل ئاغا لە مێرگێ و سەید حەسەن بۆڵی، عەزیز داوود، مەلا عەبدوڵڵا، وەسمان گەلە ژێری.

## مـــــــزگەوتی مـــــــاونان

یەکەم کۆبوونەوەی پێشمەرگە لە دۆڵی باڵەییان لە مزگەوتی ماونان بە ئامادە بوونی عەلی عەسکەری، ملازم عومەر، شێخ جەمال، دکتۆر خالید، شێخ شەماڵ، جەمال خۆشناو کرا، لە کۆبوونەوەکەدا کەرت و مەفرەزەکان پێکهاتن و بە سەر ناوچەکاندا دابەشکران.

بەری باکوور ڕووباری دۆڵی باڵەییان کەرتێکی لێ درووستکرا، کەرتی بەری کۆیلێ و سەرکان مەحموود سەیدە فەرماندەی بوو، مستەفا حاجی کوێخا کۆیلی جێگری بوو، حەسەن بۆڵێ ڕێبەری سیاسی کەرتەکە بوو.

بەری ماونان حاجی شێخە بنزێری فەرماندەی بوو خدری سۆفی مەلای ماونان کرایە جێگری کەرت قادر خەبات ڕێبەری سیاسی کەرت بوو، عەلی کۆ سەرپەرشتی هەر دوو کەرتەکەی دەکرد ئەو دوو کەرتە لە چەند مەفرەزەیەک پێکهاتبوون.

## بـــــەری مـــــاونان- ســـێ تیر

- مەفرەزەی بەری قەڵاتێ مەحموود سێ تیر فەرماندەی بوو دواتر حاجی وسو کرایە فەرماندەی مەفرەزەکە.
- ئەحمەد ڕەشۆ فەرماندەی مەفرەزەی ماونان بوو
- شێخەی موختار فەرماندەی مەفرەزەی زەنگەڵێنێ بوو
- قادر حاجی ڕەسوڵ ناسراو بە بێستون فەرماندەی مەفرەزەی خەزێنێ بوو، پێشتر قادر خەبات فەرماندەی مەفرەزەکە بوو بەڵام کە کرایە ڕێبەری سیاسی قادری حاجی ڕەسوڵ هاتە شوێنی.

## بــــــەری کــــــۆیلێ- ســــــەرکان

- ئەحمەدی مەڕان فەرماندەی مەفرەزە
- ئەحمەد مەولود فەرماندەی مەفرەزە
- مەلا مەحموود فەرماندەی مەفرەزە
- حاجی عەلی سەرباریێ فەرماندەی مەفرەزە
- ڕەسوڵ حاجی کوێخا فەرماندەی مەفرەزە
- مارفە ڕەش فەرماندەی مەفرەزە
- ئەحمەد دەروێش فەرماندەی مەفرەزە
- ئەحمەدی مەڕانە فەرماندەی مەفرەزە
- عەلی سمایل ئاغا فەرماندەی مەفرەزە
- عەلی ئاغای بووران فەرماندەی مەفرەزە
- برایم حاجی کوێخا فەرماندەی مەفرەزە
- برایمی حەمەدی حسێنی فەرماندەی مەفرەزە

## نــــــاوچەی وەرتـــــــێ

هەواڵی هەڵایسانی شۆڕش سەرتاپای کوردستانی گرتەوە ناوچەی وەرتێ و بناری کاروخ وەکو باقی ناوچەکانیتری کوردستان جمووجۆڵی تیادا درووست بوو ژمارەیەک لە خەڵکی وەرتێ بوونە پێشمەرگە.

محەمەدی مەلا شەریف لە ئالیە ڕەش دوو سەربازی کوشتبوو، هەواڵ گەیشتە وەرتێ لە دۆڵی باڵەیان قادر خەبات و حاجی شێخە بنزێری چەکیان پێیە، ئەم هەواڵانە ورەی خەڵکی ناوچەکەی بەرز کردەوەو ئومێدی خستەوە دڵی خەڵکی، سەید کاکەو جەمال خۆشناو مانگی (٧)ی ١٩٧٦ هاتنە وەرتێ قسەیان بۆ خەڵک کردوو داوایان لێکردن ببنە پێشمەرگە لە ١٩٧٦/٨/١٤ بەشێک لە خەڵکی وەرتێ چوونە مەلەکان و بوونە پێشمەرگە.



هەواڵنامەی کتێب

## هـــــێنانی مــــەڕ

شۆڕش پارەی نەبوو، پێشمەرگە پێویستی بە پارە بوو بۆ خەرجی و کڕینی چەک و پێداویستی و خۆژیان، سیساوا مەڕی تەعاونی لێبوو سەید کاکە مەفرەزەیەکی نارد ئەو مەڕانە بێنن بۆ شۆڕش تا بیانفرۆشن.

کۆتایی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٦ ، (٩) پێشمەرگەی وەرتێ و چەند پێشمەرگەیەکیتر بە چاو ساغی مەغدید بناوی چوونە سەر کەپکی حەمەداغا سیساوا لە خوارەوەی بوو بەشێکی مەفرەزەکە لە سەرەوە مانەوە بەشێکیش چوونە ناو سیساوا (١٠٠٠) سەر مەڕیان هێنا هێزێکی مغاویر دوایانکەوتن شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و مغاویردا درووست بوو (٦) مغاویر کوژران بەشێ لە مەڕەکان کەوتنەوە دەست دوژمن پێشمەرگەکان (٢٠٠) سەر مەڕیان بردە مەلەکان، سەید کاکە هەر پێشمەرگەیەو (٥) دیناری دانێ کە تێکڕا (١٩) پێشمەرگە بوون مەڕێکیان دایە پێشمەرگەکان سەریبڕن و بیخۆن.

## هـــــاتنی دکــــــتۆر خـــــالید

مانگی (١٠)ی ١٩٧٦ دکتۆر خالید هاتە وەرتێ لە سەربانی خانووی مەولودە ڕەش ووتارێکی پێکەش بە خەڵکی وەرتێ کرد، لەو ووتارەدا باسی هەڵایسانی شۆڕشی نوێیکرد ئاماژەی بە باڵەکانی یەکێتیدا کە وەکو نیمچە بەرەیەک لە ژێر چەتری (ی ن ک) کۆبوونەوە ئەوەشی بە خاڵێکی گەش ناوبرد کە دژی تاکڕەوی و لە بەرژەوەندی خەڵکدایە.

دوای پێشکەشکردنی ووتارەکەی، دکتۆر خالید گەڕایەوە دیوی زارگەلی، بایزئاغا هێزێکی درووستکرد لە دۆڵی شاورێ- خۆشناوەتی پێشمەرگە درووست بوو گەشەیکرد ئەوە جگە لە باڵەکایەتی و ناوچەکانیتر.

هێزەکانی دوژمـن هـەراسـان و نیگەران بـوون بـە هەڵایسانی شـۆڕش و گەشەسەندنی هێزی پێشمەرگە هەر بۆیە بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری ناوچەکانی دۆڵی باڵەییان، وەرتێ، دۆڵی پڵنگانیدا لە هەموو لایەکەوە، لە دۆڵی پڵنگان پێشمەرگە هێرشی پێچەوانەی کـردە سـەر دوژمـن (٣) سەرباز کـوژران ١١ کلاشینکۆف دەستکەوت بوون، لە چوار چێوەی پەلامارەکەیاندا هێزەکانی دوژمن پەلاماری

ناوچەکانی ڕەژیکەریان و دەرگەڵەیاندا محەمەد عەبدوڵلا ئەحمەد گەلاڵی شەهید بوو.

لە هەمان کاتدا هێزەکانی دوژمن پەلاماری (وەرتێ)یاندا لەو پەلامارەدا حاجی مستەفای وەرتێ شەهید بوو عەبدوڵلای پورە خەجێ بریندار بوو بۆ شەوەکەی دکتۆر خالید هاتە وەرتێ پێشمەرگەکانی لەگەڵ خۆیدا بردە بۆتێ، هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەگەڵ دکتۆر خالید چوونە گەلی بۆتێ.

## وتـــــاری دکـــــــتۆر خـــــالید

نزیکەی (٥٠٠) پێشمەرگە لەگەڵ دکتۆر خالید چوونە گەلی بۆتێ، دکتۆر خالید لە گەلی بۆتێ ووتارێکیدا داوای لە پێشمەرگەکانی شاورێ، کەلێتێ، دەرگەڵە، وەرتێ کرد بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان درێژە بە خەبات بدەن، هێزێک لەگەڵ دکتۆر خالید ڕۆیشتن، پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان لە شاخەکان دابەشبوون، هێزی وەرتێ لە شاخەکان مانەوە هەتا سوپای داگیرکەر ناوچەکەیان چۆڵکرد (١٦) ڕۆژ چایان بە ڕەژو لێنا نەیانتوانی ئاگر بکەنەوە.

## پـــــەلاماری دوژمـــــن- بـــــاڵەییان

دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا گەشەی دیارو بەرچاوی بە خۆیەوە بینی ناوچەیەکی گرنگی وەکو دۆڵی باڵەییان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو دوژمن هەراسان و تەنگە تاو بوو کەوتە پەلاماردانی ناوچەکە.

## شـــــەڕی بـــــایناوان

یەکەم شەڕ لە ناوچەکەدا شەڕی بایناوان بوو هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەر لۆفەی بایناوان لە پشتی چۆمساک، پێشمەرگەکانی دۆڵی باڵەییان ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە، هێزەکەی دوژمن لە لایەن پێشمەرگەوە گەمارۆدران، دوژمن نامیق خورشیدی سەر بە ئیستخباراتی عێراقی نارد بۆ لای پێشمەرگەکان تا شەڕ ڕاگرن و گفتوگۆ بکەن.

پێشمەرگەکان شەڕەکەیان ڕاگرت، هێزەکەی دوژمن لە گەمارۆ ڕزگاریان بوو بەڵام دوژمن بەڵێنەکەی شکاند ناوچەکەی تۆپبارانکرد لەو شەڕەدا قادر خەبات و ئەحمەد مەولود ڕۆڵی دیاریان هەبوو.

دوژمن بەڕێگای زینوی مشکاندا پەلاماری دۆڵی باڵەییانیدا، قادر خەبات ووتی بەردێکی زۆر گلۆر بکەنەوە بیخەنە سەر ڕێگاکە کە دوژمن هاتە بەردەممان لێیدەدەین.

پێشمەرگەکان بەردی گەورەیان بە نوێڵ گلکردەوە سەرجادەکە و ڕێگەیان گرت، تاریک و ڕوونی بەیانی ئیڤای سەربازی بە دوای یەکدا هاتن گەیشتنە بەر لوولەی تفەنگی پێشمەرگەکان، ڕێگاکە گیرابوو ئیڤاکان ڕێگەی گەڕانەوەیان نەبوو، پێشمەرگە دەستڕێژیان لێکردن و شەڕ درووست بوو.

ژنان فیشەک و نانیان دەهێنا بۆ پێشمەرگە ژنێک لە چۆمساکەوە نان و فیشەکی هێنابوو بریندار بوو.

تا دوا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو ڕژێمی عێراق زانی هێزەکەی گیری خواردووەو بۆی ناگەڕێنەوە دواوە بە فێڵ نامق خورشیدیان نارد بۆ گفتوگۆ، نامق ووتی حکومەت بەڵێن دەدات پەلاماری دێیەکان نەدات، ڕێگە لە هاتووچۆی خەڵک و هێنانی پێداویستی ڕۆژانە ناگرن، بارەگایان هەبێت ئێمە کێشەمان نییە لێیان نادەین ئەگەر ئەوان لێمان نەدەن.

پێشمەرگەکان ڕازی بوون بە ڕێکەوتنەکە عوسمان بچکۆل، عەبدوڵڵای حاجی شێخە، کانەبی دیلەکانیان برد لە زینوی بانە مشکێ تەسلیم بە ڕژێمیان کردەوە.

هێزە گیر خواردووەکەی دوژمن بە بەردەمی پێشمەرگەدا گەڕانەوەو تەرمەکانیان گواستەوە، تا ماوەی (٢٠) ڕۆژ ناوچەکە بێدەنگ بوو، دواتر هێزەکانی دوژمن دەستیان بە جموجۆڵ کردەوە.

ڕژێمی عێراق هێزێکی گەورەی هێنا بۆ ناوچەی زینوی بانە مشک و سەری گابیرێزو دەورووبەری قەسرێ پێشمەرگەکان بە سەر کەڵەکی باڵەییان و ئەو بەری گابیرێزدا دابەش بوون.

## گـــــــــونده ژۆری چـــــــۆمان

۱۹۷٦/۱۱/۱۳ هێزێکی گەورەی دوژمن پەلاماری دێی گونده ژۆری چۆمانیاندا بەمەبەستی گرتن و لەناوبردنی دەستەیەک پێشمەرگە ، پاش شەڕێکی کەم پێشمەرگەکان دەربازیانبوو، بەڵام دوژمن بۆ چاوترساندنی خەڵکەکە ژمارەیەک هاووڵاتی گونده ژۆری شەهید کرد بەمناوانە.

۱- شەهید مەلا –عەبدوڵڵا مەلا

۲- شەهید صدیق عەبدوڵڵا

۳- شەهید زرار عەبدوڵڵا

٤- شەهید مریەم حەسەن

*مانگی ۱۹۷٦/۱۱ دوژمن هێرشێکی گەورەی هێنایە سەر دۆڵی باڵەییان بۆ گرتن و ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەکە و خێزانی پێشمەرگە.

پێشمەرگەکانی دۆڵی باڵەییان بەرەنگاریان بوونەوە شەڕ (٤) کاتژمێری خایەند، دوژمن شکاو هەڵات لەوشەڕەدا (۲٥) سەرباز و ئەفسەر کوژران و بریندداربوون، ژنێکی خەڵکی دۆڵی باڵەییان برینداربوو

## نــــــــزیك چـــــــۆمان

ڕۆژی ۱۹۷٦/۱۲/۱ دەستەیەک پێشمەرگە لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییاندا زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز و نەقیبێک بە ناوی یوسف

*دەستەیەک پێشمەرگە هێرشیانکردەسەر ئەمنی چۆمان و جاسۆسێک کوژرا

## شـــــــەڕی گـــــــــابیریێز
## 1976/12/17

لە پایزی ساڵی ۱۹۷٦ هێزەکانی دوژمن پەلاماری گابیرێزیاندا پێشمەرگەکانی دۆڵی باڵەییان مەفرەزەکانی وەڵزێ، ماونان، بەستێ، سەرکان، قەڵاتی وەسانی ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو ژمارەیەک لە دوژمن کوژران لەو شـەڕەدا نەقیب عەدنان فەرماندەی فەوجی مغاویر کوژرا دایکی و کەسوکاری

هاتبوون بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی، دایکی نەقیب عەدنان هەڵوێستێکی دژە بەعسیانەی نواند بوو بە سەربازەکانی ووتبوو لێرەش لە کوردان ناگەڕێن.

سەرەتای پەلامارەکەی دوژمن لە سەر دێی سۆرەبان دەستپێکرد عەزیز داودوو مەفرەزەیەک کەوتنە ناو بۆسەی دوژمنەوە، هێزەکەی دوژمن لە شاخە سوور لە نێوان وەڵاش و وەڵزێ هاتنە پێش لە هەموو لایەکەوە شەڕ دەستپێکرد دوژمن شکا، تۆپخانەی دوژمن ناوچەکەی تۆپبارانکرد، چەند سەربازێک گیران بەڵام ئازاد کران دواتر سەربازە ئازاد کراوەکان لە سووپای عێراق هاتنەوەو شایەدیان لە سەر خەڵکی (وەڵزێ) داو ژمارەیەک خەڵک دەستگیرکران.

جگە لە کوژرانی نەقیب عەدنان (٧٠) سەربازو مغاویر لە دوژمن کوژران، دوژمن گورزی کاریگەرو کەمەرشکێنی بەرکەوت لەو پەلامارەی دوژمندا بۆ سەر گابیرێزو دۆڵی باڵەییان دوژمن دەیویست کەسووکاری پێشمەرگە دەستگیر بکات.

مەفرەزەی ڕەسوڵی حاجی کوێخا، برایمی حاجی کوێخا لە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمنیاندا و شکاندیانن لە بەری بەردە ڕەشان، مارفە ڕەش، عەلی سمایل ئاغا، مەحموود سەیدە، ئەحمەد دەروێش، حاجی وەڵزی لە دوژمنیانداو تا قەسرێ ڕاویاننان، هەر لەوێ حاجی مینە وەڵزی بریندار بوو.

## گـــــــــابیریز - وەڵـــــــــزێ

١٩٧٦/١٢/١٧ دوژمن پەلاماری دۆڵی باڵەییانیدا بۆ ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەکە پێشمەرگەکانی ناوچەکە لە نزیک دێی وەڵزێ ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕ (١٠) کاتژمێری خایەند، دوژمن بەزی و هەڵات بەرەو سەربازگەی چۆمان .

زیانی دوژمن کوژرانی (٧٠) ئەفسەرو سەرباز (٣٤) لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا جێمابوون لە ناویاندا لاشەی نەقیب سەعد، نەقیب ناصر، ملازم ئیسماعیل حەسەن حەمدانی (٥٠) سەرباز و ئەفسەر بریندارکران، (٣) سەرباز بەدیلگیران دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادکران.

دەستکەوت (٣٦) کلاشنکۆف، (٥) ڕەشاش، یەک هاوەن.

سێ پێشمەرگەش بریندابوون

دوژمن دووجار هێرشی هێنا بۆ بردنەوەی کوژراوەکانی بەڵام هەردوو جارەکە شکان فەرماندەی پێشمەرگەی ناوچەکە بە نامە ئامر لیوای سەربازگەی قەسرێی ئاگادارکردەوە بێن بۆ لاشەی کوژراوەکانیان.

دوژمن ویستی کەڵک لە هەڵوێستی مرۆڤانەی پێشمەرگە وەرگرێت ، بەناوی گواستنەوەی لاشە کوژراوەکانی دۆڵی بالەبیان نەهێنگرانە هێزێکی گەورەی هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی سەختیانکردوو لە ڕۆژی پێشووتر زیاتر ورەی دوژمنیان شکاند و وانەی گرنگیان دادان .

لەو پەلامارە خۆکوژییەدا (٣٥) سەرباز کوژران و (٢٠) سەرباز بریندارببوون لاشەی کوژراوەکانیان بە خەڵکی ناوچەکە ناردەوە چۆمان.

دوای شەڕی گابیرێزو لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ وەڵزێ ئازاد کراو کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە هەر چەند ڕۆژێک دوای شەڕەکە دوژمن بە خەڵکی وەڵزێی ڕاگەیاند یان چۆڵی بکەن یان بە تۆپ وێرانی دەکەین، مانگی ١١ی ١٩٧٦ خەڵکی وەڵزێ چۆڵیانکردوو چوونە دۆڵی باڵەییان و قەسرێ، بەهاری ١٩٧٧ گەڕانەوە شوێنەکانیان، هێزی حکومەت لە قەسرێ بوو لەگەڵ وەڵزێ چەند کیلۆ مەترێک نێوانیان بوو ئەو بارودۆخە گوشاری خستبووە سەر حکومەت هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ دوژمن پەلاماری دۆڵی باڵەییانیدا دوای بەرگرییەکی سەخت پێشمەرگە بەرەو قەندیل پاشەکشەیکرد.

## سـەربازگەی چـۆمان

دەستەیەک پێشمەرگەی باڵەکایەتی لە ١٩٧٦/١٢/٢٠ هێرشیانکردە سەر بارەگای لیوای سەربازی دوژمن لە چۆمان

زیانی دوژمن کوژرانی (٩) سەرباز بوو

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٦/١٢/٢٠ هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجی سەربازی دوژمن لە بەردە سوورانی چۆمان، لەو هێرشەدا (٦) سەرباز کوژران ، لەگەڵ نەقیبێک بە ناوی (فاروق)

## گـــــەڵاڵە - ڕەوانـــــدز

١٩٧٦/١٢/٢٦ لەسەر ڕێگەی گەلاڵە ڕەواندز قافڵەیەکی سەربازی کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە٠

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٦٠) سەرباز بوو کوردێکی سیخوڕ کە چاوساخی دوژمن بوو لە ناو کوژراوەکاندا بوو

*١٩٧٦/١٢/٢٧ لە کۆسپی سپی چۆمان قافڵەیەکی سەربازی گوللەبارانکرا

## مـــــــەفرەزەی ســــــەرەتایی گـــــــەڵاڵە

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) خەڵکی تێکۆشەری گەڵاڵە بوونە پێشمەرگە.

یەکەمین پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٧٦ ئەحمەد سۆراو، ئەحمەد مینە گەڵاڵی، حەمید گەڵاڵی (حەمید حەیران) بوون.

ساڵی ١٩٧٦ پێشمەرگەکانی گەڵاڵە لە مونەزەمەی گەڵاڵەیاندا، لێدانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە گەڵاڵە دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، ساڵی ١٩٧٧ ڕەحمان جیزلینگەیی و عەلی گەڵاڵی لە ماملیکی ناو باخچەکانی گەڵاڵە دوو سەربازیان کوشت و دوو کلاشینکۆف دەستکەوت بوو، هەر لە ساڵی ١٩٧٧ مەفرەزەی گەڵاڵە لە کۆسپی سپی لە خوار پردی حافیز لە کاروانێکی سەربازییانداو ژمارەیەک سەربازیان کوشت، هەمان ساڵ لە وەڵزێ بەرپەرچی پەلامارێکی دوژمنیان دایەوەو ژمارەیەکی زۆر سەربازیان کوشت.

## زنـــــــــجیرەیەك چــــــالاكی

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/٣ مۆڵگەیەکی دوژمنیان لە نزیک دێی ئۆمەراوای ناوچەی باڵەکایەتی گوللەبارنکرد

(١٣) سەرباز و ملازم ئەوەڵێک کوژران

*مەفرەزەیکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/٧ لە کۆسپی سپی سەر ڕێگەی گەڵاڵە – ڕەواندز بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) ئەفسەر و (٢٣) سەرباز، برینداربوونی (١٣) سەرباز دەستکەوت (٥) کلاشنکۆف. پێشمەرگەیەکیش برینداربوو

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/١٣ لە نزیک چۆمان بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلێکی ئەمن دانا، لەو بۆسەیەدا چوار ئەمن کوژران و چواریتر برینداربوون

*دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/١٥ هێرشیانکردە سەر بارەگای لیوای چۆمان (١١) سەرباز کوژران و برینداربوون.

*دەستەیەک پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٧٧/٢/١٩ لە نزیک چۆمان ئۆتۆمبیلێکیان گوللەبارانکرد لەناو ئۆتۆمبێکەدا ئەمنێک کوژرا و دوان برینداربوون

١٩٧٧/٢/٢٢ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەناو پردان بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و لەو بۆسەیەدا

(٨) سەرباز و نائیب زابتێک بە ناوی (کازم حسێن) کوژران.

دەستکەوت (٥) کلاشنکۆف بوو.

## دەرگـــــــەڵـــە

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/٣/٩ هێرشیان هێنایە سەر دێی دەرگەڵەی ڕەواندوز، پێشمەرگە بەرەنگاری هێرشەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ (٥) کاتژمێری خایەند.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣٢) سەرباز و برینداربوونی (١٨) سەربازیتر

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (عەزیر عەبدوڵڵا دەرگەڵی).

هێزێکی گەورەی دوژمن لە ١٩٧٧/٣/١٠ هێرشی گەورەی هێنایە سەر پێشمەرگە لە وەرتێ و شەڕ ردوست بوو

زیانی دوژمن کوژرانی (١٠) سەرباز ، قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی (حاجی مستەفا وەرتی) بوو.

هەولێرنامەی کتێب

## شـــــەڕی پـــردی زەرد- هـــۆمەراوا
## مـــــانگی (3)ی 1977

دوای ئەوەی دوژمن هێزێکی زۆری لە ناوچەکە کۆکردەوە بۆ پەلاماردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە پێش ئەوەی شەڕی دووەمی کەڵەکی باڵەییان ڕوویدات و دوژمن پەلاماری ناوچەکە بداتەوە.

مەفرەزەیەکی ١٢ کەسی بە فەرماندەیی قادر خەبات کە پێکهاتبوون لە عوسمان بچکۆل، حەمەدەمینی برای قادر خەبات، قادری حاجی ڕەسو، کانەبی، عەبدوڵلا، مام شەنگە و چەند پێشمەرگەیەکیتر، چوونە سەر لۆفەکانی پردی زەرد هۆمەراوا، کە شەو داهات چوونە سەر لێواری ڕووباری هۆمەراوا لەو بەری ڕووبارەکە بۆسەیاندانا و دوو دوو دامەزران، لۆفەکان دەهاتنە بەردەمی پێشمەرگەکان، سەری جادەکە شاخ و خوارەوەی هەڵدێر و ڕووبار بوو.

کاروانێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە (٦) ئیڤای سەربازی بە لۆفەکاندا هاتە بەردەم پێشمەرگەکان، لە ئیڤای یەکەمیاندا و ئاگری تێبەر بوو، ئیڤای دووەم کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەکان و گڕیگرت، وەکو ئاگر بنێن بە پوش و پەڵاشەوە یەک لە دوای یەک ئیڤاکان گڕیانگرت، نە ئاگری کڵپە سەندوو خامۆش دەبوو، نە ڕێگای گەڕانەوەو هەڵاتن هەبوو (٦٠) ئیڤا بە سەربازەکانی ناویانەوە دامرکان هەر سەربازێک خۆی فڕێدەدا دەکەوتە بەر لوولەی تفەنگی پێشمەرگەو دەهەنگێوترا.

شەڕ ماوەی چوار کاتژمێری خایاند هێزەکەی دوژمن بوون بە پۆڕی خوراوو یەک فیشەکیان پێنەتەقێندرا.

پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی هێندە سەربازیان کوشتبوو خوێن جادەکەی سوور کردبوو، لافاوی خوێنی هەڵبەستبوو.

تەنها ئەفسەرێک لەو شەڕەدا ڕزگاری بوو ئەویش خۆی هەڵدابووە ڕووباری حاجی هۆمەران لە خوار پردی زەرد هاتبووە دەرەوە.

دوای لێدانی هێزەکەی دوژمن و چوار کاتژمێر شەڕ مەفرەزەکە کشانەوە، لەو شەڕەدا (٦٠) ئیڤا و جێب قیادەی دوژمن سووتێندران، ئەو دوانزە پێشمەرگەیەش نازناوی شێرە کوڕانی قەندیلیان لێنرا.

## ســــــزادانی قــــادر خـــــەبات

شەڕ تەواو بوو گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاندو گەڕانەوە، بڕیار بوو هەر کەسێک فیشەکێک بە بێ هۆ بتەقێنێ چەکی بکەن.

قادر خەبات هیلاک و ماندوو بوو لە بن هـەورازی دۆڵی باڵەییان دووسێ فیشەکی تەقاند، پێشمەرگەکان بە قادر خەباتیان ووت بڕیار نەبوو هەر کەسێک فیشەکێکی بە خۆڕایی بتەقێنێ چەک دابنێ قادر خەبات ووتی بە سەر چاوو تاقمی تفەنگی لە خۆی کردەوەو داینا، پێشمەرگەکان تاقم و تفەنگەکەیان هەڵگرت هەتا گەیشتنە دێی ڕەزوێکەی لەوێ تاقم و تفەنگەکەیان دایەوە.

قادر خەبات بە پێکەنینەوە پێیووتن سەگبابینا ئاوا چەکتان پێ هەڵدەگرم وادەزانن قادر خەبات شێتە، قادر خەبات ماندوو بوو دوو سێ فیشەکی تەقاند تا برادەرەکانی بڵێن چەکەکەت دانێ و لە هەورازی باڵەییان چەکەکەی بۆ هەڵگرن.

## هــــێنانی نـــەخۆشخانەی گــــەلاڵە

دوو مەفرەزە بە فەرماندەیی قادر خەبات و ئەحمەد فەقێ چوونە ناو گەلاڵە و دەرمان و پێداویستییە پزیشکیەکانی نەخۆشخانەی گەلاڵەیان گواستەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.

دکتۆر عەبدولڕەحمان دکتۆری نەخۆشخانەکەش لە گەڵیاندا هات بووە پێشمەرگە ، دکتۆر عەبدولڕەحمان سەر بە ڕێکخستنەکان بوو.

## تــــــەقەی بــــەســــتەسێن

مـەفرەزەیـەک بە فەرماندەیی حاجی شێخە هاتنە بەستەسێن تەقەیان بە ئاسماناکرد، بۆ بەیانی لە بەستەسێن بووە هەواڵێکی گەرم خەڵک دەیووت ئەمشەو ئاگردەباری شۆڕش درووستبۆتەوە.

## شـــــەڕ لە ســـــــێوەیس

عەلی عەسکەری هاتە سوورەدێ ماوەیەک لەوێ مایەوە، هێزی دوژمن پەلاماری سێوەیسیدا شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا هەڵگیرسا، پێشمەرگە لە هێزەکەی دوژمنیاندا و دوانزە سەرباز کوژران، دوو پێشمەرگە شەهیدبوون ، عەریفێک بریندار بوو.

لەسەرەتای شـەڕەکـەوە عەلی عەسکەری بـەرەو ڕووی شـەڕەکە ڕۆیشت، چارەسەریان بۆ عەریفەکە کرد برینەکەیان بۆ پێچایەوە، عەلی عەسکەری نامایەکی بۆ ئامر فوجی قادراوا نووسی و عەریفەکەی ناردەوە بۆ فەوجەکە.

لەو شەرەدا شێخەکۆڵ، محەمەدی کوێخا عەلی سەید ئەحمەد، عەبدولڕەحمانی برای حەسەنی برایم شوان ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

## قـــــیادەی مـــــــۆقەتە

بارەگای پێشمەرگە لە بێدەلان بوو قیادەی مۆقەتە مەفرەزەیەکیان پێکهێنابوو بۆ لێدانی یەکێتی، لە گۆڕەشێرە شەڕیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی هەڵگیرساند.

پێشمەرگەکانی یەکێتی لەشەڕدابوون لە پشتەوە لە مەفرەزەکەی قیادە موقەتە دراو شکاندیانن، ئـەو پێشمەرگانەی لە سـوریـاوە گـەڕابـوونـەوە لە دواوە لە مەفرەزەکەی قیادە موقەتە یاندابوو.

## یاخـــــیبوونی عـــــەلی ئـــاغا

مەفرەزەیەکی قیادە مۆقەتە لە قەندیل بوون عەلی ئاغای حەسەن ئاغای شەروێتی قیادە مۆقەتەبوو، شەوێک لەماڵی مام ڕەسوی کاکە حمەدی بوون، کەمال کەرکوکی، نادر هەورامی عەبدولمەلیک لەوێ بوون شەو دەمیان تێکگیرابوو نەگەیشتتبووەنە یەک عەلی ئاغا بەیانی زوو فرسەتی هێنابوو تەقەی لێکردبوون و ڕاوینابوون.

عەلی ئاغا بەبەردەم پێشمەرگەکانی یەکێتیدا تێپەڕ ببوو، وتبووی: کوێخاینە، من دایکی حزبی خۆمم گا، ئێوەش دایکی حزبی خۆتان بگێن و با بڕۆین تەسلیم بینەوە، پێشمەرگەکانی یەکێتی ووتبوویان ئێمە تەسلیم نابینەوە.

# شـــــەڕی کـــەڵەکی بـــاڵەییان، گـــابیریز
# 1977/3/29

دوژمن هێزێکی زۆری سەربازی هێنابووە قەسرێ سەدان خێمەیان هەڵدابوو، ئەو هێزە زۆرو بەربلاوە پەلاماری دۆڵی باڵەییان و لوتکە شاخەکانی گابیرێز-کەڵکی باڵەییانیاندا، هێزی پێشمەرگە بەرگری گەورەیانکرد بەلام هێزی پێشمەرگەو دوژمن لاسەنگ بوو، هێزەکانی دوژمن دەستیانگرت بە سەر بەری گابیرێزدا بەلام لە کەڵەکی باڵەییان تا نیوەڕۆ شەڕ بوو بەری کەڵەکی باڵەییان پشتیان بە بانگوێران بەستبوو، بانگوێران بەردی گەورە بوون، کەڵەکی باڵەییان بەردی گەورەی لێبوو شوێنەکەش تەلان بوو بەردەکانیان بە سەر هێزەکەی دوژمندا گل دەکردەوە.

شەڕ لە چەند لایەکەوە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا درووست بوو، هێزی دوژمن لە سورەبان و وەلزێ بە سەر چیای گابیرێز کەوتبوو.

لە وەرتێ و دۆڵی شەهیدانەوە هێزی دوژمن هاتبوو، لە شەڕی کەڵەکی باڵەییان فیشەک ڕووی لە کزی کردبوو بەردی گەورەیان کۆڵیبوو داریان بۆ دانابوو چل، پەنجا گابەردی گەورەیان بە یەکجار گل کردەوە هەر بەردێک چەند سەربازێکی لەگەڵ خۆیدا لوول دەکرد.

سەربازێک هاتە سەر سەری قادر خەبات داوای تەسلیم بوونی لێکرد، قادر خەبات فیشەکێکی لێداو بە سەر سەری خۆیەوە بەریدایەوە کۆپتەر لە سەر زینوی کونە کۆترو لە گۆمی کرمە سوران سەربازیان دابەزاند.

خدری مەلا سۆفی لە بەری گابیرێزەوە هاتبووە کەڵەکی باڵەییان دوای شەڕێکی کەم وێنە شەهید بوو، لەگەڵ شەهید بوونی خدری سۆفی مەلا هێزی پێشمەرگە شکا.

عەبدوڵلا عەریف هاوڕێی خدر سۆفی مەلا بوو چووە سەر تەرمی خدر سۆفی تا وەکو تەرمەکەی ڕزگار بکات ئەویش شەهید بوو، تەرمی عەبدوڵلا عەریف ڕزگار کرا بەلام تەرمی خدر سۆفی مەلا کەوتە دەست دوژمن هێزی پێشمەرگە ناوچەکەیان جێهێشت و لە قەندیل ئاوا بوون، لە قەندیل چوار پێشمەرگە ڕەق بوونەوە.

برایمە کۆر بریندار بوو گوللە لە چاوی دابوو لە سەری چوو بووە دەر بە بەفری قەندیلدا بردیانە بەردبەرانێ لە دۆڵەنێ لەوێوە ناردیانە سووریا عەبدوڵڵای قسە خۆش ئێنزی، شێخ هۆمەر، محەمەد شۆخان بریندار بوون.

لەو شەڕەدا ژنانی دۆڵی باڵەییان ڕۆڵی گرنگیان بینی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بوون نان و خواردن و پێداویستیان دەبرد بۆ پێشمەرگە پور حەلیم (ملازم حەلیم مەنجەڵێک دۆڵمەی پێبوو تا ڕەبیەی دۆشکەی کەڵەکی چوو.

## زیـــانی دوژمـــن لە بـــــاڵەییان

٢٩-١٩٧٧/٣١/١هێزێکی گەورەی فیرقەی (٨) و چەند سریەیەکی قوات خاسە بە پشتیوانی (٣٤) هێلیکۆپتەر بە مەبەستی لەناوبردنی پێشمەرگە و ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەکە، پەلاماری دۆڵی باڵەبیان و سەکرایەتیدا، هێزی پێشمەرگە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ سێ ڕۆژی خایەند.

زیانی دوژمن کوژرانی (١٥٠) سەرباز و ئەفسەرێک هەندێکیان بە هۆی سەرماو زریانەوە ڕەق بوونەوە و برینداربوونی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەر

دوو کۆپتەر لە نزیک دێی ئێنێ کەوتنە خوارەوە و سەرنشینەکانیان سووتان لەوشەڕەدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون

١- شەهید خدر سۆفی مەلا جێگیری فەرماندەی کەرت خەڵکی ماونان
٢- شەهید عەلدوڵڵا ئەحمەد شەریف خەڵکی قەڵات

## بـــۆسەی جـــاش
## شـــەهید بوونی دوو پـــێشمەرگە
## بـــریندار بوونی عـــەبدوڵڵای حـــاجی شـــێخە

ڕۆژی ١٩٧٧/٤/١ عەبدوڵڵای حاجی شێخە بنزێری فەرماندەی مەفرەزەو چەند پێشمەرگەیەک دابەزین بۆ ناوچەی گرتک و دووگۆمان و ماخۆبزنان.

جاشەکانی عەباسی بایزائاغا لە ماخوبزنان بۆسەیان بۆ دانابوون، پێشمەرگەکان کەوتنە بۆسەی جاشەکانەوە.

لەو بۆسەیەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١- شەهید ڕەسوڵ کانەبی بایاوانی
٢- شەهید عومەر عەبدوڵڵا گرتکی

## کـــــشانەوەی هــــێزی پـــــــێشمەرگە

دوای شـەڕی کەڵەکی باڵەییان هێزەکان کشانەوەو چوونە قەڕناقا و پشت ئاشان، هەموو هێزەکان یەکیان گرتەوە، حاجی شێخە و عەلی کۆو بایز ئاغا لەوێ کۆبوونەوە.

## شـــــــەڕی ســـــــاوێن- کـــورکی کـاوێ

هەفتەیەک دوای شەڕی کەڵەکی باڵەییان هێزی دوژمن لە باڵەکایەتی سەرکەوتن، بە پانتایی مەنگوڕایەتی هێزی دوژمن هات.

لە سەنگەسەرەوە بۆ ساوێن شەڕ دەستیپێکردو چەند ڕۆژێکی خایاند شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا ڕوویدا چەندین پەلاماری دوژمن تێکشکێندران.

خەڵکی ناوچەکە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە هاوکاری پێشمەرگە، نان و فیشەکیان بۆهێنان، لە کورکی کاوێ (٥) پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١- شەهید کوێخا نەبی
٢- شەهید سەلیم خدر
٣- شەهید عەبدوڵڵا حاجی ماماغای کاسکان
٤- شەهید عەبدوڵڵا حەسەن قڕناقایی
٥- شەهید ئەحمەدی مام عەلی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو

دوای ئەوەی لە کورکی کاوێ (٥) پێشمەرگە شەهید بوون، فیشەک و تەقەمەنی نەما، بڕیاریاندا ئاودیوی ئێران بن.

هێزەکە لە ناوچەی پشت ئاشان و قڕناقا کۆبوونەوە، ناوچەکە لە لایەن دوژمنەوە گیرابوو خواردن کەم بوو هەر قڕناقاو پشت ئاشان بە دەست پێشمەرگەوە بوو هەرماڵێک(١٥) پێشمەرگەی بەردەکەوت، تۆپبارانی سەخت و کۆپتەر لە سەر

ئاسمانی ناوچەکە بوو. هێزەکە بڕیاری پاشەکشەیاندا هاتنە کوێستانی چۆمان کۆبوونەوەیەکیان کردوو ووتیان دەبێت ئەم شەو ئاوا بین.

بایەکی زۆر بەهێز هەڵیکرد، قەندیل و لوتکە بەرزەکان بەفر گرتبوونی ، بای قەندیل کە هەڵیدەکرد دەبووە زریان بەفری لەگەڵ خۆیدا دەهێناو دەیدا بە دەمووچاوی پێشمەرگەدا پێشمەرگەکان کەوتنە ڕێ هەتا نزیک لوتکەی قەندیل بوونەوە نەوەستان، هاوار لە پێشمەرگە هەستاو ووتیان خەڵک لە ناو بەفردا کەوتووەو دەرناچن.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە بە سەر بەفرەکەدا چەندین پێشمەرگە کەوتبوون، پشتێنیان لە ناو قەدیان دەبەست و ڕایاندەکێشان، ئەوەی هاتە بەر چاویان ڕایانکێشان.

سەرماکە بێ ئامان بوو، کە بای کوێستانی قەندیل هەڵدەکات و بەفر لەگەڵ خۆیدا بۆ سەرەو ژوور ڕاپێچ دەکات زریانێک دەخوڵقێنێ نە چاو چاو دەبینێ و بەفرو با ڕێگەی دەرباز بوون لە دەست مرۆڤ دەستێننەوە.

بەفر دەهات و لە ڕوومەت و دەمووچاوو دەست و قاچی پێشمەرگە دەهالا، دەمووچاوی پێشمەرگە ببوون بە برین، بای تورەو سەرە ڕۆی قەندیل وەکو گوێزان دەیدا لە دەمووچاوی پێشمەرگەو شەقار شەقاری دەکرد، بەفری لە باهالاوی قەندیل دەتووت خوێیەو دەکرێت بە برینەوە دەمووچاوی پێشمەرگەی شەقار شەقار دەکرد لە ناو بەفردا تەرمی دوو پێشمەرگە کەوتبوو باوەشیانکردبوو بە یەکدا.

تەرمی یەکەم دەستی لە سەر چەخماخی برنەوەکەی بوو، تەرمی دووەم ئەڵقەی نارنجۆکێکی بە دەستەوە بوو هێند بە توندی تێکهالا بوون ببوون بە پەیکەری سەهۆڵ، پەیکەری بەرد هەر دەتووت مرۆڤ نەبوون و لە بەرد خوڵقاون.

دوای ڕزگار بوون لە بای زریان و بەفر هاتنە (بێ سار) بەفری لێنەبوو شوێنێکی نەدیو بوو لە دوژمن دیارنەبوو، چیلکەو چۆڵ و گوێنی کوێستانیان هەڵدەکەندو ئاگریان پێدەکردەوە بادەهات لە ئاگرەکەیدەداو بە ئاسمانیدا دەبرد، پێشمەرگەکان

کەسیرە ببوون تا بەیانی چوارو پێنج پشتیان بەیەکەوە دەدا تا کەمێک گەرمیان بێتەوە.

بۆ بەیانی کە خۆیان ژمارد چوار پێشمەرگە دیار نەبوون سێ ڕۆژ دواتر خەڵکی دێیەکان تەرمەکانیان دۆزینەوە کە ئەم نەمرانە بوون لە ناو بەفردا گیانیان سپارد بوو.

١- شەهید حەسەن کوێخا ڕەسوڵ ئێندزێ

٢- شەهید حسەین حاجی ئەحمەد سارتکی

٣- شەهید ئەحمەد مەحموود عەبدوڵڵا بڕەدێ

٤- شەهید موخلیس جەلیل غەفور لێوژەیی

ئەو چوار شەهیدە گەیشتبوونە بن لوتکەی قەندیل و نەگەڕانەوە چیتر توانای ڕۆیشتنیان نەمابوو لە ناو بەفری قەندیل شەهید بوون.

بۆ بەیانی تۆزێک کەشەکە خۆشتر بوو بای نەمابوو هەندێک تەموومژ بوو کۆپتەر نەیدەتوانی هەڵسێ، بەرەو دیوی دۆڵەنێ شێخ ئایش ئاوا بوون.

لە دۆڵـەنـێ هەندێک سۆفی لێبوون، شـەش مـاڵ بـوون خـواردنـیـان دەدایـە پێشمەرگەکان، ماڵی شێخە و قادر خەبات و بایز ئاغا لە دیوی ئێران خەڵکیان دەناسی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی بادیناوا پەیدا کرد نانیان بۆ دەهات.

عوسمان بچکۆل لە کوێستانی شێخ ئایش نێرییە کێوییەکی کوشت هێنایانەوە خوارەوەو بێ خوێ خواردیان.

دکتۆر خالیدو عەلی عەسکەری هاتنە دۆڵەنێ کۆبوونەوەیان بەهێزەکە کرد، کردیاننە مەفرەزەی جیاجیاو بە دۆڵەکەدا بڵاویان کردنەوە.

بارەگای قادرخەبات لە دێی زێوکە بوو چەند ماڵێکی مەڕداری لێبوو، پیاوێکی بەتەمەن مەڕدار بوو شەوێک گورگ ناو مەڕەکەی کەوتبوو تفەنگی ڕاکێشا بوو دوو سێ فیشەکی تەقاندبوو فیشەکێک بەر کچەکەی کەوتبوو کچەکە خوێنی لیچدەچۆڕا.

کۆڵە پشتی عوسمان بچکۆل هەندێک لەفاف و دەرمانی تیابوو ویستیان کچەکە تـەداوی بکەن باوکی کچەکە نەیدەهێشت دەیـووت گوناحە چۆن پیاو دەبێت کچ تەداوی بکات.

قادر خەبات تورە بوو تفەنگی خستە سەر سەری ووتی ئەرێ سەگباب تفەنگێکت لە سەری بدەم تۆ دەتەوێت ئەو کچە بمرێت لە بەر ئەوەی نابێت پیاو تەداوی بکات.

باوکی کچەکە بە ناچاری ڕازیبوو کچەکەیان تەداویکرد خوێنی برینەکەی گیرسایەوە، ماوەیەک بەو شێوەیە تەداویانکرد کچە نەمردو چاکبووەوە.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناوچەی باڵەکایەتی، ڕەبییەکانی دوژمن لە زینوی بانە مشک و ساوێن و مامە ڕووت و کەڵەکی باڵەییان (مین)یان دادەنا، پێشمەرگە دەچوون (مین)ەکانیان هەڵدەگرتەوەو لە ڕێگای سەربازی ڕەبییەکان دایاندەنایەوەو پیاندا دەتەقی.

## چـــــۆمان - ڕایـــــات

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٣/٢٥ هێرشیانکردە سەربارەگای ناوەندی قەزای چۆمان و گوللەبارانیانکرد

١٩٧٧/٣/٢٦ نزیک دەربەندی ڕایات بۆسەیەک بۆ دوژمن دانرا و جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز یەک نەقیب، یەک ملازم

## پـــــــردی زەرد

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢ هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە پردی زەردی چۆمان.

دوای گوللە بارانکردن چەند نارنجۆکێکیان هاویشتە ناو مۆڵگەکە

١٥-١٩٧٧/٤ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ڕێگەی دەربەند حاجی ئۆمەران هێرشیانکردە سەر زیلێکی سەربازی دوژمن و (٥) سەرباز کوژران یەکێک لەسەربازەکان سوپاسنامەیەکی سەرۆکی ڕژێمی عێراقی لە گیرفاندا بوو.

## بــــــــۆسە و هـــــــێرش

١٩٧٧/٥/٢٥ لەسەر ڕێگەی چۆمان گەڵاڵە هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و برینداربوونی (٣) سەرباز

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٥/٣٠ لە نزیک گەڵاڵە هێرشیانکردە سەر زیلێکی سەربازی.

زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و تێکشکاندنی زیلەکە .

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف.

## بــــــــۆسەی دوژمـــــن

دەستەیەک پێشمەرگە لەکاتی پەڕینەوەدا لە پردی ناوەندی چۆمان لە ١٩٧٧/٦/١ کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە، دوای شەڕێکی سەخت و نابەرابەر چوار پێشمەرگە شەهیدبوون

١- شەهید حەمید باتاسی کادیری (ی.ن.ک)

٢- شەهید عەلی مەجید کادیری (ی.ن.ک) و ئەندامی پێشکەوتوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان خەڵکی کەرکوک.

٣- شەهید ئەحمەد محەمەد خەڵکی زورکان – قەڵادزێ

٤- شەهید کەمال خوشکانی خەڵکی خوشکانی چۆمان

لە تۆڵەی ئەم پێشمەرگە شەهیدانەدا مەفرەزەیەک پێشمەرگەی ناوچەکە چوونە ناو شاری گەڵاڵە و هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی سەربازی دوژمن .

زیانی دوژمن کوژرانی (٤) سەرباز و برینداربوونی (٣) سەرباز.

دەستکەوت (٤) کلاشنکۆف

## لــــــێدانی دوژمـــــن

١٩٧٧/٦/١٠ هێزێکی دوژمن لەبەرزیوەی ڕەواندز کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە (٨) سەرباز کوژران

١٩٧٧/٦/١٢ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە سەر ڕێگەی حاجی ئۆمەران – زینوو لە هێزێکی دوژمنیاندا.

زیانی دوژمن کوژرانی (٦) سەرباز و برینداربوونی (٢) سەربازیتر

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٦/١٤ هێرشیانکردە سەر مۆڵگەی سەربازەکانی دووژمن لە گردی مەیدانی زینوی چۆمان .

زیانی دوژمن کوژرانی (١٠) سەرباز کە سەربە فەسیلی (٣) سریەی (٢) لیوای (٩١) بوون

## لـــێدانی فــــەوجێك

دوژمن ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٤ بارەگایەکی فەوجی هێنابووە دێی ڕەزانی سەربە چۆمان، هێشتا فەوجەکە فریای خۆقایمکردن نەکەوتبوون لە ٧/٥ هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە چوونە سەریان و گوللەبارنیانکردن.

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٥٠) ئەفسەر و سەرباز بوو

لە ١٩٧٧/٧/١٠ پێشمەرگەکانی باڵەک لەسەربازگەی قەسرێ و مۆڵگەی بندایزانیاندا.

## کــــەوتنی کـــۆپتەرێك

ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١ کۆپتەرێکی ڕژێمی عێراق لەسەر چیای هەڵگورد پێکرا و کەوتە خوارەوە ، ئەفسەرێک و (٥) قوات خاسە لەناو کۆپتەرەکەدا بوون کەوتنە بەر ڕکە شاخە تۆکمەکانی قەندیل و بە سزای خۆیان گەیشتن.

## ڕاگـــــواستنی دۆڵـــی بـــاڵەییان- ســــەکرایەتی بـــەری شــــیوە زورایــــەتی

ڕژێمی عێراق لە مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٧٧ ناوچەکانی سەکرایەتی دۆڵی باڵەییان بەری شیوە زوورایەتی ڕاگواست، دۆڵی ڕۆست، دۆڵی خانەقا، وەرتێ، ڕێگای چۆمان تا حاجی هۆمەران مایەوە، دۆڵی ڕۆست ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ناوچەی برادۆست

ڕاگوێزران، ئەو دێیانەی ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزران قەرەبووی باشیان وەرگرت لە چاو ئەو دێیانەی باڵەکایەتی کە لە ساڵی ١٩٧٧ ڕاگوێزران بەمجۆرە ناوچەیەکی فراوان لە دانیشتوان چۆڵکرا بەڵام نەیتوانی خەڵک و پێشمەرگە لە یەکتر دابڕێت.

خەڵکە ڕاگوێزراوەکەیان بردە ئۆردوگای زۆرەملێی شاویس و پیرزین و بەستۆرە، مەلا هۆمەر، کۆریێ گاوانان، سۆران، هەریر، خەڵکی ناوچەکانی باڵەکایەتی لە ئۆردوگاکان خەریکی خۆڕێکخستنەوەو کاری ڕێکخستن بوون.

## ڕاگـــــواستنی دێـــــــهاتەکان بەشێك لەناوچە ڕاگوێزراوەکان

ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغدا بەپێی ئەو نەخشەیەی کە داینابوو بۆ ڕاگواستنی ناوچەکەکانی سنوور بە قوڵایی (٢٠) کیلۆمەتر دەستیکرد بە ڕاگواستنی دێیەکانی ناودەشت، ئاکۆیەتی، دۆڵی جافایەتی، ئاکۆیەتی، دۆڵی باڵییان، سەکرایەتی، شیوەزورایەتی.

دێهاتییەکان بەزۆر سواری زیلی سەربازی کران و برانە بەستۆرە، کانی قرژاڵە، چوراقوڕنە، ڕانیە، ڕەواندز.

ماڵەکان لە ناو کەپرو چادردا نیشتەجێکران هەرخێزانەی (٥٠) دیناریان پێدان. هاوکات لەگەڵ ڕاکواستنی دێهاتەکان خانوو ماڵوو ڕەزوو باخ و سەوزایی و شینایی و حەوشەو چەپەر و دارو ووشکەڵانی دێهاتەکانیان گرتیبەردا، هەزاران سەر مەڕوو ماڵاتی دێهاتەکانیان تالانکرد.

لەگەڵ ڕاگواستنی خەڵکی دێهاتەکان خێزانی پێشمەرگەشیان دەستگیرکردوو بردیانە زیندانەکانی خوارووی عێراق

هەواڵنامەی کتێب

### ناوی دێهاتە وێرانکراوەکان و ژمارەی ماڵەکانیان

### دێهاتەکانی قەزای چۆمان

| | |
|---|---|
| ماوەت (٣٠) ماڵ | مژدەینان (٣٠) ماڵ |
| شێوەڕەش (٣٠) ماڵ | مەڕان (٤٠) ماڵ |
| ئالانە (٢٠) ماڵ | خوشکان (٣٠) ماڵ |

| | |
|---|---|
| ڕەشەهەرمێ (١٥) ماڵ | بندایزان (٦٠) ماڵ |
| گەلەژێر (٢٥) ماڵ | شێخ وەتمان (٣٠) ماڵ |
| گوندە ژوور (٤٠) ماڵ | مەمی خەلان (٨٠) ماڵ |
| شورە (٣٠) ماڵ | شێخان (٤٠) ماڵ |
| دۆڵە بۆن (١٥) ماڵ | شێوەڵۆکە (٣٠) ماڵ |
| ناوەندی (١٠٠) ماڵ | ناوبەرگە (١٥) ماڵ |
| وەردە (٨٠) ماڵ | گورونی (٢٥) ماڵ |
| دیڵزێ (٥٠) ماڵ | سەکران (٨٠) ماڵ |
| کونە خانان (٣٥) ماڵ | مێرگە (٧٠) ماڵ |
| کەوەرت (٢٥) ماڵ | وەلاش (٧٥) ماڵ |
| تینێ (٧٠) ماڵ | وەڵزێ (١٢٠) ماڵ |
| بوران (٤٠ ماڵ | سەرنوێڵ (١٠) ماڵ |
| کۆیلە (٨٠) ماڵ | بێکوێران (٢٠) ماڵ |
| بەستێ (٣٠) ماڵ | ناوشاخان (٢٠) ماڵ |
| کاولان (٣٠) ماڵ | دالکە (١٥) ماڵ |
| چۆمە (١٢) ماڵ | زەنگەڵی (٢٥) ماڵ |
| ماونان (٤٠) ماڵ | ڕەزویکە (٢٥) ماڵ |
| ئیسکاوا (١٥) | ماڵ وەسان (٣٠) ماڵ |
| بنەڵە (١٠) ماڵ | چۆمساک (٥٠) ماڵ |

**ماڵەکانی ناحیەی ناودەشت**

| | |
|---|---|
| زارگەلی (٣٠) ماڵ | خوی بیان (١٥) ماڵ |
| بۆکریسان (٢٥) ماڵ | بۆڵێ (٤٠) ماڵ |
| لیۆژێ (٣٥) ماڵ | سلێ (٣٠) ماڵ |
| بایەوان (٢٠) ماڵ | دوێڵە (٢٥) ماڵ |

| | |
|---|---|
| ئەستێرۆکان (٢٥) ماڵ | سیوەیس (٢٠) ماڵ |
| بیانە (٤٠) ماڵ | باراوە (٢٥) ماڵ |
| کوینگە (١٥) ماڵ | ورتە (١٠) ماڵ |
| شیویێ (١٠) ماڵ | بڕەدێ (٢٥) ماڵ |
| پردمەمکە (١٨) ماڵ | پشت ئاشان (٦٠) ماڵ |
| قڕناقاو (٨٠) ماڵ | کاسکان (٥٠) ماڵ |
| شاروش (٤٥) ماڵ | سەرگە نێڵ (٧٠) ماڵ |
| سینە مۆکە (٢٥) ماڵ | سورەدێ (٣٠) ماڵ |
| ئاشقولکێ (١٢) ماڵ | بەرکوران (٣٠) ماڵ |
| بێپالان (١٠) ماڵ | بێرێژ (٢٠) ماڵ |

هێزێکی دوژمن لە مانگی ١٩٧٧/٨ گەمارۆی دەستەیەک پێشمەرگەیاندا لە نێوان شێوەلۆک و گورووني چۆمان شەڕ چەند کاتژمێرێکی خایەند، پێشمەرگەکان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان بوو

زیانی دوژمن کوژرانی (١١) سەرباز، قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی مەحموود سەیدە فەرماندەی کەرت.

## شـــــەهید بوونی مـــــەحموود ســـــەیدە

لە ١٩٧٧/٨/٢٨ مەحموود سەیدە وکۆمەڵێک پێشمەرگەی لە گەڵدا بوو لە ڕۆژانی ڕاگواستنی باڵەکایەتی هاتبوونە شیوەلۆک چالاکیەک ئەنجام بدەن لە ناو باخچە سپیدارێک خۆیان حەشاردابوو فەوجێکی سەربازی دەرچوونیان هەبوو پێشمەرگەکان ئاگاداری جووڵە سەربازییەکە نەبوون کاتێک زانییان دەوریان گیراوە شەڕ لە نێوان دەستەکەی مەحموود سەیدەو سەربازەکاندا درووست بوو لەو شەڕەدا مەحموود سەیدە فەرماندەی کەرتی سەکرایەتی شەهید بوو.

هاوینی ساڵی ١٩٧٧ عەلی گەلاڵی و حاجی گەلاڵی لە ڕووباری بەری سولێ خوار ماوەتان دوو سەربازیان کوشت و دوو کلاشینکوف دەستکەوت بوون.

دوای ئەو چالاکییە کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکە پێشمەرگەکانی

هەواڵنامەی کتێب

گەلاڵە تەقەیان لە کۆپتەرەکان کرد بە پەلە ئاسمانی ناوچەکەیان جێهێشت و لە گەلاڵە نیشتنەوە، سەربازی سەر دۆشکەکەی ناو یەکێک لە کۆپتەرەکان لە لایەن پێشمەرگەکانەوە پێکراو بریندار بوو لە ساڵی ١٩٧٧ زیاتر لە ٧٠ گەلاڵەیی چوونە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێ و بوونە پێشمەرگە.

## درووستبوونی هەرێمی (7)

هەرێمی (٧)ی باڵەک وەکو باقی هەرێمەکانیتر درووست بوو، سەرەتای درووستبوونی هەرێمەکە حاجی حاجی برایمی شیرخۆر کرایە فەرماندەی هەرێمی (٧) بەڵام حاجی نەهاتە هەرێمەکەو پەیوەندی نەکرد بۆیە دوای حاجی حاجی برایم زێڕۆ عەبدوڵڵا مەرگەیی کرایە فەرماندەی هەرێمی (٧)ی باڵەک.

دەستەی بەڕێوەبردنی هەرێمی (٧) لەم تێکۆشەرانە پێکهات:

دەستەی هەرێم

زێڕۆ عەبدوڵڵا مەرگەیی فەرماندەی هەرێم

قادر خەبات جێگری فەرماندەی هەرێم

### فەرماندە کەرتەکان

- عەلی ئاغای بوران فەرماندەی کەرت
- برایمی حاجی ئاغا فەرماندەی کەرت
- عەلی کۆیلەیی فەرماندەی کەرت
- نەبی چالاک فەرماندەی کەرت
- ئەحمەد سۆراوی فەرماندەی کەرت
- مام مەحموودی ئەحمەدە ڕەشی ئەستێرۆکان فەرماندەی کەرت
- شێخ هۆمەری نەبی باڵوی ئینزێ فەرماندەی کەرت
- فەقێ جەلک فەرماندەی کەرت

دواتر هەر یەک لە ئەحمەد مەولود، برایم سێن، ڕەسوڵی حاجی ئاغا کرانە فەرماندەی کەرت

دوای گەڕانەوەی لە هەکاری عەبدوڵڵا سوور کرایە فەرماندەی کەرت، بەمشێوەیە هەرێمی (٧)ی باڵەک درووست بوو دەستیکرد بە چالاکی.

## تـــــەرماتەڵە و ســـەر شـــێخان

ساڵی ١٩٧٨ هەڤاڵ مامجەلال (٤٠) ڕۆژ لە تەرماتەڵە و سەرشێخان بوو کەس نەیزانیبوو، ئەحمەد مەولود چوو بووە سەر شێخان ڕێوییەکی کوشتبوو مامجەلال و پێشمەرگەکانی ناسیبوویان ئەحمەد مەولودە.

مەحموودی شێر بەگی لە قەسرێ، ڕەسوڵی پور حەلیم، خاڵە مینە، براکانی عەزیز داود بە شەو خواردن و پێداویستیان بۆ ڕەوانە دەکردن.

## حـــاجی مـــاونی پور حـــەلیم

حاجی ماونی ماڵی لە ئۆردوگای شاوەیس بوو لەگەڵ پور حەلیمی دایکی هاتنە دۆڵی باڵەییان و بوونە پێشمەرگە تێکڕا ١٢ پێشمەرگە بوون لە ئۆردوگای شاوەیسەوە هاتبوون.

مامجەلال لە دۆڵە کۆگە بوو خێمەیەکی بچووکی هەڵدا بوو چەند خێمەیەکیتری لە دەورە بوو پور حەلیم و حاجی ماونی چوونە سەردانی مامجەلال، لەو سەردانەدا مامجەلال دەمانچەیەکی میکارۆفی پێشکەش پور حەلیم کرد، دوای سەردانی مامجەلال حاجی ماونی و پور حەلیم گەڕانەوە سەر شێخان.

## مـــلازم حـــــەلیم

پور حەلیم سۆفی مەلا لە بنەماڵەیەکی هەژارو کورد پەروەر لە دایک بووە، برای شەهید خدر سۆفی مەلایە کە لە کەڵەکی باڵەییان شەهید بوو ژنێکی ئازادیخوازو نیشتمان پەروەر بوو بەردەوام لە خەم و خزمەتی پێشمەرگەدا بوو، ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ حاجی کوڕی بووە پێشمەرگە.

مامجەلال نازناوی ملازم حەلیمی پێبەخشی لەو کاتەوە پور حەلیم بووە ملازم حەلیم و ناوەکەی بە سەردا بڕا.

## شـــــەڕو پـــــێکادان

ساڵی ١٩٧٨ پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧)ی باڵەک چوونە (ئێنە) لەگەڵ دوژمن تووشی شەڕ هاتن، لەو شەڕەدا برایمی حاجی ئاغای کۆسرەتان شەهید بوو.

هەمان ساڵ کۆپتەر هاتە سەر شێخان پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) ڕەشاشێکی ئینگلیزیان هەبوو، بەو ڕەشاشە تەقەیان لە کۆپتەرەکە دەکرد، کۆپتەرەکە لە قوڵایی ئاسمان توند بوو، دوای ڕاونانی کۆپتەرەکە پێشمەرگەکان لە ڕووباری سەر شێخان پەڕینەوەو چوونە قەندیل.

شەڕو لێکدان لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بەردەوام بوو پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) لە وەڵزێ کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە، هەمان ساڵ لە چیای کوخەی پشتی قەسرێ پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) لەگەڵ هێزەکانی دوژمن تووشی شەڕ بوون پێشمەرگەیەک بە ناوی کەمال محەمەد قادر شەهید بوو.

بەردەوام هەرێمی (٧) لە گۆڕان و هەڵکشان و داکشاندا بوو، شەڕو چالاکی وورد هەبوو لێدانی سەربازی دوژمن، دانانی بۆسە، دانانی (مین).

## هـــــاتنە شـــــاخ

دوای ئەوەی لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی شاردا ئاشکرا بوون سیخوڕێک زانیاری لە سەر دابوونە دوژمن حەسەن کوێستانی و ژمارەیەکیتر لە ڕێکخستنە نەهێنییەکان شاریان جێهێشت و هاتنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

- حەسەن کوێستانی
- ڕەسوڵ قەندە
- محەمەد سەیدە
- ئەحمەد شێخ برایم
- ئەحمەدی ئەولا ئەحمەدی (دکتۆر ئەحمەد)
- فەخرەدین لێپرسراوی بەریدی گەلالە

ئەو کاتە قادر خەبات سەرپەرشتیاری هەرێمی (٧)ی باڵەک بوو.

- فەخرەدین کرایە ڕێبەری سیاسی هەرێم

- حەسەن کوێستانی کرایە لێپرسراوی ناوچەی (ی ن ک) دواتـر حەسەن کوێستانی کرایە ڕێبەری سیاسی هەرێمی باڵەک

ئەم تێکۆشەرانە کە ڕیزەکانی ڕێکخستنی شاریان بەجێهێشت ڕاستەوخۆ چوونە توژەڵە بۆ لای مامجەلال.

## گـــــەڵاڵە- چـــــۆمان

ئەحمەد سۆراو فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە بوو حاجی گەڵاڵی جێگری کەرتەکە بوو، عەلی مینە، جەلال خانە، سلیمان خدر، خالید ئەحمەد ئاغا فەرماندەی مەفرەزە بوون دوای بریندار بوونی جەلال خانە، یوسف گەڵاڵی کرایە فەرماندەی مەفرەزە سنووری چالاکی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە و دۆڵی ڕۆستێ لە ڕووباری باڵەکایەتی تا بەری گەڵاڵە بوو.

## کـــەرتی چـــــۆمان

لە سنووری چۆمان حاجی حسێن مام تەها مەمی خەلان فەرماندەی کەرت بوو لە ئێنێ و مژدەینیان بارەگایان هەبوو بارەگای کەرتەکە لە کۆلێتی کونە گورگ بوو.

## هـــەڵمەتەکانی پـــێشمەرگە - چـــۆمان

مەفرەزەیەکی هەرێمی(٧) لە ١٩٧٨/٧/١٣ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە بندایزان – شێخ وەتمان لە چۆمان، لەوهێرشەدا ئەفسەرێک کوژرا

*مەفرەزەیەکی هەرێمی(٧)باڵەک لە ١٩٧٨/٧/١٤ چوونە ناو شارۆچکەی چۆمان لەکاتی ئاهەنگەکانی تەموزدا هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن .

زیانی گیانی دوژمن کوژرانی (٢٠) سەرباز و ئەفسەر و لەناویاندا نەقیبێک، ملازمێک و سێ جاش هەبوون

لە تۆڵەی زەرەرو زیانەکانیدا دوژمن ژمارەیەک هاووڵاتی دەستگیرکردوو چەند خانوویەکی ڕووخاند.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧)لە ١٩٧٨/٧/١٧ چوونە سەر هێزەکانی دوژمن لە گرتاڵانی چۆمان ئاگریان بەردایە بلدۆزەرێکی سوپایی و (٥٠) بەرمیل سووتەمەنی،

هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەو چالاکییە دوژمن کەوتە تۆببارانی ناوچەکە، لەوتۆبارانەدا فەرماندەی مەفرەزە (ئیبراهیم حاجی ڕەسول) شەهیدبوو.

## تـــۆڵەی شـــەهیدانی کوێستانـــی گەڵاڵە- وێـــڵزێ

دوای چەند ڕۆژێک لە بۆردومانکردنی کوێستانی گەڵاڵە لە تۆڵەی شەهیدانی کوێستانی گەڵاڵە کەرتی (٥)ی گەڵاڵەی سەر بە هەرێمی (٧)ی باڵەک بەرنامەی لێدانی فەوجی گەڵاڵەیان دارشت.

شەو بوو کەرتی (٥) بەڕێکەوتن بۆ لێدان و سزادانی فەوجی سەربازی گەڵاڵە لە نزیکەوە ئاگر بارانی فەوجی گەڵاڵەیانکرد زەرەرو زیانی زۆریان لێدان، دوای لێدانی فەوجی گەڵاڵە ژمارەیەک خەڵکی گەڵاڵە دەستگیر کران و زیندانی کران.

## بـــۆسەو چـــالاکی
## ڕەوەنـــدەکان

دوو مەفرەزەی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٩/٩لە بارەگای سریەی دەرگەڵەیاندا زیاتر لە (٢٠) سەرباز کوژران و بریندار بوون

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) لە ١٩٧٨/٩/١٠ لە ناوچەی سورچیان سەرۆک جاشێک و سێ جاشیتریان کوشت

*١٩٧٨/٩/١٤ پێشمەرگەیەکی هەرێمی (٧) لە مەفرەزەیەکی هەندەسەی خانەقایداو سەربازێک کوژرا.

*دوو مەفرەزەی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٩/١٣ لە دوو کاتی جیادا لە گادەری گەلی جاوەلی چۆمان بۆسەیەکیان بۆ دوژمن نایەوە و دوو سەربازیان کوشت ، مەفرەزەکەیتریش لە مۆلگەیەکی دوژمنیاندا لە ناوگران (٥) سەرباز کوژران و سەربازێک بریندار بوو

*لە ١٩٧٨/٥/١٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) لە مەخفەری (وەرتێ) یاندا و دوو پۆلیس برینداربوون

١٩٧٨/٩/١٥ کەرتێکی پێشمەرگە لە گەلی قەیماسان نزیک ناوپردان کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە، شەڕ پێنج کاتژمێری خایاندوو دوو سەربازی دوژمن کوژران

## قوربانی پێشمەرگە

شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (سلیمان ڕەشید ناوپردانی)

ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٦ شەش هێلیکۆپتەری جەنگی پەلاماری تاوڵ و ڕەشماڵی ڕەوەندەکانی دۆڵی باڵەییانیاندا لەبناری قەندیل

ئەم پەلامارەی کۆپتەرەکانی ڕژێم بۆسەر ڕەوەندەکانی دۆڵی باڵەییان لە تۆڵەی چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی باڵەک بوو کە ماوەیەک لەوەوبەر هێرشیانکردبووە سەر ئۆردوگای زۆرە ملێی (کۆمتان)

لە ئەنجامی ئەو پەلامارە دڕاندانەیەدا ژمارەیەک ژن و منداڵ شەهید و برینداربوون

١- شەهید عەبدوڵڵا ڕەسول حاجی ئەڵڵا تەمەن (١٠) ساڵ

٢- شەهید ئەبو بەکر ڕەسوڵ حاجی ئەڵڵا تەمەن (٨) ساڵ پێش ساڵێک ڕەسوڵی حاجی ئەڵڵا باوکیان بێسەرو شوێن کرابوو

٣- شەهیدبوونی دوو منالێتر و دایکیان بە ناوی ئەستی

هەروەها فاتم و شوکری و نەبی حاجی ئەحمەد و قاتمەی دایکیان و ژنێکیتر بە ناوی خەدیجە برینداروون

مەفرەزەیەکی هەرێمی(٧) لە ١٩٧٨/٩/١٧ بۆسەیەکیان بۆ ژمارەیەک سەربازدانا کە ئاویان دەبرد بۆ بنکەی بەردەسورە وەرتێ لەو بۆسەیەدا سێ سەرباز کوژران

## گـــــەڵاڵە - چــــۆمان

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/١٠/٣ چوونە ناو شاری چۆمان بە ئاربی جی و چەکی سووک لە دائیرەی ئەمنی چۆمان و ئیستخبارات و بارەگای لیوایاندا

زیانی دوژمن کوژرانی ٣ ئەمن بوو

*مەفرەزیەکی کەرتی بارەگای هەرێمی (٧) لە ١٩٧٨/١٠/١٤ چوونە سەمۆڵگەیەکی دوژمن لە نزیک پردی گەڵاڵە، پێشمەرگەکان بە ئاربی جی و چەکیتر مۆڵگەکەیان بەسەردا ڕووخاند

*گەلەجاشێکی سمکۆی حاجی خورشید و عەبدوڵڵا ماویانی بەفێڵ هاتبوونە دەرەوە ، کاتژمێر ٥,٣٠ جەقیقەی بەیانی ١٩٧٨/١٠/٢٣ لە گرتک و ڕۆستی ناوچەی چۆمان مامۆ حسێن مستەفایان گرتوو تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە

## نـــــاوچەی ڕانـــــیە

١٩٧٨/١١/٢٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) لە دێی کۆدەڵەی ناوچەی ڕانیە بوون هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوون لە جاش و سەرباز هێرشیان هێنایە سەریان.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕێکی جوامێرانەیان لە گەڵدا کردن.

زیانی دوژمن کوژرانی دوو جاش و بریندابوونی جاشێک بوو

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی(ڕەسوڵ حاجی ئەحمەد سەعید بۆڵی) بوو

## لــــێدانی ئـــەمن و پـــــــۆلیس

چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی ٧ لە ١٩٧٨/١٢/١٣ چوونە ناو شاری چۆمان هێرشیانکردە سەر دایرەی ئەمن و پۆلیسی چۆمان و لە کەمینی جاشەکانی مامەندە وەڵزییاندا

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ جاش، ١٠) سەرباز) (٢) ئەمن ، بریندار بوونی چەند جاشێک پێشمەرگەیەک بەناوی حاجی ڕەسوڵ وەڵزی برینداربوو.

## ســــــەرنــــەوس

ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی ٧ باڵەک لە نێوان سەرنەوس و ڕەژیکەریاندا لە زیلێکی سەربازییاندا

زیانی دوژمن کوژرانی (١٧) سەرباز و برینداربوونی (١٠) سەربازیتر

لە ١٩٧٩/٢/٢٤ دوو مینی چێندراوی هەرێمی ٧ نزیک پڵنکان لە ژێر پێی کەمینێکی سەربازیدا تەقییەوە و (٥) سەرباز کوژران.

## قـــــەسرێ – مــــامە ڕووت

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) باڵەک لە ١٩٧٩/٤/٢ مینێکیان لەسەر ڕێی مۆڵگەکانی دوژمن لە پشتی قەسرێ دانا، لە تەقینەوەی مینەکەدا دوو سەرباز کوژران و دوانیتر برینداربوون

*هێزێکی دوژمن لە تۆڵەی ئەو زەرەرو زیانەی پێشمەرگەکانی باڵەک لێیاندابوو لە ١٩٧٩/٤/٣ بە مەبەستی تۆڵە کردنەوە پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانی باڵەکیاندا لە چیای مامەڕووت پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕێکی جوامێرانەیان لەگەڵدا کردن

زیانی دوژمن کوژرانی و برینداربوونی (٥٠) سەرباز و چوار پێشمەرگەش برینداربوو

١٩٧٩/٤/٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی ٧ لە پشتی شێنێ هاوەنێکی (٦٠) ملم یان دۆزییەوە کە پاشماوەی جێماوی شەڕی نۆ ڕۆژەی شێنێ بوو کە لە مانگی ١٩٧٨/١١ ڕوویدا.

## دەرگـــــــەڵە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧)لە ١٩٧٩/٥/١٠ لە ڕەبییەی نێوان دەرگەڵە و ڕەژوکەرییاندا

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و برینداربوونی سەربازێک بوو

١٩٧٩/٥/١٩ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) لە نێوان ڕەبییەکانی گابیرێز بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا (٧) سورباز کوژران

دەستکەوت (١) ڕەشاشی سیخۆبوو.

## فـــــەوجی گـــــــەڵاڵە

مەفرەزەیەکی کەرتی گەڵاڵەی هەرێمی (٧) هێرشیانکردە سەر فەوجی گەڵاڵە و بە ئاربی جی لێیاندان

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و برینداربوونی (٤) سەربازیتر

## لـــــێدانی ڕەشـــــماڵەکانی گـــــەڵاڵە

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٩ ژمارەیەک فڕۆکە هاتنە سەر بارەگای کەرتی (٥) لە کەپرەی نزیک بەردە بووکی کوێستانی گەڵاڵە.

فڕۆکەکان هێندە نزم بوون دەنیشتنە سەر زەوی دۆشکەی ناو کۆپتەرەکان دیار بوون، بارەگایەکی سۆسیالیست لە دەراوی گەڵاڵە بوو ئەحمەد فەقێ ڕەش لێپرسراویان بوو کۆپتەرەکان چوونە سەر بارەگاکەی سۆسیالیست کە (٥٠٠) مەتر لە بارەگای کەرتی (٥)ی گەڵاڵەوە دوور بوو.

کۆپتەرەکان گەڕانەوە سەر بارەگای کەرتی (٥)ی گەڵاڵە، پێشمەرگەکان خۆیان پەنا گرتبوو کۆپتەرەکان نەیانتوانی شوێنەکەیان بدۆزنەوە.

دوای سووڕانەوەی کۆپتەرەکان بە سەر کوێستانی گەڵاڵەدا دەستڕێژیان لە ڕەشماڵەکانی گەڵاڵە کردو دوو کەسیان شەهید کرد.

١- ئیبراهیم حەمەد ئەحمەد

٢- هەمین عەبدولڕەزاق عەبدوڵڵا

لە کوێستانی وێڵزەییان لە بن بەردە بووک کۆچەری گەرمیانی لێبوو خەریکی مەڕداری بوون کۆپتەرەکانی دوژمن لەوانیشیانداو دوو کەسیان شەهید کردن، یوسف گەلاڵی لە ناو چەقەرەکانی گەلاڵەدا بە بڕنەو تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد دوای تەقە کردنەکە کۆپتەرەکان ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) ی گەلاڵە چوونە لای مەڕدارەکان تەرمەکانیان لەگەڵ بەڕێکردن.

## دوو چـــــالاكی

مەفرەزەیەکی هەرێمی(٧)لە ١٩٧٨/٧/٢٣ چوونە مەلەکان (٣٢) ماڵە جاشیان سووتاندوو ژمارەیەکیان دەستگیر کرد دوای ئامۆژکاریکردن ئازادیانکردن

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٧) لە ١٩٧٨/٧/٣٠ لە نزیک وەڵـزێ لە کەمینێکی دوژمنیاندا، سەربازێک کوژراو دوو سەرباز بریندار بوون.

## کــەڵەکی بـــاڵەییان – چـــۆمان

مەفرەزەیەکی هەرێمی ٧ بۆسەیەکیان بۆ تاقمێک سەرباز لە کەلکی باڵەییان دانا، لەو بۆسەیەدا چوار سەرباز کوژران

*هێزێکی گەورەی دوژمن بەنیازی پەلاماردان و گرتنی ، پالاماری گوندە ژۆری چۆمانیاندا چەند پێشمەرگەیەک کە تازە هاتبوونە ڕیزەکانی شۆڕشەوە لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی حەوت و نۆ لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شەڕ تا ئێوارەی خایەند.

زیانی دوژمـن کـوژران و بریندار بوونی (٤٠) ئەفسەر و سـەرباز، لەناو کوەژراوەکاندا نە قیب ئەکرەم و دوو جاش هەبوو

*مەفرەزەیکی هەرێمی ٧ لەسەر شەقامی نێوان وەڵزێ – قەسرێ سێ زیلی سەربازییان گوللەبارانکرد

زیانی دوژمن کوژرانی چەند سەربازێک لەگەڵ مساعید ئامر فەوجی قەسرێ و برینداربوونی

(٥) سەرباز

## ئــــێنێ - چــــۆمان

ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢ لە نیگورەی پشتی هێزەکانی دوژمن لە ئێنێ، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بەرەنگاری پەلامارێکی دوژمن بوونەوە، لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا دوو سەرباز کوژران و سێ سەرباز برینداربوون.

لە ١٩٧٨/٩/٢ مەفرەزەیەک چوونە ناو چۆمانەوە و لە کەمینی جاشەکانی خان ئاودەلی هەریریاندا، (٤) جاش کوژران و (٧) برینداربوون

ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٤ ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی کۆپتەرەوە هێزێکی گەورەی لە نزیک ڕەواندز دابەزاند، پێشمەرگەکانی ناوچەکە بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ کاتژمێرێکی خایەند.

**زیانی دوژمن**

١- کوژرانی ئەفەسەرێک بە پلەی عەمید

٢- کوژران و برینداربوونی (٢٦) سەرباز

## شـــەهید بوونی ڕەســـوڵ حاجی شــەریف چــەکوانی حـــەمە ئەبوبەکر چـــاوشین 1979/9/8

ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لە بەستەسێن هەر دوو پێشمەرگەی ئازاو دلێری هەرێمی (٧)ی باڵەک، ڕەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی و حەمە ئەبوبەکر چاوشین کەوتنە بۆسەی جاشە خۆفرۆشەکانەوەو شەهید بوون.

ڕەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی پێشمەرگەی سەرەتایی شۆڕش و قارەمانی چەندین نەبەردی و داستان و پێشمەرگەی کارەساتی هەکاری بوو، پێشمەرگەو فەرماندەیەکی لە خۆبردوو قارەمان لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو کورد پەروەری چەکوان بوو، تا لە ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لە بۆسەی غەدردا لەگەڵ هاوڕێیەکیدا شەهید بوو گیانی بە نیشتمان سپارد.

هەواڵنامەی کتێب

## بـــــۆســـە

مەفروزە هاوبەشەکەی کەرتی گەلاڵەی هەرێمی ٧ لە ١٩٧٩/٩/٢٠ بۆسەیەکیان دانا و هێزێزێکی دوژمـن کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگە جوامێرەکانی گەلاڵە گوللەبارانیانکردن و زیانی زۆریان لێدان

زیانی دوژمن کوژرانی (٢١) ئەفسەر و سەرباز و بریندابوونی ژمارەیەکی زۆر لەناو کوژراوەکاندا ئامر لیواو زابت ئیستخبارات کوژران و (٦) ئۆتۆمبێلی سەربازی تێکشکێندران .

دەستکەوت (٥) کلاشنکۆفی سیخۆبوو

## گـــــۆڕی نێتوێ- بن حەســـــەن بەگ مـــــانگی 10ی 1979

(٣٠) پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی گەلاڵە لە گۆڕی نێتوێ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، بەرە بەیانی کاروانێکی سەربازی بەرەو بارەگای فەوجی گۆشینە بەڕێکەوتن لە گەڕانەوەدا پێشمەرگەکانی گەلاڵە لێیاندان و چوار زیلی سەربازیان سووتاند، لە

ناو زیلە سەربازییەکاندا (٧٠) سەرباز کوژران جێگری ئامر لیوا لە ناو کوژراوەکاندا بوو.

**دەستکەوت:**

٤ کلاشینکۆف بوو

پێشمەرگەکان بێ زیان بوون

دوای ئەو سەرکەوتنە مامجەلال لە خڕی ناوزەنگ داوەتی کەرتی گەلاڵەیکرد، چالاکییەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاوکرایەوە.

## گـــــــــواستنەوە

ساڵی ١٩٨٠ ئەحمەد مەولود و پۆلێک پێشمەرگە گواسترانەوە بۆ هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ لەوێ درێژەیان بە خەباتی پێشمەرگانەدا.

## شـــــەڕی قــیادە مــــۆقەتە

قادر خەبات دەیویست بچێتە سەرکردایەتی لە ڕەزگەو مارە دوو لەگەڵ قیادە موەقەتە تووشی شەڕ بوون، پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧)ی باڵەک بەرەو شەڕەکە ڕۆیشتن شەڕەکە فراوان بوو لە چیای گەلاڵە، قەلاتووکان، گردی ڕەمکان شەڕ درێژەی کێشا.

## چـــــالاکی

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ هەرێمی (٧)ی باڵەک بۆسەیەکیان لە پێش سەرچاوەی زارگەڵی لە نێوان پردە شاڵ و زارگەڵی دانا، ئۆتۆمبێلی ئامر فەوجی ناوچەکە کەوتە بۆسەکەوەو لێیاندا.

لەو بۆسەیەدا چوار سەرباز کوژران، چەند پارچە چەکێک دەستکەوت بوو، بەڵام ئامر فەوج بەرنەکەوت.

## لـــێدانی فـــەوجی گـــــەڵاڵە
## نـــــەورۆزی ساڵی 1980

نـەورۆزی ساڵی ١٩٨٠ کەرتی (٥)ی گەڵاڵە بە فەرماندەیی ئەحمەد سووراو لە فەوجی گەڵاڵەیانداو گورزی کاریگەریان لێوەشاند، بە بیکەیسی و ئاربیجی ئاگربارانی فەوجەکەیان کرد.

## مـــــەفرەزەی ســـــیدەکان

قادر شێخانی بە تەنها لە ناوچەی سیدەکان پێشمەرگە بوو، عەوڵا ڕەش بادلی، باقی بادلی فەرماندەی مەفرەزە بوون لە کەرتی گەڵاڵەو لە ناوچەی سیدەکان بوون.

## ســــــەری بەردی- ســــیدەکان
## کـــۆتایی مـانگی (3)ی 1980

لە سەری بەردی سیدەکان کەرتی گەڵاڵە و حەسەن کوێستانی بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا، ڕێکخستنەکان حەسەن کوێستانیان ئاگادار کردەوە کاروانە سەربازییەکە نایەت، بەڵام گەلابەیەک و لاندکرۆزەرێکی حزبی بەعس کەوتنە بۆسەکەوەو دەستیان بە سەردا گرت، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکانیان نەکوشت بەڵام بە دەستی خۆیان ئۆتۆمبێلەکانیان پێ سووتاندن.

دوای سووتاندنی گەلابەو لاندکرۆزەرەکە هێزێکی جاش و سەربازی بەرەو ڕووی ئاگرەکە هاتن، پێشمەرگەکان بە ڕووباری موسەکاوێدا هاتنە خوارەوە چوونە دێی موسەکاوێ لەوێشەوە هاتنە شێخان و بێشێ، لەوێشەوە بۆ گەڵاڵە.

## چـــالاکی زینە پــــێش
## مــانگی 7ی 1980

مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٠ کەرتی (١)ی هەرێمی (٧) لە زنجیرە ڕەبیەی زینە پێشی خوار حەسەن بەگیاندا لە سنووری نێوان برادۆست و باڵەکایەتی.

بارەگای سریە لە زینە پێش بوو ڕەبییەیەک لە سەر ئاشی خدراوا بوو کەرتی (١)ی هەرێمی (٧) بە فەرماندەیی نەبی چالاک لە سریە و ڕەبییەکەیاندا.

## چـالاکی پشـــتی گـەڵاڵە

پایزی ساڵی ١٩٨٠ چوار پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە لە پشتی گەڵاڵە بۆسەیەکیان داناو چوار سەربازیان کوشت.

## شـەڕی عـێراق - ئێـــران

مەفرەزە کەرتەکانی هەرێمی (٧)ی باڵەک دەهاتنە چۆمان، قەسرێ، وەرتێ، سۆران، دوای درووستبوونی شەڕی ناوخۆ ڕژێمی عێراق بەشێکی هێزەکانی کشاندەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بەو هۆیەوە ناوچەی ئازاد کراو درووست بوو.

هەرێمی (٧)ی باڵەک هاتنە دۆڵی خانەقا کە لە دەرگەڵەوە دەست پێدەکات هەتا ناو دەشت و زارگەڵی و ئینزەو کۆمتان، ئەو ناوچانە بوونە شوێن بارەگای هەرێمی (٧).

## هــاتنی شـــێخ دارای حــەفید

پێش کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ شێخ دارای حەفید کرایە فەرماندەی هەرێمی (٧)ی باڵەک و وەکو فەرماندەی هەرێمەکە دەست بە کاربوو.

## شــەڕی زارگـــەلی

پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (٧) لە زارگەلی ڕەواندز بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و هێزێکی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک بەپلەی نەقیب و کوژرانی نائیب زابتێک و (٥) سەرباز و برینداربوونی (٤) سەرباز

تێکشکاندنی جێێکی قیادە، دەستکەوت یەک کڵاشنکۆف.

## ڕەوەنـــــدەکانی قـــەندیل

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٨ سێ فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەیەکی بارهەڵگر هێرشیانکردە سەر خیلاب وسەرشێخان و وەڵزێ لە بناری قەندیل نزیک ئۆدوگای قەسرێ ئاگریان بەردایە ناوچەکە و پەلاماری ئاژەڵی ڕەوەندەکانیاندا

لەئەنجامی ئەو پەلامارەدا شوانێک کوژرا و دوو کەسیتر برینداربوون
هەر لە ۱۹۸۰/۷/۳۰ هێزێکی ئاسمانی دوژمن پەلاماری ڕەوەندەکانی هەڵگورد و شێوەزاوی و ناوچەکەیاندا لەئەنجامدا دوانزە هاووڵاتی شەهید بوون و (۳۰) کەسیش بریندابوون

## چـــــالاکی

دوای بوونی شێخ دارای حەفید بە فەرماندەی هەرێمی باڵەک لە مانگی (۱۱)ی ساڵی ۱۹۸۰ و لە یەک کاتدا بە هاوەن و ئاربیجی و بیکەیسی لە زنجیرە ڕەبییەکانی پردە شاڵ، زارگەڵی، لیوژەیانداو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

## شـــۆڕشی گەلانی ئـــێران

هەر لە ساڵی ۱۹۸۰ هەرێمی (۷)ی باڵەک بەشدارییان لە شەڕەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە تایبەت چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردوو پارێزگاری لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانە، سەردەشت، سەقز، سنەو شوێنەکانیتر.

## ســـاڵی 1981

لە سەرەتای درووستبوونی هەرێمی (۷)ی باڵەک چەند جارێک گۆڕانکاری بە سەر فەرماندەی هەرێم و فەرماندە کەرتەکاندا هاتووە، چەندین کەس کراونەتە کەرت و دوای ماوەیەک خەڵکیتر هاتووەتە شوێنیان، لە ساڵی ۱۹۸۱ هەرێمی (۷)ی باڵەک لە (٥) کەرت پێکهات:

- کەرتی (۱) نەبی چالاک فەرماندەی بوو
- کەرتی (۲) عەلی کۆیلەیی فەرماندەی بوو دواتر کەمال حاجی ئاغا بووە فەرماندەی کەرتەکە
- کەرتی (۳) برایم حاجی کوێخا فەرماندەی بوو
- کەرتی (٤) ڕەحمان سەیدە فەرماندەی بوو
- کەرتی (٥) حاجی گەلاڵی فەرماندەی بوو دوای ئەحمەد سۆراو

## شـــەڕی گــەرەوان 1981

ڕەوە کۆپتەرێکی دوژمن لە ڕۆژی ۱۹۸۱/۲/۲۰ پەلاماری دێی گەرەوایناندا و بەنیازبوون هێز دابەزێنن، پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی (۷ و ۸) بەرنگاریان بوونەوە و نەیانهێشت هێز دابەزێنن

کۆپتەرەکانی دوژمن بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆردومانی گەرەوانیانکرد لە ئەنجامی بەرەنگاری پێشمەرگە دوو کۆپتەر پێکران و فڕۆکەوانێک بریندار بوو

لە بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمندا (۸) پێشمەرگە برینداربوون ، یەکێک لە پێشمەرگە بریندارەکان بەناوی (مستەفا عەولا) لەژێر کاریگەری برینەکەیدا شەهید بوو.

## شـــەڕی ناوخـــۆ

ساڵی ۱۹۸۱ شەڕی ناوخۆ لە نێوان (ی ن ک) و بەرەی جود بەردەوام بوو لە باڵەکایەتی- دۆڵی بالیسان- قەندیل.

سەرەتای مانگی ۲ی ساڵی ۱۹۸۱ هێزەکانی هەرێمی (۷)و قیادە موەقەتە لە سەری جوانەگا و چیای کورەک ڕووبەڕوو بوونەوە لەو شەڕەدا ناوچەکەیان لە قیادە مۆقەتەو حزبی سۆسیالیست پاککردەوە.

ئەو کاتانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرقاڵی لێدانی هێزەکانی دوژمن بوون قیادە مۆقەتە شەڕی هێزەکانی یەکێتیان دەکرد.

هێزێکی قیادە مۆقەتە ڕێگای سەرکردایەتیان گرتبوو پێشمەرگەکانی یەکێتی بە زەحمەت هاتووچۆیان بۆ دەکرا ناچار هێزی پێشمەرگە چوونە سەر هێزەکەی قیادە مۆقەتە و ڕێگەکەیان کردەوە، جارێکیتر قیادە مۆقەتە لە قەندیلەوە هاتنە سەر زنجیرەی دۆڵی باڵەییان، مەفرەزەیەکیتریان هاتنە سەر دێی کۆیلە بارەگای پێشمەرگەکانی باڵەکایەتییان سووتاندو گەڕانەوە.

## شـــــەڕی مــاویلیان

لە هاوینی ساڵی ١٩٨١ قادر خەبات، برایم کوێخا، کەمالی حاجی ئاغا، ڕەحمان سەیدە بۆسەیەکیان لە ماویلیان دانا سەربازێکی زۆریان کوشت، لەو شەڕەدا (١٨) کلاشینکۆف دەستکەوت بوو.

## ڕاگـــــواستنی گـــەلاڵە
## 1981/8/8

ساڵی (١٩٨١) ڕژێمی عێراق شارۆچکەی گەلاڵەی ڕاگواست، هەرێمی (٧)ی باڵەک بە تایبەت کەرتی (٥)ی گەلاڵە تەقەیان لە هێزەکەی ڕژێم کرد کە هاتبوون بۆ ڕاگواستنی گەلاڵە تا ماوەیەک ڕاگواستنەکە دوابخەن.

دوژمن پەنای بردە بەر کۆپتەری جەنگی و تەقەیان لە پێشمەرگە کرد بە دەستڕێژی کۆپتەرەکان (٧) پێشمەرگە شەهید بوون.

پێشمەرگەکانی گەلاڵە لە سەر ڕێگای گشتی بۆسەیەکیان دانابوو تا ڕێگە لە ڕاگواستنی گەلاڵە بگرن دوژمن بە زەحمەت و بە هێزی زۆرەوە توانی گەلاڵە ڕاگوێزێت خەڵکی گەلاڵەیان بردە قەزای (سدیق) لەوێ نیشتەجێیانکردن کە ئێستا قەزای سۆرانە.

## شــــەڕی جـــود

لە مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٨١ بەرەی جود پەلاماری دۆڵی خانەقایدا شەڕ تاوەکو شەوی خایاند هێزەکەی یەکێتی هاتنە دەرگەڵە لەوێشەوە هاتنە گەرەوان بۆ بەیانی هاتنە گەرووی مەنجەڵ.

## شـــەهید بوونی حـــەمە ڕەش

ڕۆژی ١٩٨١/١١/١٧ هێزەکەی باڵەکایەتی لە گەرووی مەنجەڵ لە زنجیرە چیای کاروخ بوون لەگەڵ چەکدارەکانی سۆسیالیست تووشی شەڕ هاتن لەو شەڕەدا حەمە ڕەش گەلاڵی شەهید بوو.

## قـــــووەتی کـــاروخ
## 1981

ساڵی ١٩٨٠ ئەحمەد مەولود لەگەڵ هێزێک لە هەرێمی باڵەکەوە گواسترایەوە بۆ هەرێمی ١٤ی ئاکۆ ساڵی ١٩٨١ هەڤاڵ مامجەلال، ئەحمەد مەولودی ڕاسپارد قووەتی کاروخ درووست بکات.

**دەستەی قووەتی کاروخ بەمجۆرە بوو:**

- ئەحمەد مەولود فەرماندەی قووەتی کاروخ
- برایمی حەمەدی حسێنی جێگری قووەتی کاروخ

فەرماندە کەرتەکان:

- حاجی ماونی فەرماندەی کەرت
- شێخ ئیسماعیل فەرماندەی کەرت
- عەزیز داود فەرماندەی کەرت

بارەگای قووەتی کاروخ لە گەڕەکی سولێ بوو لە وەرتێ، ساڵی ١٩٨٢ قووەتی کاروخ کرایە تیپی کاروخ.

## ســــاڵی 1982

ساڵی ١٩٨٢ هەرێمی باڵەک چوونە سەر فەوجی هۆمەراوێ و بە ئاربیجی و بیکەیسی لە فەوجەکەیاندا.

هەر لە ساڵی ١٩٨٢ هەرێمی (٧)ی باڵەک هەڵوەشایەوەو هەر دوو تیپی ٧٤ی باڵەک و ٧٨ی کاروخ درووستکرا.

هەواڵنامەی کتێب

مەفرەزە سەرەتاییەکانی
هەولێر-کۆیە- خۆشناوەتی
هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر

## مەفرەزە سەرەتاییەکانی هـــەولێر- کۆیە- خـــۆشناوەتی هـەرێمی هـەشتی دەشــتی هـەولێر

لە دوای هەرەس و شکستی شۆڕشی ئەیلول هەولێر خەوی لێنەکەوت، چاوەکانی هەڵگلۆفین بۆ چەند ساتێکیش نەسرەوت، شانی دایە بەر باری گلاوو مەینەتباری شۆڕش، لە ناو شکستدا سەری دەرهێناو سەنگەرەکانی بوژاندەوە، هەولێر بە گەورەیی و بەرزی و ورەی قەڵا، قەڵای ئومێدی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا درووست کردەوەو مەفرەزەکانی ناردە شاخ.

بە پانتایی جوگرافیای هەولێر هەر لە دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی و زرارەتی و قەراج و کەندیناوا تا دەگاتە بناری باڵا بەرزی کۆسرەت بوونە مەیدانی بەرینی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە.

هەنگاو هەنگاو ، یەک یەک و دوو دوو، پێشمەرگەکان چوونەوە شاخ هەتا بوونە دەستە دەستە و بوونە مەفرەزەو کەرت، باڵیان لێکداو لە ئاسمانی بەرینی کوردستاندا لە دوای شکستی باڵەکان فێری باڵە فڕێ بوون و ئاسمانیان تەیکرد لە جریوەی ئازادی و سروودی هەڵایسانی شۆڕشی نوێیان چڕی، گوێی دەربەندیان پڕ کرد لە قاسپە، خەندەیان خستەوە سەر لێوی منالان و شاخ و شاریان بە یەک گەیاند.

هەولێرو کۆیە و خۆشناوەتی و بناری کۆسرەت پڕبوونەوە لە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧ چەند مەفرەزەیەک درووست بوون.

مەفرەزەی سەعدی گچکە

مەفرەزەی سەید کاکە

مەفرەزەی مەلای حاجی ڕەسوڵ

مەفرەزەی قادر مستەفا

هەر مەفرەزەیە لە چەند پێشمەرگەیەک پێکهاتبوون شاخەوان عەباس، ڕێباز، عەلی ساڵح، نامیق، ملازم سەید کەریم، سلێمان بیرێژی، سامان گەرمیانی لە کۆیەو دەشتی هەولێر بوون، هێزی پێشمەرگە و ژمارەی پێشمەرگە فراوانتر دەبوون، دەیان پێشمەرگەیتر هاتنە ڕیزی هەڵۆکانی دەشتی هەولێرو کۆیەوە.

## چـــوار مـــــەفرەزەکە
## 1977-1976

**مەفرەزەی سەعدی گچکە:**

١- قادر عەزیز
٢- تاهیر گاوەرەیی
٣- فەریق هەمزە
٤- قەرخ قەراجی
٥- شاهێن عیزەدین
٦- فاروق سدیق
٧- موحسین حەمە شین
٨- یاسین قادر
٩- عەباس عەزیز
١٠- زیاد گچکە
١١- جەمال ئەحمەد خۆشناو
١٢- مام عەلی
١٣- تەها کاوانی

**مەفرەزەی سەید کاکە:**

١- سەید موحسین گۆمەتاڵی
٢- سەید موحسین گۆمەشینی
٣- سەید جەبار
٤- سەید کەمال
٥- باپیر گورزەیی
٦- ئەحمەد گورزەیی
٧- ئەحمەد محەمەدەمین چەمرگەیی
٨- سامی سەید عوبێد
٩- سەباح جەمیل

١٠- سەلیم کێشە

**مەفرەزەی مەلای حاجی ڕەسوڵ:**

١- بەکر حەمەد

٢- نادر مەنتک

٣- عوسمان لاوە

**مەفرەزەی قادر مستەفا:**

١- ئەحمەد سماقە

٢- ئەحمەد کوردە

٣- بەکر عەزیز سینەم

٤- ئەحمەد قەمبەری

٥- میرزا ئەحمەد ئەمین

٦- عەزیز کەڵەکی

٧- سابیر عەزیز

٨- محەمەد عەزیز

٩- محەمەد ڕەسوڵ سێگردکانی

١٠- حسێن دۆشکە

١١- کاوە مەخموری

١٢- جەوهەر گردە سوری

١٣- کەریمە سوور

بەشێک لە پێشمەرگەکانیتری هەولێر- کۆیە کە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون بریتی بوون لە :

عەلی ساڵح

محەمەد عەجەم

سەدرەدین

ئەسعەد ئاومالی

هەواڵنامەی کتێب

عەلی ئاومالّی
زرار مەجید
سامی قادر
عبدالله سابیر
سمکۆ
خالید سابیر
ڕێباز
شاخەوان
حەمەلاو
ئیسماعیل
سەید کەریم
عادل شکور
سامان گەرمیانی

## زنجیرەیەك چالاكی لە مانگی یەكدا

١٩٧٧/١/٤دەستەیەک پێشمەرگە لە هاوینە هەواری سەلاحەدین هێرشیانکردە سەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی دوژمن .

زیانی دوژمن کوژرانی (٤) پۆلیس و یەک عەریف، یەک معاون، ئۆتۆمبێلەکەش تێکشکێندرا.

*هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/١/١٢ پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیدا لە دێی سکتانی نزیک کۆیە شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو، لەو شەڕەدا (٢٤) سەرباز کوژران و برینداربوون.

دەستکەوت (١) بێتەل و کەلوپەلیتر

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ١٩٧٧/١/١٥ لە کەپکی گەروەتەی نزیک شەقلاوە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، لەو بۆسەیەدا (٨) سەرباز و ملازمێک کوژران.

دەستکەوت (٥) کلاشنکۆف، (٣) دەمانچە، کەلوپەلیتر.

## هەولێر کۆیە مانگی 1977/1

*دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١/٢٠ لەسەر ڕێگەی کۆیە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، لەو بۆسەیەدا (١٢) سەرباز کوژران و (٣) سەرباز بریندابوون.

*دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١/٢١ لە چیای هەیبەت سوڵتانی کۆیە بۆسەیەکیان بۆ زیلێکی سەربازی دانا، هەر لەو بۆسەیەدا چوار سەرباز کوژران و سێ سەرباز دیلکران و دواتر ئازادکران. دەستکەوت یەک هاوەنی (٨٢) ملم.

## ســـــەفین، شـــــەقلاوە، شـــــیواشۆك

١٩٧٧/٢/٢ دەستەیەک پێشمەرگە لە نزیک شیواشۆک هێرشیانکردە سەر قافڵەیەکی سەربازی.

زیانی دوژمن کوژرانی (١٧) سەرباز و بریندابوونی (١١) سەرباز. دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف.

*دەستەیەک پێشمەرگە لە چیای سەفین ١٩٧٧/٢/٢ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، لەو بۆسەیەدا ئەفسەرێک و (٥) سەرباز کوژران. دەستکەوت (٥) کلاشینکۆف بوو.

*١٩٧٧/٤/٥ دەستەیەک پێشمەرگە لە نێوان هەریرو شەقلاوە هێرشیانکردە سەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی و (٥) سەرباز کوژران

## چـــــــــالاکی

ڕۆژی ١٩٧٧/٢/١٢ مەفرەزەی قادر مستەفا بۆسەیەکیان بۆ پۆلیسی قوەی سەیار دانا کە هاتووچۆی شەریکەی نەوتی شیواشۆکی دەکرد، دوای شەڕێکی یەک کاتژمێری ژمارەیەک پۆلیس کوژران، پێشمەرگەی قارەمان عەبدولڕەحمان سونەگوڵی شەهید بوو.

مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی (ی ن ک) کەوتنە جووڵە و چالاکی نواندن، سەرەتا خۆیان بە خەڵک و دێهاتەکان ناساند، کۆبوونەوەیان لەگەڵ خەڵکی دێیەکاندا دەکرد ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوون دەکردنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ ئاڵا هەڵگرانی مەشخەڵی ئازادی بوون ماڵ بە ماڵ و دێ بە دێ و لوتکە و شاخ و بنارو ماڵە ڕەشماڵەکانی کوردستان دەگەڕان هەتا بە خەڵک بڵێن کورد زیندووە شۆڕشی نوێ هەڵایساوەو خەبات و تێکۆشان تا کەناری سەرفرازی بەردەوامە.

جگە لە مەفرەزەکانی سنووری هەولێر پێشمەرگەکانی ناوچەکانیتریش دەهاتنە سنووری هەولێرو دەشتی کۆیە تا پەیامی شۆڕش بگەیەننە ماڵە جووتیارەکان.

عەلی عەسکەری سووپا سالاری کوردستان لە کۆبوونەوەی بێدەلاندا لە ماڵی خۆیان مەفرەزەکانی بە سەر ناوچەکاندا دابەشکرد هەتاکو تێکەڵاوی خەڵک بن و بە ناوچەکاندا بگەڕێن، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئەحمەدی حاجی عوسمان لە بەری مەرگەو کانی توو هاتنە دێی (بۆگد)ی دەشتی کۆیەو لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا تووشی شەڕ بوون.

## خـــــەلەکان، سـکتان، سـەری ڕەش

دەستەیەک پێشمەرگە لە دۆڵی خەلەکان لە ١٩٧٧/٢/١٣ ئۆتۆمبێلێکی سەربازییان گوللە بارانکرد لە ئەنجامدا چوار سەرباز کوژران.

دەستکەوت سێ کلاشینکۆف بوو.

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/٢/١٣ پەلاماری دێی سکتانیانداو بەسەر شۆڕی گەڕانەوە.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٢/١٤ نزیک هاوینە هەواری سەری ڕەش دوو ئەندازیاری فەڕەنسی و ئەندازیارێکی جەزائیریان دەستگیر کرد دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش ئازادیانکردن.

١٩٧٧/٢/٢٠ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیک کۆیە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، لەو بۆسەیەدا (٨) سەرباز کوژران . دەستکەوت (٨) کلاشنکۆف بوو

١٩٧٧/٢/٢٨ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ڕێگەی هەولێر کەرکوک بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلکی سەربازی دانا لەو بۆسەیەدا (٥) سەرباز کوژران .

دەستکەوت (٥) کلاشینکۆف بوو.

## لـــــێدانی مـــونەزەمە

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٣/٢١ لە هاوینە هەواری سەلاحەدین بە ئاربی جی لە بارەگای مونەزەمە و دائیرەی ئەمنیاندا

## چـــالاکییەکانی مـــانگی چـــوار

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/٢ نزیک دیگەڵە و لەسەر ڕێگەی هەولێر کۆیە بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانکرا.

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) پۆلیس و معاونێکی پۆلیس.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/١٠ چوونە ناو دائیرەی ئەمنی بەحرکە، مەفرەزەکە پێنج ئەمنیان گرت و دەستیانگرت بەسەر کەلوپەلی دائیرەکە و داوو دەرمانی نەخۆشخانەکەدا ، بە ئۆتۆمبێلی دایرەی ئەمن کەلووپەلەکانیان تا شوێنێکی دوور گواستەوە و دواتر ئۆتۆمبیلەکەیان سوتاند.

*مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٤/١١ سەربازگەی قوشتەپەی نزیک هەولێریان گوللەبارانکرد. زیانی دوژمن کوژرانی (٨) سەرباز بوو

*١٩٧٧/٤/١١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە هاوینە هەواری سەلاحەدین لە ئەنجامدا (٨) سەرباز کوژران.

*١٩٧٧/٤/١٧ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە مونەزەمەی حیزبی بەعسیان لە شەقڵاوە دایە بەر دەستڕێژی گوللە، لەئەنجامدا شەش کەسی مونەزەمەکە کوژران.

*١٩٧٧/٤/١٩ سێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس لەسەر ڕێگەی کۆیە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە و گوللەبارانکران. زیانی دوژمن کوژرانی (٤) پۆلیس و یەک معاون بەناوی مۆفەق بوو.

*١٩٧٧/٤/٢٣ سەربازگەی قوشتەپە – هەولێر گوللەبارانکراو (٨) سەرباز کوژران.

*١٩٧٧/٤/٣٠ لە کەندیناوە هێرشیانکردە سەر ئۆتۆمبێلێکی مونەزەمەی حزبی بەعس و (٣) بەعسی کوژران.

## سـێ چـالاکی

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٥/٥ دوو ئەندازیاری ئەڵمانییان لە بنەسڵاوە ڕفاند، دوژمن بە کۆپتەر کەوتە گەڕان بە دوایاندا بەڵام بێ ئەنجام بوو.

دواتر بۆ چاوترساندنی خەڵک لەبنەسڵاوە هاووڵاتییەکیان بەناوی محەمەد ئەحمەد شەهید کرد.

دوای ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی ئۆڕش ئەندازیارەکان ئازاد کران.

*ئیڤایەکی سەربازی دوژمن لە ١٩٧٧/٥/٥ نزیک شەقلاوە کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە و گوللەبارانکرا. زیانی دوژمن کوژرانی و بریندابوونی (٨) سەرباز. دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف، تێکشاندی ئیڤاکە.

*دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/٥/٥ لە مەرکەزی ناحیەی عەنکاوەیاندا.

## داســـــتانی بـــۆگد
## 1977/5/8

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەڕایەتی (ی ن ک) بەری مەرگە بووە جێژوانی پێشمەرگەو شکۆفەی شۆڕشی نوێ، دەیان پێشمەرگە، تێکۆشەر، ڕێکخستن، لە ڕیزەکانی (ی ن ک)دا خۆیان بینیەوە، ئەحمەدی حاجی عوسمان و هاوڕێکانی لەو تێکۆشەرانە بوون لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێ پەیوەندیان بە عەلی عەسکەریەوە کرد، لە دێی کانی تووی بناری مەرگە بارەگایان دانا مەفرەزەیەکیان درووستکردوو بوونە پێشمەرگە.

ئەحمەدی حاجی عوسمان و هاوڕێکانی سنوورەکان نەیاندەوەستاندن، هەر ناوچەیەکی کوردستانیان بە ماڵ و سەنگەرو گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر دەزانی لە هەر کوێیەک شۆڕش پێویستی پییانبوایە ئەوان لەوێ بوون، لەوێ قەڵغان بوون، لەوێ پشکۆی ئاگردانی هەڵایساوی شۆڕش بوون.

ساڵی ١٩٧٧ لە ماڵی عەلی عەسکەری لە بێدەلان کۆبوونەوەیەک بە مەفرەزەکان کراو بە سەر ناوچەکاندا دابەشیانکردن.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئەحمەدی حاجی عوسمان نێردرایە دەشتی کۆیە، تا هەواڵی هەڵایسان و جاڕدانی شۆڕشی نوێ بگەیەننە خەڵکی دێهاتەکان، بەرنامەو پەیامی شۆڕشی نوێیان بۆ ڕوون بکەنەوەو پێیان ڕابگەیەنن شۆڕش دەستپێکردووەو شکست قبوڵ ناکرێت.

مەفرەزەکە چەند ڕۆژێک لە دەشتی کۆیە بوون، چوونە دێیەکان و جوتیارو دێنشینەکانیان بینی، هەواڵی هەڵایسانی شۆڕشیان پێگەیاندن، خەڵکیان بۆ ڕیزەکانی شۆڕش و ڕێکخستن هاندا.

ڕژێم هەواڵی گەیشتنی مەفرەزەکەی زانیبوو، تاریک و ڕوونی بەیانی، تازە خەڵکی ئاوایی بوگد لە خەو هەڵدەستان بۆ کاری ڕۆژانە، چەپەری کۆزو بەرغەل نەترازابوون، نوێژی بەیانی زۆر نەبوو کرابوو مەلا سەلای دابوو، هێشتا ڕەش و سپی جودا نەدەکرانەوە، دەنگی باعە باعی بەرغەل لە ناو حەوش و چەپەردا سەرەتای بەرەڵلا کردنیان بوو، کە سووپای داگیرکەری عێراق هێرشیکردە سەر پێشمەرگەکان لە دێی بوگدی دەشتی کۆیە.

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٨ دوژمن بە هێزێکی گەورەو بە پشتیوانی تۆپ و دەبابە و کۆپتەر پەلاماری (بۆگدی) دا کە دەستەیەک پێشمەرگەی سەرەتایی بە فەرماندەیی ئەحمەد حاجی عوسمانی لێبوون.

شەڕ بە گەرمی دامەزرا، پێشمەرگە ڕووبەڕووی ئەو هێزەی دوژمن بوونەوە کە سەر بە لیوای چواری کەرکوک بوون، هەر لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا تاروماریان کردن، پێشمەرگەکان شەڕی دەستەویەخەو سەخت و قورسیان لەگەڵ هێزە زلەکەی داگیرکەردا کرد، شەڕو پێکدان پێنج کاتژمێر بەردەوام بوو، پێنج کاتژمێر شەڕی گەورەو پڕ لە قارەمانێتی پێشمەرگە، کە تیایدا گورزی کاریگەر لە داگیرکەر وەشێندرا.

هێزی گەورەو پۆشتەی دوژمن بە پشتیوانی تۆپ و کۆپتەرو چەکی هەمە جۆر لە بەرانبەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا شکستیان خواردوو بەزین چەکی دەستی پێشمەرگە تەنها کلاشینکۆف و دوژمنیش تۆپ و کۆپتەرو چەکی پێشکەوتوو بەڵام

هەولێرنامەی کتێب

لە بەردەم ئیرادەی دەستە پێشمەرگەیەکدا شکستیان خوارد.

لە داستانی بۆگدا دوو پێشمەرگەی مەفرەزەکە، ئەبوبەکر ڕەسوڵ و عەبدوڵڵا محەمەد بریندار بوون ئەحمەدی حاجی عوسمان[٢٢] کە فەرماندەی مەفرەزەکە بوو بریندارەکانی جێنەهێشت، شەڕی کەم وێنەو دەستەو یەخەی لەگەڵ هێزەکەی داگیرکەردا کرد.

لە شەڕی بۆگد دوای شەڕی بەردەوام و جێنەهێشتنی بریندارەکان، ئەحمەدی حاجی عوسمان فەرماندەی مەفرەزەکە و ئەبوبەکر ڕەسوڵ حەمە عەزیز شەهید بوون و عەبدوڵڵا محەمەدیش بریندار بوو، (٣٠) سەربازی سەر بە لیوای چواری کەرکوک کوژران و دەیانیش بریندار بوون.

پێش شەهید بوونی ئەحمەدی حاجی عوسمان ماڵ و مناڵ و باوکی لە لایەن دەزگا سیخوڕیەکانی بەعسەوە دەستگیرکرابوون و ڕەوانەی بەندیخانەی سەماوە کران، دوای گەیشتنی هەواڵی شەهید بوونی ئەحمەدی حاجی عوسمان بە دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس، کەسوکارەکەی ئازاد کران، ڕژێم بۆیە خێزانی شەهید ئەحمەدی دەستگیرکردبوو تا واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێ بەڵام ئەو بە شەهید بوونی وەڵامی دانەوە.

عەبدوڵڵا محەمەد یەکێک لە بریندارەکانی شەڕی بۆگد، نێردرایە قەندیل، عەلی عەسکەری ناردیە سەر سنوور، لەوێشەوە مامجەلال بە ڕێگەی تورکیادا ناردیە سوریا.

ماوەی چەند ساڵێک لە سوریا لەگەڵ عومەر دەبابەو دکتۆر کەمال خۆشناو مایەوە سەبیحە خان و بەهار خان و خێزانی دکتۆر خالید هاوکاری و خزمەتیانکرد.

بەمجۆرە داستانی بۆگد، بە بەزینی دوژمن و کوژراوو برینداریکی زۆرو شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان، ئەحمەدی حاجی عوسمان و ئەبووبەکر ڕەسوڵ کۆتایی هات.

---

[٢٢] ئەحمەدی حاجی عوسمان پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوو، بەشداری شەڕی گەورەی شارستێن و شەڕی ئاسۆس و قۆپی شیلانەی لەگەڵ عەلی عەسکەریدا کردووە، لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ دا پێشمەرگە و فەرماندە بوو قارەمانی دەیان داستان و نەبەردی بووە.

## حـــاجی قـــەڵا – دێـگەڵە

*ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١٣ چەند کۆپتەرێکی باری و جەنگی لە دێی حاجی قەڵای کۆیە پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیاندا، پێشمەرگەکان بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە شەڕێکی سەخت بەرپابوو.

زیانی دوژمن کوژرانی یەک ئەفسەر و (١١) سەرباز لەوشەڕەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

١- شەهید مەلا جەمیل کاردی (ی.ن.ک) خەڵکی تیژەوتلیان

٢- شەهید فازیل مستەفا خەڵکی کەرکوک

*١٩٧٧/٥/١٥ سێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس لە نزیک دێگەڵەی – کۆیە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی معاونێک و (٨) پۆلیس و سوتاندنی ئۆتۆمبێلێک.

دەستکەوت (٧) کلاشنکۆف

*هەڤاڵ عوسمان محمەد ئەمین ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ماکسی لینینی کوردستان و لێپرسراوی پێشمەرگەی ناو شاری هەولێر لە ١٩٧٧/٥/١٩ دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لەناو کەرکوک شەهید کرا.

*١٩٧٧/٥/٣٠ لە کەندیناوا سێ ئۆتۆمبێلی چەکداری کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە سێ سەرباز کوژران.

## زیـــلی ســــەربازی

١٩٧٧/٦/٢لـە نزیک کۆیە زیلێکی سەربازی کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە لە ئەنجامدا (٧) سەرباز کوژران و (٣) سەرباز بریندابوون.

## بــەرەو دیــداری کاك ئـــارام

شاخەوان، عەلی ساڵح، ڕێباز، نامیق، بەرەو سەردانی کاک ئارام لە ناوچەکانی هەولێرەوە بەڕێکەوتن، لە کانی میران پەڕینەوە بناری پیرەمەگرون بەیانی زوو

هەواڵنامەی کتێب

گەیشتنە دۆڵی جافەتی و چوونە قزلەر لەوێشەوە بۆ یاخسەمەر بۆ ئێوارە گەڕانەوە چۆخماخ دیار بوو کاک ئارام لە جافەتی نەبوو گەڕابووەوە بەری قەراخ.

بە سەر هەورازی کوڕی پیرەمەگروندا بەڕێکەوتن لەگەڵ شێخ شەماڵ چوونە دێی باخ تا شەوی دوایی لە باخ مانەوە بۆ بەیانی چوونە گوڕباز ئێوارەکەی لە گوڕباز کاک ئارامیان بینی.

لەو سەفەرەدا دلێری سەید مەجید لە گەڵیان هاتبوو، لەگەڵ کاک ئارام دانیشتن، دلێری سەید مەجید کاک ئارامی پێناساندن ووتی ئەمەش کاک عەریف بەکرە.[٢٣]

کاک ئارام قسەی بۆ دەکردن ڕێباز بە سەری زمان وەڵامی دەدایەوە دلێری سەید مەجید ئاگاداری کردەوە ئەوە کاک ئارامی سەرکردەیە، بەو جۆرە کاک ئارامیان ناسی.

نزیکەی سێ هەفتە لای کاک ئارام مانەوە، لەو ماوەیەدا کاک ئارام بارودۆخی کوردستانی بۆ ڕوونکردنەوە لە سەر مەسەلە گرنگ و هەستیارەکان قسەی بۆ کردن، بەر چاو ڕوونی دانێ، ڕێنمایی کردن تا بتوانن بە دیدێکی نوێ لەگەڵ گۆڕانکاری و هەلومەرجەکاندا خۆیان بگونجێنن، بە بیری نوێ خۆیان گۆش بکەن، دڵنیایی کردنەوە کە ڕژێمی بەعس تەنها لە زمانی گوللە تێدەگات هەر بۆیە خەباتی چەکداری هاوشانی خەباتی بیرو هزری شۆڕشگێڕانە یەکتری تەواو دەکەن.

دوای سێ هەفتە مانەوە لە ڕۆژی ١٩٧٧/٧/١ ماڵاواییان لە کاک ئارام کردوو گەڕانەوە، کاک ئارام دوو کلاشینکۆفی بە دیاری پێدان و بەڕێی کردن، لە گەڕانەوەیاندا لە قەرەداخ کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە بە زەحمەت ڕزگاریان بوو ماوەیەکی زۆر لە یەکتری دابڕان لە ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٤ لە تیمارۆکی دەشتی کۆیە لەگەڵ عەلی ساڵح یەکیان گرتەوە.

پێشمەرگە پارتیزانەکان بێ پارەو فیشەک بوون جل و بەرگ و پێڵاویان نەبوو پارەش نەبوو بیکڕن، سەرەتای مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٧ چوونە دێی تاڵەبانی

[٢٣] بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت لە لایەن دوژمنەوە لە هەر ناوچەیەک ناوێکی هەبوو لە قەرەداخ عەریف بەکرو لە شارباژێڕ مامۆستا بەکر، عەلی ئامە خان لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوو ڕێباز وایزانی ئەوە کاک ئارامە.

گەورە نزیک تەقتەق داوایان لە جوتیارەکان کرد هاوکارییان بکەن، جووتیارەکان هاوکارییان کردن لە دێی داربە سەر هەر جوتیارەو پێنج دیناری دایە پێشمەرگەکان دوو سەر ئاژەڵیان پێکڕی.

پێشمەرگەکان لە ئەشکەوتی خوار ماڵەکانی داربەسەری گەورە بوون لە بیری ئەوەدابوون ئێوارە بچنە کوێ دەنگی تەقەیان گوێ لێبوو لە شوێنی خۆیان هەستان و دەستیان دایە چەک بە دووربین تەماشایانکرد دوو چەکدار لە دار بە سەرەوە بۆ لای ئەوان دەهاتن کە نزیک بوونەوە یەکێکیان نامیق بوو دوای یەکتر لە ئامێز گرتن ووتی لای مامجەلال و برادەرانی تر بووین سەید کەریم و برادەرانیش لە دۆڵی سماقولین ئەوەش چەکی تازەیە بۆمان هاتووە.[٢٤]

ورەی پێشمەرگەو جەماوەر بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو هێزی پێشمەرگە و شۆڕشی نوێ ترس و دڵەڕاوکێیان لە دڵی دوژمندا درووستکردبوو، دوژمن لە هەوڵی کوژاندنەوەی مەشخەڵی شۆڕش و کپ کردنەوەیدا بوو بەردەوام کۆپتەر لە ئاسمانی ناوچەکانی دەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتی دەسوڕانەوە، کێوماڵیان دەکردو دێیەکانیان دەپشکنی بەڵام نەیانتوانی کۆتایی بە شۆڕش بهێنن، ڕۆژ بە ڕۆژ شۆڕش باڵای دەکردوو هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی لە گەشەو پێشکەوتندا بوون.

هێزی پێشمەرگە لە هەولێرو کۆیە و ناوچەکانیتر لە جمووجۆڵدا بوون، شۆڕش لە قۆناغی خۆناساندنەوە چووە قۆناغی لێدانی دوژمن.

## هـــەرێمی هـــەشت- هـــەولێر

لە ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١٢ لە دوا ڕۆژی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هەرێم دیاریکران هەر ناوچەیە هەرێمێکی بۆ درووستکراو کەسێک کرایە فەرماندەی هەرێمەکە.

هەرێمی دەشتی هەولێر کە ناوچەیەکی فراوانی لە خۆ دەگرت سەعدی گچکە

[٢٤] مانگی (٧) ساڵی ١٩٧٧ مامجەلال گەڕابووەوە کوردستان چەکی تازەی دابووە پێشمەرگە نامیق کلاشینکۆفێکی یەک لاقی وەرگرتبوو.

کرایە لێپرسراوی، لێرەوە چالاکیەکان بەردەوام بوون.
سەید کاکە کرابووە فەرماندەی هەرێمی (١٢) بەڵام لەگەڵ سەعدی گچکە لە سنووری هەولێر- کۆیە مابووەوە.

## گەلی باروتخانە
## شەڕو شەهید بوون
## ناوەڕاستی مانگی (10)ی 1977

سەرەتاکانی شۆڕش وابوو لە ناکاو پێشمەرگەیەک تەسلیم دەبووەوە دەبووایە ڕێو شوێنی پێویست بگیرێتە بەر، ئەگەر زانیاری لە سەر شوێن و ڕێگەی پێشمەرگە بداتە دوژمن هێزی پێشمەرگە لێی زەرەرمەند نەبن.
هەواڵ گەیشت (ز،گ) تەسلیم بووەتەوە لە بەر ئەوەی ئاگاداری ئەوە بوو کە هەندێک چەک و پێداویستی پێشمەرگە لە ماڵی کەریم ئاغای نازەنین شاردراونەتەوە دەبووایە چەک و کەلوپەلەکان بگوازنەوە پێش ئەوەی دوژمن دەستی بیانگاتێ.
ناوەڕاستی مانگی (١٠)ی ١٩٧٧ بە ئاگاداری سەعدی گچکە یاسین قادرو ملازم جەلال چوونە نازەنین لە ڕێگە عەباس عەزیز کەوتە گەڵیان و بوونە سێ پێشمەرگە.
هەر سێ پێشمەرگەکە چوونە نازەنین چەکەکانیان لە ماڵی کەریم ئاغا گواستەوە، نانی بەیانی و نیوەڕۆیان لە ماڵی کەریم ئاغا وەرگرت و چوونە گەلی باروتخانە لە نێوان نازەنین و سناوە.
لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا هێزێکی دوژمن چواردەوری گرتن شەڕ لە نێوان هێزەکەی دوژمن و سێ پێشمەرگەکە دامەزرا.
دوای بەرگرییەکی قارەمانانە یاسین قادر شەهید بوو ملازم جەمال بە برینداری خۆی گەیاندە شاخەکانی پشتی نازەنین ناسنامەو نامەکانی گیرفانی لە پەنا بەردێک شاردەوەو کەوتە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی دوژمن، دوای بەرگری و شەڕی مان و نەمان مولازم جەمالیش شەهید بوو.
عەباس عەزیز دوا پێشمەرگەی ئەو شەڕە بوو کەوتە دەست دوژمن و دوای ماوەیەک لە سێدارە درا.

## شـــــەڕی ســـناوە

هێزێکی دوژمـن لە ١٩٧٧/١٠/١٩ هێرشێکی گـەورەیـان هێنایە سـەر پۆلێک پێشمەرگە لە دێی سناوە، شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگەو دوژمن تا ئێوارە بەردەوام بوو .

زیانی دوژمـن کوژرانی (٢٠) سەرباز و ئەفسەر، کۆپتەرێک پێکراو کەوتە خوارەوە هەموو سەرنشینەکانی کۆپتەرەکەش سووتان.

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

١- شەهید معاون جەمال خەڵکی هەولێر

٢- شەهید یاسین قادر

## تـــەقە لە هــــەورێ، شـــەڕ لە هــەورێ
## 1977/10/24

شاخەوان عەباس، مەلا بەختیار، دلێر، ژمارەیەک پێشمەرگە لە ناو دۆڵێکی درێژدا خۆیان پەنادابوو کە چیای هەورێی دەکرد بە دوو بەشەوە.

بەیانی بوو گوێیان لە دەنگی تەقە بوو مەلای حاجی لە جەلی دابڕابوو هەستیکردبوو پێشمەرگەکان لە کونە فلوسەن بۆ لای ئەوان هاتبوو بەڵام لە (گەلی ئاورێ پەرژین) کەوتبووە بۆسەی دوژمنەوەو شەهید بوو.

کۆپتەرەکان جمووجۆڵی پێشمەرگەکانیان بینی و تەقەیان لێکردن، پێشمەرگەکان بە برنەوو کلاشینکۆف تەقەیان لە کۆپتەرەکان کردەوە بە دەستڕێژی کۆپتەرەکان (دلێر) بریندار بوو.

## پــــێکان و کـــەوتنی کـــۆپتەرێك
## 1977/10/24

سەید کەریم، سامان گەرمیانی، سەید کاکە، سلێمان بێرێژی لە سەر لوتکەیەک دامەزرا بوون، کۆپتەرێکی بارهەڵگر خەریک بوو لە نزیک ئەوان سەرباز دابەزێنێ، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد، کۆپتەرەکە پێکراو لە نزیک دێی بەرەکە کەوتە خوارەوە.

شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕو ڕەوینەوەی سێبەری کۆپتەرەکان چوونە دێی سپینداره نانیان خوارد، بۆ خەوتن چوونه (پوونگینه).

ڕۆژی دوایی تا ئێواره له کانی شیرینەی چیای سەفین مانەوە، بۆ ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکان بوونە دوو بەشەوە، بەرەو دەشتی بەڕانەتی، سماقولی سەرووچاوەو بەنە باوێ و ئاوەگرد ڕۆیشتن.

## پــێش شــەڕی حــەسەن مــوتریب

زستانی سەخت و تۆف و سپی پۆشی ساڵی ١٩٧٧ بناری دیدەوان ماڵی گەرم و گوڕی پێشمەرگەکانی هەولێر بوو ماڵێک لە بەفرو سەرمای ئەو ساڵە تووشە، گەرم بە باوەش و دەروونی گەرمی شۆڕشگێڕان.

داڵە کۆپتەری داگیرکەر کە ژمارەیان زیاتر لە (٢٠) کۆپتەر بوو هاتنە ناوچەکەو هێزیان دابەزاند، ناوچەکەیان بە سەربازو تانک و زرێپۆش گەمارۆ دابوو.

ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) چاو کراوەو زیت و وریا بوون هەمیشە چاویان کراوە بوو هەر جموجۆڵێکی هێزەکانی داگیرکەریان ببینیایە هەواڵیان دەدایە پێشمەرگەو لە جوڵەو پیلانی داگیرکەر ئاگاداریان دەکردنەوە.

یەکێک لە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک)، هەواڵی گەیاندە سەعدی گچەکە مەفرەزەیەکی جاش بێتەلێکی کۆڵە پشتیان پێیەو ئەفسەرێکی ئیستخباراتیان لە گەڵدایە هاتوونەتە دێی حەسەن موتریب.

## شــەڕی حــەسەن مــوتریب
## 1977 /12/21

هێزێک بە فەرماندەیی سەعدی گچکە یەکەم ڕۆژی زستان لە دێی نێرەگین دەرچوون، ئاوی بەستی شەرغە سارد بوو قاچیان هەڵکردوو لە ئاوەکە پەڕینەوە، پێش خۆر هەڵاتن گەیشتنە هەڵەتەکانی نێوان بانە مۆردو جل بە سەر، ئێوارەکەی چوونە جل بە سەر لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە بۆ نەهێنی وەرگرتن، بە سەر ماڵەکاندا دابەشبوون بۆ نانخواردن، سەعدی گچکە پێی ووتن کەس نان و پێخەف

لەگەڵ خۆی نەهێنێ پەلە بکەن لە نانخواردن چوونکە لێرە دەڕۆین.

هەواڵ گەیشتبوو کانەبی چاوشین و ژمارەیەک جاش لە بانە مۆردن، دوای نانخواردن بۆ لێدانی جاشەکان بەرەو بانە مۆرد بەڕێکەوتن.

پێشمەرگەکان چوونە بانە مۆرد بەڵام جاشەکان لەوێ نەمابوون، دوای کۆبوونەوە بەرەو دێدەوان ڕۆیشتن لە ڕێگا لایاندایە هەواری (خلە قازی) هەواڵی جاشەکانیان پرسی ووتیان بەرەو (حەسەن موتریب) ڕۆیشتوون.

پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی سەعدی گچکە بەرەو حەسەن موتریب ڕۆیشتن پێش ئەوەی بگەنە ئاوایی شوانێکیان بینی سەعدی گچکە هەواڵی جاشەکانی لێپرسی شوانەکە ووتی جاشەکان بوونە دوو بەش، هەندێکیان لە مزگەوتن هەندێکیان لە ماڵێکن.

سەعدی گچکە پێشمەرگەکانی دابەشکرد بە چوار دەوری دێیەکەدا:

+ سەید کاکە نێردرایە ڕێگەی هەولێر

+ سەعدی گچکە و (٢٠) پێشمەرگە بۆ هەڵمەت بردنە ناو دێ

+ شاخەوان عەباس، محەمەد ڕەسوڵ، ئازاد خۆشناو، سابیر عەزیز، ئەحمەد عەزیز کوردە لە سەر ڕێی ئاوایی لورکە دامەزران.

+ ڕێباز، سامی قادر، شێرزاد خۆشناو لە سەروی لورکە دامەزران.

حسێن دۆشکە دوو ئاربیجی لە مزگەوتەکەدا سەریکرد جاشەکان ڕایانکرد، جاشێک (عەلی گاور) قاچی شکا، دەستڕێژیان لێکردوو کەوتە ناو مزگەوتەکەوە، شەڕنزیکەی کاتژمێرێکی خایاند:

لەم شەڕەدا چوار جاش کوژران

پێشمەرگەیەکیش بە ناوی محەمەد ڕەسوڵ سێگردکانی شەهید بوو.

## شـــەهید بوونی دوو پـــێشمەرگە

جاشەکانی قالە فەرەج لە ١٩٧٧/١٢/٢٣ گەمارۆی چەند پێشمەرگەیەکیاندا لە دێی شەوگێڕی کۆیە. زیانی دوژمن کوژرانی (٣) جاش و برینداربوونی دوو جاشیتر.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (تۆفیق عەلی باپیر).

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١٢/٢٧ هێرشیانکردە سەر جاشەکانی کانەبی چاوشین لە دێی حەسەن موتریب.

لەو هێرشەدا (٧) جاش کوژران و (٤) جاش برینداربوون

پێشمەرگەی قارەمان (محەمەد ڕەسول سێگرتکانی) شەهید بوو.

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف بوو.

## هــــەولێر - کــــۆیە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/١/١ بە ئاربی جی لە مونەزەمەی کۆیەی حزبی بەعسیاندا هاوکات مەفرەزەیەکیتری پێشمەرگە بە ئاربی جی لە مونەزەمە و مەرکەزی پۆلیسی هیرانیاندا

*لە پیلانێکی دوژمنکاری لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٢ چەند خۆفرۆشێک لە دێی شەیتان باژێڕی کۆیە پێشمەرگە و فەرماندەی مەفرەزە (نعمان محەمەد ئەمین) یان شەهید کرد.

*هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١/١٩ هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگە لە چیای سەفین، پێشمەرگەکانی ناوچەکە لە پشتی چیای سەفین بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە دوای چوار کاتژمێر شەڕ دوژمن شکاو هەڵات.

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٥٠) سەرباز و پێشمەرگەیەکیش برینداربوو.

هێزێکی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٣١ هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگە لە دێی شیوەشانی کۆیە.

پێشمەرگەکان لێیان هاتە دەست و تێکیانشکاندن

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٣٦) سەرباز) ، دوو پێشمەرگەش برینداربوون.

## شـــــەڕی شـــــیوەشان
## 1978/2/2

هێزی پێشمەرگە لە دێی شیوەشان بوون، هەواڵ گەیشت دوژمن بە نیازی پەلامارە، هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوون لە سەعدی گچکە فەرماندەی هەرێم، مەلا بەختیار، مەفرەزەی چەکۆی کەریمە سوور، شێخ جەواد.

سەعدی گچکە، سەید کاکە، محەمەد عەجەم سەنگەریان گرت بە سەر دۆڵی خەلەکاندا دەیانڕوانی، قادر عەزیز، شاخەوان عەباس، مەلا بەختیار لە بناری شاخی « قوباد بەگی» بوون بە سەر دێی شیوەشاندا دەیانڕوانی قادر مستەفاو مەفرەزەیەک لە بناری شاخێک دامەزران چەتۆو شێخ جەواد لە خوار سەعدی گچکەوە دامەزران کاتژمێر ١١ی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٢ شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سووپای داگیرکەر دامەزرا هێزی پێشمەرگە بەرگری گەورەیانکرد گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند ژمارەیەک سەربازیان کوشت و بریندار کرد.

کۆپتەرەکان بۆردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد حسێن دۆشکە دوو گوللە ئاربیجی نا بە کۆپتەرەکانەوەو پێکانی ، کۆپتەرەکان لە پێدەشتەکاندا نیشتنەوە، شەڕ تا ئێوارەی خایاند.

هەولێر کتێب

## هـــــەولێر – کـــۆیە

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/٢/٢ دەرچوون بۆ پشکنینی ناوچەی قەڵای کۆیە پێشمەرگە دلێرەکانی ناوچەکە لە دێی قازبەگیان و شیوەشان بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ تا ئێوارەی خایەند.

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (١٥) سەرباز.

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٧ لەسەر ڕووباری نازەنین بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و برینداربوونی (٩) سەربازیتر.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٢/٢٠ لە دێی چیوە تووشی جاشەکانی ئەنوەر بەگ بوون و لێیاندان دوای شەڕێکی جوامێرانە جاشەکان هەڵاتن .

تاقمێک لە جاشەکانی قالەی فەرەج لە ١٩٧٨/٢/٢٣ لە دێی شەوگێڕی کۆیە گەمارۆی چەند پێشمەرگەیەکیاندا، دوای شەڕێکی جوامێرانە جاشەکان بە سەرشۆڕی گەڕانەوە .

لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان (تۆفیق عەلی بایز) شەهید بوو

## شـــەڕی دەشـــتێو
## شـــەهید بوونی ســـەعدی گـــچکە

سەعدی گچکە ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و فەرماندەی ئازای هەرێمی دەشتی هەولێر، یەکێک لەو سەرکردەو تێکۆشەرانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ دا ئەستێرەیەکی درەوشاوەو هیواو ئومێدی گەلێکی ستەمدیدە بووە، تا کاتی شەهید بوونیشی دەیان دەستی بە زەبری لە دوژمن وەشاندووە.

ساڵی ١٩٦٣ لە شۆڕشی ئەیلولدا بووەتە پێشمەرگە، سەرەتا سەرپەل و دواتر سەر لق و فەرماندەی بەتالیۆن بووە فەرماندەو قارەمانی شەڕەکانی کۆیە- هەولێر- خۆشناوەتی باڵەکایەتی بووە، فەرماندەی بوێری شەڕی سێ مانگەی چیای سەرکەشی ماکۆک و شیشار بووەو هەر لەو شەڕەشدا بریندار بووە، تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بووە.

دوای هەرەسهێنان و بڵاوە پێکردنی شۆڕشی ئەیلول سەعدی گچکە نائومێد نەبوو ڕوویکردە شاری مەهاباد پەیوەندی لەگەڵ عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو ڕەسوڵ مامەندوو عومەر دەبابە درووستکردووە، دوای بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ورمێ لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ بووە، لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) لە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٨ لەگەڵ عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە، سەید کاکە، قادر عەزیز، دکتۆر خالید، ملازم تایەری عەلی والی، جەعفەر ئەسوەد ڕوویانکردە شاخ و مەفرەزەی پارتیزانییان پێکهێنا.

# شـــــــەڕی دەشـــــــتێو

سەعدی گچکە فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێرو ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەڕێکەوت، لە ڕێگادا بۆ سەرکردایەتی و بە ڕێگای ناوچەکانی پشدەردا لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨ تووشی شەڕێکی نابەرابەر بوون لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەردا کە تیایدا سەدان سەربازو دەبابەو کۆپتەر بەشداریانکرد، دوای شەڕێکی قارەمانانە و بەرگرییەکی بێ وێنە (١٣) پێشمەرگە شەهید بوون کە سەرقافڵەیان سەعدی گچکەی سەرکردەو فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر بوو لەو شەڕەدا (٤١٠) ئەفسەرو سەربازی داگیرکەر کوژران و سێ کۆپتەریش خرانە خوارەوە.

(ئیسماعیل تایە نعێمی) فەرماندەی ئەو کاتی فەیلەقی یەکی عێراق لە کتێبەکەیدا بە ناوی (تجربتی فی القیادە) باسی لە شەڕی دەشتێو کردووە و نووسیویەتی (٤١٠) ئەفسەرو سەربازی عێراق کوژران و دەیانیش بریندار بوون، سێ کۆپتەریش خراونەتە خوارەوە ئەم دانپیانانەی فەرماندەی فەیلەقی (یەکی) عێراق سەبارەت بە شەڕی دەشتیۆ کە پێدەچێت زەرەرو زیانی دوژمن زۆر لەوە زیاتر بێ.

لە شەڕی دەشتێودا جگە لە شەهید بوونی (١٣) پێشمەرگەو فەرماندە، چوار پێشمەرگەش بە دیل گیران کە دواترو لە ١٩٧٨/٦/٢١ لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارە دران کە ئەم نەمرانەن:

١- شەهید سەعدی عەزیز حەمەدەمین ناسراو بە سەعدی گچکە فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر.
٢- شەهید فاروق صدیق ئەندامی کۆمەڵەو ڕێبەری سیاسی هەرێم.
٣- شەهید فەرخ قادر پێشمەرگە
٤- شەهید فەریق هەمزە پێشمەرگە
٥- شەهید شاهین عیزەدین
٦- شەهید تاهیر محەمەد عەلی
٧- شەهید جەبار ئیسماعیل

هەولێرنامەی کتێب

٨- شەهید عوسمان باوە

٩- شەهید عەزیز باپیر

١٠- شەهید سامی عوبێد

١١- شەهید سەباح جەمیل

١٢- شەهید ئەحمەد محەمەد ئەمین

١٣- شەهید ئەحمەد محەمەد

ئەو پێشمەرگانەی بە برینداری بە دیل گیران:

١- جەعفەر ئەسوەد

٢- حسێن عبدالرحمن

٣- جەواد کەریم

٤- کەمال واحید

لە ١٩٧٨/٦/٢١ لە موسڵ لە سێدارەدران.

سەعدی عەزیز حەمەدەمین، سەعدی گچکە ساڵی ١٩٤٣ لە دێی (سێبیران)ی نزیک قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە دایک بووە بنەماڵەکەی سەر بە هۆزی (مەمان) بوو.

لە ماوەی ساڵێک و حەوت مانگی پێشمەرگایەتیدا دەستی بە زەبری لە داگیرکەر وەشاند.

لە مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگای سەرەکی نێوان خانزاد بەستۆرە چالاکییەکی ئەنجامدا لەو چالاکییەدا ئەفسەرێک بە ناوی (سابیر زێدان) و دوو پۆلیس کوژران لە شەڕی سناوە کە تیایدا کۆپتەرێک خرایە خوارەوە سەعدی گچکە فەرماندەی ئەو چالاکییە بوو.

لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٧ شەڕی هەورێ بە فەرماندەیی سەعدی گچکە ئەنجامدرا کە تیایدا گورزی کاریگەر لە داگیرکەر دراو کۆپتەرێکیش خرایە خوارەوە.

جگە لەو شەڕو داستانانە، لە شەڕی شیوەشان و قازان بە گیانیش بە هەمان شێوە سەعدی گچکە فەرماندەو قارەمانی شەڕەکە بوو.

سەعدی گچکەی نەمر لە ماوەی تەمەنی کورتی پێشمەرگایەتیدا کە ساڵێک و حەوت مانگ بوو، لە هەرێمی دەشتی هەولێرو ئەو ناوچانەی تیایدا پێشمەرگە بووە، نموونەی فەرماندەو سەرکردەی قارەمان بوو، لەو ماوە کەمەدا جێگە دەستی بە گەشە کردن و فراوانبوونی شۆڕشەوە دیارو بەرچاوە.

## شــــــەهید بوونی (3) پـــێشمەرگە کــۆتایی مــانگی (3) 1978

کۆتایی مانگی (٣) ١٩٧٨ جاشەکانی بێتواتە لە ناوچەی خۆشناوەتی – دۆڵی بالیسان بە دوای شوێن پێی پێشمەرگەدا دەگەڕان تاوەکو بیانخەنە تەڵەو شەهیدیان بکەن.

سێ پێشمەرگە لە سەرووی ئاوایی چیوە لە ئەشکەوتێکی چیای هەورێ سەرخەویێکیان شکاند بوو، جاشەکان چوونە سەریان و دەستگیریان کردن.

دوای ڕادەستکردنەوەیان بە داموو دەزگاکانی ڕژێمی عێراق لە لایەن جاشەکانی بێتواتەوە، لە مانگی (٩) ساڵی ١٩٧٨ لە موسڵ لە سێدارەدران.

## کــــوشتنی مـــلازمێك

مەفرەزەیکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٤/٧ چوونە ناو هاوینە هەواری سەلاحەدین، ملازمێکیان کوشت بە ناوی (خەلیل ئیسماعیل) ژمارەی ناسنامەی (١٢٠٣٨)

## شــــەهید بوونی دوو پــــێشمەرگە

سەرەتای مانگی (٤) ١٩٧٨ چوار پێشمەرگە بە مەبەستی چوونە ناو هەولێر مۆڵەتیان وەرگرت، دوو پێشمەرگەیان تەسلیم بە ڕژێمی عێراق بوونەوە یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە سیخوڕ بە سەر دوو پێشمەرگەکەی ترەوەو شوێن و کاتی گەڕانەوەی ئاشکرا کردن.

محەمەد عەجەم، خالید سابیر، دوو پێشمەرگەی هەرێمی (٨) چوونەوە هەولێر کەسووکاریان بینی بێ ئاگا لەوەی هاوڕێکانیان تەسلیم بوونەوەو کات و شوێنی گەڕانەوەیان ئاشکرا کردوون.

دوای بینینی کەسووکاریان و تەواو بوونی مۆڵەتەکەیان لە شەوی ١٩٧٨/٤/١١/١٠ لە کاتی گەڕانەوەیانداو لە گۆڕستانی سەید مەعروف کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو شەهید بوون.

## پـــــەلاماری دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٧ هێزێکی دوژمن پەلاماری سەر زینە تەرسی ڕەواندزیدا، مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) ڕوو بەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و بریندار بوونی (٣) سەربازتر

## هـــــەولێر - کـــۆیە

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٤ ژمارەیەک پێشمەرگە لە سێدارەد دران کە پێش چەند مانگێک جاشەکانی ئەنوەر بەگ غافڵگیریان کردبوون

١- شەهید نادر حمە ئەمین خەڵکی گەروەتە – شەقلاوە

٢- شەهید عومەر تەها دوری - شەقلاوە

٣- شەهید مامۆستا صباح تاهیر شێخ محەمەد خەڵکی هیران – شەقلاوە

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٥/٢٤ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە دار بەڕووی دەشتی کۆیە

*١٩٧٨/٥/٢٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی ٨ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە گۆپتەپە شیواشۆک

## کـــۆیە - هـــــەولێر

پێشمەرگەکانی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٦/٣ ئۆتۆمبێلی بەڕێوبەری پۆلیسی مەخموریان لە دیبەگە دایە بەر دەشترێژی گوللە

*مەفرەزەیکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٦/١٩ لە نێوان عاقوبان و کەوەرتیانی نزیک شەقڵاوە لەگەڵ هێزێکی دوژمن کەوتنە شەڕ.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و ئەفسەرێک بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٦/٣٠ ژمارەیەک ئۆتۆمبێلیان لە ناوچەی خۆشناوەتی ڕاگرت و ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە ، (١٥) ماتۆڕی حکومەتیشیان سووتاند .

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٧/٨ بایی (٢٠٠٠٠) دینار خانووی دوژمن لە دێی لاسەی شەقلاوە و (١٥٠٠٠) دینار خانووی لە دێی چنێران سووتاند.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ٨ لە ١٩٧٨/٧/١٠ چەند ماکینەیەکی کۆمباینی حکومەتی لە ناوچەی هەریر سوتاند.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٧/١٤ چوونە سەر ئۆتێل سەلاحەدین لە هاوینە هەواری صەلاحەدین ژمارەیک هاووڵاتی بیانییان لەناو ئۆتێلەکەدا کۆکردەوەو ئامانجەکانی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە لەوکاتەدا دوژمن پەلاماری ئۆتێلەکەیدا و شەڕ درووستبوو لەئەنجاما ئەندازیارێکی کشتوکاڵی خەڵکی میسر بەناوی (مەحموود محەمەد ئیبراهیم) بەدەستی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن کوژرا.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٧/١٧ چوونە سەر ئۆتێل بێخاڵ لە هاوینە هەواری سەلاحەدین و میوانە بیانیەکانیان کۆکردەوە و ئامانج و بەرنامەی شۆڕشیان بۆ شیکردنەوە و لەوکاتەدا هێزێکی دوژمن پەلاماری ئۆتێلەکەیدا و شەڕ دروستبوو، لەو شەڕەدا عەقید طارق عەبدوڵلا سالح کوژرا .

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٧/٢١ لە نێوان هەریر و شەقالاوە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە شەڕ لە نیوەی شەو تا بەیانی بەردەوام بوو

مەفرەزەکەی هەرێمی (٨)بە سەلامەتی دەربازبوون.

## گـــــەڕانەوەی قـــادر عــــەزیز

مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ مەفرەزەیەک لە سەرکردایەتییەوە هاتە خوارەوە بۆ دەشتی هەولێرو کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨) بەڵام زۆر نەمایەوەو گەڕایەوە سەرکردایەتی.

## بـــناری ســـەفین

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٨/١٣ لە دێی حوجرانی بناری چیای سەفین نزیک شەقڵاوە بۆسەیەکیان دانا کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە، چوار سەرباز و ڕەیس عورەفایەک کوژرا، مودەڕەعەیەک تێکشکێندرا، تۆبخانەی دوژمن حوجرانی بۆردومانکردوو هاووڵاتیەک شەهید بوو

*مەفرەزیەکی پێشمەرگەی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/٨/٢٣ لەگەڵ جاشەکانی کانەبی چاوشین و شاکر قارد تووشی شەڕبوون، شەڕ تا ئێوارەی خایەند

کوژرانی (٢) جاش و شاکر قارد برینداربوونی (١٢) جاش

## شـــەڕی ســـــماقە

ناوەڕاستی مانگی (٨) ساڵی ١٩٧٨ پۆلێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی قادر مستەفا چوونە دێی (سماقە) و بە سەر ماڵەکاندا دابەش بوون.

کاوە مەخموری و محەمەد عەزیز دوو پێشمەرگەی هێزەکە چوونە ماڵی جوتیارێک کە لە بەرزایی دێی سماقە بوو لە کاتی دابەشبوونی پێشمەرگەکاندا مەفرەزەیەکی جاش چاودێری کردبوون، دوای دامەزراندنی پێشمەرگەکان جاشەکان چوونە سەر ئەو ماڵەی کاوەو محەمەدی لێدامەزرا بوون.

تەقە لە نێوان دوو پێشمەرگەکەو جاشدا درووست بوو پێشمەرگەکان بەرگری دلێرانەیان کرد دوو جاشیان بە سزا گەیاندو کوشت، دوو منداڵی ماڵەکەش بریندار بوون.

## ســـــەید کـــاکە

دوای ڕزگار بوونی و هەڵاتنی سەید کاکەو قادراغا لە زیندانی قیادە موەقەتە و گەڕانەوەیان بۆ سەرکردایەتی، سەید کاکە وەکو فەرماندەی هەرێمی (٨) گەڕایەوە دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی.

## شـــــەهید بوونی حـــەوێز مام بـــرایم
## 1978/9/18/17

حەوێز هیرانی فەرماندەی هێزی خۆشناوەتی بوو لە هەرێمی (٨) دڵشاد مام ڕەزاو کوردە گەروە تەیی لەگەڵ حەوێز هیرانی بوون.

حەوێز مام برایم و دڵشاد مام ڕەزاو کوردە گەروەتەیی لە دێی فریزە بوون ئێوارە بەرەو کاموسەک ڕۆیشتن لە دێی کاموسەک دامەزران لە ماڵی حاجی ئەحمەد نانیانخوارد.

شەوی ١٩٧٨/٨/١٨/١٧ بوو سریەیەکی مغاویری کە لە (٧٠) کەس پێکهاتبوون لەگەڵ گەلە جاشێکی خولە چاوشین چوار دەوری کاموسەکیان گرت پێشمەرگەکان کلاشینکۆفێک و دەمانچەیەکیان پێبوو، شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و گەلە جاشی خولە چاوشین و مغاویردا دروست بوو لە یەکەم دەستڕێژدا دوو چەکدار کوژران دوای بەرگرییەکی کەم وێنە و دلێرانە حەوێز هیرانی فەرماندەی هێزی خۆشناوەتی شەهید بوو ژمارەیەک جاش کوژران و بریندار بوون یەکێک لە جاشە بریندارەکان سەعدی شووشە بوو.

لەو شەڕدا حەوێز هیرانی شەهید بوو، کوردە گەروەتەیی و دڵشاد مام ڕەزا لە دێیەکە دەرباز بوون و لە یەکتری دابڕان، دوای هەفتەیەک یەکیان گرتەوە.

دڵشادی مام ڕەزا لە سماقولی گرتک لە ماڵی کاک هەمزە خۆی حەشاردابوو مەفرەزەکانی دەشتی هەولێر، عەلی ساڵح، ڕێباز، ئەحمەد قەمبەری، شاخەوان عەباس لە سۆراغی ئەواندا بوون تا لە سماقولی گرتک یەکیانگرتەوە.

تەرمی شەهید حەوێز هیرانی کەوتە دەست جاشەکانی خولە چاوشین، جاشەکان تەرمی شەهید حەوێزیان برد بووە هیران ویستبوویان بە ناو هیراندا ڕایکێشن بەڵام کاکەی هیرانی ڕێگەی لەو کارە گرت و نەیهێشت تەرمی شەهید حەوێز ڕابکێشن تەرمەکەیان لە جاشەکان وەرگرتەوەو دایانەوە کەسووکاری.

## دوای هەکاری

ئەو ماوەیە شەڕی هەکاری هاتبووە پێش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێک لە سەرکردەو فەرماندەکانی لە دەستدابوو، دوژمن پڕوپاگەندەی کۆتایی هێنانی شۆڕشی بڵاودەکردەوە بەڵام پێشمەرگە ورەیان بەرزترو ئومێدیان بە ئایندە گەشتر بوو.

مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٧٨ سەید کەریم ناردی بە دوای ڕێبازدا نامەیەکی بە مێژووی ١٩٧٨/٧/٢٢ نیشانی ڕێبازدا کە بە خەتی کاک نەوشیروان نووسرابوو مامجەلالیش ئیمزای کردبوو لە کۆتایی نامەکەدا نووسرابوو براینە شۆڕش هەر سەرکەوتن نییە، هەڵچوون و داچوونە، سەرکەوتن و ژێر کەوتنە، ژێر کەوتن و سەرکەوتنە، هەر سەرکەوتنە.

## چالاکی مەسیف

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/١٠/٥ چوونە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە مەسیف سەلاحەدین، بە ئاربی جی و نارنجۆک و چەکیتر لێیاندان، هەرچی تیادابوو کوژران برینداربوون

هەمان شەو مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) چوونە سەر کارەبای سەلاحەدین و زیانی زۆربان لێدان.

هەمان شەو مەفرەزەیەکیتری هەرێمی (٨) چوونە سەر خانووی فەڕەنسییەکان لە مەسیف سەلاحەدین (٥٠) خانوویان سووتاند، پێشمەرگەیەکیش برینداربوو

## بەرەو سەرکردایەتی
## مانگی 1978/10

سەرەتای مانگی (١٠) ساڵی ١٩٧٨ سەید کەریم، ڕێباز، عەلی ساڵح، ئازاد خۆشناو، چەند پێشمەرگەیەکیتر بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن لە ڕێگەی هەورێ و دەرزیوەو کوێستانی ساوسێکانەوە چوونە گوڵان، دوای پشوودان و نانخواردن زینی ئەستێرۆکانیان بڕی و لە ڕێگای سەنگەسەر خانەقا پەڕینەوە، لە هەورازی

دێی بۆکریسکان ڕێگەیان لێونبوو لە نێوان ڕەبیەکان گیریان خواردبوو بەردێک لەو هەورازە سەختە بەر بووەوەو قاچی مامۆستا ڕەشادی شکاند، مامۆستا ڕەشادیان لەگەڵ خۆیان بردوو چوونە دێی خەزێنە لە دۆڵی بالیسان کە ڕۆژهەڵات ڕەبیەکان لە سەر سەریان بوون دەرفەتی جووڵەو ڕۆیشتنیان نەما، مامۆستا ڕەشادیش نەیدەتوانی بڕوات بارەگای پێشمەرگە بە نەهێنی لە دێی زەنگەلین بوو، سەید کەریم ڕۆیشتبوو بۆ هێنانی ووڵاخ، برسیەتی و ماندوویەتی هەراسانی کردبوون لە ناکاو پێشمەرگەیەک بانگیکردن وەرن ئەوەی لە خوا غافڵە کافرە، چیتان دەوێت بیخۆن، بە سەدان خواردنی لە قتوو نراوو دەیان کیسە کێک و خواردن کەوتبوون، دەستیان کرد بە خواردنی و تێر بوون لە برسیەتی ڕزگاریان بوو ئەوەی مایەوە[٢٥] نایانە پشتی ووڵاخ و باری وڵاخێکیش خواردنیان هەڵگرت.

ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٤ گەیشتنە بارەگای هەرێمی باڵەک زێرۆ فەرماندەی هەرێم بوو، ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە ڕۆژی ١٠/٦ ماڵاواییان کردوو بەرەو چیای سەرکەشی قەندیل بەڕێکەوتن.

## ســــەروان و ســــەید کــەریم

نۆ پێشمەرگە ملی ڕێگەی قەندیلیان گرتبوو تا بگەنە بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ دیداری مامجەلال و کاک نەوشیروان، لە ڕێگا تووشیان بوو بە تووشی هێزێکی ئێرانی کە ١٥٠ پاسدار زیاتر بوون، پاسدارەکان داوایان لە پێشمەرگەکان کرد چەکەکانیان دابنێن سەید کەریم داوای لە پێشمەرگەکان کرد سەنگەر بگرن[٢٦].

سەید کەریم هاواری بە سەر فەرماندەکەی ئەرتەشی ئێراندا کردوو ووتی سەروان بگەڕێرەوە دواوە ئەگینا وەکو سەگ دەتتۆپێنم ئەرتەشی ئێران لە بەردەم نەڕەی سەید کەریم و ئیرادەی نۆ پێشمەرگەدا گەڕانەوە دواوەو ڕێگەیان چۆڵکرد. پێشمەرگەکان بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن ئێوارە گەیشتنە (دەراوی گورگان)

---

[٢٥] ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٦ دوژمن هێرشی کردبوو بۆ ناوچەکە دوای گەڕانەوەیان ئەو خواردنانەیان جێهێشتبوو.

[٢٦] ئەو سەردەمە هەر پێشمەرگەیەک لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە بگیرایە تەسلیم بە عێراقیان دەکردەوە.

ی چیای قەندیل و لە نزیک ماڵە ڕەوەندەکان مانەوە[٢٧]، ماڵە ڕەوەندەکان خزمەتی زۆریان کردن، بەیانیەکەی بەڕێکەوتن، پاش نیوەڕۆ گەیشتنە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە دوورەوە چادرێکی بۆریان بەرچاو کەوت سەید کەریم پێیووتن ئەوە بارەگای مامجەلال و کاک نەوشیروانە.

چوونە بارەگای کاک نەوشیروان زۆر ڕێزی لێگرتن، فەرمووی نانخواردنی کردن، چوونکە قەندیل ساردی کردبوو بە نیازی ڕۆیشتن بوون لەوێ دەچوونە (دەراوی گوێزێ) پاش نانخواردن مامجەلالیش هاتە لایان و بەخێر هاتنیکردن.

لەگەڵ گواستنەوەی بارەگاکان بۆ دەراوی گوێزێ هێزەکەی دەشتی هەولێر لەگەڵ مامجەلال و کاک نەوشیروان ڕۆیشتن، دکتۆر مەحموود، سەید سەلیم، وەسمان بەگ، مامۆستا جەعفەر هاوەڵی ڕێگە بوون.

ئێوارە گەیشتنە دەراوی گوێزێ و هەواری نوێ، ڕێبازو هاوڕێکانی ماوەی دوو مانگ و هەشت ڕۆژ لە بارەگاکانی سەرکردایەتی مانەوە، لەو ماوەیەدا سوودی زۆریان وەرگرت، لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەمەندترو لە ڕووی هوشیارییەوە قوڵتر بوون پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتی درووستکرد.

## شـــــەهید بوونی (3) پـــــێشمەرگە
## قـــادر عەولا و هـــاوڕێکانی
## 1978/11/14

لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشی نوێ بەڕێبەرایەتی (ی ن ک) و ساڵانی دواتریش دوژمـن و سیخوڕو بەکرێگیراوی دەنـاردە ڕیزەکانی شـۆڕشـەوە تا پێشمەرگە شەهید بکەن.

مانگی (١١) ساڵی ١٩٧٨ عیسا ناوێک لە لایەن داموو دەزگاکانی بەعسەوە لە زیندان ئازاد کراو نێردرایە ڕیزەکانی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێرو سنووری هەرێمی (٨).

[٢٧] ڕەوەندەکان بەهاران دەچوونە بناری قەندیل تا پایزێکی درەنگ دەمانەوە، ماست و شیرو پەنیرو کەرەیان درووست دەکرد، پێستەیان خۆش دەکرد، تاوڵ هۆبەیان هەڵدەدا، لە مانگی (١٠) بە دواوە بە تەواوی ساردی دەکرد دەگەڕانەوە شوێنە گەرمەکان.

سەید کاکە چەند نامەیەکی بە عیسادا بۆ محیّ هەرکی و لوقمان سەید ئەحمەد نارد ڕۆژی ١٩٧٨/١١/١٤ عیسا گەڕایەوەو چوار چەکداری لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو کە سیانیان برای خۆی بوون.

عیساو چەکدارەکانی چوونە مەفرەزەکەی قادر عەبدوڵلا لە (ئاوماڵ) قادر عەبدوڵلا گیسکێکی بۆ سەر بڕین ئەو شەوە لە ئاوماڵ مانەوە بەیانی زوو لە ئاوایی دەرچوون بۆ لوولی پشت دێی بەردە سپی لەویّ جێگەیان چاککرد بۆ خەوتن.

سەرەی ئێشکگرتنی عیسا بوو پێشمەرگەکان خەوتبوون عیسا بە هێواشی چەکدارەکانی خۆی خەبەر کردەوەو چوونە سەر سەری پێشمەرگەکانیترو تەقەیان لێکردن، سیّ پێشمەرگەیان شەهید کرد پێشمەرگەیەک بە برینداری جێما وایانزانی ئەویش کوژراوە، پێشمەرگەیەکیش بە دەست بەستراوی تەسلیم کرایەوە.

**شەهیدەکان:**

١- شەهید قادر عەولا فەرماندەی مەفرەزە

٢- شەهید فارس ئەحمەد

٣- شەهید حەسەن کانی سلەیمانەیی

+ ڕەحمان ڕەشید بە برینداری جێما

+ چەتۆ خورخوری بە دەست بەستراوی تەسلیم کرایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــەهید بوونی ڕەســوڵ حاجی ئەحــــمەد شـــەڕی گـەلی ئەشـــکەوتان

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی حاجی ئەحمەد بۆڵی هاتنە ناوچەی خۆشناوەتی، لە شەوی ١٩٧٨/١١/١٩ لە کۆدەرەی نزیک سکتان لەگەڵ جاشەکانی قاسم ئاغا تووشی شەڕ بوون، ڕەسوڵی حاجی ئەحمەد بۆڵی لەو شەڕەدا بریندار بوو بۆ ڕۆژی دواتر شەهید بوو.

دوای بە خاکسپاردنی ڕەسوڵ مەفرەزەکەی حاجی ئەحمەد بۆڵی لەگەڵ هێزێکی دەشتی هەولێر یەکیان گرت، لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٣ لە (نازەنین)ەوە بەرەو سناوە بەڕێکەوتن دنیا تاریک بوو گەیشتنە سناوە.

شەو بارگەو بنەی پێچایەوەو دنیا ڕووناک بووەوە، شاخەوان عەباس، تالیب ئەسوەد بەرەو گەلی ئەشکەوتانی (سناوە) سەرکەوتن لە سپیلکەکەی (سەرگەی گەلی) سەربازی دوژمن دەنگیاندان، تەقە درووست بوو شەڕ دەستپێکرد.

هێزی پێشمەرگە بەرەو سەر هەڵکشان، شاخەوان عەباس، ڕەشید گەزنەیی و سێ پێشمەرگەی مەفرەزەکەی حاجی ئەحمەد بۆڵی شوێنەکەیان زاڵبوو بە سەر هێزەکەی دوژمندا لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتوو بێ زیان بوون.

زیانی دوژمن کوژران و بریندار بوونی حەوت سەرباز بوو.

## چـــــالاکی کـــۆیە

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/١٢/١٩ چوونە ناو شاری کۆیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە چوونە ناو کۆیەدا تووشی شەڕبوون، دوای شەڕێکی جوامێرانە دوو پۆلیسیان کوشت و گەڕانەوە

هەمان مەفرەزە جارێکیتر چوونە ناو کۆیە تووشی شەڕبوون، لەئەنجامدا جاشێک بریندار بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٨/١٢/١٩ لە دێی بەرەکەی شەقڵاوە ڕووبەڕووی جاشەکانی ناوچەکە بوونەوە شەڕ سێ کاتژمێری خایەند، لە ئەنجامدا دوو جاش کوژران و (٣) جاشیتریش بریندار بوون.

## هـــــــــەولێر

چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٩/١/٤ لە نزیک پیبازۆکی حاجی قەڵا بەرەنگاری هێزێکی جاش و سەرباز بوونەوە و شەڕ چەند کاتژمێرێکی خایەند

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک و دوو سەرباز

قوربانی پێشمەرگە (شەهید ئەحمەد قادر خەڵکی سێکانی) بوو

١٩٧٩/١/١٤ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە دێی بەردەسپیانی کۆیە بەرەنگاری پەلامارێکی دوژمن بوونەوە و شەڕ چوار کاتژمێری خایەند، دوژمن کوژراوو بریندااری هەبوو

١٩٧٩/١/١٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە دێی قەڵا سنج ڕووبەڕووی پەلامارێکی دوژمن بوونەوە و ڕاویاننان

ڕۆژی ١٩٧٩/١/٢٧ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە دێی قەڵا سنجی شەقڵاوە ڕووبەڕووی هێزێکی دوژمن بوونەوە و شەڕ کاتژمێرێکی خایەند.

زیانی دوژمن کوژرانی ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب، ڕەئیس عورەفایەک و (٢١) سەربازبوو.

## لـــــــێدانی جـــاش

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٩/٢/٣ هێرشیانکردە سەر تاقمە جاشێک کەلە دێی نورەبەگی شەقڵاوە بوو، شەڕ سێ کاتژمێری خایاند، جاشەکان زیانی زۆریان بەرکەوت .

دەستکەوت (١) کلاشنکۆف بوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی ٨ لە ١٩٧٩/٢/٨ هێرشیانکردە سەر جاشەکانی ئەسکەندەر مەسیفی لە دێی گەریاوەی شەقڵاوە جاشەکانیان تا مەسیف سەڵاحەدین ڕاونا هەمان ڕۆژ مەفرەزەیەکیتری هەرێمی (٨) هێرشیانکردە سەر هەمان تاقمە جاش لەناو مەسیف سەلاحەدین زیانی زۆریان پێگەیاندن لەو هێرشە پێشمەرگەی قارەمان محەمەد مستەفا گەریاوەیی شەهید بوو .

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٩/٢/١٢ چوونە ناوچەی بەڕانەتی و تەعاونی دێی بەحرکەیان سووتاند.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٨) لە ١٩٧٩/٢/١٦ نزیک کۆیە بۆسەیەکیان بۆ هێزێکی سەربازی دانا و (٣) سەرباز کوژران .

## دەســـــتگیرکردنی کـاردۆ گەلاڵی و عـــەلی هـــەژار

کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار، دوو سەرکردەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، دوو کادیری پێشکەوتوو، دوو پارێزەری بە توانا بوون، دوو سەرکردەی لاو لە درووستبوون و گەشە کردنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا ڕۆڵیان بینی و جێگە دەستیان بە شۆڕش و گەشەسەندنی (ی ن ک) و بزووتنەوەی سۆسیالیستەوە دیارە بوو.

عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لە ناو هەولێرو دەوروبەریدا لێپرسراوی ڕێکخستن و شانە نەهێنیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوون، دوو پارێزەری دڵسۆزو پشتیوانی هەژاران و غەدرلێکراوان بوون.

دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس هەستیان بە جمووجۆڵی کوردانەو نیشتمان پەروەرانەی کاردۆو عەلی هەژار کردبوو، هەر بۆیە پیلانی دەستگیر کردنیانی دارشت لە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٩ و لە ناو دەزگای هەولێرو لە ژووری پارێزەران، لە کاتێکدا کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار بە عەبای ڕەشی پارێزەرییەوە بەرەو ژووری دادگا دەچوون بۆ پارێزگاریکردن لە چەند پرسێکی هاووڵاتیان کە ئەمان پارێزەریان بوون دەستگیرکران.

لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوەو دوای دەستگیرکردنیان کەسووکاریان بەردەوام لە سۆراغی چارەنووسیاندا بوون بەڵام سەرە داوێک دەست نەکەوت تا لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا دەستگیرا بە سەر بەڵگە نامەکانی ئەمن و دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێم و دەرکەوت لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهید بوون بەڵام بێ ئەوەی هیچ نەهێنیەک بدرکێنن، هەر دوو شەهید عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەر بوون.

کاردۆ لێپرسراوی لقی هەولێری قوتابیانی کوردستان بوو لە شۆڕشی ئەیلول، زیرەک و چالاک بوو، دوو کتێبی بە ناوەکانی (عەلی عەبدوڵلای، شوێن هەڵگر،

قانونە بە ناوبانگەکەی مارکس لە مەڕ ئابووری و سەرمایەداری چاپ کردووە، هۆنراوەشی نووسیوە.

عەلی هەژار نووسەرێکی بە تواناو پارێزەرێکی سەرکەوتوو بوو، تێکۆشەر،سەر ڕاست، ئازا، ئەو ڕۆژەی ئەوانی تیا دەستگیرکران هەمان ڕۆژو لە ٢٠٠٣/٤/٩ لە گۆڕەپانی فیردەوسی بەغدا پەیکەری دکتاتۆر کەوت.

## ئـــــاشکرا بوونی ڕێـــــکخستنەکان

ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) لە کۆیە ئاشکرا بوون دوژمن دەستیکرد بوو بە گرتنیان بۆیە بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخستنەکان لە مانگی ١٩٧٩/٤ ڕوویان کردە سەرکردایەتی، ڕەهبەری سەید برایم یەکێک لەو کادیرانە بوو.

بەشێک لەو کادیرانە دوای ئەوەی بەشداری چەند خولێکیان کرد لە سەرکردایەتی، گەڕانەوە سنووری هەولێر- کۆیە.

## (1) خـــولی برین پـــێچی

یەکەم خولی برین پێچی لە بارەگای سەرکردایەتی لە زەڵێ کرایەوە، دکتۆر خدر، دکتۆر هەژار نێرگزە جاڕی، دکتۆر شادمان، فواد مەستی مامۆستای خولەکە بوون (٤٠) پێشمەرگەی خوێندەوار بەشداری خولەکە بوون ڕەهبەر سەید برایم یەکێک لە بەشداربووەکان بوو.

## (2) خـــولی کـــادیران

خولی پێگەیاندنی کادیران لە ناوزەنگ کرایەوە، کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، سالار عەزیز، وانەیان تیا دەوتەوە یەکێک لە وانەکان بە ناوی (گەشەپێدانی ئابووری کوردستان بوو) کاک نەوشیروان دەیوتەوە.

## شـــەڕی هــەولێر- قـــۆریتان

ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٣ ئیستخباراتی فەیلەقی (٥) بە چاوساغی و بەشداری مەفرەزەی (سەید کۆچەر) چوونە سەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ناو هەولێرو قۆریتان.

کاتژمێر (١)ی دوانیوەڕۆ تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو پێشمەرگە بەرگری دلێرانەیانکرد هێزەکانی ئیستخبارات و جاش زیانی زۆریان لێکەوت ژمارەیەکیان کوژراو بریندار بوون.

**لە مەفرەزەکەی پێشمەرگە:**

١- هەمزە عوسمان قۆریتانی شەهید بوو.

٢- فەرهاد عوسمان بریندار بوو.

پێشمەرگەکانیتر ڕزگاریان بوو.

## داســـــتانی قـــــوڕە بـــــەرازە

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١١ دێی قوڕە بەرازەی دەشتی کۆیە بووە گۆڕەپان و شایەدی شەهید بوون و قارەمانێتی پۆلێک پێشمەرگەی (ی ن ک) کە تێکڕایان کوڕی ڕۆژانی سەخت و مەشخەڵی داگیرساوی شۆڕشی نوێ بوون لە شەوە زەنگی دوای هەرەسدا.

دەشتی کۆیە، ماڵ بە ماڵ و دێ بە دێی وڵاتی کۆیە مەیدان و پێگەیەکی گرنگ و گەورەی شۆڕش بوو لە بەگژداچوونەوەی داگیرکەران و مەڵبەندی گیانبازی و تێکۆشان بوو لە پێناو بەدیهێنانی خەونی لە مێژینەی گەلی کوردستان لە بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستاندا.

لە دەمەدەمی هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) کۆیەو هەولێرو ناوچەکانی ، پێگەو مەڵبەندی درووست بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گەورە بوون و بەهێز بوونی باسکی پێشمەرگە زیاتر باوەشی فراوان و ئاوەڵا بوو بۆ لە ئامێز گرتنی شۆڕش و پێشمەرگە.

بە پانتایی دەشتی کۆیە مەیدانی شەڕو چالاکی و گورزوەشاندن بوو لە هێزەکانی داگیرکەر، دوژمن هەراسان ببوو، دێ بە دێ و شیوو دۆڵ و لاپاڵەکانی کوردستانی تەی دەکرد بۆ دۆزینەوەی پێشمەرگەو خستنە داویان، لە ڕێگەی سیخوڕو بەکرێگیراوانەوە شوێن پێی پێشمەرگەیان هەڵدەگرت تا بۆسەو تەڵەیان بۆ دابنێن و بە خەیاڵی خۆیان شۆڕشی کورد کپ و خامۆش بکەن.

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١١ لە دەرەوەی دێی قـوڕە بـەرازەی دەشتی کۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕووبەڕووی زیاتر لە (١٠٠٠) جاش و سەربازی دوژمن بوونەوە دوژمن تولە ڕێ و هەتا شوانە ڕێ و ڕێگەکانی دەرچوون و دەرباز بوونی لە پێشمەرگە گرتبوو، پانزە کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوون، بە سەدان قوات خاسەیان دابەزاند شەڕێکی گەورەو سەخت و بێ ئامان لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا ڕوویدا، پێشمەرگەکانی دەشتی کۆیە شەڕی گەورەیان لەگەڵ هێزەکەی داگیرکەردا کرد شەڕی مان و نەمان، بە جۆرێک لە بەرەنگاری و

هەواڵنامەی کتێب

گیان بەخشینی کوڕانی کۆیە (١٩) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و گیانیان بە کوردستان. بە شۆڕشی نوێ، بە (ی ن ک) بەخشی.

کوڕانی (ی ن ک) لە شەڕێکی نەهێنگرو غافڵگیردا کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرا بوو زانیاریان لە سەر جمووجۆڵی پێشمەرگەکان لە ڕێگەی سیخوڕو پیاوانی خۆیانەوە دەستکەوتبوو، ئەو پێدەشتەی کۆیەیان بە خوێنی خۆیان ئاو داو داستانی قوڕە بەرازەیان بە خوێن نووسییەوە، خوێنی (١٩) پێشمەرگەی قارەمانی کۆیە کە هەرگیز لە یادوو بیرەوەریدا کاڵ نابێتەوە، بەڵکو وەکو ڕۆژی ماتەمینی لە ڕۆژژمێری دەشتی کۆیەدا دەمێنێتەوە.

شەهیدانی داستانی قوڕە بەرازە ئەم نەمرانەن کە بە خوێنی گەشیان ئەو دەشتەیان ئاوداو سوور هەڵگەڕا لە خوێنی تێکۆشەران و کوڕانی کۆیە.

١٩ شەهید، نۆزدە دار سنەوبەری سەوز، ١٩ گوڵاڵە سوورەی پێدەشتەکانی کۆیە، ١٩ بیرو باوەڕو سەنگەری پتەوی لە بن نەهاتووی شۆڕش، ١٩ مەشخەڵ، ١٩ ئەستێرەی درەوشاوەن و هەرگیز لە ڕەونەق ناکەون.

١- شەهید شەفیق زاهیر کەریم، فەرماندەی هێزی دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی
٢- شەهید ئاودێر عەبدوڵڵا ساڵح
٣- شەهید مەولود حاجی عەبدوڵڵا (مەولود شینە)
٤- شەهید قوباد فەتحوڵڵا سەعید
٥- شەهید عومەر ڕەفیق ئەحمەد
٦- شەهید مەعروف عارف نەجم
٧- شەهید محەمەد حەمەد قۆڵقوڵەیی
٨- شەهید زاهیر محەمەد شەریف
٩- شەهید ئازاد حاجی ڕەفیق
١٠- شەهید جەعفەر سەعید عەباس
١١- شەهید محەمەد قادر
١٢- شەهید ئەحمەد مەحموود ئەحمەد

١٣- شـەهید جبرائیل خدر قادر
١٤- شـەهید محەمەد عەزیز عەلی
١٥- شـەهید سـەعید محەمەد عەلی
١٦- شـەهید ئەنوەر حەمەدەمین
١٧- شـەهید حەویز ئیسماعیل مەحموود
١٨- شـەهید شیروان ئەمین ئیسماعیل
١٩- شـەهید رەفعەت ئەحمەد

پێش داستانی قورە بـەرازە هێزێکی زۆری پێشمەرگە کە زیـاد لە (١٥٠) پێشمەرگە دەبوون هاتبوونە سنووری دەشتی کۆیە، بەشێک لەو هێزە لە شەوی ١٩٧٩/٨/١٠/٩ چوونە ناو شاری کۆیەو لە مونەزەمەو مەخفەری پۆلیسی کۆیەیاندا.

لە شەڕی قورە بەرازەدا کە لە ١٩٧٩/٨/١١ ڕوویدا سێ پێشمەرگە بریندار بوون، ئاودێر نەیویستبوو بریندارەکان جێبهێڵێ ئەویش دەستگیرکراو لەگەڵ بریندارەکان گوللەبارانکرا.

شەهریارو خدر خۆشناو بریندار بوون، ئەوانیش بە برینداری ڕزگاریان بوو، هەر دووکیان دوو پێشمەرگەی قارەمانی دەشتی کۆیە بوون.

تەرمی شەهیدانی داستانی قورە بـەرازە برایە نەخۆشخانەی کۆیە، ڕژێم دەیویست بە خامۆشی بیانکات بە ژێر خۆڵ و خاکەوە بەڵام خەڵکی کوردپەروەری کۆیە لە ناو شارو لە بەردەم نەخۆشخانەی کۆیە کۆبوونەوەو فشاریان خستە سەر ڕژێم، هێزەکانی ڕژێمیان ناچار کرد تەرمی پێشمەرگەکان تەسلیم خەڵکی کۆیە بکەن، جەماوەری تێکۆشەری کۆیە بە دەستی خۆیان تەرمی ١٩ شەهیدەکەی قورە بەرازەیان بە خاکسپارد و دوا ماڵاواییان لێکردن.

شەهریار موفتی یەکێک لە بریندارەکانی شەڕی قورە بەرازە کە لە سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە بەشداری لە شەڕەکەدا کرد یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو بە برینداری ڕزگاری بوو.

هەواڵنامەی کتێب

شەهریار گولله بەر قاچی کەوتبوو خوێنی لە بەر دەڕۆیشت هەر چۆنێک بوو بە شەلەشەل گەیشتە سەر گۆماوێک، ئاوێکی وەستاوو بۆگەن لە گۆماوەکەدا پەنگی خواردبووەوە، گۆماوەکە ئاوی لە بەر دەڕۆیی قەوزەی کردبوو شەهریار تینووی بوو، پشتێنەکەی خستە سەر ئاوەکە تا قەوزەو پیسایی ناو گۆماوەکە نەچێتە دەمیەوە تا توانی ئاوی خواردەوە هەرچی لە ناو گەدەی هەبوو هێنایەوەو ڕشایەوە تووشی ژانە سکێکی بەهێز بوو، برینداری و ژانە سک هەراسانیان کرد لە هۆش خۆی چوو، کاتێک هۆشی هاتەوە بە سواری گوێ درێژێکەوە بوو نەیدەزانی بەرەو کوێی دەبەن، کاتێک بە تەواوی هاتەوە سەر خۆی و بە ئاگا هاتەوە لە بن توترکێک لە شەوگێڕ دانرابوو ئیتر دەستیکرد بە ڕۆیشتن بەڵام نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات ملی ڕێگەیگرت و ڕۆیشت بەرەو هەرمۆتە و لە چاو ون بوو.

کۆیە شڵەژا بوو، خەڵک سەری نابوو بە یەکەوە دەچوونە نەخۆشخانەی شار، بۆ سۆراغ و هەواڵی زانینی شەڕەکەو شەهیدو بریندارەکان.

دیار موفتی برای بچووکی شەهریار ئەو کات تەمەنی دە ساڵان بوو ئەویش چوبووە نەخۆشخانەی کۆیە تا سۆراغی کاکی بکات بزانێت شەهریار شەهید بووە یان بریندارە، کەوتووەتە دەستی دوژمن، یان چارەنووسی نادیارە.

شەهریار گەنجێکی تازە پێگەیشتووی موزەرد بوو، تەرمێکی موو زەردی قژ درێژیان دۆزیەوە وتیان ئەمە شەهریارە دیار چووە سەر تەرمەکە و وتی ئەوە کاکم نیە، ئەو شەهیدەی چوونە سەری وایانزانی شەهریارە دەستی کوترا بوو ناوی خۆشەویستەکەی لێنووسیبوو دیار بەوەدا زانی کە شەهریار نییە، چونکە شەهریار دەستی نەکوترابوو.

دوای دوو ڕۆژ شەهریار بە برینداری خۆی گەیاندە دێی (میر سەید) بۆ ماڵە خالانی کوێخا عەبدەی میر سەیدا، ئەوان هەواڵیان گەیاندە ماڵی شەهریار کە ماوەو زیندووە.

لە شەڕی قورە بەرازەدا ژمارەیەک پێشمەرگە بەشدار بوون، ١٩ پێشمەرگە شەهیدو دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

ژمارەیەک پێشمەرگەش ڕزگاریان بوو کە ئەم ناوانە بوون:

١- دڵشاد محەمەد
٢- فەرەج ئەسعەد
٣- مەندە (مامەند)
٤- ئەحمەد ئیسماعیل (ئەحمەد برنۆ)
٥- کەریم زاهیر
٦- کەریم
٧- ئومێد محەمەد زەینەڵ
٨- ئازاد خۆشناو
٩- شێرزاد خۆشناو
١٠- ئەحمەد جەمیل
١١- شەهریار حەمید ساڵح (شەهریار موفتی)
١٢- خدر خۆشناو
١٣- حەسەن

هەولێنامەی کتێب

## هـــاتنی ســـەید مـــەجید

کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بە فەرمانی مامجەلال خاڵە سەید مەجید کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.

**پێکهاتەی هەرێمەکە بەمشێوەیە بوو:**

١- سەید مەجید فەرماندەی هەرێم
٢- موحسین ئەحمەد مام یەحیا جێگری فەرماندەی هەرێم
٣- ئەسکەندەر حاجی عەقراوی جێگری فەرماندەی هەرێم
٤- مەحموود ئەحمەد بەنزین کارگێڕی لقی ٤
٥- سەعدی خەلیل کارگێڕی لقی ٤
٦- شاخەوان عەباس کارگێڕی لقی ٤
٧- زرار مەجید ڕێبەری سیاسی هەرێم

٨- ڕێباز لێپرسراوی ناوچەی دەشتی هەولێر
٩- سەباح حەوێز کادیری دەشتی کۆیە
١٠- ڕەهبە سەید برایم کادیری خۆشناوەتی
١١- ئازاد خۆشناو فەرماندەی کەرت
١٢- مەجید مەلا فەتاح فەرماندەی کەرت
١٣- فەرەج سەعد فەرماندەی کەرت
١٤- حەمە بۆر فەرماندەی مەفرەزە
١٥- غازی قادراغا ئەندام ناوچە
١٦- جاسم تۆفیق سوسەیی ئەندام ناوچە
١٧- مامۆستا دارا کادیر

## دۆخـــــی هـــەرێمی هەشـــت

هەرێمی (٨) لە سەرەتای پێکهێنانییەوە هەورازو نشێوی زۆری بینی، شەهیدی زۆری بەخشی، قوربانی زۆریدا، لە لایەک ڕژێمی دکتاتۆری عێراق، لە لایەکیترەوە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جودا وایکردبوو بەردەوام هەرێمەکە لە جوڵە دابێت.

هەرێمی (٨) لە ناو تەموومژی ڕووداوەکاندا هەندێک جار هەڵدەکشاو هەندێک جار دادەکشا، بەڵام کۆڵنەدان و بوژانەوە نەریتی هەمیشەیی هەرێمەکەو هێزی پێشمەرگە بوو لە ناوچەکانی هەولێر.

سنووری چالاکی هەرێمی دەشتی هەولێر، کۆیە، بناری کۆسرەت و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێرو ناوچەکانی بوو.

دوای ئەو ڕووداوو گۆڕانکاریانەی لە شەڕی ناوخۆدا بە سەر ناوچەکەدا هات، خاڵە سەید مەجید گەڕێندرایەوە سەرکردایەتی و مەحموود کەشکۆڵ کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨).

هەرێمی (٨) بە فەرماندەیی مەحموود کەشکۆڵ لە بناری کۆسرەت تووشی شەڕێکی گەورە بوون گورزی کاریگەریان لە دوژمندا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون.

## شـــــــەڕی ئـــیللەڵلا

پێشمەرگە قارەمانەکانی حاجی قەڵای هەرێمی (٨) لە شەڕێکی جوامێرانە لە دێی ئیللەڵلا بەرانبەر جاش و سەربازێکی زۆری دوژمن دوای (٨) کاتژمێر شەڕ زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاند.

زیانی دوژمن کوژرانی (٧٥) سەرباز و بریندار بوونی (٥٠) سەرباز ، کوژرانی (٨) جاش و خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک و برینداربوونی ملازم طیارێک .

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف و یەک دووربین .

## بـــــەرەو هـــــەرێمی هـــــەشت دەشـــــتی هـــــەولێر

سەرکردایەتی «ی ن ک» بڕیاریدا شێخ عەلی (مەحموود کەشکۆڵ) بکرێتە فەرماندەی هەرێمی «٨» دەشتی هەولێر، شێخ عەلی بەرەو هەرێمی «٨» بەڕێکەوت، بە بناری قەندیلداو بە دێیەکانی ڕەزگەو مارەدوودا هاتنە خوار جاشەکانی سەنگەسەر بۆسەیان بۆ دانان تەقە لە نێوان پێشمەرگەو جاشەکانی سەنگەسەردا درووست بوو دنیا تاریکی پۆشی و تەقە نەما.

هەمان شەو لە دێی سوڵتانەدێی نزیک قەڵادزێ بۆسەیان بۆ دانان، پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوە دوو لاشەو تفەنگێکیان پێجێهێشتن.

ئەو شەوە بەڕێوە بوون و نەوەستان گەیشتنە بناری ئاسۆس و ڕۆژهەڵات تا ئێوارە لەو بنارە خۆیان پەنادا دوو بار چەک و تەقەمەنییان بە سەر پشتی دوو وڵاخەوە پێبوو بە سەر ئاسۆسدا سەرکەوتن دوژمن دوورە تەقەی لێکردن، لە تەقەکان دەربازیان بوو بە قەیاغ بە ئاوی زێی بچووکدا پەڕینەوە.

# شەڕ لە مێوژە- کەلکان
# بناری کۆسرەت
# 1980/7/2

لە مێوژە تێپەڕین بەرەو کەلکان لەوێشەوە بە نیاز بوون بچنە خدران، ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢ ، (٢٣) پێشمەرگە لە پشتی کەلکانەوە خۆیان حەشاردابوو دوا نیوەڕۆ چوونە خوارەوە بۆ سەرچاوەی کانییەکەی کەلکان هیلیکۆپتەر هاتە سەریان.

پێشمەرگەکان دامەزران هەر یەکە پەنایەکی گرت تەقەیان لە کۆپتەرەکان کرد، شەش کۆپتەری باری و جەنگی بە سەر ئاسمانی شەڕەکەوە بوون دەسڕێژیان لە پێشمەرگەکان دەکرد.

کۆپتەرەکان لە سەر شاخەکان قوات خاسەیان دابەزاند لە سەر شاخەوە تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد.

کۆپتەرێک ویستی نزیک پێشمەرگەکان بنیشێتەوە دایانە بەر دەستڕێژی گوللە کۆپتەرەکە بە پەلە هەستایەوە کلاوو بێری و دەفتەرو جانتایەکی لێکەوتە خوارەوە.

پێشمەرگەکان بە دکتاریۆف، قەنناس، ژێرسێ، کلاشینکۆف تەقەیان لە کۆپتەرەکان دەکرد، هیلیکۆپتەرێک پێکراو نیشتەوە ڕەشاشی یەکێک لە پێشمەرگەکان کەوتە خوارەوە.

شەڕ تا ئێوارەی خایاند، کۆپتەرەکان گڵۆپی سووریان هەڵکردبوو لەگەڵ تاریک بوو شەڕ کۆتایی هات.

**لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون:**

١- شەهید سەعدی قەشقەیی- سیروان

٢- شەهید غەفور مام قادر کێلە سپی

ئەم دوو شەهیدە شێخ حەمە ساڵح برای مامجەلال لە کەلکان بە خاکی سپاردن.

٣- شەهید حەمە عەلی فەتاح

حەمە عەلی بریندار بوو کاتژمێر ٤ی بەیانی لە سەر باوەشی مەحموود کەشکۆڵ شەهید بوو گیانی سپاردە کوردستان و لە دێی «چناران» بە خاکسپێردرا.

لەو شەڕەدا « هاشم زۆبان غەزبان» معاون قائید قوات مغاویر فرقە سانیە

قەمسەڵەکەی جێمابوو جفرەی جیهازەکانی فیرقەکەی لە گیرفاندا بوو جفرەکان کەوتنە دەست پێشمەرگە.

لەو شەڕەدا گەنمێکی زۆری خەڵکی کەلکان سووتا پووش و پەڵاشی ناوچەکە گڕیگرت، لە گەرمەی گڕو چەڕە دووکەڵی سووتاودا، پێشمەرگەیەک بە هاوڕێکانی ووت ئەوەندەمان ووت با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێت هەتا چوار دەورمان بوو بە کڵپەی ئاگر.

لەو شـەڕەدا شـەریف کەشکۆڵ، لەتیف کەشکۆڵ،و پێشمەرگەیەکیتر بریندار بوون، پێش هاتنە خوارەوەی شێخ عەلی بۆ هەرێمی «٨» دەشتی هەولێر هێزێکی هەرێمی یەک بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحموود هاتبوونە دەشتی هەولێرو ناوچەی خۆشناوەتی لە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٠ لە چیوەی خواروو لەگەڵ چەکدارەکانی سلیمان بێرێژی تووشی شەڕ بوون لەم شەڕەدا عومەر گامێش تەپەیی شەهید بوو «٩» پێشمەرگەش بریندار بوون چەکدارەکانی سلیمان بێرێژی ڕاونران.

## «دەســــــتەی هــــــەرێم»

مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٠ شێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ) کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨).

+ عەلی ساڵح کرایە جێگری هەرێم و لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیاری کەرتی دەشتی هەولێر، فاروق عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی کەرتەکەو لە هەمان کاتدا لێپرسراوی کۆمەڵە بوو لە سنوورەکە.

+ مەجید مەلا فەتاح فەرمانەدەی کەرت لە بناری کۆسرەت

+ فەرەج شەوگێڕی فەرماندەی کەرتی دەشتی کۆیە

+ ئازاد خۆشناو فەرماندەی کەرتی خۆشناوەتی

+ کەیفی بەگی کەمال بەگی وەرێ فەرماندەی کەرتی دۆڵی بالیسان

+ حەسەن ئەنوەر- مامۆستا کاوە ڕێبەری سیاسی هەرێم

## شەهید بوونی فەرەج شەوگێڕی

فەرەج شەوگێڕی فەرماندەی قارەمانی کەرتی دەشتی هەولێر یەکێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی هەرێمی (٨) بوو.

لە شەوێکدا فەرەج شەوگێڕی دەگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆی لە شەوگێڕ چوار چەکداری سەر بە ئیستخباراتی عێراق کە کوردی خۆ فرۆش بوون چوونە سەری و لە زێدەکەی خۆیدا شەهیدیانکرد.

دوای ماوەیەک لە هاتنە خوارەوەی بۆ دەشتی هەولێر شێخ عەلی گەڕایەوە سەرکردایەتی لە سەرەتای مانگی (١٢) ی ١٩٨٠ ملازم سەید کەریم کرایە فەرماندەی هەرێمی (٨).

لەو ماوەیە ملازم سەید کەریم ڕۆڵی دیاری بینی لە ناوچەکەدا، هەتا ساڵی ١٩٨١ هەرێمەکە بووە قوەتییێک.

## شەڕی سماقولی

ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٤ هێزێک بە فەرماندەیی سەید کەریم چوونە دێی قەڵاسنجی بناری سەفین هێزەکە بە سەر قەڵاسنجی خواروو سەروودا دابەش بوون.

هێزەکانی داگیرکەر بە مانەوەی پێشمەرگەکانیان زانیبوو بۆیە گەمارۆی قەڵاسنجی سەروویاندا لەگەڵ خۆر هەڵاتندا شەڕ دەستیپێکرد، پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکەی دوژمن دوو جاشیان کوشت، لە هێزی پێشمەرگەش دوو پێشمەرگە، مامۆستا کاوەو ئەنوەر شەهید بوون، فاروقی عەلی مەولود بریندار بوو.

ملازم سەید کەریم و چەند پێشمەرگەیەک ڕووبە ڕووی جاشەکان بوونەوەو چەند جاشێکیشیان کوشت، مەفرەزەکەی قەڵاسنجی خواروو هاتن بۆ پشتیوانی سەید کەریم، دوای شەڕێکی سەخت و بەرگرییەکی پێشمەرگانە جاشەکان بەزین و ڕایانکرد لە دوای خۆیان چەندین کەلاکیان جێهێشت.

## چـــــەند چـــالاكييەك

*دوو پێشمەرگەی کەرتی سەفینی هەرێمی (٨) لە ١٩٨١/٣/٣ دوو نارنجۆکیان هەڵدایە ناو ماڵی قایمقام و مدیر ئەمنی شەقڵاوە

*پێشمەرگەیەکی کەرتی سەفینی هەرێمی (٨) لە شەوی ٩-١٩٨١/٣/١٠ نارنجۆکێکی خستە ناو مەرکەزی پۆلیسی ئیسکان .

*لەشەوی ١٢-١٩٨١/٣/١٣ پێشمەرگەیەکیتری هەرێمی ٨ نارنجۆکێکی خستە ماڵی جاشێکەوە

*پێشمەرگەیەکی قارەمانی مەکتەبی عەسکری لە مانگی ٣/ ١٩٨١ نارنجۆکێکی خستە ناو ئیڤایەکی قوات مەنسورەوە ، لەئەنجامدا (٥) سەرباز کوژران و (٣) سەربازیش برینداربوون

## شـــــەڕی گـــۆپتەپەی کـــۆیە

مانگی ١٩٨١/٤ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی دڵشاد مام ڕەزا لە سەرکردایەتییەوە دابەزیبوون لە سەر ڕێگەی گۆپتەپەی کۆیە بۆسەیەکیان دانا، بەڕێوەبەری مونەزەمەی کۆیەی حزبی بەعس کوژرابوو قاسم ئاغای کۆیە تەرمەکەی دەبردەوە هەولێر.

کاتژمێر (٥)ی ئێوارە (٨) زیلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە شەڕ تا کاتژمێر (٨)ی ئێوارەی خایاند، ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژران، پێشمەرگەیەک بە ناوی شوانە بریندار بوو.

## نـــاوچەی کـــۆیە 1981

پێش درووستبوونی بارەگاکانی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەو ناوچەی شۆڕشگێڕان (ی ن ک) لق و ناوچەکانی درووستکرد، لق لە سەر ئاستی پارێزگاو ناوچەش لە سەر ئاستی ناوچە و قەزاکان.

ڕەهبەری سەید برایم کادیری ناوچەی خۆشناوەتی بوو، ساڵی ١٩٨١ کرایە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە.

ڕیزبەندی ناوچەکە:

١- ڕەهبەری سەید برایم لێپرسراوی ناوچە- خەتی گشتی

٢- شۆڕش حاجی ئەندام ناوچە- کۆمەڵە

٣- دکتۆر کەریم ئەندام ناوچە- بزووتنەوە

هەمان ساڵ هەرێمی دەشتی هەولێر هەڵوەشێندرایەوەو قواتەکان درووست بوون:

+ قوەتی دەشتی کۆیە حاجی قەڵا- مامۆستا عەزیز لێپرسراوی بوو- ئەحمەد بڕنەو جێگری بوو، فاروق عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی بوو.

+ قوەتی کۆسرەت مەلا حەسەن لێپرسراوی بوو.

+ قوەتی خۆشناوەتی مولازم خولە لێپرسراوی بوو

+ قوەتی دەشتی هەولێر، شاخەوان عەباس لێپرسراوی بوو.

## قـــــووەتی حـــاجی قـــەڵا- کـــۆیە
## قـــــووەتی کـــۆیە

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی (٨) قووەتی کۆیە پێکهات.

**قووەتی کۆیە**

- مامۆستا عەزیز فەرماندەی قووەتی کۆیە
- ئەحمەد بڕنەو فەرماندەی کەرتی (١)
- دڵشاد مام ڕەزا فەرماندەی کەرتی (٢)
- فاروق عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی
- ڕەهبەر سەید برایم لێپرسراوی ناوچە
- شۆڕش حاجی ئەندام ناوچە

قووەتی کۆیە دوای پێکهاتنی جمووجۆڵیان دەستپێکرد بەرنامەی چوونە ناو شاری کۆیەو لێدانی داموو دەزگاکانی ڕژێمیان لە ناو کۆیەدا داڕشت ئێوارەی ١٩٨١/٨/١٦ چوونە ناو شاری کۆیە.

# چـــــوونە نـــاو كـــۆیە
# شـــەڕی كـــۆیە
# 1981/ 8/16

قووەتی كۆیە لە كانی كوردە بوون كۆبوونەوەیەكیان ئەنجامداو بڕیاریاندا بچنە ناو شاری كۆیە، بەرنامەیان داڕشت لە دامودەزگاكانی ناو شاری كۆیە بدەن.

ئێوارەی ١٩٨١/٨/١٦ پێشمەرگەكانی قووەتی كۆیە چوونە ناو شاری كۆیە نەخشەو پلانی چوونە ناو كۆیە دارێژرا بوو ١١ پێشمەرگە لە شاخە مشكە دانرا، پێشمەرگەكانیان بەمشێوەیە دابەشكرد.

- ١١ پێشمەرگە بە فەرماندەیی مامۆستا عەزیزو ئەحمەد بڕنەو لە مەڵبەندی لاوان و ناو قوتابخانەی ئامادەیی بازرگانی گەڕەكی جەمعیە دابەشبوون.
- ١١ پێشمەرگەی كەرتی دوو بە فەرماندەیی دڵشاد مام ڕەزا لە سەر باخچەی ڕەزان و گەڕەكی گردی و بەرانبەر گەڕەكی ئازادی دامەزران.
- مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی شەهریار بۆ لێدانی ڕەبیە و مۆڵگەكانی دەورووبەری سەربازگەی كۆیە دانران.
- مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی ڕەفیق كەریم جاف و تۆفیق قەیسەری بۆ لێدانی مۆڵگەكانی هەیبەت سوڵتان و ڕەبییەكانی دەوروبەری كورەی گەچ و شوێنەكانیتر دانران.

كاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨١/٨/١٦ شەڕ دەستیپێكرد كوچەو گەڕەك و شەقامەكانی كۆیە پارچەیەك بوون لە ئاگر، لە ڕقی پیرۆز، لە گورزی تۆڵە.

خەڵكی كۆیە هاتبوونە سەربانەكان تەماشای هەڵمەتی پێشمەرگە و لەرزۆكی پیاوانی ڕژێمیان دەكرد ئەوانەی بە ڕۆژی ڕووناك لە بەرانبەر خەڵكی بێدەسەڵات ئازا بوون و لە بەرانبەر هەڵمەتی پێشمەرگەشدا لەرزیو.

ژنانی كۆیە بە هەلهەلەی سەرفرازی و سەركەوتن هێندەیتر مەیدانی شەڕو بەرەنگارییان جۆشداو بوونە ورە لە گیانی پێشمەرگەدا، بوونە قاوەنی زەردوو سوور لە پەنجەرەی تفەنگی پێشمەرگەدا، بوونە گوڵی سوور.

شەڕی ناو شاری کۆیە تا کاتژمێر (١٠)ی شەوی خایاند لەو شەڕەدا زیانی زۆر بەر دوژمن کەوت.

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو:

١- شەهید ئەحمەد بڕنەو فەرماندەی کەرتی (١)

٢- شەهید یەکێتی مەجید

هەر لەو داستانەدا مامۆستا عەزیز فەرماندەی قووەتی کۆیە بە سەختی بریندار بوو ڕەوانەی دەرەوەی وولاتکرا ئەم داستانە یەکەم شەڕی ناو شار بوو لە ناوچەکەدا.

دوای بریندار بوونی مامۆستا عەزیز فەرماندەی قووەتی کۆیە و شەهید بوونی ئەحمەد بڕنەوو یەکێتی مەجید قووەتی کۆیە چوونە مەلەکان کاک شەماڵ کۆبوونەوەی پێکردن، شێخ شەماڵی باخیان کردە فەرماندەی قووەتی کۆیە.

قووەتی کۆیە لە ناوچەکانی مەلەکان، وەرتێ، خۆشناوەتی بەشداری شەڕەکانی دژی بەرەی جودیانکردوو لە مانگی ٢ی ١٩٨٢ گەڕانەوە دەشتی کۆیە.

دوای هەڵوەشانەوەی قووەتی کۆیە، هەر دوو هێزی قووەتی کۆیەو کۆسرەت تێکەڵاو کران و تیپی ٩٣ی کۆسرەت- کۆیە درووست بوو شێخ شەماڵ کرایە فەرماندەی تیپەکە.

## قــــووەتی دەشـــــتی هـــەولێر

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی هەشت، قووەتی دەشتی هەولێر درووست بوو، سنووری چالاکی قووەتی دەشتی هەولێر هەموو ناوچەکانی سەر بە پارێزگای هەولێری دەگرتەوە.

**قــــووەتی هـــــــەولێر**

- شاخەوان عەباس فەرماندەی قووەتی هەولێر
- وشیارە سوور ڕێبەری سیاسی قووەتی هەولێر

**فــــــەرماندە کـــــەرتەکان**

- ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت

- کاوە مەخموری فەرماندەی کەرت

قووەتی هەولێر لە گەڕاندا بوون بە ناوچەکانی هەولێردا، دەچوونە دێیەکان خەڵکیان دەبینی، ڕێکیان دەخستن، ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوون دەکردنەوە، چالاکییان ئەنجام دەدا.

## شـــــەڕی ســـێکانی
## پـــــایزی 1981

شەڕی سێکانی شەڕی بەرەیی بوو دژی دوژمنی داگیرکەر کە تیایدا هەر یەکە لە (ی ن ک) حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەیەکەوە لە سەنگەردا بوون.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان ژمارەیەک خەبیری فەرەنسییان فڕاندبوو، هێزێکی دوژمن بۆ سەندنەوەی خەبیرەکان لە تەق تەق و بەستی شەرغەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا لە سێکانیان شەڕ دەستپێکرد.

حزبی شیوعی لە سێکانیان هاتنە دەرەوە بە ئاربیجی لە کۆپتەرەکانیاندا، کۆپتەرەکان دەستریژیان لێکردن لە ئەنجامدا (٥) پێشمەرگەی حزبی شیوعی شەهید بوون.

هێزەکەی قووەتی هەولێری (ی ن ک) بە فەرماندەیی ئەحمەد قەمبەری بەرەو سێگردکان ڕۆیشتن، جاشەکانی کۆیە و قاسماغا لە سێگردکان بوون، هێزەکەی دەشتی هەولێر دەرفەتیان نەدا تا ئێوارە هێزەکەی دوژمن بێنە پێشەوە، هەر سێ هێزەکەی (ی ن ک)، حزبی سۆسیالیست، حزبی شیوعی بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە.

قائیدی فیرقە هاتبووە بەردە سپی لەوێوە سەرپەرشتی هێزە شکستخواردووەکەی دەکرد پێشمەرگەیەکی قووەتی دەشتی هەولێر ناوی عەبدولڕەحمان بوو بریندار بوو، هاوڕێکانی لە بن هەڵەتێک جێیانهێشت ووتیان نەجوڵێیت تا دەگەڕێینەوە، بەڵام عەبدولڕەحمان جێگەی خۆی گۆڕیبوو شەهید بوو.

پایزێکی باراناوی بوو، بارانێکی زۆر باریبوو بە جۆرێک لافاو هەستا بوو، ژمارەیەک ئیڤای سەربازی ژێر ئاوکەوتن، هێزەکەی دوژمن سەریان لێشێوا دوای شەڕەکە هێزەکان لە سماقە یەکیان گرتەوەو بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی ڕۆیشتن، قووەتی دەشتی کۆیە لە بەشێک لە شەڕەکانی ناوخۆشدا بە ناچاری بەشدارییانکرد.

## شـــەڕی وەرتـــێ

قووەتی دەشتی هەولێر بەشدارییان لە شەڕی وەرتێ کرد، حزبی شیوعی پارتی هێنا بووە وەرتێ، قووەتی دەشتی هەولێر لە خانی شێخییەوە لەگەڵ هێزەکانیتردا بۆیان چوون و هێزەکەی حزبی شیوعی و پارتییان لە قەندیل ئاودیو کرد ساڵی ١٩٨٢ قووەتی دەشتی هەولێر هەڵوەشایەوەو کرایە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر .

هەواڵنامەی کتێب

هــــــەرێمی نــــۆ

دۆڵی ڕۆســـــت – بەمــــۆ

## هــــەرێمی نــــۆ
## ســـــــاڵی 1977-1979

هەرێمی (٩) لەساڵی ١٩٧٧-١٩٧٩ پێکهات، سەرەتا هێزێک بوو لە ناوچەکانی دۆڵی ڕۆست و باڵەک دواتر کرایە هەرێم و ناونرا هەرێمی (٩) ئەحمەد فەقێ ڕەش کرایە فەرماندەی هەرێمەکە

پێکهاتەی هەرێمەکە بەم جۆرە بوو

*ئەحمەد فەقێ ڕەش فەرماندەی هەرێمی (٩)

* ڕەسوڵ عومەر گەلاڵی ناسراوە بە ڕەسوڵ خەیات ڕابەری سیاسی هەرێم

*حاجی کەریم دەربەندی فەرماندەی کەرتی شیوە زورایەتی، دوای کارەساتی هەکاری وەسمان گەلەژێری کرایە فەرماندەی کەرتەکە (وەسمان فەقێ ئیبراهیم)

*ئەحمەد سۆران فەرماندەی کەرتی گەلاڵە

* قادرە سوور فەرماندەی کەرتی ڕۆستێ

## چـــــالاکییەکانی هـــــەرێمی (9)

هەرێمی (٩) لە درووستبوونیەوە زنجیرەیەک چالاکی ئەنجامداوە، لەو چالاکییانەدا گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاندووە

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٤/١٧ لە ڕەزانی ناوچەی چۆمان هێزێکی دوژمنیان گوللە بارانکرد زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و برینداربوونی (٣) سەربازیتر

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٤/٢٠ بە ئاربی جی لە هێزێکی دوژمنیاندا لە دیلزی ناوچەمی چۆمان

*لەسەر پردی ناوپردانی چۆمان لە ١٩٧٨/٥/١٥ شەڕ لەنێوان پیشمەرگەکانی هەرێمی (٩) و تاقمە جاشێک دروست بوو، قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی محەمەد ئەحمەد و مستەفا بوو

مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٦/٩ هێرشیانکردە سەر هێزێکی دوژمن لە نێوان گوێزان- گوێزلینگی چۆمان لەو هێرشەدا (٤) سەرباز و ئەفسەرێک کوژران

(٥) سەرباز بریندابوون

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٦/١٨ بەئاربی جی لە هێزێکی دوژنیاندا لەچۆمان

*مەفرەزەیکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٧/١٧ نزیک گرتکی چۆمان لە کەمینێکی دوژمانیاندا لەئەنجامدا سەربازێک کوژرا و سەربازێک بریندابوو

*مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە ١٩٧٨/٨/٣ بە ئاربی جی لەبارەگای سریەی گرتکیاندا (١٥) سەرباز کوژران و (٩) سەرباز بریندابوون

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ١٩٧٨/٨/٢٣ چوونە ناو شارۆچکەی چۆمان بە ئاربی جی لەمەرکەزی پۆلیس و دائیرەی ئەمنیاندا و گەلابەیەکی حکومی سوتێندرا

لەهەمان شەودا لە لیوای چۆمانیاندا عەریفێک و دوو سەرباز کوژران

هەمان شەو چوونە ناو مەجلیسی شەعبی داتاشراوەوە دوای ڕوونکرنەوەی ئامانجی شۆڕش بەسەلامەتی گەڕانەوە

*١٩٧٨/٨/٢٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی (٩) لە دێی دەربەندی سەر بەچۆمان کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە و دوو پێشمەرگە شەهید بوون و دوو پێشمەرگەش بریندابوون.

## جیابوونەوەی بزوتنەوە- هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی (9)

لەگەڵ جیابوونەوەی بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان لە (ی.ن.ک) هەرێمی (٩) لەگەڵ بزووتنەوە ڕۆیشتن تەنها ئەحمەد سوراو لەگەڵ یەکێتی مایەوە .

## درووســـــتبوونەوەی هـــــەرێمی (9)

دوای هەڵوزەشاندنەوەی هەرێمی (٩) و ڕۆشتنیان لەگەڵ بزوتنەوەی سوسیالیست، لەساڵی ١٩٨٠ جارێکی تر هەرێمی نۆ دروستکرایەوە بەڵام ئەمجارەیان لەناوچەی شارەزور و شەمێران، فەرماندەی هەرێمەکە شەوکەتی حاجی موشید بوو ئەویش زۆری نەبرد هەڵوەشایەوە.

# هـــــــەرێمی نـــۆی بــــــەمۆ
# 1980

ساڵی ١٩٨٠ هەرێمی (٩)ی بەمۆ بە بڕیاری مامجەلال پێکهات شەوکەتی حاجی موشیر کرایە فەرماندەی هەرێمەکە.

پێکهاتەی هەرێمەکە:

- شەوکەتی حاجی موشیر فەرماندەی هەرێمی (٩)
- سەلاحی موهەندیس جێگری فەرماندەی هەرێم
- عوسمان کاکە ڕەش فەرماندەی کەرت
- حەمەی تەیب فەرماندەی کەرت

سەلاحی کوێخا عەزیز، مەحموودی مامە عەزە فەرماندەی مەفرەزە بوون

سنووری هەرێمەکە لەو بەری ئاوی سیروان، ناوچەی شەمێران، سەرتەک و بەمۆ بەرەو خوار هەتا مەیدان و قۆرەتوو لێوارەکانی خانەقینی دەگرتەوە.

هەرێمی (٩) ماوەیەکی کەمی خایاند، لەو ماوەیەدا بە ناوچەکانی هەرێمەکەدا جەولەیان دەکرد خەڵکیان بە سەردەکردەوەو جۆشدەدا بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگەو ڕێکخستن.

لە شەڕی ئالان و حاسڵدا دوو مەفرەزەی هەرێمی (٩) بە فەرماندەیی سەلاحی کوێخا عەزیز و مەحموودی مامە عەزە ڕۆڵی دیاریان بینی.

دوای چەند مانگێک هەرێمەکە هەڵوەشایەوە فەرماندەکانی هەرێمەکە گەڕانەوە سەرکردایەتی پێشمەرگەکانیش بە سەر هەرێمی (٥)دا دابەشبوون.

هەواڵنامەی کتێب

# هەرێمی دەی جوتیاران

## هـــــەرێمی دەی جـــوتیاران

بەهاری ساڵی ١٩٨٢ هەرێمی جوتیاران دروستکرا، نزیکەی (١٧٠) پێشمەرگە بوون، لیژنەیەک لەم تێکۆشەرانە پێکهات بۆ سەرپەرشتی هەرێمی (١٠).

١- مەحموود ڕازانی
٢- مامۆستا عەبدە
٣- مەولود هێرۆیی
٤- سالح مەلا دەلگەیی
٥- مامۆستا سەعید
٦- محەمەد سوڵتان ڕێبەری سیاسی هەرێم بوو

**هــــــەرێمی دە لە (٧) کەرت پـــــێکهاتبوو**

١- عەبدوڵلا وسو
٢- عەبدوڵلا هەمزە
٣- عەبدوڵلا مەحموود
٤- ئەحمەد حەسەن
٥- ئەحمەد هێرۆیی
٦- مام جوتیار
٧- عوسمان قەڵادزەیی

سنووری هەرێمی (١٠) پشدەر بوو، دەپەڕینەوە ناوچەکانی تریش.

هەواڵنامەی کتێب

## شــــەڕی پــــێماڵك- ئــــۆردوگای پــــێماڵك داسـتـــانی ئـــەحمەد ئـــاودەلان

(ی ن ک) نەریتێکی نوێی لە کۆڕی تێکۆشاندا هێنایە کایەوە ئەویش نەریتی نەبەزین و کۆڵنەدان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر لە هەر کوێ و لە هەر لایەک بێت.

کوڕانی شۆڕشی نوێ هەرگیز سەریان بۆ دوژمن نەنەواند هێزی زۆرو گەورەی دوژمن تۆپ و کۆپتەرو هەڕەشە و تفاقی جەنگی ورەی پێبەرنەدان بەڵکو بە

پێچەوانەوە دوژمنیان شکست پێهێناو وانەی گرنگیان داداو پێیانووتن سەرکەوتن و ژێرکەوتن بە چەکی زۆرو کۆپتەرو دەبابە نییە بەڵکو بە ڕەوایی و ورەی بەرزو کۆڵنەدان و بڕوا بوون بە سەرکەوتنە.

دوو پێشمەرگەی قارەمانی (ی ن ک) (هەر دوو ئەحمەد) لە هەرێمی جوتیاران گەڕابوونەوە لای ماڵ و کەسووکاریان لە ئۆردوگای پیماڵک، کاتێک دوژمن بە هاتنەوەی ئەو دوو پێشمەرگە قارەمانەی زانی بەهێزێکی زۆرەوە هەڵیکوتایە سەریان لە ناو ماڵەکانی ئۆردوگای پیماڵک، هێزێکی زۆر لە سەربازو قوات خاسە و موخابەرات و جاش لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٤ پەلاماری ماڵی ئەحمەدی حاجی مەحمودی گەرمکانیاندا لە پیماڵک کە هەر دوو ئەحمەدی حاجی مەحموود و ئەحمەد مارف باوزی لە یەک ماڵدا بوون.

شەڕێکی گەورە لە نێوان دوژمن و دوو پێشمەرگە دوو ئەحمەددا ڕوویدا، پێشمەرگەکان بەرگری بێوێنەیان کرد لە ماوەی چوار کاتژمێر شەڕی مان و نەمان دەیان کەسیان لە سەربازو ئەفسەرو دەرەجەداری دوژمن کوشت، چەندین کەلاک لە بەردەم ورەی پۆلاینی ئەحمەدەکاندا کەوتبوون.

خاتوو حەلیمە خێزانی ئەحمەدی حاجی مەحموودی گەرمکان لە گەرمەی شەڕدا هاوکاری پێشمەرگەکان بوو مەخزەنەکانی بۆ پڕدەکردنەوە، فیشەکی بۆ دەگواستنەوە ژوورەکانیتر، حەلیمەی شێرە ژن دیواری ماڵەکەی کونکرد تا پێشمەرگەکان دەرفەتی جوڵەو شەڕکردنیان هەبێت.

چوار کاتژمێر شەڕی بەرگری و دوژمن بەزاندن بەردەوام بوو هێزێکی زۆری دوژمن لە دەرەوەی قەڵادزێ هاتن بۆ شەڕی دوو پێشمەرگە، ئیتر هێواش هێواش فیشەک نەما دەرەتان کەم بووەوە دەرباز بوون مەحاڵ بوو هەر دوو ئەحمەدی قارەمان تا دوا فیشەک شەڕیانکرد دەرفەتیان نەدا دوژمن هەنگاو بنێ.

لە گەرمەی شەڕو پێکادان و بەرگری پێشمەرگەکاندا ئەحمەدی حاجی مەحموودی گەرمکان شەهید بوو، ئەحمەد مارف باوزی کەوتە دەست دوژمن دوای ئەوەی مەخزەنەکانی لە دڵی دوژمندا بەتاڵ کردبووەوە.

سووپای داگیرکەر بە شۆفڵ خانووەکەیان تەختی زەویکرد ئەو خانوو ماڵەی بووە کوانوی بەرگری و مەڵۆی قاوەنی زەردوو سووری هەڵوەریو لە پەنجەرەی زامن و لە ژێر بەلەپیتکەی هەر دوو ئەحمەددا.

دوای ئەوەی ئەحمەد باوزی دەستگیرکرا لە لایەن جەللادەکانی بەعسەوە لە سێدارەدرا، ئەمیش بووە گوڵە شەهیدێکی تری (ی ن ک) لەگەڵ ئەحمەدی هاوڕێیدا بوونە دوو ئەحمەدی شەهید.

داستانی پێماڵک داستانی ئەحمەد ئاودەلان نووسینەوەی مێژوویەک بە لولەی تفەنگ بە حەقیقەتی نەبەزین و کۆڵنەدان، ئەوان بوونە هەتوانی برینی ئازادی ڕاپەڕین بوونە سەر لەوحەی قۆناغێک کە بەعس تیایدا جەللادو گەلیش لە لایەک قوربانی و لە لایەکیتریش خۆڕاگرو نەبەزو کۆڵنەدەر، گەلێک لە هەناویدا سەدانی وەکو هەر دوو ئەحمەدی پێگەیاند کردنیە هێمای بەرگری و چۆک شکان، چۆک شکانی داگیرکەر.

داستانی پێماڵک هەوێنی ڕاپەڕینی ١٩٨٢/٤/٢٤ی قەڵادزێ بوو، هێشتا بۆنی باروت و خوێن لە ماڵەکانی پێماڵک دەهات، هێشتا تەمی دووکەڵی تۆپ و تۆزی خاپوورکردنی ماڵەکەی شەهید ئەحمەد بە سەر ئاسمانی پێماڵکدا پەنگی دەخوارد نەڕەویبوو کە لە ١٩٨٢/٤/٢٤ قەڵادزێ لە نەعرەتەی داو ڕاپەڕی.

هەولێرنامەی کتێب

قـــــــوەتی پـــــــشدەر

هـــێزی پـــشدەر

هەرێمی یانزە

## قـــــــوەتی پـــــــشدەر
## هـــێزی پـــشدەر

ساڵی ١٩٧٨ حەمە هەژار، محەمەدی ئەولاغا، حسێن حەمە سوراغا، مارف چوونە نۆکان بۆ لای مامجەلال سێ شەو لای مامجەلال مانەوە.

مامجەلال کۆبوونەوەی لە گەڵکردن، ڕێنوێنی کردن دواتر مەفرەزەیەکیان درووستکرد محەمەدی عەلاغا کرایە فەرماندەی مەفرەزەکە.

لە کۆبوونەوەکەدا مامجەلال باسی قادراغای بۆکردن پێیووتن قادراغا دوو برای لەگەڵ ئێمە شەهید بووە، لەگەڵ یەک کۆببنەوە لە هێزێکدا ئێمەش پشتگیریتان دەکەین.

مامجەلال نامەیەکی بۆ قادراغا نووسی نامەکەیان گەیاندە قادراغا لە نورەدین و پێیانووت ئێمە ئامادەین لە ژێر سەرپەرشتی جەنابتدا کۆببینەوە، پێش ئەوانیش سەلیم اغاو (١٥) کەسیتر ببوونە پێشمەرگە مامجەلالیان بینیبوو، قادراغا بووە لێپرسراوی هەر دوو مەفرەزەکەو ناونرا هێزی پشدەر (قوەتی پشدەر).

## چـــــــالاکی

دوای درووستبوونی هێزەکە دەستیانکرد بە جموجۆڵ و چالاکی، لە بانوی سەر نێڵێ بارەگای فەوجی لێبوو (٥) پێشمەرگە هەڵبژێردران لە بارەگای فەوجەکە بدەن.

هەر (٥) پێشمەرگەکە، حەمە هەژار، محەمەدی عەولاغا، محەمەدی هۆمەراغا، خدر دۆڵە گۆمی، ئەحمەدی حاجی حەمە مروەت تەقەیان لە بارەگای فەوجی (بانوی سەر نێڵێ) کرد هەر پێشمەرگەیەو مەخزەنێکی لە فەوجەکەدا بەتاڵ کردەوەو گەڕانەوە.

وردە وردە هێزی پشدەر فراوان بوو، شێخ سەدرەدین، هۆمەراغا بە چەند کەسێکەوە هاتنە هێزی پشدەرە.

## بـــــەرەو نـــۆکان

هێزی پشدەر لە بەری ئاسۆس بوون، ناوەڕاستی مانگی چوار بوو نامەیەکی مامجەلال گەیشتە دەستیان داوای کردبوو بێنە نۆکان.

هێزی پشدەر خۆیان کۆکردەوەو بەرەو نۆکان ڕۆیشتن لە سەر داوای مامجەلال چوونە خانووی کوێخا عەبدوڵڵای شێنێ خانوویەکی گەورەو دوو قات بوو تا نزیکەی دوو هەفتە لەوێ مانەوە.

ناوچەکە لە بوژانەوەدا بوو لە بەری زەڵێ و ناوزەنگ بازاڕێکی بچووک پێکهاتبوو خەڵک کەپریان لێ دروستکردبوو ئاڵوگۆڕی شت و مەکی تیادەکرا، خواردن و پێداویستی ڕۆژانەیان دانابوو.

## ئـــــەرتەشی شـــــا
## 1978/4/20-15

ئەرتەشی شا سووپای ئێران هاتنە ناوچەکە داوایانکرد هەر ئەمشەو سەرکردایەتی (ی ن ک) نۆکان چۆڵ بکات و جێیبهێڵن.

مامجەلال هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکەی ئەدا، مینە کوپە خەڵکی دێیەکانی دەوروبەری نۆکان بوو پەیوەندی لەگەڵ ئەرتەشی ئێران و یەکێتی هەبوو، مینە کوپە هێزەکانی یەکێتی ئاگادار کردەوە دەبێ ناوچەکە چۆڵ بکەن.

لە ڕێگەی مینە کوپەوە چەند ڕۆژێک چۆڵکردنەکە دواخرا مینە کوپە لە نێوان یەکێتی و ئەرتەشدا لە هاتووچۆدا بوو دوای سێ ڕۆژ بارەگاکانی یەکێتی لە نۆکان گواستیانەوە (دۆڵەنێ) لە قەندیل.

بارەگاکانی یەکێتی بە تایبەت بارەگای مامجەلال لە نۆکان بوو، لە بەرانبەر (نۆکان) بارەگای مەکتەبی عەسکەری لێبوو.

## هـــــــەرێمی یـــــــانزە

پێشتر قوەتی پشدەر بوون ناوی لێنرا هەرێمی (١١) هەرێمی (١١) لە سنووری ناوچەی پشدەر بوو.

### پـــــێکهاتەی هــــــــەرێم

+ قادراغا فەرماندەی هەرێمی (١١)
+ شێخ سەدرەدین جێگری فەرماندەی هەرێم دواتر
+ سەلیم ئاغا بووە جێگری هەرێم
+ خاڵە حەمە فەرماندەی کەرت
+ حسێن ئاغا فەرماندەی کەرت

بارەگای هەرێمی (١١) لە باژاڕ بوو.

ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٨٠ بارەگای هەرێم لە سەر قەدەغە بوو، هەرێمی (١١) لە ماوەی تەمەنیدا چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا.

+ چالاکی هێرۆ
+ لێدانی مقەرِ فەوج بە نارنجۆک ئەندار

هەولنامەی کتێب

## چـــــالاکی هـــێرۆ مــــانگی 5-6/1980

چەکی تازە دەستکەوتبوو، هەر هێزێک، هاوەنێک (گرینۆڤ) قەنناسی درداش، دوو کلاشینکۆفی مزەللی، (٥) کلاشینکۆفی قۆناغداری درایە، بە بۆنەی دەستکەوتنی ئەو چەکانەوە چالاکی هێرۆیان ئەنجامدا بە گرینۆفەکە تەقەیان لە مەرکەزی هێرۆکرد بە هاوەنی ٦٠ ملم (٥) گوللەیان نا بە مەرکەزەکەوە.

## شـــــەڕی نـــــاودەشت

بارەگای هەرێمی (١١) لە باژاڕ بوو لە خاکی ئێراندا پێیاندەوت بڵەسەنەو سێ پێچکە.

بارەگای فەوجێک لە نێوان قەڵادزێ و گرێداخ دابوو هەواڵ گەیشتە هەرێمی (١١) چەند جێب قیادەیەک شەوانە دەچنە بارەگای لیواکە.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حسێن ئاغا فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (١١) هاتنە خوارەوە بە مەبەستی لێدانی جێب قیادەکان.

کۆتایی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨٠ بوو مەفرەزەکە گەیشتە بەری ئاسۆس دوو شەو بە دوای یەکدا بۆسەیان بۆ جێب قیادەکان دانا بەڵام نەهاتن.

شەوی سێیەم مەفرەزەکە لە ناودەشت دەرچوون تا بە ڕۆژ لەو شاخ و کێوە خۆیان بشارنەوە بێئاگا لەوەی دوژمن بە جمووجۆڵی مەفرەزەکەی زانیوەو لە بۆسەدان بۆیان هێزەکانی دوژمن لە سەر ڕێگای هامووشۆی مەفرەزەکە کەمینیان دانابوو جاش و سەربازو چەکدارێکی زۆرو چەند مودەڕەعەیەکیان هێنابوو لە ناو دارو شەخسی ناودەشتدا دایاننابوو دەبابەیان هێنابووە سەر ئاوەکەی گەرمکان تا ئەگەر پێویست بوو دەبابەکان بپەڕنەوە بۆیان، فەوجی سەرنێڵ چاودێری جمووجۆڵی مەفرەزەکەی کردبوو.

کاتژمێر (١)ی شەو مەفرەزەکە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو شەڕ دەستیپێکرد، شەڕێکی نابەرابەر لە نێوان چەند پێشمەرگەیەک و هێزێکی زۆری دوژمندا بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەردەوام بوو پێشمەرگەکان بەرگری سەختیانکرد لە بەر ئاڵۆزی دۆخەکەو تاریکی شەو مەفرەزەکە لێک دابڕان حسێن ئاغا فەرماندەی مەفرەزەکە و حەمەدەمین پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکە کەوتنە لایەکەوە، محەمەدی سەلیم ئاغا و هەباسی مام قادرو حەمە هەژار کەوتنە لایەکەوە.

لەو شەڕەدا حسێن ئاغا فەرماندەی مەفرەزەکە شەهید بوو لاشەی پیرۆزی کەوتە دەست دوژمن، محەمەدی سەلیم ئاغا و هەباسی مام قادرو حەمە هەژار ڕزگاریان بوو.

حەمەدەمین لەگەڵ حسێن ئاغا بوو ئەویش ڕزگاری بوو دوای دوو ڕۆژ لە ئاسۆس لەگەڵ پێشمەرگەکانیتر یەکیان گرتەوە ساڵی ١٩٨١ هەرێمی (١١) بووە تیپی ٦٨ی مامەندە.

هەواڵنامەی کتێب

# هـــــەرێمی یـــــانزە
# قـــوەتی پـــــشدەر

## هـــــــەرێمی یـــــانزە
## قـــوەتی پـــــشدەر
## (1979)

هەرێمی ١١ قادراغا لێپرسراوی بوو، شێخ سەدرەدین لە هەرێمەکە جیابووەوە بووە هێزێکی تایبەت بە ناوی قوەتی پشدەر بارەگای بردە ئالانی سەردەشت لە ماوەی دوو مانگدا هێزەکە بووە (٨٠) پێشمەرگە.

لە ڕووخانی ڕژێمی شای ئێراندا هێزی پشدەر ڕۆڵی دیاریان بینی لە لێدانی پایگای بێتووش و شەڕەکانی دەورووبەری سەردەشتدا، ماوەیەک بارەگای هێزی پشدەر چووە سەرقەدەغە لە سەر سنوور بوو، ڕۆژانە خەڵکی ئالانی سەردەشت دەهاتنە لایان.

## لـــــــێدانی ئـــیستخباراتی قـــــەڵادزێ
## بەهـــــاری ســـــاڵی 1979

هێزی پشدەر کە شێخ سەدرەدین فەرماندەی بوو جووڵەو چالاکی بەردەوامیان هەبوو، لێدانی ئیستخباراتی قەڵادزێ یەکێک لەو چالاکیانە بوو کە هێزی پشدەر ئەنجامیاندا چالاکیەکە دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

شێخ ئیسماعیل و حەسەن سەعید سەرپەرشتی (١٦) پێشمەرگەی هێزی پشدەریانکرد بۆ لێدانی ئیستخباراتی قەڵادزێ، ڕێگایەکی دوورو هەورازو نشێویان بڕی هاتنە گەرمکان خەڵکی گەرمکان وتیان دەنگۆ هەیە بەیانی هێزی دوژمن بێتە ئێرە، پێشمەرگەکان لەوێ نانیان خواردو هاتنە کەڵەکان تا کاتژمێر ٣ی شەو مانەوە نانیان وەرگرت و چوونە شاخی بەری ئاسۆس قوتەیەکی بەرز بە سەر ناوچەکەدا دەیڕوانی چەند پێشمەرگەیەک چوونە ئەوێ کاتژمێر (٩)ی بەیانی کۆپتەر هاتە سەر ناوچەکە، پێشمەرگەکان شەش گوللە ئاربیجییان پێبوو گوللەیان لە ئاربیجی بەست، کۆپتەری باری لە کەڵەکان، نێو دەشت، گەرمکان سەربازیان دابەزاند، سەربازەکان تا ئێوارە مانەوە ناوچەکەیان پشکنی بەڵام هیچیان دەست نەکەوت.

لە ئێوارەدا کۆپتەرەکان سەربازەکانیان هەڵگرتەوە جگە لە هێزی پشدەر چەند

هەوراز کتێب

مەفرەزەیەکیتری پێشمەرگە لە ناوچەکە بوون هێزەکەی پشدەر هاتنە کەڵەکان نانێکی خێرایان خوارد بە بەلەم پەڕینەوە بەری قەڵادزێ، ئەمبەراو بەری گردی حوسنی مۆڵگەی سەربازی لێبوو، لە دەورووبەری قەڵادزێ کەمینیان جێهێشت ئەوانیتر چوونە ناو قەڵادزێ نزیک ئیستخبارات بوونەوە.

ئێوارەیەکی زوو بوو هێشتا خەڵکی قەڵادزێ بە دەرەوە بوون کە پێشمەرگەکانیان لە دەورووبەری ئیستخبارات بینی بە پەلە ڕۆیشتنەماڵەوە.

پێشمەرگەکان نزیک ئیستخبارات بوون (١٥) مەتریان نێوان بوو کە جادەیەک بوو، حەسەن ئاربیجیەکەی خستە سەرشانی لە ئیستخبارات بدات خەریک بوو پەنجە لە بەلەپیتکە بترازێنێ شۆفلێتێکی ئیستخبارات هات، شێخ ئیسماعیل وتی کاک حەسەن شۆفلێت هات، عوسمان قەڵادزەیی و شێخ ئیسماعیل و ئەحمەد ئەلبانەیی لە سەر جادەکە دامەزران شۆفلێتەکە گەیشت حەسەن و شێخ ئیسماعیل و عوسمان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، شۆفلێتەکە لە بەردەمی ئیستخبارات وەرگەڕا لەگەڵ لێدانی ئۆتۆمبێلی ئیستخبارات لە هەر چوار لاوە بووە تەقە، لە ئیستخباراتەوە تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد گوللەیەک بەردەستی شێخ ئیسماعیل کەوت پێشمەرگەکان بە چواردەوری ئیستخباراتدا بڵاوبوونەوە شێخ ئیسماعیل بە برینداری ڕۆیشت گەیشتە لای عوسمان و ئەحمەد بەڵام حەسەن دیار نەبوو لە ناکاو دەنگی ئاربیجییەک هات حەسەن بوو ئاربیجییەکی لە ئیستخباراتدا، لەگەڵ لێدانی ئاربیجی لە ئیستخبارات دەنگی تەقە نەما دەتووت ئاوت بە ئاگردا کردووە.

پێشمەرگەکان مزگەوتی مەلا سەیدیان دانابوو بۆ یەکگرتنەوە ئەگەر لە یەکتری دابڕان، لەوێ یەکبگرنەوە.

لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا چوار ئیستخبارات لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا کوژران، یەکێک لە کوردە بەعسییەکان بە ناوی عەریف بەکر بە سەختی بریندار بوو، جگە لەو چوار کەسەی ناو ئۆتۆمبێلەکە لە ناو ئیستخباراتیش خەڵک کوژرا بوو.

لێدانی ئیستخباراتی قەڵادزێ لە ناو جەرگەی شاردا گرنگ و پڕ بایەخ بوو دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

هەمان ڕۆژی لیدانی ئیستخبارات هێزەکانی دوژمن بە کۆپتەر سەربازیان دابەزاند کێومالّی ناوچەکەیانکرد بەلاّم دوای گەڕان و کێومالّ و پشکنین وەلاّمی هێزی پێشمەرگە لیدانی ئیستخبارات بوو لە ناو شاردا.

پێشمەرگەکانی هێزی پشدەر چوونە سندۆلاّن لەوێشەوە ملی شاخیان گرت، تەمومژوو خومار بوو ترسی هاتنی کۆپتەرو سووپا نەما، پشوویاندا.

## لـــێدانی ڕەبیـــەی کـــاشوونە

هێزی پشدەر بە فەرماندەیی شێخ سەدرەدین لە سالّی (١٩٧٩) لە ڕەبیەکانی کاشوونەی پشتی نورەدینیاندا.

دوو ڕەبیە لە کاشوونەی پشتی نورەدین بوون، مەفرەزەیەکی هێزی پشدەر دوو ئاربیجیان لە ڕەبیەکانداو دایاننە بەر دەسترێژی گوللە زەرەرو زیانیان بە ڕەبیەکان گەیاند.

هەولنامەی کتێب

# هەرێمی دوانزەی هەندرێن
# دۆڵی ئاکۆیان، ڕەواندز، مەلەکان

## هـــــــەرێمی دوانـــــزەی هـــــــەندرێن
## دۆڵی ئـــاکۆیان، ڕەوانـــدز، مـــەلەکان
## لە بـــۆتەی شـــۆڕشی نـــوێدا

دۆڵی ئاکۆیان دۆڵێکی گـەورەو فراوانە هـەورازو نشێوو هەڵدێرو زەنوێری زۆرە چیای سەخت و بەرزی هەندرێن لەو دۆڵەدا داکوتراوەو بە گەردنی بەرزو تەرزییەوە دەڕوانێتە شاری دێرینی ڕەواندز.

دۆڵاکۆ یان دۆڵی ئاکۆیان لە (١١) دێ پێکهاتووە، کەرەک، ئاکۆکەون، لۆغان، بنەکاول، ئاکۆیان، فەقیان، بنمێردە، گەرەوانی خواروو، گەرەوانی سەروو، کانی کەوان، سەران.

هـەرەس دۆڵـی ئاکۆیانی خەمبار کردبوو سـەری هەندرێن تـەم گرتبووی، چەکەکانی شۆڕشی ئەیلول تەسلیم بە ڕژێمی عێراق دەکرانەوە.

بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی عێراق هاتبوونە گەرەوان بە خەڵکەکەیان دەوت ئەو کرمە لە سەرتان دەرکـەن بە حەوت ماڵ چەقۆیەکتان دەست ناکەوێت بیر لە هیچ مەکەنەوەو چەکەکانتان تەسلیم بکەنەوە، خەڵکی دۆڵاکۆ گوێیان نەدایە قسەی بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراق چاوەڕێی هەلو دەرفەتێک بوون شۆڕش درووست بێتەوە، ڕەحمان کەزیان چەکی تەسلیم نەکردبوو.

زۆری نەبرد شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) هەڵایسا پێشمەرگە درووست بوو، یەکەم مەفرەزە کە هاتە دۆڵاکۆ مەفرەزەی سەید کاکە بوو (٢٥) پێشمەرگە بوون ئەوانەی کە بە کڵافەی یادەوە ماون، سەید کاکە، جەمال خۆشناو، عەزیز بەگ، کوێخا ڕەسوڵ، مەلا قادر، سمایل ئەندێکی، محەمەد ئەندێکی، کاک مەلا بوون.

خەڵکی دۆڵی ئاکۆیان بوونە پێشمەرگە حەمە حەمید عەزیز ئاکۆیی یەکەم پێشمەرگەی بێ چەک بوو، ڕەحمان کەزیان یەکەم پێشمەرگەی چەکدار بوو لە دۆڵی ئاکۆیان دوای ڕەحمان کەزیان خاڵ سەیدۆ فەقیانی و مستەفا دێوانە بوونە پێشمەرگە.

کە سەید کاکە هاتە گەلی گەرەوان لە سێبەرێکی خۆش بوو ڕەحمان کەزیان

چووە لای سەید کاکەو بووە پێشمەرگە، سەید کاکە بە ڕەحمانی ووت کە هاتمە گەرەوان کابرایەک لە ناو دێ شکاتی لێکردی وایزانی ئێمە پیاوی حکومەتین ووتی ڕەحمان کەزیان چەکی شاردووەتەوە بڕۆ چەکەکەت بێنە ئێمە دەچینە گەرەوانی سەروو وەرە بۆ ئەوێ، ڕەحمان کەزیان چەکەکەی هێناو هاتەوە لای سەید کاکە چوونە هەواری بوزان بارەگایان لە سێوەک دانا بەدێیەکاندا دەگەڕان قسەیان بۆ خەڵک دەکرد سنوورێک نەبوو ڕایانگرێت.

## باقلان- خەلەکان

مەفرەزەکە هاتنە سەر ڕێگەی باقلان خەلەکان بۆسەیەکیان دانا ژمارەیەک ئۆتۆمبێلیان وەستاند پێیانووتن ئێمە پێشمەرگەین داوا دەکەین بە خەڵک بڵێن پێشمەرگە درووست بووەتەوە شۆڕشی نوێ هەڵایساوە.

ئۆتۆمبێلێک کەوتە بۆسەکەوەو نەوەستا پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد نەوەستا، هێزی دوژمن هات بەدەم تەقەکەوە پێشمەرگەکان کشانەوە بناری کۆسرەت تۆفیق کانی وەتمانی خواردنی بۆ هێنابوون.

پێشمەرگەکان هەندێک جار (٢٠) کەس بوون هەندێک جار (٣٠) کەس، سەید کاکە، عەزیز بەگ، کوێخا ڕەسوڵ، مەلا قادر، سمایل ئەندێکی، محەمەد ئەندێکی، ڕەحمان کەزیان، فەرهاد عەزیز بەگ، ڕەشۆ، کاک مەلا لە مەفرەزەکە بوون.

دواتر مەفرەزەکە فراوان بوو، سمایل پاتار، عەزیز مستەفا، عەزیز مستی، ڕەحمانی حاجی تەها، عەلی کۆڵ، محەمەدە بۆر، مەغدید بناوی، سەباح، عەزیزی ڕابیێ.

## داستانی گەرەوان 1976/11/10

دوای هەڵایسانی شۆڕش، هێزێکی دوژمن لە ڕەواندزەوە بە مەبەستی دەستگیرکردنی کەسووکاری پێشمەرگەو بە پشتیوانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و بە چاو ساغی خۆفرۆشی خۆماڵی پەلاماری دێیەکانی گەرەوانی دەستپێکرد.

هێزەکانی دوژمن بەرەو گەرەوانی خواروو جووڵەیانکرد پێشمەرگە

سەرەتاییەکانی شۆڕش لە ناو گەرەوان بوون، مستەفا حەسەن خەڵکی گەرەوان پێشمەرگەکانی لە هاتنی هێزەکەی دوژمن ئاگادار کردەوە، ڕەحمان کەزیان، حەمە ئاغا، ڕەسوڵی حەمە ئاغا چوونە لوتکەی قالب بناری ڕەشان دامەزران چوار پێشمەرگە سەنگەریان گرت بوونە دوو بەش:

حەمە ئاغا و مستەفا بەرەو ڕووی گەرەوان سەنگەریانگرت.

ڕەسوڵ و ڕەحمان کەزیان بە ئاڕاستەی ناو گەلی دامەزران، عەبدوڵڵا سۆفیش خۆی گەیاندە حەمە ئاغاو مستەفا.

هێزەکانی دوژمن لە گەرەوانی خوارو ئازاری خەڵکیاندا بە نیاز بوون بۆ گەرەوانی سەروو پێشڕەوی بکەن، هێزێک لە سەری پیبۆوە بەرەو لوتکەی جونەرە ڕۆیشت هێزێک بۆ دۆڵی مەلەکان.

هێزێکی دوژمن لە گەریەوە بەرەو گەرەوانی سەروو جوڵەی کرد گەیشتە کونە کۆترو بەردە جوند، دوو هاووڵاتیان پێش خۆیان دابوو، پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکان دامەزرابوون، چوار پێشمەرگە دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو کاتژمێر (٩)ی بەیانی یەکەم دەسترێژیان نا بە سنگی دوژمنەوە، لەگەڵ یەکەم دەسترێژدا ئەفسەری هێزەکە کوژرا دوای شەڕێکی کەم وێنە دوژمن لە ناو گەری شکا.

شەڕ گەرم بوو دوژمن شکا، مەفرەزەی عەزیز ڕابیێ هاتن بە هانای پێشمەرگەکانەوە، چوونە جونەرەو بناری پیبۆ ڕۆڵی گرنگیان بینی لە تێکشکاندنی دوژمندا.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی شەڕەکەدا مەفرەزەیەک لە دۆڵی مەلەکان و سەرانەوە گەیشتنە گۆڕەپانی شەڕەکە لە بناری (خانۆ) دامەزران ئەوانیش سەنگەریان گرت، ئەحمەدە بۆرو سمایل پاتارو عەزیز مستەفا لەو پێشمەرگانە بوون.

هاوشانی هێزی پێشمەرگە خەڵکی گەرەوان ڕۆڵی دیاریان بینی لە چەککردن و بەدیلگرتنی سەربازەکانی دوژمندا.

لە سەرەتای شەڕەکە فاتمەی ئامۆژنی ڕەحمان کەزیان بە ڕەحمانی ووت بە ناو دێدا مەڕۆن بچنە ناو ڕووباری گەرەوان چەماو چەم ڕۆیشتن لە کانی ژنانەوە

پەڕینەوە گەری گەرەوان.

هێزەکانی دوژمن هەتا زیخۆرەی هاتن، هێزێک بە ناو گەریدا ڕۆیشت هەتا کونە کۆتر، هێزێک لای قۆپی جونەرەی هەتا ئاشی شێخی هات.

ژمارەیەک سەرباز هاتن ڕەحمان کەزیان تەقەی لێکردن ژمارەیەک سەرباز کوژران و بریندار بوون، ڕەسوڵ و ڕەحمان و مستەفا و حەمە ئاغا شەڕی کەم وێنەیان لەگەڵ دوژمندا کرد جەباری سۆفی سلیمان هاتە قۆپی جونەرەی کلاشینکۆفی سەربازێکی کوژراوی هەڵگرت و سەرکەوتە سەر شاخ.

پێشمەرگەکان دابەزینە ناو گەرەوان ئەفسەرێک کوژرابوو گوڵی ئەحمەدە چرچی بە پێشمەرگەکانی ووت نەڕۆن سەربازی لێیە.

لە ناو گەرەوان خەڵک سەربازەکانی چەککرد بوو ژمارەیەکیان لێکوشتن، زراری حاجی حەمەدەمین دوو کلاشینکۆفی گرت، عەلی مستەفا و مریەم ئەحمەد چەکیانگرت، سەربازەکانی دوژمن لە قۆپی جونەرە (بیکەیسی)یان فڕێدابوو، (بیکەیسی) یەکە کەوتە دەست پێشمەرگە لە شاخ شاردیانەوە، حاجی کەریم (بیکەیسی)یەکەی لە شاخ دەرهێناو لە بناغەی خانووەکەی خۆیدا شاردییەوە.

مەلا خالید مەلای گەرەوان بوو داوای لە پێشمەرگەکان کرد دیلەکان نەکوژن چوونکە بەو زستانە بە تۆپ و فڕۆکە گەرەوان وێران دەکرێت و ئاوارە دەبین، مامۆستای گەرەوان دیلەکانی گەیاندەوە.

## ڕۆڵـــــی ژن لە شـــــەڕی گـــــەرەوان

خەڵکی گەرەوان ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمندا، ژنان شان بە شانی پیاوان هەڵیانکوتایە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن،مریەم ئەحمەد ژنێکی قارەمان و بوێر ڕۆڵی دیاری بینی لە چەککردنی سەربازەکانی دوژمندا مریەم ئاوی کوڵاوی کرد بە سەری سەربازەکاندا.

شەڕ تا ئێوارە درێژەی هەبوو سووپای عێراق لووتی شکاو زەرەرو زیانی گەورەی لێکەوت، شەڕەکە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە شکایەوەو کۆتایی هات.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ٥٠ سەرباز و برینداربوونی (٦٠) سەرباز و ئەفسەر

بەدیلگرتنی ٧٠ سەرباز دواتر لە ڕێگەی مەلا خالید مەلەکی مەلای گەرەوان تەسلیمی دوژمن کرانەوە.

١٠٠ پارچە چەکی هەمە جۆر دەستکەوت بوو لەناویاندا (٧٠) کلاشینکۆف، (٤) ڕەشاش، (١) گرینۆف، چەند گوللەیەکی هاوەن.

هاوەنێکی ٦٠ ملم

یەک بێتەلی ١٠٥

یەک B.K.C مستەفا حەسەن دەستی بە سەرداگرت

داستانی گەورەی گەرەوان بە خوێنی دوو برا تۆمار کرا ئەوانیش هەر دوو شەهیدی نەمر:

١- مستەفا عەزیز

٢- ڕەمەزان عەزیز سەعید

دوو پێشمەرگەش بریندار بوون:

١- ڕەسوڵ حەمەد ئاغا

٢- حەسەن تۆفیق

هەواڵنامەی کتێب

داستانی گـەورەی گـەرەوان وەرچـەرخـان بـوو لە مێژووی شۆڕشی نوێ وەرچەرخانێک لە شەوگەڕی و خۆحەشاردان لە سەرەتای شۆڕش بۆ شەڕی گەورەو تێکشکاندنی هێزی گەورەو پەلاماردەری دوژمن و دەستکەوتنی دەیان پارچە چەک.

ڕۆڵی خەڵکی گەرەوان گەورەو دیارو پڕ بایەخ بوو، لەو سەرکەوتنە گەورەیەدا بە ژن و پیاوو منداڵ و پیرەوە هێزی دوژمنیان ڕاوناو چەکیان کردن، وانەیەکی گرنگیان فێر کردن.

لەو شەڕەدا جگە لە کوژرانی (٥٠) سەرباز و دیلکردنی زیاتر لە ٧٠ سەرباز دوو ئەمن لە بەردەم مزگەوتی گەرەوانی خواروو کوژران.

دوای شەڕی گەرەوان ژمارەی پێشمەرگەو مەفرەزەکان زیادیکرد بەمجۆرە:

١- مەفرەزەی عەزیز ڕابیێ
٢- مەفرەزەی سەباحە ڕەش
٣- مەفرەزەی وەسمان بەگ
٤- مەفرەزەی مەجید کوێخا محەمەد
٥- مەفرەزەی ڕەحمان کەزیان
٦- مەفرەزەی حاجی ڕەحمان
٧- مەفرەزەی دێی سەران
٨- مەفرەزەی قادری کوێخا بنمێردی
٩- مەفرەزەی عەبدوڵڵا بۆر
١٠- مەفرەزەی ڕەحمانە درێژ
١١- مەفرەزەی سمایل پاتار
١٢- مەفرەزەی وەستا عەلی
١٣- مەفرەزەی قادر ڕەسوڵ

لە هەمانکاتدا عەزیزی ڕابیێ کرایە فەرماندەی پێشمەرگە و مەفرەزەکانی سنوورەکە، هێزی پێشمەرگە لە سەر زیخینەی گەرەوان بارەگاو بنکەیان دانا.

ڕەواندزو دەوروبەری لە سەردەمی پاشای گەورەوە تا دەگاتە ئەنفال زۆر دەگمەن بە شەڕ گیراوە، یان بەڕێکەوتن یان بە پاشەکشە کەوتووەتە دەست دوژمن، دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی بپەڕێتەوە ڕەواندز، دواتر بە گفتوگۆ پاشای گەورەیان بڕوا پێهێنا بردیانە ئەستانە لەوێ بێسەرو شوێنکرا، هەندێک دەڵێن لە ناو دەریای ڕەشدا و لە ناو بەلەمێکدا نقوم کراوە.

لە ١٩٧٧/٣/١٣ بۆ جاری دووەم دوژمن پەلاماری ناوچەکەی دایەوە دوای سێ ڕۆژ بەرگری دەستیگرت بە سەر گەرەواندا ڕەبیەی لە گەرەوان دانا گرتک سمۆری کردە بارەگای فەوج.

## بـــــــەرەو دەشـــــــتی کـــۆیە

دوای تۆمارکردنی داستانی گەورەی گەرەوان و لوت شکاندنی هێزەکانی دوژمن مەفرەزەیەکی ئاکۆیان لەگەڵ دکتۆر خالید سەعید بەرەو دەشتی کۆیە بەڕێکەوتن.

ئۆتۆمبێلێکی شورتە دەهاتە سەر بیری شیواشۆک سەربازەکان لە سەر جادە بۆسەیان دانابوو، ڕەحمان سۆرە گۆنی، محەمەد گۆڕە شێری، قادر مستەفا، ئەحمەد سماقە، سەدرەدین و چەند پێشمەرگەیەکیتر بەرەو سەر جادەکە ڕۆیشتن، لەگەڵ گەیشتنی پێشمەرگەکان بۆ سەر جادە ئیڤایەکی سەربازی گەیشتە سەر جادەکە، لە ڕۆخی جادەکە ڕەحمان سۆرە گۆلی لە ئیڤاکەیدا، پێشمەرگەکانیتریش بەدوایدا دەستڕێژیان لە ئیڤاکە کرد سەربازەکان هەموویان کوژران و بە سەریەکدا کەوتن، ئیڤایەکی تر لە دواوە هات و دابەزین گردێکیان لە پێشمەرگەکان گرت، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو سەربازەکاندا دامەزرا ڕەحمان سۆرە گۆلی بە فیشەکی سەربازەکان شەهید بوو، محەمەد گۆڕە شێری بریندار بوو.

سەربازێک ویستی پەلاماری محەمەد گۆڕەشێری بدات، محەمەد بە برینداری هاتە دەست و سەربازەکەی کوشت، تەرمی ڕەحمان سۆرە گۆنی کەوتە دەست دوژمن، سەربازەکان کوژراوەکانیان کۆکردەوە.

محەمەد گۆڕەشێری لە ناو کەندێکدا مایەوە هەتا تاریک داهات، بە برینداری خۆی گەیاندە (دار بە سەر) هەموو لەشی قوڕو خوێن بوو لە دەرگای ماڵێکیداو چووە ژوورەوە، ماڵەکە جلەکانیان بۆ گۆڕی بە ئیسپەرتۆ برینەکەیان برژاندەوە بۆ بەیانی سوار گوێدرێژێکیان کرد بردیانە سێگردکان لە ماڵی حاجی محەیدین دایاننا.

حاجی محەیدین مەڕدار بوو لە ئاقارێ بوو محەمەد گۆڕەشێری دوانزە ڕۆژ لەوێ مایەوە، حاجی محەیدین دەچووە سێگردکان دکتۆری دەهێنا تا چارەسەری بکات دوای سۆراغ و گەڕان پێشمەرگە محەمەد گۆڕەشێرییان دۆزییەوە سوار ووڵاخێکیان کرد بردیانە قورتە لاس، ڕۆژی دواتر بردیانە کانی کەوانێ چیوێ لەویشەوە بۆ مێرگە سەر.

دکتۆر جەمال موسڵاوی بوو برینەکەی بۆ تەداوی دەکرد، دکتۆر جەمال بە محەمەدی دەووت بۆچی چوونە شاخ ئەوە من عەرەبیشم چارەسەری تۆ دەکەم،

محەمەد پێیووت ئێمە ئاشتی خوازین بەڵام ئێوە برایەتی و ئاشتیتان ناوێت دکتۆر جەمال بە گاڵتەوە دەیووت (ئاو بۆ ئێوە نەوت بۆ ئێمە، بەڕوو بۆ ئێوە خورما بۆ ئێمە) دوای ماوەیەک محەمەد گۆڕە شێری برینەکەی سارێژ بوو چەکی پێشمەرگایەتی کردەوە شان.

## بـــــــۆسە، کـــــۆرەك

١٩٧٧/١/١٩ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە چیای کۆرەک بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، لەو بۆسەیەدا (٧) سەرباز کوژران و (٣) سەرباز برینداربوون.

## شـــــەڕی دووەمـــی گـــــەرەوان

رۆژی ١٩٧٧/٣/١٢ دوژمن بە پشتیوانی کەتیبەیەکی دوورهاوێژ سێ دەبابە و چوار فڕۆکە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە سەر زیخەکانی گەرەوان، لەو کاتەدا چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بوون، عەبدوڵڵا بۆر، ڕەسوڵ حەمەد ئاغا، وەسمان بەگ، سەرپەرشتی دەکردن لە چەپرینگا، پێشمەرگەکان پێکهاتبوون لە خالیدە ڕەش، مەلا خدر بنمێردەیی، حەمە ئاغا، ئەیوب ماویلی، سابیر ماویلی، شوانۆو چەند پێشمەرگەیەکی مەفرەزەی قادر کوێخا بنمێردەیی لە تاتگە وەرو بناری قۆپی مەڕەکێویان بوون.

مەفرەزەی ڕەحمان کەزیانی لە کۆڵێتی سەر زیخان دامەزران، مەفرەزەکانی عەزیزی ڕابیێ، سەباحە ڕەش، مەجید کوێخا، حاجی ڕەحمان لە کەڵەکین تا سەر گەرە سپیلکە بوون.

مەفرەزەی پێشمەرگەکانی دێی سەران لە گۆڕچیوین و بناری هەندرێن بوون حاجی ئەحمەد لێپرسراویان بوو عەزیز ڕابیێ فەرماندەی کەرت بوو ئەو مەفرەزانە لە کەرتێکدا ڕێکخراو بوون، عەزیز ڕابیێ و وەسمان بەگ سەرپەرشتی شەڕگەکەیان دەکرد.

بەرەبەیانی ١٩٧٧/٣/١٢ ڕەسول بانگی عەبدوڵڵا بۆریکرد ووتی وابزانم سەرباز

هاتن لەگەرە سپیلکەی پەڕینەوە. عەبدوڵلا بۆر لە ڕەسولی پرسی بەچیدا دەزانی هاتن ڕەسول ووتی هەستیان دێ، دەنگی پۆستاڵیان دێ.

پێشمەرگەکان ئاگادارکرانەوە لە هاتنی هێزی دوژمن خاڵ وەسمان لە پێشمەرگەکانی بنمێردەی پرسی کێ شارەزایە لێرەوە بچین پێش بە سەربازەکان بگرین.

پێشمەرگەکان بەڕێکەوتن چوونە (گۆمی مەلۆکان) بۆ پێش سەربازەکان شوێنێکی لەبار بوو بەیانی سەربازەکان لەسەر زیخان سەرکەوتن شۆڕبوونەوە بەودیودا پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن نەیانهێشت زیاتر بێنە پێشەوە.

ڕەحمان کەزیان و چەند پێشمەرگەیەک لەلایەکیترەوە لە هێزەکەی دوژمنیاندا ئەحمەد بابەکر و ڕەحمان کەزیان و جەعفەرۆک برینداربوون، عەبدوڵلا بۆر داوای لە مستەفا کرد (بی کەی سی) یەکەی بداتێ، هێزی دوژمن سەرووی لێگرتن تەقەیان لە هێزەکەی دوژمن کرد، پێشمەرگەکان ناچاربوون شوێنەکەیان جێبهێڵن سوڕانەوە بۆ پشتی هێزەکەی دوژمن و هەڵیانکەندن، عەبدوڵلا بۆر لەو ڕووبەڕووبونەوەیەدا برینداربوو.

بوومەلێڵی بەیانی هێزەکانی دوژمن لە بەری کەڵەکین دزەیان کردوو سەرکەوتن پێشمەرگەکان کشانەوە گەلی بنمێردەو تاتگەوەر نزیک گەرووی سەر زیخا، پێشمەرگە پێشیان بە لەشکری داگیرکەر گرت شەڕێکی گەورەیان لە گەڵدا کردن پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند، هێزی دوژمن لە بنمێردەوە هاتن بۆ تەلانی گەلە گورگان، پەلاماری دوژمن بۆ سەر ناوچەکە سێ ڕۆژی خایاند شەڕێکی نابەرابەرو ناسەنگ درووست بوو دوژمن بە پشتیوانی دەبابەو فڕۆکە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەدا، دوای سێ ڕۆژ شەڕو بەرگری دوژمن دەستیگرت بە سەر قوتەو لوتکەو بەرزاییەکانی ناوچەکەدا.

لەو شەڕدا، ڕەحمان کەزیان، حەمەد بایەکە، جەعفەر حاجی عزەت، ڕەسوڵ عەبدوڵلا کاکە حەمە بریندار بوون.

هەواڵنامەی کتێب

هاووڵاتییەک بە ناوی عەیش ئەحمەد شەهید بوو حەوسەت ئەحمەدو حەسەن تۆفیق بریندار بوون.

شەڕی گەرەوانی دووەم لە چوار چێوەی ئەو پەلامارە سەرتاسەرییەدا بوو کە ئیسماعیل تایە نعیمی سەرپەرشتی دەکرد، ئەو پەلامارو کێوماڵە سەرتاسەرییە زینی سەران، دۆڵی ئاکۆیان، کورەک، کێل کێل و سەرباری خەتێ و هەندێک شوێنیتری گرتەوە هێزی پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیانکرد.

بریندار بوونی ئەو ژمارە پێشمەرگە بەهاوەن لە هەر دوو گەرەوانی سەروو خواروو قەترەیەک دەرمان نەبوو چارەسەریان بکەن ناچار بە ئیسپرتۆی تۆڕی لۆکس برینەکەیان پاککردنەوە.

دوای دەست بە سەرداگرتنی ناوچەکە هێزی پێشمەرگە کشانەوە کوێستانی ساوسێوەک، سەعید ئاغا پیاوی ڕژێم بوو حاجی زرار چوو بووە لای تا خەڵکی گەرەوان ئازار نەدەن، سەعید ئاغا بە حاجی زراری ووتبوو بچنەوە ماڵی خۆتان دانیشن توتنم نەبوو لە پەڕەیکەم لێرە بەدواوە هەموو ڕۆژێک پاکەتێکی ڕۆزمەن لە سەر حسابی ئەوان دەکێشم بڕۆن شکات لە یەکتری مەکەن ئەگەر هاتنە دەرەوە با چراتان پێبێ، سەعید ئاغا مەبەستی لەوەبوو بوونی پێشمەرگە لە بەرژەوەندی گیرفانی ئەوانە.

لەگەڵ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ کوێستانی ساوسێوەکە، کەسووکارو خێزانی پێشمەرگە چوونە ساوسێوەکە، زینی گەرەوە دواوەی دۆبرەی، لە پونگین لە بناری چیای ئاراسن بارەگایان دانا.

## لــــێدانی مــــــونەزەمەی ڕەوانـــــدز

مانگی ١٩٧٧/٤ مەفرەزەیەک بە فەرەماندەیی عەبدوڵڵا بۆر چوونە ناو شۆرای ڕەزاندز، عەلی نەبی لەگەلی کەرەکی بوو لەگەڵ مەفرەزەکەی عەبدوڵڵا بۆر چوونە گورگەدەر لەوێ بوونە دوو بەش.

بەشێک لە گردی کاولۆکان بە فەرماندەیی عەلی نەبی لەگەڵ خالید وەرتێ و چەند پێشمەرگەیەک مانەوە بۆ لێدانی ڕەبییەکانی دوژمن.

بەشی دووەم بە فەرماندەی عەبدوڵڵا بۆر بەڕێکەوتن بۆ لێدانی مەفرەزەی حزبی بەعس لەناو شاری ڕەواندز، باخچەیەک لە پشتی مونەزەمە بوو عەبدوڵڵا بۆر، حەماغا، لە پشتی باخچەکەوە لە مونەزەمەیاندا، دوای لێدانی مونەزەمە گەڕانەوە چوونە هەندرێن خەڵک هاتبوونە هەندرێن بۆ کارگ و ڕێواس نانیان دایە پێشمەرگەکان.

خەڵکەکە دوای نانخواردن دەستیانگرت بۆ هەڵپەڕین پێشمەرگەکانیش لەگەڵیاندا دەستیانگرت و هەڵپەڕین دوای ڕۆشتنیان لە هەندرێن هاتنە سەر ساوسێوەکان.

مەفرەزەکەی عەلی نەبی لەکاولۆکان لە سەیتەرەی پردی کاولۆکانیاندا، لەو لێدانەدا دوو سەرباز کوژران. لە مونەزەمەکەی ڕەواندوز دوو بەعسی کوژران.

## شـــــەڕی کـــــونە فـــــلوسە
## 1977/4/16

لەکاموسەکەوە پەڕینەوە گەلی بەردەکەڕ گۆڕستانێکی لێبوو لەوێ پشوویەکیاندا حەسەنە گەورەو بەکری قەندی لە پێشەوە بەرەو کونە فلوسە دەڕۆیشتن.

پێشمەرگەکان دوای پشوویەک هەستان و دوو دوو بە وریایی دەڕۆیشتن نەیاندەزانی هێزی دوژمن هاتوونە پێش ڕەزەکان پێشمەگەکان جوڵەیان لەناو ڕەزەکاندا بەدیکرد وایانزانی ڕەزاوانن دواتر زانیان هێزی دوژمنە .

حەسەنە گەورە و بەکر لە پشتەوە دەڕۆیشتن بە فیتو بانگیانکردن تێنەگەیشتن بە دەنگ بانگیان کردن سەربازەکان هاتنە بەرزاییەکان پێشمەرگەکان لەخوار سەربازەکانەوە کە گەڕانەوە تەقەیان لێکردن، شوێنەکە ناو لۆفە بوو پێشمەرگەکان بەدوای یەکدا، عەبدوڵلا بۆر، سەباح غازیاندا عەبدوڵلا بۆر سەرکەوت تەقەیکرد سەباحیش سەرکەوت، حەسەن گەورە سەرکەوت عەبدوڵڵا بۆر ڕەشاشەکەی لێوەرگرت بەڕەشاشەکە تەقەیدەکرد، حەسەن گەرەوەیی برنەوێکی دار شوشەی پێبوو بەڕاکردن چووە سەر گردێک تەقەی دەکرد.

مەلا کەمال نەیتوانی سەرکەوێت لە خوارەوە بوو پەڕەشوتێکی پێبوو تەقەی دەکرد (١٧) گوللەی تەقاند.

پێشمەرگەکان لە هەڵمەتێکدا هێزەکەی دوژمنیان شکاند (١٢) سەرباز کوژرا و سەربازێک بریندار بوو، یەکێک لە کوژراوەکان عەریفێک بوو خوێنی لێنەهاتبوو لەترسا جەڵدەلێیدابوو .

پێشمەرگەکان سەرکەوتوانەو بێ زیان کشانەوە کونە فلوسە، ژنانی کونەفلوسە کەلانەیان دەکرد دەستیانکرد بەکەلانەخواردن.

مانگی ١٩٧٧/٥ کۆپتەر هاتە سەر بارەگای پێشمەرگەکان لە سێوەک و ئاراسن سەربازی دابەزاند، پێشمەرگە لە پونگینێ بوون، کۆپتەر لە سەر (کورکەو بار) دەسووڕایەوە پێشمەرگەکان سەرکەوتنە ئاراسن، کورکەوبار، سەربازەکان هاتنە خوارەوە چوونە سەرگۆڕان پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن شەو گەڕانەوە پونگینێ بۆ بەیانی سەربازێکی زۆر هات پێشمەرگەکان ناوچەکەیان بەجێهێشت چوونە مەلەکان شەوی دووەم چوونە بلەی ژێری دوای ئەوەی سەربازەکانی دوژمن گەڕانەوە پێشمەرگەکانیش گەڕانەوە پونگینێ.

لە هەر دوو شەڕی گەورەی گەرەواندا ژمارەیەکی پێشمەرگەو خەڵکی هەر دوو گەرەوان و دۆڵی ئاکۆیان بە گشتی بەشدارییانکرد، حسێن بە شان محەمەد گۆڕە شێری، مام سمایل چاو ڕەش، خدر گۆڕە شێری لە دۆڵی مەلەکان، بەشداری شەڕەکان بوون.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەفرەزەکانی پێشمەرگە دۆڵی مەلەکان، دۆڵی ئاکۆیان، دۆڵی بلە، ڕەواندزو دۆڵی ئالانە چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان، بەشێک لە خەڵکی ئاکۆیان و ناوچەکانیتر نەفی کرابوون بۆ خوارووی عێراق، لەگەڵ بیستنی هەواڵی هەڵایسانی شۆڕش گەڕانەوە ناوچەکانیان، فەتاح گەرەوەیی یەکێک لەو هاووڵاتیانە بوو نەفی کرابوو بۆ کەربەلا لەگەڵ بیستنی هەواڵی هەڵایسانی شۆڕش گەڕایەوە گەرەوان و بووە پێشمەرگە.

لە دۆڵی مەلەکان چەند مەفرەزەیەک پێشمەرگە درووست بوو، سەید کاکە هاتە مەلەکان، محەمەد گۆڕە شێری تفەنگێکی شاردبوەوە، تفەنگەکەی هێنایە دەرەوەو

لەگەڵ سەید کاکە بووە پێشمەرگە.

لەگەڵ شەڕی دووەمی گەرەوان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ کوێستانی ساوسێوەکە پۆلێک ژنی جەسوورو ئازا لەگەڵ هاوسەرو کەسووکاریان چوونە کوێستانی ساوسێکە (پولکە عەیش) یەکێک لەو ژنە قارەمانانە بوو دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە ساوسێوەکە خواردەمەنیان لە شاخەکان شاردەوە، ژنەکان چوونە سەران، پولکە عەیش پێش ژنەکان کەوت گەیشتنە سەران، لە سەران گەڕانەوە بچنە گەرەوان گەیشتنە گەلی ژێری ژنەکان چوونە ئەشکەوتی زەردە ئاگریان کردەوە لە هەر چوار لاوە دەستڕێژیان لێکردن، مریەم عەلی ساچمەیەکی بەرکەوت و بریندار بوو، سەربازەکان ژنەکانیان بردە گەرەژێری، ئەفسەرێک ژنەکانی ئازاد کرد بچنە نەخۆشخانەی گەرەوان.

عەزیزی ڕابیێ لێپرسراوی یەکەمی پێشمەرگە بوو لە دۆڵی ئاکۆیان، ڕەحمان کەزیان جێگری بوو، دواتر بووە مەفرەزەیەکی سەربەخۆ هێزی پێشمەرگە هەتا پایز لە ساوسێوەکان و ئەشکەوتەکانی مانەوە، جەولەی سماقولی و گۆمەشین و گۆمە تاڵ و ڕێگاکانی هەولێریان دەکرد.

## شـەهید بوونی حـاجی ئـەحمەد سـەرانەیی (ئـەحمەد حـەکیم ئـەحمەد)

حاجی ئەحمەد سەرانەیی یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوو، لە هەر دوو داستانە مێژووییەکەی گەرەواندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

ڕۆژی ١٩٧٧/٧/٣ هێزێکی ڕژێمی عێراق بە مەبەستی دەستگیرکردنی پێشمەرگەو کەسووکاریان هاتنە سەران، حاجی ئەحمەد سەرانەیی لە گەرەوان بە کاری پێشمەرگانە بەرەو سەران دەگەڕایەوە، لە کاتی گەڕانەوەیدا لە دێی کانی کەوان کەوتە بۆسەی جاش و سەربازەوە، حاجی ئەحمەد سەرانەیی تا دوافیشەک لەگەڵ دوژمندا جەنگا، دوای شەڕێکی کەم وێنە بە گوللەی دوژمن پێکراو شەهید بوو، حاجی ئەحمەد یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێیە لە ناوچەکەدا.

# شـــــــەڕی زەردەگـــــۆم
# 1977/7/7

ساڵی ١٩٧٧ سلێمان بیرێژەیی هاتە کوڕکەوبار عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی مەفرەزەبوو خاڵ وەسمان عەبدوڵڵا بۆری بانگکرد ووتی تۆ لەگەڵ سلێمان بێرێژی برۆ با ئەحمەد ئاغات لەگەڵبێ.

سمایل کوێخا خدر، سلێمان عەبدوڵڵا، ڕەحمانی حسێن قەندی، سمایل وەرتێ، ڕەحمان وەرتـی، خالید وەرتـی، ئەحمەد ئاغا، مەفرەزەیەکی هەشت کەسی بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لەگەڵ سلێمان بێرێژی ڕۆیشت لەڕێگە تووشی بۆسەیەک بوون تەقەیان لێکردن، پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردنەوە و سەلامەت بوون.

لە دەشتی هەریر پەڕینەوە چوونە دەشتی هەولێر ژمارەیەکی زۆر مەڕی زراعـەیان هێنا، ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەریان گرتبوو، لە هەبابان و کودەریان تێپەڕین هاتنە زەردە گۆم تەقەیان لێکردن لە لاندکرۆزەکە دابەزین دوای شـەڕێکی قارەمانانە پاشەکشەیانکرد سلێمان بیرێژەیی ووتی (١٠) دینارم خێری مەولوودی پێغەمبەربێت بەسەلامەتی دەربچین.

پێشمەرگەکان گەیشتنە بەرزاییەک دامـەزران لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕووبوون شەڕێکی سەختیان لەگەڵ هێزی دوژمندا کرد.

سلێمان بیرێژی بە عەبدوڵڵا بۆری ووت با سەر بێرەکی کەوین ئەگینا لێرە کەسمان دەرناچین عەبدوڵڵا بۆر ووتی شەڕ دەکەین هەتا پێمان دەکرێت دوایی ئێرە هەمووی هەڵەتە خۆمان ڕزگار دەکەین، سلێمان ووتی دڵنیابە سەر بێرەکی نەکەوین کەسمان دەرناچین، دوایی شەڕێکی جوامێرانە لەگەڵ جاش و قوات خاسە هەستان سەر بێرەکی کەوتن. بێرەک لوتکەیەکی بەرزی ناوچەکەیە

لەگەڵ گەیشتنیان بۆ سەر بێرەک (٢٨) کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، پێشمەرگەکان هاتنە خوارەوە بۆ پیرۆمان و تارەجار دوژمن تا سەرزێ هێزی سەربازی دانابوو بۆ ڕێگرتن لە پەڕینەوەی پێشمەرگەکان . پێشمەرگەکان لە تارەجارو پیرۆمان پشوویاندا سلێمان لە لاندکرۆزەکەی خۆی فڕێدابوو ئازاری پێگەیشتبوو عەبدەڵڵا بۆر گوێدرێژێکی بۆ پەیدا کردبوو سورای بوو .

مەفرەزەکەی عەبدوڵڵا بۆر گەڕایەوە ناوچەی خۆیان. عەبدوڵڵا بۆر لەو شەڕەدا گوللەیەک بەرقاچی کەتبوو بەڵام لە ڕۆیشتن نەکەوت

## گـــــرتنی مـــــوختارێك

لەو جەولەیەدا سلیمان بیرێژی موختارێکی گرتبوو زۆری لێدا دواتر عەبدوڵڵا بۆر لێیدا موختارەکە بە سلیمان بیرێژی وتبوو بۆ خاتری پێغەمبەر هەر خۆت لێمبدە ئەوە کوشتمی.

موختارەکە دەیان ڕاپۆرتی لەسەر پێشمەرگە دابووە دامودەزگاکانی دوژمن

## زیـــــنی گـــــەرەوە
## مـــــانگی 1977/10

پێشمەرگەکانی ئاکۆیان لە قۆپی پۆیی دێرێ بوون ١٧ کۆپتەر سەربازیان لە قۆپی دێرێ دابەزاند، زرارو حسێن گەرەوەیی و حاجی ڕەحمان لە بن بەردێک دامەزرا بوون، سەربازەکان هاتنە بەردی بەرداونسی یان بەردی یونسی، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حاجی ڕەحمان لێیاندان و سیانزە سەربازیان لێکوشتن، کۆپتەر هاوکاری سەربازەکانیان دەکرد لە ناو پەڵە توتنەکاندا هەڵنیشتن هێندە نزم بوون پەلکیان بە توتنەکانەوە نەهێشتبوو.

دوای لێدانی هێزەکەی دوژمن مەفرەزەکە کشانەوەو چوونە ناوچەکانی سماقولی، باواجی، لەو ناوچانەدا دەگەڕان، دواتر چوونە ناو خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا.

یەکێک لە سەربازە کوژراوەکان نامەیەکی لە گیرفاندا بوو حەوت خوشکی هەبوو ناوی خوشکەکانی نووسیبوو.

## کـــــوردستانی تـــــورکیا (بـــــاکور)

پایزی ساڵی ١٩٧٧ بەشێک لە پێشمەرگەکانی ئاکۆیان- ڕەوانـدز چوونە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا.

مامجەلال گەڕابووەوە کوردستان بارەگای لە سەر سنوور بوو هەندێک چەک و تەقەمەنی هاتبوو، ملازم حەسەن خۆشناوو ژمارەیەک پێشمەرگە لە کاتی چوونیان بۆ هێنانی چەک شەهید بوون و نەگەڕانەوە.

هێزێکی پێشمەرگە کە بەشێکیان پێشمەرگەکانی دۆڵی ئاکۆیان بوون لەگەڵ نەوشیروان مستەفا چوونە شەمزینان، (٨) باری هێستر پێداویستی هات، بارەکان گولە ئاربیجی و کەلووپەلی نەخۆشخانە بوون، بارەکانیان هێنایەوەو گەڕانەوە.

هێزەکەی باڵەکایەتی نزیک بە شەش مانگ لە ناو خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیادا مانەوە.

لە کاتی مانەوەیاندا لە سەر ڕووبارێک لە بن چنارێک بارەگایان دانا، کە لە ڕووبار پەڕینەوە مێش هەنگیان دۆزییەوە و بڕییانن، دوو کاوڕ لە ڕەوەندەکان جێمابوون خواردیانن، دوای شەش مانگ مانەوە گەڕانەوە.

## بـــــەرەو ســـــنووری تـــورکیا - بـــاکوری کـــوردستان

پایزی ساڵی (١٩٧٧) مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەفەرماندەیی خاڵ وەسمان بەگ کەپێکهاتبوون لە عەبدوڵڵا بۆر، حمە ئاغا، عەبدولڕەحمان کەزیان، مستەفا حەسەن، جەمال کەریم، عەلی مەعروف ئەولا، قادر ڕەسوڵ، ئیسماعیل حسێن، مام عەلی هەرتەلی، سەلیم کوێشکە و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر بەرەو سنووری تورکیا بەڕێکەوتن بۆ هێنانی چەک.

ئەو پێشمەرگانە بارەگایان لەسەر ئاوی پونگین بوو لەبناری چیای (ئاراسن) پێش ئەوەی بەڕێبکەون موشیر گوانی هاتە پونگین خاڵ وەسمان داوایلێکرد وەکو هاوکار لەگەڵیان بێت، مەفرەزەکە بەپشتی گەرەواندا بەڕێکەوتن چوونە بنمێردە لەوێوە پەڕینەوە بناری هەندرێن چوونە کانیماران شەوێک لەوێ مانەوە بۆ بەیانی سەرکەوتن بۆ کەپکی (موێ) دواتر لەبڕی شێخ ڕەسوڵ لەخوار جوندیان لە ڕووبار پەڕینەوە موشیر گوانی و عەلی مەلەکی چاوەڕێیان دەکردن دوای پشودانێکی کورت چوونە (گوانێ) خاڵ وەسمان ئەوشەوە لەوێ مایەوە عەلی عەبدوڵڵا و مستەفا چاوشین وەک شارەزا لەگەڵ هێزەکە ڕۆیشتن هەتا چوونە (گردوگۆ) مەڕدارەکانی

ناوچەکە خواردنیان بۆ ئامادەکردبوون.

گردگۆ کەلێنە شاخێکی لێبوو بۆ خۆشاردنەوە گونجاوبوو عەبدوڵڵا بۆر شـارەزای کەلێنە شاخەکە بوو ئەو شـەوە چوونە ئـەوێ. پێشمەرگەکان داری کنێر[٢٨]یان هەڵگرتبوو شەو گەیشتنە کەڵێنەکە هەندێک لەپێشمەرگەکان دارەکانیان لە دەرەوە جێهێشتبوو، بەیانی چەند کەسێک لەبەر کەلێنەکە لەبەر خۆیانەوە قسەیان دەکرد دەیانووت دەبێ ئێرە خەڵکی لێبووبێت ئەودارانە چین لێرە بەڵام نەچوونە ناوەوە بۆ ناو کەلێنەکە.

پێشمەرگەکان ترسی ئەوەیان هەبوو ئاشکرابووبن هەر لەوکاتەشدا چوار کۆپتەر لە دیانە نیشتەوە دواتر دەرکەوت ئەوکەسانە ئەو شوانانە بوون کە خواردنیان بۆ ئامادەکردبوون بۆلای ئەمان هاتبوون. شەوی دواتر خاڵ وەسمان هات عەلی سێکانی هاتە گردوگۆو وەکو شارەزا لەگەڵیاندا بوو بەبناری (زۆزگ) دا ڕۆشیتن تاچوونە پشتی سەروچاوەی دیانا لەوێشەوە چوونە تەنیشت دێی سێکانی موشیر گوانی هاتبووە سێکانی لەوێ ماڵئاوایان لێکردوو بەتەنیشت سێکانیدا چوونە دەرووی بێشێ لەوێشەوە لەنێوان دوورەبییەدا بەپشتی دێی هەسناندا چوونە سەر گەزنێ بۆ بەیانی گەیشتنە (گەلی زێـوەرێ) تا ئێوارە لەوێ بوون خەڵک نان و ماستی بۆ هێنان، پرسیاریانکرد گۆشینە هێزی سەربازیی لێنەمابوو کەتاریک داهات بەڕێکەوتنەوە چوونە دێی (سۆریا) بۆ ماڵی سۆفی عەبدوڵڵا ئەو شەوە لەوێ مانەوە بەیانی عەلی عەبدوڵڵا گەڕایەوە و سۆفی عەبدوڵڵا لەگەڵیان ڕۆیشت تا لە سنووری دێیەکانی سیدەکان پەڕینەوە، لەوێشەوە سۆفی عەبدوڵڵا شارەزایەکیتری پێناساندن تاگەیشتنە دەشتی (هێرتێ) لەوێشەوە چوونە خواکورک لێرە بەدواوە تاگەیشتنە سنوری تورکیا بە پرسیاکردن ڕۆیشتن دوای حەوت ڕۆژ گەیشتنە جێگەی خۆیان، برادەرانی سەرکردایەتی داوایان لەخاڵ وەسمان کرد مەفرەزەیەک ئامادەبکات چوونکە دەمانەوێت بچین چەک بهێنین.

[٢٨] دارکنێرە لەوناوچە ساردو کوێستانەکان دەڕوێت دارێکی جوان و بۆن خۆش و قایمە بەوشکیش بۆنەکەی دەمێنێ

ملازم حەسەن خۆشناو دەستنیشانکرا بۆ سەرپەرشتی هێزەکە و هێنانی چەکاکان. بەیانی زوو مەفرەزەکە خۆیان ئامادەکردوو نان وتێشوی ڕێگەیان هەڵگرت، هەتاوکەوتبوو کەس ئاگاداری نەکردنەوە پرسیاریانکرد وتیان ژمارەی هێزەکە تەواو بووە بۆیە بەئێوەیان نەوتووە.

ماوەیک تێپەڕی ڕۆژێک ئاگاداریان کردنەوە خۆیان ئامادەبکەن لە (دەربیاسۆر) کێشە لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و قیادە مۆقەتە دروستبووە یەکێک بچێت لەگەڵیاندا دانیشێت بۆ ئەو مەبەسەتە ملازم تایەر عەلی والی دیاریکرا ئەمانیش لەگەڵیدا بڕون.

پێشمەرگەکان بەڕێکەوتن لەڕێگە گەیشتنە چوار کەس دوانیان بریندار‌بوون سواریهێستریان کردبوون لەمەفرەزەکەیان پرسی بۆ کوێ دەچن ووتیان دەچین لەگەڵ قیادەموقەتە دادەنیشین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لە دەربیا سۆر ڕوویداوە، ووتیان مەچن چەکدارانی قیادە مۆقەتە لەکاتی گەڕانەوەماندا بۆسەیان بۆ داناوین، ملازم حەسەن خۆشناوو ژمارەیەک پێشمەرگە شەهیدوو بریندیندار‌بوون ئەوانیتریش دەستگیرکراون. لەو بۆسەیەدا تەنها پێشمەرگەیەک بەناوی بایزەشەل دەربازی ببوو ئەویش چوبووە سەرئاوکردن.

دوای گەڕانەوە بۆ بارەگاکەیان زۆربەی پێشمەرگە و فەرماندەکان ووتیان لەقیادەی مۆقەتەی قبوڵ ناکەین هێرش دەکەینە سەریان، بەڵام مامجەلال و عەلی عەسکەری پێشمەرگەکانیان کۆکردەوە و قسەیان بۆ کردن، مامجەلال ووتی ڕاستە ئەوان زیانی گەورەیان لە ئێمەداوە چەندین سەرکردەو پێشمەرگەی قارەمانیان شەهید کردووین، ماوەیەک لەمەوبەر ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانیان شەهید کرد، ئەمڕۆش هەمان کارەساتیان بەسەر ملازم حەسەن و هاوڕێکانیدا هێنا بەڵام ئەوان لە ڕووی سیاسیەوە ئیفلاس دەکەن کەس لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئەواندا نییە، ئێمە بۆ ئەوە چەکمان هەڵنەگرتووە شەڕی کوردبکەین بەڵکو بۆ ئەوە بووینەتە پێشمەرگە تا خەبات دژی داگیرکەران بکەین هاتووین تاخاک و میللەتی خۆمان ڕزگاربکەین، تێکۆشانی ئێمە تێکۆشانە بەرانبەر بەعسییە فاشستەکان هەوڵدانە بۆ ڕزگاری و

ئازادی میللەتەکەمان بۆیە بارەگاکانی خۆمان لێرە دوور دەخەینەوەو دەگوازینەوە جێگەیەکیتر چوونکە خەون و ئامانجی ئێمە گەورە و پیرۆزە دەمانەوێت لەپێناوی گەل و نیشتماندا خۆمان فیدابکەین نەک دەستمان بچێتە خوێنی خەڵکی خۆمان.

مەفرەزەکە خاڵ وەسمانیان ناردە سەر شاخ ووتیان تاهەموو هێزەکان دەردەچن ئێوە لەوێ بن ئینجاوەرنە خـوارەوە، هێزەکە بەدۆڵاییەکەدا ڕۆیشتن جیهاز و کەلوپەلی ئێزگەیان پێبوو لەووڵاخێکی زەردیان بارکردبوو لە دۆڵاییەکەدا ڕێگەی ووڵاخ نەبوو بۆیە چوونە سەر شاخ لەوێوە تێپەڕبوون کە هەموو هێزەکە تێپەڕی جامەدانەیان بۆ ڕاوەشاندن و هاتنە خوارەوە چوونە دێی (دورجا) لەسەرووی دۆڵی خواکوڕک لەنێوان سنوری ئێران و تورکیا و عێراق.

دکتۆر خالید بە عەبدوڵڵا بۆری ووت دەڵێن خەیاتی دەزانـی ووتـی بەڵی ، دکتۆر ووتی دەکرێت قاتێکم بۆ بدووریت عەبدوڵڵا بۆر ووتی ئەکەر مەکینەیەکمان دەستکەوێت ئاسانە، لەیەکێک لەماڵەکان مەکینەیەکیان پەیداکردوو قاتەکەیان دوری.

هێزەکە لە دوورجـان مانەوە چوونە دێیەکانی مەلایان، گـارێ، کەپەنەکان، گاریشمەو چەند دێیەکیتر لەباکوری کوردستان نزیکەی (٧٠) پێشمەرگە بوون ماوەیەک لە کەپەنەکان مانەوە خەڵکێکی زۆر دڵسۆز بوون.

## پـــــــــووش کـــــــــلاو

پێشمەرگەکان بۆ کات بەسەر بردن پووشیان کردبووە ناو کڵاوێکەوە یارییان پێدەکرد عەبدوڵڵا بۆر لەکاتی تۆپێندا خۆی کێشا بە (پیرۆت نەبی) دا پیرۆت ووتی چیتر یاری ناکەم تۆ بەئەنقەست خۆت پێداکێشام ، عەبدوڵڵا بۆر ووتی بەمەبەست نەبوو ئیتر پیرۆت هاتەوە ناو یاریەکە. دوای مـاوەیـەک داوایـان کـرد هێزێک ئامادەبکەن بچنە شەمزینان بۆ هێنانی چەک، مەفرەزەکەی خاڵ وەسمان خۆیان ئامادەکرد بەڵام هێزی پێویستی لێبوو بۆیە نەچوون ئیتر هاتنەوە بۆ دورجان و دۆڵی خواکوڕک ماوەیەک لە دێی (گڵان گەردی) مانەوە.

## پـــــلاری پـــــیرەژنێك

ڕۆژێک لە دروووستکردنی خانوودا هاوکاری یەکێک لە جووتیارەکانیان دەکرد ژنێکی بەتەمەن بە عەبدوڵڵا بۆری ووت دەڵێن هەمووتان لەترسی ئیشوکار بوونە پێشمەرگە بەڵام کورِم خۆتۆ زۆر ئازایت لەئیشکردن ناترسیت بۆچی بوویتە پێشمەرگە عەبدوڵڵا بۆر پێیووت دایە ئەو تێڕوانینە هەڵەیە ئێمە بۆ ئەوە بووینەتە پێشمەرگە تا خاکی داگیرکراومان ڕزگاربکەین و زوڵم و زۆرداریی بەعسیەکان لەسەر گەلەکەمان لابەرین.

ڕۆژێک لە دێی گڵان گەردی لەسەر جۆخێنێک (خەرمان) دانیشتبوون گەنجێکی لێبوو ناوی جەبار بوو زۆر بەهێز بوو لەیاری دار ڕاکێشاندا بەعەبدوڵڵا بۆریان ووت تۆش بەهێزیت یارییەکی لەگەڵ بکە، جاری یەکەم کەسیان نەیانبردەوە جاری دووەم عەبدوڵڵا بۆر بردییەوە.

پێشمەرگەکان لەوێوە هاتنە خوار بۆ دێی (سپیارە) ماوەیەک لەوێ مانەوە دواتر هاتنە گۆڕان لەماڵی حاجی خدر میوان بوون دواتر لەگەڵ دکتۆر خالید هاتنەوە دەشتی هێرتێ لەوێ ئاگاداریانکردن قیادەمۆقەتە لە دێیەکانی ئەوناوەن پێشمەرگەکان چوونە سەریان بەڵام هەڵاتبوون کەلوپەلەکانیان جێمابوو، دیار بوو یان هەواڵیان پێگەیشتبوو یان بەدەنگی سەگوەڕدا هەستیانکردبوو.

ڕۆژی دواتر بەرەو زینی پشتی گرتگ و ڕۆست بەڕێکەوتن پێش ئەوەی سەرکەون گومان دەکرا چەکداری قیادە مۆقەتە بۆسەیان دانابێ بۆیە مارفە ڕەش و حەسەن بۆڵی و عەبدوڵڵا بۆر لە پێشەوە سەرکەوتن بەڵام کەسی لێنەبوو، پاشان ووسیتیان بچنە لای گرتک و ڕۆست پێشمەرگەکان بە دکتۆر خالیدیان ووت قیادە مۆقەتەی لێیە دکتۆر خالید ووتی باشە ئاگاداریان بکەنەوە بابڕۆن کە چوون لەوێ نەمابوون، شەوێک لەوێ مانەوە بۆ بەیانی پێیانووتن مەفرەزەیەکی قیادە مۆقەتە لە دێی کاولانە، ووتیان دیارە نیازیان خراپە بۆیە نەڕۆیشتوون دوای نیوەڕۆ بۆیان چوون بەناو بەفر و بناری شاخی گۆشینەدا سەرکەوتن پێشمەرگەکان دوایانکەوتن و تەقەیان لێکردن بەڵام پێیان نەگەیشتن ئیتر گەڕانەوە گرتک و ڕۆست لەوێشەوە

هاتنە (پیرۆمەر) لەماڵیک بوون خانوویەکی دوو قاتیان هەبوو مارفە ڕەش ئاربی جی لەدەست دەرچوو سەروخواری خانووەکەی کوون کرد بەڵام زیانی گیانی نەبوو.

لەپیرۆمەرەوە هاتنەوە بۆ (زەروا، چۆمان، چۆمباروکان) لەوێشەوە بۆ کۆسپەی سپی لە پردی وارەکۆن پەڕینەوە بۆ بەری جنێراوە و بناری چیای هەندرێن کە گەیشتەنە بەرانبەر ڕەواندز دکتۆر خالید عەبدوڵڵا بۆری بانگکرد ووتی هەواڵێکی ناخۆشم پێگەیشتووە بەڵام وەک باسی تۆیان بۆ کردووم باوەڕناکەوم ئەو هەواڵە کاریگەری لەسەرت هەبێت هیوادارم هەرواش بیت، عەبدوڵڵا بۆر ووتی چی بووە دکتۆر خالید ووتی دایک و باوکت لەلایەن ڕژێمەوە گیراون عەبدوڵڵا بۆر ووتی تا ئیستا وا خۆم حساب دەکرد پێشمەرگەیەکم جێگەی متمانەی خەڵک نیم بەڵام باوەڕبکە دوژمن بەوە ناتوانێ چۆک بەمن دابدات ئێستا وا هەست دەکەم بەتەواوەتی پێشمەرگەم و جێی متمانەی هاوڕێ و هەڤالانم.

دواتر لە هەندرێنەوە هاتنە بنە کاول موحسینی حاجی مەحموودی سەران تا گۆرچیوین لەگەڵیان هات، ماڵی جەبار سۆفی سلەیمان گەرەوەیی و مەلا حەمەدی سەرانەیی میوانداریان کردن، لە گۆڕ چیوینەوە هاتنە دۆڵی (دندێ) و دێی سەران لەوێشەوە بۆساو سێوەکان. لەوێوە دکتۆر خالید و هێزەکەی بەرەو خۆشناوەتی ڕۆیشتن، مەفرەزەکەی خاڵ وەسمان لەسنوری چۆمان مانەوە.

## هـــــــەرێمی دوانـــــــزەی هـــــــەندرێن پـــــــایزی 1977

دوای گەڕانەوەی مامجەلال بۆ کوردستان هەرێمەکان درووست بوون هەندێک هەرێم پێش کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ و هەندێکیش لە ساڵی ١٩٧٨ پێکهات.

هەرێمی ١٢ی هەندرێن لە پایزی ساڵی ١٩٧٧ پێکهات، سنووری دۆڵی ئاکۆیان-ڕەواندز شوێنی جوڵەو چالاکی هەرێمەکە بوو، بەڵام هەرێمی ١٢ هەر بەو سنوورەوە نەدەوەستا پەلی دەهاویشت بۆ سنوورەکانی دۆڵی مەلەکان- خۆشناوەتی.

سەرەتای درووستبوونی هەرێمی ١٢ی هەندرێن عەزیزی ڕابیێ کرایە فەرماندەی هەرێمەکەو ڕەحمان کەزیان جێگری بوو، مەجیدی کوێخا محەمەد فەرماندە کەرت بوو.

## شـــــەهید بوونی عـــــەزیز حاجی ئـــــەحمەد مـــــانگی 1978/2

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چوونە گەرەوانی سەروو (حاجی س) هەواڵی دابوو بە سەربازگەی دوژمن، سێ پێشمەرگە عەزیز حاجی ئەحمەد، سەعید قادر محەمەد گۆڕە شێری، لە دوو ماڵی جیا دابەش بوون.

شەو سەرباز گەمارۆی گەرەوانی سەروویدا، عەزیزی حاجی ئەحمەدی ڕابییە لە ماڵەکە هاتە دەرەوەو تەقەی لە هێزەکەی دوژمنکرد، شەڕ درووست بوو، سەربازەکان تەقەیان لە عەزیزی حاجی ئەحمەد کردوو شەهیدیانکرد، تەرمی پیرۆزی کەوتە بەر چۆڕاوگەی ئاوی گوێسەبانەیەک.

سەعید کادرو محەمەد گۆڕە شێری یەکیانگرتەوەو لە گەرەوانی سەروو دەرچوون بە کۆڵانێکدا چوونە خوارەوە، سەعید کادر مەخزەنێک فیشەکی کرد بە کۆڵانەکەدا، پەڕینەوە لای ڕەشانێ شەو لەوێ مانەوە بۆ بەیانی لە کۆلێتی حاجی مستەفا دووکەڵ هەڵدەستا، محەمەد و سەعید چوونە کۆلێتەکە پێشمەرگەی لێبوو لەوێ زانییان عەزیز شەهید بووە.

هێزەکەی دوژمن جگە لە شەهید کردنی عەزیزی حاجی ئەحمەد، خێزانی سەعید کادرو سەباحە ڕەشیان دەستگیرکردبوو.

## ســـــــەرگۆڕان، ســــــــاوسێوەکە مــــانگی 1978/5

کۆپتەرەکانی دوژمن لە ساوسێوەکان و سەر گۆڕان هێزیان دابەزاند:

- مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لە کوێستانی سەر گۆڕان بوون.
- مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی مەجیدی کوێخا محەمەد لە ساوسێوەکە بوون.
- مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ڕەحمان کەزیان لە بێڕێش بوون.

پێشمەرگەکان لە هەر سێ لاوە لە هێزەکەی دوژمنیاندا، شەڕ کاتژمێرێکی خایاند، دوژمن زیانی بەرکەوت، پێشمەرگەکان سەرکەوتوو بێ زیان بوون.

## هـــــاوینە هــــــەواری کـــــۆگێ شـــــەهید بوونی دوو پـــــــێشمەرگە 1978/5/28

هاوینە هەواری کۆگێ شایەدحاڵی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەو فەرماندەی شۆڕشە بە دەستی خیانەت.

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٨ عەزیزی ڕابیێ فەرماندەی دلێری (ی ن ک) و پێشمەرگەی قارەمان عەبدولواحید ڕەسوڵ حاجی بە دەستی خیانەت و لە خەودا شەهید کران.

هێشتە کفنی ئاڵی شەهیدان عەزیزو عەبدولواحید ووشک نەببووەوە هاوسەنگەرەکانیان تۆڵەیان سەندنەوەو بکوژانیان بە سزای گەل گەیاند.

عەزیزی ڕابیێ پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانی شۆڕش و قارەمانی شەڕی گەورەی گەرەوان بوو، لە هەر دوو پەلاماری دوژمن بۆ سەر گەرەوان لە ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ شەهید عەزیز ڕۆڵی گرنگی بینی ، شەڕی دووەمی گەرەوان لە ساڵی ١٩٧٧ فەرماندەی شەڕەکە بوو، شەهید عەزیز لە دێیەکانی دۆڵاکۆ ناسراوو خۆشەویستی هەمووان بوو، فەرماندەیەکی ئازاو بوێر بوو، ساڵی ١٩٧٧ کراوەتە فەرماندەی هەرێم لە دۆڵاکۆ.

## چـــــیرۆکی شــــــەهید بوونی عـــــــەزیزی ڕابییێ

حەمەدەمین و یوسف چەکداری قیادە موەقەتە بوون لەوێ هەڵاتبوون لای عەزیزی ڕابییێ بوونە پێشمەرگە عەزیز مەڕێکی بۆ سەربڕین خزمەتی زۆری کردن ڕێزی لێنان، لە کاتی خەودا حەمەدەمین و یوسف دەستڕێژیان لە عەزیزی ڕابییێ و واحید کردوو شەهیدیانکردن.

- حەمەدەمین بەگ عەزیزی ڕابییێ شەهید کرد
- یوسف واحیدی شەهید کرد

تەرمی عەزیزو واحیدیان بە پشتی وڵاخێکدا بردە گەرەوان، بکوژەکان تەسلیم بوونەوەو هاتنە چوار قوڕنە.

- یوسف کەسووکاری خۆیان بە سزایان گەیاند تا دوژمنایەتی درووست نەبێت
- حەمەدەمین بەگ کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوەو بردیانە زەڵێ و گوللەبارانکرا

## هـــــاتنی ســـــەید ســــــەلیم

دوای شەهید بوونی عەزیزی ڕابییێ فەرماندەی هەرێمی ١٢ی هەندرێن، سەید سەلیم کرایە فەرماندەی هەرێمی ١٢.

دوای شەهید بوونی عەزیزی ڕابییێ مامجەلال بە حەسەن کوێستانیدا نامەیەکی بۆ سەید سەلیم نارد بۆ هەولێر، دوای گەیشتنی نامەکە سەید سەلیم هاتە شاخ عەبدوڵڵا بۆرو (٨) پێشمەرگە لە دێی بنمێردە پێشوازییان لێکرد.

سەید سەلیم لە (پونگین) کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکانی هەرێمی ١٢ی هەندرێن کردوو وەکو فەرماندەی هەرێم دەستبەکار بوو وەسمان بەگ و مامۆ مەلەکی کرانە فەرماندەی کەرت.

## شـــــەڕی تـــارینان- مـــــەلەکان
## مـــــانگی 1978/7

سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی ١٢ نامەیەکی بە مەلا ئەحمەدوو ساڵح هەولێریدا نارد بیگەیەننە دەستی مەلا وەسمان لە بلەی خوارێ.

سالّح هەولێری و مەلا ئەحمەد بەڕێکەوتن چوونە تارینان، مەفرەزەیەکی جاشی تایبەت لە تارینان بۆسەیان دانابوو، مەلا ئەحمەد و سالّح هەولێری کەوتنە بۆسەکەوەو شەڕ درووست بوو، مەلا ئەحمەد گوللەیەک بەر سەریکەوت و شەهید بوو سالّح هەولێری بۆ ماوەی نیو کاتژمێر شەڕی لەگەڵ جاشەکانکرد.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەبدوڵلا بۆر بەرەو شوێنی شەڕەکە هاتن هێرشیانکردە سەر جاشەکان، لەگەڵ هەڵمەتی پێشمەرگەدا جاشەکان هەلاّتن.

لەو شەڕەدا مەلا ئەحمەد شەهید بوو

سالّح هەولێری بریندار بوو

دوو جاش کوژران و دوانیتر بریندار بوون

## بــــــۆسەی کـــــــوری تـــــــەنگ
## مـــــــانگی 1978/11

هێزێکی هەرێمی ١٢ی هەندرێن کە پێکهاتبوون لە (٢٥) پێشمەرگە بە فەرماندەیی حاجی کەمال چوونە دۆڵی ئالانە لە کوری تەنگ بۆسەیەکیان دانا.

سەر لە بەیانی (٣) زیلی مغاویر کەوتنە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی هەرێمی ١٢ لێیاندان، هەر پێشمەرگەیە دوو مەخزەن فیشەکی لە زیلە مغاویرییەکاندا خالّی کردەوە.

هێزێکی دیکەی دوژمن بەرەو شەڕەکە هاتن ئەوانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی هەرێمی دوانزەوەو گورزی گەورەیان بەرکەوت.

لەو شەڕەدا ٩٠ بۆ ١٠٠ مغاویر کوژران سالّح ئاکۆیی پێشمەرگەی هەرێمی ١٢ بە برینداری کەوتە دەست دوژمن.

هێزەکەی هەرێمی ١٢ هەشت پێشمەرگەیان لە سەر جادە بوون باقی پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی پێشمەرگەکانی سەر جادە لە دواوە سەنگەریان گرتبوو.

شەڕی کوری تەنگ و کوژرانی ئەو ژمارەیە لە دوژمن دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناو چاوی دوژمنی شکاند، ورەی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەی چەند هێندە بەرز کردەوە.

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٨/١٢/٢٨ هێرشی هێنایە سەر ناوچەی ئاکۆیان، پێشمەرگەکانی هەرێمی (١٢) لەنزیک گەڕەوان بەرەنگاریان بوونەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی ڕەیس عورەفایەک و حەوت سەرباز.

١٩٧٨/١٢/٢٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٢) لەنزیک دێی سارتکەی ڕانیە لە زیلێکی سەربازییاندا و دوو سەرباز کوژران.

## چـــــەند چـــــالاكييەك

پێشمەرگەیەکی هەرێمی (١٢) هەندرێن لە ١٩٧٩/١/١٨ چووە ناو شاری ڕانیە و نارنجۆکێکی هەڵدایە ناو نەخۆشخانەی سەربازییەوە و دوو سەرباز کوژران.

*پێشمەرگەیەکی هەرێمی (١٢) لە ١٩٧٩/١/٢٣ نارنجۆکێکی خستە ناو ماڵی ڕائیدێکەوە لە ڕانیە.

*هێزێکی گەورەی دوژمن لە ١٩٧٩/١/٢٥ گەمارۆی مەفرەزەیەکی هەرێمی دوانزەیاندا لە دێی شێخ وەسمان، دوای شەڕێکی جوامێرانە پیشمەرگەکان خۆیان لە گەمارۆکە دەربازکرد.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەربازو بریندار بوونی سیانیتر، (٣) پێشمەرگەش برینداربوون

ڕۆژی ١٩٧٩/١/٢٦ دوو پێشمەرگەی هەرێمی ١٢ لەنزیک دێی گەرەوان تەقەیان لە ژمارەیەک سەرباز کردوو سەربازێک کوژرا.

*ڕۆژی ١٩٧٩/١/٢٩ چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی ١٢ لە دێیەکانی بیران و زەنگڵ و دوو گۆمان بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە.

پێشمەرگەکانی هەرێمی (١٢) دوای پێنج کاتژمێر شەڕ هێزەکەی دوژمنیان ڕاونا، دوژمن کوژرا و برینداری هەبوو

قوربانی پێشمەرگە (ڕەحمان ئەحمەد) خەڵکی سەرکانی چۆمان شەهید بوو مستەفا مینە ڕەسوڵ برینداربوو.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٢) هەندرێن ١٩٧٩/٢/١٦ لە ناو گەلی عەلی بەگ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا کاتژمێر ٨ بەیانی جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە

و گوللەبارانیانکرد هەرچی لەناودابوو کوژرا، لاشەی کوژراوەکان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەسەر جادەی گشتی مانەوە زیاتر لە (٢٠٠) ئۆتۆمبێلی هاوولاتیان بەلایاندا تێپەڕین و دیمەنی لاشەکانیان بینی لەناو کوژراوەکاندا ملازم عەلی نوری و چەند سەربازێکیتر بەرچاو دەکەوتن

*ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٧ هێزێکی دوژمـن هێرشی هێنایە سـەر خۆشناوەتی، مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٢) بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ دوو کاتژمێری خایەند، زیاتر لە (١٠) سەرباز کوژران و بریندابوون.

هێزێکی هاوبەشی هەرێمی (١٢) لە ١٩٧٩/٢/١٩ لەسەر ڕێگەی ئالانە خەلیفان بۆسەیەکیان بۆ ئۆتۆمبێلکی دوژمن دانا بەڵام کاروانێکی گەورەی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە کە لە دوو فەوج و زیاتر لە (١٠٠) جاش پێکهاتبوون.

هێزە هاوبەشەکەی هەرێمی (١٢) لە کاروانە سەربازییەکەی دوژمنیاندا و شەڕ ماوەی (١١) کاتژمێری خایەند. لەوشەڕەدا ئامر فەوجی (٢) ی لیوای (٢٢) لەگەڵ ئەفسەرێک کوژران.

(٤٤) سەرباز و جاش کوژران و ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب برینداربوو.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی (ساڵح عەباس ئاکۆیی) و برینداربوونی پێشمەرگەیەکیتر بوو.

## زیـــــنی گــــــەرەوان
## بەهـــــاری ســــــاڵی 1979

بەهاری ساڵی١٩٧٩ هێزێکی دوژمـن هێرشی هێنایە سـەر زینی گـەرەوان، هێزی پێشمەرگە چوونە (تیشی کوڕە کەویاری)، کۆپتەر هێزی لە قۆپی زینی و کوڕەکەویاڕو ئاراسن و سەری بێڕەش دابەزاند، هێزی پێشمەرگە لە هێزەکەی دوژمنیانداو ژمارەیەکیان لێکوشتن.

## شەڕی سەرگەروی بنمێرد
## بەهاری 1979

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەلی نەبی لە کۆلی بنمێردە بوون، هێزێکی دوژمن هاتبوون پشتی گرتبوون.

عەبدوڵڵا بۆر لە گۆڕاکۆبوو هەواڵیاندانێ جاش و عەسکەر هاتوون لە بنمێردە لە پێشمەرگەیانداوە لە گۆڕاکۆوە هاتن بۆ پشتی بنمێردە لە هێزەکەی دوژمنیاندا، جاش و سەرباز بەپەلە هەڵاتن چوونە بن شاخی زێڕینێ و بەرەو ئاکۆیان ڕۆیشتنەوە.

## هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی دوانزەی هەندرێن
## ڕۆیشتنی سەید سەلیم

دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی هەندرێن و بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی هەرێمەکە لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست کەوتن لە ناوچەکەدا کەرتی وەسمان بەگ مایەوە بڕیار بوو بکرێنە قووەتی سۆران بەڵام فریانەکەوتن.

## شەڕی توتمە
## هاوینی 1979

هێزێک لە پێشمەرگەکانی مەلەکان بەرەو خەتیبان بەڕێکەوتن کە شەو گەڕانەوە کەمینی دوژمن لە سەر ڕێگە بوو چاوەڕییانکرد تا کەمینەکە دەڕوات دوای هەڵگرتنی کەمینەکە پەڕینەوە پشتی توتمەو بە بێ ئێشکگر خەوتن.

بەیانی کە بە خەبەر هاتن هەستان بڕۆن بۆ شێخ وەسانان فەوجی بالیسان و خەتێ چواردەوریان گرتبوون، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا درووست بوو، تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو.

دوای شەڕێکی قارەمانانە هێزەکەی دوژمن تێکشکا
لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە بریندار بوون
دوانزە سەرباز کوژران و ٦ سەرباز بریندار بوون

برایم یەکێک لە پێشمەرگە بریندارەکان کەوتە دەست دوژمن، دواتر لە نەخۆشخانە ڕزگاریانکرد.

## شـــــەهید بوونی وەسمان بــــەگ و هـــــاوڕێکانی مـــانگی 1981/9

مانگی ١٩٨١/٩ وەسمان بەگ بە دەستی حزبی شیوعی و لە تۆڵەی عەبدوڵڵا ماویلی شەهید کرا، عەبدوڵڵا ماویلی مەفرەزە خاسە بوو هاتە دەرگەڵە و پەیوەندی بە حزبی شیوعییەوە کرد، عەبدوڵڵا ماویلی دەستی سوور بوو بە خوێنی پێشمەرگە هەر بۆیە کەسووکاری شەهیدەکان و پێشمەرگە ڕازی نەبوون عەبدوڵڵا ماویلی پێشمەرگە بێت چوونە سەری و لە دەرگەڵە کوشتییان.

حزبی شیوعی لە تۆڵەی عەبدوڵڵا ماویلی لە گەرەوان وەسمان بەگ و سێ پێشمەرگەیتریان شەهید کرد.

**شەهیدەکان:**

١- وەسمان ئەحمەد حەمەد، وەسمان بەگ فەرماندەی کەرت

٢- حەمە لاو نەبی حەمە لاو کادیری کۆمەڵە

٣- خدر عوسمان محەیدین سەرانەیی

٤- لوقمان ئەحمەد بادین ماویلی

## پــــــاشەکشەی ســــــۆسیالیست مـــــانگی 1981/10

سەید کاکە ئۆپەراسیۆنێکی ڕاگەیاند دژی هێزەکانی (ی ن ک)، هێزەکانی سۆسیالیست لە وەرتێ، باڵەکایەتی، گەرەوان، خۆشناوەتی، دەشتی کۆیە، دەشتی هەولێر کۆبوونەوە.

لە خۆشناوەتی، سماقولی، دەشتی کۆیە، بەری مەرگە، دۆڵی جافەتی پەلاماری هێزەکانی یەکێتییاندا لە کاتێکدا یەکێتی ئامادەکاری بۆ شەڕ نەکردبوو.

(ی ن ک) هێزێکی کۆکردەوە بەشێک لە هێزەکان بە سەرپەرشتی نەوشیروان

مستەفا بە بناری قەندیلدا هاتن بەرەو وەرتێ و باڵەکایەتی هێزێک بە فەرماندەیی مستەفا چاوڕەش بەرەو دۆڵی جافەتی ڕۆیشتن، هێزەکانی حسک شکان و پاشەکشەیانکرد.

دوای شکانی هێزەکانی سۆسیالیست ژمارەیەک فەرماندەی حسک گەڕانەوە ڕیزەکانی (ی ن ک)، لە ساڵی ١٩٨٢ سنووری دۆڵی ئاکۆیان ڕەواندز کرایە تیپی ١٢ی سۆران و حەسەن کوێستانی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

هەواڵنامەی کتێب

# دۆڵی شـاورێ- مەفرەزەی سـەرەتایی
# هــەرێمی چــواردەی ئــاکۆ

## دۆڵی شاورێ- مەفرەزەی سەرەتایی هەرێمی چواردەی ئاکۆ

دۆڵی (شاورێ)ی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت و یاخیە، ماکۆک شاخی هەزار بە هەزارو نواڵەو هەورازە دەیان لوتکەی بەرزو لە هەورگیر بووی لە ئامێز گرتووەو بووەتە سەرپۆشی دۆڵی شاورێ و سەرکەپکان و ناوچەی بتوێن و دەربەند تا چاو بڕکات بە سەر پرچ و ئەگریجە و پەرچەمی ئەو دۆڵەدا دەڕوانێ و شۆڕبووەتەوە کە ساڵانێک کوانووی بەرگری و شۆڕش بوون، کێوە ڕەشیش هەمان شێوە دەستە خوشکی ماکۆک و کارۆخ و بێترخێ بوو.

لە دوای هەرەسی ئەیلول ناوچەی ئاکۆیەتی و دۆڵی شاورێ هەرنەکەوتن، ڕاستە بۆ ماوەیەک کپ بوون بەڵام کپبوونێکی کاتی و پڕ تەگبیر و خۆڕاگری هەتا هەلێک، دەرفەتێک شک دەبەن و دەلاقەیەک دەکرێتەوە.

سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش دۆڵی شاورێ پێگەیەکی گەورەو گرنگی شۆڕش بوو هەر بۆیە بووە جێگەی سەرهەڵدان و حەوانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و وەکو ناوچەکانیتری کوردستان ئێرەش کورەی خەبات و تێکۆشان بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## پێش شۆڕش

محەمەدی کاک هەمزەی گولان، ئیبراهیمی کاک هەمزە، عەلی نەبی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوون کە ئاشبەتاڵ هات هەندێک چەکی وەکو ڕەشاش و چەکە کۆنەکانیان تەسلیم کردەوە بەڵام برنەوی دار شووشەو فیشەکێکی زۆریان شاردەوە تا لە هەر دەرفەتێکدا بتوانن بەکاری بهێنن و سوودی لێوەربگرن.

محەمەدی کاک هەمزە چەندین چەکی لە گولان شاردەوە برنەوێکی دارشووشەی بە ئاشکرا لە ماڵەوە دانابوو پێش ئەوەی شۆڕش هەڵایسێ و پێشمەرگە سەرەتاییەکان بچنەوە شاخ دۆڵی شاورێ یەکەم تەقەی بە خۆیەوە بینی.

## مـــــانگی 1976/7

محەمەد حەسەن شاوری پورزای محەمەدی کاک هەمزە بوو لەگەڵ سمایلی کاک ڕەسوڵ چووە لای محەمەدی کاک هەمزە و وتی زۆر وەڕزم لە حکومەتی عێراق ناتوانم لە ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەدا بسرەوم تەگبیرێکم بۆ بکە، محەمەدی کاک هەمزە بە محەمەدی پورزای وت چی لە خۆت ڕادەبینی، محەمەد حەسەن پێیووت ئەگەر چەکدارم بکەیت چی دەڵێی دەیکەم بەڵام چەکم نیە دەبێت چەکدارم بکەیت، محەمەدی کاک هەمزە پێیووت بە مەرجێک چەکت دەدەمێ (جوندی) بکوژیت هەرچی پێداویستیتان هەبێت بۆتان جێبەجێ دەکەم لەگەڵ سمایل بە شەو لەو شاخانە بمێننەوە تا پایز ئەگەر هیچ دەرفەتێک نەبوو لە پایزدا دەتانبەمە ئێران- وتیان زۆر باشە.

محەمەدی کاک هەمزە بڕنەوو کڵاشینکۆفێکی بۆ هێنان یەکی بە (١٠٠) فیشەک و نارنجۆکەوە، لەگەڵ بڕنەوو کڵاشینکۆفەکە دە دیناری پێدان، محەمەدو سمایل ڕۆیشتن بە محەمەدی کاک هەمزەیان وت حەوت ڕۆژ بژمێرە، ڕۆژی حەوتەم لە سەرکانی کوران دوو سەرباز دێن دەیانکوژین.

## چـــــالاکی کـــــانی کــــوران

محەمەدو سمایل بڕنەوێک و کڵاشینکۆفێکیان لە محەمەدی کاک هەمزە وەرگرتوو ماڵاواییانکرد ووتیان دوو سەرباز دێنە سەر کانی کوران لە چیای ماکۆک هەر دووکیان دەکوژین.

محەمەدی کاک هەمزە ڕۆژی دەژمارد چاوەڕێی تێپەڕینی حەوت ڕۆژەکەی دەکرد ئاخۆ چی دەبێت.

ڕۆژی حەوتەم بوو محەمەدی کاک هەمزە لە ڕانیە دەگەڕایەوە گەیشتەوە (گوڵان) ووتیان ئەمڕۆ لە سەر چیای ماکۆک تەقە بوو.

چیای ماکۆک زنجیرەیەک ڕەبیەی لێدانرابوو لە تێکڕای ڕەبیەکانەوە کردبوویانە تەقە، دوای چوار پێنج شەو محەمەدوو سمایل گەڕانەوە دوو کڵاشینکۆفی سیخۆیان هێنابوو لە سەر کانی کوران دوو سەربازەکەیان کوشتبوو، محەمەدی کاک هەمزە

دەستخۆشی لێکردن و بە خێرهاتنەوەی کردن ووتیان ئەو تفەنگانەت نادەینەوە خەڵکی تری پێ چەکدار دەکەین.

## چـــــالاکی پــــــڵنگان

خدر ڕەحمان و ڕەحمانی برایم گورگە چوونە لای محەمەدی کاک هەمزە ووتیان لە پشتی پڵنگان چوار سەرباز پارێزگاری ڕێگاکە دەکەن ئەگەر پێت باش بێت دەچین ئەو سەربازانە دەکوژین، محەمەدی کاک هەمزە پێیووتن چیتان دەوێت ئامادەیە.

خدرو ڕەحمان چەکی خۆیان هەبوو بەڵام پشتگیری محەمەدی کاک هەمزە گرنگ بوو بۆیان، محەمەدی کاک هەمزە بە خدرو ڕەحمانی ووت بڕۆن سەربازەکان بکوژن چاوەڕێتان دەکەم.

ئەو شوێنەی بە نیاز بوون سەربازەکانی لێبکوژن هەر چەند دەقیقەیەک لە سەربازگەیەکی دوژمنەوە دوور بوو، محەمەدی کاک هەمزە چاوەڕێ بوو ئێوارە بوو بە تەقە دوای تەقەکان خدرو ڕەحمان گەڕانەوە کاک محەمەد لێیپرسین چیتانکرد ووتیان چوار سەرباز بوون یەکێکیان لە سەر دارێک دانیشتبوو قاچی ڕادەوەشاند یەکەم دەستڕێژ ئەو سەربازەمان بەردایەوە سێ سەربازەکەیتر ڕایانکرد لە دوانیانماندا یەکێکیان چووە پەنا بەردێک شەڕی لەگەڵ کردین لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز گەیشتە شوێنی شەڕەکە بۆیە چەکەکانمان بۆ نەهات بەڵام سەربازێکمان کوشتوو دوانمان بریندار کرد.

## بــــــایز ئـــــاغا

کوشتنی ئەو سەربازانە لە دوو چالاکی جیاوازدا دەنگدانەوەی بە دوای خۆیدا هێنا لە ناوچەکەدا.

بایز ئاغا ناردی بە دوای محەمەدی کاک هەمزەدا ووتی ئەو سەربازانەت چۆن کوشت محەمەدی کاک هەمزە پێیووت وەکو تۆ دەزانم کە تۆ کوشتوتن من لە سەر کوشتنی ئەو سەربازانە تووشی کێشە دەبم دەڵێن ئەو ئاوەی کانی کوران

لە سەر چیای ماکۆک لە سنووری عەشیرەتی ئاکۆیە و لەوێ کوژراون و ئەوان کوشتوویانە بایزاغا ووتی سەربازەکان ئێمە نەمانکوشتوون محەمەدو ئەوانەی لە گەڵیدان کوشتویانن و تۆ چەکت داونێ محەمەدی کاک هەمزە وتی بەڵێ من چەکم داونێ بایز ئاغا ووتی با بیانبینم محەمەدی کاک هەمزە ووتی نابێت ، بایز ئاغا وتی چیان دەوێت بۆیان دەکەم محەمەدی کاک هەمزە بە بایز ئاغای وت داواکاریت چیە تۆ داواکاریەکەی خۆت بڵێ ئەگەر گونجاو بێت وا دەکەم بۆت بکەن گونجاو نەبێت نابیندرێن و نایەن، بایز ئاغا وتی با لە سنووری ماڵی ئەنوەر بەگی سەربازان بکوژن، محەمەدی کاک هەمزە وتی زۆر ئاسانە بە سەر چاو بایز ئاغا وتی چییان بۆ بنێرم محەمەدی کاک هەمزە وتی هیچیان بۆ مەنێرە تفەنگ و فیشەکیان پێیە و منیش دەیاندەمێ.

بایز ئاغا مەبەستی ئەوە بوو بچن لە سنووری ئەنوەر بەگی بێتواتە سەرباز بکوژن دواتر بڵێن ئەوە ماڵی ئەنوەر بەگ و خۆشناون لە سەر کانی کۆرانی سەربازیان کوشت لە لای ئێوەش کوشتویانن.

## لـــــێدانی ڕەبیـــــیەیەك

ئێوارەیەک محەمەدو ئیسماعیل لە نزیک ماڵی نـەوزادی ئـەنوەر بـەگ لە ڕەبیەیەکیاندا شەش سەربازی تیادا بوو لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا دەستڕێژیان لێکردن و ژمارەیەک سەربازیان کوشت بەمجۆرە فشارەکە کەوتە سەر نەوزادی ئەنوەر بەگ و وا بڵاو بووەوە ئەوانەی سەربازەکان دەکوژن خۆشناون، تۆمەتەکە لە کۆڵ عەشیرەتی ئاکۆو بایز ئاغا بووەوەو بە مل ئەنوەر بەگ و خۆشناوانیاندادا.

## هـــــەڵایسانی شـــــۆڕش
## دۆڵی شـــاورێ- ئـــــاکۆیەتی

١٩٧٦/٨/١٥ جەنابی مامجەلال نامەیەکی بۆ بایز ئاغا نارد کە سەر گەورەی عەشیرەتی ئاکۆ بوو.

مامجەلال لە نامەکەدا نووسیبووی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و عومەر دەبابە هاتوونەتە قەندیل دەبێت بە خۆت و عەشیرەتەکەتانەوە پەیوەندیان پێوە

بکەن و بچنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە.

دوای گەیشتنی نامەکەی مامجەلال بایز ئاغا ناردی بە دوای محەمەدی کاک هەمزەدا، کاک محەمەد چووە لای بایز ئاغا و وتی نیازت چیە بایز ئاغا وتی دەبێت بچینە دەرەوە ببین بە پێشمەرگە بەڵام دەبێت تۆو عەلی نەبی ئامادەبن پشتیوان بن محەمەدی کاک هەمزە وتی ئێمە ئامادەین.

بایز ئاغا کاتی دیاریکردوو وتی دەبێ شەو بێنە (کانی بناو) چەند خەڵکت پێدێت بە چەکەوە لەگەڵ خۆت بیانهێنە ئێمە لە ڕانیەوە دێین لە کانی بناو یەک دەگرینەوە.

لە کاتی دیاریکراودا محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی تێکڕا (١٣) چەکدار هاتنە کانی بناو تا بەیانی چاوەڕێ بوون بایز ئاغا نەهات، شەو بارگە و بنەی لێکناو بەرەو ڕووناکی ڕۆیشت، محەمەدی کاک هەمزە و عەلی نەبی و هەڤاڵەکانیان بە ناو ڕەبیەکاندا گەڕانەوە.

## ڕۆیـــــشتنی بــــایز ئـــــاغا

ئەو شەوە بایز ئاغا نەهاتە کانی بناو (١٦٠٠) سەر مەڕی تەعاونی لەگەڵ خۆی بردوو لەگەڵ هێزێکدا بە شاخ هەڵگەڕان و چوونە ناوچەی ئینزێ، لێوژە، زارگەلێ، عەشیرەتی ئاکۆیان ئاگادار کرد چەک هەڵگرن و ببنە پێشمەرگە.

عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دکتۆر خالید لە قەندیل بوون بایز ئاغا نامەی بۆ نووسین ئەوانیش هاتنە لایان بایز ئاغا پێشوازی گەرمی لێکردن.

بایز ئاغا و هێزەکەی لە (سەر گەنێڵ و عاشقولکە) بارەگایان دانا، مەڕەکانیان تەسلیم کرد فرۆشتیان بە هاووڵاتییەکی ئێرانی و پارەکەیان تەسلیمی عومەر دەبابە کرد.

عومەر دەبابە ڕۆیشت بۆ سوریا، ماڵی بایز ئاغاو سوار اغا و عەلی عەسکەری چوونە (سەرگە نێڵێ) دکتۆر خالید بارەگای لە ئاشقوڵکە دانا کە نزیک بوون لە یەکتری.

لە دێیەکانی سەرگەنێڵ و دۆڵی گوڵان و کاسکان و دۆڵە ڕەقە زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە عەشیرەتی ئاکۆ بوونە پێشمەرگە، هێزەکە فراوان بوو بۆیە چەند مەفرەزەیەکیان



هەواڵنامەی کتێب

لێدرووستکردن و ناردیاننەوە ناوچەکانی خۆیان.

شاسوار جەلال (ئارام) هاتە سەرگەنێڵ لەگەڵ عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو بایز ئاغا کۆبوونەوە دوای دوو ڕۆژ کاک ئارام گەڕایەوە ناوچەی سلێمانی مەفرەزەکانی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆ بە سەر ناوچەکانی گەرەوان، دۆڵی باڵەک و گولاندا دابەش بوون بایز ئاغا لەگەڵ مەفرەزەیەک چووە دۆڵە ڕەقە سواراغا لە ناوچەی سەرگەنێڵ مایەوە.

## عەلی نەبی- محەمەد کاك هەمزە

محەمەدی کاک هەمزە، محەمەد و سمایلی نارده لای بایزئاغا وتی ئێوە ئاشکرابوون پێویستە بچنە شاخ.

دوای ماوەیەک ناردیان بە دوای عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزەدا ئەمانیش چوونە لای بایزاغا لە (کۆمتان) لە دۆڵی ناودەشت مەفرەزەکانیان درووستکرد.

برایمی کوێخا ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی کەرت لە وەرتێ محەمەدی کاک هەمزە کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە دۆڵی شاورێ عەلی نەبی کرایە جێگری.

## پەلاماری سوپای عێراق
## مانگی 1976/11

محەمەدی کاک هەمزە لەگەڵ مەفرەزەکەیدا لە گولان بوون هەواڵ گەیشت هێزەکانی دوژمن پێشڕەوی دەکەن بۆ دارەبەن.

سەر شاخی ماکۆک سریەیەکی سەربازی لێبوو کۆپتەر بەردەوام دەهات هێزی تری دادەبەزاند هێزێکی زۆری دوژمن هاتبوونە دارەبەن.

بایز ئاغا لە ناوچەکە بوو لەگەڵ محەمەدی کاک هەمزە و عەلی نەبی و پێشمەرگەکانیتر شەو لە گولان کۆبوونەوە بەرنامەو پلانی بەرگرییان داڕشت بەری دۆڵە ڕەقە ژمارەیەک پێشمەرگەی لێبوو شوێنیان پێسپاردن، عەلی نەبی، محەمەدی حاجی باپیر و نزیک بە (٢٠) پێشمەرگە نێردرانە قۆپی پەسیوان.

قادر پۆشۆو کامەلاو سورەی حاجی ئەلیاس و چەند پێشمەرگەیەک نێردرانە هەورازی کەر ترێنە، محەمەدی کاک هەمزە، محەمەدی حەسەن شاوری، محەمەدە قەندە چوونە ماکۆک، شەوێکی سارد بوو بەفر دەباری کاتژمێر (٢)ی شەو گەیشتنە ماکۆک چوونە بن بەردێک لە ژێر بەفردا داریان دۆزیەوەو ئاگریان کردەوە.

بەفر چیای ماکۆکی داپۆشیبوو، محەمەدی کاک هەمزە تەماشای سەر شاخی ماکۆکی کرد لە سریە سەربازیەکەی ئاسنگەرانی سەر ماکۆک سەرباز بەرەو قۆپی پەسیوان دەڕۆیشتن.

محەمەدی کاک هەمزە لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی بە بایز ئاغاوە کردو ئاگاداری کردەوە لەوەی ئەو هێزەی دوژمن کە هاتوونەتە سەر شاخ هەموویان ڕەق بوونەوەو کەسیان نەماوە بەڵام لە ئاسنگەران سەرباز دیارن بەرەو قۆپی پەسیوان دەڕۆن بۆیە ئێمەش دێینە خوارەوە، محەمەدی کاک هەمزەو محەمەدی حەسەن شاوری و محەمەدە قەندە هاتنە خوارەوە لەشیان تەڕ ببوو لە مزگەوتی (گولان) خۆیان وشک کردەوە.

پێشمەرگەکان چوونەماڵی کاک محەمەد بۆ نانخواردن لە نانخواردندا بوون تەقە لە پەسیوان دەستیپێکرد لە سەر نانخواردن هەستان و بەرەو قۆپی پەسیوان ڕۆیشتن، دنیا تەمومژ بوو لە هەموو لایەکەوە تەقە بوو عەلی نەبی ، محەمەدی کاک هەمزەو پێشمەرگەکانیتر لە لایەکەوە تەقەیان لە هێزەکانی دوژمن کردووشکاندیانن.

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن شکا پێشمەرگەکانیش گەڕانەوە (مێدێرێ) بۆ لای بایز ئاغا لێپرسراوی پێشمەرگانەی ناوچەکە.

ئەوە یەکەم شەڕی پێشمەرگانە بوو لە ناوچەکەدا لەو شەڕەدا (١٠) سەرباز کوژران، (١٠) کلاشینکۆف دەستکەوت بوو.

دەیان سەرباز لە ناو بەفری تەزیوو سەهۆڵبەندانی ماکۆکدا ڕەق بوونەوەو هەڵدێران، لەو ماکۆکە گەردن بەرزە سەر تەزیوە هەپروون بە هەپروون بوون.

دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا بایز ئاغا سووپاسی کردن و لەگەڵ هێزەکەی گەڕایەوە قەندیل (١٦) پێشمەرگە لە دۆڵی شاورێ مانەوە، بایز ئاغا

هەر پێشمەرگەیەی دینارێکی دایە.

تا کۆتایی مانگی ١٩٧٧/٣ مەفرەزەکەی دۆڵی شاوریێ بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە لە ناوچەکە مانەوە.

## دۆڵــــــی شــــــاوریێ /1976

لیوای (٣٦)ی سەربازی دوژمن لە ١٩٧٦/١٢/٢٦ پەلاماری دوڵی شاورێیدا، پێشمەرگەکانی دوڵی شاوریێ لە چەند لایەکەوە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە.

زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی (٤٠) سەرباز و ئەفسەرو (١٢) لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا جێما.

دەستکەوت (١٢) کلاشنکۆف و یەک ڕەشاش و هەندێک کەلوپەلیتر.

## پــــــەلاماری دوژمــــــن
## زســــــتانی ســــــاڵی 1977

ڕژێمی عێراق هێزێکی زۆری لە قادراواو پشتی سەنگەسەر کۆکردەوە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە سەر یەک پەلاماری سێوەیس و قەلاتوکانیدا سەرجەم پەلامارەکان لە لایەن پێشمەرگەکانی ئاکۆیەتی تێکشکان.

لەو بەرگریە کەم وێنەیەدا لە کلاوی بەستان و سەری کورکی قەلاتوکان چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون کوێخا نەبی یەکێک لە شەهیدەکان بوو، لەو شەڕەدا (B.K.C) یەک و چەند کلاشینکۆفێک دەستکەوت بوون.

دوای بەرگری دلێرانە و نەمانی تەقەمەنی پێشمەرگەکان ناوچەکەیان جێهێشت و لە قەندیل ئاوا بوون لەگەڵ ئاوا بوواندا لە بەفری سەختی زستانی قەندیل دا حسێن حاجی ئەحمەد سارکی و سێ پێشمەرگەیتر شەهید بوون و تەرمی پیرۆزیان لە ناو بەفری قەندیلدا جێما.

سووپای عێراق گەیشتە مەنگوڕایەتی، دێیەکانی ناوچەی مەنگوڕایەتی ڕاگواست بۆ (ئینزێ) لەوێ ئۆردوگای بۆ کردنەوە.

پێشمەرگەکان کەوتنە دیوی قەندیل لە بادیناوێ نان و خواردنیان بۆ هێنان هاتنەوە دۆڵە کۆگە هێزەکەی ئاکۆیەتی بە فەرماندەیی بایز ئاغا هاتنە پشتی شەرویت، قەڵاتوکان، ڕەزگە و مارە دوو تا دەستیان بگاتە ئاوەدانی و بەفری ئەو زستانەش ئەتوێتەوە.

## شـــــەڕی دارەبـــــەن
## 1977/3/19

محەمەدی کاک هەمزە لە گوڵان بوو ئەرسەلانی برای گەیشتە گوڵان و وتی هێزێکی زۆری دوژمن بەرەو دارەبەن بەڕێوەیە.

محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی، تێکڕا (١٦) پێشمەرگە کە لە ناوچەکە مابوونەوە چوونە قۆپی پەسیوان (١٦) پێشمەرگە بە سەر سێ شوێندا دابەش کران بوون بە سێ بەشەوە.

محەمەدی حەسەن شاوری و حەسەنی حەمەدە بۆری وەرتێ لە کانی کەر بوون ئەوێشیان جێهێشت ئەوانیش هاتنەوە پەسیوان.

کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٩ بوو هەتاو کەوت و لە شاخەکانیدا، تۆپباران دەستپێکرد پێشمەرگەکان بە سەر سێ قۆڵی نزیک لە یەکدا دابەش ببوون تەقەیان لە هێزە پەلامارەدەرەکەی دوژمن نەکرد تا نزیک بوونەوە، بەرایی هێزەکەی دوژمن گەیشتە نزیک پێشمەرگەکان لە نزیکەی (١٥٠) مەتریدا پێشمەرگەکانیان بەدیکردو تەقەیانکرد.

محەمەدی کاک هەمزە، کامەلا، حاجی برای عەلی نەبی، قادر پووشوو لە لایەک بوون، عەلی نەبی، ئەرسەلان، ژمارەیەک پێشمەرگەو چەند هاووڵاتیەک لە لایەک بوون.

لە قۆڵی محەمەدی کاک هەمزە تەقە لە هێزەکەی دوژمن کراو ژمارەیەک سەرباز کوژران، لە قۆڵی عەلی نەبی بە هەمان شێوە لە هێزەکەی دوژمن دراو شپرزەیان کردن، ژمارەیەکی زۆریان لە هێزەکەی دوژمن کوشت .

لە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی بەیانی تا کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارە شەڕ بەردەوام

هەواڵنامەی کێتر

بوو ئەو ڕۆژە تا ئێوارە کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو تۆپخانەو دەبابە هاوکاری هێزەکەی دوژمن بوون.

پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە لە شوێنی خۆیان هەڵنەستان تا شەو داهات لەگەڵ دنیا تاریک بووندا هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکەی دوژمن، فەسیلی یەک و دووی هێزەکەی دوژمن بە تەواوی کوژران و تیا چوون.

(١٠) کلاشینکۆف، دوو ڕەشاش، جیهازێک دەستکەوت بوون، پێشمەرگەکان بێزیان بوون دوای کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان، پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکردوو چوونە مێدێرێ، ئەحمەد کاڵێ و خدری ڕەحمان و چەند پێشمەرگەیەک چوونە (بێ زێ).

بۆ بەیانی چوار پێشمەرگە چوونەوە قۆپی پەسیوان نزیک بە (٥٠٠) سەربازی لێبوو، ئەحمەد کاڵێ و خدری ڕەحمان لە (بێ زێ) وە هاتن، تەقەیان لە سەربازەکان کرد دوو مەخزەنی گڕداریان بە سەربازەکانەوە ناو گەڕانەوە، ئەو ڕۆژە (٤) سەرباز کوژران بە پێی زانیاریەکانی ئەو کاتە لەو شەڕەدا تێکڕا (٧٨) سەرباز کوژران.

## بـــــەرەو قـــــــەندیل

محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی، حسێن و پێشمەرگەیەکیتر بەرەو قەندیل ڕۆیشتن لە زارگەلێ گەیشتنە دکتۆر خالید و بایز ئاغا.

محەمەدی کاک هەمزە بێتەلێکی پێبوو دایە دکتۆر خالید و وتی بۆ تۆم هێناوە، دکتۆر خالید سووپاسی کردوو بە محەمەدی کاک هەمزەی ووت شۆڕش هەر ئەو بێتەلەی هەیە هەوڵ ئەدەین بێتەلێکی تریش پەیدا بکەین، لە تۆڵەی ئەو بێتەلەش دەچین لە سوریا چەک دەهێنین یەکەم ئاربیجی لە کوردستان دەدەینە تۆ.

## مانگی 1977/3

هێزێکی گەورەی فیرقەی (٢) لە ١٩٧٧/٣/٢٨ هێرشێکی چەند ڕۆژەی هێنایە سەر ناوچەی ناودەشت بەنیازی لەناوبردنی پێشمەرگەو دێهاتەکانی ناوچەکە.

هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە بەرەنگاری هیرشەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ

لەچەند لایەکەوە هەڵایسا، لە بۆڵێ و سورەدێ و دۆڵی شەهیدان شەڕی گەرم و کەموێنە ڕوویدا، لەو شەڕەدا دوژمن زیانی گەورەی پێگەیشت زیاتر لە (١٠٠) ئەفسەر و سەرباز کوژران و بریندار بوون.

**لەو شەڕانەدا سێ پیشمەرگە شەهید بوون**

١- شەهید عەلی حمە خدر خەڵکی دێگە – سەردەشت

٢- شەهید محەمەد سەردەشتی

٣- شەهید سالیم خدر عەلی سورەدێی

دوای شکاندنی دوژمن لەو هێرشانەدا وەکو پیشەی فاشیانەی خۆیان تۆڵەیان لە خەڵکی دێهاتەکان کردەوە زیاتر لە (٢٠٠) خێزانی دێهاتەکانی ناوچەکەیان گرت و دووریانخستنەوە بۆ خوارووی عێراق هاوکات دێیەکانی سیوەیس، شێخان، وورتە، باراوە، ئەبوبەکرەیان سووتاند.

## 1977/3/28

بەنیازی لەناوبردنی پێشمەرگە و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە دوژمن لە ١٩٧٧/٣/٢٨ هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچەی ئاکۆیەتی، پێشمەرگە و جوتیاری ناوچەی لە چیای گازی، بێبالان، وورتە، ساوێن بەرەنگاری پەلامارەگەی دوژمن بوونەوە.

لەوشەڕەدا (٧٠) ئەفسەرو سەرباز کوژران (١٠٠) ئەفسەرو سەرباز بریندار بوون

**سێ پێشمەرگە لەو شەڕەددا شەهیدبوون**

١- شەهید عەبدوڵڵا حەسەن خەڵکی قرناقاو

٢- شەهید کوێخا نەبی حەمەد خەڵکی قادراوا

٣- شەهید فەقێ عەبدوڵڵا خدر خەڵکی کاسکان

دەسکەوت (١٠) کلاشنکۆف، یەک ڕەشاشی گرینۆف، یەک کاشیفەی ئەلغام

## شــــــەڕی چــــــەکوچ
## بەهـــاری 1977

سووپای عێراق پەلاماری شاخی چەکوچیدا شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمندا ڕوویدا تۆپخانەکانی دوژمن کەوتنە تۆپبارانی ناوچەکە.

## شـــــەهید بوونی خـــــێزانێك

تۆپێک لە ماڵی کوێخا (خدر)ی دا کچێک و خێزانەکەیی و دوو کوڕی کوێخا خدر شەهید بوون، هێزی ئاکۆیەتی ناوچەکەیان جێهێشتن هاتن بە دیوی قەندیلدا چوونە (گیڤارینا) دوای ماوەیەک مانەوە لە (گیڤارینا) کۆبوونەوەیەکی فراوان بە ئامادەبوونی عەلی عەسکەری، سەید کاکە، دکتۆر خالید، بایز ئاغا ئەنجامدرا.

بەیانیەک کۆپتەرێک بە سەر قەندیل دا ڕۆیشتە دیوی ئێران لە سەر پشتی (خرەندۆڵ) هێزێکی زۆری دابەزاند، لە پشتی (گیڤارینا) پێشمەرگەکانی ئاکۆیەتی ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە.

## ئـــــاکۆیەتی مـــانگی 1977/5

لەنزیک چوارقوڕنە ڕانیە ولە ١٩٧٧/٥/١٥ ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەیەکی پێشمەرگەوە و گوللەبارانکرا.

زیانی دوژمن کوژران و بریندابوونی (١١) سەرباز و تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلێک.

## خســــتنە خـــوارەوەی کـــۆپتەرێك

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/٧/١٨ هێرشی هێنایە سەر چیای قەندیل پێشمەرگە قارەمانەکان ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ (١٢) کاتژمێری خایەند، لەوشەڕەدا کۆپتەرێک پێکراو لە گۆمی کرمە سوورانی قەندیل کەوتە خوارەوە .

لە شـەڕی سیوەیس و قەڵاتووکاندا هێزەکەی بایز ئاغا (B.K.C) یەکیان گرتبوو سواراغا بەو (B.K.C) یە تەقەی لە کۆپتەرەکە کردوو پێکای بە بەرچاوی پێشمەرگەکانەوە لە دیوی گۆمی گردە سوران کەوتە خوارەوە.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق ڕوویدا، هێزەکانی دوژمن بەرەو دیوی خڕەندۆڵ ڕۆیشتن هێزی پێشمەرگەش بارەگاکانیان گواستەوەو چوونە (چۆمە)ی دیوی ئێران،ماڵی عەلی عەسکەری لەوێ بوو دواتر ئەوان بەرەو سوریا ڕۆیشتن.

هێزەکان لە قەندیل زۆر بوون بە سەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەشکران و نێردرانەوە ، هێزەکەی ئاکۆش هەمان شێوە کرانە چەند مەفرەزەیەک و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

**فـــــــەرماندە مـــــــەفرەزەکان**

١- محەمەدی کاک هەمزە
٢- عەلی نەبی
٣- محەمەدی حاجی برایم
٤- برایم مەمکانی
٥- عەبدوڵڵای حاجی شێخە
٦- فەقێ حەسەن
٧- شێخ هۆمەر
٨- زرار حاجی نەبی

هەواڵنامەی کتێب

## هەرێمی چواردەی ئاکۆ

مامجەلال بانگی سواراغای کرد ووتی دەبێت هەرێمێک درووست بکەیت، هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ درووست بوو (٤٦٠) پێشمەرگە بوون لە چەند کەرتێک پێکهات.

**کەرتەکان**

١- عەبدوڵڵا سکتانی فەرماندەی کەرت
٢- شێخ هۆمەر
٣- فەقێ حەسەن
٤- عەلی نەبی
٥- حاجی ئەحمەد بۆڵی
٦- قادر ڕەسوڵ ئاغا گرتک
٧- ڕەسوڵ حاجی تایەر کەرتی هەرێم
٨- موسا ئاڵی
٩- قادر پووشوو
١٠- برایم نەبی (مەمکانی)
١١- عومەر حاجی برایم
١٢- سمایل وەرتی
١٣- حاجی ئاغای لیۆژێ
١٤- حەسەن حاجی شێخە بنزێری

سنووری هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ لە سەنگەسەر تا وەرتێ و ڕێگای گردجان بوو.

## بارەگای پڵنگان

دوای درووستبوونی هەرێمی (١٤) ئاکۆ لە سەرکردایەتیەوە بارەگایان هێنایە پڵنگان و گەڕانەوە ناوچەکانیان دوای گەڕانەوەی هەرێمەکەو پێش دانانی بارەگا لە پڵنگان دوژمن هێرشی کردە سەریان.

## مانگی 1979/4

مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ لە ١٩٧٩/٤/١٣ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای معسکری تۆپزاوە دانا، زیلێک و جیبێکی قیادە کەوتە بۆسەکەوە لێیاندان لە جەنگەی تەقەدا جیبەکە گڕیگرت.

زیانی دوژمن کوژرانی (٢٥) سەرباز و ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب

لەکاتی گەڕانەوەی مەفرەزەکەدا لەگەڵ ڕەبییەی قەمبەر گاوان تووشی شەڕبوون و گورزی کاریگەریان لێوەشاندن.

## مانگی 1979/5

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) هەرێمی ١٤ لە ١٩٧٩/٥/١ مینێکیان لە جێگەی حیمایەی سەربازەکانی قەڵا مستەفا چاندو تەقییەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣) سەرباز و برینداربوونی سەربازێکیتر.

مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤) لە ١٩٧٩/٥/٢ مینێکیان چاند، مینەکە لە زینوی بانەمشک لەژێر پێی دوو سەرباز تەقییەوە ، سەربازێک کوژرا و ئەویتر برینداربوو.

١٩٧٩/٥/٢ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤) بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی سەربازەکانی دیلمان دانا کۆمەڵێک سەرباز کەوتنە بۆسەکەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی (٢) سەرباز، دەستکەوت (٢) کلاشنکۆف

١٩٧٩/٥/٥ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤) نزیک ڕەبییەکانی گابیرێز،ماینە سوور، گۆڕ عیسا مینێکیان چاندوو تەقییەوە، دوژمن زیانی زۆری لێکەوت.

## مانگی 5

١٩٧٩/٥/٩ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤) لە کەمینی سەربازەکانی زارگەلییاندا و شاکاندیان . زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و سێ سەربازیش برینداربوون.

دەستکەوت دوو کلاشنکۆف و یەک جیهازی تەلەفون.

١٩٧٩/٥/١٠ مەفرەزەیەکی هەرێمی (١٤) چوونە سەر مونەزەمەی حزبی بەعس و گوللەبارانیانکردن. زیانی دوژمن کوژرانی پۆلیسێک و برینداربوونی مفەوەز سامی

پێشمەرگەکانی هەرێمی (١٤) لە ١٩٧٩/٥/١٣ مینێکیان لە نزیک مقەڕ لیوای (٩٧) ی ڕانیە داناو تەقییەوە.

١٩٧٩/٥/٢٦ مەفرەزەیەکی هەرێمی ١٤ لە مەیدانی تەدریبی عەسکەری سەر بە لیوای ڕانیە مینێکیان چاند و تەقییەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی ملازمێک و ٤ سەرباز.

## 1979/8/8

مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) هەرێمی ١٤ لە ١٩٧٩/٨/٢١ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی گادر لە نزیک مۆڵگەی فەوجی خانەقاو بە گوللەی ساروخ و چەکیتر لێیاندان و شەڕ دوو کاتژمێری خایەند.

زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەرباز و برینداربوونی (٥) سەربازیتر.

## شـــــــەڕی دارەبـــــــەن
## پـــــایزی 1979-1980

هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ بە فەرماندەیی سواراغا لە پشتی پڵنگان بوون کاتێک هێزەکانی دوژمن پەلاماری دارە بەنیاندا، هێزی پێشمەرگە لە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن هاتنە دەست و لێیاندان.

عەلی نەبی و پۆلێک پێشمەرگە لە (بێ زێ) و سواراغا لە پشتی پڵنگان لە هێزەکەی دوژمنیانداو تێکیان شکاندن دوای شکاندنی پەلامارەکەی دوژمن هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ بارەگایان لە پڵنگان دانا.

## نـــــێوان وەرتێ خـــــــانەقا
## مــــانگی 1980/4

ڕەبییەیەک لە نێوان وەرتێ خانەقا بوو، سەربازی ڕەبییەکە دەچوونە لیوا بۆ هێنانی خواردن، لە شەوێکدا کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی سمایل وەرتی بۆسەیەکیان بۆ سەربازەکان دانا، محەمەد وەرتی و عومەر لە دواوە مانەوە تاوەکو پارێزگاری لە پێشمەرگەکانی بۆسەکە بکەن بەڵام سەربازەکان نەهاتن.

پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە کاتژمێر ١١ی بەیانی شەش سەرباز هاتن بۆ دارکردنەوە چوار کلاشینکۆفیان پێبوو دوانیان بێ چەک بوون.

سەربازەکان لە دارکردنەوەکە ماندوو بوون دانیشتن پشوویەک بدەن، پێشمەرگەکانی هەرێمی ١٤ لێیاندان شەش سەربازەکەیان کوشت چوار چەک دەستکەوت بوو، دوای ئەو چالاکییە دوژمن وەرتێی تۆپبارانکرد.

## چـــــەند چـــــــالاکییەك
## هـــاوینی ســـاڵی 1980

سمایل وەرتی چەندین چالاکی لە سنوورەکە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر سەربازییان کوشت، دوژمن مستەفای برای سمایل وەرتی دەستگیرکرد بوو لە تۆڵەی دەستگیرکردن و لە پێناو ئازاد کردنی مستەفادا سمایل وەرتی و مەفرەزەکەی چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا.

لە تۆڵەی گرتنی مستەفای برایدا سمایل وەرتی و مەفرەزەیەک لە ناو دێی ماویلیان سێ سەربازیان کوشت و دوو چەک دەستکەوت بوو لە پایزی هەمان ساڵدا نزیک دێگەڵە دوو سەربازی تریان کوشت.

شەوێک چوونە دەرگەڵە دوو دکتۆریان دەستگیرکرد یەکێکیان ناوی ئومێد بوو عەرەبێکی بەعسی بوو، دکتۆرە کوردەکەیان ئازاد کردوو دکتۆرە عەرەبەکەیان هێشتەوە دوای ماوەیەک لە ڕێگەی مەلا خدرەوە ڕێکەوتن دکتۆرە عەرەبەکەو مستەفا بگۆڕنەوە، سمایل وەرتی دکتۆرەکەی ئازاد کرد لە بەرانبەردا مستەفاش ئازاد کرا.

## شـــــەڕی پـــــیرانە ڕەش
## 1980/11/18

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەرمیان و کوێستانەوە بـەرەو ناوچەی خۆشناوەتی هاتبوون تا سنورێک بۆ پاوانخوازییەکانی حزبی سۆسیالیست و قیادە مۆقەتە دابنێن.

هێزێکی هەرێمی (٥) قەرەداخ بە فەرماندەی مام ڕۆستەم و مەحموود سەنگاوی لە پیرانە ڕەش بوون.

ملازم سەید کەریم بە فەرماندەیی هێزێک لە مەتکەبی عەسکەرییەوە بەرەوناوچەی خۆشناوەتی بەڕێکەوتن بەبناری قەندیلدا هاتنە ماخ و بزنان و پیرانەڕەش تێکڕای هێزەکان لە پیرانەڕەش و بناری کێوە ڕەش تێکەڵ بوونەوە .

ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ ژمارەیەک کۆپەر هاتنە سەر پیرانە ڕەش و دەسترێژیان لە هێزەکە کرد، عەبدوڵڵا سوور بە (ئاربی جی) و مام ڕۆستەم بە ڕەشاش تەقەیان لە کۆپتەرەکانکرد لە ئەنجامی دەسترێژی کۆپتەرەکان هەشت پێشمەرگە شەهید بوون و دوانزە پێشمەرگە برینداربوون.

**(شەهیدەکان)**

١- شەهید جەمیل ڕەنجبەر، شاعیر و پێشمەرگە

٢- شەهید صدیق ئیبراهیم حەسەن

٣- شەهید جەنگی

٤- شەهید ڕەئوف

٥- شەهید ئیسماعیل

٦- شەهید دڵشاد حەمەدەمین

*جەنگی خەڵکی کۆیە بوو دەمانچەیەکی پێبوو بە دەمانچەکەی تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد کۆپتەرەکان دەسترێژیان لێکردوو و برینداربوو لەو شەڕەدا دواتر شەهید بوو، کاتێک پێکراو چوونە سەری دەمانچەکەی لەناو دەستیدابوو

*ڕەئوف ئاربیکەیەکی پێبوو تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد لەکاتی تەقەکردندا پێکراو شەهید بوو

*ئیسماعیل هەولێری گوللەیەک لەسەریدرابوو برینداربوو دوای چەند کاتژمێر مانەوەی بە برینداری شەهید بوو

*صدیق ئیبراهیم حەسەن ناسراو بە صدیق وولاغلویی و جەمیل ڕەنجبەری کادر و شاعیر وەکو هاوڕێکانیان بە دەسترێژی کۆپتەرەکان شەهید بوون.

دوای شەڕی پیرانە ڕەش هێزەکەی یەکێتی چوونە دۆڵی شاوریَ لەوێوە چوونە ناوچەی کۆیە – هەولێر لەقەلانسج تووشی شەڕێکی گەورەبوون.

ئەو هێزانە هاتبوونە ناوچەکانی خۆشناوەتی کۆیە، هەولێر تاهێزەکانی (ی.ن.ک) بەسەر ناوچەکەدا باڵا دەستبن چوونکە (حسک) لەناوچەکەدا شەڕیان بە هێزەکانی یەکێتی دەفرۆشت و کەم فرسەتانە پێشمەرگەیان شەهیدو بریندار دەکرد

ملازم سەید کەریم هێزەکانی ڕێکخستەوە چەند مانگێک لەناوچەی خۆشناوەتی و هەولێر مانەوە

ناوچەکە بەتەواوەتی گەڕایەوە ژێر دەسەلاتی (ی.ن.ک) وئارامی بۆ گەڕایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## شـــــەرو پــــــێکادان
## 1982-1981

چالاکی هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ بەرفراوان بوو، لە بۆسکێن ، کێوەڕەش، هێزی باڵەک چوونە بۆسکێن بۆسەیان بۆ دوژمن داناو شەڕ دەستیپێکرد، پێشمەرگەکانی هەرێمی (١٤) چوون بە هانای شەڕەکەوەو هێزەکەی دوژمن گورزی کاریگەری بەرکەوت.

ساڵی ١٩٨٢ هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ لە سۆڵتەی وەرتێ شەڕێکیان لەگەڵ دوژمندا کردو دەستی بە زەبریان لێوەشاندن لەو شەڕەدا حاجی مستەفای وەرتێ شەهید بوو هەمان ساڵ هەرێمی ئاکۆ لە قەرەنیاغا هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکانی دوژمن.

هەواڵنامەی کتێب

# خۆشناوەتی
# دۆڵی بالیسان- بێتواتە

## خـــــــــۆشناوەتی
## دۆڵـــــــی بـــــالیسان- بـــــێتواتە

خۆشناوەتی ناوچەیەکی گەورەو فراوانە لە چەندین ناوچەو دێ پێکدێ پانتاییەکی گەورەی لە خۆ گرتووە.

لە دەربەندی گۆمە سپان، سەیرانگەی سەلاحەدین، خەتی هاملتۆن تا شەقلاوەو سیساوە، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی بالیسان، دۆڵی سماقولی، سەروچاوە، سکتان، هیزۆپ، بێستانە دەیان و سەدان شاخ و لوتکە و دۆڵ و زۆرگ و گردو یاڵ و بەرزایی لە خۆدەگرێت سەدان دێی جوان و دلگیر باوەشیان بە خۆشناوەتیدا کردووە.

ناوچەی خۆشناوەتی وەکو زۆربەی ناوچەکانیتری کوردستان سەرقاڵی کاری جووتیاری و باخداری و مەڕوو ماڵات بە خێوکردن و کاری ڕۆژانەن.

## دۆڵـــــی بالیسان- بـــــێتواتە

دۆڵی بالیسان – بێتواتە لە ناوچە گرنگ و فراوانەکانی خۆشناوەتین، ژمارەیەک دێ و مووچەیان لە خۆگرتووە، لە سەردەمی شۆڕش و بەرەنگاریدا مەیدانێکی گرنگی شۆڕش بوون، لە هەلایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) ڕۆڵی دیارو گرنگیان بینیوە.

## بـــــێتواتە – ســـــەروچاوە

بێتواتە لە چەند دێیەک و مووچە دێیەک یان وەکو خەڵکی ناوچەکە دەڵێن قونە دێیەک پێکهاتووە.

چێوەی سەروو خواروو، سوێرە، مێرگە سوور، هەرمک، زێوە، هەرتەل، مەلۆک، وەرێ، نواوە، بێ کێل، دواوە، بێتواتە، ئەندیک، ئەنگۆز، شکارتە، سەروچاوە.

### دێیـــــــەکانی دۆڵە گـــــۆران

سەردۆڵ، نێوە، بێلنگە، مەمیاوا، خەڵیفە.

## مووچـــــە دێ، قونـــە دێ

ڕووبارە، سەریکانی
ترشاوا سەر بە ناحیەی بێتواتەیە بەڵام عەشیرەتی بڵباس و ئاکۆیی تێدایە.

## دۆڵـــــی بالـــیسان

دۆڵی بالیسان لە چەند دێیەک پێکدێت بالیسان، خەتێ، سپیلکا، بیرۆ، توتمەی سەروو خواروو، کۆخان، بێراوە، شیرەو شیرە، کانی بەرد، شێخ وەسان، گابرەو زێنە، گورگان.

لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ ئەم ناوچانە کە بەشێکی گرنگ لە ناوچەی خۆشناوەتی پێکدێنن بوونە مەیدانی شۆڕش و بەرەنگاری.

## دوای هـــــــەرەس

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول تەمی نائومێدی هەورێکی ڕەش ناوچەکانی کوردستانی داپۆشی هەرەس هەناسەی لە شاخ و دەشت و دەر بڕیبوو، ڕژێمی عێراق شاخ و دێیەکانی کوردستانی بە مۆڵگە و سەربازگە تەنیبوو هەر ناوچەیەک چەندین فەوج و سریە و ڕەبییەی لێجێگیر کردبوو دۆڵی بالیسان و بێتواتەش وەکو تێکڕای ناوچەکانیتر کرایە سەربازگە.

لیوای مێرگە سەر و فەوجی بالیسان و فەوجی کانی بەردوو فەوجی خەتێ جێگیر کران هێزە سەربازییەکانی دوژمن ڕۆژانە و شەوانە هەڵیاندەکوتایە سەر دێیەکانی دۆڵی بالیسان و بێتواتە، خەڵکیان ئازار دەدا بە دوای چەکدا دەگەڕان بیانویان بە خەڵک دەگرت، ئەو کەسانەی لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بوون دەستگیریان دەکردن و ڕەوانەی خوارووی عێراقیان دەکردن.

لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٦، (١٥) خێزان لە دێیەکانی خەتێ، توتمە، بالوکاوە، دەراش، بالیسان، بێراوە، ڕەوانـەی خـوارووی عێراق کران و لە دەورووبـەری پارێزگای دیوانیە نیشتەجێکران.

## مانگی 1976/11

١٩٧٦/١١/٨ دەستەیەک پێشمەرگە لە بەنی هەریر بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە لەئەنجامدا (٢٥) سەرباز کوژران و بریندار بوون .

دەستکەوت (٥) کلاشنکۆف

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەریر لە ١٩٧٦/١١/٢٨ بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە و شەش سەرباز کوژران.

## مانگی 1976/12

دەستەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٦/١٢/١٢ بۆسەیەکیان لە نزیک شەقلاوە دانا لە ئەنجامدا شەش ئەمن و خەلیل ئیبراهیم معاونی ئەمن کوژران.

دەستکەوت (٣) کلاشنکۆف (٣) سیمینۆف

## هـــــــەڵایسانی شـــۆڕشی نـــوێ

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) جموجۆڵی پێشمەرگە لە ناوچەی خۆشناوەتی دەستپێکرد، پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ درووست بوون.

یەکەم مەفرەزەی ناوچەی خۆشناوەتی مەفرەزەی کوێخا ڕەسوڵ بێتواتەیی بوو دواتر مەفرەزەی فەیسەڵ هەرتەلی درووست بوو.

## مــــــەفرەزەی حاجی ڕەســـوڵ بـــــێتواتەیی

ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی جەمال خۆشناوەوە نامەیەکی دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە گەیشتە حاجی ڕەسوڵ بێتواتەیی، لە نامەکەدا نووسرابوو پەیوەندی بکەن بە شۆڕشەوە.

حاجی ڕەسوڵ مەفرەزەیەکی لە کوڕو کەسوکاری درووستکرد، دەمانچەیەک و برنەوێک و سازمەزەنێکیان پێبوو بە دەنگ نامەکەوە چوون بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن، سەرەتا چوونە هەرتەل، لەوێشەوە بۆ ساوسێکە، قڕناقا و پشت ئاشان، دکتۆر خالیدو عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەیان بینی، مەفرەزەکەی کوێخا

ڕەسوڵ بێتواتەیی لەگەڵ عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دکتۆر خالید کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکە گەڕانەوە ناوچەی خۆشناوەتی و چەکیان کڕی بە ناو خەڵکدا دەگەڕان، پەیامی هەستانەوەو هەڵایسانی شۆڕشی نوێیان دەدا بە گوێی خەڵکدا مژدەی سەرکەوتنیان پێدەگەیاندن.

مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە:

١- کوێخا ڕەسوڵ
٢- ڕەشۆ کوێخا ڕەسوڵ
٣- دڵشاد کوێخا ڕەسوڵ
٤- محەمەد مەولود
٥- مەلا ئاکۆ
٦- سمایل ئەندێکی
٧- کانەبی زێوەیی
٨- عەلی
٩- ئەحمەد فەقێ ئەحمەد
١٠- ئیسماعیل
١١- سەلام ئەندێکی

مەفرەزەکەی حاجی ڕەسوڵ بێتواتەیی لە ١٩٧٦/١٢/٢٤ یەکەم چالاکی پێشمەرگانەیان ئەنجامداو ١٦ سەربازیان کوشت.

## بەستی بێتواتە-قەرشان

ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/٢٤ لە بەستی بێتواتە – قەرشان نزیک بێتواتە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی ڕەشۆ بێتواتەیی لە زیلێکی سەربازیدا و ١٦ سەربازیان کوشت.

هەر لەو شەڕەدا نائب زابتێک و دوو سەرباز بە دیل گیران.

**دەستکەوت:**

١٢ کلاشینکۆفی سیخۆ

١ دەمانچەی میکارۆف
چالاکیەکە سەرکەوتووانە و بێ زیان بوو

## ڕەق بـــــوونەوەی دەیان ســـــــەرباز

دە ڕۆژ دوای لێدانی زیلە سەربازییەکە هێزێکی سەربازی دوژمن هاتنە سەر مەفرەزەکەی خۆشناوەتی، لە وەرێ، نواوە، بالیسانەوە هێزێکی زۆری دوژمن بەرەو شوێنی پێشمەرگەکانی خۆشناوەتی جوولان، بە کۆپتەر هێزیان لە سەر ماکۆک دابەزاند.

زانیاری گەیشتە مەفرەزەکەی خۆشناوەتی کە هێزێکی زۆری دوژمن جوڵەی پێکراوەو بە نیازن گەمارۆیان بدەن.

مەفرەزەکە ناوچەکەیان جێهێشت تا خۆیان لە پەلاماری دوژمن بپارێزن لە هەرتەلەوە بەرەو مەلەکان کەوتنە رێ، زستانێکی ساردوو سەخت بوو کەوتبوونە سەرەتای مانگی ١٩٧٧/١ زیاتر لە مەترێک بەفر بارییوو، بەشێکی زۆری هێزەکەی دوژمن لە ناو بەفردا ڕەق بوونەوەو مردن بەشەکەیتری هێزەکەی دوژمن لە پەلووپۆ کەوتبوون توانای جوڵەو پەلاماریان نەمابوو.

پێش ئەوەی مەفرەزەکە لە هەرتەل بەڕێبکەون زانیارییان پێگەیشتبوو فەوجێکی سەربازی دوژمن گەیشتوونەتە (بێکێڵ) کە نیو کاتژمێر لە هەرتەلەوە دوورە، بەشێکی زۆری هێزەکەی دوژمن لە بێکێڵ ڕەق بوونەوە، پێشمەرگەکان چوونە سەر تەرمەکانیان.

مەفرەزەکەی دۆڵی خۆشناوەتی فراوان بوو، مەفرەزەیەکیتر بە فەرماندەیی فەیسەڵ هەرتەلی درووست بوو، ژمارەی پێشمەرگە هەڵکشا بوونە (٥٠) پێشمەرگە.

مەفرەزەکانی پێشمەرگە بە دێیەکانی خۆشناوەتیدا دەگـەڕان، بەرنامەی شۆڕشیان بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە.

لە ناوچەی خۆشناوەتی چەندین بۆسەیان بۆ دوژمن دانا، هەندێک جاریش پێشمەرگە دەکەوتنە بۆسەی دوژمنەوە.

جەمال خۆشناو یەکێک لەو فەرماندانە بوو دەهاتە دۆڵی خۆشناوەتی هەندێک جار دەچووە مێرگە سەر (٥) پێشمەرگەی لە گەڵدا بوو.

هەولێر کتێب

## مـــــــانگی 1977/1
## هــــــەرتەل

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/١/١٦ هێرشی هێنایە سەر دێی هەرتەل بە مەبەستی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە، دەستەیەک پێشمەرگەبەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ دوو کاتژمێری خایاند، لە ئەنجامدا هێزەکەی دوژمن شکاو (٧) کوژراویان لەمەیدانی شەڕدا جێهێشت (٧) سەربازیش برینداربون.

مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ١٩٧٧/١/١٨ بۆسەیەکیان لە چیای ماکۆک بۆ دوژمن دانا لەوبۆسەیەدا (٨) سەرباز کوژران و سەربازێک برینداربوو.

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی حسێن خدر بوو.

### مـــــــەفرەزەی فـــــەیسەڵ هـــــەرتەلی

١- فەیسەڵ هەرتەلی
٢- برایمە شەل
٣- مەولود هەرتەلی
٤- مەغدید زێوەیی
٥- محەمەد سکتانی
٦- عومەر هەرتەلی

مەغدید بناوی یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە مەفرەزەکان بوو لە ناوچەکەدا، لە هەرووتایەتی تەقەیان لە سەربازەکانی دوژمن کرد، لە خوار هەرووتە کۆن چالاکییەکیان ئەنجامدا.

## شـــــەڕی هەرووتە کۆن- هــــــەرووتایەتی 1977

ساڵی ١٩٧٧ دۆڵی بالیسان قیرتاو دەکرا هێزێکی سەربازی بۆ پاراستنی ئامێرەکان دەهاتە دۆڵی بالیسان.

بەیانییەک پێش ئەوەی هێزەکە لە ئۆتۆمبیلەکانیان دابەزن، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی مەغدید بناوی لە خوار هەرووتە کۆن لە هێزەکەی دوژمنیاندا.

زیانی دوژمن کوژرانی ١٧ سەرباز بوو، چەند پارچە چەکێک دەستکەوت بوون ئەوە یەکەم چالاکی بوو لە ناوچەی هەرووتایەتی .

## مانگی 1977/2

١٩٧٧/٢/١ مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە نزیک شەقلاوە بۆسەیەکیان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا

لەو بۆسەیەدا (١٠) سەرباز و نائیب زابتێک کوژران.

دەستکەوت (١٠) کلاشنکۆف، (١) دەمانچە

١٩٧٧/٢/١٨مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیک ڕانیە چەند ئۆتۆمبێلێکیان گوللەبارانکرد هاوکات لە چیای ماکۆک بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا و (٨) سەرباز کوژران.

دەستکەوت (٢) کلاشنکۆف بوو

## شـــــەهید بوونی خــــورشید حــــــەسەن

خورشید حەسەن لە فەوجی بالیسان سەرباز بوو، لە سەربازی هەڵات و بووە پێشمەرگە لە مەفرەزەی مەغدید بناوی، لە ساڵی ١٩٧٧ لە چیای بەنی هەریر (مین)ی پیا تەقیەوەو شەهید بوو، بەهاری ساڵی ١٩٧٧ جەعفەر عەبدوڵڵا هەرتەلی لە کوێستانەکانی پشتی هەرتەل کەوتە کەمینی جاشەوەو شەهید بوو.

مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوون بە دەیان لە خەڵکی ناوچەی

هەواڵنامەی کتێب

خۆشناوەتی هاتنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە هێزێک بە فەرماندەیی بەکر توتمەیی لە ناوچەکە بوو دوژمن چەندین جار پەلاماری ناوچەی خۆشناوەتی دەداو تێکدەشکا.

## تـــێکشکاندنی پـــەلامارێکی دوژمـــن

مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٧٨ دوژمن پەلاماری هەر دوو دێی توتمەو بێرۆیدا، هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی بەکر توتمەیی ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو تێکیانشکاند، لەو شەڕەدا دوو جاش کوژران، قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو.

١- شەهید عەبدولڕەحمان مستەفا

٢- شەهید ئیبراهیم تۆفیق

لە تۆڵەی ئەم شکستەیاندا کۆپتەرەکانی دوژمن کەوتنە بۆردوومانی ڕەزەکانی پشتی توتمە لە ئەنجامدا دوو هاوولاتی توتمەیی شەهید بوون:

١- شەهید مستەفا عەزیز

٢- شەهید هاشم حەمید

هاووڵاتییەکی شێخ وەسانیش شەهید بوو.

لەگەڵ گەشە کردن و فراوانبوونی هێزی پێشمەرگەدا گورزی زیاتر لە دوژمن دەوەشێندرا محەمەد بالیسانی و حاجی کەمال کەندۆری لە پایزی ساڵی ١٩٧٨دا لە شێخ وەسانان گەمارۆی دوژمنیان شکاندو چەند سەربازێکیان لە دوژمن کوشت.

## مانگی 1977/5

١٩٧٧/٥/٢٧ لەنێوان خەتێ و ئالانە هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی (١٥) سەرباز.

دەستکەوت (١٥) کلاشنکۆف

*١٩٧٧/٥/٣٠ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیک دێی خەتێ لە مۆڵگەیەکی دوژمنیاندا و (٨) سەرباز کوژران.

## شــــــەڕی شـــــێخ وەســـــــانان

ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢٠ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی محەمەد بالیسانی هاتنە دۆڵی بالیسان لەگەڵ مەفرەزەی حاجی کەمال کەندۆری یەکیانگرت و مەفرەزەیەکی ١٢٠ کەسییان پێکهێنا مەفرەزەکە شەوێک لە مزگەوتی شێخ وەسان مانەوە سیخوڕێک هەواڵی مانەوەی پێشمەرگەکانی گەیاندبووە سەربازگەی ناوچەکە، هەر ئەو شەوە هێزێکی سەربازی دوژمن چواردەوری شێخ وەسانانیان گرت پێشمەرگەکان ئاگاداری هاتنی هێزەکەی دوژمن نەبوون.

محەمەد زێوەیی پێشمەرگەی مەفرەزەکە لە بەر دەم مزگەوتی شێخ وەسانان ئێشکگر بوو سەربازێک هاتە پێشەوەو داوای لە محەمەد زێوەیی کرد تەسلیم بێت محەمەد تەقەی لە سەربازەکە کردوو کوشتی.

پێشمەرگەکان لە دەنگی تەقە بە خەبەر هاتن شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکەی دوژمندا درووست بوو، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری پێشمەرگەکان گەمارۆی دوژمنیان شکاندو لە دێیەکە دەرچوون لەو شەڕەدا چوار سەربازی دوژمن کوژران پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.

## چیـــــــای هـــــــەورێ

هێزێکی دوژمن لە ١٩٧٧/١٠/٢٩ هێرشی هێنایە سەر پێشمەرگە لە چیای هەورێ پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ چەند کاتژمێرێکی خایەند.

زیانی دوژمن کوژرانی (٥٠) ئەفسەرو سەرباز هەندێکیان تاقمی فڕۆکەبوون.

قوربانی پێشمەرگە شەهید مەلا حاجی ڕەسوڵ خەڵکی قوشتەپەبوو.

## دەســــــــتگیرکردنی مـــحەمەد بالیـــــــسانی

ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١٧ محەمەد بالیسانی و سێ پێشمەرگە لە ماڵی حاجی ڕەسوڵی کانی بەرد بوون سیخوڕێکی دوژمن زمانی لێدابوون، فەوجی بالیسان چووە سەریان.

لە پێناو پاراستنی ماڵی حاجی ڕەسوڵ، محەمەد بالیسانی و هاوڕێکانی تەسلیم بە دوژمن بوون و هیچ بەرگرییەکیان نەکرد.

لە ١٩٧٩/٦/٦ بڕیاری لە سێدارەدان بۆ محەمەد بالیسانی دەرچوو لە ١٩٧٩/٧/١٤ لە سێدارە دراو دوو پێشمەرگەکەیتر ئازاد کران.

## کـــــــەوتنە بۆسەی دوژمـــــــن بەهـــــــاری 1979

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی ڕەشۆ بێتواتەیی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە دێی بێراوا کەوتنە بۆسەیەکی سەربازییەوە، لەو بۆسەیەدا پێشمەرگەکان هاتنە دەست و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ دوژمنداکرد.

لەو شەڕەدا (٥) سەربازی دوژمن کوژران پێشمەرگەیەک بە ناوی خدر ئەحمەد قادر (خدر هەرتەلی) شەهید بوو.

دوای شەڕەکە پێشمەرگەکان کشانەوە پشتی شیرە، بۆ بەیانییەکەی کۆپتەر هات و بەرزاییەکانی شیرەو بێراواو شێخ وەسانی بۆردوومانکرد.

## بۆســـــە، دەشـــــتی تــــوتمە

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ مەفرەزەیەکی کەرتی بەکر توتمەیی بۆسەیەکیان بۆ ئەو سەربازانە دانا کە ڕۆژانە دەهاتنە دەشتی توتمە بۆ پارێزگاری لەو کاروانە سەربازییانەی لە جادەی گشتی تێدەپەڕین سەربازەکان کەوتنە بۆسەی مەفرەزەکەوەو دوو سەرباز کوژران.

هەر لە ساڵی ١٩٧٩ شوانێکی توتمەیی بە ناوی سەدرەدین ڕەسوڵ خدر بە بۆردومانی کۆپتەر شەهید بوو.

## هــــــــەرێمی هەشتــــــی دەشتی هەولــــێر
## کــــــەرتی (4)ی بالــــــیسان

سەید کەریم لە ساڵی ١٩٨٠دا فەرماندەی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر بوو، کەرتی (٤) ی بالیسان مامۆستا کاوە مەخموری فەرماندەی بوو، دوای شەهید بوونی مامۆستا کاوە مەخمووری، کەیفی کەمال بەگ کە خەڵکی وەرێ بوو کرایە فەرماندەی کەرتی (٤)ی بالیسان، عەبدوڵڵا مەندێری جێگری بوو.

لەگەڵ هەڵایسانی شەڕی عێراق ئێران بەشێک لە هێزە سەربازییەکانی دوژمن لە دۆڵی خۆشناوەتی کشانەوە بەرەو شەڕگەکانی عێراق- ئێران، بەو جۆرە ناوچەکە جموجۆڵی زیاتری تێکەوت، چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدرا، لە مەرسەدی کۆڕەک هەندێک پسپۆڕی ڕۆمانی کاریاندەکرد مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەستگیریانکردن، چەندین جاش دەستگیرکران، چەندین ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکانی ڕژێم دەستیان بە سەرداگیراو گەیەندرانە ناوچە ڕزگارکراوەکان.

هەولێرنامەی کێنر

## لـــــــقی (2)ی (ی ن ك)

بارەگای لقی ٢ی (ی ن ک) لە بەردانگی بوو عەزیز بەگ لێپرسراوی لق بوو شاخەوان عەباس جێگری لێپرسراوی لق بوو، ڕەشۆ بێتواتەیی کرایە فەرماندەی کەرت سەر بە لقی (٢) بوو، سمایل هەرتەلی فەرماندەی مەفرەزە بوو ئەحمەد هەرتەلی جێگری فەرماندەی مەفرەزە بوو لەو ماوەیەدا شەڕ لە نێوان بەرەی جودو قیادە موەقەتە ڕوویدا.

## شــــــەهید بوونی پـــــۆلێك پـــــێشمەرگە

لە ١٩٨١/١/٩ کەرتەکەی ڕەشۆ بێتواتەیی کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو (٨) پێشمەرگە شەهید بوون (٩) پێشمەرگە بریندار بوون.

کەرتەکەی ڕەشۆ بێتواتەیی دەیانویست لە سەرکەپکانەوەو بە بیتوێندا بچنە ناوچەی خۆشناوەتی جاشەکانی ماڵی ئەنوەر بەگ لە چۆلیاوا بۆسەیان بۆ دانان، کاتژمێر (٣) دوانیوەڕۆ کەوتنە بۆسەی جاشەکانی ئەنوەر بەگ شەڕ تا ئێوارەی

خایاند، لەو شەڕەدا (٨) پێشمەرگە شەهید بوون و (٩) پێشمەرگەش بریندار بوون.
شەهیدەکان:

١- شەهید سەربەست کوێخا ڕەسوڵ بێتواتەیی
٢- شەهید خدر مەولود
٣- شەهید ئیبراهیم حەمەد ڕەسوڵ (ئیبراهیم چاوشین)
٤- شەهید فەیسەڵ حسێن زێوەیی
٥- شەهید محەمەد شێخ وەسانی
٦- شەهید وەسمان خدر ئەبوبەکر
٧- شەهید عەبدوڵڵا حاجی برایم چۆلیان
٨- شەهید عەلی سوێدی

لە ساڵی ١٩٨١ کەرتی (٤)ی بالیسان چوونە هەرێمی (١٤) ماوەیەک لەوێ مانەوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ قوەتی خۆشناوەتی درووست بوو.

## قـــــــووەتی خـــــــۆشناوەتی

لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) لە جێگەی هەندێک هەرێم قووەت درووست بوو، لەو چوارچێوەیەدا قووەتی خۆشناوەتی پێکهات.

ملازم خولە فەرماندەی قووەتی خۆشناوەتی، قادر دۆشکە جێگری قووەتی خۆشناوەتی فاروقی عەلی مەولود ڕێبەری سیاسی قووەتی خۆشناوەتی.

کەیفی کەمال بەگ فەرماندەی کەرت

ئازاد خۆشناو فەرماندەی کەرت

تەحسین کاوانی فەرماندەی کەرت

یوسف دێگەڵەیی فەرماندەی کەرت

مەهدی کاوانی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو دکتۆر مەجید، دکتۆری قووەتی خۆشناوەتی بوو.

****

١٩٨١/٩/٦ قووەتی خۆشناوەتی لە چیوە بوون چەکدارەکانی حزبی سۆسیالیست هاتنە سەر پێشمەرگەکانی خۆشناوەتی بەرزاییەکانی ئەمبەری چیوەیان گرتبوو لە داری مۆلێ بۆسەیان بۆ پێشمەرگەکانی قووەتی خۆشناوەتی داناو لێیاندان، دەستیان لە ماڵ و منالێ خەڵکی چیوە نەپاراستن، لەو بۆسەی غەدرەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی هاشم حسێن کە خەڵکی دەربەندی گۆمە سپان بوو شەهید بوو ، دکتۆر مەجید فیشەکێک بەر سەری کەوت.

ساڵح یوسف، قەسابی چیوە بوو شەهید بوو منالێک بە ناوی مەسعود حەمەدەمین حەمەد شەهید بوو، پێشمەرگە شەهیدەکە لە وەرێ بە خاک سپێردرا.

لە پایزی ساڵی ١٩٨١ قووەتی خۆشناوەتی بەرەو بەستی شەرغە بەڕێکەوتن، لە بەستی شەرغە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست تووشی شەڕ بوون.

پایزی ساڵی ١٩٨١ شەڕێک لە هەورێ لە نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و حزبی سۆسیالیست ڕوویدا، لەو شەڕەدا حزبی سۆسیالیست شکان.

حزبی شیوعی، پارتی، سۆسیالیست، پاسۆک، (بەرەی جود) شەڕیان بە یەکێتی دەفرۆشت، سەری کاروخ، زینی وەرتێ، سەری گۆڕەبۆتیان لە هێزەکانی یەکێتی گرتبوو، هێزەکانی یەکێتی لە گولان و شەکەڵە بوون، ئێزگەی پارتی هاواریدەکرد ئێوە چەند ڕۆژێکتان ماوە یان تەسلیم بە حکومەت بن یان دەکوژرێن.

هێزەکانی (ی ن ک) بە پێی نەخشەیەکی وورد لە مانگی ١٩٨١/١١ هێرشیانکردە سەر هێزەکانی جود لە وەرتێ، کاروخ، گۆڕەبۆتێ، بۆتێ، زارگەلی و تێکیانشکاندن، سۆسیالیست و شیوعی بەرەو قەڕناقا ڕۆیشتن پارتی بە کەڵەکی باڵەییان و قەندیلدا لە سنوور ئاوا بوون.

لە ساڵی ١٩٨٢ قووەت و هەرێمەکان هەڵوەشانەوەو تیپەکان دروست بوون لە جێگەی قووەتی خۆشناوەتی تیپی ٨٣ی هەورێ درووست بوو.

## قـــــوەتی کۆســـــرەت

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر هاوشانی قوەتی خۆشناوەتی، هەولێر، کۆیە، قوەتی کۆسرەتیش درووست بوو بەمجۆرە:

- عەبدوڵلای حاجی شێخە فەرماندەی قوەتی کۆسرەت
- مەلا حەسەن جێگری قوەت
- ئەحمەد حاجی قادر ڕێبەری سیاسی

### فـــــەرماندە کـــــەرتەکان

- عەبدوڵلا مەولود بنزێری
- کاکە جوان
- حەسەن حاجی شێخە
- خورشید ئەحمەد فەتاح

قوەتی کۆسرەت ماوەیەکی کورتی خایاند دواتر تیپی کۆسرەت کۆیە درووست بوو.

هەواڵنامەی کتێب

دەســــــتەی پــــــــاریزگای
هــــــەریمی پــــــــاریزگاری

## دەســـــتەی پـــــارێزگای – هـــــەرێمی پـــــارێزگاری

ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١١ لە یادی (١٦) ساڵەی شۆڕشی ئەیلول ئاهەنگێکی گەورە لە گەلی زەروە لە چیای گابارە سازدرا، ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەکانی شۆڕش و کادرە سیاسی و سەربازییەکانی (ی.ن.ک) و نزیکەی (٣٥٠) پێشمەرگەی سەرتاسەری کوردستان بەشداربوون لەم ئاهەنگەدا هەڤاڵ مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دکتۆر خالید سەعید لەیادی شۆڕشی ئەیلولدا بە دورودرێژی دووان، دواتر چەند سروودێکی شۆڕشگێڕانە ووتران.

*خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کەپێکهاتبوون لە ئەندامانی سەرکردایەتی ووڵات و دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک) لە ٨/٣١/ تا ١٩٧٧/٩/١٢ بـەردەوام بوو، چەندین بڕیاری گرنگی سیاسی ڕێکخراوەیی پێشمەرگانەی تیا درا.

هەواڵنامەی کتێب

## هـــــەرێمی پـــــارێزگاری

دوای شەڕی کەڵەکی باڵەییان و ئەو شەڕانەی لە دۆڵی باڵەییان ڕوویاندا هێزی پێشمەرگە ناوچەکەیان بۆ ماوەیەک چۆڵکرد دواتر بە مەفرەزەی جیاجیا گەڕانەوە ناوچەکانی باڵەکایەتی.

حاجی شێخە بنزێری و کوڕەکانی و عوسمان بچکۆل و بەشێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەکایەتی دوای گەڕانەوەی مامجەلال لە گەڵیدا مانەوە دواتر دەستەی پارێزگاری لە مامجەلال گۆڕا بە هەرێمی پارێزگاری و ئەرکی پارێزگاری لە مامجەلال و بارەگاکانی سەرکردایەتی پێسپێردرا.

هەرێمی پارێزگاری لە چەند کەرتیک پێکهات بەمشێوەیە:

- حاجی شێخە بنزێری فەرماندەی هەرێم
- حاجی کاک ئەحمەد جێگری یەکەم
- حاجی محەمەدی بایەوان جێگری دووەم

**فـــــەرماندە کــــەرتەکان**

١- فەقێ حەسەن
٢- ئەحمەد خدر
٣- شێخ هۆمەر
٤- ڕەسوی ئاغای

هەرێمی پارێزگاری لە شێخ ئایش و کەزی زەرد بوو دواتر لەگەڵ مامجەلال هاتنە ناوچەی سەر شێخان حاجی شێخە و چەند کەسێکیتر لە گەڵی هاتن لە کەرتی فەقێ حەسەن مانەوە.

دوای ماوەیەک مانەوە لە سەر شێخان گەڕانەوە شێخ ئایش، مامجەلال چەند کەسێکی لە گەڵدا بوو لە سوریاوە لە گەڵی هاتبوون لە کەرەجەوە دەستیان پێیانگەیشتبوو وویستیان مامجەلال بکوژن و ڕابکەن بەڵام نەیانتوانی و دیار نەمان، مامجەلال پێشمەرگەکانی پارێزگاری لە دۆخەکە ئاگادار کردەوە، سامان گەرمیانی، حەسەن بۆلێ، عوسمان بچکۆل و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر لە دەوری مامجەلال کۆبوونەوەو پاراستیان ئەوانەی بە نیازی تیرۆر کردنی مامجەلال بوون هەر ئەو شەوە شێخ ئایشیان جێهێشتوو چوونە کەرەج.

بارەگای مامجەلال کەوتبووە ناوەڕاستی بارەگای قادر خەبات، حاجی شێخە، حەسەن بۆلێ، ئەو بارەگایانە ئەڵقەیەکیان بە چوار دەوری مامجەلالدا درووستکردبوو بۆیە ئەوانەی بە نیازی تیرۆر کردنی مامجەلال بوون نەیانوێرا بوو بەرنامەکەیان جێبەجێبکەن چوونکە دەیانزانی دەرناچن، جگە لە سوریەکان پێشمەرگەیتریشیان لە گەڵدا بوو دواتر هەندێک لەوانە پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە ڕیزەکانی یەکێتی.

دوای ئەو بارودۆخە گواستیانەوەو هاتنە (گەلی گورگان) لە پشتی چیای گەلاڵە لە زنجیرەی قەندیل، حاجی وسو لە گەلێ گورگان بیست سەر ئاژەڵی بۆ سەربڕین هەموو ڕۆژێک ئاژەڵێکی بۆ مامجەلال دەنارد، لە کاتی ڕۆیشتندا مەڕێکی دانێ لەگەڵ خۆیاندا بردیان مەڕەکەیان سەربڕی و هەر پێشمەرگەیە پارچەیەکیان دایە.

لە گەلێ گورگان هاتنە دۆڵەنێ ماوەی مانگێک لەوێ مانەوە، ڕژێمی عێراق

پەلاماری قەڵاتوکانیدا کوێخاکانی مەنگوڕ، عەلی ئامەخان، حەسەنی برایم شوان و هێزێکی پێشمەرگە بەرگری گەورەیانکرد لە هەمانکاتدا ئێران پەلاماری ناوچەکەیدا لە قەڵاتوکانیش شەڕێکی قورس بوو.

خواردن و پێداویستی ژەمەکان کەمیکردبوو پێشمەرگەیانناردن لە دیوی ئێران ئاردو برنج و خواردن بهێنن.

حاجی شێخە لەگەڵ سێ پێشمەرگە چوونە دیوی ئێران بۆ هێنانی خواردەمەنی لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە گیران و بردیاننە کەرەج.

ئەحمەد سۆراوو سێ پێشمەرگەیتر ڕۆیشتن ئەوانیش گیران، حەسەنی برایم شوان و چوار پێشمەرگە ڕۆیشتن ئەوانیش دەستگیرکران، بێ نانی برستی لە پێشمەرگە بڕیبوو هەر چۆنێک بێت دەبووایە چارەسەرێک بدۆزنەوە تا بتوانن نانیان دەستکەوێت.

مامجەلال عوسمان بچکۆلی بانگکرد ووتی دەبێت شتێک بکەیت یان بە گیانی خۆت کۆتایی دێت یان بە نەجاتبوونی ئێمە کۆتایی دێت بچۆ هەندێک نانمان بۆ پەیدا بکە.

هێزێکی ئێرانی هاتبوونە سەری سەوە (هەوارگەی سەوە) نزیک دۆڵەنی مامجەلال بە عوسمانی ووت ئەگەر بۆتکرا سەربازێکی ئێرانی بگرە تا بیکەینە بارمتە لای خۆمان.

عوسمان بچکۆل و سێ پێشمەرگە بە ناو چیڤارو گژوگیادا ڕۆیشتن تا نزیک سەربازگەی ئێرانییەکان، ئەفسەرێک بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان دەهات دوو چریک و سەربازێکی لە گەڵدا بوو عوسمان بچکۆل پێشمەرگەکانی دامەزراند لەگەڵ ئەفسەرەکەدا لوتیان بە یەکدا تەقی عوسمان بچکۆل کلاشینکۆفی خستە سەر سەری ئەفسەرەکەو گرتی، ئەفسەرەکە کوردبوو خەڵکی مەهاباد بوو.

مستەفاو خدرو ڕەحمان و عوسمان بچکۆل ئەفسەرو چریکەکانیان چەککرد بە ئەفسەرەکەیان ووت هێزەکەت ئاگادار بکە هەر کەسێک بێت بە دواماندا دەتکوژین ئەفسەرەکە چووە سەر بەردێک هاواری لە هێزەکەیکرد کەس نەیەت بە دواماندا

خۆمان دەگەڕێینەوە.

ئەفسەرەکەیان هێنا مامجەلال زۆر ڕێزی لێگرت، مامجەلال بە ئەفسەرەکەی ووت ئێمە هەر کەس دەنێرین دەیگرن و دەیبەنە کەرەج بە فیتیماڵی مەلا مستەفا، لەودیو سوپای عێراق پەلامارماندەدات، لێرەش ئێوە وازمان لێناهێنن.

ئەفسەرەکە بە مامجەلالی ووت من دەسەڵاتی هیچم نییە هێندە دەتوانم پەیوەندی لەگەڵ سەرووی خۆم بکەم.

پێشمەرگەکان لە ڕێگە بێتەلەکەیان لە ئەفسەرەکە وەرگرتبوو دایانەوە دەستی و قسەی لەگەڵ تیمسال قەسیمی کرد تیمسال قەسیمی داوایکرد خۆی بێت و لە شوێنێک مامجەلال ببینێ.

بۆ بەیانی هێزێکی ئێرانی هاتنە دۆڵەکە پێشمەرگە ڕێگەیان لێگرتن هێزەکەی ئێران ووتیان بۆ گفتوگۆ هاتووین نەهاتووین شەڕتان لەگەڵ بکەین.

ئیسماعیل گرتکی ڕەوەند بوو لە قەندیل ئێرانییەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان ئیسماعیلیان ناردە لای پێشمەرگەکان ووتی ئەوان بۆ گفتوگۆ هاتوون، دوو کۆپتەر هاتنە سەرکردایەتی یەکێتی لە خوار بارەگای مامجەلال نیشتنەوە تیمسال قەسیمی لە ناو کۆپتەرێکدا بوو دابەزی و هاتە سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ مامجەلال، کاک نەوشیروان، ڕەسوڵ مامەند، سەید کەریم کۆبووەوە، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل گەیشتن بە ڕێکەوتنێک، بە پێی ڕێکەوتنەکە بڕیاردرا پێشمەرگە دەستگیرکراوەکان ئازاد بکەن.

ڕێگە لە هێنانی خواردن و پێداویستی پێشمەرگە نەگیرێت، بە ئازادی هاتووچۆ بکەن بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا نا ئێرانیش چاوپۆشی دەکات.

ئەو ڕێکەوتنە بوژاندنەوەیەکی باش بوو لە برسیەتی ڕزگاریان بوو.

## بـــــــــەكر پـــــــــیرۆت

بەكر پیرۆت پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٦ بووەتە پێشمەرگە بەشداری داستان و نەبەردییەكانی ئەو قۆناغەی كردووە، ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بەرەو ناوچەی هەكاری باكوری كوردستان یەكێك لەو پێشمەرگانە بوو لە شەڕەكانی ناوچەی هەكاری بەشدار بوو.

دوای دەستگیركردنیان لە لایەن قیادە مۆقەتەوە پێیانووتن یان دەبێت ببن بە قیادە مۆقەتە یان تەسلیم بە ڕژێمی عێراقتان دەكەینەوە.

بەكر پیرۆت و دەیان پێشمەرگەیتر لە نێوان بوون بە قیادە مۆقەتە و تەسلیم كردنەوەیان بەعێراق ، تەسلیم كردنەوە بە عێراقیان هەڵبژارد.

بەكر پیرۆت تەسلیم بە ڕژێمی عێراق بووەوە دوای ماوەیەک لە ناو شاردابە هۆی هەوڵی دەستگیركردنی لە لایەن بەعسەوە ناو شاری جێهێشتوو گەیشتەوە ڕیزی پێشمەرگەو چووە كوێستانی زارگەوەڕ بۆ لای مامجەلال بووەوە بە پێشمەرگە.

### مانگی 1978/7

مەفرەزەیەكی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٧/٢١ لە نزیک ئینزێ لەگەڵ هێزێكی دوژمن تووشی شەڕ بوون لە ئەنجامدا (٨) سەرباز كوژران.

### مانگی 1978/8

مەفرەزەیەكی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٨/٩ هێرشیانكردە سەر مۆڵگەیەكی دوژمن لە وشكەرو بە ئاربی جی لێیاندا.

زیانی دوژمن كوژرانی (١٣) سەرباز و تێكشكاندنی (٢) بلدۆزەر.

*مەفرەزەیەكی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٨/١٥ بە ئاربی جی لە مەخفەری چوارقوڕنەیاندا.

*مەفرەزەیەكی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٨/٢٥ لەسەر ڕێگای ئینزێ لە ئۆتۆمبێلێكی سەربازییاندا ئامر فەوجی ئینزێ و دوو سەرباز لەناو ئۆتۆمبێلەكەدا كوژران .

*مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٨/٢٥ لە نزیک کۆمتانی قەڵادزێ لە کەمینێکی دوژمنیانداو (٧) سەرباز کوژران .

## مانگی 1978/9

لە ١٩٧٨/٩/٣ لە نێوان ڕانیە دەربەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازییان دایە بەر دەستڕێژی گولله سەربازێک کوژراو یەکێیکیتر برینداربوو .
دەستکەوت ١ کلاشنکۆف بوو.
*مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٩/١٨ بە ئاربی جی لە فەوجی کۆمتانی نزیک قەڵادزێیاندا و زیانی زۆریان پێگەیاندن.
*مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٨/٩/١٩ لە چیای ساوێن کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەوە شەڕ کاتژمێرێکی خایەند.

## تەسلیمبوونەوەو شەهید بوونی حاجی شێخە بنزێری

مامجەلال چەند نامەیەکی نووسیبوو دابووی بە عوسمان بچکۆل بەڵام عوسمان نامەکەی نەبردبوو.
مامجەلال عوسمانی دیبوو هێشتا نەڕۆیشتووە، نامەکان بەرێت ووتبووی حاجی شێخە ووتویەتی تازە ئەمڕۆ درەنگە سبەینێ بڕۆ لە سەر ئەوە مامجەلال عوسمانی چەککردو کەوتە لێدانی زللەیەکی بەهێزی لە عوسماندا.
لە سەر لێدانی عوسمان حاجی شێخە دڵگیر بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەرانبەر مامجەلال دامەزران، پێشمەرگەکانی تریش بەرانبەر حاجی شێخە دامەزران، کاک نەوشیروان و ڕەسوڵ مامەندو سەید کەریم لە خێمەکانیان هاتنە دەرەوەو هاتنە لای مامجەلال و حاجی شێخە و دۆخەکەیان هێور کردەوە.
حاجی شێخە و کوڕەکانی چوونە لوتکەیەکی بەرز هەر چەند هەوڵیاندا نەهاتنە خوارەوە خێمەیەکیان هەبوو هەڵیانگرت و چوونە بن (تاتی دۆ) بۆ ڕۆژی دووەمی دوای ڕووداوەکە حاجی شێخە و پێشمەرگەکانی قەندیلیان جێهێشت و دوای چەند

ڕۆژێک تەسلیم بوونەوە.

دوای تەسلیم بوونەوەی حاجی شێخە مامجەلال ووتی لێیگەڕێن حاجی شێخە تەسلیمیش بێتەوە هەر دێتەوە ئەگەر حکومەتی عێراق نەیکوژێت بەڵام حاجی شێخە ئەو کەسایەتییە نییە حکومەتی عێراق لێیگەڕێ وا بە ئاسانی دانیشێت کەمی نەکردوە تا حکومەتی عێراقی لێیخۆشبێت هەرواش دەرچوو چەند مانگێکی نەبرد ئیستخباراتی عێراقی شەهیدیکرد.

## مانگی 1979/1

مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/١/٢٧ چوونە ناو شارۆچکەی سەنگەسەر بە ئاربی جی لە مەرکەزی پۆلیسیاندا.

زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەرباز و بریندار بوونی (٦) سەرباز تێکشکاندنی ناقیلەیەک.

## مانگی 1979/2

مەفرەزەیەکی هاوبەشی کەرتی دوو پێنجی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/٢/١٠ تووشی کەمینی جاش بوون و لێیاندان، دوای شەڕێکی جوامێرانە گەمارۆیاندان و جاشێکیان دەستگیرکرد.

١٩٧٩/٢/١١ مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە نێوان دێی گرتگ و شەهیدان کەوتنە بۆسەی جاشەکانی عەباسی بایز ئاغا و شەڕ دادەمەزرا، لەو شەڕەدا جاشێک کوژرا.

## شــەهیدکردنی حـاجی شێخەو برایمی کـوڕی

دوای ئەوەی حاجی شێخە لە مامجەلال زوویر بوو گەڕایەوە ناو شار ئەحمەد خان چوبووە لای پەیوەندی لەگەڵ مامجەلال درووستکردەوە.

ڕژێمی عێراق زۆر هەوڵیدا چەکداری بکات و ببێتە پیاوی ڕژێم بەڵام حاجی شێخە قبوڵینەکردوو ڕەتیکردەوە.

دوای ماوەیەک کاک نەوشیروان هاتە خوارەوە بۆ قەڵاتووکان و ناردی بە دوای حاجی شێخە بنزێری بگەڕێتەوە ڕیزەکانی شۆڕش.

حاجی شێخە بنزێری ماڵوومناڵەکانی ناردە گرتک هەتا خۆشی بەدوایاندا بێت بەڵام فریانەکەوت لە ناو شاری هەولێردا لەگەڵ برایمی کوڕی لە لایەن مەفرەزەیەکی سەر بە ئیستخبارات دەستگیرکران.

لە ١٩٧٩/٢/٢٥ حاجی شێخە بنزێری و برایمی کوڕی گوللەبارانکران بۆ ماوەی دوو ساڵ و سێ مانگ خێزان و کەسوکاری دەستگیرکران.

دوای ڕۆشتنەوەی حاجی شێخە بنزێری پێکهاتەی هەرێمی پارێزگاری بەمشێوەیە بوو:

- حاجی کاک ئەحمەد فەرماندەی هەرێم
- حاجی محەمەدی بایەوان جێگری فەرماندەی هەرێم
- ڕەسوڵ ئاغا فەرماندەی کەرت
- شێخ هۆمەر فەرماندەی کەرت
- عوسمان بچکۆل فەرماندەی کەرت
- ئەحمەد خدر فەرماندەی کەرت
- فەقێ حەسەن فەرماندەی کەرت

دوای ماوەیەک مامجەلال و بارەگاکانی سەرکردایەتی هاتنە خڕی ناوزەنگ.

## مانگی 1979/3

لە ١٩٧٩/٣/٢٢ مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی پارێزگاری لە سەر ڕێگای کانی بناوی دۆڵە ڕەق لە هێزێکی دوژمنیاندا ، شەڕ (٥) کاتژمێر بەردەوام بوو.

دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوت.

## مانگی 1979/4

٤/٥ /١٩٧٩ مینێک لە نزیک هێزێکی دوژمن لە کلکە سوورە تەقییەوە کە مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری چاندبوویان. لەئەنجامدا کۆمەڵێک سەرباز کوژران.

*مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/٤/١٠ بۆسەیەکیان بۆ ڕەبییەکانی دۆڵی شەهیدان دانا، هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە.
دوای شەش کاتژمێر شەڕ دوژمن زیانی زۆری لێکەوت.
دەستکەوت (١) کلاشنکۆف بوو.

## مانگی 1979/5

مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/٥/٢ لە ڕەبییەی گەروی زودانیاندا.

## مانگی 1979/8

١٩٧٩/٨/١ مەفرەزەیەکی کەرتی (٧) هەرێمی پارێزگاری لە پشتی بەستەسێن کەوتنە بۆسەی سەرباز و جاشەکانی عەباس ئاغاوە پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بە نارنجۆک ئەندازو چەکی سووک لێیاندان.
زیانی دوژمن کوژرانی (٥) سەربازبوو.
*١٩٧٩/٨/٤ مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە نزیک ڕەبییەکانی دەلوکۆتر مینێکیان چاندوو تەقییەوە .
زیانی دوژمن کوژرانی دوو سەرباز و برینداربوونی سەربازێکیتر
١٩٧٩/٨/٤ مەفربەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لەنزیک سەنگەسەر کەوتنە بۆسەیەکی دوژمنەوە، پێشمەرگەکان لێیان هاتە دست و دوو سەرباز کوژران.

## مانگی 1979/8

مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/٨/٤ لە نێوان ڕەبییەکانی کۆڕەک مینێکیان چاند لە ئەنجامی تەقینەوەی مینەکەدا عەریفێک کوژرا.
*مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە ١٩٧٩/٨/١٣ لەسەر جۆگەی مەشروعی ئاوی سەنگەسەر لەو شوێنەی سەربازەکانی ڕەبییەی گورگێ ئاویان لێدەبرد چەند مینێکیان چاند و تەقییەوە لە ئەنجامدا (٤) سەرباز کوژران و سەربازێک برینداربوو.
*١٩٧٩/٨/١٧ مەفرەزەیەی هەرێمی پارێزگاری لە باسکە درێژی دێی زورکان مینێکیان چاند لە ئەنجامی تەقینەوەی مینەکەدا نائیب عەریفێک کوژرا.

هەواڵنامەی کتێب

## مانگی 1979/8

١٩٧٩/٨/١٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لە نێوان ڕەبییەکانی قولان نزیک بیانە دوو مینیان چاند

لەئەنجامی تەقینەوەی مینەکاندا چەند سەربازێک کوژران و بریندار بوون.

## ڕێکخستنەکانی ئەراك، هەتووانی بڕین بوون

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول تەمی ڕەشی ئاسمانی کوردەواری بە هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بووە ئاسمانێکی ساماڵ و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان لەو ئاسمانە ساماڵەدا لە شەقەی باڵیانداو بەرەو لوتکە بەرزەکانی قەندیل فڕین، بەرز فڕین هەتا بەرزترین لوتکەیان کردە هێلانە.

لە هەرەس و شکستی شۆڕشی ئەیلول ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەر ئاوارەی ئێران بوون و لە شارەکانی ئێران گیرسانەوە، لە شاری ئەراکی ئێران ژمارەیەک کوردی نیشتمان پەروەر لە چاوەڕوانی هەلاتنی خۆری دەمکەلی نیشتمان بوون تا سەر لە نوێ بۆ کوردایەتی تێهەڵچنەوە.

هەڵایسانی شۆڕشی نوێ مژدەیەکی خۆش و ڕۆژێکی نوێ بوو بۆ کوردە ئاوارەکانی ئێران و تێکڕای خەڵکی کوردستان، دوای هەواڵی هەڵایسانی شۆڕشی نوێ و گەڕانەوەی هەڤاڵ مامجەلال بۆ ناو خاکی وولات هەر دوو تێکۆشەر عەلی میرزاو ئەحمەد تۆفیق لە کوردانی ئاوارەی ئێران و شاری ئەراک چوونە لای جەنابی مامجەلال تا ببنە پێشمەرگە بەلام مامجەلال گەڕاندنییەوە ئێران تا کوردە ئاوارەکان ڕێکبخەنەوەو بەشێک لە پێداویستییەکانی شۆڕش دابین بکەن.

دوای گەڕانەوەیان دەستیانکرد بە ڕێکخستنی کوردەکانی دانیشتووی شارو ئۆردوگاکانی ئێران، ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کۆمەڵەی ئەو دەمە مارکسی لینینی کوردستان لە شارەکاندا درووست بوون دکتۆر ڕەزا سالح، ئەحمەد تۆفیق، عەلی میرزا لە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەو، خەلیل سەعید، جەلیل سەعید، نەجمەدین کەرکوکی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون.

## نـــــاوچەی بــــــەمۆ

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کەوتنە کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی کوردەکانی ئاوارەی ئێران و کۆکردنەوەی هەر دوو باڵەکە لە ناوچەی بەمۆدا لە شاری ئەراک.

ئەندامانی ناوچەی بەمۆ لە هەر دوو باڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆسیالیست پێکهاتبوون کە ئەم تێکۆشەرانە بوون.

١- خەلیل سەعید ئەندامی ناوچە
٢- عەلی میرزا
٣- ڕەزا ساڵح
٤- ئەحمەد تۆفیق
٥- جەلیل سەعید
٦- نەجمەدین محەمەد عەلی

هەر یەک لە ئەندامانی ناوچە ئەرکێکی پێسپێردرابوو، دیارە جگە لە ئەندامانی ناوچە دەیان کوردی ئاوارەی شارەکانی ئێران لە دەوری ناوچەی بەمۆ کۆبوونەوە.

دکتۆر ڕەزا ساڵح لە نەخۆشخانەی (وەلی عەسری) ئەراک کاریدەکرد ئەرکی کۆکردنەوەی دەرمانی پێسپێردرا بوو، بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی ناوچەی بەمۆ دەفتەرچەی بیمەی تەندروستییان هەبوو لەو ڕێگەیەوە دەرمانیان کۆدەکردەوەو دەیانگەیاندە بارەگاکانی سەرکردایەتی، دکتۆر ڕەزا مانگانە دەرمانی ئازار شکێن و لەفاف و برین پێچ و دەرمانی پاککردنەوەی برین و ئەنتی بایتیک و ئەو دەرمان و ئامێرانەی جۆری خوێنی دیاریدەکرد کۆدەکردەوەو دەینارده ناوزەنگ.

بەشێکیتر لە هەڤاڵانی ناوچەی بەمۆ ئەرکی وەرگرتن و چاپکردنی ئەو بەیاننامەو بڵاوکراوانەیان گرتبووە ئەستۆ کە سەرکردایەتی بۆی دەناردن، دوای ئامادەکردن و چاپکردنیان دەیانگەیاندەوە سەرکردایەتی.

یەکێک لەو بڵاوکراوانەی کە چاپیان دەکرد (الشرارە) بوو، ناوچەی بەمۆ

ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دکتۆر خدر مەعسوم لێپرسراوی لقی (٢)ی یەکێتی بۆ کاروباری دەرەوەی وولاتەوە هەبوو.

## سـەردانی نـاوزەنگ

سالی ١٩٧٩ لە سەر بانگهێشتی هەڤاڵ مامجەلال خەلیل سەعیدو دکتۆر ڕەزا سالح سەردانی ناوزەنگیانکرد، جارێک دکتۆر فواد مەعسوم ناردی بەدوایاندا بە مەبەستی گواستنەوەی ئەو کەلوپەلانەی کە لە ئەوروپاوە هاتبوون.

کەلوپەلەکان پێکهاتبوون لە پێداویستی پزیشکی و سەرجەم پێداویستییە گرنگەکانی کارپێکردنی ئیزگە، تا بە سەلامەتی بگەنە بارەگاکانی سەرکردایەتی.

بۆ جاری دووەم هەڤالانی ناوچەی بەمۆ نەجمەدین محەمەد عەلی، خەلیل سەعیدو ڕەزا سالح بە هاوڕێیەتی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، زێڕۆ، ئەبو سەفای حیزبی بەعسی سوری بەرەو ناوزەنگ کەوتنە ڕێ، کاتێک گەیشتنە ناو شاری تەبرێز شەڕ لە نێوان ئەرتەشی ئێران و گروپی شەریعەتمەدار هەلایسا بوو ڕێگەیان بە هیچ ئۆتۆمبیلێک نەدەدا بچێتە ناو شار.

لە ڕێگایەکەوە کە دەکەوتە دەرەوەی شاری تەبرێز بەرەو بۆکان- مەهاباد بەڕێکەوتن دکتۆر ڕەزا سالح و خەلیل سەعید بەیەکەوە بوون هێرۆ خان و هەڤالانیتر لەگەل نەجمەدین محەمەد لە پێشەوە بوون.

کاتێک گەیشتنە خالی پشکنین پاسدارێک داوای ناسنامەی لە ئۆتۆمبیلەکەی هێرۆ خان و هەڤالانیتر کردبوو، ئەبو سەفا نوێنەری حزبی بەعسی سوری پاسپۆرتی سوری دابوو بە پاسدارەکە بەو هۆیەوە پاسدارەکە داوای ناسنامەی لە هەموویان کردبوو هەر یەکە پاسپۆرتی وولاتێکیان پێبوو هەر بۆیە هەموویان دەستگیر کران و بردیاننە مزگەوتێک کە وەکو بەندیخانە بەکاریاندەهێنا.

لە شەڕی نێوان ئەرتەشی ئێران و گروپی شەریعەتمەدارەکاندا ژمارەیەک لە ئەندام و لایەنگرانی شەریعەتمەدارەکان دەستگیرکرابوون لە هەمان مزگەوت بەند کرابوون .

دەمەو ئێوارە گروپی شەریعەتمەدار ڕێپێوانیان بۆ ئازاد کردنی ئەندامەکانیان دەستپێکرد لە ژێر فشاری گروپی شەریعەتمەداردا بەند کراوەکانی ناو مزگەوتەکە ئازاد کران بەو هۆیەشەوە هێرۆخان و نەجمەدین و زێڕۆو ئەبو سەفا ئازاد کران.

بۆ ڕۆژی دوایی لە ماڵی مامۆستا عیزەدین حسەینی لە شاری مهاباد ڕەزا ساڵح و خەلیل سەعید کە ڕۆژی پێشووتر لە هێرۆ خان و هەڤاڵەکانیتر دابڕابوون یەکیان گرتەوە.

دوای یەکگرتنەوەیان لە مهاباد بەرەو شاری سەردەشت بەڕێکەوتن لەوێشەوە بەرەو ناوزەنگ، وەرزەکە ساردو باران بوو دەشت و دەر قوڕ بوو کاتێک گەیشتنە ناوزەنگ یەکەم بارەگا کە تووشی بوون بارەگای حزبی شیوعی بوو لە نزیک چەمەکە، لە بەر هیلاکی و شەکەتی ڕێگا ئەو شەوە لە بارەگای حزبی شیوعی مانەوە.

بۆ بەیانی بەرەو بارەگای مامجەلال بەڕێکەوتن کەلوپەلەکانیان بە سەلامەتی گەیاندە سەرکردایەتی، بارەگای مامجەلال لە ناو قەدی شاخەکە بوو بەو هەورازو سەرەو ژوورەدا سەرکەوتن کە نزیک بوونەوە لە بارەگاکە مامجەلال هاواری لێکردن خەلیل سەعید و جەماعەت ئەگەر لە داهاتوو ڕەخنەتان گرت ئەو هەورازو سەرەو ژورەشی تیادا بنووسن.

بارەگای مامجەلال یەک ژووری بچووکی سەر دەرگا نزم بوو.

جگە لە کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک و پێداویستی پزیشکی بۆ شۆڕش، ناوچەی بەمۆ لە شاری ئەراک پێشوازییان لەو پێشمەرگانە دەکرد کە لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا بریندار بوون و چارەسەری پێویستیان بۆ دەکردن.

## هــــــەرێمی پــــــارێزگاری
## 1981-1980

هەرێمی پارێزگاری بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوو ساڵی ١٩٨٠ هەرێمی پارێزگاری بەمجۆرە بوو:

- عەلی شامار کەرتی سجن
- مەلا حەسەن (مەلای حاجی ڕەش) فەرماندەی کەرت
- شێخە کۆڵ فەرماندەی کەرت
- بەکر پیرۆت فەرماندەی کەرت
- مەلا وسو فەرماندەی کەرت
- شێرکۆ جدی فەرماندەی کەرت

بنکەو بارەگای هەرێمی پارێزگاری لە بەرزاییەکان بوون بە سەر بارەگاکانی مامجەلال و کاک نەوشیروان و سەرکردایەتیدا زاڵ بوو.

## خــــــولی کــــــادیران

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە گەشەی بە بیرو پەروەردە کردنی هێزی پێشمەرگە داوە لە سەر بنەمای بیری شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخواز بە شێوەیەک کە هێزی پێشمەرگە گۆش و پەروەردە بکات و ئاڕاستەیان بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە ڕزگاری و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە چەندین خولی کردووەتەوەو کادیری نوێی بۆ یەکێتی و شۆڕش پەروەردە کردووەو ڕەوانەی ناو جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کردوون یەکێک لەو خولانە ١٩٨٠/١/٢٠ بەڕێوەچوو.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە کرا کە دەبووایە بەشداری خولەکە بکەن چاوپێکەوتنەکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بوو، دوای هەڵسەنگاندنەکە لە ١٩٨٠/١/٢٠ خولەکە دەستیپێکرد تا ١٩٨٠/٣/٢٠ بەردەوام بوو، خولەکە بە سەرپەرشتی ئەرسەلان بایز بوو لە خولەکەدا چەندین سەرکردەو

پێشمەرگە و کەسایەتی وانەیان دەوتەوە لەوانە :

- مامجەلال
- نەوشیروان مستەفا
- فەریدون عەبدولقادر
- ئەرسەلان بایز
- نامق (پێشرەو چەمچەماڵی)

هەر لە درێژەی خولەکەدا ژمارەیەک کەسایەتی وانەیان پێشکەشکرد، سەلاحەدینی موهتەدی لە سەر درووستبوونی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووداوەکانی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان وانەیەکی پێشکەشکرد.

- عەلی حەویز بە وانەیەک بەشداریکرد
- جەمال ئاغا وانەیەکی لە سەر بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێشکەشکرد
- مەلا بەختیار وانەیەکی پێشکەشکرد
- سالار عەزیز
- ملازم عومەر

مامجەلال لە وانەکانیدا باسی لە شۆڕشی نوێ، شەڕی پارتیزانی، کادرو ڕۆڵی کادر، بۆ بەشداربووەکانی خولەکە کرد، لە چەند وانەیەکی درێژدا بە وردی تیشکی خستە سەر ئەو بابەتانە.

- نەوشیروان مستەفا باسی لە قۆناغەکانی شۆڕش و مێژووی شۆڕش و هەموو ئەو ڕووداوانە کرد کە گەلی کورد تووشی بووە، لە سەر ڕۆڵی کادرو کۆمەڵەش هەڵوەستەیکرد دەبێ چۆن بێ و چی بکات.
- ئەرسەلان بایز لە سەر مێژوو بە گشتی و مێژووی سەرهەڵدانی میرنشینەکان و ڕۆڵی میرنشینەکان زنجیرەیەک وانەی پێشکەشکرد.
- پێشرەو لە سەر ئابوری کوردستان و سەرچاوە ئابورییەکان چەند وانەیەکی پێشکەشکرد.
- کەسێکی حزبی بەعسی چەپ هات و وانەیەکی پێشکەشکرد.

هەولێرنامەی کتێب

لەو خولەدا هێرۆ خان و نەرمین عوسمان و نازەنین عوسمان و چەند ژنێکیتری تێکۆشەر بەشداری خولەکە بوون، خولەکە دوو مانگی خایاند لە ١٩٨١/٣/٢٠ کۆتایی هات.

**بەشـــــدار بووانی خـــــــولەکە**

١- سالار عەبدوڵڵا
٢- هیوا ئەحمەد کاکی
٣- مامۆستا کاوە
٤- مەلا غەفور
٥- بەختیاری عەبە ڕەش
٦- ساڵحە سوور
٧- سەردارە سوور
٨- کەیفی
٩- مامۆستا کاوەی دەشتی هەولێر
١٠- مەلا ئەحمەد
١١- سلیمانی خەڵکی دەشتی هەولێر
١٢- هێرۆ خان
١٣- نەرمین عوسمان
١٤- دکتۆر نازەنین عوسمان

هێرۆ خان و نەرمین عوسمان درەنگتر بەشداری خولەکەیانکرد.

## تـــــــەوارەکانی نـــــــاوزەنگ

ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) کۆمەڵە بە تایبەتی هێلانەی ژنەکانی شار بوون کە دواتر بوونە تەوارەکانی شاخ.

ژنان و کچانی کورد پۆل پۆل ڕوویاندەکردە ڕیزەکانی ڕێکخستن، تێدەکۆشان، خەباتی ناو شارەکانیان جۆشدەدا ئەرکی قورسیان لە سەر شان بوو، بەشێک لەو ژنانە ڕوویانکردە شاخ و لە ناوزەنگ گیرسانەوەو بوونە پێشمەرگە.

چوار کچ لە زانکۆی بەغدا دەیانخوێند سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون دوای ئاشکرا بوونیان زانکۆیان جێهێشت و هاتنە شاخ و وەکو هەشت مۆم هەشت گوڵ ئەستێرەی شەوان لە ناوزەنگ داگیرسان، بەشێک لەو ژن و کچانەی هاتبوونە شاخ بەشداری خولێکی ڕاهێنانیانکرد لە سەر چەک و تفەنگ (بەیان و نازەنین) پزیشک بوون لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناوزەنگ، بەیان و نازەنین بە هەردووکیان قەمسەڵەیەکی ئەمریکیان هەبوو یەکێکیان بەرەکەی لە بەردەکرد ئەویتریان پشتەکەی لە ناو بەفرو سەرمای ناوزەنگدا لە نەخۆشخانە کاریاندەکرد نەخۆش و برینداریان چارەسەردەکرد، لە شەڕی مامەندەدا بە کۆڵە پشتی دەرمانەوە چوونە سەنگەرەکان و پێشمەرگەیان چارەسەر دەکرد.

• (نەرمین و پەیمان) لە ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق کاریاندەکرد بێژەری ئێزگە بوون، هەواڵ، ڕاپۆرت، ژیاننامەی شەهید و وتاریان دەخوێندەوە.

بەردەوام کچان دەهاتنە ڕیزەکانی شۆڕشەوە پەخشان حەفید، نەرمین عوسمان، نەزیرە حارس ،نازەنین عوسمان، شوکریە، دێرین و دیلمان، هاوڕێ ڕابی- ڕووناک مەحموود وساماڵ ملازم حەلیم و دەیانیتر هاتنە ڕیزەکانی شۆڕش بەڵام وەکو پێویست گرنگیان پێنەدرا، چەند ژنێک نەبێت کە لە پەنجەی دەست تێنەپەڕین نەیانتوانی لە ڕیزی مەفرەزەو هەرێم و تیپەکاندا چەک لە شان و پێشمەرگە بن.

هێواش هێواش ئەو ژنانە پەرتەوازە بوون هەندێک شوویانکرد بە پێشمەرگە، هەندێک چوونە ئەورووپا.

فراوان نەبوون و درووستنەبوونی هێزی پێشمەرگەی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان یارمەتیدەر نەبوو (ی ن ک)یش لە بەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە و قورسی ژیانی پێشمەرگایەتی و دڕندەیی حزبی بەعس بەرنامەیەکی ڕوونی نەبوو سەبارەت بە بەشداریکردنی فراوانی ژنان لە ڕیزی تیپ و مەڵبەندەکان و داموودەزگاکانیتری شۆڕشدا.

(ی ن ک) هەمیشە ڕوانینی بۆ ژنان وەکو توێژێکی گەورەی کۆمەڵ و هاوشانی پیاو هەڵوێستی ڕوانینێکی پڕ لە بەهاو ڕێزو گرنگ بووە لە ڕۆڵی ژنان لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەداو هەرگیز ئەو لایەنەی فەرامۆش نەکردووە بەڵام دۆخی کوردستان مەسەلەی چەکدار کردنی ژنانی لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا دەستەبەر نەدەکرد.

ژنانی شاخ داواکار بوون خەباتی چەکداری بکەن مەفرەزەو کەرت و تیپ درووستبکەن بەڵام بێ پشتیوان بوون لەو بوارەدا کە ئەوەش بۆ حزبێکی خاوەن بیری پێشکەوتنخوازانەی یەکێتی بە تایبەت کۆمەڵە بە کەموکوڕی و کەلێنێک هەژمار دەکرێت کە دەکرا کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگە تێپەڕێنێت و وەکو بوارەکانیتر لەو بوارەشدا سەرمەشق و سەردەق شکێن بێت.

دواجار ژنەکانی شاخ بوونە هاوەڵوو هاوخەمی هاوسەرە پێشمەرگەکانیان ئەوانیش ناخۆشیەکانی ڕۆژگاریان چەشت، بۆنی گازی کیمیایان هەڵمژی، کارەساتی ئەنفالیان بینی و بەشداری هەموو ناخۆشییەکانی شۆڕش بوون بەڵام خەونی بوونە فەرماندەو سەرکردەو پێشمەرگەیان لەو قۆناغەدا بەدینەهات هەتا دوای ڕاپەڕین.

## ڕەوەنـــــــــدەکان

ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٣ کۆپتەرە مەرگچێنەکانی دوژمن پەلاماری ڕەوەندەکانی قەلاتۆکان و گۆڕتسوییاندا و جێگەکانیان سووتاندن ئاگر بەربووە پوش و پەڵاشی ناوچەکە

## شـــــەڕی شـــێنێ

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان و لە ١٩٨٠/١٠/١٩ دوژمن بە پاڵپشتی گەلە جاشێکی زۆر پەلاماری بەرزاییەکانی شێنێ و قوتەی مامەندەیاندا.

پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستا ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و تێکیانشکاندن.

لەوشەڕەدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێک لە شەهیدەکان پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بوو .

## قـــــــوەتی قـــــــەڵاتووکان
## 1980

بە بڕیاری مەکتەبی عەسکەری قووەتی قەڵاتووکان دروستکرا

- عبدالرحیم لێپرسراوی قووەت
- ئەحمەد خدر جێگری قووەت
- عوسمان بچکۆل فەرماندەی کەرت
- برایم ڕەبەن فەرماندەی کەرت
- هاوڕێ مەغدید ڕابەری سیاسی

قووەتی قەڵاتووکان کورتی خایاندوو هەڵوەشایەوە لەو ماوەیەدا کۆپتەر هاتە سەر قەڵاتووکان و بارەگاکانیان بۆردوومانکردوو کەپرەکانیان سووتاند.

هەواڵنامەی کتێب

## مـــەفرەزەی سەرەتایی – هـــەرێمەکان

ئەو سەرچاوەو کەسانەی بۆ ئەم بەرگە سوودم لێوەرگرتوون، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کردوون.

### مەفرەزەی سەرەتایی شارەزوور – هەرێمی یەک

*حامید خالید محەمەد (حامیدی حاجی غالی)

*تۆفیق ڕەحیم دەروێش قادر (تۆفیقی ڕەعنا)

*محەمەد عەلی عەبدوڕەحمان (جەلال کولّکنی)
*کەمال شاکر محەمەد (دکتۆر کەمال شاکر)
*بیرەوەری پێشمەرگەیەک ، محەمەدی حاجی مەحموود
*کەشکۆڵی بەسەرهاتم (شێخ عەلی – مەحموود کەشکۆڵ)
*سەلام کوێخا عەزیز
*محەمەد قاشتی
*فەلاح محەمەد عەلی (فەلاح حەمە بۆر)
*سەلام مەحموود محەمەد (سەلامی مەحموود خەنان)
*ئیبراهیم کۆیی (بلە کۆیی)
*عەزیز محەمەد ئەمین قادر (عەزیز کولّکنی)
*کامەران عوسمان
*حەمە هاواری
*ئازاد دەرەمیانەیی
*بورهان عەبدوڵڵا (بورهان مەسەکانی)
*حەسەن ساڵح حەمەدەمین (حەسەن هەڵەبجەیی)
*هەواڵنامەی شۆڕش

**هەرێمی دوو مەفرەزەی سەرەتایی**
*عەلی بچکۆل
*ئەبو بەکر محەمەد حاجی (مەلا شاخی)
*وەستا سابیر
*ڕەوەند مەلا مەحموود
*شێرزاد حافظ
*فەقێ هۆشیار

*ڕووناک مەحموود
*هەواڵنامەی شۆرش
*بیرەوەریەکانی بەکرتەلانی (تەنها بۆ برینداربوونەکەی)

**مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی ٣ شارباژێڕ**
*مستەفا چاوڕەش
*جەمالی حەمەی خواکەرەم
*حەمە عەلی بەرزنجی
*غەریب گەنکەیی
*ئەبو بەکر حەسەن حەمە (بەکرە درێژ)
*کەمال شێخە
*محەمەد ڕەشید ئەحمەد (خاڵە سەراوی)
*محەمەد مەحموود سەراوی
*ئازاد دەرەویانی
*قادر حاجی عەلی
*مەجید مەلا صدیق
*عیزەت شەمساوایی
*کامەرانی ڕەشە چالە
*مامۆستا جەمال بلکیانی
*سەید ئەحمەد ماوەتی
*بورهان ماوەتی
*هەواڵنامەی شۆڕش

**مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی چوار**
*کەمال شێخە

هەواڵنامەی کتێب

*ئیسماعیل ماوەتی
*مستەفا سەرگەڵویی
*مامۆستا ئەحمەد
*عوسمان شارستێنی
*عیزەت شەمساوایی
*سالار عەبدوڵڵا
*شێخ فەتاح
*شێخ عوسمان سەرگەڵوویی
*هەواڵنامەی شۆڕش

**مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی پێنج**
*ئازارد غەریب (ئازادی سەگرمە)
*شێخ کەریم چاوەڕەش
*سەلام کوێخا عەزیز
*محەمەد قاشتی
*مەحموود سەنگاوی
*بیرەوەریەکانی مەحموود سەنگاوی
*بیرەوەریەکانی مستەفا چاوڕەش
*مام ساڵح گۆڕ ئەسپی
*هەواڵنامەی شۆڕش
*ئازاد بیلال

**مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی شەشی ئازادی**
*محەمەد وەتمان
*عەلی سۆفی ئەحمەد

*هەواڵنامەی شۆڕش
مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی حەوتی باڵەک
*حەسەن شێخە بنزێری
*بەکر پیرۆت
*خاڵ موراد
*ڕەسوڵ قەندە
*مام هێدی
*شێخ محەمەد گەلاڵی
*حارس ئاغا
*محەمەد سەیدە
*حاجی ماونی
*هەواڵنامەی شۆڕش

**مەفرەزەی سەرەتایی – هەرێمی هەشتی هەولێر**
*قەندیل بەغدای هەژاند – شەهید ڕێباز
*سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شارو شاخ شەهید شاخەوان عەباس
*فاروق عەلی مەولوود
*دڵشاد مام ڕەزا
*مامۆستا زیرەک
*شەریف کەشکۆڵ
*محەمەد خەلیفە
*دیار موفتی

هەواڵنامەی کتێب

**هەرێمی نۆ**

*حاجی محەمەد

*مەلا ڕەشاد

*سەلام کوێخا عەزیز

*عومەر مەحمود محەمەد (عومەری حاجی مەحموود)

**هەرێمی دەی جوتیاران**

*عەبدوڵڵا هەمزە

*مەحموود ڕەزانی

*مەولود شێنەیی

**هەرێمی یانزەی پشدەر- قوەتی پشدەر**

*حەمە هەژار

*شێخ ئیسماعیل

*جەنگیز قادراغا

**مەفرەزەی سەرەتایی هەرێمی دوانزە**

*عەبدوڵڵا موسلیم حەمەدەمین (عەبدوڵڵا بۆر)

*عەبدولڕەحمان حەسەن حاجی مەلا (ڕەحمان کەزیانی)

*محەمەد قارد (گۆڕە شێر)ی

*فەتاح قارد مەحموود (خاڵ فەتاح)

*حسێن خدر حەمەد

*حسێن بەشان

*عەلی بیجانی

**مەفرەزەی سەرەتایی – قوەتی خۆشناوەتی (خۆشناوەتی – بالیسان)**

*ڕەشۆ بێتواتەیی

*ئەحمەد هەرتەلی

*سەباح مێرگەسەری

*زنجیرەیەک نووسینی هاوڕێ کاوە

هەرێمی ١٤ ی ئاکۆ

*سوارە ئاغا (سواراغا)

*محەمەدی کاک هەمزە

*محەمەد وەرتی

**هەرێمی پارێزگاری – دەستەی پارێزگاری**

*عوسمان بچکۆل

*بەکر پیرۆت

*محەمەد خەلیفە

*ڕەزا سالّح ئەحمەد (دکتۆر ڕەزا)

*سەردار عەبدوڵلا

هەواڵنامەی کتێب

# وێنەکان

هەواڵنامەی کتێب

**هەرێمی ( ١ ) هەورامان ـ شارەزور**








شەهید ئەحمەد شاتوانی









عثمان علی گه لاّلی و حمه بالاّبه رز
دوو تێکۆشه ری ڕۆژانی سه خت و دژوار



شه هيد ئه حمد تاراني و شه هيد ئه حمد گريانه يي و حمه ی حمه سعيد
پياوه جوان و هه ڵۆ به رزه فڕه كاني شۆڕشي نوێ . ساڵی 1978



شه هيد محمود حاجي فرج ـ عبدوڵڵه جاف ـ شه هيد كريم محمد صابير
پێسمه رگه گيان له سه رده سته كاني يه كێتي نيشتيماني كوردستان



لە ڕاستە وە : دکتۆرقادر- شە هید شوکت حاجی
مشیر- مامۆستا شاهۆ.سێ پیاوی شۆڕشگێڕو ئازا



شە هید ڕۆستم تریفە یی - شە هید محمود حاجی فرج - ماجید فە یلی-شە هید
ئاوات - شوکت حمە صالّح - شە هید ئە حمد شاتوانی - حمە ی حمە سعید
سالّی 1983 گوندی ڕە زلّە

# کەرکووک هه ریمی ٢






شەهید مەلا عەلی
شاعیری گەلەکەمان
شەهید مەلا عەلی قارەمانی سەردەمی خۆی بوو
Edit By : Farooq Qubadi

١-فه قيى وشيار.   ٢-شه هيد دلشاد به نگينه.
٣- شه هيد شه مال باخى  ٤-ره فيقى كه ريمه جاف

زه لى ١١/٦/١٩٧٨



فه قى وشيار




له راسته وه ١-فه قى وشيار ٣- مجيد حسين عسكرى
٥- ره فيقى كه ريمه جاف
٢٣/٥/١٩٧٩
دانيشتوه كان ٢-شه هيد زرار عسكرى( خرى ناوزه گ)


١-شه هيد وريا سور ٢-فه قى وشيا
زه لى. ١٩٨٠

## هەرێمی٣ی شارباژێڕ مەفرەزەکانی پێنجوێن

















هەواڵنامەی کتێب










© Chuartai


© Chuartai

## هەرێمی٤

























## هەرێمی٥















١٩٧٧/١/١٦
حدودی تورکیا












**هەرێمی ٨**










شەهید سەعدی گچکە

هەواڵنامەی کتێب





## هەرێمی پارێزگاری











هەواڵنامەی کتێب















هەواڵنامەی کتێب